نوری کەریم

# پانۆڕامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد

٤٠٠٠ پز. ـ ١٩٧٥ ز.

## کورد

نەتەوە، نیشتمان، ناسنامە، کولتور

میێــژووی دێرین

جوگرافیا

ئاین و ئاینزاکان

زەردەشت و ئاینی زەردەشتیی

میرو میرنشینەکانی کورد

حکومەتی کوردستانی خواروو، کۆماری کوردستان

شۆڕش و را پەڕینەکانی کورد

زمانی کورد

بەختی رامیاریی

بەرگی یەکەم

بەشی ١ ـ ٤

سلێمانی ـ کوردستان

٢٠١٦

هەمو مافەکانی نوسەر پارێزراون

ناوی کتێبەکە : پانۆڕامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد٤٠٠٠ پز. ـــ ١٩٧٥ ز.
بابەت : دیرۆکی دێرین و نوێی کورد و دراوسێکانی
نوسەر: نوری کەریم
تایپ و هەڵەچنی : نوری کەریم
دیزاینی بەرگ : ئارام عوسمان
دیزاینی ناوەوە : چاپخانەی چوارچرا
چاپکردن : چاپخانەی چوارچرا ـ سلێمانی
چاپی یەکەم، کوردستان، سلێمانی ٢٠١٦
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی( ١٨٨٢ ) ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە.

نوری کەریم

# پانۆرامای
# دیرۆکی دێرین و نوێی کورد
٤٠٠٠ پز. ـ ١٩٧٥ ز.

کورد
نەتەوە، نیشتمان، ناسنامە، کولتور
مێژووی دێرین
جوگرافیا
ئاینو ئاینزاکان
زەردشتو ئاینی زەردەشتیی
میرو میرنشینەکانی کورد
حکومەتی کوردستانی خواروو، کۆماری کوردستان
شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد
زمان و زارزمانەکانی کورد
بەختی رامیاریی

بەرگی یەکەم
بەشی ١ ـ ٤

ناوەڕۆکی بەرگی یەکەم , بەشی ١ ـ ٤

دەستپێك وسەرەتایەکی پێویست ٠٩

## بەشی یەکەم

قۆناغە سەرەتاییەکان و مێژووی هەرە دێرینی مرۆڤـــ ٢٩
مێژووی دێرین و نەژادی کورد ٣٢
کۆچ و کۆچڕەوەکان بە سێ ئاراستەدا ٣٨
هۆز و هۆزگەلە دێرینەکانی کورد ٣٩
جوگرافیای کوردستان ( نوێشکێك ) ٤٢
چۆم و روبارەکانی کوردستان ٤٨
گۆلەکان ٤٩
زنجیرە چیاکانی کوردستان ٤٩
چیرۆکەکانی تۆفان، کەشتی نوح، گلگامش ٥١
کورد و یەزدانپەرستی ـ ئاینە سنکریستەکان ٥٥
ئاینی میترایی ٥٦
ئاینی مانۆیی ٥٦
ئاینی ئیزدیی ـ یێزدیی ٥٧
جەژنەکانی ئیزدییەکان ٥٨
جەژنی چل میران ٥٩
هێلە درشتەکانی ئاینی ئیزدی ـ یێزدیی ٥٩
زەردەشت و ئاینی زەردەشتیی ٦٨
پەرتوکی پیرۆز ٧٢
زەردەشت نەوەی پەیامبەر نووحە ٧٣
گەڕانەوەیەك بە ژیانی زەردەشتدا ٧٥
گەلانی زاگرووس و ئاینی ئیسلام ٧٨
شێوە ئاینەکانی کورد لە هندستان و لوبنان ٨٠
حەوت شوێنەوارە سەرسوڕهێنەرەکە ٨٧
دەولەتی ماد و تەمەنێکی کورت ٨٨
کورد دوای هەرەسی دەولەتە تاقانەکەی لە مێژوودا ٩٩
کورد و ئاینی ئیسلام ١٠٤
کابان و هاوڕێکانی ١٠٩
ماوەی فەرمانڕەوایی خەلیفەکانی دەولەتی ئیسلام ١١١
بلاوبونەوەی ئاینەکە ١١٣
دەولەتی ئومەوی ١٣٦
گەلانی موسولمان لە سەردەمی عەباسییەکاندا ١٤٦
مەئموون و گروپی موعتەزیلە بانگەشە دەکەن ١٤٨
قورئان هەلبەستراوە ( پەنا بە یەزدان )
ڕۆلی کورد لە دامەزراندنی دەولەتی عەبباسیدا ١٥٠
خەلیفەکانی دەولەتی عەبباسی ١٥٠

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم ١٥٣

## بەشی دووەم

هێرشی تورکە سەلجووقەکان و جێگیربوونیان لە ١٠١٩ ـ ١١٩٦دا ١٦٠
کورد لەسایەی دەوڵەتی عوسمانیدا ١٦٥
دەوڵەتەکانی باڵکان لە سەردەمی عوسمانیدا ١٧٤
داگیرکردنی کوستانتنین ١٨٤
سوڵتان لە نێوان کەمالییەکان و هاوپەیمانانـدا ٢٢٣
والییەکانی تورك ... ٢٢٦
تورکیا لە نێوان رابوردوو و ئێستادا ٢٢٥
پەراوێزەکانی بەشی دووەم ٢٢٨

## بەشی سێیەم

ئێران لە کۆن و نوێدا ٢٣٢
سەردەمی دەوڵەتی ماد هەتا کۆماری ئیسلامی ئێران ٢٣١
پێشەواکانی چوار رێبازەکە ٢٣٣
ویلایەتی فەقیه ٢٣٣
ونبوون و دەرکەوتنەوەی ئیمام مەهدی ٢٣٤
دەوڵەتەکانی ئێران ٦٧٠ — ١٩٧٩ ٢٣٧
جەنگەکانی خاچپەرستان ٢٤٠
وێستگەو خاڵە هەرە گرنگەکان ٢٥٤
دەوڵەتی صەفەوی ٢٥٧
میر نشینی ئەفغانەکان ٢٥٩
دەوڵەتی زەند، دەوڵەتی قاجار، دەوڵەتی پەهلەوی ٢٧٢
سەرهەڵدانی شۆرش لە رووسیا، مەنشفیك ١٩٠٥, بەلشفیك ١٩١٧ بەسەرکردایەتی لینین ٢٧٨
روخانی دەوڵەتی قاجار ٢٧٩
سەرکەوتنی بەلشفیك ١٩١٧ بەسەرکردایەتی لینین.
زەنگی مەترسی و هۆشیاربوونەوەی کوردی ٢٨١
خۆرهەلات — شۆرشەکەی سمکۆ
رەزا شاو فارووقی میصر روودەکەنە ئەڵەمانیا ٢٨٣
کەوتن و ریسوابوونی رەزا شا ٢٨٤
خزمایەتی کورد و گەلی میصر ٢٨٦
خزمایەتی ئێران و میصر ٢٨٦
کۆماری کوردستان ـ مەهاباد ٢٨٩
یەکەمین کابینەی وەزیرانی کۆمار ٢٩٣
دووا رۆژەکانی شای ئێران ٣٠٤
تیرۆرکردنی مستەفا مووسا — باوکی خومەینی و موستەفا ـ کوری خومەینی ٣٠٦
ئێران رۆژێك بەر لە گەرانەوەی خومەینی لە پاریسەوە بۆ ئێران ٣١٥
کورد راستەوخۆ لە نێوان ئێران و ئەفغاندا ٣١٨

پەراوێزەکان بەشی سێیەم ٣٢٤


## بەشی چوارەم

میرنشینەکانی کورد ٣٢٧
دەوڵەتەکان و میرنشینەکانی کورد ٣٢٩
میرنشینی ئەردەڵان ٣٣٣
رێکخستنەوەی ماوەی فەرمانڕەوایی میرەکانی ئەردەڵان ٣٤٢
میرنشینی سۆران ٣٤٥
میرنشینی بابان ٣٥٤
مێژووی میرایەتیی بابان، بنەچە و رەچەڵەك ٤٣٥
نەوەی یەکەم ( یەکەمین ئەڵقەی زنجیرەی بابان ) ٣٥٤
دوەمین ئەڵقەی زنجیرەی بنەچەو رەچەڵەکی بابان ٣٥٤
سێیەمین ئەڵقەی زنجیرەی بابان ٣٥٦
میرو پاشاکانی بابان و ماوەی فەرمانڕەواییان ( ١ ) ٣٦٠
مێژوی میرایەتی بابان , بنەچەو رەچەڵەك ٣٦٥
نەوەی یەکەم , نەوەی دوەم ٣٧١
نەوەی سێیەم ٣٧٥
میر و پاشاکانی بابان و ماوەی فەرمانڕەواییان )٢ ) ٣٧٦
مەستورەی کوردستانی ٣٧٧
کورد لە بازنەی ململانێی نێوان ئێران، عوسمانی، ئەفغان و ـ ٣٨٤
رووسیای قەیسەریدا
خان موحەممەد پاشای بابان ٣٨٨
خانە پاشا لەشکری عوسمانییەکانی بۆ بەگورگا نخواردوو دا؟ ٣٩١
دەرکەوتنی نادر شا ٣٩٤
سەلیم پاشای بابان ٤٠٠
ئەورەحمان پاشا ٤١٠
پەراوێزەکانی بەشی چوارەم ٤٢٨

**پانۆرامای**

**دیرۆکی دێرین و نوێی کورد**

٤٠٠٠ پز. ـ ١٩٧٨ ز.

کورد

نەتەوە، نیشتمان، ناسنامە، کولتور

مێژووی دێرین

جوگرافیا

ئاین و ئاینزاکان

زەردشت ع ئاینی زەردەشتیی

میرو میرنشینەکانی کورد

حکومەتی کوردستانی خواروو، کۆماری کوردستان

شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد

زمان و زارزمانەکان

بەختی رامیاریی

بەرگی یەکەم

**بەشی 1 ـ ٤**

**سلێمانی ـ کوردستان**

٢٠١٦

**هەمو جۆرە مافێکی نوسەر پارێزراو**

**دەستپێك وسەرەتایەكی پێویست**

ڕەوەندی كورد لە ئەوروپا، ئەسكەندناڤیا، ئەمەریكا، ئاستی ڕووناكبیریی‌و هۆشیاریی نەتەوەییان لە چاو عارەب و تورك و فارسدا كزو لاوازەو تاكوتەرا ئاگادارییەكی لە مێژووی نەتەوەكەی هەیە، جوگرافیاش ئەوە هەر نەیكردبێت، هۆیەكەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١ ـ هەندێك لەو ڕەوەندە لە بنەڕەتدا نەخوێندەوارن.

٢ ـ ژمارەیەكی هەرە زۆریان ئاستی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندییان بڕیوە.

٣ ـ خوێندەوارەكان كە خۆیان بە (ڕووناكبیر) دەزانن بایەخ بە خوێندنەوەو خۆفێركردن نادەن.

٤ ـ ئەوانەی قۆناغەكانی خوێندنی سەروتریشیان تەواوكردووە سەرقاڵی بوارەكەی خۆیانن، وەك ئەندازیاریی بیناسازیی، ئەلیكتریك، كۆمپیوتەر، میكانیك، پزیشكی‌و دەرمانسازی ... هتد.، یا بە كارێكی لاوەكییەوە خەریكە بۆ بژێوی ژیان. چەندین خاوەن بڕوانامەی بەكالۆریۆس دەناسم كرێكارە، یا شۆفێری تەكسییە، یا لە ماڵەوە دانیشتووەو خەریكی پێگەیاندنی منداڵەكانیەتی.

٥ ـ ئاوڕدانەوە لە كردنەوەی مەڵبەندی كولتووریی، ڕوناكبیریی، هونەریی، وێژەیی بۆ كۆكردنەوەو بایەخدان بە ڕەوەندی كورد. ئەوەی هەیە زۆرتر لە بەریتانیاو سویدە. لە وڵاتی ئەڵەمانیا (شتی) لێیە بە ناوی كوردەوە بەڵام لە جێگەی نەبووانە، ناوی زلو دێی وێران!

مرۆڤ لە ئەوروپا لە ژیانی ڕۆژانەدا لە شوێنی كارو دەرەوەشدا پەیوەندی لەگەڵ تاكەكانی چەندین نەتەوەدا دەكات بە خۆیانو كولتوور و ئاین و مێژوو و پلەی شارستانی جوراوجۆریانەوە، وەك ئەڵەمان، ئینگلیز، هۆڵەندی، فەرەنسایی، بەلجیكایی، سویدی، دانیماركیی، نەرویژیی، نەمسایی، ڕووس، ئۆكرانی، ئازەریی، چینیی، یابانیی، ئەفەریقایی، عارەب، فارس، تورك... هتد.

چەندین جار لە وتووێژی نێوان لاوی سەرگەرمی كوردو بێگانەدا هەستم بە شەرمەزاری كردووە كە دەڵێت: من كوردم، كوردستانیم، زەردەشتیم، كە وتمان نەء، نەء، ئەوەی بەرپەرچیشمان بداتەوە چاوی دەردەهێنین، كورد زۆر ئازایە ...هتد، بەرامبەرەكەشی زۆر بە هێمنی و بەشێنەیی دەڵێت: ئێ، ئێ بەڵام من حەزدەكەم بزانم كورد لە چ ڕەگەزێكە؟ فارسە، توركە، عارەبە، چیە؟ كوردستان كام وڵاتەیە، لە نەخشەدا نییە، بۆ بە سەر چوار پێنج وڵاتدا دابەشبوون، زەردەشتیی چیە؟ هاوڕێ دەتوانیت ئەوانەم بۆ ڕوونبكەیتەوە، زانیارییەكم لە بارەی كوردەوە هەبێت؟ كاكەی كورد بەوپەڕی شانازی و لە خۆڕابیینەوە دەڵێت كورد، كوردە، نە عارەبە، نە فارسە، نە توركە، زمانی كوردیش زمانێكی جیاوازە، داگیركارانیش كوردستانیان پارچە پارچە كردووە، هەمووی ڕزگار دەكەین، پەلە مەكە دەیبینیت، ئێمە لە توركو فارس ژمارەمان زۆرترە، ئا، زەردەشتیش پەیامبەرە وەكوو موحەممەد، باشە!؟ باشە، زۆر باشە، بەڵام چۆن، تۆ هیچت ڕوون نەكردەوە... ئەمجۆرە هەڵوێستانە زۆر كاریان تێكردمو دڵم بە خۆمان دەسوتا، لاوی كورد بە هەستێكی پاكی وڵاتپارێزییەوە بێچەكو پێداویستی جەنگ دەچێتە گۆڕەپانەوە. شتێكی دیكەشم زۆر لە بار دڵ گرانبوو، لە عارەبی عێراق، میصرو ئەردەنم دەبیست لە ڕووی (دۆستایەتییەوە) دەیانوت كوردو

عارەب هەر برابوونو هیچ جیاوازییەكمان لە نێواندا نییە، یەك ئاینو یەك قورئانو یەك پەیامبەرو یەك زمانو یەك مێژووشمان هەیەو چارەنووسیشمان هەر یەك چارەنووسە! ئەوان نەیاندەزانی جیاوازیمان زۆرەو لە هەمووشی جیاوازتر، جیاوازیی زمانە. ساڵی ١٩٩٤ هێشتا دووسێ مانگ بوو لە ئەڵمانیا
گیرسابوومەوە، ئەو دەمە كورد لە ئەوروپا زۆر نەبوون، لەگەڵ هاوڕێیەكی عارەبی میصریدا لە بنكەی شەمەندەفەری شاری كوێڵن چاوەڕوانی گەڕانەوە بووین بۆ شاری ئاخن، لە ناكاو كوردێكی خۆمان پەیدا بوو، دوای من چۆنو تۆ چۆن وتی (نەمزانی لە خاریجیت، مەحكەمە كرایت، نەتیجەت هەیە، ئەی عائیلەكەت؟ قەسەمەن بیللا ئەڵەمانیا لجوء نادات، دوو رەفزو یەك طەردم هەیە، ئەمەل نییە، طەبع ئەصابیعیشم لە هۆڵەندا هەیە، خیطەم داناوە ئەچم لە بەریتانیا تەقدیم لجوء ئەكەم. ئێ صیحەت و ئەحواڵ، مورتاحیت؟ عینوان و رەقەم تەلەفونەكەم بنووسە...) هاوڕێ عارەبەكەم بیرهاتەوەو هەردووكیانم بە یەكتر ناساندو وتم ئەوە باسی... قسەكەی بڕیمو وتی هەمووی زۆر جوان تێگەیشتم، ئێوەش هەر بە عارەبی دەدوێن! راستییەكەی مستەفای هاوڕێم نیازی خراپ نەبوو، مەبەستیشی سووكایەتیو بۆچوونی شۆڤێنزمانە نەبوو، شارەزای بووم، دۆستی كوردبوو، بەڵام شوولكێكی تەڕی لە سەری لوتمدا، چاوم چەخماخەیكرد، هەرلەوێدا پەیمانێكم بە خۆمدا، مەرجە مەرجی پیاوەتی بێت لە ئەمڕۆوە بەو زمانە كوردییە پاكو بێگرێوگۆڵە رەسەنەی باپیران بدوێم بێگانە تەنیا وشەیەكی تێنەگەن. ئەوە یەك. دووای شەش ساڵێش بڕیارمدا بۆ چەكداركردنی رەوەندی كورد لە هەندەران بەتایبەتیو كوردستانیش بە گشتی بەچەكی كوردایەتیی لەهەموو بوارەكانی مێژوو و جوگرافیا، نەژاد و رەچەڵەكی كورد، كورد لە سەدەكانی پێش عیسادا، لە سەردەمانی ماد، ئاشوور، كلدان، سومەر، ئەلیكساندەر، داریۆش، رۆما، كورد بەر لە بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام، هێرشی دەوڵەتی ئیسلام و عارەب بۆ سەر كوردستانو ئێران، كورد و ئاینی ئیسلام و دەسەلاتی خەلافەت، ئیمپراتۆریای بێزنتە، سەلجووق، هرووژمی توركە مەغۆلەكان بۆ
كەنارەكانی بۆسفۆرو مەڕمەڕە، دەوڵەتی عوسمانی، دەوڵەتی صەفەویی شیعەگەرێتیو ململانێكانی لەگەڵ ڕێبازی سوننەگەرێتیدا، جەنگەكانی عوسمانیی ـ صەفەوی، عوسمانیی ـ رووسیا، ئێران ـ رووسیا، صەفەوی، كێشەی خەلافەت، میرنشینو قەوارە سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆكانی كورد و بەتایبەتیش میرنشینەكانی ئەردەڵان، بابان، سۆران، موكریان، روونكردنەوەی سەرەتاو بنەتای زنجیرەی میرو پاشاكانی بنەماڵەی بابان،، كێشەی خەلافەت، سەرهەڵدانی ڕێبازی كوردو ئاینەكانی كورد، دەوڵەتەكانی ئێران، رووخانی قاجارو عوسمانیی، دامەزراندنی ئێرانی نوێ، دواڕۆژەكانی سوڵتان، بزوتنەوەی یاساخوازان لە توركیاو ئێران (مەشروتە)، بزوتنەوەی ئەفسەرەكانی كۆمەڵەی یەكێتیو پێشكەوتن لە توركیا،بزوتنەوەی كەمالیزم، دامەزراندنی كۆماری توركیا، ئێرانی حەمە رەزاشا دوای رەزاشای باوكی، هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، شۆڕشی گەلانی ئێران،دواڕۆژەكانی شای ئێران، دامەزراندنی كۆماری ئیسلامیی ئێران.
زمانی كورد، زار زمانەكانی كورد (دیالێكت)، شۆڕشو راپەڕینەكان، بەتایبەتیش شۆڕشەكانی باكوور، شۆڕشەكانی شێخ مەحموود و بارزان لە باشوور، شۆڕشەكانی سمكۆی شوكاك و كۆماری كوردستان ـ مەهاباد لە خۆرهەڵات، بارزانیو بارزانییەكان لە نێوان چوار دوژمندا، عێراق، بەریتانیا، توركیاو ئێرانو

دەرباز بوون بەسەر هەر چواریانداو پەڕینەوە لە رووباری ئاراس بۆ خاکی سوڤێت. شۆڕشی چواردەی تەمموز ١٩٥٨ لە عێراق،بارزانی و بارزانییان، شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١. ئەمانە وەك بابەتی سەرەکیی کە چەندین بابەتی دیکەش لە خۆدەگرن. هەردوو بەڵێنەکەشم ئەنجامداوە، بۆ بەڵێنی یەکەم دۆستو ناسیاوەکانم لە ئەڵەمانیا، هۆڵەندا، بەریتانیاو سوید ئاگادارنو دۆستی خۆشەویستم هەیە بە پێکەنینەوە دەڵێت برا خۆمن کوردم قورئان بەهەقت کەمە کەمێك لە قسەکانت تێدەگەم. بۆ پەیمانی دووەمیش ئێستا، کە ئەم دێڕانە دەنووسم بەرەبەیانی رۆژی ٣٠/١٠/٢٠١٠ یەوکتێبەکەم گەیاندۆتە کۆتایی کە یەکەم وشەیم لە ٢٠/٥/٢٠٠٣دا نوسیوە. من دەڵێم کتێب، تۆ بڵێ پرۆژە، چونکە لە قەبارەی کتێبێكو دوانو سیانیش هەڵکشاوەو ماوەی حەوت ساڵو نیوی رەبەق رۆژانەو بێدابڕان دە کاتژمێر پتر کارم تێدا کردووە، رۆژانی پشوو یا بیکاریشم دوازدە کاتژمێرو پتریش تەنیا باڵو هەر خۆمو خۆمو پتر لە ٥.٥٠٠ لاپەڕەی A4 بە دەست نووسیوەتەوە، رەشنووسی یەکەمو دووەم و ئینجا پاکنووسم کردوون لە پتر لە ٢١٠٠ لاپەڕەداو ئامادەی چاپو بڵاوکردنەوەیە. پێدەچێت خوێنەرێك بڵێت حەوت ساڵ ماوەیەکی زۆرە. ناهەقیشی نییە، منیش بە ئەسپایی بە گوێیدا دەچرپێنم، رۆژنامەوانی هەرەناسراوی عارەب دکتۆر موحەممەد حەسەنەین هەیکەل کە دوستێکی کوردەو زۆریش تامەزرۆری خوێندنەوەی نووسینەکانیمو خۆم بە مەزنێکی وەك ئەو بەراوورد ناکەمو بە شاگردیشی ناشێم....هەیکەل جکە لە وەی سەرۆکی گەورەترین دەستگای راگەیاندنو چاپو بڵاوکردنەوەی عارەبە و لە میصر لەسەروو پۆستی وەزێری رووناکبیریی وراگەیاندنەوەیە، چەند جارێك پێشەوای راستەقینەی عارەبو دۆستی کورد جەمال عەبدلناصر پۆستی ئەو وەزارەتەی خستە بەردەم، هەموو جارێك هەیکەل داوای لێبوردنی دەکرد.ئەو پیاوە مەزنە چەندین سکرتێرو هاوکار وئامێرۆ ئاسانکاریی لە بەردەستدایە؟ لە ژماردن نایەن . کەچی پەرتووکێکی لە سەر شۆڕشەکەی گەلانی ئێران کە بوو بە شۆڕشی خومەینیو کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لەسەر دامەزرا، لە ٢٧٤ رووپەردا بە ناونیشانی (مدافِع آیاتِ الله) تۆپهاوێژەکانی ئایەتوڵڵاکان نووسی، چوار ساڵ پێوەی خەریکبووە! منێکی تەنیا باڵو قەلەندەرو بە پێنووسێکی کۆڵو تووانایەکی کەمو زەینی کورتمەوە، بەکۆڵنەدانو شەونخوونی و ماندووبوونێکی زۆر، لە پاصەکانی هاتووچۆودا، لە میترۆو شەمەندەفەردا، لە میوانیو سەردانی خزماندا، لە کاتی کارو فرمانیشدا جانتا بۆرم هەر لە شاندا بووەو کەموو زۆر شتێکم نووسیوە، لە یاریگاکەی تیپی نۆپی پێی ئاخن (تیڤۆلی) کرێکار بووم، بە پەلە کارەکانم تەواو دەکردو گلەییم نەدەهێنایە سەر خۆم، لە کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ بەدووا خۆم بە ژوورێکدا دەکردو جانتا بۆرم دەکردەوە، خەریکبە، سەرکارو بەرپرسەکانم دەیانزانی تەمەڵیو دەغەڵی ناکەم، گەڵێك جار بەسەردا دەهاتن، چاوپۆشییان لێدەکردم کە دەیانبینی بە خۆمو سیمای ماندوو و چاوێلکەکەی چاومەوە سەرقاڵی کۆمەڵێك پەڕەکاغەزم، بە پێکەنینەوە دەیانوت: پرۆفیسۆر! تەواونەبوو؟ لە نووسینەوەی ئەم لاپەڕانەدا پەیڕەوی بەرنامەی زانستیو پشتبەستن بە بەڵگەو دۆکۆمنێتەکان کە بەردەستم کەوتون کراوەو لە هۆکارەکانەوە بۆ کار و ئەنجامەکان چووم یا بە پێچەوانەوە لە ئەنجامەکانەوە شۆڕبوومەتەوە بۆ هۆکارەکان و خۆم لە درێژدادڕیو زانیاری بێکەڵك دوورگرتووەو ئەوەندەی توانیومە بەرهەمەکەم بە زمانێکی سادەو ساکار

نووسیوەو لە نووسینی وشكو برنگی مێژوویی نێزیك نەكەوتوومەتەوەو بۆچوونیشم لە سەر رووداوو پاڵەوانەكانی بە سەنگو تەرازووی ئەو سەردەمە كێشاوە، نەك بە پێوانەو لێكدانەوەی ئەمڕۆ. باوەڕناكەم هەڵەی واگەورەشم كردبێت وەك هەڵەی ئەو مێژوونووسە كوردەی لەم ماوەیەدا لە كەناڵێكی ئاسمانیی كووردەوە لەمەڕ شۆڕشەكانی كورد وتی (ئەوانە شۆڕشی رزگاری نەبوون "ردفعل" بوونو داوای لابردنی زوڵمو فەسادیان كردووە)!! كە لەو جۆرە هەڵانە بێت بە كێردەكەی مەلای مەشهور بیكرێنێت. بەندە بە كۆڵێكی گرانەوە خۆم لە گێژەنگی دەریایەكی قووڵ هاویشتو كۆڵەپشتەكەم گەیاندە ئەوبەرو ئەو پەیامەی دەمویست گەیاندم، جاخوێنەری هێژاش سەرپشكەو خۆیی و ویژدانی زنیدووی.

بابەتە سەرەكییەكان بریتین لە نەژادو رەچەڵەكی كورد، كورد لە سەدەكانی پێش عیسادا، لە سەردەمانی ماد، ئاشوور، كلدان، سومەر، ئەلیكساندەر، داریۆش، رۆما، بەر لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام، هێرشی (دەوڵەتی) عارەبو ئیسلام بۆ سەر كوردستانو ئێران، بێزنتە، سەلجووق، هرووژمی توركە مەغۆلەكان بۆ كەنارەكانی بۆسفۆرو مەڕمەڕە، دەوڵەتی عوسمانی، دەوڵەتی صەفەوی، كێشەی خەلافەت، سەرهەڵدانی رێبازی شیعەگەرێتیو ململانێكانی لەگەڵ رێبازی سوننەگەرێتیدا، جەنگەكانی عوسمانی و صەفەوی، عوسمانی و رووسیا، ئێران و رووسیا، كوردو ئاینەكانی كورد، دەوڵەتەكانی ئێران، شۆڕشو راپەڕینەكانی كورد لە باكوور، باشوور، خۆرهەڵات، حكومەتی مەلیك مەحمود، كۆماری كورددستان لە مەهاباد، چەكدارانی شێخ، كوژرانی سمكۆ، شۆڕشەكانی بەرزان، كۆمەڵەی ئازادی ئەفسەرە كوردەكانی سوپای عێراق، دامركاندنەوەی شۆڕشەكانی بارزان، بارزانیان لە مەهاباد، كەوتنی كۆماری كوردستانو لە سێدارەدانی سەركۆمار پێشەوا قازی موحەممەد، پەڕینەوەی بارزانیان لە ئاراسەوە بۆ سۆڤێت، شۆڕشی ١٤/تەمموز ١٩٥٨، مافەكانی كورد لە سایەی رژێمی كۆماریی عێراقدا، شەریفی مەككە و كوڕەكانی، وەهابیەكانی نەجدو بنەماڵەی سعوود، رووخانی هەردوو دەوڵەتی قاجارو عوسمانی، دامەزراندنی ئێرانی نوێ، دوارۆژەكانی سوڵتان، بزوتنەوەی یاساخوازان لە توركیاو ئێران (مەشروتە)، بزوتنەوەی ئەفسەرەكانی كۆمەڵەی یەكێتیو پێشكەوتن، دەركەوتن و سەركەوتنی مستەفاكەمال ئەتاتورك، كەمالیزم، دامەزراندنی كۆماری توركیا، ئێرانی حەمە رەزاشا دوای رەزاشای باوكی، شۆڕشی ئەیلول، هەرەسی شۆڕش، شۆڕشی گەلانی ئێران، دوارۆژەكانی شای ئێران، دامەزراندنی كۆماری ئیسلامی ئێران، هەموو میرنشینو قەوارە سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆكانی كورد، شۆڕشو راپەڕینەكانی كورد لە باكوور، باشوور، خۆرهەڵات، حكومەتی مەلیك مەحمود، كۆماری كورددستان لە مەهاباد، چەكدارانی شێخ، كوژرانی سمكۆ، شۆڕشەكانی بەرزان، كۆمەڵەی ئازادی ئەفسەرە كوردەكانی سوپای عێراق، دامركاندنەوەی شۆڕشەكانی بارزان، بارزانیان لە مەهاباد، كەوتنی كۆماری كوردستانو لە سێدارەدانی سەركۆمار پێشەوا قازی موحەممەد، پەڕینەوەی بارزانیان لە ئاراسەوە بۆ سۆڤێت، شۆڕشی ١٤/تەمموز ١٩٥٨، مافەكانی كورد لە سایەی رژێمی كۆماریی عێراقدا، شەریفی مەككە و كوڕەكانی، وەهابیەكانی نەجدو بنەماڵەی سعوودو چەند بابەتێكی دیكەش، لەتەك ئەمانەدا وروژاندنی چەندین لایەنی پەیوەست بە نووسینەكەوە وەك بەسەركردنەوەی مێژوو ئەگەر هەر گێڕانەوەی رووداوەكان بێت بێ تاوتوێكردنو تەتەڵە و سەربێژنگ و

بنبێژنگ، ئەوە دەبێتە چیرۆكو هەر بۆ خوێندنەوە دەشێت نەك تێگەیشتنو بەستنەوەی هەموو لایەنەكان پێكەوەو شارازەبوونی خۆمانو دەوروبەرو دۆستو دوژمنو پەندو ئامۆژگاری وەرگرتنو گەلاڵەكردنی بیرۆكەی درووست.

مێژوونوسانی وڵاتانی داگیركاری كوردستان بە جۆرێك مێشكی نەوەكانیان بە بیروباوەڕی شۆڤێنییانە ئاوداوە، كورد وەك نەتەوەیەكی خاوەن زمان، مێژوو، كولتوور و خاك ناخوێندنەوەو هەریەكەشیان بەشێكی كوردستان بە حەڵاڵی خۆی دەزانێتو پێشەكیش بڕیاریانداوە تۆماركردنی رووداوو ئەنجامەكان بە چ ئاڕاستەیەكدا بڕوات كە تەنها بەرژەوەندی خۆیانی تێدا بێت.

نووسەرو مێژوونووسی بێلایەنو بەویژدانیشیان تێدا هەڵكەوتووە لایەنی راستی بەرنەداوە، لە نیو توركدا وەك: بیشكچی، ئەولیاچەلەبی، شەمسەدین سامی، مەحموود كەشغری نووسەری ( دیوان لغات ترك ) . حەیدەر چەلەبی ١٥١٤ـ ١٥١٨ز. بەكوردستاندا گەراوە، ناصیح مەترەقچی ١٥٣٤ ـ ١٥٣٦ ز. هاتۆتە كوردستان . یالچین، بەهیجە بۆران، كەمال پیر، هالۆك گرگر.لە فارسەكانیش وەك: ئەسكەندەر مونشی، تەفرشیان، زربەخت . لەنێو عارەبدا نموونەی وەك ئیبن بەتتوتەی مەغریبی ١٣٠٤ـ ١٣٦٩لە گەشتەكەیدا لە بەغداوە هاتۆتە كوردستان,نووسیویەتی دانیشتووانی شارەكانی مووصل، ماردین، سنجار كوردن . ئیمامی غەزالی ١٠٥٨ ـ ١١١١ ز. فەرموویەتی: رووناكبیری ئیسلام لەسەر شانی چوار زانایە، سیانییان كوردن. مەسعوودی خاوەنی كتیبی(مروج ألدهب) بنەچەی هۆزەكانی كوردی بەسەركردۆتەوە. تە بە ری (ألطبري) خاوەنی كتیبی (أخبار ألملوك) وتوویەتی خەلیفە مەروان كوردە .ئەوە جگە لە نووسەرانی رووسیا وەك: باسیل نیكیتین، مینورسكی، خالفین،لازاریف، فیلچفسكی، ئەڤیر بانۆڤ. كریس كۆچرا ـ فەرەنسا، مارتین ڤان برۆنسەن ـ هۆلەندا، گوینتەر دیشنەر ـ ئەلەمانیا، میجەر نۆئیل،جەیمس ریچ، ریتشارد بیستن ـ بەریتانیا، ئەمەی دواییان جینۆسایدی هەڵەبجەی رووماڵكردو بە جیهانی ناساند .

گەلانی پێشكەوتوو لە پاڵ زمانو مێژووی خۆیاندا مێژووی گەلانیش دەخوێندنەوەو كەموزۆر زمانكانیشیان فێردەبن بۆ تێگەیشتنی رابوردوویان و پەیوەندیو لە یەكتر تێگەیشتنی ئێستاو داهاتوو. كورد بە گشتیی زمانی دراوسێ داگیركارەكانی دەزانێت، بەڵام شارەزای مێژوویان نییە، سەرباری شارەزانەبوونی لە مێژووەكەی خۆی.

لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا، زۆر لە مامۆستاكانمان بە تایبەتی بەهەشتیی مامۆستا عومەر عەبدلرەحیم كۆڵەبی ئەلفو بێی كوردایەتی فێردەكردین، چیرۆكەكانی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، قەلای دمدمو میری لەپزێڕینی بۆ دەگێڕاینەوە بەدەمو دوویەكی شیرینو كاریگەر، ئەو هۆنراوانەی بۆی دەنووسینەوە رەوانیان بكەین، هۆشیاری دەكردینەوە و ئەو پرسیارەی لامان دەورووژاند بۆچی كورد هەر زمان، ویژە، مێژوو وجوگرافیای بێگانەكان دەخوێنێت و شارەزاییشی لێهەیە، كەچی لەكوردستان كوێرو نەشارەزاو نامۆیە ؟ ئینجا بەوخوێندنەوە فرە كاریگەر و زمانە پوخت و شیرینەی هۆنراوەی نەتەوەیی و كۆمەڵایەتی بۆ دەخوێندینەوە كە تەنها وانەی ئەو قۆناغە بوو حەزمان دەكرد زەنگی تەواوبوونی وانەكە

جارێ لێنەدرێت!! جگە لە هۆنراوەی (ئەی تۆپەکە ) تاکوتەرا ئەم دێڕانەم لە یادماوە:

لەسەر خەریتە شار بەشار ئەڕۆم          کەچی غەریبم لە وڵاتی خۆم

****

دایك بە دەرزی و دەزوو دروومان          بنووسێ لەسەر سەربێشکەی منداڵ

تا بە کوردستان بێتە گڕوگاڵ

لە بێشکەی وادا چاو هەڵنەهێنێ          درۆیە هەستێ تۆڵە بسێنێ

*****

لەبیرمە وەك شتێ تەما          کە مامۆستا لە ریز داینام

وتی ئەی خام بنووسە جوان          فیداتم خاکی کوردستان

*****

هۆنراوەی ئەی تۆپەکە

ئەی تۆپەکە فتبۆڵەکە          من دێم لە دەستم رامەکە

تۆ تۆپی یاریکردنی          وەك کوولەکەی رۆحی منی

وەختێ کە چوویت ئاسمان          بانگ کە لەمن یە زوبان

خۆش بێ وەتەن بەرزبێ          وەتەن بە عیلم و فەن

دراوسێکانی کورد زمانی کوردی نازانن، بەڵام مێژووەکەی شارەزان، چونکە زۆربەی هەرە زۆری ئەو مێژووە خۆیان نووسیویانە. ئەمە خاڵێکی سەرنج راکێشە:کوردبە گشتی زمانەکانی دراوسێ داگیرکارەکانی دەزانێت بەڵام شتێکی ئەوتۆ لە مێژوویان نازانێت، دراوسێ داگیرکارەکانیش مێژووی کورد شارەزان بەڵام زمانەکەی نازانن و نایانەوێتیش بیزانن!

لە دوای دەوڵەتی میدیاوە ستراتیژی زلهێزەکانی ناوچەکە ئەوەبوو، کورد وەکو مقاش، داشی دامە، کراس سوری بەر لەشکرو سوتەمەنیی جەنگ بەکاربهێنن و ئەقڵی رامیاریی و دیپلۆماتککاریی کوردیش لەساڵی١٩٩١بەدواوە پێدەنێتە یەکەم قۆناغی خەملاندنو هەنگاونانی سەرکەتوو، ستراتیژیەکەشی (ئەگەر بگونجێت بە ستراتیژی بژمێرین) لە سەر بنەمای کەڵك لە ناکۆکیو بەیەکدادانی دوژمنەکانی وەربگرێت لە پێناو مانەوەدا. لەوەدا چاکیشی هێناوە بەبەراورد لەگەڵ شۆڕشو راپەڕینو میرنشینەکانداکە هەر هەموویان لە سفرەوە دەستیان پێکردو گەیشتنەوە سفریش. تۆ لەوە گەڕێ، بیری کوردایەتی لە قۆناغی سەرەتاییشدا وەك شانازیکردن بەخۆو باپیرانو پاراستنی کولتوورەوە بەردەوام لە گەشەو پەرەسەندندا بووە، هەمیشەش ئەو هەستە سروشتییە کە دواتر چۆتە قاڵبی بیرێکی دیارو رێکخستنی رامیارییەوە، شۆڕشەکانیان هەڵگیرساندووە نەك بەپێچەوانەوە.

سەرکردەو رابەرەکانی کورد زۆربەیان لە بنەماڵە ئاینییەکان بوون و خوێندەوار و شارەزابوون، لە مێژووی گەلانی دراوسێش زۆر بێئاگا نەبوون، زۆریشی لێوە فێربوون، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی بیخەنە قاڵبی پراکتیکەوە، بەڵکو ئەزموونە تاڵەکانی دووبەرەکیو خۆخۆری و خۆپەرستیوچاولەبەرژەوەندیی تایبەتو

کەوتن‌و هەرەسەکانیان دووبارەو صەدبارە دەکردەوە. زۆربەمان هەرهەرەسی شۆڕشی ئەیلوولمان لەبەرچاوە، بەلاّم لە راستیدا هەر هەموو شۆڕش‌و راپەڕین و حکوومەت‌و کۆمارو قەوارە سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆکانیش بەهەرەس کۆتاییانهات‌و تەنهاو تەنها راپەڕینە مێژووییەکەی بەهاری ١٩٩١ی باشووری کوردستان لە بارودۆخێکی نێودەوڵەتی گونجاودا سەرکەوت‌و خۆی لە بەرامبەر گشت هەڕەشە ناوخۆیی‌و دەرەکیەکاندا گرتووەو دەستکەوتیشی فرەیە.

شەش ملیۆن ساڵ پترە مرۆڤ لەم سەرزەمینەدا دێت‌و دەچێت، تەکنۆلۆژیای سەردەم گەیشتۆتە ئاستی فەنتازیا، بەلاّم هێشتا مرۆڤ زۆر شت فێر نەبووەو فێریش نابێت، رۆژانە دەبینین مرۆڤ بەو هەموو زانیاری‌و ئەزموونە کەڵەکەبووەی هەیەتی، لە ئاوی گۆمێکی بچوکدا دەخنکێت، دەستی بە ئاگر دەسوتێت، پەنجەکانی بە درگاوە، مشارەوە، مەکینەی گۆشت جنینەوە، ژێر چەکوشەوە دەبێت، رووداوەکانی هاتوچۆ،وەرگەڕان‌و تامپۆن‌و تەقلەلێدانی ماشێنەکان, رۆژانە چەندین هەزار مرۆڤ دەمرن یا بریندار و کەمئەندام دەبن، مرۆڤی ساغ لە پەڕینەوەی نادروستی شەقامەکاندا دەکەوێتە ژێر ماشین و ماتۆڕ و پاسکیل، وەك چۆن مشك هێشتا تەڵە ناناسێت، گیاندارە کێویەکان تەڵەو حەشارگەی نێچیروانەکان ناناسن‌و جار لە دوای جار پێوە دەبن. لە جەنگەکاندا بە تایبەتی یەکەمین و دووەمین جەنگی گەورە دەیەها ملیۆن مرۆڤ گیانیان لە دەستدا، هەزارەها شارو گوند کاولکران، کەچی دەبینین مرۆڤ هەر پەنا بۆ جەنگ دەبات.

ئەمەریکا نەیدەتووانی لە ڤێتنام،ئەفغانستان، عێراق و بۆ روخاندنی رژێمەکەی صەددام، جگە لە پەلاماری سەربازیی و جەنگ رێگەیەکی دیکە هەڵبژێرێت‌و پەنا بۆ ئاگر و ئاسن نەبات ؟ ئەنجامیش وەك دەزانین لە ڤێتنام بە سەری شکاوو قوونی دڕاوەوە خۆی دەرباز کرد، لە عێراق و ئەفغانستان دارێکی بە دەستەوەیە هەردوو سەری پیسە، ئەگەر دەمێنێتەوە هەرروەی، دەگەڕێتەوە هەزار جار وەی. دەستی لە کاروباری ناوخۆی ئەفغانستان وەرنەدایە دژی سوڤێت‌و ئوسامەی کوڕی لادن دروستبکات کە دواتربووە ملۆزمی گیانی‌و لە سێ شوێنی گرنگ‌و دواتر لە ماڵی خۆشیدا کارێکی پێکرد کورە کەچەڵە بە سوڵتان تەڕبووشی نەکردووە.

دەڵێن شەڕ، جەنگ نیشانەی دواکەوتنی مرۆڤ‌ودەسەلاّتداران و رژێمەکانە. ئاخۆ ئەمەریکا دواکەوتووە ئەو هەموو ئاگری جەنگە خوێناویانە دادەگیرسێنێت؟ بەریتانیا دواکەوتەیە،ساڵی١٩٨٢ لە سەر دوو بست خاك پەلاماری دۆرگەی فۆکلاند ـ ئەرجەنتین دەدات‌و زوو فریای خۆی نەکەوتایەو هێزەکانی بکێشێتەوە، دەبووە جەنگێك هەموو ئەورووپای تێوە دەگلا.

هەندێکیش لەو باوەڕەدان شەڕ ـ جەنگ دیاردەیەکی شارستانییە! بەلاّم کام شارستانێتی، کوشتارو خوێنڕشتنی مرۆڤ و کاولکردنی ئاوەدانییەکان و سڕینەوەی شارستانێتی، گەڕانەوە نییە بۆ سەردەمی تاریکی‌و نەزانین، بۆ پیادەکردنی یاسای دارستان؟

مەزنترین شۆڕش لە مێژووی کورددا هەتا ئەمڕۆو لە هەر هەموشیان بەسەریەکەوە درێژخایانترو بە دەستکەوتتر (پێشتر مایەو قانزاجیشمان دەدۆڕاند) لە بەرنامەو لە تواناشیدا بوو رژێمە یەك لە دوای

یەکەکانی بەغدا کە هەرە بەهێزترینیان رژێمەکەی حیزبی بەعس بوو بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد حەسەن بەکر ـــ صـــەددام حســێن بڕووخێنێــت، بـــەڵام شـــۆڕش تـــەنورێك بـــوو ئاگرەكـــەی بـــە دەســـت كـــوردەوە نەبوو،(ئاگرخۆشكارەكان) ڕێگەیان نەدەدا سـەركەوتنی كۆتـایی بـە سـەر دوژمنـدا تۆمـار بكـات، گوایـە بارودۆخی ناوچەكە و بەرژەوەندییەكانیان دەكەوێتە بـەر مەترسـی. تـەنها دەلاقەیـەكیش بـۆ هەناسـەدانو ژیانی شۆڕش، سنووری ئێران بوو، ئەویش وەك ئەمـەریكای ئاغـای ئەوەنـدە هاوكـاریی شۆڕشـیان دەكـرد بتوانێت بەردەوام هێزو تواناكانی رژێمە یـەك لـە دوای یەكـەكانی بەغـدا دابدۆشـێتو لاوازو لاوازتریـان بكات هەتا ئێران لە هەلێكی لە باردا كودەتایەكی سەربازیی دەكـاتو رژێمێكـی چـەفتەوعەگال بەسـەری ئەلّقە لەگوێ خۆی دادەمەزرێنێت . ١٩٧٣ نازم گزار یەك هەنگاوی مابوو شـای ئێـران بـەو ئاواتـە شـاد بكات، گەر ئەوەش روویبدایە ئیتر ئێـران كـاری بـە كـوردو شۆڕشـەكەی نـەدەما و دەبـوو پێشـمەرگە بـە ناچاری لە سنووری سووریاوە هەناسە بدات یا چەك دابنێت.

زۆربەی هەرە زۆری رووناكبیرانی كورد و سەركردەكانیش پاساو بۆ سـەرنەكەوتنی شۆڕشـەكانی كـورد دەدەنە پاڵ فاكتەرە جوگرافییەكە، گوایە بستێك خـاكی كوردسـتان نەكەوتۆتـە سـەردەریا!ئەی شـۆڕش لەخۆرهەڵات، باكوور بۆ سەرنەكەوت یا لە بەشە گچكەكەی ناوەند شۆڕش بۆهەڵنەگیرسا، خـۆ گـەرووی هورمزو بەندەری ئەسكەندەروونە كوردستانن؟ **بزاڤی كوردایەتی هەرگیز كاری تیرۆرسیتی نامەردانەی لە بەرنامەدا نەبووە وەك تەقاندنەوەی شوێنە گشتیەكان، فڕاندنی فڕۆكـە، كەشـتیی، پاصـی گواسـتنەوەی گشتیی،گواستنەوەی منداڵانی خوێندنگاو... هتد. جێگەی خۆی لای دۆست ودوژمنان بەرچاو و دیارە. ئەی پەلاماری بنكەو دەسگاكانی بەرهەمهێنانی نەوتو پاڵاوگەكان وبۆرییـەكانی گواسـتنەوەی (زێـڕی رەش) ی بۆ نەكردە بەرنامەیەكی درێژخایەنو زریكە لە گازەرەی پشـتی عێـراقو ئـەوروپاو ئەمـەریكا هەستێنێت، لە پێناو(پەترۆل) و پاراستنی دەمارە سەرەكییەكەی پیشەسازیدا بیرێك لە چارەنووسی كورد بكەنەوە، هەرچەند ئەوەش كارێكی ئاسان نییە، بەڵام دووسێ جـار صـاڵانی حـەفتاكانو هەشـتاكان بـە سەركەوتوویی ئەنجامدرا.**

ڕێكخراوی حەماس وەك ڕێكخراوێكی ئیسـلامیی ـ رادیكـاڵ لـە باشـووری دەوڵـەتی لوبنـانی عـەلمانیی راستەقینەدا دامەزرا، كە سەرانی دەوڵەتی لوبنان بە هیچ جۆرێك وەها بزوتنەوەیەكیان بۆ قـوت نەدەچـوو لە بەشێكی لوبناندا هەڵتۆقیوە، ئیسـرائیلیش بـەرد هاوێـژێك لێـوەی دوورە، كەچـی حـەماس خـۆیگرتو ئیسرائیلیشی دەرپەڕاندو بوو بە هێزێكی سـەرەكیی كێشـەی عـارەب و جوولەكـە و ژمارەیـەكی گـەورەو قـــوورس لـــە هاوكێشـــەكەدا كـــە هـــەموو لایەنـــەكان ورد بیخوێننـــەوە و ململانێـــی دەســـەلات لەگـەڵ ڕێكخراوی(فـەتح) بكـات و حكومـەتێكیش لـە كـەرتی غـەززە دابمـەزرێنێت ... ئەمـە سـیناریۆیەكە سەرەتاكەی ئازادكردنی شێخ یاسین بـوو لـە زیندانـەكانی ئیسـرائیل و هـەر هاتـە دەرەوە بـەهاوبیرەكانی راگەیاند(لوولـەی چـەكەكانتان بكەنـە فەتح،ئـەوان دوژمنـی راسـتەقینەن! بەشـی دووەمـی سـیناریۆكەش كشانەوەی سوپای ئیسـرائیل بـوو لـە كـەرتی غـەزە بـۆ ئـەوەی حـەماس دەسـەڵاتێكی بـەرێوەبردنی تێـدا دابمەزرێنن.لێرەدا مەبەستم بەراوردكردنی بزوتنەوەی حەماس و شۆڕشی نوێی كورد نییە، مەبەستم بوێریو

بەزاندنی هێڵەسوورەکانە کەبۆی دانرابوو، هەروەها ئەوجۆرە سیناریۆیانە کەجاران سەیر و نامۆ دەهاتنە بەرچاو بەڵام لەم رۆژگارەدا زۆر ئاساییە و دەوڵەتانی ناوچەکەو دەرەوەی ناوچەکەش بەتایبەتیی بەریتانیاو ئەمەریکا دەستەو تاقم و گرووپ وریکخراو دروست دەکەن و دەیانکەن بەگژ ئەواندا بەپێی (پلانی رێگاکە) رێناکەن.

کورد بە درێژایی مێژووە دێرینەکەی ناکۆك و دژو خۆخۆر بووە، هێزو تواناکانی بەسەر دووژمنەکانیدا دابەش بووە، هەرگیز دوو سەرکردە پێکەوە دانوویان لە مەنجەڵێکدا نەکولاوە، هەر بۆ نموونە هێزەکانی گۆڕەپانەکە ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥ پارتی دیمکراتی کوردستان و کاژیك و پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوون . ١٩٧٦/ ١٩٧٧ ـ ١٩٩٤ پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ـ عێراق، پارتی کۆمۆنیستی عێراق، پارتی سۆسیالیستی کورد(پاسۆك)، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ـ ئێران،حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ـ عێراق، پارتی گەل، پارتی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران،کۆمەڵەی مارکسیی لینینی لە کوردستانی خۆرهەڵات و پارتی کرێکارانی کوردستان (پێکەکە) لە باکوور، ئەمسەرو ئەوسەریشی تفەنگ و پیشمەرگە و شاخو خەباتی نهێنیی ناوشار و شارۆچکەکان بوو، کاژیکو پاسۆك لە کانیاوی بیری کوردایەتیو پێکەکە لە سەر بنەماکانی مارکسیزم درووشمی رزگارکردنی کوردستانی گەورەیان بڵند کردبوو.

پارتی و یەکێتی و سۆسیالست و دیموکراتی ئێران جگە لە کۆمەڵە لە بەرنامەو پەیرەو و پرۆگرامدا یەك ئامانج بوون کەبریتیبوو لە( دیمۆکراتی بۆ عێراق / ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و مەگەر لە پێکهاتەی سەرکردایەتییەکانیاندا جیاواز بوون ...**دوواتریش لەو هێزەسیاسییانەی هاتنە گۆڕەپانەکە، بەرچاوترینیان بزوتەوەی چاکسازیو گۆڕانە، کە وەك سەرەتا بە گوروتینێکەوە خۆی ناساندو لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، بەهاری ٢٠٠٩ توانی ٢٧ کورسی پەرلەمانی کوردستان بەدەست بهێنێت وەك رەنگدانەوەی نارەزایی جەماوەرو گەران بەدوای ئەلتەرناتیڤدا . بەبۆچوونی من ئەو سەرکەوتنە کاتیە و پێوانەی راستەقینەی سەرکەوتنی بزوتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەبێتە نیشانەی سەرکەوتنو جێگیر بوون لەنێو جەماوەردا.**

ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینینو مایەی شادیو پەسەندی جەماوەری کوردە، خۆشبەختانە هەر هەموو لایەنەکان بەجیاوازی ئایدیاو بیرو بۆچوونیانەوە بۆ یەکەمین جار لەمێژووی کورددا قۆناغێکی سەختو دژوارو چەقبەستوو تێدەپەڕێنن و لەپێناو ئامانجە پیرۆزەکاندا، ناکۆکیەکانیان دەخەنە لاوەو بەیەك هەڵوێست بە گرووپە ئیسلامییەکانیشەوە بەرنامەی سەرخستنو گەشەپێدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان لە ژێر ئالای کوردستاندا کۆیکردوونەتەوە، کە خۆی لە خۆیدا،ئەگەر تاسەربێ دەستکەوتێکی مێژوویی مەزنە.

سەرکردەکانی عارەبی عێراق بە ناچاری مافەکانی کورد دەسەلمێننو دەڵێن مافی کورد رەوایە، بەڵام ناکرێت ئەوەی هەزارەها ساڵە لێی زەوتکراوە بە یەکجار وەریبگرێتەوە! وەك ئەوەی کورد نەخۆشێك بێت، پێویستە دەرمانەکانی ژەم بە ژەم بخوات.

ئازایەتی یا سەرگەرمیی کورد لای دۆستو دوژمـن ئاشـکرایە، بـەڵام ئـەو ئازایـەتی یاسـەرگەرمییە چ مافێکی لە مافەکانی کورد دابینکرد، لە کوردەواریدا بەکەسێکی ترسنۆك دەڵێن جوولەکە، بڕیا کـوردیش چـش لـەو شـانازیو خۆهەڵکێشـانە پووچـەڵە وەك جوولەکـە (ترسـنۆك) و یـەکگرتوو بووایـەو دەوڵـەتی سەربەخۆی دابمەزراندایەو تووانای رووبەرووبوونەوەی بەرچاوی هەموو دوژمنەکانیشی هەبووابـە. جوولەکـە ترسـنۆك نـین، بـە هەمووانیشـیان سـەلماندوە ئـازاو نەبـەردن، ئـەو ترسـنۆکییەیان کاتێـك بەسـەردابڕا لـە کوردستانو عێراق لێقەوماوو بێکەس بوون، مسـوڵمانەکان دەیـانوت ئەمانـە کـافرن ئاگریـان لـە ریشـیان بـەردەدا.! رووداوەکـانی مێـژوو و ئەنجامـەکانی زۆرجـار ئـاوەژو، لنگـەو قـووچ دەخوێنرێتـەوە، توانـاو لێهاتوویی‌و پلانە ئاشکراو نهێنییەکانی پاڵەوانەکان دەبن بە ژێـر ئەنجامەکانـەوە، سـەرکەوتووەکان دەبنـە کوڕی گەلو رامیارو سیاسەتوانی بلیمەتو سەرلەشکری قارەمانوبلیمـەت و سـەرکردەی مـەزن ئەگەرچـی شیاوی ئەوەش نەبن. ئەوانەی بە ئامانجیش ناگەنو بە ناکامی سەر دەنێنەوە، بەڕابەری بوودەڵەو کورتبینو نەفام ناودەبرین.

لەسـەرەتای مێـژووی مرۆڤایەتییـەوە خـاكو مرۆڤـ و ئـاین بـە دوای یـەکتردا هـاتوون وبـەردەوامیش کاریگەریی بەرچاویان لەیـەکترکردووە.خاك نشـینگەی هـەموو گـەلو نەتەوەکانـەو پێویسـتە هەریەکـەیان بەشێکی سـەربەخۆی هـەبێت. مرۆڤـ بـەپێی یاسـاکانی سـەرزەمین گـەورەترین سـەرمایەو هەڵکشـاوترین زیندەوەرەو خاوەنی ژینگەکەیە،ئەوە لەو روانگەیەوەیە کورد دەڵێـت( هـەر سـەر سـەلامەت بـێ)، بـەپێی یاساکانی ئاسمانیش کامڵترین گیانلەبەرو میراتگری پەیامبەرانی یەزدانە لە سەر زەوی.

ئاینیش ئـاینی یەزدانـەو زۆر بەراشـکاویش مرۆڤـ سەرپشـك دەکـات چ ئاینێـك هەڵدەبـژێریت، بڕوانـە فەرموودەی پیرۆزی یەزدانی دلۆڤان بۆ پەیامبەری ئیسلام(لآ إِكْرَاهَ فِي الـدِّينِ) (البقـرة: ٢٥٦) (وَلَـوْ شَـاء رَبُّكَ لآمَنَ مَن فِي الأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعاً أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّـاسَ حَتَّـى يَكُونُـواْ مُـؤْمِنِينَ) (یـونس: ٩٩) یـەزدانی مەزن پەیامبەری ئیسلام هۆشیار دەکاتەوە کە مسوڵمان بوونو ئایندارییی زۆرەملیو تۆپزی نییە، خوای تۆ گەرەکی بووایە، هەرکێ لە سەر زەوی دەژی باوەڕیان دەهێنا، تۆ گەرەکتە نا بە دڵ بـاوەڕبێنن و مسـوڵمان بن. کەواتە خاكو مرۆڤـو ئاین کامیان لە پێشترن، پیرۆزترن؟ بەلای مرۆڤ دۆستانەوە سەربەخۆیی گەلان و نەتەوەکان و پێکەوە ژیانێکی پڕ لە ئازادیو بەختیاریو برایەتی بۆ هەمووان گرنگترین ئامانجەکانە .

بـەڵام ئیسـلامی رامیـاری ـ رادیکـاڵ هەوڵـدەدات لـەپێناو چەسـپاندن و پیـادەکردنی دەسـەڵاتی شـەرع لەسـەرتاخواری وڵات وبەهــەموو جومگـەکانی ژیـانی مرۆڤەکانـداو بـەردەوام هەوڵـدان بـۆ سـڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی گەلانو سـنووری نیشـتمانەکان لـەپێناو سـێ ئامانجـدا: نەتەوە(ئومـە)ی موسـوڵمان، خاکی موسوڵمانان و ئاڵای ئیسلامدا.لە نێو هەموو گەلانی موسوڵماندا ئەم تێزە لە نێو کـورد و عارەبـدا زۆر بە خەستیی رەنگیدایەوە، پاڵەوانێکی مێژوویی مەزنی وەك سەلاحەددینی ئەیوبی هەموو ئامـانجێکی رزگارکردنی قودس وسەرکەوتنی ئاینی ئیسلام بوو، بیری بەلای کورد و نیشـتمانی کـوردا نەچـووە.گەلانی عــەرەبیش ئــەوەتا ســەرگەرمی ئیســلامی رامیــارین و کێشــە نەتــەوەیی و نیشــتمانییەکانیان و لــەپێش هەمووشیانەوە کێشەی فەلەستین گوڕوتینەکەی پێشتری نـەماوە وزۆر کاڵبۆتـەوە. هوشـیاریی نەتـەوەیی و

هەستی وڵات پارێزیی لە نێو عارەب و کوردا بەشێوەیەکی گشتیی سست و لاواز دەردەکەوت،بەڵام گەلانی عــەرەب پەیوەندییــەکی رۆحــانیی لــە ناخیانــدا چــەکەرەی کــردووە ویــەکێتی هزر(بونیــادێکی فیکریــی یەکگرتوو)ی پێداون کە سەرچاوەکەی قورئان وزمانە یەکگرتووەکەیانە کە ئەویش هەربەهۆی قۆرئانەوەیە، بەڵام ئەو هەستی نەتەوەیی و وڵات پارێزییە لای تــورك فــارس هــەر لەســەرەتاوە بــەگوڕوتین بوو،هــەر ئــەو دوونەتەوەیەش کەڵکی تەواویان لە ئاینەکەوەرگرت بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانیان لەســەر حســابی عارەب وگەلانی دیکەی موسوڵمان، دەڵێین لەسەر حسابی عــەرەب چونکە منداڵدانی پەیامەکە،پێگــەی ئاینەکە،پەیامبەری ئاینەکە،پەڕاوی ئاینەکە و زمانی ئاینەکە هەرهەمووی دەگەڕێنەوە بــۆ عــەرەب.تورك بەپلەی یەکەم و فارس بە پلەی دووەم کــەڵکیان لــە ئــاینی ئیســلام دەســتکەوت،تورك دەوڵــەتی ســوڵتان و خەلافــەت و فارســیش دەوڵــەتی ناسیۆنالیســتی دامەزرانــد. مێژوونووســانی ئــەورووپایی دەڵــێن دەوڵەتــە ناسیۆنالیســتەکان بــەدوای شۆڕشــی پیشەســازیی و شۆڕشــی فەرەنســادا لــە١٧٨٩دا هاتنــە دامەزرانــدن. فارسەکان هەر لەسەرەتاوە، بەزۆری کوتەك بوو یا بە رەزامەندیی بوو،زۆر زیرانــە بــوون بــە ئیســلام و بــۆ خۆدزینەوەش لە دەسەڵات و هەژموونی دەوڵەتی ئیســلام لــە مەککــە، سیســتمێکی ئیســلامیی سیاســیی تەندوتیژیان رەنگڕێژکرد لە ژێر پەردەی بەدەنگەوەچوونی ئیمام عەلی وهاوکاریکردنیدا( شیعەگەرێتی) بــۆ دەربــازبوون لــە دەســەلاتی خەلیفــەکانی ئیســلام(جێگرەکانی پەیامبەر)وهاتنــەدەرەوە لەوبازنەیــەو خۆجیاکردنەوە لەعەرەب و پاراستنی نەتەوەی فارس ودەوڵەتە نەتەوەییەکەی، لەو پێناوەشدا سڵیان لەهیچ کارێك نەدەکردەوەوکاتیان بە فیڕۆ نــەدەدا، خەلیفــەی یەکــەم ئەبووبــەکریان دەرمــانخوارد کــرد، خەلیفــەی دووەم عومەری خەتابیان لەکاتی نوێژکردندا کوشت، موسوڵمانی سوننەمەزەب لەنوێژدا هــەردوو دەســتیان لەســەر ســکیان دادەنــێن وەك چــۆن عومــەر دەســتی بەزامەکانییــەوەگرت، خەلیفــەی ســێیەمیش دوای ئابلۆوقەدان ئاگریان لــە خانووەکــەی بــەرداو کەهاتــە دەرەوەکوشتیان.ئیســلامی سیاســیی تــورکیش لــەژێر پەردەی خەلافەت و خەلیفەی موسوڵماناندا هــەژموونی نەتــەوەی تــورك و تــۆرانیزمی بەســەر هەرهــەموو گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەند و ئەورووپای خورهەڵاتیشدا سەپاند.

جگە لە گەلانی ئێران کە خاوەن شارستانێتیو پێشکەوتنن، بەتایبەتیش لە هونەرو وێژەو بیناسازیدا، داگیرکارانی دیکەی کوردستان، عەرەبو تورك خۆیان بەســەر کــورددا دەشــکێننەوەو شــانازی بــەڕابردووی خۆیانو تەلاری بڵندی شارستانێتی پڕ شکۆیانەوە دەکەنو زۆر سووك لە کورد دەڕوانن گوایە لە کوولەکەی تەڕیشدا ناوی کورد نەبراوە مەگەر وەك نموونەی ناپاکیو بێئمەکی. تورك بە (کورد بەدنیهاد)و عەرەب بە مەجووس- ئاگرپەرست ناویان دەزڕاند! نیشانەکانی پێشکەوتنی داگیرکارانی کوردستان بە فارسیشەوە لــە چیدا دەردەکەوێت؟ لە لەشکری قەبەو چەکی کوشندەو هێزی تۆقاندنو ســەرکوتکردن و وڵاتــی بــەرفراوانو پــانوپۆڕ و خــاکی بــەپیتو سەرچــاوەکانی ئــاودا، یــان دوانەکــەوتن لــە رەوتــی پێشــکەوتنی گــەلان بــە کولتوورێکی گەشی مۆدێرنەوە؟ (٥٠٠٠) ساڵ بەر لە عیسا لــە (ئــوور)ی نێوەڕاســتی عێــراق، ٢٢٥کــم. باشووری بابل، ئامێری گاسن بەکارهێنراوە بۆ زەوی کێڵان.

٣٢٠٠ ساڵ بەر لە عیسا لە (وەرکا)ی باشووری عێراق هونەری نووسینیان داهێنــاوەو مرۆڤایــەتی بــەو

داهێنانه مەزنه له سەدەکانی بەر له مێژووەوه دەپەڕێننەوه بۆ سەردەمی مێژوو ـ تۆمارکردنی دیرۆك. بەر له یاسای حامووڕابی که ١٧٩٢-١٧٥٠پز. فەرمانڕەوابووە، یاسای ئەشتوته ١٩٥٠ پز، یاسای ئۆرگۆ ١٠٩٤ پز. پەیڕەو دەکران، کشتوکاڵو پیشەسازیی دەستیی، دروستکردنی گۆزەو دیزه لە گوندی چەرمۆ (چەرمه)ی نێزیك کەرکووکو لاپاڵەکانی چیاکانی زاگرۆسی کوردستاندا کورد دۆزیویەتییەوەو گەشەی پێداوه)[٢] دەی کێ پێشینەی شارستانێتیی هەیە؟ خۆئەوانە تورك، فارس، عارەب نەبوون (فبأي الاء ربکما تکذبان) و د یرۆکی مرۆڤایەتی دەشێونین؟ گەلانی سەر بە داگیرکارانی کوردستان هەر لە منداڵییەوه مێشکیان بەو مێژووه ئاو دەدرێت بە خواستی خۆیان لە سەر کورد نووسیویانەو هەر لە بەرنامەکانی خوێندنو پەروەردەوه فێره دەرمارگرژیو لوتبەرزی و باڵادەستی دەکرێنو کەناڵەکانی راگەیاندنیش بە هەموو جۆرەکانییەوه ئەوەنده ئەو قەوانه سوواوانه لێدەدەنەوه درۆ زلەکان دەبنە راستی! میدیای کوردیش هەتا کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابوردوو و سەرەتای شەصتەکان لە ژمارەیەك پەڕاو کە زۆربەیان دیوانی هۆنراوه بوونو چەند هەفتەنامەو مانگنامە و دوو سێ کاتژمێرێك پەخشی رادیۆ بە زمانی کوردی لە توانایدا نەبوو دەنگی کورد بە خوێنەرو گوێبیستی گەلانی دراوسێ بگەیێنێتو بەرچاویان روونو مێشکیان بەرووی دێرۆکی راستەقینەی کورددا بکاتەوەو کاریگەرییەکی هەبێت بە خۆیانو مێژووه چەواشەکانیاندا بچنەوه، گلەیشیان لێناکرێت بەرهەمی نووسەرێکی بێلایەنو بەویژدانیان نەخوێندۆتەوه، نازانن کورد لە سەدەی نوێدا، بەڕابەرایەتی مەلیك مەحموود حکومەتی کوردستانی باشووری دامەزراند بەر لەوەی فەیصەل حکوومەتی عێراقو رەزاشا حکومەتی ئێرانو مستەفا کەمال کۆماری تورکیا دابمەزرێنن! گەر ئەوەش بزانن و دەیەها نموونەی دیکەش بەرچاوو گوێیان بکەوێت شەختەی سەهۆڵبەستووی مێشکیان وا بە ئاسانی ناتوێتەوه، بەڵام هیوادارمو بە کردەوەش دەبینین ئەو چەند مۆمەی گرووپە چەپڕەوەکان لە تورکیاو ئێران دایانگیرساندووه یەکەمین چینی شەختەکەی گەرمکردووەو دڵۆپەکان لە زەنگوڵ زەنگوڵ چۆڕانەوەدا خێراتر دەبنو زنجیرەی نەرمەباران وەردەگرنو مێشکە داخراوەکان هێمن هێمن بە سەر کێشەی کورددا دەکرێنەوەو پشتیوانیی لێدەکەن وەك دەنگی شەقامە باریکەکان بەرامبەر دەنگی شەقامە بەرینەکانی باڵادەستان. ئەمەش گۆڕانکارییەکی هیوابەخشەو هەر لە ئیستاوه ئەنجامەکانی هەنگاو بە هەنگاو دەردەکەون.

چالاکییەکانی پێشمەرگە لە باشوور، بەر لە یەکەمین جەنگی کەنداو(جەنگی هەشت ساڵەی ئێران ـ عێراق) کاتی جەنگەکەش ئۆتۆماتیکی لە بەرژەوەندی ئێران بوو، هەر پێشمەرگەو کەسێکی سەربەرێکخراوێکی رامیاریی لایەنەکانی شۆڕشی کورد بکەوتایەتە دەست دوژمنەکەی، ئاشکرابوو بە تاوانی بەکرێگیراوی ئێران بە هەڵواسین (خنکاندن)، گوللەباران، تەزووی کارەبا،یا لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان دەردەکێشاو ژمارەی شەهیدانیش هەر هەڵدەکشا کە رۆژانە قەتارەی تەرمەکانیان لە قەصابخانەکانی مووصڵو بەغداو کەرکووکەوه بەرەو سلێمانی بە رێگاوه بوون، جگە لەوانەی لە (ئەمنە خوێناوییەکەی سلێمانی) شەهیدو بێسەروشوێن دەکران، رۆژ هەبوو ژمارەی شەهیدانی شارەکەی هەڵمەتو قوربانی لە ژمارەی لەدایکبووەکان پتر بوو.... کەچی لەناکاوێکدا ماوەی هەفتەیەك ئەو شارە

خـۆڕاگره کەوتـە بـەر هاوەنبـارنکردنێکی کوێرانـەی خەسـت، هەمووڵایـەکی شارەکەشـی خوێنـاوی کرد،ناوجەرگـــەی شـــار،گەڕەکەکان،ناوبازار و شـــەقامەکان، مزگـــەوت وخوێندنگاکان،باخچـــەی ساوایان،خەستەخانە ...بارودۆخی شار تێکچو، دانیشتوان لـەماڵ نەدەهاتنەدەر،هـەر چـوار پێـنج خێـزان پێکەوە دەحزانە ژێرزەمینی ماڵە دراوسێیەکەوە... ئیتر نە ئێرانی (هاوپەیمان) ونەهیچ لایـەنێکی شۆڕشـی کورد شتێکیان لەوبارەیەوە نەدرکاند،سوپای عێراقیش هەلوێسـتێکی نـەبوو،بومورجێك هەرنـەبێت هێـزی ئاسمـانیی لـەماوەی چـەند خولەکێکـدادەیتوانی سەرچـاوەکەی بدۆزێتـەوە و بێدەنگیشـی بکـات بـەڵام نەیکرد،لەکاتێکدا خەڵکی سادە دەیوت ئەم ئاگربارانە لە دەورو‌پشتی چاڵە خەزینـەوە دێـت کـە بەدەست پێمەرگەوەیە! ئەوەندی من بـزانم هـەتا ئـەمڕۆش ئـەو دەسـت درێژییـە ناڕەوایـە، لاپەڕەیـەکی شـاردراوەی مێژووی نوێی کوردە وەك هەزاران لاپەڕەی پێشتر و دوواتر کەبەردیان خراوەتەسەر. جگە لـە عێراق،ئـاخۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەو جۆرە پاداشتی بنەماڵەی شەهیدەکانی دایەوە کە هێشتا لەژیاندابوون؟

یەکێك لە هەڵەکانی صەددام (بە هەمـوو خراپەکانیشیەوە لە چاو رادیکالیی نەتەوەیی‌و ئـاینیی تـورك‌و ئێراندا بە حەوت ئاو شۆردرابووەوە) یەکێك لەهەڵەکانی ئەوە بوو نـەیکرد هـەر لـە سـەرەتای جەنگەکـەوە دەستی ئاشتی بۆ کورد درێژ بکات، ئەو هەنگاوێك‌و کورد هەنگاوێك لە یەکتر نێزیکبنەوەو بـەو هـەنگاو بە هەنگاوە بگەنە ئەنجامێك بەرژەوەندی هەردوولای تێدا بێت.

وتم هەڵە، بەڵام پێدەچێت هەڵە نەبووە، صەددام نەکردەو دەستەپاچە نـەبوو، چـاوی بـە هـەموو لایەکـدا دەگێڕاو بۆ چارەسەرکردنی کێشە گەورەکان بە تایبەتیش ئەو جەنگە خوێناوییە دەستی بۆ هەر لایەك درێژ دەکرد خێرێکی بە نێو چاوانەوە بێت، رەنگە ئەو لایەنەی لـە نێـو لایەنـەکانی شۆڕشـدا دەسـتنەکەوت کـە نوێنەرایەتی کوردی باشوور بکات، هەر لایەنێکیش بە تەنها بیکردایە، دەبوو بە تەنها بیکات‌و ئەوەش بۆ صەددام نەدەگونجا جۆرە ئۆتۆنۆمییەك بە کورد بدات‌و شۆڕشیش هەر بەردەوام بێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ یـەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتاندا هـەردوولا بـە ناچـاری بـەختی خۆیـان تـاقیکردەوەو ئەنجامەکەشـی بـۆ هەردوولا واکەوتەوە (بریا نەمکردایە؟) زیـانی صـەددام لـەوەدابوو یـەکێتی تونـدوتۆڵ خـۆی بـە ئێرانـەوە بەست‌و زیانی یەکێتیش لەوەدابوو ئەنـدام‌و لایـەنگرانی ئاشـکرابوون‌و شـیرازەی رێکخسـتنەکانی کـەلێنی تێکەوت، ژمارەیەك کادیری پێشکەوتوو، ئەندامی سەرکردایەتیش (وەك دەڵێن) پەیوەندییان لەگەڵ میریدا دامەزراند. بەشبەحاڵی خۆم لە دەنگۆ بەوڵاوەشتێکم لەوبارەیەوە نەدیوە ونەبیستووە، فایلێکیشم نەدیووەو بەڵگەیەکیشـم بـە دەسـتەوە نییـەو کەسـێکیش لەوانـە لێکۆڵینـەوەو لێپێچـینەوەی لەتەکـدا نـەکرا، یـا بدرێتەدادگا. پاکانەیان بۆ ناکەین‌و تفەنگیش بە تاریکییەوە نانێین.

هەر لەسەر یەکەمین جەنگی کەنداو، چ جۆرێك جـەنگ بـوو، رژێمێکـی گوایـە سۆسـیالیزم‌و رژێمێکـی ئیسـلامیی رادیکـاڵ، شـۆڤێنیزمی عـەرەب‌و فـارس، ململانێـی شـیعەو سـوننە یـا جـەنگی کۆنـەقینی خومەینی بەرامبەر بە صەددام؟ زۆربەی هەرە زۆری لەشکری عێراق بەوپێیەی شیعە زۆرینەی دانیشتوانی عێراقن، شیعەبوو، کەچی دژی برا شیعە ئێرانییە هاومەزهەبەکانیان دەجەنگان.خومەینیش بە ناوی جەنگی پیرۆزەوە (جیهاد) کە شەڕی ئایندارانە دژی گاوران (کافران) لەشکری شیعەی دەناردە سەر شیعەو سوننەو

بیزدیو کاکەییو کلدانیو ئاشوریو هەمووشیانی بەیەك چاو وەك گـاور تەماشـا دەکـرد، کلیلـی دەکـردە گەردانەی بەهەشت بۆیان و( ئەللاهو ئەچبەر ) بڕۆن گاور بکوژنو دەرگای بەهەشت بکەنەوە.

ئەو کلیلبازییە داهێنانی خومەینی هەشتا صالاَن نەبوو، پاپای رۆما حەوت سەد صـالّ پێشـتر شـاکانو گەلانی ئەوروپایی بۆ (جەنگی پیرۆز) دژی ئیسلامو رزگارکردنی ئۆرشەلیم ـ قودسو گۆڕی پیرۆزی مەسیح هاندەداو کارتی چوونە بەهەشتی پێدەفرۆشتن! جیاوازی چاوبەستەکەش هـەر لەوەدایـە کلیـل بـە خـۆڕاییو کارت بە پارەبوو، هەردووکیشیان بازاڕی گەرم بوو.

تیرەو هۆزی (دوواکەوتە) هەن کە کێشەو ناکۆکی بکەوێتە نێوانیان، هەرلایەنەو، پالّەوانی خـۆی دیـاری دەکاتو بەلیسێکەوە (کوتەك) دەینێرێتە مەیدانو شەڕ دەست پێدەکات، بەلاّم دوو پالّەوانەکە لە یـەکتری نادەن، بەلّکو هەردووکیان لە گاشە بەردێك دەدەن، کامیان یەکەمجار لیسەکەی شکا، ئـەوە سـەرکەوتووەو کێشەکە لە بەرژەوەندی هۆزەکەی کۆتایی دێت! ئەریّ ولاّتانی پێشکەوتوو کە بە دوای شـەڕدا دەگـەڕێن و ئەگەر نەبێت دروستی دەکەن، چەندیان ماوە لە بوواری (مرۆڤ بە نرخترین سـامانە) بگەنـە ئاسـتی مرۆڤـ دۆستییو پێکەوەژیانی ئەو تیرەو و هۆزە دواکەوتوانە؟

مرۆڤە هەرە دێرینـەکان ژیـانو بەرژەوەنـدی و چارەنووسـی خۆیـان بەتاکـەکانی دەورو پشـتی خۆیانـەوە بەستووە لە شێوەی گرووپ گرووپداو ئەو ئەشکەوتانەی کە شەویان تێدا بەسەر بردووەو زارۆکەکانیان تێدا پاراستووە لە دڕندە کێوییەکانو ئەو ناوچانەش راوو نێچیرڤانیان تێدا دەکرد بـوون بـە نیشـتەن،لانە،گوند، شار، ولاّت و گرووپەکانیش ژمارەیان زۆرتر دەبوو، تیرەو هۆزو گەل پەیـدابوون و لـەوێوە خۆبەسـتنەوە بـە خـاك وگـەلو ولاّتـەوە، خۆشەویسـتی نەتـەوەو ولاّتپـارێزی بوونـە لایـەنێکی گرنگـی ژیـانو مانـەوە، وەك هەستێکی دەروونی قوولّو قولّتریش دەبووەو لەماوەی چەندین هەزار، ملیۆن صـالّدا دەچـێتە قـالّبی بـیرو باوەڕەوەو هەر ئەو بیرەش لە شێوە هەرە سەرەتاییەکانیدا پالّنەرو هانـدەری دۆزینـەوەو داهێنانەکانـە وەك ئاگرو سەرئاونشینو دروستکردنی کوختەو کشتوکالّ و پەرستنی رۆژ و هەیڤ و ئاو و ئـاگر و هتـد... لـە ترساندا، یا لە خۆشەویستیدا، گۆرانیو ئاوازو سەما و هەلّپەڕکێش بۆ رەزامەندی ئەو هێزانـەو دەربڕینـی شادیی لە سەرکەوتنەکانی خۆیان بەسەر دڕندە بەهێزەکانو دوژمنەکانیشیانداو هونەری هۆنراوەو چـیرۆكو هێلّکاریو هەلّکەندنی شێوەکاریو وێنەو کۆتەلّسازیش ( پەیکەرسازی ) هەر لەوێوە سەریانهەلّدا.

لێرەدا تەنیا مەبەستم دیاریکردنی هەستی خۆشەویسـتیی گـەلو نیشـتمانە لای کـورد، کـەوەك گـەلانی دیکە کاریگەرییو رەنگدانەوەی چەند قوولّی لە رێبـازی هونەرمەنـدو هۆنەر(شـاعیر)و نووسـەری کـورددا هەبووەو هەیە، کە سەرەتا لای دەستەی دووەمی شۆڕەسوارانی بـواری هـۆنراوە ئەحمـەدی خـانی و حـاجی قادری کۆیی رەنگرێژو فراوان کراو بووە هەوێنی بەرهەمەکانیان وەك دوو ئەسـتێرەی پرشـنگداری ئاسمـانی وێژەی کوردایەتی بە هەر سیّ دیوی رەخنە لە خۆگرتنو پلاندانانو هاندانو خۆکۆکردنەوەشدا بـۆ خـەباتو شانازی بە خۆکردنیش.

بێرە کوردستان ئەزیزم گەر تۆ سەیرانت دەویّ
بتبەمە قەندیل ئەگەر تۆ ئاوی کوێستانت دەویّ

یا کە دەڵێت :

باسی سەیرانو سیاحەت ناکەم ئیتر ئەی وەتەن

تۆ لە جێگەی قاهیرەو تارانو بەرلینی منی

هۆنەر(شاعیر)ی مەزنی کورد گۆران هەتا لەسەر رێبازی کوردایەتی بوو، شاکارەکانی (گەشتی هەورامان)و (گەشتی قەرەداخ )و ( هەڵۆ بەگ )ی جوانە مەرگو شەهیدی دەهۆنییەوە، بەڵام کە چووە ریزەکانی پارتی کۆمۆنیستەوەو هەستی خۆشەویستیی وڵاتی کوردانی گۆڕی بە شەیدایی مۆسکۆو پرۆلیتاریاو وڵاتێکی سەرتاسەریی یەك سنوور بۆ هەموو گەلان! ئیتر نووکی پێنووسەکەی شیلەی هەنگوینی هۆنراوەی لێنەدەتکاو بەرهەمی بەهێزو پێز و ئەفسووناوی لێنەدەرسکا. کەس بە دۆی خۆی ناڵێت ترشە، نووسەرو وەرگێڕی بە تواناو بە بەرهەم و بەهرەمەند حەمەی مەلا کەریم ئەگەر بەهەڵەدا نەچم ساڵی ١٩٧٣ بە راشکاوی فەتوایەکی وێژەیی راگەیاند: لوتکەی هەرەبەرزی هۆنراوەی کورد، گۆران گەورەترین هۆنەر(شاعیر)ی سەدەی بیستەمی کوردە! نووسەرو وەرگێرێکی وەك خۆی بەهرەمەند، سەعید ناکام وەڵامێکی جوانی دایەوە، برالە، سەدەی بیستەم هێشتا ٣٠ سی ساڵێکی بە بەرەوە ماوە،با پەلەنەکەین! سەعید ناکام مۆر تەختی نیشانەکەی پێکابوو، شێرکۆ بێکەس ساڵی ١٩٦٨ یەکەم دیوانی هۆنراوەکانی بڵاو کردەوە بە ناونیشانی(کەژاوەی گریان) و دووای پازدە ساڵێك هەموو هۆنەرانی نوێی کوردی جێهێشتو پێش سەردەمی خۆیشی کەوتو هێشتا هەر سەدەی بیستەمیش بوو.!

بە بۆچوونی کۆڵەواری خۆم شێرکۆی سەردەمانێك هاوبیری کاژیك، یا دروستتر هەتا ١٩٧٠ کە ئیتر لە ریزەکانی ئەو کۆمەڵەیە کشایەوە کە تا ئەو کاتە بەرپرسی لقی سلێمانی کاژیك و سەردەمێکیش رێکخەرم بوو لە شانەیەکی دووقۆڵیدا، بە شێرکۆی تێپەڕ ناو دەبەم. هۆنەری چاکمان زۆرە، ئەوانەیان لە تەمەنی خۆمدان یا هەندێك بەتەمەنترن زۆربەیان دەناسم یا هاوڕێو دۆستی ئازیزن، هیوادارم لە بۆچوونەکەم زویر نەبن. شێرکۆ هەر لە (قوتابخانەکەی کوردایەتیدا) پێگەیشت کە هەتا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابووردووش قوتابیەکی پێشکەوتووی بوو.

بە بەرچاوخستنی چەند خاڵێکی دیکەش دێمە کۆتایی وروژاندنی ئەو باسانەی ناوەرۆکی بەرهەمەکە بە گشتی بە ناویاندا دەگەرێت جگە لە ناوەرۆکی بەشە سەرەکییەکەکان.. شۆڕشی نوێی کورد وەك هەموو شۆڕشەکانی پێشتر ئەرکو خەباتو قوربانیدان وکوێرەوەریی هەر بەسەر شانی سەرکردایەتی و پێشمەرگەو رێکخستنەکانی ئەو حیزبو کۆمەڵەو رێکخراوانەوە نەبووە لە شۆڕشدا بوون، جگە لە چەك هەڵگرتنو خەباتی رێکخراوەییش، سەدان هەزار کوردی سەربەخۆ لە سەنگەری کورد و کوردایەتیدابوون لە شارو شارەدێو گوندەکانداو بەر شاڵاوی گرتنو کوشتنو ئەنفالو چەوساندنەوەو نانبڕینو ماڵوێرانیو دەربەدەریی ئێرانو تورکیاو ئەورووپا هاتنو هەردۆستو پشتیوانی شۆڕشیش بوون، ئەو خەباتگێڕو وڵاتپارێزانەو گوندنشینەکان زۆریان بەسەر شۆڕشەوە هەیە، بەڵام زۆربەی زۆریشیان ئاورێکی ئەوتۆیان لێنەدراوەتەوە .

ئەوانەی لە ناخەوە و تەنها بۆ کوردو لە پێناو سەرفرازیو ئایندەیەکی ړووناکدا شەوانە بە خەمو پەژارەو ترسی پەلامارە کوتوپڕەکانی نیوەشەوان بۆ سەر ماڵان بە تەمای سەری خۆیان و بینینەوەی دایكو باوكو

خوشك‌و براو هاوسەرو زارۆكەكانیان نەبوون، رۆژانەش بەدەم دڵەڕاوكەی نان پەیداكردنی نێو بازاڕ، فەرمانگەو خوێندنگاو كارگەكانەوە شەوو رۆژ وسەردەمانێكی دوورو درێژیان پێكەوە گرێدەدا، چ ئاوڕێكیان لێدراوەتەوە. لەوەش خراپتر ئەوەی دەبینرێت، باڵای شەنگی كام لەو جوامێرانە دەگاتە ئەژنۆی هەڵپەرستێك؟ خوا بیبڕێت سەركردەی خۆپەرست‌و كەسانی كوڕی رۆژ ئەوەندە زۆرن، هەر ئەوانە دیارن، (كۆتەڵ ـ پەیكەر)ی پێشمەرگە نەناسراوەكان دڵنەوایی كام دڵسۆزی پشتگوێخراو دەكات، كام منداڵی هەتیو تێر دەكات، فرمێسكی چاوانی دایك‌و خوشك‌و هاوسەرە جگەر سوتاوەكان ناسڕێتەوەو تۆماری پڕ لە سەروەری ئەو جوامێرە بیركراوانە بە وشەیەك، تەنها وشەیەك دادەخرێت، مرد! هیچ كەناڵێكی راگەیاندنیش هەواڵی مردنی راناگەێنێت، رێچكەی وەك شارەمێرووڵەی ئۆتۆمبیل‌و شەش سەربازی سمێڵ قیت لەمبەرو ئەوبەری تەرمی پێچراوە بە ئاڵای كوردستان‌و ئاپوورەی سەركردەو بەرپرسانی باڵاو جەماوەرێكی زۆر، كە زۆرتر دوای زیندووەكان كەوتووون نەك مردووەكە، بۆ ئەو جۆرە كەڵە پیاوانە ناكرێت. گەلۆ ئەوە هەر لە كورد روویندداوە، رۆژی ١٢/١٧/ ٢٠٠٩ كچە شۆڕشگێڕی ناسراوی شۆڕشی رزگاریخوازی جەزائیر دژی فەرەنسا لەپەنجاكانی سەدەی رابوردوودا، (جەمیلە بوحەیرید )كە بە دەست نەخۆشییەوە دەناڵێنێت لە كەناڵەكانی راگەیاندنەوە داوای یارمەتی لە گەلی جەزائیر كرد ئاوڕێكی لێبدەنەوە، تەنها گەلی جەزائیر، نەك سەركۆمارو حكوومەت! بۆ كەسێك تێبگات ئەوە زۆرە بۆ ئەو ملهوڕانەی لەسەر شانی ملیۆنەهای وەك جەمیلە گەیشتوونەتە كورسی دەسەڵات‌و پلەوپایە و وادەزانن كە دێنە دنیاوە وەك شازادەكان بۆ تەخت‌و تاج لەدایكدەبن!!

توركیا چی لە حكومەتی هەرێم دەوێت؟ ئەو زرتە بۆزە كە ئەمڕۆ بە هەق‌و ناهەق خۆی لە كورد گیڤدەكاتەوە سەردەمی صەددام حسین وەك ماستی مەییو، نە ناوی توركمانی دەهێنایە گۆڕێ‌و نە كەركووكیشی بە شاری توركمان ناودەبرد، چونكە صەددام دابووی بە پەنا گوێیاندا كەگەلی عێراق لە هەردوو نەتەوەی عەرەب‌و كورد پێكهاتووەو رەگەزێكی دیكەمان لە نێودا نییەو هەركەسێك خۆی بە جیاواز بگرێت زۆر بە هەڵەدا چووە، چونكە بە رەگەز یا عەرەبە یا كوردە و سەردەمی باڵادەستیی عوسمانییەكان مەسینە بەدەست وچلكاوخۆربوون. هەر بەو پێیەش لە هەموو سەرژمێرییەكانی سەردەمی بەعسدا ١٩٦٨ ـ ٢٠٠٣ توركمان خۆی بەو جۆرە لەناو لیستەكاندا ناونووسدەكرد.توركیا و سەرانی تورك تووشی سەرەگێژە هاتوون و بەتایبەتیش لەگەڵ كوردا، ئەگەرنا، بە چ حسابێك و كام یاساو رێسای ژیریی، توركیا بۆ تەنها چەندصەد هەزار بەرەگەزتوركێكی نیشتەجێی وڵاتی قوبروس داوای دەوڵەتێكی سەربەخۆ دەكات بەڵام ئەو مافە لە ٤٥ ـ ٥٠ ملیۆن كوردی باكووری كوردستان حەرام دەكات و بێشەرمانەش دەڵێت بەهەموو توانامانەوە دژی هەر هەوڵێكین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كورد، ئەگەر لە ئاسمانیش بێت!

ئەو شەڕەی توركیا لە هەردوو لایەنی جەنگیی و دیپلۆماتییەوە بە تەنها خۆ بە خاوەنكردنی توركمان نییە، بە خەیاڵ پلاوی خۆی، كوردستانی باشوور هەر ویلایەتی مووصڵەكەی جاران‌وخاكی بەرپێی سوڵتانەكانی عوسمانییە،دووای یەكەمین جەنگی گەورە، عێراق‌و ئێستەش كورد داگیریكردووەو ئەمڕۆ نا سبەی دەگەڕێتەوە باوەشی نیشتیمان! سەربەخۆیی زۆربەی باشووری كوردستان‌و حكومەت‌و پەرلەمانی

کوردستان بە تورك هەڵناوەشێتەوە، بە تایبەتیش لەم بارودۆخە نێودەوڵەتییەی ئێستاو جێگیرنەبوونی رژێمەکەو باری داتەپیوی ئاسایشدا کە زۆرتر لە دەردە دارێك دەچێت هەر بە سەر زیندووبێت، بەرنامەی ستراتیژیی تورکیا ئەوەیە بە بەردێك سێ نیشانە بشکێنێت، لە هاوکێشە ئاڵۆزەکەی ناوچەکە بە هۆی پەیوەندی گرژبووی نێوان ئەمەریکاو ئەوروپا بەرامبەر ئێرانو ئەگەری جەنگ وەك دوایین رێگە بۆ پەروبالکردنی ئێرانو رەواندنەوەی هەڕەشەو مەترسییەکانی بۆ سەر ئیسرائیل، تورکیا ئامادەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی باکووری کوردستان بە هەنگاونانی بەرچاو پێشانبدات لەسەر بنەمای جۆرە ئۆتۆنۆمییەك باشووری کوردستانیش بگرێتەوەو حکومەتی هەرێمیش بچێتە سنووری ئەو ئۆتۆنۆمییەوەو ویلایەتی موصڵیش بەشێوەیەك لە شێوەکان ببێتەوە بەشێك لە تورکیا. ئێرانیش پلانێکی لەو جۆرەی لە ژێر سەردایە بۆ هەرێمی شیعەنشینی عێراق!

دەگەڕێمەوە سەر یەکەمین دێڕی ئەم پێشەکییە و دەڵێم ئەم هەوڵە بۆ بەرچاوڕوونکردنەوەی رەوەندی کوردو ئەوانەن شارەزای مێژوو جوگرافیای گەلو وڵاتەکەیان نین، ئەوەش بۆ من کارێکی ئاسان نەبوو، پرۆژەیەك هەموو لایەنەکانی ژیانی کورد لە کۆن و نوێدا بگرێتە خۆ، هەشت نۆ ساڵێك تەمەنو ماندووبونو شەونخوونیشی پێویست بوو، تەنها باڵو هەر هەمووشم بە دەست نووسیوەتەوە، ئەوە هەر بەدەم ئاسانە هەشت نۆ هەزار لاپەڕەی رەشنووس دوای شەنو کەوکردن سەرلەنوێی نووسیومەتەوەو بووەتە پاکنووسی یەکەم (بۆرنووس)، ئەوەش دووای پێداچوونەوەو بژارو پوختەکردن سەرلەنوێ وەك پاکنووسی تەواو وئامادە بۆ چاپ نووسیومەتەوە، هەستم بەوەش دەکرد چووومەتە ژێر بارێکی قوورس، لە دانیشتنێکدا لە ماڵی کاك فەرەیدون خەسرەوی رانیەیی لە شاری ئاخن ـ ئەڵەمانیا رووی دوو پرسیارم کردە کاك مەمەند ئاغای ئاکۆ و کاك عەلی قازی کوڕی پێشەوا قازی موحەممەد، لە بارەی دوو رووداوەوە کە راستەو خۆ پەیوەندییان بەو دوو بنەماڵەیەوە هەیە... پرسیارو وەڵامەکان پەلو پۆیان هاویشتو هاتنەوە سەر ئەو پرۆژەیەی من دەستم داوەتێ و وتیان ماندوونەبیت، ئەرکەکەت گرانە، وتم دەزانم و دەشزانم کورد واتەنی (بەردی زل هەڵگرتن نیشانەی پێدانەکێشانە) لە راستیدا کە دەستم بەمکارە کرد نیازم لە نووسینی ١٠٠ صەد لاپەڕەیەك بوو، خێراو بە تەقەڵی درشت بەرچاوی رەوەندی کورد روونبکەمەوە بەسەر رەچەڵەکی کورد، دەوڵەتی ماد، زەردەشت، شۆڕشو میرنشینەکان، نووسەرانو زانایانی کورد کە خزمەتی گەلانی دراوسێ و ئاینی ئیسلامیان کردووە، بەڵام چۆن میرنشینەکانی کورد تێدەگەین ئەگەر هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو صەفەوی بەسەرنەکەینەوە. باسی دەوڵەتی ماد بکەین دەبێت باسی دەوڵەتەکانی ئێرانو بەتایبەتیش دەوڵەتی ئەخەمەنی بکەین، ئیتر هەر بابەتێك چەند بابەتێکی رادەکێشایە باسەکەوەو نەدەکرا پشتگوێی بخەم، ئاخر ناکرێت شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمر تێبگەین ئەگەر لە یەکەمین جەنگی جیهانەوە بۆینەچینو داگیرکردنی عێراقو ململانێی بەریتانیاو دەوڵەتی عوسمانی روون نەکەینەوە لەسەر ویلایەتی مووصڵ، ئا خۆدەتوانین دامەزراندنو هەرەسی کۆماری کوردستان لە ماوەی ساڵێك کەمتردا بخەینە بەرچاو ئەگەر پێشینەی شۆڕشەکانی بەرزانی لە گەڵدا نەبێت؟

بەکورتیو بە کوردی هەر لە رەچەڵەكو هۆزە هەرە دێرینەکانی کوردەوە هەتا راپەڕینە مەزنەکەی

بەهاری ١٩٩١و دواتریش یەك زنجیرەیە لە چەندین ئەڵقەو قۆناغی جیاوازداو پەڕاندنی هەر ئەڵقەو قۆناغێكی زنجیرەكە مێژووی قۆناغو سەردەمێك دەكات بە ژێرەوە. چار چییە؟ سوار بوون عەیبێك، دابەزین دووان! ناچار شانم وەبەرداو ئەوەندەی لێ سەوز بوو لەبەر دەستو دیدەی خوێنەری هێژادایە، وەك هەر كارێكی دیكەش لەكەم و كورتی بەدەرنییەو دوعاگۆی خوێنەری ژیرو هۆشیارم هەڵەو پەڵەكانم بۆ هەڵگرنەوە و بە سەرنجو بۆچوونی بە كەڵكو رەخنەی بنیاتنەر بابەتەكە دەوڵەمەند بكەن.

قەڵەمی كۆڵو بێبڕشتی منیش ئەگەر كەلێنێكی لە هەزاران كەلێن پڕكردبێتەوە بۆ من سەركەوتنو مایەی شانازییەو ئامانجیش هەر خزمەتەو دیاری شوانیش یا شەنە یا هەڵەكۆك .

نوری كەریم

ئاخن ـ ئەڵەمانیا ٣٠/ ئۆكتۆبەر ٢٠١٠

مێژوو ئەگەر تەنها گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابوردوو بێت،
ئەوە دەبێتە چیرۆکی گوێ ئاگردانی شەوانی زستان،
نەک زۆرانبازیی نێوان تاریکیی و ڕووناکیی،
وەک ململانێی پەیامبەری ئیسلام و هۆزی قورەیش،
کۆیلەکانی ڕۆماو زەبر و زەنگی کایزەر,
ململانێی نێوان هێزەکانی تاریکی و تاریکی،
وەک جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق.
ململانێی نێوان ڕووناکی و ڕووناکیش
وەک هەڵگەڕانەوەی خەواریج لە ئیمامی عەلی،
ناکۆکی نێوان میرەکانی کورد، شێخانی شەمزین و بەدرخانەکان،
مستەفا بارزانی و پێشەوا قازی موحەممەد.

# بەشی یەکەم

## قۆناغە سەرەتاییەکان و مێژووی هەرە دێرینی مرۆڤــ
## مێژووی دێرین و نەژادی کورد
## کۆچ و کۆچڕەوەکان بە سێ ئاڕاستەدا
## هۆز و هۆزگەلە دێرینەکانی کورد

**وڵاتی کورد بەردەوام داگیرکراوە،**
**بەڵام هەرگیز**
**تاپۆی مڵکایەتی و خاوەنداریێتییە بە خوێن نووسراوەکەی**
**نەکەوتۆتە دەست داگیرکاران .**

## قۆناغە سەرەتاییەکان و مێژووی هەرەدێرینی مرۆڤـــ

**پەیدابوونی** مرۆڤــ،کەیی و لە کوێیو چۆن، تەلیسمێکە هێشتا زانستو تەکنۆلۆژیای نوێش نهێنیەکانی نەدۆزیوەتەوە و نەگەیشتۆتە تەواوی راستییەکانو وەڵامی پرسیارە ئەزەلییەکەشی نەداوەتەوە، ئاخۆ مریشك بەرهەمی هێلکەیە یا هێلکە بەرهەمی مریشکە، هەرچەندە نێوەڕاستی ساڵی ٢٠١٠ چەند زانایەك ئەنجامی لێکۆڵینەوە هاوبەشەکانی خۆیان ئاشکرا کرد، کە گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی هێلکە لە مریشکە و بەڵگەشیان ئەوەیە هەموو پیتاندنێك پێویستی بە جوتبوونی رەگەزێکی نێرو رەگەزێکی مێ هەیەو پیتاندنی تۆوی ئەو جوتبوونەش پێویستی بە (منداڵدان) ێکە سوڕی رسکاندن و گەشەکردنی فسیۆلۆژیی ئەندام و کۆئەندامەکانی ئەو (دەڵەمە)یە دابین بکات لە ئەنجامی پیتاندنەکەدا رسکاوە. جگە لەوەش ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر (دەڵەمە)کەدا دێت و دەیگەیێنێتە قۆناغی کۆرپەلە پێویستی بە خۆراكو پلەیەکی گەرمیی تایبەت هەیەو دووای (سەردەرهێنان - سەرلەهێلکەجوقاندن)یش پێویستی بە چاودێرییەکی چڕو بەردەوامی (دایك) هەیە هەتا قۆناغی (کەچەڵە) بوون تێدەپەڕێنێت و زیندەوەرەکە پشت بە خۆی دەبەستێت بۆ بژێوی ژیان و خۆپاراستن.

ئەمانەش هەرهەمووی سروشتو ئەرکە ئەزەلی و خۆڕسکەکانی (مریشك- دایك)ە کە یەکەمین ئامرازو سەرچاوەی ژیانی مرۆڤــ و گیاندارو باڵندەو مارو مێرووە بە شێرەدەرو هێلکەکارو ووشکەڕۆ و خشۆك و ئاوییەوە.

پەیدابوونی مرۆڤــو هەڵسوکەوتو چالاکییەکانی ژیانی رۆژانەو گەڕان بە دوای دابینکردنی بژێوی ژیاندا (ڕنینو چنینەوەی بەرووبوومی سروشتیی زەوی و راوو نێچیروانیدا) سەردەمانێکی ئەوەندە دووردرێژە زۆربەی هەرە زۆری سەدەکانی ژیانی مرۆڤ و ٩٨٪ی مێژووی مرۆڤایەتیی داگیر دەکات. ئەو ٩٨٪ە یەکەمین قۆناغەکانی مێژووەو ناودەبرێت بە سەدە بەردینە دێرینەکان و هەرهەمووشی ململانێی سەختو دژوارو ترسناکی نێوان مرۆڤو گیاندارە کێویەکانی جەنگەڵو چیاو ئەشکەوتەکان بوو. بەدووای ئەو قۆناغەدا مرۆڤــ پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ ژیانەوەو چاندنو کشتیاریی فێردەبێتو خۆراکی رۆژانەی بەدەستوبازووی خۆی بەرهەم دەهێنێتو لەبری پشتبەستنی تەواویش بە راو و نێچیروانیی دەستدەکات بە راگرتنو ماڵیکردنی گیانلەبەرانی بێهێز وەك کەروێشكو مەڕو ئاسك. دوو هۆکاری سەرەکیش پاڵدەری مرۆڤــ بون بگاتە ئەو دەستکەوتە مێژووییە مەزنە:

١ــ هەندێکجار مرۆڤـــ گیاندارێکی بریندار یا نەخۆشی گرتووە، بیری سەرەتایی خۆی هانیداوە بیهێڵێتەوە بۆ کاتی برسێتیو هەرچۆنێك بووە بەهێزی بازوو راپێچی کردۆتە شوێنێکی ئارام (پەناگە، حەشارگە).

٢ـ وەك هەستی خۆرسکی مرۆڤ، بەرجەستەکردنی دەستەڵاتداریی و خۆسەپاندنو هێزو توانا نواندنە بەسەر دوژمندا،کە زیندەوەرەکانیش (ئاژەڵ) لەو دوژمنانە بوون.

ئەم قۆناغەش ناسراوە بە سەدە بەردینەکانی نێوەڕاستو یەکەمین هەنگاوەکانیشی لەو ناوچانەدا پیادە کراوە کە ئەمڕۆ باشووری کوردستانەو دەوروبەری ٣٠٠٠پز. لە کوردستانەوە بەڕێگا دەریاییەکانی رووباری ( دیجلە ـ دەجلّ،دەجلە) و رووباری شیرین (فورات)و دەریای رەش، خەزەر، ورمێ، دەردەنیل، بۆسفۆر، دەریای سپی نێوەڕاستو رووباری دانوب دەگاتە ولاتانی رۆمی بێزنتە و یۆنان و ئێران و رووسیا و چین و ئەوروپا و فێری بەخێوکردنی مەڕ و بزن و رەشەولاخو ئەسپو ماین دەبنو دانەوێڵەی وەك گەنم و جۆ و گەنمی شامی دەچێنن.

دکتۆر سامی سەعید لە بارەی سەردەمە بەردینەکانەوە دەڵێت: (سەردەمی بەردینی کۆن، سەردەمی رنینو چنینەوەی خۆراکی سروشتیو راوکردنی ئاژەڵەکانە، بەڵام ماوەی ووشکەساڵییە فراوانەکەی کە هەرێمەکانی خۆرهەلاتی نێزیکی گرتەوە، مرۆڤ نەیدەتوانی چیتر بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان پشت بە بەرهەمە سروشتییەکانی زەوی ببەستێت، رێگەی چاندن و بەرهەمهێنانی زەویو کشتیارییەکی سەرەتایی دەدۆزێتەوەو لە پاڵ ئەوەشدا مەڕو مالات ماڵیدەکات بە تایبەتیش لە باکووری عێراق کە بارانی زۆرە و ئەو گرووپانەشی هاندەدا کە لەکەشە وشكو بێبارانەکاندا هەوارگەکانیان جێدەهێشت رووەو قەدپاڵ و دۆڵ و کەنار رووبارەکان بگوێزنەوەوهەنگاوبنێن بەرەو دامەزراندنی یەکەمین سیستمی ئاودێری لە مێژوودا.

بەر لە شەصت ملیۆن صاڵ نیمچە دۆرگەی عەرەبو هەرێمی ئەنادۆڵ لە ئاستی دەریاوە بەرزبوون، بەردەوامیی پرۆسەی تەسکبوونەوەی ووبەری دەریاش لە دووادواییەکانی سەدەی دووەم و کۆتایی سەدەی سێیەمی ژیۆلۆژی زنجیرە چیاکانی عێراقیش (مەبەستی لە چیاکانی باشووری کوردستانە. ن.ك) کەبەشێکن لە زنجیرە چیاکانی تۆرۆس (زاگرۆس) ودەچنە نێو بازنەی سیستمی گشتیی چیاکانەوە کە ناسراوە بە سیستمی ئاڵپ (Albeeن.ك) و پرۆسەی دروستبوونی چیا و بەرزاییەکانیش کۆتایی سەدەی چوارەمی ژیۆلۆژی هەڵتۆقاون و لای زاناکانی ژیۆلۆژی بە سەردەمی Pleistocene پلایستۆسین ناونراوە)(1). یەکەمین ئاوەدانیش لە مێژووی مرۆڤدا، داهێنان و توانا و دەسترەنگینیی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی سەردەمی بەردینی نێوەڕاستە، لە هەرێمەکانی ئەمڕۆی باشووری کوردستاندا، لە کەنارەکانی زێی گەورە، ئەشکەوتی شانەدەر کە ٤٢٥ مەتر بەرزەو دەکەوێتە پەنا چیای برادۆست کە ١٨٠٠ مەتر بەرزەو ئەشکەوتی زرزی و هەزارمێرد لە هەرێمی سلێمانی.

شوێنەوارەکانی ئەشکەوتی هەزارمێرد ١٢ میل لە سلێمانیو ٦ میل لە چەمچەماڵ و پێنج میل لە شانەدەر دوورە.

شوێنەواری تاس گۆرۆد Gorrod صاڵی ١٩٢٧ز.، یەکەمین پشکنینو توێژینەوەی ژیۆلۆژی لە هەردوو ئەشکەوتی زرزیو هەزارمیرد دەستپێکرد و دوای ئەویش زانایەکی زانکۆی شیکاگۆ، بڕاید وود Braid wood پشکنینەکانی لە گوندی چەرمۆ و هەردوو ئەشکەوتی شانەدەر و بێخاڵ دەستی پێکردو صالانی نێوان ١٩٤٨-١٩٦١ز. خایاند.

ئەنجامی پشکنینەکانی هەریەکە لە پرۆفیسۆر سۆلیکی soliky، دۆر door، گارۆود garrood ئێسكو پروسکی مرۆڤی هاوشێوەی مرۆڤی نیاندەرتاڵو ئەو ئاژەڵانەی شەست هەزار صاڵێك پێشتر

راویانکردوون و خواردوویانن له پاڵ ئـەو ئـامێرو پێداویسـتییە بەردینانـەی دۆزییاننـەوە وەك دەسـتهاڕ و دەسکەوانو کوتەك، ئەو زانایانەی دڵنیاکرد کوردستان لانکەیەکی هەرە دێرینی مرۆڤایەتییەو لە ئەنجامدا هەردوو زاناکـە، سـۆلیك ئـەو سـەردەمە درێـژە بـە سـەردەمی برادۆسـتو (دۆر)یـش بـە سـەردەمی زرزی ناویدەنێن.

شوێنەوارناسانی ئەوروپایی گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی سێ ملیۆن ساڵێك دەبێت مرۆڤـ لەم سەرزەمینەدا دەژی وە دە هەزار ساڵێکیش بەرلە لەدایکبونی عیسای مەسیح کوردستان ئاوەدانبووەو مرۆڤـ بۆ یەکەمین جار لەمێژودا توانی کشتوکار بکات و بەرهەمی دەستی خۆی بخوات ئاژەڵیشی دەستەمۆ کردو پەروەردەی دەکردن... دواتریش زوو یا درەنگتر لە باکوورو خۆرهەڵاتی ئاسیاوە مرۆڤ گەلێك روودەکەنە چیاکانی زاگرۆس بەشی سەرووی ولاٚتی نێوان دوو رووبارەکە (باشووری کوردستان) نیشتەجێبوون و ئاوەدانی وکشتوکارو پیشەسازی سەرەتایی (بەردو ئیشی دەست) پەیدا بووە لە چەرمۆ، شانە دەر، هەزار مێرد، زیوی، چەمی، زرزی.

پەرتووکە پیرۆزەکانیش پشتگیری و بەڵگەی سەلمێنەری ئەو راسـتییەن، ولاٚتـی کـوردان یـا کوردسـتان و لوتکەکانی گودی ئەو شوێنەیە مرۆڤـ و زینـدەوەرەکان دووای تۆفانەکـەی پەیامبـەر نـوح گەڕانـەوە سـەر زەووی و سەرلەنوێ ژیان و ئـاوەدانی ونەشـونمای کۆمـەڵگـە بـەردەوامی و بەرەوپێشچـونی بـەخۆوە بینـی، ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت دوای یەکـەمین ئاوەدانکردنـەوەی زەوی بـە مرووڤــ، تـەنها بەمرۆڤــ،کاتێك یـەزدانی مـەزن ئـادەم و حـەوا لەبەهەشـت دەردەکـات و دێنـە سـەر زەوی، کوردسـتان دووەمـین پێگـەی ئاوەدانکردنەوەی سەر زەمین بووە بەهۆی تۆفانەکەی نوحەوە بە مرۆڤـ و هەموو جۆرە گیانلەبەرەکانیشەوە وەك لە ئینجیـل و ئاڤیسـتا و قورئـانی پیرۆزیشـدا بـەدەقی بەڵگـە نەویسـت تۆمـارکراوە، هـەر بـۆ نمونـە (واستـوت على الجودي) دەقی پیرۆزی قورئانە.

زۆرینەی شوێنەوار ناسانیش جگە لەوانەی سەر بە شۆفێنزمی عەرەب، تـورك، فارسـن زۆر بەراشـکاوی دەڵێن خۆرهەلاٚتی ئەنەدۆڵ و باشووری قەفقاز و باکووری نێوان دوورووبارەکە (کوردوستانی گەورە) پێگەی هەرە دێرینی مرۆڤـ و گەلانی هیندوئەوروپایی و سەرەتای کشتوکارو ئاژەڵ بەخێوکردن و بە کاربردنی بەرد بۆ پێداویستییە گرنگەکانی ژیان و مانەوەی مرۆڤگەلە سـەرەتاییەکانە لـە مێـژودا، لـەم رووەوە زانایـانی شوێنەوارناس رالف، رنیگرۆ، کاردۆ مەودای مشتومڕیان بۆ ناحەزان نەهێشتۆتەوە.

لێرەدا پرسیارێك زۆر لەخۆی رادەبینێت ئەنگوست بەچاوماندا بکات و بپرسێت کوردسـتان بەتایبـەتی و خۆرهەلاٚت بەگشتی بـۆ ئاوهـا دواکەوتـەو دواکـەوتوون؟ وەلاٚمـەکـەش زۆر بـە کـورتی و کـوردی ئەمەیـە لەکۆندا:

جولەکە: زانستی هەبوو کرداری نەبوو، گەرچی درەنگانێکیش بەلاٚم زانست قەرەبووی بۆکردەوە.

کریست (دیان ـ گاور): زانستی نەبوو، کرداری هەبوو .

بەلاٚم گەلانی خۆرهەلاٚت (موسوڵمان) نە زانست و نە کرداریشیان نەبوو، مەبەستم لەوەنییـە زانـای فـرە مـەزنیان تێداهەڵنەکـەوتووە بـەڵکو مەبەسـتم ئەوەیـە زۆربـەی هـەرە زۆری زانسـتەکانیان لـە دوو تـوێی

کتێبەکاندا مانەوەو نەخرانە بواری پراکتیکەوە مەگەر ئەوانەی دەچنە نێو بازنەی زانستەکانی فیقهەوە، یانرخیان نەزانران و بوونە خۆراکی مارومێرۆ، یا خۆرهەڵاتە چاوچنۆکەکان بەنرخی تۆڵەکەش هەرزانتر دەیانکڕین ودەیانبردنەوە ئەورووپاو دەیانزانی چۆن کەڵکیان لێوەردەگرن بۆپێشکەوتنی شارستانیی خۆیان، ئەگینا لەنێو گەلانی موسوڵماندا کەڵە زانای وەها هەڵکەوتن هەموو مرۆڤایەتییان قەرزاربارکردوبەرهەمەکانیان هەتا ئەمڕۆش گرنگیی خۆیان لەدستنەداوە وەك سەرچاوەی زانستیی دانسقەونایاب لەبوارەکانی خۆیاندا . هەر بۆ نموونە ئەبوو زەڕی غەففاری ١٣ سیازدە سەدە بەر لە مارکس تیئوری ئابووری لەمەر هۆیەکانی وەبەرهەمهێنان دەدۆزێتەوە و دەڵێت ٣ سێ شت لەم سەرزەمینەدا ناوکۆییە لەنێوان مرۆڤەکاندا بێجیاوازی: ئاو، ئاگر، لەوەڕگا . ئەبوو رەیحانی بەیروونی گەیشتە ئەو راستییەی زەوی خرەو بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە، بەڵام پیاوانی ئاینیی ئەوسەردەمە ئەو زانا مەزنانەیان بە گومڕایی تاوانبارکرد، گوایە دەست لەکاری خوا دەدەن .!

## مێژووی دێرینی نەژادی کورد

ئاوڕێکی سەرپێیی لە مێژووی هەرە دێرینی مرۆڤ بدەینەوە دەبینین ٣٥ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر ئەو مرۆڤە سەرەتاییانەی لە رۆژهەڵاتو باشووری ئەفەریقا دەژیانو بەشێوەو روخسارو هەڵسوکەوت لە مەیمون دەچوون دەکرێن بە دوو بەشەوە:

بەشێکیان قۆناغەکانی گۆڕانو گەشەکردنیان هەتا پلەی گوریلاو شامپانزی تێپەڕاندو لەو ئاستەدا مانەوە.بەشی دووەمیان دوای ١٠ ملیۆن ساڵ قۆناغی گوریلاو شامپانزی تێدەپەڕێنن و زۆرتر لە مرۆڤی ئەمڕۆ دەچن وەك لە گوریلاو شامپانزی.

نموونەی ئەوانە، مرۆڤی جاوا (ئەندنووزیا)و مرۆڤی پەکین (چین)، مرۆڤی هایدڵبێرگ (ئەڵەمانیا)، مرۆڤی نیاندەرتاڵ (فەرەنسە)، مرۆڤی کەنارەکانی رووباری راین، ئاسیای نێوەڕاستو دەریاچەی قەزوینو چیای ئاراڵ، مرۆڤی ئەشکەوتەکانی شانەدەر (بارزانو رەواندز لە کوردستانی باشوور) کە ٥٠-٥٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر لەو ناوچانەدا ژیاون. هۆزەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دە هەزار ساڵ بەر لە مەسیح لە ناوچەکانی ئێستای کوردستاندا، کرماشان، هەولێر، ئامەد (دیاربەکر)، سلێمانی، کەرکووكو چەمچەماڵ دا ژیاون.

بەپێی بەڵگەو شوێنەوارە دێرینە دۆزراوەکان لە ئەشکەوتەکانی شانەدەر ـ لە هەولێر و رەواندز، چەرمۆ- لە چەمچەماڵ، هەزارمێرد ـ سلێمانی (٧-٨ هەزار ساڵ بەر لە مەسیح لە قەڵای (چەرمۆ)ی نزیك چەمچەماڵ یەکەمین کۆمەڵگای کشتوکاڵی مرۆڤی کۆن دۆزراوەتەوە لە شێوەی گوندێکی ٢٥-٣٠ ماڵەدا، ١٥٠ مرۆڤی تێدا ژیاوە)[٢].

هەر لە ئەشکەوتی شانەدەر ئێسکو پروسکی مرۆڤی نیاندەرتاڵ دۆزرایەوە کە ٦٠-٣٥ هەزار ساڵ پێش مەسیح لەو دەڤەرە ژیاوەو هەر لە دەوروپشتی ئەشکەوتەکەش (ئامێرێکی بەردین) دۆزرایەوە کە ٦٠٠-١٠٠ هەزار ساڵ بەر لە مەسیح بۆ کشتوکاڵ بەکارهێنراوە.

سایس دەڵێت: (گەلی میدیا، هۆزە کوردەکانن کە لە خۆرهەڵاتی وڵاتی ئاشوور دەژیان و سنووری

نیشتیمانەکەشیان (مەبەستی نیشتیمانی کوردە.ن.ك) هەتا دەریاچەی قەزوین درێژ دەبێتەوە. زۆربەی میدییەکان زمانی ئاخاوتنیان هیندو ئەوروپاییەو بەخوێنو نەژادیش ئارین)[٣] و ٦٠٠٠ شەش هەزار ساڵ بەر لە عیسا پەیدابوون و ناوی مرۆڤەکانیان لە رووی زمانەوانیەوە لەناوە ئێرانییەکان دەچێت، بەڵام شێوەی زمانو ئاخاوتنییان دەچێتەوە سەر کاسای، کۆشۆ،کە ئەوانیش لە هۆزگەلە کوردە دێرینەکانی نیشتەجێی رەسەنی چیاکانی زاگرۆسن وەك خالدی، کالدی، کاردۆ. هۆزەکانی زاگرۆس بەرلەوەی بە ماد- میدیا بناسرێن، بە چەندین ناوی جیاجیا دەناسران وەك: گۆتی، گۆتۆ، کاسی، کاسا، کاسای، کاشی، کۆشۆ، لۆلۆ، سۆباری، سۆمەری، پارثی، کارۆ، کاردۆ، کاردۆخ، خۆری،کوردۆ.

پێدەچێت ٢٥٠٠ساڵ پێش زاین (پز.)کۆچڕەوێك لە گورجستانەوە بەرەو خۆرئاواو باشووری خۆرئاوا روویدابێتو گەیشتۆتە باشووری وڵاتی ئێرانییەکانو لەوێشەوە بە چەند ئاراستەیەکی جیاوازدا درێژەیان بە کۆچڕەوەکە دابێتو بڵاوبوونەتەوەو بەشێکیشیان توانیویانە هەر لە ئێران بمێننەوەو دوژمنەکانیان دەرپەڕێنن. ئەوانە بە گەلانی ئاری ناسرانو زۆربەیان چیانشین بوون وەك تیرەو هۆزەکانی لۆلۆ، گۆتی، کۆسی، مانای، کالدی، کاردۆش، کاردۆ، ماد، کە هەرهەموویان رەگەزی(توخم)ی سەرەتاییو بنەڕەتیی رەچەڵەکی کوردن.(گۆتی ولۆلۆ لەچیاکانی زاگرۆس نیشتەجێبوون و لەگەڵ هۆزە(هیندوئەورووپایی)یەکاندا کە لە هەزارەی دووەمی (٢٠٠٠ پز.) هاتوونەتە ئەومەڵبەندە و تێکەڵاو بوون، هەر ئەو دەمانەش لەگەڵ ئەکەد پەیوەندیان دامەزراندووە و چەند سەردارێکی گۆتی و لۆلۆ بوونەتە فەرمەنڕەوای ئەکەد وەك رەشید یاسمیی دەڵێت.) ئەوانەی لە پێدەشتو تەختایەکانیشدا مانەوەو جێگیربوون بە نەوەی پارس ـ فارس ناسران. هەرچەندە هۆزی میتانی دەچنەوە سەر ماد- مادایو گەیشتبوونە باکووری سووریا، هۆزەکانی بامیتانی، میتانی، بارشوا، ماد، توانییان هەر لە قەفقاس و کەنارەکانی دەریای رەش هەتا دەگاتە خۆرهەڵاتی ئێران داگیر بکەن، بەڵام زۆر نەمانەوەو لە بەرامبەر هێرشەکانی دوژمنەکانیاندا دەشکێن و روو دەکەنە ناوچەکانی زاگرۆس و هانا بۆ هاونەژادەکانیان دەبەن کە لەوێدا جێگیرو دامەزرابوون.ئەنجامی ئەو هێرشو پەلامارانەی ئەو هۆزانەی لە باکوورەوە بەرەو خوار دەهاتن، دانیشتوانی ناوچەکانی دەریای خەزەر (کاسپین) ٤٠٠٠پز. بەرەو لوڕستان پاشەکشە دەکەنو بەهۆزگەلی کاسیی ناسرابوون.

بەردە نووسراوەکانی مالامیر ـ بەختیاری دەگەڕێنەوە بۆ ١٣٠٠-١٢٠٠ پز.ئەوە نیشاندەدەن هۆزی ئەماردی دەچنەوە سەر گۆتی ـ گۆتۆ و هەردووکیشیان دەچنەوە سەر هۆزی کورتی[٤]، هەرچەند سپایزەر دەڵێت هۆزگەلی ماد و ئەو هۆزانەی لەو رەگەزەن ٦٠٠٠پز. لە زاگرۆس ژیاون، وەك خوری، گۆتی، کاردۆ، کاسی، کالدی...مێژوونووس مینۆرسکی دەڵێت کورد لە رەگەزی ئێرانی ـ هندۆ ئەوروپایین و سەدەی ٧پز. لە ناوچەکانی (ورمێ)وە روویانکردۆتە بۆتان، بەڵام (مار) دەڵێت کورد بەرهەمی تێکەڵاوبوونو ژنوژنخوازی نێوان کالدی، جۆرجی، ئەرمەنن. درێژەی ئەو تێکەڵبوونە،سەدەی ٩ پز. هۆزی (ماننی)ش دەگرێتەوە. دکتۆر سامی سەعیدیش دەڵێت نووسراوە کۆنەکان، دانیشتووانی کەناری چەپی رووباری دیجلەو نێزیك بە چیای جوودی بە (گوردی)یەکان ناو دەبەن. ئارامییەکان بەو هەرێمەیان دەوت بێت گاردۆ، شارەکانی جزیرەش (جزیرو بۆتان) بە (گازر نا گاردۆ) ناو دەبەن[٥].

گەلی ئاشوور گەلی (کورد)ی بە کورتی، فارسەکان بە(کاراما) و ئیسلامیش بە (گورد) ناویانبردووە، هەندێك مێژوونووس لەو باوەڕەدان (کورتی) کۆنترین ناوی کوردە کە دواتر بە کاردۆخ ناسرانو چەند مێژوونووسێکیش هەر کاردۆخەکان بە نەژادی کورد دەژمێرنو دەیگێرنەوە سەر رەگەزی ئاری.

ئەو راستییەی هەتا ئەمڕۆش مێژوونووسو توێژەرەوەو شوێنەوارناسەکان لە هەندێك لایەنەوە هاودەنگو کۆكو لە هەندێك لایەنیشەوە بۆچوونی جیاوازیان هەیە ئەوەیە ماوەی نێوان ٣٠٠٠ ـ ٤٠٠٠پ.ز. بەهۆی بەرژەوەندییەکانی گرۆپو هۆزەکانو سەنگو سووکی تەرازووی هێزەکانیان جێگۆرکیو کۆچو کۆچڕەوی کورتو درێژ روویداوە بەزۆریش بەهۆی سەرچاوەکانی ئاو، خاکی بە پیتو لەوەڕگاو هەندێك جاریش بەوهۆیەوە شوێنەکەیان لە رووی ستراتیژیی جەنگو بەرگریکردنەوە لەبارنەبووە یا دوژمنێکی بەهێز دەریپەڕاندوون.لەو ئەگەرانەی لەو رووەوە لەبەردەستدان یەکەمین کۆچڕەوی زانراو،٤٠٠٠پ.ز، لە دەشتەکانی باشووری سیبریا ـ رووسیاوە دەستپێکردووەو کۆمەڵێك یا چەند کۆمەڵێك مرۆڤی هاوڕەگەز و زمان و نێزیك و ئاشنا بەیەکتر بەرەوخواربوونەتەوە بۆ دەوروبەری زنجیرە چیاکانی زاگرۆس.

دووەمین کۆچڕەویش ٣٠٠٠ پ.ز. هەر لە سیبریاوە بە رێچکەی ئەوانەی پێشتردا هاتوونو هەر لە هەرێمەکانی زاگرۆسیش گیرساونەتەوەو هەمووشیان بە نەژادو رەچەڵەك هندۆ ئەورووپایی یا ئاری بوونو لە ئەنجامی نەگونجانو جیاوازی بەرژەوەندییەکانو ململانێی پاوانکردنی فراوانترین ناوچەی بە پیت و گونجاودا، دوژمنایەتی و زنجیرەیەك شەڕو پێکدادانی درێژ یا کورتدا و هێدی هێدی لە یەکتر تێگەیشتنو نێزیکبوونەوەیان لە نێودا پەیدابووە بۆ بەرگریکردن و رووبەڕووبوونەوەی مەترسی گەورەتر و لە پێناو بەرژەوەندی هاوبەشدا بە تێپەڕبوونی رۆژگار لە نێو یەکتردا تواونەتەوە، بەتایبەتیش کە هیچ گرووپێکیان خاوەن خەصڵەتی تایبەتی جیاواز نەبوون وەك زمان، رابوردوو، کولتوور، رەنگ و پێکهاتەی جەستەیی، هەر ئەوانەش بوون لە هەلومەرجی گونجاودا هەرێمەکانی باکووری نێوان دوو رووبارەکە (میسۆپۆتامیا) ئاوەدان دەکەنەوە کە ئەمڕۆ باشووری کوردستانەو لە نێو دراوسێکانیشدا بە گۆتی، کاسی، کاسۆ دەناسرێن.هەردوو هۆزگەلی سۆمەر و ئەکەد ٣٠٠٠ پ.ز. لە باشووری میسۆپۆتامیاو کەنارەکانی رووباری فورات دەژیانو بە زمانی (سامی)ش دەدوان، هەر لەو سەردەمەشەوە ناوچە ئاوەدانو بەپیتەکان بوونەتە مەیدانی جەنگو کوشتار.

هۆزەکانی ئەکەد کە باپیرانی ئاشوور و بابلن و بەڕەگەز سامی و بە زمان ئارامین، بەشێك بوون لەو هۆزانەی کە دەهاتنە قوولایی نێوان دوو رووبارەکەو بە جەنگ یا بە ئاشتی و بە زۆر یا خوایشت تێکەڵاو بە دانیشتوانە دامەزراوەکان دەبوون کە بەشێکیان چیانشین بوون و هەر لە سەرەتاوە لە ناوچەکانی باکووری خۆرهەڵاتی نێوان دوو رووبارەکە دامەزرابوونو سەربەخۆ دەژیانو هێزو توانای جەنگیشیان ئەوەندە بالابوو هۆزێکی وەك گۆتی ٢١٥٠ ساڵێك بەر لە عیسا بتوانن دووجار و کاشییەکانیش ١٥٠٠ ـ ١١٥٠پ.ز. باشووری نێوان دوو رووبارەکە داگیر بکەنو دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی خۆیان بەسەر هۆزەکانیدا بسەپێنن(٦).

بەڵام ئیحسان نووری پاشا بۆچوونێکی تری هەیەو دەڵێت کۆسی ـ کاشی ١٨٩٦پ.ز. لە ململانێدا بوو

لەگەڵ بابل و دوای نێزیکەی ١٥٠ساڵو لە ١٧٤٩پز. ولاّتی بابل داگیر دەکەنو بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنە مێژووییە مەزنەوە شای کۆسیەکان نازناوی شای هەر چوار ولاّت بەخۆی دەدات، هەرچەندە شای عیلام ١١٧١پز. ناوچە داگیرکراوەکان رزگار دەکاتو پاشەکشە بە هێزە داگیرکارەکان دەکات بەرەو ژوور بۆ ولاّتی خۆیان[٧].

گەلانی دانیشتووی دۆڵی دوو رووبارەکە، لە زۆر زووەوە بەهۆی جەنگو داگیرکاریی، بازرگانیی، گەشتوگەڕان تێکەڵاوی گەلانی بێگانە بوونو کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەبووە.هۆزەکانی گۆتی، لۆلۆ، لەهۆزەکانی سەر بە (ماد ـ مادا)ن،٢٠٠٠ پز. لە باکووری دۆڵەکە دەمێننەوە و جێگیر دەبنو لەگەڵ ئەوانەی پێشتردا لە بۆتەیەکدا تیواونەتەوە، ئەمەش پرۆسەیەکی سروشتی بووەو هێزو تۆپزی تێدا بەکار نەهاتووە، هۆزێك یا چەند هۆزێك لە بۆتەی هۆزێکی بەهێزتردا بتوێنەوە یا بتوێنرێنەوە.

پاشماوەی ئەو ئێسكو پرووسکانەی مرۆڤو ئاژەڵە کێویەکانی هەر ئەو مرۆڤانە راویانکردوونو خواردوویانن وەك ئاسكو کەروێشك لە چیای بەردەپلکەو هەزارمێرد (دەڤەری سلێمانی) بەڵگەنەویستە و هەر لە دێری دێرەوە کورد لە زێدی خۆیدا ژیاوە و لە پێناویدا شەڕی ژیان ومردنی کردووەو ئەو بەڵگانە هەموو زانایەکی ئەکادیمی راستەقینەو بیلایەنو مرۆڤێکی بەویژدان دەهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی ولاّتی کوردان لە بەرەبەیانی مرۆڤایەتییەوە نشینگەو زێدی ئەو هۆزە کوردانە بووە کە بە جۆرەها ناو ناسراونو لە هیچ سەردەمێکیشدا ئەو توانا سەربازییەیان نەبووە کە ولاّتێکیان داگیر کردبێت هەتاهەتایە تێیدا بمێننەوە وەك عارەبو هۆزە تۆرانییەکان لە ژێر پەردەی ئیسلامدا کردیان. نەء. کورد بەردەوام لە شەڕی ژیانو مردندا بووە لە پێناو خاكو زێدی باوباپیرانیدا، بۆیە کە ولاّتی کوردان داگیریشکراوە، بەلاّم تاپۆو موڵکایەتییە بە خوێن نووسراوەکەی هەرگیز نەکەوتۆتە دەست داگیرکارەکان.

هەردوو هۆزی سۆباریو خۆری ـ خوری کاریگەریی زۆریان بەسەر مێژووی میسۆپۆتامیاوە هەبووە، سەرزەمینی خۆری ـ خوری کەوانەیەکە لە تۆرۆس (زاگرۆس .ن.ك) و لەنێزیك کەرکەمیش بەرەو خوار دەبێتەوە بۆ وان و لەوێوە بۆ زێی گەورە و لەگەڵ هۆزی لۆلۆ دراوسێبوون، کە ئەوان نێوەڕاستی ٣٠٠٠ پز. دەرکەوتبوونو لە باکووری میسۆپۆتامیا دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندبوو.پێدەچێت گۆتی وەك ناو لە وشەی زاگرۆس ـ زاگورتی یەوەهاتووە، زاگورتیو ماننایی یەك میللەتنو زاگورتی کۆنترین دانیشتوانی زاگرۆسنو لە دەوروبەری هەولێرو کەرکوك دەژیان[٨].

هۆزەکانی ئاری نەژاد سەدەی ٧پز. لە خۆرهەلاّتەوە هاتنە ولاّتی ئێرانو ساڵی ٦٠٧ پز.مادو هاوپەیمانەکانی دەستبەسەر ولاّتی ئاشووردا دەگرن، ئەرمەنەکانیش ولاّتی ئۆرارتۆ ـ کالدی داگیر دەکەنو لە دەوروپشتی گۆمی وان دادەمەزرێن. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەو پەیوەندییە ناوازەو تراژیدییەی نێوان هەردوو نەتەوەی چەوساوەی کورد و ئەرمەن، ئەوەندەی لێرەدا بگونجێت بخەمە بەرچاو، ئەگینا لە شوێنی خۆیدا لە بابەتێکی سەربەخۆدا دەگەڕێمەوە سەر برا ئەرمەنەکان. سەردەمانێك (پاشاکانی ئەرمەن بە فرمانی دەوڵەتی ماد دادەمەزران، سەردەمێکیش ئەرمەن دەوڵەتی کاردۆ ـ کالدی کورد دەڕووخێننو بەرووداوا دەیانگێڕنەوە بۆ باکووری گۆمی وان). ماد هەتا سەردەمی داریۆشی سێیەم ژێرچەپۆکی فارس

بوون، یا دروستتر ژێر چەپۆکی دەوڵەتەکانی فارس بوون، کە چەندین جار شاکانی ئەو دەوڵەتانە کورد بـوون وەك ئەردەشێر، ئەردەوان، کەریمخانی زەند. بەشێك لە کورد و ئەرمەن دژی ئەو ژێر چەپۆکییە ( دەچـنە ) دەگوازنەوە سەر ئاینی عیسایی، ئەوە لە ماوەی نێوان٢٠٠ ـ١٥٠پز.بووە، دوواتـر بەشـیك لـە کـورد دژی ئەرمەن دەبنە موسڵمان[٩].

زەینـەفوون ـ ئیگزەفـوون xenophon دەڵێـت: کـاردۆخ، یـا کـورد زمـانێکی سـەربەخۆیان هەیـەو زمانەکەشیان هێندە بڵاوبۆتەوە بێگانەش پێی دەدوێن، کاردۆخ لە شەڕدا لەناکاو دێنو خۆیان دەکەن بەنێو ریزەکانی دوژمندا، پێشتریش رێگەی دەربازبوونیان لێدەگرنو لە بەرزایی چیاکانەوە گاشە بەردیان بەسەردا دەبارێنن[١٠]. زەینەفوون ٤٣٠ ـ ٣٥٥ پز. زانـاو مێـژوونووس و سـەرکردەیەکی سـوپای گریـكو یەکێکـە لەوانەی لە بەردەستی زانای مەزن سۆکرات پـەروەردە بـووەو هـەردوو لایـەنی زانسـتییو سـەربازیی تێـدا کۆبـوو بـووەوەو لـە کتێبـە بەنێوبانگەکەیـدا بـە نێـوی ئانابازیس(گەڕانەوە)،نووسـیوێتی: بـە دە هــەزار جەنگاوەرەوە بە کورستاندا دەگەڕاینـەوە بـۆ وڵات،کـە بـۆ فریاکـەوتنی هێزەکـەی کـۆرش چـووبووین دژی ئەردەشـێری بـرای، لـەو رووداوانـەی نێـوان٤٠١ ـ ٤٠٠پز.کـۆرش کـوژراو زەینـەفوونیش نەیـدەتووانی بـۆ گەڕانەوە لە رووباری دیجلە بپەڕێتەوە، ناچاردەبێت رێگای کوردستان هەڵدەبژێرێت.کاردۆخەکان لە بۆسـەدا بون بۆ لەشکری یۆنانو زیانی گیانیی قورسیان پێگەیاندن, ژمارەی کوژراوەکانیان گەیشتە١٢٠٠ کوژراو.

زەینەفوون لەبارەی هێرشو پەلاماری کاردۆخەوە لەهەمان کتێبی ئانابازیس(گەڕانەوە)دا دەڵێت: کاردۆخ ـ کوردەکان بەدەم شەڕو گیانبازییەوە سروودیان دەخوێند، ئافرەتیشـیان هاوبەشـیی ئاهـەنگی سـەرکەوتنی پیاوەکانیان دەکـرد. زەینـەفوون لـەبارەی وڵاتـی کـاردۆخ (کوردستان)یشـەوە نووسـیوێتی باوەڕناکـەم ئـەو هەرێمە رۆژێك لە رۆژان ئاوەدان بوو بێت!! لە بـارەی هۆزگـەلی کاردۆخیشـەوە دەڵێـت گـەلی کـاردۆخ ژێـر فەرمانی فارس ناکەن و هەرگیز ملیان بۆ نەوینەکردوون، بۆیە دەوڵەتی فارس لەشکرێکی قـورس وقەبـەی ١٢٠ هەزار جەنگاوەری کردە سەریان، بەڵام تەنها سەربازێکیشیان بەزیندوویی نەگەڕایەوە!![١١].هـەروەها زەینەفوون دەڵێت: کورد(خوریی) ەکان کە لە چیاکان دەژین هیچ کاتێك سەریان بـۆ دەسـەلاتی کسـارکەس (خەشایارشا) و چ بۆ دەوڵەتی ئەرمەنی نەوی نەکردووە.

هـۆزو هۆزگەلـە ئارییـەکان لـەو سـەردەمە دێرینانـەی مێـژوودا بـەپێی یاسـاکانی سروشـت و بنـەما کۆمەڵایەتییەکان و بەرژەوەندییەکان لە چەندین گرووپی گەورەو بچووکدا دەژیانو هەر گرووپەش کۆمەڵێك فاکتــەر لــە ژێــر ســایەو ســەرکردایەتی بــەهێزترین تــاکی گرووپەکــەدا ماوەیــەکی کــورت یــا درێــژ کۆیکردوونەتـەوەو چـەند یاسـایەکی سـەرەتایی مافـەکانی سـەرۆكو ئەرکـەکانی سەرشـانی مرۆڤـەکانی گرووپەکەو هێڵە درشتەکانی شەڕ و ئاشتی و پاراستنی قەوارەی رامیاریی ـ سـەربازیی و جوگرافییەکـەی دیاریدەکرد کە هەر هەمووی لە پێناو بەرژەوەندی سەرۆكو هێزی لەشکرو پاراستنی سـنووری دەسـتەڵاتی سەرۆك بوو بەسەر خاكو ئاوو لەوەڕگاکانو تاکەکانی گرووپەکەدا بـۆ دابینکردنـی بـەرگریکردنی دراوسـێ نەیارەکان یا سەرکەوتن بەسەریاندا.

ئەنجامی ئەو ململانێی و بەرگریکردنو هێرشانە، سـەرۆکە بـەهێزو سـەرکەوتووەکان بـەهێزترو سـنووری

دەستەڵاتیان فراوانترو پێگەی دەستەڵاتیان جێگیرکردووەو جێگەیان بە دوژمنەکان لەقکردووە و ناچاری دوورکەوتنەوەیان کردوون. بۆ نموونە ئەو هۆزانەی ١٥٠٠ پز. رووپانکردۆتە هیندستان، هەرچەند لە رووی جوگرافیاییەوە لە یەکتر دابڕاون، بەڵام زۆربەیان هەتا رادەیەك پارێزگاریی کولتووری کۆنی خۆیانو پێڕەوی دابونەریتی باوو باپیرانیان کردووە.

ئارییەکانی ئارارات و زاگرۆس و ئارییەکانی چیاکانی هیمالایای هندستان لە تێڕوانین و نرخاندن و بەرزڕاگرتنی شکۆی (جەمشید، یەکەمین شای ئارییەکاندا هاوبیرنو بە قارەمانی نەتەوەیی خۆیانی دەژمێرنو هەردوو کتێبی ڤیداو کتێبی ئاوێستا گەیاندوویانەتە پلەی نەمریی و گەلانی ئێرانی بە نێوی (یما) و گەلانی هیند بە (یاما) ناویدەهێنن)[١٢].پێدەچێت هاوبیریی ئەو دوو بەرە بابەی ئارییەکان لەمەڕ جەمشید شا، بەو هۆیەوە بێت سەردەمێك شایەکی مەزنو دادپەروەر بوو، هەرچەند دواتر لە راستەڕێی دادپەروەری دوورکەوتەوەو پسیت پوورەی برای دەیکوژێتو شیرازەی وڵات تێکدەچێتو دوای شکستی (کۆسی) لە بابل، دەوڵەتەکەشیان لە هەمان سەردەمی رووخانی دەوڵەتی ئاشووردا ٦١٢ ـ ٦١٣ پز. هەرەسی هێنا.لەمەڕ دوارۆژەکانی جەمشیدەوە هەندێك سەرچاوەی مێژوو دەڵێن جەمشید بە دەستی سوهاك (زوحاك) کوژراوە. مێژوونووسانی کۆنی ئێرانی، سوهاك بە ئێرانی نازاننو دەیبەنەوە سەر شاکانی عیلام یا ئاشوور، وەك لە سەرچاوەکاندا باسکراوە سوهاك پاشایەکی زۆردارو خوێنڕێژ و بێبەزەیی بوو، بەڵام ساغنەبوتەوە ئاخۆ بەڕەگەز کوردە یان فارسە، ئەگەری ئەوەش زۆرترە کورد بێت.

شەهید دکتۆر ئەورەحمانی قاسملو لەبارەی زوحاکەوە دەڵێت:( نێزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر ( کتێبەکەیی لە ساڵی ١٩٦٢ دا تەواوکردووە) فیردەوسیی یەکێك لەو چیرۆکانەی لە شانامەدا هۆنیوەتەوە، یەکێك لەو هۆنراوانە(شیعرانە) دەبنە یەکەمین سەرچاوەی رەسەنیی کورد. چیرۆکەکە: لە کۆندا ئەژدەهاك لەبەر خراپەکاری و زوڵم و زۆر دوو ئەژدیها لەسەر شانەکانی دەرهاتبوون، هەموو رۆژێك دەبوو مێشکی دوو لاویان دەرخوارد بدرێت، بەو جۆرە ماڵێك نەما بە دەستی ئەو پاشا بێ بەزەییە تازیە بار نەبێت. دوو کەس بەناوی ئەرمایل و گەرمایل لەگەڵ ئاشپەزی کۆشك رێککەوتن رۆژی تەنیا لاوێك سەربرِن و لەگەڵ مێشکی مەڕێکدا دەرخواردی ئەژدیهاکانی بدەن، لاوە رزگاربووەکانیش دەچوونە دورترین دەشت و چیاکان و ئیتر کەس نەیدەبینینەوە، بەمجۆرە هەموو مانگێك سی لاو دەچونە شاخ... رەگەزی کورد دەچنەوە سەر ئەو لاوانە.

مێژوی هەموگەلان نمونەی بۆچونی سەرپێیی وبێ بەڵگەو هەڵەوپەڵەی مێژونوسانی تێدایە بەتایبەتیش مێوونوسانی خۆرهەڵات، عوسمانی و تورك و فارس و عارەب و زۆربەی ئەو هەڵە و ناهەقییانەش بەسەر گەلی کورددا کەوتووەو لەو لایەنەوە دەستبژێری رووداوو کەسەکانیان کردووە وهەروەك پەندە کوردییەکە دەڵێت(هەرچی چەقە و ناکوڵێ، بێدەن بە پورە گوڵێ) ئەوەی چاکەو جێگەی شانازییە بۆ خۆیان و هەرچی خراپو دزێو و مایەی شەرمەزارییشە داویانەتە پاڵ کورد و هەربەوەشەوە نەوەستاون شانازییەکانی کوردیشیان بۆ خۆیان تۆمار کردووە. دەگمەن ئەوانەی لە تۆمارکردنی مێژووی شایەك، مەزنێك، رووداوێك بە هەڵەدا چووبن دواتر کە راستییان بۆ دەرکەوتووە هەڵەی خۆیان راستکردۆتەوە. مێژوونووسی عەرەب

(مەسعوودی) لە کتێبی چیمەنی زێڕ (مروج الذهب) رەچەڵەکی چەند هۆزێکی کورد دەباتەوە سەر عەرەب، بەڵام دواتر لە کتێبی ورياکردنەوەو چاودێری (التنبيه و الاشراف) دا ژێوان بوەتەوە.

مێژوونوسی ئەوروپاییش هەن پشتیان بە سەرچاوەکانی مێژوونووسانی فارس و تورك و عەرەب بەستووە، کە زۆرینەی مەزنەکانی کوردیان بردووەتەوە سەر باوو باپیرانی هەرە دێرینی فارس و عەرەب.یەکێکی وەك (کارڵ مای) کە نووسەرێکی ئەڵەمانییە، جارێك نەهاتۆتە کوردستان، هەر بە بیستن کۆمەڵێك درۆ و دەلەسەی هەڵبەستووەو دەیداتە پاڵ کورد، مێژوونوسی کوردیش هەن دوای هەست و سۆزو زیادەڕۆیی وفەنتازیای کوردپەرستی کەوتونو شتی بێبەڵگەیان بۆ (بردنە پێشەوەی) کورد نووسیوە.

## کۆچ و کۆچڕەوەکان بە سێ ئاڕاستەدا

ئەو گرووپە مرۆڤە سەرەتاییانەی لە دێرەوە لە هەرێمە دوورو نێزیکەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسدا گیرسابوونەوە، وەچە لەدوای وەچەو سەدە لەدوای سەدە لە ئەنجامی ململانێ و راوەدوونانی یەکتردا لە پێناو دەستبەسەرداگرتن‌و پاوانکردنی خاك‌و ئاوو لەوەڕگادا، جا سەرکەوتن یا ژێر، کۆچڕەویان هەر بەردەوام بوو، ئەمەش یا بۆ درێژەپێدانی داگیرکاری و فراوانخوازی‌و پاوانکردن بووە یا بۆ خۆدزینەوەو خۆپاراستن لەو گرووپانەی لە خۆیان بەهێزتر بوون، لقێکی گرنگیان لە بازنەی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسدا دەمێننەوەو جێگیردەبن‌و دەیکەنە نیشتیمانی هەمیشەیی خۆیان‌و ئەو ناوچانەش دەمێك بە ولاتی کوردان‌و دەمێك بە کوردستان دەناسرێت‌و لە گروپیشەوە دەبنە تیرەو هۆزو بە جۆرەها ناوی وەك: کاشۆ، کاسی،کاسای،لۆلۆ،ماد، کارۆ،کاردۆ- کاردۆ- کاردۆخ،کورد ناو دەبرێن.(کاردۆخ: کاردۆ مانای ئازا، پیتی( خ ) ئامرازی کۆیە لە زمانی ئەرمەنیدا،کاردۆخ مانای ئازاکان )

بە تێپەڕبوونی سەدەو سەردەمەکانیش ئەو تیرەو هۆزانە پەرە دەستێنن‌و فراوان دەبن‌و دەبنە هۆزگەل - گەلهۆز و سنووری دەسەڵاتیشیان فراوان دەبێت‌و بە سێ ئاراستەدا دابەشدەبن. بەشێکیان لە کوردستانی ئێستاو دەوروبەریدا جێگیر دەبن‌و جەنگ‌و بەربەرەکانێی بەردەوامیان لەگەڵ دوژمنەکانیاندا و سەرنەکەوتنیان لە زۆرینەی ئەو شەڕانەدا لە یەکتریان دادەبڕێت‌و لە نێو هێزە سەرکەوتووەکاندا کەرتوپەرت دەبن‌و لە جێگەی زمانە سەرەتاییەکەشیان چەند زار زمانێك - شێوەزمان و دیالێکت کە بناغەی دیالێکتە سەرەکییەکانی ئەمڕۆی زمانی کوردین دەڕسکێن،وەك کورمانجی ژورو،کورمانجی خوارو،لوڕ،گۆران، هەرچەندە ژێرکەوتن ودابڕانەکەش نەبوّە هۆی ئەوەی هۆزگەلەکە بەیەك نەتەوە نە ناسرێن بە نەتەوەی ماد. ئاڕاستەی دووەمیش لە سنوورەکانی ولاتی ئێرانی ئێستاو قەفقاسیادا گیرسانەوەو بە پارس ناسران,ئاڕاستەی سێیەمیش بە چیاکانی هیمالایادا هەڵدەکشێن‌و روو دەکەنە هەرێمێکی فراوان‌و جێگەی خۆیان دەگرن، ئەوانیش بە هندی، پاکستانی و ئەفغانی دەناسرێن و ولاتەکانیشیان هەریەکە و بەناوی خۆیانەوە بە هندستان، پاکستان و ئەفغانستان ناودەبران. دیارە پاشگری (ستان) مانای نیشتیمانە وەك بە کوردیشەوە لکاو بە نیشتیمانی کوردیش وترا کورد - ستان.

واپێدەچێت ئەو هۆزگەلانە هەزارەها ساڵیان پێکەوە بەسەر بردبێت بەر لەوەی کورد، فارس، بلووژ، ئازەر، کەرەج لە ئەفغانەکان و پاکستانییەکان و ئۆزبەك و پشتوونەکان دابڕێن، بۆیە نەتەوەکانی هەر سێ

ئاراستەکە لە رووی فسیۆلۆژییەوە، هەڵکەوتنی بەژنو باڵا، رەنگی پێستو قژو چاوو لە رووی سایکۆلۆژیشەوە وەك خوێنگەرمی، هەڵچوونی دەروونیش، سۆزداری و دڵناسکی و هتد. هاوبەشی و لێکچوونێکی زەقیان پێوە دیارە. ئەوەش زۆر ئاساییو سروشتییە، بەڵام کە نەتەوەیەکی ئەوروپایی رەسەنی وەك ئەڵەمانییەکان بهێنینو بیانکەینە بەرەبابی ئەوانەو بڵێین هەموویان ئارین لە کاتێکدا لە هەموو رووبەکەوە لەوان جودان، ئەوە جێگەی تێڕامانە! کۆتایی سەدەی هەشتەمی بەر لەدایکبوونی عیسای مەسیح (پز) ئەو گەلهۆز ـ گەل ـ نەتەوانە لە شەڕو کوشتار بێزار دەبن، هەر یەکەیان بەپێی هێزو توانای سەربازیی خۆی دەبێتە خاوەنی رووبەرێك، تەسك، مامناوەند، یا فراوان لە خاکی بەپیتو ئاوی سازگارو لەوەڕگای سەوز و مەڵبەندی شاخاوی سەختو دوورە دەستی دووژمنو قەڵاو شورای تۆکمەو توندوتۆڵی بەرگری کردن، جا ئەوانەی چارەنووس یا بەرژەوەندی هاوبەش پێکەوەی گونجاندن پێکەوە هەڵدەکەنو لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسو لێوارەکانیداو لە دەشتەکانی خۆرئاوای دەریای رەشو هەرێمی ئامەد (دیاربەکر) و لەگەڵ رێڕەوی هەردوو رووباری دیجلەو فورات (ئاوی شیرین)دا بەرەو خوار دەبنەوەو هەتا بەرزاییەکانی حەمرین کە ئیبن خەلەکان بە (جبل الکورد) چیای کوردان ناوی دەبات، تا دەگاتە ناوچەکانی جزیرەو بۆتان کە هەتا سەردەمی عەبباسییەکانو فەرمانڕەوایی مەئموونیش هەر بە دوورگەی ئیبن عومەر یا دورگەی کوردان ناو دەبرا.[١٣]

ئەو ناوچانەی کوردستانی باشوور کە ئەمڕۆ کێشەیان لەسەر دروستکراوە، جگە لە بەڵگە مێژووییەکان، هەر کەسێکی بێلایەن سەرنجێکی سەرپێی بدات هەستدەکات لەگەڵ خاكو زەوی عەرەبنشینەکاندا جیاوازییان زۆرە لە رووی پێکهاتەی خاك، بەرزونزمی چیاو دۆڵەکان، درەخت و بەرهەمی کشتوکاڵی وەك میوەوە.

لێرەدا شتێکم وەبیر دێتەوە، سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ لە گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردو میریی بەغدادا کە بە رێککەوتنە مەزنەکەی یازدەی ئازاری ١٩٧٠ی بەدوادا مۆرکرا، چەندو چوونێکی زۆر لەسەر کەرکووك و دیاریکردنی سنووری کوردستان دەکرێت، مستەفا بارزانی لە یەکێك لە هەڤاڵەکانی دەپرسێت، تۆ دەڵێیت چی؟ لە وەڵامدا دەڵێت: مستۆ دیارییکردنی سنووری کوردستان بە عێراقەوە زۆر ئاسانە، ووشترێك لە بەغداوە بەردەن، هەتا کوێ هات ئەوە عەرەبستانەو لەو شوێنەی کە رادەوەستێت ئەوە سنووری کوردستان دەستپێدەکات! رووبەری باشووری کوردستان ٩٩.٠٠٠ هەزارکیلومەتری چوارگۆشەیە،کەدەکاتە٢٣٪ ی رووبەری عیراق .ئیستاش ٤٢.٠٠٠هەزارکیلۆمەتری چوارگۆشەی هیشتا لەدەرەوەی سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە .

**هۆزو هۆزگەلە دێرینەکانی کورد**

یەکێك لە هۆزگەلە بەهێزەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس (گۆتی)یەکاننو هەر ئەوانیش نەژادو رەچەڵەکی هەرە دێرینی کوردن، بنکەی دەسەڵاتو فەرمانڕەواییان شاری ئەربائیللۆ ـ ئەربیللۆم ـ هەولێر بوو، سەردەمی فەرمانڕەوایی شا گۆدیا ٢١٤٤ ـ ٢١٢٤پز. دەست بە پەلاماردانی هەردوو دەوڵەتی ئەکەدو سۆمەر دەکەنو شاری بابل- پێتەختی ئەکەد و شاری ئوور ـ پێتەختی سۆمەر کاولو وێران دەکەنو

دەولّەتێکی یەکگرتوو دادەمەزرێنن‌و شاری لەکش دەکەنە پێتەختی ولاّتە نوێکەو سنووری دەسەلاّتیان ئەوەندە فراوان بوو سەرتاخواری هەرێمەکانی نێوەڕاستو باشووری میسۆپۆتامیای دەگرتەوە.

سیر مارك سایس دەلێت یەکێك لە شاکانی گۆتی بە نێوی لۆگانداکیس ۲۹۰۰ پز. فەرمانڕەوای ئەرخ‌و سۆمەر بوو، لە سەردەمی شا (ئافناتۆم)یشدا لەگەلّ عیلام لە جەنگدا بوو. دکتۆر سپایزەر دەلّێت گۆتی نەژادی کوردن‌و لە هەرێمەکانی سۆمەردا دەژیان،سۆمەرەکانیش وەك ڤادن سەلماندوویەتی، بەڕەگەز ئارین.

گۆتی، کورتی، کۆسی ناوی سێ گەلهۆزن کە دواتر ناسران بە کورد، صالّی ۲۷۰۰پز. ئەکەد بەسەر گۆتیدا سەر دەکەوێت‌و شا (شرلك) دیل دەکرێت[١٤].

شوێنەوارو قەبالّە دۆزراوەکانی بابل ئاشکرای دەکەن دەسەلاّتدارانی بابل لە هێرش‌و پەلامارەکانی گۆتی ترساون‌و بە دلّڕەق‌و دڕندە ناویان دەبەن، چونکە شارو ئاوەدانییەکانی میسۆپۆتامیایان سوتاندووەو ولاّتەکەیان لە خوێنا نقووم کردووە.[١٥] گۆتی، سۆباری، موشکی، نایری، میتانی، کالدی، کاردۆ، کورتی بەرودوواو دەستاو دەست فەرمانڕەوای باکووری کوردستان بوون.

هۆزگەلی (خوری)ش لە رووی ژمارەو لەشکرو هێزو تواناوە لە هۆزگەلی گۆتی کەمترنەبوون، ئاشووریەکان بە میتانی ناویاندەبردن. دکتۆر ئەحمەد سووسە دەلّێت خوری یەکەمین چارەکی ۲۰۰۰پز. بە چەند ناوچەیەکی کەوانە بە پیتەکەدا (الهلال الخصیب) بلاّوبوونەتەوەو لە ۱۸۰۰پز. زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەی ئالاّخ پێکدەهێنن کە دەکەوێتە نێوان شاری حەلەب‌و ئەنتاکییە[١٦]. هەزار صالّێك دواتر هۆزگەلی خوری هاتوونەتە باکووری عێراق و شاری نوزی یا نوزو لە نزیك کەرکوك دەکەنە بنکەی فەرمانڕەوایی. ئەو هۆزگەلەی کورد(خوریی) سەرنجی سەرلەشکرو مێژوونووسی یۆنانی زەینەفوون (گزینەفوون ) ی بەتایبەتی راکێشاوەولە کتێبە بەنرخەکەیدا (ئانابازیس — گەڕانەوە ) لەبارەیانەوە دوواوە .

کەرکووك کە پێشتر بە شاری کاسر Casur ناسرابوو، سەدەی پێنجەمی بەر لە عیسا، خوری بە دۆلّی خاپووردا بلاّوبوونەتەوەو شاری بالّخ دەبێتە بنکەی دەسەلاّتیان، شاکانی خوری بە رەگەز ئارین‌و لە سەردەمی یەکێك لە شا بەهێزەکانیدا (سوشتار) ولاّتی ئاشوور داگیر دەکات‌و هەتا لە سەردەمی (ئۆبالّت) شای ئاشووری ۱۳۶۲ـ۱۳۳۷پز. دەولّەتی (خوری) یان رووخاند. شوێنەوارەکانی دەولّەتی خوری لە( تەپەکورا)، (تەل بلا) دۆزراونەتەوە لە نزیك موصلّ.[١٧]

هۆزەکانی سوباری، نایری، خالیدی، میتانی، موشکی دەچنەوە سەر گۆتی، شاکانی هۆزی نایری خۆیان بە ئۆرارتۆ ناو دەبرد. مێجەرسۆن دەلّێت هۆزی نایری کە دواتر بە کورد ناسران بەر لە ماد لە کوردستان جێگیر بوون‌و هێزو دەسەلاّتیان هەبووەو ترسو لەرزیان خستۆتە دلّی دراوسێکانیان.[١٨] هۆزی لۆلۆ دێرینترن لە هۆزی سۆباری، خالدی، میتانی، موشکی، نایری‌و دەولّەتی سەربەخۆشیان دامەزراند. هەندێك مێژوونووس بە هەلّەداچوون کە سۆبار نیشتمان و هەمانکات پایتەختی دەولّەتی گۆتی بووبێت.

هۆزی لۆلۆ باپیرانی ( لوڕ )ەکانن‌و هەتا ۸۲۸پز. خاوەنی دەولّەت بوون‌و دوای سەرکەوتنی شای ئەکەد (نرام سین) بەسەر شا (ساتوون) لە شەڕەکەی دەربەند گاوردا دەستەلاّت‌و فەرمانڕەواییان لە دەستدا نەما[١٩].

هەندێك سەرچاوەی مێژوویی دەڵێن کاسی (کاشی)یەکان نێوەڕاستی سەدەی ١٨پز. وڵاتی ئەکەد داگیر دەکەنو دەیخەنە سەر وڵاتی سۆمەرو دەوڵەتە یەکگرتووەکەش ناودەنێن کاردۆنیاش. مێژوونووسی عێراقیی تەها باقر دەڵێت (کاشییەکان ئارین و لە ناوچەکانی سلێمانی باکووری عێراقەوە روویانکردۆتە باشوور و دەوڵەتەکەشیان کە ٢٠٠٠پز. دامەزراندبوو چوار سەد ساڵێك ماوەتەوە).هۆزە گەورەکانی کورد، جار هەبووە بە یەکگرتوویی بەرەنگاری دوژمن بوونەتەوە وەك یەکدەستیی گۆتی و لۆلۆ لە پەلاماردان و تەفروتوناکردنی هێزەکانی دەوڵەتی ئەکەد و رزگارکردنی وڵاتی لۆلۆ لە شەش سەد ساڵ ژێردەستیی بابل.
یەکێك لە شاکانی بابل لەسەر بەردێك نووسیویەتی (قەومی گۆتی لە ئاسمانی ئەم سەرزەمینەدا وەك ئەستێرە دەدرەوشایەوەو نەك هەر بەزۆری (ژمارەی جەنگاوەر.ن.ك) بەڵکو بە عەزم و جەزم و توندوتیژیو وێرانکاریش ناسرابوون. بەرامبەر من درێژەیان بە یاخیبوون و دوژمنایەتی دەدا. لە نێو ئەم وڵاتە گەورەیەدا لە سنووری ئاراراتەوە هەتا کەمۆخی (طور عابدين) خوێنی گۆتی وەك ئاو رۆیشتووە)[٢٠].
ناوەکانی تیرەو هۆزە دێرینەکانی کورد تێکەڵاوبوون و لەیەکچوونێکی ئاشکرایان پێوە دیارە، وەك: کاسی، کاشی، کۆسی، کاردا، کوردۆ، کورتی...هتد، چونکە دراوسێکانیان هەریەکەو بە ناوێکەوە ناسیبوویانن و بەکارهێنانی چەند ناوێك لە چەند سەردەمێکی جیاوازدابۆ هۆزێکی دیاری کراو بەکارهێنراوە.
(قەراڵ لاگاشە ئاداد ناراری ٢٤٠٠پز. باسی تیرەی (کاردا)ی کردووەو (کەمیل سین)ی پاشای ئوور ١٣٧٠پز. ناوی (کورد)ی هێناوەو نووسراوەکانی ئاشوورییش ناوی دەشتی (کاردا) و تیرەی (کورتی) بردووە کە لە نێوان دەریای خەزەرو گۆمی وان ژیاون، کە چیای جودی و هەرێمەکانی سەر بە مووش و ئامەد دەگرێتەوەو ناوەکانی کاردا، کوردۆ کلیلی ناسینی رەچەڵەکی کوردن.)[٢١]دووریش نییە کورد لە تێکەڵبوونی هەردوو هۆزی هاورەگەز(مارد) و (کیرتوا) گەشەیکردووە. نووسەرانی عەرب، مەسعوودی لە سەدەی دەیەمی کۆچدا لەبارەی کوردەوە وتوویەتی:(كرد بن مرد بن صعصعه بن حرب بن هوازن ).( أبن حوقل ) یش وتوویەتی:( كرد بن مرد بن عمر ) بروانە فلادیمیر مینورسکی، بنچینەکانی کورد و چەند وتاریکی کوردناسی، وەرگێرانی لە رووسییەوە دکتۆر نەجاتی عەبدوڵلا، سلیمانی ٢٠٠٧ لا.٤٥
سەرەنجامی تێپەربوونی هەزارەها ساڵ، کورد وەك نەتەوەیەکی دامەزراوو خۆگرتوو لەرووی هەموو دوژمنەکانی و وەیشوومەی رۆژگاریشدا، پێکهاتە ئیتنی و رەگەزییەکەی بەشێوەی گەلهۆزی گەورەتر ناودەبرێت وئەمڕۆ *نەتەوەی کورد بە گشتی لە چوار* لقی سەرەکی پێکدێت: لوڕ و بەختیاری، کەلهوڕ، گۆران، کورمانجی.رەشید یاسمی لە کتێبی(کرد و پیوستگی نژادی أو) مە بەفارسی نووسیوێتی دەڵێت: لوڕەکان لەباکووری چۆمی ( ئاودز ) ی لای کرماشان نیشتەجێن وهۆزی بەختیاریی لە باشووری خۆرهەڵاتی ئەو چۆمەن. لوڕ کوردن و دەچنەوە سەر لۆلۆ و گۆتی و٢٥٠٠ پز.لە (زاگرۆز- زاگرۆس)ی خواروو پێکەوە ژیاون). هەتا سەدەی ١٣ کوردستانی خۆرهەڵات و لوڕستان بەشێك بوون لەو مەڵبەندەی عەرەب بە مەڵبەندی کوێستان ناوی دەبرد(زارزمان ـ دیالێکت)ی کرماشان و لوڕ جیاوازییان نیە. میرشەرەفخانی بتلیسی کە ساڵی ١٥٩٦ مێژووە بەناوبانگەکەی (شەرەفنامە) ی نوسیوە و ١٨٦٠ یەکەمجار لە پەترسبۆرگ بلاّو کرایەوە، کورد دەکات بە چوار بەشەوە، کرمانج، لوڕ، کەلهوڕ، گۆران. کەریم

خانی زەند سەرۆکی عەشیرەتی لورِ بوو کە لە مەڵبەندی زەند دەژیان، هەر ئەوانیش گەورەترین عەشیرەتی کورد بوون کە پارێزگاریان لە زمانی نەتەوەیی خۆیان کردبوو. کەریم خان لە سەدەی هەژدەدا دەستی بەسەر عەرشی ئێراندا گرت.

مێژوونووسی عەرەب، یاقوتی حەمەوی دەڵێت: لورِ خێڵێکی کوردە لە کێوەکانی نێوان خوزستان و ئەسفەهاندا دەژین، هەرچەند زۆر لە مێژوونووسان بەو هۆیەوە زمانەکەیان تێکەڵەیەکی کوردیو فارسییە گوماندەکەن لورِ و بەختیاریی کوردبن و بە تورك، فارس دەیانژمێرن.خۆ ئەوەش زۆر ئاشکرایە کەکەریم خانی زەند ١٧٥٢ـــ ١٧٧٩فەرمانرەوای سەرتاخواری ولاتی ئیران بوو، لە تیرەی بەنێوبانگی زەندەو زەندیش لقیکە لە هۆزی لورِ .

نەوتەکەی کەرکووك، توتنی شاور، خوری ئامەد،

گوێزی هەورامان،

سێوی سەردەشت، برنجی رەشت و گیلان،

پەنیری یاخیان،

هەنگوینی شەمەتلێنکە، رێواسی کەلیخان،

شاڵی تورجان، ترێی شەنگال،

شوتی گەرەدیو بۆ چاوەزاریش دووپشکی عەربەت.

## جوگرافیای کوردستان ( نوێشکێك )

نەتەوەی کورد ئەمرۆ بێ چەندوچوون چوارەمین نەتەوەی سەرەکییە لە خۆرهەڵاتی نێوەراستداو یەکەمین نەتەوەی ئەم سەرزەمینەشە بە ژێردەستی و کەرت و پەرتی ماوەتەوە و وڵاتو نەتەوەکەی بە پلانی هێزە ئیمپریالیستەکان و پێداگرتنی تورك و عەرەب و فارس بەسەر چوار وڵاتو بگرە پێنج وڵاتی جیاوازدا دابەشکراوەو جگە لە ناوچەکانی سنووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە دەکاتە نزیکەی رووبەری باشووری کوردستان،هەرهەموو کورد لەگشت مافەکانیان بێبەشن.

رووبەری خاکی کوردستان بەسەریەکەوە ٤٠١،٣١١ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو بە بەراورد لەگەڵ رووبەری ١٩٤ وڵاتی سەربەخۆدا رووبەری کوردستان لە رووبەری ١٦٤ وڵات لەو وڵاتانە فراوانترەو هەر بە تەنهاش سێ جاران لە وڵاتی لوبنان، کوەیت، قەتەر، ئیسرائیل، فەلەستین و میرنشینەکانی کەنداو بەسەریەکەوە گەورەترە. نۆزدە وڵاتی سەربەخۆش هەن بەهەرهەموویانەوە ئەوەندەی رووبەری هەرێمی موکریان نابن لە خۆرهەڵاتی کوردستان[٢٢].

وڵاتێکی وەك دورگەی ماڵتا( کۆماری مالتا ) رووبەرەکەی تەنها ٣١٦ کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو دانیشتوانیشی تەنها ٤٠٠.٠٠٠ چوارصەد هەزار کەسە، کۆماری(ڤانواتو)١٧٥کیلۆمەتر لەخۆرهەڵاتی ئوسترالیاوە دوورە، رووبەرەکەی تەنها ٣٩٥٦مەترچوارگۆشەیە(کەمتر لەتەنها٤کیلۆمەتری چوارگۆشە!)

ژمارەی دانیشنووانیشی ٤٤٦.٢١٥هەزارەوصاڵی ١٩٨١بۆتە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان. دەوڵەتی ڤاتیکانو دەوڵەتی لۆکسمبۆرغ زۆر لەوەش بەرتەسکترن. پرسیارە سەربزێوەکەی دۆستو دوژمن دەیپرسێت ئەوەیە(کورد بۆ نەیتوانیوە دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنێت؟) کورد بە درێژایی مێژووی دێرینو نوێی بەردەوام چەوساوەو ژێرچەپۆكو کەرتو پەرت بووەو شمشێری راگوێزانو تواندنەوەو بنەبڕکردن(جینۆساید) لەسەر گەردنی بووە، جگە لە هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی تورك و عەرەب بە زۆریی کوتەك و تۆقاندن بیانکەن بە تورك و عەرەب و لە پێناو ئەو ئامانجە گلاوانەشدا هەموو رێگەیەکیان تاقیکردووەتەوە و هەموو جۆرە چەکێکی کۆنو نوێی قڕکردنو کۆمەڵکوژ و پاکتاوکردنی نەژاد (جینۆساید)یان بەسەردا تاقیکردۆتەوە.

لێرەدا خودی پرسیارەکە روو لە خاوەنی پرسیارەکە دەکات (ئەو نەتەوەیە چۆن ماوەتەوەو زمان و کولتوور و تاراددەیەك مێژووەکەشی پاراستووە ولە نێو نەتەوە باڵادەستەکانی تورك و فارس و عەرەبیشدا، نەك نەتوایەوە، بەڵکو دەستبەرداری رزگاریو سەربەخۆییش نەبوو، زنجیرەی نەپساوەی شۆڕش و راپەڕین و قوربانیدانیشی لە هەڵکشانو بەردەوامبووندایە و بێپەروا لە پێناو ئامانجەکانیدا لە خەباتێکی سەختو گیانبازیدایە، دوژمنان چەند بەهێزتر بووبن، ئاگرو بڵێسەی شۆڕش و بەرگریش، مەشخەڵانی بەرزتر بووەتەوەو شۆڕشگێرانیش توندتر پێ لەسەر بەدیهێنانی مافە رەواکانی دادەگرنو شانازی بە کوردبوونی خۆیان و کوردستانیبوونی بست بە بستی کوردستانەوە دەکەنو لەو پێناوەشدا هەمیشە گیانو سامان بە جۆرێك هەرزان بوون، کورد بکەنە سومبولی نەتەوە چەوساوەو مافخوراوەکان کە هێشتا ناسنامەی نەتەوەیی و قەوارەی رامیاریی سەربەخۆیان نییەو خاوەنی گەورەترین تراجیدیای هەزارەی سێیەمی عیسایی و سەردەمی تەکنۆلۆژیا و مافی مرۆڤو چارەنووسی گەلانو یەکسانیی و پێکەوەژیانن.

کوردستان روبەرێکی گەورەی چیایی سەختە بەپاڵ پێدەشتە بەپیتەکانی هەردوو رووباری دەجلە(دیجلە) و فورات دا درێژ دەبێتەوە و سنورەکەشی:

لە باکورەوە: هەر لە شاری حەلەب هەتا گۆمی ورمێ.

لە خۆرهەڵاتەوە: لە ورمێوە بە سنورەکانی ئێراندا تا مەندەلی و چیای پشتکۆ.

لە خۆرئاواوە: لە شارۆچکەی (بیرەچك)ەوە بەرەو مەلاتیە لە باکور هەتا ئەرزنجان، لەوێشەوە رووەو رووباری ئاراس و زنجیرە چیاکانی ئارارات و باکوری گۆمی ورمێ و بە کەناری خۆرئاوای گۆمەکەدا رووەو باشور بە شاری میاندواودا تێدەپەڕێت بۆ خورلسیاد و ئەمجا رووەو مەندەلی لەسەر سنوری عێراق-ئێران و نەوەد میل باکوری بەغدا. (بڕوانە: مەحود مەلا عیززەت، کوردستان لە مەتەڵی .. ل ٤٩،٥٠)

دکتۆر قاسملودەلیت: رووبەری کوردستان ٥٠٠-٥٣٠هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، بەڵام راستییەکەی٤٠٩،٦٥٠هەزار کم.[٢]

کوردستان بەو رووبەرەوە لەسەرجەم وڵاتانی بەریتانیا، هۆڵەندا، بەلجیکا، سویدو دانیمارك گەورەترە!

رووبەری باکووری کوردستان ١٩٤،٤٠٠هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە و خۆرهەڵات ١٢٤،٩٥٠هەزارکم[٢]. و باشوور١٢٤،٩٥٠هەزارکم[٢] . و خۆرئاواش ١٨،٣٠٠هەزارکیلۆمەتر چوارگۆشەیە.

ئەنسکلۆبیدیای بەریتانیایی  دەڵێت درێژایی کوردستان ٦٠٠ میل و پانایییەکەشی ١٥٠میلە، بەڵام ( قاموس ألاعلام ) نووسیویەتی درێژییەکەی ٩٠٠ کیلۆمەتروپانییەکەشی ١٠٠ــ٢٠٠کیلۆمەتر دەبێت.(بروانە قاموس ألاعلام،بەرگی پێنحەم،ئەستەنبووڵ ١٨٩٦لاپەڕە٣٨٤.

درێژایی خاکی کوردستان ١٠٠٠کم. وتێکرای پانایییەکەشی لە بەشی باشووریدا ٢٠٠ کیلۆمەترەوهەتا بەرەو باکووریش بڕۆی پانتر دەبیچت هەتا دەگاتە ٧٥٠کم. و لەسەرنەخشەش دەکەوێتە نێوان هێڵەپانەکانی ٣٠ - ٤٠ ونێوان هێڵەپانەکانی ٣٧ — ٤٨ .(ئینسکلۆبیدیای گەورەی سۆڤێتی و قاموس ألاعلام — تورکی، بروانە ل.١٥ پەراوێزی ژمارە ٦، د.عەبدلرەحمان قاسملۆ، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی لە زمانی چیکییەوە عەبدوڵڵای حەسەن زادە،  چ٢ .هەولێر ٢٠٠٦ )

باشووری کوردستان لەچاو باکور وخۆرهەڵاتدا بەرتەسکە، رووبەرەکەی ٩٩،٠٠٠ هەزارکیلۆمەتر چوارگۆشەیە کە دەکاتە (٢٣٪)ی رووبەری عێراق، کە ٤٤١،٠٠٠ هەزارکیلۆمەتر چوارگۆشەیە. ژمارەی دانیشتوانی کوردستان٤٠ ملیۆن کەمتر نییەو هەر ١٣٠ کەس کیلۆمەترێك چوارگۆشە زەوی بەردەکەوێ. هەندێك سەرچاوەش وەك رۆژنامەوانی ئەمەریکایی ناسراو (جۆناثان راندل) رووبەری کوردستان بە ٢٢٠،٠٠٠ هەزار میلی چوار گۆشە مەزەندە دەکات، کە سەروبەر هێندەی رووبەری وڵاتی فەرەنسایە.

چەندین مێژوونووسو گەڕیدەو جوگرافیاناس، سنووری کوردستانیان دیاریکردووە، مێژوونووسی مەزنی کورد شەرەفخانی بتلیسی نووسیویەتی: سنووری کوردستان کە لە کەنارەکانی دەریای هورمز (کەنداوی فارس ـ عەرەب) بە هێڵێکی راست درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە هەرێمەکانی مەڵاتیو مەرعەش، هەرێمەکانی فارسو عێراقی عەجەم (کوردستانی باشوور.ن.ك) و ئازەربایجانو بەشێك لە ئەرمینیا، ئەرمینیای بچووكو گەورە دەکەوێتە باکووری ئەو هێڵەوە، لای باشووریشەوە عێراقی عەرەبی (نێوەڕاستو باشووری عێراق.ن.ك) مووصڵو دیاربەکر (ئامەد).

وڵاتی نێوان دووڕووبارەکە (عێراق) هەر ئەو خاكو چیاو رووبارانەیە مێژوونووسە دێرینەکانی عەرەب لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامدا بە (کووفە) و دواتر بە (جزیرە) و یۆنانەکانیش بە میسۆپۆتامیا ناویانبردووەو لە باکووری هێڵەکەوە دەست پێدەکات بە نێو هەردوو شاری ئەنبارو فەللوجەی کەناری رووباری فوراتدا تێپەڕ دەبێتو بەرەو سامەڕاو تکریت لەسەر رووباری دیجلەو لە هەرێمی جزیرە، کە پێدەشتێکی پانو بەرینەو لە فراوانترین شوێندا پانایییەکەی دەگاتە ٢٥٠ میل.

باشوری کوردستان دەکەوێتە ناوچە شاخاوییەکانو بەشێکی پێدەشتەکانی میسۆپۆتامیاوەو رووبەرەکەی ١/٥ی رووبەری میسۆپۆتامیایە (عێراق) و دەشتودۆڵەکانیش ١/٤ی ناوچە شاخاوییەکانو سەرجەم رێژەی بارانیان ٥٠ سانتیمەترە بەرامبەر ٢٠سم لە نێوەڕاستو باشوری عێراق[٢٣].مرۆڤەکانی چەرخی بەردین لێرەدا (باشووری کوردستان .ن.ك) ژیاون و یەکەمین گوندی کشتوکاڵیش لە مێژوودا هەر لێرە قوتبۆتەوە.[٢٤]

یەکەمین نەخشەی جوگرافیا لە مێژوودا، کورد وەك نەتەوە بناسێت نەخشەیەکی کتێبی دیمەنی زەوی (صورة الارض)ی جوگرافیاناسی موسڵمان ئیبن حەوقەل (ابن حَوْقَلْ)ە، کە ساڵی ٩٩٧ عیسایی نووسیویتی

و ناوچەیەکی فراوانی بۆ هەرێمی چیا دیاریکردووە.[٢٥] جوگرافیاناسەکان دەیەها نەخشەی وڵاتی کوردو سنوورەکانیان کێشاوە، هەر بۆ نموونە تەنها (کتێبخانەی نیشتیمانیی پەنجا نەخشەی جۆراو جۆری کوردستانی تێدایە) وەك فەرهاد پیربالٚ بینیونی. بەڵام دێرینترین نەخشە، نێوی کوردستانی لەسەرە صالٚی ١٥٦١ زانایەك کێشاویەتی بە نێوی ئا.لافریر (A.lafrer)[٢٦]. سوڵتان سەنجەری سەلجووقی صالٚی ١١٥٠ز. بەشێك لە ئیمپراتۆرێتەکەی جیاکردەوەو بە فەرمی ناویدەنێت کوردستانو سنوورەکەشی لە خۆرهەڵاتەوە هەمەدان، دینەوەر، کرمانشان و لە خۆرئاواوە چیاکانی زاگرۆس، شارەزور، سنجار وەك هەرێمێکی سنووردار هاتە نێو ناوانەوە. فەرهاد پیربالٚ لەو رووەوە دەڵێت: (سوڵتان سەنجەری سەلجووق صالٚی ١١٥٠ز.، بۆ یەکەمین جار لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئیسلامی دا)، ئۆتۆنۆمی بە کورد داوە (لە کوردستانی باشوور) بە نێوی ئوستان کوردستان هەرچەندە ناوچەیەکی بەرتەسك بوو، لە چەند شارێك پتر نەبوو، شاری بەهار پێتەختەکەی بوو[٢٧].

هەرێمی چیاکان لە کۆندا زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و دەوروپشتەکەی هەر لە ئەسفەهانەوە هەتا هەکاری و کێوی دەماوەند و چیای ئەلبورز، لە باشووریشەوە هەتا چیاکانی بەمۆ، سەگرمە، قەرەداغو پیرەمەگرون. گەریدەی عوسمانی، ئەولیا چەلەبی لە گەشتەکەیدا صالٚی ١٠٥٦ز، بە کوردستاندا گەڕاوە، سنووری کوردستانی بەمجۆرە دیاریکردووە: لە باکوورەوە ئەرزڕۆم و لە باشوورەوە شاری بەصرە.ئەولیا چەلەبی هەروەها دەڵێت (کوردستان لەم ویلایەتانە پێکدێت: ئەرزرۆم، وان، هەکاری، دیاربەکر، جزیرە، ئامێدی، مووصڵ، شارەزۆر، ئەردەڵان ورێگەی ١٧حەڤدە رۆژە ) بڕوانە د.قاسملو،کوردستان وکورد،چ٢،٢٠٠٦ هەولێر،ل.١٣.دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێت: کتێبی کورد عەشیرەتلەری بەڕێوبەرایەتی گشتی عەشایەرو کۆچەرەکان صالٚی ١٩١٨ لە ئەستەمبووڵ بڵاوکرایەوە، لە بارەی کوردەکانی سنووری دەوڵەتی عوسمانی نووسیویتی ناوچەی عەشایەری کورد لە باشوورەوە عێراق و موصڵ، لە باکوورەوە لازستان، لە خۆرئاواوە ناوەندی ئەنادۆڵو لە خۆرهەڵاتیشەوە عەجەمستانو کۆسارەکانی ئارارات[٢٨] (ئەو سنوورانە تەنها ناوچە کوردنیشینەکانی نێو سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانییە. ن.ك). مێژوونووسی عەرەب حەمەدوڵڵای موستەوفی قەزوینی صالٚی ٧٤٠ك لە کتێبەکەیدا بە نێوی گەشتی دڵان (نُزهة القلوب) کەلەماوەی صالٚانی نێوان١٣٣٥-١٣٤٠دا نووسیویەتی دەڵێت ( کوردستان لە ١٦شازدە ویلایەت پێکهاتووە و ئاوو هەوای سازگارەو لەگەڵ عێراقی عەرەب وخوزستان وعێراقی عەجەم وئازەربایجان و دیاربەکر هاوسنوورە .بڕوانە د.قاسملو،سەرچاوەی پێشوو، ل١٣ ) وادیارە ئەودەمە دیاربەکر — ئامەد بەرەسمی سەربە کوردستان نەبووە .حەمەدوڵڵای موستەوفی ناوی وڵاتی کوردستان دەهێنێتو سنوورەکانیشی دیاریکردووە بێئەوەی بزانێت دەبێتە یەکەمین کەس ناوی کوردستان لە کتێبێکدا تۆمار بکات. قەزوینی نووسیوێتی سنوورەکانی کوردستان لە خۆرهەڵاتەوە عێراقی عەجەم، باکۆ، ئازەربایجان، لە خۆرئاواوە عێراقی عەرەب و باشووری خوزستان مێژوونوسێکی عوسمانی بە رەگەز تورك (شەمسەدین سامی) سەدەی نۆزدە لە کتێبی فەرهەنگی فراوانی ناوەکاندا (موسوعة قاموس الاعلام) بە شارەزایی و بەڵگەوە سەلماندوویەتی هەردوو شاری کەرکوك و مووصڵ کوردنشینو بەشێکن لە وڵاتی کوردان.

ژمارەی دانیشتوانی کەرکووکیش بەمجۆرە مەزندە دەکات کە جێگای باوەڕو متمانەیە بۆ دیاریکردنی ژمارەی دانیشتوانی ئەمڕۆی کەرکووك، هەر بۆ نموونە بە پێی تیۆری تۆماس ڕۆبێرت هاوس گەلێك(میللەتێك) هەر بیست ساڵ جارێك ژمارەیان دەبێتە دوو ئەوەندە. شەمسەدین سامی دەڵێت: (ژمارەی دانیشتوانی کەرکووك ٣٠٠٠٠ سی هەزارە، ٢٣٠٠٠ هەزاری کوردو تورك (تورکمان. ن.ك)، عەرەبو جوولەکەو کلدانو ئەرمەنیش بەهەر هەموویان ٧٠٠٠ حەوت هەزارن)[٢٩]. لە پاڵ ئەو زانیارییەدا ئەو ڕاستییەش دەدرکێنێت: (گەلی کورد ژمارەیەکی زۆر زانای گەورەی تێدا هەڵکەوتووە، بەڵام زمانی کوردییان فەرامۆشکردووەو بەرهەمەکانیان بە زمانی بێگانە، عەرەبی، فارسی، تورکی نووسیوە و خزمەتی ئەوانیان کردووە).[٣٠] ئەوەش ئەوەندە ئاشکرایە دەبینین گەورەترین مێژوونووسی کورد دوای شەرەفخانی بەتلیسی، موحەممەد ئەمین زەکی نیشتمانپەروەر و ڕووناکبیر و هۆشیار و دڵسۆز و بەئەمەك چەندین بەرهەمی بە تورکی چاپکردووە.

سەرژمێرییە گشتییەکەی ساڵی ١٩٥٧ی سەردەمی پاشایەتی عێراق، سەرژمێریەکی باوەڕپێکراوو دەشێت بکرێتە بنەمایەکی دروست بۆ یەکلایکردنەوەی ئەمڕۆ و داهاتووی کێشە ئاڵۆزەکانی نێوان هەردووحکومەتی هەرێمی کوردستانو عێراق لەسەر کەرکووك، مووصڵ، خانەقین، خورماتوو، سەعدییەو جەلەولا، بەدرەوجەسسان وچەندین شارو شارەدێی دیکەی کوردستان.

سەرژمێریەکەی ساڵی ١٩٥٧ دانیشتوانی شاری کەرکووکو گوندەکانیی لە ڕووی زمانو ڕەگەزەوە بەمجۆرە جیا کردۆتەوە:

| ڕەگەز (نەژاد) | ژمار/ هەزار | ڕێژەی صەدی |
|---|---|---|
| کورد | ١٩٨٠٠٠ | ٤٧،٨٪ |
| عەرەب | ١٠٩٠٠٠ | ٢٦،٣٪ |
| تورکمان | ٠٩١٠٠٠ | ٢١،٩٪ |
| ئاسووری | ٠١٦٠٠٠ | ٣ ٪ |

کۆی گشتی ٤١٤٠٠٠ هەزارەو ئاشکرایە دیارە نێزیکەی نیوەی دانیشتوانی ناوەندی شاری کەرکووکو شارەدێیو گوندەکانیشی پێکدەهێنێت. (قاموس ألاعلام ) بەزمانی تورکی نوسراوە،بەرگی٥ ئەستەنبوڵ ١٨٩٦لەلاپەرە ٣٨٠٢ دا نووسیویەتی سێ لە سەرچواری دانیشتووانی کەرکووك کوردن.ئەو سەرژمێریانەی بەریتانییەکان لە ١٩٢١ و هەردوو حکوومەتی تازە دامەزراوی عێراق لەصالی ١٩٢٢ و تورکیا لە ١٩٢٣ کردوویانە، ئەنجامە فەرمییەکانی بەمجۆرە بوو:

| نەتەوە / ئاین (ن، ك.) | بەریتانیا | عێراق | تورکیا |
|---|---|---|---|
| کورد | ٤٢٤٧٢٠ | ٤٩٤٠٠٧ | ٢٦٣٨٣٠ |
| عەرەب | ١٨٥٧٦٣ | ١٦٦٩٤١ | ٤٣٢١٠ |
| تورك(تورکمان .ن .ك.) | ٦٥٨٩٣ | ٣٨٦٥٢ | ١٤٦٩٦٠ |
| یەهوود( جوو . ن.ك.) | ٦٢٢٥٥ | ٦١٣٣٦ | ٣١٠٠٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئێزدی | ٣٠٠٠٠ | ٢٦٢٥٧ | ١٨٠٠٠ |
| کۆچەر | ـــــــــ | ـــــــــ | ١٧٠٠٠٠ |
| مەسیحی | ١٦٨٣٧ | ١٣٩٩٧ | ـــــــــ |
| تێکرا | ٧٨٥٤٦٨ | ٨٠١١٧٠ | ٦٧٣٠٠٠ |

( بروانە د. قاسملو .سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ٣٧)

لەم سەرژمێرییەدا چەند خاڵێك زۆر سەرنجڕاکێشن، یەکەمیان: یزدییەکان بەکورد دانەنراون .! دووەم: ئەنجامەکانی بەریتانیاوعیراق لەیەکەوە نزیکن جیاوازی زۆریشیان لەگەڵ ئەنجامەکانی حکوومەتەکەی نورکیادا هەیە . سێیەمیش: ناموسوڵمانەکان کەلەوێدا فەلە(کریست،مەسیحییەکان و جوولەکەو ئێزدییەکانی دانیشتووی باشووری کوردستانن تورکەکان ئاشکراو بەدەستی ئەنقەست ژمارەیان کەمکردوونەتەوە بەڵام ژمارەی تورکمانەکانیان بەجۆرێك بەرزکردۆتەوە مەگەر هەرخۆیانی پێبخەڵەتێنن .

کوردستانی گەورە دەکەوێتە نێو هێڵە ئاسۆییەکانی ٣٤ ـ ٣٩و هێڵە شاقوولێیەکانی ٣٧ ـ ٤٦وەو پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی هەیە لە رووی سەرچاوەکانی ئاو، سەربازیی و گەیاندنی خۆرهەڵات بە ئەوروپا. لێرەدا باس لە گرنگی کوردستان دەکەین کە سەرچاوەی یەکەمی ئاوو ئاودێری ناوچەکەن. هەردوو رووباری دیجلەو فورات لە کوردستانی باکوورەوە هەڵدەقوڵێنو سەرچاوەی سەرەکی و شادەماری ژیانو ئاوەدانی گەلی تورکو زۆربەی هەرەزۆری کوردو گەلی عەرەبن لە عێراق و سووریا. (دیجلە و فورات دوو لەو چوار رووبارەن لە داستانە کۆنەکاندا سەرچاوەکانیان لە بەهەشتدانو لە چاوی خواوەندی دەریاکانەوە دەرژێنە سەر زەوی).[٣١] ناوە کۆنەکانی رووباری دیجلە(دەچڵ ـ دەچڵە) بە زمانی عیبری (ئیدجلات)، بە زمانی حوری (ئەرنزاخ)، بەزمانی پەهلەوی کۆن (تەبەڕڕوکها ـ تەبەڕڕوکات)و لەزمانی لاتینیشدا بەو هۆیەوە رووبارەکە خوڕو تیژتێپەڕ بووە بە (تایگەرس) ناوبراوە)[٣٢]. سەرچاوەکانی دیجلەو فورات لە چیاکانی خوارووی خۆرهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان) هەڵدەقوڵێن. موڕادسوو لە دۆڵی (ئەلاشکە)ی چیاکانی ئاراراتەوە هەڵدەقوڵێت، فورات سوو (قەرەسوو) لە ئەرزرۆمەوە چەند لقێکی دەرژێتە سەر، هەندێکیان لە هەرێمی وان و هەندێکیان لە چیاکانی نیزیك گۆمی کولجكو کە تێکەڵاویش دەبن دوای ٢٥کم بە نێو تورکیاو ٥٠کم لە نێوان تورکیا و سووریادا لە فیشخاپوورەوە دەرژێتە خاکی عێراقەوەو لەوێوە پێنج لقی تێکەڵاو دەبێت وەك خاپوور کە بە شاری زاخۆدا تێپەڕ دەبێتو لە خۆرئاوای شارەکە لەگەڵ لقی هێزڵ تێکەڵ دەبێت. زێی گەورەش ٦٥٠ کم درێژەو بە دەڤەرەکانی زێبار، بارزان تێدەپەڕێتو چەند لقێکی تێکەڵ دەبێت وەك چەمی رەواندز، رایات، خەلیفان، دیانا و دوای تێپەڕبوونیان بە گەلی عەلی بەگدا، رووباری خالان پێکدەهێنن[٣٣]. زێی بچووك ٥٢٠ کم درێژە لە داکشاندا لە گوندی زەردەشت بەرەو باکووری خۆرئاوا پێچدەکاتەوەو دیسانەوە دەچێتەوە ناو چیاکانو دەربەندی رەمەکان (ڕمەکان) و زنجیرە چیای ئاسۆس دەبڕێتو دەگاتە دەشتی رانیە ـ بتوێنو لەوێشوە دەرژێتە دەربەندی دوکان کە لە ساڵی ١٩٥٦ لەو شوێنەدا بەربەست و دەریاچەی دوکان دروستکرا. لە دوا قۆناغیشدا روو لە نزمایەکانی

تەقتەق، پردێ دەکاتو لە کۆتاییدا لە باکووری شاری فەتحە، ٣٦کم.باشووری شەرقات دەڕژێتە رووباری دیجلەوە.

**چۆم و رووبارەکانی کوردستان** : دکتۆر قاسملو دەڵێت چۆمەکانی کوردستان بریتین لە:

١- ئاراز: لەناوچەی بینگۆڵ سەرچاوەدەگرێت، ٩٢٠ کم. درێژە، ٤٣٠ کیلۆمەتری تێدەپەڕێت و سنوورەکانی ئێران و تورکیا سۆڤیێت دەبڕێت و دەڕژێتە دەریاچەی قەزوین .

٢ - روووباری دیجلە(دەجلە) لە نێوەڕاستی چیای تۆرۆس و باکووری شاری ئامەد هەڵدەقوڵێت، ١٩٠٠کم. درێژە،٦٠٠کیلۆمەتری بە کوردستانی باکوورو ٤٥٠ کیلۆمەتریشی بەباشووردا دەڕوات .

٣ ـ قزل ئۆزۆن: لەباشووری خۆرئاوای شاری دیواندەرەی خۆرهەڵاتی کوردستان هەڵدەقوڵێت و بەناوچەی زەنگان ومیانەو دوواتر بدامێنی شاری رەشت تێدەپەڕێت و دەڕژێتە دەریای قەزوین .

٤ ـ زێی گورە: ٤٥٠ کم. بە تورکیاو عێراقدا تێدەپەڕێت ( دەڕوات . ن.ك.)

٥ ـ زێی بچووك: ٢٠٠کم درێژەو لەگەڵ زێی گەورەدا هەردووکیان دەڕژێنە رووباری دیجلە( دەجلە )وە .

٦ ـ چۆمی بتلیس و بۆتان لەباکوور، رووباری سیروان لە ئێران و عێراق ( باشوورو خۆرهەڵات )، گاماسیاب و جەغەتوو ٢٤٠ کم. درێژە، تەتەهوو لەکوردستانی خۆرهەڵات .

٧ ـ چەمی(رووباری) سیروان ٤٥٠کم درێژە و درێژترین سەرچاوەیە کە دەڕژێتە رووباری دیجلەوە. سەرچاوەکانی سیروان لە ئێراندایە (خۆرهەڵاتی کوردستان)و دوای تێکەڵبوونی چەمی تانجەرۆ لەگەڵیدا، چەند چەمێکی وەکو ئەڵوەند، نارین لە پەنای گوندی سەعدییە تێکەڵاوی دەبن.

چەمی خاسە (عوزەیم) لە توانەوەی بەفری چیاکانی قەراغ (قەرەداغ) پەیدا بووەو بە کەرکووكو داقووقو دوزخورماتوو گردۆڵکەکانی حەمریندا تێدەپەڕێتو ناوچەکانی (خالصو ئینجانە)ش ئاودەدات[٣٤].

سەرچاوەکانی رووباری (ئاراس)یش دەکەونە نێوان هەردوو چەمی موڕادسوو، فورادسوو کە لە زنجیرە چیاکانی بنگوڵەوە بەرەوژوور دەبنەوەو بە پێچەوانەی چەمی موڕادچای و رووباری فوراتەوە کە یەکەمجار بەرەو باشووری خۆرئاوا دەڕۆنو موڕادچای لە سەرچاوەکانی رووباری دیجلە(دەجلّ ـ دەجلە) نزیك دەبێتەوەو لە نێزیك خەرپوت دەڕژێنە موراد سوو (قەرەسوو)، لەو تێکەڵاوبوونەش گەورەترین رووبار لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستیدا پێکدێت، بەڵام چیای زاگرۆس بەربەستێکە لە رێگەیدا کە بڕژێتە دەریای سپی نێوە راستەوە، بۆیە تێکەڵاو بە ئاوەکانی کەنداوی عەرەب ـ فارس دەبێت.

**گۆلەکانی کوردستان** ( گۆماو، دەریاچە . ن. ك.):

١ — وان: ٣،٧٦٥ کم. درێژەو تێکرای قوڵاییەکەی١٠٠ مەترە و١٢٠،١ مەتریش لەئاستی دەریاوە بەرزە و لەبەر سوێری هیچ گیانلەبەریکی تێدا ناژی .

٢ — ورمێ: لەخۆرهەڵاتی شاری ورمی و قەراخی خۆرئاوای شارەکەو بەشیچکە لەکوردستان، ٦٠٠٠ کم چوارکۆشەیە و ١٣٨ کم. درێژو ١٥٠کم. پان و قووڵاییشی ٦ — ١٥ مەترە . گەورەترین دۆرگەشی دۆرگەی (شاهی )ە و رووبەرەکەی ٢٥کیلومەترچوارگۆشەیە .

٣- دەریاچەی خەزەر ( گۆل _ چووك ): دەكوێتە خۆرئاوای شاری ئامەد و نزیك سەرچاوەی رووباری دیجلەیەو ١١٥٥م. لەئاستی دەریاوە بەرزە .

٤ – گۆلی مەریوان ( زریبار ): ٥، ٤كم. درێژو ٧، ١كم.پان و ١٥م. قوولە .

لێرەوار:چیاكانی كوردستان روتەنن و كەمتریان لێرەوارن بەلام پێدەشت و دۆلەكان و دوروبەری ئاوەدانیەكان لێرەواری سروشتی و دەستنێژی زۆرن . كوردستانی باكوور ٦٪ ی لێرەوارە، خۆرهەلات ٣٢٪، باشوور٨٪ كەدەكاتە ٦ شەش ملیۆن هیكتار و نێزیكەی ١٤٪ رووبەری كوردستان . ( **بروانە** د. قاسملو،هەمان سەرچاوە ل ١٧. )

دكتۆر سامی سەعید دەلێت: رووباری دیجلە ١،٧١٨كم. درێژەو ١،٤١٨ كیلۆمەتری لە عێراقیدایە و ٣٠٠ كیلۆمەتریشی لە توركیاو سوریادایە. بەلام رووباری فورات ٢،٣٢٠كم. درێژە و ٤٥٥كم لە توركیادایەو ٦٧٥ كم. لە سووریادایەو ٢٠٠كم. لە خاكی عێراقدایە،[٣٥] لە سەرچاوەی دیكەشدا رووباری دیجلە ١،٩٠٠كم. درێژەو نزیكەی ٨٤٧كم لە كوردستاندایە. رووباری فورات ٢،٨٠٠كم. درێژەو نزیكەی ٢،١٧٠كم. درێژن.[٣٦] سێ رووباری كوردستان فورات، دیجلە، كارون دەرژێنە دەریای عەرەبەوە، بەلام رووباری ئاراس كە چوارەمینە دەرژێتە دەریای قەزوین.[٣٧]

ئاو وەك گرنگترین سەرچاوەكانی ژیانو ئاوەدانی لە داهاتوویەكی نێزیكدا، بازێك بەسەر نەوتو گرنگیەكەیدا دەداتو نرخی بەرمیلیك ئاو دەچێتە سەروو نرخی بەرمیلێك نەوت، بەتایبەتیش كە ئاو بە پێچەوانەی نەوت نە ئەمرۆ و نە دوارۆژ تەكنەلۆژیای هەرە پێشكەوتووش ناتوانێت ئەلتەرناتیڤێكی بۆ بدۆزێتەوە وەك بۆ نەوت چەندین جێگرەوەی وزە لە ئاوو تیشكی خۆرو پووشو پەلاش دۆزراونەتەوە. توركیاو دراوسێكانیشی دەمێكە هەستیان بەو راستیەو مەترسیەكانی كردووە. توركیا كۆنترۆلی ٩٠٪ی ئاوی فوراتی كردووەو عێراقیش ٦٠٪ ی ئاوی دیجلەو بەشە كەمەكەیی لە ئاوی فورات بەوە پڕكردۆتەوە. توركیا پترلە ٤٥ بەربەستی دامەزراندووە بۆ كۆكردنەوەی ئاوەكانی دیجلەو فورات بەرامبەر ١٢ بەربەست لە عێراقو چوار بەربەست لە سوریا كە یەكێكیان بەر لە بەربەستە گەورەكەی ئەتاتورك دامەزراوە.

توركیا ئاوەكانی دیجلەو فورات وەك چەكێكی ستراتیژی لە بوارەكانی ئابووریی، سەربازیی، رامیاریدا بەكاردەهێنێت. بۆ(خنكاندنی) گەلی كورد لە توركیا پلانێكی نەگریس هاتە گۆڕێ بەنێوی پڕۆژەی بەنداوی (ئیلیشیۆ) لە باكووری كوردستان و لەسەر سنووری پەیوەست بە باشووری كوردستانەوە، خۆشبەختانە ولاتانی ئەوروپا بەو هۆیەوە پڕۆژەكە رووبەرێكی فراوان شارو شارەدێو زەوی كشتیاریی‌و شوێنەواری دێرین دەكات بە ژێر ئاوەوە، كۆمەكی داراییان بە توركیا نەداو پڕۆژەكە سەرینەگرت.لە خۆرهەلاتی كوردستانیشدا دوو دەریاچەی سروشتی هەن، وان و ورمێ.لە كوردستانی باشووریش دوو دەریاچە دروستكراون،دەریاچەی دوكان ودەریاچەی دەربەندیخان.

## زنجیرە چیاكانی كوردستان

زنجیرە چیاكانی ئارارات: لە سەرەوە بۆ خوارەوە زنجیرەیەك چیا بەیەكدا دەچنو چەندین زنجیرەی دیكە پێكدەهێننو بەرەو خوارووی رۆژهەلات شۆڕدەبنەوە، لە لایەكەوە هەتا كەنداوی فارس ـ عەرەبو

لەلایەکیشەوە سنووری ئێران و تورکیا و دەریاچەی ورمێ و وان جیادەکاتەوە. زنجیرەیەکی دیکەش هەتا سەرسنوورەکانی ئێران و تورکیا درێژدەبێتەوەو ئەو شاخانەی دەکەونە کوردستانی خۆرهەڵاتو باشوور، چیاکانی زاگرۆسن. زنجیرەیەکیش دوای ناوچەکانی قەفقاز خۆی لە چیاکانی ئەرمینیا جیادەکاتەوەو دواتر لای سەرچاوەکانی دوو رووبارەکە یەکدەگرنەوەو زنجیرە چیاکانی تۆرۆس دەکەونە سەروویەوەو سەرچاوەکانی دەریای سوور، دیجلەو فورات دابەشدەکەن(٣٨).

زنجیرە چیای دووەم رووەو باشووری خۆرهەڵاتی ئەسکەندەروونە درێژ دەبێتەوەو وەك درێژەدان بە چیاکانی سووریا و بە چیای تۆرۆس ناودەبرێتو زنجیرەیەکی لە نزیك گۆمی وان بەرەوژوور دەبێتەوەو زنجیرەیەکیش بەلای دۆڵی قوتووردا لە سنووری ئێران نزیکدەبێتەوە و دۆڵەکانی دەریاچەی وان لە ناوچەکانی باکووری زێی گەورە جیا دەکاتەوە. چیاکانی تۆرۆس نێوەڕاستی گردەکانی (بەرزاییەکانی) ئەنەدۆڵ لە نزماییەکانی کلیکیا (ئەدەنە) و سووریا جیا دەکاتەوە.

**چیای جودی:** چیای جودی دەکەوێتە سەر کەناری چەپی رووباری دیجلە و ٦٢٧م. بەرزەو چیای چوولەمێرگ لەو بەرزترێکەو دەکەوێتە لای راستی دیجلە(دەچڵ ـ دەچڵە) و زێی گەورە. هەرێمەکانی باشووری چیای تۆرۆسو کەنارەکانی لای چەپی دیجلە (بۆتان، خەرپوت، زێی سەروو، چیاکانی خۆرئاوای ئێران)کە نیشتمانی دێرینی کوردن.

زنجیرە چیاکانی زاگرۆسی باکوور و زاگرۆسی ناوەند: ئەم زنجیرانە کەوتوونەتە خاکی کوردستانەوە. زاگرۆسی باکوور لە باکوورەوە لەگەڵ چیاکانی باشووری گۆمی وان کە بریتین لە زنجیرەیەکی تۆرۆس و ئارارات ولەگەڵ رووباری گادەر و رووباری رەش (قەرەسوو)دا پەیوەستە، لە خۆرئاواشەوە بە رووباری لاوین (کلاس) و رووباری چۆمانەوە. لاوین و چۆمان زنجیرە چیاکانی زاگرۆسی باکوور لە چیاکانی کوردستانی باشوور جیا دەکەنەوە و لەگەڵ رووباری شلێر بەنێو شاخ و دۆڵ و دەشتەکانی هەڵەبجە، خورماڵ، پاوە، سەرپێڵی زەهاو درێژدەبنەوەو لەباشووری لای چیاکانی خوزستان دەڕژێنە کەنداوی فارس ـ عەرەب و گەرووی هورمز.(٣٩)

زاراوەی میسۆپۆتامیا یەکەمجار لە مێژوودا بابلییەکان بەکاریانهێنا بۆ وڵاتی نێوان دوو رووبارەکەی دیجلەو فورات و لە زمانی ئەوانەوە کەوتە سەر زاران و بە هەرێمی باکووری نێوان دوو رووبارەکەشیان دەوت Mitbritum زێدی ژیانو لانکەی شارستانییەتی هەرە دێرینی مرۆڤ دۆڵی دووڕووبارەکە، دۆڵی نیل و دۆڵی سەند لە چین دەگرێتەوە. شوێنەوارناسی ناسراو (ماکوان) هاوسەری رۆماننووسی مەزن خاتوو ئاچاثاکریستی دەڵێت: (شارستانێتی وڵاتی میسۆپۆتامیا و وڵاتی نیل لە سەردەمانێکی نێزیك لە یەکتری پەیدا بوونو گەشەیانکرد، بەڵام سێ جیاوازی سەرەکییان لە نێوانیاندایە، دۆڵی نیل یەك رووبارو یەك گەلو یەك بنەماڵە فەرمانڕەوابوون،بەپێچەوانەی میسۆپۆتامیاوە کەدوو رووبار و چەند نەتەوەیەك و چەند بنەماڵەیەك فەرمانڕەوا بوون، دواتریش بنەما کولتوورییەکانی شارستانێتی گریك لەسەر شارستانێتی ئەو دووانە دامەزرا). شارستانێتی میسۆپۆتامیا بە ئاستەم دەگەیشتە خۆرهەڵاتو باکووری خۆرهەڵاتی دۆڵەکە، کە کوردنشین بوو، زنجیرە چیا سەرکەشەکانی زاگرۆس و سەختێتی رێگەوبانەکانی هاتووچۆ و

دەربەندە دژوارەکانی پەڕینەوەش وەك رایات نیزیك رەواندز و بازیان و دەربەندیخان لەدەڤەری سلێمانی و دەربەندی خانەقین و سەرسەختیی و دەستوەشێنیی هۆزە چیانشینەکان باکووری دۆڵەکە (باشووری کوردستان)ی لە نێوەڕاستو باشووری دۆڵەکە (عێراقی عەرەب) دابڕیووە.

زنجیرە چیا بە نێوبانگەکانی کوردستان لە باکووردا زنجیرەکانی تۆرۆس (نێوان تورکیا و سووریا. ن.ك) وئاراراتە .ئارارات ٥٠٠،٢م. لە ئاستی دەریاوە بەرزە. لە باشووریشدا زنجیرە چیاکانی زاگرۆسە، بەشی هەرەزۆری کوردستانی باشوور دەکەوێتە باشووری تۆرۆس و خۆرئاوای زاگرۆسەوە. زنجیرەیەك لە چیاکانی تۆرۆس و ئارارات دەکەوێتە نێوان هەردوو گۆمی ورمیێ و گۆمی وان. زنجیرە چیاکانی زاگرۆس سێهەمین زنجیرە چیای کوردستانە و ئێران لە دەشتەکانی میسۆپۆتامیا (عێراق) جویێ دەکاتەوە. بڵندترین چیاکانی کوردستان، ئاراراتە. لوتکەی ئاگری بەرزترین لوتکەی چیاکەیەو ٥،١٣٧م.،لوتکەی رەشکوی چیای ئۆلۆدورۆك٤،١٣٥م.، چیلۆ ٤١١٦م.، سپییان ٤٠٥٨م.،ئوشترانکۆ ٤٠٥٠م.بەرزن .

لەو چیایانە نزمتر، ئاگریی بچووك ٣،٨٩٦م.، قەرەداغ ٣،٧٥٢م.، هەڵگورد٣،٦٠٧م.، شاهۆ ٣،٣٩٠م. بەرزەو ٥٥کم. درێژەو ١٠ ـ ١٥کم. پانە.، قەندیل ٣،٤٥٢م.،نەمروودداغ ٣،٠٠٠م.، لەم چیایانەش نزمتر بۆ نموونە چیای زۆزك ١،٨٢٦م.، بەمۆ ١،٨٢٨م.، برادۆست ١،٨٠٠م.،ئەزمیر ١،٧٠٢م.، سەرسیر١،٥٨٩م. و گۆیژە١،٥٢٤م. بەرزە. چیایی جودی (گۆتی)یش یەکێکە لە چیا هەرەنزمەکانی کوردستان و تەنها ٢٧،٦م. بڵندە، شاخی حەمرینیش یا راستتر بڵێین شاخۆلکەی حەمرین کە سنووری سروشتیی نێوان کوردستانی باشوور و عێراقی عەرەبە، لە خۆرئاوای مەندەلییەوە بەرەو باشووری رۆژئاوا درێژدەبێتەوە لە ناوچەی فەتحە کۆتایی دێت.[٤٠]

| وڵات | رووبەری کوردستان | کەس/کم[٢] | رێژەی کورد لە چاو هەموو دانیشتواندا | رێژەی دانیشتوانی کوردستان لەچاو هەمو دانیشتواندا | رووبەری کوردستان لەچاو رووبەی وڵاتەکەدا |
|---|---|---|---|---|---|
| تورکیا | ١٩٤٤٠٠ | ٢٦ | ٪١٨ | ٪١٩ | ٪٢٥ |
| ایران | ١٢٤٩٥٠ | ٢٨ | ٪١٦ | ٪١٧ | ٪٧.٥ |
| عێراق | ٧٢٠٠٠ | ٢٢ | ٪٢٢ | ٪٢٣ | ٪١٦ |
| سوریا | ١٨٣٠٠ | ٢١ | ٪١٠ | - | ٪١١ |

## چیرۆکەکانی تۆفان، کەشتیی نوح، گلگامش

داستانی تۆفانو کەشتییەکەی پەیامبەر نووح لە لایەنەکانی ئاین، مێژوو، جوگرافیا، کولتوورەوە پەیوەستن بە چەند بابەتێکی سەرەکی دوتوێی ئەم لاپەڕانەوە، جێگای خۆیەتی لێرەدا ئاوڕێکی سەرپێیان لێبدەینەوە. تۆفان، لافاو، ئاوهەستان بریتییە لە بەرزبوونەوەی ئاستی سروشتیی ئاو لە چەم و رووبار و گۆم و ئۆقیانووسەکاندا لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە سروشتیانەی بەسەر گەردووندا دێن جا

لەسەردەمەکانی کۆندا بێت وەك تۆفانو کەشتیی نووح یا لەم رۆژگارەدا بێت وەك رووداوەکانی سۆنامی.

گەلانی سۆمەر و ئەکەد، داستانەکانی گلگامش، بوونەوەر، تۆفانیان لەسەر بەردە نووسراوەکان و تەتەڵە قوڕەکان بە نووسینی بزماری تۆمارکردووەو پەیامبەر نووح بە (کیومرث) ناو دەبەن. مێژوونووسانی عەرەبیش لەو باوەڕەدان کیومرث نەوەی نووحە. وشەی کێومرث لە رووی زمانەوە پێدەچێت ناوێکی ئێرانی کۆن بێتو راستیەکەی کێومەرد بووبێت لە زمانی پەهلەوی کۆندا کە زمانی هەموو گەلانی ئێران و ریشەی زمانی فارسی وزمانی کوردیشە. پێدەچێت واتای وشەکە کیومەرد، کیومردن، چیای مەرگ یا کێوی مەردان، چیای پاڵەوان، رزگاکار بگەێنێت.

نووسینی بزماریی ٣,٥٠٠پز. پەیدابووە، یەکێك لە شا ناسراوەکانی دەوڵەتی ئاشوور، ئاشووربانیپاڵ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا ٦٣٩ ـ ٦٢٧پز. بۆ پاراستنی کولتووری کۆن کتێبخانەیەکی ناوازە پێکەوەدەنێت، هەر هەموو کتێبەکانیش بە نووسینی بزماری نووسرابوون.

لەو سەرچاوە کۆنانەی وڵاتی میسۆپۆتامیادا لە بارەی تۆفانەوە ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە کە خواوەندی شەڕو وێرانکاریی بڕیاردەدات ژیان (ئاوەدانی و زیندەوەر) لەسەر رووی زەوی نەهێڵێت، ئایائۆتۆتا بیشتووم رادەسپێرێت کەشتییەك دروست بکات، بیشتووم لە ماوەی حەوت رۆژدا کەشتییەکەی دروستکرد، کەسوکارو پێویستییەکانی ژیانو تۆوی رووەکەکانوجۆرەها ئاژەڵی لە کەشتییەکەدا کۆکردەوە، ئەمجا لە لایەن خواوەندەوە تاریکی باڵبەسەر شاری شروباك دەکێشێت، بارانێکی خوڕ دەبارێو بایەکی بەهێز هەڵدەکات، تەنوورەکە هەڵدەچێتو تۆفان زەوی دادەپۆشێتو دوای حەوت رۆژ کەشتییەکەش بەسەر چیای (نەصیر)ەوە دەگیرسێتەوە، بێشتووم کۆترێك دەنێرێت ئاخۆ ئاوەدانی ماوە، باڵندەکە وشکانییەك نادۆزێتەوەو دەگەڕێتەوە، ئەمجا باڵندەی سنۆتۆ دەنێرێت، ئەویش وشکانی نابینێت، بەڵام قەلەڕەش شوێنو خواردن دەدۆزێتەوەو ناگەڕێتەوە، ئەو نەگەڕانەوەیە نیشانەی رزگاربوون بوو.

سەرچاوەکانی هیند، چین، یۆنان و رۆمان رووداوێك لە شێوەی تۆفان دەگێڕنەوە لە گێڕانەوەی سەرچاوە بابلیو عیبرییەکان جیاوازە. لای هندۆسەکان (مانو) پاڵەوانی رووداوەکەیە و مرۆڤایەتی رزگار دەکات... ماسییەکی بچووك لە ترسی ماسییەکی گەورە پەنا دەباتە بەر سەرداری وڵات.. کە گەورە دەبێت دەیگێڕنەوە بۆ رووبارەکە، ئەویش لە پاداشتی ئەو چاکەیەدا، ورپایاندەکاتەوە بەو زووانە ئاو هەڵدەستێتو وشکانی دادەپۆشێت، پێویستە کەشتیەك ئامادە بکەن. لەم داستانەدا کەشتییەکە لە لوتکەی کێوی هەماوان لەنگەر دەگرێت، ماسییەکەش خۆی ئاشکرا دەکات کە (براهما)ی خواوەندی خولقاندنە.

ئاشکرایە ئەمانە هەمووی ئەفسانەی گەلانن، زاناکانی شوێنەوارناسیی، جیۆلۆجی هەتا ئێستا بەڵگەیەکیان نەدۆزیوەتەوە لەو سەردەمە هەرە دێرینانەدا تۆفان روویدابێت.

چیای جوودی(گودی) سەردەمی پەیامبەر نووح بەرزترین چیای هەرێمەکە بووەو هیچ لوتکەیەك لەو بەرزتر نەبووە، بەڵام (تەقینەوە مەزنەکە) سروشتێکی جیۆلۆجی نوێیان خولقاندووەو ئەو گۆڕانکارییانەی بە درێژایی سەردەمەکانیش بەسەر کەشو هەواو، پلەکانی گەرماو سەرمادا هاتووە گۆڕانکاریی گەورەی بەسە رووبەرەکانی ئاو، وشکانیی، چیا بەستەڵەکەکان، رووبەرەکان، دارستان و جەنگەڵ و لەوەڕگاکان،

چـیا و دۆڵ و پێدەشـتەکان و سەرچـاوەکانی ئـاو و بـەرز و نزمیـی ئاسـتی ئـاو لـە چـەم و رووبـار و ئۆقیانووسەکاندا بە دوواوە بووە. چیای جوودی ئەوکاتە بەرزترین چیای هەرێمەکە بوو، بـەڵام ئـەمڕۆ ئـەو چیایە کە دەکەوێتە نێوان کوردستانی باکوور و باشوورەوە، یەکێکە لە چیا نزمـەکانی کوردسـتان و تـەنها ٦٢٧م. لە ئاستی دەریاوە بەرزەو تەنانەت لە چیاکانی شەرناخ، بۆتان، شەمدینانو رەواندزیش نزمترە کـە بەسەر دەشتەکانی هەولێر و جزیرە و مووصڵدا دەڕوانن. دکتۆر موحەممەد رەشید ئەلفیل دەڵێت: توێژینەوە زانستییەکان لەوە دەدوێن لە سەردەمێکدا دارخورما لـە ئەشـکەوتی شـانەدەر ـ کوێسـتانەکانی باشـووری کوردستان رواوە لە کاتێکدا ئەو درەختە لـە شـوێنێکی وەك (عانـە) کـە دەکەوێتـە دەشـتە گەرمـەکانی عێراقەوە نەڕوواوە.(٤١) کەواتە لە کەشێکی گەرمای وەك ئەم ساڵانەی سەرەتای هەزارەی سێیەم، پلەکانی گەرما هێندە بەرز بووەتەوە بەستەڵەکەکان بتوێنێتەوەو بڕێکی یەکجار زۆر سەهۆڵو بەفری تەواوە بڕژێنـە ئۆقیانووسەکانەوەو ئاستی ئاو بە شێوەیەکی ترسناك بەرز بوتەوەو زیانی گەورەی بەسەرو ماڵی دانیشتوان گەیاندووەو بووە بە کارەساتێکی مێژوویی مەزنو نەوەکان بە دوای یەکتردا، دەماو دەم گێراویانەتەوە و لە ماوەی ئەو چـەند هـەزار سـاڵەدا گێڕانـەوەکانیش هـەزاران گۆڕانکارییـان بەسـەرهاتووەو تـرس و ئـاین و خۆشەویسی و رق و خواستەکانی مرۆڤ و جۆرەها فاکتەری دیکەی سروشتەکانی مرۆڤی تێکەڵبووە.

بۆچوونی گەلانی مسوڵمان لەمەڕ تۆفان، لە دەقەکانی قورئانی پیرۆزەوە سەرچـاوەی گرتـووە کـە چـەند جارێك و لە چەند شوێنێکدا چیرۆکی رووداوی تۆفانەکەو کەشتی نووح بەمجۆرە دەگێڕێتەوە: گەلەکەی نووح گوێ نادەنە پەیامو ئامۆژگارییەکانی نووح و هاوبیرەکـانی، بۆیـە نـووح بـە دەسـتکورتی و بێهـزی خـۆیو هاوبیرەکانییەوە بە دڵشکاویی و ئازارو ناڵینەوە لە یـەزدان دەپاڕێتـەوە بـۆ بـەرەنگاریکردنی ئـەو دوژمنـە سەرسەختانە یارمەتی بدات. یەزدان بڕیاری سزایەکی قورس دەدات بەسـەر بێبـاوەڕە زۆردارەکانـدا، ئـاوی رووبارەکـان هەڵچـنو پەیامبـەر و هاوبیرەکـانی رزگـار بکـاتو ئەوانیدیکـە نغـرۆی ژێـر ئـاو بکـاتو لـە ناویانبەرێت.(٤٢)

وەك لە دەقەکانی قورئانی پیرۆزدا دەردەکەوێتو جێگەی گومانو مشـتومڕ ناهێڵێتـەوە، کەشـتییەکەی نووح بە خۆی و سەرنشینەکانییەوە، مرۆڤـو گیانلەبەری چوارپێ، دووپـێ، خشـۆك، شـیردەرو هێلکـەکار، بەسەر چیای جوودی (گۆدی ـ گۆتی)یەوە گیرساوەتەوە کە ئێستا دەکەوێتە باکووری کوردسـتان، بـەڵام لـە تەوراتدا هەمان کەشتی لەسەر لوتکەی ئارارات لەنگەری گرتووە. ناوەکانی (ئارارات، ئـەوراتۆ، هـۆراردا، ئاهۆرائرتا واتای ئاگری یەزدان دەبەخشن. ئەو چـیایانەش یەکـەمین نیشـتمانی نەتـەوە ئارییـەکانو چـیای بورکان هـەڵگرن، هـەر بـەو هۆیەشـەوە زۆر جـار رووداوی زەویهـەژێن ـ بومەلـەرزە روو دەدەن و لوتکـەی ئاراراتیش ناسراوە بە لوتکەی ئاگری و لە دەمی ئـەو لوتکەیـەوە ئـاگری پـەنگخواردووی هـەناوی چـیاکە سەرڕێژ بووەو سەریکردووەو سێڵاوی رووباری ئاگری سوور و بـەرد و کـانزا تواوەکـانی فڕێداوەتـە دەرەوە. زنجیرە چیاکانی ئارارات لە رووسیاوە بە خۆرهەڵاتی کوردستاندا تێدەپەڕێتو دەگاتە بـاکووری کوردسـتان، ئاگری بەرزترین لوتکەی ئاراراتەو ٥،٢٠٠ مەتر لە ئاستی رووی دەریاوە بەرزە. بە پێی دەقەکانی قورئانو تەورات کەشتییەکەی پەیامبەر نووح لە بەرزاییەکانی کوردستان گیرساوەتەوەو لەنگەری گرتووەو مرۆڤـو

گیاندارەکانیش رزگاربوونو ژیان سەرلەنوێ ژیاوەتەوە وبەردەوامییان بە رەچەڵەکی مرۆڤ و ئاوەدانی داوە.دەقەکانی قورئانی پیرۆز لەمەڕ کەشتی نووح: (حَتَّى إِذَا جَاء أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ)(٤٣) یەزدان بە نووح پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: کە فەرمانماندا و تەنوورەکە هەڵچوو ـ تەقییەوە، لە هەموو جۆرە گیانلەبەرێك نێرو مێیەك هەڵگرە. (وَقَالَ ارْكَبُواْ فِيهَا بِسْمِ اللّهِ مَجْرَاهَا وَمُرْسَاهَا)(٤٤) سواری کەشتییەکە بن کە بە ناوی یەزدانەوە دەڕواتو لەنگەر دەگرێت. (وَقُل رَّبِّ أَنزِلْنِي مُنزَلاً مُّبَارَكاً)(٤٥) بلێ خودایە لە شوێنێکی پیرۆز دامبەزێنە. (فَإِذَا اسْتَوَيْتَ أَنتَ وَمَن مَّعَكَ عَلَى الْفُلْكِ فَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي نَجَّانَا مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ)(٤٦) کە لە کەشتییەکەدا جێگیر بوون سوپاسی ئەو یەزدانە بکە لە زۆردارەکان رزگاریکردن. (وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءكِ وَيَا سَمَاء أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاء وَقُضِيَ الأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ)(٤٧) بە زەوی وترا ئاوەکەت هەڵلوشە و ئاسمان تۆش باران رابگرە، ئاو سەرڕێژی کردو کارەکە تەواوبوو، گومڕاکان لە نێوچوون کەشتییەکەش لەسەر چیای جوودی گیرسایەوە.

فەخری سلاحشور دەڵێت: لە شاری جزیرەو بۆتان، مزگەوتێکی بینیوە کە پیاوچاکێکی تێدا نێژراوە. دانیشتوانی شارەکە باوەڕیان وەهایە ئەوە گۆڕی حەزرەتی نووح بێت. نەوەو وەچەکانی نووح دوو بەرەبابیان لێکەوتەوە، بەرەبابی (عاد)و بەرەبابی (ثەمود)، ٣،٠٠٠ ساڵێك بەر لە مەسیح، یەزدان پەیامبەر صالح دەنێریت بۆ رێنماییکردنی (ثەمود)ەکان. مامۆستا (رشید عبدالرحمن) نووسەری مێژووی زاگرۆس دەڵێت (ئەو (صالح)ەپەیامبەرە، پەیامبەری کورد زەردەشتە. هەروەها دەڵێت ئەوەشم بەرچاوکەوتووە، نووح، نازناوە).(٤٨) پێدەچێت مامۆستا رەشید لەو شوێنەدا، ئەوەی بەسەردا تێپەڕیبێت کە یەزدان بۆ هەر میللەتێك پەیامبەرێکی بەزمانی خۆیان بۆ ناردوون، وشەی (نووح) لە زمانی عەرەبیدا چاوگی کرداری (ناحَ، ینوحُ)ە بە مانای گریان، ناڵاندن، کڕووزانەوە، بێزاری و نائومێدی دەربڕین،دڵبرینداری...گۆرانیبێژی ناسراوی عەرەب هونەرمەند نازم غەزالیی بەدەنگە بەسۆزەکەی دەچڕێنێت:

(اقولُ وقد ناحَت بقربی حمامَةٌ أیا جارَتا، لَو تشعرین بحالي)

کۆترێك لە پەنامدا دەیگماند، وتم هاوسێ،گەر دەزانیت چەند پەرێشانم.

بەو پێیە،لە ئەنجامی هاوارو ناڵینی ئەو پەیامبەرە (صالحە) لە دەست جەور و ستەمی گومڕاکان، نازناوی (نووح)ی بەسەردا بڕابێت، دەبێت نووح عەرەب بێت نەك زەردەشتی پەیامبەری کورد. پێویستە ئەوەش پشتراستبکەینەوە کەزەردەشت نێردراوی یەزدان نەبوو، پەیامێکی ئاسمانیشی پێنەدرابوو بەڵکو زانایەکی خواناس بوو، گەیشتبووە ئەو راستییەی کەیەزدانی مەزن تاکوتەنیایە و وینەو هاوتاو هاوشێوەی نییەو نابێت . زەردەشت وەك خێرخوازێك خۆی تەرخانکرد بۆ کاری تێرامان و چاکسازیی کۆمەڵایەتی . لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئەو جیاوازییەی قورئانو تەورات لە هەردوو چیای جوودیو ئاراراتدا چیە؟ وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کەشتی نووح بە خۆی و سەرنشینەکانییەوە بە مرۆڤو گیانلەبەری چوارپێو خشۆك بەسەر لوتکەی جوودی (گۆتی)یەوە گیرسایەوە لە کوردستانی باکوور، بەڵام لە تەوراتەکەی مووسادا، لەسەر چیای ئارارات گیرساوەتەوەو لەنگەری گرتووە.(٤٩) زانایەکی سروشتناسی بەریتانیایی ساڵی ٢٠٠٨ نموونەیەکی کەشتییەکەی نووحی درووستکردو وەك مۆزەخانەیەك وهەمانکات وەك

باخچەیەکی ئاژەڵ لە کەناری رووبارێکی هۆڵەندە لەنگەری گرتووەو تەماشاکاران دەچنە بینینی.
ناوەکانی ئارارات، ئەوراتۆ، هۆراردا، ئاهۆرائۆتا مانای ئاگری یەزدان یا ئاگری پیرۆز کە ئاریەکان پەرستوویانەو هەرێمەکەش بە ناوچەیەکی زەوی هەژێن دادەنرێت، باوکی پەیامبەرانو هاودەمی یەزدان (خلیل الله) حەزرەتی ئیبراهیم(د.خ) دوو کوڕی هەبوو ئیسماعیل و ئیسحاق. پەیامبەری موسڵمانان لە وەچەی ئیسماعیلە. مووسا، داود، عیسا دەچنەوە سەر ئیسحاقو هەمووشیان پەیڕەوی پەیامەکەی ئیبراهیمان دەکرد هەتا ئەو کاتەی مووسا تەورات و داوود زەبوور و عیسا ئینجیل و موحەممەد قورئانیان بۆ هات. یەزدان لەو روانگەیەوە بە پەیامبەری ئیسلام دەڵێت: ئەی موحەممەد تۆ لەسەر ئاینی ئیبراهیمت کە باپیرە گەورەتە (انت فی دینِ ابائكَ ابراهیم).

## کوردو یەزدانپەرستیی ـ ئاینو ئاینزاکان لە کوردستاندا

نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژووە دێرینەکەی بتپەرست نەبووەو رۆژێك لە رۆژان لەبەردەم بتێکدا نەپاڕاوەتەوە، هەزار ساڵێك کەمتریش بەرلە هاتنی عیسای یەسووع (عیسای کوڕی مریەم)و چوار سەد ساڵێکیش بەر لە سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام، کوردو گەلانی ئێرانو ناوچەی ئازەربایجانو دەوروپشتی زاگرۆس زەردەشتیی بوونو پەیڕەویی پەڕاوی پیرۆزی ئاڤێستایان دەکردو کوردیش خاوەنی ئاینەکە بوو کە ئاینی پەیڕەوکراوی فەرمیی دەوڵەتی ماد ـ میدیا ٦٧٠ ـ ٥٢٠پز. بوو[٥٠]. دوای رووخاندنی مادیش، کۆرش ٥٤٩ ـ ٤٨٦پز. دەوڵەتی ئەخەمەنی ٥٢٩ ـ ٣٣٠پز. دادەمەزرێنێتو دەبێتە میراتگری دەوڵەتی مادو ئاینی زەردەشتیی و لە پەنا زمانی پەهلەویدا (پەهلەوی کۆن) دەبنە زمانو ئاینی فەرمیی وڵاتو هەرهەموو گەلانی ئێران (ئێرانیی)و دانیشتوانی ئازەربایجانو چیای زاگرۆس، ئەو زمانەش زمانی ئاخاوتنی هەرهەمووئەو گەلانە بوو نەك بە تەنهاگەلی فارس.[٥١]

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا روونو ئاشکرا دیارە نەتەوەی خاوەن ئاین هەمیشە سەردەستو فەرمانڕەوا بووە مەگەر دەگمەن بووبێتە ژێردەست، کەچی ئەو دەگمەنە بەر کورد دەکەوێتو دەبێتە نەتەوەی بندەستی فارسو خاوەنداریێتیی ئاینەکەشی لە دەست دەردەهێنێنو لەوکاتەوە کورد رۆژ بە رۆژ قوڵترو دژوارتر دەچەقێتە زۆنگاوی ژێر چەپۆکی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی، دواتریش هێرشەکانی عەرەبە خێڵەکییەکانی دۆرگەی عەرەب لە ژێر ئاڵای ئەڵڵاهو ئەکبەرو بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلامدا گەیشتنە کوردستان و ناوچەکە و سەرلەشکرێکی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب،فەرمانداری لەشکر، فەرقەد ٢٢ك/٦٠٣ز. شاری هەولێر داگیر دەکاتو گەلی کوردیش بە گشتی لەدوای فەرمانڕەوایی چوار خەلیفەکەی ئیسلام ئیتر دەکەوێتە بەر چەوساندنەوەی ئاینییو نەتەوەیی.

## ئاینە سنکریستەکان

نیشتیمانی کورد مەڵبەندی مێژوویی و لانکەی سەرهەڵدانی ئاینە سنکریستەکانە و کورد خاوەنی ئاینی خۆی بووە کە زەردەشت بە زمانی کوردی پێیڕاگەیاندوونو ئاینی فەرمیی دەوڵەتی ماد و ئەخەمەنی و ساسانیش بووە. جگە لە زەردەشتیی چەندین ئاین لە کوردستاندا هەبوونو هەمووشیان دەچوونە سەر تێکەڵاو بوونی ئاینە کۆنەکانی گەلانی زاگرۆس، بابل، یۆنان، وەك:

**١ـ ئاینی میترایی:** میترا خواوەندی گەلانی هندۆئێرانییە، لەسەر بنەمای گیان ـ رەوان (ڕۆح) پەرستی دامەزراوە[٥٢]. میترا لە ئاڤێستادا خواوەندی رووناکیو راستییەو دوژمنی درۆو تاوانە، سزای ئەو کەسانە دەدات لە راستی و دەست پاکی لادەدەنو بەدرۆ سوێند دەخۆن. وشەی میترا لە یەکەم سەدەی دوای عیساوە بە میهر ـ خواوەندی خۆر ناودەبرا[٥٣]. دوای ئەوەی کۆرشی مەزن ٥٣٩پ.ز. بابل دەگرێت لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی زانستە ئاینییەکانی هەردوولادا، ئاهۆرامزدا دەبێتە یەکەمین خواوەندی هیندوئێرانیەکان. دوای داگیرکردنی کوردستانو ئێرانیش لە لایەن ئەسکەندەرەوە، ئاهۆرامزدا تێکەڵ خواوەندەکانی یۆنان دەبێتو وەك خواوەندی زیوس دەخوێنرێتەوە[٥٤]. فەلەکەدین کاکەیی مەڵۆیەکی چاك زانیاری نوێی لەمبارەیەوە خستۆتە بەردەست ( میترا ـ میتراییزم ـ میتراپەروەری ـ میهرو میهرەبانی، دیانەت نییە بەڵکو فەرهەنگێکی هەرە کۆنە، لەگەڵ رۆژگاردا رچەی ئاینی وەرگرتووە ولەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە . رەگو ریشەی میترایی کەموزۆر لەئاینەکانی وەك هیندۆسی، بوودایی، زەردەشتی، مەزدەکی، یەهوودی، مەسیحی، ئیسلام و ئاینزاو تەریقەتەکاندا ماوەتەوە .میترایی فەرهەنگی ئەسلی(بنچینەیی، سەرەکی.ن.ك.) میلەتی هیندۆئارییەکانە کەهاتوون لەکوردستان و ئێران ژیاون و دوواتر بوونەتە دووبەش، بەشێکیان چۆتە هیندستان وعەقیدەی هیندۆسسان دروستکرد، یاعەقیدەی ڤیدا( مەعریفەت ) وبەشێکیان ماوەتەوە کە بریتیبوون لە فارس لەگەڵ ماد ـ میدیا ـ میدین کەنەژادی کوردن . زەردەشت لەناو مادەکاندا دەردەکەوێت و ئاڤێستا دادەنێت، لەزۆر جێگەدا دەڵێت بەئەقڵ خوام ناسیوە و دۆزیوەتەوە و ئاڤێستام بەبیرکردنەوە داناوە . میترا پێکهاتەیەکی گرنگی ( ئاوێستا یا ئائێستا ) یە.)بروانە فەلەکەدین کاکەیی و کورتەیەکی فەرهەنگی میترایی،رۆژنامەی هەولێر ژمارە/١٣٤١ رۆژی ٢٠١٢/٥/٢٢ لاپەڕە١٤.

**٢ـ ئاینی مانۆیی: لەسەر بنچینەی رووناکیو گیان( رۆح )دامەزراوە.**

بیروبۆچوونی دانیشتوانی میسۆپۆتامیا ـ نێوان دوو رووبارەکەش لەمەڕ لەشگۆڕکێی گیان (تەناسوخی ئەرواح) کە بریتییە لەو باوەڕەی کە دووای مردن، گیان لە لاشە دەردەچێتو دەچێتە لاشەیەکی دیکەوە. دیارە ئەو دەمانەش ئاینی دیان ـ عیسایی و جوولەکە ـ مووسایی کەموو زۆر لە ناوچەکەدا هەبوون. پرۆفیسۆر جەمال نەبەز دەڵێت: ئەو کۆمەڵە ئاینەی لە کوردستاندا هەبوون میسۆلۆژیای سنکریستی یان پێکهێنا کە ئاوێتەبوونی بنەماو تێڕوانینو بۆچوونی جیاوازو لە یەکچووەکانی ئەو ئاینانەیە و کاتێك دەتوانین دروست تێیانبگەین کە هەموویان بەسەر یەکەوەو لە شێوەی ئاوێتەبوونەکەیاندا بیخوێنینەوە وەك ئاینێکی نویێ لەسەر بنەمای تاكو تەنهایی یەزدان کە خولقێنەرو بەڕێوەبەری گەردوونە، بەڵام یەزدان راستەوخۆ گەردوون بەڕێوە نابات بەڵکو هەرکارێك یا کۆمەڵە کارێکی هاوشێوەی سپاردووە بە یەکێك لە نێزیکترین حەوت فریشتەکانی ئاسمانو سەرۆکی ئەو فریشتە کارگێڕانەش لای یەزدییەکان بە (مەلەك تاوس) و لای کاکەییەکان بە (پیر بنیامین) و لای عەلەوییەکان (پیر ئەلیاس) و لای شەبەك بە (پیر سمایل) ناو دەبرێن[٥٥].

مارۆنیەکانیش هەر سەربەو ئاینە میترانیانەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا عیسایینو لەگەڵ ئاینزای سوننەی

ئیسلامیدا کۆکن‌و لەگەڵ ئاینزای شیعەدا ناکۆکن‌و ناحەزن‌و هەر بەتەنها خۆشیان بە خاوەنی سەر زەمینی لوبنان دەزانن! ئاینە ئاوێتەکەی (سنکریستی) میترایی وەك چەپکە گوڵێکی رەنگاو رەنگ هەر چڵەو رەنگ‌و شێوەو بۆنی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بەتەنها ناتوانێت چەپك و شەبەنگە بەرۆژو تەلیسمی بۆنە جیاوازەکان بخەملێنێت.

## ٣ـ ئاینی یێزدی ـ ئیزدی

ئاینی یێزدی لە چیاکانی شەنگاڵ (پەرستگای پیاوچاك یا پیرۆز) سەریهەڵداوەو ئەو دەڤەرە هەتا ئەمڕۆش مەڵبەندی سەرەکی ییزدیەکانی جیهانە لە باکوور و باشووری کوردستان و باکووری سووریا و خۆرهەڵاتی ئەنەدۆڵ. بەشێك لە ترادیسیۆنەکانی ئاینەکە دەگەرێتەوە بۆ چوار هەزار ساڵ بەر لە عیساو هەتا دەرکەوتنی شێخ عەدی (شێخادی) کوڕی موسافیری ئومەوی کە سەدەی یازدەی عیسایی لە لوبنانەوە هاتۆتە بەغداو لەوێشەوە هاتۆتە باشووری کوردستان‌و لە (لالش) دەگیرسێتەوەو دواتریش بۆ خەڵوەتنشینی و خواپەرستی روو دەکاتە چۆڵەوانییەکانی باکووری خۆرهەڵاتی مووصڵ‌و هەر لەوێش مردووە[٥٦].

## پەڕاوە پیرۆزەکانی ییزدی

ییزدیەکان لەسەر رێوشوێنی دوو پەڕاوی ئاینی تایبەت بەخۆیان کاروباری ئاینیی بەڕێوە دەبەن، یەکەمیان پەڕاوی رەش‌و دووەمیان جلوە (سروش ـ وەحی)، کۆمەڵێك دەقی پیرۆزیشیان هەیە بە نێوی وتەکان ـ فەرموودەکان (ئەقوال)و هەر هەمووشیان بە زمانی کوردی نووسراون‌و دەستنیشانی پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگا دەکات‌و بە وردیش پەیڕەو دەکرێن. دەقی وتەکان لای یێزدی وەك فەرموودەکانی پەیامبەر لای موسڵمانان پیرۆزە.

## هێڵە درشتەکانی ئاینەکە

ئاینی یێزدی‌و ئاینە ئاوێتەکانی دیکەش باوەڕیان بە ئەهریمەن (شەیتان) نییە، دەڵێن لە ناخی هەر مرۆڤێکدا ئەهریمەنێك خۆی مەڵاسداوە. پرۆفیسۆر جەمال نەبەز دەڵێت: وشەی شەیتان ـ شەیطان لە زمانی عەرەبیدا لە وشەی (ساتان)ی عیبرییەوە وەرگیراوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا وشەیەکی لێکدراوە، شاـ فریشتە+ تەن ـ لەش، فریشتەی لەش.[٥٧] شەیتان لای ییزدییان پیرۆزە، هەر کەسێك لەبەرچاوییان نەفرەت لە شەیتان بکات، کەسەکە دەکوژن یا خۆیان دەکوژن! شەیتان فریشتەی هەرە نیزیکی یەزدان‌و سەرۆکی فریشتەکانە. دەڵێن یێزدییەکان ماسی، بامیێ، فاصۆلیا، کەلەرم و کاهوو ناخۆن! جا ئاینەکەیان نەفرەتی لێکردوون یا بۆ مەبەستێك و لە قۆناغێکی دیاری کراودا نەخواردنی ئەو شتانەیان کردبێتە بیانوو وەك خۆدزینەوە لە سەربازیی بۆ تورك. ئاینی یێزدی رێگە بە پیاوان نادات دوو ژنی هەبێت، کە دەستبەرداری هاوسەرەکەشی دەبێت هەرگیز ناشێت دووبارە مارەی بکاتەوە، ژن‌و ژنخوازیش لەگەڵ بێگانەدا ناکەن، هەر بەو هۆیەشەوە کۆڵەمەنە عوسمانییەکان رقیان لێدەبوونەوەو پەرستگاکانیان داخستن.

ئاینی یێزدی ئاوێتەیەکی بیروباوەڕە دێرینەکانی سەردەمانی سۆمەر، ئەکەد، ئاشوور، یۆنان و دواتر فەلسەفەی ئیسلامیشی تێکەڵ‌و بوو بەهۆی تێگەیشتنی مانا شاردراوەکانی ئایەتەکانی قورئانەوە. ئەوانە

هەمووی لە بیروبۆچوونەکانی شێخ عەدی کوڕی موسافیر ۱۰۷۳ـ ۱۲٤٦ز ڕەنگیدایەوە و وەك ئاینێك لە دەڤەری شێخانو چیاکانی شەنگاڵ بڵاو دەبێتەوەو لەوێوە دەگاتە ناوچە نێزیکەکانی وەك جزیر و بۆتان و وان و بتلیس و هەندێك لە باوەڕپێکراوە دڵسۆزەکانی شێخ عەدی بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینەکە گەیشتنە سووریاو میصرو بە پێڕەوکارانی عەدەوییە ناسران. ئەوانەی کوردستان زۆر بە نهێنی کاریان دەکردو بۆ خۆپاراستن پەیوەندییان لەگەڵ ئیسلامدا نەپچڕاند. یێزدی ـ ئێزدی لە ناوی پیرۆزی یێزد ـ یەزد ـ خوداوە هاتووەو ڕەچەڵەکی خۆیان دەبنە سەر میران کوڕی پەیامبەر نووح. پیرۆزترین پیرۆزییەکانی یێزدی پەڕاوی ڕەش (مەسحەف ڕەش)، مەزارگەی شێخ عەدی لە ئەشکەوتێکی دامێنی چیایی لالەش، کانی سپی، دار هەنجیرەکەی نیزیك بەعشیقە کە ناسراوە بە (خاتوو نەفیسە).(٥٨)

تۆفیق وەهبی دەڵێت مەسحەفی ڕەش پیرۆزترین پەڕاوی یێزیدیانەو وشەی ڕەش لەوێدا مانای هێزی تۆڵەسێن! ناوەڕۆکی پەڕاوەکەش ڕوونکردنەوەی بیروڕا جیاوازەکانی بنچینەکانی فەلسەفەی خولْقاندووە. لە ڕۆژی یەکەمدا (ڕۆژی خۆر) تاووسە مەلیکەی خولْقاند کە ڕابەری فریشتەکانەو لە نووری خۆی خولْقاندی وەك چیلکە دارێك بە گڕی مەشخەڵێك دابگیرسێت. ئینجا فریشتەکانی هەیڤ، ئاو و باران، دەریاکان، با، درەخت و گژوگیا و گوڵ دروست دەکاتو دوای ئەوانە ئاسمان و زەوی دروست کردووە. لێرەدا ناوەکانی ئەو حەوت ڕۆژە لە ناوەکانی حەوت ڕۆژەکانی هەفتەی لاتینی دەچێت وەك یەکەم ڕۆژو دووەم ڕۆژی هەفتە لای ئینگلیزو ئاڵمان Sonntag ڕۆژی خۆر ـ یەکشەمە، mondtag ڕۆژی هەیڤ ـ دوشەمە.

یێزدییەکان هەوڵیاندەدا پەڕاوی جیلوە بەو مانایەی پڕشنگدانەوەی ڕووناکی یەزدانە لە بوونەوەردا جێگەی قورئانی پیرۆزو مەزارگەی شێخ عودەی، جێگەی مەککە و گۆڕی پەیامبەر موحەممەدو، کانی سپی جێگەی بیری زەمزەم بگرێتەوە لە دەروونی پێڕەوکارانی ئاینەکەدا.

یێزیدی باوەڕیان بە نەمریی مەلەکە طاووس هەیە وەك چۆن باوەڕی شیعەکان بە موحەممەدی مەهدی و ئاهورا مازدا لای زەردەشتی و میترایيەکان و لەو ڕووەوە دەڵێن (هەموو هەزار صاڵێك فریشتەیەك لە ئاسمانەوە دادەبەزێت بۆ ڕێکخستنەوەی یاساکانو دەگەڕێتەوە ئاسمانو میرانی کوڕی نووح یەکێکە لەو فریشتانە. ئەو باوەڕە لای شیعەکان لە خاوەنی سەردەمەکان (صاحب الزمان) و لای ئیسماعیلییەکان لە خواوەندی سەردەمەکاندا (رب الزمان) و لای زەردەشتییەکانیش لە یەکێك لە کوڕەکانی زەردەشتدا خۆی دەنوێنێت)(٥٩).

## جەژنەکانی یێزدییەکان

١ـ گەورەترین جەژنی یێزدی جەژنێکە بە نێوی شێوی یەزدانی و دەکەوێتە ڕۆژانی ٢٣ـ ٣٠/ ٩ هەر بە نێوی **خوانی خواوەند** (العشاء الرَّباني) ی کریستەکانەوە ناونراوە. لەو جەژنانەدا بیست پیاوی ئاینیی لەسەر ئاوازی دەفو زوڕنا بە دەوری مۆمێکی گەورەدا دەخولێنەوەو نزاو پاڕانەوە لە یەزدان دەدەن بە گوێی ئامادەبواندا و ئەوانیش دووبارەیان دەکەنەوە. یەکەمین بێگانە هاوبەشی ئەو ئاهەنگەی کردووە (لا بارد)ی ئەوروپاییە.(٦٠)

هەر لێرەدا دەڵێت: بەڵام سروت ودابونەریتی ئاینیی(تقووس)ی نهێنیشیان هەیە(جماعی ـ عین الجمع)

پێدەڵێنو بە ئامادەبوونی یەزدان یا (معبـودات) پەرسـتراوەکان بـەڕێوە دەچێت! حـەوت مەشـخەڵ هـەرە گەورەکەیان هێمای مەلەکە تاووسەو لە نێوەڕاستدایەو ئەوانیدیکە هێماکانی خواوەنـدەکانو خولانەنـەوەی ئەستێرەکانن بە دەوری زەویدا. پیرەوکارانی ئاینزای بەکداش وەك هێما بۆ یەزدان، محەمەد، عەلی (ژیری، جوانی، سەروەری) سیّ مۆمدان دادەنێن، ئـەوەی نێوەڕاسـت گەورەترینـەو دوازدە نیشانەشـی پێوەیـە وەك هێما بۆ دوازدە ئیمامەکە، یاخود بۆ دوازدە بورجەکەی ساڵ. یەزیدی بەردەوام بەڵگەیەکی لە خەیاڵدایـە، رۆژانە بەیانیو ئێوارە ماچی دەکات، بریتیە لـە دەنکـە تـەزبیحێکی گـەورە لـە خـۆڵی مەزارەکـەی شـێخ عەدیو بـە ئـاوی کـانی سـپی شـێلراوو دروسـت دەکرێـت و لـە کـاتی حەجدا دەفرۆشـێتو بـە (بـەرات) ناودەبرێت. یەزیدی کۆرپەی ساوا، سێجار لە دەفرێکـی پـڕ لـە ئـاوی کـانیی سـپی هەڵدەکێشـن، ئـەوەش چاولێکەریی (تەعمید)ی کریستیانەکانە.

**٢ـ جەژنی چل میران:**

ئەو چل میرە هاوڕێ و هاودەمی شێخ عەدی بوونو هەرە دڵسۆزو هەڵبژێردراویان شانازیی هەموویانـەو بە (فەخری میران) ناودەبرێت. وەهیردوو بۆچوونی سەرنجراکێش دەردەبڕێتو دەڵێت: زانیارییەکی ئەوتۆ لـە بەردەسـتدانییە ئـەو بۆچـوونە پووچـەڵ بکاتـەوە کـە یەزیدیـەکان، یەزیـدی کـوڕی موعاویـە بـە خواوەنـد دەناسن[٦١]، ئەوە لە بارەی ساغکردنەوەی ناوی یێزدییەکانەوە، ئایا لە یەزد ـ ییزد ـ یەزدانەوە هاتووە یـا لـە نـاوی یەزیـدی کـوڕی موعاوییـەوە. بـەڵام لـە بـارەی تۆمـەتی شەیتانپەرسـتی یێزدییـەوە دەڵێـت: توێژەرەوەکان بێئەوەی بەڵگەیان بەدەستەوە بێت دەڵێن شەیتان پەرستن!.

تۆفیق وەهبی دەچێتە قوڵایی باسەکەو یەکلاییکردنەوەی و دەڵێت: ئەگەر (یەزیدی)یەکان شەیتانپەرست بوونایە، نەیاندەشاردەوە وەك چۆن نایشارنەوە شێخ عودەی بە خواوەند دەزانن‌و بەو هۆیەوە یەزیـدی کـوڕی معاویە لە هێرشی مەغۆلەکان بۆ سەر چیاکانی سنجار پارێزگـاریکردوون، ئـەویش بـە خواوەنـد دەزانـن!! هەروەها دەڵێت: دوژمنانی یەزیدی شەیتانپەرسـتی دەکەنـە بەڵگـەی کـوفر دژیـان، هـەروەك چـۆن لەگـەڵ کاکەییو قزڵباشەکاندا هەمان تۆمەتی کوفرو خوانەناسیان بەکارهێنا. ئەو تۆمەتە هەڵبەستراوو مەبەستی دیکەیان لە پشتەوە بووە ئەگەر نا، بەر لە سەدەی ١٨ز بۆ کافرنەبوون؟ (دوا فەتوا، دژی یەزیـدی دراوەتـە پاڵ شێخولئیسلام ئەبی سـعوودی عیمـادی ١٤٩٠ــ ١٥٧٩ز. بـەڵام عیمـادی ئەوەنـدە نـەزان نییـە)،[٦٢] شەرەفخانی بتلیسیش لە شەرەفنامەدا باس لە شەیتانپەرستی یەزیدی نەکردووە تەنها بە ( نەحسو قەبیح ) ناویاندەبات. گەریدەی عوسمانی، ئەولیاچەلەبی ساڵی ١٦٥٤ هاتۆتە سنجارو تاوانباری کـردوون، بـەڵام نەك بە شەیتانپەرستی. زانای کوردیش شێخ عەبدیللای ربتەکی لە نێزیك ئەوانەوە ژیاوەو لە زمان ئەوەوە تاوانبارکراون، ئەو تاوانانەش شەیتانپەرستی تێدا نییە[٦٣]. کۆنسـوڵی رووسـیا، یـو.س. کارتشـۆڤ صـاڵی ١٨٨٤ باسێکی لەسەر (یەزیدیەکان) نووسیوە لەو بەشانەی کتێبی جیلوە، کە وەریگێراونەتە سەر زمانی رووسـی و لێکدانەوەیـەکی دوورو نێزیکـی نـاوەڕۆکی کتێبـی دووەمـی یێزدییـەکان (مەسـحەفی رەش)ی کردووە، گومانی لە راستیو دروستی هیچکامیان نییە.[٦٤] پەڕاوی جیلوە بەرهـەمی شـێخ عەدییـە و لـە سـەدەی دوازدەدا ژیـاوەو صـاڵی ١٤١٥ز مـەزارو گۆڕەکـەی تێکـدراوە. لـە بـارەی مەلەکـە تاووسـیش

ئەفسانەیەك هەیە لە خۆی باییبووەو گوێی بەفەرمانەکانی خولقێنەرەکەی نەداوە و خۆی سەربەخۆ کردووە.[٦٥] صاڵی ١٨٩٥ ئۆبار، یەکێکە لە مژدەهێنەرەکانی بەریتانیا بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی عیسایی، هەردوو کتێبی جیلوەو مەسحەفی رەش بڵاو دەکاتەوە. ئەنستاس ماری تێکستە عەرەبیو کوردییەکەی پێکەوە بڵاوکردەوە.

ئا.ماری بە هۆی (دەمچەورکردنی. ن.ك) پاسەوانی پەرستگاکەوە دەستیدەگاتە ئەو تێکستە ئۆرجیناڵەی لە سندوقێکدا لە پەرستگای چیای سنجار هەڵگیرا بوو، لە ماوەی دوو ساڵدا شێوە نووسی دەکات.(هـ.پاری) صاڵ ١٨٩٥ شەش مانگ لە دێرێك" کەنیسەیەکی" ئاشوورییەکاندا گەڕاوە. عیسا یووسف تێکستە یێزدییەکانی لە گۆڤاری ئەمەریکای زمانە سامییەکاندا لە ١٩٠٩دا بڵاوکردەوە[٦٦].

تۆفیق وەهبی هەروەها دەڵێت: شەیتانپەرستیی وەك ئاینێکی سەربەخۆ لە ژێر پەردەی زەردەشتیدا بەشێوەیەکی نهێنی هەتا سەردەمی هاتنی ئیسلام لە ئارادابوو،کە بنچینەکەی دێوو جنۆکەپەرستیی و جادوگەریی و بەرەڵڵاییە. تۆفیق وەهبی دان بەوەدا دەنێت یێزدی کوردن و پێڕەوی ئاینی هندو ئێران بون و هەتا دەرکەوتنی زەردەشت لە نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی زایندا هەر پێڕەوی ئەوئاینەیان کردبێت. ئاینی هندوئێرانی کلاسیکیش هەموو وڵاتی ئێرانی گرتبووەوەو خواوەندی گەردون, ئاهۆرامزدا پارێزگاری ژیریی ورەوشتی بەرزی دەکرد بەرامبەر ئەهریمەن خواوەندی خراپەکاری و هۆما خواوەندی مەستیو بەرەڵڵایی[٦٨].ناوەڕۆكو گەوهەری ئاینی یێزدی چییە، پاشماوەی ئەهریمەن و هۆما پەرستەکانە کە پێچەوانەی ئاینی زەردەشتین و هەتا سەردەمی ئیسلام بە دژییەوە و لە پەنا زەردەشتیدا کە ئاینی فەرمی دەوڵەتی ئێران بوو کاریدەکرد، یا رەنگدانەوەی بیری صۆفیە مەزنەکانی ئیسلامە لە سەردەمی عەبباسیەکاندا، دەکەوێتە ئەستۆی مێژونوسانی یێزدی روناکبیرەکانیان.

شایەنی وتنە تۆفیق وەهبی بەبیرو سەلیقەی وردی راستییەکی مێژووی خستۆتە بەرچاومان کە زەرگەتەی نیزیك سەرچنار کە ئێستا گەڕەکێکی گەورەی شارە و نێزیکە لە سەیرانگای سەرچنارەوە، بەر لە گەشتنی لەشکری موسڵمانان پەرستگایەکی ئێرانییەکان بوو بە نێوی ئازەرکدەـ پەرستگای ئاگر. ناوی زەرگەتەش لەوێوەوە هاتووە[٦٩]. دیارە ناوەکە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بە سەردا هاتووە. ئازەرکدە، ئازەرکدە، زەرکدە، زەرگەدە، زەرگەتە.

**٤ ـ ئاینی کاکەیی**

ئاینی کاکەیی ئاینی ئەهلی هەقو یارسانی پێدەڵێن. یەکێکە لە ئاینە دێرینەکانو رەسەنەکانی کوردستان و ژمارەیەکی زۆری کورد پێڕەوی دەکەن بەتایبەتی دانیشتوانی چەند دەڤەرێکی باشووری کوردستان وەك شارەزوور، هەورامان، کەرکووك، دیالە، داقووق، دەربەندیخان، خانەقین، کفری، کەلار و لە خۆرهەڵاتی کوردستانیش لە دەڤەرەکانی هەورامانی تەخت، پاوە، کرماشان نیشتەجێنو بە ئەهلی (یارسان)ی ناسراونو لە گرووپی ئاینی هەققە جیاوازن کە بە هەققەی مامەڕەزایی و شێخانی سەرگەڵوو ناسراون و لە دەڤەرەکانی سووورداش، ئەوبەر بەنداوی دووکانو گوندەکانی میرزا رۆستەم، گەڵنێری، دامێنی چیای کونە کۆتر، کەلکە سماقو کۆیە دادەنیشتنو بنکەی رابەرایەتی ئاینەکەش گوندی کەلکەسماق

بوو کە مامە رەزا لەویٚ دەژیا.[٧٠]بەهەشتیی مامۆستا سەعید ناکام رووداویٚکی خۆشمان بۆ دەگیٚریٚتەوەو دەڵیٚت: کە دەچووین بۆ شەدەڵە، لە گوندی هۆمەرقەوم لەبەردەرگای ماڵیٚك لامانداو داوای ئاومانکرد، کچیٚکی نەشمیلەی جوان کە ئاوی بۆ هیٚناین سوپاسمان کرد و گوتمان ماڵتان ئاوا بیٚت، کیژەکە گوتی: "بابە کەریم نەیبریٚ" گوتمان بلّیٚ خوا نەیبریٚ، گوتی "جا فەرقی چیە، بابەکەریمیش خوایە.!"

پەرتووکی پیرۆزی کاکەیی دوانن، سەردەمی بالّوولٚ ـ بەهلوولو پەرتووکی پردیوەر، هەردووکیانش بە دیالیٚکتی گۆرانی زمانی کورد نووسراون. کاکەییەکان لەو باوەرەدان (کیتاب پردیوەر) فەرموودەکانی (سولّتان سەهاك)ە. بە باوەری کاکەیی سولّتان سەهاك شیٚوەو بەرجەستەی یەزدان دەنویٚنیٚت لە مرۆڤیٚکدا کە یەکەمجار لە شیٚوەی خواوەندی کاردا دەرکەوتووە لە ریٚگەی لەشگۆرکیٚی گیان ـ رۆحەوە چۆتە لەشی سەهاکەوە. بەپیٚی ئاینی کاکەیی یەزدان بە هۆی حەوت فریشتەوە، شەشیان نیٚرینەو یەکیٚکیان میٚیینەیە، هەرە مەزنی حەوت فریشتەکەش (پیر بنیامین)ە و فریشتە میٚینەکەش (دایکە ریٚزوار)ە[٧١]. ئاینی کاکەیی بایەخیٚکی زۆر بە خوورەوشتی بەرزو کرداری جوانو بەکەلّك دەدات و کاکەییەکان بەو بەرنامەیە پەروەردە دەکات خواپەرستی ووشكو بیٚ ناوەرۆك، نە یەزدان پیٚویستیٚتیو نە مرۆڤ کەلّکی لیٚوەردەگریٚت، ئەگەر لە ژیانی رۆژانە و هەلّسوکەوتی مرۆڤو پەیوەندییە کۆمەلاٚتییەکاندا رەنگنەداتەوەو پیٚوەندییەکانی مرۆڤو مرۆڤ لە بوارەکانی ژیاندا خوشنەکات، بۆ گەیاندنی مرۆڤیش بەو ئاستی بەرپرسییە راستگۆیی، سەرراستی، دەستپاکی، داویٚنپاکی، پەیمانو وەفاداری، دروستی کرینو فرۆشتنو سەنگو تەرازوو.. هتد. مەرجە سەرەکییەکانی پیٚرەوانی ئاینەکەن.

لە نیٚو کاکەییەکاندا چەند دیاردەیەکیش هەن لە موسلّمانەکانی دەوروپشتیان جیایاندەکاتەوە، وەك سەربەستی ئافرەتو پەیوەندی دلّداریو ئەویینداری نیٚوان کورو کچ، بەلاٚم پەیوەندی دەست تیٚکەلّکردنی پیاوو ئافرەتی میٚردداربە کەسانی دیکەوە بە گوناە دەژمیٚردریٚت. خواردنەوەی مەیو خواردنی گۆشتی بەرازیش قەدەغە نییە. بەشیٚك لە کاکەیی و بەتایبەتیش پیرەکان، سمیٚلّی دریٚژ دەهیٚلّنەوەو لە هیچ بارودۆخو لە ژیٚر سایەی هیچ رژیٚمیٚکدا ئامادە نین کورتبکریٚتەوەو ئەگەر کاریٚکی وەها بەزۆرەملیٚش رووبدات شوورەییەکی گەورەو تاوانکار بەرسزای قورس دەکەویٚت.

دکتۆر مارف خەزنەدار دەلّیٚت سولّتان سوهاك ناوی سەیید عەبد سەییدە، ئەهلی هەق لەو باوەرەدان لەسەدەی چواردەدا ژیاوەو کوری شیٚخ عیسایەو لە بەرزنجە هاتووەتە دنیاوە، مەزاری خۆییو ئەسحابەکانی لە گوندی (پیر دیوەر)ی هەورامانی لهۆنە. دووناودوون (جیٚگۆرکیٚی گیان) بە شازدە قۆناغدا تیٚپەریوە، یەزدان لە ئاسمان لە شیٚوەی ئادەمو حەوا، لە زەویشدا لە شیٚوەی هابیلو قابیل نوواند، شاکانی کیٚومرس، جەمشید، فەرەیدون، کەیکاوس، کەیخوسرەو، ئەفراسایاو ئەمجا قۆناغی پەیامبەر سلیٚمان، ئیبراهیم، مووسا، عیسا، موحەمەد، عەلی، دوای ئەوان شا فەزلّ، بالّوولّ لە بەغدا، باوەخۆشین لە لورستان، شیٚرەخان (بابا تاووس) بابا جەلی، بابا سەرهەنگ، سولّتان سوهاك، حاجی بەکتاش لە ئەستەمبوولّ، پیر موحەممەد[٧٢]. مینۆرسکی میٚژوونووسی سۆڤیەتی لەو رووەوە دەلّیٚت: ژیانی ئاینداری لای کورد زۆر ئاینزای گرتۆتە خۆی، دوو ئاینی سەیریشی تیٚدایە، یەزیدی (ییٚزدی) و عەلی ئیلاهی کە لەسەر بنچو

بناوان و گەوهەری کورد دامەزراون و دوو ئایینی بێگەردی کوردن[٧٣]. هەققە ـ ئەهلی هەق ـ عەلی ئیلاهی لە عێراق بە کاکەیی و لە تورکیا بە (قزلْباش) یش ناو دەبرێن. ئەم ئاینە لە ئاینی هەققەی ناوچەی سورداش ـ سلێمانی جیاوازە کە شێخ عەبدلکەریمی شەدەڵە رابەریدەکردو مامە رەزا لە گوندی کلکە سماق جێگیر بوو. خواوەندی ئەهلی هەق دوانن، بابە یادگارو پیردیوەر. پیاوچاکیشیان یا دروستتر کەسێکی پیرۆزیان ئەڵماس خانە. ئاینەکە لە کوردستان و لە نێو تورك و ئازەریشدا بڵاوبووەتەوە. شایەنی وتنە موحەممەد بەکتاش ـ بەگداش رابەری ئاینی دەوڵەتی عوسمانی بوو، لەشکر دوای ئەو کەوتبوون، هەر ئەویش ئاڵا سوورەکەی تورکی نەخشاند. بنەماڵەیەکی ناسراوی کوردیش لە سووریا ماونەتەوە، خالید بەگداش رازگری پارتی کۆمۆنیستی سووریا دەچێتە سەر حاجی موحەممەدی بەگداش ـ بەکتاش.

دامەزرێنەری ئاینی کاکەیی کەسێکە بەنێوی موبارەك شا ـ بابا خۆشین[٧٤]. فاتیمەی هەیفا خوشکی بابەتایەری هەمەدانی (بابە تایەری عوریان) یەکێك بوو لە هاوسەرەکانی و دەبخاتە ریزی حەوت باوەڕدارەکە[٧٥]، دواتر ئاینەکە لە قۆناغی دووەمی بڵاوبوونەوەیدا لەسەر دەستی سوڵتان سوهاکدا پەرەیسەندو لەگەڵ دایراك خانم کچی موحەممەد پاشای جاف باوەڕەکەیان راستکردەوە[٧٦]. (مەبەستی رێکخستنە. ن.ك).

فریشتەکان کە نەمرنو پاکو بێگوناهەکان کە ژمارەیان چواردە کەسەو پیاوچاکانیش (الاولیاء والصالحین) لە ئاینی ئیسلامدا، لە ئاینی کاکەیشدا رەنگی داوەتەوەو ئەوانیش باوەڕیان بە حەوت نەمرو حەوت پاکو بێگوناهوو دوازدە پیرو بەتەمەنیش بۆ پاراستنی ئاینەکەو رێنماییکردن هەیە. حەوت پاکو بێگوناهەکە منداڵەکانی سوڵتان سوهاکن. باوەڕدارانی کاکەیی گەلێك رێز لە بابا یادگار دەگرنو گۆڕو مەزارەکەی قیبلەی حاجیانی کاکەییە، لە پاڕانەوەدا هاوار بۆ شێخ عیسو شێخ مووساو داوودیش دەبەن.[٧٧]

مەزارگەکانی کاکەیی لاشەی مردووی تێدا نییەو باوەڕیان هەیە رۆحەکان دەچنەوە ئاسمان. شوێنی سوڵتان سەهاك دەکەوێتە لای خۆرهەڵاتەوە، بەو هۆیەوە لە کاتی زیارەتدا سێ هەنگاو دەنێن بەلای خۆرهەڵاتدا. زاناکانی ئاینی ئیسلام بە گشتی لەو باوەڕەدان یەزدان بە فەرمانێك گەردوونی لە هیچەوە دروستکرد (کن فیکون)، بەڵام گرووپی ئاینی وەك باتنیەکان (الباطنیة) و ئیسماعیلییەکان لەگەڵ بۆچوونەکەی ئەفلاتووندان و دەڵێن گەردوون لە هیچەوە دروستنەکراوە، بەڵکو گەردوون ئاوێنەی یەزدانە. ئاینی کاکەییش باوەڕێکی چەسپاوی بەوەیە گەردوون ناتوانێت جیهانێك لە خودی خۆی بجوڵێنێت بەڵکو ئاگر، ئاو، خاك، هەوا هەر چواریان رووناکی یەزدانن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەو لوئلوئەوە تیشکدەدەنەوە کە یەزدان لە رووناکی خۆی دروستیکرد.

### ٥ـ ئاینی عەلەوی ـ عولویی :

ئەم ئاینەش دەچێتە سەر ئاینە سنکریستەکانی کوردستان و سەرەتا لە چیاکانی زاگرۆسەوە بە باکووری کوردستان و ئەنەدۆڵ و سووریا و لوبناندا بڵاوبۆتەوە. ئاینێکی رەسەن و سەربەخۆیە و لە ئاینی عیساییو ئاینزای شیعەوە سەرچاوەی نەگرتووە وەك چۆن ئاینی یێزدی ـ ئیزدی پەیوەندی بە یەزیدی کوڕی

موعاویەوە نییە و مێژوونووسان بە هەڵە بە یەزیدی ناویاندەبەن.

عەلەوییەکان بە ژمارە دوو ملیۆن دەبن‌و لە دەڤەرەکانی، سیواس، خەرپوت و ئامەد دەژین‌و بە دیالێکتی زازا دەدوێن. بە باوەڕی ئەوان پەیوەندییەکانی نێوان یەزدان‌و مرۆڤ بە هۆی پێنج فریشتە و دوازدە کارگێڕو چل پەیامبەرەوە بەڕێوەدەچێت. عەلەوییەکان مزگەوتیان نییە! ڕۆژی جارێکیش لە هەرکوێ بگونجێ نوێژێك دەکەن‌و تەنها دوازدە ڕۆژیش ڕۆژوو دەگرن. لە کاتی خۆرهەڵاتن‌و خۆرئاوابووندا ڕوو دەکەنە خۆر. ئاگرو سەرچاوەکانی ئاو زۆر پیرۆزن‌و قوربانییان بۆ سەردەبڕن. پەڕاوێکی تایبەتیان نییە باس و ڕێنمای ئاینەکە دیاری بکات، ڕێز لە تەورات و ئینجیل و قورئان دەگرن. خواردنەوەی مەی حەڵاڵە و لەگەڵ ئاینی بەکتاشیدا خاڵی هاوبەشیان هەیە. لە ڕووی ڕامیاریەوە دژی دەسەڵاتی تورکن، بۆیە هەر لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە بە تۆمەتی ئەوەی سەر بە تەپلە سوورەکانی ئێرانن و لە ڕێبازی ئاینی ئیسلام لایانداوە ئازاردەدران‌و دەچەوسێنرانەوە، بەڵام شانیان دابووەبەر و خۆیان بە ڕژێمی تورکەوە نابەستن. (زانا گەڕۆکەکانی رووسیا ساڵی ١٩١٣ لە ویلایەتی سیواس بیستویانە گوایە لە سییەکانی ساڵی ١٣٣٠ کۆچیدا عەلییەکی دیکە دەردەکەوێت).(٧٨)

**٦ـ ئاینی نەستوری ( هەرتەقە )**

لەسەر بنەمای بیروبۆچوونەکانی نەستۆریۆس دامەزراوە، کە لە نێوەڕاستی سەدەی پێنجەمی عیسایدا ژیاوەو سروشتی یەزدانیی یەزدان‌و سروشتی مرۆڤانەی عیسا لە یەکتری جیاکردۆتەوە، ئاسوورییەکانیش لەسەر هەمان بیروباوەڕن.[٧٩] صۆفیگەریش هەرچەندە نەئاینەو نەئاینزا، بەڵکو ڕێبازو بەرنامەیەکی یەزدان پەرستییە بەشێوەیەکی خەستوخۆڵ و قووڵتر ولەکوردستانیش خۆی لە دوو ڕێبازدا دیتووەتەوە: قادری و نەقشی .هەرلەم کتێبەداو لە بابەتەکانی ڕێبازی قادریی بەرابەرایەتی کاك ئەحمەدی شێخ و ڕێبازی نەقشبەندی بەڕابەرایەتی مەولاناخالید لەهەردوو ڕێبازەکە دواوین، لێرەدا ئاوڕێکی خێرا لە صۆفیگەری دەدەینەوە بەتێڕوانینێکی گشتییەوە . صۆفیگەری بە مانای تەواوو پڕبەپڕی زاراوەکە وەك لەتیف هەڵمەت دەڵێت ( دژایەتیکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت، دەسەڵاتی شەریعەت و دەسەڵاتی دارایی ) یە، بەوماناییەی صۆفی دەبێت شۆڕشگێربێت و پەیامێکی پیرۆز بگەیێنێت ولەسەنگەری ململانێو بەربەرەکانیدابێت لەگەڵ دەسەڵاتەکاندا ولەهەندێك ڕووەوە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەبینێت لە سیستمی پەرلەمانیدا... نەك بەو جۆرەی لەناو کوردەواریدا باوە، کە صۆفی مرۆڤێکی کزو هێمن و بێدەنگ وگۆشەگیرە و خۆی بەکاروباری دنیاییەوە خەریك ناکات . بەم پێوانەیە و بەبۆچۆنی لەتیف هەڵمەتیش صۆفییەکانی کوردسستان ناچنە نێو بازنەی صۆفی صۆفیگەرێتییەوە، چونکە هیچکام لەو سێ دەستەڵاتەی دەوڵەت و شەریەت ودارایی نین و لەگەڵ دەوڵەت وشەریعەتدا ناکۆك نین .صۆفییەکان لەژیانی مرۆڤدا کەموکووڕی زۆر دەبینن و دەڵێن سیستەمەکەناتەواوە و ژیان کاتێك ڕێچکەی دروستی خۆی دەگرێت وشەی حەکیمە مەزنەکانی وەك کۆنفۆشیۆس بەمانا ڕاستەقینەکەی بەکاربهێنرێت . بزوتنەوەی صۆفیگەری لە سەردەمی خەلیفە موتەوەکیل بیللا(ألمتوکل بالله) برەوی سەند.**بەنێوبانگترین صۆفییەکانی جیهانی موسوڵمانان بریتین لە: (حەللاج،بایەزیدی بوستامی،ئەبوبەکری شبلی،جەلالەدینی ڕۆمی،شێخ عەبدلقادری**

گەیلانی،فەریــدەدینی عەتتار،شــێخ مــەعرووفی کەرخی،ســەهلی تەستەری،شوشتەریی،شــێخ محێــدینی عارەبی،تەلەسانی،رابیعەی عەدەوییە،ئەبو حســەین نووری،ئــەبو قاسـم قشــێری،زوننوون میصـری،ئیبن فاریز،حاتەم ئەلئەصەم،ئیبن سەبعین،عەبدولکەریم جەبەلی، یونس ئەمرەی تورکی . )لەنێوئەوانەدا شێخ عەبدلقادری گەیلانی وسەهرەوەردی کوردن .سەرەکیترین بنەما سەرەکییەکانی رێبازەکانی صـۆفیگەری بریتییە لە:

- بنەمای یەکێتی بوون ( وحده ألوجود )
- دوونادوونی نێوان یەزدان و مرۆڤ و بوونەوەرو سروشت .

خەسلەتەکانی یەزدانی مەزن و تاك و تەنها بەباوەڕی صۆفییەکان کەپێناسەی صۆفی دەیانگرێتەوە، ئەو خەسڵەتانە لەمرۆڤدا لەکەسێکەوە بۆ کەسێك جیاوازە، مرۆڤ هەیـە خوێنرێـژومرۆڤیش هەیـە ناسـك و دلۆڤان بەڵام لەگیانلەبەردا ئەو جیاوازییە بەپێی توخمی گیانلەبەرەکان دەگۆڕدرێت وەك توخمی گیانلەبەرە دڕنــدەکان، شــێرو پڵــنگ وگــورگ و باز...هتــد.، لەبەرامبەریشــدا گیانلەبــەرە بێوەیــەکانی وەك پەپوولە،کۆتر،کەروێشــك وهەمووشــیان بەســەریەکەوە بەرجەســتەی نــاوە پێرۆزەکــانی یــەزدانن وەك ( قوی،جبار، شدید ألعقاب،رؤوف رحیم )

یەکێك لەهێڵە سوورەکانی صۆفیگەریی، وێناکردنی یەزدانە! وێناکردنی یەزدانیش بێچـەندوو چـوون پێچەوانەی قورئانی پیرۆزە وەك لەم دەقانەدا دەردەکەوێت:

**لیس کمثله شیئ وهو السمیع ألبصیر( سورة ألشوری )**

**قل هو ألله أحد ( سورة الاخلاص )**

**لاألة ألأ أنا (سورة طه )**

ـــ دەربــازبون لــە بازنــەدیاریکراوەکانی ئاینــە ئاسمــانی و زەمینییــەکان بــەرەو ئاســۆیەکی بێســنوور ...جەلالەددینی رۆمی دەڵێت: تەماشای مێزەرەکەی سەرم و پشتێنەکەی زەردەشت بکـە، لەکەمــەرمم بەستووە، وەرە مەڕۆ، رووناکیم بۆ هێناوی، مـن موسوڵمانم، کریست و براهمی وزەردەشتیشم، مزگەوت وکڵێساو ئاتەشگاش پەرسـتگامـن .! جەلالــەدینی روومــی دەڵێـت: بڵنـدی و پــیرۆزی مرۆڤــ لــە رۆحـی مرۆڤەکەوە سەرچاوە دەگرێت نەك لە رووکەشەکانەوە، جیاوازی نێوان دوو مرۆڤیش بەو جۆرە دەپێورێت، ئەگەرنا موحەممەدی پەیامبەر و ئەبو جەهل هاوتا دەبوون .

حەللاج : کوردە ویەکێکەلە سەردەستەی صۆفییە هەرە بەنێوبانگەکان، حەللاج بەچەکی زانست وئەبو موسلیمی خوراسانی کە ئەویش هەرکوردە، بە هێزی شمشێر دەیانویست پەیکەری کوڵتوورە بەردینەکە لەبناغەوە هەڵتەکێنن بۆ کۆتایی هێنان بە هێشتنەوەی (پیرۆزییەکان) بە پیرۆزیی و دوورکەوتنەوە لە هێڵە سوورەکان ودەست لێنەدانی(بڤەکان) و ئاڕاستەکردنی پرسیارو رەخنە یا دەربڕینی گومان و دودڵیی، تەنها بەوهۆیەشەوە لە سەردەمی خەلیفەی عەبباسی ئەلموەففەق بیللا لە ٣/٢٦ /٩٢٢زایندا،وەك عیسای مەسیح لەچوار مێخ دەدرێت. مەحوی مەزن سەرزەنشتی حەللاج دەکات کە بانگەشەی(أناالحق) ی کردووە، دەفەرموێت: **با هەڤیشی بێ، لەبۆ حەللاج (أنا الحق) حەق نییە * شێتییە مەجنوون کە بێت و نازی لەیلایی بکا**

**ئەگەر بە وردی سەرنج لە دەستەواژەی (با هەقیشی بێ) بدەین روون و ئاشکرا دیارە مەحوی، حەللاج بەدروست و هەقدار دەبینێت،بەڵام لە سنووری شەیداییەکەی مەجنوون دەرنەچوایە وخۆی وەك لەیلا ببینێت وعاشق و مەعشووق تێکەڵاو بکات و خودی خۆی عاشق ومەعشوقیش بێت .**

**ئەبوبەکری شبلی: بۆ خۆرزگارکردن لەمردن خۆیکردە شێت و رەوانەی شێتخانەکرا .! دووای لەداردانی حەللاج وتی: ئەو ئەقڵ کوشتی و من شێتی رزگاریکردم .**

**سەهرەوەردی: صۆفییەکی کوردە، صەلاحەددینی ئەیووبی لە سەردەمی شەڕی خاچپەرستەکاندا فەرمان دەداتە زاهیرشای کوڕی کە بیکوژێت . زاهیر پێیدەڵێت ناتوانم بێفەرمانیی باوکم بکەم، ناچارم و هەرئەوەندەم لەدەستدێت خۆت سەرپشك بە و شێوە مردنی خۆت هەڵبژێرە! ئەویش بەڕۆژوو بوو هەتامرد .**

**ئەبوحسەین نوری: لەبەغدا بەردبارانکرا .**

**سەهل تەستەری: بەدەربەدەریی لە شاری بەصرا مرد .**

**ترمزی: بەدەربەدەریی مرد .**

**بوستامی: لەچەندین شار، شاربەدەرکرا .**

**شێخ محێدینی عارەبی: زۆرینەمابوو لە شاری بەغدا بیکوژن .**

**لەکۆتاییشدا دەڵێم لای صۆفییەکان ( ألسيد الجليل ) هێمایە بۆ یەزدانی مەزن، یا(صاحب يثـرب ــ السفيرالاعلى ) هیمایە بۆ پەیامبەر (د.خ )**

**صۆفییەکان لەوپەڕی تێڕامان و قووڵبوونەوەشدا وتوویانەو دەڵێن:**

**نوستن بێدارییە و بێداریش نوستنە، خەڵك نوستوون، کە دەمرن بێداردەبنەوە .**

**دڵم بەعەشقی خودا مەست ئەبێ ** هیچ عاشقێکتان دیوە مەست نەبێ**

**لەم باسەدا کەڵکم وەرگرتووە لە لەتیف هەڵمەت، سۆفی وسۆفیگەری،چ٢.سلێمانی٢٠٠٩**

## سیماو ناوەڕۆکی ئاینەکانی کوردستان

ئەو ئاینانەی لە کوردستان پەیدا بوون و گەشەیان کردووەو بڵاوبوونەتەوە سێ نیشانەی گرنگییان پێوەیە:

١ـ پەڕاوەکانیان بە زمانی کوردی نووسراون.

٢ـ رێوشوێن و یاساکانی ئاین و پیادەکردنی ترادیسیۆنی خواپەرستیی و ئەرکەئاینیەکان بە زمانی رەسەنی باو باپیرانییانە، بەزمانی کوردی.

٣ـ دوای بڵاو بوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و دەستبەسەراگرتنی کوردستان، لەسەر بیروباوەڕی خۆیان مانەوەو وەك خاوەن پەڕاوی ئاسمانیی (ئەهلی کیتاب) باج و سەرانەیان دەدا. بەڵام لە چەندین قۆناغی مێژوییدا بەر شاڵاوی لە نێوبردنو تالانو وێرانکردنی گوندو پەرستگاکانیان کەوتوون وەك هێرشی ئێران ساڵی١٧٤٣ لە سەردەمی شاهانەیدا، شاڵاوی بابانەکان، میری سۆرانو دواجاریش عوسمانییەکان سەردەمی عومەر لوتفی پاشای والی بەغداد،ساڵی١٨٩٢کە بڕیاردرا یێزدی موسڵمانن بەڵام لەڕێ لایانداوە و دەبێت بگەڕێنەوە سەر رێگەی راست، هەموویان راپێچی موصڵ کردن لەبەردەم بەرپرسانی تورکدا نەفرەت لە شەیتان بکەن، بەڵام لەو هەمووە تەنها رابەرەکەیان کە بە میر ناودەبرا و براکەی تفو نەحلەت لە

شەیتان دەکەن کە پێویست بوو وەك میرو رابەر،پێشڕەوی بەرگریکردنو قوربانیدان بێت. چەند کەسێك لە رەشو روتەکانیان لە ژێر داردا کوشتو بە هەرێمەکەدا بلاویان کردەوە، موسڵمانە لادەرەکان هاتنە سەر رێگەی ئیسلامو مامۆستای ئاینیی دەنێرنە گوندەکانیان فێری نوێژ و رۆژوو و پرەنسیپەکانی ئیسلام و خوێندنەوەی قورئانیان بکات، بەلام یێزدیەکان رێگەیان نەدان بێنە نێوگوندەکانیانەوە، ئەوەش بۆ زۆردارو خوێنرێژێکی وەك عومەر لوتفی پاشا زۆر بوو کە دەمێك نەبوو چەند سەرۆك هۆزێکی هەمەوەندی لە سێدارە دابوو، پەلاماریان بداتو دوای تالانکردن چوار گوندی سوتاندو کۆشکی میرو گومەزی گۆڕی پیاوچاکانیانی تێکدان، ئەوانیش چوونە شاخو زیانی قورسیان بە دووژمن دەگەیاند. لەم کورتە ئاوڕدانەوەیەدا لە هاوڕەگەزە یێزدییەکانمان کە کوردۆلۆژی ناسراو پرۆفیسۆر جەمال نەبەز ئەو راستییەی ئاشکرا کرد کە ییزدییەکان بە ناڕەوا بەیەزیدی ناسراون گوایە نەوەی یەزیدی کوڕی موعاوییەی ئومەوینو بەڕەگەز عەرەبن، هیچ مێژوونووسو رووناکبیرو لێکۆڵەوەرێکی کورد و عەرەب و بیانیش بەو راستییە نەگەیشتن کە ییزدییەکان کوردی رەسەنو عەیاری بیستو یەکنو لە دوورو نێزیکەوەو بە هیچ شێوەیەك ناچنەوە سەر یەزیدی کوڕی موعاویە، بەڵکو بەراوەژوو کردنێك بە سەر ناوەکەداهاتووە یا هێنراوە و لە یێزد ـ ییێزدی، ئیزد ـ ئێزدی، یەزد ـ یەزدی یەوە کە لە ناوی پیرۆزی (یەزد ـ یەزدان) ە وە سەرچاوەی گرتووە بووە بە یەزیدی وکەوتۆتە سەرزار و زمانەکانی عارەبی،تورکی، فارسی وکوردیشەو و کوردەکە بەگشتیی وئێزدییەکانیش بەتایبەتی ئاورێکیان لەو لایەنە نەداوەتەوە و زۆر خەمساردو بێباکیشن هەتا خۆشبەختانە پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال نەبەز دە دوازدە ساڵێك لەمەوبەر ئەو هەڵە گەورەیەی بۆ دۆست و دوژمن راستکردەوە و ئێستا کەم تا کورتێك وردە وردە کەوتۆتە سەرزاران و بەرەو چەسپاندن ریدەکات . لێرەدا پێویستە ئەو راستییەش لە خوێنەری هێژا نەشارینەوە کە هەندێك لە رابەرانی برا ئێزدییەکان لە ئەوروپا بە هەر هۆیەكو لە ژێر کاریگەریی و بەهەر بڕوبیانوویەك و بۆ هەر مەبەستێك بێت،هێشتا خۆیان بە کورد نازاننو ناشتوانن بە رابەرانی یێزدییەکانی کوردستان بسەلمێنن کە کورد نین وسەر بەنەتەوەی عارەبن، ئەوە یەك.

دووەمیش دوژمنانی کورد هەمیشە لە وەدا سەرکەوتوون کورد بە گژی کوردا بکەن، لەمەڕ ییزدییەکان هەر ئەوەیان بە دەستەوە بوو بە میرەکانی بابانو موحەممەد پاشای میری سۆران بسەلمێنن ئەوانە شەیتانپەرستنو چەند دابو نەریتێکی کۆمەلایەتی نەشیاویان هەیەو سالانە لە شەوێکدا نێرو مێ کۆدەبنەوەو پف لە چرا دەکەن، خۆیان روت و قوت دەکەنەوەو هەتا سەحەر تێدەنیشن، ئەمەش پێچەوانەی دابو نەریتە (جوانەکانی) ئیسلامە! بە بۆچوونی کۆلەواری من ئەو بەندو باوانە هەڵبەستراونو زۆر دوورن لە راستییەوە و یێزدی، کاکەیی لە پەیوەندییە کۆمەلایەتی و پابەندبوون بە خۆوەو پشتکردنە دوژمن سەرتۆپی کوردن. لە بارەی هێما پیرۆزی ییزدیانیشەوە مەلەك تاوس، پرۆفیسۆر جەمال نەبەز دەڵێت: مەلەك تاوس ئەو باڵندەیە نییە کە بە تاووس (طاووس) ناسراوە، بەڵکو فریشتەیەکە گیان ـ رەوان ـ رۆحی ئەو لەگەڵ لەشی پیاوچاکی یێزدییان شێخادی گونجاوەو بەپێی باوەڕی لەشگۆڕکێی گیان ـ رۆح (تەناسوخی ئەرواح) کە بریتییە لەوەی دوای مردن گیانی زیندەوەرێك لاشەی یەکەم جێدێڵێتو دەچێتە لاشەی

زینــدەورێکی دیکــەوەو بــە پێــی ئــاینی یێــزدی مەلــەك تــاوس یەکــەمین زینــدەوەرە یــەزدانی مــەزن دروستیکردووەو ناردوویەتی بۆ سەر زەوی.(٨٠)

ئاینەکانو ئاینزاکانیش لە ناوەڕۆکدا لە فەلسەفەیەکەوە سەرچاوەیان گرتــووە، تــرسو لاوازی مرۆڤــ لــە هێزێکــی رەهــاو خــاوەن توانایــەکی بێســنوور بەســەر هــەموو بوونــەوەردا، مــرۆڤیش لــە نێــوان تــرسو خۆشەویستیدا هەوڵدەدات ئەو هێزە رەهایە رازیبکاتو نەکەوێتە بــەر مەترســی توڕەبــوون، تــرسو حــەزی مرۆڤ بەرامبــەر یــەزدان وەك ترســی مــرۆڤ لــە ئــاگرو حــەزی خۆگەرمکردنــەوە. هەســتی تــرسو حــەز لــە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر دەگۆڕێت، ئەوانەی ترسەکە بــە ســەریاندا زاڵ دەبێــت دەســت لــە حــەزەکانیان هەڵدەگرنو ژیــانێکی ســادەو زبــرو ووشــك دەژیــنو ئامانجیــان تــەنها رەزامەنــدی یەزدانــە وەك دەروێــشو بەتایبەتی صۆفییەکان، بەڵام ئەوانی حەزو ئارەزووەکانیان بە سەریاندا زاڵــە بەشــێکیان تــرس لــە دڵیانــدا نییە و دەبێتە بەندەی حەزو ئارەزووەکانی ژیان، بەشی دووەمیش دەیەوێت حەزو ئارەزووەکانی تێر بکاتو خۆ لە سزادانو ئاگری دۆزەخیش بپارێزێ، دەبینین کەمو زۆر ئەو کارانە دەکات یەزدان هێڵی سووری لەسەر داناون، لە پاڵ ئەوانەدا نوێژیش دەکات. هەندێکیش بەوە دڵخۆشــن خواپەرســتییو نوێــژو رۆژووی مــانگی رەمەزان گوناهەکانی صاڵێك دەسڕێتەوە، حەجکردن گوناهەکانی پێشتر پاك دەکەنەوە. کێشەی مــرۆڤ لــەو رووەوە بوونی دوو گەرا، دوو هێزە لە ناخی مرۆڤێکدا، تاریکی و رووناکی، خێر و شەڕ، مازداو ئەهریمەن، شەیتان و رەحمان بەردەوام لە ململانێدان وەك خڕۆکەی سوور و خڕۆکەی سپی لە خوێندا کــە بــەردەوام لــە زۆرانبازیدان، بەڵام یاساکانی سروشت لەسەر میانڕەوییو بالانسی دامەزراوەو بەردەوامی بە ژیان دەدات.

یەکتاپەرستی یەزدان، مەزنی و پیرۆزی ئیبلیس ـ شەیتان کە سەرکاری یەزدانو ســەرۆکی فریشــتەکانە. پیرۆزی و توانای هەندێ چیا و رووبار. رێزگرتن و پیرۆزی ئیبلیس لە ئاینە سنکریستەکاندا پەیوەســتە بــە هەستو نەستی مرۆڤەوە، بە چاوچنۆکیو گەرای خراپەکاری لە ناخی مرۆڤدا، بە باوەڕی ئیسلامیش هێما بۆ ئەو راستیە چەسپاوە هەیە (إِنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ) (سوورە تي يوسف: ٥٣) مرۆڤ ژێر فەرمانی کاری نابەجێیە. جارێکی دیکەش قورئانی پیرۆز جەخت لە سەر زۆرداری و بێدادیو سەرســەختی مــرۆڤ دەکــات (إِنَّا عَرَضْنَا الآمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالآرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنسَـانُ إِنَّـهُ كَـانَ ظَلُومـاً جَهُـولاً) (الأحـزاب: ٧٢) ئەمینــداری راســپاردەکەمان خســتە سەرشــانی ئاسمانــەکانو زەوی، نەچوونە ژێر ئەو بارە، بەڵام مرۆڤ شانی دایە بەر، چونکە زۆردارو نەزانە.

هۆنەری مەزنی کورد، مەحوی لوتکە لەو رووەوە وەستایی و جوانکارییــەکی نوانــدووە مەگــەر هــەر لــە خۆی بوەشێتەوە کە دەڵێت سەرزەمین بە جۆرێك پیس بووە کە شــەیتان بــە شــەیتانی خۆیــەوە جێگەیــەکی ئارامی دەست ناکەوێت خۆی تێدا مەلاس بدات جگە لە جەستە ولەش و نیاز و خولیاکانی مرۆڤ.

**وەها پڕ فیتنە بوو عالەم کە ئیبلیسێکی وەك ئیبلیس**

**نەماوە مەئمەنێ غەیری کلێشەو کەڵکەڵەی مەخلووق**

**بە ئاوی تێگەیشتین ئێمە دنیا هەر سەرابێ بو**

**هەمو دەشچین بە خنکانو لە وشکیشە مەلەی مەخلووق**

له دێڕێکی دیکەدا دەڵێت : سبەینێ (یُحْشَرُ المرۆ) براگەل فرسەتە ئەمڕۆ
تەبەڕابن لە من باکەس نەبێ حەشری لەگەڵ حەشرم
لە من نازانم ئیتر نەفسی بەدخو چی دەوێ مەحوی
کە بەد کردارو بەد رەفتارو بەد ئەفکارو بەد گهورم.[٨١]

## زەردەشت (zoroastra) و ئاینی زەردەشتیی

کتێبی زەردەشت کە ئاڤێستایە
وەك باقی کتێب فەرمانی خوایە

بەزووان هەورامی هاتە سەر بەشەر
یانی ها زەردەشت بوویتە پێغەمبەر
(قانیع)

بەڕاوی ئاڤێستا بە پێچەوانەی قورئانی پیرۆزەوە لە شێوەی دەقێکی نووسراودا و
بە شێوە نووسینی مێخەکیی (سەرە مێکوتەیی).
بۆ زەردەشت دابەزیوە، هەرئەویش توانیویتی بیخوێنێتەوە وبە شێوەیەکی سادە بلاویکاتەوە.
بەلام بەلگەی بەهێزو باوەڕپێکراوله بەردەس تدا نییە پشتگیری لێبکات
جگە لە فەنتازیا و بۆچوونی رادیکالانەی ئەوانەی وادەزانن
ئەنلگی وسووکییە بۆ کورد ئەگەر یەزدان پەیامێك وپەیامبەرێکی
بەزمانی کوردیی بۆ نەناردبێت.

### زەردەشت Zoroastra و ئاینی و زەردەشتیی

مێژووی ژیانی پەیامبەر زەردەشتو پەیام و ئاینەکەی تەمومژێکی ئەستوور پێچاویەتییەوە، هەتا ئەمڕۆش زاناو لێکۆڵەرەوە ئارشۆلۆگیو مێژوونووسانی خۆرهەلات و ئەورووپاش نەگەیشتوونەتە ئەنجامێکی بنەبڕ کە ئایا زەردەشت کێیە، صاڵو شوێنی لە دایکبوونی، مەڵبەندو قۆناغەکانی پێگەیشتنی خۆیو بلاوبوونەوەی ئاینەکەو چۆنو لەکوێ ژیاوەو کەی کۆچی دوایی کردووەو لە کوێ نێژراوە؟ ئەوەی نووسەرانی کورد لەو رووەوە نوسیویانە هەر بۆچوونی روتو بێبەڵگەن وەك (زەردەشت کوڕی (پۆروشسەب)ە و (غدۆیە) دایکێتیو خەڵکی شاری (روی)ەو فەیلەسووفی گەورەی ئەڵەمان، نیتشە دەڵێت زەردەشت لە ناوچەی گا، ژیاوە. جا ئەوە ناوچەی گاوانی سلێمانییە یا گاوەڕۆی زەهاو. یا قەلاّی گا لە مەریوان، یا گاڕانی خۆرئاوای شاری سنە، ئەوە هێشتا ساغنەبۆتەوە .

زەردەشت لە ناوچەی سورداش ـ سلێمانی ژیاوەو ناوی سورداش لە ناوی زەردەشتەوە وەرگیراوە (یا بەپێچەوانەوە. ن. ك) نووسەری مێژووی زاگرۆس لایەنێکی ئەفسانەییش باس دەکات (ئاوی دەریاکان

تۆوی نێرینەی تێدایە، سێ کیژۆڵە لە سێ سەردەمی جیاوازدا لە دەریادا مەلە دەکەنو ئاوس دەبنو هەر کیژۆڵەیەك لە سەردەمی خۆیدا کوڕێکی دەبێتو دەبێتە پەیامبەر. سەردەمی کوڕی سێیەم،ئاگر سەرزەمین لە پیسو پۆخڵیی خاوێن دەکاتەوە، لاشە رزیوەکان دەبنە خۆڵەمێشو سوتوو، گیانی نوێ دەچێتە بەر مردووەکان و ئیتر مردن نامێنێت و مرۆڤ بەنەمریی دەژی، ئەو سێ پەیامبەرەی یەزدان هەرسێکیان بەناوی زەردەشت دەناسرێن،یەکەمیان ۳۰۰۰پز. ودوەمیان ۲۰۰۰ پز. وسێیەمیش۹۰۰سال پێش زاین دەرکەوتوونو زەردەشتی سێیەم لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا مردووە یا کوژراوە).[٨٢] هەر لەو روانگەی خاوێن راگرتنەی خاکەوەیە کە دانانی لاشەی مردو لەلوتکەی چیاکاندا هەتا دەڕزێت ئینجا شاردنەوەی ئێسکوپروسکەکەی لەخاکدا ئەرکێکی ئایینیی زەردەشتییەکان بو،شاردنەوەیەکی ئاسایی یالەشێوەی گۆڕدا.

خاڵێك کە زۆر ئاشکرایە ئەوەیە زەردەشت بەلای کەمەوە ۱۱۰۰ ساڵ بەر لە عیسا ژیاوە، زانایانی ئێران (بەهرۆزی درەخشان)و زانای فەرەنسایی ماری بۆیز دەڵێن زەردەشت ۱۷٦۸ پز. لە ژیاندا بووە، بەڵام خودی زەردەشت کێیەو شوێنی لە دایکبوونو کاریگەریی شوێنەکە Wirkungsstatte لەسەرخۆیی‌و پەیامەکەی بۆچوونی جیاوازی لەسەرن.کەشی زستانو سەرماوسۆڵەو بەفری ئەستوور کاریگەریی بەرچاوی بەباوەڕی ئایینیی گەلانی ئێرانییەوە دیارە(هەوڵیاندەدا ئەو دیاردە سرووشتیانەو کاریگەرییەکانی بەسەر مرۆڤەوە بکەنە بەشێك لە بنەماکانی ئاینو دابو نەریتی خواپەرستیی، وەك جولاندنی چوارپەل و سەر، هەنگاونان بەئاڕاستەی جیاوازو بەرزبوونەوەو بازدان بەدەم گۆرانی و ئاوازی جۆشێنەرەوە بۆ خۆگەرمکردنەوە. ن.ك)، بەڵام بەستنەوەی مانگەکانی زستان لەکوێستانێکی سەختی وەك دەوروپشتی چیای(کۆ)کە دەکەوێتە سەر روباری هامونHamun وەك تراویلکە ـ ئاوزێ Aoseوەهایە.

هینس Hinz دەڵێت کۆرشی یەکەم Kyros۱ ٥٤٩ ـ ٤٨٦ پز. ژیاوە، یەکەمین شای ئێرانە باوەڕ بە زەردەشت zarathustra دەکاتو هۆستای Hosty باوکیشی پارێزگاریی زەردەشتی دەکرد لە دوژمنەکانی، بەڵام کۆرشی دووەم kyros11 خواوەندێکی دەپەرستو نەچووە سەر ئاینەکەی زەردەشت. زانای ئیسلام و عارەب بیرۆنی دەڵێت: زەردەشت ٦۰۰ پز. ۲٥٨ ساڵ بەر لەئەلێکساندەر ژیاوە، لەو بۆچوونەشدا زانایان Hinz،Lommel، Weisenhofer، Altheim پشتگیریی بیرۆنی دەکەن کە زەردەردەشت ٦۳۰ ـ ٥۳٥ پز. ژیاوە. زانایان Eiles، Stauberg لەو باوەڕداران زەردەشت Zarathustra، هەزار ساڵ بەرلەهاتنە دونیای عیسا لەژیاندا بووە. بۆچوونیش هەیە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی زەردەشتیی دەگێڕێتەوە بۆ درەنگتر، سەد ساڵێك یا پتر بەر لە عیسا. لێکۆڵینەوەی زانایانی ئارشۆلۆگیش گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی زەردەشت لە هەرێمی ئازەربایجان هاتۆتە ژیانەوە کە نەتەوەکانی زاگرۆسو رەوەندەکانی ئێران پێکەوە لەو هەرێمە دەژیان.

تۆماس هایدە Thomas Hyde دەڵێت ئەبوو فەرەج لە چیرۆکەکەیدا (مێژوو) دەڵێت زەردەشت لە بابل Babailyon لە بەردەستی دانیال Daniel خوێندوویەتی لە ۱٥۱۰ بەر لە عیسادا. (پێدەچێت زانای ئەڵمانی تۆماس هایدە مەبەستی ئەبوو فەرەجی رەیحانی بێت. ن.ك).زەردەشت لای فارس (مەبەستی نەتەوەکانی ئێرانە. ن.ك). زەردەشت Zarathustra بە سەرەتوشتدا دواتر بەسەرتۆشت

Zarthuscht و یونانەکانیش بە سوروئەستەر Zuroastar ناویان دەبرد. پیلنۆسی یۆنانی pilnus دەڵێت یەکەمین کۆرپەلە لە داوێنی دایکی بەربوویێتەوە، پێکەنیبێت زەردەشتە.! ویشتاسەپ Wischtape باوکی داریۆشی یەکەم، یەکەمین کەسە ناوی زەردەشتی بەکار هێناوە، سەردەمانی دەوڵەتی ئەخەمەنیش ماوەی سەدصاڵێك ناوی زەردەشت بەسەر هەموو زمانێکەوە بوو.(٨٣) لەبارەی هاتنەدنیای زەردەشتەوە بیروبۆچوونەکان جیاوازن،جاکسۆن دەڵێت زەردەشت لە دایك وباوکێکی ئازەریی کەوتۆتەوە. زانای ئەڵەمانیی هیرزومیلد دەڵێت زەردەشت لە بنەماڵەیەکی میدییەو لەخۆراوای ئێران (لەنێوهۆزەکانی ماد) دا هاتۆتە دنیاوە بەڵام چینی باڵادەستی مادەکان تاوانباریان کردو دووریدەخەنەوە بۆ ناو هەخامەنشییەکان لە خۆرهەڵات.لۆمل باوەڕی بەوە نییە زەردەشت لە خۆراوای ئێران و لەشاری(رەی) لە دایك بوویێت، دەڵێت لە سەر سنوورەکانی خۆراوای ئێران و لەشاری خوارزم یا شاری خێوە چاوی بەدنیا هەڵهێناوە.شدەر لەو باوەڕەدایە لە باکووری خۆرهەڵاتی ئێران و نزیك گۆمی ئۆرال لە دایك بووە . گیگر،ئا.شپیگڵ،پانۆدۆرۆس و هاودەنگەکانیشیان دەڵێن لە شاری بەڵخ هاتۆتە دنیاوە. مارسیلۆنس لەوباوەڕەدایە زەردەشت سەدەی چواردەی بەر لە عیسا لە هەرێمی (باکتریا ـ بەختیاریی) لەدایك بووە.ئەنوەر مایيش لە مێژووی بادیناندا وادەزانێت لەگوندی درابین هاتۆتە دنیاوە بەڵام ئەوە دورە لە راستییەوە.

ئاینی زەردەشتیی ئاینی هەموو مادەکان یا هەموو گەلانی ئێران نەبوو،چونکە زەردەشت نەیتووانی ئاینەکەیان پیَ بسەلمێنێت و پەیڕەویی پەیامەکەی بکەن چونکە کەوتبووە ژێر کاریگەرێتیی و هەژموونی ئاینی(ڤیدا) وە کە دەکاتە ئاینی میترایی خۆرپەرست، ئەمە جگە لەوەی چینی موغەکانیش کە خاوەن دەسەڵاتی بیَ چەندوچوون وبڕیاری بیَ ئەملاو ئەولابوون نەك هەر زۆر بەتوندی دژایەتییان دەکرد بەڵکو هەوڵی تیرۆرکردنیشیان دەدا، زەردەشتیش بۆ رزگاربوون پەنا دەباتە بەرشاهەنشای دەوڵەتی هەخامەنشیی،گوشتاسەپ باوکی دارا(داریۆش)،حەواندییانەوە و پشتگیریی ئاینەکەشیان کرد بەڵاَم خەڵکەکە ئاینەکەیان وەك ئاینی پاشاکەیان وەرگرت(ألناس على دين ملوكهم)لەمەشدا ئاینی زەردەشتیی کە لە دەسەڵاتدارانەوە شۆڕ دەبۆوە بۆ میللەت پێچەوانەی ئاینی (بوودا) یە کە لە نێو چینەکانی گەلەوە هەڵدەکشا بۆ دەسەڵاتداران، کە ئەسکەندەری مەکەدۆنیش ساڵی٣٢٧پز.هەموو وڵاتی ئێرانی داگیرکردو دەساڵاتداران بێدەسەڵات کەوتن باوەڕی ئاینیش کزبوو،باوەڕبوون بە چەند خواوەندێك لە سەرتاسەری ئێراندا پەرەیسەند هەتا سەرەتای فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ساسانی ٢٢٧ ز. ـ٦٥١ ز. لەو سەردەمەشدا هەرچیی لەسەر زەردەشت و ئاینی زەردەشتیی تۆمارکراوە تێکەڵ بە ئەفسانە و داستان بووە.{ زەردەشت کەمال،شەنوکەوێکی نامەیەکی دکتۆرا، گۆڤاری پەیڤین،ژمارە/٢٥ تشرینی یەکەمی٢٠٠٩ .

ئاینی زەردەشتیی لە سەر چوار کوچکەی یەکتاپەرستیی (وەحدانییەت)، بیری چاك، وشەی چاك، کرداری چاك دامەزرا، دوواتر لە زاتی یەزدان،بۆتەی مرۆڤ، داد، دووناودوون دا رەنگیدایەوەو جێگیر بوو، کە کۆمەڵ بیکاتە یاسای ژیانو مانەوە لە سەر ئەو باوەڕەو هەوڵدان بۆ پەیڕەوکردنی لە ژیانی رۆژانەدا کە ئاسوودەییو نەمریی بە تاکەکانی کۆمەڵ دەبەخشێت. یەزدانی تاكو تەنها لە باوەڕی زەردەشتدا

خولقێنەری زەوی، ئاو، ئاسمانو گشت زیندەوەرە، مەزنییەکەشی لە توانا رەهاکەیەوە هاتووە بەبەسەر هەموو بوونەوەردا (کەون) و لە مەودایەکی نهێنیو پێنەزانراوی رووناکیی و چاکە و نەمریدایە وناوی (ئاهۆرا ـ مازدا)یەو هەر بەتەنها ئەو شیاوی پەرستنە. لە بەرامبەریشدا خواوەندی تاریکیو خراپەکاری (ئەهریمەن) بەردەوام لە ململانێو جەنگدان. لەم روانگەیەوە ئاینی زەردەشتیی روو لە رووناکییە کە هێمایەکی یەزدانە، نەك ئاگرپەرستیی کە هاوبەش پەیداکردنە بۆ یەزدانو شۆفێنزمی عارەبو ئیسلام بەنارەوا دەیدەنە پاڵ ئاینی زەردەشتییو بە مەجووسو گاور ناوی دەزرێنن. لەشکری ئیسلام کە ساڵی٢٢ك. لورستانو ئێران داگیر دەکات، سەرکردەی لەشکر هەرئەوەندە لەو ئاینە تێدەگات کە زەردەشتییەکانیش وەك موسوڵمانەکان باوەڕیان بە تاك و تەنهایی یەزدان هەیە وەك موسوڵمانەکان و بتپەرست نین. خالیدی کوڕی وەلید لەو رووەوە پرسیار لە خەلیفە عومەر( د.خ ) دەکات، لە وەڵامدا دەڵێت وەك خاوەن پەرتووکە ئاسمانییەکان مامەڵەیان لەتەکدا بکەن.

زەردەشت لەو باوەڕەدا بوو یەزدان (ئاهۆرا- مازدا) بۆ راپەڕاندنی کاروباری گەردوونو زیندەوەر چەند فریشتەیەك هاوکاری دەکەن، ئەو فریشتە کارگێڕانە بە (ئیزد، ئێزد) ناودەبرێن، یەکێك لە ئاینە کۆنەکانی کوردیش هەتا ئەمڕۆ پەیڕەوی فەرمانەکانی ئەو فریشتانە دەکەن و (ئێزدی — یێزدی)ن، بەڵام بەهەڵە بە یەزیدی ناودەبرێنو دوژمنانی کورد دەیانگێڕنەوە بۆ یەزیدی کوڕی موعاویە، خۆشبەختانە لەم ساڵانەی دواییدا بە هەوڵو کۆششی کوردۆلۆژی ناسراو دکتۆر جەمال نەبەز ئەو راستیە مێژووییە ئاشکرا بوو، ئاینەکە گەڕایەوە سەر ناوە رەسەنەکەییو کەناڵەکانی راگەیاندن و بەشێك لە رووناکبیران و خوێندەواری کوردیش ئاینی ئیزدی ـ یێزدی بەکاردێنن، لە فەرموودەکانی زەردەشت (سێ شت خاوێنن: ئاو، ئاگر، با، پیسو پۆخڵی پاکژدەکەنەوە)، (خواردنی گۆشتی مردارەوە بوو، خواردنەوەی مەی، ئاژەڵ سەربڕین بۆ قوربانی قەدەغەن، گا، مانگا، مەڕ کە دەکرێنە قوربانی بەرهەمهێنو خزمەتی مرۆڤ دەکەن، یەزدان خواردنو خواردنەوەو خەوی نییە). زەردەشت باوەڕی بەوە نەبوو دوای مردنی لە پەرستگاکاندا بەرجەستە بکرێت وەك عیسا لە کڵێسەکانی کریستو بوودا لای هیندییەکان.

مەزدەك یەکێکە لە جێگرەکانی زەردەشت، قوباد کوڕی فەیرۆز لەسەر دەستی ئەودا ساڵی ٤٨٨ز. دەچێتە سەر ئاینی زەردەشت (یەکەمین شای ئێران باوەڕی بەزەردەشت هێناداریۆشی یەکەمە ٥٤٩ ـ ٤٨٦ پ.ز.) هەر لە سەردەمی شا قوبادیشدا نوێکارییەك لە ئاینەکەدا روویدا، لەلایەنی کۆمەڵایەتیدا هەنگاوێکی مێژوویی دەنێت بەرەو سۆسیالیزم، هەژارو هەتیو وبێوەژن دەکاتە هاوبەشی سامانو دارایی دەوڵەمەندە مشەخۆرەکان، بێگار قەدەغە دەکاتو جوتیارو کشتیار لە باج و سەرانەی دەوڵەت ئازاد دەکات.

ئەم هەنگاوانەی مەزدەك لەوێوە سەرچاوەیان گرتبوو ناکۆکیو دوژمنایەتی و رق و کینە لە نێوان تاکو گروپەکانی کۆمەڵو دەوڵەتانیشدا لە سەر سامانو ئافرەتە، هەردووکیانی (فرای Free ـ Frei) کرد.

دوای مردنی شا قوباد (هەرسێ کوڕەکەی، زام، کاوس، خەسرەو (نەوشیروان) رێکنەدەکەوتنو کەوتنە ململانێو دوژمنایەتی، مەزدەك پشتگیری لە کاوس دەکرد، هەر بەو هۆیەوە خەسرەو کە کاوس دەکوژێت

یاساو فەرمانەکانی مەزدەك هەڵدەوەشێنێتەوەو هەرئەوەندەی قوباد ٥٣١ ز. دەمرێت، خەسرەوی کوڕی دەستیکردە قەلاچۆکرنی مەزدەکییەکان).(٨٤) پاشماوەو شوێنەواری ئاینی زەردەشتیی کەمێکی زۆر کەمی ماوەتەوەو لەهێرشەکەی لەشکری رۆمی بێزنتەدا بۆ سەر ئێران کوردستانیش داگیر دەکەن، دوای کوشتن‌و برین‌و وێرانکاریی پەرستگاکانی ئاینی زەردەشتییش کاولکران‌و هێرکلیس (هێرقل) لەوێوە بە رێگای شنۆ ـ رەواندزدا پەلاماری (نەینەوا)ش دەدات‌و ئەویش بەدەردی ئێران و کوردستان دەبات.

ساڵی ٣٨٧ ز کوردستان لە نێوان بێزنتەو ساسانەکاندا دابەشکرا، دوای شەڕەکەی١٨٢٦ ـ ١٨٢٨ز. لە نێوان ئێران‌و رووسیادا خۆرهەڵاتی ئەرمینیاو بەشێکی کوردستانیش کەوتنە نێو سنووری رووسیاوە، (بەپێی پەیمانی سایکس ـ بیکۆش خۆرئاوای ئەرمینیا دەکەوێتە بندەستی سۆڤێت). ئەرمەنەکان یەکەمین دەوڵەتی ئەرمەن لە ٦٠٠ پز. دادەمەزرێنن و لە سەدەی چوارەمی زایندا ئاینی عیسایی بە ناویاندا بڵاوبووەوە، کە دەوڵەتەکەشیان رووخا لە نێوان ئێران‌و رۆمی بێزنتەدا دەستاو دەستیان پێدەکرا).(٨٥) سەردەمی هاتنی ئیسلامیش بۆ کوردستان‌و ئێران ئەوەی لە کون‌و کەلەبەریشدا زەردەشتییەکان شاردبوویانەوە لە نێوچوون‌و لەو بوارەدا ئەرمەنەکان هاوکاریی ئاینی ئیسلام دەکەن دژی ئاینی زەردەشتیی. فارسەکانیش بەهۆی هاوئاینیی (زەردەشتیی بوون)و هاوڕەگەزیی‌و نەژادی ئارییەوە لە گەڵ کورد بەو ناوەوە کەڵکیان لە کورد وەردەگرت دژی دوژمنەکانی خۆیان، کوردیش کە خۆی خاوەنی ئاینەکە بوو، ئەرکی پاراستنی لە کۆڵ فارس کردبووەوە، وەك چۆن سەلاحەدینی ئەیووبی لە بری عارەب ئەو ئەرکەی راپەڕاند.

وەك پێشتر وتمان روونکردنەوەی ژیانی زەردەشت‌و لایەنەکانی ئاینەکەو لێکدانەوەو شرۆڤەی ئاڤێستا کارێکی ئاسان نییە، چونکە هێماکانی پاشماوەی نووسینەکانی زمانی ئاری کۆن هێشتا نەکراونەتەوەو ئەو زانیاریانەی لە بەردەست زاناکانیشدان دەگەڕێنەوە بۆ ١٥٠ ساڵێك بەر لە عیسا.لە زمانی کۆنی ئێرانیدا وشەی زەردەشت واتای خاوەن ووشتری ئاڵتوونی دەگەیەنێت. زانای مەزنی ئاڵەمان فریدریش نیتشە لە کتێبی زەردەشت ئاوەها دەدوا دەڵێت: زەردەشت ئەو بیرەی لە کوێوە بۆ هاتووەو لە چ بوارێکی کۆمەڵایەتیدا کاریکردووە وەڵامدانەوەیان ئاسان نییە.زانایانی خۆر هەڵات، زەردەشت وەك رامیار، پەیامبەر، شەمانە (حەکیمەکانی هیندستان) تەماشا دەکەن. زاناکانی فەرەنسا لەو بوارەدا زەردەشت بە رابەرێکی چاکسازی کۆمەڵایەتی دەژمێرن.مێژوونووسانیش بە گشتی لەو باوەڕەدان ئاینی زەردەشتیی لە چەند سەرچاوەیەکەوە هەڵێنجراوەو بۆ دەستنیشانکردنی ئەو سەرچاوانە Quelle پێویستە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی شوێنەوارناسەکان بە هەند وەربگرین.

## پەرتووکی پیرۆز

پەرتووکی زەردەشت ئاڤێستایە، لە ٧٢ یاسنا (کەپیتەل ـ پەرەگراف) پێکهاتووە لە پێنج بەشدا، سێ بەش لەوانە پێکەوە بە فێزپاراد parad ves ناو دەبرێت. بیروباوەڕی زەردەشت لەسەرەتادا دەماودەم دەگێڕدرایەوە، کەکۆکرایەوەو بەناوی ئاڤێستا نووسرایەوە ئەلێکساندەر سوتاندی، بەڵام پێڕەوکارانی سەرلەنوێ نووسییانەوە، بەڵام کەمووکورتیی زۆر تێدابوو. زەردەشت بەو هۆیەوە زانایەکی مەزن بوو لە

سەردەمی خۆیداو لای چاکترین زاناکانی جوولەکەو یۆنانی خوێندبووی، بنەماکانی ئاینەکەی پوختو بە پێز دارِشتبوو، ئەو سەردەمە بیرۆکەی ئاسمان Hemel و دۆزەخ Hule یا بەهەشتو دۆزەخ هێشتا لای جوولەکە نەناسرابوون.

ئاڤێستا بەزمانی پەهلەوی کۆن(کوردی) نووسراوەتەوە، صالّی ٢٠٠ ز.بەئارامیو سەردەمی ساسانەکان ٢٠٠ ـ ٧٠٠ز. بەزمانی زەندو صالّی ٦٠٠ی زاینیش سەرلەنوێو بەشێوەیەکی ئاسان نووسرایەوە بە بەکارهێنانی ٤٨ پیت بەلاّم چەند بەشێکی تێدا نەبوو کە لەنێوچووبوون، دواجاریش لە ١٧ گاتادا بە ٨٥٩ دێرِ نووسرایەوە، بەلاّم گۆرِینی بەشێوەیەکی دروستو تەواو بۆ زمانێکی زیندوو کارێکە ناکرێت، بۆیە سەرلەنوێ کۆکرایەوەو جیاواز لە دەقە رەسەنەکە لە چوارچێوەیەکی نوێدا نووسرایەوە.
دکتۆر جەمال نەبەز دەلّێت: زەند بەو پەرتووکە دەوترێت لێکدانەوەو شرۆڤەی دەقەکانی ئاڤێستای تێدا نووسراوە. خواوەندی رووناکی (یەزدان) دوو ناوی هەیە: ئاهۆرا، مازدا. ناوی(مازدا) بەرچاوترین ناوە لە ئامۆژگارییەکانی زەردەشتدان بەر لە عیسا بە تەنها بەکار دەهات، یا(مازدا) بە تەنیا بەکاردەهات، شاکانی ئەخەمەنی سووربوون لەسەر ئەوە هەتا سەردەمی داریوشی یەکەم (کۆرش ـ kyrosi)٢٥٢پ.ز. هەردوو ناوەکەیان پێکەوە بەکاردەهێنابەشێوەی ئاهۆرامازدا.
**سورڤان (سیروان):** ساسانەکان لەسەردەمی فەرمانرِەوایی خۆیاندا ئاینی زەردەشتی دەبەنەوە سەر خواوەندی خۆیان کە بە سورڤان دەناسرا. سورڤان لە چوار شێوەدا خۆی دەنوێنێتو لەشێوەی چوار کورِی خۆیدا خۆی بەرجەستە دەکات، بەلاّم خودی سورڤان لە بۆشاییو سەردەمانێکی (کاتشوێن — زمکان)ی بێسنووردایەو رووناکی و ناوێك لەگەلّ ئەهریمەن جیایان دەکاتەوە. ئەهریمەنیش سێ ناوی هەیە:
دەئیڤا Daeva،درودش Drudsch و پەریکاس Perikas. ئەمین زەکی بەگی خۆشمان دەلّێت (سەردەمی ساسانەکان سالّی٣ك. ٨٢ کتێب و نامیلکە لە شەرح و تەرجەمەی ئاوێستادا نووسراوە بە زمانی پەهلەوی کۆن. گەلێك وشەی ناونیشانی ئەو کتێبانە لە وشەی کوردی ئێستا دەچێت وەك (دین کورت ـ ئاینی کورد) و (دانستانی دینیك ـ رازی ئاین (ئاینێك)، شیگند گومانێك وی جا ـ کە لە سەر کردنەوەی ئاینی زەردەشتە بەتەواوی لە شێوەی ئاخاوتنی ئەمرِۆی کورد دەچێت.)[٨٦] زمانی کوردیی سەدەی شەشەمی بەر لە عیسا، زمانێکی سەربەخۆ بوو، ئەگەر بۆ نموونەی پێشتری کوردو زمانەکەی بگەرِێین لە هەرێمی موکریان دەیدۆزینەوە کە زەردەشتیش هەر لەوێ هاتۆتە دنیاوە، شەمسەدین بەگ سامی نووسەری قامووسی تورکی کە بەزمانی تورکییە دەلّێت زمانی کوردیو ئەو زمانی پەهلەوییە پێکدەچن کە ئێستاش چەند شێوەیەکی لە ولاّتانی میدیای کۆندا ماون وەك شێوە زمانی تات لە باکۆ، ئاخاوتنی کوردەکانی تالشو قەرەباغو گینەكو گەیلان. زانا ئەوروپاییەکان چەند زانیارییەکی دیکەشمان لە سەر زەردەشتو زەردەشتیی دەدەنێ وەك ئەوەی زەردەشت چەندین فەیلەسووفی گەورەی لە ئێراندا پێگەیاندووە.صالّ بەر لە عیسا ئاینی زەردەشتیی لە ناوچەی بەختیاری خۆرهەلاّتی ئێراندا بەشێوەیەکی فراوان بلاّوبووەوە. هەتا ئەمرِۆ١٢٠،٠٠٠ ـ١٥٠،٠٠٠ هەزار مرۆڤ لە سەر ئاینی زەردەشتیی ماونەتەوە. تێگەیشتنی ناوەرۆکی ئاینەکە لە ئێرانو هیندستان جیاوازە.هێمایزیندوویی زەردەشت وێنەو پەیکەر نییە

بەڵكو ئاگرێكە هەمیشە بگرێت.

**زەردەشت نەوەی نوحە**

شـانۆكاری ئاڵـەمانی Gottfried Wilhilm Leibnis لـە درامـای دانـا (حـەكیم) نـاتۆم دا Weise Der Nathom كە پاڵەوانو كارەكتەری سەرەكی دراماكە ناوی ئەلهافی Alhafi یە ناوی زەردەشت Zarathustra دەهێنێت.

مۆزارتی بلیمـەتی موسـیقای ئەڵـەمانیش ١٧٩١ لـە پارچـە مۆسـیقای زەردەشـت ـ Zarasto نـاوی زەردەشتی زیندووكردۆتەوە.

فەیلەسـوفی مـەزنی ئەڵـەمانیش فریـدریش نیتشـە ١٨٨٣ ـ ١٨٨٥ شـاكاری (زەردەشـت وەهـا دەدووا Sprach So Jst Zahrathustra ی نووسیوەو هێڵی لە نێوان چاكەو خراپەدا راكێشاوە. نووسەری ئاڵەمان Karl may لە نووسینەكانیدا زەردەشتی بەسەركردۆتەوە.

ڕێشارد شتراوس Richerd Straus ئەویش هەر ئەڵەمانە،ساڵی ١٨٩٥ بە پشتبەستن بە نیتشە لـە سیمفۆنیایەكدا زەردەشت پتر بەگەلی ئەڵەمان دەناسێنێت.ساڵی ٢٠٠١ یش فلیمسازی ئەڵەمانی سـتانلی كوبریك Stanly Kubrick فیلمییێكی دەركرد بەناونیشانی سـپوس ئـۆدی زێ see Spuce ody سیمفۆنیاكەی ڕێشاد شتراوسRicherd Straus ی تێدا بەكارهێنابوو.

لێرەدا ئاشكرا دیارە ئەڵەمانـەكان لـە سـەر بـەرزترین ئاسـتی هونـەر و وێـژە بایـەخێكی بەرچـاویان بـە زەردەشتو ئاینی زەردەشتیی داوەو لەو ڕووەوە كورد قەرزاریانە.

ئیتر هەر ئەوەندەم لە سەر زەردەشـتو ئـاینی زەردەشـتیی بـە دەسـتەوە مـاوە كـە یەزدانپەرسـتیی لای زەردەشتییەكان ئەوەبوو لە بەردەم ئاگری پەرستگاكاندا كۆدەبوونەوە كە هەرگیز نەیاندەهێشت بكوژێنەوە، ئـەو ئاگرانـە هێمـای خـۆرن، خـۆریش هێمـای دەسـەڵاتی خوداوەنـد و دادپـەروەریی و یەكسـانییە كـە بێجیـاوازی نێـوان سەرنشـینانی زەوی تیشـك و ڕوونـاكی پەخشـدەكات. زەردەشـتییەكان لەبـەردەم ئـەو ئاگرانەدا،گاتاكان ـ سرووده ئاینییـەكانیا ن بـە گـۆرانیو ئـاوازەوە دەخوێنـدو دەپاڕانـەوە كـە مرۆڤـ خـۆی خاوەنی كردارە چاكو خراپەكانێتی، یەزدان یارمەتیمان بدا كاری چاك هەڵبژێرینو بڕیاری دروست بـدەین، دەزانینو زەردەشت فێری كردووین گیانە پاكو چاكەكان دەچنە بەهەشتو گیانە گوناهبارەكانیش جێگـەیان ئاگری دۆزەخە، لە نێوان ئـەو دوو چینەشـدا یـەزدان خـۆی مانـدوو ناكـات، مرۆڤـەكان لـە ڕۆژی دوایـیدا پردێكیان لە بەردەمدایە دەبێت بەسەریدا بپەڕنەوە، بـۆ خواناسـەكان پـانو بەرینـەو بەئاسـانی دەپەڕنـەوە بەهەشت، بۆ خوانەناسو گوناهكارانیش لە موو باریكترو لە گوێزان تیژترەو دەكەونە ئاگری دۆزەخەوە.

سورڤان ـ سیروان ـzuravan چوار هێزی تێدایە: ئاهورا مازدا، چاكە، باوەڕ، كات.

بەو پێییە سورڤان ـ سیروان zurvan لە ئاهورا مازداو ئەهریمەن گەورەترە كە باوكی هەردووكیانە.

صـاڵنامـەی زەردەشـتیی مانگـەكانی ٣٠سـیی ڕۆژنو هـەر ڕۆژێـك نـاوێكی هەیـەو بـووە بـە بنـەمای صالنامەی ئێرانییەكانو جەژنی نەورۆز- جەژنی سەری ساڵ كە لە وڵاتی ئێران سیازدە ڕۆژەو لـە هـەرێمی كوردستان ٣سێ ڕۆژە.. بـە پێـی بـاوەڕی زەردەشـتییەكان ئـەو گیانـەی دوای مردنـی مرۆڤێـك لاشـەكەی

جێهێشتووەو چۆتەوە ئاسمان(لای یەزدان) لەو رۆژانی نەورۆزەدا دەگەڕێتەوە سەر زەوی بۆ دیدەنی کەسوکارو خزمان، هەربەو هۆیەشەوە چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی بە جەژنی مردووان ناوی دەبەن.

بابلیەکانیش لە جەژنی بەهاردا (ئەکیتا) ئافرەتان لە سەر شەقامی پەرستگا ریزدەبوونو هەر پیاوێك بەخواستی خۆی ئافرەتێکی هەڵدەبژاردو دەچوونە کڵێسای عەشتار... بەرهەمی ئەو جوتبوونە دەبوو بە کوڕی یەزدان.[٨٨]

## گەڕانەوەیەك بە ژیانی زەردەشتدا

بیرو بۆچوونی زۆر جیاوازو دوور لە یەکترو بگرە پێچەوانەش زۆرن لەسەر ساڵو شوێنی لە دایکبوونی زەردەشت، جیاوازییەکانیش دە ساڵ و پەنجا ساڵ نین، پترن. لێرەدا ئەوەندەی بتوانم شەنوکەوێکیان دەکەم.

زەردەشت لە تیرەی (ماژ)ە، پێدەچێت زانای گەورەیان تێداهەڵکەوتووە بۆیە بەزانایانی ئاینەکەش وتراوە موژ ـ موغ مانای زاناو پیتۆڵ.(ماژوس بووە بە مەجوس؟)هەردوو وشەی ئەورووپایی ماژیك ـ ماجیك سیحرو جادوگەریی‌و کاری سەرسووڕهێنەرە.

ماژستەر ـ ماجستەریش باوەڕنامەیەکی بەرزی زانستییو بەمانای پایە بەرزیش دێت وەك وشەی ماژو ـ ماجۆر ـ مێجەر ـ لە فەرهەنگی سەربازیدا.

ئەفلاتوون زەردەشت بە دامەزرێنەری موژ ـ موغ دادەنێت.ئەگەر ئەو زانا مەزنە ئەوەی وتبێت دەبێت بەر لە ئەفلاتوونو بەلای کەمەوە لە سەردەمێکدا ژیابن کە دەکاتە ساڵانی ژیانی ئەفلاتوون ٤٢٩ ـ ٢٤٧ پز. بابڵێین ئەوە راستییەك! کفالیۆن کنترپاس مێژوونووسو پزیشکی تایبەتی ئەردەشێر دەڵێت زەردەشت هاوژینی ئاشوور نینۆسو سەمیرا میسی هاوسەری بووە. سەرچاوەیەکم لە بەردەستدا نییە ئەو شاو شاژنە لە چ سەردەمێکدا ژیاون، بەڵام کفالیۆن ٤٤٠ ـ ٣٤١ پز. ژیاوە.ئەمەش دەیسەلمێنێت زەردەشت بەلای کەمەوە بەر لە ٣٤١ پز. ژیاوە. ئەوە ئەگەری دووەم.

خوێندکارەکانی ئەفلاتوون وتوویانەو دیارە لە مامۆستاکەیان وەرگرتووە، زەردەشت ٦٠٠ ساڵ بەر لە مردنی ئەفلاتوون دەرکەوتووە، ئەو حسێبەش دەکاتە ١٠٢٧پز. ئەمەش ئەگەری سێیەم.

بۆچوونێکیش هەیە دەڵێت زەردەشت سەردەمی گوشتاسەب باوکی داریۆش ئاینی زەردەشتی بڵاوکردۆتەوە. وەك دەزانین کۆرش ٥٥٩ ـ ٥٣٩ پز. فەرمانڕەوا بووەو دەوڵەتەکەش بەدەستی خۆی دامەزرابوو. دارای یەکەمیش ٥٢٢ ـ ٤٨٦ پز. هەموو تەمەنی دەوڵەتەکەشی ٥٥٩ ـ ٣٣٠ پز. بوو، ئەو ساڵانەی سەرەوە ساڵەکانی فەرمانڕەوایین، بەو پێیە کە گوشتاسەب بەلای کەمەوە بیست ساڵ لە کوڕەکەی گەورەترەو ئاساییە کوڕەکەشی لە تەمەنی ٢٥ ساڵیو بەرەو ژوورتردا بووبێتە شای ئێران ودەکاتە نزیکەی ٥٧٠ پز. وئەوەش گریمانەی چوارەمە.بەڵام ئەو راستییەش پشتگوێ نەخەین گەر زەردەشت سەردەمی ئەخەمەنی یا دوواتر دەرکەوتووە، دەبوو لە ئاڤێستادا باسێکیان بکات.

ڕابەرێکی شۆڕشەکەی ئاگری (ئاگری داغ)و مێژوونووسو شەهیدی ناکام، ئیحسانی نووری پاشا دەڵێت (زەردەشت دەچێتەوە سەر مەنووچەهری نەوەی فەرەیدوون).[٨٩] لێرەشدا دەبێ بڵێین فەرەیدوون نێوان ساڵانی ٩٠٠ ـ ٨٠٠ پز. ژیاوەو زەردەشتیش کە بچێتەوە سەر نەوەکانی فەرەیدوون کە تەمەنیان بەسەر

یەکەوە ١٠٠ ـ٣٠٠ ساڵێك پڕ دەکاتەوە، بەو پێیەش دەبێت زەردەشت دەورووبەری ٦٠٠ ـ ٥٥٠ پ.ز. دەرکەوتووە.ئەمەش گریمانەی پێنجەمو ئەو بۆچوونانەش پووچەڵدەکاتەوە گوایە چیرۆکەکانی ئاڤێستا بە زمانی ئاشووری نووسراونەتەوە لە کاتێکدا فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئاشوور ٦٨٦ـ ٦٢٦ پز. بووە.

لێکۆڵێنەوە ئارشۆلۆگییەکان لەو باوەڕەدان زەردەشت لە ئازەربایجان ژیاوەو هەر لەوێش کۆچیدوایی کردووە، بەڵام بەڵگەیەکیان نەخستۆتە بەردەست. بۆچوونێکیش هەیە، زەردەشت ٥٨٣ ـ ٦٦٠ عیسایی لە وڵاتی موکریان هاتۆتە دنیاوە.

بۆچونێك رای زاناکانی وەك بیرۆنیو هینز hinz ی لە سەربێت ئەوەیە زەردەشت ٦٠٠ پز. ژیاوەو ئەسکەندەری مەکدۆنی ٢٥٨ ساڵ دووای ئەو دەرکەوتووە کە دەکاتە ٣٤٢ ساڵ. لەگەڵ تەمەنی کورتی ئەسکەندەردا ٢٥٦ ـ ٣٢٣ پز. تەنها بیست ساڵێك جیاوازە.

گەڕیدەی عوسمانی ئەولیا چەلەبی دەڵێت ئەسکەندەر ٣٥٦ ـ ٣٢٤ پز. ژیاوەو ٨٨٢ ساڵ بەر لە دەرکەوتنی پەیامبەری ئیسلام. بەو پێیەش ٨٨٢ ـ٥٧١ز (لە دایکبوونی موحەمەد) دەکاتە ٣١١ پز. بەڵام ئەسکەندەر ٣٥٦ پز. هاتۆتە دنیاوە بۆیە دەبێت ئەسکەندەر ٩٢٧ ساڵ بەر لە موحەممەد ژیاوە نەك ٨٨٢ ساڵ. ئیحسان نووری دەڵێت سێ زەردەشت هەنە: یەکەمیان مەهاباد دووەمیان هۆشەنگ کە ئاگری دۆزییەوە (ئاگری کردۆتە هێمای هێزو توانای خواوەندی رووناکی. ن. ك) و سێهەم ئیبراهیمە کە لە نێوان ٢٠٠٠ ـ ١٥٠٠ پز. لە دایکبووە.چەند زانایەکیش، لەوانە Eiles دەڵێن زەردەشت ١٠٠٠ پز. لە ناوچەی بەختیاری هاتۆتە دنیاوە، سەرۆکی کۆڕی ئێرانناسیو نووسەری کتێبی گاتاکاتی زەردەشت، پوورداوود تەرجومەی هەندێك لە نووسراوەکانی پشتی ئاڤێستای کردووەو دەرکەوتووەو گێونمە یەکێکە لە جێگرەکانی زەردەشت. (٩٠) ( زەردەشت لەناو مادەکاندا دەرکەوت، لەزۆر شوێندا وتوویەنی بەبیرکردنەوەو تێرامان یەزدانم دۆزییەوەو ناسی و کتێبی ئاوێستاشم هەر بە بیرکردنەوە داناوە .لە ئاوێستادا هەر دووانزە مانگەکەی ساڵ ناویان هەیە، ئێران هەتا ئەمرۆش پەیرەوی ساڵنامەی زەردەشتی دەکات . نەورۆز و میهرەگان ـ میهرەجان دوو جەژنی گەورەی زەردەشتین، نەورۆز کۆتایی زستان و سەرەتای بەهارو سەری ساڵی کوردییە، میهرەگانیش کۆتایی پا یزو سەرەتای زستانە . کۆڵەکە گرنگەکانی ئاینی زەردەشتی میترا ـ میتراییە، زەردەشت هەرچییەك میترایی بوو کردنییە زەردەشتی، دەیویست میترایی قوتبدات بەڵام بۆینەکرا . بڕوانە فەلەکەدین کاکەیی، سەرچاوەی پێشوو )

لە بارەی کتێبی ئاڤێستاشەوە سەرچاوەکان لێڵو نەخوێندراوەن. مەزدەك بەپشتیوانی کەیقوبادی ساسانی دەستکاری کتێبی (یوند)ی زەردەشت دەکاتو بانگەشەی ئەوە دەکات خۆی نووسیوێتی: لەو دەستکارییانەدا هەموو سنوورە قەدەغەکانی نێوان نێرو مێ دەسڕێتەوەو بەوهۆیەوە لە دینەوەر هەواداری زۆر دەبنو دینەوەر دەبێتە بنکەی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکانی مەزدەك (بەپێی ئەو بڕیارە یەزید گورد کچێکی خۆی مارە دەکات و بەهرامی چوپین خوشکێکی خۆی مارە دەکات)(٩١) یەزید گورد ٣١ ك/ ٦٧٢ ز لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا کوژرا. دیارە ئەو رووداوە دوای هێرشەکەی نەوشیروان بوو بۆ سەر مەزدەکەکان و قەڵاچۆکردنیان و کوشتنی مەزدەکیش، چونکە نەوشیروان ساڵی ٥٧٩ز. بۆتە شای ئێران

هەر بە مەبەستی دستکاریکردنو دوورخستنەوەی ئاڤێستا بوو لە بنەما رەسەنەکانی لە پێناو بەرژوەندی شاکانی ئێراندا. کتێبی ئاڤێستا لە سەردەمی دەوڵەتی ساسانیدا ٢٥٠ ـ ٦٥٠ ز. گۆڕیيانە سەر زمانی زەند، بەڵام سەرینەگرت، بۆیە لە ٦٠٠ ز. بەشێوەیەکی نوێیو ئاسانترو بەبەکارهێنانی ٤٨ پیت سەرلەنوێ نووسرایەوە.کتێبی ئاڤێستا لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکەمیان گاتا، دووەمیان یەشت. (٩٢) زمانی نووسینەوەشی وەك پیرداوود لە کتێبی (ئەدەبیات فارسو پشتها) دەڵێت زمانی خۆرئاوای ئێران بوو، نەك زمانی خۆرهەڵاتو باشووری خۆرئاوا.(٩٣)

ئەو لێکچوونەی لە نێوان زمانی ئاڤێستاو هەردوو دیالێکتی سەرەکی زمانی کوردیدا هەیە، لەگەڵ زمانی فارسیی ئەمڕۆدا نییەتی، بۆ نموونە سەرنج لەم ووشانە بدەین ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت:

| زمانی ئاڤێستا | دیالێکتی کرمانجی باشوور | دیالێکتی کرمانجی باکوور | زمانی فارسی نوێ |
|---|---|---|---|
| مازا | گەورە | مەزن | بزورگ |
| بەرەزا | بەرز | بەرز | بلَند |
| صور | رۆژ | خۆر | ئافتاب ـ خورشی |
| خسا | قسە | کسە | سەخن |
| زانین (زانست.ن. ك) | زانست | زانست | دانشتن (دانیش زنزك) |

ئەو دو وشەیەی زانینو دانشتن وەك لەو خشتەیەی سەرەوەدا کە ئیحسان نووری رێکیخستووە.(٩٤) زانست راسترە، چونکە لە زانین فراوانترەو بەرامبەرەکەشی لە فارسیدا(دانش) دەگرێتەوە نەك دانیشتن . لێرەدا دەتوانین بڵێین زمانی پەهلەوی کۆن بنچینەی زمانی مادو ئاڤێستایەو ئەوانیش بنچینەی زمانی کوردی ئەمڕۆن.

لەڕووی رەگەزیشەوە ئارییو ئارێتیی کورد لەوەوە هاتووە هەموو گەلانی سەرزەمینی دەوڵەتە دێرینەکانی ئێران کە هەر هەمووشیان دەچنەوە سەر رەچەڵەکی گەلانی هیندۆ ئێرانی، بە ئاریا ناو دەبران.

ڕووناکی، خۆر، ئاگر، بەلای هەموو گەلانی ئارییەوە پیرۆز بوون، سەرۆکی خواوەندەکانیان (مهرا)یە کە خواوەندی رووناکییەو لەگەڵ رۆژگاردا وشەلێکدراوی ماه (خۆر) + دا (روو) بووە بە ماهرا ـ میهرا ـ میترا. جەژنی میترا رێکەوتی ئەو رۆژە دەکات خۆر دەکەوێتە بورجی حەملەوە، ئەوە جەژنی رۆژی نوێ، نوێ رۆژ، نەو رۆژ، نەورۆزە. کە یەکەمین جار لە مێژوودا جەمشید کردییە جەژنێکی نەتەوەیی ئارییەکانو گەلی فارس، کورد، ئەفغان، ئەرمەن، میصرییەکان بەناوی جەژنی پەموو ـ لۆکە، صاڵانە یادی دەکەنەوە.

زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەکانی مێژوو، ئاگرپەرستی دەدەنە پاڵ ئاینی دێرینی ئارییەکان کە هەتا سەردەمی دەوڵەتی ئەخەمەنی (کەیانی) ٦٤٠ ـ ٣٣٠ پ.ز. لەسەر دەستی کورشی مەزندا، بنەمای سەرەکی ئاینەکە ئاگرو ئاگرپەرستی بوو، زەردەشت دەیکاتە ئاینێکی کۆمەڵایەتیو رێوشوێنی نوێی بۆ دادەنێت لە خزمەتی مرۆڤدابێت.

لێرەشدا سەرەداوێکمان لە سەرەتای ژیـانی زەردەشـت دەسـتدەکەوێت، فـەرهاد پیربـاڵ دەڵێـت دەوڵـەتی ئەخەمەنی ٥٥٩ پز. کۆرش دایمەزراندو هەتا ٣٣٠ پـز. فـەرمانڕەوا بـوو. بەوپێیـە زەردەشـت ٣٠ـ ٤٠ ـ ساڵێك بەر لە ٦٤٠ پز. یا ٥٥٩ پز. لە دایکبووە کە تەمەنێکە رابـەرێك بتوانێـت پەیامبـەری پـەیامێك بێتو گریمانەیەکی دیکەش دێتە پێشەوە زەردەشت ماوەی نێوان ٦٨٠ ـ٦٠٠ پز. هاتۆتە دنیاوە.

شاکانی ئێران کە هەر لەسەرەتاوە باوەڕیان بە زەردەشت کردووە ئاینی زەردەشتی دەکەنە ئـاینی فـەرمی دەوڵەت، داریۆشو ئەردەشێرن. لەو دوو سەردەمەشدا کوردستان لە ژێر دەستی رۆمدا بوو هەتا ئێـران لـە سـەردەمی دەوڵـەتی ئەشـکانی ٣٣٠ـ ٢٥٠ پـز. بەسـەر رۆمەکانـدا سـەردەکەوێتو دوای رێکـەوتنیش کوردستانو ئەرمەنستان لە ژێر دەستی رۆمەکاندا مایەوە.

ئیحسان نووری دەڵێت هۆزی گەورەی کورد، گۆتی بانگەوازەکەی زەردەشتی بەدڵنـەبووەو بـەرەنگارییان کردووەو ناچاری دەکەن روو لە خۆرهەڵات بکـات. پێدەچێت لـەو سـەردەمەدا بـووە زەردەشـت وتوویـەتی (موڵکی ساسان بەدەستی هاوڕێیانی پێغەمبەری عارەب لە نێودەچێت).[٩٥]

هەروەها لە پەستای ٤٦ بەندی ١، ٢ دەڵێت (بۆ کـام وڵات هـەڵێم، پـەنا بـۆ کـوێ ببـەم، پێشـەوایانو ئەشراف لالوت و دردونگن، نە لە جوتیارو وەرزێران رازیم نە لە فەرمانڕەوای شا، کە لایەنگری درۆن. ئەی مەزدا، چۆن دەتوانم تۆ خۆشحاڵکەم؟ من دەزانم بۆ هیچم پێناکرێت، چونکە پەزو مەڕ کەمەو کرێکارم زۆر نـین).[٩٦] لـە ئەنجامیشـدا هەسـتدەکات پەیامەکـەی گەشـە ناکـاتو وەك پێویسـت بـەنێو جـەماوەردا بڵاونابێتەوە، لەگەڵ چەند کەسێك لە هـاوبیرە دڵسـۆزەکانیدا بـە نائومێـدی سـەری خۆیـان هـەڵگرتو بـە نهێنیو بە کوێرە رێگاکاندا پەنا دەبەنەبەر دەرباری گشتاسەپ شای خۆرهەڵاتی ئێران.

لەو سەرچاوانەی بەرچاوم کەوتوون لەسـەر زەردەشـتو ئـاینی زەردەشـتیی، بەچـەنگە کـرێ هەرئەوەنـدەم لێهەڵکراند، ئـەویش ئـەو بۆشـاییە گەورەیـەی مێـژوو ئەوەنـدە پڕناکەنـەوە بـزانین زەردەشـت کێیـە، نـاوو بنەماڵەکـەی، تـیرەو هۆزەکـەی، شـوێنی لـە دایکبـوونو قۆناغـەکانی ژیـانی، سـەرەتای بانگەوازەکـەیو بڵاوبوونەوەی، دۆستو دوژمنانی، سەرکەوتنو هەڵدێرەکانی، تەمـەنی، کۆتـایی ژیـانیو چـۆنو لـە کـوێ نێژراوە. هۆیەکی هەرە گرنگی ئەوانەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامەکانی هێرشـەکەی ئەلێکسـاندەری مەکـدۆنیو داگیرکردنـی ئێـرانو کوردسـتانیش لەسـاڵی٣٣١ پـێش زاینـدا. کـە یـەکێك لـە ئەنجامـەکان سڕینەوەی شوێنەوارو کولتووری گەلانی ئێران بوو کە بەرچاوترینیان سـوتاندنی شـاری ئیڤیسو پەرسـتگا رازاوەکەی ئەریتمید بوو بە هەزاران کتێبی دانسقەی بەرهەمی زاناکانی مادو فارسو ئـەو دوازدە پێسـتە گامێشەی یەکەجار کتێبی ئاڤێستای لە سەر نووسرابوو.

### گەلانی زاگرۆسو ئاینی ئیسلام

دوای جێگیربوونی ئاینی ئیسلام لە دۆرگەی عارەبدا، لەشـکرە بەهێزەکـەی ئیسـلام سـەردەمی خەلیفـە عومەری خەتتاب( د.خ ) بە سەرکردایەتی خالیدی کوڕی وەلید ١٨ك/٦٠٤ز.بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینەکە لە کوردستان و ئێران و ئەفغانستان روو لە خۆرهەڵات دەکات. هێرشەکە بە سێ ئاراستەدا پێشڕەویی دەکرد، قۆڵێك ٢٢ك/٦٠٨ز.بە سەرکردایەتی عەقەبەی کوڕی فەرقەد پیرەشارەکەی هـەولێر داگـیر دەکـات، قـۆڵی

دووەم راستەوخۆ بۆ سنوورەکانی ئێران، قۆڵی سێیەمیش لە زێی گەورە ـ زێی بادینان دەپەڕێتەوەو لە باکووری خۆرهەڵاتەوە رووبەڕووی لەشکری ئێران دەبێتەوە. کورد لە باشووری کوردستانو شانبەشانی گەلانی ئێرانیش، فارس کورد، بلووج، تاجیك، گورجیو گەلانی دیکەی قەفقاس بەرگری لە خۆیانو خاكو زێدی باپیرانو ئاینی زەردەشتیی دەکەنو هەتا شمشێریان دەبڕی لە چەندین رووبەڕووبوونەوەی خوێناویدا گیانیان بەختکرد، بەڵام ئەنجامی کۆتایی سەرکەوتنی لەشکرە سەرگەرمەکەی موسوڵمانان بوو. فاکتەرێکی گرنگی ئەنجامەکەش دوودڵیی بەشێك لەو گەلانەبوو لە نێوان زۆرو ستەمی شاکانو ئاینە مژدەبەخشەکەی ئیسلامداو هیوای سەردەمێکی ئاسوودە. هەندێك بەدڵ بوونە ئیسلامو هەندێك بەناچاریو هەندێکیش دەستبەرداری ئاینی باوباپیرانیان نەبوونو هەر لەسەر ئاینی زەردەشتیی مانەوەو ناوبەناویش یاخیدەبوونو ئاڵای شۆڕشیان بەرز دەکردەوە،وەك شۆڕشەکەی سەرکردەی کوردی خوراسان ئەبوو موسلیمی خۆراسانیو بابەکی خوڕەمی نێوان ساڵانی٨١٦ ـ٨٣٧ز. دژی دەستەڵاتی خەلیفە ملهوڕەکانی دەوڵەتی ئومەوی لە شام، شۆڕشی جەعفەری کوڕی حەسەن (میرجەژن) ٨٨٣ ز. دژی خەلیفەی عەبباسیی، موعتەصیم بیللا لە هەرێمی مووصڵ.

بابەکی خوڕەمی وەك سەرکردەیەکی شۆڕشی رزگاری کورد بوو، کۆمەڵناسو چاکسازێکی کۆمەڵایەتیش بوو لەسەر رێبازەکەی مەزدەك: رقو کینەو ناحەزی، جەنگو خوێنڕشتنو ماڵوێرانی تاکەکانی کۆمەڵو میرو شاو قەڕاڵەکانو جگە لە پاوانکردنی دەسەڵاتو خۆسەپاندن هەرهەمووی دەگەڕێتەوە بۆ دوو ئامانجی سەرەکی: ئافرەتو سامانو دارایی، بڕیاری دا هەردووکیان ئازاد،فرای ـ Free ـ Frei ـ موباح بن. ململانێکان لەپێناو پاوانکردنی دەستەڵات سامان و دارایی ئافرەت یا ئافرەت و سامان و دارایی ولەو پێناوەشدا سڵ نەکردنەوە لە هەموو کارێکی ناڕەوا لەو رۆژەوە کە مرۆڤ خوڵقاوە لە دەروونیدا چەکەرەی کردووە، یەزدان دەفەرموێت (أن آلأنسان لأمارةٌ بآلسوء) ئەگینا قابیل بۆچی هابیلی برای دەکوژێت؟ ئەوە خۆپەرسستیی وخۆسەپاندنی قابیل بوو بەسەر براکەیدا لەسەر دووەمین ئافرەت لەسەر زەوی دوای دایکە حەوا،ئەو دوو یەکەمین جوتە برایە هەریەکەیان گەرەکی بوو ئەو ئافرەتە هەر بۆ خۆی بێت! دوو فریشتەی ئاسمانیش هاروت و ماروت هەر لەسەر مێیینە کێشە کەوتە نێوانیان،ئەوە ئافرەتە بەهەموو جوانیی و شۆخیی و ناسك و نازدارییەکانییەوە،بەهەموو سیحرو ئەفسوون و تەلیسمەکانییەوە کە هەر لە حەزرەتی سلێمانەوە هەتا زاناو فەیلەسووفەکان،هۆنەران ونووسەران نهێنییەکانی ئەو مەخلووقە سەرسوڕهێنەرە تێنەگەیشتن ... ئەوە ئافرەتەو بیەوێت یا نەیەوێت،ویستوویە یا نەیویستووە،بە پلان بووە یا بە رێکەوت هەتا ئەمرۆ و هەتا مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی بژی هەرهەموو رووداوەکان،جەنگەکان ئافرەتی لە پشتەوەیە، هەر بەهۆی ئافرەتەوە نەبوو یەزدان باوکە ئادەمی لە بەهەشتەوە فڕێدایە سەر زەوی ؟ بەهۆی (جۆزیفین)ەوە ناپۆلیۆن بووە ئیمپراتۆری فەرەنساو هەربەهۆی ئەویشەوە بەبێکەسیی و دەستبەسەریی سەرینایەوە. شای بەریتانیا،ئەدوارد لە پێناو ئافرەتدا دەستبەرداری تەخت و تاج بوو. ئەو مەخلووقە ناسکە لاواز و دلۆڤان و ئەڤیندارە هەمانکات توندوتیژ و بەهێز و دڵڕەق و دوژمنکارە! دەریایەکە هێمن،زریانێکیشە وێرانکار و تۆقێنەر،شنەی فێنکی بەیانیان و گەردەلوولی وێرانکاریشە ...

دەسەڵاتی عارەبو ئیسلام کە گەیشتە کوردستان ئینجاهەستی کرد کورد گەلێکی دێرینە، وڵاتو ئابرووی خۆش دەوێت، بتپەرستیی نازانێت، کچ زیندە بەچاڵ ناکەن، رێز لە پیشەی دەستیی دەگرنو ژیانیان لەسەر کشتوکاڵو ئاژەڵدارییە، یەزدانی پاکو تەنهابەهەق دەناسن، بەڵام هێزو جوانی و رووناکی یەزدان لە ئاگردا دەبینن‌و بە پیرۆزی دەزانن، بۆیە ئاگر لە پەرستگاکانی زەردەشت و ماڵەکانیاندا ناکوژێتەوە. لەوێوە کورد و گەلانی ئێران بە ئاگرپەرست ناسران، کە هەڵەیەکی گەورەو تاوانبارکردنێکی نارەوایە.کورد و گەلانی دیکەی ئێران ئاگرپەرست نەبوون، بەڵکو روو لە رووناکی بوون، ئێستەش زەردەشتییەکان هەر روو لە رووناکین، بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو بۆچوونەش کورد کە بوون بە موسوڵمان لە هەموان خواناسترو نوێژپاکترو ئامادەتر بوون بۆ قوربانیدان بە سەرو ماڵ لە پێناو سەرکەوتنی ئیسلامدا. سوڵتانی عوسمانی ١٩١٥ز. بانگی دا بۆ جەنگی پیرۆز دژی کافران ـ ئینگلیز، لەسەر تاخواری عێراقدا تەنها یەك كەس بە دەنگییەوە دەچێت ئەویش کوردێك بوو بە نێوی پیر حسێن حەسەنی زێباری عەقراوی (ئاکرەیی) بە بیست جەنگاوەری کوردەوە دەچێتە نێو لەشکری سوڵتانەوە، یوسف پاشای سەرکردەی لەشکر رێزی لێگرتن‌و بە دەنگەوە هاتنەکەیانی بەرز نرخاند. هاوبەشی کردنی هێزەکەی شێخ مەحموودیش کە لە سلێمانییەوە گەیشتە شوعەیبەی هەرە خواری عێراقو ١٩١٤ز. بەرەنگاریی لەشکری ئینگلیزی کرد، لای تورکو عارەب ئاشکرایەو هۆسەیەکی بە نێوبانگی عارەب لەو جەنگەدا ئەوە بوو (ثلثی الجنة لهادينا و ثلث لكاك أحمد الشيخ و أصحابه) وەك دکتۆر کەمال مەزهەر دەیگێڕێتەوەو واتاکەشی بە کوردی: دوو لەسەر سێی بەهەشت بۆ شێخ هادی ئێمەو یەك لەسەر سێشی بۆ کاك ئەحمەدی شێخ و هەڤاڵەکانی، دیارە ئەو کاتە ناوبانگی کاك ئەحمەد لە شێخ مەحموود بڵاوتر بووە.

تەیموری لەنگ لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێت "دوای گرتنی شاری بویر داوام لە سەربازەکانم کرد دەست لە کارمەندانی (ئاگرگە = ئاتەشگە)ی شارەکە نەدرێت.. لەبەر دەرگای ئاگرگەکەدا چەند کەسێك وەستابوون و بەرگی خۆڵەمێشییان لە بەردا بوو، پرسیم ئێوە چین و چ کارەن؟ پیاوێکی ریش سپی وتی: ئێمە زێوانی ئەم ئاگرگایەین. وتم دانیشتوانی ئەم شارە ماڵ و سامانی خۆیانیان بەجێ هێشتووە و رۆیشتوون، ئێوە بۆ نەرۆیشتوون؟ وتی: ئێمە ناتوانین ئاگری پیرۆز بەجێ بهێڵین و بکوژێتەوە. وتم: ئەی ئەگەر من ئەم ئاگرەتان بکوژێنمەوە چی دەکەن؟ وتی: تۆ کە سەرو ماڵی بەندەکانی خوا لە بەردەستتدان، تکایە ئەم کارە مەکە! ئەی ئەمیری گەورە، عەرەبەکان ئەم ئاگرەی ئێمەیان نەکوژاندەوە، ئەوان نزیکەی ٨٠٠ ساڵ لەمەوبەر ئەم وڵاتەیان داگیر کردوو دینی ئیسلامیان بڵاو کردەوە بەلام ئەم ئاگرەیان نەکوژاندەوە. (بڕوانە کورد لە بیرەوەریەکانی تەیموری لەنگدا ل ١٩٨ — ١٩٩).

## شێوەی ئاینەکانی کورد لە هند ستان‌و لوبنان

لەو ئاینانەی لە کوردستان سەریان هەڵدا وەك زەردەشتی، یێزدی ـ ئیزدی، کاکەیی ـ ئەهلی هەق، عەلەوی، هەقەقە، لە هندستانیش ئاینی بووزا ـ بوداو لە لوبنان ئاینی دورزی هەیەو پەیڕەوی رێبازێکی فەلسەفی دەکەن لەسەر بنچینەی ناوەڕۆکی هەر سێ پەرتووکە ئاسمانییەکە دامەزراوە، قورئانی ئیسلامو ئینجیلی عیسایی وتەوراتی جوولەکەو پووختەی هەرسێکیان لە پەرتوکێکدا ئاوێتە کراوە و دورزییەکان بە

(كتاب الحكمه)پەرتووكی ژیریی ناوی دەبەن. ژیری بەلای ئەوانەوە واتا فەرهەنگییەكەی وشەی ژیری نییە، بەڵكو كرداری ژیرانەیە وەك راستی پەرستیو مافپەروەری یەكسانو ئازادی. ئەو دوو رێبازە فەلسەفییە لە خاڵی ئایندا باوەڕی چەسپاوی بە یەكتاپەرستی، موحەممەد، قورئان، زیندووبوونەوەو بەهەشتو دۆزەخ هەیەو لە دوو خاڵیشدا پێش سوننەو شیعە كەوتوون كە جەخت لەسەر ئەوە دەكەن خواپەرستیی و ئاینداریی مرۆڤ پێویستە لە كردارو هەڵسوكەوتی رۆژانەیدا رەنگ بداتەوە، ئەگەر وانەبێت نوێژو رۆژووی وشكو بێناوەرۆك كەڵك بە مرۆڤ ناگەیەنێت و یەزدانیش پێویستی پێی نییە. خاڵی دووەمیش ئارەزووكاریی و ئازادییە و زۆركاریی و زۆرداریی تێدا نییە. یەزدان مرۆڤی دروست كرد كە بیناسن، ئەوەتە لە یەكێك لەفەرموودە پیرووزەكانیدا (**ألحديث آلقدسي**) كە فەرموودەی راستەوخۆی یەزدانن ( فەرموودە پیرۆزەكان پڕاوپڕ واتای قودسی بەدەستەوەنادات!) زۆریش بەسەر زمانی صۆفیەكانەوەیە: (كُنتُ كَنزاً لا أُعرَف فَخَلَقتُ الأنسانَ لِأُعرَف) واتە: من (پەنهان) بووم، نەدەناسرام،مرۆڤم خوڵقاند هەتا بناسرێم. ئاینەكانیش خولیای ناسینی یەزدانن، زۆرێك موسوڵمان، یەزدان وەك هێزێكی بێ سنوور دەناسێت توانای بەسەر هەموو هێزێكدا هەیەو لە روانگەی ترسەوە لە سزای دوارۆژ دەیپەرستن، هەندێكیش لە خۆشەویستی ئەودا دەتوێنەوەو سنوورە سوورەكان دەبەزێنن وەك حەللاج كە سەری خۆی لە پێناودا دانا، رابیعەی عەدەوییە كە تاقانەیە لەنێو هەرهەمووصۆفییەكاندابەوەی ئافرەتێكی عارەبە، دەڵێت: نە لە ئاگری دۆزەخ دەترسم، نە خۆم بۆ بەهەشت هەڵگرتووە، خۆشم دەوێیتو لە ئەوینی تۆدا تواومەتەوەو هەست بە بوونی یەكلایەنەی خۆم ناكەم.

ئاینی ئیسلام لە سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ، هەزار و چوارسەدو پەنجا صاڵێكە لە سنوورێكی چەسپاو و نەگۆڕدا پەیوەندییەكانی نێوان یەزدانو مرۆڤ، مرۆڤو مرۆڤی لە دەقە پیرۆزەكانی قورئانەوە چۆن پراكتیزە كردووە هەروەك خۆی ماوەتەوە، دەقەكانی قورئان بۆ چاكەو خۆشگوزەرانیی مرۆڤەولە ناوەڕۆكیشدا سادەو ساكارە بەڵام بەدەستی زانایانی نەزانەوە زۆر سەختو قورس كراوە. مەلایەك لە گوندێكی كوردستان مەلاو پێشنوێژی پیاوانی گوندەكەیەو جێگەكەی چاكو لە هیچی كەم نییە، كابرایەكی بێ كارەی زۆرزان لەلای لابەلاوە پەیدادەبێت و دەیەوێت جێگە بە مەلا لێژ بكات، دەچێتە گوندەكەو دوای (نوێژەدرۆزنەیەك) دەڵێت خزمینە ئەم مەلایەی ئێوە نەخوێندەوارە، دروست نییە نوێژی لە دواوە بكەن، من خوێندەوارو زانام ئەگەر باوەڕیش ناكەن، تاقی كردنەوە باشترین بەڵگەیە. هەر بۆ نموونە هەردووكمان دەنووسین مار، بزانن كامیان خوێندەوارە. مەلای نەگبەت وشەی مار بە دروستی دەنوسێت،كابرای زۆرزان و نەخوێندەواریش،هێڵێكی پێچاوپێچ دەكێشێتو دەڵێت: فەرموون، هەرخۆتان بیڵێن كامیان مارە؟ هەموو دەڵێن باڵ بە گەردن ئەوەی تۆ زۆر دروستە،مارە،ئەوەی مەلاكەمان كەس نازانێت چییەبۆمان دەركەوت نەخوێندەوارە! تۆ دەكەین بە مەلای گوندو پێشنوێژی مزگەوت . جا تەماشا، مەلا بەو نەزانییەو میللەتیش لەو نەزانتر مەگەر هەر یەزدان بەزەیی پێیاندا بێتەوە، دەقە پیرۆزەكان خەفە دەكرێنو لێكدانەوەكانی لە بەرژەوەندی ئاغاو دەرەبەگو زۆرداران دەبێت بۆ چاوبەست وچەواشەكردن وچەوساندنەوەو دادۆشینی رەش و روتەكان، گوایە فەرموودەی یەزدانەو دەبێت ملكەچ بین.

ئاخۆ كەسێك باوەڕی بە هیچ ئاینێك نەبێت كافرە؟ ئەو پیاوەی هاوسەرەكەی دەچەوسێنێتەوەو وەك ئاژەڵێكی بەرهەمهێنەر تەماشای دەكات، ئەو سەرمایەدارەی هێزی بازووی كرێكار دەدزێتو خوێنیان دەمژێت، خەلیفە و سوڵتان و شا و سەرۆك كۆمارێك خوێنی هەزارەهاو پتریش دەكاتە قوربانی بەرژەوەندییە تایبەتەكانی، چونكە بەراست یا درۆ نوێژ دەكات خواناسو دینداره؟ زاناكانی ئیسلامیش زۆرینەی هەره زۆریان یابێدەنگن یا پاساویان بۆ دەدۆزنەوە.پیاوكوژ، بازرگانی چاوچنۆك، قۆڵبڕ، درۆزن بەلای ئەو كۆلكە زانایانەوە نەك هەموویان، لە قەلەندەرێك قومێك مەی دەخواتەوە یا ئافرەتێك نەبوونیی ناچاری دەكات لەشفرۆشی بكات زۆر بەرێزترن. ئەوەی ماڵی هەتیو دەخوات، یا گۆشتی بەراز دەخوات، ئەگەر خاوەن هێز نەبێت كافرەو خوێنی حەلاڵە، ئەگەر خاوەن دەستەلاتیشە نۆشی گیانی بێت. كوڕەكانی صەدام چاكیان دەخوارد.

ئاین پەیامێكی پیرۆزە، مرۆڤ دۆستە، هەر لە پێناو مرۆڤ و بەختیاریی و سەرفرازیی و پێشكەوتنی كۆمەڵدا هاتووە، بەلاّم لەكار دەخرێتو بنەما خێرخوازەكانی دەكرێت بە ژێرەوەو هەر توێكڵەكەی دەمێنێتەوە، ئۆباڵەكەی بە ملی ئەوانەی ئاین لە راستە رێگاكەی لادەدەن.ئاین چیبكات كە مزگەوت و دەستگا ئاینییەكان ئەركی كۆمەلاّیەتیی سەرشانیان ئەنجام نادەن، موسوڵمانان هۆشیارناكەنەوەو سنوور بۆ دەستەلاّتی رەهای فەرمانڕەواكان دانانێن، دەگمەن روویداوە زانایەكی بوێری وەك ئەبوو حەنیفە دژی خەلیفە راوەستابێت، زۆربەی زۆری ئەوانیدیكە خوویان بەوەگرتووە لە وتاری نوێژی هەینیدا بۆیان بپاڕێنەوە.لەم سەردەمەشدا گرووپو رێكخراوەكانی(أخوان المسلمین، حزب الله، حركة حماس، التكفیر والجهاد، حركة طالبان) هەموو ئامانجیان هاتۆتە سەر هەڵپەی گەیشتنە دەستەلاّت. لە كۆنیشدا هێرشەكانی لەشكری عارەبو ئیسلام بەناوی بلاّوكردنەوەی ئاینەوە، جەنگەكانی خاچپەرستانو لەشكركێشییە یەك لە دوای یەكەكان بۆ سەر خۆرهەلاّت بە ناوی كەنیسەو رزگار كردنی قودس وگۆڕی حەزرەتی عیسا، چ بەرژەوەندییەكی گەلانو مرۆڤی سادەی تێدابوو جگە لە ماڵوێرانی.

لەو باوەڕەدانیم ئاینەكان لە ئایندەیەكی نێزیكدا مرۆڤ بخەنە سەر راستە رێگەی خواناسینو پەیڕەو كردنی فەرمانەكانی یەزدانو پەیامبەرەكان، مرۆڤ ئەوەندە سەرسەختە یەكەمین ئافرەت كە یەزدان خولقاندی، دایكی مرۆڤ، دایە حەوا، باوە ئادەم دەخەڵەتێنێتو هانیدا سەرپێچی فەرمانی یەزدان بكاتو هەردووكیان فڕێدرانە سەرزەوی.

سێیەمین مرۆڤ هابیل،بەدەستی قابیلی برای كوژرا، پەیامبەری بەنی ئیسرائیل، مووسا لە بازاڕێكی میسردا لەگەڵ كابرایەك بە شەڕهاتو كابرای كوشت! لەو ئاینانەی لەسەردەمی زەردەشتەوە كورد پەیڕەویی كردوون كامیان بەگژ چەوساندنەوەی نەتەوایەتی ـ كۆمەلاّیەتی ـ چینایەتیدا چووەو خۆی بە خاوەنی نەتەوەكە زانیوە؟

ئەركەكانی ئاین هەر ئاینێك بێت بەرامبەر تاكو كۆمەڵو دەوڵەت لە بەردەم دوو رێگەدایە، وەك پەیامێكی مرۆڤ دۆست ئەركەكانی ئەنجام بداتو لە هەموو لایەنەكانی ژیاندا رابەربێتو بێدوودڵیی پشتیوانیی دادپەرستیی كۆمەلاّیەتیی بێتو سڵ لەهیچ زۆردارێك نەكاتەوە یا لە چواردیواری مزگەوتو

کلێسەدا خەریکی خواپەرستیی بنو دەست نەخەنە کاروبارو ژیانی تایبەتییو ئازادیی تاکەکانەوە.

ئەمە ئەو کێشەیەیە ئەمڕۆ خەستبۆتەوەو زەق خـۆی دەنوێنێـت، دیموکراتخوازەکـان داوای جیاکردنـەوەی ئاین دەکەن لەدەوڵەت،موسوڵمانە رادیکاڵەکانیش یا روونتر بڵێم(ئیسلامی رامیاریی)ش دەڵێـت ئـاین لـە دەوڵەت جیاناکرێتەوە.

**دەوڵەتی ئاینیی لەناوەڕۆکدا ناتەبایە**
**چونکە لەیەك کاتدا**
**هەڵوێستی ڕامیاریی لەسەر تەوەرە ئاینییەکان و**
**هەڵوێستی ئاینیش لەسەر تەوەرە ڕامیارییەکان**
**پیادە دەکات.**

## کوێرەڕێیەك بەرەو میدیا

کـۆرش لـە دایکـەوە کـوردە، کـە دەوڵـەتی مـاد ـ میـدیا لـە ٥٨٩ ـ٥٤٩ پز.دەڕووخێنێـتو دەوڵـەتی ئەخەمـەنی (کـەیانی) لـە جێگـەیدا دادەمەزرانـد، جگـە لـە زمـانی ئاڤێسـتا بـەجۆرێك شـوێنەواری مـاد دەسڕێتەوە، ساڵی ٤٥٠ پز.کە هێرۆدوتس دوای صەد ساڵ لە رووداوەکە چۆتە ئێران نووسـیوێتی (خـەڵك رووداوەکانی پێشوویان لە بیرنەماوە.)بڕوانە: سـەلام ناوخۆش،سـتاندەردبوونی زمـانی کـوردی،چ١،هـەولێر ٢٠١٠.

کورد وەك نەتەوەیەکی دێرین هاوژینی سەردەمو رۆژگاری دەوڵەتە بەهێزەکانی سـۆمەر، ئاشـوور، بابـل، ئێران، گریك (یۆنان)ە بەخۆیانو قەراڵە مەزنەکانیانەوە.لێرەدا هەوڵدەدەم لەبەسـەرکردنەوەی هاوژینـەکانی مـاد- میـدیا ودەوڵەتـە تەمـەن کورتەکـەیان کـە بـە هـیچ بۆچـوونێك ١٧٥ صـەدوحەفتاوپێنج صـاڵی پڕنەکردەوە، بەکوێرەرێیـەکی تـاریکوتوون ودژواردا خـۆم وخوێنـەری هێـژا بـە پەلـەکوتێ بگەینـە بـەرایی دەوڵەتە تاقانەکەی کورد لەهەموو مێژووی هەزاران ساڵەیداو روناکییەکی بەسەرداپەخشکەین ئەگەرچـی کزیش بێت .( مێـژووی مـاد، لـە صـاڵی ٦١٢ پـز. دەسـتپێدەکات کـە دەکاتـە گـرتنی شـاری نەینـەوا، بەڕابەریی کیاکسار. ماد ولاْتێکی بەرینی گرتبـۆوە، نـەجیبزادەکان ئەوەنـدە دەسـەلاْتیان زۆربـوو فـەرمان رەوای بابـل نوێنـەری نـەجیبزادەکانی بـە (پادشـا) نـاودەبرد. هـەتا نـەجیبزادەکان دەوڵەمەنـدتر دەبـوون بۆرەپیاوی هۆزەکان هەژار تـر دەبـوون و ژمـارەی کۆیلـەکان هەڵدەکشـا... ئەمـە بـووە هـۆی تێکچـوونی یەکیەتی عەشیرەتی ماد و ببێتە دەوڵەتێکی کۆیلـەدار، سـەررەرای ئەمانـەش سـاڵی ٥٥٠ پـز. ئـەنجامی ناپاکی بەشێکی زۆری نەجیبزادەکان، (ماد) سەری بۆ پارس، بۆ (کۆرش — شای ئەخەمەنی (کەیانی) شۆڕ کرد. بەلاْم کورد لە چیا سەختەکان سـەربەخۆیی خۆیـان هـەر دەپاراسـت. (بڕوانـە د.قـاسملۆ، سەرچـاوەی پێشوو ل ٣٨)

زاناکانی شوێنەوارناس پشت ئەسـتوور بـەو گلێنـەو گـۆزەو دیـزە رەنگـاو رەنگانـەی لـە عێـراقو ئێـران

دۆزرانەوەو مۆرك‌و هێماكانی هونەریی سۆمەرو جێگە پەنجەی دەست رەنگینیی ئەوانی پێوەیە، بەو ئەنجامە گەیشتوون سۆمەر لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو دۆڵی دوو رووبارەكە (میسۆپۆتامیا) هاتوون‌و سەرەتا لە چیاكانی باشووری كوردستان (باكووری عێراق) ژیاون و دواتر بەرەوخوار بوونەتەوە بۆ دەشتایی و بیابانەكانی خۆرئاوای دۆڵەكەو هێشتا ساغنەبۆتەوە مەڵبەندی هەرە پێشوویان كوێ بووە.

وشەی میسۆپۆتامیا یەكەمجار بابلەكان بەكاریانهێناوە بۆ ئەو ناوچانەی باكووری دوو رووبارەكەی دیجلە و فورات و بەشێوەی Mitbritum لەزمانی ئەوانەوە بڵاوبۆتەوە.

سۆمەر، ئەكەد، ئاشوور و بابل بەرەگەز سامین و بەپێی تەورات دەچنەوە سەر پەیامبەر نووح و بەزمانەكانی سامی، عیبری، ئەكەدی، ئارامی و كەنعانی دەدووان.زمانی سۆمەری كلیلی زمانە سامییەكانە كە ئاشووری‌و بابلییەكان هەریەكەیان بەلقێكی ئەو زمانە دەدووان.

نووسینی زمانی سۆمەری لەسەر بنچینەی یەك بڕگەیی دامەزراوە، بۆ نموونە: lu: پیاو، gai: مەزن. lu +gal: پیاوی مەزن. ki: زەوی، شوێن، An: ئاسمان. ki +An: زەوی‌و ئاسمان، گەردوون. e: خانوو، e + gal: خانووی مەزن، كۆشك[97].

بەپێی لێكۆڵینەوەكان سۆمەرو بەشێك لە بابلییەكان سەردەمی فەرمانڕەوایی هۆز گەلی كۆسی ـ كورد ٢٠٠٠ ـ ١١٢٥ پز. لە پێدەشتەكانی ئێرانەوە كۆچدەكەن‌و لە نێزیك نەینەوا دەگیرسێنەوە كە دەكەونە سنووری فەرمانڕەوایی كۆسی‌و هەتا دەركەوتنی بەهێزترین شاكانی سۆمەر (ئۆتۆحیگال) كە توانی رزگاریان بكات.ڤادن سەلماندوویەتی سۆمەر بەرەگەز ئارین. سپایزەریش دەڵێت: گۆتی لە هەرێمەكانی سۆمەردا دەژیان‌و ئەوان نەژادی كوردن. [98]

لە تەختە قوڕینەكانی سۆمەرەكاندا نووسراوە هۆزەكانی زاگرۆس (نەژادی كورد بەر لە ٢،٥٠٠ ساڵ لە باكووری میسۆپۆتامیادا ژیاون‌و بەدەم پەلاماردان‌و لەشكركێشییەوە بەرەو خواربوونەتەوەو ماوەی (١٢٥) ساڵێك فەرمانڕەوایی سۆمەرەكانیان كردووە بەرلەوەی بگەڕێنەوە مەڵبەندەكانی خۆیان لە باكوور كە شاری ئارانجان ـ كەركووك پێتەختیان بوو.

گەڕیدەی ناسراوی ئیتالیایی ماركۆپۆلۆ ساڵی ١٢٩٨ز. لە گەشتنامەكەیدا نووسیویێتی (لەم ناوچە شاخاویانەدا ((مەبەستی زنجیرە چیاكانی زاگرۆسە)) نەتەوەیەكی دیكەش دەژین‌و بە كورد ناسراون. توخم‌و رەگەزێكی شەڕەنگێزو خراپن، شەیدای تاڵانكردنی كاروانی بازرگانەكانن، بەشێكیان دیان (عیسایی)و بەشێكیان زەردەشتین).[99]

ئەكەدەكان لە هەرێمەكانی نێوەڕاستی میسۆپۆتامیادا، لە باكووری بەغداوە هەتا باشووری شاری حیللەی ئێستادا دەژیان.ئەكەد باپیرانی ئاشوورو بابل‌و ٢٣٣٤ ـ ٢١٥٤ پز. لە نێوەڕاست‌و باشووری كەنارەكانی فورات دەوڵەتێكی بەهێزیان دامەزراندبوو.چەند هۆزێكی ئاری رەگەزیش هەر لە میسۆپۆتامیا و بەتایبەتیش لە ناوچە شاخاوییەكاندا سەربەخۆ دەژیان وەك گۆتی نێزیكەی ٢١٥٠ پز. كاشی ١٥٠٠ ـ ١١٥٠ پز. هەرچەندە دەوڵەتی ئاشوور چەند جارێك ناوچەكانیانی داگیر كردووە.

ئەكەد لەسەر تاشە بەردو تەتەڵە قوڕەكانی سەردەمی ئووری سێیەم ٢١١٢ ـ ٢٠٠٤ پز. و تەورات‌و

دەقەکانی مێژووی میسۆپۆتامیا، باسی هۆزی خۆری ـ خوریو سەرکردەکانیان دەکەن. [١٠٠]

خۆریو لۆلۆ دوو هۆزگەلی گەورەی کوردنو نێوەڕاستی ٣٠٠٠ پز. ناو پەیدا دەکەن، بەڵام هەتا ٥٠٠پز. گرنگییەکی رامیارییان نەبوو.

زەینەفوون (گزینەفوون) لە کتێبە بەنێوبانگەکەیدا ( ئانابازیس — گەڕانەوە ) دەڵێت: (خورییەکان کە چیانشینن، هیچ کاتێك سەریان چ بۆ دەسەڵاتی ( کسارکاس _ خەشاریارشا ) و چ بۆدەوڵەتی ئەرمەنی نەوینەکردووە .) د.قاسملو، هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.

مێژووی دەرکەوتنی ئەکەد لەوە دێرینترە کە هەتا ئێستا دیاریکراوەو بەلای کەمەوە لە ٣،٥٠٠پز. دەست پێدەکات. رۆژی ١٢ / ٧ / ٢٠١٠ گلێنەیەك لە عێراق دۆزرایەوە نووسینی ئەکەدی بەسەرەوەیەو زاناکان تەمەنی گلێنەکەیان بە ٣،٤٠٠ ساڵ مەزەندە کردووە.

یەکەمین زنجیرەی شاکانی ئەکەد لە (لۆکالزاکیزی)یەوە دەستپێدەکات. ئەو شایە تووانی ولاتێکی فراوانو بەهێز لە پێکەوە لکاندنو یەکخستنی دەستەڵاتدارییە بچووکەکانی دەوروپشتی خۆی دابمەزرێنێت. زنجیرەی دووەمیش لە سەرجۆن ئەکەدی دەستپێدەکات دوای ئەوەی بەسەر لۆکالزاکیزیدا سەرکەوتو شاری ئەکەد دەکاتە پێتەختی دەوڵەتەکەی.سەرجۆن فراوانخوازبوو، دوای داگیر کردنی ولاتی ئاشوور لە هەرێمە شاخاوییەکانی باشووری کوردستانەوە هێرش دەکاتە سەر ئێران.

دوای مردنی سەرجۆن (نرامسین)ی کوڕەزای ماوەی ٣٧ ساڵ فەرمانڕەوای ئەکەد بوو، لەو ماوەیەدا درێژەی بەداگیرکارییەکانی سەرجۆن دەداو بەسەر هەردوو هۆزی کورد، لۆلۆ لە شارەزوور و گۆتی لە گەرمیاندا سەرکەوت. ئەو سەرکەوتنانەی لە چیاکانی دەربەندی گاور لە ناوچەی قەرەداغ ـ سلێمانی هەڵکەندووە کە دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی دەربەندی بازیان. دیارترین ئەو نەخشو نیگارانە، نرامسین بەکڵاوێکی ئاسنی دوو قۆچەوە قاچی لەسەر لاشەی دوژمنەکانی داناوە.[١٠١] هۆزی گۆتیو بەتایبەتیش هۆزی لۆلۆ دووای ئەو شکستە جێگەیان لەقبوو، تاڕادەیەکیش لە مەڵبەندی خۆیان هەڵدەکەندرێنو روودەکەنە خۆرهەڵاتو خۆرئاواو لە ناوچەکانی زەهاو، سەرپێل دەگیرسێنەوە.مێژوونووسی کلدانی (برووسی) لە سەردەمی دەوڵەتی ئەخەمەنیدا ٥٥٩ ـ ٣٣٠ پز. ژیاوە دەڵێت: مادەکان لە زۆر کۆندا ولاتی بابل داگیر دەکەنو ٢٢٤ ساڵ فەرمانڕەوایی ولاتەکە دەکەن .دیارە ئەم بۆچوونەی (برووسی) لەوەوە هاتووە داریۆش ـ دارا ٤٨٦ ـ ٥٤٩ پز.کوڕی هۆخشتر ـ شای مادەکان ولاتی بابلی داگیر کرد. مێژوونووسانی جوولەکەش هەر بەو هۆیەوە دەوڵەتی ماد بەهێمای رق و تووڕەبوونی خواوەند باهوو دەژمێرنو زاناکانی ئاینی جوولەکەش زۆر شادمانبوون میدییەکان گاڵەیان بە دەوڵەتو ولاتەکەی بابل دەکرد. [١٠٢]دیاکۆ ـ کەیقوباد لە مەزنترین شاکانی دەوڵەتی مادە، ساڵی ٧٥٠ پز. هاتۆتە سەر تەختو هەوڵیدەدا سنووری ماد فراوان بکات، هێرشدەکاتە سەر ئاشوورو ماوەیەك ئابلووقەی قەڵا و شووراکانی نەینەوا دەدات، بەڵام سەرکەوتنێکی دەستنەکەوتو گەڕایەوە.

دووای مردنی ئاشووربانیپاڵ ٦٣١ ـ ٦٢٧ پز. کەیکاوس برای دیاکۆ بۆ بەهێزکردنی پێگەی دەوڵەتی مادو سەرکەوتنو تۆڵەسەندنەوە پەیمانێك لە گەڵ بابلدا مۆر دەکات دژی ئاشوور. گەلی ئاشوور بەرەگەزو

زمان دەچنەوە سەر سام کوڕی نووح و هەر لەو روانگەیەشەوە بە سامی دەناسرێن.

سەرەتای پێزانراوی مێژووی ئاشوور دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠٠ پز. بەشێوەیەکی پرش‌و بڵاو لە ناوچەکانی دۆرگەی عەرەب‌و لەوێوە روو دەکەنە ناوچەکانی باکوور و باکووری خۆرئاوای میسۆپۆتامیا و لە دەورو پشتی ئەو شارەی دواتر کردیانە پێتەختی دەوڵەتەکەیان بەنێوی نەینەوا جێگیر دەبن.هەندێك سەرچاوە دەڵێن ئەو دەڤەرانە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی سۆبار دابوو کە لە باکوور و خۆرهەڵاتی کوردستان دامەزرابوو.دوای ٥٠٠ ساڵێك ئاشوورەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بەهێز دادەمەزرێنن ٢٠٠٠ ـ٦١٢ / ٦١٣ پز. نەینەوا دەکەنە پێتەختی دەوڵەتەکەیان‌و هەر لە سەرەتاشەوە روو لە داگیرکاریی‌و فراوانخوازیی بوون.یەکەمین هەوڵیان ئەوە بوو وڵاتی سۆبار داگیر بکەن‌و دەستبەسەر هۆزی گۆتی دا بگرن کە دوژمنێکی سەرسەختیان بوو، شایەکی ئاشوور، شەلمانسەری یەکەم وتوویەتی (گۆتی لە ئاسمانی ئەم سەردەمەدا وەك ئەستێرەی گەلاوێژ دەدرەوشایەوە، خاوەن هێزو دەسەڵات‌و توندوتیژو تۆقێنەرو وێرانکاری بوون، بەوپەڕی هێزو تواناوە بەرەنگارییان دەکردم‌و سووربووون لە سەر دوژمنایەتی‌و بەرپەرچدانەوەم). شای ئاشوور کە بەو جۆرە باسی باپیرانی کورد دەکات وەنەبێت خۆیان لاوازو روو لە ئاشتی‌و ئاوەدانیioوبن، راستە بەپێوانەی ئەو سەردەمە پێشکەوتوو بوون‌و هەر ئەوانیش بوون یەکەمجار لە مێژوودا ئاسن دەدۆزنەوەو بۆ دروستکردنی چەك‌و پێداویستییەکانی جەنگ‌و کوشتار دژی دوژمن‌و بەتایبەتیش دژی دەوڵەتی ماد ـ میدیاو دەوڵەتی ئەکەد ـ بابل‌و دەوڵەتی سۆمەر بەکاریدەهێنن، بەڵام هەر ئاشوورەکان بوون ئەوپەڕی دڕندەیی‌و خوێنساردیان لەگەڵ دوژمنەکانیاندا بەکار دەهێنا‌و کە بەسەریاندا سەردەکەوتن پێستی رووی دیلەکانیان بەزیندوویی کەوڵ دەکرد!

دەوڵەتی ئاشوور لەو صەدو پەنجا ساڵەی دوایی فەرمانڕەواییدا لەوپەڕی هێزو دەستەڵاتدا بوون‌و هەتا دەرکەوتنی کۆرشی ئەخەمەنی هێزێکی سەرەکی بوو لەناوچەکەدا,هیچ دەوڵەتێکی بچووك بەخۆیدا رانەدەپەرموو بیر لە پەلاماردانی بکاتەوەو هیچ دەوڵەتێکی گەورەش بەرژەوەندی لەوەدانەبوو سنوور و دەستەڵاتی خۆی بخاتە بەرمەترسییەکی راستەقینە،کە لە پەلاماردانی ئاشوور تووشی دەبوون‌و زامنی ئەوە بکات هێزەکانی ئاشوور لە هێرشێکی پێچەوانەداو لە ماوەیەکی کورتدا نەگاتە پێتەختەکانیان.

لە زنجیرەی شاکانی ئاشوور، سێ شای مەزن باپیرو کوڕو کوڕەزایەك ئادادنری ١٣٠٧ ـ ١٢٧٥ پز. شلیمەنصەری کوڕی ئاداد ١٢٧٤ ـ ١٢٤٥ پز. تکلتی ننوریا کوڕی شلیمەنصەر سنوورەکان‌و دەستەڵاتی ئاشووریان گەیاندە کەرکەمیش لە سەر کەنارەکانی رووباری فورات و ناوچە شاخاوییەکانی باکووری میسۆپۆتامیاش کە هۆزگەلی خوری ـ خۆری باپیرانی کوردی تێدا نیشتەجێبوون‌و بەئۆرارتۆ دەناسران.

دووای ئاشوور بانیپاڵ ٦٨٨ ـ ٦٢٦ پز. سەردەمی شا کز و لاوازەکانی ئاشوورەو سەردەمەکانی دوورو درێژی فەرمانڕەوایی‌و هێزو دەستەڵات دەگاتە کۆتایی‌و خۆری پرشنگداریان روو لە ئاوابوون دەکات‌و هەر لەو ماوەیەشدا دەوڵەتی بابل دەگاتە ئەوپەڕی هێزو توانای سەربازیی بەتایبەتیش دوای مردنی نەبوویلاسەر لە ٦٠٥ پز. و هاتنە سەر کاری نەبووخەزنەسر ٦٠٥ ـ ٥٦٢ پز. کە لە ماوەی ١٢ دوازدە ساڵ فەرمانڕەواییدا ٥٨٩ ـ ٥٧٧ پز. دەوڵەتی ماد لاوازی ئاشوور بەهەلدەزانێت، هێرشدەکەنە سەر

نەینەواو ماوەیەك لە هەرچوارلاوە گەمارۆی دەدەن، بەلأم سەرنەكەوتنو بەناچاری دەگەڕانەوە ئازەربایجان. (هەتا لە دووا هێرشدا ٦١٢ پز. نەینەوا دەگرنو ولأتەكەش وێران دەكەن. ئاشوور دوای٦٣ ساڵو لە سەردەمی (سیرۆس) شادا ساڵی ٥٤٩ پز. تۆڵە لە ماد دەكاتەوەو بەسەر دووا شای ماد ـ میدیا (ئەستیاك) دا سەردەكەوێت) ئەم دەقە لەگەڵ رووخانی دەوڵەتی ئاشوور لە٦١٢/٦١٣ پز. ناگونجێتو بەلای كەمەوە تەمەنی ئاشور٦٣ ساڵ درێژ دەكاتەوە.دەشێت ئەوەش دروست بێت، چونكە زەینەفوونو دكتۆر جەمال رەشید لەو باوەڕەدان دەوڵەتی ئاشوور ٤٠١ پز. رووخاوە! ئیحسان نووریش لە سەر باوەڕی زۆربەی مێژوونووسان دەڵێت ئاشوور٦١٣ پز.رووخا، بەلأم لە هێرشی مادەكاندا بەسەركردایەتی شا (هۆخشتر).

دەمێنێتەوە ئەوەی بڵێین ناوی ئارارات یەكەمجار لـە زمـانی ئاشـوورەكانەوە بەسـەر ئـەو زنجیرە چیایەدا دابڕاوە كە لە سنوورەكانی رووسیاوە بەئێراندا درێژ دەبێتەوە بـۆ توركیـاو ١٧٠٠ پـێ لـە ئاسـتی دەریـاوە بەرزە (دەكەوێتە نێوان رووباری ئاراس، گۆمی وان، گۆمی ورمێو لە مێژوودا بە چەندین ناوی جۆراوجـۆر ناسراوە، لای عارەبو لە قورئاندا (جوودی)، لای ئەوروپاییەكان لە ئینجیلدا (ئـارارات)، ئەرمەنـەكانیش بە میسیس)و![103] كوردیش بە ئاراراتو ئاگریی ناوی دەبەن.

هێزەكانی ماد و بابل ٦١٤ پز. لە هێرشێكی دووقۆڵی فراواندا هێزەكانی ئاشوور تێكدەشكێننو شـاری نەینـەوا تەختدەكـەنو كۆتـایی بـە ٥٢٠ ساڵ فـەرمانڕەوایی دەوڵـەتی ئاشـوور دەهێنن.بـۆ پتـەوكردنی دۆستایەتیو هاوپەیمانی ماد و بابل ژنو ژنخوازییەكیش دەكەن. مێژوونووسـی عـارەب تـەها بـاقر لەمـەڕ پەیوەنـدی دۆسـتانەی نێـوان هـەردوو دەوڵـەتی مـادو بابـلو هێرشـەكەیان بـۆ سـەر ئاشـوور نووسـیویەتی كەیئەخسار، شای مادو نەبووبلاسر شـای بابـل، پـەیمانی دۆسـتایەتیو هاوكـاریی دەبەسـتن دژی ئاشـوور، هێزەكـانی مـاد بـە سـەركردایەتی كەیئەخسـار ٦١٥ پـز. دەگەنـە كـەركووكو لـەوێوەوە بـەرەو بـاكوور هەڵدەكێشنو لە ئەنجامدا لە بەردەم قەلأو شووراكانی نەینەوادا لەگەڵ هێزەكانی بابلدا یەكدەگرنەوەو دوای گەمارۆدانێكی درێژ كە سێ ساڵی خایانـد، نەینـەوای پێتـەخت كەوتـە دەسـت بابـل و مـاد.دوو لایەنـە سەركەوتووەكە، بۆ پتەوكردنو پەرەپێدانی هاوكاریی نێوانیـان خزمایەتییـەكیش دەكـەن، ئـەمیتس كچـی شای ماد لە نەبووخەزنەسری جێنشینی شای بابل مارە دەكرێت.[104]

## حەوت شوێنەوارە سەرسوڕهێنەرەكان

لێرەدا پێویستە بڵێین باخچە هەڵواسراوەكانی بابل كە یەكێكە لە حەوت شوێنەوارە سەرسووڕهێنەرەكانی جیهان ئەنجامی ئەو ژنو ژنخوازییەی مادو بابلە و ئەو شوێنەوارە ناوازەیەی بەرزترین هونەری بیناسازیی و ئاودێریی تێدابەكارهات لە پێناو چاوی كاڵی كچە كوردی كوێستانەكانی كوردستانو بووكی نازداری بابـل بوو، دڵتەنگیو بێزاریی پێدەشتو گەرمای پڕوكێنەری ولأتی بابلی لە بیربباتەوەو كەمتر هەست بـەبێزاری بكات. شایانی بەبیرهێنانەوەیە حەوت شوێنەوارە سەر سوڕهێنەرەكەی جیهان بریتین لە:

١ ـ هەرەمەكانی میصر (قووچەكان).

٢ ـ منارەكەی ئەسكەندەرییە.

٣ ـ شووراكانی بابل‌و باخچە هەڵواسراوەكان.

٤ ـ پەرستگای خواوەند ئەرتەمیس.

٥ ـ كۆتەڵە مەزنەكەی خواوەند زیۆس،كۆتەڵسازی(پەیكەرسازی) ناسراوی یۆنان هونەرمەند فیدیاس تاشیوێتی.

٦ ـ مۆزیومەكەی شا مۆزولیۆس، شای وڵاتی كاریا ـ ئاسیای نێوەڕاست.

٧ ـ كۆتەڵە مەزنەكەی دۆرگەی رۆدس (پەیكەری رۆدس).

بۆ دیاریكردنی هەشتەمین شوێنەواری سەرسوڕهێنەر ٢٦ شوێنەوار دیاریكراون كە یەكێكیان دۆرگەی (بۆدنیا) یە لە شانشینی دوبەی بۆ هەڵبژاردنی هەشتەمین شوێنەوار.

شاری بابل سەردەمی نەبوخەزنەسری دووەم ٦٠٤ ـ ٥٦٢ پ.ز. كە ماوەی نێوان ٥٨٩ ـ٥٨٥ پ.ز. فەرمانڕەوابوو، شارێك بوو لە گەورەترین شارەكانی جیهان ـ لەو رووەوە (مێژوونووسی گریك، هیرۆدوتس دەڵێت هیچ شارێك لە جوانیدا ناگاتە بابل. مێژوونووسی جولەكە (ئەرمیا) دەڵێت شاری بابل جامێكی زێڕە بەدەست یەزدانەوە و سەرزەمینی مەستكردووە).(١٠٥)

دەوڵەتی ئەكەد ـ بابل دوای هەرەسهێنانی هەردوو دەوڵەتی سۆمەرو ئاشوور، ئیتر كۆسپی گەورەو دوژمنی بەهێزی لە رێگەدا نەمابوو، دەوڵەتی ماد ـ میدیاش هاوپەیمان بوو، بۆیە نەبوخەزنەسری دووەم ٦٠٤ ـ٥٦٢ پ.ز. لە سەردەمی ١٢ ساڵ فەرمانڕەوایی خۆیدا ٥٨٩ ـ ٥٧٧ پ.ز. هێرش دەكاتە سەر فەلەستین‌و دەوڵەتی جوولەكە، ئوورشەلیم ـ قودس داگیر دەكات، كۆتەڵەكەی سلێمان دەشكێنن‌و شوێنە ئاینیەكانی جوولەكە تێكدەدەن‌و شارو گوندەكان دەڕوخێنن‌و دانیشتوانیش بەدەستبەستراوی دەهێننە بابل.

جوولەكەكان ماوەی پەنجا ساڵێك دیل‌و زەبوون‌و ئاوارەو سەرگەردان لە بابل دەچەوسێنرانەوە هەتا كۆرشی شای دەوڵەتی ئەخەمەنی لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا لە ئێران ٥٥٩ ـ ٥٢٩ پ.ز. هێرش دەكاتە سەر وڵاتی بابل‌و تەخت‌و تاراجی دەوڵەتەكەیان هەڵدەتەكێنێت‌و جوولەكەكان رزگار دەكات‌و دەیانگێڕێتەوە فەلەستین و سەرلەنوێ وڵاتەكە ئاوەدان دەكەنەوەو كۆتەڵەكەی سلێمان دروست دەكەنەوە كە چەند ساڵێكە سەرگەرمی هەڵكەندن‌و بنكۆڵكردنی دیوار و بناغەكانی مزگەوتی قودسن بۆ دۆزینەوەی پاشماوەكانی كۆتەڵی یەكەم و شوێنەوارە دێرینەكانی بەر لەو هێرش‌و وێرانكارییەی نەبوخەزنەسر لە قودس ـ ئوورشەلیم.

## ماد ـ میدیا و تەمەنێكی كورت

هۆزو هۆزگەلە ئارییەكان وەك هەموو هۆزو هۆزگەلەكانی دیكەی كە نەژادو باپیرانی دێرینی نەتەوەكانی ئەمڕۆن بەپێی یاساكانی سروشت‌و بنەما كۆمەڵایەتییەكان لە چەندین گرووپی بچووك‌و گەورەدا دەژیان‌و هەر گرووپەش كۆمەڵێك فاكتەرو بەرژەوەندی لە ژێر سایەو سەركردایەتی بەهێزترین تاكی گرووپەكەدا كۆیكردوونەتەوەو چەند یاسایەكی سەرەتایی مافەكانی سەرۆك‌و ئەركەكانی سەرشانی مرۆڤەكانی ژێر سایەو بندەستی‌و هێڵە درشتەكانی پاراستن‌و یەكگرتوویی هۆز، پارێزگاریكردنی سنوور و بەرژەوەندییەكان لە دراوسێ ناحەزەكان، جەنگ‌و ئاشتیی، ململانێ و هێرش و بەرگریی و خۆپاراستن یا

فراوانخوازی دیاریکردووه.

مێــژووی مــاد ـ میــدیا وەك هــۆزێکی گــەورەو بــەهێزی کــورد و وەك دەوڵــەتیش روونو ئاشــکرا ناخوێندرێتەوە، بەدەستی ئەنقەست تێکەڵکراوە بە مێـژووی فـارس و لاپـەڕە پرشنگدارەکانیشـی بـەناوی ئەوانەوە نووسراونەتەوە... کوردیش بۆ نووسینەوەو زیندووکردنەوەی مێژووی دێرینی زۆر دەستەپاچە بووە، بۆیە مێژووی صەدو پەنجا ساڵێك فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ماد ئەوەندەی مـن بـزانمو بەرچـاوم کـەوتووە لـە چەند لاپەڕەیەك تێپەڕ ناکاتو هێشتا ساغنەبۆتەوە دەوڵەتەکە چۆنو کەی دامەزراوەو کێ دایمەزرانـدووە، بەڵام مێژووی دامەزراندنو رووخاندنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ صاڵانی نێوان ٨٣٥ ـ ٥٥٩ پز. ٧٠٠ ـ ٥٥٠پز. ٦٧٢ ـ ٥٥٠ پز. ٦٧٠ ـ ٥٥٩ پز. ٦٧٠ ـ ٥٢٠ پز. ٦٢٥ ـ ٥٥٠ پز. ئـەوەی رووناکییـەك دەخاتـە سـەر ئەو تەمومژە ئەوەیـە کـۆرش صـاڵی ٥٥٩ پـز. دەوڵـەتی ئەخەمـەنی ـ کـەیانی لـە سـەر دارو پـەردووی رووخـاوی دەوڵــەتی مـاد دامەزرانـدو نێـوان ٥٥٩ ـ ٥٢٩ پـز. وەك یەکـەمین شـای دەوڵەتـە نوێیەکـە فەرمانڕەوابوو لە ئێران.سەرچاوەی مێـژووش هەیـە دەڵێـت داریـۆش ـ دارا ٥٤٩ ـ ٤٨٦ پـز. رووخێنـەری دەوڵەتی مادە، لەکاتێکدا دارا کـوردەو کـوڕی هوخشـتەری شـای مادەکانـە، بـەڵام خـۆی بـە ئەخەمـەنی زانیوەو خزمەتی ەتەوەی فارسی کردووە. لەچەندین سەرچاوەشدا کەئاماژەم بۆکردوون،دارا ـ داریۆش کوڕی وێشتاسەپWischtaspe (گۆشتاسەپ)ە .

لـەو زانـاو مێـژوونووسو جوگرافیاناسـانەی سـەردەمە کۆنـەکان کـە ئاوڕێکیـان لـە کـورد داوەتـەوەو بەتۆمارکردنی چەند رووداوێك مێژووی سەردەمی رووداوەکانیـان بـۆ زیندووکردوینەتـەوە زاناکـانی یۆنـانن (یۆنان ـ گریك یەکەمین نەتەوەن لەو نەتەوانەی هاتوونەتە کوردستان و کتێبیان لەسەر وڵاتەکە نووسـیوە، وەك ئیگزەفوون، هیرۆدۆتس، جوگرافیاناس سترایۆن).(١٠٦) مێژوونووسی ئێرانی میرزا عەبباسخان دەڵێـت ( مـادای ) لەسـەردەمی حامووراببیـدا (١٧٩٢ ـ١٧٥٠ پـز. ن.ك) لـەنێوان دوو رووبارەکـەدا ناسـرابوون، کلدانەکان ئەسپیان لێدەکڕین. هەروەها مێژوونووس دەمرکانی دەڵێت مادەکان ٣٠٠٠ پز. لـە قەفقاسـەوە هاتوونو لە ترسی دەوڵەتی ئارارات کە لەسەر رێگەیاند بوو لە خۆرهەڵاتەوە تێپەڕبوون.(١٠٧) خۆرهەڵاتناس مادیسۆن دەڵێت مادەکان دانیشتوانە رەسەنەکانی زاگرۆس بوون و ٦٠٠٠ پز. لە وڵاتی مادسـتان ژیـاون. شای مادەکان (فرۆرتیس) ٦٥٠ پز. (کۆسـی)یە هاونـەژادەکانی لەدەسـت دەوڵـەتی ئەخەمـەنی رزگـارکردو شاری (ئەستەخر)ی پێتەختی رووخاندو کورد جێگەی گرتەوە.

هەردوو دەوڵەتی ماد و میتـان لـەو حـەوزەی بـاکووری دیجلـە و فوراتـدا دامـەزران و هـەتا ٦٠٠ پـز. هۆزەکانی کوردوئین لە نێوان دیاربەکر و سەرچاوەکانی زێی گەورەدا دەژیان. مێژوونووسی گریك هیرۆدۆتس ٤٨٠ـ ٤٢٥ پز. لەو باوەڕەدا بووە چەند هـۆزێکی کـورد وەك سـیرتی، کـورتی کـە زۆربـەیان لـە سـنووری دەستەڵاتی دەوڵەتی ماددا بوونو لە خۆرهەڵاتی ئێرانو دوور لە فارسەکان دەژیان بگێڕێتەوە سەر رەگـەزی فارس، ئەوەش هەڵەیەکی مێژووییەو ئەو کاتە فارسەکان دوور لـە کـوردو مـاد لـە کـەنارەکانی کەنـداوی فارسدا دەژیان و صـەدو پـەنجاو چـوار صـاڵ دوای مردنـی هیرۆدوتـس لـە کەنـداوەوە بـەرەو ژوور بنـەوەو دەوڵـەتی مـاد بـڕووخێننو دەوڵـەتی ئەخەمـەنی دابمـەزرێننو دەستبەسـەر هـەموو ئێرانیشـدا بگـرن.

پووچەڵکردنەوەی بۆچوونەکەی هیرۆدۆتس لەوەوە دێت چەندین هۆز و هۆزگەل کە هۆزگەلی ماد یەکێکیانبوو٢٥٠٠ پز. لە گورجستانەوە بەرەو خۆرئاواو باشووری خۆرئاوا رەویانکردووە و لە باشووری ئێران گیرساونەتەوەو مادو هۆزە هاورەگەزەکانیان لە زنجیرە چیاکانو ناوچە سەختەکاندا جێگیر دەبنو ئەو هۆزانەش بەرەگەز فارس بوون لە پێدەشتو تەختاییەکانی کەنارەکانی کەنداو نیشتەجێبوون.

سپایزەر دەڵێت ماد ٦٠٠٠پز. لە چیاکانی زاگرۆس ژیاونو لە هۆزەکانی دیکەی ئەو دەڤەرە دێرینترنو نەژادی رەسەنی کوردن. نووسەری مێژووی رەچەڵەکی کورد دەڵێت (میدییەکان دەچنەوە سەر یەکێك لە هاوسەرەکانی پەیامبەر ئیبراهیم بەناوی تەتوور[١٠٨] . ئیبراهیم لەدەست جەورو ستەمی یەکێك لە شا زۆردارو بت پەرستەکانی سەردەمی خۆیدا زێدی باپیرانی جێدەهێڵێتو لەگەڵ هاوبیرانیدا روودەکەنە دورگەی عەرەب)[١٠٩] یەزدانی مەزن لەو رووەوە فەرموویەتی ئیبراهیم جوولەکە یا کریست نەبوو (ما کان ابراهیم یهودیا ولا نصرانیا)، لە چیرۆکی خێزانەکەی ئیبراهیمدا ناوی دوو کەسی زۆر نێزیك لە ئیبراهیمەوە جیگەی سەرنجن، یەکێك لە هاوسەرەکانی ناوی سارا بوو بەنێوی ناوچەیەکی قەفقاسەوە، یەکێك لە مامەکانیشی ناوی ئازەر بووە بەنێوی ئازەرییەکانەوە!؟ئەوەشم بیستووە سارا لە ناوچەی سەییدصادق ـ شارەزوور نێژراوەو هەتا ئەمرۆش گۆرەکەی هەرماوە.

دیاردەی کۆچو کۆچبار، باوەرهێنانی سەرزارەکییو نابەدڵ بەئاینێك بۆ خۆپاراستن لە خوێنرێژیو درندەیی شایەکی ستەمکار وێنەیان لەمێژوودا زۆرە، هەر بۆ نموونە ئیحسان نووری پاشا ١٨٩٣ ـ ٢٥ /٣ / ١٩٧٦ز. سەرکردەی شۆرشەکەی ئاگری ـ ئارارات دەڵێت تۆتال پاشای ئەرمەن صالّی ٢٧٥٠ پز. دەست لە ئاینی باپیرانی بەردەداتو دەبێتە کریست ـ عیسایی، دیارە ئەرمەنەکانی ژێر فەرمانیشی دوای شاکەیان کەوتوون، وەك لە کۆندا وتراوە گەلان لە سەر ئاینی شاکانیانن (الشعوب علی أدیان ملوکهم)، یەکێك لە وانەی وەك دامەزرێنەرو یەکەمین شای دەوڵەتی ماد ناوی لەمێژوودا هاتووە شا (دیۆکس)ە کە ماوەی ٥٣ صاڵ فەرمانرەوا بووەو سەرکردەیەکی بەتواناو لێهاتوو بووە، لەشکرەکەی بەژمارە زۆرو پرچەكو تەیار بوون، لە هونەرەکانی هێرشو پەلاماردانداداهێنەربوون، پێدەچێت یەکەمین جار لە مێژوودا تیرهاوێژەکانی لەشکری ماد تیری گرداریان بەشێوەیەکی نوێ بەکارهێنابێت، سەری تیرەکانیان بەتێکەڵەی قیرو چەوری تیژ دەکردو لە هاویشتنی تیرەکاندا ژێی کەوانەکانیان ئەوەندە رادەکێشا تیرەکان تیژ تێنەپەرنو بەرلەوەی بگەنە ئامانجەکانیان بکوژێنەوە.

بەڵگەیەکی باڵادەستیی دەوڵەتی ماد لە سەردەمی هێزو توانایداو سەرکەوتنیان بەسەر دوژمندا (زاناکانی ئاینی مووسا (ئاینی جوولەکە) فرەدڵخۆشبوون کە لەشکری دەوڵەتی ماد گاڵەی بەوڵاتی بابل دەکردو مێژوونووسەکانی جوو، لەشکری ماد بەهێمای رقو توورەبوونی خوداوەند یاهوو دەبینن).[١١٠] فیردەوسی هۆنەری مەزنی فارسو نووسەری شاکارەکەی(شانامە)دەڵێت ماوەی نێوان دەرکەوتنی کێومرت لە ٣١٤٦ پز. هەتا سەردەمی کەیقوباد، ٢٤٤١ صاڵە.[١١١] بەوپێیە دەبێت کەیقوباد (دیاکۆ) صاڵی ٧٠٥ پز. دەوڵەتی ماد ـ میدیای دامەزرانبێتو لەسەر تەختی شاهانە دانیشتبێتو مەزنترین شاکانی مادەو لەسەردەمی خۆیدا هەوڵیدەدا سنووری ماد فراوانتر بکاتو هۆزەکانی کوردو هاونەژادەکانی لەژێر

ئـالای خۆیـدا کۆبکاتـەوە، بـەڵام لـە رووبەڕووبوونـەوەی دەوڵـەتی ئاشـووردا سـەرنەکەوت، دوای خـۆی (فراتۆریۆس)ی کوڕی، خاڵە لاوازەکانی دەوڵەت بەهێز دەکاتو ئەوەندەی بۆیکرا هاونـەژادەکانی لەدەسـت بێگانە رزگارکرد.

سەردەمی فەرمانڕەوایی کەیکاوس برای کەیقوباد دەوڵەتی ئاشوور کزو لاواز بوو، کەیکاوس شـای مـاد پەیمانێکی دۆستایەتیو هاوکاری لەگەڵ دەوڵـەتی بابـل دەبەسـتێت لـە ٦١٤ پـز. دژی دەوڵـەتی ئاشـوورو لەئەنجامی ئەو رێککەوتنەدا بەهەردوولا هێرشێکی فراوانی هاوبەش دەکەنو وڵاتی ئاشوور داگیر دەکـەنو نەینـەوای پێتـەخت کاولدەکەن.شـای ئاشـوورەکان خـۆی بەدەسـتەوەنەداو فەرمانیـدا ئـاگر لەکۆشـکەکەی بەربدەنو بەخاوخێزانو دەستو پێوەندەوە سوتانو رۆژگاری دەستەڵاتی ئاشوور بۆ هەتا هەتایە ئاوابوو.

سەرکردەکانی مادو بابل بۆ پتەوکردنی دۆسـتایەتیو هاوکـاری وەك میسـتەر هـۆڵ دەڵێـت (کـەیکاوس کچی یەکێك لە کوڕەکانی لە کوڕێکی سەرداری بابل مارە دەکات). مێژوونووسی ناسـراوی عێراقـی تـەها باقر لەو رووەوە دەڵێت بەهێزبوونی دەوڵەتی ماد، نەبوو بۆلاسـری شـای بابـل هانـدەدات بـەهاوکاری مـاد پەلاماری ئاشوورەکان بدات، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ شای دەوڵەتی مـاد (کەیئەخسـار) پـەیمانێك مـۆر دەکەنو پلانی هێرشەکە دادەڕێژن.هێزەکانی دەوڵەتی ماد بەسەرکردایەتی کەیئەخسار ٦١٥پـز. گەیشـتنە هەرێمی کەرکووكو لەوێوە پێشـڕەوی دەکـەنو لەگـەڵ هێزەکـانی بابلـدا لـە بـەردەم شـووراکانی نەینـەوای پێتەختی ئاشووردا یەکدەگرنەوەو دوای گەمارۆدانێکی درێژ کە سێ ساڵێکی خایاند لە ٦١٢ پز. شـارەکە دەکەوێتە دەست ماد و بابل و دوو لایەنە سـەرکەوتووەکە بـۆ پتـەوکردنی پـەیمانی دۆسـتایەتیو هاوکـاری نێوانیان ژنو ژنخوازییەکیش دەکەن، ئەمیتس کچی شـای مادەکـان مـارە دەکرێـت لـە نەبووخەزنەسـر کـە جێنشینی شای بابل نەبوو بلاسـر بـوو.[١١٢] لـەو رووەوە مێژوونووسـی گریـك هیرۆدۆتـس٤٨٠ ـ٤٢٥ پـز. بۆچوونێکی جیاوازی هەیەو دەڵێت شای مادەکان ئـەڤراهات سـاڵی ٦٥٣پـز. پـەلاماری نەینـەوا دەدات، هێرشەکەی سەرکەوتوو نەبوو، خودی خۆشی لەگۆڕەپانی جەنگەکەدا کوژراو کەیئەخسـاری کـوڕی درێـژەی بەشەڕەکە نەداو گەڕایەوە.ئەم بۆچوونە دەریدەخات (ئەڤراهات)یش وەك کەیقوباد (دیـاکۆ) بەرلـە هێرشـە هاوبەشەکەی مادو بابل هەریەکەیان لە سەردەمی خۆیدا هێرشیان کردۆتە سەر ئاشوور.

پێویستە ئەوەش بڵێین ناووناوبـانگی هـەتا هەتایـە زینـدووی بابـلو باخچـە هەڵواسـراوەکانی بابـل کـە یەکێکە لە حەوت شوێنەوارە سەرسوڕهێنەرەکەی جیهانو ئێستە بوون بە هەشـت شـوێنەوار و سـاڵی دوو هەزارو یازدەش دەبنە نۆ، بیرۆکەی نەخشەسـازییو دروسـتکردنەکەی بـۆ کیـژە کـوردی چیانشـینو بووکـە نازدارەکەی میری بابل دەگەڕێتەوە بەو هیوایەی لەو دەشتو بیابانەی گەرمەسێرو ووشـكو کـەشو هـەوا نامۆیەدا بێزار نەبێت.

مادی گەورە بریتی بوو لە ناوچەکانی نێوان دەریاچەی خەزەرو گۆمی ورمـێ و گـۆمی وان و شـارەکانی ئـاراك، ئەسـفەهان، رەی، مازنـدەران، خوزسـتان، خۆراسـانو لوڕسـتان.مادی بچـووکیش ناوچـەکانی ئاتۆرپاتکان (ئازەربایجان)ی دەگرتە خۆیو هەتا هێرشەکەی ئەسکەندەری مەکـدۆنیو داگیر کردنـی ئێـران ٣٣٠ ـ ٣٣١ پز. بەشێك بوو لە میدیای گەورە، بەڵام ئەو سنوورە فراوانە سنووری رامیـاریو دەسـتەڵاتی

دەوڵەتی ماد نەبوو، بەڵکو سنوورێکی جوگرافی بەڕێوەبردنی هەرێمەکانی ئێران بوو ئەگینا سەردەمی هێرشەکەی ئەسکەندەری یۆنانی دەوڵەتی ماد دوو صەدو پەنجا صاڵ پتربوو لەناوچووبوو.

مێژوونووسی گریك ـ یۆنانی هیرۆدۆتس٤٨٠ ـ ٤٢٥ پز. دەڵێت دەوڵەتی ماد تەنها چوار شای هەبووە، بەڵام ئیحسان نووری پاشای سەرکردەی شۆڕشەکەی ئارارات چوارده شاو صاڵەکانی ماوەی فەرمانڕەوایکردنیشی تۆمارکردوون‌و هەمووی بەسەریەکەوە دەکاتە ٤٧٧ صاڵ‌و ئەوەش زۆر لەڕاستییەوە دوورەو لەگەڵ تەمەنی کورتی دەوڵەتەکەدا ناگونجێت.جگە لەوەش لەسەرچاوەکاندا تەنها ناوی حەوت شای دەوڵەتی ماد بەرچاومکەوتوون: کەیقوباد (دیاکۆ ـ فەرەیدون) کە بەبۆچوونی هۆنەری ناسراوی ئێرانی فیردەوسی مەزن صاڵی ٧٥٠پز. هاتۆتە سەر تەخت، بەڵام دامەزرێنەری دەوڵەتی ماد (دیۆکس)ە. شا ئەڤراهات ٦٥٣پز. هاتۆتە سەرتەخت، کەیئەخسار کوڕی ئەڤراهات دوای مردنی باوکی بووە بە شا، فرۆریتش٦٥٠ پز.ئێختۆیکۆ لەگەڵ ئەستباغ هەردووکیان وەك دوا شاکانی دەوڵەتی ماد ناویان هاتووە.

زۆربەی مێژوونووسانیش لەسەر ئەوە کۆکن دەوڵەتی ماد هەر صەدوپەنجا صاڵێك فەرمانڕەوا بووەو مێژووەکەشی ئەوەندە پەرش‌وبڵاوو تێکەڵ‌و پێکەڵ‌و کەم‌و کورتەو شوێنەوارو دوکۆمێنتەکانی بزر و نادیارن جێگەی سەرسوڕمان‌و بەزەیی پێداهاتنەوەشە. خۆدەوڵەتەکانی ئەکەد و سۆمەر و ئاشوور و ئەرمەنیش رووخان‌و لەنێوچوون، بەڵام شوێنەواری دێرین‌و ناوو ناوبانگ‌و مێژووی شاکانیان‌و کارە گرنگەکانیان تۆمار کراون‌و زیندوون بەپێچەوانەی دەوڵەتەکەی ماد نە شوێنەوارێك‌و نە یادگارێکیان نەماوەتەوە، ئەمڕۆ نەوەکانی پەنجەی بۆ درێژ بکەن‌و لایەکی لێ بکەنەوە، بەتایبەتیش ئەو سەردەمانە باوبووە، شاو شاژنەکان‌و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەش کە دەمرن دەبوو دەست‌و پێوەند‌و کارگوزارەکانیشیان بمرن‌و لە نێزیکیانەوە بنێژرێن، هەرچی چەك‌و پێداویستییەکانی جەنگ‌و ژیان‌و خشڵ‌و زێڕو زیوو بەرگ‌و پۆشاك‌و خواردن‌و خواردنەوەی پێویست هەبوو (دەخرانە بەردەستیان) لەتەکیاندا دەنێژران، چونکە باوەڕیان وەهابوو زیندوو دەبنەوەو پێویستیان پێی دەبێت.

ئەم راستییە مێژوییە، گرنگییەکەی بۆ کوردو مێژووی کورد هەر نەبێت لەوەدایە, شاو شاژنەکانی دەوڵەتی ماد,گۆڕو گۆڕستان‌و شوێنەوارو یادگارەکانیان چیان بەسەرهات، هەروەك بەردێك بکەوێتە بنی گۆمێکەوە وەها بێسەر و شوێن شتێکیان لە دوا جێنەما! دەوڵەتی ماد کەم نەبوو، لەسەردەمی هێزو باڵادەستیدا دەستی بەسەر ئەفغانستان‌و پاکستانیشدا دەگەیشت: بەڵام دوای مردنی کەیکاوس، ئەستباغی کوڕی جێگەی باوکی دەگرێتەوە، ئەستباغ لاوازترین‌و بێبەهرەترین شاکانی مادە، روو لە رابواردن‌و پشت لە کاروباری وڵات. کۆرشی ئەخەمەنی (کەیخوسرەوی دووەم) ئەو هەلە دەقۆزێتەوەو دەکەوێتە کنەکردن‌و پلانگێڕی‌و لەخشتەبردن و هەڵگێڕانەوەی سەرلەشکرو کاربەدەستەکانی مادو لە هەلێکی گونجاویشدا بە لەشکرێکی قەبەوە لە چەند قۆڵێکەوە هێرش دەکاتە سەر وڵاتەکەو دوای چەند شەڕێکی سەخت‌و درێژخایەن صاڵی ٥٥٠ پز. یا ٥٥٩ پز. کۆرش بەسەر مادەکاندا سەردەکەوێت‌و دەوڵەتەکەی رووخاندو کۆتایی بەدەستەڵات‌و حوکمڕانی کورد هێنا کە هەتا ئەمڕۆش جێگەی خۆی نەگرتۆتەوەو بارودۆخێکی گونجاوی بۆ هەڵنەکەوتووە سەرلەنوێ قەوارەیەکی رامیاریی سەربەخۆ دامەزرێنێتەوە.هەرەسی دەوڵەتی

مـادو دەرکـەوتنی کـۆرش‌و دامـەزرانـدنی دەوڵەتـە بەهێزەکـەی ئەخەمـەنی (کـەیانی) ٥٥٩ ـ ٣٣٠ پـز. لەجێگەی دەوڵەتی ماد، یەکەمین ڕەنگدانەوەی بەسەر هەردوو گـەلی کـوردو ئەرمەنـدا ئـەوەبوو هـەر لـە ٥٥٩ ـ ٢٢٣پز. و دەرکەوتنی داریۆش بەخۆیان‌و خاکیانـەوە ببنـە کۆلـۆنی‌و ژێرچـەپۆکی فـارس، ئـەوەش یەکەمین کەوتنی ماد نەبوو، هەردوای شکسـتە سـەربازییەکەی دیـاکۆ لەبەرامبـەر ئاشـووردا، هۆزەکـانی ئەشکۆزی پەلاماری ماد دەدەن‌و وڵاتەکەی داگیر دەکـەن‌و خۆیـان بەسـەردا سـەپاندن‌و هەرلەوێشـەوە لـە چیاکانی زاگرۆس دەپەڕنەوەو پێشڕەوی دەکەن‌و وڵاتەکانی ئاشوور، سووریا و فەلەستین داگیر دەکەن‌و زۆری نەمابوو وڵاتی میصریش داگیر بکەن.

کەیئەخسـار کـوڕی ئـەڤراهاتی مـاد ٢٨ صـاڵ دوای ئـەو شکسـتە هەرچـۆنێك بـوو هۆزەکـانی مـاد کۆدەکاتەوەو لەشکرێك پێکەوە دەنێت‌و بۆ پێشاندانی نیازپاکی‌و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نـوێ سـەرکردەو مەزنەکانی ئەشکۆز بۆ ئاهەنگێکی خواردن‌و خواردنەوە بانگ دەکات‌و لەکاتی مەستبوون‌و سەرخۆشیاندا دەستێکی قورسیان لێدەوەشێنێت‌و شـاری ئـەکباتان (هەمـەدان) دەکاتـە پێتـەختی دەسـتەڵات‌و سـنووری وڵاتی ماد لە گۆمی وان هەتا تاران فراوان بوو، ئەمەش نموونەیەکی دیکەی نسکۆو کەوتنەکانی دەوڵـەتی مادە بەرلەهەرەسی کۆتایی دەوڵەتەکە بەدەستی ئەخەمەنییەکان.

دوو صەد صاڵێك دوای ئەو ڕووداوە ئەسکەندەری مەکدۆنی ٣٥٦ ـ٣٢٣ پـز. جیهـانی ئـەو سـەردەمەی هێنابووە گێر وگاز، لە هێرشە فراوانەکەیدا بـەرەو خۆرهـەڵات بەتایبـەتیش بـۆ سـەر ئێـران‌و هەڵتەکانـدنی دەولـەتی ئەخەمـەنی، هێزەکـانی داریـۆش (دارای سـێیەم) خۆیـان بەرامبـەر هێرشـەکەدا رانـەگرت‌و لەپێکدادانە چارەنووسسازەکەی گۆگامیل ٣٣٠ /٣٣١ پـز. لەدەشـتی هـەولێر ڕوویـدا، دارای ئەخەمـەنی بەجۆرێك شکاو بێورەبـوو ترسـنۆکانە پاشەکشـەیەکی پڕلەشـەرمەزاری دەکـات کـە بەپێوانـەکانی جـەنگ بەزین‌و ڕاکردن بوو.دارا لەچیاکانی کوردستان پاشماوەی لەشـکرە تۆقیوەکـەی کـۆ دەکاتـەوەو لـە گـوژمی دووەمیشدا بەتەواوی تێکدەشکێت‌و کۆتایی بەدوواهەمین ڕۆژی دەوڵەتەکەی ئەخەمەنی ٥٥٩ ـ ٣٣١ پـز. هات‌و هەمـوو وڵاتی ئێران‌و کوردستان‌و ئەرمەنستانیش کەوتنە بندەستی یۆنان.

ئێران دوای پەنجا صاڵ ژێر فەرمانی یۆنان لە ٢٥٠پز خۆی ڕزگـار کـردو دەسـتی بەسـەر کوردستانیشـدا گرتەوەو ئەرمەن لە ١٧٥ ـ ١٠٥پز. باکووری کوردستان داگیر دەکەن‌و سەرکردەی ڕۆمان لۆلۆبۆس صـاڵی ٥٠پز. ئەرمەنستان و کوردستانیش داگیر دەکەن‌و ئینجا نۆرەی پارثی ـ ئەشکانی دێت‌و ئەوانیش لـە ٥٢ پز. دەست بەسەر کوردستاندا دەگرن‌و ئاگری جـەنگێکی درێـژ لـەنێوان پـارثـی و ڕۆمانـدا هەڵدەگرسـێت. صاڵی ٣٤ پز. ئێـران دووبـارە ئەرمەنسـتان و کوردسـتان داگیـر دەکەنـەوە کـە ئـەو سـەردەمانە بـەوڵاتی کوردوئەن ناودەبرا.

ئەنجامی ململانێی پـارس و ڕۆمانـەکان صـاڵی ١١٥ عیسـایی باشـووری کوردسـتان لەلایـەن لەشـکری ڕۆمانەوە وێرانکراو دوای شـەش حـەوت صـاڵێکیش بـەپێی پەیمانەکـەی صـاڵی ١٢٢ عیسـایی، هـەردوو داگیرکار پێکـدێن و نێوەڕاسـتی ڕووبـاری فـورات دەکەنـە سـنووری ئاشـتی نێوانیـان، بـەڵام لەسـەردەمی دەوڵـەتی ساسـان‌و لـە صـاڵی ١٦١ ـ ٢٢٤ عیسـایی سـەرلەنوێ شـەڕ هەڵگیرسـایەوەو لـەوە دواتـریش

کوردستان بووه گۆڕەپانی جەنگو ململانێی گۆڕەپانی ململانـێو جەنگـەکانی هـەردوو دەوڵـەتی رۆمـانو ساسانو پێخوستی لەشکرکێشـیو هاتووچـووی هیرقلـی سـەرکردەی رۆمو ئـەردەوانو ئەردەشـێرو قوبـادی یەکەمو خەسـرەوی پـەروێزو نەوشـیروان (خەسـرەوی یەکـەم)ی شـاکانی ساسـان. کـایزەری رۆمـەکان ٥٧٢ عیسایی باکوورو خۆرئاوای ئەمرۆی کوردستان داگیر دەکەنو دوای پێنج جـەنگ نەوشـیروان دەرپیەڕانـدن، قوبادی یەکەمیش ٦٠٠ عیسایی هەموو ناوچەکانی ئەرزرۆمو ئامەد (دیاربەکر) لە ژێـر چـنگی رۆمـەکان رزگار دەکات.

خەسرەوی پەروێز ساڵی٦٠٥ی عیسایی ناوچەکانی جزیرو بۆتان رزگار دەکاتو کایزەری رۆم هیرقل ٦٢٢ عیسـایی هیزەکـانی ساسـان لـە ئـەرمینیا و کوردسـتان دەشـکێنێت و ساڵـی٦٢٣ی عیسـایی هـەر لـە کوردستانەوە روو دەکاتە ئازەربایجان و داگیری دەکاتو لەدرێژەی هێرشەکەدا وڵاتی ئێـران کـاول دەکـاتو ٦٢٤ عیسایی هەموو هێزەکانی ئێران لە کوردستان دوور دەخاتەوە هەتا ٦٢٧ عیسایی خەسرەوی پەروێز بۆ تۆڵەسەندنەوە لەنێزیك مووصڵ پەلاماریان دەدات، بەڵام سەرنەکەوتو لەوە بەدواوەش لەشکری ئیسلام لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتابدا بەسەرکردایەتی سەرلەشکر عەقەبەی کـوڕی فەرقـەد بەسـەر هەولێردا دەگاتـە مـەدائینی پێتـەختی ساسـانو پـەردە بەسـەر دوواڕۆژەکـانی فـەرمانڕەوایی٢٥٠ ـ ٦٣٧ عیسـایی، دەوڵـەتی ساسـاندا دادایـەوە کـە ئەردەشـیری بابـەك دایمەزرانـدو بـەناوی ساسـانی باوکییـەوە ناوینابوو.[١١٣] مێژوونووسو لێکۆڵەرەوەی عێراقی ناسراو رەشید باسمی لە ئەنجامی لێکۆڵینـەوەدا دەڵێـت ئەردەشیری بابکان ـ ساسانی (لەباوکەوە.ن.ك) لەهۆزی شوانکارەی کوردەو (لەدایکیشەوە.ن.ك) لە هـۆزی بازڕەنگی کوردە کە لە ناوچەیەکی کوردنشینی بەشی فارسەکاندا دەژیا. مێژوونووسانی عارەب تەبـەری و ئیبنولئەیسەر، پشـتگیری سـاغکردنەوەکەی رەشـید بـاسمی دەکـەنو نووسـیویانە ئـەردەوان پێنجـەم شـای دەوڵەتی ئەشکان نامەیەکی بۆ ئەردەشێری ساسانی نووسیوە پڕلە تانەو تەشـەرو بـۆ سـوکایەتی پێکـردنو سووك نرخاندن بە (ئەی کوردی دەوارنشین) ناویدەبات. بەشێکی نامەکە بەم جۆرەیە: پێت لەبـەرەی خـۆت پتر راکێشاوەو بەوەش مەرگی خۆت هەڵبژاردووە.هەی کوردی خێوەت نشـین کـێ رێگـەی پێـداویت تـاجی شـاهانە لەسـەر بنێیـت؟ ( وادیـارە هـەر لـە سـەردەمانیکی زۆر کۆنـەوە نـاوی کـورد هاوواتـای وشـەی کۆچەربووە،هەمزەی ئەصفەهانی لە لاپەرە١٢٥ دادەڵێت: فارسەکان بـە دەیلەمییـەکان دەڵـێن کوردەکـانی تەبەرسـتان،هەر وەك چـۆن بـە عەرەبەکانیشـیان دەوت کـوردی سوریسـتان . دووایـەمین پاشـای پارتەکان،ئەردەوان جنیو بە ئەردەشیری ساسانی دەدات: (کوردی لەزیر رەشمـالی کـوردان گـەورەبوو) ئەمـە ئەوە ناگەیەنێ ئەردەشیر لەناوکوردزماندا زیاوە، بەلکو لە ناو کۆچەرە فارسەکاندا زیاوە .( بروانە فلادیمیر مینۆرسکی، بنچینەکانی کـورد وچـەند وتـاریکی کوردناسـی (بـە زمـانی رووسـی) وەرگیرانـی د.نـەجاتی عەبدوڵلا، ٢٠٠٧ سلیمانی، ل.٣١) شایانی وتنە ئەو ئەردەشێرەی تەنها لەبەرئەوەی کوردە، شایانی تاجی شاهانە نییە، لەمەزنترین شاکانی ئێرانەو هەرئەویش بوو وڵاتی ئێران لەپشێویو بەرەڵاییو پاشاگەردانیی رزگار دەکات کە دوای مردنی ئەسکەندەر ٣٢٣ پز. ماوەیەکی دوورو درێژ بەسەر گەلانی ئێراندا هـاتبوو. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کورد شانازی بە ئەردەشێرەوە نـەکردووە کـە مێژوونووسـانی بێلایـەنی عـارەب وەك

تەبەری (تبری) و ئیبنولئەسیر (ابن الأثیر)، رەشید یاسمی‌و مێژوونووسی کورد ئەمین زەکی‌و شایەکی مەزنی گەلانی ئێرانیش سەلماندوویانە کە ئەردەشێر کوردە. ئەردەشێر ساڵی ٢٥٠ عیسایی دەوڵەتی ئەشکانی رووخاندو لەسەر ئەو داروپەردووە دەوڵەتی ساسان ٢٥٠ ـ ٦٥٢ عیسایی دامەزراندو ئاینی زەردەشتی دەکاتە ئاینی فەرمی دەوڵەتەکەی[(١١٤)]. بۆ تۆڵەسەندنەوەش هێرش دەکاتە سەر وڵاتی یۆنان، کوردیش لەنێوانیاندا ئەوەندەی شێری بیبرێت بەرگری لەبوونی خۆی دەکرد وەك نەتەوە، هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆی بپارێزێت‌و لەنێو نەتەوەی فارسدا نەتوێتەوە، ئەگەرنا، دوورنەبوو کورد لە ئێران وەك قیبتییەکانی میصری بەسەردەهات. چەندین هۆزی گەورەو بەهێز سەریان بۆ دەوڵەتەکانی ئەخەمەنی، ئەشکانی، ساسان، زەند، قاجار، نەوینەدەکرد هەرچەند دامەزرێنەرەکانیشی کوردبووبن وەك دەوڵەتی ساسان ـ ئەردەشیر، دەوڵەتی زەند ـ کەریمخانی زەند. لێرەدا دەشێت بپرسین ئایا پێشەواو سەرکردەکانی گەلانی ئێران، دوور نەڕۆین دیاکۆ، کەیخەسرەو، کەیقوباد، کەیکاوس، کیسرا، فەرەیدوون، سوهاك (زوحاك)، ئەردەوان، جەمشید، بارام، نەوشیروان، رۆستەم، کوردن یا فارس؟ یا دوور لە تێزی نەتەوەیی‌و خۆجیاکردنەوە بەقووڵی هەستیان بەوە کردووە بەرلەهەموو شتێك ئارین‌و لەو روانگەیەوە فەرمانڕەوایی گەلانی ئێرانیان کردووە؟ مێژوونووسانی ئێران دوواتر هەموو شانازیەکانیان بۆ نەتەوەی فارس نووسیوەو راستییە مێژوویییەکانیان بەجۆرێك شێواندووە کاتێك کورد ووریابۆتەوە سەری لێدەرنەکات‌و خۆی تێدانەدۆزێتەوە مەگەر دوای سۆزی دەروون بکەوێت‌و شانازی بەکۆرش (کەیخەسرەو) بکات‌و خۆی بەنەوەی ئەو بزانێت‌و بەجۆرێك ئەو هەستە بەسەریدا زاڵبێت لە سروودی نەتەوەیماندا (مارشی کورد ـ سروودی ئەی رەقیب رەنگبداتەوە ئێمە رۆڵەی میدیا و کەیخەسرەو دینمان، ئاینمان هەر نیشتمان)، بەڵام کەیخەسرەو زۆر شانازی بەوە دەکات (فارس کوڕی فارسە)و لەسەر تاشەبەردەکانی تەختی جەمشید نووسیوێتی (من بەبنەماڵە ئەخەمەنیم‌و پارس کوڕی پارسم، لەهۆزی میدیاو بەرەگەز ئاریم) ئەم بەڵگە زیندووە هیچ گومانێك یا چەندووچونێکی تێدانییە کە کەیخەسرەو فارسە، بەڵام کورد دوای هۆزی میدیاو رەگەزی ئارییەکە کەوتووە. پێویستە ئەو راستییەش نەشارینەوە کەیخسرەو فارسێکی رەگەزپەرست نەبوو، نەیدەتوانی بەئاسانیش کورد ژێر چەپۆك‌و کڕبکات‌و ببێتە هۆی وروژاندن‌و یاخیبوون، بۆیە دڵنەوایی سەردارو مەزنەکانی ماد دەکات‌و رێزو خۆشەویستی پیشاندەدات‌و نیزیکی دەکردنەوەو کاروباری پێدەسپاردن‌و پۆستی گرنگیشی پێدەدان‌و هەربەناو ژێر فەرمان بوون، بەڵام پێشەواکانی ماد بەو کارانە دەسخەڕۆ نەبوون‌و هەرکاتێك هەلێکی گونجاو هاتبێتە پێشەوەو دەستەڵات بێهێز بووبێت ((سەربزێوی)) کردووەو بەهاوکاری‌و لەپاڵ هێزەکانی دوژمندا دەستی قورس‌و کاریگەریان وەشاندووەو هێزەکانیان تاڵان دەکردن وەك لەشەڕەکانی ٥١٨ ـ ٥١٢ پز. نێوان ئەخەمەنی و بابل روویدا.

دوای کەوتنی دەوڵەتی ئەخەمەنی، کوردستان دەکەوێتە بندەستی یۆنان، بەڵام سەرکردەی کورد ئەردەوان ساڵی ٢٤٧ پز. جگە لە چەند ناوچەیەکی باکوور و باشوور کە هەتا ساڵی ٢٢٦ پز. کەوتنە بندەستی ئەرمەن، ناوچەکانی دیکەی کوردستان رزگار دەکات‌و هەرلەو ناوچە رزگارکراوانەشدا دەوڵەتی ئەشکانی دادەمەزرێنێت ٣٣٠ پز. ـ ٢٥٠ ز ئەرمەنەکان لەلایەنی رامیارییەوە زۆر لە پێش کوردەوە بوون، بۆ نموونە

هۆزی هایکانی ئەرمەن هەتا هاتنی لەشکری موسڵمانانو دەستەڵاتی کوردە مەروانییەکان ٩٩٠ ـ ١٠٩٦ ز. سەریان بۆ شاکانی ئەخەمەنیو ساسانی نەوینەکرد، ئەوەش زۆرتر بەوهۆیەوە بوو سەرکردەکانیان خاوەن بڕیاربوونو ئەرمەنەکانیش پابەندی بڕیارەکان بوون کە هەمیشە لەپێناو بەرژەوەندییە دوورەکانیاندابوو.

دەگەڕێمەوە سەر باسەکە، ئەردەوان کە سەرکردەییەکی کوردو رزگارکاری بەشێك لە خاکەکەیەتی چۆن بەکوردێکی رەسەنی وەك ئەردەشێر دەڵێت (ئەی کوردی رەشماڵنشین)؟ ئایا بۆ سووکایەتیکردنە بەکورد وەك نەتەوە یا سوکایەتیکردنە بەکورد وەك تیرەو هۆزو ململانێی نێوان تیرەی کۆچەریی کوردو خاوەن رەشماڵی گەرمیانو کوێستان لەگەڵ تیرەی گۆراندا کە دامەزراوو شارنشین بوونو خۆیان بە شارستانیو پێشکەوتوو دەزانی لەچاو ئەواندا؟ دەوڵەتی ماد ـ میدیا دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆی کوردە یا ئەویش دەوڵەتێکی گەلانی ئێرانە وەك دەوڵەتەکانی ئەخەمەنی(کەیانی)، ئەشکانی، ساسانی، زەند،قاجاری کە هەر پێنجیان جگە لە ئەخەمەنی وقاجاری دامەزرێنەرەکانیان کوردن؟ ئەی فەرەیدون نەوەی جەمشید و شۆڕشگێڕ و رووخێنەری قەڵای زۆرداری سوهاك ـ زوحاك، کامیان کوردە؟ یا ئەوانیش وەك ئەردەوانو ئەردەشێر هەردووکیان کوردن؟ نەك هەر ئەوانە بارامیش کوردەو برایەکی ناوی کورد، خوشکێکی ناوی کوردە ـ کوردییەو هاوسەری بەستام بوو. دوای مردنی بەستام شوودەکاتەوە بە کیسرای خوشکەزایو دەبێتە شابانووی ئێران. بارام کۆتایی سەدەی شەشەمی عیسایی سەرلەشکری خەسرەوی پەروێز بوو، هەڵدەگەڕێتەوە و دەستبەسەر ئێراندا دەگرێت ـ خەسرەو پەنادەباتە بەر دەوڵەتی بێزەنتەو سوپایەکی شوێندەخەنو لە رووباری دیجلە دەپەڕنەوەو بەرێگای هەولێر ـ رەواندوز ـ شنۆ دەگاتەوە ئێرانو بارام خۆی لەبەرامبەریدا رانەگرتو ئەویش پەنادەباتە بەر عوسمانییەکان. لە داستانەکەی جەژنی نەورۆزو سەرکەوتنی شۆڕشگێڕان بەسەر سوهاك ـ زوحاکی خوێنمژدا بەسەرکردایەتی پاڵەوانێك لای فارس فەرەیدوونو لای کورد کاوەیەو ساڵانە لە سەرەتای بەهاردا یادی ئەو سەرکەوتنە دەکرێتەوە بەسەر زوحاکدا کە شایەکی ستەمکارو دڵڕەقو خوێنمژ بوو، وەك دەرکەوتووە کوردەو ئەو ساڵیادەش زیندووکردنەوەی سەرکەوتنێکی فارسە بەسەر کورددا، بەڵام لەو دەمەوە کە هێشتا ساغنەبۆتەوە چ ساڵو سەردەمێك بووە جەژن دەکەینو ئاهەنگ دەگێڕینو راستییە مێژووییەکەمان کردووە بەژێرەوەو لێمان بۆتە (کوردە نامۆسیَ)دان بەڕاستییەکەدا بنێینو بڵێین خەڵکینە ئێمە بەهەڵەداچووین. ئەوەش جێگەی سەرنجە فەرەیدون ناو، لە نێو فارس و کورددا زۆرە، بەڵام کاوە ناوێك لەنێو فارسدا نییە. کەڵە نووسەرێکی ئێرانی وەك فیردەوسی٩٤٠ /٩٤١ ـ ١٠٣٠ ز. شاکارە بەنێوبانگەکەی نووسیی بەنێوی شانامە، پشتی بەداستانەکەی فەرەیدوون ـ کاوەی ئاسنگەر بەستو سەرلەنوێ بەشێوەیەك دایڕشتەوە مۆرکی هەموو گەلانی ئێرانی پێوە دیار بێت، کاوە، زوحاك دەکوژێتو وڵات رزگار دەکات. هەموو ئەو لاوانەی لە ترسی زۆرو ستەمی زوحاك روویان لە چیاکان کردبوو دەگەڕێنەوە شارو گوندەکان، یەکێك لەو لاوانە فەرەیدوون بوو، پەنای بۆ چیای دەماوەند بردبوو، لەچیا دێتەخوارەوەو دەبێتە سەرداری گەلانی ئێران. وەك فیردەوسی دەیگێڕێتەوە، فەرەیدوون لە دایکی دەپرسێت من کێمو دەچمەوە سەر چ رەگەزو رەچەڵەکێك؟ دایکیشی لە وەڵامدا دەڵێت:

**تر بشناس کز مرز ایران زمین        یکی مرد بود نام أو ئابتین**

ز تخم کیان برد و بیدار بود          خرد مند و کرد و بی ئازار برد
ز تهمورس کرد بودش نژاد          پدر بر پدر برهمی داشت یاد (١١٥)

هۆنراوەکەی فیردەوسیم وەك خۆی شێوەنووس کردووەو بۆ لێکدانەوەی واتاکەشی لە چەندین فارس‌و کوردی فارسیزان پرسیارمکرد، پەیوەندی بەمەبەستی پرسیارەکەمەوە نەبوو. واتای هۆنراوەکەی فیردەوسی‌و مەبەستەکەی لە نێوان فەرەیدوون‌و دایکیدا وەڵامی پرسیارەکەی فەرەیدوون ناداتەوە کە خۆی بناسێت کێیەو دەچێتەوە سەر چ رەگەزو نەژادێك، نازانم مامۆستاحوسەینی مەدەنی چۆن ئەوەی کردۆتە بەڵگە کە فەرەیدوون وەك پاڵەوانێکی شانامە، کوردە!؟ خۆ مامۆستا فارسیزانێکی چاکەو دوای زمانەکەی خۆی زمانی دووەمی ئاخاوتنێتی.

هەوێنی شانامەکەی فیردەوسی مەزن، دیرۆکی دێرین‌و ئازایەتیی کوردو میرو میرنشینەکانی شەددادی، رەوادی، حەسنەوی‌و مەروانییەکانەو قارەمانانی داستانەکەشی هەر لەکورد هەڵبژاردووەو رەچەڵەکی کوردیش دەباتەوە سەر ئەو لاوانەی ملیان لەشمشێری بێبەزەیی زوحاك قوتار دەبێت‌و پەنا بۆ چیای دەماوەند دەبەن.

دەوڵەتی رەوادی سەردەمی عەبباسییەکان لە دەوروپشتی مووصڵ دامەزراو هەتا حەوتەمین سەدەی کۆچیی فەرمانڕەوایی کوردستانی دەکرد، دەوڵەتی شەددادیش هەتا ١١٦٥ز. لە باکووری ئازەربایجانەوە هەتا باشووری قەفقاس پێڕادەگەیشت‌و دەوڵەتی حەسنەوی لە جێگەیدا دادەمەزرێت. وەك دەزانین ناو، ناوی کەس کەم‌و زۆر یەکێکە لە پێناسەکانی لایەنێك یا چەند لایەنێکی خوازراوی کەسەکە یا خێزان و بنەماڵەکەی، بۆ نموونە هەندێك ناو پێناسەی بیروباوەڕی ئاینیی خاوەنەکەیەتی هەرچەند هەڵبژاردەی دایك‌و باوکەو بەبێ ئاگاداریی خۆی و یەك لایەنە بەسەریدا سەپێنراوەو بەشێوەیەکی گشتی لەڕوانگەی:

ئاینییەوە: وەك موحەممەد، عەلی، دەروێش، زەردەشت .

ئاینزاوە: وەك حوسەین و عەبباس وهەمزە لای شیعەکان .

مێژووییەوە: وەك نەورۆز، سمکۆ، پێشەوا،مەهاباد

نەتەوەیی‌و رامیارییەوە: وەك شۆڕش، نیشتمان، نەبەز، بڕوا، سەنگەر

جوگرافیاییەوە: وەك گەرمیان، کوێستان، چیا، رووبار، سەفین،فێنك

سروشتییەوە: وەك رۆژ، هەتاو، گزنگ، ئاسك، سوێسکە، پەپوولە

ژیان‌و یادگارییەوە: وەك مژدە، خۆشی، ژووان، بەڵێن، ئەڤین، یار، کاڵێ، ئارەزوو سەرچاوەیان گرتووە. ناویش هەن تەنها لەبەرناسکی‌و مۆسیقاکەی پەسەند کراون.

بەشێوەیەکی گشتی هەرناوێك لە نێو هەر نەتەوەیەکدا (لای قەرەچیش) پێشینەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، رێزو خۆشەویستی‌و نازێکی دەداتێ هەتا بەشانازیکردنیش دەگات. رێکدەکەوێت کەسایەتی‌و ئایدیای مرۆڤێك پێچەوانەی واتای ناوەکەیەتی وەك زەردەشت ناوی موسڵمانێکە و موحەممەد کۆمۆنیستێکی خوانەناس و دەروێش کەسێکە روو لەدونیاو دەست‌و داوێن پیس، نموونەی دیکەش:

هەژار: کەسێکی خاوەن سامان‌و داراییە .

شۆرش: کەسێکی کۆنە پارێزە .

زرنگ: مرۆڤێکی گێل ودەبەنگە .

جوان: ئافرەتێکی ناشیرینە .برِ

بروا: کەسێکی بێباوەڕو خۆفرۆشە... هتد. لێرەدا مەبەستم ئەو ناوانەیە پەیوەندیی بەکوردو گەلانی ئێرانو مەزنەکانیانەوە هەیەو رەنگدانەوەیان لە ناوەکانی نەوەکانی کوردا دوای ئەو مەزنانەی وەك دیاکۆ، کەیخەسرەو، خەسرەو، دارا، کەیکاوس، کاوس، کەیقوباد، قوباد، فەرەیدون، کاوە، بارام، جەمشید، ئەردەشێر، ئەردەوان، نەوشیروان، شیروان[١١٦] ئەردەشێر وەك ئەوەی کوردەو شایەکی مەزنی گەلانی ئێرانیشە باوەڕ ناکەم هێشتا کوردێکی بە ناوەوە ناو نرابێت! پرسیارەکە ئەوەیە کورد ئەردەشێری بۆ پشتگوێ خستووەو کەیخەسرەوی پێشخستووە؟ هەر چەند بە دوای وەلامێکدا بگەڕێین بۆ ئەم پرسیارەو پرسیارەکانی لە مەڕ نەورۆزو فەرەیدوونو کاوەی ئاسنگەرو زوحاك، جاریٚ وەلامێکمان دەستناکەویٚتوئۆبالەکەشی دەخەینە ملی چەوسانەوەی نەتەوەیی‌و ژێردەستیی کوردو بێباکییو بایەخ نەدانمان بە مێژوو وکورتبینی خۆمان .

کورد نێوەڕاستی سەدەی حەوتەمی پێش عیسا بەرامبەر دەولەتە بەهێزەکانی نێوچەکە، ئەکەد، سۆمەر، بابل، رۆمی بێزنتە، ئەرمەن کە خاوەن دەستەلاتو لەشکری فرەو پڕچەك بوون، ئەگەر ئەویش فریای خۆی نەکەوتباو دەولەتێکی یەکگرتوو دابمەزرێنێت هەر زوو دوژمنەکانی سەری دەخۆن. پێداویستییەکانی سەردەمەکەو ویستی مانەوە (إرادة البقاء)و خۆپاراستن، سەرکردەیەکی لێهاتوو دەڕەخسێنێت دەستەلاتە پەرشو بلاوەکەی کورد یەکدەخاتو دەولەتێکی بەهێز دادەمەزرێنێت. دیاکۆ ٧٠٨ ـ ٦٦٥ پز. مەزنترین سەرکردەو پێشەوای (نەتەوەییە) تا ئەو کاتە لە نێو کورددا هەلکەوتبێت. دیاکۆ لە ٦٧٠ پز. دەولەتی ماد ـ میدیا دادەمەزرێنێت، شاری هەمەدانیش دەکاتە پێتەخت. فلادیمیر مینۆرسکی پشتئەستوور بە هیرودۆتس لەوباوەرەدایە کە دیاکۆ یەکیکە لەسەرانی مانییەکان و زۆر تیکەلێ میدیا بوون، ( دیۆکس) یش هەمان دیاکۆی دامەزرینەری میدیایە .( بروانە مینۆرسکی، سەرچاوەی پیشوو،لاپەرە ٣٧) سەرزەمینەکانی ماد ـ میدیا بریتیبوون لە ئازەربایجانی رۆژئاوا، باکووری کوردستان، باشووری کوردستان. بەپێی هەندێك سەرچاوەش دەلێن دەولەتی ماد ولاتی فارسیشی دەگرتەوە، ئەوەش لە راستییەوە دوورنییە، چونکە دەولەتی ماد هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەموو ئێرانو کوردستانو ئەو گەلانەی دەگرتەوە لەو سنوورەدا دەژیان.

دەولەتی ماد۔ میدیا ٦٧٠ ـ ٥٢٠ پز. ماوەی ١٥٠ سال فەرمانڕەوای کرد، لە بالادەستیدا ناوچەکانی وەك ئازەربایجانی خۆرهەلاتیش لەژێر فەرمانیدا بووە. ولاتی میدیا ـ ماد، بەهۆی ئاوی زۆرو فەرو پیتی خاكو دارستانی چڕو لەوەڕگای زۆرو چیا سەرکەشەکانەوە ٢٠٠٠ دوو هەزار سال بەرلەدایکبوونی عیسای مەسیح ئاوەدان بووەو پەیامبەری کورد زەردەشتیش هەر لەو خاکەدا سەریهەلداوەو ئاینەکەیی بلاوکردۆتەوە. ماد۔ میدیا لە چاو دەولەتەکانی ناوچەکەدا تەمەنی کورتبوو،[١١٧] تەنها سەدو پەنجا سال فەرمانڕەوابوو ٥٢٠ پز. سەردەمی دوواهەمین شای مادەکان ئێختۆیکۆ بەدەستی ئاشوورەکان دەڕووخێت،[١١٨] هەرچەند لەگەل گەلانی دیکەی ئێرانیدا (ئێرانیدا) تووانییان ٦٤٠ پز. بەسەرکردایەتی کۆرش دەولەتی ئەخەمەنی (کەیانی) دابمەزرێننو لە ٦١٢ پز. دەولەتی ئاشووریش لە ناوبەرنو کوردیش

له بندەستی ئاشوورەوە دەكەوێتەوە (بندەستی) ئەخەمەنی. دیارە ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئەوەیە كە كۆرش دەوڵەتی ماد ـ میدیا دەڕوخێنێت، بەڵام دەستەڵات هەر بەدەست مادەكان ـ میدیەكانەوە بووە، جڵەوی كار لە دەست بنەماڵەیەكەوە چۆتە دەست بنەماڵەیەكی دیكە، نەك لە نەتەوەیەكەوە بۆ نەتەوەیەك یا سەركەوتنی فارس بەسەر كورددا، چونكە دەبینین ئەو شەڕانەی دوواتر لەگەڵ یۆنان هەڵگیرسا، یۆنانەكان بە جەنگی ماد ـ میدییەكان تۆماریان كردوون بەپێچەوانەی مێژوونووسانی ئیسلامەوە كە بە جەنگەكانی فارسو یۆنان تۆماریانكردووە.

وەك لە سەرچاوەیەكی ئەڵەمانیدا بەرچاوم كەوتووە ئەخەمەنی ٦٤٠ ـ ٣٣٠ پز.[119] كەوتنی ئاشوور ٦١٢ پز. رووخانی ئەكەد ٥٣٩ پز، بەوپێیە ماوەی فەرمانڕەوای ماد گومانی تێدەكەوێتو دەشێت زوتر دامەزرابێت.[120] ئەگەر ئەوە بسەلمێنین كە دیاكۆ ٧٠٥ ـ ٦٦٥ پز. دەوڵەتی ماد- میدیای لە ٦٧٠ پز. دامەزراندووە كەواتە ٤٣ ساڵ ژیاوە (٧٠٨ — ٦٧٠ =٤٣)و كە دەوڵەتەكەشی دامەزراندووە تەمەنی ٣٨ ساڵ بووە (٧٠٨ — ٦٧٠ = ٣٨)و تەنها پێنج ساڵیش فەرمانڕەوا بووە (٦٧٠ — ٦٦٥ = ٥) بەوپێیەش ناشێت وەك هەندێك سەرچاوە دەڵێن میدیاو ئەكەد پێكەوە لە ٦١٢ پز. پەلاماری ئاشوورەكانیان دابێتو دووای پێنج ساڵ نەبووبلاسرو نەبوخزنەسری كوڕی دووبارە لە ٦٠٧ پز. پەلاماری ئاشووریان دابێتەوەو دوواتریش كوڕ، باوك دەكوژێتو ٥٩٦ ـ ٥٨٦ پز. پەلاماری فەلەستین دەداتو شاری ئۆرشەلیم ـ قودس داگیر دەكاتو جوولەكەكان بەدەست بەستراوی دەهێنێتە بابلو هەتا سەردەمی فەرمانڕەوایی نرامسین پەنجا ساڵێك بەدیلیو زەبوونی دەمێننەوە هەتا كۆرشی دووەم لە ٥٣٩پز. پەلاماریان دەداتو كۆتایی بەسەردەمی فەرمانڕەوایی دوورو درێژی ئەكەدەكان دەهێنێتو جوولەكەكانیش ئازاد دەكاتو دەیانگێڕێتەوە بۆ قودسو سەرلەنوێ كۆتەڵەكەی (پەیكەر) سلێمانیش دروست دەكەنەوە.[121]

## كورد دوای هەرەسی دەوڵەتە تاقانەكەی لە مێژوودا

كۆرشی مەزن(دارا،داریۆش) شای ئەخەمەنی ساڵی ٥٣٩ پز.دەست لەگەڵ ئەكەدەكان تێكەڵدەكاتو بەهەردوولایان دەوڵەتی ماد- میدیا ٦٧٠ ـ ٥٢٠ پز.[122] دەڕووخێننو رۆژگاری فەرمانڕەوایی كورد ئاوادەبێتو فارسەكان خۆیاندەسەپێننو بەنیازبوون میدیەكان لە بۆتەی فارسدا بتوێننەوە، بەڵام هەرزوو دەركەوت ئەو ئامانجەیان بۆ نایەتەدی، بۆیە بۆ خۆپاراستن لە شەڕو ناكۆكیی نێوخۆ و وروژاندنی كورد، وەك رێگە چارەیەك لە بری هەردوو ناوی فارسو ماد، وشەی ئاری بڵاودەكەنەوە وەك ناسنامەی هەردوو نەتەوەكەو بەتێپەڕبوونی رۆژگاریش وشەكە دەچەسپێتو جێگەی خۆیدەگرێتو دوواتر دەبێتە ئاریانو لەوێشەوە بەشێوەیەكی هەمیشەیی بووبە ئێران كە سووكو ئاسانتر دەهاتە سەرزمان.

نەتەوەكانی ئێرانی كۆن، فارس، كورد، ئەرمەن، بلووژەكانن، لە سەدەی چوارەمینی بەر لە مەسیحەوە هەتا هێرشەكەی ئەسكەندەری مەكەدۆنیو داگیركردنی ئێرانو كوردستان، فارسو كورد وەك دوو نەتەوەی سەرەكیو هاوبەشو هاوكار، دوور لە كێشەو ململانێ ژیانیان بەسەردەبردو كورد لە هیچ روویەكەوە لە فارس كەمتر نەبوو. كە هونەرمەندانی كورد ئیسحاقی مووصڵیو زریابی شاگردی ٧٧٠ ـ ٨٤٥ ز. جێگە پەنجەیان بە گۆرانیو مۆسیقای رۆژهەڵاتو بەشێكی ئەورووپاشەوە داناو مۆسیقای كوردییان لەئەندەلوس

بڵاوكـــردەوە كـــە بناغـــەی مۆســـیقای هەرەبـــەناوبانگو بەخرۆشـــی(فلامنگۆ)ی ئیســـپانییە، فـــارس هونەرمەندێكی لەو ئاستەدا نـەبوو.كورد خزمـەتێكی بەرچاوو حاشاهەڵنەگری ئـاینی ئیسـلامو زمـانو زانستو وێژەی عـارەبو فـارسو تـوركی كـردووە، لێكۆڵینـەوە زانسـتییەكانی زانـاو رۆشـنبیرانی كـورد، ووردبوونەوەو تێڕامانو بۆچوونە قووڵـەكانیان لـە بوارەكـانی فیقهـو شـەرعدا، دەوڵەمەنـدكردنی زانسـتو وێژەی ئەو گەلانە بەهەوڵو كۆششی بەردەوامو شەونخوونیی، زادەی بیروبەرهـەمی بەبڕشـتی قەڵەمـەكانیان بێ منەت دەخستە سەرخەرمانی رۆشـنبیریی عـارەبو گـەلانی دیكـەی موسـوڵمانی وەك تـوركو فـارس، زانای گەورەی كورد مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس لە كتێبە بەنرخەكەیدا بەزمانی عارەبی ((علماؤُنا فـی خدمة العلم والـدین)) هەرهـەموو ئـەو زانـاو وێژەوانـە كوردانـەی بەسـەركردۆتەوە هەرچـەند نووسـەران و مێژوونووسانی ئەو گەلانە هیچ كامیان بەكورد ناونابەنو سووكو ئاسان دەیانخەنە لیستی شاعیرو نووسەرو زاناكانی خۆیانەوە، تەنانەت هەركاتێك ناوی مەزنێكی وەك صـەلاحەددینی ئـەیووبیش دەهێـننو شـانازی بەو رۆڵە هەڵكەوتووەوە دەكەن كە هەتاهەتایە دەبێـت قـەرزار بـاری كـوردبن، لـەڕوویان هەڵنایـەت بڵـێن عارەبە ئەگینا دەیانوت،لەبری ئەوە دەڵێن پاڵەوانی مەزنی ئیسلام.

كورد هەمیشەو هەنووكەشی لەگەڵدا بێـت كـوڕی خۆیـان كردۆتـە قوربـانی كچـی خـەڵك. عـارەب وەك نەتەوەو وەك میراتگری ئاینی ئیسلامیش لای هەرهەموو نەتەوە موسوڵمانەكانی  تورك، فارس، ئـەفغان، هتد.. جیا بە جیا تەماشایان دەكـراو سـنوورێكیان لـە نێـوان عـارەبو ئیسـلامدا كێشـاوە، بـەڵام كـورد بەگشتی هەتا سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمو دامەزرانـدنی دەوڵەتـە نوێیـەكانی عێـراق، سـووریا، ئـوردونی هاشمی، ئێرانی رەزا شا، توركیای مستەفا كەمال، ئەو سنوورەیان نەكێشـابوو، نـازی ئیسـلامەتییان نـەك هــەر بـەعارەبو خەلیفـەكانی، بەسـوڵتانەكانی تـوركیش دەدا وەك هێمـاو سـونبولی ئاینەكـەو جێگـری پەیامبەر( د.خ )، ئەوانیش هەرگیز ئاوڕێكی خێریـان لێنەداوەتـەوە، كـەمو زۆر پاداشـتێكی ئـەو هـەموو هەوڵو ماندوو بوونەی بدەنەوە، خوا هەڵناگرێت رەنگە لە چاكترین باردا وتوویانە برا بچووك نەبوویتایە!

زنجیرەی جەنگو پێكدادانەكانی ئێرانو عوسمانییەكان كە٤٠٠ چوار صەد صاڵێك درێژەیانكێشاو خوێنی یەكترییان حـەڵاڵكرد، كـوردیش لـە نێـو ئـەو ئـاگرەدا كـە تـەڕو ووشـكی پێكـەوە دەسـوتاند، بەشـێكیان هاوپەیمانی ئێرانو بەشێكیان هاوكاری عوسمانییان دەكردو بێپەروا خوێنی كورد لە پێناو ئەملا یا ئەو لادا بەفیڕۆ دەڕژا، كەچی هەر بۆ نموونە شەرمیان نەكردووە لە بەراورد كردنی زمانی عارەبی، فارسی، تـوركی، كوردیدا، زمانی كوردی بەتەپاڵە (باوابڵێین) دەچوێنن. بڕوانە دەڵێن چی: (عربي أول و اخر أست، فارسـی شكر أست، توركی كوهر أست، كوردی نە بود أست (خر أست)[١٢٣]. جا من بەشبەحاڵی خۆم نـازانم (ئـەو گووە)[١٢٤] بەدەمی فارس یا تـورك خـوراوە ؟ چـونكە زمـانی فارسـی سـەردەمانێكی دوورو درێـژ زمـانی فەرمیی دامو دەزگاكانی دەوڵەتی عوسمانیو ئەفغانستانو بەشێكی هیندستانیش بووە، بەبۆچوونی كورتو كۆڵی خۆم دەیدەمەوە بەڕووی توركە عوسمانییەكانداوهەربۆنموونەی شیرینی و پوختیی زمانی كوردی تـەنها چەند دانە گەوهەرێكی مەحوی دەكەمە بەڵگەو باپیرانیشمان فەرموویانە ((مشتێك نموونەی خەروارێكە))

**كە خوا بیدا لە هێلێكی ئەدا، سەیری هەیە رێكەوت**

دوای کەوتنی دوڵەتی ماد ـ میدیا ئیتر کورد ببڕای ببڕ هەلێکی بۆ نەڕەخسا خۆی بگرێتەوەو دەوڵـەتێك دابمەزرێنێتەوەو خۆی لەبەر دووژمنەکانیدا رابگرێتو هەستێتەوە، هەرچەند خۆ هەر بەتەنها کـورد نـەبوو شـەڕی گـەورەو چارەنووسسـازی دۆڕانـدبێتو دەسـەلاتی رامیـاریو فـەرمانڕەوایی لەدەسـت دەرچـووبێت، دەوڵەتی عوسمانیی ـ تورك چەندین شەڕی گەورەی دۆڕاند وەك شەڕەکانی قرم، باڵکـان، قـەفقاس، میصـر، سوریاو فەلەستینو دواتریش لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ژێرکەوتو نـابوتیش بـوو، پـەیمانی ئاگربەسـتی (مودروس)ی پڕ لەشەرمەزارییان پێ مۆرکرد. ئێـران لـە سـەردەمی کۆرشـدا چ کارەسـاتێکی سـەربازییان بەسەرداهاتو دەوڵەتەکەشیان بە دەستی ئەسکەندەری مەکەدۆنی رووخا، دواتریش شکستەکانیان لەبەردەم لەشکری موسوڵماناندا لەهەردوو جەنگی زیقار، قادسیەداو هەرەسهێنانی دەوڵەتی ساسانی،ئەوە جگە لـە ژێرکەوتنە گەورەکەیان لە شـەڕی چاڵدێراندا بـە دەسـتی عوسمانییەکان.لـە جـەنگی یەکـەمی جیهانیشـدا هەرچەندە بێلایەنیش بوون پارێزگاری ولاتەکەیان بۆ نەکراو رووسەکان باکوورو بەریتانییەکانیش باشـووری ئێرانیان داگیرکرد، تەنانەت سەردەمێك ئێران کەوتە بندەستی ئەفغانو شا تەهماسەب (تەهمان سـپی)یش دیل دەکەنو دواتر کوشتیان.پێشەوا قازی محەمەد سەرۆکی کۆماری کودستان لـەکاتی دادگاییکردنەکەیـدا بە ژەنەراڵە ترسنۆکەکانی ئێران دەڵێت(ئێوە، ئەفسەرانی هەمان ئەو سوپایەن لە دەمـی شـەڕەکان و گیـان لەسەردەستیدا رێگەی هەلاتنتان گرتەبەر و ئەو شیعرەی شاعیری مەزن (فیردەوسی)تان بەجێهێنا کە دەڵێ:

**همه سربسر پشت بدشمن کنیم**

**ئز ان یەکە خود را بکشتن دهیم**

مانای هۆنراوەکە: هەمموومان پێکەوە پشت لە دوژمن بکەین چاکترە لەوەی خۆمان بەکوشت بدەین.

ئـەی عـارەب خـۆ ئـەوانیش هـەردوو دەوڵـەتی ئومـەوییو عەباسـییان لەدەسـتدا. سـەردەمی نـوێش ئەڵەمانەکان هەردوو جەنگی یەکەم ١٩١٤ـ١٩١٧و دووەمـی جیهـان ١٩٣٩ــ١٩٤٥ یـان دۆڕانـدو ئـالای سپییان بەرز کردەوە. فەڕەنساش شەڕەکانی ١٨٧٠ دەدۆڕینێتو لە جەنگی دووەمیشدا لەشکری ئەڵەمانیا لە ١٩٣٩ دا سەرتاپای ولاتەکەیانی داگیر کرد، یابانەکانیش لـەوان خراپتریـان لێقـەوما، شـەڕی دووەمـی جیهانیشیان دۆڕاندو بەرشالاوی بۆمبای ئەتۆمیش کەوتنو ولاتیان وێران بوو، ئەوانیش ئالای سپییان بەرز کردەوە. ولاتانی باڵکان، بولگاریا، هەنگاریا، صربیا چەندین سـەدە ژێـر چـەپۆك بـوون، ولاتـانی ئاسـیای ناوەند، باکووری ئەفەریقا بەتایبـەتی میصـر بـەرودووا کەوتنـە بندەسـتی دەوڵـەتانی عوسمانی،فەرەنسـای سەردەمی ناپۆلیۆن،بەریتانیا. ولاتی حەبەشەش کەوتە ژێر پۆستاڵی سەربازەکانی مۆسۆلۆنی، جولەکەکانی کە وەك ئاردی نێودڕکان هەر کۆمەڵەیەك و لە قوژبنێکی ئەم سەر زەمینەدا گیرسانەوە، زەقترین نموونـەی ئەو گەلانەن کە هەر هەموویان سەردەمی ژێر دەستییو کەرتوپەرتییان تێپەڕاندو زوو یا درەنگ دەوڵـەتی نەتەوەیی سەربەخۆیان دامەزراند یا سەرلەنوێ دامەزراندەوە تەنها کورد مایەپووچ و هەناسە سارد هەربـە ژێر دەستیو کەرتو پەرتی مایەوە!

دەوڵەتی ماد ئەو کەوتنەی کەوتو هەڵنەستایەوە،دیاردەیەکی مێژوویی ناوازەو کەم وێنەیە، دەخوازێت

دڵسۆزانە خۆمانی پێوە ماندوو بکەین و مێژوونووسانو لێکۆڵەرەوەکانمان بایەخی تایبەتی پێبدەنو هۆکارە سەرەکییو لاوەکییەکانی بدۆزنەوەو رایەڵە شاردراوەکانی بخەنەروو، وەڵامی ئەو پرسیارانەش بدەینەوە ئایا ماد ـ میدیا هەر دەوڵەتێکی ئاری ـ ئێرانی بوو، یا هۆزگەلێکی کورد دەوڵەتەکەی دامەزراندو بەناوی مادەوە ناسرا؟[١٢٥] کاوەی ئاسنگەرو زوحاکی ئەژدەهاك لەسەر شان، کامیان کوردە؟ نەورۆز جەژنی سەرکەوتنی کوردە بەسەر دوژمندا، یا رۆژی سەرکەوتنی دوژمنە بەسەرکوردا؟! کۆرش (دەڵێن کوردە وکوڕی شای مادەکانە) بۆدەوڵەتەکەی باوکی رووخاند .....زۆر پرسیاری دیکەش.

تەنها نەتەوەیەك بیکەنە پێوانە و بەکورد بەراوردی بکەین نەتەوەی ئەرمەنە، ئەوانیش لە هەمان شوێنو کاتی کوردا یەکەمین دەوڵەتیان لە سەدەی ٦ پز. دامەزراند، بەر لە کوردیش ئاینی عیسایی لە نێویاندا بلاّو بووەوە، ئەوانیش کە دەستەلاّتی رامیارییان لە دستدەرچوو کەوتنە بندەستی رۆمەکانو چەند جارێکیش وەك لەساڵی ٣٨٧ زایندا روویداو ولاّتەکەیان لە نێوان ساسانەکانو رۆمی بێزنتەدا دابەشکرا. سەرەتای سەدەی١٨ی زاینیش دەکەونە بندەستی ئیسلامو جارێکی دیکەش سەرلەنوێ دەکەونەوە ژێر چەپۆکی رۆمی بێزنتەو ئەمجا تورکە سەلجووقەکانو ولاّتەکەشیان وەك کوردستان دەبێتە شەرگەی پەلامارو پێکدادانی تەتەر، مەغۆل، عوسمانییەکانو ئێران. کە ئێرانیش جەنگەکانی ١٨٢٦ـ ١٨٢٨ز. بە رووسەکان دۆڕاند بە پێی رێککەوتنەکەی (ترکمان چای) نێوانیان، هەرێمەکانی رۆژهەلاّت بوونە موولکی رووسیا کە بەشێك لە کوردستانیشی تێدا بوو.لە صاڵی ١٨١٣دا و دوای بەستنی پەیمانی گوڵستان لە نێوان ئێران و روسیای تزاریی،چەند مەڵبەندێکی کوردستان بەر روسیا کەوتن لە ویلایەتی ئەلیزابیس پۆڵ دەژیان دواتر بەپێی پەیمانی تورکمان چای صاڵی ١٨٢٨ بەشێك لە کوردانی ویلایەتی ئیرەوان و دواتر کوردانی قارس و ئەردەهانیش کەوتنە بەر روسیا بەلاّم ١٩٢١/٣/٢١ بەپێی رێکەوتنی سۆڤێت و تورکیا، قارس وئەردەهان درانەوە بە تورکیا و ئەو کوردانەی لە سۆڤێت مانەوە لە مەڵبەندی نالین و ئالاگۆزی سەر بە ئەرمەنستان دەژیان و ژمارەیان دوای دووەمین جەنگی جیهان بیست و شەش هەزار کورد دەبوون. لەتورکیاش مانگی مایسی ١٩٣٢ یاسایەك دەرچوو صەدان هەزار کورد لە مەڵبەندەکانی خۆیان گوێزرانەوە بۆ ئەو مەڵبەندانەی رێژەی کورد تیایاندا ٥٪ پتر پێك ناهێنن و یاساکە بەڕاشکاوی دەڵێت ئەوانەی زمانی زگماکیان تورکی نەبێت نابێت گوندەکانیان دروست بکەنەوە و ناوچەکان ئاوەدان بکەنەوە، وەزیری ناوخۆ دەتوانێت ئەوەی کراویشە تێکی بداتەوە. ئەمەش پێچەوانەی بەندی ٣٨ی رێککەوتنی لۆزانە کە: حکومەتی تورکیا بەڵێن دەدات دەستەبەری ژیان و مافەکانی دانیشتوانی تورکیا لە ئەستۆ بگرێت. بەندی ٣٩: رێگری لە هیچ زمانێك ناکرێت لە ئاخاوتن، بەڵگەنامەی بازرگانی، کاروباری ئاینی، چاپەمەنی و هەرجۆرە بلاّوکراوەیەك و کۆبوونەوەی ئاشکرادا. لە جەنگی جیهانی یەکەمدا ١٩١٤ ـ ١٩١٨ تورکیا بە بیانوی پاشەکشەکردن لەبەرامبەر هێزەکانی روسیا ٧٠٠،٠٠٠حەوت سەد هەزار کورد لە زێدی خۆیان رادەگوێزێت و ژمارەیەکی زۆریشیان لەناوچون. (د. قاسملۆ، سەرچاوەی پێشو ل ٥٠) دواتریش بە پێی پەیمانی سایکس ـ بیکۆی نێوان بەریتانیاو فەرەنسا، خۆرئاوای ئەرمینیا کەوتە بندەستی رووسیا. ئەرمەنەکان سۆزێکیان بەرامبەر رووسیا هەبوو، لە جەنگەکانی نێوان رووسیاو عوسمانییەکاندا بەنهێنیو

بە ئاشکرا دژی عوسمانییەکان دەجەنگان، ئەوەبوو تورك قەڵاچۆیکردن، کوردیش سۆزێکی بەرامبەر عوسمانیەکان لە دڵدا بوو، بە گشتیش لە پاڵ عوسمانییەکاندا دژی دوژمنەکانیان دەجەنگان، بەڵام نە عوسمانییەکان شتێکیان بۆ کورد کرد نە ئەوروپاش رابوردووی لە بیر کرد. ئەرمەنەکان هەر نەبێت لە رووی رۆشنبیرییەوە زۆر لە پێش کوردەوە بوون، ئەوان دەیەمین نەتەوەی سەرزەوین رۆژنامەی خۆیان هەبووە، ساڵی ١٧٩٤ یەکەمین رۆژنامەیان بڵاو کردەوەو لەو بوارەدا پێش ئەمەریکاو تورکیا کەوتن‌و هەر لە ١٨٧٧ یشەوە رێکخراوی رامیارییان دامەزراند، رێکخراوی هنجاك (زەنگ) لە ساڵی ١٨٧٧ داو رێکخراوی داشناق (یەکگرتن) لە ١٨٩٠ دا.

**کوردیش بە ژێر چەپۆکیی وداماویی**
**بیٚ دۆست و پشتیوان**
**سەرسەختانە زمان و هونەرو وێژەو**
**داب‌ونەریتی خۆیان**
**مەردانە دەپاراست و بزرنەکرد**
**کوردسەربەخۆیی لە دەستدا،**
**بەڵام هەرگیز تاییەتمەندییە نەتەوەییەکانی**
**نەدۆڕاند**
**شانازیکردن بە کوردبون و خۆشویستنی**
**کوردستان**
**لە هەستونەستیدا هەرهەڵدەکشا و**
**هەر هەڵدەکشێت**

## کوردو ئاینی ئیسلام

**مرۆڤــ كە لە دایك دەبێت ئازادە، چۆن دیلی دەكەن؟**

(عومەری خەتتاب د.خ )

**والی بەصرا، زیادی کوڕی باوکی (زیاد أبن أبیه)**
**خوێنڕێژێکی دڵڕەقو بێبەزەیی بوو،**
**عارەبێکی دەشتەکی دەکوژرێت و پێیدەڵێت**
**باڵ بەگەردنم بێتاوانیت،**
**بەڵام کوشتنی تۆ، دەبێتە پەند و**
**میللەت دەهێنێتە سەر ڕێگای ڕاست!**

**وەك ئاشكرایە یەكەمین پڕیشكی ئاینی ئیسلام لە شاری مەككەوە بە رابەرایەتیی پەیامبەری یەزدان محەمەدی كوڕی عەبدوڵڵای كوڕی عەبدولموتەلیبی هاشمیی چەخماخە دەدات و دادەگیرسێت**,پەیامبەری ئیسلام محەمەدی كوڕی عەبدوڵڵا كوڕی عەبدلموتەلیب ( د.خ ) رۆژی ٥٧١/٤/٢٠ز.لەخێزانێكی هەژارو دەستكورتی دانیشتوی شاری مەككە لە دایكبووە، لە هەمان ئەو ساڵەدا كە ئەبرەهە هێرش دەكاتە سەر شارەكەو پێشەنگی لەشكرەكەی چەند فیلێك بوون، بەو هۆیەوە ئەو ساڵە لە مێژووی ئیسلامدا بە ساڵی فیل ناودەبرێت.دەتوانین قۆناغەكانی ژیانی پەیامبەر(د.ل.) و سەرەتاكانی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ئاینەكە بەسەر چەند قۆناغێكدا دابەش بكەین:

١ــ سەرەتای ئاشكراكردنی پەیامەكە : موحەممەد ساڵی٥٩٦ز.لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا یەكەمین هاوسەرگیریی خۆی لەگەڵ خەدیجەی كچی خوەیلید(خ.ل)پێكهێنا. ٦١٠/٨/٦ز. لە تەمەنی چل ساڵیدا پەیامی یەزدانی بۆ دێتو بەهۆی جوبرەئیلەوە مژدەی پێدەدرێت یەزدانی مەزن هەڵیبژاردووە بۆ هۆشیاركردنەوەی گەلەكەیی‌و ناسینی یەزدانی تاكو تەنیا. دواتر بەهۆی فریشتەیەكی دیكەوە یەكەمین فەرمانی یەزدانی پێدەگات لە شێوەی یەكەمین سورەتی قورئاندا **(اقرأ، اقرأ بآسم ربك الذی علَّمَ بآلقلم عَلَّمَ آلأنسان مالم یعلم)**.

٢ ـ بانگەوازی نهێنی : لە ماوەی دوازدە ساڵێكدا بڵاوكردنەوەی ئاینەكە بەشێوەیەكی نهێنی و لەو بارودۆخە سەختەی موسوڵمانەكاندا بەدەست تۆقاندنو ئازاردانی قوڕەیشەوە، پەیامبەر دڵنیابوو بەو ژمارە كەمەوە كە بە پیاوو ئافرەتەوە تەنها ٤٠ چل موسوڵمان بوون، ناتوانن بەرەنگاریی سەركردەكانی هۆزی قوڕەیش بكەن، ئایەتی (فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ، إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ) (سوورە تی الحجر: ٩٤ـ ٩٥) ملكەچی فەرمانەكان ببەو پشت لەوانە بكە هاوبەش بۆ یەزدان پەیدا دەكەن، ئێمە لەو كەسانەش پاراستوومانی گاڵتەت پێدەكەن. بۆ بڵاو كردنەوەی پەیامەكە لە نێو بنەماڵەی بەنی سەقیفەدا كە گەورەترین هۆزەكانی یەثریب (مەدینە) بوو، پەیامبەرو یارانی روو دەكەنە ئەو شارە كە پێشتر بەهۆی زەیدی كوڕی حاریسەوە كە لە عەقەبە پەیوەندی بەچەند كەسێكی هەردوو تیرەی ئەوسو خەزرەجەوە

کردبوو، حەوت لەوانە باوەڕ بە پەیامبەر دەکەنو هەواڵی پەیامبەرییەکەشی لە شارەکەدا بڵاو دەکەنەوە. یەکەمین کۆچکردنی ناچاریی لە مێژووی ئیسلامدا، دەربـاز بـوونی دە پیـاوو چـوار ئـافرەتو بـە دووی ئەوانیشدا ٧٣ پیاوو ١٣ ئافرەت بە منداڵەکانیانەوە لە دەریای سوور دەپەڕنەوە بۆ یەمەنو لەوێوە پەنا دەبەنە بەر شای وڵاتی حەبەشە، شا نەجاشی. ئەو پەنا بردنە یەکەمین کاردانەوەیە لە مێژووی ئیسلامدا دژی چەوساندنەوەی ئاینیی کە بە هەوڵدانە سەرنەکەوتووەکەی تیرۆر کردنی موحەممەد( د.خ ) لە مەککە گەیشتبووە ئەوپەڕی کە سەردارانی قورەیش لە کۆبوونەوەکەی (دار الندوة) بڕیاریاندا هەرچۆنێك بێت پەیامبەر بکوژن. لێرەدا بەبیری خوێنەری هێژای دەهێنمەوە کە شای وڵاتی حەبەشە، شا نەجاشی یەکێك بوو لەوانەی کە پەیامبەر( د.خ ) لە مانگی زیلحەجە/ساڵی ٦ ی کۆچی بەرامبەر مانگی مایس/ساڵی ٦٣٨ ز. نامەی بۆ ناردبوون، داوایان لێدەکات باوەڕی پێبهێنن و بە نێردراو و پەیام هێنەری یەزدان بیناسن و دەستبەرداری ئاینەکانیان بن و بێنە سەر ئاینی ئیسلام . ئەوانە بریتی بوون لە:

- هێرقل، شای رۆم .
- حاریسی غەسسانی، سەرداری حۆران .
- نەجاشی، شای حەبەشە .
- جیفروعەبد، سەرداری عومان .
- مونزیری کوڕی ساوا . جگە لە هێرقل و نەجاشی کە داواکەیان دایەدواوە،ئەوانی دیکە باوەڕیان پێداو بوونە موسوڵمان .

٣ ـ کۆچ و کۆچڕەوی بەکۆمەڵ : رۆژی پێنجشەممەی مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی ٦٢٤ز. پەیامبەر لە تەمەنی ٥٣ ساڵیدا لەگەڵ هاوبیرەکانیدا لە مەککەوە روو دەکەنە مەدینە. پشتیوانی راستەقینەی پەیامبەر لە مەدینە ئەو کەسانەی هەردوو تیرەی ئەوسو خەزرەج بوون کە دوو ساڵ پێشتر لەکاتی حەجکردندا بەدوو پۆستە: پۆستەی یەکەم٩نۆ کەس لە ئەوسو ٣ سێ کەس لە خەزرەجو ساڵی دواتریش بەسەر یەکەوە ٧٣حەفتاو سێ پیاوو دوو ٢ ئافرەت باوەڕیانهێناوموسوڵمان بوون . شایانی وتنە هەتا ئەو کاتە بانگ نەدەدرا، بەڵکو دووای دروستکردنی مزگەوتەکەی پەیامبەر (د.خ) لە شاری (یەسریب) مەدینە،بانگی موحەممەد بە ئاشکرا دەدرا کە بانگهێشتی موسوڵمانەکانی دەکرد بۆ ئەنجامدانی نوێژ لەکاتی خۆیداکە بریتیبوو لە تەنها دوو رکاعەت و دووای موعجیزەی ئیسراومیعراج و هەڵکشانی پەیامبەر بۆ ئاسمانەکان، نوێژەکان بوون بەپێنج رکاعەت، بەڵام شایەتمان لەیەکەمین ساتەکانی بانگەوازەکەوە مەرجی سەرەکی و هەرە گرنگی باوەڕهێنان بوو بە پەیامبەر (د . خ ) .

٤ ـ دیاریکردنی بنەماکانی دەوڵەتەکەی مەدینە: پەیامبەر( د.خ) کە مزگەوتی (قوباء)ی لە مەدینە دروستکرد, ئەوە یەکەمین بەردی بناغەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلام بوو لەسەر بنەمای چەند یاسایەکی سەرەتایی گرنگ:

ا ـ ئاشتی و پێکەوەژیانی موسڵمانان و ناموسڵمانان، عەرەب و جوولەکە، ئەوسو خەزرەج دوور لە هەموو دیاردەیەکی توندو تیژیی.

ب ـ هەموان لەبەردەم یاسادا یەکسانن.
ج ـ هەر تاوانکارێك تەنها خۆی بەرپرسیارە لە تاوانەکەی و لەبری ئەو کەس سزا نادرێت.
د ـ پارێزگـاریکردنی شـارەکە لـە ئاشـتیو شـەڕداو دابینکردنـی خـەرجیی شـەڕیش ئەرکیسەرشـانی هەمووانە.

جوولەکە مانەوەی خۆیان لە شارەکەدا لەسەر کەڵك وەرگرتن لە ناکۆکییەکانی نێوان ئـەوسو خـەزرەجو بەردەوام تیژ کردنیان لە یەکتر زامنکردبوو، یاساکانی پەیامبەر لە بەرژەوەندی ئەوان نەبوو.

٥ ـ یەکەمین سەرکەوتنی سەربازیی: صالّی ٦٢٧ ز. پەیامبەر(د .خ ) بە ١٣٠٠ موسڵمانەوە گەڕانـەوە مەککە بـۆ ئەنجامـدانی حـەجو عـەمرەو پیشـاندانی هێـزی موسـڵمانان بـە قـوڕەیش و بەسـتنی پـەیمانی حودەیبییە،بـەدوای ئـەوەدا موسـوڵمانەکان هەسـت بـە هێـزو توانـای سـەربازیی خۆیـان دەکـەن و بۆتۆڵـە سەندنەوە و قەرەبووکردنەوەی تالّانکردنی مالّو سامانیان لـە بتپەرسـتان، پلانـی پـەلامارداني کـاروانێکی بازرگانیی قـوڕەیش دەدەن کـە موعاویـەی کـوڕی ئـەبو سـوفیان سـەرکردایەتیی دەکـردو بەجـەنگی بـەدر ناوبانگی سەند.

جـەنگی بــەدر، رۆژی ١٧ی رەمــەزانی دووەم صــالّی کـۆچ(٦٢٦ز.) پـەلامارو دەستبەسـەرا گرتنـی کاروانێکی بازرگانیی ئەبوسـوفیان بووکەلـە شـامەوە دەگەڕایـەوە بـۆ مەککـە. ئامـانجی هێرشـەکە لـوت شکاندنی سەردارانی قوڕەیشو قەرەبووکردنەوەی مالّو سامانی موسڵمانە کۆچکردووەکان بووکـە قـوڕەیش لە مەککە دەستی بەسـەردا گرتبـوو. هێـزی موسـڵمانەکان سـەرکەوتنێکی بەرچـاوو سـامانو داراییـەکی چاکیان دەستکەوت. بەڵام جەنگی ئوحود سەرکردەکانی قوڕەیش هەڵیانگیرساند لە ١٥ی مـانگی شـەوالی صالّی ٣ سێیەمی کۆچ ( ٦٢٧ ز. )بۆ تۆڵەسەندنەوەی شکستەکەی جەنگی بەدر.

٦ ـ حـەجی مالّئـاوایی، هەسـتانەوەو گرتنـی مەککـە: صـالّی ١٠کـۆچ /٦٣١ ز. پەیامبـەر ( د.خ ) یەکەمین حەجو دوا حەجی کابەی مالّی خوا دەکات، مەرگ مۆڵەتی نەدا صـالّی داهـاتوو حـەج بکاتـەوە. ئـەو کاتـە ژمـارەی موسـڵمانان گەیشـتە ١٠٠،٠٠٠صـەد هەزارمرۆڤـ و رزگـارکردنی شـاری مەککـەش لەبەردەستدابوو.

٧ـ کۆچیدوایی پەیامبەر: کە پەیامبەر( د.خ )رۆژی ٦٣٢/٦/٨لەتەمەنی ٦٣ساڵێداکۆچیدواییکردو لـە مزگەوتەکەی مەدینە لە تەنیشت عائیشەوە ( خ .ل ) نێژرا.منداڵەکانیشـی جگـە لـە ئیـبراهیم کـە لـە ( مارییەی قیبتی ) یە، هەموو مندالەکانی دیکەی لە خەدیجەی کچی خوەیلیدن ( خ .ل ): قاسم، فاتیمـە، زەینەب،روقییە، ئوم کەلسووم، فاتیمە،عەبدڵڵا . کوڕەکان هەر بـە منـداڵی مـردن وکچـەکانیش( خ .ل ) هـەموویان بـەر لـە پەیامبـەر( د.خ ) مـردن جگـە لـە فاتیمـەی زەهـرا ( خ.ل )کـە شـەش مـانگ دووای کۆچیدوایی پەیامبەر،کۆچیدووایکرد. زەینەب صالّی ٨کۆچ لەتەمەنی ٣١ صاڵێدا مردووە، قاسـم کـەمتر لەصاڵێك ژیاوە، روقییە صـالّی ٢ کـۆچ لەتەمـەنی ٢٤ صـاڵێدا و ئـوم کولسـووم ٩ کـۆچ لەتەمـەنی٢٨ صـاڵیدا و فاتیمـەش سـالّی١١ی کـۆچ لەتەمـەنی ٢٩ صـاڵێدا مـرد بـەڵام عەبـدڵڵا کـەمتر لەصـاڵێك و ئیبراهیمیش ٢٣ مانگ ژیاون . هەتا خەدیجە لە ژیاندابوو، تاکـە هاوسـەرینی پەیامبـەر بوو،بـەڵام دووای

ئــەو، ژمارەیــەکی زۆر ژنــی هێنــا خوالێیــان رازیبێــت:( عائیشــەی کچــی ئەبوبەکر،زەینــەب کچــی جەحش،حەفسەی کچی عومەری خەتتاب،ئوم سەلمە، جورییەی کچی حاریس،سەفییەی کچی حەی کـوڕی ئەختوبی جوولەکە، سۆدە کچی زەمغە، هینـد کچـی یەزید،مەیموونـە کچـی حاریسـی هیلالـی (خوشـکی ئەبوسوفیان)، زەینەب کچی خەزیمە، ئوم حەبیبە (پێشتر ژنی عەبدوڵڵای کوری جەحش بوو)،فاتیمە کچـی سەربیع،ئەسما کچی سـەیاء، هێلـە کچـی قەیس،فاتیمـە کچـی زوحاك،رەیحانـە( لەشـەڕی بـەنی قـورەیزەدا دیلکرا)،زەینەب کچی یەزید،ماریای قیبتی لەمیسرەوە بە دیاری بۆی هاتبوو،ئوم شەریك .) بروانـە تـەها وەهاب، ئایا قورئان رەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی،چ٢، ٢٠٠٤.

ئەوانە ژمارەی هەموو هاوسەرەکانی پەیامبەرە لـە هـەموو ژیانیـدا نـەك لەیـەك کاتـدا. لەیـەك کاتـدا هەرگیز لە **٧** حەوت هاوسەر پتری نەبووە . شایانی وتنە پەیامبەر ( د.خ ) ساڵی **٥٦٩** زاینی لەتەمـەنی **٢٥** ساڵیدابوو کە خەدیجەی تەمەن ٤٠ ساڵانی مارەکرد، جگە لە عائیشەش هەر هەموو هاوسـەرەکانی پەیامبەر بێوەژن بوون .! بەلاّم سەرچاوە ئیسلامییەکان بەگشتیی جەخت لەوە دەکەن کە:

| هاوسەرەکانی پەیامبەر | لەدایکبوون | تەمەنی هاوسەرەکە | تەمەنی پەیامبەر | ماوەی هاوسەرگیریی | کۆچیدوایی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ ـ خەدیجەی کچی خووەیلید | ٦٨ پك. | ٤٠ | ٢٥ | ٢٥ | ٠٣ پك. |
| ٢ـ سەودەی کچی زەمعە | ٦٨ پك. | ٦٥ | ٥٠ | ١١ | ٠٢ پك. |
| ٣ـ عائیشەی کچی ئەبوبەکر | ٩ پك. | ١٠ | ٥٣ | ١٤ | ٢٤ ك. |
| ٤ـ حەپسەی کچی عومەر | ١٨ پك. | ٢١ | ٥٥ | ٠٨ | ٤١ ك. |
| ٥ـ زەینەب کچی خوزەیمە | ٢٦ پك. | ٢٩ | ٥٥ | ٠٨ مانگ | ٠٤ ك. |
| ٦ـ هند کچی حوزەیفە | ٣٠ پك. | ٢٤ | ٥٦ | ٠٧ | ٢٠ ك. |
| ٧ـ زەینەب کچی جەحش | ٣٠ پك. | ٢٥ | ٥٧ | ٠٦ | ٢٠ ك. |
| ٨ـ جوەیریەی کچی حاریس | ١٦ پك. | ٢١ | ٥٧ | ٠٦ | ٥٦ ك. |
| ٩ـ صەفییەی کچی حویەی | ١٠ پك. | ١٧ | ٥٩ | ٠٤ | ٥٠ ك. |
| ١٠ـ رەملەی کچی ئەبوسوفیان | ٣٠پك. | ٣٧ | ٥٩ | ٠٤ | ٤٤ ك. |
| ١١ـ مەیموونەی کچی حاریس | ١٨ پك. | ٢٥ | ٥٩ | ٠٤ | ٤١ ك. |

**ئەبو بەکر(خ.ل) :** ناوی عەبدوڵڵا کوڕی ئەبی قوحافە کوڕی عوسمان کوڕی عامیری تەمیمییە، ئەبووبەکر نازناوێتی، ساڵی **٥٧٣** ز. لە مەککە لە دایکبووە، دوو ساڵ لە پەیامبـەر گـەنجتر بـوو، راسـتەوخۆو بـێ کێشەو بگـرەو بەردەیـەکی ئـەوتۆ بـوو بـە جێگـری پەیامبـەر( د.خ ) ئـەوس‌و خـەزرەج هـەردوولایان لـە کۆبوونەوەکەی (سەقیفەی بەنی ساعیدە)دا دەنگیان پێدا، ئـەویش وتـارێکی کاریگـەری خوێنـدەوە هـەتا ئەمڕۆش هیچ سەرکردەیەك وتارێکی جوانتری بەدەمدا نەهاتووە، دڵی خـۆی بـۆ جەماوەرەکـەی بکاتـەوەو ئەرك و مافەکانی خۆی‌و ئەوانیش روون و ئاشـکرا دیارییبکـاتو بەرنامـەی حکومەتەکـەی بخاتـە بەرچـاو

(ئێوه منتان هەڵبژاردووه بە رابەر، بەڵام من لە ئێوه چاکتر نیم، کاری چاکم کرد پشتیوانم بن، کاری چەوتم کرد بۆم راست بکەنەوه. بێهێز بە وەرگرتنەوەی مافەکەی بەهێز دەکەم، بەهێزیش لای من بێهێزەو هەرچییەکی زەوت کردووه دەیدەمەوه بە خاوەنەکانی. پشت لە جیهاد بکەن سەرشۆڕ دەبن، گوێڕایەڵ بن تا منیش گوێڕایەڵی یەزدانو پەیامبەرەکەی بم، گەر سەرپێچیم کرد ئێوەش سەرپێچی فەرمانەکانم بکەن)، ستراتیژی سەربازیی ئەبوبەکر لەو دوو ساڵەی فەرمانڕەوایدا رزگار کردنی شام بوو لە چنگی بێزنتەکانو دوورخستنەوەیان لە بەندەرو رێگاکانی بازرگانی نێوان عێراقو میصر. هەرقل قەراڵی بێزنتە ئاگاداری بەرنامەکەی ئەبوبەکر بوو، دووصەد هەزار جەنگاوەری لە رۆم و عەرەبەکانی شام و دەوڵەتی غەساسینە و ئەرمەن ئامادە کرد، هەرچەندە لەشکری ئیسلام سەرکەوت، بەڵام شام هەتا سەردەمی خەلیفە عومەر( خ .ل ) رزگار نەکرا.

**عومەری کوڕی خەتتاب ( خ .ل ):** دووەمین خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامییە، کوڕی نەوفەل کوڕی عودەی، لە بنەماڵە دەست رۆیشتووەکانی قورەیشە، باوکیشی یەکێك بوو لە پێشەواکانی قورەیش . عومەرکوڕی خەتتاب (خ .ل) خوێندەوار بوو، لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا موسوڵمان بوو. ساڵی ١٣ك/ ٦٢٣ز. دەبێتە خەلیفە. لەشکرکێشییەکانی سەردەمی خەلیفە ئەبوبەکر لە سەردەمی خەلیفە عومەردا ٦٣٤ــ ٦٤٤ ز. درێژەی پێدراو وڵاتی شام لە چنگی بێزنتە دەردەهێنراو و عێراق وکوردستانیش لە ژێر دەستی دەوڵەتی ساسانی رزگار کران. سەرکردەی لەشکری ئیسلام، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص کوردێك بەنێوی قوباد دەکاتە فەرماندەی هێزەکانی حەلوان (قەسری شیرین) و لە نامەیەکدا پرسیار لە خەلیفە دەکات ئایا بەردەوام بێت لە پێشڕەویکردن ؟ خەلیفە عومەر( خ .ل ) لە وەڵامدا نووسیوێتی: خۆزگە لە نێوان دەشتەکانی عێراقو چیاکاندا(مەبەستی کوردستانی باشووره) شورەیەك هەبوایە رێگەی نەدایە هیچ لایەکمان سنوور ببەزێنین. ئێمە دەشتەکانمان بەسە، پاراستنی لەشکر باشترە لە تالانیو دەستکەوت(ئەنفال). دەقەکەش بەمجۆرەیە وەك موحەممەد جەمیل رۆژبەیانی نوسیویەتی: (وددت لو بين السواد والجبل سدا لايخلصون الينا ولا نخلص اليهم و حسبنا من الريف، انی آثرت سلامة الجند على الانفال)[١٢٧] لە نامەیەکی دیکەشدا ژیریو هەڵکەوتوویی خەلیفە وەك سەرکردەیەکی بە ئەزموون و قاڵبوو دەردەکەوێت (ان قف مكانك ولا تتبعهم واتخذ للمسلمين دار هجرة و منزل جهاد و لا تجعل بينی و بين المسلمين بحراً)[١٢٨] فەرمانێکی بنبڕ بە سەعد دەدات: لە شوێنی خۆت بوەستە، مەبەستی لەو شوێنەیە تا ئەوکاتە داگیریکردووەو دوای دوژمنە بەزیوەکان مەکەوەو نەوایەکی دوورکەوتنە لە وڵات (دۆرگەی عارەب) و سەنگەری جەنگ لە پێناو ئیسلامدا بۆ سەربازەکان دابین بکەو کارێك مەکە دەریا بکەوێتە نێوانمەوه لەگەڵ موسوڵمانانادا. سەردەمی خەلیفە عومەر،سوپای ئیسلام چەندین سەرکەوتنی مەزنی تۆمار کرد، وەك رزگارکردنی دیمەشق ١٣٥ز. داگیر کردنی شاری تسیفوون (مەدائین) پێتەختی ساسانی ٦٣٧ز. ئەنتاکییەو قودس ٦٣٨ز. شەڕەکانی خانەقینو جەلەولا کەنیزیکەی هەشت مانگی خایاند. پەلاماردانی کۆنە شارەکەی هەولێر ٢٢ك/ ٦٤٤ز.وداگیرکردنی بەسەرکردایەتیی عەقەبەی کوڕی فەرقەد. دووای داگیر کردنی شارەکانی حەلوان (قەسری شیرین)، مەندەلی (بندینجین)، داقووق (دقوقا)، توزخوورماتوو

(خانیجار)، کەرکوك لە صاڵی ١٩ك / ٦٤٠ز . دەوڵەتی ساسان دوای شەڕەکەی نەهاوەند بەسەرکردایەتی نوعمانی کوڕی مەقرنی مەزنیی، دەوڵەتی ساسان بە تەواوەتی دەکەوێت. ڕۆژی ٢٦ زیلحەجەی ٢٣ك/ ٦٤٥ ز. ئەبوولوئلوئەی فەیروزی لە کاتی نوێژدا ٣ سێ خەنجەری کاریگەر لە خەلیفە عومەر( خ . ل ) دەدات‌و سیازدە کەسیشی زامدار کردو خۆشی کوشت. زامدارەکان حەوتیان مردن‌و خەلیفەش دووای سێ ڕۆژ گیانی سپارد.خەلیفە کە زامدار دەکرێت هەر لەوێدا وتوویەتی (ئەو صەگە کوشتمی). جێگەی سەرنجە پەیامبەر(د.خ) و ئەبوبەکر و عومەر (خ .ل) هەرسێکییان لە تەمەنی ٦٣ صاڵییدا کۆچی دوواییان کردووە. عومەر لە سەرەمەرگدا دەڵێت ئەگەر ئەبوعوبیدەی جەراح‌و حوزەیفە لە ژیاندا بوونایە دەمکردن بە جێگری خۆم. بەڵام ئێستا دەتوانن لە نێوان عەلی و عەبدڕەحمان ( خوالێیان ڕازیبێت ) یەکێکیان هەڵبژێرن. عەبدڵڵای کوڕی عومەر لە تۆڵەی باوکیدا( خ .ل ) ٣ سێ کەس دەکوژێت: جولەکەیەك، عیساییەك و کچۆڵەیەکی ئەبولوئلوئە.

داگیرکردنی کوردستانیش هەر لەسەردەمی خەلافەتی عومەردا بوو، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص دەوروبەری شاری مووصڵ داگیر دەکات و ماوەی نێوان ٦٣٧ـ ٦٣٩ز. لەشکری ئیسلام بەسەرکردایەتی عەییاز کوڕی غەنەم شارەکانی کوردستان، ئامەد، بایەزید، ماردین، جزیرە، روها، بۆتان، نەسیبەین، ئەرزەن، زۆزان ڕزگار دەکات لە چنگ دەوڵەتی ڕۆمی بیزنتەو بەدوای ئەوانەدا ناوچەی پشدەرو شارەزووریش ڕزگار دەکەن‌و هەتا صاڵی ٦٥٢ ز. کوردەکانی ئەو هەرێمانە جگە لە سورداش هەرهەموویان بوون بە موسڵمان.

## کابان و هاوڕێکانی

مێژوونووسی عەرەب (واقیدی) دەڵێت: بیروت (پیرۆت)ی دەچێت بەپیر سوپای مەرگەیی ئیسلامەوەو موسڵمان دەبێت. پیرۆت پیاوێکی کورد بوو لە زاناکانی ئاینی زەردەشتیی، لە ئاڤێستادا مژدەی هاتنی پەیامبەرێکی عارەبی خوێندبووەوەو کورد لەو ڕووەوە ئاگادار بوون بۆیە یەکێکی وەك جابان (کابان) وەك نوێنەری کورد بەر لە سلێمانی فارسی‌و صوهەیبی ڕۆمی و بیلالی حەبەشی‌و عەدداسی نەینەوایی‌و نوێنەرەکانی نەجران گەیشتوتە مەککە بۆ خزمەت پەیامبەری یەزدان.

مەسعود موحەممەد دەڵێت (کورد خۆشحاڵ بووە بە هاتنی ئیسلام هەتا فارس‌و ڕۆمیان لە کۆڵ بێتەوە).[129]موحەممەدی مەردۆخی دەڵێت (کورد بە ڕەزامەندی خۆیان ئاینی ئیسلامی قبوڵکرد).[130].

ئەمین زەکی بەگ: (کوردەکان بینییان و تێفکرین ئەم ئاینە تازەیە بە تەواوی موافقی تەبع‌و وجدانیانە).

هەژاری موکریانیش لەو ڕووەوە لەگەڵ ئەو مێژوونووسانە هاوبیرە.حەسەن مەحموود حەمە کەریمیش دەڵێت: کورد بەشداریی سەرەتای بانگەوازە نهێنییەکەی ئیسلامی کردووەو تاڵاوی زۆرو ستەمی قورەیشیەکانی چەشتووە. ئەبوو بەصیری مەیموونی کوڕی جابان یەکەمین کوردە لە کونجوڕی زیندانەکانی مەککەدا ئەشکەنجە دەدرا. بەو پێیە دەبێت بەر لەوەی ئیسلام بگاتە کوردستان، چەند کوردێك لە نێزیکەوە باوەڕییان بە پەیامبەری یەزدان کردووەو ئەو بۆچوونانەش دەبنە بنەمایەك بۆ بۆچوونێك کە دەڵێت کورد بەر لە ١٦ك. پەیوەندی نهێنی بە سەرکردەکانی لەشکری ئیسلامەوە هەبووەو ژێر بە ژێر دژی

ساسانو رۆم ڕێککەوتون، بۆیە کە موسڵمانەکان گەیشتنە کوردستان، ناوچەکانی شارباژێڕ، شارەزوور، هەورامان دژی ساسان رادەپەڕنو ناوچەکانیان بە دەستی خۆیان رزگار دەکەن.

**محەممەد** جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێت (وا دیارە هەندێك لە کوردەکان هاوکاری سوپای ئیسلامیان کردووەو هەموو شارەکانیان بێ شەڕو بە ئاشتی داوە بەدەستەوە)، موحەممەد ئەمین زەکی بەگیش دەڵێت: (قەومی کورد هەر وەكو موئەریخینی موعتەبەر ئەڵێن ١٦ك/ ٦٣٧ ز. دوای فەتحی حەلوانو تکریت لەگەڵ ئۆردوی ئیسلامدا تەماسیان کرد... مەرحوم ئالوس ئەفەندی لە تەفسیری (روح المعانی) دا لەناو ئەصحابەی کیرام، باسی جابانی کوردی مەیمونی ئەکا، کە نوێنەری ئەبو بصیرە بوو... مەحتەمەلە بەعزێ صەحابەی تری کوردیش بوو بێت)،[١٣١] جابان (کابان)ی مەیموونی (مەئمونی) یەکێکە وەك ئەو سێ باوەڕپێکراوە دڵسۆزانەی پەیامبەر( د .خ )، بیلالی حەبەشی، یاسری کوڕی عەممار، سەمییە، کە بە مەئموون ناو دەبران ( خوا لێیان رازیبێت ). هەرچەندە چەند سەرچاوەیەکی وەكو شەرەفخانی بتلیسیش ئەوەیان دووبارە کردۆتەوە گوایە پەیامبەر نەفرەتی لە نوێنەری کورد (بوغدوز) کردووەو کە بینوییەتی تۆقیوە! موحەمەدێك لە قوڕەیش و ئازاردانو بەردبارانو پلانی تیرۆرکردن نەتۆقی بێت، لە کوردێکی ئیماندارو خۆبەخشو دوورە وڵات دەتۆقێت؟ کورد کە بوون بە موسڵمان هاندەری سەرەکیی رزگاربوون بوو لە جەورو ستەمی بێئەندازەی شاکانی ئێرانو رۆمی بیزنتەو لە قووڵایی دڵەوە ئاینەکەیان پەسەند کردو لە هەموو گەلانی دیکەی مسوڵمان پتر پابەندی فەرمانەکانی یەزدانو پەیامبەر بوون، گوومانو دوو دڵیو پاشگەزبوونەوەیان نەدەزانی وەك بەشێك لە عەرەب، سەرزارەکی مسوڵمانو لە دڵدا بتپەرست بنو چەندین بروبیانووشیان دەهێنایە پێشەوەو دەیانوت دەست لە بتپەرستیی هەڵدەگرین، بەڵام دەستبەرداری مەی نۆشین و قومار و سووخواردن نابین، نوێژ دەکەین، بەڵام زەکات نادەین.

**عوسمانی کوڕی عەففان** کوڕی ئەبیلعاص ( خ .ل ) سێهەمین جێگری پەیامبەرەو بەتەمەن سێ ساڵ لە ئەبووبەکرو پێنج ساڵ لە پەیامبەر گەنج تر بوو، بەسێ پشت دەچێتەوە سەر پەیامبەرو کچی ئەوی مارە کردووە دوو یەکەمجار روقییەو کە ئەو دەمرێت ئوم کەلسووم مارە دەکات ( خ .ل ).

کارە گرنگەکانی عوسمان کەشتیگەلییەکی جەنگیی دامەزراند وەك یەکەمین هێزی دەریایی ئیسلام دژی دەوڵەتی بیزنتەو توانی هێزی دەریاییان لە دەریای سپی نێوەڕاستدا بشکێنێتو دۆرگەکانی قوبرصو رۆدۆس رزگار بکات. هەر لە سەردەمی ئەم خەلیفەیەشدا قورئان کۆکرایەوە، بەهۆی لیژنەیەکەوەکە پێکهاتبوو لە زەیدی کوڕی سابیت، سەعید کوڕی عاص، عەبدوڵڵای کوڕی زوبیر، عەبدولرەحمانی کوڕی حاریس ( خ .ل )و چوار کۆپییان لەسەر یەکەمین دەق نوسییەوەو ناردیان بۆ هەرێمەکانو وێنەیەکیش لای حەفصەی کچی عومەر مایەوە ( خ .ل ) . سەردەمی خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەففانو عەلی کوڕی ئەبوتالیب ( خ .ل ) سەردەمێکی جەنجاڵو پڕ لە دووبەرەکیو ململانێو پشێویو شەڕو شۆڕ بوو، ئەنجامەکەشی تیرۆر کردنی هەردوو خەلیفە کەبوو، عوسمانی کوڕی عەففان و عەلی کوڕی ئەبووتالیب ( خ .ل )وسەرهەڵدانی ئاینزای شیعەی عەلی(یارانی عەلی) وکەرتوپەرت بوونی جیهانی ئیسلام لە نێوان هەردوو ئاینزای سوونەگەرێتیو شیعەگەرێتیدا.

**ماوەی خەلافەتی چوار خەلیفەکەی ئیسلام:**

| خەلیفە | ساڵ | مانگ | رۆژ |
|---|---|---|---|
| ئەبووبەکری صدیق | ٠٢ | ٠٨ | ٠٣ |
| عومەری خەتتاب | ١٠ | ٠٦ | ٠٥ |
| عوسمان کوڕی عەففان | ١٢ | _ | _ |
| عەلی کوڕی ئەبوتالیب | ٠٥ | _ | _ |

فەرمودەیەکی باوەرپێکراویش هەیە:(موسوڵمانان دوای من تەنها سی(٣٠)ساڵ لە ژێر سایەی جێنشینەکانی مندا بەسەردەبەن.) ئەمە بە شەش مانگەکەی خەلافەتی حەسەنی کوڕی ئیمام عەلیشەوە.

دوای ئەو چوار خەلیفەیە دەستەڵاتی دەوڵەت دەکەوێتە دەست ئومەوییەکان کە بنەماڵەیەکی ناسراوو لقێکن لە هۆزی قورەیش. ئومەییە کوڕی عەبدلشەمس، کوڕی عەبدلمەنافە .عەبدلمەناف یەکەمین ئەلقەی زنجیرەی بنەماڵەکەیە کە لە دوو بەرەباب پێکهاتووە، بەرەبابی (بەنو ئەبیلعاص) و بەرەبابی (ئەبولهەیجا).

ئومەییە هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ هاشم کوڕی عەبدلمەنافی مامیدا ناکۆك بوو. بەرەی ئەبولهەیجا بۆ راگرتنی پارسەنگی هێز پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ سەرکردەکانی دەوڵەتی بیزنتە دادەمەزرێنن دژی بەرەی ئومەییە، بەڵام هێشتا لە چاو ئەواندا بێهێز بوون.

سەردار و پێشەوا ناسراوەکانی بەنی ئومەیە، ئەبوسوفیان و موعاوییەی کوڕی لە هەموان بەرچاوتر بوون. موعاوییە لە شاری مەککە لە دایك بووەو یەکێکە لەوانەی درەنگ هاتنە نێو ئیسلامەوە. موعاوییە ساڵی٧حەوتەمی کۆچ لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا باوەڕی بە ئیسلام کرد، کەچی یەکێك بوو لە هەرە نێزیکەکانی پەیامبەر( د .خ )و نووسەرەوەی قورئانیش بوو راستەوخۆ لە دەمی پەیامبەرەوە، هەر ئەویش فەرموودەکانی بەشێوەی گێڕانەوە دەگەیاندە موسڵمانان. دوای تیرۆر کردنی خەلیفە عومەر( خ .ل )و قوڵبوونەوەی کێشەی نێوان ئیمام عەلی و عوسمانی کوڕی عەففان ( خ .ل )کە ئومەوییەکان لایەنی عوسمانیان دەگرت کە خزمیانەو رۆڵی کاریگەریان دەبینی لە تیژکردنو بەڕێوەبردنیدی کێشەکەدا بۆ بەرژەوەندی عوسمان. بڕیار هاتە سەر ئەوەی لە نێو ئەوانەدا کە شیاوی خەلافەتن شەش کەس دەسنیشان بکەنو دواتر یەکێکیان بۆ خەلافەت هەڵدەبژێرێت. ئەوانە عوسمان کوڕی عەففان، عەلی کوڕی ئەبی تالیب، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص، تەلحەی کوڕی عەبدوڵڵا، زوبیری کوڕی عەوام ( خ . ل )بوون، هەر ئەوانەش لە پاڵ ئەبووبەکر، عومەر، سەعید کوڕی زەید(خ .ل) بە (ألعشرە ألمبشرە)دە١٠مژدەدەرەکانی پەیامەکەی یەزدان ناودەبران . لە گەرمەی شەڕو پێکدادانەکانی لەشکری عەلیو لەشکری موعاویەدا، موعاویە بۆی دەرکەوت هەرگیز بەشەڕ ناتوانێت بەسەر دوژمنەکەیدا سەربکەوێت، پەنای بردە بەر فێڵو چاوڕاو، فەرمانیدا قورئان بەرەو پیری لەشکرەکەی عەلی ببەنو پێشنیاریکرد شەڕو خوێنڕێژی بخەنە لاوەو باوەش بۆ ئاشتی بکەنەوەو هەر لایەنەو باوەڕپێکراوێك بکاتە نوێنەری خۆی بۆ رێککەوتنو چارەسەر کردنی ئاشتیانەو هەردوولاش بە سەرئەنجامی رێککەتنەکە پابەندبن. ئەبوو موسای ئەشعەریی زۆرزان و فێڵ وتەڵەباز لەتوخمی بنەماڵەی موعاویەو دەسندەخۆرو

پەروەردەی سەر سفرەوخوانی ئەوان،وەك نوێنەری موعاویە هاتە ئاخاوتنو وتی: ئەی جەماوەری موسڵمانان بۆ ئەوەی بتوانین ئاو بەم ئاگرەدا بکەین و بە ئاشتییو تەبایی بەپێی دەقی پیرۆزی قورئان (وامرهم شوری بینهم) چوارەمین خەلیفەی موسڵمانان دیاری بکەین، پێویستە بەر لە هەموو شتێك هەر دوو خەلیفەکە، عەلیو موعاویە لە خەلافەت بخەین، چونکە ناشێت موسوڵمانان لەیەك کاتدا دوو خەلیفە فەرمانڕەواییان بکات. نوێنەرەکەی عەلی بە دڵ پاکییەوە دێتە پێشەوە ودەڵێت: من وەك نوێنەری عەلی، چۆن ئەم ئەنگوستیلەیە لە پەنجەم دەردەهێنم،هەر بەو جۆرەش عەلی لە خەلافەت دەخەم. بەڵام ئەبوموسا،کە پێشتر سیناریۆکەی بۆ دیشرابوو، لە بری ئەوەی ئەویش موعاویە لە خەلافەت بخات، بەپێچەوانەی رێککەوتنەکەوە دەڵێت: ئەوا منیش وەك نوێنەری موعاوییە چۆن ئەم ئەنگوستیلەیە دەکەمە پەنجەم،هەر بەو جۆرەش موعاویە دەکەم بە چوارەمین خەلیفەی شەرعیی موسڵمانان! بیرۆکەی ئیسلامی رامیاریی لێرەوە سەرهەڵدەداتو موسوڵمانان بە گشتیی لە راستە رێگای برایەتی دوور دەکەونەوەو خوێنی یەکتر حەڵاڵ دەکەنو قەوارەی کۆمەڵایەتیی، رامیاریی، سەربازیی لە بناغەوە هەڵدەتەکێنێتو موسوڵمانان لە یەك رێبازو یەك ئامانج و یەك رابەرەوە بەسەر چەندین رێبازو رابەرو ئامانجدا، دابەش دەکات بە جۆرێك رێڕەوی مێژووی ناوچەکەشیان بەخۆیانەوە گۆڕی.

ململانێکە تا دەهات توندو تیژتر دەبوو، عوسمانو عەلی بەدوای یەکتردا تیرۆر کرانو موعاوییەش کە والی وڵاتی شام بوو بە ئاواتی خۆی گەیشت و بووە خەلیفەی موسڵمانان وماوەی نۆزدە ساڵی نێوان ٤١ ـ ٦٠ ك./ ٦٦٣ ـ ٦٨٢ ز.لە خەلافەتدا مایەوە و دەوڵەتی ئومەویش ٤١ـ ١٣٢ك./ ٦٦٣ ـ ٧٥٥ز. فەرمانڕەوای جیهانی ئیسلام بوونو زۆربەی خەلیفەکانیشیان لە بەرەبابەکەی ئەبیلعاص بوون.

یەزیدی کوڕی موعاوییە ٦١ـ ٦٤ ك./ ٦٨٣ ـ ٦٨٦ ز. بەو پێیەی موعاوییە رژێمی خەلافەتی کردبوو بە پشتاو پشت (وراثی)، یەزید جێگەی باوکی دەگرێتەوە ٤١ـ٦٠ ك./ ٦٦٣ ـ ٦٨٢ ز. کە سەردەمێکی ئاڵۆزو پڕلە کێشەو ململانێ و دووبەرەکیی نێوان ئەوانو یارانی ئیمام عەلی بوو(خ .ل)، بەتایبەتیش لەسەردەمی یەزیدا ولە رۆژی١٠موحەرەم٦١ك./٦٨٣ز.حسەین کوڕی عەلی(خ .ل)تیرۆرکرا.

عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان ساڵی ٢٦ك. لە دایکبووە، خوێندەوارێکی چاكو روو لە زانست بوو، ماوەی نێوان ٦٥ ـ ٨٦ك./ ٦٨٧ ـ ٧٠٨ز.خەلیفەی موسڵمانان بووە.

وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك ٨٦ـ٩٦ك./ ٧٠٨ـ ٧١٨ز. لەم سەردەمەدا وڵاتانی ( سەند، بوخارا ) و ئەودیو رووبارەکە لە خۆرهەڵات و لە خۆرئاواش ئەندەلوس کەوتنە سنووری دەوڵەتی ئیسلامەوە. لەلایەنی ناوخۆشەوە وڵات هێمنو ئاسایش چەسپاو بوو، رێگاکانی بازرگانیی وشکانیی و دەریایی کۆنترۆڵ کرابوون. سەردەمی وەلید هەندێك لەو کارانەش تەواو دەکرێت لە سەردەمی عەبدولمەلیك تەواو نەبوون وەك خستنەگەڕی زمانی عارەبی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتو نووسینی نامەو تۆمارەکانی دیوان کە هەتا ئەو کاتە بەزمانەکانی فارسیو یۆنانی دەنوسران. جگە لەوانە نەخشی رووی دراو دەگۆڕێت بە نەخشی عارەبی ـ ئیسلامیو مزگەوتی ئەقصا لە قودس دروستدەکات و لە ٦٦ك. تەواو دەبێت جگە لە گومەزە سەوزەکەی کە ٧٢ك./ ٧٠٤ز. تەواو بوو.ئەمە جگە لە رێکخستنی گەیاندنی پۆست، دانانی

یاسای سەرژمێرکردنی ئەهلی زیمە،کە جوولەکەو عیسایی بوون و سەپاندنی سەرانە بەسەریاندا. یەکێك لە کارە دزێوەکانیشیان سەردەمی کێشەی نێوان یەزیدو زوبیری کوڕی عەوام، یەزید ٦٣ك./ ٦٨٥ز. پەلاماری هەردوو شاری پیرۆزی مەککەو مەدینە دەدات و شوێنە پیرۆزەکانیش زیانیان بەردەکەوێت. خەلیفەکانی ئومەوی لە ژیانی خۆیان دەترسان، لە کابینە دا نوێژیان دەکردو پۆستی پەردەدار (حاجب) یش کە بەزاراوەی نوێ دەبێتە(رازگر- سکرتێر)ئەوان دایانهێنا وەك فلتەرێك لە نێوان خۆیانو ئەوانەی کە دەهاتنە دیوان.

**بڵاوبوونەوەی ئاینەکە**

وەك ئاشکرایە یەکەمین پڕیشکی ئاینی ئیسلام لە شاری مەککەوە بەڕابەرایەتیی پەیامبەری یەزدان موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەبدولموتەلیبی هاشمیی دادەگیرسێت.

پەیامبەری ئیسلام موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا کوڕی عەبدلموتەلیب ( د.خ ) ڕۆژی ٥٧١/٤/٢٠ز، لە خێزانێکی هەژارو دەستکورتی دانیشتوی شاری مەککە لە دایکبووە، لە هەمان ئەو ساڵەدا کە ئەبرەهە هێرش دەکاتە سەر شارەکەو پێشەنگی لەشکرەکەی چەند فیلێك بوون، بەو هۆیەوە ئەو ساڵە لە مێژووی ئیسلامدا بە ساڵی فیل ناودەبرێت.

موحەممەد ساڵی ٥٦٩ز. لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا یەکەمین هاوسەرگیریی خۆی لەگەڵ خەدیجەی کچی خوەیلیددا(خ.ل)پێکهێنا. ٦١٠/٨/٦ز. لە تەمەنی چل ساڵیدا پەیامی یەزدانی بۆ دێتو بەهۆی جوبرەئیلەوە مژدەی پێدەدرێت یەزدانی مەزن هەڵیبژاردووە بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلەکەیی‌وناسینی یەزدانی تاكو تەنیا. دواتر بەهۆی فریشتەیەکی دیکەوە یەکەمین فەرمانی یەزدانی پێدەگات لە شێوەی یەکەمین سورەتی قورئاندا **(اقرأ، اقرأ بآسم ربك الذى علَمَ بآلقلم عَلَمَ آلأنسان مالم يعلم)**.

هاشمییەکان تیرەیەکی هۆزی گەورەی قوڕەیشنو بەپێی داستانەکان دەچنەوە سەر باپیرە هەرە گەورەکانیان، عەدنانو قەحتان. ئەو یەکەمین پریشکە لە شاری مەککە هەڵدەگیرسێت و بە دەشتو بیابانەکانی حیجازو نیوە دۆرگەی عارەبدا کڵپە دەستێنێتو توانی لە ماوەیەکی کورتدا کۆنە باوەڕی بتپەریستیو هەرهەموو دابو نەریتە کۆمەڵایەتیە چەسپاوەکانی هەزاران ساڵەی باوو باپیرانی عارەب لە بنەڕەتەوە هەڵتەکێنێت. پێگەی دەرکەوتنو بڵاو بوونەوەی ئاینەکە، وڵاتی حیجاز دەکەوێتە خوارووی خۆرئاوای کیشوەری ئاسیاوە، ناوچەیەکی بیابانو گردۆڵکەی لماوییە، ووشكو روتەنو بێ ئاوە، هەروەك لە سوورەتی ئیبراهیم، ئایەتی (٣٧)دا هاتووە: (رَّبَّنَا إِنِّي أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِندَ بَيْتِكَ الْمُحَرَّمِ) خودایە من وەچەی خۆم لە دۆڵێکدا نیشتەجێکرد لە پەنا خانەی پیرۆزی تۆدا کە کشتوکاڵی تێدا ناکرێت. دانیشتووانی دورگەی عارەب بە گشتی خێڵەکییو دەوارنشین بوون، سەرچاوەی سەرەکیی ژیانو بژێوییان حوشتر بوو، شیرو گۆشتەکەیان دەکردە خۆراك، تووکەکەیان دەکردە پۆشاكو رەشماڵو دەوار، بۆ هاتووچۆو بارهەڵگرتنو لەکاتی جەنگیشدا بۆ سواری بەکاریاندەهێنا. هەروەها بزنو ئەسپیشیان رادەگرت. پەیامبەر (دروودی خوای لێبێت) ساڵی ٥٧٠/ ٥٧١ز. لە شاری مەککەی پیرۆز لە خێزانێکی هەژار و دەستکورتی تیرەی هاشمیی سەربەهۆزی قوڕەیش لە دایك بووەو هەر بە منداڵی هەتیو دەکەوێتو

باپیری بەخێویدەکاتو هەر زووش دەیکەنە شوانی بەرغەل. کە ئەویش دەمرێت ئەبو تالیبی مامی دەیگرێتە خۆییو سەرپەرشتییو چاودێری دەکاتو لە کاروانە بازرگانییەکانی حیجازو شامدا لەتەك خۆیدا دەیباتو وردە وردە چاوی بە دەرەوەی ژینگەکەی خۆیدا دەکرێتەوەو شارەزای رێگاوبانەکانو شێوەی کرینو فرۆشتن دەبێت. صالّی ٦٠٨ز. لەگەڵ خەدیجەی کچی خوەیلید( خ .ل ) کە ئافرەتێکی بێوەژنی دەوڵەمەند بوو پێکدێن، سەرمایەکەی خەدیجەو شارەزاییەکەی ئەو بخەنە گەڕ، کارەکەشیان سەرکەوتوو بوو، زۆریشی نەخایاند ژیانی هاوسەرگیریی پێکدەهێنن هەرچەندە خەدیجە بەتەمەن گەورەتریش بوو. رۆژی ٢٧ رەجەب صالّی ٦١٤ز. لە تەمەنی ٤٠ صالّیدا پەیامی پیرۆزی یەزدانی بەشێوەی سرووشو ئیلهام بۆ دێتە خوارەوە.

بەپێی پلانێکی زۆر نهێنی، پەیامبەر دەستدەکات بەبڵاوکردنەوەی پەیامەکە، لە خەدیجەی هاوسەرییەوە دەستپێدەکات، ئەوە یەکەمین مرۆڤە لەنێرو مێدا باوەڕی پێدەکات، دوای ئەویش ئەبووبەکر باوەڕی پێدەهێنێتو سێهەمین موسڵمانیش عەلی ئامۆزای بوو( خ .ل )، دوای ئەمان مژدەی ئاینە نوێیەکەی بە خزمو کەسوکارە دڵسۆزەکانی دەداو دەیهێنانە سەر پشتکردنە بتپەریستیو رووکردنە یەزدانی تاكو تەنها کە دەستەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە و ئاسمان و زەمین و هەرچیشیان تێدایە هەر ئەو دروستیکردوونو هەر ئەویش شایستەی پەرستنە نەك ئەو بتانەی لە دار یا خورما بەدەستی خۆیان دروستیان دەکەنو کە برسیشیان دەبێت (خوا ـ خورما)کەیان دەخۆن.

پەیامبەر هەر ئەوەندەی لە بازنەی خێزانو کەسووکارەکەی چووە دەرەوەو پەیامەکەی لە نێو شاردا ئاشکرا کرد، قورەیشەکان زۆر بەتوندی لە روویدا وەستانەوەو بەهەموو هێزیانەوە بەرپەرچیاندەدایەوە، پەیامبەرو هاوبیرەکانی لەگەڵ بت پەرستەکاندا بە سەرۆکایەتی هەرە پیاوماقوولّو بازرگانە دەوڵەمەندەکانی مەککە، تووشی شەڕێکی نابەرامبەر هاتن، بەڵام ئەو دەستەی یەکەمی باوەڕدارانە و لە بەرایی هەمووشیانەوە عەلی کوڕی ئەبوتالیب( خ.ل )، پشت ئەستوور بە قورسایی کۆمەڵایەتیی عەبدلموتەلیبی باپیریان خۆیان رادەگرنو نابەزنو بێپەروا دەنگی بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیان بەرز دەکردەوەو ئازایانەو بێدوودڵی بەرامبەر ئازاردانو سووکایەتیی پێکردنو دابڕکردنیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی بەڵام ورەیان بەرزبوو،چۆکیان دانەدا،دەستبەرداری پەیامبەر نەبوونو پشتیان چۆڵنەکرد. ژمارەی موسڵمانانو هێزی بەرگرییان گەیشتە ئاستێك، پەیامبەر بەخۆیدا رابپەرموێت لە قۆناغی خۆپاراستنو بەرگرییەوە بگوێزێتەوە قۆناغی شەڕی بەرامبەرو لە پێکدادانەکەی شەڕی (بەدر)دا بەسەر بت پەستەکاندا سەردەکەوێت، هەرچەند لە دووهەمین شەڕدا لە چیای (ئوحود) بە هۆی تاکتیکێکی سەربازیی ژیرانەی خالیدی کوڕی وەلیدەوە، موسڵمانەکان شکستێکی چاوەڕوان نەکراویان بەسەردا هاتو پەیامبەریش بەبرینداری د گەڕایەوە.

پەیامبەر(د .خ ) بڕیاریدا بەخۆییو هاوبیرەکانیەوە شاری مەککە جێبهێڵنو روو بکەنە مەدینە، بەمەبەستی فراوانکردنی گۆڕەپانی جەنگو دەستخستنی هەلومەرجی بردنە دەرەوەی ئاینەکە لە سنووری مەککەو دابینکردنی مەودای خۆکۆکردنەوەو پەلاماردانی لەناکاوو کشانەوەی خێرا، ئەوە بوو صالّی ٦٢٢

ز/ ١ك لەگەڵ موسڵمانەکاندا بە کۆمەڵ روو دەکەنە شاری مەدینەو موسـڵمانەکان بـەو ئاواتـە نەگەیشـتن پێکەوە لە مزگەوتەکەی مەککەدا نوێژ بکەن کـە ئیـبراهیم ئەلخـەلیل ـ برایمـی هـاودەمی یـەزدان (د . خ) دروستیکردبوو و لە ساڵی ٦٣٠ زایندا بووبە پیرۆزترین شاری موسڵمانانو عارەب.

هەردوو تیرەی ئەوس و خەزرەج بەگەرمی پێشوازی لە موسڵمانەکان دەکەنو هاوکاری و پشـتیوانییەکی دڵسۆزانەیان دەکەنو دەرگای ماڵەکانیان بۆ خستنە سەر پشت، ئـەو صـاڵەش لـە مێـژووی ئیسـلامدا بـە صاڵی کۆچکردنەکە تۆمارکرا و دەبێتە یەکەمین رۆژ و مـانگو صـاڵی رۆژژمێـری موسـڵمانەکان کـە بـەساڵنامە (رۆژژمێر)ی کۆچی ناودەبرێتو ٦٢٢ صاڵ جیاوازی لەگەڵ رۆژژمێری عیساییدا هەیە.

دەوروبەری صاڵی ٦٣٠ز. زۆربـەی هـەرە زۆری تـیرەو هۆزەکـانی دۆرگـەی عـارەب بـاوەڕ بـە پەیامبـەر دەهێنن، بتەکان دەڕووخێننو روو لە خانەی خودا دەکەن، کابەی قیبلەی موسڵمانان. تیرەی (بـني قريظـة) کە لە شاری مەدینە دەژیان، یەکێك بوو لەو تیرانەی هەتا صاڵی ٦٢٤ زاینش کە دە صاڵ بەسەر ئاشـکرا کردنی پەیامەکەدا تێپەڕیبوو، هێشتا باوەڕیان بە پەیامبەر نەهێنا بوو.

پەیامبەر( د . خ ) بەو هۆیەوە کوڕەکانی هەربـە منـداڵی مردبـوون، زەیـدی کـوڕی حاریسـە پـەروەردە دەکاتو دەیکاتە کوڕی خۆی، هەتا لە ژیانیشدا بوو کەسێکی وەك جێگر دیارینەکرد دوای خـۆی رابـەریی موسـڵمانان بکـات. پەیامبـەر ١٨/ ٦/ ٦٣٢ ز. / ١٣ك. لـە تەمـەنی ٦٣ صـاڵیدا کۆچـیدوایی کرد.موسڵمانەکان لە کۆنگرەی سەقیفە (مؤتمر السقيفة)دا بڕیاریاندا ئەبووبەکری صدیق(خ.ل )بەتەمەنترین یارانی پەیامبەر بەجێگرو یەکەمین خەلیفە دیاریبکات، هەرچەند لایەنگرانی عەلی کوڕی ئـەبوتالیب ( خ .ل ) زۆرتربوون، بەڵام سەرۆکایەتی قورەیش نەیدەویست پلەو دەستەڵاتی پەیامبەریی و پێشەوایەتیش لـە خێزانێکدابن "جمع النبـوة و الامامـة فـی عائلـة واحـدة"، یەکـەمین ئـەرکی ئەبووبـەکر، رووبـەڕووی ئـەو موسڵمانانە بووەوە کە بە مردنی پەیامبەر هەڵگەڕانەوە،ژێوان بوونەوەوگەڕانەوە سەر بت پەرسـتیی گوایـە وایاندەزانی پەیامبەر هەرگیز نامرێت، یا ئەوە بوو هەر سەرەتا لە دڵەوە باوەڕیان نەهێنابوو، جا لە ترسان بوو بێت یا بۆ هەرمەبەستێك بوو بێت.

ئەبوو بەکر(خ.ل) لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا ٦٣٢ـ ٦٣٧ز.تـوانی کـۆنترۆلی باروودۆخەکـە بکـاتو هەموو هەڵگەڕاوەکان (ألمرتدين )بگەڕێنێتەوە سەر راستە رێگەی یەزدان پەرستیی.دووەمین کاری ئەبوبەکر رەنگرێژیی قەوارەیەکی رامیاریی‌و سیمای دەوڵەتی ئیسلامیی بکات، ئەو دەوڵەتەی هەتا صاڵی ١٢٥٠ز. فەرمانڕەوای جیهانی موسوڵمانان بوو. ئەبوو بەکر ئەوەندەی فریاکەوت سنووری دەوڵەتەکەشی فراوان کرد. لە باشوورەوە پەلاماری دەوڵەتی رۆمە بێزنتەکان دەدات کە یۆنانو میسرو شامی گەورە (سووریا، لوبنان، فەلەستین، ئووردن) و ٣سێ وڵاتی باڵکانیش (هەنگاریا، بولگاریـا، یۆگۆسـلاڤیا)ی لـەژێر دەسـتدا بـوو . ئەبوبەکر هەردوو وڵاتی میسرو شامی گەورەی لە دەست دەرهێنان، پـەلاماری کۆسـتانتینەی پایتـەختیش دەداتو ماوەیەکی درێژ دەیخاتە ژێر ئابڵووقەوە، بەڵام هیچی بۆ نەکرا. ئەبوبەکر بەرلەوەی بمرێت عومەری خەتاب دیاریدەکات بەجێگری خۆی .

دووەمین خەلیفە(میری موسڵمانان)عومەری کوڕی خەتاب دەیویست ئەو کارەی ئەبوبەکر تەواوینـەکرد،

تەواوی بکات، چاوی بڕیە هەردوو دەوڵەتی بێزنتەو ساسانی کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتیان لە نێو خۆیاندا دابەشکردبوو، لە هەمان کاتیشدا ململانێی خوێناویو پەلاماردانی یەکتری هەردوو لایانی بێهێز کردبوو، دەرگاشی لە بەردەم دەوڵەتی ئیسلامدا والاکردبوو لە ئایندەیەکی نێزیکدا لە هەردووکیان بەهێزتر ببێت.

ساسانەکان ماوەی نێوان صالانی ٢١١ـ ٦٥١ز. فەرمانڕەوا بوون، دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلام ٦٣٢ـ ١٢٥٠ز. دەوڵەتی ساسانی خستە باری کزییو لاوازییەوە، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا ( خ.ل ) لەشکری موسڵمانەکان لە ساڵی١٦ك./٦٣٧ز. بەسەرکردایەتی سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص ڕووبەڕووی لەشکری دەوڵتی ساسانی بوونەوە و ناوچەکانی ژێر دەستیان کەوتنە بندەستی لەشکری ئیسلام وبەسەرکەوتووییش دەچنە نێو شاری مەدائین( تسیفوون )ی پایتەخت کە دەکەوێتە ناوەڕاستی وڵاتی نێوان دووڕووبارەکە (میسۆپۆتامیا) نێزیك بە شاری سەلمان پاك و٤٠ کیلۆمەتر باشووری بەغدا. کە مەدائینی پایتەختی دەوڵتی ساسانییەکان کەوتە دەست لەشکری ئیسلام، دەستەڵاتی ئێرانییەکانیش لەو ناوچانەدا کۆتایی دێت کە ٦٠٠ صاڵ لەوەبەر خوارووی دۆرگەی عارەبیان داگیرکردبوو، هەزار صاڵێکیش دەبوو وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکەیان لە ژێر فەرمانردا بوو، ڕۆمە بێزنتەکانیش دەمێك بوو بەشی باکووری دۆرگەی عارەبیان لوولدا بوو، هەوساری ڕێگا بازرگانییەکانی نێوان بەندەرەکانی یۆنان، بێزنتە، میسرو هیندستانیان لە دەست عارەب دەرهێنا بوو.لەشکری ئیسلام بەگوڕو تینی بڕواو سەرگەرمییەوە لە شکرکێشیان دەکردو پەلاماریاندەدا، ڕوویان لە هەر وڵاتێك دەکرد، زوو یا درەنگ دەیانگرت، زۆر ناوچەشیان بێ شەڕو کوشتار داگیر کرد، ئەمەش بەکاریگەریی دوو فاکتەر، یەکەمیان: فاکتەری ئاینە نوێ مژدەبەخشەکە. دووەمیش: ڕاهاتنی تیرەو هۆزە خێڵەکیەکانی عارەب (الاعراب) لەسەر پەلاماردانو زەوتکردنی مافی یەکتریو دەستکەوت و تالانی چنینەوەوە.

ئەو خێڵەکییە عارەبانە کە ئاینی ئیسلام بلاوبووەوە و بەناچاریی کەوتنە ژێر ڕکێفی یاساکانی ئاینەکەوە، ڕێگای شەڕی ناوخۆو تالانکردنی یەکتری لێگرتن کە سیمایەکی چەسپاو و گرنگو بەرچاوی کۆمەڵایەتییانە و زۆریش شانازی پێوە دەکەن، ئەو ویست و ئارەزووە زکماکەی خۆیان بۆ پەلاماردانو تالانکردن، لە هێرش و پەلامارەکانی بلاوکردنەوەی ئاینە نوێیەکەدا دەبیننەوەو لە هەمانکاتیشدا خۆبەستنەوە بە داب و نەریتی خێڵو خۆبەختکردن لە پێناوی سەرکەوتنو سەربڵندی خێڵدا جێگەی بۆ خۆبەستنەوە بە ئاینی ئیسلامو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی یەزدان و گیان بەخشین لە پێناوی بلاوبوونەوەی سەرکەوتنیدا چۆڵکرد. دەشتەکییەکی عارەب کە جاران شەڕی بۆ تیرەو هۆزەکەی دەکردو بەشێك لە دەستکەوتو تالانییەکانیشی بەردەکەوت، ئێستا شەڕ لە پێناو سەرکەوتنی لەشکری ئیسلامو بلابوونەوەو گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەیدا دەکات بۆ هەموو گەلانی سەرزەمین کە بانگەشەی ڕزگار کردنی مرۆڤ لە بتپەرستی، تاریکی و نەزانی، زیندە بەچاڵکردنی کچانو چەوساندنەوەو کڕینو فرۆشتنی مرۆڤ لە بازاڕەکاندا وەك ئاژەڵ، مژدەی برایەتیو یەکسانیو دادی کۆمەڵایەتییە لە نێوان هەمواندا، تاكو کۆمەڵ، گەلو نەتەوەکان. جەنگاوەرانی لەشکری ئیسلام ئەوەشیان لە بەرچاووبوو کە دەستکەوتەکانی لە جاران گەلێك پترن، بەتایبەتیش ئەو هەموو خێرو بێرە مفتەو ئەوهەموو ئافرەتە ناسكو نازدارانەی لە دەرەوەی

ژینگەی عارەبدا هەبوون، بالاّ بەرزو سپی و چاو کالّ، بەدەستکەوتی جەنگیش دەژمێردران. ئـەوە لایـەنی سەرکەوتن و دەستکەوت وگەڕانەوەبە سەلامەتیی،خۆ ئەگەر کوژراش ئەوە شەهیدەو مالێكو حەوت حۆری لە بەهەشت بۆ دانراوە. پەیامبەر خێڵەکییە عارەبەکان (الاعراب)ی چاك دەناسی، خواوەنـدیش ئاگـاداریی دەکاتەوە، (الاعراب أشد كفراً ونفاقا). ئەوەی بەڕاستی موسڵمان بوو، دوای جەوهەری پەیامـە پیرۆزەکـەو ئامانجە بەرزەکانی کەوتبوو. یارانی پەیامبەر کۆیلە ئازاد کراوەکان بـوون لـە دەسـت دەرەبـەگو بازرگانـە قورەیشەکان کە نـەك هـەر لـە کۆیلەیـەتی و چەوسـاندنەوەی چـەند لایەنـە رزگـار بـوون، بـەڵکو ئـازادیو یەکسانی تەواویشیان دەستکەوتو پلەوپایەی گرنگیشیان لە لەشکرو دەوڵەتدا پێدرا و خۆیان لە هیچ کام لە ئاغاکانی پێشوویان (خاوەنەکانیان) بە کەمتر نەدەزانی، پاڵیشیان لێنەدایـەوە وەك هەنـدێك رووبکەنـە ژیانی گەرمو نەرمو رابواردن، کۆیلەیەکی وەك بیلالی حەبەشی نامۆو بێ پشتو پەنا نموونەی هەرە بـەرزی ئەو موسـڵمانە راسـتەقینانەن کـە بەرگـەی ئـەو هـەموو تینوییـەتیو برسـییەتی، ئـازارو ئەشـکەنجەدانو سوکایەتی پێکردنەی دەگرتو رۆژ لە دوای رۆژ باوەڕی پتەوترو وورەی بەرزتر دەبووەوە.(١٣٢) من بەش بـە حاڵی خۆم (حەزرەتی بیلال) بەشۆڕشـگێڕێکی مـەزنو بـە گیانبەخشـێکی راسـتەقینەی بیروبـاوەڕ دەزانمو ئەگەر هاوشانی کۆیلەیـەکی راپـەڕیوو شۆڕشـگێڕێکی بـەنێوبانگی وەك (سـپارتاکۆس)ی پێشـەوای کۆیلـە راپەڕیوەکانی دژی ئیمپراتۆری رۆمای رۆژئاوا نەبێت، کەمتر نییە. هـەردووکیان بەهـەمان تاقیکردنـەوەدا تێپـەڕین، بـیلال وەك تـاکێکی بێچـەك، سپارتاکۆسـیش وەك سـەرکردەی لەشـکرێکی چـەکدار، بـیلال سەردەکەوێ، سپارتاکۆسیش ساڵی ٧١پز. لەگەڵ شەش هەزار لە هاوبیرەکانیدا سەر دەکەونە سـەر تەختـە خاچەکانی دوژمنو مەسیح ئاسا، چوار پەلیان لە مێخ دەدەن هەتا مـەرگ. لـە سـەردەمی نوێشـدا کەڵـە پیاوێکی مەزن، شۆڕشگێڕێکی رەسەن وەك نیلسۆن ماندیللای مرۆڤ دۆستو راستیی پەرستو خۆنەویست یا شۆڕشگێڕێکی گیان لەسەر دەستی وەك ئەرنستوتشی گیڤارا، نموونەی لە بەرچاون بۆ سەرکردەکانی ئـەم رۆژگارە، سەر بەهەر ولاّتو نەتـەوەو بـیرو بـاوەڕێکن پەنـدو ئامۆژگارییـان لێـوە فێـر بـنو شـوێن پێیـان هەڵبگرن، بەراوردێکی خۆیان لەگـەڵ مانـدێللای مەزنـدا بکـەن کـە نێزیکـەی ٣٠ سـاڵی تەمـەنی نێـوان ١٩٦٢ـ ١٩٩٠ی لەزیندانە تاریکـەکانی داگیرکـارە سـپی پێسـتەکانی ئەفـەریقای باشـووری نیشـتیمانیدا بەسەر برد، بێئەوەی ئەوەندەی سـەرە موویـەك بـاوەڕو وورەی بـە دۆزی رەوای گەلەکـەی بنـەوێت، بـەڵکو هۆشیارترو بەهێز تر چاوی بڕیبووە ئامانجە پیرۆزەکانی کە تەنها و تەنها سـەربەخۆیی گـەلو ولاّتەکـەیی و ژیانێکی شیاو بوو بۆ هاولاّتیان نەك پلەو پایەو کورسیی دەستەلاّت. ئەو ژیانی خۆی کردە قوربانی هیواو ئاواتی گەلەکەی نەك قوربانییو خوێنو فرمێسكو ژانو ئازاری گەل بکاتە پەیـژەو پیـا هـەڵزنێت دەسـتی بگاتە دەستەلاّت. وەك ئاشکرایە ولاّتەکەی رزگار بـوو، داگیرکـار چـۆکیدادا، لـە زیندانـەوە بەسـەر شـانی جەماوەرەوە گەیشتەکورسیی دەستەلاّت، بەلاّم چونکە ئەوە ئامـانجی نـەبوو، زۆری نەخایانـد بـە ویسـت و ئارەزووی خۆی دەستبەرداری پۆستەکەی دەبێت وجێگەکەی چۆڵکرد.

چیرۆکی ژیانی کۆیلە راپەڕیوەکانی دژ بە قورەیش لە ژێر ئالاّی ئیسلامدا و ژیانو راپەڕینی ماندێللا لە یەکتر دەچن، ئەوان لە دەست جەورو ستەمی کۆمەلاّیـەتییو ئـایینییو ژیـانی مەمرەومـەژی، بەسـکێکی

تێرو بەدوو سك برسی راپەڕین، سەربەستییو یەکسانییان دەستکەوتو چەند هەنگاوێکیش پێش ئاغاو خاوەنەکانیان کەوتنەوە. ماندێلاش لەسەر بەرەنگاریکردنو بەگژداچوونەوەی سپی پێستە داگیر کەرەکانو داکۆکیکردن لە مافە رەواکانی گەلەکەی، دەکەوێتە بەر چەوساندنەوەی رەگەزیو نەژادییو چینایەتیو نەتەوایەتیش، دەژمنەکانی نەیانتوانی بیکەنە کۆیلە، بەڵام لە زیندانە تاریکەکانیان توند کرد، هەرگیز بە بیریشیاندا نەدەهات ئەم پێست رەشە هێمنو لەسەرخۆیە بتوانێت گەلی خۆراگری خوارووی ئەفریقا بهەژێنێتو بیانکاتە هێزێك ئەو دوژمنە بەهێزە رابماڵنو یەك دەنگ و یەك دەست بڕیاربدەن وەك نیشانەو سونبولی سەرکەوتن بەرزیبکەنەوەو بەیەك شایستەیی لە لوتکەی دەستەڵاتی وڵاتی رزگار کراودا دایبنێن. ئەوە ماندێلای مرۆڤ دۆست بوو کە سەردانی تورکیا دەکات، وەك ئەرکێکی پرۆتۆکۆڵی، هەر سەرۆکێك سەردانی تورکیا بکات داوای لێدەکرێت بچێتە سەر گۆڕی مستەفا کەمالو تاجە گوڵینەی رێزی لەسەر دابنێتو سڵاوی لێبکات، بەڵام ئەو کەڵە سەرکردەیە بەڕاشکاوی دەڵێت من رۆڵەی گەلێکی چەوساوەو ستەمدیدەم، بیرو باوەڕم رێگەم پێنادات بچمە سەر گۆڕی کەسێك٣٠،٠٠٠ سی هەزار مرۆڤی بێتاوانی لە هاوڵاتیانی وڵاتەکەی خۆی قڕکردبێت تەنها لەبەر ئەوەی کوردن. ئەم جۆرە هەڵوێستە مرۆڤ دۆستانەیە ماندێلای لای سەرجەم گەلانی جیهانو سەرکردەکانیان گەیاندە ئاستێك پلەو پایەو رێزێکی فرە تایبەتی هەبێت. هەر بۆ نموونە، یەکێتی تۆپی پێی جیهان (فیفا) لەسەر داخوازیی ماندێلاو لەبەر چاوی تێری ئەو بڕیاریدا مۆندیالی ٢٠١٠ لە وڵاتی ئەو مەزنە بەڕێوە بچێت، هیچ لایەنێکی پەیوەندیداریش نەیوت نەء، فیفاش زۆر شادمان بوون ئەو بڕیارە بکەنە مێدالیای رێزو خۆشەویستیو کردیان بە بەرۆکی ئەو مەزنەدا. جیاوازی نێوان کەڵە پیاوەکانی مێژوو لەگەڵ گەندە پیاوەکاندا زۆرن، هەر بۆ نموونەش پاپی رۆما ساڵی ٢٠٠٦ لە سەردانی تورکیادا چووە سەر گۆڕی مستەفا کەمالی گورگە بۆرو تاجە گوڵینەشی لەسەر داناو مێشیش میوانی نەبوو!

دەگەڕێمەوە سەر عارەبە خێڵەکییەکان، چونکە ئێستاش ئەو کولتوورە کۆنەیان بەجۆرەها شێوە لە هەڵوێستی رامیاریی و ژیانی کۆمەڵایەتییاندا رەنگدەداتەوە. بەراوردێکی عێراق لە سەردەمی رژێمی بەعسداو پاڵپشتکردنی هەردوو لایەنی شیعەو سوننە لە صەدام حوسەین دژی ئێران لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران ـ عێراقو بەتایبەتیش کە شیعەکانی نێو لەشکرەکانی صەدام لە پێناو ئۆتۆمبیلی (بەرازیلی) و مێدالیای ئازایەتیدا خوێنی برا شیعەکانی خۆیان دەڕشت، بەراوردێکی وەها گەلێك لایەنی بەرچاوی ئەو کولتورەمان بۆ روون دەکاتەوە. حافیز وەهبە لە کتێبی دورگەی عارەب لە سەدەی بیستەمدا، دەڵێت: عارەبە دەشتەکییەکان بەمەرایی، دوڕوویی، نامەردیی (غەدر) شێلراون.[١٣٣] سامانو ماڵ بەلای ئەوانەوە هی یەزدانە، هیچ کەسێك مافێکی تایبەتی تێدا نییە، بەڵکو ئەو کەسە خاوەنێتی کە دەستی بەسەردا دەگرێت، رۆژێك بۆ منەو رۆژێك بۆ تۆ، سبەینان هەژارین، شێوان داراو زەنگین یا بەپێچەوانەوە. دەشتەکیی نەك لەگەڵ دوژمن، لەگەڵ دۆستیش هەمان کولتوور دەجوڵێنێت، دوای سەرۆك خێڵێك دەکەوێتو خۆی بەکوشت دەدات، بەڵام هەر ئەوەندەی سەرۆك خێڵەکەی ژێرکەوتو بێهێز بوو، کەمدەستیی لێدەرکەوت، یەکەمین کەسە کە پەلاماری دەدات، تاڵانی دەکاتو دەڵێت ماڵی دۆست بۆ

دۆست باشترە! پەندێکی باویشیان هەیە دەڵێت ماف بـە شمشـێر دەسـەندرێت، بێدەسـتـەڵاتیش بـۆ شـایەت دەگەڕێت.(١٣٤)

عـارەبی خێڵـەکیی لـە سـنووری دەسـەڵاتی خێڵەکەیـدا میـوان دۆسـتو بەخشـندەو بەرچـاو تێـرە، بـۆ بەدەنگەوەچوونی دراوسێ و پەنابەرو پاراستنیان جوامێرەو ئامادەیە خۆی بـۆ بـەختبکات، بـەڵام کـە لـەو سـنوورە چـووە دەرەوە هەرچـی نەشـێت دەیکـات، بێئـەوەی شـەرم بکـات یـا تـەریق بێتـەوە سـەنگەری هاوپەیمانیی دەگۆڕێتو دۆستیش روتدەکاتەوە. (زانای(زانایەکی) ئاینیی شیعە "موجتەهید" عەبدولرەزاق ئەلحیلو بەخۆی و هێزێکەوە بـۆ هاوکـاری لەشـکری عوسمـانی دەچـێت بـۆ شـەڕی ئینگلیـزە گاورەکـان لـە شوعەیبە،لە ئەنجامدا عوسمانییەکانو هاوکارەکانیان دەشکێن کەیـەکێکیان شـێخ مـەحموودی حەفیـد بـوو سەرکردایەتیی هێزێکی کوردی دەکرد، زاناکەش تەنها چوار چەکداری لە تەکدا مـابوەوە، لـە گەڕانـەوەدا روو دەکاتە گوندێك کە لە پەیڕەوکارانی خۆی بوون و فەرمایشتەکانیان پیادە دەکـرد و رێوشـوێنی ئـەویان هەڵگرتبوو، ئەوانە لای سوننەکان بە موریدو لای شیعەکان بە موقەللیـد نـاو دەبـرێن (ن.ك). رێگـە بـە زانەکە دەگرنو دەڵـێن: قوربـان دابـەزە و وولاخ و کەلوپەلـەکانمان بـدەرێ، بـۆ ئێمـە چـاکترە کـە دوسـتو ناسیاوین نەك ئەو گوندەی ئەو لامان بیبات کە دوژمنیشە. شێخ بەو پیری و نەخۆشیەوە پیادەو بێ کـەلو پەل دەمێنێتەوە).(١٣٥) (کۆمـەڵێك خێڵەکیی چەکدار پەلاماری دەواری موجتەهیدێك دەدەن، دەبینن لەسەر فەرشـێکی نایـاب نوێـژ دەکـات، بـە هێمـا تێیدەگەیـەنن کـە زوو نوێژەکـەی تـەواو بکـات، فەرشـەکەیان دەوێت.زاناکـە زۆر سەرزەنشـتو لۆمـەی کـردن، ئـەوانیش زۆر بـەڕێزەوە وتیـان قوربـان یـا شـێخ درێـژەی مەدەرێ، ئێمە نەیبەین یەکێکی دیکە دەیبات).(١٣٦)

تیرەو هۆزە عارەبەکان بە گشتیی لە پێنـاو دوو ئامانجدا لەشـکریان بـۆ هاوکـاریی دەوڵـەتی عوسمـانی کـۆکردەوە دژی بـەریتانیای(گاور): دەسـکەوتو تـالانی، ترسـی دۆزەخو حـەزی بەهەشـت، هـەرکاتێکیش عوسمانی دەشکان، عارەبەکان لە پشتەوە پـەلاماریان دەدانو (حیـز فرسـەتانە) نـەك هـەر چـەکیان بکـەن بەڵکو وەك صلقی روت بـەرەڵایان دەکـردن. وەك نموونەیـەك لـەم بـوارەدا بـۆ جـوامێریی کـورد دەڵـێم کـە شۆڕشەکەی شـێخ مـەحموود دامرکایـەوە، شـێخ ناکـام و بـێ پیشـتیوان خۆیـدەدات بـە دەسـتەوە، تـیرەو هۆزەکانی کوردو بە شایەتیی ئەفسەرانی ئینگلیز، هەر لە شاری پێنجوێنەوە هەتا سلێمانی بەدەم گریانو ئاهی ساردەوە پەلەیاندەکرد فریابکەون دەستی سەردارو رابەرەکەیان ماچ بکەن.

دکتۆر عەلی وەردی رووداوێکی سەیر دەگێڕێتەوە: سەربازێکی عوسمانی لە لەشـکر هەڵـدێتو لا دەداتـە لای خێڵێکی عارەب، دەیحەوێنەوەو جلوبەرگیشی پێدەدەن، بەڵام کەماڵئاوای لێکردنو دوورکەوتـەوە هـەر خۆیان یا خێڵێکی دراوسێ روتیانکردەوە.

لەشکری ئیسلام لە سەردەمی میری موسڵمانانـدا عومەری کوڕی خـەتتاب ( خ . ل ) دوای داگیرکردنـی وڵاتـی شـام روودەکاتــە عێــراق کەئــەو کاتــە بــە (کووفــە) یــا(جزیرە) نــاودەبراو نــاوی عێــراق لــە ئارادانەبوو،لەوێشەوە بۆکوردستانی باشوور (عێراقی عەجەم)، بە لەشکرێکی قورس وقەبـەو پڕچـەك و بـە ئــەزموونو قــاڵبووی بــاوەڕە نوێیەکــەو گوێڕایــەڵی دەقــە پیرۆزەکــانی قورئــان و هــەڵگری پــەیامێکی

ئەفسووناویی و سەرنجڕاکێشی پڕ لە هیواو ئاوات بوو لەژێر ئالآی (اللە اکبر، محمد رسول الله) دا بۆ سەرجەم تاكو كۆمەڵو گەلانی چەوساوەو بەشخوراو. دەقە پیرۆزەکانی وەك (المسلمون أخوة، لا فرق بين عربي و أعجمي الا بالتقوى) موسڵمانان خوشكو بران، جیاوازی نێوان عارەبو نا عەرەبیش تەنها لەوەدایە کامیان خوا پەرستترێكن.

(المسلمون سواسية كأسنان المشط)[١٣٧] موسڵمانان وەك ددانەکانی شانەی قژ یەکسانو چۆنیەکن. (كيف تعبدون الانسان وقد ولدتهم أمهاتهم أحرارا)[١٣٨]. (لا اكراه فى الدين قد تبين الرشد من الغي).[١٣٩] ئیسلام زۆرەملێی تێدا نییە، چاکەو خراپە ئاشکرابوون. ئەم دروشمە پیرۆزانە لە ڕمو شمشێری دەستی موسڵمانان کاریگەرتربوون کە لەو ڕۆژگارەدا لە هەرهەموو لەشکرەکانی دەوڵەتەکانی ناوچەکە ئامادەتربوون بۆ هێرشوسەرکەوتن و سەرخستنی پەیامەکە، بەتایبەتیش کە لە هەموو جەنگەکاندا سەرکەوتوو بوونو ڕوویان لە هەر لایەك دەکرد دەستیان بەسەردا دەگرت، هەرچەند ڕووبەڕووی بەرگریکردنی سەخت و پێکدادانی خوێناوی بوونەوەو قوربانیی زۆریشیان دا.

کوردۆلۆژی کورد دکتۆر جەمال نەبەز دەڵێت (خەڵکی میرزا ڕۆستەم "گوندێك بوو لە نێوان دووکانو کۆیەدا، یەکێك بوو لەو گوندانەی بەهۆی دروستکردنی بەنداوی دووکانەوە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابووردوو ژێرئاو کەوتن. ن.ك" پێشوازی لە لەشکری موسڵمانان دەکەن. عومەری کوڕی خەتتاب یەکێك لە هاوەڵەکانی بە نێوی "ئەبوو دووجانە" دەنێرێتە لای فرووخ کە ببێتە ئیسلام، بەڵام لە ڕێگەدا دەکوژرێت، نووسەری تایبەتیی فرووخ لەبنەوە موسوڵمان بوو بوو، فرووخ پێدەزانێتو دەیکوژێت. گرگر سەرکردەیەکی ئازای کورد بوو "لە لەشکری سەرداری کورد فروخدا. ن.ك" لەو شەڕانەدا چەندین سەرکردەی موسڵمانان کوژران وەك: وەراسیلەکوڕی عومەری تەمیمی، سەعد ساعیدی قوڕەیشی، حەندەبە، میقداد کوڕی حاتەمی تەی، عومەری کوڕی عەدیە).[١٤٠]

لە بارەی یەکەمین پەیوەندیی نێوان کوردو پەیامبەری یەزداندا (موفتی ئیمپراتۆریای عوسمانیو مامۆستای فێرکردنی سوڵتان موراد، خواجە سەعدەدین لە کتێبەکەیدا(شازی مێژوەکان ـ تاج التواريخ) دەڵێت: سوڵتانی تورك ئاغوزخان پیاوماقوولێکی کورد بە نێوی بەغدوز دەنێرێتە لای پەیامبەر موسوڵمانبوونی خۆی ڕابگەینێت. نوێنەرەکە لەشولارو دەموچاوێکی دێوودرنج ئاسای هەبوو، پەیامبەر لێی دەسڵەمێتەوە، دەپرسێت سەربەکام هۆزیت؟ وتی لە گەلی کوردم "لە هۆزەکانی کوردم. ن. ك"، پەیامبەر (د.خ) دەفەرموویێت (اللهم لا تجعلهم على اتفاق لان فيه خراب العالم)[١٤١] (واتا یەزدان مەزن،کۆك و تەبایان نەکەیت،ئەگەر نا، دنیا وێران دەکەن . ن.ك) ئیتر لەو ڕۆژەوە دەوڵەتی مەزنو دەستەڵاتی فراوان بۆهیچ تایەفەیەکیان نەرەخساوە.)

دیارە هیچ شا، میر، دەسەڵاتدارێك هەروا بە ئاسانی ملی بۆ ئەو بارودۆخە نوێیە ڕانەدەکێشا کە هەرهەموو یاساو ڕێساو دابو نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی سەروبنکرد، بەڵکوئەوەندەی شیریان بڕیکرد بەرگرییان لە خاكو نیشتیمانو ئاینو دەستەڵاتی خۆیانکرد، بەڵام سەرئەنجام خۆیان لە بەردەم شاڵاوی ئەو لەشکرە قەبەیەو شمشێری بە باوەڕ زاخاودراوی جەنگاوەرە سەرگەرمەکانی سوپای ئیسلامدا ڕانەدەگرت و

جڵەوی کۆنترۆڵکردنی ژێرفەرمانەکانیان لە دەست دەردەچوو، خەڵکە رەشورووت و چەوساوەو دادۆشراوەکە بەهەلیان دەزانی خۆیان لە ژێر باریگرانی جەورو ستەمی لە رادەبەدەری فەرمانڕەواو ئاغاکانیان رزگاربکەن‌و باوەشیان بۆ ئاینە نوێیەکە دەکردەوە کە مژدەی ژیانێکی پڕ لە دادپەروەری‌و یەکسانیی کۆمەڵایەتی پێدەدان‌و بە پاداشتی بەهەشتی دوای مردنیش ئەوەندەی دیکە تامەزرۆی دەکردن.

سەردەمی خەلافەتی عومەر، بڵاوبوونەوەی ئاینەکەو فراوانبوونی دەستەڵاتی رامیاریی بە شێوەیەکی بەرچاو پێوە دیار بوو لە چاو سەردەمی هەردوو خەلیفە ئەبووبەکر عوسماندا، بەتایبەتیش کە ئەبووبەکر زۆرتر سەرقاڵی شەڕی موسڵمانە درۆزنەکان بوو کە دووای مردنی پەیامبەر پاشگەز بوونەوەو بایاندایەوە سەر بتپەرستیی. عوسمانیش گیرۆدەی دووبەرەکیی‌و ململانێی دەستەڵات بوو لەگەڵ عەلی‌و یارانیدا.

عومەر لە بنەماڵەیەکی رەسەن‌و بەنێوبانگی قوڕەیشە، پیاوێکی ئازاو بەجەرگ‌و سەرلەشکرێکی هەڵکەوتوو بە ئەزموون بوو، قسەو دەستو شمشیری وەك یەك کاریگەر بوون. کە دەستبەرداری بتپەرستی دەبێت‌و باوەڕ بە پەیامبەر دەهێنێت، دەبێتە قەڵایەکی سەخت‌و پشتیوانێکی بەهێزی موسڵمانەکان. ئەو رۆژەی عومەر موسڵمان بوو، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئیسلامدا موسڵمانەکان پێویستییان بەوە نەما بەدزییەوە بانگ بدەن، بیلالی حەبەشی دەچێتە سەربانی مەککەو دەنگی ئەڵڵاهو ئەکبەر بەرزدەکاتەوە و بانگی موحەمەد بە ئاشکرا دەدات کە تا ئەو کاتە موسڵمانەکان بەدزییەوەو لە کولەکەدا بانگیاندەدا. ئەوە خاڵی وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی ئیسلامداو سەرەتای قۆناغێکی نوێش بوو. سەرەڕای ئەمانەش عومەر کە بوو بە خەلیفە، خەلیفەیەکی دادپەروەرو بەبەزەیی بوو، ژیانێکی سادەو ساکار دەژیا وەك زۆربەی موسڵمانان. هەر ئەویشە لەو سەردەمە زووەدا بانگی ئازادیی‌و سەربەخۆیی مرۆڤی راگەیاند لە وتە بەنێوبانگەکەیدا (چۆن مرۆڤ کۆیلە و ژێر دەست دەکەن کە بە ئازادی لە دایکبوون).

عومەری کوڕی خەتتاب( خ . ل ) رووبەڕووی دەستەڵاتی بەهێزی هەردوو ئیمپراتۆری رۆمی بێزنتە و ئیمپراتۆری ساسانی ئێران بووەوە، ساسان هەر لەسەرەتای سەدەی شەشەمی زاینەوە ناوچەکانی نیوە دۆرگەی عارەب‌و هەزار صاڵێکیش وڵاتی میسۆپۆتامیایان لە ژێر فەرماندا بوو. دوابەدوای رزگارکردنی وڵاتانی میسرو شام لە صاڵی ١٦ك/ ٦٣٤ز، خەلیفە عومەر لەشکرێکی گەورەی بەسەرکردایەتی سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص بەرێکرد بۆ سەر ئێران (وڵاتی فارس، کورد، ئازەرو بلووژ) هێرشەکە لای خوارووی خۆرئاوای میسۆپۆتامیاوە بەرەوژوور پێشڕەوی دەکردو صاڵی ٦٥١ز. لە شەڕە بەنێوبانگەکەی قادسیەدا لەشکری ساسانەکانیان شکاندو شاری (تسیفون)ی پێتەختیش کە عارەب بە شاری (مەدائین) ناویدەبات دەکەوێتە دەست موسڵمانەکان. مەدائین دەکەوێتە خوارووی خۆرهەڵاتی بەغداوە بە ٤٠کم و نێزیك بە سەلمانپاك‌و تاقی کیسرا. ئەم سەرکەوتنەی لەشکری ئیسلام کۆتایی بە فەرمانڕەوایی چوار سەدەو نیوی دەوڵەتی ساسانی هێناو هەرلەوێشەوە قۆڵێکی لەشکرەکە بەرەو ژوو هەڵدەکێشێت بەرەو باکووری میسۆپۆتامیا (کوردستانی باشوور). ئیبن فەزلوڵڵای عومەری نووسیویەتی قۆڵێکی لەشکرەکە بەسەرکردایەتی عەقەبەی کوڕی فەرقەد، صاڵی ٢٢ك/ ٦٤٠ز دەستبەسەر شاری هەولێرو باکووری میسۆپۆتامیادا دەگرێت‌و لەوێوە دەپەڕێنەوە ئەودیو سنوورەکانی ئێران‌و سەرلەبەری وڵاتەکە دەپێچنەوە.

بـەمجۆرە گـەلانی ئێـرانو نێـوان دوو رووبارەکەـ میسـۆپۆتامیا کەوتنـە ژێـر فـەرمانڕەوایی لەشـکری سەرکەوتووی ئیسلامەوە.

لەشکری ئیسلام لە هێرشەکەیاندا بۆ سەر کوردستان، لـە چیاو دۆڵەکانـدا رووبـەڕووی بەرەنگارییـەکی سەختو دژواری کورد هاتن و لە یەکەمین هێرشدادەشکێن.ئەوە یەکەمین ژێرکەوتنی لەشکری ئیسلام بـوو دوای شکستەکەی جەنگی ئوحود، بەڵام وورەیان بەرنەداو لەگەڵ رێکخستنەوەی هێزەکانیاندا هەوڵیانـدەدا بەهەر رێگەیەك بێت پەیامی ئـازادکردنی مـرۆڤو برایـەتیو یەکسـانیو پێکـەوەژیانی تاکـەکانی مـرۆڤ و کۆمەڵو نەتەوەکانیان بەگوێدابدەنو مژدەی بەهەشت بەوانە بدەن لە ژێر ئاڵای (الله اکبر)دا کـۆ دەبنـەوەو سزای ئاگرو دۆزەخیش بەر ئەوانە دەکەوێت چەك لە رووی جـەنگاوەرانی ئیسـلامدا بەرزدەکەنـەوەو بـاوەڕ ناهێنن .

لێپرسراوانی موسڵمانەکان جەختیان لە سەر ئەوەش دەکردەوە، لەشکری ئیسلام رزگارکارن،داگیرکار نین. هەرچەند ئەم پەیامو بانگەوازە، کەمو زۆر کاریگەریی خۆی هەبوو، بەڵام گەلی کورد بەگشتی داکۆکییەکی مەردانەی لەنیشتیمانو زێدی باوو باپیرانو پاراستنی ئاینی زەردەشتیی دەکرد. هێنانە ژێر باری کورد کـە نێوبانگی ئازایەتییو سوارچاکییو ئەشقو شەیداییان بۆ سەربەخۆیی، لای دۆستو دووژمـنو دوورو نزیـك شاردراوە نەبووە،کارێکی هەروائاسان نـەبوو، هـەردوو هێزەکـە، هێرشـبەرو بـەرگریکار زیـانێکی گیـانیی گەورەی بەرکەوت و لە کۆتاییدا کوردیش وەك دراوسێکانی هاتنە ژێر ئاڵای ئیسلامو تاكو تەراو گرووپـی گەورە و بچووکیش هـەبوون هـەر ملیـان نـەداو لەسـەر بـاوەڕی کـۆنی خۆیـان، ئـاینی زەردەشـت، یێـزدی (ئێزیدی)[١٤٢]، کاکـەیی، جوولەکـە، دیـان (گاورـ عیسـایی)،ئەرمەنیی، عەلـەوی، بەکتاشـی، دورزیـی، مارۆنی، بابیی، شێخیو بەپێی سەردەمو بـارودۆخو هـەواو هەوەسـی دەستەڵاتداران،سـاڵانە وەك (ئـەهلی زیمە) باج وسەرانەیان دەدا.

پاشماوەکانی شوێنەوارو نیشانەکانی ئەو شەڕانە هەتا ئەمڕۆش لە گەلێك شوێنی کوردستاندا ماونەتەوە، ئەو شوێنانەی کوژراوەکانی لەشکری هێرشبەری بەکۆمەڵ تێـدا نێـژراوە، وەك دۆڵـی سـەحابان لـە کۆیـەو گردی شەهیدان لە نێوان قەڵادزێو گەلاڵەدا. هەر لە ناوچەی کۆیەو بەرامبەر بە دۆڵی سەحابان، دولێکیش هەیە بە دۆڵی کافران ناودەبرێتو کوردە بەرگریکارەکانی تێدا نێژراوە کە خۆیـان لـە پێنـاو خـاكو ئاینـدا کـردە قوربـانی.. وەك دەڵـێن رێبـوار کـە بـەلای ئـەو شـوێنانەدا تێدەپـەڕێت لـە شـەهیدو پیاوچـاکەکان دەپاڕێنەوەو فاتیحەیان بۆ دەنێرنو بەردێکی نەحلەتبوونیش دەگرنە کافرو پیـاو خراپـەکان کـە باووبـاپیری خۆیانن. تاکە تاکەی لەشکری موسڵمانانیش کە لە شوێنی جیاجیاو لێرەو لـەوێ کـوژران، ئارامگاکانیـان بوون بە (جێنزرگە ـ مەرقەد)و دانیشـتوان بـۆ پیرۆزکـردنو پاڕانـەوەو داواکردنـی یارمـەتیو فریاکـەوتنو بەزەییو لێبوردنی یەزدان پەنایان بۆ دەبەن[١٤٣]، بـۆ نموونـە (أبـا عبیـدە الانصـاری)، نـاوی راسـتەقینەی (عبدالله بن ایوب)ە لە بناری چیای شنروێ دەکوژرێتو هەر لـەو شوێنەشـدا دەنێـژرێتو دواتـر ئـەو نـاوە ئاوەدان دەکرێتەوەو هەربەناوی ئەویشەوە بە گونـدی (عەبابـەیلێ) دەناسـرێتو هـەتا ئـەمڕۆش کـە شـارە دێیەکی جوانی ناچەی شارەزوورەو مەڵبەندی باوو باپیرانی شێخەکانی عەبابەیلێیە.

شەخسەکەی پیرمەنسوور (پیر مەنصور) کە گەڕەکی پیرمەسووری شاری سلێمانی بە نێوەوە ناونراوە.

ئەسحابە سپی هاوڕێیەکی سپی پێستی پەیامبەربووە، لە شوێنێکدا کوژراوە کە ئەمڕۆ نێوەڕاستی شاری سلێمانییەو گەڕەکێکی کۆنو ناوچەیەکی بازرگانی گرنگیشە.

زانای مەزنی عارەب مەحموود شوکری ئالووسی لە کتێبە بەنێوبانگەکەیدا (روح المعانی) کە لێکدانەوەو شیکردنەوەی ماناو مەبەستەکانی قورئانی پیرۆزە، دەڵێت: یەزدان لە ئایەتی ١٦ی سوورەتی فەتح، مەبەستی لە کوردە کە فەرمان بە پەیامبەر دەداتو دەفەرموویت: (قُل لِّلْمُخَلَّفِينَ مِنَ الآعْـرَابِ سَتُدْعَوْنَ إِلَـى قَـوْمٍ أُوْلِـي بَـأْسٍ شَـدِيدٍ تُقَـاتِلُونَهُمْ أَوْ يُسْـلِمُونَ) (الفتح: ١٦) واتە: ئەی موحەممەد بە عارەبە دەشتەکییەکان بڵێ رووبەڕووی نەتەوەیەکی جەنگاوەری بەهێزو سەرسەخت دەبنەوە، بە گژیاندا دەچن، بەسەریانداسەردەکەون وموسوڵمان دەبن یا بەئاشتی باوەڕ دەهێننو دێنە سەر ڕێگەی ڕاست.لەم فرمانەدا دەبینین لایەنی شەڕو کوشتار پێش ئاشتی خراوە! پێدەچێت کە لایەنی ئاشتیشی تێدا هێڵراوەتەوە، چونکە ئەو (قەومە) ئازاو دستوەشێننو عارەب ناتوانن لە نێوچە شاخاویو سەختەکانی ئەواندا بە ئاسانی بجەنگن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم سەرنجی خوێنەر بۆ ڕاستییەکی مێژوویی ڕابکێشم، حەزرەتی ئیبراهیم بە باوکی پەیامبەران (اب الانبیاء) و هاودەمی یەزدان (خلیل الله) ناسراوە، دوو کوڕی هەبووە ئیسماعیلو ئیسحاق، موحەممەد نەوەی ئیسماعیلە. مووسا، داوود، عیسا نەوەی ئیسحاقنو هەر هەموو مرۆڤایەتیش وەك پەیڕەویکردن لە ئاینێکی ئاسمانییو نێردراوێکی یەزدان لەسەر ئاینی ئیبراهیم بوون جگە لەوانەی باوەڕیان بە یەزدانی تاكو تەنها نەبووە و بەرلەوەی تەورات بۆ مووساو زەبوور بۆ داوودو ئینجیل بۆ عیساو قورئان بۆ موحەممەد بێتە خوارەوە. یەزدان بە پەیامبەری موسڵمانان دەفەرموویت: (إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي قَالُواْ نَعْبُدُ إِلَـهَكَ وَإِلَـهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَـهاً وَاحِداً) (البقرة: ١٣٣) واتە: حەزرەتی یەعقوب بە کوڕەکانی فەرموو دوای من کێ دەپەرستن، وتیان خوای تاك و تەنهای تۆ و باوباپیرانت ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق دەپەرستین.

کورد زەردەشتی بوون، هەرخۆشیان خاوەنی ئاینەکە بوون کە لەسەر سێکۆچکەی، یەزدان، مرۆڤ، خاك دامەزراوەو پەیڕەوی فەلسەفەیەکی مرۆڤ دۆست دەکات: بیری چاك، وتەی چاك، کرداری چاك کە بەرجەستەی مافەکانی مرۆڤ دەکات لە ململانێی بەردەوامو بێکۆتایی هێزی ڕووناکییو چاکەخواز (ئاهۆرامازدا) و هێزی تاریکیو خراپەکاریی (ئەهریمەن). ئاینی ئیسلامیش ئەو دوو هێزە دژبەیەکترییەی لە رەحمانو شەیتاندا بەرجەستە کردووە. لەشکری ئیسلام کە دەست بەسەر کوردستاندا دەگرێت، لەوێش وەك وڵاتانی دیکەی داگیر کراوە (ئازاد کراو) بنکەو بارەگای فەرمانڕەوایی خۆیان دادەمەزرێنن بۆ پیادەکردنو بەڕێوەبردنی دەستەڵاتی ڕامیارییو ڕێکخستنی کاروباری ئاینییو کۆمەڵایەتیی.

ئازادی تاکەکانی کۆمەڵ و بە یەکسانیان لە مافو ئەرکەکاندا، هیوایەکی گەشیان پێدەبەخشێتو یەك دڵو یەك ئامانج دەژیانو پەیوەندی ژنو ژنخوازی دەکەوێتە نێوانیانەوەو لە چەند شوێنێك تێکەڵاوییو خزمایەتی جێگەی بێگانەیی و نامۆیی دەگرێتەوەو لەشێوەی بنەماڵەی ساداتەکانی لوڕستاندا

ڕەنگدەداتەوە کە بەنێوبانگترینیان سەیدەکانی (سادات)ی بەرزنجەن کە دەچنەوە سەر شێخ عیساو مووسای برای، سەیدەکانی بیارە کە دەچنەوە سەر شێخ نەعیمو ئەویش وەچەی حوسینی کوڕی عەلییە، شێخانی شەمزین، سەرگەڵوو، صوڵەی قەرەداخ، کرپچنە، قادر کەرەمو تاڵەبان کە بەسەر هەردوو ڕێبازی (تەریقەت) قادریو نەقشەبەندیدا دابەشبوون. ڕێبازی قادری بەڕابەری شێخ عەبدالقادری گەیلانی جێگەی ڕیبازیی بەکتاشیی سەربە عوسمانییەکانی دەگرتەوە. دواتریش شێخ مارفی نۆدێ ١٧٥٢ ـ ١٨٣٨ز. و کاك ئەحمەدی شێخو نەوەکانی ڕابەریبوون. ڕێبازی (تەریقەت) نەقشیش لە سەردەستی مەولانا خالیدی نەقشبەندیدا نوێکرایەوە.

هەتا کوژرانی چوارەمین خەلیفەی ئیسلامو دامەزراندنی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئومەوی، هەموو ئەو گەلو نەتەوانەی موسڵمان بوون لە ژێر سایەی ئیسلامدا گەلێك لە مافە سروشتییەکانیان دەستگیر بوو، ئاسەواری زۆرەملێیو دادۆشینو بێگارو سەرانە نامێننو لە چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتیی ڕزگاریان دەبێت. ئاینی ئیسلام تەنها کولتووره ئاینییەکەی لە کوردستاندا بەجێهێشت، کولتووره کۆمەڵایەتییە دزێوەکانی وەك تیرەگەرییو پەلاماردانی یەکتریو تاڵانکردنو ڕاو ڕووت کە هەتا ئەمڕۆش لە نێو عارەبدا ماوەتەوە، لای کورد جێگەی نەبووەوە. کورد بەگشتی دووای لە ناوچوونی دەوڵەتی ماد ٦٧٠ ـ ٥٢٠پ.ز.زۆر بە ئاسانی هەستی بەجۆرە جیاوازییەك لە ژیانی ژێر سایەی ئیسلامو ژیانی ژێر چەپۆکیی پێشتریدا دەکرد بەدەست فارسەکانەوە.

بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام و گەیاندنی پەیامەکەی بە گەلان بەهەمان گوڕوتینی پێشووەوە بەردەوامبوو، سەرەتای سەدەی شەشەمی زاین باکووری کیشوەری ئەفەریقا داگیر دەکەنو لە خۆرهەڵاتیشەوە دووای داگیرکردنی کوردستان و ئێران، بەرەو ناوچەکانی قەفقاس پێشڕەویی دەکەنو یەکەمین هەنگاو بلووجستان داگیر دەکەنو جێگە پێیەك خۆشدەکەن بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەرێمەکە و لەوێشەوە ڕوو دەکەنە هندستانو بەشی زۆری هەرێمەکانی باکووری هندشتان دەگرنو هەربەو سەرگەرمیو ووره بڵندەوە لوتیان پێوەنا بەرەو وڵاتی بەرفراوانی چین کە ئەوەندە لە عارەبستانەوە دوور بوو، پەیامبەر بەنموونە هێناویەتیەوە کە فەرموویەتی: (اطلبو العلم ولو بالصين) دووای خوێندنو زانست بکەون ئەگەر لە چینیش بێت. لەشکری ئیسلام بەرامبەر دیوار و شوورا بەرز و پتەوەکانی چینو بەرگریکردنی پاڵەوانانەی چینییەکان، کارێکیان پێنەکراو بەنائومێدیی دەگەڕێنەوەو ساڵی٧١١ز. لەشکرێکیان بەسەرکردایەتی تاریقی کوڕی زیاد لە باکووری ئەفەریقاوە بەڕێگای وڵاتی مەغریب دا، بەو گەرووە تەنگەی نێوان دووچیاکەدا(مەزیق جەبەل تاریق) کە دەکەوێتە نێوان مەغریبو ئیسپانیاوە،تاریقی کوڕی زیاد بەپلانێکی سەربازیی سەرکەوتوو هێزەکانی بە کەشتیی دەپەڕێنێتەوە ووشکانیەکانی خاکی ئیسپانیاو لەو ڕۆژەشەوە ئەو گەرووە (تەنگەژە ـ دەربەند) بەگەرووی چیای تاریق ناودەبرێت.تاریق سەرلەشکرێکی هەڵکەوتوو بەئەزموون بوو، هەرکە هێزەکەی گەیاندە ئەوبەرو دابەزین، کەشتیگەلەکەی ئاگرتێبەرداو هەرهەمووی سوتاند و تەنها دوو ڕێگای لەبەردەم جەنگاوەرەکانیدا هێشتەوە، بەرەوپێش بچن و ئیسپانیا بگرن یا دەگەڕێنەوەو لەدەریاکەدا دەخنکێن، وەك لە وتە بەنێوبانگەکەیدا وتی (العدو أمامکم و البحر ورائکم)

پێشتان دوژمنەو پشتتان دەریایە. بەو جۆرە ئاینی ئیسلام دەگاتە ئەوروپاو بەشێکی ئەو وڵاتەو شارە گرنگەکانی ئەندەلوسو قورتوبەو ئیشبیلیا داگیر دەکەن.

ئیسپانیا هەرچەند لەدەست ئیسلامدا نەمایەوە، بەڵام هەتا ئەمڕۆش ئەو شارانە بۆنو بەرامەو مۆرکی ئیسلامیان پێوە دیارە کە ماوەی ٥٢٠ ساڵی ڕەبەق فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتەیان کردو بە لەناوچوونی دەوڵەتی عەبباسی ئەو وڵاتەشیان لە دەست دەردەچێت و ئێستاش هەر هەڵبەستو گۆرانی بەسەردا دەڵێن.

سەرکەوتنە مەزنەکەی تاریقی کوڕی زیادو گرتنی ئیسپانیا، سەرکردە سەربازییەکانی لەشکری ئیسلام هاندەدەن پەلاماری وڵاتانی دیکەی ئەوروپای خۆرئاوا بدەن، بەڵام چەند هەوڵیانداو پلانیان دەگۆڕی لە دامێنی زنجیرە چیاکانی ئالب دا دۆشدامان. دەستەڵاتی رامیاریی‌و سەربازیی دەوڵەتی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمی زاینی‌و نیوەی یەکەمی سەدەی هەشتەمدا لەوپەڕی فراوانی‌و بەهێزییدا بوو، هەموو هێرش‌و پەلامارەکانی بەسەرکەوتن دەبڕانەوە، هێشتا تێکشکاندن‌و بەزینی بە خۆیەوە نەدیتبوو، فێری گەڕانەوەو پاشاکشە نەبوون، وەك لەشکرە هەمیشە سەرکەوتووەکەی فەرەنسا، لە شەڕەکەی (واترلۆ)دا ناپۆلیۆن بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا فەرمانی کشانەوە دەردەکات، شەیپورەوانەکە دەڵێت گەورەم ببورن، شەیپوری کشانەوەیان فێر نەکردووم، تەنها شەیپووری هێرش بردن دەزانم.

لەگەڵ ئەوەشدا موسڵمانەکان لە لایەنی سەربازییەوە لە بەدیهێنانی سێ ئامانجدا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، وڵاتی چین لە ڕۆژهەڵاتی دوور، شاری ڤییەنا ـ پێتەختی وڵاتی نەمسا لە ئەوروپای ڕۆژئاواو شاری کۆستانتینای پێتەختی بێزنتە لە بەشە ئەوروپاییەکەی کیشوەری ئاسیادا، داگیربکەن، هۆکارەکانیش شاردراوە نین ئەگینا لە لایەنەکانی دیکەوە پێشکەوتن‌و گەشەسەندنی بەرچاوی بەخۆیەوە دەبینی. ئەو زانستانەی پەیوەندیان بە جوگرافیاو ڕێگەوبانەکانی بازرگانیی دەریاییو ووشکانییەوە هەبوو، زۆر بەرەوپێش دەچوون، (قیبلە نما)یان داهێنا، نەخشەو پلانی ئەو وڵاتو شاخو دەریاو ئۆقیانووسانەیان دەکێشا لە گەڕانو گەشتەکانیاندا چاویان پێکەوتبوون. (قوتابخانەو فێرگەکانی بەغدا، ئەندەلوس، قورتووبە، فێر بوونو لێکۆڵینەوەی باڵای تێدا دەخوێندراو شارێکی وەك قورتووبە ٢٧ فێرگەی تێدا بوو).

زانستی (جەبر)یش هەر موسڵمانەکان دایانهێناو کەڵکیان لە (ژمارەکانی ژماردن)ی هیندەکان وەرگرت و بەکاریان دەهێنا، ئەوروپاش لەوانەوە فێربوونو بەم شێوەی ئەمڕۆ ... ١٠، ٩، ٨، ٧، ٦، ٥، ٤، ٣، ٢، ١ بەکاریاندەهێنا. زانایەکی بلیمەتو هەڵکەوتووی ئیسلامو موسڵمانان وەك ئەبوو ڕەیحانی بێروونی گەیشتە ئەو ئەنجامەی گۆی زەوی بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە).[١٤٤]

سەدەی یازدەی زاینیش، ئیبن سینای بلیمەت هەڵدەکەوێت وەك زانایەکی پزیشکیی‌و دەرمانساز (پتر لە یەك هەزار نامیلکەو کتێبی زانستی دادەنێتو تێکیاندەخاتو تووانی نیشانەکانی گەلێك نەخۆشیش بدۆزێتەوە، بەڵام پیاوانی ئاینیی بەگومڕا تاوانباریان کرد)[١٤٥] گوایە دەست لە کاری خودا دەداتو ئەو نهێنیانە مرۆڤ نایانزانێت. بەرهەمە زانستییەکانی ئەو سەردەمەی ئیسلام بەتایبەتیش (نووسراوە دانراوەکانی ئیبن سینا هەتا سەدەی حەڤدەی زاینیش تاکە سەرچاوەی پزیشکیی و دەرمانسازیی زانا ئەوروپاییەکان بوو)[١٤٦].

شیرازەو رایەڵە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییەکانی ئاینی ئیسلام تارادەیەك وەك سەردەمی پەیامبەرو جێگرەکانی نەمایەوەو بەشێوەیەکی دروست پەیڕەوی نەدەکرانو تا دەهات لە ناوەڕۆکی پەیامە پیرۆزەکە دوور دەکەوتنەوە بەتایبەتیش دووای تیرۆر کردنی عوسمانی کوڕی عەففان ( خ .ل )، دەبینین سەرەڕای ئەو هەموو نازەی ئیمام عەلی ( خ . ل ) بەسەر ئیسلامو موسڵمانەکانەوە هەیبوو، بۆ جاری چوارەم لە سەریەك خەلافەتی پێڕەوا نابینرێتو لەگەڵ موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیاندا کێشەیەکی خوێناوی دەکەوێتە نێوانیان. عەلی کوڕی چینی هەژارو نەدارەکان بوو، نوێنەری خواستو ئاواتەکانیان بوو، تیئۆریستێکی کۆمەڵایەتیو خاوەنی کتێبە بەنێوبانگەکەی (نهج البلاغە)ش بوو، چەندین فەرموودەی پەیامبەریش ( د .خ ) دەگێڕنەوە وەك (من كنت مولاه فعلي مولاه) هەرکەسێك من سەردارو رابەری بم، عەلیش سەردارو رابەریێتی. (من والى عليا فقد والاني) هەر موسڵمانێك لایەنگری عەلی بکات، لایەنگری من دەکات. ئەو فەرموودانە ئەگەر بەڕاستیی فەرموودەی پەیامبەر بنو هەڵبەستراو نەبن، ئەوە دەگەینێت کە پەیامبەر زانیویەتی دووای خۆی لەسەر دەستەڵات گرتنە دەست کێشەو دووبەرەکی دروست دەبێت، بەڵام پشکی خۆی نەخستووەو کەسێکی بەسەر موسڵماناندا نەسەپاندووە هەر چەند لە رووی ژیرییو زانستو کامڵبوونی ئاینییو رامیارییو رابەریکردنەوە، عەلی لە هەمووان لە پێشتر بووە ئەگەر دووای کەوتنو بە رابەرو خەلیفە و میری موسڵمانان هەڵیانبژارد ئەوە چاکە، ئەگەر ئەوەشیان نەکردو پلەو پایەو دەستەڵات تووشی هەڵەیکردنو خۆیان لە دووڕێیانی ناکۆکیو دووبەرەکیدا ببینییەوە، پەنا دەبەنە بەر دروشمی (وامرهم شورى بينهم) بە راوێژی هەمووان بڕیار بدەن. بەڵام تیرۆرکردنی عوسمان لە لایەكو هاتنە پێشەوەی موعاویەو داواکردنی خوێنی عوسمان لە لایەکیدیکەوەو رابوردووی دوژمنکارانەی بنەماڵەی ئەبوسوفیان لەگەڵ پەیامبەرو پەیامەکەیداو تیرۆرکردنی هەمزەی مامی پەیامبەرو هەڵوێستی قێزەونی(هند) کە دایکی موعاویەیە لەسەر تەرمەکەی کەئەوەندە داخ لە دڵ بوو بەمردوویی وورگی هەڵدەدرێتو بەدەستی خۆی دڵی دەردەهێنێتو خوێنەکەی دەخواتەوە! بەڵام یارانی عەلی ئەو دووربینی و هەناسە درێژیو هەستکردن بەلێپرسینەوەیان نەبوو وەك ئیمام عەلی هەموو کێشەو ناکۆکییەکان لە پێناو بەرژەوەندی ئیسلامو یەکریزی موسڵماناندا بخەنە لاوە، بەتایبەتیش ئەوانەیان کە زۆر سەرگەرمو دەمارگیر بوون، نە ئەو ناهەقیەیان بۆ قوتدەدرا، نە هێمنی و ئارامگرتنی عەلیشیان دەسەڵماند. ئەو ئاوەی تیرۆری رامیاریی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئیسلامدا رژاندی، وەرچەرخانێکی مێژوویی زۆر زەق بوو، هەر هەموو موسڵمانانی گرتەوەو خۆیان لە دووبەرەی دژبەیەکترەدا بینییەوە، بەرەی دەستەڵاتدارو کاربەدەستان بەڕابەریی موعاویەو بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و نەدارەکان بە ڕابەریی ئیمام عەلی، هەندێکیش لایەنی هەڵپەرستیی هەڵدەبژێرن(خوایان دەویستو خورماش)،ئەوانە دەیانوت خوابیدات لە پشت ئیمامەوە نوێژ بکەیتو لەسەر سفرەوخوانی موعاویەش تێربخوێت. بۆچوونی یارانی عەلی (شيعة علي) لەوەدا چڕ دەبووەوە: ئەو کۆدەتایەی یەکەمین جار دژی عەلی ئەنجامدرا، پلانەکەی لە ژێر سەری ئەوسیانەدایە(سیانەکە)، ئەبوبەکر، عومەر، عائیشە ( خ . ل ). لایەنگرانی موعاویەش دەڵێن عەلی تاوانبارە بە کوشتنی ناڕەوای عوسمانو دەبێت لەگەڵ تاوانبارەکانی دیکەدا بە سزای خۆیان بگەن.

عەلیو موعاویە دوو کەسایەتی بوون لە هیچ روویەکەوە لە یەکتر نەدەچوون، عەلی مرۆڤێکی بە رەوشتو پاکبوو، بەڕاستی خواناسبوو یەکڕیزیو برایەتی موسڵمانانو سەرکەوتنی ئاینەکەی کردبووە ئامانجی سەرەکیو هەرە گرنگ، حەزی لە دەستەو تاقمەگەریی(شیعەگەریی) نەبوو کە بەزاراوەی نوێ(حیزبایەتی)یە،عەلی دەیوت حیزبایەتی لە راستە رێگەی پەیامەکە دوورماندەخاتەوە، وەك یەزدان دەفەرموویێت: (کل حزب بما لدیهم فرحون) مانای کەس بەدۆی خۆی نالێت ترشە. لە خۆتدا تەنها راستییەکانو لە بەرامبەرەکەشتدا تەنها چەوتییەکان دەبینین. بەڵام یارانی عەلی کە بە شیعەی عەلی یا حیزبی عەلی ناسران دەیانوویست ئیمام وەك سەرلەشکرێك رابەرییان بکاتو بەرەو سەرکەوتنیان ببات نەك وەك پێشەوایەکی ئاینی فێری رێوشوێنی خواپەرستییان بکات، دەیانویست شمشێرەکانیان خوێنی ناحەزانی لێبچۆڕێت کە هەمان خەسڵەتەکانی تیرەگەریو هۆزپەرستیی عارەبە دەشتەکییەکان (الاعراب) بوو هەر لە ناخیاندا مابووەوەو بەجۆرێکی دیکە خۆیدەنواند.دەشتەکیی ناتوانێت خۆی لە ژیانی دوژمنایەتیو هێرشو پەلامارو تاڵانکردنو جیابکاتەوە. پەیامبەریش ئەو دەردە کۆمەڵایەتییەی بۆ بنەبڕ نەکرا، یەزدان بەڕاشکاوی پێیدەڵێت ووریابە (الاعراب أشد كفرا ونفاقا) دەشتەکییەکان تا سەرئێسقانو لە جاران پتر خوانەناسو درۆزنو دووڕوون. وەك ئەوەی هەر ئەوەندە موسڵمانو پەیڕەوی ئاینەکە دەکەن لەگەڵ بەرژەوەندییە تایبەتەکانیاندا بگونجێت. ئیمامیش ئەوەی لە یاران و هاوبیران وهەوادارانی نەدەسەلماندو داوای لێدەکردن بەدڵ و مێشك و دەستو زمان موسڵمانو باوەڕداربن،بیر لە دووبەرەکیی و دوژمنایەتیی و توندوتیژیی وپەنابردنە بەرچەك مەکەنەوە.

ئیمام عەلی دیاردەیەکی ناوازە بوو، خۆپەرست نەبوو، بەڵام دەستبەرداری مافی رەوای خۆیشی نەدەبوو، لەوپێناوەدا تێکۆشاو هەرلەو رێگەیەشدا شەهید بوو، لە راستیشدا خاوەن ماف بوو،مافی دەست نەکەوت،بەڵام موعاویە خاوەن ماف نەبوو، بەڵام (مافی دەستەڵات) ی بەزەوتکردن زەوتکرد.

موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان کابرایەکی جیوەیی بوو، دەچووە هەموو قاڵبێکەوە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سڵی لە هیچ نەدەکردەوە، تەنانەت بۆ بەرژەوەندی خۆی چەندین فەرموودەی پەیامبەریشی دەشێواند یا دادەتاشیی، پارەو پولیی زۆریشی هەڵڕشت، ٥٠٠ پێنجصەد درهەمی بەهەر کەسێك دەدا بچێتە سەر سەکۆیەكو بڵێت خەڵکینە من بەگوێی خۆم گوێم لێبوو فلاّنە ئایەت بەفلاّنە بۆنەوە دابەزیوەو پەیامبەریش لەوبارەوە وەهاو وەهای فەرمووە.

موعاویە لە بنەماڵەیەکی رەسەنو هەرە دەستڕۆیشتوو و بەنێوبانگی هۆزی قورەیشو تیرەی (بەنی ئومەیە)یە، خاوەنی بنەو بارگەی بازرگانیو کاروانەکانی زستانو هاوینەن وەك لە قورئاندا هاتووە (لایلاف قريش، ايلافهم رحلة الشتاء والصيف). بەو دەستەڵاتەشەوە لەهەرە دوژمنە سەرسەختەکانی پەیامبەر بوون، ئەبوو سوفیانیش کۆسپی هەرە گەورەی بەردەم بڵاوبوونەوەی ئیسلام بوو لە شاری مەککە. بنەماڵەی ئەبوو سوفیان کە موسوڵمانیش دەبن، لە ناچاری بوو، رێگەیەکیان لەبەردەمدا نەمایەوە، ئەگینا موعاویە کە لە راستیدا سەرکردەیەکی رامیارییو سەربازیی بە ئەزموون بوو، بەر لە شەڕەکەی (ئوحود) بە لەشکری بتپەرستەکان دەڵێت ئامانجی سەرەکیمان لە ناوبردنی موحەممەدە، ئەگەر ئەومان بۆ نەکوژرا،

خۆ دەتوانین روتەیەکی وەك مصعەبی کوڕی زوبێر بکوژین کە زۆر شێوەیان لـە یـەکتر دەچـێتو دەنگۆیـەك بڵاوبکەینەوە کە موحەممەد کوژراوە. پلانەکە سەر دەگرێتو کە مەصعەب دەکوژرێت لەشکری موسڵمانان وا دەزانن پەیامبەر شەهید کراوە، لەشکر دەشکێتو بڵاوەی لێدەکەن. عەلی بەئازایەتیو دڵسـۆزیی خـۆی هەرچەند برینداریش بوو، پەیامبەریش بەبرینداریی رزگار دەکات. بـەم بۆنەیـەوە ئایـەتێك هاتـە خـوارەوە سەرزەنشـتی موسـڵمانەکان دەکـات و بـە بیریـان دەهێنێتـەوە کـە موحەممـەد پەیامبەرێکـە وەك ئـەو پەیامبەرانەی بەر لە خۆی (ما کان محمد الا رسولاً قد خلت من قبله الرسـل). جگـە لەمانـەش موعاویـە دیپلۆماتێکی زۆرزانو بە دەموو دوو بوو، هەرگیز پەکی لەسەر بەڵگەدۆزینەوە نەدەکـەوت بـۆ پشـتگیریی داخوازییەکانی، وتە بەنێوبانگەکـەی کـە بـە (تاڵـە مووەکـەی موعاویـە) بەنێوبانگـە هـەتا ئـەمڕۆش لـە گۆڕەپـانی رامیـاریی ودیپلۆماتکاریـدا زۆر بەگـەرمیی پـەیڕەوی دەکرێـتو کۆڵەکەیـەکی رامیـاریی نێودەوڵەتیی و نێوان هێزە نەیارەکانیشە. ئەو تیئۆرییەی موعاویە کە بەشێوەی ئامۆژگاریی بە کوڕەکـانی وتووە: (هەمیشە لە نێوان خۆتو دوژمندا تاڵە موویەك بهێڵەرەوە مەهێڵە بپچڕێت، کە ئەو رایدەکێشێت تۆ شلیکە و هەر کە ئەویش شلیکرد تۆ رایکیشـە، بـەڵام هـەرگیز نـەهێڵیت بپچـڕێت.) یاسـر عـەرەفاتی سەرۆکی پێشووی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین یەکێك بوو لەو سـەرکردانەی سـەرومڕ پـەیڕەویی ئـەو تیئۆریەی موعاویەی دەکرد.

هەر لە سەرەتاوە دوو خاڵ تای تەرازووی عەلی سووك دەکەنو کارتەکانی دەستی بێهێز دەکەن:

١ـ پەیامبەر بەر لە کۆچیدوایی جێگرێکی دەستنیشان نـەکرد، بەتایبـەتیش لـە بۆنەیـەکی وەك حـەجی ماڵئاواییدا (حجة الوداع) کە زۆربەی هەرە زۆری موسڵمانان و هاوڕێو نێزیکەکانیو سەرکردەکانی سـوپا ئامادە بوون. ئاخۆ پەیامبەر بەو هەموو ژیریـی و بلیمـەتییو دووربینییـەوە کـە پێـی ناسـرا بـوو کارێـك دەکات ببێتە هۆی ناکۆکیو دووبەرەکی نێـوان موسـڵمانانو یـەك دەنگـیو یـەك ریزیـان تێکبـداتو ئـەو تراژیدیا خوێناوییەشی لێبکەوێتەوە؟ ئەو پرسیارە لەهەر مرۆڤێکی ژیر و بە ویـژدان بپرسـین، بـێ دوودڵـی دەڵێت نەخێر.

ئـەو هەڵوێسـتەی پەیامبـەر هەرچـەند شـیعەکان پێچـەوانەکەی دەبیـنن، پیـادەکردنی دیموکراسـییو سەربەستیی بیروباوەڕە، موسڵمانان دوور لە کاریگەریی ئەو بتوانن رابەرو پێشەوایەك هەڵبژێرن شیاوی ئەو پۆستە گرنگە بێت لەگەڵ رەچاوکردنی ئەوەی ئەو رابەرە خاوەن بـاوەڕێکی چەسـپاوو نـەگۆڕە، ئـازاو ژیـرو خۆنەویستو دلۆڤانو بەخشندەو دڵفراوانو میانڕەوە؟وەم مەرجانە هەرهەمووی لە عەلیدا دەبینرا.

٢ــ پەیامبـەر هـەتا رۆژی ٦٣٢/٦/٨ز. لـە مـاڵی عائیشـەی کچـی ئەبووبـەکر کـە خۆشەویسـترین هاوسەرەکانی بوو لە جێگەدا کەوتبوو، لە کاتی سەرەمەرگیشدا جگە لە ئەبووبەکری خەزووریو عومەری کوڕی خەتتابو عائیشە کەسێکی دیکە لە ژوور سەری نەبوون، کە دووا هەناسەی پیرۆزی هەڵدەکێشـێت، وەك شیعەکان دەڵێن (سیانەکە!) دەستووبرد دێنە دەرەوە،ئەبووبەکر رووەدەکاتە ئاپووڕەی موسڵمانەکان کـە لەدەورووپشتی ماڵەکە کۆبووبوونەوەو مقۆمقۆیان بوو، وتی: (ما کان ملحماً أبا أحد مـنکم فمـن آمـن بالله فهو باق لا یموت ومن آمن بمحمد فقـد مـات وقـد اختـارنی خلیفـة لـە مـن بعـدە) موحەممـەد بـاوکی

کەسێکتان نەبوو، هەر کەسێك یەزدان دەپەرستێت یەزدان نەمرە،هەرکەسێکیش موحەممەد دەپەرستێت ئەوە موحەممەد مرد، منیشی بە جێگری خۆی هەڵبژاردووە. ئەم هەواڵە وەك هەورە تریشقە (هەورە پڕیشکە) لە خەڵکەکەیداو دەیانهەژێنێت، بەڵام کاردانەوەکەی جۆراو جۆر بوو:

١ـ هەندێکیان باوەڕیان وا بوو پەیامبەر هەرگیز نامرێت.

٢ـــ هەندێکیشیان گومانیان لە راگەیاندنەکەی ئەبوو بەکر دەکردو بەپلانێکیان دادەنا بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەستەڵات (خەلافەت) و دڵنیا بوون هەرگیز ناشێت پەیامبەر عەلی نەکردبێتە جێگری خۆی.

٣ـ پشتیوانەکان (الانصار) کە لە هەردوو تیرەی ناکۆکی (ئەوس‌و خەزرەج)ی دانیشتووی مەدینە پێکهاتبوون، لەگەڵ کۆچبەرەکاندا (المهاجرین) کە پێشتر لە مەککە دەژیان، دەبێتە مشتومڕیان،(پشتیوانەکان) سەعدی کوڕی عوبادە، دەستنیشان دەکەن بۆ خەلافەت.

٤ـ گرووپێکیش هەواڵەکە ئاسایی‌و لە شوێنی خۆیدا وەردەگرن‌و دەڵێن لاریمان لە ئەبوبەکر نییە، دۆستو خۆشەویستی هەرە نیزیکی پەیامبەرەو بەتەمەنترین یاران‌و خەزووریشیەتی هەرچۆنێك بوو بێت، (سیانەکە) وەك شیعەکان بەپەڕی رق وکینەوە ناویاندەبەن، تووانییان کۆنترۆڵی بارودۆخە ئالۆزەکە بکەن‌و بەکەڵك وەرگرتن لە ناکۆکییەکانی نێوان ئەوس‌و خەزرەج‌و بۆچوونە جیاوازەکان، ئاویان کرد بە ئاگرەکەداو ئەگەر بە رووکەش وسەرزارەکیش بێت هەموویان بێدەنگ کردن.

ئەبووبەکر(خ .ل) دووساڵ لە پەیامبەر گەنجتر بوو،ماوەی نێوان٦٣٢ـ٦٣٧ز.پێنج ساڵ پتر فەرمانڕەوایی دەکات، بەر لە مردنیشی یا وەك شیعەکان دەڵێن دەرمانخوارکردنی، ئەویش عومەری کوڕی خەتتاب ( خ . ل ) دەکاتە خەلیفەی دووەم. ئەم بڕیارەی ئەبووبەکر لە بڕیارەکەی یەکەمی قورستر بوو، وەك زەوی هەژێن گرووپی یارانی عەلی هەژاندو خویان کۆکردەوەو کەوتنە باری ئامادەباشیی و هەڵویست نواندن، نەیانتوانی لەوە پتر بێدەنگ‌و دەستبەستراو بوەستن، بۆ بەلاداخستنی کێشەکە پەنا دەبەنە بەر کاری توندوتیژی. ئیتر لەو رۆژەوە لایەنگرانی عەلی هەست بە ناکامی و رەنجەڕۆیی دەکەن، تۆوی گومان‌و دڵەڕاوکەی رێککەوتنی ژێر بەژێرو پیلانگێران دژی عەلی لە ناخیاندا چەکەرە دەکات و هەتا ئەمڕۆش هەر بەخۆین ئاو دەدرێت، خوێنی موسڵمان‌و ناموسوڵمانیش. تیرۆر کردنی خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتتاب‌و خەلیفەی سێهەم عوسمانی کوڕی عەففان(خ . ل) گواستنەوەی ئەو هەستە بوو بۆ کردار و سەندنەوەی مافی زەوتکراو بە شمشێری رق‌و کینەی یارانی عەلی.

موعاویەی زۆرزان مرخی لە خەلافەت خۆشکردبوو، هەلەکە دەقۆزێتەوە، بەبیانووی خوێنی عوسمانی خزمییەوە ئالای دوژمنایەتی بەرامبەر عەلی‌و یارانی هەڵدەکات، کراسە خوێناوییەکەی عوسمانی ماڵ بە ماڵی قورەیش دەگێڕاو هانیدەدان ئەو خوێنە بە ناهەق رژاوە وونەکەن. بەڕاشکاویش عەلی تاوانبار دەکات‌و دوو داواکاری دەخاتە بەر دەست. دەستگیرکردنی تاوانبارەکان‌و کوشتنیان یا خەلافەت.هەرچی خودی عەلی خۆیەتی وەك سەرچاوەکانی شیعە دەڵێن، لەو بارودۆخە ئالۆزەدا وەك مرۆڤێکی هەقپەرست روو لە هەردوولا دەکات‌و دەڵێت: ئەوان بەزەوتکردنی خەلافەت کارێکی چەوتیانکرد، ئێوەش بەکوشتنی

ئەوان کارێکی چاکتان نەکرد. ئەم هەڵوێستەی عەلی، بەشێك لە یارو یاوەرانی بێزار دەکات خۆیان لە بەرەیەکدا رێکدەخەنو لەو دوور دەکەونەوەو لەیەك کاتدا دژایەتی موعاویەو عەلیش دەکەنو دەبێت بەو بزوتنەوەیەی لە مێژووی ئیسلامدا بە بزوتنەوەی خەواریج (دەرەکییەکان، لادەرەکان)[١٤٧] ناسراوە. ئالێرەدایە عەلی بەحەسرەتو نائومیدییەوە دەڵێت: ئەوەندە لایەنی هەقو راستیم گرت، دۆست و پشتیوانە نێزیکەکانیشم پشتیانبەردامو لێمتەکینەوە. ئەوانیش لە تەکیدا مانەوە، وەك زاراوەیەکی ئاینیی رامیاریی، ناوی (شیعەی عەلی ـ گرووپ یا حیزبی عەلی)یان بەسەردابڕاو ئالای بەربەرەکانییو دژایەتیی موعاویەو (بەنی ئومەیە) بەرز دەکەنەوەو ئەو هەرایەی بەرپاکرد کە هەتا سەردەمانی دوورو درێژی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی تورکە عوسمانییەکان کە خۆیانکردە میراتگری ئاینزای سوونەو دەوڵەتی صەفەوی ئێرانیش کە لەسەر بناغەی ئاینزای شیعە دامەزرا، گرژ دەبووەوەو تائێستاش نەك خاونەبۆتەوە بەڵکو فراوانترو گرژتریش دەبێتو چاوەڕوانیش ناکرێت لە داهاتوویەکی نێزیکدا ئەو ئاگرە خامۆش بێت، ئەوەتا کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای بیست ویەك شیعەو سوننە لە عێراق مزگەوتەکانی یەکتری بەدێنامێت دەتەقێننەوە, کەللە سەر بە درێل هەڵدەکۆڵن و گیراوەی تێزاب دەکەن بە قورگی دیلەکاندا!!

بەتێپەڕبوونی رۆژگار باڵی شیعەگەرێتی دەبێتە فەلسەفەیەکی ئاینیی سەربەخۆو بەردەوام هەوڵی نوێکردنەوەی جەوهەرو کاکڵەی پەیامەکە دەدات لە قاڵبێکی مەیودا نەمێنێتەوە، بۆیە پەنا دەباتە بەر ژیری و لۆژێك بۆ لێکدانەوەو تێگەیشتنی مەبەستی راستەقینەی دەقەکانی قورئانو فەرموودەکانی پەیامبەر، هەر بۆ نموونە دەقی پیرۆزی قورئان (فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ) (البقرة: ٢٢٣)) یا (انصر اخاك ظالما او مظلوما). بابییەکان سوورەتی یووسفیان بە جۆرێك لێکدەدایەوە زۆر جیاواز لە لێکدانەوەی ئاسایی رووداوەکانی چیرۆکەکە.

ئەو خوێندنەوە نوێیانەی شیعەکان، قوتابخانەی عەقڵیی لەسەر دامەزراو خوێندنەوەی کلاسیکیی سوننەکانیش قوتابخانەی نەقڵیی یا خەبەریی لێپەیدا بوو کە بریتییە لەوەی دەقەکان یەکەمجار چۆن لێکدراونەتەوەو فەرموودەکانی پەیامبەریان چۆن پێگەیشتووە، هەربەو جۆرەو لە قاڵبی خۆیدا بمێنێتەوە و هیچ لێکدانەوەیەکی نویٚ هەڵناگرێت. لە راستیشدا گەلێك فەرموودە هەن دووای شەش حەوت جار گێڕانەوەی دەماو دەم ئەمجا هاتۆتە تۆمار کردن، لە دووای کوژرانی عوسمانیشەوە کاربەدەستە ئومەویەکانو بەتایبەتیش موعاوییەو کوڕەکانی دەستکاریی فەرموودەکانیان دەکردو فەرموودەشیان بەناوی پەیامبەرەوە دادەتاشی بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بۆیە دەبینیین لە نێو ئەوانەدا کە فەرموودەکانیان کۆکردۆتەوە دووای لە بێژنگدانو تەتەڵە کردن چەند بەرهەمێك دەرکەوتن بەناوی (الحديث الصحيح) یا (الاحاديث الصحيحة) فەرموودە راست ودروستەکان، لە ناویاندا ئەوەی بوخاریی لەوانی دیکە پتر جێگەی باوەڕو متمانەیە.

رووداوەکانی سەردەمی ناکۆکییەکانی نێوان عەلیو موعاویە زۆر تیژ وکاریگەر تێدەپەڕینو لە ماوەیەکی کورتدا ئەو هەموو کارەساتو گۆڕانکاریو تراژیدیایەی مەرگەساتی خودی عەلیو سیان لە کوڕەکانیو حەوت لە کچەکانیو قڕکردنی پاشماوەی بنەماڵەکەیو هاوکارەکانی لێکەوتەوە. هەندێك بە

هەڵە واتێگەیشتوون گەلانی ئێران لەو سەردەمانەدا بوونەتە شیعە، بەڵام وانییە، گەلانی موسڵمانی ئێران هەتا پەیدابوونی صەفەویەکان، سوننە بوون، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی شا ئیسماعیلی صەفەوییەوە ئاینزای شیعە دەکرێتەوە ئاینی فەرمیی وڵاتو بەزۆری کوتەك بەسەریاندا سەپێندرا.

لە گەرمەی شەڕو پێکدادانەکانی لەشکری عەلیو لەشکری موعاویەدا، موعاویە بۆی دەرکەوت هەرگیز بەشەڕ ناتوانێت بەسەر دوژمنەکەیدا سەربکەوێت، پەنای بردە بەر فێڵو چاوراو، فەرمانیدا قورئان بەرەو پیری لەشکرەکەی عەلی ببەنو پێشنیاریکرد شەڕو خوێنڕێژی بخەنە لاوەو باوەش بۆ ئاشتی بکەنەوەو هەر لایەنەو باوەڕپێکراوێك بکاتە نوێنەری خۆی بۆ ڕێککەوتنو چارەسەر کردنی ئاشتیانەو هەردوولاش بە سەرئەنجامی ڕێککەتنەکە پابەندبن. ئەبوو موسای ئەشعەریی زۆرزان و فێڵ وتەڵەباز لەتوخمی بنەماڵەی موعاویەو دەسندەخۆرو پەروەردەی سەر سفرەوخوانی ئەوان وەك نوێنەری موعاویە هاتە ئاخاوتنو وتی: ئەی جەماوەری موسڵمانان بۆ ئەوەی بتوانین ئاو بەم ئاگرەدا بکەین و بە ئاشتیو تەبایی بەپێی دەقی پیرۆزی قورئان (وامرهم شوری بینهم) چوارەمین خەلیفەی موسڵمانان دیاری بکەین، پێویستە بەر لە هەموو شتێك هەر دوو خەلیفە، کە عەلیو موعاویە لە خەلافەت بخەین، چونکە ناشێت موسوڵمانان لەیەك کاتدا دوو خەلیفە فەرمانڕەواییان بکات. نوێنەرەکەی عەلی بە دڵ پاکییەوە دێتە پێشەوە، بەڵام ئەبوو مووسا سیناریۆکەی بۆ کێشرابوو. نوێنەرەکەی عەلی دەڵێت: وەك چۆن ئەم ئەنگوستیلەیە لە پەنجەم دەردەهێنم بەو جۆرەش عەلی لە خەلافەت دەخەم. بەڵام ئەبووموسا لە بری ئەوەی ئەویش موعاویە لە خەلافەت بخات، بەپێچەوانەی ڕێککەوتنەکەوە دەڵێت: ئەوا منیش چۆن ئەم ئەنگوستیلەیە دەکەمە پەنجەم، بەو جۆرەش موعاویە دەکەمە خەلیفەی شەرعیی موسڵمانان! بیرۆکەی ئیسلامی رامیاریی لێرەوە سەرهەڵدەداتو موسڵمانان بە گشتی لە ڕاستە ڕێگای برایەتی دوور دەکەونەوەو خوێنی یەکتر حەڵاڵ دەکەنو قەوارەی کۆمەڵایەتیی، رامیاریی، سەربازیی لە بناغەوە هەڵدەتەکێنێتو موسڵمانان لە یەك ڕێبازو یەك ئامانج و یەك رابەرەوە بەسەر چەندین ڕێبازو رابەردا، دابەش دەکات بە جۆرێك ڕێڕەوی مێژووی ناوچەکەشیان بەخۆیانەوە گۆڕی.

کۆمەڵێك لە یارانی پەیامبەر وەك عەماری کوڕی یاسر، قەعقاع وەك بێلایەنێکی بە هەڵوێست بە خۆبەستنەوە بە فەرموودەکانی پەیامبەرو پەیڕەوکردنیان هەوڵی ئاشتیاندەدا.

گروپێکیش دەیانوت (اذا تقاتل مسلمین فکلاهما فی النار، القاتل و المقتول) مانای ئەگەر دوو موسوڵمان بەشەڕ هاتنو دەستیان خستە خوێنی یەکتر، کوژەرو کوژراو هەردووکیان دەچنە دۆزەخەوە.

دەتوانین بڵێین ئەو گۆڕانکارییە چاوەڕواننەکراوەی بەسەر ناوچەکەدا هات لەو ڕووداوانەوە سەرچاوەی گرتبێت کە:

١ـ دەشێت لە بەرامبەر یەکریزیی موسوڵمانانو هێزو گوڕوتینی جارانی لەشکرەکەیدا، مەغۆلو هۆزە تۆرانییەکان نەیاندەتوانی رووبکەنە ناوچەکە و دەست بەسەر دەستەڵاتی روو لە کزیی موسڵماناندا بگرنو خۆیان بسەپێنن.

٢ـ دەستەڵاتی خەلافەت لەنێوان ئومەویو عەباسیدا بەش نەدەکراو سەرئەنجامیش بکەوێتە دەست

عوسمانییەکان.

٣ـ شەڕی صەدان ساڵەی عوسمانیی سوننەمەزەب و ئێرانی شیعە مەرەب رووینەدەدا.

٤ـ شەڕی هەشت ساڵەی ئێران ـ عێراق (شەڕی یەکەمی کەنداو) هەڵنەدەگیرسایەو داگیر کردنی کوەیتو شەڕی دووەمی کەنداو داگیر کردنی عێراقی بەسەردا بێت.

٥ـ شۆڕشی خومەینیو دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێرانو ناردنە دەرەوەی شۆڕشو شەپۆلەکانی تیرۆرو خۆکوژیو بەهێز بوونی پێگەی ئیسلامی دەوڵەتی.

٦ـ داتەپینی رژێمەکەی صەدامو داگیر کردنی عێراق بە فەرمی لە لایەن ئەمەریکاو بەریتانیاو کورد و هاوپەیمانەکانیانەوە.

٧ـ نەگواستنەوەی دەستەڵاتی ئیسلام لە بنەماڵەی پەیامبەرەوە بۆ ئومەوییەکانو لەوانیشەوە بۆ عەبباسییەکانو سەرئەنجامیش هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی بۆ بندەستی تورکە عوسمانییە نامۆکان بە ئیسلامو بەناوچەکەشو سولتانەکانی عوسمانی ماوەی ٧٠٠ ساڵێك خۆیان بەسەر گەلانی موسڵماندا سەپاندو بەفێڵو تەڵەکەبازیو چاوبەست خۆیانکردە خەلیفەی موسڵمانانو ئەو هەموو جەنگانەشیان بە ناوی ئیسلام و شەڕی پیرۆز (غەزاو جیهاد) بەخوێنو فرمێسك ماڵوێرانی ئەو خەڵکە بێچارەیە روویان نەدەدا بۆ فراوانخوازیو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانو گەلانی موسڵمانیان کردبووە سوتەمەنییەکی هەرزانو (وڵاتی موسوڵمانان)یش تەنها وێرانیو دواکەوتنی بۆ مایەوەو دانیشتوانیشی رۆژانە پێنج جار لە یەزدان دەپاڕانەوە (دینو دەوڵەت) مان بۆ بپارێزەو سولتان پایەدارو سەرکەوتوو تەمەن درێژ بکە.لەمانەش گرنگتر بۆ نەتەوەیەکی وەك کورد، نە وڵاتی پارچە پارچە دەکراو نە دیلو ژێر دەستیش دەبوو.

عەلی پەیتا پەیتا لە کووفەوە (عێراقی ئێستا)[١٤٨] نامەی بۆ دەهات داوایان لێدەکرد رووبکاتە کووفە هەموو هاوکارییەکی دەکەنو سەروماڵیان لە پێناویدا بەختدەکەن (سەرەتای سەدەی بیستەم، رۆژانە نامەو تەلگراف بۆ حسین کوڕی عەلی میری حیجازیش دەهات داوایاندەکرد یەکێك لە کوڕەکانی بنێرێت بیکەن بە شای عێراق، بەڵام حسین گومانی دەکرد، دەترسا وەك عەلی و کوڕەکانی بەسەر بێت).

عەلی بە لەشکری یارانو پشتیوانەکانیەوە ئەنصارو موهاجیرینو تابیعین، روو دەکاتە کووفەو نامەیەکی توندوتیژیش بۆ موعاویە دەنێرێت. ساڵی٦٦٥ز. بەر لەوەی لەشکرەکە بگاتە سنووری کووفە،لە نێزیك شاری بەصرە بەرەنگاری لەشکرەکەی موعاویە دەبێت لە شەڕێکدا بەشەڕی (اصحاب الجمل) حوشتر سوارەکان یا حوشترسوارەکە ناویدەرکرد، ئەویش بەوهۆیەوە کە عائیشەی بێوەژنی پەیامبەر بەسواری حوشترەوە دەستگیرکرا. زۆرێك لەوانەی پێشتر دابوویانە پاڵ عەلی و (بەیعەت) یان پێکردبوو وەك تەڵحەو زوبێرو عائیشەی هاوسەری پەیامبەر، ژووان دەبنەوەو دێنەوە سەربای بەرەکۆنو بەدەستەوەدانی بکوژانی عوسمان دەکەنە بیانوو و دەدەنە پاڵ لەشکرەکەی موعاویە.

شەڕی حوشتر سوارەکان بەسەرکەوتنی عەلی بڕایەوەو تەڵحەو زوبێریش لەوێدا کوژران. عەلی، عائیشەی لە ناوچەی شەڕەکە دوورخستەوەوبەرێزەوە بەرێیکردەوە بۆ مەککە. تیرەو هۆزەکانی ئەو

دەوروبـەرە کـەدەبینن سـەرکەوتووە، بـەونیازەی لـە شـەڕەکانی داهـاتوودا بکەونـە شـڕەخۆریو تـاڵانیی، پەیوەنیی پێوەدەکەن ودێنە نێو لەشکرەوە. ئیمام عەلی شاری کووفە دەکاتـە پێتـەختی خەلافـەت، دیـارە موعاویە کە والی شـام بـوو بەیعـەتی پێنـەکرد، یاخیـدەبێتو جیابوونـەوەی هـەرێمی شـام رادەگـەیێنێت. گرووپی ئاشتیی و برایەتیی هیوایەکیان بە بڕانەوەی شەڕی ناوخۆو ئاشتبوونەوەو یەکگرتنەوەی موسڵمانان هەبوو، ئەو گرووپە ژمارەیەك سەرکردەی بەنێوبانگی سوپا بوون لە یارانی پەیامبـەر وەك عـەماری کـوڕی یاسر، عوسمان کوڕی حەنیف، قـەعقاع،کوڕی عەبباس،کـەعبی کـوڕی سەواد،حاریسـەی کـوڕی قودامـەی سـەعدی، بـەڵام هەوڵـەکانیان هیچـی لێصـەوز نـەبوو، سـەرلەنوێ شـەڕ هەڵگیرسـایەوە. ئیمـام بڕیـاری دامرکاندنـەوەی یاخیبوونەکـەی موعاویـە دەدات، دووەمـین شـەڕی نێوانیـان بـە شـەڕی (صَـفّیْن) دوو ریـز ناسراوە، لەو شەڕەدا ئەوەندەی نەمابوو لەشکری ئیمام هێزەکـانی موعاویـە بشـکێنێت، موعاویـە فریـای خۆی دەکـەوێت، ئـەو وەك پشـیلە کـە دەکـەوت پشـتی بـەر زەوی نەدەکـەوت، لـە هونـەری چاوڕاویشـدا مامۆستاوپسپۆر بوو، فەرمان بە لەشکر دەدات قورئـان بکـەن بـە نـووکی رمەکانیانـەوەو داوای ئاشـتیی بکەن لەڕێگەی ناوبژیوانییەوە (تحکیم). ئیمام لاریی لە ئاشتیی نەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشـەکان، بـەڵام لادەرەکان(خواریج) کە بەزاراوەی ئەم سەردەمە(ئۆپۆزسیۆن)بوون هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کێشـەکە لەسـەر دەستەڵاتو پلەو پایەی دنیاییە، دەستەڵاتیش هەر بۆ یەزدانە، ئەو دەسکەوتە هیچو پووچانەش نـەك ئـەو هەموو خوێنە، خوێنی یەك موسوڵمانیش ناهێنێت و هەردوو جەمسەری کێشەکە شیاوی کوشتنن. ئیمـام وەك پەیامبەرو ئەبوو بـەکر پاسـەوانی تایبـەتی نـەبوو، کـوژرا، بـەڵام موعاوییـە چـوار دەوری تـەنرابوو، بەرنەکەوت. شەهید بوونی ئیمام ئەوەندەی دیکە کێشەکەی قووڵکردەوە، یارانو لەشکرەکەی دووبەرەکیو سێبەرەکیو پشێویو پاشـاگەردانییەکی بێوێنـە بەخۆیانـەوە دەبیـنین، (الانصـار والمهـاجرین) پشـتیوانانو کۆچبەران دژی یەکتر بوون، هەردوو تیرەی ئـەوسو خـەزرەجیش دانوویـان پێکـەوە نـەدەکوڵا، پەیـدابوونی خەواریجیش(ئۆپۆزیسیۆن) سەرباری هەمووی. ئەم ناکۆکیانەش هەمووی لە بەرژەوەندی موعاویەو پـەرشو بڵاوبوونەوەی پاشماوەی لەشکرەکەی ئیمام بوو، ئەوانەش کە هێشتا داکۆکییانـدەکرد، ئـەو گـەرمو گـوڕیو گوڕوتینەی جارانیان نـەماو سـارد بوونـەوە، ئەوانـە عارەبـە دەشـتەکییەکانن کـە قورئـان بـە (الاعـراب) ناویاندەباتو پەیامبەر ئاگاداردەکـات لێیـان کـە دەفـەرمووێت (ان الاعـراب اشـد کفـرا ونفاقـا) عارەبـە خێڵەکییـەکان زۆرتـر بێبـاوەڕو دوورون. ئەوانـە دووای سـەرکردەیەك دەکـەون بـەرەو سـەرکەوتنیان ببـات،دوژمن بشـکێننو سـەروماڵی حـەڵاڵ بکـەن،تاڵانی کۆبکەنـەوەو لـەناو هۆزەکـەی خۆیانـداو هـۆزە ناحەزەکاندا شانازی پێوە بکەن.ئـەوان دووای رابـەری ئـاینیی ناکـەون فێـری خواپەرسـتیو پرەنسـیپەکانی ئاینەکـەیان بکـات، نوێـژو ڕۆژو، زەکـاتو حـەجو ئاشـتییو برایـەتیی ویەکسـانییو هاوکـاریی یـەکترو دلۆڤانییو بەزەییهاتنەوە بە هەژارو هەتیوانداو حەڵاڵو حەرامو ئەوەی نانێکی هەبوو لەگەڵ هاوبیرەکانیـدا پێکەوە بیخوون.ئەو عارەبە دەشتەکییانە هەموو سامانی جیهانیان لەبەر دەستدابێت، چـاوێکیان هـەر لـە هێـرش و تاڵانییـە، هـەر بۆیـەش ئۆبـاڵی شکسـتەکەیان خسـتە گـەردنی ئیمـام... دانیشـتوانی نەجـەف، کەربەلا، کووفەش هەر بەو پێودانگە بەڕێوە دەچوونو هەر نەبێت هەتا کۆتایی شەڕی دووەمی جیهان کارو

کردارو هەڵسوکەوت و خۆبەستنەوەیان (انتماء) دووفاق بوو، چاوێکیان لەسەر ئاینەکەو چاوێکیان لەسەر بەرژەوەندی تەسکی تیرەو هۆزەکانیان بوو.

لەو رۆژگارە تاریكو پڕ لە نەزانییو خۆپەرستییو بێباوەڕییو هەلپەرستییە بێئامانەدا کابرایەك بەنێوی عەبدولڕەحمانی کوڕی مولجم بە خۆیدا رادەپەرموێتو پرکێشیدەکات لە ساڵی ٤٠ك / ٦٦١ زایندا پەلاماری ئیمام بداتو شمشێرێك لە تەپڵی سەری بداتو شەهیدی بکات. لە ناوچوونی ئیمام گەورەترین دوژمنی لە کۆڵ موعاویە کردەوەو تاڕادەیەکی زۆریش زەمینەکەی لەبەردەمدا تەختکرد.

فڕوفێڵی موعاویەو والی کووفە عەبدوڵڵای کوڕی زیاد و بڵاو کردنەوەی پارەو پوول و ویژدانکڕین، سەرەڕای هەلپەرستیی دانیشتوانی کوفەش، بارودۆخێکی ئەوەندە نالەباری هێنایە ئاراوە، حسێن کوڕی ئیمام لە توانایدا نەبێت کۆنترۆڵی بکات، ئەوەش فاکتەرێکی بەهێز بوو چووە سەرفاکتەرەکانی دیکە لەبەرژەوەندی موعاویەی والی شام و ئیتر رێگرێکی لەبەردەمدا نەما، ساڵی٦٦١ز.دەوڵەتێکی نوێی ئیسلام لە شام دامەزرێنێت بە ناوی دەوڵەتی ئومەویو دیمەشق بکاتە پایتەخت،خۆی بەیەکەمین سەرۆکی ئەو دەوڵەتەو چوارەمین خەلیفەی موسڵمانان ناساند،پۆستی خەلیفەش لەسەر بنەماڵەی ئومەویەکان قۆرخ دەکات،سیستمی خەلافەتی کردە(پشتاوپشت ـ کوڕاوکوڕ) و دووای خۆیشی کوڕەکانی، مەروان، یەزید، وەلید جێگەیان گرتەوەو هەتاساڵی ٧٥٠ز.فەرمانڕەواییان کرد.دەوڵەتی ئومەوی هەرلەسەرەتاوە سیماکانی دەوڵەتێکی ناسیۆنالیزمی رەگەزپەرستانەی پێوەدیاربوو،پێتەختیشیان لە کابەی هەموو موسوڵمانانەوە گواستەوە بۆ شام، لەماف و ئەرکەکانیشداهەست بەهێڵێکی نەبینراو دەکرا لەنێوان عەرەب وناعەرەبدا کێشرابوو، دەسەڵاتە ئاینییەکەی سەردەمی پەیامبەریش دەسەڵاتێکی رامیاری جێگەی گرتەوە.یەکەمین نەتەوەش کە ئاڵای بەرەنگاریی درووبەڕووبوونەوەی بەرزکردەوە گەلانی ئێران بوون کە لە هزرو کولتووری ئەواندا پێشخانی ئیسلام بەرلەوەی ئاینیی بێت رامیارییە، ئەوەش بەوپێیەی کێشەوناکۆکییەکانی نێوان چوارخەلیفەکە ئاینیی نەبوون،سیاسیی بوون .گەلانی ئێران نەدۆست ویاوەر وپشتیوانی راستەقینەی ئیمام عەلی بوون نە ناحەزو نەیار ودوژمنی موعاوییەوکوڕەکانی،گەربهاتایە و ئیمام خەلیفەی موسوڵمانان بوایەو موعاویە ئاڵای بەرەنگاریی بەرزبکردایەتەوە،گەلانی ئێران دەبوونە هاودەنگ وپشتیوانی موعاوییە!! ئەی چۆن نا، خۆ گەلانی ئێران هەتا دامەزراندنی دەوڵەتی صەفەوی لە ساڵی١٥٠١دا هەرهەموویا سوننە مەزەب بوون و ئاینزای سوننەش ئاینی فەرمیی دەوڵەت بوو.

بە مردنی موعاوییە، دانیشتووانی عێراقی بەشیی عەرەب، بەتایبەتیش دانیشتوانی شاری کوفە وایاندەزانی ئومەوییەکان کەوتنێك کەوتوون هەڵناستنەوە، بۆیە روویانکردە حسێن کوڕی عەلی(خ.ل)و داوای لێدەکەن بێتە کوفە، خۆیانی لە پێناودا بەختدەکەن. بەڵام حوسەین مارانگاز بوو، هەرچەند والی کووفەش عەبدوڵڵای کوڕی زیاد بەڵێنی هاوکاری پێدا بوو، حسێن کوڕی عەلی ( خ . ل ) هەر بە گومان بوو، یەکێك لە ئامۆزاکانی دەنێرێت بەنێوی موسلیم کوڕی عەقەیل،موسلیم گەیشتە کووفە بەڵام هیچ هاوکارییەك نەکرا، بەخشینەوەی پارەو پوول کاری خۆی کرد بوو، ناچار دەبێت لە ماڵی پیرەژنێکدا خۆی دەشارێتەوە، بەڵام کوڕی پیرەژن والی کووفە ئاگادار دەکات و ئەویش بێکەسکوژی دەکاتو سەرەکەی

بەدیاری دەنێرنەوە بۆ زەیدی کوڕی موعاویە لە شام و لاشەکەشی لە کووفە هەڵدەواسن. حسێن ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نامێنێت بە خاوو خێزانو یارانو ئەو هێزەی بەدەستیەوە مابوو، مەدینە جێدەهێڵنو روو دەکەنە کۆفەی پێتەختەکەی باوکی، شاری کووفەی عێراق. لە یەکەمین رووبەروو بوونەوەشدا لەگەڵ لەشکری ئومەوی بەسەرکردایەتی یەزیدی کوڕی موعاویە لە دەوروپشتی شاری کەربەلا، ئەویش شەهید دەکرێت. نزیکەی سێ ساڵ دووای ئەو رووداوە یەزیدی کوڕی موعاوییەش دەمرێت. عەلی خوازەکان ئەوەندەیان تین تێدا مابوو ئەمجارەش خۆیان کۆبکەنەوەو بزوتنەوەی (التوابین) تووبەکارانو بزوتنەوەی موختار (مختار الثقفي) دادەمەزرێت بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی ئیمامو حسێنی کوڕی. بکوژانی حسێنیان دەستنیشانکرد بوو، هەر هەموویان کوشتنەوەو خانووەکانیشیان لە بناغەوە هەڵتەکاندن، هەرچەند ئەوە دانیشتوانی شاری کووفەو کەربەلا بوون بەدەنگ ئیمامو حوسەین و موسلیمەوە نەچوونو بە گورگانخواردوویان دابوون. دووەمین کوڕەگەورەی ئیمام، حەسەنیش دووای ئەوەی مەصعەب کوڕی زوبێر ٥٠٠٠ پێنج هەزار دیلی لە یارانی عەلیو کوڕەکانی سەردەبڕێت، حەسەن بێدۆستو پشتیوان، بێکەس دەمێنێتەوەو هیوابڕاو دەبێت، داوای رێککەوتن دەکات ... ئەویش کە گەڕایەوە شاری مەدینە دەرمانخواردیانکرد. لە وەچەی ئیمام عەلی کوڕەزایەکی مابوو، عەلی کوڕی حسێن کە بە (زین العابدین) ناسراوە ( خ . ل )، کووفەییەکان زەید کوڕی زەینەلعابیدین هەڵدەنێن بەرەنگاریی هیشام کوڕی عەبدلمەلیکی کوڕی مەروان بکات، ئەویش ساڵی ١٢٢ك. سەری تێداچوو. لە کوڕەکانی حەسەنی کوڕی عەلیش تەنها دووانیان مابوون، موحەممەد و ئیبراهیم، موحەممەد لە شاری مەککەو ئیبراهیم لە شاری بەصرا بەپشتیوانیی ئیمام شافیعی دژی عەبباسییەکان رادەپەڕن، ئەوانیش بەفەرمانی مەنصور، خەلیفەی عەبباسی لە بەغدا لە ناودەبرێن و بە ناکامی سەر دەنێنەوە. خەلیفەکانی دەوڵەتی عەبباسیش وەك ئومەویەکان بنەبڕکردنی بنەماڵەی عەلیو قەلاچۆکردنو کپکردنی دەنگی ناڕەزایی هاوبیرانیان کردە بەرنامە، بۆیە عەبدلمەلیك کوڕی مەروان، حەججاج کوڕی یووسفی سەقەفی دەکاتە والی (عێراق)، حەججاج بە دڵڕەقو خوێنڕێژو بێداد بەنێوبانگ بوو، کاربەدەستان و سەرکردەکانی لەشکر داوا لە خەلیفە دەکەن حەججاج لە سەرکار لابەرێت، ئەویش نامەیەك بۆ خەلیفە دەنوسێت: میری موسڵمانان، سوێند بە گەورەیی یەزدان، منیش نەبم، هەر والییەك بێت، ئەمانە بە ئارامیی دانانیشنو لە جاران خراپتر دەکەن، ئەوەتا دەڵێن خەلیفە لە ترسان حەججاجی دوورخستۆتەوە. خەلیفە بۆچوونەکەی دەسەلمێنێتو وەڵامی بۆیدەنووسێتەوە: لە میری موسڵمانانەوە بۆ والی عێراق، ئازاد بەو دەستت والآبێت، چیدەکەیت بیکە!

هەڵوێستی راستەقینەی عارەبی عێراق بەتایبەتیی وشیعە مەزەبەکان بەگشتیی هەرچۆنێك بوو بێت، کەمتەرخەمیی، شەرمەزاریی، یا جوامێریی، دەبوایە یادەوەریی ئەو رووداوە دڵتەزێنانە هەموو ساڵێك بەهێمنیو صۆفیانە لە دڵو دەروونو ویژداندا زیندوو رابگرن وەك یادەوەریی شکستیی هەقو راستیيو پاشەکشەیەکی کاتیی لە بەرامبەر ملهوڕیو هەلپەرستیدا، نەك سنگ کوتانو زنجیر وەشاندن.موسوڵمانان بەگشتیی وعارەب و فارس بەتایبەتیی دەبووایە وەکو(خەواریج) زوو هەست بە بناوانی کێشەکە بکەن کەتەنها ناهەقی کردن ومافخواردنی ئیمام عەلی نییە چونکە ئەو نەیدەتوانیی رابەرایەتیی ئۆپۆزیسیۆن

بکات دژی ئومەوییەکان کە پارەوپوولێکی زۆریان لەبەردەستدابوو، بۆبەرژەوەندیی خۆیـان بەهەرچـوارلادا تەخشان و پەخشانیان دەکرد، عەلیش بابایەکی هـەژار و دەسـتکورت،دەبوو هەسـت بکـەن ئـەوەی ئـاگری ناکۆکییەکەی هەڵگیرساند و بەردەوامیش چلۆچێوی دەنایەسەر،لەنەزاییەوە گواستییەوە بۆ قاڵبی ڕێکخستن وهەڵوێست وەرگرتن وەك بەرەیەکی ڕێکخراو وخـاوەن پـەیام وهەرلەسـەرەتای سەرەتاشـەوە پەنابردنـە بـەر تیرۆر، تەنهاوتەنهافارسەکان بوون، ئەوان هاتنە نێو ئیسلامەوە بـەڵام هـەرگیز ئامادەنـەبوون بکەونـە ژێـر هـەژموون و دەسـەڵاتی عـارەب و ئیسـلامەوە،دەڵێین عـارەب ئینجـا ئیسـلام چـونکە پـاش کۆچـیدوایی پەیامبەرلـە٦٣٢/٦/٨عیسـاییدا،تایەفەگەریی و عەرەبچـێتی وردە وردە جێگـەی خـۆی دەکـردەوە. ئێرانییەکان لـەوەدا زۆر هۆشیاربوون،هۆشـیاریی نەتەوەییشـیان یـەکجار لـەوەدا بـاڵابوو ئاگرێـك بـەخوێن بکەنەوەو بەردەوامیش خوێنی بەسەردابکەن و هەرگیز نەکوژێتـەوە و بیکەنـە لەمپـەرێکی پتـەو لـەنێوان خۆیان ودورگەی عـەرەب و شامداو هەمووشی بخەنە ئەستۆی کێشەی نێوان عـەلی و موعاویەو هـەراوزەنای شـیعەگەرێتیی،ئەگەرنا هەسـتو سـۆزیکی تایبـەتییان بەرامبەر(عەلی)یـەکی عـەرەب نەبوو،لەموعـاوییـە پەسـەندتربێت. گریمـان عـەلی خەلافـەتی لـە عومـەر زەوت بکردایە،ئەبولوئلوئـە عـەلی لـەکاتی نوێـژدا تیروردەکرد!ئەگەر دوای عوسمان بێ کێشەوخوێن ڕشتن عەلی بکرایە بەخەلیفە و موعاویە نـاڕازیی بووایـەو ئـاڵای ئۆپۆزسـیۆنی بەرزکردایەتـەوەو پـەنای بـۆ چـەك و تـیرۆر و جـەنگ ببردایە،ئەوکاتـە ئێرانییـەکان موعاوییەو ئومەوییـەکانیان دەکـردە ڕابەر،چـونکە ئـەوان پلانـی دووبەرەکییـەکیان لەژێرسـەردابوو ببێتـە ماکیی بێهێـزی عـەرەب وبـەردەوام لاوازکردنیـان، ئـەوەتا دوای پـتر لـە١٤٥٠ساڵ بەسـەر ئـەورۆژگارەدا تێپەڕیوە، دەبینین شیعەو سوننە بەتایبەتیی لە عێراق خوێنی یەکتر حەلال دەکەن و مزگەوتەکانی یەکتر بە دینامیت دەتەقێننەوە!

### دەوڵەتی ئومەوی٦٦١ـ ٧٥٠ز.

دەوڵەتی ئومەوی کە دامەزرا، بە بەرنامەیەکی عارەبی شۆڤینیی‌و تیرە گەرییەوە دادەبەزێتـە گۆڕەپـانی رامیاریی‌و کۆمەڵایەتیی، چاوی بە هیچ شتێکی ناعەرەبدا هەڵنەدەهات، ئـەو هـەموو رەنـج و کۆششـەی ئەوانەشیان نەدەخوێندەوە چەندین خەرمانی بەرهەمی زانستی‌و وێژەی‌و هونەرییان پێشکەش بە کەلەپوورو کولتوور و شارستانی ئیسلام کرد، هەر هەموو بەرهـەم و داهێنانـەکانی زانـاو هەڵکـەوتووەکانی گـەلانی موسوڵمانیشیان بەزادەی بیری زاناکانی عارەب دەزانی، رۆڵـەی کـوردو پاڵـەوانی هـەرە گـەورەی ئیسـلام، صەلاحەدینی ئەیوبییشـیان بـە عـارەب دەژمـارد، هـەر کەسـێکیش لـە بازنـەی ئـەو بەرنامەیـەی ئـەوان دەربچوایە راستەوراست بە شعووبی تاوانبار دەکرا. هـەردوو زاراوەی رامیـاریی شعوبیی‌و شـعوبییەت بـۆ یەکەمین جار لە سەردەمی رەشی ئەواندا دێتە نێو زمان‌و فەرهەنگی عارەبەوە و بـەو کەسـانە دەوتـرا کـە خەمخۆری ئـاینی ئیسـلام‌و گـەلانی موسـڵمان و گـەل‌و نەتـەوەو نیشـتیمانی خۆشـیان بـوون‌و دەسـکەوت‌و سەروەرییەکانی موسڵمانانیان تەنها بە مولکی عارەب نەدەژمارد.

زاراوەی رامیاریی ـ کۆمەڵایەتیی (موالی)یش هەر لە سـەردەمی ئەوانـدا رسـکا، بـەمانای کەسـانێکی بەرەگەز ناعارەب و پشتیوان‌و هاوسەنگەر لە کاتی شەڕداو بەندەو کۆیلەو بەردەستو خزمەتکارو ملکەچ‌و

ئەڵقە لەگوێش لە کاتی ئاشتیدا.گەلانی شارستانیو پێشکەوتوو، ئەمڕۆ بە لاقرتییەوە دەڵێن: عارەب مانای یەکەمین نەتەوە کە هەرهەموو داهێنانەکانی مێژووی شارستانێتی مرۆڤ بۆ یەکەمین جار لەسەر دەستی ئەواندا بووە. بەڵام کوا؟ پەندێکی کورد دەڤاو دەق بۆ ئەم شوێنە دەگونجێت: مزگەوت بڕوخێت میحراب دیارە، بەڵام ئەوان شوینەوارێکی شارستانییان دیارنییە . ڕەگەزپەرستەکانی عارەب کە زۆریشن تەنانەت دان بەوەشدا نانێن گەلانی تریش وەك ئەوان بەر لە دەرکەوتنی پەیامی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی ئاینی تایبەتی خۆیان هەبووبێت. تەماشا شاعیرێکی نەتەوەپەرستی وەك (نصر ابن سبار) بکە چی بەگەلانی ئێرانیی سەربە ئاینی زەردەشتیی (فارس، کورد، ئازەر، بلوژ، تاجیك ...) دەڵێت:

**قوم يدينون ديناً ما سمعت به　　　من الرسول ولا جاءت به الكتب**

**فمن يكن سائلا عن اصل دينهم　　　فان دينهم ان تقتل العرب**.(١٤٩)

ئومەوییەکان کاروباری ئاینو دەوڵەتیان بە تەواوی فەرامۆشکردبوو، خەریکی پیلانگێران لە یەکتر و ژیانی تایبەتی خۆیان بوون لە رابواردنو شەراب نۆشینو کۆکردنەوەی کارەکەرو کەنیزەکی زۆرو زەبەندە لە کۆشكو تەلارەکانداو سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی یەزدانو پەیامبەریان بە ئاشکرا لێدەرکەوت. هەندێکیان هەر بەتەواوی شووڵی لێهەڵدەکێشن و زاتی ئەوە دەکەن قورئانی پیرۆز کە سەرچاوەو بەرنامەی ئاینییو ژیانی نیزیکەی ١٠٠ صەد ملیۆن موسڵمان بوو لەو کاتەدا، بێبایەخ تەماشا بکەن، یەکێکی بەناو خەلیفەی وەك یەزیدی کوڕی موعاویە بە گژ قورئاندا دەچێتو دەستی دەچێتە روو پەرە پیرۆزەکانیو دەیاندڕێنێت. لەو سەردەمانەدا (قورئان گرتنەوە) باو بوو، بۆ خوێندنەوەو پێشبینی پاشەڕۆژو رووداوەکانی داهاتوو! رۆژێکیان کە یەزید قورئان دەگرێتەوە، جارێك و دووانو سیان هەر ئەو ئایەتەی بۆدێتەوەکە دەڵێت (ان كل جبار عنيد)بە مانای هەموو ملهوڕێکی سەرسەخت، یەزید زۆر پەستو تووڕە دەبێتو شێلگیرانە، قورئانەکە پەرەپەرە دەکاتو بە دوو دێڕ هەڵبەست ئەوەندەی دیکە بێباوەڕییو دوژمنایەتی خۆی ئاشکرا دەکات کە دەڵێت:

**أتخيفني بجبار عنيد　　　فها انا ذاك الجبار العنيد**

**فقل لربك يوم تلقاهُ　　　ربى قد مزقني يزيد**

بە ملهوڕیکی سەرسەخت دەمترسێنێت　　　ئەوە من ئەو سەر سەختەم

ئەو رۆژەی دەچیتە دیوانی یەزدان　　　بڵی خودایە یەزید پەرەپەرە دڕندامی!

(خەلیفە) وەلیدیش لە بۆنەیەکدا، قورئانی پیرۆز رادەوەشێنێتو دەڵێت: (مالی حاجه بك بعد اليوم) لەمەودووا پێویستم بە تۆ نییە.

گەلانی چەوساوەو مافخوراوی بندەستی ئەم خوانەناسە ستەمکارانە بەخۆیاندا دەچنەوەو ئەوانەیان کە هۆشیار بوونو زەقتر هەستیان بەوڕاستیە دەکرد، دەنگی ناڕەزایی بەرز دەکەنەوەو پەنا دەبەنە بەر شۆڕش و راپەڕین، لە نێو ئەو گەلانەدا کورد دەستپێشخەریی دەکاتو بەرابەریی (عبدالرحمن بن مسلم الكوردی) کەبە ئەبوومسلیمی خۆراسانی ناسرا بوو، دژ بە جەورو ستەمی ئومەویەکانو دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد ئاڵای راپەڕین و بەرگریی بەرز دەکاتەوە.بنەماڵەی عەبباسییەکانیش دەمێك بوو مرخیان لە

خەلافەتو فەرمانڕەوایی خۆشکردبوو، سەرەتا بە خشکەیی کاریاندەکردو خۆیان لـە ناحـەزانو دوژمنـانی ئومەوی نزیکدەخستەوەو بۆ بێهێزکردنی دەستەڵاتی ئومەویەکان هەوڵیانـدەدا پشـێوی و ئـاژاوە بنێنـەوە. ئەم چالاکییانەی نەیارانی ئومەوییەکان، ئەبوو عەبباس بـە نهێنـی سەرپەرشـتیی دەکـردو بەرنامەکەشـی بریتی بوو لە:

١ـ ڕووخاندنی دەوڵەتی ئومەوی.

٢ـ دژایەتی کردنو سەرکوت کردنی خاوەن باوەڕ و پێڕەوکارانی ڕاستەقینەو دڵسۆزی پەیامی یەزدان.

٣ـ بنەبڕکردنو کوێرکردنەوەی بنەماڵەی پەیامبەر و بەتایبەتیش شیعەکان.

٤ـ پێشێلکردنو سڕینەوەی هێماو نموونە بەرزەکانی ئیسلام.

ئەبوو عەبباس، هاودەنگیی و پشتیوانییەکی ئامادەو ئەکتیڤ لە دوو کەسـدا دەبینێـت، ئەبوومسـلیمی خۆراسانیی کوردو عەبدوڵڵای کوڕی عەلی مامی خۆیدا، پێکەوە یەك دەستو یەك دڵ پەلاماری دوژمنـی هاوبـەش بـدەن... یەکـەمین ڕووبەڕووبوونـەوەش لـە نێـوان لەشـکری هاوبەشـی کـوردو ئـەبوو عەبباسـدا بەسەرکردایەتی فەرماندار ئەبوو موسلیمی خوراسانی لە شەڕەکەی زێی گـەورەدا ڕوویـداو ئـەبوو موسـلیم توانی لەشکری دوژمن بشکێنێتو هەتا ساڵی١٣٨ك. هەردوو هەرێمی شارەزوورو خۆراسـان لـە چـنگی ئومەویەکان ڕزگار دەکاتو دوو ساڵیش دواترلە٧٥٠ی زایندا سەردەمی خەلیفە مەروان کوڕی موحەممەد کە ناودەبرا بە (مروان الاحمق ـ مەروانـەگێل) تـەختو تـاراجی ئومەویـەکان هەڵدەتـەکێنن و کۆتـایی بـە دەستەڵاتو فەرمانڕەوایی ٩٠ ساڵیان دەهێنن.[١٥٠] بەجۆرە دەوڵـەتی عەبباسـی ٧٥٠ـ ١٢٥٠ز. لەسـەر دارو پـەردووی دەوڵـەتی ئومـەوی دادەمـەزرێت بەسـەرۆکایەتی ئـەبوو عـەبباس، چـونکە خۆراسـانی خۆشـباوەڕانە جڵـەوی فـەرمانڕەوایی وەك هێلکـەی پـاککراو خسـتە بـەر دەسـت ئـەبوو عـەبباس، بـەڵام عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەد خۆی لە برازاکەی بە شیاوتر دەزانی، ئەویش هەر ئەوەندەی جێگە پێی خـۆیی چەسـپاند، ئـاوڕێکی لـە هاوبەشـەکانی نەدایـەوە. دووای مردنـی ئەبووعـەبباس لـە ٧٥٣ زاینـدا ئـەبوو جەعفەری مەنصوور دەبێتە خەلیفەی عەبباسیی و لە بری پاداشت سپڵەو نامەردانە بە ناوی میوانداریـیـەوە خۆراسانی بانگدەکاتو دیکوژێتو بە ناپاکیش ناوی دەزڕێنێت. ئەم تاقیکردنەوە تاڵو پرسوێیە نـەك هـەر ئەمجارە بەڵکو چەندین جار لە مێژووی کوردو هاوکاریکردنی بێگانەدا دژی دوژمنـی هاوبـەش چـەند بـارە بۆتەوە، هەر بۆ نموونە:

١ـ کەریم خانی زەندو قاجاریەکان، ناسرەدینی شـای قاجارییـەکان ئەوەنـد لـە کـەریم خـان بـەقین بـوو، فەرماندەدات گۆڕەکەیان هەڵدایەوەو لە بەردەم تەختی شـاهانەدا لەبەرپێیـدا ناشـتیان، بـۆ ئـەوەی ڕۆژانـە چەند جارێك پێی بەسەردا بنێت.

٢ـ ئەوڕەحمان پاشای میری بابان کە بەغدا دەگرێت، ماوەی نێزیکەی سـاڵێك بـێ فـەرمانی ئـەو کـەس پەنجەی بە ئـاودا نـەدەکرد، بـەڵام بـەڕێوەبردنی ویلایـەتی بەغـدا بـە والییـەك دەسـپێرێتو بەهێزەکەیـەوە دەگەڕێتەوە کوردستان.

٣ـ (١٥٢٣ ـ ١٥٢٤ فەرماندەی کورد زیلفقار کـەڵهور دەسـت بەسـەر شـاری بەغـدادا دەگرێـتو هـەتا

صالّی ١٥٥٥ـ ١٥٥٦ بەرێوەی دەبات، ئەمجا دەیخاتـە ژێـر فـەرمانڕەوایی سـوڵتان سـلێمانی قـانوونی کـە تورکمانەکانی عێراق لە تووزخورماتوو نیشتەجێ دەکاتو لەگەڵ عارەبی عێراق و کوردی باشوور کەوتنـە ژێر ئالآی عوسمانییەوە).[١٥١]

٤ـ کۆدەتاچییەکانی ٨ی شـوباتی ١٩٦٣ی بەعسـییەکانی عێـراق، پێشـتر پەیوەنـدی بـە سـەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەکەنو داوای یارمەتیو کۆمەکیی دەکەنو لەبەرامبەریشدا دان بە مافـەکانی کـوردا بنێن، بەڵام کە سەرکەوتن بەسەر رژێمەکەی ژەنڕال عەبدالکریم قاسمدا بـە ئـاگرو ئاسـن وەڵامـی کوردیـان دایـەوە. کۆمـەڵکوژییەکـەی شـاری سـلێمانی رۆژی ٩ی حـوزەیرانی ١٩٦٣ یـەکێك بـوو لـە وەفـاداری و بەڵێنەکەیان.

٥ـــ سـولّتانەکانی عوسمـانیو میرنشـینەکانی کورد،بەتایبـەتیش ریککەوتنەکـەی نێـوان سولچـتان و مەلائیدریسی بتلیسیی.

٦ ـ بەڵێنەکانی مستەفا کەمال بە گەلی کورد لە باکووری کوردستان.

٧_کــوردی باشـــوورو بـــەرەی کوردســـتانیو رۆڵـــی بەرچـــاوو کاریگـــەریان لـــە رزگـــارکردنی کەرکووك،موصـلّوباقووبە لەرووخانـدنی رژێمـی صـەدامو دامەزرانـدنی عێراقـی فیدراڵوپەرلـەمان.. و پاشگەزبوونەوەی چەندین عارەبی عێراق لە گفتو بەڵێنـەکانیان بەتایبـەتیش سـەردەمی کابینەکـەی نـوری مالیکی.

٨ـ دالّدەدانو حەوانەوەی تورکمانەکانی کەرکووك لە بنکەکانی پێشمەرگەداو رزگارکردنیان لە شمشـێری ملپەڕێنی بەعس، کەچی دووای رزگارکردنی عێراق لە هەموو لایەنە عارەبە شۆڤێنیستەکان تیژتر دژایەتی کوردو بڕیاری ١٤٠ی لەمەڕ کەرکووك دەکەن... ئەمە وەك مشتێك لە خەرواریك.

عەبباسیەکان لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی زاینییەوە دوو دەوڵەتیان دامەزراند، یەکێکیان لە بەغـداد یەکێکیش لە ئیسپانیا، بەڵام هیچیان گوڕوتینی لەشکرکێشـیو پـەلامارو داگیرکـاریی نـەبوو. خەلیفـەی بەغدا، سەدەی نۆیەمی زاین، وڵاتانی میسر، ئاسیای نێوەڕاست،بەشێکی ئێـرانو ئەفغانسـتانیان لـە ژێـر دەستەڵاتدا نەمابوو، تەنها بەغدای بەدەستەوە مابوو، خواخوای بوو ئەوەشی لە دەست دەرنەچێتو دەیوت تەنها بەغدام بۆ بمێنێتەوە بەسمە،خوا ئەوەشی پـێ رەوانـەبینی، هۆلاکـۆ بەیـەك پـەلامار تـەختو بـەختی هەڵگێڕایەوە.

عەبباسیەکان هەرچەند کەمهێزو دەست کورت بوون گەندەڵییش بنکەنی کردبوون،بۆ تۆقاندنو قڕکردنـی نەیارەکانو بنەبڕکردنی بنەماڵەو وەچەکانی پەیامبەر و هەردووباڵی شیعەو سوونەو گەلی کوردو عارەبی هاوڕەگەزی خۆشیان بەکار دەهێناو تەنانەت بۆ پاراسـتنی خۆیـان رووددەکەنـە رەوەنـدەکانی ئاسـیای دوورو نزیکیان دەخەنەوەو پلەو پایەی گرنگی دەستەڵاتیان پێدەدەن بەتایبەتیش سەردەمی خەلیفە(معتصم باللە) صالی ٨٣٣ز. بەدوواوە. تورکومانە بەکرێگیراوەکان ئەوەی ناشێت بەرامبەر بـەکورد کردیـان، لـە جـەورو ستەمو کوشتنو بڕینو تالآنکردنو کەڵەگایی هیچیان تێدانەهێشتەوە، هـەمانکات کەوتنـە پیلانگێـڕان لـە خەلیفەو لێیهەڵدەگەڕێنەوە، مارەکەی شێخ هۆمـەر ئاسـا لـە گـەردنی دەئـاڵێنو چـززەی لێهەڵدەسـتێنن،

صاڵی ١٤٧ك/ ٨٦١/ ٨٦٢ز پیلانەکەیان جێبەجێی دەکەن، چوارپەلی دەبەستنو دەیکوژنو خۆیان دەکەنە خەلیفە. کوردیش دەمێك بوو هەستی بە ژیانی ژێرچەپۆکی خەلیفەکان کرد بوو، دەستبەستراو نەبوو، ناوەڕاستو کۆتایی سەدەی هەشتەمی زاینی و سەرەتایی سەدەی نۆیەم زنجیرەیەك شۆڕش و ڕاپەڕین دژی ژیانی کۆیلەیەتیی بەرپادەکات، لەوانە شۆڕشی بابەکی خورەمی. بابەك برازای پاڵەوانو شۆڕشگێری ناوداری کورد ئەبوموسلیمی خوراسانی بوو کە دژی ئومەویەکان ڕاپەڕیو دەوڵەتی عەبباسی بەهەوڵو کۆششیو گیانفیدایی ئەو دامەزراو بەهێزترین کۆڵەکەشی هەر ئەبوو، بەڵام شێر کردی وریوی خواردی. بابەکی خورەمی صاڵی ٨١٦ و ٨١٧ ز.لە ئازەربایجانی خۆرئاوا(بەشێکی کوردستانی خۆرهەلات)، ئالای شۆڕشی لە دژی عەباسییەکان بەرزدەکاتەوەو ماوەی بیست صالێك بەرەنگاریکردن بەشێوەی جەنگی پارتیزانیی لە رووياندا دەوەستێتو چەند جارێکیش بەسەریاندا سەردەکەوێت، وەك پرۆفیسۆر جەمال نەبەز دەڵێت (شۆڕشی بابەك بەهێزترین شۆڕشی ئیدیۆلۆژی دژ بە چەوساندنەوەی نەتەوەییو ملهوڕی (خەلیفە) ستەمکارەکانە). نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو بۆ لاوازکردنی دوژمنو بەرز کردنەوەی پلەکانی ئەگەری سەرکەوتنو گەیشتن بە ئامانج، کورد بەشداریی ئەو شۆڕشو ڕاپەڕینانەشی دەکرد دژی دوژمنی هاوبەش بەرپادەکران وەك شۆڕشی خەواریج و شیعەکان صاڵی ٦٥٧ ـ ٦٩٢ز.

شۆڕشەکەی یعقوب الصفار (یاقووبی مسگەر) صاڵی ٨٦٧ ـ ٨٧٩ز.

شۆڕشی زنج (زنجییەکان) صاڵی ٨٧٠ ـ ٨٨٣ز. بەرابەری عەلی کوڕی موحەممەد، ئەمانە هۆزێکی هیندی بوون لە شاری بەسرای خوارووی عێراقو دەوروپشتیدا گیرسابوونەوە، جوتیارو پاڵەو چەوساوەکانیان ووریاکردەوەو هانیاندانو لەشکرێکی گەورەو بەهێزیان پێکەوە نا، بەخۆیاندا رادەپەرموون رووبەرووی خەلیفە بجەنگنو لە چەند پێکدانێکیشدا سەرکەوتن. خەلیفە زۆربەی لەشکرەکەی ناردەسەریانو شۆڕشەکەی دامرکاندنەوەو سەرکردەکەشیان دەکوژێتو قەلا سەختەکەشیان دەروخێنێت.

ئەو شۆڕشە یەکێك بوو لە شۆڕشە خوێناوییە بێئاکامەکان، هاوشێوەی شۆڕشەکەی سپارتاکۆس دژی دەسەلات و ملهوڕی قەڕاڵەکانی ڕۆمای ڕۆژئاوا. خەلیفە ئەوەندە دڕندانە شۆڕشی زنجییەکانی لە ناوبردو ئەوەندە لێیان بەقین بوو، شاعیرێکی وەك (ابن الرومی) بەزیندوویی دەهاوێتە نێو مەشخەڵانی ئاگرەوە تەنها بەو هۆیەوە کەهاوبیری شۆڕشگێرەکان بوو.

بابەکی خورەمی وەك شۆڕشگێر، پەیڕەوی لە بیروباوەڕەکانی مەزدەك دەکرد، مەزدەك رابەر و چاکسازێکی کۆمەڵایەتی بوو، بەقووڵبوونەوەی خۆی بە ناخی مرۆڤدا گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی هەرهەموو کێشەو ململانێو کوشتو بڕی نێوان مرۆڤ لەسەر دوو شتە: سامانو ئافرەت، هەردووکیان حەڵاڵ دەکات بۆ هەمووان.بابەك دژی جیاوازیی چینایەتییو چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتیی خەباتی دەکرد، داکۆکیی لە مافە پێشلکراوەکانی ئافرەت دەکرد و داوای یەکسانیی هەموو تاکەکانی کۆمەڵی دەکرد بە نێرو مێ یەوە لەبەردەم یاساداو لە مافو ئەرکەکاندا. دەستەڵاتدارانو چینی سەرەوەی کۆمەڵو زۆرێك لە چینی نەدارانیش بەتوندی دژی دەوەستنەوەو بەوە تاوانباریانکرد کابرایەکی (زەندیق)ەو داوای بەرەڵایی ئافرەت دەکات. ئەگەر سەرنج بدەین ئەو بانگەوازەی بابەك، نەك ئەو ڕۆژگارەی ١٢٠٠ هەزارو دووصەد صاڵ

لەمەوبەر، بەڵکو ئەمڕۆش لە گشت وڵاتانی موسڵماندا هاورازو هاوبیری زۆرن، بەڵام کەسێك ناوێرێت بەوشێوەیەی مەزدەك ئاشکرای بکات. بابەك لە سەردەمی خۆیدا کۆڵنادات‌و درێژە بەو ڕێڕەوە کۆمەڵایەتییە ناوازە و نامۆو سەرنجڕاکێشە دەدات‌و پشت بە قوباد، بەسەرگەرمیی‌و سەرسەختیی بانگی بۆ دەداو داکۆکیی لێدەکرد لە دوتوێی بانگی رزگارکردن‌و سەربەخۆیی چەوساوەو مافخوراوانی ناوچەکانی ئازەربایجانی خۆرئاوادا، بەڵام کە قوباد دەمرێت و نەوشیروانی کوڕی دەبێتە فەرمانڕەوای ئێران لە یەکەمین هەلدا، مەزدەك دەکوژێت.(١٥٢)

پرۆفیسور جەمال نەبەز دەڵێت: زەندیق وشەیەکی کوردی ئێرانییە، لە وشەی زەند وەرگیراوە کە دەکاتە راڤە کردن‌و لێکدانەوەی پەیامی پیرۆزی ئاڤێستای زەردەشت.

بەو پێیە ئاشکرا دەردەکەوێت کورد لەو سەردەمەشدا گیرۆدەی چەوساندنەوەی دو لایەنەی نەتەوایەتی‌و ئاینیش بووە، مەزدەك‌و بابەك‌و قوبادیش خاوەن هزرێکی سۆسیال دیموکرات بوون، هەر چەند نەگەیشتنە ئامانج‌و هزرەکەش خەفەکرا، بەڵام لە پاڵ چەند هۆکارێکی گرنگی دیکەدا، وەك گەندەڵی‌وبێهێزیی خەلیفەکانی ئیسلام‌و رووکردنە خوانەناسیی، توانیان زەمینەیەکی لەبار خۆشبکەن بۆ سەرهەڵدان‌و دامەزراندنی چەندین میرنشین و دەوڵەتی سەربەخۆی کورد کە سکەی پارەو دراویان بە ناوی میرەکانەوە لێدەداو لە وتاری نوێژی رۆژرانی هەینیشدا لەبری ناوی خەلیفە، وتار بە نێوی ئەو میرانەوە دەخوێنرانەوە وەك:

١ـ میرنشینی حەسنەوی (حەسەن بەرزیکانی) نێوان صاڵانی ٩٥٠ـ ١٠٩٥ز. لە شارەزوور کە پێتەختەکەی شاری دینەوەری سەرووی کرماشان بوو.

٢ـ دەوڵەتی دۆسکی نێوان صاڵەکانی ٩٩٠ـ ١٠٩٦ز لە لورستانی خواروو.

٣ـ دەوڵەتی‌ڕەوەندی (رەوەندیی) ٢٣٠ـ ٦١٨ك.هـ لە ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی موحەمەدی رەوادی (رەوەندی ـ رەوەندیی) کە کۆنترین دەستەڵاتی رامیاریی کوردە لە سەردەمی ئیسلامداو پێتەختەکەشی شاری تەورێز بوو.

٤ـ دەوڵەتی سالاریی ٣٠٠ـ ٤٢٠ ك هەر لە ئازەربایبنجان. یەکێك لە میرەکانیان بە نێوی دایسم لە صاڵی٣١٤ـ٣٣٠ك. فەرمانڕەوایی کردووەو لە صاڵی ٣٤٥ کۆچیدا لە زیندانی دوژمندا کوژراوە.

٥ـ دەوڵەتی ئەیووبیی نێوان ٥٦٧ـ ٩٥٠ك بەسەرۆکایەتی صەلاحەدینی ئەیوبیی لە وڵاتی میسر و شام.

٦ـ میرنشینی ئەردەڵان ٦١٧ـ ١٢٨٤ ك بە سەرۆکایەتی بابە ئەردەڵان کە سەربەلقێکی هۆزی گەورەی رەوەندییە بەنێوی تیرەی مامۆیی.

٧ـ میرنشینی شەدادیی ٩٥١ـ ١١٦٤ك لە باکووری ئازەربایجان و خۆرئاوای قەفقاسیا.

٨ـ میرنشینی فەزلەوی ٥٤٣ـ ٨٢٧ك لە ناوچەکانی نەهاوەنەوە هەتا شارەزوور.

٩ـ دەوڵەتی مەروانی لە دیاربەکر (ئامەد)و ناوچە شاخاویەکاندا.(١٥٣) مەروانییەکان ماوەی نێوان ٩٩٠ ـ ١٠٦٩ز.فەرمانڕەوایی ئامەد ( دیاربەکر ) یاندەکرد .

سەردەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئەیووبیی، کورد چەندین میرنشین‌و فەرمانڕەوایی سەربەخۆو نیمچە

سەربەخۆ لە میسر، سووریا، کوردستان، خوراسان، جزیرەی بۆتان، ئەرمینیا، یەمەن، تەرابلوسی خۆرئاوا، بەرقە دادەمەزرێنن کە زۆربەیان سەردەمی هێرشەکانی تەتەر بەسەرکردایەتیی هۆلاکۆ،تەیموری لەنگ لە ناوچوون و کوێر بوونەوە. بە دووای ئەو میرنشینانەدا یەکێك لە نەوەکانی (کلۆس)ی سەربەبنەماڵەی صەلاحەدین میرنشینی سۆران دادەمەزرێنێتو هەتا دووارۆژەکانی ژیانی میر موحەممەد (پاشا کۆرەی رەواندز) صالّی ۱۸۳۷ز. فەرمانڕەواییەکی سەربەخۆی چەندین هەرێمی کوردستان دەکات.

مێژوونووس و خۆرهەڵاتناسی سۆڤێتی باسیل نیکێتین لە کتێبی ( کوردەکان ) دا دەڵێت: ماوەی نێوان ۱٥۱٤ هەتا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا چەند میرنشینێك لە سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی یا ئێراندا دامەزران هەندێکیان پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ هەردوولادا، دامەزراندبوو ... ئەم دەرەبەگە بەهێزانە هەندێکجار وەڵامی عوسمانی و ئێرانیان نەدەدایەوە و لەوتاری نوێژی هەینیدا ناویان لەجێگەی ناوی ئەواندا دەخوێندرایەوە .

خەلیفەی عەبباسی لە بەغدا، مەهدی لە صالّی ۷۷۹ز، هاروونی کوڕی دەکات بە والی عێراقی عەجەم (وڵاتی چیاکان ـ میدیای بچووك)کە بە هاروون ئەلرەشید ناسراوە، شاعیرێکی عارەب بەراوردی کوردستانو بەغدا دەکات لە رووی هەوای فێنكو ئاوی سازگارو هاوینە هەوارەکانییەوەو دەڵێت:

**بِقَرْدی و بازَبْدی مَصیفٌ وَ مَرْبَعٌ — وَعَذْبٌ یحاکی السَّلْسَبِیلَ بُرودٌ**

**وَ بَغْدادُ ما بَغْدادُ أمّا ثُرابُها — فَجَمْرٌ وأمّا حَرُّها فَشَدیدٌ**

**واتاکەی بە کوردی: باڵ بە گەردنم هاوینە هەوارو جێگەی حەوانەوەیە، ئاوی سازگارو کەلله تەزێنە بەلام بەغدای چیی، خاکەکەی هەردەڵێی پشکۆی ئاگرەو گەرماکەشی پڕوکێنە**(١٥٤)

ئەبوو جەعفەری مەنسوور دووای ئەبووعەبباسی برای لە صالّی۷۳٥ز.دەبێتە دووەمین خەلیفەی عەبباسی لە بەغدا، یەکێك لە مامەکانی بە نێوی عەبدوڵڵای کوڕی عەلی، نەیارو ناحەزی بوو، داوای خەلافەتی دەکرد. مەنسوور بەسەرکردایەتی خوراسانی لەشکرێکی کردەسەری بۆ تەمێکردن. هەردووکیانی بە دوژمنی خۆی دەزانی، هەرکامیان لەو شەڕەدا بدۆڕێنیو لە نێوبچن، ئەم دوژمنێکی لە کۆڵدەبێتەوە. لە شەرەکەی نەسیبەین، نیزیك قامیشلۆ لەشکری عەبدوڵڵای کوڕی عەلی دەشکێتو خویشی بەدیلی دەکەوێتە دەست خوراسانی. مەنسوور لە بری رەچاوکردنی مامو برازایەتی یامەردایەتیو جوامێری نواندن لە کاتی سەرکەوتندا، هونەرێکی نوێ دادەهێنێت بۆ کۆشتنی نەیارەکانی، عەبدوڵڵا لە ژوورێکدا زیندان دەکات بناغەی ژوورەکە خۆی بوو، فەرماندەدات ئاو بکەنە بن دیوارەکانو عەبدوڵڵا دەبێت بەژێر هەرەسی دیوارەکانو سەربانەکەوە، دووای ئەو خۆراسانیشی نامەردانە کوشت.

ئایا مەنسوور بەدروستکردنی شاری بەغدا لە صالّی ۷٥۸ز، ئەو هەموو تاوان و خوێن رشتنە دەسڕێتەوە؟(١٥٥) ئێمە ناتوانین نکوولی پێشکەوتنی زانیارییو هونەرو وێژە بکەین لە سەردەمی عەباسییەکاندا، بەلام ئاستی ژیانی دانیشتووان تا دەهات نزمترو دژوارتر دەبوو، ژیانی تایبەتیی نێو کۆشکەکانو گەندەڵیی کاربەدەستانیش سەرڕێژی کردبوو،کەوتبووە سەر زاران. شاعیرێکی عارەب (ابو العلاء المعری) ۹۷٤/۹۷٥ ـ ۱۰٥۷/۱۰٥۸ز. لە کتێبەکەیدا (رسالة الغفران) سێ سەرکردەو شۆڕشگێری

کورد بە زەندیقو ناپاك ناودەبات، ئەبوو موسلیمی خوراسانی، بابەکی خوڕەمی، خدری کوڕی کاوس. ئەو شاعیرەی عارەب وشەی زەندیق دوور لە واتاو ناوەڕۆکە راستەقینەکەی بەکار دەهێنێت وەك خوانەناس، ئەوەش تەنها لەبەر ئەوەی ئەو سەرکردانەی کورد لە پێڕەوکارانی ئاینی زەردەشت بوون، هەر چەند بابەك لەسەر بنچینەی ئەو ئاینە سیستمێکی کۆمەڵایەتیی جاڕدابوو لەڕووی سەرهەڵدانی مێژووییەوە زۆر لە سیستمە سۆسیالیستەکەی مارکس لە پێشتر بوو.

شاعیرێکی تری عارەب، ئەبوو دەللامە؟؟؟ ـ٧٨٠ز.دڵی بەوەش ئاو ناخواتەوە خوراسانی بە ناپاك ناوببات بەڵکو کراسێکی ئاودامان ناپاکیو نامەردیی بە بەری هەموو گەلی کورد دەبڕێتو (ابومسلم) بە (ابو مجرم) ناودەباتو دەڵێت:

**أبا مجرم هل غیر الله نعمه — علی عبده حتی یغیرها العبد**

**أفی دوله المنصور حاولت غدره — الا أن أهل الغدر اباؤك الكورد**

**ئەی تاوانکار، یەزدان نیعمەتی خۆی لە بەندەیەکی( مەبەستی خەلیفەمەنسوورە.ن.ك )گۆڕیوە تاوەکو بەندە( مەبەستی لەخۆراساننی یە.ن.ك ) بتوانێت بیگۆڕێت، وەك تۆ لەژێر فەرمانڕەوایی مەنسووردا هەوڵی کارێکی نامەردانەتدا، چونکە تۆ هەر لە باوو باپیرە کوردەکانتەوە نامەردن.**[١٥٦]

جا وەرە بەراوردێکی راستیی رووداوەکانو رقوکینەی حوشترئاسای (ئەبوو دەلامە) بکە چەند دەرون رەشو ویژدان مردووە. داخەکەم ئەو خەمخۆرەی عارەب نەگەیشتە رۆژگاری فەرمانڕەوایی مستەفا کەمال،کە نەك هەر رژێمی خەلافەتی ئیسلامی لە بناغەوە هەڵتەکاند بەڵکو زمانی عارەبیو پیتەکانی قورئانی پیرۆزو ئاینەکەشی بە سواری حوشترێك ناردەوە دەشتەکانی نێوە دۆرگەی عەرەب، تا پرسیاری لێبکەین، ئەریٚ کابرا، کیٚ (اهل الغدر)ە، کورد، تورك، موالی، بەرمەکییەکان یا تۆو ئاغاکانت، خەلیفەکان، یەکێکی وەك یەزیدی کوڕی موعاویە کە لاپەڕەکانی قورئانی پیرۆزی شڕودڕکرد، وەلیدی برای کە سوکایەتی بە قورئان دەکاتو دەڵێت ئیتر کارم بە تۆ نییە، ئەوانەی دیوارەکانی کابەی پیرۆزیان پیسکرد، گۆڕو ئارامگای پێشەوایانی ئیسلامییان هەڵدایەوەو وێرانیانکردن بەتایبەتیش لە بەغدا، نەجەف، کەربەلاو کوشتنی ئەوانەش بۆ پاراستنی گیانی خۆیان پەنایان بۆ ئەو ئارامگا پیرۆزانە(مەرقەدەکان) بردبوو؟

سەرئەنجامی گەندەڵیی خەلیفەکانی عەبباسی لە بەغدا، پاشاگەردانییەك لە رووی رامیاریی کۆمەڵایەتییو ئاینییەوە بەسەر موسڵماناندا هات دەستەڵات بکەوێتە دەست بەرمەکییەکانو دوواتریش بە یەکجاریی بکەویتە دەست تورکە عوسمانییەکانو پاڵی بە گەلانی ئێرانیشەوە دەنا پشت ئەستوور بە قەوارە سیاسیی ـ نەتەوەییەکەیان، خۆیان بە بەشێکی جیاواز لە دەستەڵاتی ئیسلامیی عارەبیی، ئیسلامیی عوسمانیی دابنێن و توند دەستبگرن بە ئاینزای شیعەو زمانی فارسییەوە وەك لەمپەرێکی ئاینیی ـ نەتەوەیی ـ کولتووریی لە نێوان خۆیانو جیهانی ئیسلامداو هەتا سەرکەوتنی شۆڕشەکەی گەلانی ئێران بەرابەری ئایەتوڵڵا خومەینی هەر بەردەوامبوو، ئەمڕۆش هەر بەردەوامە، بەڵام لە شێوەیەکی دیکەدا. هەرچی کوردە داماوەکەشە کە بەڕاستیی دڵسۆزو سەربازیی نادیاریی ئیسلام بوون، مایەپووچ

مانـــەوەو تـــەنها ژێردەســـتییان بەرکـــەوت لەکاتێکـــدا وەك ئاشـــکرایە لـــەو رۆژەوە باوەڕیـــان بەپەیامبەرکردوموسڵمان بوون، بێپەروا دەستیان بە ئاینەکەوە دەگرتو رۆژێك لـە رۆژان بـۆ جیابوونـەوەو خۆڕزگارکردن لە دەستەڵاتی خەلیفەکان هەوڵیان نەداوە چەکیی ئاینییو ئاینزا بۆ مەبەستێك بـەکاربهێنن بەڵکو خزمەتێکی زۆری ئاینەکەیان لـە هـەموو روویەکـەوە دەکـردو قوربـانیی زۆریشـیان پێشـکەش کـرد بەپێچەوانەی ئێرانو شیعە کە کار لای ئەوان گەیشتە رادەیەك، تف و نەحلەت لێکردنـی سـێ خەلیفەکـە بوو بە ئەرکێکی ئاینیی و نیشانەی بـاوەڕی راسـتەقینەو موسـڵمانی دروسـت، لـەوەش مـەترسـیدار،(هیچ کەسێك) لە ئیمام عەلی شیاوترو لەپێشتر (نەبووە) و (نابێت) بـۆ پێشـەواییکردنی موسـڵمانان. یەکـەمین کۆڵەکەی ئاینەکەش دەستکارییەکی بەرچاوکرا بە داهێنانی شایەتمانی سێیەم (واشهد ان علیـا ولی الله) و لە هەموو (کەسێکیش) پتر بایەخیان بە پیرۆزییو رێزلێنانی عەلیو کوڕەکانی دەداو لە (هەموو شوێنێك) پیرۆزتـریش روویـان لـە نەجەف،کەربەلا،کازمیـەین، سـامەرا، قـومو مەشـهەد دەکـردو بـە حـەجیان دادەناوبەحاجیـەکانیان دەڵـێن فـلاَن کەسـی (قـومیی) یـا (مەشهەدیی)وشـیعەکانی عێـراقیش دەڵـێن (مەشـهەدانیی). ئـاخۆ ئـەمڕۆ رێـژەی ئـەو شـیعانەی بـۆ حـەج دەچـنە مەککـەو مەدینـە لـە چـاو میوانەکانی(زیارەتکارانی)نەجەفوکەربەلادا چەندە؟ ئەی رێژەی میوانـەکانی ئەوشـوێنە پیرۆزانـە لـە چـاو میوانەکانی مەککەو مەدینەدا (حاجییەکان) چەندە؟ مانگی فێبریوەری ٢٠٠٨ بۆ صالّیادی شەهید بوونی حسێن کوڕی عەلی پتر لە شەش ملیۆن شیعە لە ناوەوەو دەرەوەی عێراق روویانکردە کەربەلا، لە کاتێکدا هێشتا ژمارەی میوانەکانی یەزدان و پەیامبـەر (حاجییـەکان) لـە دەورووبـەری دووملیـۆنو نیـو تێپـەڕی نەکردووە.(١٥٧)

لە نێو سەرجەم گەلانو نەتەوە موسڵمانەکاندا، کورد بەتایبەتیی هیوایەکی گـەورەی بـە ئـاینی ئیسـلام هەبوو، لە سایەی ئەو پەیامە پیرۆزەو پیادەکردنی درووشمە کۆمەڵایەتییە مرۆڤ دۆسـتاکانیدا مافـەکانیان دەستکەوێتو لەتەك گەلی عارەبو لە باوەشی ئیسـلامدا ژیـانێکی ئاسـودەیان هـەبێت وەك لـەو ژیانـەی لەگەڵ فارسەکاندا بە کوێرەوەرییو ژێر چەپۆکیی بەسەریاندەبرد، بەڵام خەلیفەکان و دەسـتەڵاتداران رۆژ بـە رۆژ پـتر لـە نـاوەڕۆکیی ئاینەکـە دوور دەکەوتنـەوەو مەگـەر بەرووکـەش ئـەگینا دوابـەدوای دەسـەڵاتی چوارخەلیفەکە وسەردەمیی عومـەری کـوڕی عەبدلعـەزیزی دادپـەروەر بـەدوواوە پشـتیان کردبـووە ئـاینو بەرژەوەنـدیی موسڵمانان.سـەرنجێکی زنجـیرەی ٢٧ (خەلیفـەی موسـڵمانان)بدەین ناشایسـتەیی و جـەورو ستەمی ئەوانەمان بۆ روون دەبێتەوە. پەیامبەر لەو کۆمەڵگا هەرە دوواکەوتەیەی ئەو رۆژگـارەی عەرەبـدا شۆڕشـێکی راسـتەقینەی بـەرپاکرد، عـەرەب لـە تـاریکیی جەهالـەت بـەرەو روونـاکیی خواناسـیی و مرۆڤدۆسـتیی بجووڵێنێـت، سـەرکەوتنی کۆتاییشـی بەدەسـت هێنـاو بنچـینەکانی سیسـتمێکی سـادەی کۆمەڵایەتی گونجاوی دامەزراند بەڵام ئومەوییەکان بەبەرنامەیەکی چەوت هەوڵیانـدەدا موسـوڵمانان گـوج وگێل و حۆل بکەن و راستە رێگاکەی پەیامبەر لە رێبازی ئاینیی و دەوڵەتی ئیسلامەوە بگۆڕن بۆ رێبـازی ئیسلامی سیاسیی و دەوڵەتی ناسیۆنالیستی عەرەب.

هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئومەوییەوە لـە شـام ٦٦١ ـ ٧٥٠ز. چزووی هەسـتێکی بـە ئـازار گـەلی

کوردی ووریا کردەوە کە ژێر دەستیی هەر ژێردەستەییەو داگیرکاریی‌وچەوساندنەوە لەژێر هەر پەردەو رژێمێکدا بێت لە ناوەڕۆکدا جیاواز نین. سەردەمیی ئومەوییەکان کە بە رەچەڵەکە نەفرەت لێکراوەکە (الشجرة الملعونة) ناودەبرێت، لە زمان کوردێکەوە دەگێڕنەوە کە چووە بۆ حەج، هاوارو ناڵەی لێهەستاوەو بەدەم هەنسکی گریانو بە سۆزێکی دەروێشانەوە بە دەوری گۆڕی پیرۆزی پەیامبەردا دەسۆڕێتەوەو دەڵێت: (هەی بم وە قوروانەکەت،حەمە لامل زەرد، ئاگاو تێوەیە لە وەتی تۆ نەماگی چییان وەسەر هێناین؟!)

شاعیرێکیش هەر بەو مانایە دەڵێت:

**سوارێك بەرخێکی لەدەم گورگێك ستاند　　خۆی سەربیڕی‌و گۆشتەکەی برژاند**

**چزەی گۆشت دەیوت بە ناڵەو ئازار　　من کە هەر بخوریم چ گورگ بێ چ سوار**

*با منیش رێگە بە خۆم بدەم بڵێم:*

**هەرگیز بە دوژمن مەڵێ مەرحەبا　　چونکە چەند دەخوات ئەوەندەش دەبا**

## ئاینی ئیسلام و
### گەلانی موسوڵمان لەسەردەمی عەبباسییەکاندا

گرنگترین مەرجەکانی یەزدانپەرستیی لای موسڵمانان بریتییە لە
شایە تمان، نوێژو رۆژو، زەکات و حەج
لای جولەکە
هەتا لە قودس و (دیواری گریان)و
کۆتەڵەکەی داودەوە نێزیك بێت
ئەوەندەش لە یەزدانەوە نێزیکە!
لای کریست (عیسایی)
دڵی مرۆڤـــ خۆیەتی وەك عیسای مەسیح ئامۆژگاریکردوون
دڵتان خاوێنکەنەوە
جێگەی هەموو خوشەویستییەکی تێدا دەبێتەوە.

رۆڵی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی عەبباسیدا
خەلیفەکانی دەوڵەتی عەبباسی
گرووپە ئاینییەکان: حەنبەلی، موعتەزیلە، قەدەری، جەبری، زەیدی
مەئموون بانگەشەی دەکرد قورئان هەڵبەستراوە (پەنا بە یەزدان)
گەلانی موسڵمان لە سەردەمی عەبباسیەکاندا

زنجیرەی پاشەکشەو سەرنەکەوتنەکانی عارەب بەرامبەر هەژموونی سەرکەوتنە فراوانەکانی دەوڵەتی عوسمانیی لە ماوەی دووصەد ساڵێکدا ئەوەندە خێراو بەگوڕ بوون دەستەڵاتی عارەبو هێزی سەربازیی و توواناو کاریگەریی سستو لاوازی خەلیفەکانی عەبباسیدا لە بازنەیەکی بەرتەسکدا قەتیسکرد. پێشڕەویی بڵاوبونەوەی لەشکری ئیسلامو دەستبەسەرداگرتنی خۆرهەڵاتی ناوەندو ئاسیاو باکووری ئەفەریقاو قەفقاس چەند چڕو بە تینوتاو و گورجوگۆڵ بوو، ژێرکەوتنو پاشەکشەو مانەوەیان تەنها لە عێراقدا بە هەمان گوڕوتین و خێرایی بوو، هەردوو ئەنجامەکەش کۆمەڵێك هۆکاری ئاشکراو نهێنیی لە پێشتەوەن وەك:

١ـ دروشمە سەرەکیی و بەرچاوەکانی پەیامەکە لە سەرەتای بڵاو بوونەوەیدا مژدەی برایەتی، یەکسانی، دادی کۆمەڵایەتی بەگەلان دەدا کە لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز جەختیان لە سەر کراوە وەك (المؤمنون اخوة)، (لا فرق بين عربی و اعجمی الا بالتقوی)، (المسلمون سواسية كاسنان المشط) بەشێوەی گەلو هۆزی جیاواز خولقاندومانن یەکتر بناسن. باوەڕداران بران، عارەبو ناعارەب جیاوازییان لە نێواندا نییە لای یەزدان، مەگەر جیاوازییەك،ئاخۆ کامیان پتر روو لەیەزدان و پەییامبەر و ئاینەکەن. موسڵمانان یەکسانن و لە ئاستێکدان وەك دانەکانی شانە. بەڵام سەردەمی ئومەویەکان ئەو باوەڕە مرۆڤ دۆستانەیە کالچبووەوە وگۆڕدرا بە کەڵەگایەتی خەلیفە ملهوڕەکان و دەستەڵاتی تاکەکەسو کوێخایەتی بۆ چەندو چوونو گیانی خۆپەرستیو شۆفێنیزمی عارەب و پەیدابونی زاراوەی رامیاریی شعووبیەت.

٢ـ هۆزە دەشتەکییەکانی عارەب لەسەر داب و نەریتی بەرتەسکیی تیرەگەریی هەمیشە شەیداو تامەزرۆی پەلاماردانو داگیرکاریی و تاڵانکردنو دەستکەوت بوون، هەر لەو سونگەیەشەوە بەشێکیان بەسەر زارەکی بوونە موسوڵمان ئەگینا لە دڵدا باوەڕیان نەهێنابوو، هەر بۆ نموونە تیرەی بەنی قورەیزە (بنی قريضة) دووابە دوای کۆچیدوایی پەیامبەر( د.خ ) یەکسەر ژووان بوونەوەوگەڕانەوە سەربت پەرستیی.

٣ـ جێگرەکانی پەیامبەر جگە لە ئەبوو بەکر، عومەری کوڕی خەتتاب، عوسمانی کوڕی عەففانو عەلی کوڕی ئەبوو تالیب،عومەری کوڕی عەبدولعەزیز خەریکی جەنگو داگیرکاریی و چەوساندنەوەی موسڵمانان بوون و ئاوەدانییو پێشکەوتنی وڵاتەداگیرکراوەکانیان،باری گوزەرانو ژیانی دانیشتوانیان پشتگوێ خستبوو، سەرگەرمی بنیاتنانی کۆشكو سەراو ژیانی ئۆرستۆکراتی قەراڵەکانی ئەورووپاو سەرکردنە مەیی و شەوانی رەنگاو رەنگ بوونو ئاگاداری والییەکانو کاربەدەستان نەبوون چی بە موسڵمانان دەکەنو ژیانیان لێکردوونەتە دۆزەخ.

٤ ـ زنجیرە سەرکەوتنەکانی بەر لە ئومەویەکان بەو هەموو تاڵانیو دەستکەوتانەوە لە سامان و مرۆڤ ودەستبەسەراداگرتنی خاك و فەڕو پیتو بەرەکەتی فرەو خێرو بێری مفتو بێ ماندووبوونو ئافرەتو کچۆڵەی ناسکۆڵەیان وەك کەنیزەكو پیاوانیان وەك سەپانو جوتیارو کرێکاروکۆیلەو سەرباز بەکاردەهێنا، پتر شەیدای گیانبازیی دەکردن، بەڵام پێویستیان بە پشوویەکی درێژ بوو، شمشێرە خوێناویەکان وشکبنەوەو

ئەوانیش کەڵك لە دەستکەوتەکان وەربگرنو تامو چێژی ئەو ژیانە نوێیە بکەن.

٥ــ دەوروبــەری صــاڵی١٦٧ك.نێواڕاســتی ســەدەی هەشــتەمی عیســایی فێودالــە گــەورەکانی عــارەب (والییەکان) چیتر پـەیڕەوی فەرمانـەکانی خەلیفـەیان نـەکردو گـەلێك جاران سەرپێچییان دەکردوئـالآی یاخیبوونیشیان بەرزدەکردەوە، هەر بەو جۆرەش دەوڵەتی ئومەوی لە شام و دەوڵەتی عەبباسی لە عێـراقو ئیسپانیا دامەزرانو سەدەی نۆیەمی عیسایی میصرو ئاسیای ناوەندو ئێرانو ئەفغانستانیش جیابوونەوەو سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند. سەدەی یازدەش بەشـی هـەرە زۆری ناوچـەکانی بندەسـت خەلیفـەی ئیسـلام کەوتنە بندەست تورکە سەلجووقەکان.

٦ـ زۆربەی دانیشتووانی ئـەو ولاّتانـەی لەشـکری ئیسـلام رووی تێـدەکردن بـەهیوای ژیـانێکی دوور لـە چەوساندنەوەی چینایەتیو بێگارو نانەسکی و دادۆشـین بـە پـیر لەشـکرەوە دەچـوون لـە پێنـاو شکسـت و ریسواکردنی شاو میرو فەرمانڕەواو ئاغاکانیانو سەرکەوتنی لەشکری ئیسلام، بەڵام زۆرینەبرد بەتایبەتیش دووای بەلادا کـەوتنی کێشـەی خەلافـەت لـە نێـوان ئیمـام عـەلیو موعاویـەداو هاتنەسـەرکاریی چـینی دەرەبەگی تازە پێگەیشتووی عـارەب، ئـەو نەتەوانـە بۆیاندەرکـەوت ئـەمانیش هیچـیان لەوانـەی پێشـوو نەگەڕاوەتەوەو زمانحاڵیان دەیوت "هەزار رەحمەت لە کفن دزی پێشوو".

٧ــ ئـەنجامی تەقینـەوەی دووبـەرەکیی سـوننەو شـیعە وەك دووبـاڵی بـەهێزی دژ بەیـەکتری ئیسـلامو دابەشبوونی موسوڵمانان بەسەر ئەو دوو مەزبەدا(مەزهەب) بەشـێکی موسـڵمانان لـە لایـەنی رامیـارییو زمانو کولتووریشەوە پابەندی ئێران بوون.

٨ـ لەو سـەرزەمینە فراوانـەی بەدەسـت مـیری مسـوڵمانانەوە بـوو، دووا خەلیفـەی دەوڵـەتی عەبباسـی موقتەدیر بیللا (المقتدر بالله) تەنها شاری بەغدای بەدەستەوە مابوو بەموڵکی خۆیی بزانێت و خوا خـوای بو ئەویشی لە دەست دەرنەچێتو دەیوت "تەنها بەغدام بۆ بمێنێتەوە بەسمە"

بەڵام تورکە مەغۆلەکان بەسەرکردایەتی هۆلاکۆ ئەوەشیان پێ رەوا نەبینیو صاڵی ١٢٥٨ عیسـایی بـە پەلامارێکی کتوپڕو بەربڵاو بەغدا داگیر دەکەنو شار خەڵتانی خوێن دەکەنو ئاوی دوو رووبارەکەش سوور هەڵگەڕان! خەلیفەش زۆر درەنگ پێدەزانێت!

٩ـ هەر ئەو صاڵەش ناوچە گەرمیانەکانی ئیسپانیاشیان بەدەستەوە نەماو دوواین بنەو بارەگای ئیسلام لە ئەورووپا کە شاری غـەرناتـە بـوو بـەدووای شـاری کورۆیـو (قورتوبـە) کەوتـەوە دەسـت ئیسـپانیا. ئـەوە ئـەنجامێکی سروشـتیی گەنـدەڵییو بێسـەروبەری بـەڕێوەبردنو خـافڵبوونی خەلیفـەو والییـەکان بـوو لـە کاروباری ولاّت. ئەنجام چۆن لەوە باشتر دەبێـت ئـەو بـەناو رابـەرانی موسـڵمانانو جێگرەکـانی پەیامبـەر (خەلیفەکانی ئومەوی و عەبباسی) کە مێژووی چەواشەو بەتایبەتیش ئەوەی لە بەرنامەی خوێنـدنگاکانی ولاّتانی موسڵماندا دەخوێندرێن بە جێگری شیاوی پەیامبەرو خواناسو دادپەروەرو دلۆڤان پێشانیاندەدات کە لەڕاستیدا زۆر لەوانەوە دوورن و بگرە پێچەوانەش و ئەوەندە دڵڕەشو دەروون پڕ لە کینەبوون ئاشکراو بێپەردە دژایەتی بنەماڵەی پەیامبەریان دەکرد، خەلیفەی عەبباسی (متوکل علی الله)بەڕادەیەك قەلاچۆی یارانی ئیمام دەکات،کار بەوەگەیشت دووای (١٧٠) صاڵ لە شەهید بوونی حسێن کوڕی عەلی، گۆڕەکەیی

هەڵدایەوەو ئەو ناوچەیەی کردە جێگەپیاز.

## گروپی موعتەزیلە

**عەبباسیەکان لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەدا خوێنی زۆر زاناو هەڵکەوتوویان کردە کاسە، گوایە (زەنـدیق) ن، کەچی دوواتر هەر خۆیان فەرمانی کوشتنی ئەوانەیان دەدا کەزەندیق نین؟!**

یاقووب مامۆستای کوڕەکانی (واثق باللە) بوو، وەك کارەکۆڕپە سەریانبڕی، چونکە جنێوی بە ئیمام عەلی نەدا. ئەرێ هەر عەبباسییەکان نەبوون فەرمانیاندا ڕێبازی (موعتەزیلە) لە مەودووا ئاینی فەرمیی وڵاتە لە جێگەی ئاینزای سوننە؟ بە مەرجێك موعتەزیلە قورئانی پیرۆز بە هەڵبەستراو دەزانن! هەر بەوەشەوە نەوەستان بۆ چەسپاندنی ئەو بانگەشەیە بە بەرنامەیەکی تۆکمە تێدەکۆشانو کاریاندەکردو بۆ ئەو مەبەستەش چەند کۆمیتەیەکی تایبەتییان بەوڵاتدا بڵاوکردەوە دەچوونە نێو دانیشتووانو پرسیاریاندەکرد: باوەڕتان هەیە قورئان لە ئاسمانەوە نەهاتۆتە خوارەوە،بەڵکو مرۆڤکردە؟ هەر کەسێك بیوتایە نەء باوەڕم نییە و ئەوە کفرە، هەر لەو شوێنەدا ملیان دەقرتاند.[١٥٨] هۆنەری مەزنی عارەب (المتنبي) یەکێك بوو لە قوربانیانی ئەو شاڵاوە دڕندانەیە لە سەردەمی خەلیفە (عضد الدولة) دا. زانای ئاینیی ئەحمەد خوزاعیش ملی بوو بەو تەڵەیەوە کاتێك لە وەڵامی (واثق باللە) دا وتی نەخێر قورئان دیاریی یەزدانە. بە دەستی خۆی کوشتی. هەر ئەو خەلیفەیەی ئیسلام لەگەڵ دەوڵەتی بێزنتەدا دیلەکانیان دەگۆڕییەوە، بەڵام فەرمانیدا هەر دیلێك (پەنا بەخوا ـ اعوذ باللە) سەلماندی قورئان دەستکردی مرۆڤە وەربگرنەوە، هەر دیلێکیش نەیسەلماند با هەر دیل بێت. جێگەی وەبیرهێنانەوەیە دەوڵەتی عوسمانیش لە پرۆسەیەکی دیل گۆڕینەوەدا لەگەڵ بەریتانیادا، دیلە عارەبەکانیان وەرنەگرتەوە. کورد دەڵێت (ئەوەی لە مشك بێت جەواڵ دەدڕێت).

خەلیفە (المقتدر باللە) هەڵکەوتوترین زانای صۆفیگەریی، هۆنەرو فەیلەسووفی مەزن حسین کوڕی مەنصوور، ناسراو بە حەللاج، ٣٠٩ك. لە چەقی بازاڕی شاری بەغدادا، عیسای مەسیح ئاسا هەڵواسرا،چوارپەلیان لەداربەستو بەزیندوویی دەستوقاچەکانی دەبڕنەوە ئەمجا سەریدەبڕنو کەللە سەرەکەی دەنێرن بۆ خۆراسانو بەنێو بازاڕو کوڵاناندا دەیانگێڕا، لاشەکەشیان بەسەر پردێکی بەغداوە هەڵواسی، خەلیفەی خوێنڕێژ هێشتا ئاسوودە نەبوو، فەرمانیدا بیسوتێنن.

حەللاجی مەزنو نەمر بەوە تاوانبار کرا بوو (خۆی بە یەزدان دەزانێت) ئەویش وەك هەر خاوەن باوەڕێکی چەسپاو بە بەڵگەی دروستو بەهێز، پشت ئەستوور بەدەقەکانی قورئانی پیرۆز داکۆکی لە بیرو بۆچوونەکانی دەکردو نەپاڕایەوەو داوای لێبوردنیشی نەکرد، هەتا نووزەی تێدا مابوو دەیفەرموو:

**روحه روحى و روحي روحه *** ان يَشأ شئتُ وأن شئت يشأ**

واتاکەی: گیانی، گیانمە و گیانم، گیانێتی کە دەخوازێت، دەخوازم و کە دەخوازم، دەخوازێت .

حەزرەتی مەحوی کوردیش گلەیی لە حەللاج دەکاتو دەفەرموێت:

**باهەقیشی بێ لە بۆحەللاج (انا الحق) حەق نییە ** شێتی یە مەجنوون کە بێتو نازی لەیلایی بکات**

هۆنینەوەی ئەو وێنە هونەرییە دانسقانەی بیر و دەست و خامەی مەحوی لوتکە، ئەگەر بێ وێنە نەبن،

کەم وێنەن.

خەلیفەکانی عەبباسی بەجۆرێك دڵ لە پاکیی و دڵسۆزیی موسوڵمانان دەگۆڕن، هیچ باوەڕو متمانەیەکیان بە عارەبو کورد نەدەکرد، روو لە بێگانە دەکەنو چەند گرووپێك لە هۆزەکانی مەغۆل رادەگرنو پۆستی گەورەی بەڕێوەبردنی کۆشكو سەراکانیان پێدەسپێرنو دەبنە کوێخاو دووگونە بەسەر دانیشتووانی ولاتدا شۆڕدەکەنەوەو هەر ئەوەندە هەلێکی گونجاویشیان بۆ رێکەوت وەك کلاشی هەورامان هەلگەڕانەوەو نەك حەرام و حەرامزادە وەك مارەکەی شێخ هۆمەر چززە لە جەرگی خەلیفەو نێزیکەکانی هەلدەستێنن و هەرلە صالی ٩٤٤ کۆچیەوە هەتا ١٠٥٧ك ـ صەدو سیانزدە صال فەرمانڕەواییانکردو جەورو ستەمیان لە تۆقاندنو ئازاردانو راونانو کوشتنی نەیارەکاندا هەموو سنوورەکانی تاوانی بەزاندو جۆرێك "هونەریان" لەو بووارەدا بەکاردەبرد زۆر کەس وا دەزانێت داهێنانی دەزگاکانی هیتلەر، پۆلیسی نهێنی ئەڵەمانیای خۆرهەلات، ساواکی شای ئێران، میتی تورکیا، دەسگا سەرکوتکارەکانی بەعسی عێراق و سووریا... دایانهێناوە، بەلام نەخێر،ئەوانە هەرگیز نەگەیشتنە "هونەرو پێشکەوتنی" عەبباسیەکان لەتاوانکاریدا.دەسگاکانی صەددام حسێن هەر بۆ نموونە زمانو گوێچکەیان دەقرتاند، بەلام عەبباسییەکان زمانیان نەدەقرتاند، لەپشت سەرەوە بە ساغی دەریاندەهێنا! کەللە سەرەکەشیان بەدەمو چاوەوە کەولدەکردو پڕیاندەکرد لە کا، بە دیاری دەیاننارد بۆ خەلیفە.

## رۆڵی کورد لە دامەزراندنی دەولەتی عەباسیدا

دوای کەوتنی دەولەتی ئومەوی لە شام ٦٦١ــ ٧٥٠ز. بە کۆشش و هاوکاریی ئەکتیڤو بەرچاوی سەرکردە کوردەکانی خۆراسان، ئەبوموسلمی خۆراسانیو هاوکاریی بابەکر خوڕەمی خوراسانی برازای سەرکەوتنەکە وەك هێلکەی پاککراو دەخەنە بەردەستی عەبباسییەکانو هەر لەو صالەدا دەولەتێکی نوێ لە جێگەی دەولەتی ئومەوی لە بەغدا دادەمەزرێت بە نێوی دەولەتی عەبباسی ٧٥٠ــ ١٢٥٠ز بەسەرۆکایەتی ئەبولعەبباس ٧٥٠ــ ٧٥٢ز. ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەی کورت بوو، بەلام ئەوەندە فریادەکەوێت بەرنامەی دەولەتەکە بەخوێن رەنگرێژ بکاتو لە پاداشتی کوردا سەرکردەی جوامێری کورد بەهزادان، ناسراو بە ئەبوموسلیمی خوراسانی و بابەکی خوڕەمی پێکەوە بکوژێتو بەو بەرنامە خوێناوییەو مێژووە رەشەوە پێنج صەدصال فەرمانڕەوا بوون. ئەبوو جەعفەری مەنصوور صالی ٧٥٢ز. بەدووای ئەبولعباسی برایدا دەبێتە خەلیفەو هەر ئەویش بەدامەزرێنەری راستەقینەی دەولەتەکە دەناسرێت.[١٥٩] ئەویش لەشکر دەنێرێتە سەر عەبدوللای کوڕی عەلی مامۆیو دوای دەستگیرکردن کوشتیان.

## دووای جەعفەریش بەزنجیرە ئەم عەبباسییانە بوون بە خەلیفە:

خەلیفە مەهدی کوڕی جەعفەر، ئەوە هەر خەریکی خواردنەوەو مەستییو رابواردنو دەنگی گۆرانی بێژە ئافرەتەکانی کۆشك بوو، رێگەی بە شاعیران نەدەدا هۆنراوە بۆ ئافرەت بهۆننەوە مەگەر لە دانیشتنە تایبەتییەکانیدا داوایدەکرد ئادەی بە بەژنو بالای عەرعەرو چاوی مەستی ئەم کەنیزەکەدا بلێن.

خەلیفە موقتەدیر بیللا ٣٠٩/ ٩٢٢ز.

خەلیفە موقتەدیر بیللا٤٦٧ ـ ٤٨ك./١٠٧٥ـ١٠٩٥ز.یەکێك لە ئافرەتەکانی کۆشك ژەهرخواردی کرد.

خەلیفە موستەزهیر بیللا ٤٨٧ـ ٥١٢ك/ ١٠٩٥ـ ١١١٩ز. کوڕی موقتەدیرە، لە سەردەمی ئەمدا عیسایی شاری قودس دەگرن.

خەلیفە مووسای هادی، کوڕی مەهدی یەو برای هاروونە رەشیدە (هارون الرشید) خەلیفە موستەکفی بیللادەستگیردەکات، چاویان دەرهێناو لە زیندانیدا مرد.

خەلیفە موستەرشید بیللا٥١٢ـ٥٢٩ك./١١١٩ـ١١٣٥ز. سەرەڕای کوشتنی, لوتو گوێچکەشیان بڕی!

خەلیفە راشید ٥٢٩ـ ٥٣٢ك/ ١١٣٥ـ ١١٣٨ز. دەستو پێوەندەکەی کوشتیان.

خەلیفە موستەعصیم بیللا ٦٤٠ـ ٦٥٦ك. مەغۆل بەشێوەیەکی سەیر کوشتیان، بێئەوەی دلۆپێك خوێنی بڕژێت "خنکاندن نەبوو".

خەلیفەی موسای هادی ٧٨٥ـ ٧٨٦ك/ ١٣٨٤ـ ١٣٨٥ز. کوڕی مەهدیو برای هارونە رەشیدە، دەڵێن ئەم موسایە نەخۆشییەکی دەروونی هەبوو، لەگەڵ دۆستێکدا لەدەرەوەی شار،حاڵەتێکی بەسەردا دێت لە کەندەڵانێکەوە بیخاتە خوارەوە، بەڵام هەردووکیان ملیان شکا.

خەلیفە ئەمین ٨٠٩ـ ٨١٣ك/ ١٤٠٧ـ ١٤١١ز.ئەمینو مەئموون کوڕی هاروونن. مەئموون والی خوراسان بوو سەردەمی خەلافەتی ئەمینی برای هەڵدەگەڕێتەوەو ئەمین دەکوژێتو ئەوانەی نەکوژران دووری خستنەوە بۆ هەنگاریاو بولگاریا.

خەلیفە مەئموون ٨١٣ـ ٨٣٣ك/ ١٤١١ـ ١٤٣٠ز.[١٦٠]

خەلیفە واثیق بیللا ٨٤١ـ ٨٤٦ك/ ١٤٣٨ـ ١٤٤٣ز. سەر بەڕێبازی (موعتەزیلە)و بۆچوونەکەیانە کە قورئان بەرهەمی مرۆڤە!

خەلیفە موتەوەکیل بیللا ٨٤٦ـ ٨٦١ك/ ١٤٤٣ـ ١٤٥٧ز. ئەم خەلیفەیە چووە سەر باوەڕی گرووپی ناصیبیبون کە دروشمی بنبڕکردنی عەلەویەکانی بەرزکردبۆوە، بەڵام یەکێك لە کوڕەکانی خۆی کوشتی.

خەلیفە موستەنصیر بیللا ٨٦١ـ ٨٦٢ك/ ١٤٥٧ـ ١٤٥٨ز. باوکی خۆی دەکوژێتو بەدەستی پزیشکە تایبەتەکەی کوژرایەوە!

خەلیفە موستەعین بیللا ٨٦٢ـ ٨٦٦ك/ ١٤٥٨ـ ١٤٦٢ز. بەدەستی موعتەز کوژرا.

خەلیفە موعتەز بیللا ٨٦٦ـ ٨٦٩ك/ ١٤٦٢ـ ١٤٦٥ز. موستەعین دەکوژێتو دەبێتە خەلیفە!

خەلیفە موهتەدی بیللا٨٦٩ـ٨٧٠ك/١٤٦٥ـ١٤٧٠ز.دەستگیرکراونەیارەکانی بەئەشکەنجەدان کوشتیان.

خەلیفە عەبدوڵڵای کوڕی موعتەز ٩٠٨ك/ ١٥٠٢ز. تەنها رۆژێك خەلیفە بوو!!

خەلیفە موتتەقی بیللا ٩٤٠ـ ٩٤٤ك/ ١٥٣٤ـ ١٥٣٨ز. نەیارەکانی بە سووژنی سوورەوە کراو هەردوو چاویان کوێرکردو هەتا مرد لە زینداندا بوو.

خەلیفە موستەکفی بیللا ٩٤٤ك/ ١٥٣٨ز. تاوانەکەی خۆی یەخەی دەگرێتو چاوەکانیان هەڵکۆڵی و لە زیندانیان هاویشت هەتا مرد. لە سەردەمی ئەم خەلیفەیەدا بووەیهییەکان دەستەڵاتیان فراوان بوو، خەلیفەکانی عەبباسییان دەستەمۆکردبوو، فەرمانڕەوایی راستەقینەی وڵات خۆیان بوون، ماوەی نێوان

٣٣٤ـ ٤٤٧ك/ ٩٤٦ـ ١٥٣٦ز.
خەلیفە موستەنجید بیللا لە کاتی خۆشتندا دەرکەی گەرماوەکەیان لەسەر کلۆمکرد هەتا مرد!
خەلیفە قاهیر بیللا، ماڵو سامانو دارایی موقتەدیر بـیللا زەوتـدەکاتو چاوەکانیشـی بەشـوژنی سـورەوە کراو کوێر دەکات.
خەلیفە رازی بیللا. تۆڵەی موقتەدیر بیللال دەکاتەوە لە قاهیربیلاو چاوەکانی هەڵکۆڵیو بـەدەردێکی بـرد لـە شـەقامو کۆڵانـەکانی شـاری بەغـدا دەستەسـڕ دادەخات!خەلیفـە(رازی)ش بـە سـزای خـۆی دەگـاتو پاسەوانەکانی خۆی کوشتیان.
خەلیفە تائیع لیللا (الطائع لله) ٩٩٤ـ ٩٩١ز. سێیەمین چارەکی سـەدەی دەیـەمی عیسـایی، هۆنـەری مەزنی عارەب موتەنەبی کوشتو دەست بەسەر سامانو داراییەکەیدا دەگرێت.
خەلیفە موتیع لیئەمریللا (المطیع لامر لله) بە تۆپزی لەسەر تـەخت دایـانگرت. ئـەم موتیعـەو تـائیعو قادرو قائیم بیللا هەموویان دەستەمۆی بووەیهییەکان بوون.
لێرەدا بۆمان هەیـە لەگـەڵ خوێنـەری هێـژادا بپرسـین ئـەم زنجـیرەی گوایـە (خەلیفـەکانی پەیامهێنـەری یەزدان)، خەلیفەو جێگری پەیامبەرو باوکی دڵسۆزی موسڵمانان بوون یا سەرۆك باندی مافیاو رێکخراوی تیرۆریست؟ زۆربەی هەرە زۆریان لە پلانو پلانگێڕانـدا بەدەسـتی بـرا، کـوڕ، خزمـەتکارو پاسـەوانەکانیان کوژران! ئاخۆ ئەوانە خەلیفەی موسڵمانان بوون یا خەڵەتێنەری موسڵمانان؟ پرسیارێکەو هیچی تـر! ئـاخر لە سەردەمی ئەو بەناو خەلیفانەدا بوو وڵاتـانی خۆرهـەڵات و بەتایبـەتیش بەغـدا لـە سـەردەمی زێڕینـی شارستانێتیو پێشکەوتندابوون لە جۆرەها لایەنی زانستیدا بەرەو دووا گەڕانەوە بەرەو سەردەمی تاریکیو دوواکەوتن. ئەوروپاش کە ئەوکاتە سەردەمی تاریکی و دوواکەوتنی تێدەپەڕاند بە هەنگاوی خێراو جێگیر بناغەی ئەم پێشکەوتنەی دامەزراند کە ئەمڕۆ دەبینینو زۆربـەی وڵاتـانی خۆرهـەڵاتانو تێکـڕای جیهـانی ئیسلامیش بە هەزار مـنەتو شاباش نازناوی شەرمهێنەری جیهانی سێیەمی پێبڕاو، ناوەڕۆکەکەی جیهـانی تاریکیو دوواکەوتنە لە هەموو بووارەکانی ژیاندا.
خۆشبەختانە لاوازی دەوڵەتی عەبباسی خێـری کـوردی تێـدابوو جـۆرە سـەربەخۆییەکی دەسـتگیر بێـت، سەردارانی کورد ئەو هەلە دەقۆزنەوەو چەند میرنشینێك دادەمـەزرێنن وەك میرنشـینی حەسـنەوی ٩٥٠ــ ١٠٩٥ز. دکتۆر کەمال فوئاد دەڵێت میرنشینی حەسنەوی، حەسەن بـەرزیکانی لـە شـارەزوور دایمەزرانـدو دینەوەر دەکاتە پایتەخت کە دەکەوێتە باکووری کرماشانو هەر لە شارەزوورە هەتا نەهاوەنـد لـە سـنووری ژێر فەرمانی ئەودا بوو. ئەوە جگـە لـە میرنشـینی یـا دەوڵـەتی شـەددادی ٩٥١ــ ١١٦٤ز. لـە بـاکووری ئازەربایجانو باشووری خۆرئاوای قـەفقاس دامـەزراو میرنشـینی فەزلـەوی ٥٤٣ــ ٨٢٧ك. دامـەزرا بـەڵام زمانی فەرمی میرنشینەکە عارەبی بوو.
هەر ئەو لاوازیو بێفەڕییـەی ئـەو بـەناو خەلیفانـە بـوو وڵاتـانی ئێـران، ئەفغانسـتان، وڵاتـانی ئاسـیای نێوەڕاستو میصریش لە دەوڵەتەکەی خەلیفە جیابوونەوەو سـەدەی یـازدەی عیسـاییش بەشـی زۆری ئـەو ناوچانەی بەدەستیانەوە مابوو کەوتنە بندەستی سەلجووقەکان .

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١ـ بڕوانە سامی سعید الاحمد. الدکتور. السومرین وتراثهم الحضاری، الجزء الاول، بغداد، ١٩٧٣، ص١٥، ١٦.

٢ـ طه باقر. الدکتور. مقدمة من الحضارات القدیمة، بیروت، ١٩٧٣، ص١٦١، ١٩٢، ١٩٣، ٢٠٤.

٣ـ نبز. الامیر الکردی محمد الرواندوزی. رسالة دکتوراه. ١٩٧٠، الالمانیة. ترجمة فخری سلاحشور الی العربیة. کوردستان ـ هەولێر، ١٩٩٤، (من منشورات الاکادیمیة الکردییة للعلم والفنون. ستوکهولم، ٢٦٠٦ك/ ١٩٩٤م).

٤ـ ئیحسان نووری پاشا، مێژووی رەچەڵەکی کورد، ل/ ٧٤.

٥ـ سامی سعید الاحمد. الدکتور. السومریون و تراثهم الحضاری، ج١، بغداد، ١٩٧٣، ص٤٢.

٦ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٨٤.

٧ـ ئیحسان نوری پاشا، مێژوی رەچەڵەکی کورد. ل/٣١.

٨ـ هەمان سەرچاوە، ل٥٠.

٩ـ هەر ئەو سەچاوەیە، بڕوانە ل٤٩ـ٥٠.

١٠ـ فەرهاد پیربال، دکتۆر. کورد لە دیدی رۆژهەڵاتناسانەوە، تێکستو توێژینەوە، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٧٩.

١١ـ هەمان لاپەڕەی سەرچاوەی پێشوو.

١٢ـ ئیحسان نووری پاشا، مێژووی رەچەڵەکی کورد، ل/٣٣.

١٣ـ دۆرگەی کوردان (جزیرة الاکراد) جزیرو بۆتان ئەو ناوچانەیە رووباری دیجلە لە شێوەی دەمە داسێکدا باوەشی پێداکردووە.

١٤ـ ئیحسان نووری پاشا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩ـ٣٠ .

١٥ـ سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.

١٦ـ احمد سوسة. الدکتور. فیضانات بغداد فی التاریخ، ج٢، ص٨١.

١٧ـ طه باقر . سەرچاوەی پێشوو، ل/ ٢١٧.

١٨ـ ئیحسان نووری پاشا. سەرچاوەی پێشوو، ل/ ١٦.

١٩ـ سامی سعید الاحمد. سەرچاوەی پێشوو، ل/١٧.

٢٠ـ ئیحسان نووری پاشا. سەرچاوەی پێشوو، ل/ ١٨.

٢١ـ سەرچاوەی پێشوو، ل/٥.

٢٢ـ رووبەری کوردستان خەملێنراوە بە ٢٠٠،٠٠٠ میلی چوارگۆشە. رۆژنامەوانی بەریتانیایی جۆناثان راندڵ دەمەدەمی راپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ی باشووری کوردستان و دوواتریش بە کوردستاندا گەڕاوە، رووبەری کوردستانی بە ٢٢٠،٠٠٠ هەزار میلی چوارگۆشە مەزندە کردووە.

٢٣ـ طه باقر . الدکتور. سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

٢٤ـ سامی سعید الاحمد. الدکتور. سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

٢٥ـ مصطفی جواد، الدکتور. مشاتی الاکراد ومصائفهم، ص/٦٠.

٢٦ـ فەرهاد پیربالّ. دکتۆر. سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠.

٢٧ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٠٢ـ١٠٣.

٢٨ـ فلادیمێر مینۆرسکی. کوردەکان. دکتۆر مارف خەزنەدار لە رووسییەوە کردوویەتی بە عارەبی، بەغداد، ١٩٦٨و حەمە سەعید حەمەکەریم ١٩٨٤ کردوویەتی بە کوردی، ل٧٢، ٧٣.

٢٩ـ جمال نبز. المستضعفون الکرد و اخوانهم المسلمون. منشورات کوردنامە، لندن، ١٩٩٧، ص١١٥، هامش ٦٦.

٣٠ـ نفس المصدر، ص٤٨.

٣١ـ سامی سعید الاحمد. الدکتور. المصدر السابق، ص٤٤.

٣٢ـ نفس المصدر، ص٢٠.

٣٣ـ وشەیکەڵ لە زمانی کوردیدا بە دوو مانا دێت، کەل ـ کەچ ـ شکاو وەك دانکەل، پیاڵەیەکی کەل، ددانێك کەوتبێت یا شکابێت، پیاڵەیەك لێوانەکەی شکابێت.

واتای دووەم کەل ـ چیا، کێو، شاخ وەك کەلیخان، کەلی عەلی بەگ نەك گەلی عەلی بەگ.

٣٤ـ بڕوانە سامی سعید الاحمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

٣٥ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٤٤.

٣٦ـ عەبدوڵڵا غەفوور، جوگرافیای کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٨٣ـ ٨٦.

٣٧ـ سەردەمانێکی دوورو درێژ هەردوو رووباری دیجلەو فورات سەربەخۆ دەڕژانە شەتولعەرەبەوە.

٣٨ـ فلادیمیر مینۆرسکی، کوردەکان. سەرچاوەی پێشوو، ل/ ٨٥.

٣٩ـ ئەوانەی لەم پەرەگرافەدا بە رووبار ناوبراون، (چەم) ن نەك رووبار.

٤٠ـ عەبدوڵڵا غەفوور. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨ـ ٣٦.

٤١ـ بڕوانە لێکۆڵینەوەی (تطور مناخ العراق)، مجلة الاداب "العراقیة"، مجلد ١١/ سنة ١٩٦٨، ص٢٥٩.

٤٢ـ زکی. محمد امین. خلاصة تاریخ الکرد وکردستان، ترجمة محمد علی عونی الی العربیة، القاهرة، ١٩٣٩، ص٢، بغداد، ١٩٦١، ص ٢٩٩.

٤٣ـ سوورەتی هوود ئایەتی: ٤٠.

٤٤ـ سوورەتی هوود ئایەتی ٤٨.

٤٥ـ سوورەتی هوود، ئایەتی ٢٩.

٤٦ـ سوورەتی هوود، ئایەتی ٢٨.

٤٧ـ سوورەتی هوود، ئایەتی ٤٤.

٤٨ـ صالّح لە زمانی کوردیدا بە واتای چاك بەکار دێت وەك پیاوچاك ـ روو لە یەزدان، منداڵی چاك ـ گوێڕایەڵی دایكو باوك.

٤٩ـ چیای جوودی ـ گوودی ـ گۆتی لە چیا نزمەکانی کوردستانەو بەرزییەکەی لە ئاستی دەریاوە ٦٢٧م کەمترە.

٥٠ـ لە هەندێك سەرچاوەدا ٧٠٠ـ ٥٠٠ پێ نووسراوە.

٥١ـ کۆرش (کەیخوسرەو) ٥٤٩ـ ٣٨٦ پز. بەشانازییەوە دەڵێت پارس کوڕی پارسم.

٥٢ـ گیان ـ رەوان ـ رۆح یەك واتایە، کورد دەڵێت گیانی شیرین، رۆحی رەوان، رۆح کێشان ـ رۆح

دەرچوون، گیانکێشان ـ گیاندان ـ گیاندەرچوون.

٥٣ـ تۆفیق وەهبی. الیزیدیة بقایا المیثرائیه فی الحضر وکردستان العراق. ترجمة شوکت ملا اسماعیل عن الانکلیزیة الی العربیة، السلیمانیة، ٢٠٠٤، ص٤.

٥٤ـ هەمان سەرچاوە، ل ٥ـ٦.

٥٥ـ جەمال نەبەز. پرۆفیسۆر. سەرنجدانێك لە میتۆلۆژیای کورد. ئەکادیمیای زانستو هونەری کورد، ١٩٨٦.

٥٦ـ بۆچوونیش هەیە کە لە دەست جەورو ستەمی ئومەویەکان پەرەوازەی چیاکان بووە.

٥٧ـ نبز. الدکتور. المستضعفون الکرد واخوانهم المسلمون. نشورات کوردنامة. لندن، ١٩٩٧، (محاضرة ١٩٩٤/٥/٢١ فی الموتمر الثاني لحل القضیة الکردیة فی مدینة کولن .. المانیا).

٥٨ـ تۆفیق وەهبی . سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

٥٩ـ هەمان سەرچاوە، ل٤٢ـ٤٣.

٦٠ـ فلادێمر مینۆرسکی . سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.

٦١ـ تۆفیق وەهبی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

٦٢ـ صدیق الدملوجی، امارة بهدینان. الموصل، ١٩٥٢ "تۆفیق وەهبی سەرچاوە پێشوو لاپەڕە ٤٩".

٦٣ـ هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٣ـ ٤٣٩ ". وەهبی، ل٥٠.

٦٤ـ فلادێمیر مینۆرسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

٦٥ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١١.

٦٦ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ١١٣.

٦٧ـ تۆفیق وەهبی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

٦٨ـ هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

٦٩ـ هەمان سەرچاوە، ل٤١ـ ٤٤.

٧٠ـ گوندی میرزا رۆستەم لەو کۆمەڵە گوندە بوو ساڵی ١٩٥٦ کەوتنە ژێر بەنداوی دوکانەوە.

٧١ـ جەمال نەبەز. پرۆفیسۆر . سەرنجدانێك لە میتۆلۆژیای کورد.

٧٢ـ فلادیمێر مینۆرسکی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

٧٣ـ هەمان سەرچاوە، ل٥٢ـ ٥٦.

٧٤ـ گوندێك لە شارەزوور هەیە بەنێوی باوە خۆشێن.

٧٥ـ موحەمەد موکری. ژیانی کوردەواری (بەزمانی فەرەنسایی) ل٢٠٨، ٢٠٩.

٧٦ـ هۆنراوەکانی بابەتاهیری هەمەدانی کۆڵەکەیەکی گرنگی باوەڕەکەن.

٧٧ـ موحەمەد موکری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩ـ ٢١٠.

٧٨ـ فلادیمێر مینۆرسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

٧٩ـ مارف خەزنەدار. دکتۆر. لە بابەت مێژووی ئەدەبی .. ل/٢٢٤.

٨٠ـ نبز. المستضعفون الکرد و اخوانهم المسلمون، ل١٠٢. پەراوێزی ٣٧.

٨١ـ دەستکاری رێنوسی هۆنراوەکەم نەکردووە جگە لە دانانی نیشانە (٧) سەروو ژێری پیتەکان .

٨٢ـ بۆ نێوان دوو کەوانەکان بڕوانە شێخ رەشید شێخ عەبدلرەحمان. مێژووی زاگرۆس. هەولێر، ٢٠٠١.

٨٣ـ پوختەی کتێبی ئاڤێستا بە زمانی ئەڵەمانی!

٨٤ـ کەڵك لە مێژووی زاگرۆس. رەشید شێخ عەبدلرەحمان وەرگێراوە.
٨٥ـ کمال مظهر احمد، الدکتور. کردستان فی سنوات الحرب العالمیة الاولی. ترجمة محمد الملا عبد الکریم . ط٢، بغداد، ١٩٨٤.
٨٦ـ موحەممەد ئەمین زەکی، سەرجەمی بەرهەمەکانی، ئامادەکردنی سدیق صالح، ب١، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢١٨، پەراوێزی ژمارە (١).
٨٧ـ هەتا ئەو دووابیانەش وا دەزانرا گاتا پەرستگای زەردەشتییەکان یا بەشێکی ئاڤێستایە .
٨٨ـ ئیحسان نووری پاشا، سەرچاوەی پێشوو، ل١.
٨٩ـ هەمان سەرچاوە ل٦٦.
٩٠ـ هەمان سەرچاوە ل١١ .
٩١ـ ارثر کریستنیست، ایران فی عهد الساسانیة، ترجمة یحیا الخشاب، القاهرة، ١٩٥٧، ص٥٠٢.
٩٢ـ مارف خەزنەدار، دکتۆر، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بغداد، ١٩٨٤، ل٤٥٨.
٩٣ـ ئیحسان نوری پاشا. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.
٩٤ـ موحەمەد ئەمین زەکی. سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧ـ ٢٢٨.
٩٥ـ حەسەن مەحموود حەمە کەریم، کوردستان لە بەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٢٧.
٩٦ـ ئیحسان نوری پاشا. سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.
٩٧ـ طه باقر. مقدمه من تاریخ الحضارات، ج١، ط٢، بغداد، ١٩٨٦، ص٦١.
٩٨ـ ئیحسان نووری پاشا، مێژووی رەچەڵەکی کورد . ل/٧ .
٩٩ـ خسرو گوران، کوردستان عبر ازمنة التاریخ، ج١، ١٩٩٢، ستکهولم، ص٥.
١٠٠ـ بڕوانە سفر التکوین، الاصحاح، ٣٦/ ٢٠ـ٣٠.
١٠١ـ طه باقرـ سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧١.
١٠٢ـ بڕوانە ئیحسان نووری پاشا، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.
١٠٣ـ هەمان سەرچاوە، ل٧٩.
١٠٤ـ طه باقر، هەمان سەرچاوە، ل٥٢٨ ـ ٥٣٠.
١٠٥ـ هەمان سەرچاوە، ل٥٦٢.
١٠٦ـ فەرهاد پیربال، دکتور، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.
١٠٧ـ ئیحسان نووری پاشا، شۆڕشی نەتەوەی کورد لە تورکیا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە موحەمەد جەمیل رۆژبەیانی، بەغداد، ١٩٩٣، ل٤٩.
١٠٨ـ قەتوور ـ قتوور قەڵایەکی دێرینە لە باشوری رووباری ئاراس.
١٠٩ـ ئیحسان نووری پاشا، مێژووی رەچەڵەکی کورد، ل٨٩.
١١٠ـ هەمان سەرچاوە، ل ٧٨.
١١١ـ مەبەست لە کیۆمەرث پەیامبەر نووحە.
١١٢ـ طه باقر، هەمان سەرچاوە، ل ٥٢٩.
١١٣ـ حەسەن مەحموود حەمە کەریم، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کورد، ب٢، ج٣، ١٩٨٨، ل٤.
١١٤ـ ئەردەشێر دەوڵەتەکەی بە ناوی باوکییەوە (ساسان) ناو نابوو.

۱۱۵ـ حوسین مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ج۲، ستوکهۆڵم، ۲۰۰۱، ل ۳۵۷ـ ۳۵۸

۱۱٦ـ نەوشیروانی دادپەروەر، ساڵی ۵۷۰ز. بووە بە شای ئێران.

۱۱۷ـ هەندێك سەرچاوە ۷۰۸ـ ٦٦٥پز،هەندێکیش٦۲۵ـ ۵۵۰ پز، دادەنێن بە ساڵی رووخانی ماد.

۱۱۸ـ کۆرش دەوڵەتی مادـ میدیای رووخاندو کچەکەی ئێتویکۆ، دووا شای مادەکانی مارە کرد.

۱۱۹ــ وەك Bildatlas der frühen kulturem . Die Frükzeit des Menschen’der niandertaler. Mam und zin ,ahmad-I Chanie.Die Kurden ihre Geschischte und Kultur.Die siebenwelt Wunder.

۱۲۰ـ فەرهاد پیربال دەڵێت دەوڵەتی ئەخەمەنی ۵۰۰ــ ۳۰۰ پز، فەرمانڕەوا بوو، بەڵام راستیەکەی ۵۵۹ـ ۳۳۰ پز.

۱۲۱ـ کۆتەڵ وشەیەکی کوردی رەسەنە، پەیکەر ـ پیکەر وشەیەکی فارسییە.

۱۲۲ـ پێتەختی دەوڵەتی مادـ میدیا شاری ئیکباتانا (هەمەدان) بوو.

۱۲۳ـ نبز. دکتور، المستضعفون الکرد واخوانهم المسلمون. لندن ۱۹۹۷، ص۱۰۸، حاشیة ۵۸.

۱۲٤ـ خڕ (خەڕ) بە فارسی بەرامبەر وشەی خرە (خەرە)ی عارەبییە واتای گوو.

۱۲۵ـ بۆ نموونە دەوڵەتەکانی ئەخەمەنی،ساسان لە مێژوی رۆمو یۆناندا بە دو دەوڵەتی ماد تۆمار کراون.

۱۲٦ـ میر جەعفەر دوای سێ ساڵ شۆڕشو بەرەنگاریکردنی خەلیفەی عەبباسی، تووانای بەرگریکردنی نامێنێتو ساڵی ۸٤٤ز. خۆی دەرمانخوارد دەکات!

۱۲۷ـ موحەمەد جەمیل رۆژبەیانی، مێژووی حەسنەوی (حەسنەوەیهی و عەییازی) بەغدا، ۱۹۹٦، ل۵۲، هەروەها حەسەن مەحموود حەمە کەریم، کوردستان لە بەردەم فتوحات دا، سلێمانی، ۱۹۹۸، ل۲۸.

۱۲۸ـ حەسەن مەحموود حەمەکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل۳۹.

۱۲۹ـ هەمان سەرچاوە، ل۳٤.

۱۳۰ـ هەمان سەرچاوە، ل۳۵.

۱۳۱ـ موحەممەد ئەمین زەکی، خلاصة تاریخ الکرد وکردستان، ترجمة الی العربیة محمد علی عونی، القاهرة، ۱۹۳۹، الطبعة الثانیة، بغداد، ۱۹٦۱، ص۱۲۳.

۱۳۲ـ بیلال عارەب نییە.

۱۳۳ـ وشەی (شێلراو)م لە بری وشەی (مجبول)ی چاوگی جبلەی عارەبی داناوە، لەو باوەڕەدام گونجاوبێت.

۱۳٤ـ دەقی پەندە عارەبییەکە "الحق بالسیف والعاجز یرید الشهود".

۱۳۵ـ عبد العزیز القصاب، من ذکریاتی، بیروت، ۱۹٦۲، ص ۱۰۸ـ ۱۱۰.

۱۳٦ـ هەمان سەرچاوە، ل۱۱۷.

۱۳۷ـ فەرموودەی پەیامبەری ئیسلامە.

۱۳۸ـ فەرموودەی خەلیفە عومەرە.

۱۳۹ـ سوورەتی بەقەرە، ئایەتی ۲۵٦.

۱٤۰ـ نبز، سەرچاوەی پێشوو، ل۳۳.

۱٤۱ـ هەمان سەرچاوە ل۳۵.

۱٤۲ـ یێزدی، ئیزدی لە ناوی یەزدانەوە هاتووە.

١٤٣ـ باج‌و سەرانە (سەرقەبلاندن) لە سەرەتای ئیسلامەوە کۆدەکرایەوە.
١٤٤ـ ئارامگای پیاوچاکان لە کوردەواریدا بە (قسن)، (مەرقەد)، (شەخس) ناو دەبرێت.
١٤٥ـ ابو الريحان البيروني، ص/٨٨.
١٤٦ـ هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
١٤٧ـ وشەی لادەران، دەرەکییەکان بەگونجاو دەزانم بەرامبەر وشەی عارەبی (خەواریج) کە ناوێکی بکەرەو لە چاوگی (خاريج) وەرگیراوە.
١٤٨ـ هەتا سەردەمی دەوڵەتی ئومەویش ناوی عێراق لە ئارادا نەبوو، دوواتر عێراقی عارەب‌و عێراقی عەجەم (کوردستانی باشوور) بڵاو بووەوە.
١٤٩ـ ابن عبد ربه الاندلسی، العقد الفرید، القاهره، ١٣٦٧ هق، ١٩٤٧/ ١٩٤٨م. ص٣٥٣.
١٥٠ـ ئەبوو عەلای مەعەری یەکێکە لە زانا ناسراوەکانی موعتەزیلە، دەڵێت ئەوانەی وا دەزانن موعتەصەم لە خوراسانەوە راپەڕیوەو رابەرایەتی کوردو فارسی کردووە بۆ رووخاندنی دەوڵەتی ئومەوی بە هەڵەدا چوون. دیارە دەنگۆیەك هەبووە، بێبناغەش نەبووە کە ئەبوو موسلمی خوراسانی و کورد رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە رووخاندنی دەوڵەتی ئەمەویدا ٧٥٠ز.
١٥١ـ نبز. سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠، پەراوێزی ژمارە / ٦٥.
١٥٢ـ شێخ رەزای تاڵەبانی. دیوانی شێخ رەزا. کۆکردنەوەو ساغکردنەوە ئومێد ئاشنا و شێخ موحەممەدی خاڵ. هەولێر، ٢٠٠٣. ل١٨٥.
١٥٣ـ بڕوانە عەبدالڕەقیب یووسف (الدولة الدوستكية فی كورستان الوسطی)، بغداد، ١٩٧٢. هەروەها حسێن حوزنی موکریانی، میرانی سۆران. هەولێر، ١٩٦٢، ل٣.
١٥٤ـ وشەی بغداد لە زمانی فارسیدا واتای خواپێداو- بەرخوردا .
١٥٥ـ صالی ٧٦٢ز. تەواویکردووە.
١٥٦ـ ابن الاثير الجزری، الكامل فی التاريخ، بيروت، ١٩٦٧، م٤، ص٣٣٥.
١٥٧ـ لای موسڵمانان بە میوانەکانی یەزدان (ضيوف الرحمن) ناودەبرێت.
١٥٨ـ خەلیفە مەئموون ٨١٣ـ٨٣٣ بەرنامەرێژی ئەو تاوانە گەورەیە بوو پشتئەستوور بە بنەماکانی فەلسەفەی گرووپی موعتەزیلە، ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە سەردەمی مەئموون‌و موعتەصیمدا بەرەنگاری ئەو بانگەشەیەی دەکردو تووشی گەلێك ئەشکەنجەو ئازاریش بوو.
١٥٩ـ ئیمام مالیك فەتوایدا ئەبوو جەعفەر خەلیفەیەکی شەرعی نییەو پێویستە لە رووید بووەستینەوە.
١٦٠ـ خەلیفە مەئموون بیرو بۆچوونەکانی گرووپی موعتەزیلە دەکاتە بەڵگەو بانگەشەی ئەوەیدەکرد گوایە قورئانی پیرۆز هەڵبەستراوە! لەو سەردەمەدا چەندین رێبازی ئاینی لە گۆڕەپانەکەدا بوون: شیعە، سوننە، خەواریج، موعتەزیلە، قەدەری، جەبری، زەیدی (زەید کوڕی ئیمام عەلی ناسراوە بە زەینەلعابیدین دایمەزراندو نزیکترین گرووپی شیعەیە لە سوونەوە.

# بەشی دووەم

## دەوڵەتی عوسمانیی

هێرشی تورکە سەلجووقەکان١٠١٩ ـ ١١٩٦
هێرشی مەغۆل ١٢١٧ـ ١٣٨٢
هێرشەکەی هۆلاکۆ بۆ ئاسیای گچکەو کوردستان ١٢٥٨
کۆچڕەوی مەڕدارە سپییەکان ـ ئاق قۆینلو( ئاق )قونیللو ) ١٣٧٨ـ ١٥٠٢
کۆچڕەوی مەڕدارە ڕەشەکان قەرەقۆینلو )( قەرە قۆنیللو ) ١٤٠٤ـ ١٤٤٧
پەیمانی عوسمانی و کورد ـ سوڵتان و مەلا ئیدریس ١٥١٥/ ١٥١٦
گەلانی باڵکان لە سەردەمی عوسمانیدا
یەکەمین جەنگی جیهانی
داگیرکردنی کۆستانتین
ئاینزای بەکتاشی ( بەگداشی )
سوڵتان چەند وڵاتێکی ئەوروپا دەبەخشێت
سوڵتانێکی زۆڵ
دووا ساڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی
دووا ڕۆژەکانی سوڵتان و داگیرکردنی ئەستەمبووڵ
سەرگەرمی و هەڵەشەیی سەرکردەکانی یەکێتی و پێشکەوتن
دەرکەوتن و سەرکەوتنی مستەفا کەمال
دامەزراندنی کۆماری تورکیا

## هێرش و داگیرکارییەکانی تورکە مەغۆلەکان و جێگیر بوونیان لە ئاسیای بچووکدا

تورکە مەغۆلەکان لە سنوورەکانی چیای (ئەلئاتای)ەوە، هوروژمێکی کۆچ و رەوی بێئامان دەست پێدەکەن بەرەو ولاتانی ژێر فەرمانڕەوایی موسڵمانان.

خەلیفەی عەبباسییەکان لە بەغدا (معتصم بالله) ساڵی ٨٣٣ ز. جڵەوی فەرمانڕەوایی دەگرێتە دەست، باوەڕی بە عارەب نەبوو کە هاوخوێن و زمان و ئاینی خۆی بوو،بۆ پارێزگاریکردنی ژیانی خۆیی و دەستەلاتی فەرمانڕەوایەتییەکەی لە نەیارەکان، عارەب، فارس و کورد، پێویستی بەو تورکە مەغۆلانە دەبێت. لە ناوچەکانی خۆراسان و ئەودیو دەریاوە رایاندەکێشێتە بەغدا و هێزێکی سەربازیی تایبەتیان لێ دروست دەکات لە دژی ناحەزەکانی بەکاریدەهێنان. هەر ئەوەندەی جموجوڵ و چالاکییکانی بەرهەڵستکارانیی دامرکاندەوە، کارێکی ئەوتۆی بەو تورکانە نامێنێت و شەقێکیان تێهەڵدەدات و دەیانکاتە ئاردی نێو دڕکان. هەندێکیان دەگەڕێنەوە شوێنەکانی پێشوویان، هەندێکیشیان بە کوردستانی ئێراندا بلاودەبنەوە و دزی و جەردەیی و ڕێگریی و ڕاوو روت دەکەن بە پیشەی رۆژانە.گروپێکی بچووکیشیان لە هەردوو هۆزی بەیات و ئەفشار لە کوردستان نیشتەجێ دەبن، سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچ دەوڵەتی بووەیهی دادەمەزرێت و دەست دەگرن بەسەر کوردستان و ئێران و عێراقدا و ئەو گروپە تورکەش دەبنە هۆزێکی چەکداریی بەکرێگیراوی بووەیهییەکان، بەلام هەر ئەوەندەی دەستەلاتیان کەوتە دەست، وەك رەوشتی باپیرانیان سپڵە و پێنەزان، دەست دەخەنە خوێنی خەلیفە (المستكفي بالله) و نامەردانە دەیکوژن.

کۆتایی سەدەی دەیەم و سەرەتای سەدەی یازدەی زاین، سەلجووقەکان ئەوەندە بەهێزبوون توانییان بە سەرکردایەتی ئالپ ئەرسەلان دەوڵەتێکی سەلجووقی بەهێز دابمەزرێنن و ماوەی نێوان ساڵانی ١٠١٩ــ ١١٩٦ز. فەرمانڕەوایی بکات.

(٣سێ هێرشی بەرفراوان بارودۆخی کوردستان و ئاسیای نێزیکی تارادەیەك شپرزەکرد:

١ ـ هاتنی سەلجووقە تورکەکان لە ساڵی ١٠٥١زایندا .

٢ ـ هێرشەکانی مەغۆل ١٢٣١ ز.

٣ ـ هێرشەکانی تەیموری لەنگ ١٤٠٢ز.جگە لە وێرانکردنی وڵات زۆر گرفتی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی گەورەشیان دروستکردکە تا ماوەیەکی درێژ چارەسەرنەکران) بڕوانە د. قاسملو، سەرچاوەی پێشوو ل.٤٠

تورکە مەغۆلەکان (مەنگۆلی) ولەشکری تەیموری لەنگیش سەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچ دەڕژێنە ناوچەکە و بەدووای ئەوانیشدا لێشاوی مەڕدارە سپیەکان ـ خاوەن مەڕە سپییەکان (ئاق قۆینلو ـ ئاق قونیللو) و مەڕدارە رەشەکان (قەرە قۆینلوــ قەرە قونیللو) و ئەمجا تورکە عوسمانییەکان پەیتا پەیتا دەهاتن و مەترسییەکی گەورەشیان بۆ کورد و ولاتەکەی هەبوو کە زۆر لە مێژبوو لە نیشتیمانی خۆیاندا دەژیان و ٢٠٠٠ ـ ٣٠٠٠ ساڵیش بوو ولاتەکەیان بە کوردستان ناسرابوو.سەرئەنجام دەستەلات و سەربەخۆیی قەوارە سیاسییەکانی ئەو رۆژگارەی کوردیان پووکانەوە،دەوڵەتی حەسنەویی لە کوردستان و خوزستان و دەوڵەتی شاهێنیی لە کوت و ئەهواز دەکەونە ژێر چەپۆکی رەشی سەلجووقەکانەوە. دووای کورد پەلاماری بووەیهیش دەدەن و ئەویش لوول دەدەن.ئەو سەرکەوتنانەی سەلجووقەکان چەندین ڕێگا و جێگای لەبەردەم هۆزە تۆرانییەکانی ئاسیای دووردا کردەوە و گوڕوتینی هێرش و پەلامارادنی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی

پێدەبەخشین. ئەو هۆزانەی لە کەنارەکانی ئاسیای بچووك (تورکیای ئەمڕۆ) گیرسانەوە، لە ژێر سایەی سەلجووقەکاندا لە رۆخەکانی خۆرهەلاتی دەریای مەڕمەڕە جێگیر بوون کە بەهێزترینیان دوو هۆزە مەردارەکە بوونو دوژمنی سەرسەخت و خوێنخۆری یەکتری بوون.

سەلجوقەکان چەند تیرەو هۆزێکی تورك بوون پێڕەوی ئاینزای سوننەیان دەکرد، سەرکردەیەکیان بە نێوی ئۆرتوغوڵ بەگ ساڵی ٤٢٨ز دەوڵەتی سەلجووق دادەمەزرێنێت لە بەرامبەر ئەوانیشدا بووەیهییەکان، گرووپێکی فارس بوون، بێ چەندو چوون لە سەر رێبازی شیعەگەرێتیی بوونو لە کۆشكو دەربارەکانی عەبباسیدا خزمەتیان دەکرد، توانیان دەست بەسەر دەوڵەتدا بگرن، بەلام سەلجووقەکان فریا دەکەونو دووریان دەخەنەوەو دەوڵەتی عەبباسی دەهێننەوە سەر رێبازی خۆی.

ئۆرتوغۆل دامەزرێنەریی دەوڵەتی تورکە سەلجوقەکان ساڵی ٤٥٥ز. دەمرێت.ئەمە لەسەردەمی کایزەری رۆمە بێزنتەکاندا ئەرماتۆسی چوارەمو ئەرسەلان ناوێك جێگەی ئۆرتوغۆل دەگرێتەوە کە سەرکردەیەکی بە توانا بوو، یەکەمین هێرشی خاچپەرستە بەکرێگیراوەکانی نۆرماندییەکانی باشووری ئیتالیا دەشکێنێت و کایزەر ئەرمانوسی بێزنتەش دیل دەکات،دواتر بە پارەیەکی زۆر ئازادی دەکات.

٤٦٤ ـ ٤٨٥ز. مەلیك شای کوڕی ئەرسەلان دەبێتە سەرداری سەلجووقەکانو زۆربەی ناوچەکانی ئاسیا هەتا ولاتی چین داگیر دەکاتو لە سەردەمی ئەودا سنووری دەستەلاتی ئیسلام لە دیمەشقەوە درێژ دەبووەوە بۆ سنوورەکانی چین. هاوکات لەگەڵ هێرشی خاچپەرستەکاندا کە ساڵی ٤٩١ز، سەلجووقەکانیش بەسەر پێنج دەوڵەتدا دابەشبوون:

١ـ دەوڵەتی عێراقو خۆرهەلاتی ئێران مەلیك شا دایمەزراند.

٢ـ دەوڵەتی سەلجووقەکانی ئەفغانستانو پاکستان.

٣ـ دەوڵەتی سەلجووقەکانی کوردستان (باکووری عێراق) و هەر بەناوی کوردستانیشەوە بوو.

٤ـ دەوڵەتی سەلجووقەکانی رۆم (تورك) لە سەر داروپەردووی دەوڵەتی رۆمی بێزنتە لە ئاسیای بچووك.

٥ـ دەوڵەتی سەلجووقەکانی شام بەسەرکردایەتی تۆرتۆغول کوڕی ئەرسەلان کە پیاوێکی گەندەڵو زۆردارو ملهوڕ بوو، کوڕەکانیشی ولاتی شام دەکەن بە دوو بەشەوە، شامو حەڵەب، لە زۆرداریشدا لە باوکیان تێپەڕاند بوو.

### هۆزەکانی مەڕداره سپییەکان ـ رەشەکان

هۆزی ئاق قۆینلۆ (ئاق قۆیونلەر) بەر لە هۆزی قەرە قۆینلۆ (قەرە قویۆنلەر) گەیشتبوونە ناوچەکە، کە بەرچاویان رووندەبێتەوە،دەبینن سیمای هەرە ئاشکراو بەرچاویی ناوچەکە، ململانێو جەنگو پەلاماردانی خوێناویی بەردەوام بوو لە نێوان دەوڵەتی سەلجوقەکانو رۆمە بێزنتەکانو بولگارستاندا. بولگارەکان گەورەترینو بەهێزترین دەوڵەتی باڵکان بوو، رۆمی بێزنتە دووەمینو سەلجووقەکانیش لە پلەی سێهەمین هێزدا بوون.

کۆتایی سەدەی سیازدەی زایینیی ئیمپراتۆرییەتییەکەی مەغۆل هەڵدەوەشێتەوەو دەیان دەوڵەتی تۆرانی بچووك بچووك دادەمەزرێن، میرە کوردەکانیش سەریان راستکردەوەو لە نێوان دەستەلاتدارێتیی قەرەقۆیونلەرو ئاق قۆینلەردا بووژانەوە. لەو دەمەدا شاعیری بەنێوبانگی کورد شاوەیس قولی، نازناوەکەی

قرمزی یە ٨١٠ك/١٣٩٠ ز. رەگی کوردایەتی بزواوەو بە ناحەزان دەڵێت:

**ئەصلمەن جە کورد ئەصلمەن جە کورد *** با بۆم کوردەتان ئەصلمەن جە کورد**

**من نەوشیروان چەنی دەستەی کورد *** سلسلەی سوپای چحاك كەردم ورد.**[1]

**هەروەك چۆن ئەحمەدی خانیش روو لە تورکان دەکاتو دەڵێت ئەز کوردم، چیاییم.**

هۆزە کۆچەرەکان دەچنە ژێر فەرمانی سەلجووقەکانەوەو شەڕی دوژمنەکانیان بۆ دەکردن، لە پاداشتی ئەو هاوکاریەدا لە دەوروپشتی پردێ (ئاسکی کەڵەك) نیشتەجێیان دەکەن.

چەند هۆزێکی تۆرانی بچووكو کەم دەستیش هەبوون بەرگەی ئەو شەڕوململانێ خوێناویەیان نەدەگرت وەك ئاقو قەرە لە پێناو پاوانکردنی ئاوو لەوەڕگاو زەوی بەپیتی خۆشدەست بۆ کشتوکاڵو هەمان هاوکات هاوکاریی سەربازیی سەلجووقیش بکەن دژی بێزنتە، بۆیە ناچار دەبن کۆچڕەوی دووەم بکەنو روو دەکەنە کوردستانی باشوور لە دەوروپشتی هەولێرو پردێ کۆدەبنەوە هەر چۆنێك بێت جێگەی خۆیان بکەنەوە. لقێکیشیان روو دەکەنە ناوچەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتو لە هەرێمی ئازەربایجانو گۆمی ورمێ دەگیرسێنەوەو دەوڵەتی صەفەوی دەیانخاتە ژێر بارو بەوهۆیەوە پەیڕەوی ئاینزای شیعەیان دەگرد زۆریان کەڵك لێوەرگرتن، هێزێکی سەربازییان لە هەردوو تیرەی شاندۆ، رۆملۆ ریکخست کە هەر هەموویان شیعەی توونڕەو و سەرگەرمبوون، بەهێزی قزڵباش (تەپلە سوور) ناسران ئەویش بەوهۆیەوە کە تەپلەکانی سەریان دووازدە هێڵی سووری تێدا بوو وەك هێمایەکی ئاینیی بۆ دووازدە ئیمامەکەی (١٢پێشەواکەی)موسڵمانان. صەفەویەکان کە دەستیان بەسەر کوردستانی باشوورو عێراقیشدا گرت. صاڵی ١٥٠٢ـ ١٥٢٤ز. رەوێك تورکمان لە (کفری، قۆرەتوو، دوز خورماتوو، بەشیر، لەیلان نیشتەجێ دەکەن)وەك هێزێکی سووکەڵەو یەدەگ بۆ هاوکارییو پشتگیریی لەشکری ئێران لە کاتی پێویستدا. بەڵام کە صەفەوییەکان دووای شکستە گەورەکەی چاڵدێران لە صاڵی ١٥٢٣ / ١٥٢٤ز. لە بەرامبەر لەشکری عوسمانیدا، کوردستانو عێراق چۆڵدەکەنو لەشکری تورکیی عوسمانی دەستیان بەسەردا دەگرێت، ئەمجارەیان تورکمانەکان هەستی رەگەزپەرستیی بەسەر شیعەگەرێتییەکاندا زاڵدەبێتو لەژێرفەرمانی عوسمانییەکاندا دەمێننەوەو لەگەڵ ئاغای پێشوویان نەگەڕانەوە ئێران. هەر بە هۆی ئەم بەکرێگیراوانەشەوە کە دەستیان لە پلەو پایەی سەربازییو بەڕێوەبردنو بازارو بازرگانیی گیرکرد (زمانی تورکی لە کەرکووكو هەولێر بڵاودەبێتەوەو چەندین بنەماڵەی رەسەنی کورد وەك نانەوا، ئاوچی، حاجی ئاغا لە هەولێر کە لە هۆزی گەردییە)[2] زمانی باوباپیرانی فەرامۆشکردو بە تورکمانی دەدوان. هێزە بەکرێگیراوەکەی قزڵباش جگە لە تەپلە سوورەکانیان، نیشانەیەکی دیکەشیان ئەوەبوو سەرلەبەری هێزەکە ریشیان دەتاشیو سمێڵیان درێژ دەکردەوە، هەر ئەم هێزەش بوو شەڕی قەڵای دمدمیان بۆ شاعەباس کردو بوونە فس فس پاڵەوانی گرتنی قەڵای سەربڵندی کوردو میری لەپزێڕین کە خۆیو لەشکرەکەی هەتا شەهید بوونی دوا پێشمەرگە بەرگرییان کردو ئەو داستانە نەمرەیان بەخۆین بۆ نەوەکانی داهاتوو تۆمار کرد. لە شوێنێکی دیکەدا بەتایبەتی دەگەڕێمەوە سەر ئەو داستانە.کوردی نیشتەجێی رەسەنو خاوەن ماڵو هۆزە تورکمانە هاوردەکانەوە، بەدەم جەنگ و پەلاماردانی یەکترەوە گەلێك تیرەو هۆزیان لێکەوتەوەو بەهۆی هەڵکشانی ژمارەی دانیشتووانو زاووزێی مەڕومالاتو مێگەلەکانەوە ,لەوەڕگاکان بەشیان نەدەکرد,سەرئەنجامی

گیانبازیی لەپێناو ژیانو مانەوەدا،تا دەهات بلاوتردەبوونەوەو رووبەری زەوییەکانی ژێردەستەلاتیان فراوانتر دەبوون.بەشێکیان روو لە خۆرئاوا دەکەنو هەر مەڵبەندێك تەڕو پڕلەوەڕو دارستانو بیشەڵان بووایە،شەڕیان لەسەردەکردو لایەنی بەهێزو سەرکەوتوو پاوانی دەکردو تێیدا دەمایەوە. بەشی دوەمیشیان روو لە خۆرهەلات دەکاتو لەبەشێکی ئاسیای ناوەندا گیرسانەوەو دوواتر بە تورکمانستان ناسرا.

## هێرشی تورکە مەغۆڵەکان ١٢٥٨

دووابەدووای هێرشە خێراو خوێناوییەکانی مەغۆل بەسەرکردایەتی جەنگیز خان ١٢٠٣ـ١٢٢٦عیسایی‌و پەلامارەکەی هۆلاکۆ بۆ سەر بەغداو رووخاندنی دەوڵەتی عارەبیی عەبباسی ئیسلام لە ١٢٥٨ عیساییدا، تورکە مەغۆلەکان لە چەند ناوچەیەکی ئازەربایجان جێگیر دەبنو بەتۆپزی هەوڵی سەپاندنی زمانو کولتووری خۆیان دەدەن بەسەر دەورو پشتەکەیاندا و لە هەرێمەکانی بەغدا، ئامەد (دیاربەکر)، کەرکووك، شارەزوور، فەرمانڕەوایی چکۆڵە (حوکمەتۆڵکە) پێکەوە دەنێن و دەست بەسەر نەتەوەکانی ئەو هەرێمانەدا دەگرن کە جگە لە بەغدا هەر هەمووی کورد بوون، ئەم دەستەلاتەی تۆرانی و تورکمان بەردەوامبوو هەتا زریانی هێرشەکەی تەیموری لەنگ ١٣٣٢ـ ١٣٦٩ز. هەڵیکردو داموو دەزگاو تەختو بەختی هەموویانی پێچایەوەو هەر بەوەشەوە نەوەستا، پەلاماری دەوڵەتی عوسمانیش دەدات کە بنەماڵەی عوسمان لە ١٢٩٩زایندا لە باکووری خۆرئاوای ئاسیای بچووکدا دایانمەزراند بوو، بەسەر ئەوانیشدا سەر دەکەوێت و سوڵتان بایەزیدیش دیلدەکاتو کۆت لە گەردنو زنجیر لەپێ لەبەردەمیدا رایدەگرن، سەرکردەکانی مەغۆل بەتایبەتیش جەنگیز خان زۆر حەزیاندەکرد دوژمنە بەزیوەکانیان بەسەرشۆڕی بە بەردەمیاندا تێبپەڕنو بپاڕێنەوەو داوای لێبوردن بکەن، لەوەش زۆر تر حەزیاندەکرد سوواری هاوسەرو ئەسپی سەرلەشکرە دۆڕاوەکان بن! بەرچاوترین کاری تەیمووری لەنگیش لەو رووەوە، کە بەسەر سوڵتان بایەزیدا سەرکەوت فەرمانیدا وەك ئاژەڵێکی کێوی بیکەنە نێو قەفەزێکەوەو هەتا دەمرێت مامەڵەی ئاژەڵی لەگەڵدا بکەن.تەیمووری لەنگ وەك بەنازناوەکەیدا دیارە،شەل بوو،سوڵتان بایەزیدیش چاوێکی کوێربوو. جارێك تەیموور بەسەر خۆشی میزی پێدا دەکات، قاقا پێدەکەنێتو دەڵێت: هێی کابرا، بایەزید، وابزانم یەزدان ئەم جیهانەی بۆیە خولقاندووە بە بەزمورەزمی مرۆڤەکانی وەك منێکی شەلو تۆیەکی کوێر پێبکەنێت.جا ئێستا,تۆ(فت) ومن هێشتا ماوم.

گۆڕانکارییەکانی ئەو رووداوانە بەسەر ناوچەکەیاندا هێنا، کەم نەبوو، زەمینە بۆ کورد خۆشدەکەن خۆیان کۆبکەنەوەو کەڵك لە باروودۆخە نوێیەکە وەربگرنو توانیان سەربەخۆیی‌و دەستەلاتی خۆیان لە دامەزراندنی چەند میرنشینێکدا دەربخەن وەك میرنشینی تبلیس١٤١٧ز. میر عەبدالخانی ژاژۆکی برادۆست دایمەزراند، میرنشینی ئازیزان١٤١٧ز.لە هەرێمی جزیرو بۆتان. میرنشینی سۆران لە هەریر و باتاس کە شێرەژنی کورد، خانزاد کۆتایی سەدەی پازدەی عیسایی هەتا ناوەڕاستی سەدەی شازدە (١٥٥٩) فەرمانڕەوایی دەکرد.

سەرەتای سەدەی شازدەی عیسایی دوا رووپەڕەکانی مێژووی سەردەمەکانی کۆنی کورد بەرێککەوتننامەکەی زەهاو (زهب ـ زوهاب)ی ساڵی ١٦٣٩ز. لەنێوان هەردوو دەوڵەتی ئێرانو عوسمانیدا هەڵدرانەوەو گەیشتنە کۆتایی‌و بەپێی مەرجەکانی ئەو پەیمانە کوردستان بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا لە

نێوان ئـەوو دوو هێـزە ملـهوڕەدا کرابـە دوو کەرتـەوە. ئەنجامـەکانی یەکـەمین جـەنگی گێتـیش ١٩١٤ـ ١٩١٧ز. بەپێی پەیمانە نهێنییەکەی سـایکس ـ بیکـۆی نێـوان بـەریتانیاو فەرەنسـا کەرتەکـەی بندەسـتی دەوڵەتی عوسمانیی ژێرکەوتەودۆڕاو لەجەنگەکەدا،بەسەر سێ بەشی بچوکتردا دابەش دەکرێـتو لـە شـوێن ناوی کوردستانو وڵاتی کوردان چەند زاراوەیەکی جیۆپۆلەتیکی وەك باکووری عێراق، باشووری خۆرهەڵاتی تورکیـا، بـاکووری خۆرهـەڵاتی سـووریا کەوتنـە نێـو کتێـبو چـاپەمەنییەکان و فەرهـەنگی رامیـاریی ناوچەکەشـەوە و هەریەکـە لـە دەوڵەتـە هەنووکـە دروسـتکراوەکانی دووای جـەنگ، دەوڵـەتی عێـراق ـ شافەیصـەڵی کـوڕی حوسـەینی شـەریفی مەککـە، دەوڵـەتی سـووریا ـ شـا عەبـدوڵڵای کـوڕی حوسـەینی مەککە،دەوڵتی ئەردەن ـ میرعەلی کوڕی حوسەینی شەریفی مەککە، کۆماری تورکیـا ـ مسـتەفا کـەمال هەریەکـەیان بەشـێکی مفـتو بـێ منـەتی کوردسـتانیان وەك دیـاری پێشکەشـکرا و نـاوی کوردسـتانو مافەکانی کوردیش هەنگاو بە هەنگاو لەسەر مێزی نێوەندە نێودەوڵەتییە خاوەن بڕیارەکاندا نـەماو فـایلی کورد کەوتە ژێری ژێرەوە. هەروەك حەزرەتی مەحوی دەفەرمووێت (کە ئیبلیسـێکی وەك ئیبلـیس) دەڵـێم ئیبلیسێکی وەك ئینگلیز ئاوێکی رشت، دەزگاو دووکـانێکی لـە ناوچـەکەدا دامـەزرانـد لـەو رۆژەوە هـەتا ئـەمڕۆ و ئایندەیـەکی دووریشـدا نـاکۆکیو جـەنگ ومـاڵوێرانیو کاولکـاریی بەسـەر گـەلانی ناوچـەکەدا دەهێنێتو ئەو ململانێی وجەنگەی لەلایەك دادەمرکێتەوە لە لایەکی دیکەوە هەڵدەگیرسـێتەوە، خـۆ ئـەو هەر بەڕێکەوت نەبوو، عێراق لـە دوو نەتـەوەی جیـاوازی وەك کـوردو عـارەبو چـەند کەمینەیـەکی وەك جوولەکەو کلدو ئاشوورو تورکمانو دووئاینزای شیعەو سوونەی دژبەیەکتریی دامەزرێنن کە بەشە شیعەکە پتر خۆیان بە ئێرانیی بزانن نەك عێراقیی. هەر بەدەسـتی ئەنقەسـتیش رووبـەرێکی پاقلاوەییـان لـە نێـوان عێراقو وڵاتی عەرەبیی سعووددا هێشتەوە (ناوچەی بێلایەن) پڕ لە نەوت، هەردوو لا چاویان تێبڕیبوو. لە سووریا بەزۆرداری کوردیان بە عارەبەوە بەستەوە، لە تورکیا بە تورکـەوە و لـە لوبنـانیش عـارەبو کـورد وەك نەتەوەو ئیسلامو دیانو کاسۆلیكو پرۆتستانتو سوننەو شیعەو دورزیو مارۆنیی بەزۆری کوتـەك لـە سنووری وڵاتێکی بەرتەسکدا پێکەوە دەلکێننو ئەوە نێزیکەی سـەدەیەکە ئـەو ئـاگری نـاکۆکیو پێکـەوە نەژیانەی ئینگلیز کردییەوە رۆژ بە رۆژ بەتین و کڵپە تر دەگڕێتو نیشەجێکردنی جوولەکەش لە فەلەسـتین کەلە کێشـەی کـورد بەرچاوترو کاریگـەریی پـتر بەسـەر ناوچـەکەو پەیوەندییـە نێودەوڵەتیەکانەوەهەیـەو بەپێوانەی مێژوو لە ماوەیەکی کورتدا جـەنگی عـارەب ـ ئیسـرائیل، کـورد ـ رژێمـەکانی بەغـدا، هاتنـە سەرکاریی ئاخوندەکانی ئێران، جـەنگی ئەفغانسـتان، گرووپـە توونـدڕەوەکانو رێکخـراوە تیرۆریسـتەکانو جەنگی پیرۆزو رفاندنو تەقاندنەوەو هێرشی خۆکوژیی و باندەکانی تلیاكو رێکخـراوی قاعیـدەو حـەماس بەرۆکی بەریتانیاو هاوپەیمانەکانو بگرە هەموو ئەورووپاو ئەمەریکاشی گرتـووە. ئـەو ئاگرەیـە کـە خۆیـان کردیانەوە، لەبری ئەوەی دوژمنەکانیان بسوتێنێت، خۆشیان دەسـوتێنێتو کوژاندنەوەشـی لـە دەسـتەڵاتدا نەماوەو هەموو تواناکانیان خستۆتە گەڕ بۆ بنەبڕ کردنی تـیرۆر، بـەڵام هێشـتا دەسـتکورتو دۆشـداماون بەرامبەر ئێران، هێزی گرووپی تاڵەبان ـ ئەفغان، حیزبوڵڵای لوبنان، پاشماوەکانی حیزبـی بـەعسو گرووپـە توندڕەوەکانی سوونەی عێراقو رێگەیەك نادۆزنەوە رزگاربنو ئابڕوویان نەچێت.

# کورد لە سایەی دەوڵەتی عوسمانیدا

**گیان هەرزان و نان گران**
**لاوان دەکران بە نیشانەوە**
**لاشەی مردوو کۆڵان و شەقامەکانی پڕ کردبوو!**

( مێژوونووسی کورد ئەحمەدخواجە )

**نێوەڕاستی ساڵی ١٩٠٨ دەنگوباسی بزوتنەوەی**
**کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن و درووشمە بریقەدارەکانیان**
**ئازادی، برایەتی، دادپەرستی، یەکسانی**
**بە عێراقدا بڵاو بووەوە**
**دەمارگیریی دانیشتوان لە ئاستێکدا بوو**
**بە شێوەیەکی گشتی دژی ئەو درووشمانە بوەستێ**
**چونکە موسڵمان و ناموسڵمان یەکسان و بێ جیاوازیی تەماشادەکات!**

سەرەتای سەدەی١٢ز.لە باشووری ولاتی پانوبەرینی چین لە نێو هۆزەکانی مەغۆلدا جەنگاوەرێکی بەهێز پەیدا بوو، تاوانکارێکی دڕندەو بەزەبرو زەنگ، تینووی خوێنڕشتنی مرۆڤــو دوژمنــی ئـاوەدانیی، چـاوی تەماعی بە هیچ پڕنەدەبوو، بە جەنگیزخان ناویدەرکرد. جەنگیز ١١١٥ـ١٢٢٧ز. زۆر کەیفی بەوە دەهات دوژمنە بـەزیوەکانی بەسەرشـۆڕی بـە بەرچـاویدا تێپــەڕن، بگـرینو بپاڕێنــەوە، ئــەمیش سـواری چـاکترین ولاخەکانیانو جوانترین ئافرەتەکانیانی بێت.

جەنگیزخان لە ماوەیەکی کورتدا رووبەرێکی فراوانی ولاتی چین داگیردەکاتو ساڵی١٢١١ز. پـەلاماری پەکین، گـەورەترین شـاری چـین دەداتو دوای ئـەوەی دەسـتی بەسـەرداگرت کـردی بـە پێتـەختی دەوڵـەتو بەردەوام لە پەلاماردانیدا دەبێت هەتا لە ساڵی ١٢٤٢ زایندا سەرتاسەری ولاتی چینی داگیر کرد.

جەنگیزخان لە چینییەکانەوە فێربوو چەکو ئامێرەکانی گـەمارۆدانی شـارو قـەلاکان بـەکاربهێنێتو بـۆ رماندنی قەلاو شوورەو دەروازەکان کەلکی لێوەردەگرن. دوای کـۆنترۆلکردنی چـین جـەنگیزخان روودەکاتـە ولاتەکانی قەفقاسو لەوێشــەوە بــەرەو ئێــرانو لــە ماوەیــەکی کورتــدا دەسـت بەسـەر ئاسـیای نێوەڕاسـتدا دەگرێتو لەوێشەوە هێرش دەکەنە سەر رووسیا. هەرچەند گـەلانی رووسـیا وەك هــەموو جارێـك لـە رووی داگیرکاراندا دەوەستان، ئەمجارەش بـۆ پاراسـتنی ولات ئازایـەتیی و فیـدارکاریی زۆریـان نوانـدو قوربـانیی زۆریشیاندا، بەلام خۆیان لە بەردەم شالاوی دڕندانەی مەغۆلدا نەگرتو دووژمن بە سەر رووسیادا پەڕینەوە ئەوروپا.... شەڕە سەختو خوێناوییــەکانی دژ بــە گــەلانی رووسـیا و ئــەو قوربانییــە زۆرەی لــە هــەردوولا کەوت، لەشکرەکەی مەغۆلی ئەوەندە ماندوو کردبوو، هێزو بڕشتی رامالّینیان نەمابوو.

دوای مردنـی جەنگیز،مەغۆلـەکان لـە سـەردەمی هۆلاکـۆداو لـە سـالّی ١٢٥٨ز. پـەلاماری دەوڵـەتی خەلافەتی ئیسلامیی عەبباسیی ٧٥ـ ١٢٥٨ دەدەنو کوردواتەنی (نـاوی زلو دێـی وێـران) خەلیفـە تـەنها نێوان دوو رووبارەکەی بە دەستەوە بوو، هۆلاکۆ ئەوەشی پێ رەوا نەدەبینی، بە لەشکرێکی زۆرو بـەهێزەوە ساڵی ١٢٥٨ کتوپڕ پەلاماردەدات، هێزەکانی خەلیفە بەرگرییان بۆ نەکراو شاری بەغداد، کە ٥٠٠ سـالّ بـوو پێتـەختی عەباسییەکان بـوو، کەوتـە دەسـت لەشـکری دڕودڕنـدەی مـەغۆلو کەوتنـە رەشـەکوژی و دانیشـتوانیان قەلاچـۆ کـردو بەغـدایان لـە خوێنـدا نـوقم کرد،شـوێنەوارێکی ئـاوەدانی و شارسـتانێتی و پێشکەوتنیان لە ولاتدا نەهێشت، هەرچی کتێـب و نووسـراوێك لـە کتێبخانـە بەنێوبانگەکەیـدا بـوو، کـە سامانێکی لەنرخاندن نەهاتووی زادەی بیرو ماندووبونو شەونخونیی کەلّە زانایانی گەلانی موسلّمان بـوون، وەك (ابن الاثیر، ابن الهیـثم، بیرونـی)[٣]لەهــەموو بابەتــەکانی زانسـتدا وەك ئەستێرەناسـیی، دەریـاوانیی، جوگرافیا، مێژوو، وێژە، جەبرو ئەندازە، ماتماتیك و پزیشـکیی و دەرمانسـازیی. جائەوبەرهەمانـە زادەی بیری گەلانی موسولّمان و عەرەب بوون، یا لەزمانی یۆنانیەوە وەرگێڕدرابوونە سەر عارەبی هەر هەموویان فڕێدانــە رووبـاری دیجلــەوە.. مەرەکــەبی ئــەو هــەموو بەرهەمــە بەنرخانــەو خــوێنی دانیشــتوان رەنگــی رووبارەکــەیان گــۆڕی، ئــەوەی مایــەوە ولاتێکــی ســوتاو و وێــران و دانیشــتوانێکی لــە خوێنداخــەلّتانیان جێهێشت، مەگەر تاكوتەرا رزگاریان بووبێت.

یەکێك لە زانا مەزنەکانی ئەو سەردەمە (ابو ذر الغفاری) دەلّێت: سـێ شـت لـەم جیهانـەدا نـاوکۆیین و

هەموو مرۆڤێك بەشی خۆی تێدا هەیە بەیەكسانی كەڵكی لێوەربگرێت، ئاو، ئاگر، لەوەڕگا. ئەو زانایە بە دانانی ئەو تیۆرییە ئابوورییە لەمەڕ كەرەسەكانی بەرهەمهێنان ١٣ سیازدە سەدە پێش ماركس كەوتووە لەو بوارەدا. تەبەری (طبری) گەردوونناسیش دەیوت تەمەنی گەردوون لە رۆژی دروستبوونییەوە حەوت هەزار ساڵ پتر تێناپەڕێت سەرەو ژێر دەبێت. لە كتێبی سەردەمی كۆن (العهد القدیم)ی عیساییەكانیشدا نووسراوە: گەردوون تەنها ٤٠٠٤ چوار هەزارو چوار ساڵ بەر لە دایك بوونی مەسیح دروستبووە (خولقاوە). گەردوونناسەكانی سەردەمی نوێش دەڵێن: گەردوون پێنج ملیۆن ساڵە پێكهاتووەو دە ملیۆنی دیكەش دەمێنێتەوە.

زانای بەنێوبانگی رەچەڵەكی مرۆڤیش(داروین) دەڵێت: گەردوون چوار ملیۆن و پێنج سەد ساڵە درووستبووە.

دیانەكان (مەسیحییەكان) زۆر دەمێكە لەبەر رۆشنایی زانستە نوێیەكاندا كتێبی پیرۆزی سەردەمی كۆن (العهد القدیم) بژارو پوختە دەكەن.

نەیارانی ئومەوییەكان كە شۆڕشیان دژی خەلیفەی ئومەوی بەرپاكرد لە ١٢٩ك/ ٧٣٤زایندا، هەر ئازایەتی خۆیان نەبوو كە سەركەوتن و دەوڵەتی ئومەوییان لە دیمەشق رووخاندو دەوڵەتی عەبباسییان لە جێگەیدا دامەزراند، پێتەختیشیان لە دیمەشقەوە گوێزایەوە بۆ بەغدا، بەڵكو بە هاوكاریی و بەشدارییەكی كاریگەری كورد بوو ئەوان بە ئامانج گەیشتن. ئەوە (عبدالرحمن بن مسلم الكوردی) بوو كە ناسرابوو بە ئەبو موسلیمی خوراسانی وەك دكتۆر جەمال نەبەز دەڵێت: هەرێمی شارەزوور لە چنگی ئومەوی رزگار دەكاتو لەشكرەكەی دواهەمین خەلیفەی دەوڵەتی ئومەویش مەروان كوڕی موحەممەد دەشكێنێت لە دەوروپشتی شامو جڵەوی كارو فەرمانڕەوایی لە ٧٥٠ی زاینیدا دەكەوێتە دەست (ابو العباس)و دەوڵەتی عەبباسی لە بەغدا دادەمەزرێت. هەر كوردیش بوو سەرەڕای رەنج بەبا چوونیش وەك چەندین سەرچاوەی مێژوویی نووسیویانە شانبەشانی عەبباسییەكان بە گیانی مسوڵمانێتیی و داكۆكی لە خەلیفەو خاكی موسڵمانان جوامێرانە جەنگی ژیانو مردنیان دژی لەشكرە دڕندەكەی هۆلاكۆ دەكردو بێ ناوونیشانو یادگارێك بە نەناسراوی سەریان ناوەتەوەو بوونەتە قوربانیی لە پێناو ئاینی ئیسلامو برا عارەبەكانیاندا.

هۆلاكۆ ساڵی١٢٥٠ز.كۆتایی بە دەستەڵاتی ٥٠٠ پێنج سەد ساڵەی عەبباسییەكان دەهێنێتو بەغدای كردە گۆمی خوێنو هەزار ساڵ ئەو مەڵبەندە پێشكەوتووەی بەرەودووا گێڕایەوەو پەردەیەكی رەشی ئەستووری بەسەر شارە بەنێوبانگەكەی هەزارو یەك شەودا، دادایەوە.

دەتوانین هۆكارەكانی كەوتنی بەغداو رووخانی عەبباسییەكان بدەینە پاڵ:

١ـ ئەبولعەبباس دامەزرێنەری دەوڵەتەكە لە ململانێدا لەگەڵ ئومەوییەكاندا پەنا بۆ كورد دەبات هاوكاریی بكەن، بەڵام كە دەستەڵاتی كەوتە دەست، سپڵەبوو پاداشتی ئەبوموسلیمی سەركردەی كوردی بە كوشتن دایەوە.

٢ـ هەر لە سەردەمی (موعتەسەم بیللا ـ معتصم باللە)وە خەلیفەكان پشتیانكردە عارەب و كورد و هۆزە توركەكانیان دەهێنایە پێشەوەو پۆستە گرنكەكانو بەڕێوەبردنی كاروباری وڵاتیان پێدەسپاردن.

٣ـ خەلیفەکان بە هۆی مەستیی و رابواردنوشەوە رەنگاورەنگەکان و راو و نێچیروانییەوە نەدەپەرژانە سەر ئەرکەکانیان.

٤ـ دەسەڵاتی راستەقینە لە١٠١٩ـ ١٢٢٨ز. بەدواوە کەوتەدەست تورکە سەلجوقەکان،لەوانیشەوە کەوتە دەست خەوارزمییەکانو ئەوانیش لە (پاداشت)دا خەلیفە دەکوژن.[٤]

٥ـ خەلیفەکان بە جۆرێك متمانەیان بە بێگانە دابوو، نەیاندەزانی لە کۆشكو سەرا تایبەتەکاندا چی روو دەداتو پیلانی جۆراو جۆر رێکدەخرێت. خەلیفە هارون ئەلرەشید دوای سێ ساڵ پێدەزانێت جەعفەر بەرمەکیو عەبباسەی خوشکی دەستیان تێکەڵکردووە.. خوێن بەرچاوی دەگرێت، فەرمانی دا شیروەشێن (جەللاد) جەعفەر پارچە پارچە بکاتو هەر پارچەیەکی بە پردێکی بەغدادا هەڵواسرێت.سەیر لەوەدایە دەڵێت چاوم بەرایی نایەت کەسێك ببینم هاورِازێکم بەشمشێری ئەوکوژرابێت،شیروەشێنێکی نوێ لەگەردنی شیروەشێنی پێشوو دەدات!

هاروون ئەلرەشید ساڵی٧٧٩ز.بە فەرمانی خەلیفە (المهدی)باوکی،کرابە والی عێراقی عەجەم (وڵاتی چیاکان یا میدیای بچووك)[٥]و کۆشکێکی لە کوردستان بۆ دروستدەکەن. شاعیرێکی دەرباری هاروون کە ئاوو هەوای کوردستانو ئەو سروشتە دڵرفێنە دەبینێت، دەڵێت:

**بِقَردي و بـا زَبدي مَصيفٌ وَ مَرْبَعٌ وَعَذْبٌ يحاكى السَلسَبيلَ بُرودٌ**

**وَ بَغدادُ ما بغدادُ أمّا ثُرابها فَجَمَرٌ وأما حَرُّها فَشديدٌ**

**واتاکەی بە کوردی: باڵ بە گەردنم هاوینە هەوارو جێگەی حەوانەوەیە، ئاوی سازگارو کەللە تەزێنە بەڵام بەغدای چیی، خاکەکەی هەردەڵێی پشکۆی ئاگرەو گەرماکەشی پرِوکێنە**

لەشکرکێشیی وداگیرکارییەکانی مەغۆل رێگەیان بۆ هۆزە تورکەکانی رۆژهەڵاتی دوورو ئاسیای نێوەراست خۆشکرد. تورکە سەلجوقەکان کە گەلهۆزێکی دەوارنشین بوونو لە شەرِو کوشتارو تاڵانی بەولاوە پیشەیەکەیان نەبوو، دەوروبەری ساڵی١٠١٩ز. لە باشووری رووسیاوە دەگەنە کەنارەکانی دەردەنیلو بۆسفۆر، هێز و دەسەڵات پەیدا دەکەنو هەتا ساڵی١١٩٦ز. فەرمانرەوایی ئەو ناوچەیەو سووریا و عێراقیش دەکەن. دوای ئەوانیش هێرشی تورکە مەنگۆلییەکان١٢١٧ـ١٣٨٢ز.ئەمجا هۆزەکانی مەرداره سپییەکان ١٣٧٨ـ ١٥٠٢و مەرداره رەشەکان ١٤٠٤ـ ١٤٤٧و تورکانی عوسمانی شەپۆل دوای شەپۆل لە ئاسیای دوورو ناوەندەوە کۆچ بکەن و لە رۆژهەڵاتی رۆخەکانی دەریای مەرمەرەو باشووری شاری قوستەنتینییەو نزیك لە هەندێك لە ناوچەکانی تورکیای ئێستا بگیرسێنەوە، هەندێکیشیان لە ترسی مەغۆلەکانو خۆدەربازکردن لە دەست سەلجوقەکان دەپەرینەوە بۆ ئازەربایجانی رۆژئاوا (میدیای گەورە).ئەمانە ئەو هۆزانە بوون لە دەشتە بەپیتەکانی کەنار دەریادا خۆیان لەبەر ململانێکەدا نەدەگرت، لە شەردا دەشکانو بە ناچاریيو نابەدڵیی روویان دەکردە بەرزاییەکانو ناوچە شاخاوییە سەختەکان کە دوژمن بە ئاسانی دەستی نایانگاتێ. بەو جۆرە چەندین هۆز و تیرەی تورك کە بوو بوونە موسوڵمان، دەچنە پەنا سەلجووقەکانو جێگەیان کردنەوە بۆ بەکارهێنانیان دژی دوژمنەکانی خۆیان بەتایبەتیش دەوڵەتی بێزنتە. کە سوڵتان سلێمانی قانوونیش ١٥٣٤ز بەغدا دەگرێت، بەشێك لەو تیرەو هۆزانە لە

ئاسکی کەڵەك نیشتەجێ دەکات. هەندێك سەرچاوەی مێژوویش لەوباوەڕەدان بەر لە سەلجوقەکان چەند هۆزێکی تورك دەوروبەری صاڵی ١١٠٠ز. بەسەرکردایەتی عوسمان ناوێك هاتوونەتە ناوچەکە.[٦] سەرچاوەش هەیە دەڵێت سەلجوقەکان ١٠١٩ــ ١١٩٦ز. لە ڕۆژهەڵاتەوە پەلاماری دەوڵەتی بیزانس (بێزنتە)یان داوەو دوای زنجیرەیەك شەڕی سەخت ئەنجامەکە لە بەرژەوەندی عوسمانییەکان دەکەوێتەوە.

هەرچۆنێك بێت ئەو هۆزگەلە تورکانە بوون بە هەوێنو بەردی بناغەی دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەتی کە هەستیان بە بێهێزیو دەستکورتیی بێزنتە دەکرد کە سێیەمین دەوڵەتی ناوچەی باڵکان بوو، بەڵام کێشەو دووبەرەکیی ناوخۆ و پەلاماری دوژمنەکانی دەرەوە بەتایبەتیش هێرشی لەشکرە خاچپەرستەکان لە١٢٠٤زایندا بێهێزی کردنو بەردەوامیش بە ناوی ئاینی ئیسلامو شەڕی (کافرانەوە) کەوتبوونە بەر هێرشو پەلاماری هۆزگەلە تورکەکان و سەرئەنجام ١٢٩٩ز. دەسەڵاتێکی تورك بە ناوی میرنشینی عوسمانییەوە لە جێگەی دەسەڵاتی سەلجوقەکانداو لەسەر دارو پەردووی ئەو شارانەی لە بێزنتەیان دەپچڕی لە ناوچەکانی باکووری خۆرئاوای ئاسیای بچووکدا دادەمەزرێت. سەردەمەدا دەسەڵاتی ئیسلام دەگەیشتە بەردەم شووراکانی چین. صاڵی ١٠٨٢ز. هێرشی خاچپەرستەکان دەگاتە خۆرهەڵات

شانبەشانی ئیمپڕاتۆریا بەرفراوانەکەی مەغۆل کە بەروودوا جەنگیز، تەیموور، هۆلاکۆ سەرکردەو پێشڕەوی بوون. مەغۆلێکی دیکەش پەیدا بوو بە نێوی بابر،بابر صاڵی ١٥٢٦ پەلاماری هندستان دەدات و شاری دەلهی پایتەخت داگیر دەکات و ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی هیندستان دادەمەزرێنێت بەڵام لە جەنگیز و هۆلاکۆ و تەیموور نەدەچوو کە بەردەوام سەرگەرمی پەلامارданو داگیرکردنو خوێنڕشتن بوون، بەڵکو لە چەندین لایەنەوە لەوان جیاواز بوو، حەزی بە ئاوەدانی و ئاسایش دەکرد.کۆشکە جوانەکەی (تاج محل) کە بوو بە یەکێك لە حەوت شوێنەوارە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان بە فەرمانی بابر دروستکراو ماوەی ١٨صاڵ، ٢٠ هەزار بیناسازو کرێکار بەردەوام کاریان تێدا کرد، بۆ ئەوەی بابر بیکاتە دیاریو پێشکەشی خۆشەویسترین هاوسەرەکانی بکات.[٧]

سەرئەنجام مەغۆلیش ١٢١٧ـ ١٣٨٢ز. وەك هەر زۆردارو خوێنڕێژێکی بەر لە خۆیان و دوای خۆشیان دوای ٣٠٠ صاڵێك دەسەڵات لە سەدەی ١٤ی زایندا ڕێگەی کزولاوازیی و لە ناوچوون دەگرێتە بەرو صاڵی ١٣٦٣ز. بە مردنی تەیموور تەفروتونا بوونو فڕێدرانە سەرە نوێڵکی مێژووەوە.

ئەوانەی هەروا سەرپێی، چاویان بە مێژوودا گێراوە وادەزانن هەر هۆلاکۆ ١٢٥٠ز. کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی بەغدای لە نێو برد، نێزیکەی ٢٦٥٠ صاڵ پێشتر یەکێك لە فیرعەونەکانی میصر، ئەخناتوون بۆ سڕینەوەی شوێنەواری ئاینەکانی سەردەمانی پێشتر کە باوەڕیان بە تاكو تەنیایی یەزدان نەبووە، هەر هەموو ئەو کتێبانەی سوتاند لە میصردا هەبوون، ئەخناتون یەکەمین کەسە لە مێژوودا کتێبخانەی سوتاند. خاچپەرستانیش لە هێرشەکانیاندا بۆ رزگارکردنی قودس کتێبخانە رازاوەکەی دەوڵتی رۆمی بێزنتەیان لە کۆستەنتین سوتاند. صەلاحەدینی ئەیوبیش کتێبخانەی فاتمییەکانی سوتاند، هێزەکانی بەریتانیاش لە ١٨٤١/٤/٢٤ پەلاماری ئەمەریکا دەدەنو کۆشکی سپی داگیر دەکەنو کتێبخانەکەی کۆنگرێس دەسوتێنن! دەڵێن هەربەریتاش بوو لە سلێمانی کتێبخانەکەی شێخانیان سوتاند.

صاڵی ١٣٦٣ز.تەیموور دەمرێتو ئیمپراتۆرییە بەرفراوانەکەشی هەڵدەوەشێت و دەبێتە پاشاگەردانی،[٨] هەر میرو دەسەڵاتدارێك بەشێك بۆ خۆی دەپچڕێتو میرنیشینێك قوتدەکاتەوە، کوردستانیش دەکەوێتە ژێر فەرمانی ئەو میرانەوە کە هیچکامیان توانای کۆنترۆڵکردنی بەشەکەی خۆی نەبوو، بۆیە بە ناچاریو بە پێی ڕێکەوتن بەرەو رووی میرێکی کوردیان دەکردەوە بەڕێوەی ببات‌و صالآنە باجو سەرانەی خۆی بدات.لە نێو میرەکانی ئەو میرنیشنانەدا، سولّتان موحەممەدی چەلەبی (غازی) کوڕی سولّتان بایەزید، هەڵدەکەوێت، دوای زنجیرەیەك ململانێ و شەڕی خوێناوی لەگەڵ میرەکاندا بەتایبەتیش لەگەڵ براکانیدا، هەموو میرنشینە ناکۆکەکانی کۆکردەوەو لە ژێر ئاڵا و سەرکردایەتی خۆیدا وڵات یەکدەخات.. بارودۆخی سیاسی کورد، گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتو لە ژێر سێبەری سولّتاندا شێوە سەربەستییەکی هەبوو.[٩]

لەم سەردەمانەدا،بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ناوچەکەدا، بزوتنەوەیەکی صۆفیگەری ئاوێتە بە پرنسیپەکانی سۆسیالیزم، پەیدابوو، بانگەشەی برایەتیو یەکسانی نێوان موسڵمانو دیانی دەکردو ئەوەیان لە جەماوەرەکە دەگەیاند، ها ئەمڕۆ، ها سبەی رزگارکارێك دەردەکەوێت کۆتو زنجیری ژێردەستەکان دەپسێنێتو مرۆڤ لە جەورو ستەم رزگار دەکات.بزوتنەوەکە بریقەو باقێکی سەرنجڕاکێشی هەبوو، هەر لە سەرەتایشەوە بە گوڕو تینەوە هاتە ناوەوەو هیواو ئاواتێکی زۆری خستە دڵو دەروونی جەماوەرە چەوساوەکەوەو بەهەموو توانایانەوە شوێنی دەکەونو لە ماوەیەکی کورتدا هێزێکی ئەوتۆ پێکەوە دەنێن بەڕاشکاوی رووبەرووی سولّتان بوەستنو لە یەکەمین شەڕیشدا لەشکری سولّتانیان بەزاند.. بەڵام هەر کەفو کولێك بوو، نیشتەوەو سولّتان لەشکرێکی گەورە دەکاتە سەریانو تەفروتونایان دەکاتو ناویان لە کولەکەی تەڕیشدا نامێنێت. هەرچۆنێك بێت، بزوتنەوەکە بەزەقی دەریدەخست ئەو گەلانە بە خۆیانو ئاینو ئاینزا جۆراوجۆرەکانیانەوە، هەتا چ رادەیەك چەوساوەو پلیشاوە بوون.

هەروەك لە لاپەڕەکانی پێشوودا وتمان، تیرەو هۆزە تاتارو مەغۆلەکان (تۆرانی) لە ئاسیای دوورەوە روویانکردە رۆژهەڵاتی نیزیك و ئاسیای بچووكو ناوەند، هەر شەپۆلێکیشیان زەمینەی بۆ هاوپەیمانەکانی خۆشدەکرد بۆ پاوانکردنی زۆرترین خاكو سەرچاوەی ئاوو لەوەڕگا.هۆزگەلە تۆرانییەکان کە یەکەمجار لە کەنارەکانی دەریای مەرمەڕە گیرساونەوە کەڵکیان لە ناکۆکی وڵاتانی ناوچەکە وەردەگرتو بەناوی ئاینی ئیسلامو شەڕی گاورەکانەوە (کریستیان) بەشێوەی شەڕی پارتیزانیی دەستیان بە پەلاماردانی ناوچەکانی دەوروپشتیان دەکردو مێشکی جەنگاوەرەکانیان بەوە زاخاو دەدا، پەلاماردانی لەشکری گاورەکان،تالآنکردنی ماڵوسامانیان،حەڵاڵکردنی ئافرەتو فرۆشتنی نیرو مێی لاوەکانیان لە بازاڕەکاندا ئەرکێکی ئاینیی پیرۆزەو ئەوەی هاوبەشیی تێدا بکات، دوو پاداشتی گەورەی دەست دەکەوێ، سەرکەوتنو شادبوون بەو هەموو دەستکەوت و خێرو بێرە، یا شەهید بوون و چوونە بەهەشت!

مەڕداڕە سپییەکان (ئاق قۆنیلۆ) لە خاوەن مەڕە رەشەکان (قەرە قۆنیلۆ) بەهێزتربوون، سەرکردەیەکی بەتواناشیان لە نێودا هەڵکەوت بە نێوی ئەرتەغۆڵ، لە یەککاتدا بەرەنگاری مەڕداڕە رەشەکانو سەلجوقەکانیشی دەکرد...

کورد کەوتبووە ناو ئەو ئاگرە سوورەو کۆچوکۆچباری ئەو هۆزە نامۆیانەشی بەسەردا دەباری، بەلاّم کەلّك لە بارودۆخە ئالۆزەکە وەردەگرێتو تاڕادەیەك دەبووژێتەوەو چەند میرنشینو (دەولّەتی) نیمچە سەربەخۆ پێکەوە دەنێن.

**لەو سەردەمەدا، خانی ١٦٤١ـ ١٦٩٩ز. بە شانازییەوە دەلێت ئەز کوردم، ئەز چیاییم.**

هەروەها دەلێت:

**مەزنی مە، کە ژیرو چاکە ناسە        بۆم تێنەگەیندرا چ باسە**[١٠]

مەلای جزیری(شێخ ئەحمەد نیشان) ١٥٧٠ـ ١٦٤ز.گولّی بۆکانو چرای روناکیبەخشی رۆژگاری تاریکە.

**من گولّی باخچەی ئیرەمی بۆتانم        من چرای شەوانی دەیجوری کوردستانم**[١١]

ئەرتەغۆل، باوکی عوسمان، ژیرانە کەلّك لە دوژمنایەتی نێوان سەلجوقەکانو بێزنتەکان وەردەگرێت. سەرەتا پشتیوانیی سەلجوقەکانی دەکردو لە پاداشتدا ڕێگەی پێدەدەن لەو ناوەدا جێگیر ببنو بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆی هۆزەکانی مەڕداره سپییەکانی بەرەو روو دەکەنەوە، ئەویش بۆ جێگیرکردنی ئەو دەسەلاّتە نیمچە سەربەخۆیە هیچ شتێکی لە دەست دەرنەدەچوو، لە لایەکەوە کۆچبەرانی هان دەدا کە هەتا سەدەی پازدەی زاین کۆچو کۆچڕەویان نەبڕایەوە،ئەویش بالّی بەسەردا دەکێشانو دەیکردنە سوتەمەنیی جەنگەکانی نێوان سەلجوق و رۆمی بێزنتەو ماندووکردنی هەردوو دوژمنەکەی، لەولایشەوە پەلاماری کەشتی و پاپۆڕە بازرگانییەکانی ئەوروپاییەکانی سەر دەریای مەرمەڕەو دەریای سپی نێوەڕاستی دەدا.

هەرکە ئەرتەغۆل صالّی ١٣٢٦ز. مرد ناکۆکیی و ململانێی دەسەلاّت لە نێو کوڕەکانیدا دەتەقێتەوە، ئەوەیان کە ناوی عوسمان بوو، دۆست و پشتیوانی زۆر بوون، ئەوەندەی هێز بە دەستەوە بوو، دەست بەسەر بارودۆخەکەدا بگرێتو نەیارەکانی بشکێنێتو وەك سەرکردەو رابەرێکی بەهێزی تۆرانییەکان، لە بەرژەوەندی خۆی کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ بهێنێت وەك جێگری شایستەی باوکی، خۆی سەپاند.عوسمان لەشکرێکی ئەوەندە بەهێزی پێکەوەنا، بتوانێت دەسەلاّتی سەلجوقەکان بڕووخێنێتو وەك میراتگرێکی (ناشەرعیی)، دوای ٢٠٠ صالّێك لە ناوچەکەدا، صالی٤٩٩ز. بانگی دامەزراندنی دەولّەتێکی سەربەخۆی بدات بە نێوی دەولّەتی عوسمانی کە صالّ لەدوای صالّ بەهێزترو فراوانتر دەبوو.

تیرەو هۆزە تۆرانییەکان کە بەردی بناغەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون، وەك باوباپیرانیان گورجوگۆلّ و سوارچاك و شەڕکەر و شەڕزان و ئازا و چاونەترس بوون، زۆریش حەزیان لە هێرشو پەلاماردان، خوێنڕشتنو کاولکردن و تالاّنکردنی ولاّتان دەکرد، هەر ئەم مەغۆلانەش بوون صالّی ١٢٥٨ز. بە سەرکردایەتی هۆلاکۆ، کۆتایی بە دەولّەتی خیلافەتی ئیسلامی عەبباسی دەهێنن لە بەغداو کوردواتەنی خاکیان بە تورەکە دەبێژنەوە. ئەمەش بەلّگەیەکی حاشا هەلّنەگرە، کە تۆرانییەکانو وەچەکانی دوای خۆیان (تورك) دڕندەو کێوی و دژ بە شارستانێتیو پێشکەوتنو ئازادیی مرۆڤن.. ئاخر ئەو رۆژگارە، بنکەی رۆشنبیریی وهونەر وداهێنان وپیشکەوتن بەغداد بوو، ئەگەر تاقانەش نەبووبێت زۆر لە پێش بوو.

ئەو شارستانێتییەی بەغدا دەستکەوتێکی مەزنی مرۆڤایەتیی بوو. لە راستیدا بەغدای پایتەختی

عەبباسی کاریگـەریی شارسـتانێتیی ئێرانیـەکانی ئاشـکرا پێـوە دیـار بـوو، هـەر بـەو هۆیەشـەوە بـوو ئێرانییەکان هەرچـەندە شـیعەش بـوون پۆسـتی گرنگیـان پـێ دەدرا، بـەڵام ئومەوییـەکان کەوتبوونـە ژێـر کاریگەریی شارستانێتی بێزنتەوە.

جەنگیزخان و هۆلاکۆ و ئەرتەغۆل و عوسمان و....هتد ئەو (قارەمانە مەزنانەن) کە تـورك شـانازی بـە شمشـێری خوێنـاوی و هێـرش و پـەلاماره درِندانـەکانیانو قەڵاچـۆکردنی گـەلانو کـاولکردنی وڵاتـانو خۆسـەپاندن بەسـەر گەلانـداو سـرِینەوەی شارسـتانی و پێشـکەوتن و سـوتاندنی کتێبخانـە ناوازەکـان و تالاَنکردنی شارە جوانەکەی کوستانتینا و کلێسا قەشەنگەکەیو وێرانکردنی بەغـدای شـاری هـەزارو یـەك شەوو زۆری دیکەش (کارە گرنگەکانیانە) کە تـورك خۆیـانی پێبـادەدەنو خۆیـان بەسـەر گـەلانی دیکـەدا دەشکێننەوە کە رۆڵەی ئەو (قارەمانانەن) نیشانەی دواکەوتوویی و بیرتەسکیو شۆفینیزمیانە کە رێگەیان نادات لە سەدەی بیستو یەکەمی زاینیدا بە خۆیاندا بچنەوەو هەنگاوێك بەرەو پـێش بچـنو لـەو قاوغـە تەسکە چەقبەستووەی بیروبۆچوونە کۆنەکان رزگار بنو وەك مرۆڤی ئەم سەردەمە بیر بکەنەوە. بەدەگمـەن ئەڵەمانێك دەدۆزیتەوە شانازی بە ئـەدۆلف هیتلـەرەوە بکـاتو شـەرِەنگێزییو فراوانخوازییو داگیرکردنـی وڵاتانی بـە قارەمـانێتی بـۆ بنووسـن کـە بـووە هـۆی جەنگیـدووەمی جیهـان کـە ملیۆنـەها قوربـانیی و کاولکاری وڵاتانی بەدوواوەبوو. تۆ هەروا تەماشاکە جولەکە داوای لێبوردنو قەرەبوو دەکەن لە ئەڵەمانیا. وڵاتی جەزائیر لە فەرەنسای هەڵپێچاوە داوای لێبوردن لە گەلی جەزائیر بکات کە چـەندین صـاڵ وڵاتیـانی داگیرکردووەو جەور و ستەمیان چەشتووە. ئیتالیا بە فەرمی دانـی بـە تاوانەکانیـدا نـا لـە لیبیـا و داوای لێبوردنیشی کردو ئامادەشە قەرەبووی زیانەکان بکاتەوە.هـەر ئـەم یـەك دوو صـاڵەش گـەلانی موسـڵمان بەگشتی داوایـان لـە نەرویـژو دانیمـارك کـرد لـە بەرامبـەر ئـەو سـووکایەتیەیبە شـێوەی کاریکـاتێر لـە رۆژنامەکانیاندا بـە پەیامبەریپەزدان،موحەممەد(د.خ)پێشـاندرا،داوای لێبـوردن بکـەن. بـەو پێیـە دەبێـت گەلانی رۆژهەڵاتی نێوەند، قەفقاسیا، ئەوروپای رۆژهەڵات داوای هەزار و یەك لێبوردنو قەرەبووکردنەوەی زیانو ژیان لە تورك بکەن، بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستا هەرگەلی ئەرمەن هاتوونەتە دەستو تـەنگیان بـە تورك و کۆماری تورکیای جێگرەوەی شەرعی عوسمانییەکان هەڵچنیوە.

سوڵتان ئۆرخان صالی ١٣٢٦ جلەوی کار دەگرێتە دەستو فەرماندەدا هێزێکی تایبەتیی دامەزرێت لەو منداڵ و مێردمنداڵانەی لە هێرش وپەلاماردانەکاندا دیل دەکران یا چەتە تایبەتەکان دەیانفرِاندن، یـا لـە بازارِەکانی کرِین و فرۆشتنی مرۆڤدا لە قەفقاسیا و جۆرجیا بە پارەیـەکی کـەم دەیـانکرِین. ئـەم منداڵانـە کۆدەکرانەوەو دەکران بە موسوڵمان،خەتەنەیان دەکردن و لە قوتابخانەی تایبەتیـدا دەخرانـە بـەر خوێنـدنو فێرکردنو بەپێی بەرنامەیەکی پەروەردەیی چەند صاڵەی چرِ، فێـری هونـەرەکانی جـەنگو سـەرکردایەتیی هێزەکانی سوپاو بەرِێوەبردنی کاروباری وڵات دەکرانو پۆل پۆل کادیری شارەزاو جەنگاوەری چاونەترسو بە ئەزموون، سوونـنە مەزەبی توندرِەوو گیـان فیـدا بـۆ خـودی سـوڵتان بەرهەمـدەهێنران، رووی دەرەوەشـیان مرۆڤی جوانو باڵابەرز و سوور و سپی و چاوکاڵو سەرنجرِاکێش بوون.

سوڵتانەکان بۆ مانەوەو درێژەدان بە دەسەڵات، هەموو رێگەیەکی گونجاو و نەگونجاویان دەگرتە بـەر، بـۆ

ئەوەی بەرگێکی ئاینیی بەبەر ئەو کادیرانەدا بکەن کە بە رەگەز تورك نەبوون،بە ئاینیش موسوڵمان نەبوون، کابرایەکایان دۆزییەوە لە فڕوفێڵ و کڵاوبازیدا هونەرمەند بوو، ئەو کادیرانەی وەك هەویری قوڕ، بە پێی ویستو مەرامەکانی سوڵتان هەڵیدەشێلا.ئەو کابرایە شێخێکی بەکتاش بوو بە نێوی حاجی موحەمەدی بەکتاش، دەبێتە پێشەواو رابەری ئەو هێزە تایبەتە کە بەهێزی یەنێچەری - ئینکیشاریی(لەشکری نوێ) ناوبانگی دەرکرد. حاجی بەکتاش ئاڵایەکی تایبەتیشی بۆ لەشکرە نوێیەکە نەخشاند، تەختەکەی سوور و ناوەڕاستەکەی هەیڤێکی دەمەداسو شمشێرە دووفاقەکەی ئیمام عەلی تێدا بوو. ئەم ئاڵایەی دایە دەست لەشکرەکە و دەستیی (پیرۆز)ی دا بە پشتیانداو رەوانەی بەرەکانی جەنگی دەکردن و زۆری نەخایاند بوونە بڕبڕەی پشتی لەشکرەکانی دەوڵەتی عوسمانیو داینەمۆی فراوانخوازیی و هێرشو داگیرکردنی وڵاتان وژێرچەپۆك کردنی نەتەوەکان و چەوساندنەوە و دادۆشینیان.ئەوانە هێزێکی بە باوەڕ، ورەبەرز، شەڕزانو دەستوەشێن بوون، رۆڵێکی گەلێك گرنگیان دەبینی لە فراوانکردنو بەهێزکردنی دەوڵەتەکەداو لەسەر ئەوەش راهاتبوون هەر شارو وڵاتێکیان داگیر دەکرد، پیاوانیان دەکوشت، مێردمنداڵیان وەك تاڵانی و دەسکەوتی شەڕ لەگەڵ خۆیان دەبردەوەو ئافرەتەکانیشیان لە خۆیان حەڵاڵ دەکرد.ئەو مێردمنداڵانە، نێرو مێ بە جۆرێك مێشکیان دەشۆرینەوە، هەموو شتێکیان لە بارەی دایكو باوكو بنەماڵە و وڵات و ئاینەکەیانەوە فەرامۆش دەکرد، خۆیان بە تورك دەژمارد و سوڵتان بە باوكو ئیسلام بە ئاین.

حاجی بەکتاش صۆفیەك بوو لە خۆراسانەوە هاتبووە ئەنەدۆڵ، خۆی بە عەلەوی دەزانیی، بیروباوەڕەکەی تێکەڵەیەکی ئاینزای شیعە، صۆفیزم و باوەڕی دوازدە ئیمامەکە بوو (باوەڕی جەعفەری). ئەم سێ کوچکەیە ئیمام عەلی بە نموونەی هەرە پیرۆزی مرۆڤ دادەنێت کە راستیی خواوەنداریی (الالهیە) بەرجەستە دەکات. دیارە باوەڕیان بە ونبوونو دەرکەوتنەوەی ئیمام مەهدیش هەیەو لە تەنگانەشدا هاوار بۆ عەلی دەبەن بگاتە فریایان، هەروەك لە جەنگی ئوحوددا فریای پەیامبەر دەکەوێتو بە برینداری رزگاری دەکات(١٢).

بەکتاشییەکان پەیڕەوی بیرۆکەی فیقهیی تەوەلیی وتەبەڕیی(التولی و التبری) شیعەشیان دەکرد، کە بریتیە لە گوێرایەڵی و پشتگیریی کردنی بنەماڵەی پەیامبەر (آل البیت ـ أهل البیت) و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنەکانیان. بەڵام ئاخۆ باوەڕیان بە سێ خەلیفەکە دەکرد کە جێگری شەرعیی پەیامبەرن؟ دکتۆر بیرچ، پسپۆڕی بیروباوەڕی بەکتاشیی دەڵێت: بەکتاشییەکان سێ خەلیفەکە بە دوژمن دەزانن و خۆیان لەوان بێبەری دەکەن.(١٣)لەوە دەچێت دکتۆر بیرچ لەم بۆچوونەیدا بەهەڵەدا چووبێت، ئەگینا چۆن سوڵتان کە خەلیفەی موسڵمانانەو سەرتاپای قەڵەمڕەوی عوسمانیی پابەندی ئاینزای سوننەیە، بەکتاشەکانی دەکردە رابەری ئاینیی لەشکرو لە شەڕو ئاشتیدا لە ناویاندا دەمانەوەو لەشکر نوێژی لە پشت ئەوانەوە دەکرد؟ ئەوەی راستیی بێت بیروباوەڕی بەکتاشیی تەولە رێگەیەکی ئاینییە، رێز لە هەر چوار جێگرەکەی پەیامبەر دەگرێتو دەڵێت هۆی سەرەکی دووبەرەکی و کارەساتەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەری مارەکە (موعاویە) و ئومەوییەکانیش بە رەچەڵەکە نەفرەت لێکراوەکە ـ درەختە نەحلەتییەکە (الشجرة الملعونة) ناودەبەن.

دکتۆر بیرج چیرۆکێکیشی لە پەڕاوێکی بەکتاشییەکانەوە وەرگرتووەو بەم جۆرە دەیگێڕێتەوە: ئیمام عەلی ویستوویەتی بزانێت پەیامبەر دوای خۆی کێ دەکاتە جێنشین، بەڵام شەرمی کردووە لە پەیامبەر بپرسێت، داوا لە موعاویە دەکات پرسیارەکە بکات، پەیامبەریش زانیویەتی عەلی خاوەنی پرسیارەکەیە،بەڵام موعاویەپرسیارەکەی کردووە، بۆیە لە وەڵامدا فەرموویەتی: دوای من ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، ئەمجا ئەو کەسەی پرسیارەکەی کرد. موعاویە ئەم وەڵامەی کردە بەڵگەو دەڵێت پەیامبەر مەبەستی من بووە، چونکە من پرسیارەکەم لێکرد، با عەلی کوڕی ئەبو تالیبیش خاوەنی پرسیارەکە بوو بێت!

ئەوەی زۆرتر جێگەی باوەڕە، وەك ئاشکرایە پەیامبەر کە گیانی پاکی سپارد، لە ماڵی خۆشەویستترینو لە هەموو هاوسەرەکانی لە پێشتر، عائیشەی کچی ئەبوبەکر بوو، ئەبوبەکر و عومەر( خ .ل ) بەپەلە،لەو ماڵەدا کەلەمێژوودا بە(دارالندوە) ناسراوە،کۆبوونەوەیەك لەگەڵ موسڵمانەکاندا دەبەستنو رازییان دەکەن کە ئەبوبەکر جێگری پەیامبەرە، چونکە: لە هەمووان بەتەمەنترە، موسڵمانێکی پاكو سادەیەو چاوی لە ماڵی دنیا نییە، خاوەن باوەڕێکی پتەوو نەگۆڕە[١٤]، هاوڕێ و هاودەمی پەیامبەر و سەفەرە پڕ لە مەترسییەکەی نێوان مەککە و مەدینەیە و نازناوی (الصدیق)ی لەوەوە پێدراوە. بەم جۆرە ئەبوبەکری صدیق دەبێتە یەکەمین خەلیفەی موسڵمانان، هەرچەند ژمارەیەکی بەرچاویش کە یەکێکیان فاتیمەی زەهرا بوو،کچی پەیامبەروتاکە هاوسەری عەلی بەیعەتیان پێنەکرد، عەلیش خودی خۆی درەنگ بەیعەتی پێکرد. ئەبوبەکر دوو ساڵ خەلیفە بوو،زۆرتری ئەو ماوەیەی بە شەڕی لە ئاین هەڵگەڕاوەکان (حروب الرّدة) خەریکبوو، بەر لە مردنیش عومەری کوڕی خەتتاب دەستنیشان دەکاتو ئیمام عەلی بە نابەدڵی بەیعەت بە ئەمیش دەکات.

لایەنگرانی عەلی (شیعە عەلی) شێتگیر دەبن، بەڵام عەلی نوێژی لە پشت عومەرەوە دەکردو یەکێك لە کچەکانیشی لێمارە کرد، چونکە نەیدەویست خوێن بکەوێتە نێوان و یەکێتی موسڵمانان بشێوێت، بەڵام عومەر لەکاتی نوێژدا بە دەستی ئەبوولوئلوئە شەهید دەکرێت کە کۆیلەیەکی بەرەگەز فارس بوو،سێ خەنجەری کاریگەر لە خەلیفە دەداتو یازدە کەسیش زامدار دەکات، ئەویش هەر لەو شوێنەدا کوژرا.

## گەلانی بالکان لە سایەی دەوڵەتی عوسمانیدا

سەدەی ١٣ز. بولگارستان گەورەترین دەوڵەتی ناوچەی بەلکان بوو، بەڵام کێشەی ناوخۆیی میرەکانی و دوژمنانی دەرەکیی وڵاتەکەیان لە سەدەی ١٤ز بەسەر سێ میرنشین دابەشکرد، صربیا، بولگارستانو کرواتیا، کە هەر سێکیان سلاڤین و لە سەدەی حەوتەمی زاینەوە لەو ناوەدا جێگیر بوون.

وڵاتی صربیا بەهێزترینی ئەو سیانە بوو، چەند ناوچەیەکیشی لە خاکی بێزنتەو دراوسێکانیش داگیرکردبوو، (شتیڤان دۆشان) لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا ١٣ جار پەلاماری بێزنتە دەداتو هەرجارە بەشێکی لێدەپچڕێتو لەگەڵ هەرێمە داگیرکراوەکانی بولگارستاندا دەیانخاتە نێو سنووری صربیاوەو خۆی ناو دەنێت keiser کایزەر- قەیسەری هەردوو وڵاتی صربستان و یۆنان، بەڵام هەر کە مرد وڵاتەکەشی لێکهەڵدەوەشێتو کەرتو پەرت دەبێت بەسەر چەند میرنیشنێکدا.

سـولّتان سـەلیمی یەکـەم لـە مـاوەی فـەرمانڕەوایی خۆیـدا ١٥١٢ــ ١٥٢٠ز. بەشـێکی زۆری وڵاتـی بولگارسـتان داگـیر دەکـاتو مـاوەی ١٢٠ سـەدو بیسـت صـالّێك دایاندەدۆشـێتو تـالّاوی ژێردەسـتیی و بەکارهێنانیان بـۆ مەرامـەکانی خۆیـان دەکـرد بەگەروویانـدا، دوای بولگارسـتانیش پـەلاماری صربسـتان (صربیا) دەدەن، بەڵام صربەکان ئـەوە نـەبوون هـەروا بـە ئاسـانیی دەسـتەمۆ بکـرێن، ئـەوان جـەنگاوەری سەرگەرمو بەهەڵمەتو دەستوەشێن بوون، چەندین داستانی ئازایەتیو خۆبەختکردنیان بۆ پاراستنی خـاكو سەربەخۆیی گەلو وڵات بەرامبەر عوسمانیە داگیرکارەکان تۆمار کرد لە گۆڕەپانـەکانی جـەنگی بەرگریـدا، پەکیان لەسەر ئەوەش نەدەکەوت هەرکاتێك پێویستی کرد پەنا بۆ تیرۆری رامیاریش ببەن، هەر ئەو چـەند گوللەیەی گرووپێکی فیداکاری ئەوانیش بوو ٦/٢٨/ ١٩١٤ز. دۆقی (ئەدنبرە)و هاوسەرەکەی تیرۆر دەکەن کە بەسەردان هاتبوونە (سارایيڤۆ). ئەوە ئاگری یەکەمین جەنگی گێتی هەڵگیرساندو ملیۆنەها مرۆڤ بوونە قوربانیی.[(١٥)]

ئەڵەمانیا هەرچەندە دوای بەریتانیا و فەرەنسا شۆڕشی پیشەسازی تێدا بـەرپا بـوو، بـەڵام بـەر لـەوانو هۆڵەندا بایەخ بە مۆنۆپۆڵکردنی خێروبێری وڵاتانو دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهـەمی کارگـەکانی دەدات کـە سەرمایەداری قەبەی وەك (کروب)و جوتەبراکـە(ماینزمان) دەستبەسـەر کانـەکانی ژێـر زەویو هێڵـەکانی شەمەندەفەردا دەگرنو ملیۆنەها مارك قازانجییان دەست دەکەوێت. کوژرانی جێنشینی تاجوتەختی نەمسا (دۆقی ئەدنبرە) لە سارایيڤۆ دەکەنە بیانووی ئەوجەنگەی سەرەتا لەسـەر سـنوورەکانی نەمسـا و صـربیاوە هەڵگیرسـا. عوسمانییـەکان سـەرەتا بێلایـەن بـوون، بـەڵام ئێـران بـە بێلایـەنی مایەوە،عوسمانییـەکانیش سەرەتابیلایەن بوون بەڵام سەردەمی فەرمانڕەوایی پارتی یەکێتیی و پێشکەوتن پەلاماری خۆرئاوای ئێـران دەدەنو دوای کشانەوەی هێزەکانی رووسیا چەند هەرێمێکیان داگیر کرد. با بگەڕێینەوە سەر عوسمانیەکانو گەلانی بەڵکانو شەڕەکانی دەشتی کۆسۆڤۆ کە ئەوەندە سەختو خوێناوی بوون، شـای صـربەکان( شـتیڤان دۆشـان) خـودی خـۆی بەشـداریی دەکـردو لـە نـاو جەرگـەی گۆڕەپـانی شـەڕەکەدا کوژرا.یـەکێك لـەلاوە خوێنگەرمەکان بۆ تۆڵەسەندنەوە بەنێو ئەو هەموو لەشکر و پاسەوانەدا وەك بروسکە خۆیگەیاندە خێوەتی تایبەتی سولّتانی عوسمانیو لە چاوتروکانێکدا سولّتان دەکاتە قوربانی شمشێرێکی کوشندە،بەڵام صربەکان شەڕەکەیان هەر دۆڕاند و چینە باڵادەستەکانو فیودالّـەکان (دەرەبـەگ) بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییـەکانیان هاوکـاریی دوژمنیـان دەکـرد، بـەڵام چـینی هـەژار و دەسـتکورتو رەشو روتو چەوسـاوەکان سـەنگەری بـەرەنگارییان چـۆڵنەکردو زمـان و کولتـووری خۆشـیان دەپاراسـت نـەبێت بـەژێر زمـان و کولتـووری عوسمانییەکانەوە،بەڵام دوای حەفتا صالّ شـەڕی پچڕپچـڕو بـەرگریی ئـەمجا دوژمـن تـوانیی دەسـت بەسـەر وڵاتەکەیاندا بگرێت. هێرشو پەلامارو داگیرکارییو فراوانخوازیی عوسمانییەکان کە لە ناوەڕاسـتی سـەدەی یازدەی زاینییەوە دەستپێکردبوو رێگای داگـیر کردنـی ئـەوروپای خۆرهـەڵات لەبـەردەم سـولّتان سلێماندا دەکاتەوە، بەڵام صربەکانو بولگارەکان لە باڵکانو گـورجیو ئەرمـەن لـە قـەفقاسو کـورد لـە کوردسـتان دەستدەدەنە چەكو بەرەنگاریی دوژمن دەکەن..جەنگاوەرانی باڵکان بـە هایـدوك دەناسـران، ئەوەنـدە زۆرو ستەمی دوژمنیـان لەسـەر بـوو تـەنها لـە کـاتی هێـرشو پـەلاماردا دەردەکـەوتن، ئـەگینا ژیانیـان لـە

ئەشكەوتو دارستانو جەنگەڵەكاندا بەسەر دەبردو بوونە لەمپەرێكی بەهێزیش، دوژمن دەستی بە ئەوروپای خۆرئاوادا نەگات.[١٦]

شا ئیسماعیلی صەفەوی صاڵی١٥٠١ز. ئیمپراتۆریای صەفەویی دادەمەزرێنێتو بە گوڕوتینەوە دێتە پێشەوە و لە ماوەیەكی كورتدا لەشكرێكی بەهێزی پێكەوەنا،كەبناغە پتەوەكەی دەروێشو صۆفییە توندڕەوەكان بوونو هەر بەسەرگەرمیی ئەوانیش صاڵی ١٥٠٨ز. دەستی بەسەر بەغدادا گرت. چوار صاڵ دوای ئەو رووداوە و لە صاڵی١٥١٢عیساییدا،لەنێو عوسمانییەكانیشدا سوڵتانێكی توندڕەوو و دەمارگیرو زۆردارو خوێنڕێژ دێتە سەركاروماوەی نێوان١٥١٢ــ١٥٢٠فەرمانڕەوابوو،بە سوڵتان سەلیم یاوز ناوی دەركرد.سەلیم یاوز هاوتەریب لەگەڵ شا ئیسماعیلداكە هەردووكیان بەزەبری شمشێر، ئەمیان ئاینزای سوننە و ئەویان ئاینزای شیعەگەرێتی دەسەپاند.

سەلیم پشت ئەستوور بە فەتوای چەند زانایەكی سوننە، كوشتنی شیعەكانی لە گشت قەڵەمڕەوی عوسمانیدا حەڵاڵكرد، كە لە راستە رێگەی ئاینی ئیسلام لایانداوە (المارقین)، ئەوەبوو زۆر بەخوێن ساردیی٤٠،٠٠٠ هەزار شیعەی دانیشتووی ناوچەكانی ئەنادۆڵ (بەشە ئاسیاییەكەی توركیا) سەردەبڕێت لەتۆڵەی خوێنی ئەو سوننەمەزەبانەی كە لەشكری ئێران بەر لە ٦٠ صاڵ لە (عێراق) قەڵاچۆی كردبوونو گۆڕی ئیمام ئەبوحەنیفەشیان هەڵدابووەوە.

سوڵتان سەلیم بە جۆرێك لە بڵاوبوونەوە و گەشەكردنی شیعەگەرێتیو دەستخستنە كاروباری ناوخۆی بەغداو بەتایبەتیش ئاوەدانكردنەوەو سەرپەرشتیكردنی شوێنە پیرۆزەكانی نەجەف و كەربەلا و كازمەین و سامەڕاو ئاڵتوون پۆشكردنی درگاو گومەزو منارەكان بەجۆرێك شێتگیر بوو بوو،چوار نامەی ناشیرین و پڕ لە جنێوو هەڕەشەو گوڕەشە بۆ شا ئیسماعیل دەنووسێت كە پوختەكەی ئەمەیە: هەتا زووە، لە سەردەستی مندا، تۆبە بكەو بگەڕێرەوە سەر رێگەی راست، ئەگینا دارت بەسەر بەردەوە ناهێڵمو خاكت بە تورەكە دەبێژمەوە.

سوڵتان سەلیم پیلانە نهێنییەكانی خۆی پیادە دەكرد، ئەو كاتەی كوردی كردە ئامرازی كاریگەری شەڕی چاڵدێران ١٥١٤ز، هەمان كاتیش پەنادەباتە بەر هۆزە تاتارەكان، ئامادەیان دەكات بۆ پەلاماردانی وڵاتانی قەفقاسو ئابلۆقەدانی ئێران لە چەند قۆڵێكەوە. زۆر مەبەستیشی بوو هەمیشە رووكەشێكی ئاینیی بدات بە هێرشو پەلامارەكانی، بۆیە سەرەتا روویكردە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات كە عیسایی بوونو دواتر دەگەڕێتەوە سەر ئێران كە پێڕەوی ئاینزای شیعەیان دەكرد، ئەگینا پاڵنەری سەرەكیی فراوانخوازیی و دەسەڵات سەپاندن بوو.هەر بۆ نموونە، ئەوە چ تراژیدیایەكە هەزاران موسڵمان بۆ مەرامی گڵاوی سەلیم یا ئیسماعیل ببنە قوربانی، هەرئەو ئیسماعیلەش لە مانگی رەمەزانداو لە شەوێكی (لیلة القدر)دا،لە كۆشكی تایبەتی شاهانەدا،ئاهەنگێكی تایبەت بۆ هەموو كونسوڵەكانی وڵاتانی ئەوروپا لە ئێران ساز دەكات، سەرجەم گەورە پیاوانی ئاینیش بانگهێشت دەكاتو ئەو بەستەزمانانە ناچار دەكات لەگەڵ میوانەكاندا جامی شەراب بنێن بەسەرەوەو ئەمجا روو دەكاتە باڵیۆزی بەریتانیاو دەڵێت: هیوادارم وڵاتەكەتان لەم ئاهەنگە هاوبەشە ئاگادار بكەن.

نەك هەر ئەمە، شا ئیسماعیل بانگەشەی برایەتی موسڵمان و عیسایی دەکرد، بەڵام سەرگەرمی قەڵاچۆو لە ناوبردنی گەلی کوردی موسڵمان بوو. سوڵتانیش ئێرانییەکانی بە لادەرو گومڕا دەژمارد، بەڵام پەنای بۆ گاورەکان دەبرد هاوکاریی سەربازیی بکەن. لەو لاشەوە کەسانی ناموسوڵمان لە دادگاکانی وڵاتی عوسمانیدا بە شایەت وەرنەدەگیران.

عوسمانییەکان کە جێگە پێی خۆیان چەسپاندو لەشکرو دەزگای سەربازیی تەواویان دامەزراند، یەکەم هەنگاو روو دەکەنە ئەوروپای رۆژهەڵاتو لەپێشڕەویکردندا بەردەوام دەبن هەتا ساڵی١٥٠١ز.کە ئیمپراتۆریەتی صەفەوی دادەمەزرێت بە رابەرایەتی دەروێش ئیسماعیلی صەفەوی و ئیتر پلانو ئاڕاستەی لەشکرکێشییەکانی عوسمانییەکان گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا هاتو شەڕی عوسمانیو ئەوروپای رۆژهەڵات (شەڕی موسوڵمانو گاور) بوو بە شەڕی عوسمانی و صەفەوی (شەڕی ناوخۆی موسڵمانانی سوننە و شیعە). عوسمانییەکان بۆ زامنکردنی هاوکاری هەموو نەتەوەکانی ژێر دەستیانو راپێچکردنیان بۆ بەرەکانی شەڕ، بەتایبەتیش نەتەوەی عارەب کە هەرهەموویان و نەتەوەی کورد بەشێکیان سەر بە بلۆکی عوسمانی بوون و کەوتبوونە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی کاریگەرو چەند فاکتەرێکی بەهێزی دژ بەیەکتر:

١ـ ملکەچیی و گوێڕایەڵیی و فیداکاریی لە پێناو سەرکەوتنی (دینو دەوڵەت)دا ئەرکی هەرە پیرۆزی سەرشانی گشت موسڵمانانە، چونکە سوڵتانی عوسمانی جێگری پەیامبەرە.

٢ـ بەرەنگاری کردنی ئێرانییە گومڕاکان (ڕافیزییەکان ـ الرافضة) کە سێ لە جێگرەکانی پەیامبەر بە خەلیفەی شەرعی ناناسن، ئەرکێکی ئاینیی پیرۆزە.

٣ـ بەندو باوی زوڕناژەنەکانی سوڵتان دژ بە گاور ـ دیان ـ کریست ـ عیسایی(کافران)دەستیان بگاتە خاکی موسوڵمانان، مزگەوتەکان دەڕوخێنن، ئافرەتان ئەتك دەکەنو سەروماڵی موسڵمانان حەڵاڵ دەکەن.

٤ـ هەوای سەربەخۆیی و خۆڕزگارکردن لە دەست تورکە داگیرکارو چەوسێنەرەکان، کە نەتەوەکانی دیکە سووك و بێنرخ تەماشا دەکەنو هەر بۆ سوتەمەنی شەڕە نەگریسەکان دەیانەوێن.

٥ـ پڕوپاگەندەی بەریتانیا و رووسیا بۆ هاندانی گەلانی ژێرچەپۆکی رەشی دەوڵەتی عوسمانیی بۆ راپەڕینو شۆڕشو خۆڕزگار کردن.. بەشێکی هەرە زۆری موسڵمانان بە کوردیشەوە بێ دوودڵی لە خزمەتی سوڵتاندا بوون و وەك رێگەچارەیەکی گونجاو دارەکە لە نێوەڕاستەوە دەگرن بۆدابینکردنی رەزامەندیی یەزدانو سوڵتان (خەلیفەی موسوڵمانان) و جۆرە دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆشی تێدابێت،خوانەیبڕێ.

زۆر دواترو سەرەتای سەدەی بیستەم لە نێو عارەبدا، شەریف حسێن،میری خوزستانومیری کوێت خۆیان یەکلایی کردەوەو چارەنووسیی خۆیان بە سەرکەوتنی بەریتانیاوە دەبەستن و بەهاوکاریی ئینگلیز، تورکە عوسمانییەکانیان لە وڵاتەکانیان کردە دەرەوە.ئەم جۆرە هەنگاوانە لە بارودۆخی تایبەتیی و قۆناغی دیاریکراوی خۆیدا لە رووی تیۆرییەوە پەسەندە، ئەگەر لە پراکتیکدا بە جۆرێکی دیکەو ئاوەژوو نەکەوێتەوە. مێژووی کورد پڕە لەو هەوڵ و تاقیکردنەوە سەرنەکەوتووانە. مەلا ئیدرسیی بتلیس ١٥٢٠ز مردووە، زانایەکی مەزنی کوردستانی باکوور بوو، دەستەڵاتێکی فراوانی ئاینیی و جەماوەری هەبوو، جگە لە پەیوەندییەکی گەرمو بەردەوام لەگەڵ سوڵتان سەلیمی عوسمانی و میرەکانی کوردیشداو هەردوو

لایەنەکەش ڕێزیان لێدەگرتن و بایەخیان بەڕاو بۆچوونەکانی دەدا.

**ڕێککەوتنی سوڵتانی عوسمانی ـ کورد**

مەلا ئیدریسی بتلیسیی بەهەوڵو کۆششێکی زۆر توانیی ٤٦ میرو سەرداری کورد لە بەرەیەکی یەکگرتوودا کۆبکاتەوە، ٤٦ میری ناحەزو ناکۆك کە هەر کۆمەڵێکیان لە پێناو بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیاندا روو لە داگیرکارێکی کوردستان بوون عوسمانی، صەفەوی، تورك، فارس کە بەدرێژایی مێژووی خۆیان دوژمنی سەرسەخت و خوێنخۆری یەکتر بوون، ماوەی چوارصەد ساڵێك خوێنی خۆیان و گەلانی ژێر دەستەیان دەڕژاندو لە هەموو روویەکەوە تا سەرئێسك نەیارو دوژمن بەیەکتر بوون تەنها لە دژی کوردو پەرشوبلاوکردن و کوشتوبڕیاندا بە ئاشکراو بەنهێنی کۆك و تەبابوون، بۆیە دەبوو کوردیش بە خۆیدا بچێتەوەو سەنگو قورسایی خۆی لە سەنگو تەرازووی ناوچەکەدا دابنێ،نەك بە پێی بارودۆخو بەرژەوەندی تاکەتاکەی میرەکان، بەڵکو بەپێی بەرژەوەندی کورد بکەونە کار کە زۆرتر وەك نێچیرێکی بریندار کەوتبووە بەرتیری ئەو دوو هێزە زەبەلاحە نەیارە کەهەوڵیان دەدا وەك مقاش بەکاریبهێنن بۆ ئامانجەگڵاوەکانیان، بۆیە دەبوو کوردیش هۆشیار بێتەوەو چیتر ئەو رۆڵە بێ ئەنجامە نەبێت و رێگەچارەیەك بۆ دواڕۆژێکی چاکتر بدۆزێتەوە. مەلا ئیدریس بە ژیریی و شارەزایی خۆی،نزیکبوونەوەو شێوە هاوکاریی و پێکهاتنێك لە نێوان سوڵتان سەلیمو بەشێکی بەرچاوی میرەکاندا گەڵاڵە دەکات بۆ رێکخستنی پەیوەندیی نێوان عوسمانیو کورد لەسەر بنچینەی دەوڵەتێکی عوسمانیی فیدراڵیی تورکوکورد لە شێوەی پەیمانێکی ستراتیژیدا کە بەوپێیە کورد دۆست و پشتیوانی راستەقینەو بێ ئەمبەرو ئەوبەری دەولەتی عوسمانیی بێت،دەوڵەتیش کورد بە هاوبەشو یەکسان بناسن لە ماف وئەرکەکانو بەڕێوەبردنی وڵاتدا.

مەلا ئیدریس لە هەوڵەکەیدا سەرکەوتوو بوو، ٩/٨/ ١٥١٥ لە سەردەستی سوڵتان سەلیمدا پەیمانی برایەتیی و تێکۆشان دژی دوژمنانی هەردوولا لە نێوان تورکی عوسمانیو گەلی کوردا گرێدرا، کە هەردوولایان بەرژەوەندی خۆیان تێدا دەبینییەوە.کورد بە گشتیی وەك نەتەوەیەکی موسوڵمان ئامادە نەبوو شمشێر لە رووی سوڵتاندا هەڵکێشت کە جێگری پەیامبەرە، بۆیە میرو سەرانی کورد بە هەلێکی گونجاوی دەزانن بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتو خۆکۆکردنەوە بۆ هەلێکی لە بارتر لە داهاتوودا. سوڵتانیش چەندین ئامانجی ئاشکراو نهێنی هەبوو وەك:

١ـ رێگەگرتن لەو دوژمنە بەهێزەی لە ناکاوێکدا بەسەرکردایەتی شا ئیسماعیلی صەفەی پەیدا بوو، پەلوپۆ نەهاوێژێ.

٢ـ شەڕی دوژمنە شیعەکان، بە کوردی سوونە بکات، کە ئەنجامەکەی هەرچۆنێك بێت هەر لە بەرژەوەندی ئەو دایە.

٣ـ دەوڵەتی صەفەوی (شیعەی گومڕا)و کوردە سەربزێوەکان هەردوولایان لاوازو بێهێز دەبنو سوڵتان دەستی واڵا دەبێت بۆ ئەورووپای خۆرهەڵاتو ئەو کاتە کاری بە کورد نامێنێتو شەقێك لە رێکەوتنەکە هەڵدەدات. ئەوە نیازە نهێنییە گڵاوەکانی سوڵتان بوو، ئەگینا چەند باوەڕی بە شیعە هەبوو، ئەوەندەش

باوەڕی بەوە بوو کورد وەك نەتەوەیەك مافی هەبێت، بەڵکو هەربەپێی هەمان پەیمان دوای لێدانی صەفەویەکان ئەرکێکی نوێیان پێ دەسپێرێت وەك هاندانیان بۆ قەلاچۆکردنی ئەرمەنەکان کە هاودەردو هاوخەمی کورد بوون، ئەگینا لە فەرهەنگی سولّتانو سەرکردە تورکە عوسمانییەکاندا، کورد بە (کورد بد نیهاد) کوردی نیاز پیسو عارەبیش بە (عرب خیانت) عارەبی ناپاك ناودەبران.(١٧)

کاتێك صەفەویەکان قەلاچۆی سوونەیان دەکرد، کوردە سوننەکان بۆ خۆپاراستنو سولّتانیش بۆ تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنی هاوبەش شانبەشان دەجەنگان، ئەوە جگە لەوەی شا ئیسماعیل چاوی بە کورد هەڵنەدەهاتو ئەوەش پاڵنەرێك بوو بەشێکی بەرچاوی کورد روو بکەنە عوسمانییەکانو یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەو هەڵوێستەشیان جەنگە بەنێوبانگو چارەنووسسازەکەی چالّدیران ٢٣/ ٨/ ١٥١٤ز. سەردەمی سولّتان سەلیم یاوز بوو لە نێزیك شاری تەورێز وەك رەنگدانەوەی ناکۆکییە قوڵەکانو ململانێی فراوانخوازیی و پاوانکردنی ناوچەکەئەو جەنگەی لە ژێر پەردەی ئاین ـ ئاینزادا هەڵگیرساندو عوسمانییەکان بە هاوکاریی کورد سەرکەوتنێکی مێژوویی بەدەستدەهێننو تای تەرازووی هێزیش لە ناوچەکەدا لە بەرژەوەندی ئەوان قورس دەبێتو تۆڵەی دەستدرێژی و زێدەڕەویەکانیان لە صەفەویەکەیان سەندەوەو بە فەرمانی سولّتان سەلیم هەر هەموو دیلەکانیان سەربڕینو گردۆڵکەیەکیان لە کەللە سەرەکانیان هەڵچنی. تەنانەت ئەفسەرانی یەنیچەری و رابەرە ئاینییەکانی لەشکرەکەش تاوانبارکران کەبەهۆی کەمتەرخەمیی ئەوانەوە تەورێزی پێتەختی صەفەوی داگیر نەکر، هەر لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا ملیان پەڕاندن. رقوقینی ئەستووری سولّتان بەوەش دانەمرکایەوە هەتا ٤٠.٠٠٠ چل هەزار مرۆڤی بێتاوان لە شیعەکانی دانیشتووی ئەنەدۆڵیش قەلاچۆ دەکات. ئەو بەردەوام بە لەشکری دەگوت: کوشتنی شیعەیەك وەك کوشتنی حەفتا گاور (دیان ـ عیسایی) وەهایە.

پرۆفیسۆر جەمال نەبەز دەڵێت: دوای سەرکەوتنەکەی جەنگی چالّدێران، دەوڵەتی عوسمانییو میرەکانی کورد صالّی ١٥١٥ پەیمانی تورك و کورد دەبەستن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عوسمانی (نوێ) و هاوبەش لە نێوان تورکو کورددا و عوسمانی توانی صالّی ١٥١٦ سووریا و ١٥١٧ میسر داگیر بکات.(١٨)

هێرشەکانی عوسمانی بۆ خۆرهەلاتو ولاتانی موسولّمانو ئەفەریقا سەردەمانی سولّتان سەلیم ١٥١٢ـ ١٥٢٠ و سلێمانی کوڕیدا (سلێمانی قانوونی) ١٥٢٠ـ ١٥٦٦ بوون، سەلیم١٥١٦دەسەلاتی کۆڵەمەن لە شام و١٥١٧لە میصرلەنێودەبات. شەریفی مەککە، ئەسکەندەر چەرکەسیی یەمەن، ژێر فەرمانیی خۆیان راگەیاند. بەلام داگیرکردنی دوورگەی عەدەنو هەموو شارەکانی یەمەنو دەروازەی مەندەبو داخستنی لە رووی کەشتیگەلی جەنگییو بازرگانیی پورتوگالدا صالّی ١٥٣٨لە سەردەمی سلێماندا ئەنجامدرا. هەتا ئەو کاتە میصر، حیجاز، یەمەن، عێراق، شام، دەریای سپی،دەریای سوور و ئۆقیانووسی هند لە ژێر دەستی پورتوگالدا بوون. جگە لەوانەش سلێمانی قانوونی ١٥٣٤ بەغدای لە دەوڵەتی صەفەوی سەندەوەو هەرێمی بەصرەش ملکەچیی راگەیاندو بەدوایدا ١٥٥١ لیبیا، ١٥٥٥کەنداو و بەحرێن، ١٧٥٤ توونس و دواتر جەزائیریش کەوتنە بندەستی دەوڵەتی عوسمانیی. ویلایەتی بەغداش ١٥٣٤ـ ١٦٣٨ لە نێوان عوسمانیو صەفەویدا دەستاو دەستیدەکرد، ١٦٢٣ شا عەباس دووبارە

داگیریدەکاتەوەو مورادی چوارەمیش ١٦٣٨ لە ژێر دەستیانی دەردەهێنێت. ئەو زنجیرە سەرکەوتنانەی عوسمانی راستەوخۆ دوای رێککەوتنەکەی سولتان سەلیم و مەلا ئیدریس بتلیسی، رۆڵی بەرچاوی کورد دەردەخەن لە سەنگ و سووك کردنی تەرازووی هێز لە ناوچەکەدا، بەڵام ماوەی فەرمانڕەوایی سولتان سەلیم ١٥١٢ـ ١٥٢٠ زۆر کورتبوو، مەودای نەهێشتەوە کورد بەرهەمی رێککەوتنو سەرکەوتنەکان بچنێتەوەو دەتوانین بڵێین گەر بەو جۆرە نێگەتیڤە بەسەر کوردا نەشکایەتەوەو خودی سەلیمو سولتانەکانی دوای خۆی نەیانکردایە بەژێرەوە نەخشەی رامیاریی ئەمڕۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست جیاواز دەبوو، عوسمانیو صەفەوی پێویستیان بە پەیمانی زەهاو، گولستان، ئەرزڕۆم نەدەبوو، دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانیش دوای یەکەمین جەنگی جیهانیی لە بەرژەوەندی کورد دەبوو، پەیمانی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ی نێوان شای ئێرانو صەددام و جەنگی هەشت ساڵەی عێراق ئێرانو رزگارکردنی کوەیتو دواتر عێراقیش لەلایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانییەوە روویاندەدا! بەپێی رێککەوتنەکەی سەلیم ـ مەلائیدریس:

١ـ میرنشینەکانی کورد لەبەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆدا سەربەخۆنو ساڵانە باج وخەراج بۆ پێتەخت دەنێرن.

٢ ـ لە کاتی جەنگو هێرشی دوژمندا لەشکر ئامادە دەکەن.

٣ ـ میرەکان پشتاوپشت فەرمانڕەوایی میرنشینەکان دەکەن، گرنگیی ئەم خاڵە لەوەدایە والی و سولتان بە ئارەزوو یا بۆ بەرژەوەندی خۆیان و تیژکردنی میرەکان لە یەکتر ئاڵوگۆڕیان پێناکرێتو وەك میرنشینەکانی مەککە، یەمەن، ئەهواز مامەڵەیان لە تەکدا دەکرێت.

ئەوەی هاندەری سولتانەکانیش بوو بەرنامەی خۆبەڕێوەبردنەکەی کورد هەڵوەشێننەوە،بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند بوو کە سولتان لە ئەستەمبوولەوە دەستی بەسەر هەموو گۆشەیەکی وڵاتدا بگاتو ئەزموونە تاڵەکان دووبارە نەبنەوەو میرەکان هەر بەناو و سەرزارەکیی بێ وخۆیان بە بەشێك لە موڵکی تایبەتی سولتان بزانن. بەرنامەی چەوت و خۆپەرستانەی سولتانەکان و بەریتانیا و فەرەنسا هۆی سەرەکیی دوو کێشەی گەورەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستو ئاڵۆزیی و بێ ئارامیی جەنگەکانن لەنێوچەکەدا، کێشەی کوردو کێشەی فەلەستین.

ژێرکەوتنی صەفەویەکان لە چاڵدێران١٥١٤/٨/٢٣ئەوەندە جەرگبڕبوو شا ئیسماعیلی صەفەوی بەرگەی ئەو شکستە پشت شکێنەی نەگرت، هۆش و ژیریی لە دەستداو بە شێتیی مردو سەری نایەوە! هەروەك چۆن سولتان مەحموودی دووەمی عوسمانیی کەهەواڵی ژێرکەوتنی لەشکرەکەیی پێدەگات لە بەرامبەر ئیبراهیمی کوڕی موحەممەد عەلی والی میصردا لە شەڕەکەی (تزب)دا، خۆی لەبەردەم ئەو کارەساتەدا نەگرت و دوای چەند رۆژێك بەو داخ و سوێیەوە سەرینایەوەومرد! ئەم کارەساتە سەربازییەی بەسەر عوسمانییەکاندا هات لە مێژوودا بە هەڵە بە ناوی شەڕی نسێبین تۆمار کراوە، نسێبین شارێك بوو نێزیك بە موسڵ، راستییەکەی ئەو شەڕە لەکوردستان و لەناوچەی(تزب)روویدا کە دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا و سووریا، نێزیك بە شاری قامیشلۆ. کورد یا بەشێك لە میرەکانی کورد لە شەڕەکەی چاڵدێراندا وەك برا و هاوپەیمانی عوسمانییەکان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکەکانیان ئەنجامداو سەنگو قورساییەکیشیان لە

تـەرازووی هێزەکـانی ناوچـەکەدا پەیـدا کـردو لـە سـتراتیژی عوسمـانییو صەفەویشـدا ڕۆڵـی کاریگـەریان دەرکەوتو بە شێوەیەکی ئەکتیڤ تێکـەڵاوی ڕووداوەکـان بـوونو عوسمانییەکانیشـی لـەوە دڵنیـا کـرد بـە پشتیوانیی کورد دەتوانن دوژمنانی دەرەکیی و ناوەکی ببەزێنن، ئـەوەش گـوڕوتینێکی دیکـەی بـە شـێوە ڕێککەوتنەکـە دەداو مـەلا ئیدریسـیش گەشـبینترو بـەردەوام لـە هـەوڵو چـاودێریکردنی پتـەوکردن و پیادەکردنی ڕێککەوتنەکەدا بوو، کوردیش دەستکەوتەکانی خۆی بچنێتەوە.

صەفەویەکان لای خۆیانەوە وەك دژەکرداری ئەو هەڵوێستەی مەلا ئیدریس و میرە کوردەکـان ئەوەنـدەی دیکە دەمارگیربوونو لە سەدەی١٦ی زایینـدا لـە دژی کوردکـە سـوننەمەزەب بـوون، هـۆزە تورکـەکان لـە قەفقاسەوە دەهێننو لە ناوچە شاخاویەکاندا نیشتەجێیان دەکەن. خۆ صـەفەویەکان خۆشـیان سـەرەتا هـەر پێڕەوی ئاینزای سوننەیان دەکرد، خاوەنی تەکیە و خانەقا و دەروێش و مورید بوون، ناحەزیی و ململانێـی لەگەڵ عوسمانیدا ئەوەی پێکردن خۆیان بکەنە میراتگری ئیمام عـەلی و بنەماڵەکـەی و لـە دژی کـوردیش باوەش بۆ هۆزە تورکە کۆچەرەکان بکەنەوەو لە لەشکرو هێزە تایبەتەکاندا پلـەو پایـەی بـەرزیان پێبـدەن. سەیر لەوەدایە ئەو سەردەمە لە وڵاتی عوسمانیو بەشێکی هیندستانو ئەفغانستان زمـانی فارسـی زمـانی وێژەو رامیاریی بوو، بەڵام لە وڵاتی ئێراندا زمانی تورکی زمانی فەرمیی دەوڵەت بوو!!

عوسمانیەکان دوای چاڵدێران بە تەواویی باریـان راسـت دەبێتەوە،تارادەیـەکیش دوژمنێکـی سەرسـەختی وەك صەفەوییان لە کۆڵ دەبێتەوە، بەرەی ناوخۆ توندوتۆڵ دەکەنەوەو ئەمجا:

١ــ دەسـتیان واڵا دەبێـت هـەر لـە ١٥١٦ــ ١٥١٧زایینــەوە روو بکەنـە وڵاتـی نێـوان دووڕووبارەکـە (میسۆپۆتامیا ـ عێراق) و هاوینی ١٥١٦ هەتا کۆتایی بەهاری ١٥١٧ گورزێکی کوشندە لـە مەمالیکـە لەخۆباییەکان بسرەوێننو وڵاتـانی شـام و میصـر لـە دەسـت (غـۆری شـا) بـەهێزترین پیـاوانی کۆڵەمـەن (مـەمالیك) دەربهێـننو سـنووری دەسـتەڵاتی کۆڵەمـەن بەرتەسـك بکەنـەوە هەرچـەندە غـۆری مەردانـە بەرگریکردو لە ناوجەرگەی شەڕەکەدا کوژرا.[19]

٢ـ وەرگرتنی کلیلەکانی هەردوو شاری مەککە و مەدینە و مافی کلیلدارێتی (زێـوانی) ئـەو دوو شـارە هەرە پیرۆزەی موسڵمانان لە ١٥١٧زاییندا.

٣ـ لێدان و سەرکوتکردنی شیعەکان لە سنووری فەرمانڕەوایی عوسمانیدا.

٤ـ دەستێکیان بە ئەرمەنییەکانیشدا هێنا، تا نەتوانن سەربزێوی و هاوکاریی دوژمنان (ڕووسیا) بکەن.

٥ـ لە باکووری ئەفەریقاش جگە لە میسر، سـودان، مـەغریب، تـوونس و جـەزائیریش داگـیر دەکـەن و تەنها مەراکیشی خۆرئاوا (لیبیا) بێمەڵامەت دەرچوو.

عوسمانییەکان ئیتر کارێکیان بە ڕێککەوتنە سـتراتیژییەکە نـەمابوو، بـەڕووی کـورددا تۆڕیانهەڵـداو بـە گەرمییو بەپیلان کەوتنە دووبەرەکیی نانەوەو هاندانی میرەکانی کورد لە یەکترو هاوکات هەڵگیرسـاندنی ئاگری شەڕی کورد و ئەرمەن، بۆ خۆشیان دەیانوویست پشوویەك بدەن، پەلامار و لەشکرکێشییو جەنگـە بەردەوامەکان ماندووی کردبوون، ئـەوەبوو وێـڕای ئـەو هـەموو نـاکۆکیی و کێشـەی ئـاینیی و ململانێـی دەسەڵاتو فراوانخوازیی و پاوانکردنی ناوچەکە و ئەو هـەموو خوێنڕشـتنو وێرانکارییـە بەردەوامـە لەگـەڵ

ئێراندا کە گەیشتە ئاستێك سوڵتان سەلیم هەمیشە بەبیری سەربازەکانی بهێنێتەوە کە شیعەیەك دەکوژیت وەك ئەوەیە حەفتا گاورت کوشتبێت، مل بۆ گفتوگۆو دانوستاندن درێژ دەکەنو لە ئەنجامدا ساڵی ۱٦٣٩ز. پەیمانی زەهاو (ذُهب) مۆر دەکەن و بەپێی یەکێك لە بەندە سەرەکییەکانی (وەك برا) کوردستان بۆ یەکەمجار لە نێو خۆیاندا دابەشدەکەن.

بێوەفایی و بێمروەتیی و پارێزگاریی نەکردنی گفت و پەیمان خەسڵەتێکی چەسپاوی تورکو فارسەکانە بەرامبەر بە کورد بە درێژایی مێژووی پێکەوەژیانیان، تورك دەوڵەتی عوسمانییان لەسەر چەند کۆڵەکەیەك دامەزراند کە گەیاندنییە ئەو ئاستەی شانازیی بە خۆیانەوە بکەن:

۱ـ ئاینی پیرۆزی ئیسلام وەك چەکێکی هەمیشە ئامادە و کاریگەربەکاربهێنن بۆ مەبەستە گڵاوەکانیان لە داگیرکردنی وڵاتان و ژێرچەپۆككردنی گەلانو دادۆشینیان بە ناوی شەڕی کافران (گاور)ەوە لە ژێر دروشمی (ئاینو شمشێر لە یەکتری جیا نابنەوە).

**۲ـ** هێزی سەربازیی و لەشکرەکان:

أـ هێزەکانی یەنیچەریی.

ب ـ هێزەکانی کۆڵەمەن(مەمالیك)،کە هەردووکیان هێزی هەڵبژاردەو باوەڕپێکراوی سولتان بوون، جەنگاوەرو سەرکردەی لەشکرو فەرمانبەری باڵای کۆشك و بەڕێوەبەرایەتیی دەزگاکانی دەوڵەتو والی هەرێمەکان بوون.

ح ـ ئاینزای بەکتاشی بۆ گۆشکردنی هێزە سەربازییەکان بە باوەڕی ئاینییو خۆشەویستیی سوڵتانو فیداکاریی لە پێناویدا.

د ـ حاجی بەکتاشیی قوتابییەکی بابائیسحاق بوو کەساڵی ۱۲٤۲ز.لەوڵاتی رۆم (تورکیا) شۆڕشێکی بەرپاکرد،بەشۆڕشی باب ناسرا.

هـ ـ ئاشکرا نییە کورد وەکو جەنگاوەر و سەربازی لەشکرو هێزە تایبەتەکانی سوڵتانو فەرماندەی لەشکر و والی و میری میرنشینەکان چی دەرهەقیان کراوە. بەڵام بەپێی بەرژەوەندیی کاتو شوێن چییان بە بەکتاشی، یەنیچەری، کۆڵەمەن، کورد نەکرد؟ کۆڵەمەنەکانیان هەر بەیەکجاری قڕ کردو چۆلەکە کوژیان تێدا نەهێشتن.

دوای مردنی سەلیم، سلێمانی کوڕی جێگەی گرتەوەو ۱٥٢۰ـ ۱٥٦٦ز.ماوەی ٤٦ ساڵی رەبەق بەسەریەکەو ە فەرمانڕەوایی کرد. ئەم سوڵتانە کە بە سلێمانی قانوونی ناوی دەرکرد، بە فرتوفێڵی خەلافەتو شەڕی پیرۆزو کاریگەریی تۆپخانە بەهێز و مۆدێرنەکەی، قەڵا سەختەکەی بەلگراد وێراندەکاتو ساڵی ۱٥٢٦ز. بۆدابست، پێتەختی مەجەڕستان (هەنگاریا) داگیر دەکاتو سەدو پەنجا ساڵ لە ژێردەستیاندا دەمێنێتەوە. هێزەکانی عوسمانیی کەوتنە ئەودیو رووباری دانوبو لە ۱٥٢٩دا ملیان پێوەنا بەرەو شاری ڤییەنای پایتەختی نەمسا و بەدەم گەمارۆدانەوە سێ مانگ تۆپ بارانیانکرد، بەڵام ڤییەنای بووکی رۆژهەڵات خۆی بە دەستەوە نەداو لەشکری ملهوڕی عوسمانی ناچار دەکەن بە سەرشۆڕی پاشەکشە بکەن.

ئەو پەلامارە وەك زەنگی مەترسیی، هەموو ئەوروپای رۆژئاوای وریاکردەوە،ئەگەرچی رۆژهەلاتمان لە دەستدا، بەلام ڤییەنا هێلّی سوورەو بەزاندنی بڤەیە، نەك ئارامیی، بەلکو سەربەخۆیی ئەوروپای رۆژئاوا هەرهەمووی دەخاتە بەر مەترسیی هێرش. سەرانی ئەوروپا لەسەر ئەوە پێکهاتن چاکترین رێگە چارە، هاوکاریکردنی ئێرانە، بەرەیەکی جەنگ لە پشت دوژمنی هاوبەشەوە بکەنەوە بۆ خاوکردنەوەی گوڕوتینی هێرشەکانی دەوڵەتی عوسمانیی. ئێرانیش لە خوای دەویست، پێشتر چەند جارێك داوای یارمەتی لەئەوروپا کردبوو، ئەوە جگە لەوەی صەفەویەکان داوای برایەتیی موسڵمانانو عیساییەکانیان دەکرد، بۆیە هەرزوو شەڕیان گەرم کردو پەلامارادانی سنوورەکانی عوسمانیی دەستی پێکرد، ئەمەش ئێرانی کردە لەمپەرێکی بەهێز لەبەردەم عوسمانییەکانداو لەو رۆژەوە ئەستێرەی بەختیان روو لە کزی و ئاوابوون دەکات کە گەلانی سیّ کیشوەری ئاسیا، ئەفەریقاو نیوەی ئەوروپایان لە ژێر ئالاّ سوورە شوومەکەیاندا دەچەوساندەوەو دەیانکردنە سوتەمەنیەکی هەرزانی شەڕە نەگریسەکان و پلانە گلاّوەکانیان.

سوڵتانەکانی عوسمانیی زۆر دەمێك بوو چاویان بڕیبووە شاری قوستەنتینیەی پێتەختی رۆمی بێزنتەو هەوڵی داگیرکردنیان دەدا، بەلاّم گرتنی ئەو شارە کارێك بوو لە کردن نەدەهات، لە رووی جوگرافیاوە لە سیّ لاوە ئاو دەوریداوە، لای چوارەمیشی وشکانییەکانی ئەوروپا بوو، شوورەو قەلاّ پتەوەکان لەمپەرێکی سەخت بوون، شارەکەیان لە هێرشو پەلاماری دوژمن دەپاراست. لە رووی مێژوویشەوە هەزار سالّێك بوو پێتەختی رۆمەکانی رۆژهەلاّت بوو، لە هەرە شارە جوانەکانی جیهانیش بوو لە سەدەکانی نێوەڕاستداو لە رووی ئاینیشەوە بنکەو مەلّبەندی ئاینی رۆمە کاسۆلیکەکانی رۆژهەلاّت بوو، بە درێژایی ئەو سەردەمانە ش سەرکەشو سەربەخۆ، سەری بە هەموو دوژمنەکانی شۆڕکردبووکە خەویان بە داگیرکردنییەوە دەبینی و لەشکریان دەبردە سەری و دوای گەمارۆدانێکی درێژخایەن دەستەوسان، دۆشدادەمانو بە نائومێدی دەگەڕانەوەو ببڕای ببڕ جارێکی دیکە بیر لە دەست بەسەرداگرتنی بکەنەوە. لەشکرەکانی دەوڵەتی ئیسلام لە هەرەتی هێزو توانایدا نەیتوانی بیگرێت. بێزنتەکان رۆمی رۆژهەلاّتین و سەر بەکلێسای (کەنیسە) ئۆرسۆدۆکسن، گەورەترین کلێسایان یەکێك بوو لە هەرە گەورەترینو جوانترین کلێساکانی جیهان بە نیوی کەنیسەی (ست صوفیاـSt . S0fia) کە بەدەست وبازووی دوو هەزار وەستای دەسترەنگین و کرێکاری بەهێز ماوەی پێنج سالّ بەردەوام کاریان تێدا دەکرد، گۆمەزە چوارگۆشە بلّندەکەی لەسەر نهۆمی دووەم دروستکراوە بەبەرزی پەنجا مەتر و بە جوانترینو بەرچاوترین شاکاری هونەری بیناسازیی سەدەی شەشەمی زایین دەژمێردرێت.(٢٠)

سەردەمی دروستکردنی ست صوفیا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی زایین،بێزنتەکان لە هەرەتی دەسەلاّتو بالاّدەستییاندا فەرمانڕەوایی ولاّتی میسر، شام، ئاسیای بچووكو یۆنانیان دەکردو شارە بەنێو بانگەکانیان، کۆستانتینا، ئەثینا، ئەنتاکییە، ئەسکەندەروونەو قاهیرە بوون.

سولّتان سلێمان لە بەڕێوەبردنی ناوخۆی ولاّتدا بەرنامەیەکی نوێی پەیڕەو دەکرد جیاواز لە بەرنامەکانی باوکی و رێو شوێنەکانی ئەوی پیادە نەدەکرد، زۆرێك لە سەرچاوە مێژووییەکان دەلّێن سولّتان سلێمان مرۆڤێکی دادپەروەرو دلۆڤان بوو، بۆیە بەنازناوی قانوونیی ناسراوە، بەلاّم هەر لە سەردەمی ئەویشدا

سنوورەکانی ولاّتی عوسمانی لە سەردەمی هەرهەمووسولّتانەکان فراوانتربوو. سەردەمی سولّتان سلێمان سەردەمی پێشەوا مەزنەکانی ئەو رۆژگارە بوو، وەك ئەکبەرشای هیندستان، شا ئیسماعیل صەفەوی لە ئێران، ئیڤانی تۆقێنەر لە رووسیا، هینری هەشتەم لە بەریتانیا، پاپ لیّوی دەیەم لە رۆما، شارلمان قەراڵی ئەلّەمانیاو ئیسپانیا، بەلاّم وەك مێژوونووس کریسی دەلّێت هیچ کام لەوانە لە مەزنیدا نەدەگەیشتە سولّتان سلێمانی قانوونی. هەرە گرنگترین کارەکانی ئەو سولّتانە کە پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە ئەوەیە، سلێمانی قانوونی ئەو درکەشی لە پێی عوسمانییەکان دەرهێنا کە زۆر ئازاری دەدان بەوەی صەفەوییەکان هەر لە صالّی ١٥٠٨ی زاینەوە دەستیان بەسەر ولاّتی میسۆپۆتامیا و شاری بەغدادا گرتبوو. سولّتان لە صالّی ١٥٣٤زایندا لەشکرێك بەرەو بەغدا بەرێدەکاتو شارەکە لەدەست (خوانەناسەئێرانییەکان ـ مارقین) رزگار دەکاتو گۆڕەکەی ئیمام ئەبوحەنیفەش سەرلەنوێ هەلّدەبەستنەوە کە صەفەویەکان شێواندبوویانو سووکایەتیشیان پێکردبوو.[٢١]

لێرەدا پێویستە ئەمەش بلّێین دووای سولّتان سلێمانو کۆتایی سەدەی شازدەی زایینی عوسمانییەکان گلّۆلّەیان دەکەوێتە لێژی و یەکەمین هەنگاوەکانیان بەرەو هەرەسو لەنێوچوون هەلّدەهێنن. شاری بەغدا ئەو جارە نێزیکەی سەدصالّێك لە ژێردەستی عوسمانیدا مایەوە هەتا شا عەبباسی صەفەوی١٦٢٣داگیریدەکاتەوە و سەردەمی سولّتان مورادی چوارەمیش ١٦٣٨ز. سەرلەنوێ دەکەوێتەوە بندەستی عوسمانییەکان.

## داگیرکردنی کۆستانتین

عوسمانییەکان دەمێك بوو وەك نەهەنگ دەمیان داپچڕیبوو کۆستانتین (قوستەنتینیە) قوت بدەن، چونکە بەری رۆژهەلاّتو بەری رۆژئاوای ولاّتی عوسمانی لە یەکتر دابڕیبوو.

سولّتان موحەممەدی دووەم کە صالّی١٤٥١یزاین چووەسەر تەختی سەلّتەنەت، دەیویست ئەو کارەی جەنگیزخان،هۆلاکۆ،تەیمووری لەنگو دەولّەتی ئیسلام بۆیان ئەنجام نەدرا،ئەم بەهەرنرخێك بێت ئەنجامی بدات، دۆخەکەش لە باربوو، ناوەڕاستی سەدەی پازدەی عیسایی ئیمپراتۆرێتی بێزنتە سەرئەنجامی هەزار صالّێك شەڕو ململانێ و چەند جارێکش کەوتنەبەر هێرشی خاچپەرستەکان، بەرەو لاوازی و بچوکبوونەوە دەچوو، عوسمانییەکانیش دەمیان تێژەنیبوو هەرجارەو قەپالّێکیان لێدەگرت، بەلاّم دەستیان نەدەگەیشتە کۆستانتینا.

سولّتان موحەممەدی دووەم بە ناوی شەڕی پیرۆزەوە دژی گاورەکان (کافران)،دروشمی ئاینو شمشێر لە یەکتر جیا نابنەوە، بەرز دەکاتەوەو پشت ئەستوور بە توانای تۆپخانە مۆدێرنەکەی کە لەو رۆژگارەدا بە بەهێزترین تۆپخانەی جیهان دەژمێردرا.[٢٢] دەستیکرد بە ئامادەکاریی سەربازیی.پیلانی داگیرکردنی کۆستانتین بە بیرو مێشکی هیچ سەرکردەیەکی سەربازییدا نەدەهات، وەك سولّتان دایڕشتبوو، ئەوە پلانێك بوو ئەهریمەن دانابوو، دەیچرپێنێت بە گوێی سولّتانو سەرکردەکانی لەشکرەکانیدا.

پلانی عوسمانیەکان پێچەوانەی هەرهەموو زانستە سەربازیەکانو رێوشوێنی ئەوسەردەمەی هێرشو پەلاماردانی دوژمن بوو، کە تاکە رێگەی گونجاو بۆ گرتنی شارەکە پێوستە لە رێگەی دەریاوە بێت، بەلاّم

عوسمانیەکان لە وشکانیەوە پێشڕەوییان دەکرد. ئەمەش بووە هۆی سەرسوڕمان و ئەبڵەق بـوونی سـەرکردە سەربازییە بەنێوبانگەکانی ئەو سەردەمە.

وەك پێشتر وتمان، شـارەکە لـە سـێ لاوە دەکەوتـە سـەر دەریـای مەڕمـەڕە، لای چوارەمشـی ئـەوروپای رۆژئاوابوو. نزیکترین شوێنیش لە دەریاوە بۆ شـارەکە، کەنـداوی قۆچـی زێـڕین (شـاخی زێڕین)ە،گـەرووی کەنداوەکەش بە چەند پشتێنەیەکی یەك لەدوای یەك زنجیری ئەستوور و بەهێز داخرابوو، بـە هـیچ جۆرێـك رێگەی تێپەڕبوونی کەشتی نەدەدا.

عوسمانیەکان کەشتی گەلەکەی خۆیـان (٣٠٠ کەشـتی) لـە دەریـای مەڕمـەڕە هەڵدەکێشـنە دەرەوە بـۆ کەنارەکانو لەوێشەوە نیزیکەی ٢٠کیلۆمەتر ئەو دەشت و دەرە تەخت دەکەنو بە درێژایی ئـەو رێگایـەش کۆڵەکە داری ئەستوورو درێژ بەدووای یـەکتردا دادەنـێنو چـەورییەکی زۆری بەسـەردادەکەنو کەشـتیەکان بەسەر کۆڵەکە چەورەکاندا دەخلیسکێنن هەتا کەنارەکانی (قۆچی زێڕین) کە نزیکترین شوێنە لـە دەریـاوە بۆ شارەکە.قۆناغی دووەمی پلانەکە بریتی بوو لە لابردنی کۆڵەکەکانو راکێشانی ١٨٠ تۆپهاوێژی قـورس بە هەمان رێگادا بۆ نێزیـك کەنداوەکە.لـە قۆنـاغی سێهەمیشـدا تونێلێـك بـەژێر دەروازەکـانی شـارەکەدا هەڵدەکۆڵن، بەڵام کارەکە ئاشکرا دەبێتو بیزنتەکان توونێلەکەیان تەقاندەوە.قۆناغی چوارەم دەسـتکرا بـە شۆرکردنەوەی ٣٠٠ کەشتییە جەنگیەکە لە وشـکانییەوە بـۆ ئـەودیو زنجیرەکـان، ٢٥٠ هـەزار سـەربازیش لەوپەڕی ئامادەباشیدابوون بۆ پەلاماردان.دوای ٥٣ رۆژ گەمارۆدانو شەووڕۆژ تۆپبارانی خەست، شـوورەو قەڵاکانی ئەو شارەی لە گرتن نەدەهات رۆژی١٤٥٤/١٤٥٣/٣/٢٩هەرەس دەهێننو هێزەکانی یەنێچەریش دەستوبرد گەیشتنە ئەو دیو شوورەو قەڵاکانـەوەو زۆر بـە سـەرگەرمیی خۆیـان دەهاویشـتە دۆزەخـی ئـەو شارەوە ئاگرگرتووەوە بۆ شـەڕی دەسـتەو یەخـەو هێـزی بـازوو دەسـت و شمشـێر و شـێردلیی سـەربازەکان بەلایدا دەخست.شەڕەکە ئەوەندە سەختو خوێناوی بوو ژمارەی قوربانیەکانی بیزنتەکان بەتەنها لە ژمـارە نەدەهات،خودی ئیمپراتۆریش یەکێك بوو لە کوژراوەکانو ٦٠ هەزاریشیان کەوتنە دەست عوسمانیەکانو لە بازاڕەکانی کڕینو فرۆشتنی مرۆڤدا فرۆشران.

سوڵتان موحەممەد بەر لـە دەسـپێکردنی هێرشـەکە سـوێندی بـۆ سـەربازەکانی خواردبـوو، دوای گرتنـی شارەکە، سێ رۆژان هەرچی دەکەن سەربەستن، جگە لە پاداشتی بەهەشتیش هەرچی دەکەوێتە بەردەستتان لەو ئافرەتە شۆخانەی هێشتا وەها جوانتان نەدیوە، کەلوپەل و سامان و دارایی هەمووی حەڵاڵە![٢٣]

ئەو سەرکەوتنە مەزنەی موحەممەدی دووەم لە زەین و بۆچوونی موسـوڵماناندا، دیـاریی یـەزدان بـوو بـۆ سوڵتانو سەرخستنی بەسەر گاورەکانداو بە شایستەیی نازناوی سوڵتان موحەممەدی شـارگر(محمد الفـاتح)ی پێبڕا. سوڵتان بڕیاریدا پایتەخت لە ئەدەنەوە بگوێزنەوە کوستانتینیناو ناوەکەشی بگۆڕێـت بـە ئیسـلام پـول (گەنجینـەی موسـڵمانان)، هەرچـەندە ئـەو نـاوە نەکەوتـە سـەر زارانو نەچەسـپاو ئەسـتەمبوڵ جێگـەی گرتەوە.[٢٤] ئێرانییەکانیش بە (ئەستانە) ناویانـدەبرد.[٢٥] بـەمجۆرە ئـەو شـارە پـیرۆزە، بنکـەی سـەرەکیی عیساییە ئەرسۆدۆکسەکانی رۆژهەڵات (کڵێسای رۆژهەڵات) دەبێتە موڵکی سوڵتانی عوسمـانیی و بنکـەی ناوەندیی دەستەڵاتی ئیسلامو ئێستاش یەکێکە لـە شـارە هـەرە گـەورەو ناسـراوەکانی جیهـان، هەرچـەند

مستەفا کەمال، دوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی یەکەم و دامەزراندنی کۆماری تورکیا، شاری ئەنقەرە دەکاتە پایتەخت.

داگیرکردنی کۆستانتینا لە هەندێك لایەنی سەربازیی، جیۆپۆلەتیكو ئاینییەوە لە هێرشە سەرکەوتووەکەی میسر دەچێت بۆ سەر ئیسرائیل و پەڕینەوەی نهێنی هێزەکان لە کەناڵی سوێس و هەڵتەکاندنی هێڵی بەرگریی بەناوبانگی بارلیف لە ١٩٧٣دا، ئەو هێڵەی جوولەکە باوەڕی وەهابوو، دوژمن ناتوانێت تەنانەت بیریش لە گرتنی بکاتەوە![٢٦]

ئەوروپاییەکان لەو ڕۆژەوەی هەستیان بە مەترسیی فراوانخوازیی عوسمانییەکان کرد، هەوڵیاندەدا بەهاوکاریی ئێران، پشت لە عوسمانییەکان بگرن، ئەوانیش بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو پلانە و بێهزکردنی ئێرانیش کە سەردەمی صەفەویەکان وەك دوژمنێکی بەهێزو چاوەڕوان نەکراو لە ناکاودا پەیدا بوو، پێویست بوو دەوروپشتی بتەنن‌و ڕێگەی گەشەکردن‌و پەلهاویشتنی بۆ نەهێڵنەوە. ئەوەبوو نیوەی دووەمی سەدەی پازدەی عیسایی بە پشتیوانیی تاتار پەلاماری رووسیا، ئۆکرانیا، ئەرمەنستان، خۆرئاوای گورجستان دەدەن‌و بەرۆژهەڵاتی ئەوروپادا بڵاودەبنەوەو رۆژئاواش دەخەنە ترس‌و لەرزەوە. لە باکووری ئەفەریقاش بەتەنها تەرابلوسی خۆرئاوا (لیبیا) نەکەوتە دەستیان‌و بۆ ئەوەی سوڵتان هەموو مەرجەکانی خەلیفەی موسڵمانانی تێدا بێت، پێویست بوو هەردوو شاری پیرۆزی مەککە و مەدینەش بگرێت، هەرچەند ئەو شارەیان داگیر کرد، بەڵام کلیلەکانیان بەدەست خەلیفەی عەبباسییەکانەوە بوون لە بەغدا.

لێرەدا چەند پرسیارێك پەنجە بلند دەکەن:

١ـ ئایا سوڵتانەکانی عوسمانیی لە سەرەتای هێرش‌و پەلامارەکانیاندا، بۆچی روویان نەکردە خۆرهەڵات‌و وڵاتە موسڵمانەکان؟

٢ـ لە شەڕی چالدێراندا ١٥١٤ز.، لەشکرە سەرکەوتووەکەی عوسمانیی، بۆچی شاری تەورێزی پایتەختی صەفەویەکانی داگیرنەکرد کە لە چالدێرانەوە ئەوەندە دوورنەبوو، خۆ دەیانتوانی بیگرن‌و دەوڵەتی صەفەوی بڕووخێنن‌و ئەو دوژمنە خوێنخۆرەیان لەکۆڵ ببێتەوە. ئەو کاتە نەیانکرد، چەند ساڵێك دواتر گەڕانەوەو دەستیان بەسەرداگرت. بەکتاشەکان ئەو چەپۆکە قورسەیان پێکەوت، بەو هۆیەوە بوو بە ئەنقەست تەورێزیان نەگرت یا رایەڵە سەرەکییەکانی نهێنی باوەڕەکەیان ئاشکرابوبووکە ئاوێتەیەکە لە باوەڕەکانی عەلەوی، صۆفیزم، برایەتیی موسوڵمان و دیان.؟[٢٧]

٣ـ ئاخۆ بەوهۆیەوە بووبێت کەوەك دەڵێن شا ئیسماعیل بەکتاشی بووەو فەرماندارەکانی لەشکری یەنێچەری‌و رابەرە ئاینیەکانی‌لەشکر ژێربەژێر هاوکاریی هاوبیرە ئاینییەکانی خۆیان کردووەو درێژەیان بە شەڕەکە نەدابێت؟[٢٨] پێدەچێت هەر بەو جۆرەش بووبێت، چونکە سوڵتان سەلیم (یاوزـ دڵڕەق) فەرمانی کوشتنی ژمارەیەك ئەفسەرو رابەری ئاینیی لەشکرەکەی دەرکردو لە گۆڕەپانی شەڕەکەشدا کوژران.

بۆچوونێکی دیکەش دەڵێت: (سوڵتان سەلیم ئێرانی داگیر نەکرد، نەوەك پاشای میسر، غۆری پاشای هاوپەیمانی شا ئیسماعیل، پشتی لێبگرێت و بکەوێتە نێوان دو دوژمنەوە. زۆریشی نەخایاند سوڵتان پەلاماری میسر دەدات‌و بەکاریگەریی تۆپە قورسەکانی لە شەڕێکی کورتدا کە هەتا دوانیوەڕۆی ٢٤/ ٨/

١٥١٦ی زاینی خایاند، هەرچەند (مەمالیك) لە پێناوی شاری قاهیرەدا کولانەو کۆڵانو ماڵ بە ماڵ شەڕی ژیانو مردنیان دەکرد و گیان بەختکردنێکی کەم وێنەیان تۆمار کرد، بەڵام میصرییەکان دەشکێنو غۆری پاشاش لە شەڕەکەدا کوژراو وڵاتەکەیان کەوتە بندەستی عوسمانییەکان)[٢٩] هەتا هێرشەکەی ناپۆلیۆن و داگیرکردنی میصر ١٧٩٨ـ ١٨٠١و داگیرکردنی جەزایر١٨٣٠ـ ١٨٤٧. ناپۆلیۆن چەندین زاناو پسپۆڕی لە جۆرەها بوارەکانی ژیاندا لەگەڵ خۆی هێنابوو، گرنگترین کاریان:

أـ هەڵکەندنی کەناڵی سوێس کە رووباری نیلو دەریای سوور بەیەکتر دەگەیێنێت.

ب ـ دامەزراندنی یەکەمین چاپخانە لە شاری قاهیرەو لەو ماوە کەمەدا هەتا رادەیەك چاوی دانیشتووانی کردەوە.

دوای کشانەوەی ناپۆلیۆن لە ژێر گوشاری هێزەکانی دەریایی بەریتانیادا، لەشکری عوسمانی دەگەڕێتەوە میصر، بەڵام رووبەڕووی راپەڕین و بەرەنگاریکردنی دانیشتوان بوونەوە و بەسەرکردایەتی موحەممەد عەلی پاشا هێزەکانی عوسمانی بەرەودوا دەگێڕنەوەو صاڵی ١٨٠٥ موحەممەد عەلی دەبێتە والی میصرو دواتر سەربەخۆییو جیابوونەوەی وڵاتەکەی لە وڵاتی عوسمانیی راگەیاندو هەتا شۆڕشەکەی تەمموزی ١٩٥٢ی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بەسەرکردایەتی جەمال عەبدلناصر پشتاوپشتو کوڕاوکوڕ فەرمانڕەوای میصر بوون. عەبدلناصر تەواوی بنەماڵەی پاشاکانی بە فڕۆکەیەکی تایبەتی گواستەوە دەرەوەی وڵات. موحەمەد عەلی زۆری بۆ میصرو میصرییەکان کرد، لە بواری لەشکرو پارێزگاریی وڵات، خوێندنو فێرکردن، پیشەسازیی، کشتوکاڵ و ئاودێریی، پرد و ڕێگاوبان، بازرگانیی و ئابووریی، چاپەمەنیی و رووناکبیریدا، میصر و میصرییەکانی بوژاندەوە.لەلایەنی جەنگیشەوە ١٨١٨ لەسەر فەرمانی سوڵتان مەحموودی دووەم ١٨٠٨ـ ١٨٣٩ ئیبراهیمی کوڕی نارده سەر دۆرگەی عارەبو داگیریکرد.بەسەرکردایەتی ئیسماعیلی کوڕە بچووکیشی١٨٢٠ سوودان دەگرێتو ئیبراهیمیش ١٨٣١ وڵاتی شام داگیردەکات و ١٨٣٢ ئەو لەشکرەی سوڵتان دەشکێنێت هاتبوو دەست بەسەر میصردا بگرێتەوەو بیخاتەوە ژێر فەرمانی سوڵتان،١٩٣٩ش لە جەنگی نسێبین ـ خۆرئاوای کوردستان دووبارە بەسەر هێزەکانی سوڵتاندا سەرکەوت. سەرکەوتنەکانی موحەممەد عەلی ترسو بێئارامیی دەخاتە دڵی سەرکردایەتیی وڵاتانی بەریتانیا، رووسیا، فەڕەنساوە، کە مەترسییەکی راستەقینەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکەدا. وڵاتانی نەمسا و پرووسیا، ئێرانیش دژایەتیان دەکردو بەگەلەکۆمەیەك صاڵی ١٨٤٠ ناچاریانکرد مەرجەکانی پەیمانی لەندەن مۆربکاتو تەنها میصری بەدەستەوە مایەوە.

٤ـ سوڵتانەکانی عوسمانیی هەرگیزاو هەرگیز وڵاتی میصرییان دەستنەکەوتەوە کە چەند جارێك لەشکریان بۆ ناردو سەرنەکەوتن لە کاتێکدا داگیرکردنەوەی میصر لە داگیرکردنی کوستانتینا قورستر نەبوو.

٥ـ سەردەمی جیابوونەوەی میصر، داود پاشا والی بەغدا بوو، لەگەڵ دەروازەی باڵا(بابی عالی)ناکۆکبوو،ئایا بە هاوپەیمانییەکی چوار قۆڵیی لەگەڵ ئێران،میصرومیری سۆراندا نەیاندەتوانیی، ئەو سەربەخۆیی عێراق ومیرمحەمەد(پاشاکۆرە)ش کەپەیوەندیی لەگەڵ عوسمانییەکانداساز نەبوو،ژێربەژێریش

پەیوەندیی لەگەڵ محەمەدعەلی دامەزراندبووکە بەرەچەلەکیش کوردە، سەربەخۆیی میرنشینی سۆران رابگەیەنێت؟

ئەورەحمان پاشای میری بابانیش نزیکەی صالێك فەرمانڕەوای بێ چەندوچوونی شاری بەغدا بوو،ئەم جەمسەرانە چۆن بەرامبەر دوژمنی هاوبەش پرۆژەیەکیان ئامادە،یاهەرنەبێ بەبیردا نەهات؟ یا ئێران بەوئاراستەیە هانینەدەدان کەلە ئەنجامدا عوسمانییەکانی لەو قۆڵەوە زۆرکزو لاوازدەکرد؟

کارل مارکس چاکسازییەکانی موحەممەد عەلی میصر بەرز دەنرخێنێت و وەها وێنای دەکات کە تاکە کەسە دەتوانێت ( سەرێکی راستەقینە ) بخاتە جێگەی ( سەروپێچی مەراسیمە قەشەنگەکان ــ تورکیای عوسمانی )،بەدڵنیاییشەوە دەڵێت میصر لەژێر سایەی موحەممەد عەلیدا، تاقە هەرێمی دەوڵەتی عوسمانییە کە( توانای ژیانی هەیە).

(محەممەد عەلی لە رووبەڕووبوونەوەی چەکداریی راستەوخۆ دەترسا لەگەڵ بەریتانیاداو هەوڵی دەدا کێشەکان بەئاشتی چارەسەربکەن،بۆئەومەبەستەش لە ساڵانی سییەکانی سەدەی هەژدەداپەنا دەباتە بەرسازش(دەستبەرداری چەند ناوچەیەك دەبێت بۆ تورکیا لەبەرامبەرئەوەدا تورکیاش سەربەخۆیی میصر و وڵاتانی دەوروپشتی بسەلمێنێت.محەمەدعەلی دەستی ئاشتی ودۆستایەتی بۆ بەریتانیاش درێژکردبەڵام بالمرستۆن رۆژی١٨٣٨/٧/٧وەڵامێکی دوژمنکارانەی بۆناردەوە: ئەگەر لەهەوڵی سەربەخۆییدایت ئەوە بڕیاری لەناوبردنی خۆت و بنەماڵەکەت دەدەیت)بەڵام بالمرستۆن بۆبەو شێوە توندوتیژە وەڵامیدایەوە؟ جێگری یەکەمی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا،ئەنتۆنی تۆتنگ کە پرۆتستۆی هێرشە سێفۆڵییەکەی بەریتانیاو فەرەنساو ئیسرائیل بۆ سەر میصر دەکات و دەستی لە پۆستەکەشی کێشایەوە،دەڵێت: بالمرستۆن گومانی دەکرد محەمەد عەلی پەیمانێکی نهێنی لەگەڵ رووسیادا گرێدابێت، گومانەکەش لەو گفتوگۆو تاوتوێکردنەوە سەرچاوەی گرتبوو کە محەمەدعەلی وژەنەراڵ مۆراییف لە کانوونی دووەمی١٨٣٨داکردبوویان لەبارەی داواکارییەکەی کایزەری رووسیا نێکۆڵای یەکەم لەمحەمەد عەلی کە جەنگ لەگەڵ تورکیادا بوەستێنێت .

هێزەکانی میصر بەسەرکردایەتی ئیبراهیمی کوڕی موحەممەد عەلی ٢٤ /٦ /١٨٣٩عوسمانییەکانی لە نسێبین تێکشکاند،هێزە دەریاوانییەکانی تورك چوونەپاڵ محەمەد عەلی، بەڵام ئەو لەکاردانەوەی زلهێزەکان دەترسا. بڕوانە کتێبی (سیاستان أزاعـ ألعالم ألعربی) تألیف بونداریفسکی،ترجمە خیری ألصامن، دارألتقدم ١٩٧٥ألاتحادألسوفیتی،لاپەڕە١١ـ١٣

سوڵتان لە داود پاشای والی بەغدا بەبیانوو بوو،دەسەڵاتێکی تەواو دەدات بە نوێنەرێك ودەینێرێت بەهەر شێوەیەك بێت لەناوی بەرێت، بەڵام داود وریابوو، بەرلەوەی نوێنەرەکە بیکاتە شێو (نانی ئێوارە) ئەم ئەودەکاتە نیوەڕۆژە (نانی نیوەڕۆ). هەرچەندە داود،نوێنەرەکەی بە پیلانێکی تۆکمە تیرۆرکرد، بەڵام هەر بەسەریدا ساغ بووەوە. دەتوانم بڵێم گەر وانەبوایە، والی بەغدا لەگەڵ میری سۆران یا پاشای بابان لەسەر ئامانجی هاوبەش پێکدەهاتن،و داودیش عێراقی وەك میسر لەژێر فەرمانڕەوایی سوڵتان دەردەهێناو رێڕەوی مێژووی عێراقو کێشەی کوردیش بە ئاڕاستەیەکی جیاوازدا دەڕۆیشت. مەخابن رابەرانی ئەو

سێکوچکەیە، هەر سێکیان بە ناکامی سەریان نایەوە.

سوڵتان، عـەلی رەزا پاشـا هەڵدەبـژێرێت بـۆ گرتنـی بەغـداو لـە نـاوبردنی داود پاشـا. ئـەمجارەیان داود بەرگریی بۆ نەکرا، بە ناچاری خۆی دەدات بە دەست عەلی رەزاوە و کۆتـایی بـە سـەردەمی فـەرمانڕەوایی (مەمالیك) دێت کە لە ساڵی ١٧٤٩زاینیـەوە مـاوەی ٨٠ صـاڵ بـوو فـەرمانڕەوایی ویلایـەتی بەغـدایان دەکـرد. مەمالیکـەکان خـەڵکی قەفقاسـیا و دەورو پشـتەکەی بـوون وەك: جۆرجیـا، وڵاتـی چـەرکەس، داغستان، ئەبازە، لاز، لە بازاڕەکانی تفلیس کـە کـڕین و فرۆشـتنی مرۆڤـی بەگـەرمیی تێـدا دەکـرا، بـە منداڵی بە عوسمانییەکان فرۆشرابوونو هەروەك یەنیچەرەکان (الانکشاریە) لە قوتابخانەی تایبەتدا دەخرانە بەرخوێندن و پەروەردەکردن.عەلی رەزا یەکێك بوو لەوانە، بە رەگەز ئێرانی و بە ئاینزا شیعە بـوو، لەگـەڵ کوردا (میرانی بابانو سۆران) زۆر توندوتیژ بوو، چونکە پەیڕەوی ئاینزای سـوننەیان دەکـرد، بـەڵام لەگـەڵ عارەبدا وەك هۆزەکانی

خەزاعیل لێبوردە و نـەرم بـوو، چـونکە شـیعە بـوون. مامۆسـتا عـەلی وەردی دەڵێـت: ئـەو هاوردانـە زۆربەیان (کۆم فش) دەکران.

## شاری بەغداو دۆڵی نێوان دو رووبـارەکە لە مێژوودا

شای ئێرانیەکان، کۆرشی بزورگ (مەزن)ساڵی٥٣٩پز.شاری بابل داگیردەکات کـە پێتـەختی ئەکـەدەکان بوو،وێرانیشی دەکات.دانیشتوانەکەش کـە بەڕەگـەز کلـدانین لەگـەڵ پاشمـاوەی ئاشـۆریەکاندا کـە خـاوەنی دەوڵـەتی ئاشـووری بـوون و پایتەختەکـەیان (نەینـەوا)بوو، هـەرگیز هەڵنەسـتانەوە وخۆیـان نەگرتـەوەو ئێستاوەك کەمینەیەکی نەتەوەیی لە هەندێك ناوچەی کوردستانی باشـوور دەژیـن و بـە عیسـایی (دیـان) یابەکلدو ئاشوور ناودەبرێن.

وڵاتی میسۆپۆتامیا، وڵاتی نێـوان دوو رووبارەکـە (عێـراق) کـە مەڵبەنـدێکی مرۆڤـی کـۆنو لانکـەی یـەکێك لـە شارسـتانێتییە ناسـراوەکانی مرۆڤایەتییـەو لـە ٧٥٠ــ ١٢٥٨ زاینـیش پێتـەختی دەوڵـەتی ئیسلامیی عەبباسی و شانۆی رووداوە دانسقەکانی چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوەیە.لە لایەنی ئاینیشـەوە شارە پیرۆزەکانی: نەجەف، کەربەلا، کازیمەین، سامەڕاو مەزارگەی ئیمام عـەلی و حسـەین و عـەبباس و شێخ عەبدلقادری گەیلانی و ئیمام ئەبوحەنیفەیە و هەریەك لە عوسمانی و صەفەوی بە نەنگیی وشوورەیی دەزانی بەغدا لە ژێر دەسەڵاتیدا نەبێت.. ئیتر بەغدای کلۆڵ لە نێوان ئەو دوو زلهێزەو چەندین داگیرکـاریی ملهوڕی دیکەدا دەستاودەستی دەکرد،بۆنموونە دوای هێرشەکەی هۆلاکۆ ١٢٥٨ز.وڵات ژیانو پێشکەوتنی تێدا نەماو چەند جارێکیش شـیعەکانی ئـەو وڵاتـە بـە دەسـتی عوسمانییـەکانو سـوننەکانیش بـە دەسـتی ئێرانییـەکان بـەر شـاڵاوی رەشـەکوژیی و قەڵاچـۆکردن دەکـەوتنو تەنانـەت دەسـتی تـاوان دەگەیشـتە مردووەکانیش،مەزارگە پیرۆزەکـان وێـران دەکـرانو هـەر بـەتاڵانکردنیش دەسـتیان هەڵنەدەگرت.لەشـکری چەکدارە سعوودیەکانی سەربە(إخوان) یش زۆر هەوڵیاندا(پلێت)ە ئاڵتوونپۆشەکانی مەزارگەکانی نەجەف و کەربەلا داماڵن،کە ئەو کارەیان بۆنەکرا،سوکایەتیی زۆر وبێشەرمانەیان لەگەڵ مردووەکاندا کرد .

عێراق بەگشتی و بەغدا بەتایبەتیی، دەگمەن ئاشتییو ئارامییان بە خۆیانەوە بینیووە، هەر فریای ئەوە

کـەوتوون داگیرکارێـك پـاڵ پێـوەنێنو بـەپیر داگیرکـارێکی نوێـوە بچـنو پێشـوازیی گـەرمی لێبکـەنو شاعیرەکانیش شیعری دووروودرێـژ لـە چـاکەو مەردایـەتیو بەخشـندەییاندا بهۆننـەوە. خەڵکـە سـادەکەش وەنـەبێت لـە شـاعیرەکان جیـاواز بـووبن، ئـەوان هـەر کـە هەسـتیان کـردووە داگیرکارەکـەیان لـە شـەڕدا ژێردەکەوێت وهەڵدێت، دەستوبرد لە دواوە پەلاماری دەدەنو بنکە و بارەگا و باروبارخانەی تاڵان دەکـەن. زۆرجاریش رووی داوە جلو بەرگیان بە بەری ئافرەتانیشەوە نەهێشتووە! (تەپڵی نابوتی)یان بـۆ ژێرکـەوتوو لێداوە، ئینجا گەڕاونەتەوەو خۆشیو شادومانی خۆیان بۆ لایەنە سەرکەوتووەکە دەربڕیووە، کە ئەویش هەر داگیرکارەو مەڕیان لەبەر پێی سەرکردەکاندا سەربڕیووە.. ئەم سیناریۆیە بە درێـژایی میـژووی ئـەم وڵاتـەو ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت، هەر (چەند بارە) دەبێتەوە؟

ئێران هەزار ساڵێك فەرمانڕەوایی میسۆپۆتامیا دەکەن و لە ٦٠٠ز. بـە دووا بەشـی بـاکووری دورگـەی عارەبیش دەگـرن و لـە ژێردەسـتیاندا دەمێنێتـەوە هـەتا هێرشـەکەی لەشـکری ئیسـلام بـە سـەرکردایەتی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و شەڕە بەنێوبانگەکەی قادسـییەی سـاڵی ٦٣٧ زایـنی و گرتنـی (تسـیفون ـ مەدائین)ی پێتەختی ساسانییەکانو رزگارکردنی بەغداو دۆڵی دوو رووبارەکە لەدەست ئێران.

لە سەدەی١١ی زایینداو لە ساڵی ٤٩٦ـ ٥٧٢ك. بەغداد دەکەوێتە ژێر دەستی سەلجوقییەکانەوەو ساڵی ٩٤٥ز، دەکەوێتە ژێر چەپۆکی بووەیهیەکانەوەو خەلیفە (عضد الدولـة و المسـتكفی بـالله) وتـاری نوێـژی هەینیان بە ناوەوە دەخوێنرایەوە.[٣١]

ساڵی ١٥٠٨ز. ئێرانییەکان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی شـا ئیسـماعیلی صـەفەویدا دیسـان پـەلاماری بەغدا دەدەنو دەیخەنە ژێر فەرمانی خۆیانو دوای ٢٦ ساڵ سـوڵتان سـلێمانی قـانوونی لـە سـاڵی ١٥٣٤ زایینیـدا لـە ئێرانییـەکانی دەسـتێنێتەوەو گۆڕەکـەی ئیمـام ئەبوحەنیفـەش نـۆژەن دەکاتـەوە، ئێرانییـەکان هەڵیاندابووەوە.

شا عەبباسی صەفەوی زۆر لە دڵی گران بوو، عوسمانییە سوننەکان فەرمانڕەوایی بەغـدا دەکـەن و شـارە پیرۆزەکانی شیعە لە ژێر چاودێری دوژمندایە، بەڵام نەیدەتوانی لە دوو بەرەدا بجەنگێ دژی عوسمانییەکان و ئۆزبەکە یاخییەکانیش.بەوهۆیەوە ناچاربوو لە ساڵی١٥٩٠ز. لەگەڵ عوسمانییـەکان رێکدەکـەوێت، دەست لە ئازەربایجان و جۆرجیا و بەشێك لە لوڕستان هەڵـدەگرێتو دەسـتی ئـاوەڵا دەبێـت بـۆ لێـدانی ئۆزبـەكو ساڵی ١٥٩٧ز. شکستێکی گەورەی بەسەردا هێنانو ئینجا دەکەوێتە بیری (رزگارکردنی) بەغدا. ئەوەبوو دوای سێ مانگ ئابڵوقەدان،ساڵی ١٦٠٢ز.دەیخاتـەوە ژێـر فـەرمانڕەوایی ئێـران، بـەڵام سـوڵتان مـورادی عوسمانی ساڵی ١٦٣٨ز. دوای قەڵاچۆکردنی ٥٠.٠٠٠ پەنجا هەزار سەربازی ئێرانیی لەو شارەدا، ئـەویش بەغدای (ڕزگارکرد)!کوردیش لەم داگیرکردنو رزگارکردنانەی بەغدا بێبەش نەبوو، ئەوڕەحمان پاشـای بابـان لە ١٨٠٧ز. نزیکەی ساڵێك دەستی بەسەردا شارەکەداگرت.

بەغدای کـاولو وێـرانو دانیشـتوانێکی برسـی و برینـدار بـەخۆیانو هـەموو ئـەو گەلانـەی ناوچـەکە و بەتایبەتیش کورد بەشداریی ئەم زنجیرەی (بگرەو بەردە)یەیان دەکـردو دەبوونـە سـوتەمەنیی و قوربانیـانی ململانێی ئارەزووە شێتەکانی شا و سوڵتانەکان و بەمجۆرە شانیان دایەبەر هەتا ساڵی ١٩١٤ز. بەتەواوەتی

دەکەوێتە بندەستی تورك یا تورکە عوسمانییەکان، بەڵام زۆرینەبرد ساڵی ١٩١٧ز لە گەرمەی شەڕی یەکەمی جیهاندا بەریتانییەکان بەسەرکردایەتی ژەنەراڵ مۆد تورکیان دەرپەڕاند، هەرچەندە دەنگی نارەزاییش لە پەرلەمانی بەریتانیا بەرز بووەوە کە داگیرکردنی بەغدا ئەو قوربانییە زۆرەی نەدەهێنا پێشکەشمانکرد،بریا هەر بەلایدا نەچووینایە.

دواهەمین ئەڵقەی زنجیرەکەش ئەمەریکاییەکان ساڵی٢٠٠٣لە سەردەمی (جۆرج بۆش)دا بەئاسانی داگیریانکردو دەستەڵاتە ٣٧ ساڵییەکەی (بەعس ـ صەدام) یان سەرنگون کرد.

دەست بەسەرداگرتنی وڵاتانی باڵکان هێزو تینێکی زۆری بە عوسمانییەکان دەبەخشی لە رووی قوڵایی ستراتیژی و هێزی سەربازیی و داهاتەوە. رۆڵەکانیان بەنابەدڵی دەکرانە سەربازو رەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکران، خێرو بێری وڵاتیشیان بە تالان دەبرا.

ئەم فاکتەرانە شادەماری هێرش‌و داگیرکارییەکان و بەردەوامی و مانەوەی ئیمپراتۆرییە گەندەڵ و دارزیوەکەی تورکیش بوو، ئەو سەردەمە شمشێرەکانیان کول بووبوون و دەستی داگیرکردنیان کورت بوو، سوڵتانەکان بیریان لەوە دەکردەوە ئەوەی هەیە لە دەستیان دەرنەچێت‌و لە قاوغە بۆگەنەکەی خۆیاندا بمێننەوەو پارێزگاریی بکەن. روبەری وڵاتە داگیرکراوەکان چەند فراوانتر بووایە، ئەوەندەش یا بەو پێیەش داهاتەکانی باج و سەرانە پتر دەبوون‌و بەروبوومە کشتوکاڵییەکانیش بەتایبەتی گەنم، جۆ، نیسك و ماش پتر دەبوون، کە لەگەڵ مەڕومالاتدا بە ناوی پیتاك بۆ شەڕی پیرۆزو پشتگیری لەشکری موسوڵمانانەوە دەستی بەسەردا دەگیراو نیوەی دەچووە سایلۆکانی سوپاوەو نیوەشی لە بازاڕدا دەفرۆشرایەوە بە خاوەنەکانی‌و پارەکەی دەچووە گیرفانی لێپرسراوانی دەوڵەت و بازرگانە مشەخۆرەکانەوە.

تورکەکان بۆ پەلاماردانی ئەورووپای کریستیان (دیان) و ئێرانی شیعەو بەتایبەت صەفەویەکان، ئاینی پیرۆزی ئیسلامیان کردە چەکێکی کاریگەر دژی دوژمنەکانیان‌و کەڵەگایەتیی و خۆسەپاندن بەسەر دەورو پشتە نزیك و دوورەکانیاندا.

هەستی ئاینیی، نەك هەر زاڵ بوو، سەرریژ بوو! گوێڕایەڵیکردنی فەرمانەکان‌و گوێڕایەڵیی بێچەندوچوونی رابەری موسوڵمانانی جیهان (سوڵتان) کە دواتر بوو بە میری موسوڵمانان (أمیر المؤمنین) گەلانی نەخوێندەوارو سادەو خۆشباوەڕی موسوڵمانانی بەجۆرێك خستبووە ژێر بار وەك رانەمەڕ پێش خۆیاندەن بۆ مردن بەناوی شەڕی پیرۆز دژی گاوران (کافران)ەوە بیانکەنە سوتەمەنییەکی هەرزان‌و قوربانیانی بێ گۆڕو بێ ناونیشان هەمانکات بەناوی پاکتاوکردنی گومڕاو لادەرەکان(رافزی)ش لە پەلاماردان‌و ململانێی سوننەو شیعەدا دژی ئێران بە کوشتیان دەدان.

فەرمانڕەوایانی ئێرانیش ـ شیعە، بۆ بەرپەرچدانەوەی بەرنامەی تورك، ئەوانیش بەرنامەی برایەتی موسوڵمان‌وکریستیان‌وپلانی کۆنگرەی زانایانی ئاینیی هەردوو ئاینزای شیعە و سوننەیان پیادە دەکردو لە سەردەمی شا عەبباسی صەفەویدا هەوڵەکانیان بەردەگرێت.

نادر شا جێگە دەستی بە ئەنجامەکانی هەردوو بەرنامەکەوە ئاشکرایەو لەوەش زەقتر نۆژەنکردنەوەو رووپۆشکردنی‌زێڕکاریی(زێڕپۆشکردنی) درگاو گوومەزو منارەکانی شوێنە پیرۆزەکانی عێراق هەر بە

پێشنیازو دەست پێشخەریی و پشتگیریی ئەو ئەنجامدران.

## سوڵتان چەند وڵاتێکی ئەوروپا دەبەخشێت

عوسمانییەکان لەگەڵ ئێرانییەکان، رۆمی خۆرهەڵات (بیزنتە)، رۆمی خۆرئاوا، گریك (یۆنان)، سلاڤەکان (بولگار، صرب، کروات)، کەلە سەدەی حەوتەمی زاینەوە لە دۆرگەی باڵکان دەژیان بەراورد ناکرێت، نە لە رووی مێژوویی و نەژادەوە، نە لە رووی کولتوور و شارستانێتییەوە، نە لە رووی هاتنو نیشتەجێبوونیان لەو خاکەدا کە بە وڵاتی تورکی دەزانن (تورکیای ئێستا) و بەشێکە لە نیشتیمانی دایك (تـۆرانی گـەورە) وەك خۆیان (ورێنەی دەمی لەرزوتا) ئاسا دەبزرکێنن. هەر بۆ نموونە کاتێـك ئێـران لـە هـەموو روویەکـەوە دەوڵەتێکی مەزن بوو، یۆنانی داگیر کردو ئەسینای سوتاند، تورك دەوارنشین و پیشەیان دزی و جەردەیی و رێگریی و راوو روت و تاڵانکاریی بووە لە دەریا و وشکانیداو هەر ئەو پیشەیەشیان دەزانی. دوای مردنـی ئەرتەغۆل و هاتنی عوسمانی کوڕی و مردنی تەیموور و رووخانی دەوڵەتی سـەلجوقی لـە سـەدەی سـیازدەی زایندا جێگە پێی خۆیان کردەوە و دەست بەسەر ناوچەکەدا دەگرن و نێزیکەی ٨٠٠ هەشت صـەد صـاڵێك فەرمانڕەوا بوون و رەوڕەوەی پێشکەوتنیان لە تەواوی ناوچەکەدا وەستان، ئاخۆ لـە رووی شارسـتانێتییەوە چییان بۆ مرۆڤایەتی بەجێهێشت؟ ئاخۆ بە چرای رۆن گەرچەك بگەڕێین لە مزگەوتو منـارە قووچـە نـووك تیژەکان بەولاوە، چ هونەرو ویژەو داهێنانێکی زانستییان خستە سەر خەرمانی زانستو پێشکەوتن؟ ئاخۆ لـــە جـــەور و ســـتەم و خوێنرشـــتن و خۆســـەپاندن و چەوســـاندنەوە و دادۆشـــینی مرۆڤـــو زەوتکردنـــی سەربەستییەکانی تاكو کۆمەڵو خۆپەسەندیی و خۆپەرستیی و سووك تێڕوانینی بەرامبـەرەکانیان بـەولاوە بە چیدا دەناسرێنەوە.جۆری بیرکردنەوەو خۆبەزلزانینی تورکو سوڵتانەکانی عوسمانیش زۆر لە یەکتر دەچـن و ئەوەندە سەیرو سەمەرەیە، هەر بۆ پێکەنین چاکە، بەڵام پێکەنینێکی پڕمانا. (صاڵی١٨٦٧ز. نـاپۆلیۆن قـەڕاڵی فەرەنسـا، نامەیـەکی زۆر جـوان و شـیرین دەنووسـێت بـۆ عەبدولعـەزیزی سـوڵتانی عوسمـانی، بانگهێشتی دەکات بۆ بینینی پێشەنگای نێودەوڵەتی پاریس، بەڵام سوڵتان ئەم رێزلێنانەی بە سووکایەتیی ژماردبۆ شانوشەوکەتی سوڵتانی موسوڵمانان،گوایە ئەو چۆن پێی پیرۆزی دەنێتە سەر خاکێك کـە مـوڵکی خۆی نەبێت. جگە لـەوەش ئـەو کـە سـێبەری یەزدانـە لەسـەر زەوی، چـۆن دەکرێـت شانبەشـانی قـەڕاڵ و پاشاکان بوەستێت؟

ڕابەری گشتیی ئاینیی سەرزەمینەکانی عوسمانی (شیخ الاسلام) فتوا دەدات: سوڵتان پێی پیرۆزی بنێتە سەر هەر خاکێك دەبێتە موڵکی خۆی و دەتوانێت بە ئـارەزووی خـۆی پێشکەشـی هـەر کەسـێکی دەکـات بیکات! سوڵتان ئەمەی بەدڵ بوو، بڕیاریدا بچێت. کە گەڕایەوە (فەرموویان): هەموو ئەو وڵاتـانـەی چـووم بووەتە مـوڵکی تایبـەتی خـۆم، بـەڵام پێویسـتمان پێیـان نییـە، فەرەنسـام پێشـکەش بـە نـاپۆلیۆن کـرد و بەریتانیاشم بەخشی بە شاژن جۆلینا!! هەروەها دەفەرمووێت: پاشـاکان خزمـەتکاری گەلـەکانیانن، بـەڵام ئێمە سەردارو سەروەرین. سەرۆك وەزیران ناچار دەبێت بڵێت: قوربان، بەداخەوە! بەڵام بـەوەی چـاکە جگـە لە من کەسێك گوێی لەم فەرمایشتەتان نەبوو.)[٣٢]

زۆربەی هەرە زۆری پەلامار و لەشکرکێشییەکانی، کە عوسمانییەکان دەیانکردە سەر دوژمنەکانیان و چ ئەوانەش کە دوژمنان دەیانکردە سەریان لە بەرژەوەندی عوسمانییەکان کەوتنەوە، ئەوروپای مەسـیحی بـەو

هەموو لەشکر و سامانە زۆرەو پێشکەوتنە کولتووریی و شارستانێتی و ئابووری و پیشەسازیی و زانستی و سەربازییەوە پشتگیری پاپای رۆماشی لەگەڵدا بوو، ئەو سەرکەوتنانەی عوسمانییەکانیان دەستگیر نەبوو، بەڵکو ساڵی ١٥٢٩ز. خەریکبوو وڵاتی نەمسا لە دەست دەرچێت. بەڵام وەك هەموو زنجیرەکانی مێژوو، گلۆڵەیان کەوتە لێژیو ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەم وەك دیوارێکی رزیوو بنکۆڵکراو دەهاتە بەرچاوی ئەوروپا بە سووکە پاڵێك دەرمێت، بەڵام لە سەرئەنجامەکانی دوای ئەو هەرەسە دەسڵەمینەوە کە ئارامیو ئاسایشی ناوچەکەی بە شێوەیەك دەشێواند، هێورکردنەوەو کۆنترۆڵکردنی زۆر دژواربێت.

عوسمانییەکان سەری خۆیان خوارد، سەری چەندین دەسەڵاتی بەهێزیشیان خوارد، بەتایبەتی دەوڵەتی ئیسلامی ـ عارەب، بیزنتەو هەردوو گەلی ئەرمەنو کوردیش. عوسمانییەکان لە چاو عەرەبەکانی نیوە دوورگەی عارەبدا، نویٰ موسڵمان بوون، لە چاو ئەو گەلانەشدا کە زۆر لە مێژبوو لە ناوچەکەدا دەژیان و نیشتمانی باووباپیرانیان بوو، عوسمانییەکان نامۆ بوون. کە هاتیشن وەك شەپۆلێکی کوللەو پەتای مەرگ هاتن، وەك هێرشە خوێناوییەکانی جەنگیز، تەیموور، هۆلاکۆ یا لەشکری جەردەیی و تالانکردن کە چاویان بە پێشکەوتنی گەلاندا هەڵنەدەهات.

عوسمانییەکان دەمێك بوو هەستیانکردبوو دەستەڵاتە فراوانەکەیان لە سێ کیشوەردا کۆڵەکەیەکی پتەوی گەرەکە، سوڵتان بکاتە خەلیفەو میری موسڵمانانی جیهانو رابەری شەرعی کە پێویست بوو چەند مەرجێکی بنەڕەتی تێدابێت وەك:

١ـ دەستەڵاتی بگاتە هەموو لایەکی خاکی مسوڵمانان.

٢ـ کلیلەکانی هەردوو شاری پیرۆزی مەککەو مەدینەی بەدەستەوە بێت.

٣ـ وەچەی قوڕەیشییەکان بێت.

ساڵی ١٥١٦ز. کە سوڵتان سەلیم یاوز ( دڵڕەق )، غۆری پاشای میسرییەکانی شکاندو شاری قاهیرەی داگیرکرد، دواهەمین خەلیفەی عەبباسییەکان موحەممەد متەوەکیل (محمد المتوكل على الله) کە لەویٰ گیرسابووەوە، دەچێتە خزمەت سوڵتانو دەست لە مافی خۆی هەڵدەگرێتو سێ میراتی هەرە پیرۆزی پەیامبەریش شمشێر و ئاڵاو بەرماڵەکەی دەخاتە بەردەست سوڵتان. ئیمام ئەبوحەنیفەش فەتوایەکی دەرکرد، دەڵێت: مەرج نییە خەلیفەی مسوڵمانان وەچەی قوڕەیشییەکان بێت. بەمجۆرە سوڵتانی عوسمانی بە (شەرعی) دەبێتە خەلیفەی پەیامبەرو میری مسوڵمانانو لە هەرهەموو وڵاتانی موسڵماناندا لە نوێژی رۆژانی هەینیدا وتاری بە ناوەوە دەخوێنرایەوەو موسڵمانان روویاندەکردە یەزدانو دەپاڕانەوە میری مسوڵمانان تەمەندرێژو سەرکەوتوو بێتو پارێزگاریی بکە بۆ سەربەرزیی ئاینو سەرکەوتنی هەق بەسەر ناهەقدا.[٣٣] مامۆستا (ساطع الحصری) دەڵێت: دەست هەڵگرتنی (محمد المتوكل) لە میراتییەکانی پەیامبەر دوورن لە راستیو بۆ چاوڕاوکردن لە موسوڵمانان هەڵبەستراون.ئەمە چ چاوڕاوو لە خشتەبردنێکە لە گەلانی موسوڵمانی سادەو ساکار و خۆشباوەڕ دەکرێت لە ژێر پەردەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامو شەڕی (کافران)دا، رۆژانە هەزارەها مرۆڤ دەکرێنە قوربانییو راپێچی شەڕە ناهەموارەکان و خواست و ئاواتە گلاوەکانی سوڵتان دەکرێنو وەك پووشو پەلاش ئاگری شەڕەکانیان پێ خۆش دەکەن.لەشەڕی یەکەمی جیهاندا، سوڵتان موحەممەد رەششاد دەچێتە پاڵ ئەڵەمانیاو نەمسا دژی رووسیا،

بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیای (کافر)و بانگەوازی شەڕی پیرۆز بڵاودەکاتەوە، هەرچەندە هەردوولا عیسایی بوون.

سولتان مەحموودی دوەم دەیوت ئاین‌و شمشێر لە یەکتری جیانابنەوە، بەڵام خودی خۆی پەیڕەوی ئاینەکەی نەدەکرد کە بە شانازییەوە بانگەشەی بۆ دەکرد، بەڵکو سولتان و مەی (شەراب) لە یەکتری جیا نەدەبوونەوە، بۆیە بە جۆرێك سەری کردبووە مەی نۆشین لە ١٨٣٩/٧/١ زایندا، مەی (شەراب) دەیکوژێت. سولتانێکی عوسمانی نییە، جگە لە هاوسەرەکانی، ٤٠٠ چوارسەد کەنیزەك کەمتر لە حەرەم سەراکەیدا بووبێت لەگەڵ سەدان پیاوی خەسێنراو؟ کەچی عەبدلحەمید کە دواتر بووە سولتان عەبدلحەمید ١٨٧٦/٨/٣٠ـ ١٩٠٩ بەرهەمی داوێن پیسیی چێشتکارێکی کۆشك‌و یەکێك لە کەنزیکەکانی کۆشك بوو، نەك کوڕی عەبدلمەجیدی (باوکی).زۆر لە مێژوونووسانیش دەڵێن هەر بەوهۆیەوە بوو رقی لە ئەرمەنەکان دەبووەوەو قەلاچۆی دەکردن. شایەنی وەبیرهێنانەوەیە قەلاچۆکردنی ئەرمەنەکان هەر لە ساڵی ١٨٧٦وە هەتا ١٩١٨ی زایینی خایاند.(٣٤)

ئەو دووفاقییەی باسمانکرد، کولتوورێکە لە عوسمانیەکانەوە ماوەتەوە بۆ سەرانی تورك کە بەردەوام سیاسەتی (بانێکەودوو هەوا)پەیڕەو دەکەن،گەلێکی موسوڵمانی ئاسیایین، کەچی شانازی بەوەوە دەکەن ئەورووپایی بن. یاسای بنەڕەتی کۆماری تورکیا لەسەر بنچینەی عەلمانییەت دامەزراوە، کەچی ئەوە دووجارە، دوو حیزبی ئیسلامی جڵەوی کار دەگرنە دەست. ئێستا پارتی دادوپەرەپێدان فەرمانڕەوای ولاتێکی دیموکراتە لە سەدەی بیست‌و یەکدا کەچی پەرلەمانتارانی کورد ناشێت لە پەرلەماندا بە کوردی بدوێن یا ناوی کوردستان بهێنن، ئەگینا وەك لەیلا زانا لە زیندانەدا توند دەکرێن. خافێر سۆلانا، لەو رووەوە زۆر جوانی وتووە: چۆن بیر لە وەرگرتنی ولاتێکی وەك تورکیا بکەینەوە لە بازاڕی ئەورووپای هاوبەشدا کە هێشتا سزای لە سێدارەدان لە یاسا بنەڕەتییەکەیدا بێت. سەرکردەی ئەورووپاش هەیە دەڵێت مەگەر بەخەیاڵ‌و سەرمەستی تلیاك کێشان بیر لە وەرگرتنی تورکیا بکرێتەوە، سارکۆزی سەرۆکی فەرەنساش دژی وەرگرتنی تورکیایە.

ئاخۆ زنجیرەی نەپساوەی جەنگەکانی داگیرکردنی ولاتان‌و ژێرچەپۆککردنی گەلان کە هەر لە سەدەی یازدەی زاینەوە هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای بیست درێژەیان هەبووە جگە لە تەنها دە ساڵی دوای هێرشەکەی تەیموری لەنگ ١٤٠٢ـ ١٤١٢ز، ئاشی ئەو شەڕانە چەندین جۆگەو رووباری خوێنی دەویست کە هەر بگەڕێت، ئاخۆ ئاینی ئیسلام جەختی لەسەر ئەوە نەکردەوە کە مرۆڤ تەنها ملکەچی یەزدانە، نەك مرۆڤە زۆردارەکان؟ ئایا ئاینەکان‌و بەتایبەتیش ئاینی پیرۆزی ئیسلام پەیامی ئاشتی و برایەتی و ئازادی و سەربەرزی مرۆڤە یا لە ژێر ئەو پەردەیەدا مرۆڤ دەبێتە قوربانی هەواو هەوەسی خوێنرێژێك، شێتێك، کەرێك، شەلێك، یا کوێرێك. بەراستی مرۆڤ شایەنی بەزەییە.

## سەرەتاکانی هەرەسی دەوڵەتی عوسمانی

پێگەی دەستەلاتی عوسمانی ـ تورك، هەر لە سەرەتاوە لەسەر بناغەی دەمارگیریی ئاینی ئیسلام‌و دوای پەیدابوونی صەفەوییەکانیش لەسەر رێبازی ئاینزای سوننە دامەزراو ئامانجەکانیان لە ژێر ئەو پەردەیەدا حەشاردابوو، ئەگینا کە هاتنە ناوچەکەوە سەر بە جۆرەها ئاین‌و ئاینزابوون، دوور لە ئیسلام‌و هەتا

سەردەمی ئەرتەغۆلیش کەسێکیان تێدا نەبوو بەناوێکی ئیسلامییەوە ناونرابێت، یەکەمین مرۆڤیان کە ناوێکی موسڵمانانەی لێنرابێت عوسمانی کوڕی ئەرتەغۆل بوو کە دەوڵەتەکەشی بەناوی ئەوەوە ناسرا.

ئەوەی راستیی بێت عوسمانییەکان بارودۆخی ناوچەکەیان ژیرانە هەڵسەنگاندبوو، بەرژەوەندی خۆیان لەوە بینییەوە هاوکاریی سەلجوقیەکان بکەن دژی رۆمە بێزنتەکان، هەرئەوەندەش لە سەدەی ١٣زایندا سەلجوقەکان رووخان، عوسمانییەکان دەبنە میراتگریان‌و بایان دایەوە بەلای بێزنتەکانداو هاوکارییان دەکردن دژی بولگارستان.

سەدەی ١٢ز. بەدواوە، رۆژهەڵاتی نێزیك لە ژێر فەرمانڕەوایی پێنج هێزی گەورەدا بوون، دەوڵەتی ئیسلام، ئێران، بێزنتە، بولگارستان‌و هەنگارستان، کە لەنێوان خۆیاندا خەریکی شەڕو ململانێی خوێناوی بوون لە پێناو فراوانکردنی دەسەڵات‌و چەسپاندنیدا.بولگارستان بەهێزترین دەوڵەتی دوورگەی باڵکان بوو کە هۆزە سلاڤەکان لە سەدەی حەوتەمی زاینەوە تێیدا نیشتەجێبوون بەڵام ناکۆکیی نێوان میرەکان‌و هێرش‌و شاڵاوی دوژمنانی دەرەکیی و ناوەکیی، وڵاتی بولگارستان هەڵدەوەشێت‌و بەسەر سێ دەوڵەتی نوێدا دابەشدەبێت، بولگارستان، صربستان و هەنگارستان، صربەکان بەربەرەکانێی بولگارەکان‌و عوسمانەکانیشییان دەکرد، بەجۆرێکیش مرخیان لە لاشەی لاوازو بێهێزی بولگارەکان خۆشکردبوو، گەرەکیان بوو هەر بەزیندوویی قوتیبدەن.

عوسمانییەکانیش بەداب‌ونەریت‌و کولتووری دواکەوتەی خێڵەکیی و دەمارگرژیی ئاینەوە توانییان حەوت صەد صاڵێك پەردەیەکی رەشی خوێناوی بەسەر ناوچەکەدابدەن و رەوڕەوەی پێشکەوتن بوەستێنن‌و هەتا سەدەی ١٨ز. لە هەردوو لایەنی رامیاریی‌و سەربازییەوە گرەو لە هەموان ببەنەوە،بەتایبەتیش کە ئەورووپا هێشتا چەند میرنشینێکی بچووك بوو بەدەست کوڕەکانی شارلمانەوە کە هەندێکیان ئەوەندە بەرتەسك بوون، دانیشتوان بە گاڵتەولاقەرتییەوە دەیانوت فەرمانڕەوا کە پاڵدەکەوێت سەری لە موڵکی خۆیدایەو قاچەکانی لە موڵکی دراوسێکەیدا. دواتر سێ وڵاتی گەورە لەو میرنشینانە پێکهات کە یەکێکیان دەوڵەتی پرووسیا (ئەڵەمانیا) بوو، بەهەوڵ‌و کۆششی بسمارك صاڵی ١٨٧١ز. بە سەرۆکایەتی ولیم (ڤیلهیلم)ی دووەم دامەزارا.نەخشەی رامیاریی ئەوروپا هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە،صاڵی ١٨٥٠ز. ئەوروپا بریتیبوو لە شەش دەوڵەت، صاڵی ١٩٠٠ز. پانزە دەوڵەت‌و لە صاڵی ١٩٥٠ زایندا بوون بە ٢٧ دەوڵەت.

شۆڕشی پیشەسازیی و ئەو پێشکەوتنە خێرایەی لە هەموو بوارەکانی زانستیی‌و تەکنۆلۆژیادا بەدوای خۆیدا هێنای، عوسمانییەکانی هۆشیارکردەوە کە ناتوانن پێ بەپێی ئەوان هەنگاوبنێن، بەتایبەتیش لە رووی سەربازیی و هونەریی نوێی پەلاماردان‌و بەرگریکردنەوە کە پشتی بە زانست‌و ئامێرە نوێیەکانی جەنگ دەبەست‌و زانستیی ماتماتێك لە تۆپخانەی نوێدا بەکاردەهات و تۆپە دورهاوێژەکان لە زۆر دوورەوە زیانی گەورەیان پێدەگەیاندن بێئەوەی بتوانن بەرپەرچیان بدەنەوە. لەشکرەکانی عوسمانی هەروەك سەردەمی ئیسلام بەشێوەیەکی سادەو پشت بەستن بەسەرگەرمیی ئاین‌و لە ناوبردنی (کافران) و داگیرکردنی وڵات‌و حەڵاڵکردنی سەروماڵیان شەڕیان دەکرد، ئەویش هەر بەشێوەی پەلاماردان، ئەگینا لە

جەنگی بەرگریدا کەم ئەزموون بوون.

سوڵتان سلێمان ناوەڕاستی سەدەی ١٨ز. ناچار بوو لەگەڵ ڕەوتە نوێیەکەدا هەنگاو بنێتو هیچ نەبێت سیستمی سەربازیی لەشکرەکانی نوێ بکاتەوە، بەڵام هێزەکانی یەنیچەریی‌و سەرکردە ئاینییەکان دژی نوێکردنەوە راوەستانو بەرەنگارییان دەکرد، بەڵگەشیان ئەوە بوو لەشکری موسوڵمانان بەپلان شەڕیان نەکردووەو ئێمەش هەروا دەکەین، ئەوەی سوڵتان داوای دەکات چاولێکەریی کافرانە و شەرع بەپێی دوو دەق حەرامیکردووە: (من تشبه بقَومٍ فهوُ منهُم)، ئەوەی چاولێکەریی کۆمەڵێك بکات،ئەویش لەوانە(وەکو ئەوان وەهایە)، (هذه بدعة و کل بدعة حرام) ئەمە(داهێنە) کارێکی نوێ و نامۆو دەستکاریکردنە و هەموو کارێکی لەمجۆرەش حەرامە.

ئەم بیروبۆچوونە هەتا سەرەتای سەدەی بیستەمیش زۆر بەزەقیی لە وڵاتی حیجازدا مابووەوە، هێزەکانی (إخوان)ی سەر بە (عەبدلعەزیزئال سعود) ڕێگەی بەکارهێنانی تەلگرافو ئۆتۆمبیلیان لێدەگرتو بەکاری ئەهریمەن (شەیتان)یان دەزانی، بەڵام عەبدلعزیز بە ژیریی ودانایی دەیهێنانەوە ژێربارو پێشانیدەدان ئەو نامانەی بە تەلگراف دەینێرێت بە (بسم الله الرحمن الرحیم) دەست پێدەکەن، ئەهریمەن توخنی (بسم الله) ناکەوێتو خۆی لێدەپارێزێت،کەواتە تەلگراف کاری ئەهریمەنو جنووکە نییە. نەك هەر ئەوە، کاتێکیش بە شیاوی نەدەزانی بەکراسێکی کورتی خوار ئەژنۆوە پێشوازی لێپرسراوە بیانەکان بکات، کراسی ئاودامانی لەبەر دەکرد، یەکێك لە (أخوان)ەکان پێی دەڵێت ئەی عەبدلعەزیز کراسەکەت درێژە. ئەویش یەکسەر داوای مقەستێك دەکاتو دەیداتە دەست کابراو دەڵێت درێژە کورتیکەرەوە، زیادەکەی چەندە ببڕە!

ساڵی ١٧٨٩ سەلیمی سێیەم دەبێتە سوڵتانو بڕیار دەدات ڕێکخستنی لەشکرەکانو پلانەکانی جەنگ بەپێی سیستمی سەربازیی ئەوروپا نوێ بکەنەوەو زانستیی ماتماتیك لە تۆپهاوێژیدا بەکاربهێنن، بەڵام بوو بە هەراو بۆ یەکەمین جار لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا ململانێی نێوان نوێخوازیی‌و کۆنەپەرستیی سەریهەڵدا، ئەمان دەیانویست لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتندا هەنگاوبنێن، ئەوانیش بە کوفرو لادانیان دەزانی لە ڕاستە ڕێگەی ئاینی ئیسلامو سووربوون لەسەر ئەوەی سەردەمی پەیامبەرو دواتریش موسڵمانان چۆن شەڕیانکردووە ئێمەش هەروا دەکەین. لە ئەنجامدا ساڵی ١٨٠٧ هێزی تاریکیی‌و دواکەوتنو نەزانین (الجاهلیه) گەمارۆی کۆشکی سوڵتان دەدەن و (فەتوایەکی شەرعیی) (زانایەکی نەزانیان) بە دەستەوە بوو کە هەر سوڵتانێك لە کارو کردەوە و شێوەی فەرمانڕەوایدا سەرپێچی بنەڕەتەکانی ئاین بکات کە قورئان چەسپاندوویەتی، ناشێت لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی بمێنێتەوە.بەمجۆرە کۆنەپارێزان سوڵتان سەلیمی سێهەم دادەگرنو سوڵتانێکیان لەجێگەیدادانا بەویست و ئارەزووی خۆیان بجوولێتەوە، بەڵام نوێخوازەکان ئەم کەربازاڕەیان بۆ قوتنەدەچوو، بە رابەرایەتیی مستەفا پاشای بەیرەقدار رادەپەڕنو دەست دەگرن بەسەر کۆشکدا و لاوێکی تەمەن شانزە ساڵییان کرد بە سوڵتان بەنێوی سوڵتان مەحموودی دووەم، کە مەزنترین سوڵتانەکانی عوسمانیی‌و لە هەمووشیان پتر کاریگەریی لەسەر مێژووی عوسمانییان هەبوو.

ڕۆژی ٢٨/ ٧/ ١٨٠٨ز. مستەفا پاشای بەیرەقدار پۆستی سەرۆك وەزیران (صدر الاعظم) وەردەگرێت، (کۆنەپارێزەکان)یش دەستبەستراو نەوەستان،گەمارۆی کۆشکەکەی دەدەن و لە هەموو لایەکەوە ئاگری

تێبەردەدەنو ڕێگەی ڕزگاربوونی لێدەگرنو لەناو کۆشکەکەیدا دەسوتێت.سولّتانی نوێ، ژیر بوو، لەو باردۆخە ئالّۆزو توندوتیژەدا بۆ پاراستنی ئەستەمبوول لە سوتاندنو کاولبوونو دڕندەیی کۆنە پارێزەکان، بڕیاری هەلّوەشاندنەوەی سیستمی نوێ دەدات و بەدلّی کۆنە پارێزان بگەڕێتەوە سەر بەڕەکۆن) ەکە. سولّتان دەیزانی تا ئەو کاتەی هەلێکی گونجاوی بۆ دێتە پێش، پێویستە لەبەردەم گەردەلوولدا سەرنەوی بکات. ئەو هەلە گونجاوە دوای ١٨ ساڵ هاتە پێش، یەنیچەریی بەهۆی زنجیرە شکستەکانی بالّکانو ئەوروپای ڕۆژهەلاّتەوە ڕێزو دەستەلاّتی جارانیان نەمابوو، کاتەکە بۆ سولّتان زۆر لەباربوو تۆلّەی بەرودوایان لێبکاتەوە. دەستێکی لێوەشاندن جەرگبڕ، نێرینەیانی بە زیندوویی نەهێشت.

زۆر لە مێژبوو تورکە عوسمانییەکان بەخت یاوەریانبوو، ئەو هەموو ولاّتەیان پاوان کردبوو. بەروبوومیان تالاّندەکردو گالّەیان بەدانیشتوان دەکرد،نەچاوی تەماعو دەست بەسەرداگرتنو زەبون کردنی گەلان تێر دەبوو، نە خەزێنەی سولّتان و گیرفانی والیو سەرلەشکرەکانیش پڕ دەبوو. سەرەڕای ئەوەی گەلانی بێگانەشیان هەر بۆ خزمەتکارییو خۆبەکوشتدان دەویست، ئەگینا مافێکیان نەبوو. جگە لە تورك کەسێك مافی ئەسپ سوارییو چەك هەلّگرتنی نەبوو، خانووشیان پێویست بوو لە خانووی هەموو تورکێك نزمتربێت. گیانی خۆبەزلزانینو سووك تەماشاکردنی بێگانە هەتا ئەمڕۆش لەناو تورکدا بە زەقی دیارە. تورکێك لەهەر شوێنێکی ئەم سەرزەمینە مرۆڤێکی سەرڕەش ببینیت ڕاستەوخۆ و بێ پێشەکیی بەتورکی لەگەلّیدا دەدوێت، وا دەزانێت هەر سەردەمیی سولّتانەو گەلانی ڕۆژهەلاّت ژێردەستی ئەوانن....... تەنها ئەو کاتەش بەخۆیدا دێتەوەو شەرمەزارییەك دەیگرێتو وەك بە شوولێکی تەڕ سەری لوتی بتەزێنیت کە بە سەرسوڕمانێکەوە پێی بلّێت: ببورە، نازانم بە چ زمانیك دەدوێیت!

تورکەکان بەردەوامو نەوە لە دوای نەوە مێشکیان بە بیروباوەڕی شۆڤێنیزم ئاودەدرێتو بە جۆرێك پەروەردەیان دەکەن زۆر شانازی بە مێژووی ڕەشو خوێناویانەوە بکەنوخۆیان وەك سەرتۆپی گەلان بێتە بەرچاوو گەلانی دیکەش سووكو بێنرخ تەماشا بکەن، لەسەرێکیشەوە گلەییان لێناکرێت چونکە مێژووەکەیان هەتا سەرەتای سەدەی بیستەمو دامەزراندنی کۆماری تورکیا، هەر بەزمانی تورکی کۆنو پیتی عارەبی نووسراوەتەوە، سەردەمی مستەفا کەمال کە ئەلفو بێی لاتینی بەسەر تورکدا سەپاند، نەوەکانی نوێ ئیتر نەیاندەتوانی مێژووە کۆنەکەیان بخوێننەوەو بزانن دەولّەتی عوسمانی بەرلەوەی بڕوخێت دوو صەدساڵ بوو لە گیانەلاّوی مەرگدا بوو، ئەوروپا دەیتوانی بە ئاسانی بیخات، تەنها سوکە پالّێکی دەویست، بەلاّم کە نەیاندەکرد سلّیان لە هەرەسی ئەو دیوارە پەڕپوتو ڕزیوە دەکردەوە چی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، هەروەك چۆن ئێستاش دەتوانن ڕژێمی تاکڕەوییو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ولاّتی چین بڕوخێنن، بەلاّم نایکەن چونکەلە بەرچاویانە دوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤییەت چ لێشاوێکی پەنابەران ڕوویکردە ئەوروپا، ئەی ئەگەر چینییەکان ڕووبکەنە ئەوروپا چ کارەساتێك ڕوودەدات؟ هێماو سونبولی ئەو مێژووەی تورك شانازی پێوە دەکەن هۆلاکۆو جەنگیزخانە، سولّتانە ملهوڕو گەندەلّەکانە، کە بەناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و شەڕی پیرۆزەوە (جیهاد و غەزا) حەوت سەد صالێك گەلانی موسلّمانیان ڕاپێچی جەنگە خوێناوییە نەپساوەکان دەکردو لە پێناو مانەوەی دەسەلاّتو فراوانخوازیدا وەك سوتەمەنییەکی هەرزانی

ئەو جەنگانە بە كوشتیاندانو خۆشیان مەگەر هەر بەناو ئەگینا لە ئیسلامەوە زۆر دووربوون، چەند سوڵتانی عوسمانی (خەلیفەی موسڵمانان) ئەنجامی سەركردنە مەی نۆشین بە نەخۆشیەكانی ئاوسانی جگەر مردن، هەر بۆ نموونە سولتان مەحموودی دووەم ١/٧/ ١٨٣٩ بەو دەردە مرد. چەند سوڵتان بەهۆی رابواردنو شەوانی سوورو داوێن پیسیی و مەستییەوە ئاگایان لە كاروباری وڵاتو میللەت نەبوو، عەبدولحەمیدی دووەم دارو دیواریشی كردبوو بە چاوو گوێ،كەچی ساڵی ١٨٧٧ئاگادار نەبوو رووسیاپەلاماری ناوچەیەكی فراوانی داوەو لكاندوویەتی بە رووسیاوە، سوڵتانیش خوا هەڵناگرێت لە رووداو دانەما داوای یارمەتیی لە شاژنی بەریتانیا بكات! ناپۆلیۆنپۆناپەرت كە١٧٩٨ــ ١٨٠١ وڵاتی میصرداگیردەكات، دەستەڵاتی عوسمانیی لە بناغەوە راتەكاندو وەك زەمین هەژێن سەرزەمینەكانی عوسمانیانی هێنایە لەرزین، سوڵتانی موسڵمانانو فەرمانڕەوای ووشكانیو دەریاكان (سلطان البرّ والبحر) ئەوەندە كەمتەرخەم بوو، وڵات ئەوەندە هەڵوەشاو و بێسەروبەر بوو دوای دوو مانگ هەواڵی پێدەگاتو دەزانێت چ كارەساتێك قەوماوە!! شێلگیر بوو، بەڵام هەر ئەوەندەی لە باردا بوو داخی دڵی خۆی بەسەرۆك وەزیرانو رابەریی گشتی ئاینیی (شیخ الاسلام) برێژێت.[٣٥]

كۆتایی ١٨٧٦ شەڕی قرم هەڵگیرسا لە نێوان عوسمانییەكان بەهاوكاری بەریتانیاو فەرەنسا دژی رووسیای تزاریی.(لەشكری كایزەری رووسیا بە سەركەوتوویی گەیشتنە شاری ئەدرنەو دەستیان بەسەردا گرت، سوڵتانیش بارەی لێهەڵدەسێت بۆ گفتوگۆ و ئاگربەست.)[٣٦] ئەوەبوو بەپێی رێكەوتننامەی سان ستیڤانۆ، تورك دەستیان لە قەڵای قارس و ئەرمەنستان و شاری باتۆم هەڵگرت بۆ رووسیا. صاڵی ١٨٧٨یش بولگارستان سەربەخۆیی وجیابوونەوەی خۆیی راگەیاند سوڵتانیش ناچاری دان پێدانان كرا. بەریتانیاش بەشە دەستكەوتی خۆی دەویست، ئەویش دوورگەی قوبروسی لێسەندن ئەمجا رێككەوتنەكەی پەسەند كرد! هەربەوەشەوە نەوەستا،١٨٨٢ وڵاتی میصریشی لە دەست دەرهێنا. سوڵتان موحەممەد رەشاد لە یەكەم جەنگی جیهاندا صاڵی ١٩١٤ـ ١٩١٧ بڕیاریدا لە پاڵ ئەڵەمانیای عیسایی(كافردا) دژی هاوپەیمانان بجەنگێت، كەچی لە هیچ دەزگایەكی عوسمانیدا دیان ـ عیسایی ـ گاور كە ئەوان بە كافریان دەزانین بە (شاهید) وەرنەدەگیرا! نەجیب پاشای والی بەغدا صاڵی ١٨٤٣ لەشكری كۆكردەوە بۆ سەر هۆزە عارەبە نەیارەكان لە كەربەلا و ئەو شارە پیرۆزەی تۆپبارانكردو كە چووە ناو شارەكەوە، فەرمانی كۆمەڵكوژیی دانیشتووانەكەیی دەركرد،[٣٧] لەشكر بە جۆرێك كەوتنە گیانی دانیشتوان، دەستیان لەو داماوانەش نەپاراست پەنایان بۆ ژێرزەمینی شوێنە پیرۆزەكان بردبوو، لەو شارەدا دڕندانە پەنجا هەزار مرۆڤیان كوشت. ئەم كارەساتی رەشەكوژییە بە جۆرێك دەنگیدایەوە شا موحەممەدی قاجاری هاتە سەر ئەوەی بڕیاری بانگەوازی شەڕ بدات دژی دوژمنانی شیعەو بنەماڵەی پەیامبەر، بەڵام بەریتانیاو رووسیا رێگەیان پێنەداو ژووانیانكردەوە. ئەی چەند لە والییەكانو كاربەدەستانی باڵا خەریكی نێربازی بوون، بۆ نموونە سەعید پاشای والی بەغدا كە شەیدای كوڕێك بوو بەنێوی(حەممادی). فەرمانڕەوای تورك لە شاری دەرعا، ئەفسەری بەنێوبانگی هەوالگریی بەریتانیا، لۆرانس دەستگیر دەكاتوبەتۆپزیی سواری دەبێت![٣٨] سوڵتان عەبدلعەزیز كە لێخراو موورادی برازای كرایە سوڵتان، كاتێك لەكۆشكی یلدز چووە

دەرەوە هچی لەگەڵ خۆیدا نەبرد جگە لـە (٩٠٠ نـۆ صـەد کـەنیزەك، ٣٠٠ سـێ صـەد چێشـتکار، ٤٠٠ چوارصەد مۆسیقا ژەنو گۆرانی بێژ، ١٥٠ صەدو پەنجا مەیتەر و گالیسکەوان، ٦٠٠ شەش صەد ئەسـپی رەسەن و ٣٠٠ سـێ صـەد مەلـەوان و کەشـتیوان)،[٣٩] دوای پێـنج رۆژیـش خـۆی کوشـت! ئـەی سـوڵتان عەبدلحەمید کە قەلاچۆی ئەرمەنەکانی دەکرد هەر بەوهۆیەوە نەبوو کـە بیسـتبوویەوە کـوڕی عەبدلمەجیـد نییە و لـە دەسـت تێکـەڵکردنی چێشـتکارێکی ئەرمـەنیو کـەنیزەکێکی سـەماکاری کۆشـکدا هاتووەتـە دنیاوە؟ لە سزای گوناهێك کە تەنها یەك ئەرمەنی کردبووی ملیـۆنو نیوێـك ئەرمـەنی بێتـاوانی کوشـتو کابرای ئەرمەنیش (باوکی راستەقینەی خاوەن شکۆ) وەك بەرزەکی بابان دەرباز بـوو، کـەس نـەیزانی چـۆن خۆی ونکرد! سەردەمی فەرمانڕەوایی کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن، ئەنوەر وەزیری جەنگ بوو، چەندین جار پەلاماری سـەربازگەیەکی گـەورەی بـەریتانیا دەدەن لـە شـاری کـوت ـ عێـراق، قوربـانی زۆریـان داو سەرنەکەوتن، دواجار بە پلانی ژەنراڵەکانی ئەڵەمانیا کە لە سوپاکانی عوسمانیدا کاریـان دەکـرد ئابڵوقـەی سەربازگەکەیاندا، ئابڵوقەیەکی سـەختو درێژخایـەنو لـە ئەنجامـدا ١٣/ ٤/١٩١٦ تاوزەنـد، فەرمانـدەی گشتیی سەربازگەکە ئالای سپی هەڵکردو ١٣،٠٠٠ سیازدە هەزار سەربازو ئەفسەری بەریتانیاییو هیندی خۆیاندا بەدەستەوە. لە گفتوگۆی ئالوگۆڕکردنی دیلەکانـدا خـەلیل پاشـا مـامی ئـەنوەر دەڵێـت: دیلێکـی هینـدیی لای ئێمـە بەرامبـەر دیلێکـی عـارەب لای ئێـوە، دیلێکـی ئینگلیـزیش دەگۆڕینـەوە بـەدیلێکی تورك.بەڵام دواتر ژوان دەبێتەوەو دەڵێت دیلە عارەبەکان وەرناگرینەوەو نامانەوێت بێنەوە ناومان، چـونکە ترسنۆكو سەرشۆڕن، ئێمە بە تاقیکردنەوە بۆمان دەرکەوتووە عـارەب ٩٩٪ ترسـنۆکن لەکاتێکـدا رێـژەی ترسنۆکی لە ناو توركدا تەنها ١٠٪ یە! ئەگەر بێ گۆڕینەوەش ئازادیان دەکەن بیکەن، بەڵام من فـەرمانی مەرگیان بۆ دەردەکەم و حەزدەکەم ملیان بەپەتەوە ببینم!! جا تۆ تەماشا چەند سووكو بێبایەخ لەگـەلانی موسوڵمان دەڕوانن کە بۆ خزمەتی ئـەوان لـە دوورە شـارەکانەوە هـاتوونو بەبرسـێتیو تینویـەتیو کـالاو پێتاکی شڕو دڕەوە لە سەرماو بەستەڵەکی زستانو گەرمای سوتێنەری هاویندا خۆیان بۆ سوڵتان بە کوشت دەدا، بەڵام کام سـوڵتان، یـەکێکی وەك عەبدلحەمیـد کـە فـەرمانڕەوایی صـەدوپەنجا ملیـۆن موسـوڵمانی دەکرد، بەڵام باوەڕی بەتەنها یەك کەسی ئەو صەدوویەنجا ملیۆنە نەبوو، لە سێبەری خـۆی دەسـڵەمییەوە، مێردەزمەی ترسی تیرۆرکردن وەها سواری سەری بووبوو چەند صالێك رێگەی نەدا کارەبا بێتـە تورکیـاوە، وایدەزانی داینەمۆی پێکهێنەری تەوژمی کارەباو دێنامیتی تەقاندنەوە، بۆ ژیانی ئەو مەترسیدارن!!

مەگەر هەر بۆ پێکەنینش بیگێڕینەوە کە ئەو سوڵتانە مەزنە زۆر رقی لە هێمـای کیمیاسـازی$HO_2$، بەهەموو ئەقڵی خۆی وایدەزانی ئەوە پلانی تیرۆرکردنی ئەوە و کافران دایانڕشتووە، $H_2$حەمیـدی دووەم، پیتـی $O$ بۆمبایـە و مانـای ئەوەیـە پلانێکیـان دانـاوە بـۆ تیرۆرکردنـی حەمیـدی دووەم بـە بۆمبایـەك. خوێنـدکارێکی تـورك دوای تـەواوکردنی خوێنـدن لـە ئـەوروپا دەگەڕێتـەوە تورکیا،لـە کـاتی پشـکنیندا، پەرتوکێکیان دۆزییەوەو پڕبوو لەو هێما نەگریسەی $H_2O$ کەبریتییە لە پێکهاتەی کیمیایی ئـاو، ئـاوی ئاسایی کە لە دوو گەردیلەی هایدرۆجینو گەردیلەیەك ئۆکسجین پێکهاتووە. ئـەو بەسـتەزمانەیان لـە ژێـر ئەشکەنجەدا کوشت. ئەوە مشتێکە لە خەروارێکی ئـەو مێـژووەی ئـەمڕۆ تـورك خۆیـانی پێـوە بـا دەدەن.

هەژاری موکریانی سەبارەت بە تورك وتویە (هەرکەس ناوی تورکی بەرگوێ کەوێ نەعوزوبیللایەك دەڵێ، تورك‌و دڕەشی‌و خوێنخۆری سێ وشەن لەیەك مانادا).[٤٠]

## هەوڵەکانی چاکسازیی لە دەستگاکانی ڕژێمی عوسمانیدا

گەندەڵیی دەستگاکانی بەڕێوەبردنی ولاَت‌و بنەما پەڕپوت‌و رووخاوەکانی و کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتێکی پانوو بەرینی وەك دەوڵەتی عوسمانیی، لەسەردەمی سوڵتان مستەفای سێیەم ١٧٥٧ــ ١٧٧٤ لە هەموو کاتێك زەقتردەردەکەوت و کەوتە سەر زاران‌و بەرچاوان. باج و سەرانەی قورس‌و راپێچکردنی دانیشتوان بۆ بەرەکانی جەنگە بەردەوامەکانی پشتی چین‌و توێژە هەژارو دەستکورتەکان‌و بەتایبەتیش گوندنشین‌و جوتیارانی شکاندبوو، لەشکرەکانیش دوای ئەو هەموو قوربانی‌و ماڵوێرانییە لە جەنگەکانیاندا دژی ولاَتانی ئەوروپای خۆرهەلاَت (دەوڵەتەکانی بەڵکان) بەزیانێکی زۆرەوە شکستیان هێنا. پێشکەوتنی ئەوروپا کاریگەریی لەسەر رووناکبیران زۆر بوو، هەستیان بەدواکەوتوویی ولاَت دەکردو دەیانزانی چارەسەریش هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو بەرپاکردنی بزوتنەوەیەکی چاکسازییە هەموو لایەنەکانی ژیان بگرێتەوە. بزوتنەوەکە پەیدا بوو، بەلاَم چەند گرووپێکی رووناکبیریی روو لە شارستانێتی و پێشکەوتن رابەرییان دەکردو بەرنامەکانیان جیاواز بوون، گرووپێك داوای چاکسازیی دەکرد لە دەسگاکانی بەڕێوەبردندا لەسەر بنەماکانی ئاینی ئیسلام‌و یاساکانی شەریعەت‌و دابوو نەریتی رەسەنی عوسمانیی... گرووپی دووەم بەرنامەی چاکسازیی لەسەر شێوەی خۆرئاواو نموونەی دەوڵەتەکانی بەریتانیاو فەرەنسا کە هەنگاوی گەورەیان لە هەموو بوارەکاندا ئاشکراو لەبەرچاوە، بەتایبەتی بواری سەربازیی، رامیاریی، ئابووریی، رووناکبیریی. گرووپی سێیەمیش هەواداران‌و پشتگیرەکانی سوڵتان بوون کە بەر لە هەموو شتێك پێویستە چاکسازیی لە لایەنی سەربازیی‌و لەشکرو چەکەوە دەستپێبکات. لە ئەنجامدا بەرنامەی گرووپی دووەم بەو هۆیەوە ئامانجەکانی سوڵتانیشی بەرجەستەدەکرد کەوتە بواری جێبەجێکردن‌و سەرەتا لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی سێیەمدا ١٧٨٩ــ ١٨٠٧ هێڵە درشتەکانی نوێکردنەوەی لەشکرو دواتر نوێکردنەوەی سیستمی کارگێڕیی‌و بەڕێوەبردن‌و خوێندەواریی و فێرکردن‌و دارایی دیاریکران.. چەندین فێرگەی سەربازیی دامەزران بۆ بنیاتنانی لەشکرێکی مۆدێرن لە هێزەکانی پیادەو دەریایی بەسەرپەشتیی پسپۆڕانی سەربازیی فەرەنسا. کردنەوەی کونسوڵگەریی عوسمانیی لە ولاَتانی ئەوروپاو ناردنی خوێندکاران بۆ فێربوونی زانست‌و زمانی بێگانە. خوێندکارەکانیش کە دەگەڕانەوە دەبوونە بەشێکی ئەکتیڤ لە پرۆژەی چاکسازیداو کەمووزۆریش شتێك لە کولتووری ئەو ولاَتانەیان هەڵگرتبوو. دوژمنی سەرسەختی چاکسازیی، لەشکری ئینکیشاری (چەرکەس) بوو کە هێزێکی گەورەو جەنگاوەرو خاوەن ئەزموون بوو لە ١٣٣٨وە دامەزرابوو، سوڵتان مەحموودی دووەم ١٨٠٨ــ ١٨٣٩ دەیزانی هەتا ئەو هێزە لە ئارادابێت سوپای مۆدێرن دانامەزرێت، چەند هەنگاوێك بەرەو ئەو ئامانجانە دەنێت کە سوڵتانەکانی پێشتر هەوڵیان بۆ دەدا، وەك گۆڕینی بەرگی سەربازیی لەسەر شێوازی نوێ، دامەزراندنی کابینەی وەزیران لەسەر شێوەی نوێ وەك پۆستی وەزیری ناوخۆ،وەزیری درەوە، وەزیری کاروباری ئاینیی،دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی پۆست‌و تەلگراف، بلاَوکردنەوەی پەخشنامەی هەڵسەنگاندنی رووداوەکان (تقییم الوقائع). سوڵتان

حەمیـدی دووەمـیش ۱۸٤۲ــ ۱۸۱۹ ژیـاوەو مـاوەی نێـوان ۱۸۷٦ــ ۱۹۰۹ فـەرمانڕەوا بـوو، هـەر بەسەرزارەکیی هەنگاوی بەرەوپێشەوە دەنا لەچوارچێوەی بەرنامەی چاکسازیی گشتیداو بڕیاریدا:

۱ـ تاکەکانی کۆمەڵ لە سنووری دەوڵـەتی عوسمانیـدا، سـەر بەهـەر رەگـەزو ئـاینێکن لەبـەردەم یاسـاو ئەرك‌و مافەکانیاندا یەکسانن.

۲ ـ سووککرنی رێژەی باج‌و رێکخستنی سیستمی کۆکردنەوەی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە.

۳ـ دیاریکردنی ماوەی سەربازیی، رێکخستنی کاروباری دادگا،دامەزراندنی بانك.

بەڵام هەرهەمووی نووسینیی سەرکاغەزبوو! عەبدلحەمیدی دووەم جگە لەوانـە بانگەشـەی پیـادەکردنی یاسـای دەسـتەڵاتی هەرێمـەکان (لا مرکـزی) و دامـەزرانـدنی پەرلـەمانێك لـە دوو ئەنجوومـەنی نوێنـەران (مەبعوثان)و ماقووڵان (ئەعیان)شی دەکرد کـە بـەهۆی هێرشـەکەی صـاڵی ۱۸۷۷ز. رووسـیاوە بـۆ سـەر دەوڵەتی عوسمانی، کۆبوونەوەکانی ئەو دوو ئەنجوومەنەش بە بڕیاری سوڵتان دواخـران بـۆ کـاتێکی نادیـار! حەمیـد صـاڵی ۱۸۷۸ بـەبیانووی شـەڕی رووسـیاوە پەڕلـەمانی هەڵوەشـاندەوەو یاسـای دەوڵەتیشـی لەکارخسـت‌و ئـەزموونی چاکسازییەکەشـی لـەباربردوو دەسـتیکرد بـە گـرتن‌و سـزادانی چاکسـازەکان‌و دووخستنەوەی هەندێکیان وەك مەدحـەت پاشـا بـۆ حیجـازو دواتـریش کوشتیان.لەڕاسـتیدا ئەگـەرێك لـە بەردەم چاکسازیدا نەمابوو جگە لە خودی سوڵتان‌و داردەستەکانی، مەحموودی دووەم بەدەسـتێکی ئاسـنین صاڵی ۱۸۲٦ لە هێزەکانی یەنیچەری‌و ۱۸۳۱ هێزی کۆڵەمـەن (مـەمالیك) لـە عێـراق دەدات‌و هـەردوو لایانی بە چەند سیناریۆیەکی تراژیـدی قڕکـرد. دوای ئەوسـوڵتان مـەجیـدی کـوڕی ۱۸۳۹ــ ۱۸٦۱و دوای ئەویش عەزیزی برای ۱۸٦۱ـ ۱۸٦۷ لە صاڵی ۱۸٦٤ دا، یاسای ویلایەتەکانی عوسمانیی بڵاوکردەوە، کە دەوڵـەتی عوسمـانیی لــە ۳۰ سـی ویلایــەت پێکهـاتووەو لەلایــەن والییەکانــەوە بــەڕیوەدەبرێن، هــەر ویلایەتێکیش بریتییە لە چەند لیوایەك کـە موتەصـەڕیفەکان بـەڕێوەیان دەبـەن‌و هـەر لیوایـەکیش چـەند قەزایەك دەگرێتە خۆی کە هەریەکەیان قایمقامێك بـەڕێوەی دەبـات‌و قـەزاکانیش هەریەکـەیان دەکـرێن بـە چەند دەڤەریك(ناحیە)و بەڕێوبەری بۆ دادەنرێت.

مەدحەت پاشا ۱۸٦۹ـ ۱۸۷۲ والی عێراق بوو، دەستەڵاتێکی فراوانی پێدرابوو بۆ سەر خستنی پرۆژەی چاکسازیی لە عێراق، لێرەوە پشت بە یاسـای ویلایەتـەکان هەوڵـەکانی سـەرکەوتن لـە بـواری کـارگێڕیی، ئابووریی، چارەسەرکردنی کێشەی زەویوزارو وتـاپۆ. هەرلـەو سەردەمەشـدا لـە عێـراق زەویـوزاری میریـی بەشێوەیەکی فراوان دابەشکراو سەرۆك هۆزەکان بوونە خاوەن زەوی‌و پەیوەندی نێوان سەرۆك هۆزو تاکەکان لە تالانی‌و دەستکەوتی شەڕەوە بوو بە دەستکەوتنی پارچەیەك زەوی لە زەویەکانی سـەرۆك هـۆز بەدەست تاکەکانی هۆزەکەوەو لە بەرامبەریشدا سەرۆك هۆز دوو ئەرکی کەوتنە سەرشان، کۆکردنەوەی باج‌و ناردنی بۆ والی و زامنکردنی خزمەتی سەربازیی لاوانی هۆزەکەی لە لەشکری والیدا. هەر لە سەردەمی مەدحەت پاشاشدا بلاڤۆکی زەورا (جريدة الزوراء) دوو هەفتە جارێك بەهەردوو زمانی تورکی‌و عارەبی چـاپ‌و بـڵاو دەکرایەوە. یەکێك لە ئەنجامە بەراییەکانی یاسای ویلایەتەکان، ئەوەبوو ناوچەی بەیروت خرایە سەر شام و ویلایەتی شارەزووریش لکێنرا بە ویلایەتی موصڵەوە. دەسەڵاتی دادگاش جیاکرایەوە بەسەر دادگای سڤیل

کـە دادوەر بـەڕێوەی دەبـات (حـاکم) و دادگـای شـەرع کـە قـازی بەڕێوەیـدەبات و کاروبـاری مـارەبڕین، جیابوونەوەی ژن و مێرد، نەفەقەی ئافرەتو منداڵەکانی، دابەشکردنی میرات لە دەستەڵاتی قازیدایە.

دەوڵەتی عوسمانی دەمێـك بـوو رێگـای کۆتـاییو لەنێوچـوونی گرتبووەبـەر، وڵاتێکـی وا پـانو بـەرین، بەردەوامبوونی زنجیرەی پەلامارو جەنگە خوێناوییـەکان، داڕوخـانی ژێرخـانی ئـابووریی، جگـە لـە پیشـە دەستییەکان پیشەسازییەك لە ئارادا نەبوو، زەوییە کشتوکاڵییەکان تەنها بەشێکی دەچێنران، جوتیارەکـان رەوانەی جەنگ دەکران، داهاتی وڵات لە باج و خەراج و سەرانە و مەڕانە و سوڕانە و دەیـەکی بەرهـەمی جوتیـارانو روتاندنـەوەی هاوڵاتیـان پێکـدەهات کـە بەشـێکی بـۆ لەشـکرو بەشـی هـەرە زۆریشـی لـە باجگرەکانەوە هەتا دەگاتە سوڵتان لرفیان لێدەدا. دەوڵەتێکی وەها گەندەڵو داتەپیوو فرەنەتەوەو فرەئاینزا هەر لە سەردەمی سوڵتان عەبدلمەجیدەوە پیریی و کەنەفتیی بە ئاشکرا پێـوە دیـار بـوو، بۆگـەنی کـەلاکی داڕزیـوی، نـەك هـەر نـاوەوە، دەرەوەو ئەوروپاشـی هەراسـان کردبـوو، هـەموو چـاوەڕوانی کـەوتنی ئـەو کەرکەدەنە نەخۆشەیان دەکرد، هەرلایەنێکیش بەجۆرێك و بۆ مەبەستێك مرخـی لێخۆشـکردبوو. گـەلانی چەوساوەو بێپشتو پەناو تورکەکانیش کەوتنە خۆیان، کۆمەڵەو رێکخـراوی رۆشـنبیرییو کۆمەڵایـەتییو رامیارییان پێکەوە نـا، خۆیـان کـۆکردەوەو ئامادەکارییـان بـۆ قۆسـتنەوەی ئـەو بارودۆخـە دەکـرد، دوای کەوتنی (بتەکە)دێتە ئاراوە، کە ها ئەمڕۆ ها سبەی بتو بتەوان پێکەوە سەرەوژێر دەبن.

یەکەمین خەباتگێڕی نیشتیمانپەروەری راستەقینە لە نێو هەرهـەموو عوسمانییەکانـدا، خـەمخۆری وڵاتو نەتەوەکان بێت، بجوڵێتو ئازایانە هەنگاوبنێت مەدحەت پاشـا بـوو،[41] مـەدحـەت تـورك نـەبوو، خـەڵکی بولگارستان بوو، خرابووە نێولەشکری یەنیچەرییەکانەوە، رامیارێکی دەرکەوتووی دەوڵەت بـوو، پیـاوێکی رووناکبیرو بە ئەزموون بوو، نوێخوازو خاوەن بەرنامەیەکی چاکسازیو بـەڕێوەبردنی وڵات لـە ژێـر سـایەی یاسـاو ژیـانی پەرلـەمانییو دابینکردنـی مافـەکانی مرۆڤـ بەتایبـەتیش سەربەسـتیی رۆژنامەنووسـین و رادەربڕین. بەڵام ئەم ئاواتانـە چـۆن دێنـە دی؟ مەدحـەت پاشـابەهاوکاریی وەزیـری جـەنگ (بـەرگری)[42] کۆدەتایەکی سپی ئەنجامدەدات، بە ئاشتییو دوور لە خوێنڕشتن سوڵتان عەبدلعەزیز دادەگرێتو مـورادی پێنجەم لە جێگەی دادەنێتو کابینەیەکی نوێی وەزارەتیشی دامەزرانـد بـە سـەرۆکایەتی خـۆی، ئـەمجا لـە هەنگاوی سێهەمدا رۆژی ١٨٧٦/١/٢٣ یاسـای بـەڕێوەبردنی وڵاتـی بڵاوکـردەوەو هەرئـەو ساڵەش ٣٠/ ١٨٧٦/٨ حەمیدی دووەم دەبێتە سوڵتان، هەرچەندە هەر بەناو کوڕی سوڵتان عەبدولمەجید بوو، ئەگینا لە پشـتی ئـەو نەکـەوتبووەوە، زۆڵ بـوو، بەرهـەمی داوێـن پیسـیی ئەرمەنییـەکی چێشـتلێنەری کۆشـكو کەنیزەکێکی گورجی بووبە نێوی (تیرموژگان)، رووداوەکە بەناو کۆشکی (دۆلماباش)دا بڵاوبـووەوە، کـابرای ئەرمەنی خۆی ونکردونەدۆزرایەوە،سوڵتان گومانی هەبوو ئەم منداڵە لەو نییە، هەتا ماوەیەکیش بە کوڕی خۆیی نەدەزانی. ئەو مێژوونووسانەی سوڵتان حەمیدیان بینیوە دەڵێن مرۆڤـی وەهـا ناشـیرینو ئێسـکتاڵو خوێنتاڵ دەگمەنە. کورتە بنەو باڵا بڕەنۆك، پشتکۆمو قەمـوور، چاو بەقووڵاچوو، لوتێکی گەورەی چەماوە، ئەوەندەی خەیارێك، دوو گوێی رەپ وەك گوێی فیل، دەمو قەپۆزێکی وەك دەمولەوچـی مانگـا، سـەرەڕای ئەمانەش گۆشەگیرو دڵپـیسو دلکرمـێ، گومـانی لـە هـەموو شـتێك و هـەموو کەسـێك ئـەکرد، لەگـەڵ

ئەوانەشدا زۆرزانو مام ڕێوییەك بوو تەڵەی بە كلك دەتەقاندو دەیزانی چۆنو كەی دوژمنەكانی بەتەوقی سەردا دەدات بە زەویدا. ئەوەبوو ١٣/ ٢/ ١٨٨٧ یاسای بەڕێوەبردنی وڵاتی لە كار خستو دەستەڵاتی پێشووی تاكڕەویو ملهوڕی سەرلەنوێ بەسەر گەلانی عوسمانیدا سەپاندەوەو مەدحەت پاشاو هاوبیرەكانیشی بە تۆمەتی تاوانی هەرە گەورە(٤٣) بەرەو رووی سزای لە سێدارەدان كردەوە، هەرچەندە لە ژێر گوشاری بەردەوامی ئەوروپادا سزای رامیارە نەیارەكانی سوڵتان سوك دەكرا بۆ دورخستنەوە لە توركیا، مەدحەت پاشاش دورخرایەوە بۆ دەشتەكانی حیجاز، بەڵام سوڵتان لە تاوانێكی وەها گەورە چۆن خۆشدەبێت، هەرئەوەندە بارودۆخەكە هێور بویەوە، فەرمانێكی رەشی بۆ پیاوكوژەكانی دەركرد، مەدحەت پاشای ریفۆڕمخواز گۆشاو گۆش سەردەبڕنو كەللە سەرەكەی لە سندوقێكدا دەگاتە بەر پێی سوڵتان.

ڕووسیا بە پێچەوانەی بەریتانیا و فەڕەنساوە زۆر بەپەلە بوو عوسمانییەكان رۆژێك زوتر بڕووخێن، بەبیانووی پاراستنی گەلانی ناموسوڵمانەوە ئامادەكاریی بۆ بەستنی كۆنگرەیەك دەكرد لە ئەستەمبوڵ، بەڵام سوڵتان پلانەكەی رووسیای پووچەڵكردو یاسایەكی نوێی بڵاو كردەوە مافەكانی هەموو گەلانی سنووری وڵاتی عوسمانیی مسۆگەر بكاتو هەموویان لە سایەی ئەو یاسایەدا ئازادو یەكسانن‌و هەڵبژاردنێكی گشتیش دەكرێت بۆ هەڵبژاردنی كۆمیتەیەكی نیشتیمانیی، نوێنەری هەموو (گەلانی عوسمانیی) تێدا بێت بێ جیاوازیی رەگەز و ئاین و ئاینزا. كۆمیتەكە بەسەرۆكایەتی سوڵتان لە كۆشكی دۆلاباش ـ دۆڵمەباش كۆبووەوە و بۆ چاوبەست ئەرمەنییەكیان هەڵبژارد بە جێگری سەرۆكو جوولەكەیەكو یۆنانییەكیش یارمەتیدەر بن.

قەیسەری رووسیا غلیۆمی دووەم لەسەردانەكەیدا بۆ ئەستەموڵ لە ساڵی١٨٩٥دەڵێت: ڕۆژ لە دوای رۆژ ترسو دڵەڕاوكەی سوڵتان ئەستوورتر دەبوو لە ناحەزەكانی، لە ژیانی خۆی زۆر دەترسا، لە كۆشكی دولاباش ـ دۆڵمەباش هەستی بە دڵنیایی نەدەكرد، كۆشكێكی نوێی دروست كرد بە نێوی كۆشكی یلدز، خۆی سەرپەرشتییدروستكردنەكەی دەكرد بۆ ئەوەی هیچ كەسێك رێگاو دەرگای ناوەوە نەزانێت، هەر بەشێكیشی كۆمەڵێك ئەندازیار و بیناساز تەواویان دەكردو دەڕۆیشتن، هەموو دیوارەكانی ناوەوەشی ئاوێنەپۆش كرد بۆ بینینی هەڵسوكەوتی كارمەندانی ناو كۆشك، ئەوكەسانەش كە دەهاتنە شوێنی تایبەتیی سوڵتان، نەیاندەتوانی بە كۆمەڵ بێنە پێشەوە بەڵكو لە ڕاڕەوێكی تەسكدا، یەك لە دوای یەكەوە بە ریز دەهاتنە بەردەمی بێئەوەی نزیكی ببنەوە. دوای تیرۆركردنی ئەسكەندەری دووەمی كایزەری رووسیاش لە هەموو قوژبنێكدا دەمانچەیەكی حەشاردابوو، بەهۆی چەند كەنیزەكێكی زۆر دڵسۆزیشەوە پەیوەندی بە وەزیرەكانو كارمەندانی كۆشكەوە دەكرد، خواردنو خواردنەوەشی پێشتر بە چەند پشیلەیەك تاقیدەكرایەوە. گومانو ترس‌ولەرزی سوڵتان هەموو سنوورێكی تێپەڕاندبوو، لە سێبەری خۆی دەسڵەمییەوە، چەند ساڵێكهاوردەكردن و بەكارهێنانی دینەمۆی كارەبا دوادەخات، وادەزانێ دینەمۆو دینامێت جیاوازییان نییە و یەك شتن، حەزی لە بەكارهێنانی تەلەفونیش نەدەكرد، نەبا ناحەزانی گوێ هەڵخەن بۆ پەیوەندییەكانی. ئەم سوڵتانە چاوی بە ئەرمەنەكان هەڵنەدەهات، بڕیار دەدات هەر موسوڵمانێك، دیانێك، جوولەكەیەك بۆی هەیە سەرو ماڵی ئەرمەنەكان زەوت بكەنو حەڵاڵە وەك شیری

بـەری دایکیـان. قەڵاچـۆکردنیان لـە سـەردەمی ئـەودا هـەتا صـاڵانی ١٩٠٤ بـەردەوامبوو، سـەردەمی (کۆمـەڵەی یـەکێتی و پێشکەوتن)یش هەتا کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهان بەردەوامبوو. عـەبدلحەمیـد لـە دوو هـەوڵی تیرۆرکـردنیش رزگـاری بـوو، یەکـەمیان بـەهۆی ئەفسـەرێکی لاوەوە لـە صـاڵی ١٩٠٤دا، دووەمیشیان بەهۆی تەقینەوەی گالیسکەیەکی پڕ لە دینامیتەوە کە ١٩٠٥ لە نێوجەرگـەی ئەسـتەمبوڵ ولەبەردەم مزگەوتی سوڵتان ئەحمەددا تەقییەوە.

## سەردەمی مەدحەت پاشا

## سەردەمی بیری پێشکەوتنخوازو دەستەڵاتی یاسا

هەنگاوە پێشکەوتنخوازەکانی مەدحەت پاشاو چالاکیی هاوبیرەکانی کاریگـەریی خۆیـان بەسـەر ژیـانی کۆمـەڵایەتیی و رامیاریی تورکیاوە نەخشاندبوو، لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا رەنگیدابووەوەو تورك و گـەلانی ژێردەستـەشی وریـاکردەوە بکەونـە جموجـۆڵو دامـەزرانـدنی جۆرەهـا کۆمـەڵـەی کولتـوریی و کۆمـەڵایـەتیی ئاشکراو چەندین رێکخراوی نهێنی رامیارییو خـەباتی ژێرزەمینـی. یـەکێك لـەو کۆمـەڵـە نهێنییانـە بـە دەسپێشخەری کۆمـەڵێك ئـەفسەری لاوی خوێن گەرمو چەند روونـاکبیرێـك کەوتنـە خۆئامـادەکردنو صـاڵی ١٨٨٩ لە پاریس کۆدەبنەوەو دامەزراندنی کۆمـەڵەیەکی نهێنییان راگەیاند بە نێوی کۆمـەڵـەی یـەکێتی و پێشکەوتن (جمعیه الاتحاد و الترقی)[٤٤]، سەرەتا تەنها ٢٤٥ دوو سەدو چلو پێنج ئەندام بوون، دوو میری بنەماڵەی سوڵتانەکانیشیان تێدا بوو. سەرکردە هەرە دیارەکانیان ئەنوەر، جەمال، تەلعەت، نیازیو داوود (داڤید) بوون، دواتر ئەنوەر دەبێتـە وەزیـری جـەنگو جـەمال وەزیـری هێزەکـانی دەریـا، هەردووکیشـیان کـوردن. بەرنامـەی کـاریی کۆمـەڵـەش(هزرەوان ـ ئایـدیا لیسـت)ی بـەنێوبانگی عوسمـانی زیـاء گـالووب دایڕشت، ئـەویش هەرکوردە. کۆمـەڵەکە لە سەرەتای دروست بوونیدا لە ترسی گرتنو کوشتن، بەتایبـەتیش دەزگای هەواڵگریی (مابەین) زۆر بە وریایی دەجوڵانەوە، کۆبوونەوەیان لە ماڵی جوولەکەکانو بارەگاکـانی ماسۆنییەکاندا دەکرد، ئەو شوێنانە لە ژێر سـایەی وڵاتـانی ئـەورووپادا بـوونو رەگەزنامـەی بـەریتانیایی، فەرەنسایی، ئیتالیاییان لە باخەڵدا بوو، بـەو هۆیـەوە دەسـگا سـەرکوتکاریەکانی سـوڵتان مـافی ئـەوەیان نەبوو ئەو شوێنانە بپشـکنن. کۆمەڵەکـە لـە ماوەیـەکی کورتـدا بـەناو جـەماوەردا بڵاوبـووەوەو پـەلوپۆی هاویشت، لقیان لە هەموو شـارەکاندا کـردەوە بـە کوردسـتانی باشووریشـەوە، جـەمیل صـدقی زەهـاویو شوکری فەزڵی کە هەردووکیان کوردنو کامیل چادرچی ئەندامی کارگێڕی لقـی بەغـداد بـوون.[٤٥] صـاڵی ١٩٠٨ کە هەڵبژاردنی نوێنەری شارەکانی عێراق بەڕێوەچوو بۆ بوونە ئەنـدامی ئەنجوومـەنی نوێنـەران لـە ئەستەمبوڵ، لەسێ نوێنەرەکەی بەغدا یەکێکیان ئیسماعیل حەقی بابان بوو.[٤٦] موحەممەد عەلی فازیلو داوود یوسفیی نوێنەرانی موصڵ، مەلا سەعید کەرکووکلی زادە نوێنەری سلێمانی. عەلی حاجی مسـتەفا قیردارو صـاڵح نەفتچـی نوێنـەرانی کـەرکووكو جـەمیل صـدقی زەهـاویش نوێنـەری مونتـەفیك بـوو کـە هەرهـەموویان کـوردن جگـە لـە قـیردار ئەگـەر هەڵەنـەبم. سـەرانی بزوتنەوەکـە لـە چـەندین لایەنـەوە بیروبۆچوونیان جیاواز بوو، مەدحەت پاشا کە بەڕاستیی رابەرو پێشـەوای بـەرەنگاریکردنی دامـوو دەزگـا گەندەڵەکانی سوڵتان بوو، خـەباتی لـە پێنـاو دەسـەڵاتی یاسـاو پەرلـەمان و مـافی گـەلانو سەربەسـتیی

بیروباوەڕی رامیاریی و کۆمەڵایەتیی و ئاینیی و ئاینزادا دەکرد، رەچاوی ئەوەی کردبوو یاساو رێساکانی ئەوروپاو داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی ئەوروپا لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتیی هەموو هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا ناگونجێتو رژێمی دەسەڵاتی هەرێمەکان(لامەرکەزی) بە چارەسەرێکی گونجاو دادەنا.

ئەنوەر و جەمال توندڕەوو بوون، باوەڕیان وەها بوو هەموو شتێکیان بەتۆپزیو بەکارهێنانی هێزو توندوتیژییەوە بۆ دەچێتە سەر، بەڵام لەڕووی ئاینەوە میانڕەو بوون، جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە رێز لە رایەڵە سەرەکیەکانی ئاینو پەیوەندییە ئاینییەکانی نێوان موسڵمانان بگرن. هەرچی دکتۆر نازم و تەلعەت بوون داوای شۆڕشێکی کولتورییان دەکرد هەموو نەریتە کۆمەڵایەتیە کۆنو سواوەکان راماڵێت. چەند دەنگێکیش لە نێو کۆمەڵەکەدا هەبوون دەیانوویست تورکیا بکەنە کۆپییەکی ئەوروپا، چونکە پێشکەوتن پێشکەوتنی ئەورووپایەو دەبێت ئەو پێشکەوتنو شارستانێتیەی ئەوان بەسەر یەکەوە و لەبڕ وەربگرین بەتاڵو کرمیوە بە گوڵو دڕکو داڵەوە.

صاڵی ١٩٠٨ لە بەرامبەر کۆمەڵەی سەرکەوتنو پێشکەوتندا پارتی رزگاریخوازان دادەمەزرێتو لەگەڵ ئەو گرووپانەی لە کۆمەڵەی یەکێتی و پیپشکەوتن جیابوونەوە یەکدەگرنو پارتی ئازادیی و یەکگرتن دادەمەزرێنن و توانیان لە صاڵی ١٩١٢ بگەنە دەسەڵات، بەڵام بەوهۆیەوە شەڕەکانی بەڵکانیان دۆڕاند ئاستی جەماوەرییان دابەزیو کۆمەڵە کودەتایەکی بەسەردا کردنو ١٩١٣/١/٢٣ کابینەیەکی وەزارەتیان بەسەرۆکایەتی مەحموود شەوکەت دامەزراند.

پارتی ئازادیی و یەکگرتن هەرچەندە چەند جارێك دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەڵام پارتێکی کارتۆنی دەسبژێری سوڵتان بوو لە دژی کۆمەڵە دایمەزراند، ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد سوڵتان سێبەری یەزدانە لەسەر زەوی و هەموو مافێکی بەسەر گەلانی موسڵمانەوە هەیە، پێویستە بێ چەندوچوون پشتگیریی هەڵوێستو هەنگاوەکانی بکەینو دژی ناحەزو دەژمنەکانی یەکڕیز بوەستین. هەر لەو روانگەیەشەوە لەژێر سایەی داگیرکارانی وڵاتدا، بەریتانیا و فەڕەنسا، وەزارەتیان دادەمەزراندو فەرمانڕەوایی وڵاتیان دەکرد ئەگەرچی هەر بە ناویش بوو.

گەلی کوردیش پێ بەپێی گەلانی ژێردەستەی عوسمانییەکان کەوتە خۆی، ئەویش کۆمەڵەی بەرزیو پێشکەوتنی کوردی دامەزراند (تعالیو ترقی کرد) ئەمین عالی بەدرخان، شەریف پاشای خەندانو شێخ عەبدولقادری شەمزینان لە ئەندامە ناسراوەکانی بوون. خوێندکارەکانیش رێکخراوی هێڤی دادەمەزرێنن و بلاڤۆکی رۆژا کورد دەردەکەن، کە دواتر بوو بە هەتاڤی کورد. لە کوردستانی خۆرهەڵاتیش کۆمەڵەی رزگاریی کوردستانو کۆمەڵەی جیهانیدان دامەزران، ئەمەی دواییان بە سەرۆکایەتی خەلیل خەیاڵی بوو هەوڵی دەدا دیالێکتی کرمانجیو سۆرانی لە یەکتر نیزیك بکاتەوە. خونچەی رۆژنامەگەریی کوردیش یەکەمین ژمارەی (رۆژنامەی کوردستان ٤/٢٢/ ١٨٩٨ لە قاهیرە دەرچوو، دوای پێنجەمین ژمارەی لە ١٨/ ٦/ ١٨٩٨وە لە جنێف/ سویسرا هەر بەدرخانییەکان دەریاندەکردو یەکەمین رۆژنامەی کوردیشە رەخنەی تیژی لە سوارەی حەمیدییە گرتووەو لە ژمارەی ٢٨ی رۆژی ١٥/ ٩/ ١٩٠١دا بەدەسگایەکی گەندەڵ ناویدەبات کە زەکی پاشا دەیویست دژی بزوتنەوەی رزگاریخوازی ئەرمەن بەکاریهێنێتو کوردو

ئەرمەن بکاتە دوژمن‌و هەوڵەکانیان یەکنەخەن. جەمال بابانیش هەر لە ٢/٨/ ١٩١٤وە گۆڤاری (بانگی کورد) ی بەهەردوو زمانی کوردی‌و تورکی دەردەکرد لە بەغدا).[٤٩]

ساڵی ١٩٠٨ پشێوی‌و بێسەروبەری بڵاو بووبووەوە، شیرازەی دەوڵەت هەڵوەشایەوە، ئەفسەرە خوێنگەرمەکان بەهەلیدەزانن بجولێن‌و دەستێك بوەشێنن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. کۆدەتای ئەفسەرە لاوەکانی سەرکردایەتی کۆمەڵەی تورکیای لاو لە پڕێکدا روویدا، نە پلان نە ئامادەکارییەکی ئەوتۆی بۆ نەکرابوو، بەڵام ٣٠٠ سێ صەد ئەفسەری سەرگەرم‌و گیان لەسەر دەستی ئامادەیان لە شوێنە گرنگەکانی سوپادا هەبوو. مەحموود شەوکەت لە سالۆنیکەوە- یۆنان‌و (نیازی)ش لە مەکدۆنیاوە بەناوی پاراستنی ئاسایشەوە بە لەشکرەوە گەڕانەوە ئەستەمبوڵ، (ئەنوەر)یش یەکەمین بانگەوازی شۆڕش‌و ڕاپەڕینی ڕاگەیاند. سوڵتان حەمیدیش چاوەڕوانی لەشکرە ئازاو دڵسۆزەکەیی دەکرد، بەڵام خەیاڵی خاو بوو، ئەو لەشکرانە بۆ ئەوە گەڕابوونەوە تەخت و تاراجی سوڵتان سەرەو ژێر بکەن کە خۆی هاویشتۆتە باوەشی بەریتانیاو فەرەنساوە. سوڵتان بۆی دەرکەوت بە هەڵەدا چووە و (لەشکرە ئازاو دڵسۆزەکەی) هەڵگەڕاونەتەوەو یاخیبوون، بەپەلە چەند بڕیارێکی دا بۆ چەواشەکردنی هاوڵاتیان:

١- بڵاوکردنەوەی یاسای بەڕێوە بردنی وڵات.

٢- هەڵوەشاندنەوەی دەسگای داپلۆسێنەری (مابەین).

٣- ئامادەیی دەربڕین بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری یاخیبوان.

ئەم هەنگاوانەی سوڵتان هەر بۆ ئەوەبوو بارودۆخەکە هێور بکاتەوەو یاخیبووەکان لە جەماوەر دابڕێت و لە هەلێکی گونجاودا لە ناویانبەرێت. سوڵتان هەمانکات هێزێکیش دەنێرێت بۆ بەرەنگاریکردنی یاخیبووەکان، بەڵام ئەو هێزەش بەو هۆیەوە چەند مانگێك بوو موچەیان وەرنەگرتبوو، فەرمانەکەیان جێبەجێ نەکردو چوونە ناو یاخیبووانەوە.. مەحموود شەوکەت بەسەرکەوتوویی هاتە ئەستەمبووڵەوە..ئەنجومەنی وەزیران بەسەرۆکایەتی کامیل پاشا لە کۆبوونەوەدا بوو، ئەنوەر خۆیدەکات بەهۆڵی کۆبوونەوەکەدا، نازم پاشای وەزیری جەنگ تێیدەخوڕێت، بەڵام ئەنوەر بێ سڵکردنەوە هەرلەوێدا بەر دەمانچەی دەدات‌و سەرۆك وەزیران‌و وەزیرەکان دەستگیر دەکات‌و کابینەیەکی نوێ بەسەرۆکایەتی مەحموود شەوکەت پێکدەهێنن، ئەنوەر دەبێتە وەزیری جەنگ‌و جەمال وەزیری هێزەکانی دەریاو داوودی جوولەکەش بەوەزیری دارایی دادەنرێت.[٥٠] بۆ تەواو کردنی سیناریۆکەش موفتی گشتیی وڵات ناچار دەکەن فەتوایەك بدات بەلابردنی سوڵتان حەمیدو دانانی رەششادی برای لە جێگەیدا بە ناوی سوڵتان موحەممەدی پێنجەمەوە کە پیرێکی پەکەوتەو تەمەنی ٧٢ ساڵ بەرەو ژوور بوو هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو. کودەتا سەربازییەکە سەرکەوت و کۆمەڵەی تورکیای لاو ١٩٠٩ دەستی بەسەر وڵاتدا گرت. ئەو ئەفسەرانەی چوونە سەر سوڵتان ئاگاداری بکەنەوە لەسەرکار لابراوە، بەڵگەنامەیەکیان بۆ مۆر بکات دەستی لە خەلافەت هەڵگرتووە. لە ئەفسەرەکان ورد دەبێتەوەو پەنجە بۆ یەکێیان رادەکێشێت‌و دەڵێت تۆ (مەبەستی مستەفا کەمالە) تۆ یەکێك بوویت لە وانەی دەتانویست فەلەستین بفرۆشم، نەمکرد، وتم ئەوە وڵاتی موسڵمانانە، کاری وەها ناکەم.[٥١] هەر ئەو مستەفا کەمالەش بوو هەرچەندە بەشداریی

راپەڕینەکەی نەکردبوو، بگرە هەر ئاگاداریش نەکرابوو، چونکە باوەڕی بەسەرکردەکانی نەبوو کاریێکیان بۆ بەرژەوەندیی تورکیا پێبکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەهەرهۆیەکەوە بوو فەرماندەی لەشکری مەکدۆنیا دەهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی بگەڕێتەوەو دەس بەسەر ئەستەمبوولدا بگرێتو پلانی بەرەنگاریکردنو چەواشەکارییەکەی سوڵتانی پوچەڵکردەوە. بەهەرحاڵ سوڵتان حەمید لێخراو بە شەمەندەفەرێك رەوانەی سالۆنێک ـ یۆنان دەکرێت لە ژێر چاودێریی هاوڕێی هەرە نزیکی مستەفا کەمالدا، کۆلۆنێل فەتحی صدیق مستەفا. بەمجۆرە کۆمەڵەی تورکیای لاوو ئەفسەرە توندڕەوەکان بوونە فەرمانڕەواو دەستیان دایە گرتنو کوشتنی پیاوانی رژێمی کۆن. ئاگری ئەو رقو قینە بنەماڵەی شێخانی سلێمانیشی گرتەوەو لە هەراکەی موصڵدا شێخ سەعیدو ئەحمەدی کوڕی و هاوڕێکانیان نامەردانە شەهیدکران کە دۆستی خۆشەویستی سوڵتان بوونو دوای دیدەنیی سوڵتان لە ئەستەمووڵەوە دەگەڕانەوە بۆ سلێمانی. مامۆستا عەلائەددین سەججادی لەشاکاری ( رشتەی مرواری ) یەکەیدا بەرگی ١ ـ ٨ لاپەڕە ٦٥٦ دا ئەو رووداوەی بەسەرکردۆتەوە بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز، ئەو جیاوازییەش گرنگییەکی مێژوویی هەیە( ... ئەو رۆژەی سوڵتان عەبدولحەمید وای ئەویست کە شێخ سەعیدی کوڕی سەید محەمەدی کوڕی کاکەحمەد لەوڵاتی سلێمانی بنێرێ بۆ ئەستەمولْ،بەڵام بەرەی دەستەی کاکەحمەد زۆربوو، حوکومەتی ئەورۆژە هەروا بەو سانایيە پێی نەئەکرا شێخ سەعید بنێری بۆ ئەستەمولً . رێکەوتیش وابوو هەرلەو سەردەمانەدا حوکومەتی سلێمانی ـ کەسەربەعەبدولحەمید بوو ـ ناردبووی بەشوێن مەحمووپاشای کوڕی حەمەپاشای جافدا و بەسێسەد سوارەوە دێت بۆ سلێمانی، ئەمەش وای بردبووە دڵی خەڵکەوە گوایە بۆ ئەوە هاتووە یارمەتی حوکومەت بدا بۆ ناردنی شێخ سەعید بۆ ئەستەمۆڵ، لەگەڵ ئەوەشا وانەبوو.حوکومەت شێخ سەعیدی ناردو لەموسڵ کوژراو دەنگ وا بڵاوبۆوە کە حوکومەت دەستی لەکوژرانی شێخ سەعیدا هەیە .شێخ مەحموودی کوڕی شێخ سەعید لەپاش کوژرانی باوکی لەموسڵەوە خۆی ئەگەیەنێتەوە وڵاتی سلێمانی و وەکو شێری برسی لێدێت بۆتۆڵە سەندنەوەی باوکی چ لەحوکومەت، چ لەو کەسانە کەبوون بە هۆی کوژرانی . دیسان لەم وەختەدا حوکومەت ئەنێرێتەوە بە شوێن مەحموو پاشای جافا کە بێت بۆ سلێمانی . کوڕە کوڕەی جاف کەئەزانن مەحمووپاشا بۆ سلێمانی ئەچێ و لەوسەردەمانەشا لوت و پوتی حوکومەت لەگەڵ مەحموو پاشا تۆزێ باش نییە و لەلایەکی تریشەوە شێخ مەحموودیش لەوێیەو بەقسەی خەڵك واچۆتە دڵیەوە کە ئەگەر جاری پێشوو مەحمووپاشا نەهاتایە بۆ سلێمانی، شێخ سەعیدی باوکی نەئەنێررا بۆئەستەمولْ و لەموسڵ بکوژرێ، لەبەر ئەمە لە و کوشتنەدا هاوبەشە و ئەبێ تۆڵەی لێ بکاتەوە . ئەم دەنگ وباسە لەناو شۆرە سواری دەستەی مەحمووپاشادا بڵاوبۆوە و هەتا لەسلێمانی نزیکتر ئەبوونەوە ژمارەیان کەمتر ئەبۆوە،لەهەر قۆناغێکدا بەشێکیان خۆیان ئەدزییەوە و تا گەیشتنە ناو شاری سلێمانی لەشەشسەد حەوتسەد شۆرە سواری جاف مایەوە " شەست " کەس، ئەوانەش لە پشتماڵەی مەحمووپاشا خۆی بوون و دێتە ناو شار وئەچێتەماڵی (ئەورەحماناغا) . لەپاش حەسانەوە ئەچێ بۆ (سەرا) کەو ئەو سەردەمە لە شوێنی (دەبۆ)کە بوو. ( ئێستا بازاری (دەبۆ)کەیە لەناوجەرگەی شاردا . ن . ك .) لەولاشەوە شێخ مەحموو کە ئەبیتێ وا مەحموو پاشا هاتۆتە سلێمانی بەلەشکرێکی کۆکەوە رووئەکاتە ناوشار بۆ کوشتنی مەحمووپاشا . .. پیاوەکانی پاشا هەمووفیشەك ئەخەنە بەرتفەنگ وتفەنگ ئەگرن بەدەستەوە و

دەست ئەخەنە سەر تێسکە وپاشائەخەنە ناوەڕاستی خۆیان . مودیری پۆلیس (مەحموخدری کوڕی خلەپەزە) بوو، دووبەدوو لەگەڵ پاشا لە ژووریکائەمێننەوە ... شێخ مەحموو ئەکەوێتە سەر ئەوە کە پەلاماری سەرابدات و بیگرێت . بەهەڵەداوان ئەم خەبەرە دێنن بۆ مودیری پۆلیس، ئەویش لایەنی مەعمووریەتی لەبیر ئەچێتەوە و دەماری عەشرەتی ئەیبزوێنێ، ئەڵێ " عەشرەت پشتی عەشرەت نادا بەزەویدا، ئادەی پۆلیس " فەرمان ئەکاتە سەر پۆلیس سەربانی (سەرا) بگرن . مەفرەزەی پۆلیس هەموو کەلین و قوژبنی سەربانی سەرا ئەگرن و پیاوەکانی پاشاش دەوروبەری دەرکی سەرا ئەتەنن و سەرا قایم ئەبێت . ریش سپیانی سلێمانی بەقورعانێکەوە ئەچن سەری رێ بە شێخ ئەگرن و ئەڵێن بیکە بەخاتری ئەم قورعانە بگەڕێرەوە ... مەبە بەهۆی رژانی خوێنی بێ گوناحان و با سلێمانی تێك نەچێ . شێخ لەبەر قورعانەکە ئەگەڕێتەوە و واز لەفیکرەکەی خۆی دێنێ . لەم لاوە ـ کە قسەکە لێرەدایە ـ لەجۆشی ئەو شلەژانەدا کە پاشاو مەحموو خدر دوو بە دوو لەژوورەوە دانیشتوون، مەحموخدر " بۆ سووکایەتی پێکردن " بەپاشا ئەڵێ " ئەرێ پاشا ئەو وەختە کە حەمە پاشای باوکتیان کوشت عومرت چەند بوو ؟ " پاشا ئەڵێ، جەنابی مەحموو خدر لەو وەختەدا کە حەمە پاشای باوکم کوژرا عومرم ٣٢ ساڵ بوو، بەڵام لەو وەختەدا کەهەر حەمەپاشای باوکم،خلە پەزەی باوکتی کوشت عومرم ٢٠ ساڵ بوو . مەحموخدر ئیتر نایەتە زمان و پاش گەڕانەوەی لەشکری شێخ، کە ناو شار تۆزێ ئارام ئەبێتەوە، مەحموو پاشا هەڵئەستێ و دێتەوە بۆ ماڵی ئەورەحماناغا .)

دەگەڕێمەوە سەر کرۆکی باسەکە، کۆمەڵەی تورکیای لاو سەرکەوتن، بەڵام کۆنترۆڵی بارودۆخەکەیان بۆ نەکرا، وڵات بووبوو بە دوو بەشەوە، بگرە هەموو شارو گوندێکیش بەشێکی لەگەڵ کۆمەڵەو بەشێکی لەگەڵ سولتان مابوونەوە،حیزبی رزگارییو کۆمەڵەی یەکگرتنیش نەیارو رکەبەرێکی سەرسەخت یەکتربوون، صالێکی نەبرد، ١٩١٣/٦/١٢ لە تۆڵەی نازم پاشادا، مەحموود شەوکەتی سەرۆك وەزیران تیرۆر دەکەن. هەژاری موکریانی لەو رووەوە دەڵێت (١٩١٣ مەحموود شەوکەت سەرۆك وەزیرانی تورکیا رەشەکوژکرا، سەفوەت بەگێك کە لە موسڵ کاربەدەستو دۆستی شێخ عەبدلسلام بوو (مەبەستی عەبدلسەلامی دووەمە) تێ وەدرا ویستیان بیگرن، هەڵات، خۆی گەیاندە بەرزان، شێخ پەنای دا، دیسانەوە شەڕ هەڵگیرسایەوە (مەبەستی شەڕی تورکو بارزانییەکانە).[٥٢]

## کورتەیەکی دوایین صەدو پەنجا صاڵی عوسمانییەکان ١٧٥٧ـ ١٩١٤

سوڵتان مستەفا ١٧٥٧ــ ١٧٨٩و سولتان سەلیم ١٧٨٩ــ ١٨٠٧ بەدوای یەکتردا فەرمانڕەوابوون، هەردووکیشیان بەو هۆیەوە چاویان لە ئەوروپاییەکان دەکردو دەیانویست دەوڵەتو لەشکر نوێ بکەنەوە، یەنیچەرەکان هەردووکیان داگرتنو مستەفای چوارەم دادەنێن کە رۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام کە مەحموودی دووەم بووە سوڵتان،ساڵی ١٨٢٦ لەشکری یەنیچەرییەکانوساڵی١٨٣١یش دەستەڵاتی کۆڵەمەن لە عێراق لە ناودەبات، دوای ئەویش عەبدلمەجیدی کوڕی دەبێتە سوڵتان ١/٧/ ١٨٣٩ــ ١٨٦١ ئەمجا عەبدولعەزیزی برای ١٨٦١ـ ٥/٣١/ ١٨٦٧ دەبێتە سوڵتانو بەوهۆیەوە کەشێتێکی پەتەڕیبوو، بەفتوای موفتی داگیراو ٣٠/ ٨/ ١٨٧٦ عەبدولحەمیدی برای بەپشتگیریی مەدحەت پاشای سەرۆك وەزیران دەبێتە

سولْتانو هەتا ١٩٠٩ لەسەر تەخت مايەوە. سـولْتان حەميـد بـەناو كـوڕی دووەمـی بـاوكێتی، بـەڵام لـە راستيدا كوڕی بەدرۆس ناوێكی ئەرمەنیو كەنيزەكێكی سولْتان عەبدلمەجيـدە كـە ئـەويش هـەر ئەرمـەنی بوو. هەر بۆ ئەوەش كە بيسەلمێنێت كوڕی دايك و باوكێكی ئەرمەنی نييەو كوڕی سولْتانە، مـاوەی نێـوان ١٨٩٤ـ ١٨٩٦ صەد هەزار ئەرمەنی كوشت و سێ هەزاريشی بەزينـدوويی فرێدايـە بۆسـفۆرەوە. سـولْتان حەميـد لەگـەڵ مەدحـەت پاشـای نوێخـوازدا هەڵێنـەدەكرد، شـەوی ٢٤/١/ ١٨٧٧ بـە پلانێكـی تۆكمـە دەيگرێتو دووريدەخاتەوە بۆ ئـەوروپاو دواتـر بـۆ دەشـتەكانی حيجـاز، بـەڵام ياسـای بـەڕێوەبردنی وڵاتـی هەڵنەوەشاندەوە، كۆنگرەی نوێنەرانيشی لە ٤/٣/ ١٨٧٧ دا كردەوە.

ڕووسيا مانگی مايس ١٨٧٧ پەلاماری توركيا دەداتو ٢٨/١/ ١٨٧٨ شاری ئەدەنە دەگرێـتو ئەگـەر سولْتان حەميد فريای خۆی نەكەوتباو بە پشتيوانيی بەريتانيا و فەڕەنسا پەيمانی سان ستيڤانۆ ببەسـتێت، رووسەكان ئەستەمبووڵيشيان دەگرتو دوور نەبوو دەوڵـەتيش بـڕووخێنن. ١٣/ ٢/ ١٨٧٨ هـەلێكی چـاك بوو، بۆ سولْتان،ياسای بەڕيوەبردنی هەڵوەشاندەوە، نوێنەرە چالاكەكانی پەرلەمانيش گەڕانەوە هەرێمەكانی خۆيانو لە پايتەخت دوری خستنەوە. لە نيسانی ١٨٨٣ مەدحەت پاشاشی لە ناوبرد.

## دواصاڵەكانی دەوڵەتی عوسمانی

بەكۆتايهاتنی سەردەمی زێڕينی فەرمانڕەوايی سولْتان سلێمانی قانونی، سەردەمی هێزو بڕشتی دەوڵەتی عوسمانيش بەسەرچوو، روويكردە لاوازیو نيشانەكانی پيریو نەخۆشيی لێدەركـەوتو لـە كۆتـايی سـەدەی شازدەدا لە گيان سپاردنو سەرەمەرگدا بوو، بەڵام بەريتانياو فەڕەنسا دەستيان پێوە گرتبوو نەياندەهێشت بڕووخێ و لە نێوان ژيـانو مـەرگدا رايـانگرتبوو، چـونكە هێشـتا لەسـەر دابەشـكردنی ميراتەكـەی رێـك نەكەوتبوون. گەلانی چەوساوەی بندەستی ئـەو رژێمـە لەرزۆكـە سێسـەد صـاڵيان بـەو جـۆرە بەسـەر بـرد، كۆمــەڵی يــەكێتی و پێشـكەوتن صــاڵی ١٨٨٩و لەســەردەمی ســولْتان عەبدولعــەزيزدا دەســتەيەك لــە رووناكبيرانی كوردو تورك دايانمەزراند، نێوان صالانی ١٩٠٢ـ ١٩٠٨ دوو كۆنگرەيان لە پاريس گرێدا، بـە ئامادەبوونی دوو نوێنەری گەلی كورد عەبدولڕەحمان بەدرخانو حيكمەت بابان. دروشمی هەردوو گۆنگرەكـە (حريت، عدالت، مساوات، اخوت) ئەوە رێنووسی زمانی توركی بوو بـە پيتـی عـەرەبی لـە بـری (حريـة، عدالة، مساوات، اخوة). ئەوە ئەو زمانەيە تورك شانازی پێوە دەكاتو گاڵتە بە زمانی كوردی دەكات كە لەبری ئـەو دروشمانـە، ئـازادی، داد، يەكسـانيی، برايـەتيی بـەكار دەهێنـێ. ئەمـە لـە رووی شـێوەوە لـە ناوەڕۆكيشدا ئەو دروشمانەی لە بيروباوەڕی ماسۆنیو شۆڕشـی فەڕەنسـاوە ١٧٨٩ــ ١٨٠٠ وە خواسـتبوو. كۆمەڵە لە رووكەشدا خەباتيدەكرد لە پێناو ژيانی پەرلەمانيی، چەسپاندی ياسای بنەڕەتيی، خوێنـدەواری بۆ نێرو مێ، ئـازاديی رۆژنامەگـەريی و ئـازاديی بـيروڕا، فێربـوونی زمـانی بێگانـەو كـەڵك وەرگـرتن لـە ئەزموونی ئەوروپا بۆ پێشخستنی وڵات، بەڵام سەركردەكانی (كۆمەڵە) لە ستراتيژدا هاوبيرنەبوون، گرووپی ئەنوەر پاشاو جەمال پاشا نوێنـەری ئەفسـەرە تونـدڕەوەكان بـوونو داوای پەيوەنـدی و هاوكارييـان دەكـرد لەگەڵ ئەوروپا و بەتايبەتيش ئەڵەمانياو رووخاندنی خەلافەتو زيندوو كردنەوەی تـۆرانيزمو دامەزرانـدنی وڵاتی مەزنی تۆرانو دووركەوتنەوە لە ئيسلام.گرووپی تەلعەت پاشا و ئەحمـەد رەزا نوێنـەری رووناكبيران

بوونو داوای رووخاندنی رژێمی خەلافەتو بەڕێوەبردنی وڵاتی عوسمانیی بەپێی یاسای دەسەڵاتی هەرێمەکان(لامەرکەزیی).گرووپێکیش کە سلێمان نەزیف، ئیسماعیل حەقی دیاربەکریی، جەمال بەگ نوێنەری بوون داوای دەوڵەتێکی یەکگرتووی بەهێزیاندەکرد لە ژێر سایەی ئاینی ئیسلامو خەلیفەی موسڵمانانندا.

ئەم گرووپانە بە نوێخواز ناسرابوونو هەموو نوێخوازەکانیش بە (ئەفەندی) ناو دەبرانو لە کوردستان بە (منەوەر) ناسرابوون و بەناحەزانی خۆیان دەوت کۆنە پارێز. لە ئێرانیش مەلا کازمی خوراسانی نوێخواز بوو، بەڵام کازمی یێزدی کۆنەپارێزو لایەنگیری دەسەڵاتی تاکڕەویی بوو.لە ئێران نوێخوازەکان بە(مەشروتە)وکۆنەپارێزەکانیش بە(ئیستیبدادی)ناودەبران. رووناکبیرانی کوردیش جگە لەوانە لە کۆمەڵەدا بوون، یەکەمین رێکخراوی رامیاریی کورد (کۆمەڵەی بەرزیو پێشکەوتنی کورد - جماعت تعالی و ترقی کورد) بە دەسپێشخەری و رابەریی ئەمین عالی بەدرخان، شەریف پاشای خەندانو شێخ عەبدولقادری شەمزینی دادەمەزرێننو بلاڤۆکی (هاریکاریی و پێشکەوتن) چاپو بڵاو دەکەنەوە، بەڵام هەرزوو ناکۆکی نێوان بنەماڵەی بەدرخانو شێخان سەرهەڵدەداو باڵی شێخان بلاڤۆکی (هەتاوی کورد) دەردەکاتو هەردوو باڵەکەش نهێنییەکانی یەکترییان ئاشکرا دەکرد!

ڕەنگدانەوەی بزوتنەوەی نوێخوازیی لە نێوچینە جیاوازەکانداو چالاکیی ئەفسەرانی سوپاو ئامادەکردنی هێزی سەربازییو پشتگیریی وڵاتانی ئەوروپاو قرچۆکبوونی رژێمەکەی سوڵتانو سەر رێژکردنی گەندەڵیی،ئەمانە پێکەوە ئەستەموولی پایتەختی بەرەو تەقینەوەی بارودۆخەکە رادەکێشا، پشێوی جێگەی دەسەڵاتە شلۆقەکەی گرتەوە، رۆژی ١٩٠٨/١٠/١٠ جەماوەر بە دروشمەکانی (کۆمەڵەوە) هاتنە سەر شەقامەکان، ١٠/١١ فەرید پاشای سەرۆك وەزیران دەستی لە کارکێشایەوە، رۆژنامەکان چاوەڕوانی هەنگاوەکانی سوڵتانیان دەکرد کە لەوپەڕی لاوازیدا بوو، دەستبەستراو چاوەڕوانی دەکرد (لەشکرە دڵسۆزەکەی) ئەو ئاگرە بکوژێنێتەوەو لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەکەی سەعید پاشاشدا، ٧/٢٤/ ١٩٠٩ بڕیاریدا سەرلەنوێ یاساکەی ١٨٧٦ پیادە بکرێ. لایەنگرانی سوڵتان حەمید، کۆمەڵەی رزگاریی، کۆنە پارێزان، پیاوانی ئاین گاڵەیان بە نوێخوازان دەکرد، لە هەرکوێ بەردەست بکەوتنایە دەکوژران و ئەوانەی بەر شاڵاوەکەش نەکەوتن خۆیان شاردەوە هەتا گەڕانەوەی مەحموود شەوکەتو دەست بەسەراگرتنی پایتەخت، ئیتر لە حەشارگەکان هاتنە دەرەوەو لە تۆڵە سەندنەوەدا دەستیان لە دوژمنان نەدەپاراست (لە هەردوو لای پردی گەلەتەسەرای سێدارەیان دامەزراند، سی (٣٠) پیاوی ئاینیشیان بە نانی ژەهراوی کوشت)،[٥٣] هەردوو شورای نوێنەرانو ماقوڵان ٢٦/ ٤/ ١٩٠٩ کۆبوونەوەو رابەری ئاینیی وڵات (شێخ الاسلام) ناچار دەکەن فەتوای داگرتنی حەمید دەربکات.[٥٤] دەمودەس چوار کەس دیاریدەکەن بڕیارەکەی پێبگەیەنێت، هەر بۆ مەبەستی سوکایەتی پێکردن: ئارام ئەفەندی - ئەرمەنی، ئەسعەد توبتانی - ئەلبانی، عەمانۆئێل قەرەسۆ - جولەکە، فەریق ئەسعەد پاشا - ئەفسەری سوپا. کە بڕیارەکەی بۆ دەخوێننەوە (گوایە) میللەت لەسەر تەخت دایانگرتووە. سوڵتان موچرکەیەکی پێدادێتو هیچ دەنگێك ناکات، حەپەسابوو، دواتر ئەویش وەك عەبدولعەزیزی مامی کە دووچاری هەمان رۆژی رەش

دەبێت دەڵێت (قیسمەت)[٥٥]. ئەو وشە عارەبییە لە کوردیدا بە مانای بەختو نێوچاوان، چارەنووس دێت. سوڵتان رەوانەی سالۆنێك ـ یۆنان دەکرێتو جگە لەوەی بردبووی، نیو ملیۆن لیرەی ئاڵتوونو بڕی ملیۆنێك لیرەی ئاڵتون خشلو دوو ملیۆن پاوەنی ئیستەرلینی لە بانکەکانی ئەڵەمانیاداو بڕێکیش قەرزی لای کایزەر غلیۆمی دووەم بوو، بەجێهێشت.[٥٦]. هەردوو رێکخراوە رامیاری یە سەرەکی یە ناکۆکەکەی تورکیا، کۆمەڵەی یەکگرتنی نوێخواز و پارتی رزگاریخواز، هەرچەندە کۆنەپەرست و پیشتیوانی سوڵتان بوو، بەڵام داوای دەسەلاتی هەرێمەکانیان دەکرد(لامەرکەزی) لە بەڕێوەبردنی ولاتداو خۆیان بە پێتەختەوە نەبەستن، بەڵام بە هەردوو رێکخراوەکە ولاتیان بەرەو نەمان پاڵدەدا.

دووای دوو ساڵ فەرمانڕەوایی کۆمەڵەی یەکێتی ویەکگرتن، ئیتالیا شارەکانی تەرابلوسی خۆرئاوا (لیبیا) داگیر دەکاتو بەپێی پەیمانەکەی ١٩١٢ /١١/١٨ لە سویسرا دەستیان لە لیبیا هەڵگرت بۆ ئیتالیا[٥٧]و بە هەر دەقامکی دەستیش بۆیان مۆر کردن. لەو لاشەوە بولگاریا سەربەخۆیی راگەیاند، نەمسایش بۆسنەو هیرزۆگینا داگیر دەکات، یۆنان دۆرگەی کریت دەگرێت، ئەلبانەکان رادەپەڕن، بۆیە سەربازەکانی سەر بە سوڵتان هاواریاندەکرد بڕوخێ کۆمەڵەی یەکگرتن، بژی شەریعەتی موحەممەدی.

لەشکرەکانی ولاتانی بەڵکانیش، بولگاریا، یۆنان، صربیاو چیای رەش پێکڕا پەلاماری تورکیا دەدەنو بە جۆرێك دەیانشکێنن لە هەموو مێژووی خۆیاندا شکستی وەها قورسیان بەسەردا نەهاتبوو. لە کۆبوونەوەکەی ١٩١٣ /١/٢٢ لە کۆشکی دۆڵمەباش بەسترا، ٦٥ بەشداری کۆبوونەوەکە لە کۆی ٦٦ بەشدار دەنگیاندا دەست لە شاری ئەستەمبووڵ هەڵبگرن بۆ دوژمن. جەماوەری ئەستەمبووڵ بەم بڕیارە خرۆشانو دەڕژێنە سەر شەقامەکانو هاواریاندەکرد جەنگ، جەنگ نەك پەیمانی سەرشۆڕی. کۆمەڵێك لە خۆپیشاندەران خۆیان دەکەن بە نێو کۆشکدا، نازم پاشای وەزیری جەنگ دەردەپەڕێتە دەرەوەو تێیان دەخوڕیتو سەرزەنشتیان دەکات، دەبێتە بگرەو بەردەو بەر گوللەی خۆپیشاندەرێك دەکەوێتو هەر لەوێدا دەکوژرێت، جگە لە دوو خۆپیشاندەر و شەش پاسەوانی کۆشكو یاوەرەکان..... کامیل پاشای سەرۆك وەزیران کە ئەویش هەر سەر بە پارتی رزگاریخوازان بوو دەست لە کار دەکێشێتەوەو مەحموود شەوکەتی سەر بە یەکگرتن کابینەیەکی نوێ پێکدەهێنێتو ئەویش لە تۆڵەی نازم پاشادا ١٩١٣ /٦/١٢ تیرۆر دەکرێتو لەم هەراو هوریایەدا ئەنوەر دەبێتە بەهێزترین پیاوی ولاتو ١٣ سیازدە پێشەوای کۆمەڵەی رزگاری بە تاوانی هاوبەشیکردن لە تیرۆرکردنی مەحموود شەوکەتدا بە سزای مەرگ گەیاند.[٥٨] شایەنی وتنە فەتحی رەزوانی مێژوونووس دەڵێت: ئەنوەر خودی خۆی دەچێتە هۆڵی کۆبوونەوەکەو نازم پاشا دەکوژێت. مستەفا کەمال هێشتا دەرنەکەوتبوو، لەگەڵ سەرانی یەکگرتندا ناکۆك بوو، خۆی ماتکردبوو بۆ هەلێکی لەبار دەگەڕاو لە پەناوە رەخنەی توندوتیژی لێدەگرتنو گاڵتەی بە هەنگاوو هەڵوێستەکانیان دەهات. ١٩١١/٩/٢٦ ئیتالیا پەلاماری تەرابلوسی خۆرئاوای دا، سەرانی یەکگرتن بۆ ئەوەی کەمال لە کۆڵی خۆیان بکەنەوە دەینێرن بۆ لیبیا بۆ رێکخستنو رابەریکردنی بزوتنەوەی بەرگریی. ئەو کارە دەبوو زۆر بەنهێنی وبە بەرگی سڤیلو بە ناوی خوازراوەوە لەگەڵ گرووپەکاندا خۆیان بگەیەننە کەنارەکانی لیبیا، کەچی ئەنوەر بەر لە کەمال دەگاتە ئەوێ و داوای لێدەکات ناکۆکی بخەنە لاوەو سەرگەرمی رێکخستنی

هێزی بەرگریکردن بن، بەڵام کە گەلانی بالکان سێپتەمبەری ١٩١٢ رادەپەڕن، ئەنوەر و کەمالیش ناچار دەبن بگەڕێنەوە، بەڵام کار لە کار ترازا بوو، بولگارەکان ئابلۆقەی ئەدرنەیان دابوو، ئەستەمبوولیشیان خستبووە مەترسییەوە، یۆنان بەشی هەرە زۆری مەکدۆنیای داگیر کردبوو، صربەکان بەشی هەرە زۆری ئەلبانیان گرتبوو، سەرەڕای ئەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە دەریاوە پەلاماری گەرووی دەردەنیل دەدەن کە نیزیکترین رێگایە بۆ پەڕینەوە بەرەو قەفقاسو لەوێوە چەكو ئازووقە فریای رووسیا بخەن، بەڵام هەوڵێکی زۆریاندا و زیانی گیانیی گەورەشیان لێکەوت نەگەیشتنە لوتکەی چیای تشۆنك کە بە دەروازەی ئەستەمبوولّ دەژمێرێت لە خۆرئاواوە. سەرۆك وەزیری بەریتانیا چەرچڵ و وەزیری بەرگری کتشنر سوور بوون لەسەر دەستبەسەراگرتنی چیاکە.

مستەفا کەمال ١٩١٥ یەکەمین دەستی خۆی دەوەشێنێتو هێزەکانی بەریتانیای لە بەرەی دەردەنیل شکاندو وەك سەرکردەیەکی ئازا ناوبانگی دەرکرد.

بەر لەهەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهانی چەند تیمێکی سەربازیی ئەڵمان سەرپەرشتی هێزی وشکانی وچەند تیمێکی ئینگلیزیش سەرپەرشتیی هێزی دەریایی تورکیایان دەکرد، هەمانکات لە فەرەنسەش نزیك دەبوونەوە پشی پشی ئەوەیان دەکرد دۆرگەی ئیجە وەربگرنەوەو رووسیا شەڕیان پێنەفرۆشێت، لە بەرامبەریشدا دەچنە پاڵ ئەوان دژی ئەڵمانیا. بەریتانیا و فەڕەنسا بەلایانەوە گرنگ بوو تورکیا لایەنی ئەوان بگرێت یا بێلایەن بێت، بۆیە بە هەموو شێوەیەك هانیاندەداو هاوکارییان دەکرد، بەریتانیا بەڵێنی دروستکردنی دوو پاپۆڕی جەنگیی گەورەی پێدابوون بە نێوی سوڵتانی عوسمانییو رەشیدییەوە، فەرەنساش ٨٠٠ هەشت صەد فرەنکی فەرەنسایی پێدابوون، بەڵام نەیاندەزانی تورکیاو ئیتالیا هەردووکیان بە دوای ئەوەدا وێڵن لەو جەنگە چاوەڕوانکراوەدا بچنە پاڵ ئەو بەرەیەی دەسکەوتی پتری تێدایە.

سەرکردەکانی یەکگرتن بە تایبەت ئەنوەرو جەمال سەریان بۆ شەڕ دەخوراو باوەڕیان بە هێزی سەربازییو پیشەسازیی ئەڵەمانیا پتەو بوو، ١٩١٤/٨/٢ پەیمانێکی نهێنیان لەگەڵدا گرێدان دژی بەریتانیا و فەڕەنسا، هەرچەندە ئەڵەمانیا حەزی دەکرد تورکیا بێلایەن بێت، چونکە دڵنیا بوو بە تەنها جەنگەکە دەباتەوە، ئیتر چ پێویستە لایەنێکی دیکەش هاوبەشیی سەرکەوتنەکانیان و بەرهەمو دەسکەوتەکانیان بێت، بەڵام لەرێگەی ئەو پەیمانی هاوکارییەوە دەتوانن هەنگاو بە هەنگاو دەس بەسەر تورکیادا بگرنو رێگای پەلاماردانی رووسیا لە بەردەمیاندا دەکرێتەوە. هەر بەپێی ئەو پەیمانی هاوکارییەش سەرەتای جەنگ پێنج هەزار پسپۆڕو کارمەندی سەربازیی، پیشەسازیی، کشتوکاڵیی گەیشتنە تورکیاو لە بری دوو پاپۆڕە جەنگییەکەش دوو پاپۆڕی چاکتریان بە تیمی تایبەتەوە بۆ ناردن.[٥٩] وەزیری دەرەوەی بەریتانیاش لە یادەوەرییەکانیدا دان بەوەدا دەنێت .

یەکەم پریشکی یەکەمین جەنگی جیهان لە شاری سارایێڤۆی یۆگسلاڤیاوە داگیرسا، ئەرشیدۆقو جێنشینی تەختو تاجی نەمسا و مەجەڕ (هەنگاریا) و هاوسەرەکەی بەسەرداان هاتبوونە صربیا، لە یەکێك لە شەقامەکاندا گرووپی تیرۆریستیی (چەپۆك رەش) لە ٦/٢٢/ ١٩١٤دا سێ نارنجۆکیان بۆ

دەهاوێژن، بەرنەکەوتن، بەڵام هەر ئەو ڕۆژە ئەندامێکی گرووپەکە بە نێوی گابریللو هەلێکی چاوەڕوان نەکراوی بۆ دێتە پێشو بە دەمانچە ئەرشیدۆقو هاوسەرەکەی تیرۆر دەکات، گرووپەکە هەموویان دەسگیرکران، گابریللوی تیرۆریست کە بوو بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگێکی بێ ئامانو بیست ملیۆن مرۆڤ قوربانیی جگە لە کاولکاری، بە نەخۆشی سیل لە زینداندا مرد.

ئەڵمانیا وایدەزانی بەریتانیا بەشداری جەنگ ناکات، بۆیە بانگەوازی جەنگی بەسەر فەرەنسادا خوێند، کەچی بەریتانیاش ٤/٨/ ١٩١٤ بانگەوازی جەنگی دژی ئەڵمانیا ڕاگەیاندو ڕۆژانی ٥ ـ٩ سێپتەمبەری ١٩١٤ دوو ملیۆن سەربازی ئەو سێ وڵاتە کەوتنە جەنگەوە. تورکیا هێشتا بێلایەن بوو، بەڵام کە رووسیا چووە پاڵ هاوپەیمانان، ئەڵمانیا هەستدەکات لە بەرەی ڕۆژهەڵاتدا پێویستیان بە تورکیایە لە رووی هاتنە پێشەوەی رووسیادا بوەستێت.

تورکیا ئامادە بوو، سەرەتای نۆڤەمبەری ١٩١٤ شەش صەدو پەنجا هەزار لاویان بۆ چەك هەڵگرتن داوا کردو لەپاڵ ئەڵمانیاوە چوونە جەنگەوەو بەردەوامیش لەشکریان ڕێکدەخست هەتا ئەو رادەیەی چوار ملیۆن سەربازیان نارده بەرەکانی شەڕەوە. شایەنی وتنە لەشکرەکانی ٩، ١٠، ١١ ی تورکیا لە باکوورو لەشکری ١٢ لە هەرێمی موصڵ (ویلایەتی موصڵ) کە دەکاتە تەواوی کوردستانی باشوور، زۆربەی ئەفسەرانو سەربازانی ئەو لەشکرانە کورد بوون، ژمارەیەکی زۆریان لەگەڵ سەرۆك هۆزو لێپرسراوانی سوارەی حەمیدییەو سوارەکاندا دەچوونە نێو لەشکری رووسیاوە.

سوڵتان دەسەڵاتی نەمابوو، کە دەیبیست ئەفسەرە توندڕەوەکان لە پاڵ ئەڵمانیادا بەگی رووسیادا دەچن، دەڵێت: (لەژێر لاشەی کوژراوەکاندا دەپلیشێینەوە!!)(٦٠) مستەفا کەمالیش لای خۆیەوە دەڵێت: هاوبەشیکردنی تورکیا لەو جەنگەدا کارەساتە، ئەگەر لە پاڵ ئەڵمانیاشدا بێت، کارەساتەکە گەورەترە.! هەمدیسان دوریدەخەنەوە، ئەمجارە وەك لێپرسراوی بەشی سەربازیی باڵوێزخانەی تورکیا لە صۆفیا، هەڵیاندا بۆ بولگاریا، بەڵام لەوێشەوە هەر دەنوکی لە سەریان بوو، پەیتا پەیتا دەیوت ئەڵمانیا ئەم جەنگە دەدۆڕێنێت.

ئێران هەر لە ١٩١٤/١١/٢ بێلایەنی خۆی لە جەنگدا ڕاگەیاند، بەڵام تورکیا ڕێز لەو هەڵوێستە ناگرنو بۆ پێشگرتن لە لەشکری رووسیا چەند ناوچەیەکی خۆرئاوای ئێران داگیر دەکەنو سەرۆك هۆزێکی کورد، موحەممەد حوسێن خانی موکریو یەکێك لە کورەکانی لە سێدارە دەدەن. هێزەکانی رووسیاش لەهەر سێ قۆڵی خانەقین، سلێمانی، ڕەواندزەوە بەسەرکردایەتی ژەنراڵ باراتۆڤ پێشڕەوی دەکەن، ١٣/ ٥/ ١٩١٦ لە ناوچەی ڕایاتەوە هێرش دەکەنە سەر ڕەواندزو دەیگرن، ڕەشید ئاغای هەرکیش تیرباران ئەکەن، ئەرمەنەکانی ناوچەکەش گەلێك کاری ناڕەوا و دەستدرێژیان کردە سەر دانیشتوان، هێرشی رووسەکان لە ڕەواندوزەوە سەرکەوتوو بوو، بەڵام لە قۆڵی خانەقینەوە لە یۆنیۆی ١٩١٦ دەشکێن.(٦١) وەك لەو دوو ڕووداوەدا دەردەکەوێت تورکەکان سەرۆك هۆزێکی کورد لە سێدارە دەدەن بە تاوانی ئەوەی هاوکاریی رووسەکانی کردووە، رووسەکانیش کە دێنە ڕەواندز سەرۆك هۆزێکی کورد تیرباران دەکەن گوایە هاوکاریی تورکی کردووە. دەبێت ئەوەش بە بیربهێنینەوە هێزێکی کورد بە سەرکردایەتی شێخ مەحموود لەشکری

رووسەکانی لە خانەقین شکاند، بۆیە مینۆرِسکی کارراپەرێنی کونسولخانەی رووسیا لـە تـاران[٦٢] دەڵێـت: پەیوەندیکردن بە کوردەوە و پشتگرتنیان بۆ رووسیا گرنگە بەتایبەتی شێخ مەحموود.[٦٣]

ئسکویث سەرۆك وەزیرانی بـەریتانیاش ١٩٠٨ــ ١٩١٦ لـە یاداشـتەکانی رۆژی ٢٥/ ٣/ ١٩١٥ دا لـە بارەی کوردەوە ترس و دڵەڕاوکەی خۆی دەردەبڕێـت لـە مەترسـی هەمیشـەیی کوردسـتان کـە هـەتا دوای رێکخستنەوەی کاروباری وڵاتی نێوان دوو رووبارەکەش (عێـراق) ئـەو مەترسـیە هـەر دەمێنێـت، چـونکە کێشەکانی (مەبەستی کوردە یـا عێـراق بـە گشـتی؟) لـەو کێشـانە ئـاڵۆزترن لـە هندسـتان رووبـەڕوومان بوونەوە. بەریتانیا زۆر مەبەستی بوو عێـراق بگرێـت هەرچـەند دواتـر بۆیاندەرکـەوت لـەڕووی سـتراتیژیی سەربازییەوە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو ئەو هەموو قوربانییەی بۆ بدەن، بەهەرحاڵ لە بەصرەوە بەرەو ژوور بوونەوەو ١٩١٧/٣/١ ژەنراڵ مۆد بەغدا دەگرێت، نۆڤەمبەری ١٩١٧ش ژەنراڵ لبنـی هێرشـێکی بـەربڵاو دەکاتە سەر هێزەکانی تورکیا لە فەلەستین و دەگاتە قودس‌و دیمەشقیش دەخاتـە ژێـر مەترسـییەوە، فێڵـد مارشاڵ فۆن فۆلکنهاین گرتنی وڵاتی شامی بەگرنگتر دەزانـی وەك لـە سـەندنەوەی عێـراق لـە بـەریتانیا، بەڵام وەزیری جەنگی تورکیـا ئـەنوەر پاشـاو فەرمانـدەی لەشـکرەکانی شـام خـەلیل پاشـا (ڕزگـارکردنی) عێراقیان بەگرنگتر دەزانی، بەو هۆیەوە پـلانو هەڵوێسـتە سـەربازییەکانیان کێشـەی تێدەکـەوت. ئـەنوەر ناچار بوو سەندنەوەی بەغدا دوابخات. ئەفسـەرێکی کـورد لـە لەشـکری تورکـدا، تۆفیـق وەهبـی بـەگ بـە سەرفەرماندەی خۆی، ئەحمەد ئەوراق دەڵێت: گەورەم بەر لەوەی ئینگلیـز رێگـای گەڕانـەوەمان ببەسـتێ بـا هێزەکانمان بکێشینەوە، ئەوراق سوور دەیزانی ئەو ئەفسەرە کوردە راستدەکات، بەڵام دوودڵ بوو هەردەمەو فەرمانێکیدەداو لەشکر سەریان لێشێواو بوو، بەئاسانی کەوتنە دەست دوژمن،( ئەوراق ) ئاڵای سپی بەرز کردەوە، بەڵام تۆفیق وەهبی‌و پۆلێك سەرباز خۆیان دەرباز دەکەن‌و بە مەلە لە رووبارەکە دەپەڕێنەوە.[٦٤]

دوای مــۆر کردنــی پــەیمانی ئاگربەســتی مــۆدروس، ٣٠ئۆکتۆبــەری ١٩١٨ز. **لــە نێــوان تورکیــای دۆڕاووهاوپەیمانەسەرکەوتووەکانداوخۆبەدەستەوەدانی بێچەندوچوونی دەوڵەتی عوسمانی، لـەمانگی ئـابی ١٩٢٠ داپــەیمانی ســیڤەر بەســترا، کەبەشــێك بــوو لــە پــەیمانی فرســای و ســەپێندرا بەســەر توررکیادا.هاوپەیمانەکان بریتیبـوون لـە بـەریتانیا، فەرەنسـا، یۆنـان، ئیتالیـا، رۆمانیـا، یۆگۆسـلاڤیا، چیکۆسلۆڤاکیا، پۆلۆنیا، بەلجیکا، یابان، حیجاز (حسەین شەریفی مەککە) ئەرمەنستان، دەسـتەیەکی نوێنەرایەتی کوردیش بە سەرۆکایەتی ژەنەڕال شەریف پاشای خەندان بەشداربوو .جاوید پاشـای سـەرۆك وەزیرانی سەربەیەکگرتن دەست لەکارکێشانەوەی کابینەی وەزارەتەکەی** راگەیاندو تۆفیق پاشـای سـەربە رزگاریخوازان کابینەیەکی نوێی دامەزراندو هەتا ١٩١٩ لە پۆستەکەیدا مایەوە، ئەمجا فەرید پاشـای زاوا، زاوای سولتان دەبێتە سەرۆك وەزیران. ململانێی نێـوان ئـەو دوو رێکخـراوە رکەبـەرە نـەك هـەر تورکیـای تووشـی شـەڕێکی دۆڕاو کـرد، کـە ٦٠٠،٠٠٠ شـەش صـەد هـەزار کـوژراو ٤٠٠،٠٠٠ چـوار صـەدهەزار بریندارو ٨٠٠،٠٠٠ هەشت صەدهەزار بێسـەرو شـوێنی لێکەوتـەوە، وڵاتـیش پـتر وێـران بـوو، ژێرخـانی ئابووریش بە تەواوی داتەپی.

بەپێی سەرژمێرەکان هەناردەی بازرگانیی تورکیا ماوەی نێـوان ١٩١٣ ـ ١٩١٨ لـە ٢١ ملیـۆن لـیرەوە

دادەبەزێت بۆ ٥،٥ ملیۆن لیرە، هاوردەش هەر لەو ماوەیەدا لە ٤٢ ملیۆنەوە دادەکێشێت بۆ ٤،٧ ملیۆن، سامانی ئاژەڵو مەڕوماڵات لە ساڵی١٩١٣ وە بۆ کۆتایی جەنگ لە ٤٠ ملیۆنەوە هاتە سەر ١٩ ملیۆن، گاوگامێش لە سێ ملیۆنەوە تەنها ٣٨٠،٠٠٠ سێ صەدو هەشتا هەزاریان مابووەوە.(٦٥)

ڕووبەری زەوی کشتوکاڵیی چێنراو جگە لە وڵاتە عەرەبەکان لەساڵی ١٩١٣ دا ٦٤ ملیۆن دۆنم بوو، لە ١٩١٦ دا بوو بە ٢٥ ملیۆن دۆنم. بەرهەمی توتن لە ٤٩ هەزار تەنەوە هاتە سەر١٨،٥ هەزار تەن، لۆکەش لە ٢٤ هەزار تەنەوە دابەزی بۆ تەنها دوو هەزار تەن.(٦٦) لەو لاشەوە لێپرسراوانو بازرگانانی بازاڕی ڕەش بەخوێنو خۆراکی دانیشتوانو خێزانی کوژراوەکان سەرمایەی حەرامیان سەریەك دەخستو کۆشكو تەلاریان بەرز دەکردەوە وەك کۆشکی شەکرو کۆشکی خەڵووزو کۆشکی جەواڵ کە میللەت بە ناوی دزەکانەوە ناویان لێنابوون.(٦٧)

## سەرگەرمیی و هەڵەشەیی ئەفسەرانی کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن دەوڵەت بەرەو کوێ دەبات؟

سەرکردەکانی کۆمەڵە کە دەستەڵات دەگرنە دەست لەبری ئەوەی ڕێبازێکی نوێ بگرنە بەر، وڵات لە جەنگو ماڵوێرانی ڕزگار بکەنو بەرەو ئارامییو ئاوەدانیی ببەن، پەندو ئامۆژگاریی لە ڕابووردوو وەرناگرنو هەرچاویان لە پەلاماردان و فراوانخوازییە، پلانی هێرشێکی بەربڵاویان داڕشت بۆ سەر قەفقاسیا و ڕووسیا بەسەرکردایەتی ئەنوەر. هێرشەکە دوو ئامانجی هەبوو:

١ـ سووککردنی قورسایی هێزەکانی ڕووسیا لەسەر لەشکری ئەڵەمانیای هاوپەیمان.

٢ـ ئەنوەر دەیویست لە قەفقاسیاوە دەستی بگاتە گەلانی تۆرانیی ژێر دەستی قەیسەرو لەوێوە پەلاماری هندستان بدات! هەرێمەکانی قەفقاسیا دەکەونە باکووری خۆرهەڵاتی تورکیاوە، ناوچەیەکی شاخاوی ڕژدە، بەرزایی هەندێك لە ترۆپکەکانی دەگاتە ١٠،٠٠٠ دە هەزار پێ لە ئاستی دەریاوە، کورد، تورك، کەرەج، ئازەر، داغستانی، ئەرمەن لەوێدا دەژین کەسەر بەسێ ئاینو چەندین ئاینزای جیاوازن.

ئەنوەر بە ١٥٠ هەزار سەربازەوە پەلاماری هێزەکانی قەیسەری ڕووسیادەدات کە هەر ١٠٠ صەد هەزار سەرباز دەبوون بەونیازەی دەستێکیان لێ بووەشێنێ و شپرزەیان بکات بۆئەوەی هێزەکانی ئەڵەمانیا بەدوای ئەودا هەر لە قەفقاسیاوە پێشڕەویی بکەن بەرەو قووڵایی ڕووسیا وشاری پۆترۆسبورگ، بەڵام لەشکری تورك خراپ تێدەکەوێتو دەبێت بە تەڵەوەو خۆی تووشیی کارەساتێکی سەربازییی چاوەڕواننەکراو کرد ئەو سەری دیار نەبێت،بەڵام ئەوەی ڕزگاریکردن، لەڕووسیاوە شۆڕشێك بەرپابوو، قەیسەر دەست لەتاجو تەخت هەڵدەگرێتو دەستەڵاتێکی کاتیی دادەمەزرێت بەسەرۆکایەتیی "کرنسکی" بۆ بەڕێوەبردنی وڵات. "کرنسکی" وتاربێژێکی بەتوانا بوو، زۆر لێهاتوو و کارامە بە وشە ئاگرینەکانی جەماوەری دەجۆشاند، بەڵام توانای بەڕێوەبردنی وڵاتی نەبوو، دەستەڵاتە کاتیەکەش لاواز بوو، کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی بۆ نەدەکرا، پشێوی و نائارامیی تەشەنەی کردولەو وڵاتە پان وبەرینەدا پاشاگەردانیی بوو،هەر کۆمەڵو بەلایەکدا ڕایدەکێشا. ئەو بارودۆخە شلۆقە هەروا بەردەوام بوو هەتا لینین لە سویسراوە بە ڕێگەی ئەلەمانیادا گەڕایەوە ڕووسیا.

لەشکری تورك چونکە فراوانخوازو داگیرکاربوون، هەرهێرشیان دەکرد،لە بەرگرییکردندا کەم ئەزموون بوون، بۆیە کاتێك ١٩١٦/١/١٧ رووسەکان پەلاماریاندان‌ونەك هەرپاشەکشەیان پێکردن بەڵکو هەرێمی ستراتیژیی ئەرزرۆم دەگرن‌و ملی پێوە دەنێن بۆ بەندەری ترابزۆن لەسەر دەریای رەش‌و لەوێشەوە لە رۆژئاوای گۆمی وان، شارەکانی مووش و تبلیس داگیر دەکەن.(٦٨) هێزەکانی تورکیا حەفتا هەزار کوژراویان زیانی گیانی لێکەوت، توانای بەرەنگاریکردنیان نەمابوو،بەڵام بڵاوبوونەوەی دەنگ و باسی شۆڕش بەناو لەشکری رووسیادا فریایان دەکەوێت. هەواڵەکە زۆر خێرا بڵاودەبووەوە، شیرازەی لەشکر تێکچوو، سەرباز و ئەفسەرەکان بەشێوەیەکی هەرەمەکیی پاشەکشەیان دەکردو هەر گرووپەو چۆنی بۆ رێکدەکەوت بەپەلە بەرەو وڵات دەگەڕایەوە.

ئەو شکستە گەورەیەی لەشکری تورك لە قەفقاسیا تووشیهات ئەو گۆڕە بوو سەرکردەکانی (کۆمەڵە) بە دەستی خۆیان بۆ خۆیان هەڵکەند، ئیتر هەر لە سەرەتای ساڵی١٩١٧ بەدوواوە راکردن‌و خۆدزینەوەی سەربازەکان دەستپێدەکات وژمارەی سەربازی راکردوو گەیشتە نیو ملیۆن سەرباز. لەولاشەوە لەبەرەی شەڕەکانی فەلەستیندا لەشکری تورك گورزێکی قورسی دیکەشی بەرکەوت بەدەستی هێزەکانی بەریتانیاو بولگارەکان و هەر ئەوەندەیان بۆ مایەوە خۆیان بدەنە دەست هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان و پەیوەندی لەگەڵ ئەڵەمانیادا بپچڕن، بە ناچاریش لە ١٩١٨/١١/٧ زایندا کابینەی وەزارەتەکەی (کۆمەڵە) دەست لە کاردەکێشێتەوەو بەفرمانی سوڵتان وەحیدەدین (موحەمەدی شەشەم) کە دوای سوڵتان رەشادی برای (موحەمەد پێنجەم) بووبە سوڵتان، کابینەی نوێ دادەمەزرێ و یەکسەر داوای ئاگربەست‌و رێککەوتن لە هاوپەیمانەکان دەکەن. شەڕ وەستاو هاوپەیمانەکان وەك داگیرکار هاتنە ناو ئەستەمبوڵی پێتەختەوە... ئیتر هەر ئەفسەری لوت بەرزو بەفرۆ فیشاڵ وترۆتۆپی تورك بوو بەرگە سەربازییەکانی فرێدەداو خۆی لە تیرو تەشەرو سوکایەتیی پێکردنی یۆنان، ئەرمەن‌و جوولەکە رزگاردەکرد. سەرکردە مەزنەکانیش وەك ئەنوەر،جەمال،تەلعەت، بەدریی، عەزمیی، دوکتۆر بەهادین شاکرو دکتۆرنازم لە ترسی ئەوەی سوڵتان بە تۆمەتی قەڵاچۆکردنی ئەرمەن بیانداتە دەست هاوپەیمانان، تورکیا جێدەهێڵن، بەڵام رزگاریان نەبوو، ئەرمەن لەخوێنی بە ناهەق رێژراوی چەندین ساڵی قوربانییەکان خۆشنەبوون.١٩٢١/٣/١٥ لاوێکی ئەرمەنیی، تەلعەت پاشالە بەرلین تیرۆردەکات. ١٩٢١/٧/١٨ز.، عەزمیی‌و دکتۆر بەهادین پێکەوە تیرۆر کران و جەمال پاشاو دوو پاسەوانیشی لە شاری تفلیس تیرۆرکران. ئەنوەرپاشاش رۆژی ١٩٢٢/٨/٤ لە شاری بالژوان ـ رۆژهەڵاتی شاری بوخارا بە دەستی گرووپێك سەربازی رووس کوژرا.

ساڵی ١٩١٨خەلیفەی موسوڵمانان لێخرابوو، بەڵام بڵاویان نەکردەوە،ساڵی ١٩٢٤ کۆتایی سەردەمی خەلافەت بڵاوکرایەوەو دامەزراندنی کۆماری تورکیا راگەیەندرا بەسەرۆکایەتی مستەفا کەمال.

## دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی

دوای ئاگربەستی مودروس، هاوپەیمانە سەرکەوتووەکانی جەنگ بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەمەریکا (ودرو ویڵسن) و ئەندامێتی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لوید جۆرج و سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا کلێمنصۆ، کۆنگرەی فەرەنسا دەبەستن بۆ دابەشکردنی دەستکەوتەکانی جەنگ و دیاریکردنی چارەنووسیی تورکیای

دۆڕاو، بەڵام هاوپەیمانەکان لە نێوخۆیاندا کۆك نەبوون، هەریەکەشیان کێشـەیەکی لاوەکیـی ئـاڵۆز یەخـەی گرتبوو، فەرەنسا وکێشەی وڵاتی شام، بەریتانیا و شۆڕشی ئیرلەندە، هیندسـتان، میسـر، شـەڕی ئـەفغان. ئیتالیا و بەرپابوونی راپەڕینی کۆمۆنیستەکان، ئەمەریکاش بڕیاریدا لە ئەورووپا بکشێتەوە. لـە تورکیـاش سێ لایەن: مسـتەفا کـەمال، سـوڵتان محەمـەدی شەشـەم، ئەدهـەم پاشـا هەریەکـەیان خـۆی بـە پێشـەواو سەرکردەی تورکیا دەزانی.. ئەم بارودۆخە هەلێکی لەباری بۆ یۆنان ڕەخساندبوو، (منزیلوس) خۆی ئامادە دەکات بۆ پەلاماردانی هەرێمەکانی ئەنەدۆڵ و لەوێشەوە بۆ ئەستەمبووڵ، چەند شارێکیان داگیر کـرد کـە گرنگترینیان شاری ئەزمیر بوو بـەڵام دوای هێرشـەکانی ١٩٢١/٨/٢٤ و رووبەڕووبوونـەوە خوێناوییـەکانی دواتردا پاشەکشە دەکەن و لەدوای خۆیانەوەهەموو شتێکیان دەسـوتاند و دەسـتدرێژیی و کـاری ناڕەوایـان بەرامبەر ئافرەت و دانیشتووان دەکرد..عیسمەت پاشای هاوکاری مستەفا کەمال بەسـەر ئەدهـەم پاشـادا زاڵدەبێت و مستەفاکەمال دەبێتـە خـاوەن فرمـان، سـوڵتانیش بـە کۆدەتایـەکی سپی داگیرایـە خـوارەوەو بەئاسانی کۆشکی یڵدز جێدەهێڵێت، خۆی و کوڕەکـەی وکۆڵهـەڵگرێك کەلووپەلـەکانی بـۆ هـەڵگرتبوون و یەکێك لە پیاوە خەساوەکانی کۆشکیش بـە جانتایەکـەوە لـە دەرگـای پشـتەوەی کۆشـکەوە هاتنـە دەرەوە، ماشێنێکی ئەمبۆڵانس (فریاکەوتن ـ ئیسـعاف) چاوەڕوانی دەکـردن، لەبەنـدەرێك دایبەزانـدن و سـواری پاپۆڕێکی جەنگیی هێزی دەریایی بەریتانیا دەبـن و عەبدولمەجیـدی بـرازای سـوڵتان دەبێتـە خەلیفـە نـەك سوڵتان.دیارە هەرهەموو ئەمانەش بەپلانی بەریتانیا ئەنجامدەدران.

مسـتەفا کـەمال چـەند شـەڕێکی سـەرکەوتوویکرد، نـاوی بڵاودەبێتەوە،بـەڵام ژێرکـەوتنی تورکیـای لەبەرچاوبوو لەژێر سەرکردایەتیی چەند ئەفسەرێکی سـەرگەرم و کورتبیندا،لـەو رووەوە هەمیشـە دەیـوت ئەنوەر و جەمال چیدەکەن، وڵات بەرەو کوێ دەبـەن؟ بەئاشـکرا و رووبـەڕووش بـە ئـەنوەر پاشـای وەزیـری جەنگ دەڵێت ئێـوە ناپـاکیی لەگـەڵ نەتـەوەی تورکـدا دەکـەن. ئـەنوەر لەبـەرەی قەفقاسـدا کارەسـاتێکی سـەربازیی بەسـەر خـۆی و تورکیـادا هێنـابوو، لـەو هێرشـەدا حـەفتا هـەزار سـەرباز کـوژران، دەیویسـت کەمالیش تووشی ژێرکەوتنێك بکات، ناردی بۆ هەمان بەرەی قەفقاس، کە شۆڕشی ئۆکتۆبـەری ١٩١٧ش هەڵگیرسا، هێنایانەوە وناردیان بۆ بەرەی شـام. مسـتەفاکەمال کـە دەچـێتە نـاو لەشـکرەوە دەبینێـت لـە هەموو روویەکەوە پەرێشان و بێورەن، بەرامبەر بـەریتانیا و هێزەکـانی عـەرەب بەسـەرکردایەتی فەیسـەڵ شکاون، لەولاشـەوە بـەریتانیا بەشـێکی بەرچـاوی تورکیـای لـەژێر دەسـتدایە، وڵات پارچـە پارچـە بـووە، هەریەکە و لە ئاوازێك دەخوێنێت، هەندێك داوایاندەکرد تورکیا بچێتە ژێر سایەوچـاودێریی ئەمـەریکا یـا فەرەنساوە ئەگینا رێگەچارەیەکی دیکە نییە. لەم بارودۆخەدا مستەفاکەمال دەجووڵێت، لەشکرەکانی شام رزگار دەکات، بەرگریی لە دەردەنیل دەکات، ئەسکەندەرییە رزگار دەکات، داواش لە وەحیـدەدین دەکـات بیکاتە وەزیری جەنگ بەڵام وەحید متمانەی پێنەدەکرد ئەو پۆستەی بداتێ، دەینێرێت بـۆ دامرکاندنـەوەی بزوتنەوەی یاخیبووەکانی ئەنەدۆڵ، کەمالیش لە خوای دەویست لە پایتـەخت دوورکەوێتـەوە، چـونکە بـەو بیروبۆچوونانەیەوە نە لای خەلیفە و نە لای رێکخراوەکان جێگەی نـەدەبووەوە، لـە رێکخـراوی نیشـتمانەوە هاتە نێو کۆمەڵـەی یـەکگرتن و پێشـکەوتن، بـەڵام سـەرکردەکانیانی بـەدڵ نـەبوو، بـە پێشـەواو رابـەری

نەدەزانین، رەخنەی توندوتیـژی لێـدەگرتن، وەك مامۆسـتا ئامۆژگـاری دەکـردن، ئـەوانیش ئەمـەیان بـەدڵ نەبوو، دەریانکرد.

مستەفا کەمال کەناردیان بۆ ئەنەدۆڵ هـەلێکی زێڕینـی دەسـتکەوت، بڕیاریـدا ئەنـەدۆڵ بکاتـە بنکـەی بزوتنەوەکەی، لەبری ئەوەی یاخیبوونەکە دامرکێنێتەوە رابـەریکردن و پەیوەنـدی بەسـەرانی ناوچـەکەو بـە وانەشەوە دەکرد لـە ئەسـتەمبوڵ جێگـەی بـاوەڕ بـوون.. کـە یۆنـانیش ئـەزمیر دەگرێـت، سـوڵتان داوای لێدەکات بگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ، ئەمیش داوا لە سوڵتان دەکات خۆی بێتە ناوچەکە و رابەرییان بکات بۆ دەرکردنـی دوژمـن لـە وڵات! هەرلـەم ماوەیەشـداکۆنگرەیەك لـە سـێواس رێکـدەخات بـۆ ئەوانـەی دژی داگیرکاران و دوژمنانن و هەر هەرێمێك ٣٠ نوێنەر هەڵبژێرن بۆ کۆنگرە.خەلیفە هێزێـك بەسـەرکردایەتیی کازم قەرە دەنێرێت مستەفاکەمال دەستگیربکات، کازم قـەرەو هێزەکەشـی بـەلای خۆیـدا راکێشا.سـوڵتان ئەمجارە سـەرۆك هـۆزە کوردەکـانی لێهانـدەدات پـەلاماری بـدەن و کۆنگرەکـەی تێکبـدەن، لای خۆشـیەوە هەڵبژاردنێکی رێکخست بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی گەل، بەڵام زۆرینەی نوێنەرەکان سەر بە مستەفا کەمال بـوون و هـەموویانی بـانگکرد لـە ئەنقـەرە کۆببنـەوە. بـەمجۆرە وڵات بـوو بـەدوو بەشـەوە لـە نێـوان خەلیفە(سوڵتان) لە ئەستەمبوڵ و مستەفا کەمالدا لە ئەنقەرە. دەسـتدرێژی یۆنانـەکان بـۆ سـەر ئـابڕووی ئافرەتان و سوتاندنی شارو شارۆچکەکان هەست و سۆزی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی خرۆشاندبوو، هاتنە ژێر ئاڵای مستەفا کەمالەوە،کە سەرکەوتنەکانی لە زنجیرە هێرشەکانیدا بۆ سـەر فەرەنسـییەکان لـە مـاراش و سەربازگەی ئیتالییەکان لە توونە و سەربازگەی بەریتانیا لە ئەسکس ستر،ئەوسەرکەوتنانە دەنگیاندایەوە، هێزەکانی بەریتانیاش پێتـەختیان داگیرکـرد و بـۆ پشـتگیریی خەلیفـەش پەرلـەمان دادەخـەن، کـەمالیش کۆنگرەکـەی سـێواس بەئـەنجام دەگەیـەنێت و کۆمیتەیـەك هەڵدەبـژێرن بـە سـەرۆکایەتی خـۆی بـەنێوی ئەنجومەنی باڵای نیشتمانیی.

دەروازەی بالا(بـابی عـالی) بۆراسـتکردنەوەی باڵانسـی نیـوان خەلیفـە و مسـتەفا کـەمال لـە مـانگی ١/١٩١٩ دا، دووای چەند کۆبوونەوەیەك لەگەڵ نوینەرانی کوردی باکوور،سەیید عەبدلقادری کـوری شـیخ عوبەیدللای نەهری، ئەمین بەدرخان، موراد خان کە سەربە جەمعیەتی تەعالی کوردستان بوون، بڕیاریـدا: ئۆتۆنۆمییەك بدەن بەکورد بەمەرجیك لە جامیعەی عوسمانیدا بیميننەوە، ئەمەش ناکۆکیی خستە ریزەکانی کـوردو سـەرکردەکانیانەوە ودامەزرانـدنی چـەندین کۆمـەڵ و ریکخـراوی بچـووك بزوتنەوەکـەی لاوازکـرد، ئەوەبوو ئـەمین عـالی بـەدرخان ( جمعیـت تشـکیلات أجتماعیـە، مەمـدووح سـەلیم و هـەڤاڵانی (پـارتی دیموکراتی کورد) و سورەییابەدرخان (حیزبی أستقلال کوردستان) یان دامەزرانـد .( بروانـە مـەحموود مـەلا عززەت، حکومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی سیاسەتی بریتانیادا، سلیمانی ٢٠٠٦، لاپەڕە ٧٠)

**دەرکەوتن و سەرکەوتنی مستەفا کەمال دامەزراندنی کۆماری تورکیا**

ئەو کولتوورە رەشـەی بـیری شـۆڤێنیزمی رژێمـە سـوورەکەی مسـتەفا کـەمال، ئێسـتاش لـە تورکیـادا رەنگدەداتەوە،جەمال گۆرسیل ١٩٦٠/٥/٢٧ کۆدەتایەکی سەربازیی بەسەر عەدنان مەنـدەریس دا دەکـات .. لە شاری ئامەد (دیاربەکر) روو لە جەماوەرەکە دەکات و دەڵێت نەتەوەیەك نییە ناوی کورد بێت، ئێوە

توركن، هەركەسێك وتی تۆ كوردیت تفێك بكەرە رووی.

دوای پەیمانی صەددام – بارزانی ١١/ئازار ١٩٧٠ هێزەكانی كۆماندووی سوپای توركیا بەربوونە گیانی جوتكارانی كورد، رۆژانی ٧، ٨ /٤/١٩٧٠ دوو هەزار سەربازو شەش كۆپتەری جەنگیی پەلاماری شارۆچكەی سلیڤان سەر بە ئامەد – دیاربەكر دەدەن، پیاوانیان دەستگیر كرد و سواری ئافرەتەكان دەبوون و ئەمجا لە سەرپشتی پیاوە دەستگیركراوەكان هەڵدەپەڕین كە تەنهابەوهۆیەوە هەشت كورد گیانیان لە دەست دا.[٦٩]

## مستەفا كەمال كێیە؟

مستەفا كەمال ساڵی١٨٧٧لە گەڕەكی توركەكان لە شاری ساڵۆنیك ـ یۆنان هاتۆتە دنیاوە، ئەوكاتە ساڵۆنیكیش وەك هەموو شارەكانی یۆنان لە بندەستی توركیادا بوو، دانیشتوانەكەشی بریتیبوون لە یۆنانی، جوولەكە، ئەرمەنیی، بولگاریی و تورك. گرووپێك موسوڵمانیشی تێدا دەژیا بەڕەگەز جوولەكە بوون و هەربەسەرزارەكیی موسوڵمان بوون، ئەگینا لە دڵدا دوژمنی ئیسلام بوون،زۆریش پەیڕەویی ئەو(فتواشەرعی)یانەیان دەكرد، ئەو شتانەی حەڵاڵ كردووە كە ئاینی ئیسلام حەرامیكردبوون! عەلی رەزا باوكی مستەفاكەمال یەكێك بوو لەو موسوڵمانە درۆزنانە، كارمەندێكی ئاسایی بوو لە بەڕێوەبەرایەتیی گومرگ، دوواتر دوكانێك دادەنێت و بەكولەمەرگیی دەژین، بەڵام زوبێدەی دایكی مستەفا موسوڵمانێكی بەباوەڕو كارەكتەرێكی بەهێزیشی هەبوو، كورەكەی پەروەردە دەكرد ببێتە پیاوێكی ئاینیی، بۆیە هەر لە منداڵییەوە دەینێرێتە بەرخوێندن (حوجرە)، عەلی رەزا ساڵی ١٨٨٨ بە هەژاریی دەمرێت، كەمالیش لەگەڵ دایكیدا دەچنە ژێر سایەی خاڵۆیەكی، ئەویش هەر دەستكورت و نەدار بوو، بۆیەمستەفا بۆ بژێوی ژیان ناچار دەبێت بە پاككردنەوەی گەورو تەویلەی وڵاخ شتێك پەیدا بكات.كەمال منداڵێكی چەتوون و شەڕانی و كەللە رەق بوو، پەیڕەویی یاسا و فەرمانەكانی نەدەكرد، نەیدەتوانی گوێڕایەڵ و ژێر فەرمان بێت، گوێی بە دابونەریتە كۆمەڵایەتییەكانیش نەدەدا.بەڵام زۆر حەزی لە سەربازیی دەكرد، بە پێچەوانەی ویست و ئارەزووی دایكییەوە، بە هۆی دراوسێیەكیانەوە لە فێرگەیەكی سەربازییدا وەردەگیرێت .لە خوێندندا تەنها لە وانەكانی سەربازیی و ماتماتیكدا سەركەوتووبوو. لەو ماوەیەدا دایكی شوو دەكاتەوە، كەمالیش هەر لەو شارەدا دەمێنێتەوە كە پڕ بوو لە جوولەكە و رقیان لە ئیسلام بوو، پەیوەندییەكی گەرمیشی بە پیاوانی ئاینیی جوولەكەو عیساییەكانەوە هەبوو، هەرلەوانیشەوە فێری زمانی فەرەنساوی دەبێت. مستەفا كەمال ساڵی ١٩٠٥ دەبێتە ئەفسەر لە سوپای عوسمانیدا، هەر ئەو ساڵەش پەیوەندی بە رێكخراوی نهێنی نیشتمانەوە دەكات كە خەباتی ژێرزەمینییان دەكرد دژی سوڵتان، یەكەمین مەرجی بوونە ئەندام لەو رێكخراوەدا ئەوەبوو هەموو پاڵێوراوێك لەبەردەم لیژنەیەكدا رادەوەستا، دەمانچەیەكیان لەبەردەمیدا دادەنا، دەستی دەنایە سەر دەمانچەكە و سوێندی دەخوارد دڵسۆزی رێكخراوەكە بێت و خەبات بكات دژی رژێمی سوڵتان، ئەمجا دەمانچەكەی هەڵدەگرت، ماچیدەكرد و ئیتر دەبوو بەچەكی تایبەتیی ئەندامەكە بۆ رۆژی خۆی، ئەوە دیاری رێكخراوەكە بوو بۆ ئەندامەكانی.مستەفا كەمال ١٩٢٣/١٠/٢٩ سەركەوتنی تەواو بەدیدەهێنێت و دەگاتە ئامانج، لە كۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای

نیشتمانیدا کۆماری تورکیا دادەمەزرێنن و دەبێتە یەکەمین سەرۆکی کۆمارەکە هەرچەندە صەد ئەندامی ئەنجوومەنیش ئامادەنەبوون!

١٩٢٤/٥/٧ رژێمی خەلافەتی ئیسلامیی هەڵوەشاند،ئاینی لە دەوڵەت جیا کردەوە، ئەو دەوڵەتە نوێیەی نەك هەموو پەیوەندییەکی بە رابردووەوە پچراند بەڵکو سڕییەوە و بەچاوی سووکیش تەماشای دەکات و بە کۆسپێکی گەورەی دەزانێت لە ڕێگەی پێشکەوتندا.

هەر ئەو صاڵەش بڕیاریدا لە بری یاساکانی ئیسلام لە کاروباری هاوسەریگرتن و جیابوونەوەی ژن و مێردا پەیڕەوی یاساکانی وڵاتی سویسرا بکرێت.مارەبڕینی شەرعی قەدەغە کرد و لە دەسەڵاتی پیاوانی ئاینەوە گوێزرایەوە بۆ بەردەم فەرمانگەی تایبەتی میری و مارەبڕین بە شێوەی سڤیل.

هەر لە صاڵی ١٩٢٦ یشەوە بۆ کاروباری بازرگانیی و کڕین و فرۆشتن و هەموو کارەکانی سڤیل ئاسا، یاساکانی فەرەنسای چەسپاند.یاساکانی ئیتالیاش پەسەند دەکات بۆ دادگاکانی تاوان و سزادان و هەرکارێك پەیوەندی بە سەرپێچیکردن و تاوانەوە هەیە.

خوێندنی ئاینیی (حوجرە) و تەکیە و خانەقاکان و کۆڕوکۆمەڵی دەروێشەکانی قەدەغەکرد.

زمانی تورکی کردە زمانی فەرمی وڵات و پیتەختیشی گواستەوە بۆ ئەنقەرە.

١٩٢٨ کۆمیتەیەکی زمانەوانی پێکهێنا لە ماوەی شەش هەفتەدا ئەلف و بێی لاتینییان بۆ زمانی تورکی ڕێکخست.

پەچە و هەموو جۆرە رووپۆشێکی ئافرەتان و تەربووشی سەری پیاوانی قەدەغە کرد.

صاڵی ١٩٣٤ یاسای فرە هاوسەریی هەڵگرت و بڕیاریدا پیاو نابێت هاوسەرێك پتری هەبێت.

نازناوی پاشا، بەگ، ئەفەندی، خانمی سڕییەوە و بڕیاریدا ناوی خێزان یا نازناو لە جێگەی ناوی یەکەم بەکاربهێنرێت.

بڕیاریدا لە جێگەی سڵاوکردن و چۆنی وچاکیی سووکە سەر نەویکردنێك و دەستگوشین پەیڕەو بکرێت، جگە لەمانەش خوێندنی تێکەڵاوی کوڕان و کچانی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا کردە یاسا و رۆژی یەکشەممەی کردە رۆژی پشووی فەرمانگەکان و بەکارهێنانی صاڵنامەی کۆچیشی کردە زاینیی ـ عیسایی.

ڕاستە ئەم هەنگاوانەی مستەفا کەمال لە هەندێك لایەنی کۆمەڵایەتییەوە پێشکەوتنخوازانایە، بەڵام لە چەندین لایەنەوە بەتایبەتیش رژێمی دەوڵەتە عەلمانییەکەی، وڵاتی تورکیای لە نێوان ئیسلام و گاوردا، لە نێوان ئاسیا و ئەوروپا، رۆژهەڵات و رۆژئاوادا بەهەڵواسراوی هێشتەوە، قاچیچکیان لەمدیوو قاچێکیان لەودیوو. پێدەچێت هەر خوێنەرێك ئەو پرسیارەی کردبێت یا بیکات، ئایا هاوپەیمانان نەیاندەتوانی ڕێگە لە مستەفا کەمال بگرن بەسەر هێزەکانی ئەوان، یۆنان، سوڵتان، هەردوو ڕێکخراوی یەکگرتن و رزگاریخوازان، کوردا سەرنەکەوێت؟ یا ئەوروپا پێویستی بە سەرکردەی وڵاتێکی موسوڵمان هەبوو ئاشکراوچالاك دژایەتیی ئاینی ئیسلام بکات و ئەگەر ئەویش نەبوایە، بەرژەوەندییەکانیان گەرەکی بوو سەرکردەیەکی لەوجۆرە دروستکەن! مامۆستا محەمەد رەسوول هاوار کۆمەڵێك زانیاری نوێی لەبارەی مستەفاوە لە گۆڤاری باسکار دابڵاوکردۆتەوە:

(دکتۆر نوری رەزا پزیشکێکی ناسراو و هاوڕێی گیانی بەگیانیی مستەفاکەمال و سەرۆکی ئەو وەفدەی پەیمانی دۆستایەتیی نێوان تورك و سۆڤێتی موركرد، لەکۆبوونەوەکانی لۆزانیشدا جێگری عیسمەت ئین ئینۆ ی سەرۆکی وەفدەکەبوو لە لاپەڕە٥٧ی بەرگی ٣ی یاداشتەکانیدا نووسیویەتی کاتی خۆی لە سالۆنیك لە قوتابخانەی سربییەکاندا قوتابییەکی منداڵ هەبوو بەناوی (مستەفا) کە عەلی رەزا کردبووی بەکوڕی خۆی.لەچاپی نوێی ئینسكلۆپیدیای فەرەنساییدا دەڵێت باوکی راستەقینەی مستەفا،(ئەلپۆماك)ە. پیرەکانی(تسالیا) وتوویانە زبێدەی دایکی لە مەیخانەیەکی شاردا کاریدەکرد، گەنجێکی خەڵکی شاری (یەنکی شەهر) کە ناوە (ئابدۆش ئاغا)بوو دەیبات بۆ شارەکەی خۆی لەگەڵ مستەفادا کە تەمەنی پێنج سالآن بووە(لاپەڕە٦٩).دکتۆر نوری رەزا وەك پزیشکێکی بەئەزموون دەڵێت لەرووی ئەنترۆپۆلۆژییەوە بەپیستی سپی و چاوی شینو سەروکەللەیا، جۆری(دۆکیلۆسڤال)ی مستەفا زۆر دوورە لە جۆری (پراکتیکال)ی عەلی رەزاو زبێدەی دایکی مستەفا کە هەردوکیان تورکن. جگە لەوەش بەردەوام مستەفا کەمال خۆی دووردەگرت لە باسوخواس و ناوهێنانی (باوکی) کە نەیدەزانی کێیە! فالح رەفعەت لە کتێبەکەیدا(جان قایا) دەڵێت جارێکیان وێنەیەکی ئەفسەرە تورکەکانی(سالۆنیك)یان پیشاندا کە عەلی رەزاشی تێدابوو،مستەفا زۆر بەگومان بوو ئەوە باوکی بێت .چرپانی بەگوێچکەمدا: کەی ئەوە باوکی من بووە؟!(لاپەڕە٦٩ـ٧٠).رووسەکان مستەفا کەمالیان چاك دەناسیی،لینین کارگەیەکی دروستکردنی (ڤۆدگا)ی بە دیاری بۆ نارد(لاپەڕە٧١).سەبری ئەفەندی نووسەری کتێبی (پیاوی بت): مستەفا کەمال لە سەرەمەرگدا بە ئاشکرا وەسێتی کردووە نوێژ لەسەر جەنازەکەی نەکرێت و (تەلقین)یش نەدرێ.مەلاو پیاوانی ئاینیش رازی نەبوون ئەوانەی بۆبکەن هەتا خوشکەکەی دەگری و زۆر لە مەلایەك دەپاڕێتەوە، بەزەیی پێداهاتەوەو تەلقینی دا.(لاپەڕە٧٤) هەروەها سەبری ئەفەندی ئاماژە بەقسەیەکی مەحموود ئەسعەد یورقوت وەزیری عەدل دەکات کە لە رۆژنامەی(تان) ی رۆژی ١٠/١١/١٩٤٠دا وەك بیرەوەرییەکی خۆی لەگەڵ مستەفا کەمال بلآویکردۆتەوە دەڵێت:لەکۆتایی ئەو رۆژانەدا کەهاتووچۆی مزگەوتمان دەکرد،رۆژێك من و چەندکەسانێ لەگەڵ مستەفا کەمال چووین بۆ مزگەوتی (حاجی برایم)، کە گەیشتینە بەردەرگای مزگەوتەکە مەلایەك روویکردە مستەفاکەمال وپێی وت:(پاشا، بەرلەوەی بچنە ژوورەوە واباشە دووعا بخوێنن، مستەفا لێی تووڕەبوو پاڵێکی پێوەناو وتی: ولآت بە هێزی چەکی سەرباز رزگاربووە نەك بە دووعاوپاڕانەوە!(لا.٧٤گۆڤاری باسكار،ژمارە٤،ساڵی٢٠٠٠) نووسەرانی (دائرە المعارف ألاسلامیە ) دەڵێن مستەفا کەمال١٢٩٩ك./١٨٨٠ز.لەشاری سالۆنیك ـ یۆنان هاتۆتە دنیاوە، عەلی رەزا ئەفەندی باوکیشی پاسەوان بوو لە بەڕێوەبەرایەتیی گومرگ،گومانیش زۆرە کە عەلی رەزا باوکی نییە بەڵکو میردی زوبێدەی دایکێتی لە پیاوێکی دیکە.ئەوەش دەوترێت کە بەرهەمی پەیوەندییەکی ناشەرعیی زوبێدەو کابرایەکی خەڵکی صربیایە. (دائرە المعارف ألاسلامیە للناشئین والشباب ٣،ألقاهرە ١٩٩٠)

لەبارەی ژیانی هاوسەریی و پەیوەندی مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانی دەڵێت شەوانی بە مەی خواردنەوە و قومار و ئافرەتەوە بەسەر دەبرد، بێئەوەی گوێ بەوە بدات چ ئافرەتێکە، گرنگ ئەوەبوو لەشولارێکی رێك و دەموو چاوێکی جوان و دەم بەخەندە بێت، هەرگیز بیری لە خۆشەویستی

نەکردۆتەوە، مەبەستی هەر ئـەوەبوو ئارەزووەکـانی دامرکێنێتـەوە، یەکـەمین جـار لەگـەڵ لەتیفـەی شـۆخ و شەنگ کۆدەبێتەوە، دەیەوێت هەر ئەو کاتە هەموو شتێکی لەگەڵدا بکـات، بـەڵام لەتیفـە دەڵێـت ئـەوە بـێ مارەبڕین نابێت، من نامە دۆستی رابواردنت، خۆشمدەوێیت و ئامـادەم بـەمارەبڕین ببمـە هاوسـەری ژیانـت. کەمال تووڕە دەبێت، هەڵدەچێت و کەف دەچرێت و دەڵێت مارەبڕین چییە، مەلایـەکی ریشـن دێـت و چـەند قسەیەك دەکات. وەك دەڵێن (عارف بەگ) یش کە پەیوەندیی (شقوول) ی لەگەڵ کەمالدا هەبووە، وتوویـەتی فکریەی دۆستی کەمال لە نەخۆشخانە کـەوتبوو، کـەمال بیریشـی لێنـەدەکردەوە، چـەند شـەوێك لەسـەریەك ئافرەتی سۆزانی و کیژۆڵانی کۆدەکردەوە و هەموو شەوێکیش بەهاتوو هاوار و دەنگە دەنگ کۆتایی دەهات.. شەوێکیان لەناکاوێکدا بڕیاردەدات بچێت بۆ ماڵی لەتیفە لە ئەزمیر، بەونیوەشەوە زرم زرم لە دەرگـا دەدات، کە دەچێتە ژوورەوە پێیدەڵێت تـۆ مارەکردنـت دەوێـت؟ هـەر ئەمشـەو مـارەت دەکـەم، دەچـنە دەرەوە و لـە شەقامێکی شاردا مێزەر بەسەرێك دەبینێت و مارەیان دەکات! هەر بۆ ئەوەش مارەی دەکات، چونکە لەتیفە لە روویدا وەستابووەوە، هەروا ئاسان خۆینەدابوو بەدەستەوە،کەمال دووای چەند شـەوێك ئـەویش پشـتگوێی دەخات و دەگەڕێتەوە سەر پیشەی جاران. لەتیفەی شۆخیش لە رۆژنامەیەکدا ئەم رستەیەی بەرچاو دەکەوێت: مستەفا کەمال لە هاوسەرەکەی جیـا بۆتـەوە (تەڵاقیـداوە)! ئەوکاتـە لەتیفـە تێـدەگات نـە ئـەو و نـە هـیچ ئافرەتێك لای ئەو (گورگە بۆرە) ئەوەندە نرخیان نییە خۆی بە تەڵاقدانیانەوە ماندوو بکات.

فکریەش بەخەیاڵی خۆی وایدەزانی کەمال مارەی دەکات، ئەویش کە هەواڵەکەی لە رۆژنامـەدا خوێنـدەوە بۆی دەرکەوت چ ناپاکییەکی لەگەڵدا کردووە، بەپەلـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ماڵـەوە، بـەڵام پاسـەوانەکان نـاهێڵن بچێتە ژوورەوە، بۆ سبەینێ تەرمەکەی دۆزرایەوە، بە دەمانچە بچـووکەکەی نێـو جانتـا دەسـتیەکەی خـۆیی کوشتبوو. کۆلۆنێل فەتحی دەڵێت کەمال لە و رۆژەوە بایـەخی بـە هـیچ شـتێك نـەدەدا وەك هـەموو شـتێکی لەبەرچاوکەوتبێت، تەندروستیشی بەرەو خراپی دەچوو، نەخۆش دەکـەوێت و دووای چـوار سـاڵ بـەو دەردەوە دەتلێتەوە هەتا ١٩٣٨/١١/١٠ دەیکوژێت و مستەفا کەمال ئەتاتورك دەمرێت، ئـەو پیـاوە مـرد کـە هـیچ کەسێکی خۆشنەدەویست و هیچ کەسێکیش ئەوی خۆشنەدەویست، بەڵام ملیۆنەها کـەس دووای تەرمەکـەی کەوتن.(٧٠)

سوڵتان موردای پێنجەمیش ١٩٠٤/٨/٢٩ دەمرێت، بەڵام تـەنها هەشـت کـەس بەشـداریی ناشـتنەکەیان کرد، عـەلی پاشای کوڕی رووداکاتە خۆرهـەڵاتی کوردسـتان و دوای ماوەیـەك لـە ناوچـەی (خـوی ــ خـووی) سەلماس بە رێگای قەسری شیریندا دەچێت بۆ بەغدا و لەوێوە بۆ کەرکووك و ماڵی سەیید ئەحمـەدی خانـەقا و لەوێشەوە دەگاتە سلێمانی و وەستا تۆفیقی کەبابچی دەبێتـە ناسـیاوی و دوواتـر لەگـەڵ وەسـتا ئـەمانۆڵڵادا کاری تەنەکەچێتی دەکات. ١٩٠٩ کە سوڵتان رەشاد دێتە سـەرکار، عـەلی پاشـاش دەچـێت بـۆ پێنجـوین و دوای ماوەیەك گەڕاوەتەوە سلێمانی و بەنێوی وەستا غولامی تەنەکەچی خۆی ناساندووە و عەباسی کوڕیشـی لای مامۆستا نەجمەدین مەلا خوێندوویەتی و لە گەڕەکی کانێسکان کارگەی لالەزار بۆ دروستکردنی دەکتـی ئامێری فێنککەرەوە (موبەریدە) دادەنێت.(٧١)

**سوڵتان لەنێوان کەمالییەکان و هاوپەیمانانـدا**

پاشماوەکانی ئیمپراتۆریاکەی عوسمانیی، ئەوەی مابووەوە لـە نێـوان حکومـەتەکـەی مسـتەفا کـەمال لـە ئەنقەرە و حکومەتەکەی سوڵتاندا لە ئەستەمبوول دابەش بووبوو، نەك هەر وڵاتەکە بگـرە هـەموو شـار و گوندێکیش هەندێکیان لەگەڵ سوڵتاندا بوون و هەندێکیشیان دوای مستەفا کـەمالی گورگـە بـۆر کـەوتن، هاوپەیمانەکانیش جگە لە ئیتالیا بە هەموو شێوەیەك لە لایەکەوە هاوکـاریی یۆنانیـان دەکـردو لەولاشـەوە پشتگیری سوڵتان وەحیدەدین یان دەکرد دژی گورگە بۆر و لە هەمانکاتیشدا دەستی یارمـەتییان بـۆ هـەر بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتیش درێژ دەکرد و هانیان دەدان بکەونە خۆیان و لەژێر چنگی تـورك خۆیـان رزگـار بکەن کە نەتەوەکانی ئەرمەن، عەرەب و کورد بوون.

جێگەی داخە گەلی یۆنان بەو هەموو قوربانییەوە کەپێشکەشیان کردو سەرکەوتنی زۆریشـیان بەدەست هێنابوو، نەیانتوانی پارێزگاریی لە سەرکەوتنەکانیان بکـەن، بەتایبـەتیش لـە شـاری ئـەزمیر و درێـژە بـە پەلامار و پێشڕەویی بدەن، لەوەش خراپتر ئەو لەشکرەی سوڵتان بـە هانـدانی ئینگلیـز و فەرەنسـە ناردیـە سەرمسـتەفاکەمال (گورگـە بـۆر) لـە ئەنـەدۆڵ، بـەو هۆیـەوە چـەند مانگێـك بـوو مووچـەی مانگانـەیان وەرنەگرتبوو، شەڕیان نەکردو دایانە پاڵ لەشکرەکەی گورگە بۆر.

ئەم هۆیانە بەیەکەوە کاریـانکرد بـەریتانیا و فەرەنسـا و ئیتالیـا، لـە کۆبوونـەوەکانی لەندەنـدا رۆژانـی ١٩٢١/٢/٢١ ـ ١٩٢١/٣/١٤ بەسـەرۆکایەتی لویـد جـۆرج و ئەندامـەتی کلێمەنصـۆ و وەزیـری دەرەوەی ئیتالیا بەرامبەر هەردوو نوێنەری حکومەتەکەی سوڵتان لە ئەستەمبووڵ، تۆفیق پاشای سەرۆك وەزیران و نوێنەری حکومەتەکەی گورگە بۆر لە ئەنقەرە، بەکر سامی، رووبەڕوو دانیشتن.کەش‌و هەوای کۆبوونەوەکە تەمومژاویی بوو، کەمالیەکان لە رووس نزیك کەوتبوونەوە و ئەوەیان کردبووە کـارتێکی بـەهێز بـۆ فشـار خستنە سەر هاوپەیمانان، ئەوانیش بە گـەرمیی دژایـەتیی رژێمـە تـازە دامەزراوەکـەی مارکسـیان دەکـرد بەسەرکردایەتیی لینینی مەزن.

هاوپـەیمانانیش لـە نێـو خۆیانـدا لەسـەر دەسـتکەوتەکانی دوای شـەڕ کـۆك و تـەبا نـەبوون، فەرەنسـە نەیدەویست بەریتانیا بە تەنها خێروبێری عێراق بخوات.

کەمالییەکان رێگای مانۆڕی رامیارییان لەبەردەمدا بوو، کەوتنە سەوداو مامەڵەی سیاسیی و دایان بـە گوێی هاوپەیماناندا کە ئامادەن لە رووسـەکان (یـەکێتی سـۆڤیەت) دوور بکەونـەوە و دەسـت لـە هـەرێمی موسڵێش (کوردستانی باکوور) هەڵبگرن بەرامبەر سڕینەوەی ئەو بەندانەی پەیمانی سـیڤەر کـە مافـەکانی ئەرمەن و کوردی چەسپاندووە.هاوپەیمانانیش هەر بۆ ئەوەی گورگە بۆر نەبێتە هاوپەیمانی لیـنین و تورکیـا بکاتە جێگەپێی رووسەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و کەشتیگەلەکەیان بگاتە دەریـای سـپی ناوەڕاسـت، قایل بوون. ئەو کۆبوونەوەیەی لەندەن هەرچـەند نەگەیشـتە بڕیارێـك، بـەڵام سـەرکەوتنێکی گـەورەبوو بـۆ کەمالیزم و رێگەچارەیەکیان نەدۆزییەوە جگە لە جێبـەجێکردنی داواکارییـەکانی گورگـە بـۆر، هەرچـەندە لەگەڵ بەریتانیا رووبارێك خوێنیان لە نێواندا رژا بوو، خودی لوید جۆرجیش دوژمنێکی سەرسەختی تورك بوو، هەستی دەکرد جامێك ژەهر دەنۆشێت (وەك خومەینی کە بـە ناچـاری بڕیـاری ئاگربەسـتی دا لەگـەڵ صەدام حوسەیندا).

نوێنەری حکومەتەکەی ئەنقەرە لە کۆبوونەوەکاندا دەیوت (دووبارە ئەم وڵاتە "کوردستان" لە پەیمانی سیڤەردا باسی موختاریەت کراوە، بەڵام ئێستا کوردەکان لە مەجلیسی گەورەی میللەتا (تورکیا بیوك میللەت مجلسی) نمایندەیەکی زۆریان هەیە و بەشێوەیەکی فراوان (تەمسیل)ئەکرێن، بەڵام ئەم نمایندە کوردانە دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان هیچ باسێکیان لە مەجلیسدا نەکردووە و مەیلێکی وایان نەنواندووە).هەروەها دەڵێت: (لە قانونی ئەساسی تورکیا، نەك هەر کورد بەڵکو قەومە بچووکەکانی تر، کە لە ژێرحوکمی تورکیادان، موختاریەتێکی فراوانیان پێ بەخشراوە، لەبەرئەوە باوەڕ ناکەم شتێ هەبێ کە ببێتە هۆی ئەوە کوردەکان بخاتە لێکدانەوەو دڵەراوکە بۆ دواڕۆژی خۆیان.) نوێنەری حکومەتەکەی سوڵتانیش لە ئەستەمبوڵ، سەرەك وەزیران تۆفیق پاشا، دەڵێت: (ئەگەر لەم روونکردنەوانە مەبەستتان کوشتاری ئەرمەنەکانە، میللەتی تورك تەواو بێگوناهە، چونکە ئێمە لەشەڕدا بووین... کوردە نەفام و توندڕەوەکان بە هەلیان زانی دەمارگیریی ئاینیی پاڵی پێوەنان ئەرمەنەکانیان کوشت.) ئەم درۆودەلەسانە بەسەر ئامادەبووەکاندا تێدەپەڕێت و دەچنە باروودۆخێکی دیکەوە جگە لە "گالیگرو پۆلس" نوێنەری یۆنان، کە وتی ئەگەر بە ئاشتیی مافی خۆمان دەست نەکەوێت بەشەڕ دەیسێنین.

زنجیرە شەڕەکانی کەمالیەکان کە عیصمەت پاشا سەرکردایەتی دەکردن لە ئین ئۆنۆ،(٧٢) سەکاریا، دۆملو، بڕشتی لە هێزەکانی یۆنان بڕیبوو، هەرچەند شەڕی ژیان و مردنیشیان دەکرد، بەڵام سیاسەتی نێودەوڵەتیی بەتایبەتیش کە ئیتالیا فەرەنسای قایلکرد، یۆنان "بۆرسە" چۆڵ بکەن، یۆنانییەکانی بە گورگاکان خواردوو دا، دەکشانەوە و کوژراوو برینداری زۆریان جێدەهێشت و تورکیش هەر بە زیندوویی هەڵیدەدانە نێو شەپۆلی دەریاوە.دواتریش لە شەڕەکەی قەرە حەساردا ١٩٢٢/٨/٢٦ بەجۆرێك ژێرکەوتن، سەرکردەکەیان ژەنەراڵ تریکۆپیس بە دیلی کەوتە دەست تورکە کەمالیەکان و رۆژی ١٩٢٢/٩/١٩ شاری ئەزمیریش کەوتەوە دەست تورك و بە هەوای ئەو سەرکەوتنانەوە بەرەو ئەستەمبوڵ دەکشان.

لوید جۆرج و بەریتانییەکان و فەرەنسییەکانیش هێشتا هیوایەکیان بەسەرکەوتنی یۆنانەوە بوو، ئەوانیش بەرگەی لەشکری کەمالیزمەکانیان نەگرت و شا ئەلێکسەندەریش مرد کە خوێنی تورکی بخواردایەتەوە ئۆخەی نەدەکرد. شاندی کەمالییەکان بەسەرۆکایەتیی بەکر سامی بە نهێنی هەوڵیدەدا لەگەڵ فەرەنسادا بگاتە رێککەوتنێك "کلیکیا" بۆ تورکیا چۆڵ بکەن... بۆ ئەم مەبەستە ١٩٢١/٣/٢٤ دەچنە کۆشکی ئەلیزێ بۆ گفتوگۆ لەگەڵ میلران سەرۆك کۆماری فەرەنسادا، بەڵام هەر چوونە ژوورەوە، سووك و بێنرخ تەماشای کردن، بێ فەرمووکردن لەناوەڕاستی هۆڵەکەدا بەپێوە رایگرتن، سەرتاپێ چاوێکی پڕ مانای پێداگێڕان و گرژو مۆن بەساردییەکەوە دەڵێت دانیشن (سەیرە ئێوە هاتوون لەگەڵتان رێککەوین و هێزەکانمان لە کلیکیا بکێشینەوە کەچی هێزەکانی ئێوە یا چەتەکانتان هەتا ئەم دەمەش گوللەبارانمان دەکەن، ئەمە پەیمانی ئێوەیە؟!)(٧٣) کە وەڵامیشیان دایەوە، قسەکەیان دەبڕێت و دەڵێت: ئەم قسە بێ مانایانە کەڵکیان چییە؟ ئەمجا یەکسەر هەڵدەستێتە سەرپێ کە نیشانەی تەواوبوونی دانیشتنەکەیە، شاندەکەش بێ ئەوەی ورتەیان لەدەم دەرچێت سەر شۆڕ دەکەن و دەچنە دەرەوە.(٧٤) لەگەڵ ئەوەشداکە لەگەل سەرۆك بەسەریانداهات، لەگەڵ سەرۆك وەزیراندا، شاتۆ بریان دەگەنە رێککەوتنێك:

١ـ فەرەنسا نوێنەری باڵای خۆی لە سوریا ئاگاداردەکات کە لەگەڵ شاندەکەی ئەنقەرەدا لەسەر ئەوە رێککەوتوون.

٢ـ ئەو شوێنانە دیاری بکرێن کە فەرەنسا بۆ هێزی کەمالییەکانی چۆڵ دەکات.

٣ـ تورکیش دوای ئەم هەنگاوە، داواکارییەکانی فەرەنسا جێبەجێ دەکات.

هاوکات مستەفا کەمال بە شیفرە شاندەکەی ئاگادارکرد کە یۆنان خۆیان بۆ پەلاماردان ئامادە کردووە، بۆیە پێویستە بەندێکی نوێ بخرێتە ناو رێککەوتنەکەوە، داوای یارمەتی و کۆمەکیی سەربازیی لە فەرەنسا بکەن، چونکە سەرۆك وەزیرانی یۆنان گۆتاریس چۆتە لەندەن و بەڵێنی یارمەتی سەربازیی لە بەریتانیا وەرگرتووە.

کەمال چاوەڕوانی ئەنجامی کۆبوونەوەکانی نەدەکرد، بەرگریی هێرشەکانی یۆنانی دەکرد و لە هەمانکاتدا پەلاماری هێزەکانی فەرەنساشی دەدا لە کلیکیا بۆ ئەوەی بەشەڕ دەریانبکات و نەکەوێتە ژێر گوشاری هاوپەیمانانەوە.

لەبارەی داواکاریی کۆمەکیی سەربازییەوە فەرەنسا بە شاندەکەی کەمالیزمەکانی راگەیاند، بەهیچ شێوەیەك ناتوانین چەکتان پێبدەین یا بفرۆشین .

## دوا وشە ,تورکیا لە نێوان رابوردو و ئێستادا

هزرو تێڕوانینی تورك بەگشتیی هزرێکی مەییو و قاڵبگرتووی ووشکە، بە پێوانەی رابوردوو لە ئەمڕۆ و داهاتوو دەڕوانێت، رێژەیەکی بەرچاوی تورك هێشتا وەك سەرکردەکانی مەغۆل بیردەکەنەوە، گرووپە رادیکاڵەکان گەلانی رۆژهەڵات لە خوار تورکەوە دەبینن و گەلانی ئەورووپاش بەئاستەم شانددەدەن لە شانیان! ئەوە کولتووری تورکە و ئەوەندەی نازییەکان خۆیان بە جیاواز و گەلان سووك تەماشا دەکەن، سوڵتانەکانی تورك بە هەموو ئەقڵییانەوە باوەڕیان وابوو پێ بخەنە سەر خاکی هەر وڵاتێك دەبێتە موڵکی خۆیان ئەگەرچی بەمیوانیش بچنە ئەو وڵاتە! هەموو بەرنامە و پلانەکانی دەوڵەتیش لەسەر بنەماکانی فرتوفێڵ و دووفاقیی و هەلپەرستیی داڕێژراون، بۆ نموونە لە دووەمین جەنگی جیهانیدا، تورکیا سەرەتا بێلایەن بوو، ١٩٣٩/١٠/١٩ پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ فەرەنسا و بەریتانیا مۆردەکات، ١٩٤١/٤/١٨ پەیمانی دۆستایەتی و هاریکاریی لەگەڵ ئەڵمانیاش دەبەستێت. کە پێوەرەکانی ئەنجامەکانی جەنگەکەش سەرکەوتنی هاوپەیمانەکانی پێشاندەدا، تورکیا ١٩٤٥/٢/٢٣ بانگەوازی جەنگ دژی ئەڵمانیا رادەگەیێنێت! بەڵام ئەو سەردەمە بەسەرچوو، ئەوەی جاران بۆ تورکیا دەلوا ئێستە بۆی نالوێت، سەرانی تورکیا و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی تورکیا بێزووی پێوە دەکەن تورکیابێتە ئەندامی بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا وزۆریش بەپەلەن رۆژێك زوتر بەوئاواتە بگەن و بەگەلانی عەرەب , فارس, کورد ,ئەرمەن و بلووژ, ئەفغان, هند وپاکستان بڵێن ئێمە ئەورووپایین،بەڵام ئەورووپا پەلەی نییە و مەرجەکانی خستۆتە بەردەم تورکیا:

١- وڵاتێك چارەنووسی بەدەست ژەنەڕاڵەکانی سوپاوە بێت کە چوار کودەتای سەربازییان دژی دیموکراتیزەکردنی رژێمی تورکیا کردووە.

٢- وڵاتێك پتر لە بیست ملیۆن مرۆڤ لە سادەترین مافەکانی ژیان بێبەش بکات. کێشەی کورد.

٣- ولاّتێك باری ناوخۆی شلۆق و ناهێمن بێت. شۆڕشی چەكداریی پارتی كرێكارانی كوردستان.
٤- ولاّتێك مافیای دەوڵەت بەئاشكراو نهێنی لە چالاكیدابێت. تیرۆركردنی ئازادیخوازان.
٥- ولاّتێك هێشتا دانی بەتاوانەكانی قەلاچۆكردنی گەلی ئەرمەندا نەناوە، داوای لێبوردنی لێنەكردووە و قەرەبووی دوو ملیۆنێك قوربانییەكانیشی نەكردۆتەوە جگە لە فایلی قەلاچۆكردن و راگوێزانی كوردیش (كە جارێ لە ژێرەوەیە).
٦- ولاّتێك لە ١٩٢٧/١/٢٥ ەوە یاسای قەدەغەكردنی بەكارهێنانی زمانی بیست ملیۆن كوردی دەركردبێت بۆ ئاخاوتن، چاپەمەنی، میدیا، هونەر و گۆرانی و مۆسیقا.
٧- ولاّتێك هێشتا هەڵوێستی نامرۆڤانەی سەركردەكانی پرۆتستۆ و شەرمەزار نەكردبێت كە زۆر ئاشكرا دوژمنكاریی مرۆڤایەتیی دەسەلمێنێت (وەزیری ناوخۆی توركیا، خالدون مەنتەشی ئۆغلۆ دوای بومەلەرزەكەی شاری ڤارتۆی كوردنشین، سەردانی ئەو شارە كاولە دەكات كە گوێی لە دەنگی رزگاربووەكان دەبێت بەكوردی دەدوێن،دەڵێت لەدەمی هەندێك گیانلەبەری مرۆڤ ئاساوە دەنگی ئاژەڵ دەبیستم).[٧٥]
وەها ولاّت و رژێمێك لە بازاڕی هاوبەشی ئەوروپادا جێگەی نابێتەوە.
من بەشبەحاڵی خۆم حەزدەكەم توركیا رۆژێك زوتر بچێتە ئەو بازاڕەوە و بەوهۆیەوە بیست ملیۆن كوردیش دەچنە ئەو بازاڕەوە و هیچ رژێمێكی توركیا ناتوانێت وەك ئێستا مامەڵەیان لەتەكدا بكات، بەلاّم هەرجارەو هەڵوێستێكی توركیا( كەریتییەك )بەرەو دوواوە دەیانگێڕێتەوە.. رۆژی ٢٠٠٩/١٢/١١ باندێكی مافیای دەوڵەتیی سەرۆكی پێشوتری قوبروص بابا دۆیۆلوس دەفڕێنێت، نە بەزیندوویی، بە مردوویی لە گۆڕەكەیدا!! ئاژانسەكانی دەنگوباس ئەم هەواڵەیان بڵاوكردەوە، گومانیش هەر روو لە توركیایە وكورد دەڵێت( دار هەڵگرە سەگی دز دیارە.)

## والییەكانی تورك لە پاڵ دادۆشینی گەلانی بندە ستیاندا كاری چاكیشیان كردووە!!

والییەكانی تورك جاروبار كاری باشیشیان دەكرد،هەر بۆ نموونە لە شارێكی وەك بەغدا، ساڵی١٨١٦ سەردەمی داوود پاشا یەكەمین رۆژنامە لە عێراقدا بڵاوكرایەوە (بەتوركی و عەرەبی)،١٨٢١ یەكەمین چاپخانەیان لە بەغدا دامەزراند، ١٨٦٤ یەكەمین كارگەی رستن وچنین و ١٨٦٨ دامەزراندنی بەڕێبەرایەتی كارگوزاریی پۆست، ١٨٦٩ چاپ و بلاّوكردنەوەی رۆژنامەی ئەلزەوراء، ١٨٧٠ دامەزراندنی كارگەی گەنم هاڕین، ١٨٧٠دامەزراندنی هێڵی ترام،١٨٧٢ دروستكردنی یەكەمین خەستەخانە، ١٨٨٠ یەكەمین كارگەی سەهۆڵ و ١٩٠٧ پرۆژەی ئاوی خواردنەوە لە بەغدا.. بەربەستی هندییەش هەرئەوان دروستیانكرد، بەلاّم بەو خشتانەی لە پاشماوەكانی شاری بابل و باخچە هەڵواسراوەكان دەریان دەهێنان و ئەو شوێنەوارە مێژووییە گرنگەیان كوێركردەوە كە یەكێكە لە حەوت سەرسوڕهێنەرەكەی جیهان ) بریا ئەو دووكارە هیچیان نەكردایە باشتر بوو.

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١- بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کورد، ل/٣٨٣

٢- نبز، دکتور. المستضعفون الكرد و إخوانهم المسلمون. لندن، ١٩٩٧، ص١١٠ — ١١١، حاشية ٦٥.

٣- ئیبن ئەلئەسیر و بیرونی دوو کەڵە زانای کوردن.

٤- سەردەمی سەلجوقییەکان لە بەغدا ١٠١٩ — ١١٩٦ ز.

٥- میدیای گەورە ئازەربایجانی خۆرئاوایە.

٦- دەوڵەتی عوسمانی بەنێوی عوسمان کە کوڕە گەورەی (ئەرتەغۆل)ە ناونرا.

٧- حەوت شوێنەوارە سەرسوڕهێنەرەکە ئێستا بوون بە هەشت.

٨- پاشاگەردانی ئەو پشێوی و تێکچوونی شیرازەی ژیانە دوای کوژرانی شا، سەردار، میر، گەورەی وڵات، جێگەی ئارامیو ئاسایش دەگرنەوە.. زاراوەکە هەرچەند زاراوەیەکی کوردی کۆنە و خەریکە بیردەچێتەوە، ئێستەش پڕ بە پێستی بارودۆخی شلۆقی وڵاتانی وەك عێراق، فەلەستین، ئەفغانستانە.

٩- حسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب٢، ستوکهۆڵم، ٢٠٠١، ل٤٠.

١٠- هەمان سەرچاوە، لە ٣٦٧.

١١- الملا احمد الزنكي، العقد الجوهري في شرح ديوان الشيخ الجزري، ج٢، قامشلي، ١٩٥٩، ص٨٢٤.

١٢- علي الوردي — الدكتور. لمحات من تاريخ العراق الحديث، م١، ج١، ف١. ص٣٦-٣٨.

١٣- هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.

١٤- کۆمەڵێك بەدڵ باوەڕیان نەهێنابوو وەك تیرەی بەنوقورەیز، دووایی ژووان بوونەوە و گەڕانەوە سەر بتپەرستی.

١٥- گرووپێکی ڕێکخراوی چەپوکرەش — الید السوداء، چالاکییەکەش گابریلۆ سەرکردایەتی دەکرد.

١٦- حوسێن خەلیقی، دکتۆر، کۆمەڵناسی کوردەواری، بەغدا، ١٩٩٢، ل ١٩٦ — ١٩٩.

١٧- دەوڵەتی عوسمانی زمانی تورکی بە پیتی عەرەبی دەنووسن، بەڵام وشە عەرەبییەکانی بەشێوەیەکی جیاواز دەنووسی وەك: عداله — عدالت، أخوه — أخوت، بە (ت) درێژ.

١٨- نبز، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠ — ٣١.

١٩- وڵاتی شام بریتیبوو لە سووریا، لوبنان، ئوردون و فەلەستین.

٢٠- عوسمانییەکان کردیان بە مزگەوت و ئێستا دەکەوێتە نێوەڕاستی ئەستەمبووڵەوە بە نێوی مزگەوتی ئەحمەد سوڵتان.

٢١- عەلی وەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

٢٢- ژمارەیەکی زۆر پیشەکاری شارەزا و بەهرەمەندی پیشەسازی و هونەری تۆپ و تۆپهاوێژ بە پارە و پولێکی زۆر لە ئەوروپا رادەکێشن.

٣٣- محمد مصطفى صفوت. السلطان الفاتح. القاهرة، ١٩٤٨، ص٩٨-١١.

٢٤- ئەستەمبوول وشەیەکی یۆنانییە.

٢٥- ئەستانە وشەیەکی ئێرانییە بە واتای پەرستگا، شوێنی پیرۆز.

٢٦- خەلیفەی عەبباسی لە بەغدا تەنها عێراقی عەرەب و کلیلەکانی مەککە و مەدینەی بەدەستەوە مابوو.

٢٧- ئاوێنە — تێکەڵاو، وشەیەکی کوردی رەسەنە دروست بەرامبەر مورەککەبی عەرەبی.

٢٨- بەکتاش — بەگداش گروپێکی ئاینین دەچنەوە سەر ئاینزای عەلەوی.

٢٩- محمد فريد. تأريخ الدولة العثمانية. القاهرة، ١٩١٢، ص٧٦.

٣٠- بابل واتا چوار وڵات.

٣١- بووەیهی ئەو ئێرانییە شیعانە بوون دزەیانکردبووە دەوڵەتی عەبباسی لە بەغداد و پلە و پایەی بەرزو

گرنگیان دەستکەوتبوو.

٣٢- عەلی وەردی. سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨- ٨٠.

٣٣- پوختەی ئەو پاڕانەوەیە (اللهم أحفظ لنا الد ین و الدولة).

٣٤- کۆنگریسی ئەمەریکا ڕۆژی ١٢/١٠/٢٠٠٧ بڕیاریدا قەلاچۆکردنی گەلی ئەرمەن بەدەستی تورك — عوسمانی تاوانێکە دژی مرۆڤایەتی.

٣٥- عەلی وەردی. دکتۆر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

٣٦- قرم — نیوەدوورگەی قرم دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی دەریای ڕەش.

٣٧- نەجیب پاشا ساڵی ١٨٤٢ بووە والی بەغدا.

٣٨- لۆرانس لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیوێتی (خۆم بەدەستەوە نەدا).

٣٩- عەلی وەردی. دکتۆر . سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ل١٧٧.

٤٠- بڕوانە پاشەکی شەرەفنامەی میر شەرەفخانی بتلیسی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی هەژار موکریانی، لە شەوکەت شێخ یەزدین، بارزانی لە مەهابادەوە........ وەریگرتووە. ل٤٦٢.

٤١- لە ڕێنووسی عوسمانیدا ئەو ووشانەی بە پیتی ( ت — خـڕ) کۆتاییدێت، بـە پیتـی (ت — درێـژ) دەنووسـران، وەك: حرِّیە — حریت.

٤٢- دەڵێم وەزیری جەنگ نەك بەرگریکردن، چونکە لەشکرەکانی عوسمانی بەردەوام لە پەلامارداندابوون.

٤٣- تاوانی هەرە گەورە بەگونجاو دەزانم بۆ (الخیانة العظمی)ی عەرەبی.

٤٤- ساڵی ١٩٠٦ ناوەکەیان کرد بە تورکیای لاو (ترکیا الفتاة) هەرچەند (الفتاة) واتا کیژۆڵە.

٤٥- شوکری فەزلی لەگەڕەکی فەزل — بەغدا لە دایکبووە و ساغنەبۆتەوە ئاخۆ کوردە یا عەرەب، ڕووناکبیرو کوردی زانێکی چاك و لە هۆنراوەشدا باڵادەستبوو، لە شەڕە شیعرەکانیدا لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەنێوبانگترین هۆنراوەشی ڕەخنەو وووریاکردنەوەی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستانە کە وتوویەتی:

ئیش کە ئەمڕۆ روو لە هەورازە سەرەو ژێر نەکەی

کاری جیدیشی ئەوێ هەر بەدووعا و نوێژی نەکەی

٤٦- ئیسماعیل حەققی خەڵکی سلێمانییە و باوکی ئازاد — دکتۆر، نەوزاد و شێرزادە.

٤٧- کەمال مظهر، دکتور، کوردستان في سنوات الحرب الأولی — ط٢. بغداد، ١٩٨٤، ص١٠٠.

٤٨- دیارە بە پێوانەی ئەمڕۆ بە (ڕۆژنامە) ناژمێردرێت.

٤٩- کمال مظهر، دکتۆر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

٥٠- بەعسییەکانیش لە کۆدەتاکەی ٣٠ تەمموز بە سەر کۆدەتاکەی ١٧ تەممووزدا (١٧-٣٠ تەمووز). ١٩٦٨ بەهەمان سیناریۆ صەددام و بارزانی برای خۆیانکرد بە هۆڵی کۆبوونەوەی سەرکردەکانی کۆدەتاکە و نەیارەکانیان دەستگیرکرد و بەفڕۆکەیەکی تایبەت ١٩٧٨/٧/٣٠ لە وڵات دووریانخستنەوە.

٥١- عەلی وەردی. دکتور. سەرچاوەی پێشوو، م٢، ج٢و ٣، ل٢٦٩ -٢٧٠.

٥٢- شەوکەت شێخ یەزدین. بارزانی لە مەهابادەوە بۆ ئاراس. لە فارسییەوە وەریگێراوە. هەولێر، ٢٠٠١، ل٤٦٤.

٥٣- بڕوانە عەلی وەردی، سەرچاوەی پێشوو، م٢، ج٣/٤، ف٥، ل١٦١.

٥٤- دوواتر بە (موفتی، قازی) ناوبرا.

٥٥- عەلی وەردی، دکتور، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.

٥٦- هەمان سەرچاوە، ل ١٦٣.

٥٧- هەمان سەرچاوە، ل١٦٤ — ١٦٩.

٥٨- هەمان سەرچاوە، ل١٦٩ -١٨٠.
٥٩- کە تورکیا چووە پاڵ ئەڵەمانیا، بەریتانیا پاپۆڕەکانی پێنەدان.
٦٠- کەمال مەزهەر، دکتور. سەرچاوەی پێشوو، پەراوێزی ل٣٦.
٦١- هەمان سەرچاوە، ل١٦٨ -١٧٠.
٦٢- زاراوەی کارڕاپەڕێن بەگونجاو دەزانم بۆ (قائم بالأعمال) وەك زاراوەیەکی دیپلۆماتیك.
٦٣- کەمال مەزهەر. دکتۆر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.
٦٤- هەمان سەرچاوە.
٦٥- هەمان سەرچاوە، ل٢٢٣.
٦٦- هەمان سەرچاوە، ل٢٢٩ -٢٣٠.
٦٧ـ هەمان سەرچاوە، ل٢٢٣ — ٢٢٤.
٦٨- عەلی وەردی، دکتۆر. سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.
٦٩- جەمال نەبەز. دکتۆر. کوردستان و شۆڕشەکەی، کوردۆ لە ئەڵەمانییەوە کردوویەتی بە کوردی. هەولێر ٢٠٠٧، چ٣، ل٧٨ـ ٨٣.
٧٠ـ کەڵك لە فتحی رضوان. مصطفی کمال أتاتورك. اعداد لجنة، بیروت **١٩٨٣**.
٧١ـ بڕوانە گۆڤاری سلێمانی ژمارە/ ١١٥، ئایار ٢٠١٠، گوڵان ٢٧١٠ کوردی.
٧٢- عیسمەت پاشا بە نێوی شەڕە سەرکەوتووەکەی( ئین ئینۆ) ئەو نازناوەی وەرگرت .
٧٣- فەتحی ریزوان، سەرچاوەی بیشوو.
٧٤- سەرچاوەی بیشوو.
٧٥- جەمال نەبەز، دکتور،سەرچاوەی بیشوو .
٧٦ ــ مەحموود مەلا عززەت،حکومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی سیاسەتی بریتانیادا،سلێمانی **١٠٠٥** ( **لەدەقەکەدا ئاماژەی بۆکراوە)**

# بەشی سێیەم

## ئێران لە کۆن و نوێدا

سەردەمی دەوڵەتی ماد , هەتا کۆماری ئیسلامی ئێران

شیعەگەرێتیی

پێشەواکانی چوار رێبازەکە

ونبوون و دەرکەوتنەوەی ئیمام مەهدی

ویلایەتی فەقیە

جەمالەددینی ئەفغانی

رێبازی بەکتاشیی

ماسیۆنیزم

صۆفینزم

دەوڵەتەکانی ئێران ٦٧٠ – ١٩٧٩

عەرەب و جوولەکە

سەلاحەددین و جەنگی خاچپەرستان

بێوەفایی گەلانی موسوڵمان بەرامبەر نەوەکانی صەڵاحەددین

جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوان شیعە و سوننە

سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسیی

کوژرانی عومەر، عوسمان، عەلی، حوسەین( خ.ل )

دەوڵەتی زەند، دەوڵەتی قاجار، دەوڵەتی پەهلەوی

سەرهەڵدانی شۆڕش لە رووسیا، مەنشفیك ١٩٠٥ بەسەرکردایەتی کرینسکی

سەرکەوتنی بەلشفیك ١٩١٧ بەسەرکردایەتی لینین.

زەنگی مەترسی و هۆشیاربوونەوەی کوردی خۆرهەلات – شۆڕشەکەی سمکۆ

ڕەزا شاو فارووقی میصر روودەکەنە ئەڵەمانی

کەوتن و ریسوابوونی رەزا شا

خزمایەتی کورد و گەلی میصر

خزمایەتی ئێران و میصر

کۆماری کوردستان _ مەهاباد

تیرۆرکردنی مستەفا مووسا – باوکی خومەینی و موستەفا ـ کوڕی خومەینی

ئێران رۆژێك بەر لە گەڕانەوەی خومەینی لە پاریسەوە بۆ ئێران

کورد راستەوخۆ لە نێوان ئێران و ئەفغانندا.

**جەنگی پیرۆز**
**ئەو ئاگرە بێئامانەی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و صەفەوی**
**بەناوی جەنگی پیرۆز**
**لە پێناو یەزداندا هەڵیانگیرساند و**
**زۆربەی ڕووداوەکانیشیان لە کوردستاندا قەومان و**
**دوو صەد و پەنجا ساڵێکی خایاند،**
**هەرباشە، کورد وەك وڵاتەکەی ویرانبوو، لانەی شێوا، سەریشی تێدا نەچوو.**
**فرتوفێڵی شا و سوڵتانەکان بۆ فریودانی گەلان،**
**جەنگ بەهەموو جۆرەکانییەوە چەپەڵ و دژی مرۆڤ و ئاوەدانییە،**
**پەیامی ئاینەکان ئاشتیی و برایەتیی و پێکەوە ژیانە،**
**چەپەڵترین جەنگ**
**ئەو جەنگەیە بەناوی ئاینەوە هەڵدەگیرسێنرێت.**

## ئێران لە کۆن و نوێدا

ئێران وڵاتیکی پان و بەرینی کیشوەری ئاسیایە، کەوتۆتە نێوان رووسیا، ئەفغانستان، تورکیا، عێراق و کەنداوی فارس ـ عەرەبەوە. خاوەنی شارستانێتییەکی پرشنگداری سەدە کۆنەکان و دواتریشە کە بەرهەمی هەوڵ و کۆشش و داهێنانی زانا و شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانی هەموو گەلانی ئێران، فارس، کورد، ئازەر، ئەرمەن، بلووش، عەرەب و هتد.. ئێران وڵاتێکی فراوان و بە پیت و دەوڵەمەندە، بەتایبەتی سامانی کانگاکانی نەوت و گازی سروشتیی و درەختی بەردار.

ڕووبەری ئێران نزیکەی ١.٠٠٠.٠٠٠ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و ژمارەی دانیشتوانیشی ٧٠ ملیۆن دەبێت، شارستانێتی و پێشکەوتنی گەلانی ئێران لەگەڵ پێشکەوتنی عوسمانی ـ تورکدا بەراوورد هەڵناگرێت، دەڵێم پێشکەوتن نەك شارستانێتیی کە ئەویش بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونی هەموو گەلانی موسوڵمان و ناموسوڵمان بوو نەك هەر تورك بەتەنها. سەیرە شارستانێتییە دێرینە ناسراوەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی لە دۆڵی سند — هندستان، چین، دۆڵی نیل ــ میسر، دۆڵی نێوان دوو رووبارەکە ــ عێراق، ئەوەندەیان بەجێنەهێشت، هیچ نەبێت گەلانی ئەمڕۆی ئەو وڵاتانە خاوەنی مافەکانیانبن و لەسایەی رژێمی پەرلەمانیی راستەقینە و سەربەستیی و یەکسانیی و برایەتیی و ژیانێکی شایان بە مرۆڤی ئەم سەردەمەدا ئاسوودە بوونایە، بەڵکو دەبینین دانیشتوانی ئەو وڵاتانە بەگشتیی نمونەی جۆرەها چەوساندنەوەی نەتەوەیی، ئاینیی، کۆمەڵایەتیی.. سەرەڕای نەخوێندەواری، برسێتی، نەخۆشی و دواکەوتنن وەك صۆماڵ، هندستان، میسر، عێراق، بەشێکی ئەفەریقا.

عەرەب دەڵێت: (شر البلية مايضحك)ناخۆشترین لێقەومان ئەوەیە مرۆڤ دەخاتە پێکەنین. ئێران و عێراق لەسەر دەریای نەوت مەلە دەکەن، کەچی ڕێژەی هەژاریی بەرزەو دانیشتوانی عێراقیش نەوتیان دەست

ناکەوێت،هندستانیش خاوەنی چەکی ئەتۆمە و نیوەی دانیشتوانیشی شێوی شەویان نییە!

زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەکانی ئێران هەتا سەرەتای سەدەی ١٦وادامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی ١٥٠٤ـ ١٧٣٦ پەیڕەوی ئاینزای سوننەیان دەکرد، بەڵام دامەزرێنەری دەوڵەتەکە بۆ ئامانجی رامیاریی و خۆجوێکردنەوە لە دەستەڵاتی خەلیفەکانی ئیسلام و سوڵتانەکانی عوسمانی وەك چەکێکی کاریگەریی ئاینیی ـ رامیاریی، کەڵك لە ئاینزای شیعەگەریّتی وەردەگرێت و دەیکاتە ئاینی فەرمیی ئێران و بەزۆری کوتەکیش دەیسەپێنێت و خۆیان بە هاوبیر و پێڕەوکاری پێشەوا جەعفەر (الإمام جعفر الصادق) ٧٠٠ـ ٧٥٦ز. دەناسێنن وەك پێنجەمین پێشەوای رێبازیی فیقھ لە ئیسلامدا دووای پێشەواکانی چوار رێبازەکەی بەر لە خۆی:

١- پێشەوا حەنیفە (الإمام نعمان إبن البشير) ٧٠٠ـ٧٦٧ ز، پشتی بە بەڵگەی پێوانەکاریی و بەراورد (القياس و المقارنة) دەبەست لە قورئاندا بۆ پەرەپێدانی شەریعەت.

٢- پێشەوا مالیك (الإمام مالك إبن أنس) ٧١٢- ٧٥٩ ز. لە بۆچوون و بڕیاری شەریعەتدا پشتی بە فەرموودەکانی پێغەمبەر دەبەست.

٣- پێشەوا شافیعی (الإمام محمد ابن أدريس الشافعي) ٧٦٧ ـ ٨٢٠ز. پشت بە فەرموودەکانی پەیامبەر زۆر نابەستێت، دامەزرێنەری زانستی یاسا بنەڕەتییەکانە (علم الأصول) هەردوو ئیمام حەنەفی و شافعی دەڵێن مەرج نییە خەلیفەی موسوڵمانان هەر لە هۆزی قورەیش بێت.

٤- پێشەوا حەنبەل (الإمام أحمد ابن الحنبل) ٧٨٠ـ٨٥٥ز. هەرچەند قوتابی پێشەوا شافعییە، بەڵام پەیڕەوی رێو شوێنی مامۆستاکەی نەدەکرد، قورئان و فەرموودەکانی پەیامبەری دەکردە بنەمای بڕیار و بۆچوونەکانی.

٥- پێشەوا جەعفەر (الإمام جعفر الصادق) ٧٠٠ ـ ٧٥٦ز. سەد صاڵێك بەر لە وونبوونی مەهدی[1] فەتوا دەدات، پێشەوا مافی خۆیەتی جێگری خۆی دیاریبکات، جێبەجێکردنی فەرمانەکانی جێگریش وەك فەرمانەکانی پێشەوا بێ چەندوو چوون جێبەجێ دەکرێ و سەرپێچی لێناکرێت، شیعەکان کەڵکیان لەم فەتوایە وەرگرت و پەرەی پێدەدەن، سەرئەنجامیش خستیانە قاڵبی (ویلایەتی فەقیھ)ەوە کە بریتییە لە کۆکردنەوەی هەموو دەستەڵاتە ئاینیی و سیاسییەکان لە دەست (وەلیی فەقیھدا) کە دەتوانێت هەموو بڕیارێك هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام هیچ دەستەڵاتێك بۆی نییە تەنانەت رەخنەش لە بڕیارەکانی ئەو بگرێت لە ژیاندا بێت یا مردبێت، خومەینی خوێنی سەلمان روشدی نووسەری کتێبی (آيات شيطانية)ی حەڵاڵکرد، ئەمڕۆ ٢٥ صاڵ دوای مردنی خومەینیش هەر کاری پێدەکرێت و خوێنی روشدی حەڵاڵە و بەریتانیا زۆر بەنهێنی پارێزگاریی ژیانی دەکات لە تیرۆرکردن و لەوکاتەوە کەس نەیبینیوە وەك ئەوەی لە ژێر زەویدا بژی.ئەوەش تەنهابەوهۆیەوەبوو ئەونووسەرە بۆچوونی خۆی لەمەڕ دەسەڵاتەکانی (وەلی فەقیھ) دەربڕیبوو.

بابەتی ویلایەتی فەقیھ و پلەی (وەلی فەقیھ) لە بابەتی پەیامبەرایەتیی و پلەی پەیامبەر گرنگترە، جگە لە والی فەقیھ ناشێت کەس دەستبخاتە کاروباری رامیاریی موسوڵمانانەوە، موحەممەد یەزدی لەوبارەیەوە دەڵێت بەهۆی گرنگیی ئەو پلە ئاینییەوە کە لە پلەی پەیامبەرایەتیی گرنگترە، زاتی یەزدان خۆی وەلی

دیاریدەکات، موسوڵمانانیش دەبێت بیدۆزنەوە وئەمەش پێیدەڵێن (کۆمیتەی پسپۆڕان). بەڵام شیعەکان هەموویان ئەم بنەمایە ناسەلمێنن، مەحمود تەبا تەبائی کوڕی تەباتەبائی قومیی دەڵێت ویلایەتی فەقیە یا دەستەڵاتی رەها لە رووی شەرعەوە چواردە پاڵاوتە پاك وبیگەردەکە (المعصومین)[٢] دەگرێتەوە کە دووربوون لە هەڵە و گوناه[٣]، ئەوانیش بریتین لە موحەممەد، فاتیمەی کچی و دوازدە پێشەواکە کە لە ژیانیاندا هەڵەیەکیان نەکردووە (مەبەستی سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی یەزدان)، بەڵام ئەوان هیچکامێکیان لە ژیانی خۆیاندا ئەو دەستەڵاتە رەهایەیان نەبووە، بۆیە پیادەکردنی ئەو دەستەڵاتە وەك ئەوەیە شتێك بەسەر موسوڵماناندا بسەپێنرێ پێچەوانەی ویست و ئارەزوویان، لەلایەنی ژێریشەوە یەزدان چۆن ئەو دەستەڵاتە رەهایە دەدات بە مرۆڤێك بڕیاری گیان و سامان و چارەنووسی موسوڵمانان بدات کە ئەوانیش وەك ئەم مرۆڤن و جیاوازییان نییە[٤].ئەم دەستەڵاتە رەهایە لە دەسەڵاتی جارانی پاپی رۆما دەچێت کە دانان و لابردنی شاو قەیسەرەکانیش هەر لە سنووری دەستەڵاتی پاپدا بوو، هەر لەوانیشەوە هەتا گەدا(لە پاشاوە هەتا گەدا) پێویست بوو کڕنووشی بۆ بەرن و قاچە سپی و ناسکۆڵەکانیشی ماچ بکەن.

### ئیمام محەمەدی مەهدی

پێشەوای چاوەڕوانکراو (الإمام مهدي المنتظر) یا رزگارکاری موسوڵمانان، کوڕی حەسەنی عەسکەرییە (حسن العسکری)، ساڵی ٢٢٥ك . لە دایك بووە، دەڵێن دایکی ناوی نێرگزە (نرجس) و رۆمی بێزنتەییە. پێشەوا مەهدی ١٢٠٠ ساڵ پترە لەبەرچاوان دیار نەماوە، شیعەکان لەبەر فرە پیرۆزی ناوی راستەقینەی ناهێنن، بەناوی باپیرەیەوە، پەیامبەری ئیسلام هەر بە (أبو القاسم) ناویاندەبرد بەرلەوەی بە مەهدی ناوی بهێنن.

شیعەکان باوەڕیان وەهایە مەهدی تەنهابە جەستە دیارنییە ئەگینا بە گیان لە ئارادایە و زۆر بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی دەرکەوتنەوەی دەکەن[٥]، بەلای هەندێك لە سوننەوە ئەم بۆچوونە پێچەوانەی دەقی قورئانە کە پەیامبەری ئیسلام دواهەمین پەیامبەر و نێردراوی یەزدانە (خاتم الأنبیاء و الرسل). عیسای یەسوع دەڵێت کاتێك لە نێو مرۆڤدام کوڕی یەزدانم، بەڵام کە لەبەرچاوان ونبووم خودی یەزدان خۆمم! هەروەها دەڵێت من کوڕی مرۆڤم، مرۆڤی ئاقڵ و تەواو یا ناسۆت (سووپەرمان).

شیعەکان لەو باوەڕەدان، موسوڵمانان پێویستە ژێرفەرمان و گوێڕایەڵی جێگرەکانی مەهدی بن، بەتایبەتیش ئەوانەی بە پلەی ئایەتوڵلای عوزما(آیة الله العظمی) گەیشتوون، شا و سوڵتان و دەستەڵاتداران، هەربڕیارێك بدەن رەزامەندیی ئەوانی لەسەر نەبێت بڕیارێکی پووچەڵە (باطل). جێگرەکانیش پێویستە بەردەوام لایەنی میللەت بگرن و چاو لە زۆرداریی و کاری ناڕەوای هیچ فەرمانڕەوایەك لە هەر پلەو پایەیەکدا بێت، نەپۆشن، ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونی زاناکانی سوننەیە، کە فەرمانڕەوای وڵات لە جێگەی جێگرەکانی پەیامبەر دادەنێت و موسڵمانان پێویستە گوێڕایەڵیی فەرمانەکانیان بکەن، ئەمە کرۆکێکی دووبەرەکیی و جیاوازیی نێوان زانایانی سوننە و شیعەیە کە لە دەقێکی قورئاندا هاتووە (یا ایها الذین آمنوا أطیعوا الله و رسوله و أولوا الأمر منکم) ئەی مسوڵمانینە ملکەچی یەزدان و پەیامبەرەکەی وگەورەکانتان بن، ئەو دەستەواژەی (وأولوا الأمر منکم) لای شیعەکان،پێشەوا مەهدی، پێشەواجەعفەر و جێگرەکانیان دەگرێتەوە

و جگە لەوان پێویستە لە رووی هەموو فەرمانڕەوایەکدا بوەستنەوە، تەنها ئەوانەیان نەبێت رێگەنادەن کـەس مـافی کەس بخوات، لەو روانگەیەوە زاناکـانی شـیعە بەشـداریی حکومەتـە عەلمانییـەکان ناکـەن، بـەلاّم لای سوننە، سولتان، خەلیفە، فەرمانڕەواکان و دایك و باوك و سەرگەورەی خێزانیش دەگرێتـەوە. راستییەکەشـی ئەو فەرمانڕەوایانە لە دوای چوار جێگرەکەی پەیامبەرەوە زۆر دەگمەن دادپەروەرێکیان تێدا هەلکەوتبێت.

مرۆڤ هەموو کاتێك لەبەر چرای ئاین ناڕوات بە رێگادا، چونکە ئاین و بەرژەوەندییـە دنیاییـەکان هـەموو کاتێك پێکەوە ناگونجێن، هەرچـەندە دان بـەم راستییەشـدا نـانێن و دەیشـارنەوە، هزرەوانـی مـەزنی ئیسـلام جەمالـەددینی ئـەفغانی ١٨٣٨ -١٨٩٧ز.، دەلێـت عوسمانییـەکان بۆیـە کـەوتن و لەناوچـوون، چـونکە لـە راستەڕێگەی ئاین و ناوەڕۆك و کاکلەی ئیسلام دوورکەوتنەوە و دەستبەرداریی بوون. ناسـینی جەمالـەددینی ئەفغانی بە خوێنەر، کەلکێکی چاك بە بابەتەکە دەگەیەنێت. جەمالـەددین سـەرەتای زانسـتە نوێیـەکان لـە هندستان دەخوێنێت، لەگەل (غەزالی)دا هـەردووکیان تووشـی جۆرێـك لـە خوانەناسـیی (ألحـاد) بـوون، وەك هەموو هزروانەکانی بەرلە خۆیان، ئەوانیش بە قۆناغی گومـان و راڕاییـدا تێدەپـەڕن، جەمالـەددین دەچـێتە ریزەکانی (ماسۆنیزم)یشەوە، کـە سـەرەتاکانی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ئەنـدازیارە وەسـتایانە کـە کۆتەلەکـەی سلێمانیان لە ١٠١٢ پز. دروستکردووە. هەندێکیش دەلێن لە سەندیکای ئەو وەستاو کرێکارانەوە دروستبووە کە لەماوەی بیسـت سـالدا ٥٠٠ سـەد کەنیسـە دروسـت دەکـەن و نەیاندەویسـت نهێنییـەکانی پیشـەکەیان بکەوێتە دەست خەلك.دروشمەکەیان بریتییە لـە پڕگالێـك و سێگۆشـەیەك، ١٧١٧/٦/٢٤ز، دەچـێتە قـالبی رێکخراوێکەوە بۆ بەدیهێنانی رزگاری، برایەتی، یەکسانی و پێکەوە گونجانی ئاینەکان.

ماسۆنیزم رێکخراوێکـی کراوەبـوو، هەرکەسـێك سـەر بەهـەر ئاینێـك یـا بیروبـاوەڕێکی رامیـاریی بوایـە دەیتـوانی بێتـە ریزەکانییـەوە بەمـەرجێك برایـەتیی هـاوبیرە ماسـۆنییەکانی بخاتـە پـێش برایـەتیی ئـاین و نەتەوەییەوە، باوەڕی بەیـەزدان و نـەمریی رۆح هـەبێت، هاوبیرەکـانی خـۆش بوێـت، نهێنییـەکان بپارێزێـت، لەکاروکردەوەکانیدا دلسۆز بێت.

بنکەی سەرەکیی رێکخراوەکە لەندەن بوو، لە ماوەیەکی کورتدا زۆر پەرەیسەند، لە رۆژهەلاّتی نێوەڕاستدا لوبنانییەکان زوتر پەیوەندییان پێـوەکرد، لـەم ناوچـانەدا بـە (فارمەسـۆن) ناویـدەرکرد، بـەمانای کەسـێکی ماسۆنی، وشەکەش ئاوێتەیە، فریی یا فرای بەمانای ئازاد و ماسۆن بەمانای بینا (بناء).

زانایانی ئاینیی ئیسلام هەتا ١٩٦٤ هەلوێستێکی ئاشکرایان بەرامبەر ماسۆنیزم نەبوو، جگە لەو بڕیـارە ئاییـنییە (فەتوا)ی دەلێت: شاراوە و نادیارە، شتێکی ئەوتۆی لێنازانین، بۆیە ناشێت بچینە ریزەکانییـەوە بـە پێی فەرمودەی پەیامبەر (دع ما یریبك الی ما لا یریبك) بەلای کارێکدا مەچۆ لێی دوودلّ و بەگومانبیت، خەریکی کارێك بە لێی دلنیا بیت. ماسۆنیە بەنێوبانگەکان لە نێو شاکاندا، پازدەمین شارل(شارلی١١ ) شای بەریتانیا، دووەمین ئۆسکار،شای سـوید و نـەرویج، پێنجـەمین گۆسـتاف شـای سـوید، حەوتـەمین فردریـك و هەشتەمین فردریك لـە دانیمـارك، یەکـەمین ئەسـکەندەری قەیسـەری رووسـیا، نـاپلیۆن پۆنـاپرت قەیسـەری فەرەنسا، فردریکی مەزن، دووەمین فردریك ولـێم شـای پرووسـیا، فردریـك قەیسـەری ئەلـمانیا، یەکـەمین لیۆپۆلد شای بەلجیکا، چوارەمین جۆرج، چوارەمین ولێم، حەوتەمین ئەدوارد، هەشتەمین ئـەدوارد، شەشـەمین

جۆرج لە شاکانی بەریتانیا[٧] لە سەرۆکەکانی ئەمەریکاش، جۆرج واشنتن، مۆنرۆ، جاکسن، بۆلـك، بۆکـانین، ئەندرۆ جۆنسن، گارفلید، ماکنلی، رۆزفلت، هاردنج، کۆلدج، ترومن. ئەوە جگە لە ڤۆلتێر، گۆتە، بێتهۆڤن، مۆزرات، میرابۆ، گاریبالدی، چەرچڵ.

جەمالەددین دەیوت زاناکانی ئاینی ئیسلام تـەنها لـە رووکەشـی ئیسـلام تێگەیشـتوون و دەیانـەوێت ئـەم جیهانە پان و بەرینە بەو بیرە تەسکە لێکبدەنەوە، داهێنان و دەستکەوتە شارستانێتیە بەنرخـەکانی ئـەوروپا بەلاوە دەنێن، فێرگە و خوێندنی سەردەم حەرام دەکەن. جەمالەددین شوێن پێی صـۆفی بـەنێوبانگی ئیسـلام موحەییـدینی عـەرەبی هـەڵگرتبوو کـە بـاوەڕی وەهـابوو ئاینـەکان لەیـەك سەرچـاوەوە هـەڵقولاون کـە خۆشەویستییە، جیاوازییەکە لەوەدایە هەر ئاینە و بە پێی بۆچـوونی تایبـەتیی خـۆی لـە یـەزدان تێـدەگات، هـەروەك چـۆن صـۆفییە مەزنـەکانیش لـە پلـە بـەرزەکانی پێگەیشـتندا دەگەنـە ئاسـتێکی فەلسـەفیی لـە خۆشەویستیی یەزداندا دەتوێنەوە و سنوورێك لە نێوانیاندا نابینن، یەزدان و خودی خۆیان وەك یەك دەبیـنن! صۆفی مەزن حەللاج لەو رێگەیەدا کرا بە داردا کە دەیوت:

**روحُهُ روحي و روحي روحُهُ      أنْ يَشأ شئتُ وأن شئت يشا**

واتە: گیانی ئەو(یەزدان) و گیانی من یەك گیانە، هەرچی ئەو بیەوێت دەمەوێت، مـنیش هەرچیم بووێـت ئەویش دەیەوێت!

دیارە وەها بۆچوونێکی نەشیاو بۆ مرۆڤ هـەرمرۆڤێك بێـت کوفرێکـە، کـوفر لـەوە گـەورەتر نییـە بـەلای مرۆڤێکی ئاساییەوە کە نازانێت توانەوەی خۆشەویست لـە گیـانی خۆشەویسـتدا (خۆشویسـتراو— محبـوب) چییە، بۆیە ناشێت بگوترێت. مەحوی لوتکە گلەیی لە حەللاج دەکات و دەڵێت:

**با هەقیشی بێ لە بۆ حەللاج ( أنا الحق ) حەق نییە      شێتییە مەجنوون کە بێت و نازی لەیلایی بکات**

ئاینی ئیسلام هـەر( شـایەتمان، نوێـژ و رۆژوو، زەکـات و حـەج نییـە، تیگەیشـتنی فەلسـەفەی ئاینەکـەو پیڕەوکردنێتی لە ژیانی رۆژانەدا، پێوەندیی مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و دەوڵەت و پێوەندی دەوڵـەت و دەوڵـەتیش پێکەوە. تەنها رێگای رزگاربوونیش هەر گەڕانەوەیە بۆ ناوەڕۆك و کاکڵەی ئاین و گەڕانـەوە و چـوونەوە سـەر راستە رێگای ئیسلام،بۆنموونە سەرەتای سەدەی چواردەیەمی عیسایی چەند بزوتنەوەیەك لە ولاتانی عەرەبدا دەرکەوتن، بزوتنەوەی وەهابیی لە حیجـاز، سنووسـیی لـە لیبیـا، رێبـازی مەهـدی لـە سـوودان کـە کۆدەتـا سەربازییەکەی عومەر بەشیر/ عەلی صادق مەهدی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلام لە سوودان و بەڕێوەبردنی ولات بە پێی یاساکانی شەرع لە ١٩٧٩/٢/١٠ وە لـە ژێـر چـاودێری گرووپەکـەی (تـورابیی) بـەدوواداهات، بزوتنەوەی ئاخوندەکان لە لایەن تەباتەبائیی، شەریعەتمەداریی، مەرعەشیی نەجەفیی و گوڵپایگانیی کە هەر چواریان لە پلەی ئایەتوڵلادا بوون.

دەوڵەتی عوسمانی ١٢٩٩ — ١٩١٨ و دەوڵەتی سـەفەوی ١٥٠٢ — ١٧٣٦ ز، لـە دوای دامەزراندنیانـەوە لەوەدا لەیەکتر دەچن، هەردوولایان پـەنایان بـۆ ئـاین و ئـاینزا بـرد و وەك بنەمایـەکی بـەهێز خۆیـان لەسـەر راگرت. لە نێو ئەو هەمـوو گەلانەی کەوتنە ژێر دەستەڵاتی لەشکری موسوڵمانان، فارسەکان یەکێك بوون لەو نەتەوانەی ئاینەکەیان لە عـەرەب وەرگرت و بوونە موسوڵمان بەڵام نەبوون بە عـەرەب، فارسەکان جگە لەوەش

لە ژێر ئاڵای شیعەگەریدا خۆیان لە دەستەڵاتی سوڵتان و خەلیفەکانی ئیسلامیش رزگارکرد و ئاینزای شیعە دەکەنە پەرژینێك بۆ دوورکەوتنەوە لە عەرەب و ژێرچەپۆکیی عەرەب و زۆر ژیرانەش کێشەی ئیمام عەلی لەگەڵ ئەبوبەکر،عومەر،عوسمان(خ.ل) ومعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان دەکاتە بنەمای ئەو دژایەتیکردنە، نەك داکۆکیی کردنی راستەقینە لە ئیمام عەلی،گەربهاتایەوعەلی خەلیفە بوایەو ئەبوبەکروعومەروعوسمان و معاویە لەبەرەی نەیاراندابوونایە بەرەنگارییان بکردایە،ئەو کاتە ئێران پشتیوانیی لەوان دەکرد دژی عەلی،ئەوانی بەشایستەو بەشخوراو دادەناوعەلی بەزۆردار...هیچ خەلیفەیەکی عەرەب بۆ ئێران گرنگییەگی تایبەتیی نەبوو، ئەمیان لەوشیاوتربوو یا ئەویان مافی ئەوی دیکەی خواردووە ئەوندەی گرنگیی دۆزینەوەی رێگە چارەیەکی شەرعیی بۆ وازیکردنی رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن و کەرتوپەرتکردنی موسوڵمانان ودەرچوون لەژێر هەژموونی عارەب خۆجیاکردنەوە لێیان .عوسمانییەکانیش دوای ئەوەی وەك کوللە رژانە ناوچەکەو بوونە موسوڵمان، پشت ئەستوور بە ئاینەکە جێگەپێی خۆیان کردەوە و خۆیان دامەزراند و بەهاوکاریی حاجی محەمەدی بەکتاشیی، ئاینزای سووننە دەکەنە ئاینی فەرمی هەموو موسوڵمانان و وەك چەکێکی کاریگەر لە هەموو روویەکەوە خستیانە خزمەت ئامانجە رامیاریی و جەنگییەکانەوە و کەڵکی زۆریشیان لێوەرگرت.
ولاتی ئێران ماوەی سەدو پەنجا ساڵێکی نێوان ٦٧٠ – ٥٢٠ پز. لەژێر دەستەڵاتی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ماد – میدیا دا بوو کە دەوڵەتی هاوبەش و یەکسانیی نێوان کورد و فارس بوو، بەر لە دەوڵەتی ماد ودوای ئەویش ٥٢٠ پز. چەندین دەوڵەت لە ئێران دامەزراوون:

## دەوڵەتەکانی ئێران

١- دەوڵەتی کاشی- کورد ٧٦٠پز .

٢- دەوڵەتی ئاشوور ؟ـ ٦١٢ پز.

٣- دەوڵەتی ئەخەمەنی ٥٥٩ ـ ٣٣٠ پز[٧].

٤- دەوڵەتی یۆنان – ئەسکەندەر ٣٣٤ – ٣٣٠ پز.

٥- دەوڵەتی ئەشکانی (پارثی) ٢٤٦ پز ـ ٢٥٠ز.

٦- دەوڵەتی ساسانی ٢٥٠ – ٦١١ز[٨].

٧- دەوڵەتی ئیسلام ٦٣٧ – ٦٦١ز.

٨- دەوڵەتی صەفەوی ١٥٠٢ – ١٧٣٦ ز.

٩- دەوڵەتی ئەفغان لە ئێران ١٧٢٢ – ١٧٣١ ز. (ڕووبەرێکی فراوانی خاکی ئێران دەگرێت بەر لە دەرکەوتنی نادر شا ١٧٣٠ – ١٧٤٧ ز.)

١٠-دەوڵەتی زەند ـ کورد ١٧٥٤ـ ١٧٩٤ز.کە ماوەی فەرمانڕەوایی مەزنێکی کورد کەریم خانی زەند بوو.

١١- دەوڵەتی قاجار ١٧٩٤ – ١٩٢١ز.

١٢- دەوڵەتی پەهلەوی ١٩٢١ – ١٩٧٩ز.

١٣- کۆماری ئیسلامی ئێران بە رابەری (آیة الله العظمی روح الله الإمام خمینی) لە ١٩٧٩ ەوە فەرمانڕەوایی گەلانی ئێران دەکەن وسیستمی دەسەڵاتی ( ویلایەتی فەقیە )پیادەدەکەن.

دەوڵەتەکانی عوسمانیی، رووسیا و بەریتانیاش ئەوەندەی توانییان لەسەردەمی جیاجیادا، هەریەکە و دەست بەسەر بەشێکی ئێراندا دەگرێت. دەوڵەتی ماد – میدیا ٦٧٠ - ٥٢٠پز. پایتەختەکەی شاری ئەکباتان (هەمەدان) بوو لە هەرێمەکانی ئازەربایجان (لوڕستانی رۆژهەڵات و کوردستانی باشوور و باکوور پێکهاتبوو، ٦١٢ پز. بەهاوکاری دەوڵەتیی ئەکەد پەلاماری دەوڵەتی ئاشوور دەدەن و دەست بەسەر شاری نەینەوادا دەگرن).

دەوڵەتێکی دیکەی کوردیش، دەوڵەتی کاشی- کاسی بوو، ئەوانیش ٧٦٠ پز. وڵاتی ئەکەد – بابل داگیر دەکەن و لەگەڵ وڵاتی سۆمەر – وەرکای ژێردەستیاندا دەیانکەنە دەوڵەتێکی یەکگرتوو لە ژێر فەرمانڕەوایی کورددا.

کۆرشی ئەخەمەنیش لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا لە ٥٣٠ یا ٥٣٩ پز، بابل پێیتەختی دەوڵەتی ئەکەد دەگرێت و ٥١٢ پز. پەلاماری ئاشووریش دەدات و دەستبەسەر (نەینەوا)ی پایتەختدا دەگرێت.

ڕوومە بێزنتەکانیش صاڵانی نێوان ٦٢٧ – ٦٣٩ز. سەرگەرمی پەلاماردان و داگیرکردنی ئێران و کوردستان بوون.

صاڵی ١٢٠٣ز. لە ئاسیای دوور، سەرکردەیەك پەیدا دەبێت بە نێوی جەنگیزخان، لە ماوەی نێوان صاڵانی ١٢٠٣ – ١٢٢٦ز. نزیکەی سەد صاڵێك بەرلە دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی لە باشووری وڵاتی بەرفراوانی چیینەوە دەستدەکات بە هێرش و پەلاماردان، پەکینی پایتەخت داگیر دەکات و دەست بەسەر تەواوی وڵاتەکەدا دەگرێت، لەوێشەوە روو دەکاتە ئێران، ئەفغانستان، رووسیا و وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە (عێراق) و هەموو کوردستانیشی کۆنترۆڵکرد، هەرچەند زۆریش لە ژێر دەستیدا مایەوە، بەڵام نەیتوانی کولتووری تۆرانی خۆیانی تێدا بەجێهێڵن. لە نێو هەموو داگیرکارەکانی وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە (میسۆپۆتامیا) کە دواتر و بە پێوانەی مێژوو دەمێك نییە ناونراوە عێراق، تەنها ئێران لەوەدا سەردەکەوێت کولتووری خۆی لە بەشێکی عێراقدا جێهێڵێت، بەتایبەتیش لە شارەکانی فوراتی ناوەڕاست، نەجەف، کەربەلا، سامەڕا، کازیمەین، هەرچەند عوسمانییەکانیش توانیان کەمووزۆر گەرای خۆیان لەشارەکانی کەرکووك، هەولێر و دەوروپشتی موسڵدا دابنێن، لەشکری ئیسلامیش کە دەست بەسەر ناوچەکەدا دەگرێت، کورد و گەلانی ئێران بەخۆشیی بوو یا ترشی، زۆربەی هەرە زۆریان، ئامێز بۆ ئاینی ئیسلام دەکەنەوە، بەڵام پارێزگاریی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیانیان کردو نەبوونە عەرەب، بە پێچەوانەی (قیبتی)یەکانی میسر و (ئامەزیری)یەکانی جەزایر و مەغریب و تونس و مارۆنی و درووزەکانی لوبنان کە لە بۆتەی عەرەبدا تووانەوە، بەڵام نەبوون بە موسڵمان و لەسەر ئاینە تایبەتەکانی خۆیان دەمێننەوە.

دوا بەدوای رووخانی دەوڵەتی ماد – میدیا ٥٢٠ پز. بەدەستی ئاشورییەکان، فەرمانڕەواییە هاوبەشەکەی کورد و فارس کۆتایی دێت، بەڵام فارس دەوڵەتی ئەخەمەنی لە جێگەدا، دادەمەزرێنی(٩). دوای کەوتن و لەنێوچوونی هەردوو دەوڵەتی ئاشوور کە پایتەخەکەی شاری (ئوور)ی نزیك مووصڵ بوو، دەوڵەتی ئەکەدیش کە پایتەختەکەی شاری بابلی نێزیك شاری حیللەی ئێستا بوو لە ناوەڕاستی عێراق، ئیتر وڵاتی میسۆپۆتامیا (عێراق) و نزیکەی نیوەی وڵاتی کورد لە نێوان زلهێزەکانی ئەو سەردەمەدا دەستاودەستیان دەکرد.

٥٢١ — ٤٨٤ پز. داریۆش (دارا)ی شای ئێرانییەکان فەرمانڕەوایی بابلیشی دەکرد، سەیر لەوەدا بوو لەبری باج و سەرانە داوای ٥٠٠ پێنج سەد پیاوی خەساو دەکات!

دەوڵەتی ئەخەمەنی ٥٥٩ — ٣٣٩ پز، لە سەردەمی کۆرشی مەزن (کۆرش بزرگ) تـوانی لەشـکری ئەکـەد بشکێنێت و دەوڵەتەکەیان هەڵوەشێنێت و دەستەڵاتی خۆی لە بابل جێگیر بکات و جولەکە و دیلـەکانیش لـە جەورو ستەمی ئەکەدەکان رزگار بکات، کە نەبووخەزنسـر صـاڵی ٥٧٧ پـز. ئورشـەلیم — قـودس دەگرێـت، جوولەکەکانیشی پەلبەست کردو ماوەی ٤٠ صاڵێك بە دیل و داماوی مانەوە.. کۆرش نەك هەر رزگاریکردن، رێگەی پێدان بگەڕێنەوە فەلەستین و شوورا و قـەڵاکان هەڵبچـننەوە و کۆتەڵەکـەی حـەزرەتی سـلێمانیش لـە شاری قودس دروستبکەنەوە، ئینجیل لەبارەی کۆتەڵ (پەیکەر)ەکـەی سـلێمانەوە دەڵێـت: (بـوونی ئێمـە بـە ئورشەلیم — قودسەوە بەستراوە، بوونی ئەویش بە کۆتەڵەکـەوە بەسـتراوە)[١٠]، جـا ئـەم هـزرە لـە جولەکـەوە دزەیکردۆتە بیروباوەڕی دیانەکانەوە، یا لە هزری دیانەکانەوە خۆی کێشاوەتە نێو بـاوەڕی جوولەکـەوە و هـەر لەوێشەوە کێشەی قودس و وڵاتی فەلەستین سەرهەڵدەدات لە نێوان موسوڵمان و دیانەکاندا هەتا دەرکـەوتنی سەرلەشکرێکی هەرەناسراوی مێژوو، رۆڵەی کورد و موسوڵمان سەڵاحەددینی ئەیوبی کە دیانەکان لە قـودس دەردەکات و کۆتایی بە لەشکرکێشیی و پەلامار و خوێنڕشتنی درێژخایەنی ئیسـلام و دیـان کـە لـە مێـژوودا بەجەنگ و هێرشەکانی خاچپەرستەکان تۆمارکراوە و سـەرکردە ئەوروپاییـەکان رۆڵـی بەرچـاوی ئازایـەتیی و سوارچاکیی و جـوامێریی و لێبـوردەیی سـەڵاحەددین زۆر بـەرز دەنـرخێنن. کۆتـایی جـەنگی جیهـانی دووەم کێشـەکە سـەرهەڵدەداتەوە، بـە پلانێکـی نێودەوڵـەتی و بـە پێـی پـەیمانی بلفـۆر کـە گومـان لـەوە دەکرێـت سەرکردەکانی عـەرەبیش بەتایبەتی فەیسەڵی کوڕی حسێن دەستیان تێدا بوو بێـت، جوولەکـەکان کـە بەسـەر چەندین وڵاتدا دابەش بووبون[١١] بەرە بەرە دەگەڕێنەوە فەلەستین و رێژەی ٣١٪ی دانیشـتوانیان پێکـدەهێنا، بەڵام تەنها ٦٪ی خاکیان بەدەستەوەبوو، کە کۆمەڵەی نەتەوەکانیش بڕیـاری دابەشـکردنی فەلەسـتین دەدات بەرێـژەی ٥٦٪ بـۆ جوولەکـە و ٤٤٪ بـۆ عـەرەب، سـەرکردەی جوولەکـەکان بنگۆریـوون صـاڵی ١٩٤٨ دامـەزرانـدنی دەوڵـەتی ئیسـرائیل رادەگەیـەنێت لـە فەلەسـتین بێئـەوەی سـنووری دەوڵەتەکـە دیاریبکـات، پێشنیازی ئەوەش دەکات لەگەڵ عەرەبدا وەك (برا) لە دوو دەوڵەتی دراوسێدا بژین. هەڵەی کوشندەی عـەرەب ئەوەبوو، کە نەیاندەتوانی جوولەکە دەربکەن، بەو دابەشکردنی نیوە بە نیوەیەش رازینەبوون، ئەوەتـە ئـەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی شەست صالێك لە ململانێی خوێناوی و شـەڕەکانی صـاڵانی ١٩٤٧، ١٩٦٧، ١٩٧٣، کـە لەشکرەکانی میسر، سووریا، ئوردون و عێراق راستەوخۆ بەشداریانکرد و بەلایەکیشـدا نەکـەوت و کێشـەکە هەر بە ئاڵۆزی ماوەتەوە و رۆژانە خوێنی لەبەر دەڕوات و مەترسیی ئەوەشی لێدەکرێت لەشەڕی نێوان عـەرەب و جوولەکەوە ببێتە شەڕی نێوان موسوڵمان و ناموسڵمان بەجوولەکەو دیانـەوە. ئەنجامـەکانیش هـەتا ئـەمڕۆ هەر بە زیانی عەرەب دەشکێتەوە، هەرچەندە ئێستا دانوستاندن و هەوڵی رێککەوتن لەسەر چـارەکێکی ئـەو نیـوە بـە نێوەیـەی صـاڵی ١٩٤٨ دەکـەن، ئۆباڵەکەشـی دەکەوێتـەوە ئەسـتۆی توندڕەوە عەرەبـەکان و سەرکردەکانی وڵاتەکانیانەوە کە بازرگانیی بە خوێنی فەلەستینیەکانەوە دەکەن، نە دەتوانن رزگاریان بکـەن، نە رێگەشیان پێدەدەن رێکبکەون و بەئاشتی بژین.

ئەم کێشەیەی فەلەستینییەکان لە رووی دەستێوەردانی دەرەکییەوە لە کێشەی کوردی باشوور دەچێت کە ئەوروپا و وڵاتانی دراوسێ کە هەردوو ڕێگای سەرکەوتنی سەربازیی و ڕێککەوتن و ئاشتییان لێدەگرت، نەیاندەویست بە ئاشتیی کێشەکە ببڕێتەوە، ڕێگەشیان نەدەدا هێزە باڵادەستەکانی پێشمەرگەش بەسەر حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی دوای ساڵانی ١٩٦١ دا سەربکەوێت.

بەهەرحاڵ بەوەی چاکە، کورد لەو شوێنە ئاینییە پیرۆزانەی وەك قودس، کەربەلا، نەجەف، کازیمەین، سامەڕا، قوم و مەشهەد لە وڵاتەکەیدا نین ئەگینا بارودۆخەکەی زۆر ئاڵۆزتر دەکرد.

دەمەوێت لەشوێنی خۆیدا بگەڕێمەوە سەر پلانی گەڕانەوەی جوولەکەکان بۆ فەلەستین و ئەو ڕێککەوتنەی گوایە لە نێوان پێشەوای جوولەکە، هێرتزل و فەیصەڵ کوڕی حسێن دا هەبووە، هەروەك بە پێویستیشی دەزانم کورتەیەکی سەرەتای کێشەکە و جەنگەکانی خاچپەرستەکان و سەلاحەددینی ئەیوبیش بخەمە بەرچاو.

## جەنگی پیرۆز!
## جەنگە یەکجار درێژخایەن وخوێناوییەکانی خاچپەرستان
## نێوان ساڵانی١٠٢٤ـ ١٢٩١
## لەنێوان دیان و موسوڵماندا ,
## جەنگی کریستەکان بو دژی ئیسلام
## هەر ئەو جەنگانەش یەکەمین پەیوەندیی و یەکترناسینی
## گەلی کوردو گەلانی ئەوروپایە

پاڵەوانی کورد و گەلانی موسوڵمان، سەلاحەددینی ئەیوبی، ناوی یوسف کوڕی نەجمووددین ئەیووب کوڕی شادی کوڕی مەڕوانە ٥٣٢ ك/١١٣٨ز، لە دایك بووە و ١١٩٣ لە تەمەنی (٥٧) ساڵیدا کۆچیدواییکردووە، هەتا ئەمڕۆش بەڵگەی سەلمێنەر لەبەردەستدا نییە ئاخۆ لە تکریت یا هەولێر یا باکووری کوردستان (ئەرمینیای گچکە) هاتۆتە دنیاوە و لەو رووەوە بۆچوونی جیاواز زۆرن، بەڵام ئەوەی یەکلایی بۆتەوە و مشتومڕی لەسەرنییە، نەجمووددین ئەیوبی باوکی یوسف خەڵکی دوێن و لە تیرەی رەوادیی هۆزی هەزبانیی کوردە و ئەویش وەك زانا و مێژوونووسی گەورەی کورد ئیبن خەلەکان[١٢] لە تیرەی زرزارییە کە ئەوانیش هەر لە رەوەندەکانی دێونی سەرسنوورەکانی نێوان ئازەربایجانی خۆرئاوا و ناوچەکانی پارێزگای هەولێرە کە دەکەوێتە باشووری زێی گەورەوە (زێی بادینان). تەیموری لەنگ دەڵێت ( کەپێم نایە خاکی لورستانەوە .. لەسەر تەپۆڵکەیەك پیرەمێردێکی باڵا بەرزو چوارشانەی ریش سپی بە تەپلەیەکی گەورەوە بەدیار بڕێك مەڕو بزنەوە دەبینرا.. پیرەمێرد بەباڵایەکی راست وەك تیر، بێئەوەی سڵ لەمن بکات هاتە پێشەوە و پرسی چە کارێکت بە من هەیە ؟ پرسیم لەکام هۆزی ؟ وتی لەهۆزی راوەندم . پرسیم پاشای لورستان دەناسیت ؟ لە سەرو چاویدا نیشانەی رقێك دەرکەوت و وتی بەڵێ ئەو بێگانەیە دەناسم، ئەتا بەگ ئەفراسیاب خەڵکی لوڕستان نییە، لە خوزستانەوە هاتۆتە ئێرەو بۆتە فەرمانڕوا . دوواتر پرسیم ناوت چییە ؟ وتی ناوی من ( گیو

) ٥ .) بڕوانه بیرەوەرییەکانی تەیموری لەنگ، گۆڕینی لە فارسییەوە حەمەی حەمە سەعید، ل . ١٦٥ــ ١٦٦ . بابزانین ئەگەر لە تکریت لەدایك بووە، خێزانەکەی بۆ گەیشتوونەتە ئەو دەڤەرە و باوکی چ کارەبووە. رەشید شێخ عەبدولرەحمان لە کتێبەکەیدا میژووی زاگرۆس دەڵێت: یووسف پێدەچێت خەڵکی سەراوی سواران و ئاردەویل یا رانیە و پشدەر بێت. دەڵێن نەجمەددین میرنشینێکی ئەرمەنی لەوبەر رووباری ئاراس داگیر دەکات، سەدەی پێنجەمی کۆچ دوای هەڵوەشاندنی میرنشینەکە هاتۆتە تکریت و خەلیفەی بەغدا کردوویەتی بە فەرمانداری تکریت و دواتر چووەتە موصلْ بۆ ژێر سایەی نوورەددین زەنگیی فەرمانداریی مووسلْ و ولاتی شام کە لە خەلیفە یاخی بووبوو. ساڵی ١١٢٨ کوڕێکی دەبێت ناوی دەنێت یووسف (یوسف لە ساڵی ١١٣٧ ز. لە دایك بووە. ن. ك) و نەجمەددین دەبێتە فەرماندەی شاری بەعلەبەك و قەلاکەی. عیماددەدین زەنگی لە جەنگێکی دژی عیسایییەکاندا دەکوژرێت و نوورەددین زەنگی لە جێگەی باوکی دادەنیشێت و بەو هۆیەوە نەجمەدینی خۆشدەویست دەیکاتە فەرمانـدەی لەشـکری حەلەب، دواتریش لەگەڵ شێرکۆی برایدا دەبنە کارگێڕی بارەگای نوورەددین زەنگی لە دیمەشق و لەوێشەوە پلەو پایەیان بەرزدەبێتەوە، نەجمەددین دەبێتە والی دیمەشق و شێرکۆی برایشی والی حیمص.

گێڕانەوەکەی نووسەری میژووی زاگرۆس بەڵگەی سەلمێنەر نییە، بەلام تکریت لە شوێنەکانی دیکە پتر جێگەی باوەڕە، یوسف لەوێندەر هاتبێتە دنیاوە.

پاپ لە رۆما لاوازی خەلیفەکانی موسوڵمانان و لەنێوچوونی دەوڵەتی سەلجووقیەکان و بێهێزی دەوڵەتی رۆمی بێزنتە بەهەل دەزانێت، ولاتی فەلەستین و ئورشەلیم — قودس و گۆڕی پیرۆزی مەسیح لەژێر چنگی ئیسلام رزگار بکات. بۆ ئەو ئامانجەش قەراڵ و شاو میر و فیوداڵەکان و بازرگانەکانی ئەوروپا هاندەدات پەلاماری خۆرهەلات بدەن. پاپ لە بەرزترین دەستەڵاتی کەنیسەی کاسۆلیکدا بوو، خۆی بە سێبەری یەزدان دادەنا لەسەر زەوی، چەکی ئاین بەرزدەکاتەوە و هیچ کریستێك لە فەرمانی دەرنەچوو، شا و شالیار و شوان هاتنە سەربار، هاوبەشی ئەو ئەرکە ئاینییە بکەن، لە هەموو لایەکەوە لەشکر کۆدەکرایەوە. پاپ بانگەوازی جەنگی پیرۆزی راگەیاند چینە چەوساوە و برسی و رەش و روتەکانی کۆمەڵ لە هەمووان گەرمتر بەپیر بانگەوازەکەوە دەچوون بەو هیوایەی:

١- بەشێك لە دەستکەوت و تالانییە مفتەکانیان دەستدەکەوێت.

٢- نازناوی جەنگاوەری شەڕی پیرۆزیان پێدەدرێت.

٣- پاپ هەموو گوناهەکانیان دەسڕێتەوە.

٤- لەچەوساندنەوە و ژیانی کولەمەرگیش رزگار دەبن، بۆیە ئەو لەشکرەی بەهاری ١٠٩٦ بەرەو رۆژهەلات رێکخرا هەربەناو لەشکر بوو، ئەگینا مەرجەکانی لەشکر و دیسپلینی سەربازیی تێدانەبوو، بەخۆیان و ماڵ و منداڵەوە و هەریەکەیان خاچێکی پەڕۆی سووری بەسەرسنگیدا دووریبوو، کوێرانە بەرەوپێش ملیاندەنا و بەدەم ئەو رێگا دوورەشەوە دزی و جەردەیی و راووڕوت و جۆرەها دەستدرێژییان دەکرە سەر دانیشتوانی ئەو شوێنانەی پێیدا تێپەڕدەبوون.

کۆتایی ١٠٩٦ لەشکری فیوداڵەکان و دەستەلاتداران و خواپێداوەکانی ئەوروپا لە ئەڵمانیا، فەرەنسا و

ئیتالیاوە بەدوای لەشکری یەکەمدا کەوتنەڕێ، لە ڕۆخەکانی رووباری (راین)ەوە بەنێو ئەڵمانیادا بەرەو ژوور هەڵکشان بۆ رووباری دانوب و لەوێشەوە بە دۆڵ و لێرەوارەکاندا بەرەو خواردەبنەوە و بەدڵنیاییش نەیاندەزانی ئوورشەلیم — قودس کەوتۆتە کوێیەوە! دەگەشتنە نزیک هەر شارێك، وایاندەزانی شوێنی مەبەستە.

لەشکری یەکەم بەخاوو خێزانەوە بەماندوویەتی و برسێتی رێگایان دەبڕی، ئەو رێگەیەی هەر دەڕۆن و نابڕێتەوە، سەرباری ئەوەش کە دەگەنە سنوورەکانی وڵاتی بێزنتەی رۆژهەڵات (ئاسیای بچووك — تورکیای ئێستا) رووبەڕووی تورکە سەلجوقەکان دەبنەوە و ئەو لەشکرە ماندووە کە نیوەیان ئافرەت و منداڵ بوون بەدەست سەلجوقەکانەوە دەبنە پۆڕی خوراوو سوتەمەنییەکی هەرزان و قۆچی قوربانی ئامانجە نهێنییەکانی پاپ و قەڕاڵەکان، ئەگینا لەشکری دووەم، سەرکردە و لێپرسراوو فیوداڵ و پیاوماقووڵ و بازرگانە گەورەکان هەموو پێداویستییەکانی ژیان و حەسانەوە و رابواردنیشیان هێنابوو، ئەو شوێنانەی بەدەم رێگاشەوە دەستیان بەسەرداگرت خۆیان لە هیچ جۆرە دەستدرێژییەك نەدەپاراست و لە نێو خۆشیاندا لەسەر دابەشکردنی دەستکەوت و تالانییەکان یەکترییان دەکوشت، بەڵام ئەمانیش کەوتنە داوی سەلجووقە دڕندەکانەوە و گورزی جگەربڕیان لێوەشاندن(١٣).

لەشکری خاچپەرستان هەرکەبەخۆدا هاتنەوە و هێزەکانیان رێکخستەوە پەلاماری دەوڵەتی بێزنتە دەدەن و تۆڵەی سەلجووقەکان لە بێزنتە دەکەنەوە.

خاچپەرستان صاڵی ١٠٩٩ز دوای٣ سێ صاڵ لەیەکەم هەنگاویانەوە لە ئەوروپاوە بەرەو شاری قودس، چوار لەسەر پێنجی هێزەکانیان نەگەیشتن، جا کوژران یا لە رێگا پەکیان دەکەوت و دەمردن، یا وورەیان بەردا و ژێوان بوونەوە و بەرەو دووا گەڕانەوە و لەو شوێنانەی داگیریانکردن نیشتەجێ دەبوون، بەڵام بەردەوام هێزی فریاکەوتنیان لە ئەوروپاوە بۆ دەهات، هێشتا سەڵاحەددین تەمەنی بیست صاڵان بوو کە خاچپەرستەکان دوای گەمارۆدانێکی سەخت و درێژخایەن یەکەمین ئامانجی هێرشەکانیان دەستگیر دەبێت و صاڵی ١٠٩٩ ز بەسەرکردایەتی گۆدفری شاری قودس دەگرن و هێزەکانیان لە نێو شارو دەورو پشتیدا بەسەر کەنارەکانی دەریای سپیدا دادەمەزرێنن و کوشت و بڕێکی دڕندانە لە موسڵمانان دەکەن و دەستیان لە هیچ نەدەپاراست،...).

سی هەزار مرۆڤی موسڵمان بە نێرو مێوە دەکوژن، چونکە سەرانەی ئازادکردنیان لەکاتی دیاریکراودا نەگەیشت! هەر سەربازێك قەڵغانەکەی بەدەرگای ماڵە موسڵمانێکدا هەڵپەساردایە ئەو ماڵە بەگیاندار و بێگیانییەوە دەبووە موڵکی تایبەتی خۆی! تاوانەکانیان ئەوەندە گەورە بوون ئەوروپای بەجۆرێك شەرمەزار کرد مێژوونووسە بەویژدانەکانیان نەیانکرد بەژێر لێوەوە و بەدان پێدانەوە تۆماریانکرد، ئەوە هەڵوێستێکی مرۆڤ دۆستانەی ئەو مێژوونووسانە بوو دژی ئەو تاوانانەی دەقاودەق لەگەڵ فرمانە رەشەکانی پاپدا جوت دەوەستانەوە.

پاپ کڵاوبازێکی بێهاوتای سەردەمەکەبوو، خۆی لە دیانەکان کردبووە سێبەری یەزدان لەسەر زەوی(١٤)، فرمانەکانی لەسەرو فرمانی قەڕاڵ و شاکانەوە بوو، دەیتوانی هەموو بڕیارێکی ئەوان هەڵوەشێنێتەوە، تاج و

تەختیان لێوەربگرێتەوە، هەر شایەك بەدەستی پاپ تاجی نەکرایەتە سەر، بە شای شـەرعی نـەدەژمێررا[١٥]، شەوگەردا، دار و نەدار دەبوو لەبەردەمیدا بنوشتێنەوە بە کڕنووش بردنەوە کەوشەکانی ماچکەن. هەر دیانێك (عیسایی — کریست) پێچەوانەی فرمانەکانی بجوولێتـەوە دەنگـی بەعیسـای مەسـیحدا ناگـات و خـۆی لـێ بێبەریدەکات، بۆ ئەوەی یەزدان بیانبەخشێت پسوولەی سڕینەوەی گوناحەکانی پێدەفرۆشتن کە سەرچاوەیەکی گرنگی سامان و دارایی کەنیسەی پێکدەهێنا[١٦]. یەکێك لە فرمانە رەشە (مێژووییەکانی) ئەوەبوو بڕیاریـدا راپەڕیوەکانی چەند شارێکی فەرەنسـا، هـەموویان بکـوژن، تاوانبـار و بێتـاوان، دواڕۆژ یـەزدان بێتاوانـەکان دەناسێتەوە!

خاچپەرستەکان ئەو سەرکەوتنەیان بەدەستهێنا و شاری پیرۆزی قودس لە چنگی ئیسـلام (ڕزگـار) دەکـەن، بەڵام سەرکردایەتییەکی هاوبەش یا ناوەندییان نـەبوو، فـرە سـەرکردە و فـرە دەسـتەڵات بـوون، هـەر میرێـك دەستی هەبوایە لە سەر رووبەری ئەو شەفتوولە ووشـکانییەی کـەناری دەریـای ناوەڕاسـت فەرمانڕەواییـەکی تایبەتی بۆ خۆی دادەمەزراند، باج و سەرانەی قورسیشی بەسەر موسوڵماناندا دەسەپاند کە (دەیەك)ی بەشی کەنیسەی رۆما بوو، فـەرمانڕەوایی شـاری قـودس بـەهێزترین دەسـتەڵات بـوو، ململانـێ و دووبەرەکییـەکی گـەورەی خسـتبووە نێـو رێتشـارد، جـۆی فـەرمانڕەوای قـودس، ریامۆنـد فـەرمانڕەوای تـەرابلوس، رینۆڵـد فەرمانڕەوای صوور، باڵیان فەرمانڕەوای رەملە بەدرێژایی ماوەی نێوان ١٠٩٩ — ١١٧٨ ز، کە قودسیان لـە ژێر دەستدا مایەوە.

مسوڵمانەکان هەرچەند ئەو شەڕە دەدۆڕێنن و شاری پیرۆزیان لە دەست دەرچوو، بـەڵام شـانیان دابـووە بـەر زەبرو زەنگ و دەستدرێژییەکانی دوژمن، تێکەڵاویی کۆمەڵایەتییان لە تەکدا نەدەکردن، پەیوەنـدیی ئاسـایی کڕین و فرۆشتن و ئـاڵوگۆڕی کـەل و پـەل لـە نێوانیانـدا نـەبوو، هـیچ جـۆرە خزمەتگوزارییـەکیان پێشـکەش نـەدەکردن کـە هەڵوێسـتێکی جوامێرانـە بـوو، بـەڵام زوو کـاڵ دەبێتـەوە و نـەبووە داب و نـەریت وەك لای ئەرمەنەکان بوو بە کولتوور و دژی تورك خوویان پێوەگرت و دەستبەرداری نەبوون.

سەرکردەکانی خاچپەرستان دوای گرتنی شـاری قـودس دەسـتیانکرد بـە هەوڵـدان بـۆ دەستبەسـەرداگرتنی رێگاکانی بازرگانی دەریایی نێوان بەنـدەرەکانی حـەیفا، یافـا، جینـوە، ڤینیسـیا، ئەسـکەندەرییە.هەر لـەو بەندەرانەوە هێزێکی دەریایی دەخەنەڕێ و صالی ١٠٢٤ز. وڵاتی رۆمە بێزنتەکان داگیر دەکـەن کـە بەدەست پەلامارداني سەلجووقەکان لەلایەك و شەڕەکانی وڵاتانی بەلکانەوە لەلایەکی دیکەوە شەکەت و ماندوو بوو.

لەشکری خاچپەرستان ئەوەی لە کۆستەنتینەی پایتەختی بێزنتەدا کردیـان زۆر دڕندانـە تـر بـوو لـەوەی لـە قودس کردبوویان، تەڕو وشکیان پێکەوە سوتاند، لە کوشتنی پیاوان و دەستدرێژکردنە سەر ئافرەتان هیچیـان تێدا نەهێشتەوە، بەسواری ئەسپەکانیانەوە خۆیانکرد بە نێـو کەنیسـە جوانەکـەی (سـت سـۆفیا)[١٧]دا، ئـەو هەموو پەیکەر و تابلۆ نایابانەی بەرهەمی دانسقەی هونەرمەنـدە مەزنـەکانیان تـاڵانکرد، کتێبخانـە هـەرە بەنرخ و دەوڵەمەندەکەی ئەو سەردەمەشیان کردە خۆراکی ئاگر.

خاچپەرستان بەناوی شاری پیرۆز و رزگارکردنی قودسەوە هاتبوون، بـەڵام زۆر ئامـانجی ئـاینی، رامیـاری و ئابووریشـیان هـەبوو، وەك پـەلاماردانی بێزنتـە و لـەناوبردنی دەسـتەڵاتی کەنیسـەی رۆمـی رۆژهـەڵات

(ئۆرسۆدۆكس) كە خۆیان لە كەنیسەی رۆمی رۆژئاوا (كاسۆلیك) جیاكردبۆوە، هەرئەوانیش ئاینی عیساییان لە رۆژهەلاتدا بڵاوكردەوە، سەرەڕای ئەوەی زۆر شتیش لە رۆژهەلاتییەكانەوە فێربوون، وەك بەكارهێنانی ئاسن بەشێوەیەكی پێشكەوتوو بۆ بەرهەمهێنانی ئامێرەكانی جەنگ و جۆرەها پێداویستی ژیان، پیشەسازی ئاوێنە، چەندین جۆرە میوەش دەنێرنە ئەوروپا كە پێشتر نەیاندەناسین وەك میوە ترشەكان، شیلان، شوتی، جگە لەوانەش فێری بەخێوكردنی كرمی ئاوریشم و بەرهەمهێنان و پیشەسازی ئاوریشم و جل و بەرگ و پۆشاكی گرانبەها بوون.

لێرەوە مەبەستی راستەقینەی هێرشەكان دەردەكەون و درۆو دەلەسە و بانگەوازەكەی پاپ ئاشكرا دەبن و دەستەكەی دەكەوێتە روو كە دەیوت ئەمە شەڕی پیرۆزە و خواست و ئارەزووی یەزدانە كە خاكی پیرۆزو گۆڕی عیساییەكاندا بێت، ئەگەر وا بووایە دەبوو دووای داگیركردنی (ڕزگاركردنی) قودس، دەستەلاتێكی ناوەندیی بەهێز دابمەزرێنن و یەكدەست و یەكدڵ ئەو ئەركە پیرۆزەیان ئەنجامدایە و پارێزگارییان بكردایە نەك هەر شا، میر و دەسترۆیشتوویەك (حوكمەتۆڵكەیەك) بۆ خۆی قوتبكاتەوە و لەبەر چاوچنۆكی و فراوانخوازی و ململانێ و شەڕی ناوخۆ ئەركە پیرۆزەكە بخەنە لاوە.

نەجمەددین ئەیوب و شێركۆی برای لە تكریتەوە دەچنە لای عیمادەددین زەنگی لە شام، ساڵی ٥٣٤ك. نەجمەددین دەكاتە فەرمانڕەوای بەعلەبەك ودوای مردنی زەنگی دەبێتە سەرلەشكری گشتی هێزەكانی شام، شێركۆش لای مەحموود نوورەددین كوڕی عیمادەددین زەنگی دەبێتە سەرلەشكر، سەلاحەددین هەر بەمنداڵی هەتیو دەكەوێت، شێركۆی مامی چاودێری دەكات و دەیخاتە بەرخوێندن، سەردەمی منداڵی و هەرزەكاری و پەروەردەكردن و پێگەیاندنی لەسەردەستی مامیدا بووە لە بەعلەبەك، سەڵاحەددین هەر لە منداڵییەوە نیشانەكانی هەڵكەوتوویی پێوە دیاربوو، كە پێدەگات دەچێتە ژێر فەرمانی مەحموود نوورەدینەوە، یەكەم كاری سەربازی ئەوەبوو ٥٥٩ك. لە تەك شێركۆی مامیدا، مەلیك ئەموور، شای فەلەستین دەشكێنن و شاری ئەسكەندەرییە دەگرن. شا ئەموریش هێرش دەكاتە سەر میسر، شێركۆ و سەلاحەددین لەسەر فەرمانی خەلیفە عازیدی فاتمیی بەر بەهێرشەكە دەگرن و دەیگێڕنە دوواوە، شێركۆ دەبێتە وەزیری خەلیفەی فاتمی، بەلام دووای دوو مانگ دەمرێت و سەلاحەددین لە ١١٦٩/٣/٢٦ زاییندا و لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا شوێنی مامی پڕدەكاتەوە و دەبێتە وەزیری یەكەمی خەلیفە و سەرلەشكری گشتی هێزەكانی شام[19]، شای فەلەستین و یۆنانەكان پێكەوە لە دوو قۆڵەوە پەلاماری لەشكری شام دەدەن، سەلاحەددین بەهاوكاری توران شای برای هەردوو هێرشەكە دەگەڕێننەوە و بەخۆیدا رادەپەرموێت هەوڵی رزگاركردنی قودس بدات.

خەلیفەی دەوڵەتی فاتمییەكان لە میسر، عازید لە ٦٦٧ ك دەمرێت(!) كەس لە سەلاحەددین بەهێزتر و شیاوتر نەبوو فەرمانڕەوایی دەوڵەتەكە بكات و جێگەی خەلیفە بگرێتەوە، دەست دەگرێت بەسەر وڵاتدا، بەلام بەناو هەر لەژێر فەرمانی نوورەددین دا بوو، وتاری نوێژی هەینی بەناوی خەلیفەی عەبباسی بەغداوە دەخوێندەوە و لەوماوەیەدا خەریكی ئاوەدانكردنەوەی میسر و جێگیركردنەوەی ئاینزای سوننە بوو.

نوورەددینیش لە ٥٦٩ك كۆچیدوایی دەكات، شا صالح كوڕی جێگەی دەگرێتەوە، سەلاحەددین هەر بەناو ژێر فەرمانی ئەویش دەكات.

سەیفەددین برای نوورەدین زەنگی و شا صالّحی برازای نێوانیان خۆشـنـەبوو، ڕێکنەدەکـەوتن، سـەیفەددین چاوی بڕیبووە دەستەڵات و دەیوست جێگەی براکەی بگرێتەوە و صالّح دووربخاتەوە، صالّح داوای یارمەتی لە سەڵاحەددین دەکات، ئەویش شام، حیمص، حەما داگیر دەکات و گەمارۆی حەلەبیش دەدات، سەیفەددین لە دژی سەلاحەددین و صالّح دەبێتە هاوکار و پشتیوانی خاچپەرستەکان، بـەڵام کـارێکی بۆنـەکرا و هێزەکـەیان تەفر و توونا بـوون و شـاری حەلـەبیش کەوتـە دەسـت سـەڵاحەددین. لێـرە بـەدوواوە سـەڵاحەددین زۆر لـەوە بەهێزتربوو ژێر فەرمان بێت، مایسی ۱۱۷۵ ز خەلیفەی عەبباسی لـە بەغـدا نازنـاوی سـوڵتانی پێـدەدات و ئەویش سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند، وتاری نوێـژی هـەینی و دراوی کـرد بـەناوی خۆیـەوە (شـای سـەرکەوتوو یوسف کوڕی ئەیووب)[20]. ئەمە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵـەتی ئەیوبییـە بەسـەرکردایەتی سـەڵاحەددینی پاڵەوانی کورد لە ۱۱۷۵ زاینیدا و لە تەمەنی ۳۷ ساڵیدا[21].

سەڵاحەددین بەو لەشکرەوە کە بناغەکەی کورد بوو دەکەوێتە پەلهاویشتن و بەشی هەرە زۆری خاکی سووریا و لوبنان و فەلەستین و دورگەی عـەرەب ڕزگار دەکات، بەڵام قـودس و چـەند شـارێك هێشـتا لـە ژێـر دەسـتی خاچپەرستەکاندا بوو.

سەرکەوتنە بەرچاوەکانی سوڵتان سەڵاحەددین ڕووناکی دەخستە دڵ و دەروونی مسوڵمانانەوە کە لە لاوازی و دەستەپاچەیی خەلیفەی عەبباسی هیوابڕاو بووبوون، لە هەمـوو لایـەکی وڵاتـانی مسـوڵمانەوە ڕوویـان لـەو پاڵەوانە کوردە کرد، شاری پیرۆز لە چنگی عیسایییەکان ڕزگار بکات و شکۆ و سەربەرزی بداتەوە بە ئیسلام، ئەوە ئەو سەرکردە مەزنە بوو چاوەڕوانیان دەکرد، ئەویش بەڕاستی لە ئاستی ئەو ئەرکە مێژووییـە سـەختەدا بوو، شانیدایە بەرو بڕیاری ئەنجامدان و سـەرکەوتن لـە دەروونیـدا دەگەشـایەوە، ئـەنجامیش سـەردەکەوێت و کارێکی بۆ موسڵمانان کرد، هەرهەموو خەلیفە و شا و میر و سـەرداران خۆیـان لەقـەرەی نـەدەدا، بۆیـە لـەو کاتەوە هەتا ئەمڕۆ و دوواڕۆژیشی لەگەڵدا بێت هەر شانازی پێوە دەکەن و بەپاڵەوانی خۆیانی دەزانن و شـەڕە دەنوکیشیانە لەسەر ئەوەی ڕۆڵـەی کامیانـە، شـۆفینزمەکانی عـەرەب و تـورك ئێسـتاش نایسـەلمێنن و ئـەو ڕاستییە دەکەن بەژێرەوە کە پشتاوپشت کوردێکی ڕەسەنە، (مێژوونوسی تورك نەجیب عاصم لە کتێبەکەیدا کە ۱۳۱٦ بڵاویکردۆتەوە دەڵێت سەڵاحەددین تورکە)[22].

شـاعیری شـۆڕش و بـەرەنگاریی فەلەسـتین دژی داگیرکـەران سـەمیح ئەلقاسـم زۆر جـوانی وتـووە: ئەگـەر سـەڵاحەددین سـەرنەکەوتبا هـەمـوو دەمـانوت ئـەوە کـوردێکی بوودەڵـەو بـەکرێگیراو بـوو، خـاکی پـیرۆزی موسوڵمانانی بەگاور و دوژمنەکان فرۆشت.

سوڵتان سـەڵاحەددین نەیدەهیشـت دوژمـن پشـوو بـدات، بـەردەوام پەلاماریـدەدان، لـە خۆرهـەڵات و لـە دامێنەوە هەراسانی کردبوون، ڕۆمی بێزنتەش دوای پەنجا ساڵ خۆیان کۆکردەوە و هێزەکانیان ڕێکخسـتەوە و دوا سەربازی خاچپەرستەکانیان لە وڵات کردە دەرەوە، ئەمە لایەنی سەربازی و ڕامیاری، لایەنی ئاینیش بەو هۆیەوە ئاینی عیسایی بەهۆی پەتریارکی کەنیسەی ڕۆمی خۆرهەڵاتـەوە (بزنتـە) بـە ئـەورووپای خۆرهەڵاتـدا بڵاوبوویەوە، بـەڵام پـاپ لـە ڕۆمـا زۆر دەسـتی لـەکاروباری ناوخۆیـان وەردەدا و کێشـە و نـاکۆکی دەکەوتـە نێوانیان، پەتریارکی ڕۆژهەڵات ساڵی ۱۰۵٤ز خۆی لە پـاپ و کەنیسـەی ڕۆمـا جیـا دەکاتـەوە و کەنیسـەی

ئۆرسۆدۆکس دادەمەزرێنێت و دەستەڵاتی ئاینی و رامیاری خۆی بەسەر عیسایییەکان (دیان)دا دەسەپێنێت لە رۆژهەڵاتدا.

خاچپەرستەکان رووبەڕووی بارودۆخێکی نالەبار و سەخت دەبوونەوە بەدەست سولڵتان سەلاحەددین و کەنیسەی خۆرهەڵاتەوە کە پێشتر جێگەپێیەکی ستراتیژی هێرشەکانیان بوو بەرەو خۆرهەلات. نەیاندەتوانی پارێزگاری قودس و فەلەستین بکەن، هەر جارە و لە پەلامارێکدا شارێکیان لە ژێر چنگ دەردەهێنان، سولڵتان سەلاحەددین لە ٥٧٣ك. بە لەشکرێکی قەبەوە لە میسرەوە دێتەوە سەرفەلەستین و هەتا رامەڵڵا دەگرێت بەڵام قوربانییەکی زۆریدا، لەپەلاماری دووەمدا صالّی ٥٧٥ك. لەمەرجەعیوون سەرکەوتنێکی گەورە تۆمار دەکات بەسەر دوژمندا و تۆڵەی قوربانییەکانی لێسەندنەوە و گەلێك میر و سەردارەکانی دیلکردن و ئابلۆقەی بەیروتیش دەدات، پێویستە ئەوەش بدرکێنین سولڵتان سەلاحەددین لە ژێر کاریگەری سەرلەشکرەکانیدا دەکەوێتە هەڵەیەکی سەربازی گەورەوە کاتێك لە دەوروپشتی شاری صور و قەلاکەی دەکشێتەوە و دواتر کە قودسی رزگارکرد، دوژمن سەرلەنوێ هێزەکانیان لەوشارە و قەلاکەیدا کۆکردەوە.

دوای ئەم سەرکەوتنانە لەشکرێکی سولڵتان سەلاحەددین روودەکاتە کوردستان، شەنگار و ئامەد (دیاربەکر) دەگرێت و موصلّ ئابلۆوقە دەدات، لەم ماوەیەدا شا صالّح دەمرێت، عیمادەددینی کوڕی دەبێتە فەرمانداری حەڵەب[٢٣] بەلام لە دژی سولڵتان، هاوکاری عیسایییەکان دەکات، بۆیە پێویستی بە تەمێکردن بوو، بەلام خۆی لەبەر سەلاحەددیندا رانەگرت داوای رێککەوتن دەکات، سەلاحەددین ئەوەی بەئاشتی بکرایە دەیکرد، دەستبەسەر حەڵەبدا دەگرێت و عیمادەددین دەکات بە فەرمانڕەوای شەنگار و دەوروپشتەکەی. سولڵتان پێویستی بە پشوویەك هەبوو، هێزەکانی رێکبخاتەوە، سەرلەنوێ پەلاماری فەلەستین دەداتەوە بۆ ئەوەی دیانەکان ناچار بکات داوای ئاشتی بکەن، ناچاریشیکردن ئاگربەستێکی چوار صالّەیان مۆرکرد و دەستی والا دەبێت، ٥٨١ك. سەرلەنوێ موصلّ ئابلۆقە دەداتەوە و فەرمانڕەوای ئەویش ناچاری رێککەوتن دەکات و ئەمدیوو ئەودیووی سنووری ئێستای عێراق و تورکیا (بەشێك لە کوردستانی باکوور و باشوور)[٢٤] دەخاتە سەر دەوڵەتی ئەیووبی.

ئەمجارەش سەلاحەددین بەرەو فەلەستین پێش لەشکرێك دەکەوێت و ٥٨٣ك. لە (هاتین) خاچپەرستان شپرزە دەکات و شاری تەبەرییە دەگرێت و میری کەرەك دیلدەکات، جگە لە (صوور) و قودس هەموو شارەکان رزگار بوون.

سەلاحەددین پشت بە یەزدان و ورە و ئازایەتی خۆی و دڵسۆزی و گیانبەختکردنی جەنگاوەرانی لەشکرەکەی کە پێشەنگەکەی کورد بوو بەردەوام لە هەڵمەت و پەلاماردانداوبوو هەتا دەوروپشتی قودس پاکدەکاتەوە و ١١٧٨ ز گەمارۆی شاری پیرۆز دەدات، بنکەی سەرکردایەتی لە چیای زەیتوون دادەمەزرێنێت کە دەکەوێتە باکووری قودس و هەر ئەو صالّەش لە ئۆپەراسیۆنێکی فراواندا و لەشەڕە گەورەو چارەنووسسازەکەی حەتتین دا خاچپەرستانی ناچاری ئاشتی کرد، دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ سولڵتان سەلاحەددین وەك گەورەترین پاڵەوانی ئیسلام دوای عومەری کوڕی خەتتاب بەسەرکەوتوویی دەچێتە قودسی پیرۆزو یەکەمین پێشنوێژی مسوڵمانان دەکات و چەند مەرجێکی ئاسان بەسەر دوژمندا دەدات وەك: بە بێوەی

شار و قەڵا چۆڵکەن، نێرینە دە دینـار، مێینـە پێـنج دینـار و منـداڵ دوو دینـار سـەرانە دەدەن، قەشـەکان و پیاوانی ئاینیی پێویستییەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەبەن.

ڕۆژێك هەتا ئێوارەش دیاریکرا بۆ هەژاران کە ژمارەیان حەڤدە هەزار دەبوو، سەرانە نەدەن و بێـوەی بچـنە دەرەوە، سەلاحەددین میرخاسییەکی بێوێنە دەنوێنێت لەگەڵ دوژمنـدا، بەهەستێکی بـەرزی مـرۆڤ دۆسـتی و دلۆڤانی خۆی شەرمەزاریان دەکات، شاژن سیبیێل بەڕێزەوە دەنێرێتەوە بۆ لای (مەلیك جۆ)ی هاوسەری کە لە شاری نابلس دیلکرابوو، دەستی بـەڕووی ئـەو ئافرەتانەشـەوە نـە نـا کـوڕ یـا مێردیـان لـە شـەڕدا گیرابـوون، فەرمانداری قودسیش ئازاد دەکات بەو مەرجەی بگەڕێتەوە ئەوروپا و شەڕ لە دژی موسوڵمانان نەکات.

بـەڵام مـیر و سـەردارانی خاچپەرسـتان پابەنـدی پـەیمان و بەڵێنـەکان نـەدەبوون، لەوانـەی ئـازادکرابوون فەرمانڕەوای قودس و مەلیك جۆ دەکەونە کۆکردنەوەی هێـزو لەگـەڵ لەشـکری (صـوور)دا پـەلاماری شـاری عەککا و قەڵاکەی دەدەن.

ڕزگارکردنی قودس، ئەوروپا و جیهانی عیسایی هەژاند، کەنیسە و پـاپ بەگـەرمی گاوریـان هانـدەدا دژی مسوڵمان، هێرشی سێهەم لە ئەوروپاوە بەسەرکردایەتی شای فەرەنسا، شای ئینگلیز، قەرالی ئەڵەمانـەکان و چەندین میر و سەردار، بەڵام خەلیفەی عەبباسی لە بەغـدا هـیچ هاوکارییـەکی نەنوانـد، ڕزگارکـاری قـودس تەنها باڵ لە گۆڕەپانەکەدا بوو دژی ئەو هێرشە گەورەیە، بۆیە لەپەلامار و هێرشەوە دێتە سـەر بـەرگریکردن. پاشماوەی هێزەکـانی خاچپەرسـتان کـە لـە صـوور و عـەککا کۆبووبوونـەوە داوای یارمـەتی بەپەلـە و هێـزی فریاکەوتن دەکەن لە پاپ و قەڕاڵ و شاکانی ئەوروپا، هـەر ئـەو دوو شـوێنە گـرنگ و سـەختەیان بەدەسـتەوە مابوو، کردبوویانن بە بنکەی ڕێکخستننەوەی هێزەکان و بـەرەنگاری و سـەندنەوەی قودسـی پـیرۆز. مـەرکیز کۆناردۆ سەرپەرشتی ئەو ئامادەکارییانەی دەکردو پێشوازی ئەو هێزانەی دەکـرد پـەیتا پـەیتا لـە ئـەوروپاوە دەهاتن، گرنگترینییان کەشتیگەلەکەی قەڕاڵی ئەڵەمان فردریك باربارۆس بـوو بەصـەد پـاپۆڕی جەنگییـەوە دەگاتە ئەدرنـە، بـەڵام خۆشـبەختانە ١١٩٠/٦/١١ ز لـە ڕووبـاری جەیحەن (جـەیحوون) لـە ناوچـەی قلیقیـا (کلیکیا) کەشتییەکەی دەکەوێتە ژێر ئاو، لەشکر شپرزە دەبن و بەرەو دووا دەگەڕێتـەوە، دۆق (دوسـوانیا)ی کوڕی لە ئەنتاکییەوە فریایان دەکەوێت و بەرەو فەلەستین پێشیان دەکـەوێت، بـەڵام لـە جیهـانی ئیسـلامەوە خەلیفەکان و میر و سەردار و فەرمانڕەواکان مێش میوانیان نەبوو، لە شـوێنی خۆیـان نـەجووڵان وەك لەسـەر تەخت و کورسی دەستەڵات کـڕ کـەوتبن، ئەوانـە هـەر لـە سـەرەتای سـەدەی یـازدەی زایینـەوە بێهێـزو لاواز بووبوون، دەستیان بەکڵاوی خۆیانەوە گرتبوو با نەیبات، تورکە سەلجوقەکانیش تا دەهات قەپاڵی گـەورەتریان لێدەگرت و شتێکی ئەوتۆیان بۆ نەهێشتنەوە. هەرچـەند ئـەوانیش ئـەنجامی نـاکۆکی و ململانێکـانی شـەڕی دەسـتەڵات و خۆپەرسـتی هێزەکانیـان پـەرش و بڵاوبوونـەوە و دوڵەتەکـەیان دەڕوخێـت و بەسـەر چـەند میرنشـینێکی بچـووك بچـووکی دژ بـە یـەکتردا دابەشـدەبێت، هـەر سـوڵتان سـەلاحەددین بەسـەربەرزی لـە گۆڕەپانی ئەو جەنگە سەخت و بەربڵاوەدا وەك چیایەکی سـەربڵندی کـورد چـەقیبوو، شـیاوی ئـەوەبوو مـیری مسوڵمانان، سەرکردەی ئازا و سەرکەوتوو ڕابەری تاقانە و جێگەی بڕوایان بێت، یەکێك لە مەزنییەکانی ئەو کەڵە پیاوە هەڵکەوتووە ئەوەبوو لەو سات و کاتە دژوار و نالەبارەشدا ئاوەدانکردنـەوەی قـودس و گێڕانـەوەی

باری ئاسایی ژیان بۆ شارەکە و کردنەوەی مزگەوت و فێرگەی زانستی و چاودێریکردن و دابینکردنی بژێوی مامۆستایان و خوێندکارانی پشتگۆی نەدەخست، هەرپێشهاتێکی سەربازیش بهاتبایە گۆڕێ دەمودەست بە پلانێکی تۆکمە و کەمترین قوربانی بەرپەرچیدەدایەوە.

وەنەبێت سەڵاحەددین بەو تەنها باڵییە بەرامبەر ئەو هەموو قەراڵ و شا بەهێزانەی ئەوروپا و لەشکرە قەبەکانیان و پاڵپشتی کەنیسەش لە هەموو رووبەڕووبوونەوەکاندا هەر سەرکەوتوو بووبێت، شکست و تێکشکاندنیشی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەت لە نەبەردەکانی دەوروپشتی شار و قەڵای عەککادا بۆ فریاکەوتنی گەمارۆدراوەکانی، ١١٩٠/٧/٦ شکستێکی گەورەی بەسەردا هات و هەتا دیمەشق و تەبریە دەکشێتە دواوە. کۆنت هنری خوشکەزای ریتشاردی شای ئینگلیز بە لەشکرێکەوە دەگاتە گۆڕەپانی شەڕەکە و پەلاماری عەککاش دەدات، بەڵام مسوڵمانەکان بەرابەری میر حوسامەددین و بەهادین قەرەقۆش بەرگرییەکی مەردانە دەکەن و قەڵاکانی دوژمنیش کە بۆ تیربارانکردنی مسوڵمانان بەرزیانکردبۆوە دەسوتێنن.

لەم ماوەیەدا ریتشارد شێردڵ شای ئینگلیز نەخۆش دەکەوێت، داوای چاوپێکەوتنی سەڵاحەددین دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ئاشتی، بەڵام سەڵاحەددین متمانەی پێنەدەکرد، لەوباوەڕەشدا نەبوو کێشەی قودس بە ئاشتی یەکلایی بکرێتەوە، لەوەڵامدا هەندێك خورما و پرتەقاڵی بۆ دەنێرێت لە گلێنەیەکی نەخشیندا لەسەری نووسرابوو (الله نور السموات و الأرض)، بەڵام کە چاکدەبێتەوە بۆ هاوکاریکردنی فیلیب ئۆگۆستی شای فەرەنسا بە لەشکرێکەوە خۆیانگەیاندە گۆڕەپانی شەڕ و شمشێریان خستەکار، خوێنێکی زۆر دەڕێژن و سێ هەزار دیلیش دەکوژن، بارودۆخەکە ئاڵۆز بوو، گاورەکان لەو بەرەیەدا باڵادەست بوون، سەڵاحەددین لە بەیروتەوە کەشتییەك ئازوقە دەنێرێت، بەڵام تووشی کەشتیگەلەکەی ئینگلیز دەبێت و کاپتنەکەی بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست دوژمن ژێرئاوی دەکات، بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە گەمارۆدراوەکانی ئەوەندەی دیکە بێ ورە کرد.

میر تەقیدین عومەری کوڕی شاهنشای برازای سەڵاحەددین رێگەیەك دەدۆزێتەوە و دڕبە دوژمن دەدات و لایەکی ئابلۆقەکە دەشکێنێت، بەڵام نەیانهێشت بگاتە قەڵا و دووریانخستەوە، موسوڵمانان لە نێو قەڵادا توانای خۆڕاگرتنیان تێدا نەمابوو، ماندوو بووبوون و برسێتی و نەخۆشی زۆریان بۆ دێنێت، میر سەیفەددین ئەلمەشتووب پەیوەندی بە فلیب غۆستافەوە دەکات، کە ئامادەین دەرگاکانی شارتان بۆ بکەینەوە، بەمەرجێك ئێمە لە گرتنی قودسدا چۆن رەفتارمان لەتەکدا کردن ئێوەش بەوشێوەیە مامەڵەمان لەتەکدا بکەن. فیلیب لە وەڵامدا دەڵێت ناهێڵم تاکتان بەزیندوویی دەربچێت! گەمارۆدراوەکان ١١٩١/٧/١٢ز ناچار دەبن ئاڵای سپی هەڵدەکەن. شارو قەڵا دەدەنە دەست دوژمن، خاچپەرستان دوای دوو ساڵ شەڕی خوێناوی و گەمارۆدان عەککا دەگرن، بەڵام نامەردی دەکەن و خوێنێکی زۆر بەناڕەوا دەڕێژن، ١١٩١/٧/١٨ هەرکەس دەهاتە دەرەوە تیرێك یا شمشێرێك چاوەڕوانی دەکرد، ئەو رۆژە ٦٠٠٠٠ شەست هەزار مرۆڤیان کوشت.

هێزەکانی سەڵاحەددین بەسەر چەندین بەرەی شەڕدا دابەش بووبوون، شەڕی (دادۆشین)ی لەگەڵ دوژمندا دەکرد، تاو ناتاوێك پەلامارێکی کتوپڕ و خێرای دەدا بەمەبەستی بێزار کردنیان و دەست لە قودس هەڵگرن و

ناچاری گەڕانەوەیان بکات، هەستی بەوەش دەکرد لەشکرەکەی بەگشتی ئەوەندەی گاورەکان گەرم دەبن ئەمان ساردەبنەوە و خۆیان لەشەڕ دەدزنەوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی راووڕوت و تالآنکردنی قەدەغە کرد، سەرباری ئەوەش ۱۱۸۵ز نەخۆش دەکەوێت، نەخۆشییەکی سەخت، هەر وورە و باوەڕ و ئازایەتی بەدەستەوە مابوو، داوای یارمەتی لە هەموو موسڵمانان دەکرد کەس بەدەنگییەوە نەهات، ئەو زستانە هیچ چالاکییەکی بەرچاوی نەنواند، لە جێگەدا کەوتبوو، ئەمیر عەلی هندی، نووسەری مێژووی وێنەداری ئیسلام نووسیویەتی: سوڵتان سەلاحەددین بیتوانیایە خۆی سەرکردایەتی شەڕەکان بکات داستانێکی بۆ موسڵمانان تۆماردەکرد وێنەی نەبێت[٢٥].

ریتشارد شێردڵ لەوباوەڕەدا بوو یەزدان پشتیوانیەتی، تەنها ٩کیلومەتر رێگای مابوو بگاتە قودس، بەلآم بەهەڵەدا چوو بوو یەزدان پشتیوان و یارمەتیدەری سەلاحەددین بوو، ریتشارد تەنها مانگێك لە عەككا دەمێنێتەوە، کێشەی ناوخۆ بەرۆکیان گرتبوو، ژمارەیەکی زۆری سەربازەکان بێزار بووبوون و ئارەزوویان دەکرد رۆژێك زوتر بگەڕێنەوە ولآت، لەگەڵ مەکیز کۆناردۆ ناحەزیی کەوتبووە نێوانیان، بۆیە کە لەو نزیکەوە تەماشای قودس دەکات دەست دەخاتە سەرچاوی و دەڵێت حەزناکەم شوێنێك ببینم نەتوانم بیگرم! لە هەمووشی خراپتر ئەوەبوو براکەی لە بەریتانیا خەریکە تاج و تەختەکەی زەوت دەکات. ئەم فاکتەرانە لەبەرژەوەندی سەلاحەددین بوون، هێرشەکان رادەگیرێن و گۆڕەپانەکە هێور دەبێتەوە، ریتشارد دەگەڕێتەوە ولآت و براکەی دووردەخاتەوە و سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە فەلەستین بۆ رزگارکردنی قودس، ئەمجارەیان ورەی سەربازەکانی بەرزبووبوویەوە، ئەوەندە هاتبوونە پێشەوە قودسیان لێوە دیاربوو، زۆربەی سەرلەشکرەکانی سەلاحەددینیش پێشنیازێکیان خستە بەردەست، دەستبەرداری قودس بێت و رێگەی ئاشتی و رێککەوتن هەڵبژێرێت، بەلآم بەگوێی نەکردن، هەرچەند ئەویش کێشەیەکی ناوخۆی لە جەزیرە بۆ پەیدا بوو، بەلآم زوو کوژاندییەوە، ریتشارد ئەو هەلە دەقۆزێتەوە، چەندین ناوچە داگیر دەکات و شار و گوندەکان وێراندەکات و کوشتارێکی زۆریش دەکات و هەربەو رێگەیەدا دەگەڕێتەوە، سەلاحەددین چاوەڕوانی دەکرد، رێگاوبان و پردەکانی تێکدابوو، ئاوی بەردابووە سەر رێگاکان و لەشکری دوژمنی زۆر ماندووکرد. ریتشارد زۆر بلیمەتی، ئازایەتی، کۆڵنەدان و ورە بڵندی و جوامێریی لەشەڕو ئاشتیدا لە سەلاحەددین بینیبوو کە زۆر جیاواز بوو لە دوژمنە ئەوروپاییەکان، هەستی بەوەش دەکرد ئەم جەنگە بەلایەکدا ناکەوێت و کۆتایی نایەت و سەرکەوتن مەحاڵە و هەتاکەی لێرەش بمێنێتەوە و ولآت و تەخت و تاجی خۆی جێهێڵێت.

خاچپەرستەکان و لە پێش هەموویانەوە ریتشارد هەموو رێگایەکیان دەگرتەبەر لە پێناو سەرکەوتندا، ئەمجارە تەختە دارێکیان هێنا و خستیانە پێش لەشکرەوە گوایە عیسای کوڕی مەریەم لەسەر ئەو دارە بە چوار مێخ هەڵواسرا، ئەم پلانە گوورو تینێکی بەهێرشەکانیاندا، لە ١٢ شەڕدا سەرکەوتن، بەلآم سەلاحەددین نیگەران نەبوو، بەڵکو بەچاکی دەزانێت ئەوان بەدەستی خۆیان شەڕەکەیان کردە شەڕی ئیسلام و گاور، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەند بوارێکی بدۆزیایەتەوە بانگەوازی ئاشتی دەکردو دەیوت پیاوی چاکبن با لەوە پتر خوێن نەڕێژرێت، ئاشتی و برایەتی یاسای ژیانن، نەك جەنگ و دوژمنایەتی، بەلآم ئەوان هەر لەسەر سەندنەوەی قودس سووربوون، سەلاحەددینیش کە بانگەوازی ئاشتی دەکرد لە بێهێزی نەبوو، بۆیە ساڵی ٥٨٣ ك

بەجۆرێك شكاندنی داری خاچەكەش كەوتە دەست مسوڵمانان، ئەو سەركەوتنەی سەلاحەددین شكستێك بوو بۆ خاچپەرستەكان هێشتا شكستێكی وەها قورسیان بەسەردا نەهاتبوو.

ریتشارد سەركردەیەكی قارەمان بوو، لە كێش و قورسایی سەلاحەددیندا، هەمیشە پێش سەربازەكانی دەكەوت لە هێرش و پەلاماردا، لە رووی ئاینەوە كاسۆلیكێكی توندڕەوو دەمارگیر، كوڕەزای یەكێك لە شاكانی كۆنی قودس بوو، دەیویست بەهەرنرخێك بێت ئابڕووی خۆی بكڕێتەوە، قودس لەدەستی موسوڵمانان دەربهێنێت و وەك سەلاحەددین ببێتە پێشەوای تاقانە، جا بۆ مولكی باپیرەگەورەی دەگریان یا بۆ عیسای كلۆڵ و داماو؟ بەلام هەرگیز ئەو جوامێرییە لەوان نەدەوەشایەوە.

خاچپەرستەكان لە بارودۆخێكی نالەباردا بوون، ئەوەندە پەرێشان بوون وولاخەكانیان سەردەبڕی و دەیانخوارد.

دیانەكان بەناچاری داوای ئاشتی دەكەن، سەلاحەددینیش لاری لە ئاشتی نەبوو، مەلیك عادلی برای دەنێرێت بۆ گفتوگۆ، بەلام دەرچوو، داواكارییەكانی دوژمن قورس بوون، سەلاحەددین نەیدەتوانی بێتە ژێر ئەو بارەوە لەبەرامبەر موسوڵمانان و مێژوودا روو زەرد بێت، بۆ پیشاندانی هێزو توانای خۆی پەلاماری قەلاكانی عەسقەلان، رەملە، عەینتە زروون دەدات، بەلام نەیدەتوانی پارێزگارییان لێ بكات وێرانیان دەكات و دەگەڕێتەوە قەلاكانی قودس پتەوتریان دەكات و هەر لەوێش دەمێنێتەوە.

ناحەزی و دووبەرەكی و بەربەرەكانی لە نێو سەركردەكانی خاچپەرستەكاندا لەوە تێپەڕیبوو بیشارنەوە، بەئاشكرا دژایەتی یەكتریان دەكرد، ریتشارد دژی فەرەنسیس كۆستانتین، مەلیك جۆی دژی مەركیز كۆناردۆ، فیلیپ گۆستاپ دەچێتە پاڵ مەركیز كۆناردۆ، ریتشاردیش لایەنگری جۆی دەكات و لەناكاوێكدا فیلیپ دژی ریتشارد بەرەی شەڕ جێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە ئەوروپا، مەركیز كۆناردۆش لە دژی ریتشارد لە بنەوە پەیوەندی بە سەلاحەددینەوە دەكات، لە ئەنجامدا لەسەر ئەم خالانە رێكدەكەون:

١- ریتشارد خوشكێكی خۆی لە مەلیك عادیلی برای سەلاحەددین مارە بكات و ئەو شارانەی دەكەونە سەر كەناری دەریای سپی وەك دیاری پێشكەش بە بووك و زاوا بكات.

٢- شاری قودس وەك شارێكی هاوبەش لە نێوان موسوڵمان و گاوردا لە ژێر فەرمانڕەوایی خوشكەكەی ریتشارددا بێت كە دەبێتە هاوسەری عادیلی برای سەلاحەددین.

سەلاحەددین بەنابەدڵی پەیمانەكە پەسەند دەكات، بەلام قەشەكانی عیسایی بەتوندی دژی دەوەستن و وەهای لێكدەدەنەوە ریتشارد و خوشكەكەی بوونەتە موسوڵمان.

خاچپەرستان پەنجا ساڵێك بوو قوربانییان دەدا و سەركەوتنێكی ئەوتۆیان بەدینەهێنا، لەشكر سەرگەرمییەكەی پێشووی نەمابوو، لەوەش دڵنیابوون ناتوانن بەسەر سەلاحەددیندا سەركەون، بەگشتی رزگاركردنی قودسیان لە بیركردبوو، بەلام نەیاندەویست ئەو راستییە تاڵە بدركێنن.

ئەنجامی ئەو هەموو كوشتار و وێرانییە، سەلاحەددین بە پێی رێككەوتنەكەی ٢ك/١١٩٢ تەنها شاری یافا و شاری عەككایان بۆ دەمێنێتەوە.

دوای ژیانێكی پڕ لە كارەسات لە گۆڕەپانەكانی داكۆكیكردن لە سەربەرزی ئیسلام و رزگاركردنی شاری

پیرۆز رۆڵەی هەڵکەوتووی کورد و شانازی موسوڵمانان سەلاحەددینی ئەیووبی رۆژی ٤ مارت ١١٩٣ ز لە تەمەنی ٥٧ ساڵیدا بەئارامی کۆچی دوایی دەکات و لە مزگەوتی ئومەوی لە دیمەشق بەخاك دەسپێردرێت.

وتمان ئەو جوامێری و میرخاسییەی سەلاحەددینی کورد هەرگیز لە دوژمنەکانی نەدەوەشایەوە، بۆ نموونە کە قودسیان گرت ٣٠٠٠٠ سی هەزار دیلیان کوشت تەنها لەبەرئەوەی سەرانەی ئازادکردنیان لەکاتی خۆیدا نەگەیشت. ریامۆند کە ناحەزەکانی زۆریان بۆ هێنا پەنادەباتە بەر سەلاحەددین، بەلام دوواتر کاروانێکی حاجیان روتدەکاتەوە، خوشکی سەلاحەددین یەکێکیان بوو، چەندین سەرکردەی خاچپەرستان بە دیلی دەکەوێتە دەست موسوڵمانان، سەلاحەددین لە پێناو ئاشتی و کۆتایی هێنان بە خوێنڕشتن ئازادی دەکردن و بەرێزەوە دەیناردنەوە، یەکێکیان رێنۆڵد بوو فەرمانداری کەرەك لە پاداشتدا کاروانێکی موسڵمانان روتدەکاتەوە، سەلاحەددین زۆر پەست دەبێت، سوێند دەخوات بەدەستی خۆی بیکوژێت. بەڵێنەکەشی بردەسەر و رینۆڵدۆ ٢٠٠ دووصەد دیلی زۆر تاوانکاری کوشت، باوکی مەرکیز کۆنارد‌ۆ دەکەوێتە دەست موسوڵمانان، سەلاحەددین بۆ ئەوەی دوژمن صوور بدەن بەدەستەوە، ئازادیکرد، بەلام هەر بەشەڕ داگیریکرد، باڵیان فەرمانڕەوای رەملە لە شەڕەکەی حەتتین دیل دەکرێت، داوای تەنها شەوێك مۆڵەت دەکات بچێتەوە قودس خێزانەکەی بهێنێت و بگەڕێتەوە، بەلام لەشکرێکی قەبە کۆدەکاتەوە و سەرلەنوێ سەنگەر لە سەلاحەددین دەگرێت.

سەیفەدین ئەبوبەکر موحەممەد بە شای دادپەروەر ناسرابوو، ساڵی ٥٣٨ یا ٥٤٠ کۆچی لە ولاتی شام (شاری بەعلەبەك) لە دایکبووە، برابچووکی سەلاحەددینە، شەش حەوت ساڵێك لەو بچووکترە، لە جەنگەکانی خاچپەرستاندا جێگە دەستی دیار بوو، ساڵی ٥٧٩ نوێنەری کاکی بوو لە میصر، هەتا دوارۆژی ژیانی پشتیوان و دڵسۆزی براکەی بوو، بەلام دووای مردنی سەلاحەددین لەگەڵ براکانیدا نوورەددین کە بە چاکترین شا ناسرابوو، عەزیز کە بە شای سەرکەوتوو ناسرابوو نێوانی خۆشنەبوو، کوڕانی سەلاحەددینیش نوورەددین ٥٦٥ — ٦٢٢ ك. کوڕە گەورە بوو، ساڵی ٥٨٢ك. دەبێتە والی شام، هاوبەشی زۆربەی نەبەردەکانی کردووە بەتایبەتیش جەنگی حەتتین، شاری عەککاش ئەو گرتی، دوای مردنی باوکیان ولاتی شامی بەمیرات بۆ دەمێنێتەوە، عەزیزی برا بچووکی فەرمانڕەوای ولاتی میسر بوو، ئەو دوو برایە ناکۆکی و دووبەرەکییان لە نێواندا بوو شای دادپەروەری مامیان لە ٥٩٠ك. ئاشتیان دەکاتەوە، بەلام عەزیز بەئاشتی دانەدەنیشت، سەربەخۆیی خۆی راگەیاند و ولاتی میسر جوێدەکاتەوە و لەشکریش دەهێنێتە سەر ولاتی شام لە ژێر دەستی نوورەددینی برای دەربهێنێت، مامیان لایەنی نوورەددین دەگرێت دژی عەزیز و بەرەو دووا دەیگێڕنەوە، بەلام ٥٩٢ ك ولاتی شام لە براکەی زەوتدەکات، کێشەی براکان هەربەردەوام بوو هەتا مردنی عەزیز لە ٥٩٥ك، ئەمجا ململانێی دەستەلات کەوتە نێوان نوورەددین و مامیەوە، بەلام مامی بالادەست بوو ١٢٠٠/٢/٢ دەبێتە سوڵتانی شام و ولاتی یەمەنیش داگیر دەکات و رۆژهەلاتی (جزیرە) و کوردستانیش دەخاتە سنووری فەرمانڕەوای خۆیەوە، دراوی بەناوی خۆیەوە (ئەبولفیداء) لێدەدا (دادەڕشت) و وتاری نوێژی هەینیش هەربەناوی ئەوەوە دەخوێندرایەوە .. ١٢١٨/٨/٣١ لە شام کۆچی دوایی دەکات و لەشاری حەما دەنێژرێت، نوورەددینیش رۆژگار رووی لێوەردەگێڕێت بەناکامی و کەمدەستیی و گۆشەگیری لە ٦٢٢ کۆچیدا سەردەنێتەوە.

لەم کورتە بەرچاو خستنەی زنجیرەی هێرش و پەلامارەکانی لەشکرەکانی ئەوروپای عیسایی نێوان ١٠٩٦ — ١٢٩١ز بۆ سەر شام و فەلەستین کە لە مێژوودا بەجەنگەکانی خاچپەرستان — خاچهەڵگران ناسراوە، چەند خاڵێك جێگەی سەرنج و بگرە مشتومڕیشە:

١- عیسای کوڕی مریەم (یەسووس — مەسیح) لە شارۆچکەی بەیتلەحمی فەلەستین لە دایکبووە نەك قودس، لە سەردەمی دەستەڵاتی ملهوڕی دووقۆڵی کەنیسەی ڕۆژئاوا و قەیسەرەکانی ڕۆمادا لە رووی ئەو تاغوتانەدا رادەوەستا و ملی لە چەقۆ دەسوو، کە زۆریان بۆ هێنا و گلۆڵەی کەوتە لێژی، تەنها و بێپشتیوان دەمێنێتەوە، دەڵێت: لێگەڕێن هەرچییەك هی یەزدانە بۆ یەزدان و هەرچیش هی قەیسەرە بۆ قەیسەر، ئەم دروشمە ناوەڕۆکێکی یەکجار قووڵ و فراوانی هەبوو نیشانەی ژیری و دروستی خوێندنەوەی باروودۆخەکە و بەراووردکردنی هێزی شەڕو ئاشتی، چاکە و خراپەی بەرجەستە دەکرد، بەڵام نە مریدەکانی توانیان نەهێڵن نەکەوێتە دەست دوژمن نە دوژمنەکانیشی ئەوەندەی چۆلەکەیەك بەزەییان پێداهاتەوە، چوارپەلی لەسەر تەختەدارێك دادەکوتن هەتا دەمرێت، هەر لەو شوێنەشەوە هەڵدەکشێت بەرووی ئاسمان! کەواتە لەسەر زەوی نەنێژراوە.

٢- تراژیدیای مەرگەساتی عیسا لەچەند لایەنیکەوە لە تراژیدیای کوژرانی عەلی و کوڕەکانی دەچێت.

٣- هەڵکەوتوویەکی کورد مەزەنترین پێشەوای سەردەمی خۆی بوو، لە نێو هەرهەموو موسوڵمانانندا ئەرکێکی زۆر گەورەو گران بەتەنها دەخاتە ئەستۆی خۆی، بەرەنگارییەکی مەردانەی دوژمنانی ئیسلام دەکات، دەیانبەزێنێت و بەرەو دوا دەیانگێڕێتەوە بۆ ئەوروپا و شاری پیرۆزی قودس رزگار دەکات و ئابرووی عەرەب و ئیسلام دەکڕێتەوە، خۆ بهاتایە و سەرنەکەوتایە، عەرەب دنیایان بەهاوار هاوار پڕدەکرد، کوردێکی ترسنۆك، سەرکردەیەکی بوودەڵە و بەکرێگیراوی گاورەکان قودسی پیرۆزی فرۆشت، شاعیری گەورەی فەلەستین (سميح القاسم)لەم رووەوە مەردانە وتارێکی کورت و پڕ مانا دەدات بە گوێی هەموو عەرەب وموسوڵمانانندا.

٤- عەرەب خۆشییان بێت یان ترشی، سەلاحەددین کوردە و باوو باپیرانی کوردن، ئەوەی ئەو بۆ ئیسلام کردی هیچ میر و سەردار و خەلیفەیەکی ئیسلام هەر نەیدەوێرا توخنی بکەوێت، کوردیش دەبێت شانازی بە شانازییەکانی ئەو کوردە مەزنەوە بکات، هەرچەند (شتێکی) بۆ کورد نەکرد بەڵام پێویستە ئەو راستییە لەبەرچاو بگرین کە ئەو سەردەمە سەردەمی نەتەوەخوازیی و دامەزراندنی قەوارەی نەتەوەیی نەبوو، هەست و سۆزی ئاینیی گرنگترین و بەهێزترین سیماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و رأمیاری کۆمەڵگا بوون، ئەوانەش کە ئەو رزگارکارەیان بەرۆڵەی خۆیان دەژمارد هەر لە روانگەی خزمەتکردنی ئاینەوە بوو نەك نەتەوە و نەتەوایەتی، ئەمڕۆش کە هەندێکمان خۆمانی لێ بێبەریدەکەین و دەڵێین (جا چی بۆ کورد کردووە شانازی پێوەبکەین؟) هیچمان دەستناکەوێت و زۆریش ئامادەن ئەو هەلە بقۆزنەوە و بەوپەڕی شانازییەوە بەرۆڵەی قارەمانی خۆیانی دابنێن.

٥- دەبێت چ گلەییەك لە سەلاحەددین بکەین، نێزیکەی ٨٥٠ ساڵێك لەمەوبەر کوردایەتی نەکردووە لە کاتێکدا سەرکردە و رابەرانی عەرەب هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم و سەد ساڵێك لەمەوبەر نەیاندەزانی بیروباوەڕی نەتەوایەتی عەرەب بەری بەکوێوەیە چ جای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی. عەرەبەکان بەدڵ و بە گیان بە هەموو تواناوە خۆیان لە پێناو سوڵتانی عوسمانیدا بەختدەکرد، روو لە ئاسمان و دەست بەدووعا

دەپاڕانەوە خوایە گیان دەوڵەتمان پایەدار و سوڵتانمان تەمەن درێژ و سەرکەوتوو بێت، سەلاحەددین روو لە خوا بوو نەك روو لە کورد، ئامانجیشی بوژاندنەوە و رزگارکردنی ولاتانی موسوڵمانان بوو نەك دامەزراندنی دەوڵەتی کورد کە لەو رۆژگارەدا بە بیری کەسدا نەدەهات، مێژووش بۆ سەردەمی خۆی نانووسرێتەوە بۆ نەتەوەکانی داهاتوو دەنووسرێتەوە، ئەوانیش پێویستە بە سەنگ و تەرازووی ئەو رۆژەگارە کێشانەو پێوانەی بکەن نەك بەسەنگ و تەرازووی رۆژگار و سەردەمی خۆیان، هەر بۆ نموونە ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویستم نیهاد عەبدولواحید و ئەڵماس خانی هاوسەریدا لە دیمەشق بووین، بەدەستی ئەنقەست نەچووینە سەر گۆڕی سەلاحەددین، هەرزەکارانە دەمانڕوانییە ئەو سەرکردە مەزنە، بەلام ئەمڕۆ بەشەرمەزارییەوە لە بەردەم تاپۆی پیرۆزیدا دەنوشتێمەوە و داوای لێبوردنی لێدەخوازم.

٦- ئاخۆ ئەو جەنگ و خوێنڕشتن و ماڵوێرانی و کاولکارییەی سەد ساڵێکی خایاند بەڕاستی لە پێناو شارە پیرۆزەکەی قودسدا بوو، یا ئامانجی دیکەی لە پشتەوە حەشاردرابوو، کە ساڵی ١٩٤٦یش سەرلەنوێ هەڵگیرسایەوە و ئێستەش هەر بەردەوامە و رۆژانە خوێنی لەبەر دەڕوات و بەو ناوەوە جۆرەها تاوان دژی مرۆڤ ئەنجام دەدرێت.

٧- گەلانی موسوڵمان بە تایبەتیش تورك و فارس و عەرەب و فەرمانڕەواکانیان چ چاکەیەکی سەلاحەددینیان دایەوە بەنەوەکانی، دان پێدانانی مافەکانیان یا چەوساندنەوە و قەلاچۆکردن و هەوڵی تواندنەوەیان؟ ئەوروپا و جیهانی مەسیحیش لای خۆیانەوە هەر بەچاوی گومان و دوژمنایەتی لە کوردی نەوەی سەلاحەددین دەڕوانن و تۆڵەی ژێر کەوتنەکەیان لە کورد دەکەنەوە، غلیۆم — ولیەم (WILHIM) شای ئەڵمانەکان تاکە پێشەوای مەسیحییەکان لەو نیازە لا دەدات، ساڵی ١٨٩٨ز لەگەڵ ئۆجستای هاوسەریدا بۆ سەردانی سوڵتان عەبدولحەمید دێنە ئەستەمبووڵ و لەوێشەوە دەچنە دیمەشق و بەتایبەتی دەچنە سەر گۆڕی سەلاحەددین و تاجەگوڵێنەیەکی لەسەر دادەنێن و فرمانیش دەدات چرایەکی زیویش دروستبکەن و لەسەری دابنێن، بەلام دوا دوایی جەنگی یەکەمی گێتی لەشکرەکانی بەریتانیا و فەرەنسا کە تورکەکانیان سووك و ریسوا کرد و ولاتی شامیشیان لەدەست دەرهێنان، ژەنەڕاڵی فەرەنسەیی گۆرۆ کە دیمەشق دەگرێت بە کەش و فشێکەوە لەبەردەم گۆڕی پیرۆزی سەلاحەددیندا رادەوەستێت و دەڵێت: سەلاحەددین، رابە ئەوە ئێمەین گەڕاینەوە.

٨- یادگارێك سەلاحەددین بۆ کوردی بەجێهێشت مەزنی و خاسی سەردارێکی کوردبوو بەرامبەر دوژمن لەشەڕ و لە ئاشتیدا لە سەرکەوتن و نسکۆدا.. لەگەڵ هۆڵێك لە مزگەوتی ئەزهەر بەنێوی هۆڵی کوردان بۆ ئەو کوردانەی بەدووای خوێندن و فێربوونی زانستەکانی ئیسلامدا دەچوونە قاهیرە، بەلام مەخابن ئەنوەر سادات دووای کۆچی دوایی پێشەوای مەزنی عەرەب بەهەشتیی جەمال عەبدولناصر دەبێتە سەرکۆماری میسر (وەك پەیامی نیازپاکی بەرامبەر دیان و جوولەکە) ئەو یادگارەی سەلاحەددینی دووای هەزار ساڵ سڕییەوە و کوێریکردەوە، کەچی لەدەمی هیچ دەم بەهاوارێك و پێنووسی هیچ نووسەرێکەوە دەنگێك، وشەیەکی نارەزایی بەرزنەبووەوە، ئافەرین بۆ وەفا و پێزانین.

٩- سەلاحەددین موسوڵمانانی فێر دەکرد، هەرچەند فێر نەبوون، دوژمن بەکەم مەگرن، لەسەرکەوتندا دڵفراوان و دلۆڤان بن، دەستدرێژی مەکەنە سەر سڤیل و پیرو ئافرەت و منداڵ، دیلەکان مەکوژن، بەلام ئەوەتە

دەبینین (سەرکردەیەکی) ئیسلام وەك ئەحمەدی نەژادی سەرۆك کۆماری ئێران بەئاشکرا هاواردەکات ئیسرائیل لەسەر نەخشە دەسڕینەوە، ڕێکخراوی (حزب الله) و (حەماس)یش ئەو بنێشتە بەجۆرێکی دیکە دەجوونەوە و بەئاشکرا یا نهێنی دەڵێن جوولەکەکان دەهاوینە نێو دەریاوە، هەربۆ خواردنی ماسی چاکن، چییان لەژێر سەریندایە؟

١٠- ئەو ڕاستییەش لە بیر نەکەین کە ژیانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی زانست و هونەر و وێژە و موسیقا سەردەمی سەلاحەددین چەند قۆناغێك پێش ئەورووپای مەسیحی کەوتبوو، سەردارانی ئەورووپا چاویان لە ژیان و ڕابواردنی خەلیفەکانی ئیسلام دەکرد، گەلێك داب و نەریتی ژیانی ڕۆژانە و پاکژی لەش و خۆشتن بە ئاوی گەرم و دەستشتن بەر لەنان خواردن و ئارەزووی خشڵ و زێڕ و زیوو پۆشاکی جوان و گرانبەهای ئاوریشم و سورمەچن و خۆڕازاندنەوە و نەخشی شمشێر و کێردەکانیان بە بەردی یاقوت و زەمروت ڕازاندنەوەی سفرە و خوان و جۆرەها خۆراك و خواردنەوەی بەتام و چێژ لە ڕۆژهەڵاتەوە فێر بوون.. ئەی جیهانی ئیسلام بۆ بە دەیەها قۆناغ کەوتە دووای ئەوانەوە؟

## وێستگە و خاڵە هەرەگرنگەکان

- سەلاحەددینی ئەیووبی ناوی یوسف نەجموددین ئەیووب شادی مەڕوانە.
- ١١٣٧ لە تکریت- عێراق هاتۆتە دنیاوە و ١١٩٣ ز. لە دیمەشق مردووە و هەر لەوێ نێژراوە.
- یەکەمین هێرشی خاچپەرستان بۆ سەر خۆرهەڵات ١٠٩٦ عیسایی و ٤٣/٤٢ ساڵ بەر لە هاتنەدنیای سەلاحەددین دەستیپێکرد.
- نوورەددین زەنگی بەهاوکاریی شێرکۆ و یووسفی برازای میسر داگیر دەکات.
- ١١٦٠ز. یوسف لەتەمەنی (٢٥) ساڵیدا یەکەمین پۆستی لێپرسراوێتیی لە دیمەشق وەردەگرێت.
- دەوڵەتێکی عیسایی بەر لە و ڕووداوانە لە ئوورشەلیم ـ قودس دامەزرابوو.
- ئاموور، شای قودس ١١٦٣ ز. پەلاماری میسر دەدات و دەیگرێت.
- نوورەددین زەنگی لە شامەوە لەشکرێك بەسەرکردایەتی شێرکۆ و یووسفی برازای دەنێرێتە سەریان.
- ١١٦٤ز. دوای جەنگێکی خوێناوی لە ئەسکەندرییە، شێرکۆ میسر ڕزگار دەکات.
- میصرییەکان ژێر فەرمانی عیسایيان بەلاوە چاکتر بوو، بەهاوکاری ئەوان بەرەنگاری شێرکۆ دەکەن. شێرکۆ لە دوو لاوە شەڕی بۆ نەدەکرا، بەپێی پەیمانێك لەشکری عیسایی گەڕانە دوواوە.
- ١١٦٧ پەیمان دەشکێنن و سەرلەنوێ پەلاماری میصر دەدەنەوە و لەشەڕەکەی (دلجه) دا،خراپ دەشکێن.
- یووسف هەرچەند عیساییەکان لە میصر دووردەخاتەوە بەڵام حەزی بەمانەوە و فەرمانڕەوایی میصر نەدەکرد.

ستراتیژی شێرکۆ: میصر لە ژێر دەستماندابێت دێنە سەر ئاینزای سوننە، بەڵام لە ژێر دەستی عیسایی بێت ئێمە لە شام جێگەمان لێژ دەبێت.

عازید شای میصر خەڵاتی لەشکرەکە دەکات، یووسف بەنازناوی شای سەرکەوتوو (مەلیك مەنصور) دەکاتە وەزیر و فەرمانداری لەشکری میصر، ئەوکاتە تەمەنی (٣٢) ساڵان بوو.

ـ دواتر بەتەواوی دەست بەسەر وڵاتەکەدا دەگرێت، دوای مردنی شێرکۆ لە ١١٦٩ دا میصرییەکان لە یووسف هەڵدەگەڕێنەوە و لەگەڵ فاتمییەکاندا پلانێك بۆ لەنێوبردنی ڕێکدەخەن، ئەگەر سەریگرت میصر لە نێوان فاتمییەکان کە لەسەر ئاینزای شیعە بوون و عیساییدا، بەش بکەن.

ـ یووسف شای سەرکەوتوو ١١٦٩ پلانگێڕەکان دەکوژێت، لە سەرباز و ئەفسەرە سوودانییەکانیش پەنجا هەزاری لە نێوبرد و لە جێگەی ئەوان لەشکرێکی نوێ دادەمەزرێنێت لە ژێر فەرمانی تووران شای براگەورەیدا.

ـ لەشکری خاچپەرستەکان و لەشکری بێزنتە پێکەوە هێرش دەکەن و١٦٦٩گەیشتنە دمیات، شای سەرکەوتوو یووسف لە دوو قۆڵەوە بەرەنگارییان دەکات، عومەری ئامۆزایی و تەقیدین و شەهابەددین لە دەریاوە و نوورەددینی کوڕی عیمادەددین زەنگیش پەلاماری ئیسرائیل دەدات و دوای تالانکردن وێرانی دەکات.

ـ ١١٧٠ یووسف ڕەملە، عەسقەلان، غەززە داگیر دەکات، میصرییەکانیش پشتیوانیان نەما و دەست لە شیعەگەرێتی هەڵدەگرن و دەسەڵات لە فاتمییەکانەوە دەچێتەوە دەست خەلیفە لە بەغدا.

ـ ١١٧٤ ز. یووسف لەشکر دەنێرێتە سەر یەمەن.

ـ نوورەددین و شێرکۆ دەمرن، خەلیفەی عەبباسی لە بەغدا فەرمانێك دەردەکات یووسف شای سەرکەوتوو بە سوڵتان سەلاحەددین ناو دەبرێت، و کوڕاوکوڕی فەرمانڕەوایی میصر و شامی گەورە و یەمەن دەکەن.

ـ سوڵتان سەلاحەددین ڕوو لە ئاوەدانکردنەوە وڵات دەکات وەك نوێژەنکردنەوەی شوورای قەڵای قاهیرە لە ١١٨٣ دا و خوێندنگایەکی گەورەشی کردەوە، باج و سەرانەشی لەسەر دانیشتووان سوککرد.

ـ مەلیك عادلی برای دەکاتە فەرمانڕەوای میصر، تەقیدین و ناصرەددینی ئامۆزاشی بەسەر حەما و حومصەوە دادەنێت.

ـ ١١٧٩ پەلاماری خاچپەرستان دەدات لە مەرجەعیوون — مەرج — عیوون و پەیمانێکیان لەگەڵدا دەبەستێت.

ـ ١١٨٠ دووبارە تورکە سەلجووقەکان دەشکێنێت کە ئەرسەلان سەرکردایەتی دەکردن و ئەمجار ڕوو دەکاتە باکووری کوردستان بۆ تەمێکردنی ئەرمەن و ڕۆبین شا کە هاوکاری سەلجووق بوون.

ـ ١١٨٢ قەڵاکانی شەنگار، ماردین، حەران، حەسەن کێف و نەسیبەین دەگرێت تەنها مووصڵ مل نادات، میرەکانی بۆتان، هەولێر، تکریت و حەدیثەش خۆیان دابەدەستەوە.

ـ ١١٨٢ دەست بەسەر باکووری ئەفەریقادا دەگرێت.

ـ ١١٨٣ بڕیاریدا لەشکری عیسایی لە ئیسرائیل دەرپەڕێنێت کە دەمێکە دەستیان بەسەردا گرتووە.

ـ ١١٨٧ لە جەنگە گەورەکەی حەتتین، قودس ڕزگار دەکات و سەرانەی بەسەردا سپاندن.

ـ ١١٩١ شاکانی ئەڵەمانیا ولیەم، فەرەنسا - فیلیپ، ئینگلتەرە — ریتشارد، بە پشتیوانیی پاپ بڕیار دەدەن قودس — ئوور شەلیم ڕزگار بکەن.

ـ ١١٩١ شاری عەککا لە ئیسلام دەستێننەوە، ریتشارد بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبوونی براکەی دەگەڕێتەوە

و دوا هێرشی خاچپەرستەکان ١١٩٢ کۆتایی دێت.

ـ ١١٩٣/٣/٣ سوڵتان سەلاحەددین ئەنجامی نەخۆشییەکی سەخت لە تەمەنی پەنجاو شەش ساڵیدا لە دیمەشق دەمرێت و هەرلەوێش بەخاك سپێردراوە.

ـ جەنگی سەد ساڵەی نێوان ئینگلیز و فەرەنسا ١٣٣٧ — ١٤٥٣ بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ لە ئەنجامدا فەرەنساوییەکان پاریس رزگار دەکەن و ئینگلیز ناچاری رێککەوتن دەبێت.

ـ ١٤٥٣ لە هەموو خاکی فەرەنسا تەنها بەندەری کالە — کالی بەدەستەوە مایەوە، ژاندارك ئافرەتێکی گوندنشین بوو گوندەکەیان وەك هەزارەها گوند کەوتبوونە بندەستی ئینگلیز، لە تەمەنی هەژدە ساڵاندا چەکی بەرگریکردن هەڵدەگرێت و دەبێتە سەرلقی بەرگریکارانی گوندەکەی و لە زۆر شوێن پاشەکشە بە دوژمن دەکەن، فیوداڵەکانی فەرەنسا لەو هێزە چەکدار و رێکخراوەی جوتیار و چەوساوەکان دەکەونە ترسەوە دوای رزگارکردنی وڵات دەستەڵاتی ئەمانیش هەڵتەکێنن.. ژاندارك لە بۆسەیەکدا دیل دەکرێت و دەیفرۆشن بە ئینگلیز، فەرماندارەکانی لەشکری فەرەنسا بایەخ بەرزگارکردنی نادەن ودەستەڵاتدارانی ئاینیی بەزیندوویی سوتاندیان. ئەوە نموونەیەکی زۆرداریی و ستەمی لە رادەبەدەری پاپ و کەنیسەیە.

ئەسکەندەری مەکەدۆنی، پەلهاویشتنی شاکانی ئێرانی بۆ قوت نەدەچوو،ئەو لەشکرکێشییانەی دەوڵەتی ساسانیی ماوەی٢٥٠ — ٦١١ز. بە سنوور بەزاندن تەماشا دەکرد، ساڵی ٣٣٠ — ٣٣٤ پز بە لەشکرێکی قەبەوە بەرێگای کوردستاندا پەلاماریان دەدات، هەردوو لەشکری یۆنان و ئێران لە نێزیك شاری هەولێر و لە کەنارەکانی زێی گەورە (زێی بادینان) بەرەنگاری یەکتر دەبن و ئێرانییەکان تووشی تێکشانێکی قورس هاتن، بەڵام لە فراوانخوازی نەدەکەوتن، سەرەتای ساڵی ٦٠٠ ز باشووری دورگەی عەرەب داگیر دەکەن و رۆمە بیزنتەکانیش دەستبەسەر بەشی باکووریدا دەگرن و ئیتر رێگاکانی بازرگانی وشکانی و دەریایی و هێنان و بردنی کەلوپەل و بەرێکردنی کاروانە بازرگانییەکان لە دەست عەرەبدا نامێنن، کە لە نێوان عەرەب و بیزنتە و میسر و ئێران و هیندستاندا بە دەریای سپی، دەریای سوور دەریای رەشدا بەرێدەکران، لەوکاتە بەدواوە کە سەردەمی ٣٨ ساڵ فەرمانڕەوایی (کیسرا)ی شای ساسانەکان بوو، دەوڵەتی (حیرە)ی عەرەبیش راستەوخۆ دەکەوێتە بندەستی کیسرا هەتا یاخیبوونەکەی شێرۆی کوڕی، کە باوکی و هەژدە برای خۆی دەکوژێت و دەستدەگرێت بەسەر دەستەڵاتدا، دوای شێرۆش یەکێك لە کوڕەکانی ماوەیەکی کورت دێتە سەرکار و ئەمجا (بۆران)ی کچی کیسرا دەبێتە شای ساسانەکان. ساڵی ١٣ ك/٦٣٣ -٦٧٤ز. میری موسوڵمانان ئەبو بەکر، فەرمانی گرتنی (عێراق) دەردەکات بەسەرکردایەتی موثەنای کوڕی حاریثەی شەیبانی و لە شەڕەکەی زیقار (ذي القار) ئێرانییەکان دەبەزێنێت، ماوەی فرمانڕەوایی ئەبوبەکر کورت بوو لە ٦٣٥ زاییندا دەمرێت، ساڵی ١٦ك/٦٣٧ز. میری موسوڵمانان عومەری کوڕی خەتتاب ٦٣٤ز لەشکرێك دەکاتە سەر عێراق و لەوێشەوە بۆ ئێران، بەسەرکردایەتی خالیدی کوڕی وەلید و سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس، بەرێگای کوردستانی باشووردا پێشڕەوی بکەن بەرەو ئێران، بەرلەوەی لەشکری موسوڵمانان بگاتە کوردستان لە نزیك شاری تسیفون (مەدائین)ی پایتەختی ساسانەکان و تاقی کیسراو ناوچەی سلێمان پاك کە دەکەوێتە باشووری شاری بەغداوە بە دووری ٤٠ کم، رووبەڕووی لەشکری ساسانییەکان دەبنەوە و

لەو شەڕەدا کە بەشەڕی قادسییە ناسراوە و چوار ڕۆژی خایاند لەشکری ئێران بەجۆرێك شپرزە دەبن، بەناوبانگترین پاڵەوانانیان، ڕۆستەمی زاڵ لە ژێر پێی فیلەکانی خۆیاندا دەپلیشێتەوە، ئێرانییەکان وەك پلانێکی سەربازی فیلیان دەخستە بەرایی لەشکرەوە بۆ ترساندنی ئەسپ و ووشتری عەرەبەکان. ساسانەکان لەم جەنگەشدا ژێر دەکەون و ساڵی ٦٣٥ شاری تسیفوون (مەدائین) پایتەختیش دەکەوێتە دەست عەرەبەکان و لەوێشەوە ملی پێوە دەنێن بەرەو ڕۆژهەڵات. لە شەڕەکەی جەلەولاشدا ٦٣٧ز پاشماوەی لەشکری ساسان دەشکێنن و لە ڕێگەی خانەقینەوە لەشکری ئیسلام دەچێتە ئێرانەوە و دەستی بەسەردا دەگرن و هەموو سەرزەمینەکانی بندەستی ساسان کە بریتیبوون لە وڵاتی ئێران، کوردستان، بلوجستان و عێراق دەکەونە بندەستی ئیسلام و کۆتایی بە ٣٥٠ ساڵ پتر دەستەڵات و فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ساسانی ٢٥٠ – ٦٣٧ ز دەهێنن و ڕوودەکەنە ئاسیا و مەنگۆلیا و چین.

ئێران وەنەبێت لە ڕووی هێز و لەشکرو دەسەڵاتی سەربازییەوە کەم دەست بووبن، بۆیە دەبینین مێژووی دێرینیان وەك مێژووی دەستەڵاتی هەر هەموو زلهێزەکانی سەردەمی خۆی، مێژوویەکی جەنجاڵ و پڕ کارەسات و خوێناوییە، هەر لەسەردەمی کۆرشی ئەخەمەنییەوە بیگرە هەتا شۆڕشەکەی خومەینیی و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران ساڵی ١٩٧٩ز، چەند تاموچێژی سەرکەوتن و باڵادەستی نۆشیوە، ئەوەندەش تاڵاوی شکست و ژێر چەپۆکیشی چەشتووە.

ڕۆژنامەوانی هەرە گەورەی عەرەب، موحەممەد حەسەنەین هەیکل دەڵێت: باڵوێزی ئەمەریکا لە تاران لەنامەیەکدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی نووسیویەتی (ئێرانییەکان لەسەر دەستدرێژیی دەرەکیی و دەست خستنە نێو کاروباریانەوە ڕاهاتوون، وەك ئەو کەسە وەهان ماوەیەکی درێژی لە زیندانێکی تاریکدا بەسەر بردبێت، کە ڕزگار دەبێت بەئاسانی چاوی ناکرێتەوە و لەگەڵ تیشکی خۆردا ڕانایەتەوە)، چاکترین شێوەی بیرکردنەوەی ئێرانییەکان بۆ ڕزگاربوون لە دەستێوەردانی داگیرکارێك، ڕێگە بۆ داگیرکارێکی دیکە دەکەنەوە). هەروەها هەیکەل دەڵێت، یەکەمین باڵوێزی ئێران لە واشنتۆن، حوسەین عەلا، کە دۆکۆمێنتی باوەڕپێکردنەکەی پێشکەش بە (ترووەمان)ی سەرۆکی ئەمەریکا کرد لە ڕۆژی ١٩٤٥/١١/٢٤ زاییندا، وتی: (بەڕێز سەرۆك لە ناخی دڵمەوە لێتان دەپاڕێمەوە بەردەوامبن لە پشتگیریکردنی مافەکانی ئێراندا لەم کات و بارودۆخە نالەبارەدا کە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی ئێران کەوتۆتە ژێر پێوە.. تەنها وڵاتەکەی بەڕێزتان دەتوانێت ڕزگارمان بکات)

## دەوڵەتی صەفەوی ١٥٠١ – ١٧٣٦

ناکۆکییەکانی ئێران و دەوڵەتی عوسمانیی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی صەفەویدا دەتەقێتەوە و جگە لە کێشەکانی دەستبەسەرداگرتنی بەغداو شوێنە پیرۆزەکانی عێراق، کێشەی سنوورەکان و میرنشینەکانی کورد، کێشەی حەجکردنی شیعەکان و ئازاردان و کوشتن و تاڵانکردنیان لە مەککە و مەدینە.ئەمەیان لە کێشەیەکی ئایینیەوە بوو بە کێشەیەکی ڕامیاریی و سەفەوییەکان داوای هەموو مافێکی شیعەیان دەکرد بەیەکسانیی و بێجیاوازی وەك سوننە...بەڵام سوڵتانەکانی عوسمانی گوێیان بەو هاتوو هاوارە نەدەدا (ساڵی ١٠٤٢ز. ڕێگە بە ئێرانییەکان نەدرا حەج بکەن) کاردانەوەی ئەو بڕیارە

ڕووداوێکی بێوێنەی لێکەوتەوە (شەوێك بەردەڕەشەکە و دەروازەی کەعبە و هۆڵی نوێژی هەینیی و پەردە ڕووپۆشەکانی ماڵی خودا پیس کران..)[٣٠] تاوانەکە خرایە ئەستۆی ئێرانییەکان و سەیید ئەبو تالیبی یەزدیی لە نێوان سەفاو مەروەدا سەری لە لاشەی جیاکرایەوە.

بەرلەوەی عوسمانییەکان ساڵی ١٥١٤ز. دەست بەسەر شاری کۆستانتینی پایتەختی دەوڵەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵاتدا بگرن و سەرکەوتنێکی سەربازیی مێژوویی بۆ خۆیان تۆمار بکەن. لە ئێرانیش سەرەتای سەدەی ١٠ك /١٦ز. بزوتنەوەیەکی شیعەگەریی ئاوێتە بەهەردوو ڕێبازی سۆفیگەریی و دوازدە ئیمامیی (جەعفەریی) سەریهەڵدا و زۆری نەبرد لاوێك بەناوی ئیسماعیل ڕابەرایەتیی دەکات و سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت ئەو بزوتنەوە کۆرپەیە بکاتە بەردی بناغەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی ١٥٠١ /١٥٠٢ – ١٧٣٦ز. ئیسماعیل یا ڕاستتربڵێین دەروێش ئیسماعیل کوڕی شێخ سەفیەدینە کە یەکێك بوو لە شێخ و ڕابەرە ناسراوەکانی تەریقەت.

مێژوونووسی ئێرانیی، کیسرەویی، لە کتێبی مێژووی پێنج سەد ساڵەی خوزستاندا دەڵێت: سەفەوییەکان بەڕەگەز کوردن،[٣١] دوو بۆچوونیش هەن بڕیارەکەی کیسرەویی دەسەلمێنن، یەکێکیان دەڵێت شا ئیسماعیل باوکی کوردە و دایکی دیانە(گاورە)، ئەویدیکەش دەڵێت باوکی فارسە و دایکی کوردە. پێدەچێت ئەو بانگەوازەی ئیسماعیل دەیکرد، بۆ برایەتیی ئیسلام و دیان لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت کە دایکی دیان بووە. دەروێش ئیسماعیل لەبەردەستی باوکیدا و لە نێو تەکیە و خانەقا و کۆڕی زیکر و تەپڵ و دەفی دەروێشەکانی باوکیدا پەروەردە بوو، کە هەتا ئەو کاتەش ئێرانییەکان بە گشتی هێشتا لەسەر ڕێبازی سوننە بوون، دەروێش ئیسماعیل بەتوانا و لێهاتوویی خۆی پێگەیشت، بەخۆی پشت ئەستوور بوو، هیوای سەرکەوتن هەر لە زووەوە چەکەرەی لە دەروونیدا کردبوو،کە گەیشتە پلەی ڕابەری تەریقەت، لە دەروێش و موریدەکان لەشکرێك پێکەوە دەنێت و مێشکیان بە توندڕەویی و دەمارگیریی ئاودەدات و دەیانکاتە هێزێکی ئاینیی ـ سیاسیی هەتا سەرئێسك ڕادیکاڵ وهەر بەو لەشکرەش کە بە قزڵباش ناسران،ئەویش بەوهۆیەوە کە تەپلەکانیان دوازدە هێڵی سووری تێدا بوو، وەك هێما بۆ دوازدە ئیمامەکە،بە (تەپلە سوور) ناسران.[٣٢] دەروێش ئیسماعیل توانیی دەست بەسەر تەخت و تاجی ئێراندا بگرێت و دەوڵەتی سەفەوی دابمەزرێنێت ١٥٠٢ – ١٧٣٦ زاینی و وەها بەئاسانی ببێتە شا ئیسماعیلی سەفەوی.

شا ئیسماعیل هەر زوو هەستی بەوەکرد بۆ بەرەنگاریکردنی زلهێزێکی وەك دەوڵەتی عوسمانیی، پێویستی بە زەمینەیەکی ئاینیی پتەو هەیە، دەوڵەتەکەی لەسەر ڕابگرێت و لەهەمانکاتیشدا ئاینزای شیعەگەریی بکاتە لەمپەرێکی ئاینیی – سیاسی لە نێوان ئێران و عوسمانییەکانی دراوسێیدا، ئێران لە ڕێبازی سوننە جیابکاتەوە، کە دەوڵەتی عوسمانی کردبوویانە ئاینیی فەرمی دەوڵەت و پشت ئەستوور بە فەتوای هەردوو پێشەوای ئاینیی ئەبی حەنیفە کە پشتی بە بەڵگەی پێوانەکاریی و بەراورد (القیاس و المقارنە) دەبەست لە قورئاندا و پێشەوا شافیعی کە زۆر پشتی بە فەرموودەکان (الأحادیث) نەدەبەست لە بڕیارەکانیدا، فەتواياندا مەرج نییە میری موسوڵمانان هەر لە قوڕەیش بێت. شا ئیسماعل لەبەر ڕۆشنایی

بۆچوونەکانی ئەو دوانەدا ژیانی ئاینیی لە ئێراندا سەرلەنوێ بەجۆرێك رێکدەخاتەوە لە هەموو ولاّتانی موسولّمان جیاواز بێت، فێرگە و بنکەی زانستە ئاینییەکانی شیعەش لە مزگەوتی ئیمام عەلی لە نەجەف و مزگەوتی فاتیمەی (پاك و بێگەرد)بێگوناه لە قوم دامەزراند.(٣٣)

شاکانی ئێران بەردەوام هەولّیاندەدا کورد لەهەر لایەك بێ دۆست و لایەنگری ئێران و دژی عوسمانیی بێ، بەتایبەتیش میرەکانی ئەردەلاّن، بابان، سۆران، موکریان، کە پەیڕەویی ڕێبازی حەنەفی و شافیعییان دەکرد، شاکانی ئێران بەردەوام کوردیان هاندەدا هەستی شیعەگەرێتیی بخەنە پێش هەستی سوننەگەرێتی و (کوردایەتییەوە). عوسمانییەکانیش مێشکی کوردیان بە پێچەوانەی خواستی شاکانی ئێرانەوە ئاو دەدا، بەلاّم بۆ هەمان مەبەستی گلاّو کە کورد بکەنە مقاشی دەستیان و لەو بوارەدا لە ئێران سەرکەوتوتر بوون. کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان کە بەریتانیا عێراق لەدەست تورك دەردەهێنێت، کورد و عەرەب جگە لە دیان، جوو، ئەرمەن، ئاواتەخوازی گەڕانەوە و سەرکەوتنی تورك بوون و باوەڕیان نەدەکرد لەشکری سولّتان و خەلیفەی موسولّمانان ژێر بکەوێت، باوەڕیان بە سیخوڕو چلّکاوخۆرەکانی دەکرد، کە دەیانوت بەریتانیا شەڕەکەش بباتەوە، ئەلّمانیای هاوپەیمانمان بەلجیکا دەداتەوە بە بەریتانیا، ئەویش لە بەرامبەردا عێراق چۆلّ دەکات.

میرنشینەکانی ئەردەلاّن و بۆکان بێ ئەمبەروئەوبەر دۆستی هەمیشەیی ئێران بوون دژی تورکیا، ئەفغانستان، رووسیا و میرنشینی بابان، بەلاّم میرنشینی بابان گەلێك جاران ناچار دەبوو لە نێوان سەفەوی و عوسمانیدا سەنگەر بگوازێتەوە، ئامانجی سەرەکیی زۆربەی هەرە زۆریشیان پاراستنی سنووری دەستەلاّت و بەرژەوەندییە تایبەتەکانی میرەکان بوو لە پالّ جۆرە سەربەخۆییەکدا، هەرچی میرنشینی سۆرانیشە بەڕوالّەت خۆیان بە دۆست و ژێر فەرمانی سولّتانەکان پیشاندەدا.

سەرکردەیەکی کوردی باکوور وەك شێخ عوبەیدوللاّی نەهری (شەمزینی) پشتی میرەکانی بەدرخانەکان چۆلّدەکات و پالّدەدات بە سولّتان عەبدولحەمیدی عوسمانییەوە دژی رووسیا، کە بەدرخانەکان هیوایەکیان پێیان هەبوو.. ئەوە ئەو کاتە بوو کە دوو سەرکردەی عەرەب، شەریفی مەککە حسێن کوڕی عەلی و عەبدولعەزیزی کوڕی سعوود لە حیجاز دەدەنە پالّ بەریتانیای (گاور) دژی دەولّەتی عوسمانی و سولّتانی موسولّمانان.

ئەوەبوو بەختە سیاسییەکە رووددەکاتە عەرەب و شەریف حسێن و سعوود و پشتدەکاتە کوردو بەدرخانەکان وشێخ عوبەیدوللاّ و شێخ مەحموود کە چارەنووسیان بە سولّتان و تورکەوە بەسترابوو.

## میرنشینیی ئەفغانەکان

ئیمپراتۆریای سەفەویی بەدرێژایی صالاّنی ١٥٠١ـ١٧٣٦ فەرمانڕەوای ئێران بوون، هەرچەند لە چواردە صالّەکەی دواییدا دەستەلاّتی راستەقینەیان بەسەر ولاّتدا نەمابوو، پشێوی و بێئارامیی و سەرگەردانیی بالّی رەشیان بەسەر ولاّتدا کێشابوو، مەحموود خانی ئەفغانیش ١٧٢٢ — ١٧٢٥ز. ئەو هەلە دەقۆزێتەوە و لە پەلامارەکەیدا بەشێکی بەرچاوی ئێران داگیر دەکات و خۆی ناو دەنێت شای هەردوو ولاّتی ئێران و ئەفغانستان و دوای تاج لەسەرنان،یەکسەر نوێنەری خۆی دەنێرێتە ئەستەمبولّ و داوای چۆلّکردنی ئەو

ناوچانەی لێدەکردن کە داگیریانکردووە.

دەوڵـەتی سـەفەوی چـۆن لـەناکاوو بـە خێرایـی دامـەزران، بەهـەمان خێرایـی و کتـوپڕیش دەکـەون، عوسمانییەکان زۆر لەباردڵیان گرانبوو، دەوڵەتی سەفەوی بە دەستی تورك نەڕووخا، بەڵکو ئەو شانازییە بەر ئەفغانـەکان کـەوت، سـوڵتان ئاواتـەخواز بـوو میـدالیای ئـەو سـەرکەوتنە مێژووییـە بەبـەرۆکی خۆیـدا شۆڕبێتەوە، بەڵام بێ هێواش نەبوون و دەیانوت: هێشتا نەچووە بچێت، بەشی ئێمەشی تێدا ماوە. ئەوەبوو خۆیان ئامادە دەکەن فریابکەون ئەوەی ئەفغان نەیگرتووە بیگرن. هاوکاری مـەحموود شاشـیان دەکـرد کـە وەك خۆیان پێڕەویـی ئـاینزایی سـوننە دەکـات دژی ئێرانییـە بێبـاوەڕ و گومڕاکـان (رافیـزی)[٣٤]. صـاڵی ١٧٢٣ز. فەرمانداری شاری کرماشان بێ شەڕو کوشـتار شـارەکە دەدات بەدەسـت ئەفغانەکانـەوە، صـاڵی دواتریش ١٧٢٤ز. هەمەدانیش داگیر دەکەن و بەپێی پەیمانێك کە پێشتر لەگەڵ رووسـیادا مۆریـانکردبوو، ولاتـی ئێـران لـە نێـو خۆیانـدا دابـەش دەکـەن.دوای مـەحموود خان،جلـەوی فـەرمانڕەوایی ئەفغانسـتان ساڵی١٧٣٠ دەکەوێتە دەست ئەشرەف خان،یەکەمین هەڵوێستی بەرامبەر تورك ئەوە بوو بەتوندیی رەخنەی لێدەگرتن چۆن هاوکاریی لەگەڵ گاور (دیان — عیسایی) دەکەن بۆ داگیرکردنی ولاتێکی موسوڵمان. داوای لە هەردوولاشیان دەکرد ئێران بۆ ئەفغان چۆڵ بکەن کە وەچەی خالیدی کوڕی وەلیدن و میراتگری شەرعیی فەرمانڕەواییکردنی ولاتانی موسوڵمانن. سەرئەنجام لایەنە ناکۆکەکان صاڵی ١٧٣٢ز. کە بـە صـاڵی فیـل ناسراوە رێکدەکـەون ئێـران بکـەن بـە سـێ بەشـەوە بەدەسـت ئـەفغان، عوسمـانی، رووسـەکانەوەبێت. لـەم بارودۆخە سەخت و نالەبارەی ئێرانی تێکەوتبوو، سەفەویەکان کەڵك لەو هەست و سۆزە کپکـراوەی شـیعە (یارانی عەلی) وەردەگرن، کە سەرچاوەکەی زەوتکردنی خەلافەت بوو لە ئیمام عەلی و شەهیدکردنی خۆی و کوڕەکانی و بنەماڵەکەی بوو بە ناکامیی.سـەفەوییەکان ئـەو کارەسـاتەیان کارامـە و بـە بەرنامـە یـەك خستە چوارچێوەی ئاینزایەکەوە کە لە مێژووی ئیسلامدا بەرێبازی پێنجەم یا رێبازی جەعفەریی ناسراوە و دەیکەنە ئاینی فەرمیی ئێرانییەکان و بنەما فەلسەفییەکانیان لە بنکە ئاینییەکانی نەجـەف و کەربـەلا و کازیمـەین و قومـەوە پێدەگەیشـت کـە لـەو بنکانـەدا ئـەنجامی خوێنـدن و لێکدانـەوەو بـەراوردەوە گەشەیانکردووە و دەچەسپان و پۆل پۆل زانای لێهەڵدەکـەوت کـە بـەپێی کـات و شـوێن بڕیـاری شـەرعیی (فەتوا) کاریگەرییان دەردەکرد.

بەم جۆرە لە سێ ولاتی گەورەی موسوڵماناندا سێ دەستەڵاتی ئاینیی — سیاسیی توندڕەو دامەزران، لـە ئێران لەژێر ئالای شیعەجەعفەریی و لە ولاتانی عوسمانی و ئەفغانیشدا لە ژێر ئالای سـوننەدا سـەنگەریان لەیەکتر دەگرت و ئەو رق و کینەیەی ئەو سەردەمە تەقییەوە ئـاگرێکی هەڵگیرسـاند هـەتا ئـەمڕۆش هـەر کڵپە دەسێنێت.

شـا ئیسـماعیل زیرەکانـە کـەڵکی لـە سـەرگەرمیی دەروێشـەکانی نێـو سـوپاکەی وەردەگـرت و بەکاریدەهێنان، قزڵباشەکان بووبوونە کۆڵەکەی بەهێز و سەرەکیی دەوڵەتی سەفەوی کە صاڵی ١٥٠٢ز. لە هـەرێمی تـەورێز و ئازەربایجـان دایمەزرانـد و خـودی خۆشـی مـاوەی ٢٧ صـاڵ، ١٥٠٢ — ١٥٢٧ز. فەرمانڕەواییکرد، (هێشتا دەمێك نەبوو تاجی شاهانەی نابووە سەر، پەلاماری بەغدا دەدات و لـە صـاڵی

١٥٠٨ زايندا ولآتی نێوان دوو رووبارەکە داگیر دەکات و کوشتوبڕێکی دڕندانەی لە دانیشتوانەکەی کردو گۆڕی پێشەوا حەنیفەش تێکدەدات و لە بری ئەوە هەردوو مزگەوتی کازیمەین و مزگەوتی سەفەوییەکانی دروستکرد، خەڵکیشی ناچار دەکرد جنێو بە ئەبوبەکر و عومەرو عوسمان بدەن)[٣٥].

جیاوازی نێوان ئاینزای سوننە و ئاینزای شیعەگەریی کێشەیەکی فەلسەفی قووڵە لە نێوان دوو بۆچوونی دژ بەیەکتردا، لە روانگەی شیعەوە کێشەی نێوان هەق و ناهەق، زانست و نەزانین (جەهالەت)، بەرخۆدان و خۆپەرستیی، لۆجیك و ئاژاوە، خاوەن ماڵ و بەڕانی .ئەم کولتووره بە شێوەیەکی قووڵ و کاریگەر لە هەست و نەست و بیرو ویژدان و هەڵسوکەوتی شیعەکاندا رەگ و ریشەی داکوتاوە و رۆژ لە دوای رۆژیش پەرەدەسێنێت و هەرکاتێك هەلومەرجی لەباریشی بۆ دەرەخسێت بەشێوەیەکی ترسناك دەتەقێتەوە، ئەو ئاگری دووبەرەکییەی ١٤٤٠ ساڵ پتره یەکڕیزی موسڵمانانی تێکداوە و کردنی بە دوو بەرەی دژ بەیەکتر، بەردەوام کڵپە دەسێنێت و هەردوو لایەنەکەش سوورن لەسەر ئەوەی دانەمرکێتەوە، شیعەکان هەموو ساڵێك رووداوەکانی کارەساتەکە بە وردو درشتییەوە بەرزو پیرۆز زیندوو رادەگرن.[٣٦] لە سایەی ئازادی عێراقدا، کۆتایی فێبروەری ساڵی ٢٠٠٨، پتر لە هەشت ملیۆن شیعە روویان لە کەربەلا کردو بەدەم گریان و یا عەلی و یا کەڕرار و سنگ کوتان و زنجیر وەشاندنەوە رژانە شارەکەوە.. دەشێت بپرسین ئەی سوننەکان بۆ یادی شەهیدکردنی عومەر و عوسمان و وەك دەڵێن ئەبوبەکریش ناکەنەوەوهێمن و بێدەنگن؟ بەکورتی ئاینی ئیسلام بەلای ئەوانەوە خواپەرستییە، شایەتمان ونوێژ و رۆژوو، حەج و زەکات و هتد، ئاین و رامیاریی، ئاین و دەوڵەتیش جیاوازن، زاناکانی ئاینیش فەرمانبەر وموچەخۆری دەوڵەتن بە پێچەوانەی شیعەوەکە لای ئەوان ئاین و دەوڵەت جویٚ ناکرێنەوە، زاناکانیشیان پولێك لە دەوڵەت وەرناگرن، بەڵکو پێنجیەکی داهاتی موریدەکانیان بۆ دێتە ماڵەوە،موریدەکانیش لە هەرشتێکدا درۆ بکەن لە سوێند خواردن بە عەبباس و پێشکەشکردنی٢٥٪ی داهاتیاندا درۆناکەن! کێشەی نێوان شیعە و سوننە لە بنەڕەتدا کێشەیەکی رامیاری و ململانێی دەستەڵاتە، بەڵام خرایە قاڵبی ئاینزا — کۆمەڵایەتی، ناسیۆنالیزمی عەرەب و فارسەوە بۆ فارس بوو بە خێر و بەرەکەت و بۆ دەستکەوتی رامیاریی پتر کەوتنە داتاشینی سیٚ بەڵگەی سەرەکی، کە عەلی لە هەر هەمووان شیاوتر بوو ببێتە جێگری پەیامبەر: (آیة المباهلة)، (آیة الزکاة) و (حدیث المنزلة)، بەڵام نەیارەکان چوار جاران لە سەریەك بەفرتو فێڵی سیاسیی و چاوبەست و لە خشتەبردن مافی رەوای عەلی زەوت دەکەن، جگە لەو سیٚ بەڵگەیە چەند فاکتەرێکیش دەکەنە پاڵپشتی بۆچوونەکەیان کە لە بەراووردکردندا تای تەرازووی عەلی قورستر دەکەن:

١- بە پێچەوانەی سیٚ خەلیفەکەوە، ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، لە هەموو ژیانیدا بتپەرست نەبووە.

٢- تەنها خەدیجەی هاوسەری پەیامبەر و ئەبوبەکر، پێش ئەو باوەڕیان هێناوە.

٣- ئامۆزا و زاوای پەیامبەرەوتەنها یەك جاریش هاوسەرگیریی کردووە.

٤- نازناوی ئازایەتیی شێری یەزدان و شمشێری ئیسلام بەو درابوو.

٥- خوێندەوارترین موسوڵمان و تاکە رووناکبیری سەردەمی خۆی بوو لە نێو موسوڵماناندا و بەدەریای زانست ناو دەبرا.

٦- دۆست و دڵسۆزو هاوکاری نزیکی پەیامبەر بوو لە ڕۆژانی تەنگانەدا و پاڵەوانی شەڕەکانی (بەدر) و (ئوحود) بوو، دژی قوڕەیشییە بتپەرستەکان، هەر ئـەویش بـوو کـە لەشـکری موسـوڵمانان لـە شـەڕەکەی (ئوحودا) دەشکێن، پەیامبەری بە برینداری رزگار کرد، هەرچەند خۆیشی زامداربوو. بەسەریەکیشەوە ١٦ برینـی جێگە شمشێر و تـیری بتپەرسـتەکانی پێوەبـوو، ئـەو ٧٦ بتپەرسـتەی لـە شـەڕی بەدریشـدا کـوژران نیوەیان بەرشمشێری عەلی کەوتن .

٧- عـەلی خـۆی بـەهیچ هـۆزو تیرەیەکـەوە نەدەبەسـتەوە، سـەر بـەخێزانێکی دەسـتکورت بـوو، خـۆی بەتاکێکی چینی هەژار و نەدارەکان دەزانی،پارەوپولیشی نەبوو هەلپەرست و ویژدانەمردووەکان بکڕێت.

٨- چەند فەرموودەیەك لە پەیامبەرەوە دەگێڕنەوە گوایە فەرموویەتی: (مـن أحـبني فقـد أحب عليـا) هەرکەس منی خۆشویستووە، عەلی خۆشویستووە.

٩- شیعەکان دەڵێن پەیامبەر لە ڕۆژی جەژنی غەدیردا لە هەڵبژاردنێکدا کە سێ ڕۆژی خایانـد، عـەلی بە جێگری خۆی دادەنێت و دەڵێت[٣٧]: (اليوم أكملت لكم ديـنكم و أتممـت علـيكم نعمـتي ورضـيت لكـم الإسلام دينا) شیعەکان ئەم دەقە وەها لێکدەدەنەوە کە تەواوکردنی ئاین بەبێ جێگر دروسـت نییـە، بۆیـە پەیامبەر دووای ئەوە دەڵێت: (ومن كنت مولاه فهذا على مولاه) هەرکەسێك من سەردار و ڕابەری بـووم، ئەمە عەلییە و ئەویش سەردار و ڕابەرێتی. هەروەها شیعەکان دەڵێن ١١٠ هـاوڕێی پەیامبـەر و چـەندین زانای سوننەش ئەم ڕووداوە دەسـەلمێنن و دەڵـێن دووابـەدووای فەرموودەکـەی پەیامبـەر کـە دەسـتدەخاتە سەرشانی، عەلی، ئەبوبەکر، عومەر دینە پێشەوە و بە عـەلی دەڵـێن (السـلام عليـك يـا أمـير المؤمنين، أصبحت مولاي و مولى المسلمين) سڵاو لە میری موسوڵمانان، بوویتە گەورەی من و موسوڵمانان. ئەمـەش گەر وابێت دان پێدانێکی ئاشکرایە بە دانانی عەلی بە جێگر (خەلیفە).

پەیامبەر دوای حەجی ماڵئاوایی (حج الوداع) کە ئەو ساڵە هەزار موسوڵمان لە دوای پەیامبەرەوە حەج دەکەن، نەخۆش دەکەوێت و لە ماڵی خۆشەویسترین هاوسەرەکانی، عائیشەی کچی ئەبوبەکر لە پێخەفی نەخۆشیدا دەکەوێت، تەنها عائیشە و ئەبوبەکر و عومەر لە ژوور سەریبوون، موسوڵمانانیش لە کووچـە و کۆڵانەکانی مەدینە و مزگەوت کۆبووبوونەوە. لەسەر پێشنیازی ئەبوبەکر کۆنگرەیەك دەبەستن بە کۆنگرەی (السقيفه) ناودەبرێت بۆ هەڵبژاردنی جێگـری پەیامبـەر، ئەمـەش مانـای ژێـوان بوونەوەیـە لـەو پەیمانـەی لەبەردەم پەیامبەردا دابویان بە عەلی، هەردوو تیرەی ئەوس و خەزرەجیش دەکەونە هەوڵی ئەوەی لـە نێـو خۆیاندا نوێنەرێك هەڵبژێرن، بەڵام لە هەڵبژاردنێکدا کە کـەس چـاوەڕوانی نـەدەکرد، ئەبووبـەکر خـۆی بـە هەڵبـژێردراو پێشکەشـی هـەمووان دەکات.ئەبووبەکر،عومەر،عوسمان(سـیانەکە) دێنــە نــاو جــەماوەرە خرۆشاوەکەوە وئەبوبەکر هەواڵەکە رادەگەیەنێت (من يعبد محمدا فقد مات محمد، و من يعبد الله فهو بـاق لا يموت) هەرکامتان موحەممەد دەپەرستێت، ئەوە موحەممەد مرد، ئـەوەی یـەزدانیش دەپەرسـتێت یـەزدان نەمرە. (سـیانەکان) توانییـان بەبەشـێکی جەماوەرەکـەی بسـەلمێنن، پەیامبـەر بەرلـەوەی گیـانی پـیرۆزی پسپێرێت ئەبوبەکری کردۆتە جێگری خۆی، بەڵام یارانی عەلی کە زۆربەی جەماوەرەکە بوون ئەم بڕیارەیـان نەسەلماند، ئەبوبەکر یەکەمین نێرینە و دووەمین کەسە دوای خەدیجە بـاوەڕی بـە پەیامبـەر هێنـابوو، جگـە

لەوەی بەتەمەنترین یارانی پەیامبەر و ریش سپی و دەمڕاستی قورەیش و خەزووری پەیامبەر و تاکە هاوڕێ و هاودەمی بوو کە لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچ دەکات، سەرەڕای ئەوەی خاوەن باوەڕێکی چەسپاوو نەگۆڕیش بوو، بەڵام لەوانە گرنگتر ئەوەبوو قورەیش رازی نەدەبوون خەلیفەی پەیامبەریش (جێگرەکەی)هەر لە تیرەی هاشمییەکان و بنەماڵەی عەبدلموتەلیب بن. [٣٨]

ئەبووبەکر تەنها دوو ساڵ فەرمانڕەوایی موسوڵمانان دەکات و دەمرێت، ئەو ماوە کورتەش هەر خەریکی دامرکاندنەوەی یاخیبوون و هێنانەوە سەر رێگای پاشگەزان و موسوڵمانە درۆزنەکان بوو، کە مێژووی ئیسلام بە جەنگەکانی هەڵگەڕانەوە ـ هەڵگەڕاوەکان (حروب الردة) تۆماری کردووە. ئەبووبەکر بەدەردی خوا دەمرێت، هەرچەندە بۆچوونیش هەیە کە دەرمانخواردکراوە. ئەبوبەکریش لەسەرەمەرگدا عەلی دەخاتە دواوە و عومەر دەکاتە جێگر. عومەر سەرەتای بلاوکردنەوەی پەیامەکە باوەڕی بە پەیامبەر نەکرد و لەسەر بتپەرستی و ئاینی باووباپیرانی دەمێنێتەوە، دوژمنێکی بەهێزو دەستوەشێنیش بوو، لەچاو ئەبوبەکر و عەلیدا درەنگانێك موسوڵمان دەبێت، موسوڵمانەکان هەتا ئەو کاتە بەدزییەوە بانگیان دەدا، کە عومەر موسوڵمان دەبێت، بیلالی حەبەشی دەچێتە سەربانی مەککە و بانگی موحەممەد بەئاشکرا دەدات.

عومەر لەسەردەمی فەرمانڕەواییەکەیدا ژیانێکی سادە و ساکار دەژیا، دادپەروەر و بەبەزەیی بوو، چاوی لە ناهەقی نەدەپۆشی، سنووری ولاتیشی زۆر فراوانکرد، ئەویش لەکاتی نوێژدا بەدەستی کۆیلەیەکی ئازادکراوی بەرەگەز فارس دەکوژرێت بەنێوی ئەبولوئلوئە، عومەر لەسەرەمەرگدا کەسێك ناکاتە جێگر، بەڵکو لیژنەیەکی دەستنیشان کرد بۆ هەڵبژاردنی سێهەمین جێگری پەیامبەر، لیژنەکەش عوسمانی کوڕی عەففان دەستنیشان دەکەن. عەلی نابەدڵ بەیعەتی بە عومەر کرد، بەلأم نوێژی لەپشتەوە دەکرد و کچێکی خۆیشی لێمارەکردبوو، ئەمجارەش هەر بەنابەدڵ وهەندێکیش درەنگ بەیعەت بە عوسمانیش دەکات و نوێژی لە دوای ئەویشەوە دەکرد. عوسمان لە تیرەی بەنو ئومەیەی (بنی أمیە)ی هۆزی قورەیشە، خزمێکی نزیکی بنەماڵەی ئەبوسوفیانی بەدەستەلاتە، لەگەل ئەبوبەکر و عومەردا جیاوازی زۆر بوو، وەك ئەوان سادە و ساکار نەدەژیا، حەزی لە کۆشك و تەلارو کارەکەر و کەنیزەك دەکرد، ژیانێکی شاهانە بژی، پارە و سامانی موسوڵمانانیشی بەڕاست و چەپدا دەبەخشییەوە و چاوی لە گەندەڵیی لێپرسراوانیش دەنوقاند کە زۆربەیان لە تیرەی (بەنی ئومەییە) بوون و پۆستە گرنگەکانیشی بەوان دابوو، یارانی عەلی بەئاشکرا دەیانوت خەلیفە لە رۆحی ئیسلام دوورکەوتۆتەوە و هەق بووە بەژێر ناهەقییەوە، ئەو مافەی بە فرتو فێڵ و زۆرەملیش زەوتکراوە، بەهێزو شمشێر دەسەندرێتەوە، لەم داوایەشدا تا دەهات هاوبیر و هاوکاریان زۆرتر دەبوون، لەمەپتریش دانیان بە خۆیاندا نەگرت، ساڵی ٦٥٦ز. پەلاماری شاری مەدینە، پێتەختی خەلافەتی ئیسلام دەدەن و دوای ئابلۆقەدانی بارەگای خەلافەت، خەلیفەی سێهەم، عوسمانی کوڕی عەففان لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا لەناو کۆشکەکەیدا کوژرا، ئیمام عەلیش کاتی رووداوەکە لە مەدینە بوو، شەش رۆژ دوای کوژرانی عوسمان بەیعەتی پێکرا، بەڵام لە لایەن هەمووان و بەزۆرینەوە نەبوو، موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان والی ولاتی شام بوو، رابەرایەتی بزوتنەوەی نەیارەکانی ئیمام عەلی و خزمانی عوسمان و

تیرەی بەنی ئومەییەی دەکرد کە دەیانوت ئەم باوەڕپێدانە (بەیعەت) بەئاگاداری هەمووان نەبووە و خودی ئیمامیش تاوانبارە بەهەڵگیرساندنی هەراکەی مەدینە و کوژرانی عوسمان.

لێرەوە کێشەکە بریتیبوو لەوەی کێ لەکێ شیاوترە بۆ خەلافەت، چەند تەوەرێکی تریشی گرتە خۆی وەك ململانێی نێوان چینی دەرەبەگ و دەستەڵاتداران و بازرگانە گەورەکان و تیرەی بەنی ئومەییە بەسەرکردایەتی موعاویە لەلایەك وچینی هەژارو نەدارەکان بە رابەرایەتیی عەلی، کە لە خێزانێکی دەستکورت و هەژاربوو، خۆشی بە هیچ تیرە و هۆزێکەوە نەدەبەستەوە و تەنها بایەخی بەراستەڕێگەی ئیسلام و بەرژەوەندی موسوڵمانان و پاراستنی یەکڕیزی و یەك دەنگیی و یەکسانبوونی هەمووان دەدا، سەرکەوتنی پەیامەکەشی دەخستە پێش بەرژەوەندی تایبەتیی خۆی و ئەم تیرە و ئەو هۆزەوە بە پێچەوانەی موعاویەوە کە لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا سڵی لە هیچ شتێك نەدەکردەوە وەك شێواندنی هەندێك لە فەرموودەکانی پەیامبەر و داتاشین و هەڵبەستنی هەندێکی دیکەش.

لە ئەنجامدا ئەو کێشەیە تێکەڵاو بە بنچینەکانی ئایینەکەش دەبێت و دوو لایەنە ناکۆکەکە دەکەونە سەر دوو ڕێیانی دوو ڕێبازی سوننە و شیعە، بنەما سەرەکییەکانی ئاینی ئیسلام بریتییە لە:

١- یەکتاپەرستیی، یەزدانی تاکو تەنها، (التوحید).

٢- ناسینی محەممەد بە پەیامهێنەری یەزدان ( النبوە).

٣- زیندوو بوونەوەی دوای مردن و تەرازووی کێشانی چاکە و خراپەکانی مرۆڤ و پاداشتی بەهەشت و سزای دۆزەخ (ألمیعاد،ألبعث،ألجنە،النار)، بەڵام زاناکانی شیعە دوو بنەمای دیکەیان خستە سەر سێ بنەماکەی سوننە و بە (دادپەروەریی ـ العدل) و (دەست پاکیی ـ الأمانة) بوون بە پێنج بنەما. واتای ئەو دوو وشەیە، واتا فەرهەنگییەکە نییە وەك داد، دەستپاکی بەڵکو وەك زاراوەی ئاینیی ـ رامیاریی بەکاریدەهێنن بۆ پڕۆتستۆکردنی فرتوفێڵی رێگەگرتن لە ئیمام عەلی بۆ گەیشتن بەخەلافەت.

پێڕەوکارانی ڕێبازی شیعەگەرێتی یا وەك خۆیان حەزدەکەن بە دوازدە ئیمامی ناو ببرێن، لە بڕیارەکانی شەرع و کاروباری کۆمەڵایەتیدا پشت بەم پێشەوایانە دەبەستن:

١- عەلی کوڕی ئەبو تالیب.

٢- حسەین کوڕی عەلی.

٣- حەسەنی کوڕی عەلی (بایەخێکی ئەوتۆی پێنادەن چونکە موعاویەی بەخەلیفە ناساند).

٤- عەلی کوڕی حسەین ناسراو بە زەینەلعابدین.

٥- محەممەد کوڕی زەینەلعابدین ناسراو بە باقر.

٦- جەعفەری صادق.

٧- مووسای کازم.

٨- عەلی ئەلڕەزا کوڕی مووسای کازم (مەزاری لە مەشهەدە).

٩- محەممەد جەواد.

١٠- عەلی ئەلهادی.

١١- حەسەنی عەسکەری کوڕی ئەلهادی (مەزاری لە شاری سامەڕایە).

١٢- محەممەدی مەهدی کە هەزارودووصەدساڵ پترە لەبەر چاوان دیار نەماوە و هاکا هاتەوە! بەڵام لای ئەهلی سوننە مەهدی هێشتا لە دایك نەبووە.

ئەگەر سەرنجێکی وورد بدەینە ئەو دووازدە پێشەوایە هەرهەموویان نەوەی ئیمام عەلین و ئاوڕی لە سێ خەلیفەکە و عەبباسی مامی پێغەمبەر و پێشەوا محەممەدی حەنەفی نەداوەتەوە.

زانای گەورەی ئیسلام، سویدی، بە شیعەکان دەڵێت: ڕێبازی جەعفەریی کە ئێوە پەیڕەوی دەکەن نە بناغەیەکی هەیە و نە دەچێتەوە سەر موجتەهیدێك، خودی جەعفەری صادقیش لەو ڕێبازە بێبەرییە.

جەعفەری کوڕی محەممەدی صادق هاوژینی مالیك و ئەبوحەنیفە بوو، لە باوکییەوە دەچێتەوە سەر عەلی، لە دایکیشییەوە دەچێتەوە سەر ئەبووبەکر، ئاشکراش بەهەمووانی ڕاگەیاندووە و دەڵێت: (وَلَّدني أبابكر مرَّتين) مانای من دوو جاران لە ئەبوبەکرم (لەو کەوتوومەتەوە) بۆ ئەوەی توندڕەوەکان لە سووکایەتیکردن بە ئەبووبەکر بگێڕێتەوە!

بەڵام سەفەوییەکان دوای تێپەڕبوونی ٥٥٠ صاڵ ئەو جیاوازیی شیعە و سوننەیە دەقۆزنەوە و وەك ڕێبازێکی ئاینیی- سیاسیی بەکاریانهێنا بۆ دامەزراندنی دەستەڵاتی خۆیان و پاراستن و مانەوە و درێژەپێدانیدا لە شێوەی ئیسلامیی ڕامیاریدا.

دوای رووخانی دەوڵەتی سەفەوی لە ١٧٣٦دا، تین و تەوژمی شیعەگەرێتیش خاو دەبێتەوە و ئەو دەستەڵاتی ئیسلامی ڕامیاریی یا ئیسلامی دەوڵەتییە سەرەتاییەش هێزو بڕشتی نامێنێت و دەبێت بە ژێرەوە و هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دەرنەکەوتەوە، ئەو دەمە لە نێو دەستەیەك زانای ئاینیی لە پاکستان، هیندستان، سەرهەڵدەداتەوە و لە نێو عەرەبیشدا محەمەدعەبدە١٨٤٩ــ١٩٠٥وحەسەن بەننا١٩٠٦ـ١٩٤٩ز. دەیخەنە قاڵبی بزوتنەوەیەکەوە بە نێوی بزوتنەوەی برایانی موسوڵمان (حركه الإخوان المسلمين) لە وڵاتی میسر و لە ١٩٢٨ دا لەیەك کاتدا دەست بە چالاکی ڕامیاریی و سەربازیی دەکەن، لە یەکەمین چالاکی سەربازییدا نەقراشی سەرۆك وەزیرانی میسر تیرۆر دەکەن، دەزگای هەواڵگریی میسریش لە ١٩٤٩/٢/١٢ دا حەسەن بەننا تیرۆر دەکات، دوای حەسەن بەننا، سەید قوتب سەرکردایەتی بزوتنەوەکە دەکات، ئەویش وەك هاوڕێکانی زانایەکی پڕ و بیردۆزو نووسەرێکی بەتوانا بوو، کتێبی نەزانینی سەدەی بیستەم(نەزانین لە سەدەی بیستەمدا) (جاهلية قرن العشرين) لە کتێبە بەنێوبانگەکانێتی. ئەویش دوای هەوڵێکی سەرنەکەوتووی تیرۆرکردنی جەمال عەبدولناصری سەرەك کۆماری میسر، بە بڕیاری دادگای تاوانەکان لە سێدارە دەدرێت، هەر ئەو بزوتنەوەیەش بوو دووەمین سەرۆك کۆماری میسر ئەنوەر ساداتی بە پلانێکی تۆکمە وبەدەستی ئەندامێکی جەربەزەی ڕێکخراوەکە بەنێوی(خالدألشيخ) تیرۆرکرد بەڵام تاوانکارەکە هێشتا لە زینداندایە![1]

عوسمانییەکانیش بەچاولێکەریی سەفەوییەکان دێنە سەر ئەو بڕیارەی لەشکرەکانیان بەگرووپی ئاینیی توندڕەو موتوربە بکەن، بۆ ئەو مەبەستە کابرایەکی نەناسراو دەدۆزنەوە بە نێوی حاجی محەممەد بەکتاش، هێزێکی تایبەتییان بۆ دابمەزرێنێت وەك هێزی قزڵباش کە سەفەوییەکان لە دەروێشەکانی شا ئیسماعیل

دروستیانکرد، حاجی بەکتاش لە ماوەیەکی کورتدا لەشکری یەنیچەری (ئینکیشاری) دادەمەزرێنێت و هەر خۆشی چاودێری و رابەرایەتیی لایەنی ئاینییەکەی دەکات و هەر ئەویش بوو ئەو ئالاّ سوورە خوێناوییەی ئەمڕۆی تورکیا دەنەخشێنێت و دەیداتە دەست سەرلەشکرەکان و دەستی (پیرۆزی) دەدات بە پشتیاندا و هانیاندەدات بۆ شەڕی شیعە و یارانی عەلی و ئێرانییەکان و وەك ئاگرپەرست و گومڕا ناویاندەبات و سەرو ماڵیان حەڵاڵ دەکات، لەولاشەوە لەشکری تەپلە سوورەکانی سەفەوی (قزلباش) گشت سنوورەکانی یاسا و رەوشت و ماف و پیرۆزییەکانی مرۆڤ و هێما و سونبولە بەرزەکانی دەبەزاند و لەشکرەکەی هاندەدا خوێنی بەناهەق رژاوی عەلی و کوڕەکانی و بنەماڵەکەی وون نەکەن و تۆڵەی بەرروودوا لە دوژمنە سوننەکان بکەنەوە و سەرو ماڵیان حەڵاڵە، جگە لەوەی شا ئیسماعیل لەسەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا ١٥٠٢ – ١٥٢٣ز. نەریتێکی زۆر بێزاروو قێزەونی داهێنا، جنێوی ناشیرین و سووکایەتیکردن بە (چوارەکە) ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان و عائیشەی هاوسەری پەیامبەر، هەرکەسێکیش پەیڕەوی نەکردایە، یا گوێبیست بووایە و دەمودەست لای خۆیەوە چەندانە و ناشیرینتر نەیسەندایەتەوە بێچەند و چوون و هەرلەوێدا سەری لەلاشەی جوێدەکرایەوە.

ئەوە رەنگدانەوە وکاردانەوەی رق و کینەی کپکراوو پەنگخواردووی چەندین سەدەی پێشوتربوو، وەچە دوای وەچە کەڵەکە بووبوو بەدوای هەلێکدا دەگەڕان تۆڵەی بەرروودوا لە دوژمنان بکەنەوە.

هەردوو لایەنی عوسمانیی و سەفەوی بەمجۆرە گەلانی موسوڵمان و برا چەواشە دەکەن و بەناوی شیعە و سوننەوە دەیانکردنە قوربانی ئامانجە ئاشکراو نهێنییەکانیان، دەستبەسەرداگرتنی جیهانی موسوڵمانان یا دابەشکردنی لە نێوان خۆیاندا.

شا ئیسماعیل هەر بەوەشەوە ناوەستێت، شایەتمانی سێهەمیشی بەسەر شیعەکاندا سەپاند کە بریتییە لە دەستەواژەی (وأشهد أن عليا وليُّ الله) کە بەڕاشکاوی ئەوە دەگەیەنێت بە هیچ جۆرێك باوەڕ بە سێ خەلیفەکەی پێش عەلی، ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان ناهێنن و عەلی نەك شیاوترین جێگری پەیامبەر بوو بەڵکو جێگری یەزدانیشە لەسەر زەوی، جگە لەوەش باوەڕیان وەها بوو، هەرچەندە بەئاشکرا دەریاننەدەبڕی، سروش (وەحی) بۆ ئیمام عەلی هاتۆتە خوارەوە کە خوێندەوارو زانا بوو نەك بۆ محەممەدێکی نەخوێندەوار!

لێرەدا دەشێت ئەو پرسیارەش بکەین، ئایا پەنا بردنە بەر تیرۆری سیاسیی لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەیامەکە و دوابەدوای کۆچی دوایی پەیامبەر بەوشێوە رێکخراوو ترسناکە یەکەمین ئاگری ئەو تۆڵەسەندنەوەیە نەبوو؟ عومەر و عوسمان بەشمشێری ئەو رقە نەکوژران؟ هەندێك دەڵێن ئەبوبەکریش دەرمانخواردکرا، دوواتریش عەلی و سێ کوڕی و ٧ کچ و هەرهەموو خزم و کەسوکارەکانیشی ئاگری ئەو رقوکینە ئەستوورە لەنێوی بردن .

یەکەمین بەرهەمی ئەم پلانە و تیژکردن و سەرگەرمیی شیعەکان ئەوەبوو سەفەویەکان وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە داگیردەکەن و دوای ئەو سەرکەوتنەش پەلوپۆ دەهاوێژن و ساڵی ١٥٠٨ز. بەشێك لە هەرێمەکانی قەفقازیش داگیر دەکەن.

شا ئیسماعیل کە وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە (عێراق) داگیر دەکات، یاسای جنێودان و سووکایەتی کردن بە خەلیفەکان و عائیشە بەسەر دانیشتوانی ئەو وڵاتەشدا دەسەپێنێت، بۆ نموونە (شا ئیسماعیل زانایەکی سوونە بانگ دەکات، حەز دەکات بەگوێی خۆی گوێی لێبێت جنێو بە سێ خەلیفەکە بدات، ئەویش (دەیکاتە نامەردیی. ن. ك) بە دڵی شا پڕ جنێویان دەکات. کە دەگەڕێتەوە، هاوڕێکانی سەرزەنشتی دەکەن، نەدەبوو ئەو کارە بکات، لە وەڵامدا دەڵێت: بەڕیشی ئێوە ڕەوایە، منێك لە هیچ کەمم نییە لە پێناو ئەو سێ عەرەبەدا خۆم بەکوشت بدەم[٣٩].

دەستەڵاتی دەوڵەتی سەفەوی بەتایبەتیش سەردەمی شا ئیسماعیل کە نەك بەڕەگەز کورد بێت، بەڵکو دایکی یا باوکی کوردە، هەروەها سەردەمی شا عەبباسیش بەرامبەر کورد زۆر دڵڕەق و بێبەزەیی بوون، پەلاماردانی قەڵای سەربەخۆیی کورد و تراژیدیای داستانی بەرەنگاریی و قارەمانێتییە پڕ لە شانازییەکەی کورد لە قەڵای دم دم ساڵی ١٦٦٦ز. بەڵگەیەکی مێژوویی زیندووە.

سەیر لەوەدایە بیروباوەڕی بەکتاشیی گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەردا دێت و هێماکەیان لە بری ئاڵا سوورەکە دەبێت بە چەمۆڵە دەستێك (پێنج پەنجەی دەستی ڕاست) کە بەرجەستەکردنی پێنج مەزنەکەیە، پەیامبەر، عەلی، حەسەن، حوسەین و فاتیمەی زەهرا، لەولاشەوە بێ بەڵگە خۆیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی جێگرەکانی پەیامبەر و خەلیفەکان دەزانی.

عەرەبیش بەرپەرچیان دەدانەوە: ئێوە بەهیچ ڕێگەیەك ناچنەوە سەر یارانی پەیامبەر، ئێمە نەوەکانی پەیامبەرین کە موسوڵمانان ڕۆژی پێنج جاران لە نوێژدا لە یەزدان دەپاڕێنەوە و ناوی ئێمە دەهێنن (اللهم صل علی محمد و علی آل محمد)، ئالی موحەممەد ئێمەین.

دوای شەڕی یەکەمی جیهانیش گۆڕەکەی حاجی محەممەدی بەکتاش دەبێتە شوێنێکی پیرۆزی بەکتاشەکان و بیروباوەڕەکەشیان کە هەتا ئەمڕۆش وردەکارییەکانی ئاشکرا ناکەن بۆتە لقێکی گەورەترین فراکسیۆنی ئاینیی عەلەوییەکان کە پرۆفسیۆر عیززەدین دۆغان ڕابەرایەتی دەکات و ٣٠٪ دانیشتوانی تورکیا پێکدەهێنن. لە باشووری کوردستانیش لە گەرمیان، تازە، توز، کەرکوك هاوبیریان هەن، دروزەکانیش لە سوریا و لوبنان، ئیسرائیل دەژین، سەردەمێك بۆ خۆپاراستن پەنایان بردۆتەبەرچیای درووز، ئەمانە موسوڵمانن، بەڵام بەشێوەی تایبەتی خۆیان خواپەرستیی دەکەن و باوەڕیان بەتاك و تەنیایی یەزدان هەیە.

بەکتاشەکانی ئەمڕۆ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دژی چەوساندنەوەن، ڕێگە بەتێکەڵاوبوونی پیاوو ئافرەت دەدەن و بۆیان نییە ژنێك پتر بهێنن.

دوابەدوای دەرکەوتنی شا ئیسماعیل ١٥٠١/١٥٠٢ز. زۆری نەخایاند لەناو عوسمانییەکانیشدا سوڵتانێکی توندڕەو، دەمارگیر، زۆردار و خوێنڕێژ پەیدا بوو بە نێوی سوڵتان سەلیم و بە سوڵتان سەلیمی یاوز (میری سەربڕ)[٤٠] ناوبانگ دەردەکات و دەبێتە مێملێ گیانی شا ئیسماعیل، هەرچەندە بۆچوونێکیش هەیە کە هەردووکیان باوەڕیان بە یەکخستنی ئاینی ئیسلام و مەسیحی هەبووە (تەوحیدی)[٤١]، بەڵام پێداویستییەکانی دەستەڵات ئەو ئامانجە پیرۆزەی کرد بە ژێرەوە.

سوڵتان سەلیم هەر ئەوەندەی جڵەوی فەرمانڕەوایی دەکەوێتە دەست پلانێکی دارشت بۆ قەڵاچۆکردنی

شیعە مەزهەبەکان (هاوبیرانی ئیمام عەلی) و تۆڵەسەندنەوەی خوێنی ئەو موسڵمانە سوننە مەزەبانەی ساڵی ١٥٠٨ لەگەڵ گرتنی بەغدا، لەشکری صەفەوویەکان قەڵاچۆیانکردن. سوڵتان پشت بە بڕیاری شەرعیی (فەتوا)ی چەند زانایەکی ئایینیی کە شیعەکان بە گومڕاو لە ڕێگەلادەر (رافیزی) ناودەبات و خوێنیان حەڵاڵ دەکات و زۆر بەخوێن ساردی ٤٠٠٠٠ هەزار مرۆڤی بێتاوان دەکوژن لە تۆڵەی قەڵاچۆکردنی سوننەکان و هەڵدانەوە و سووکایەتی کردن بە گۆڕی ئیمام حەنیفە لە بەغدا. دەڵێن ئێسك و پروسکی ئەو رابەرە بۆ ئەوەی دەستی شیعەکانی نەگاتێ، چەند جارێك لە گۆڕێکەوە بۆ گۆڕێك دەگوێزرایەوە.

ئەم ململانێی سیاسیی و فراوانخوازیی دەستەڵاتەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی لە لایەك و دەوڵەتی صەفەوی ودووای ئەوانیش دەوڵەتی ئەفشار کە چوار سەد ساڵێکی خایاند و خۆی لە ژێر پەردەی دووبەرەکی ئاینزای شیعە و سوننەدا حەشاردابوو، زنجیرەیەك شەڕو پێکدادانی خوێناوی درێژخایەنی بەسەر ناوچەکەدا هێنا، بەڵگەش زۆر هەن کە شا و سوڵتانەکان لە بنەما راستەقینەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە دوورن.

دووای کوژرانی عوسمان، هەرچۆنێك بوو عەلی دەبێتە خەلیفە، بەڵام تەنها یارانی خۆی باوەڕی خۆیان پێدا و هەڵیانبژارد (بەیعەت)، بۆیە تادەهات تەبایی و یەکڕیزی موسوڵمانان لاواز دەبوون و لەیەکتر دەترازان و گومان و دڵگرمیێ بوون و بێباوەڕیی بەیەکتری پەرش و بڵاوتری دەکردنەوە و سەرئەنجام خۆیان لە چەند بەرەیەکی دژ بەیەکتردا بینییەوە و ئەو کارەساتانەی بە دووای خۆیدا هێنا کە جگە لە تیرۆرکردنی عومەر و عوسمان، تراژیدیای بنەماڵەی ئیمام عەلیشی لێکەوتەوە و بەجۆرێك کار لە هەست و نەست و ویژدانی موسوڵمانان بەگشتی و شیعەگەرەکان بەتایبەتی دەکات مەگەر چوار مێخ کوتانەکەی پەیامبەر عیسای کوڕی مەریەم کاریگەرییەکی وەهای لە ویژدانی کریستییانەکاندا (دیان- عیسایی) جێهێشتبێت.

یارانی عەلی بۆ لەناوبردنی موعاویە، فەرموودەیەکی پەیامبەریان دەهێنایەوە، (إذا بويع لخليفتين، فاتبعوا الأولى و اقتلوا الثانية منهما) مانای ئەگەر موسوڵمانان لەیەك کاتدا دوو رابەریان هەڵبژارد، پشتگیریی یەکەمیان بکەن و دووەمیان بکوژن.

بەرەی (خەوارج)یش خۆیان بەو دوو لایەنە ناکۆکە سەرەکییەوە، عەلی و موعاویە نابەستنەوە و دەگەنە ئەو بڕیارەی (أذا تقاتل مسلمين فكلاهما في النار، القاتل و المقتول) مانای ئەگەر دوو موسوڵمان شەڕی دەستەڵات بکەن، هەردووکیان دەچنە دۆزەخ، کوژەر(بکوژ) و کوژراو. بەمجۆرە هیچ لایەك پەکی لەسەر بەڵگە و بەڵگەهێنانەوە نەدەکەوت، جا ئەو بەڵگانە راستن یا داتاشراو، کاری خۆیان هەردەکرد. موعاویە ٥٠٠ درهەمی بەهەرکەسێك دەدا بچێتە سەر مینبەر و هاوار بکات خەڵکینە من بەگوێی خۆم گوێم لێبوو پەیامبەر وەها و وەهای فەرموو. یا فلانە ئایەت بەبۆنەی فلانە رووداوەوە دابەزیوە. جگە لەوەش موعاویە کراسە خوێناوییەکەی عوسمانی ماڵ بەماڵ دەگێڕا و هانیدەدان و هەست و سۆزی دەخرۆشاندن،داوای خوێنەکەی عوسمان بکەن و کوژەرەکان بەسزای کوشتن بگەیەنن.

میری موسوڵمانان عەلی کوڕی ئەبوو تالیب بڕیاریدا ئومەوییەکان لە پۆستە گرنگەکان دووربخاتەوە، والییەکانی سەر بە عوسمان و موعاویەی لە سەرکار لابرد، موعاویە کە والی شام بوو، هێزێکی سەربازیی پڕ چەکیشی هەبوو، خۆی ئامادەکرد بۆبەرگریکردن. هەردوو لەشکر لە پێکدادانەکەی (صفين) پێکداهەڵپڕژان،

هێزەکانی میری موسوڵمانان باڵا دەستبوون، ئەوەندەی نەمابوو هێزەکانی موعاویە بشکێنن، موعاویە کەوتە فرت و فێڵ و قورئان بە نووکی رمەکانیان بەرزدەکەنەوە و داوای ئاشتیی و ڕێککەوتن دەکەن، میری موسوڵمانان لەبەر پیرۆزی قورئان شەڕەکە رادەگرێت و بڕیاریاندا عەلی نوێنەرێك دیاریبکات و دەستەڵاتی ئەوەشی پێبدات لە خەلافەتی بخات، هەروەها موعاویەش نوێنەرێك دەستنیشان بکات و دەستەڵاتی هەبێت لە خەلافەتی بخات،چونکە بەپێی شەرع ناشێت دوو خەلیفە لەیەك کاتدا فەرمانڕەوایی موسوڵمانان بکەن. ئەوجا سەرلەنوێ لەسەر بڕیاری هەردوو نوێنەرەکە خەلیفەی نوێ هەڵبژێرن و هەموولایەك ملکەچی خەلیفەی نوێ بن. نوێنەری عەلی ئەوی لە خەلافەت خست، بەڵام نوێنەری موعاویە، ئەبوموسای ئەشعەری وەهای نەکرد و رایگەیاند کەواتە ئێستا موعاویە خەلیفەی راستەقینە و هەڵبژێردراوی موسوڵمانانە. ئاشکرایە عەلی و یارانی خەڵەتێنران و نەچوونە ژێر باری ئەو بڕیارە چەوتەوە، بەمجۆرە وڵاتی شام و وڵاتی میسر کەوتنە ژێر فەرمانی موعاویە و ئومەوییەکان و پارچەکانی دیکەی سەرزەمینی موسوڵمانان کە بریتیی بوون لە دورگەی عەرەب، کووفە (عێراق) و ئێران لە ژێر دەستی عەلیدا مانەوە. خەواریجەکان بڕیاری گردەبڕیاندا، بەعەلی دەڵێن ئەگەر تۆ لەسەر هەقیت، مافی خۆت مەدە بە کەس، ئەگەر موعاویەش لەسەر هەقە، تۆ دەست هەڵبگرە و بکشێرەوە، بەڵام ئاشکرایە هەردووکتان لە پێناو پایە و دەسەڵاتدا شەڕدەکەن و موسوڵمانان دەکەن بەگژ یەکتریدا، دەسەڵات تەنها دەستەڵاتی یەزدانە. هەندێك لەو خەواریجانە کە خوێن بەری چاوی گرتبوون بڕیاریاندا هەردووکیان بکوژن. عەلی پاسەوانی تایبەتیی نەبوو، چاوی لە پەیامبەر و ئەبووبەکر دەکرد، بۆیە ساڵی ٦٦١ز. لەبەردەم مزگەوتی کووفەدا، عەبدولرەحمان مولجم (عبدالرحمن الملجم) بەئاسانی دەستی دەیگاتێ و شمشێرێکی لە تەوقی سەریدا[٤٢]، عەلی بەدەم ئازاری زامەکەیەوە دەیوت، سوێند بە کەعبەی پیرۆز دەخۆم من سەرکەوتم، موعاویەش کە شەوو رۆژ پاسەوانی تایبەتیی پارێزگارییان لێدەکرد بەرنەکەوت و دەرباز بوو. حسێن کوڕی عەلی دووای کوژرانی باوکی بڕیاردەدات بەخۆی و هاوبیرەکانیی و خاوخێزانەوە روو بکەنە شاری کووفە، پایتەختەکەی باوکیی، ئەوکات سەردەمی یەزیدی کوڕی موعاویە بوو کە لە دیمەشق فەرمانڕەوایی دەکرد، حسێن لە فەرەزدەقی شاعیر دەپرسێت هەواڵی دۆست و پشتیوانەکانمان چییە لە عێراق، فەرەزدەق دەڵێت ( قلوبهم معك و سیوفهم علیك) دڵیان لەگەڵتە و شمشێریان لە سەرتە. هەر وەهاش بوو، حسێن ساڵی٦١کۆچ لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا کوژرا، بەڵام کارەساتەکە هەر بەوە نابڕێتەوە هەتا سێ کوڕو حەوت کچی عەلی دەکوژرێن و قەڵاچۆی بنەماڵەکەشیان دەکەن و سەرەڕای کوشتن سەریشیان دەبڕن و کەللەسەرەکانیان بۆ سووکایەتی و بێڕێزی نواندن و چاوترساندنی دانیشتوان بە دەروازەکانی شارەکانی وڵاتی شام، کوفە، عێراق و میسردا هەڵدەواسن[٤٣].

بەم جۆرە شەڕی ئیسلام و ئیسلام، شیعە و سوننە، جەعفەریی و حەنەفیی جێگەی شەڕی ئیسلام و بێباوەڕان دەگرێتەوە، هەروەك جەمالەددینی ئەفغانی و محەممەد عەبدە و غەزالی دەڵێن[٤٤]، ئاخۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم کێشەیە و هەڵهێنانی مەتەڵەکە. ئایا عەلی لەسەر هەق بوو یا موعاویە، چ کەڵکێك بە موسوڵمانان دەگەیەنێت؟ چ زیانێك لەوەدایە سوننەکان لە شیعەکانی بسەلمێنن، راستە ئیمام عەلی لەسەر هەق بوو، یا شیعەکان لە سوننەکانی بسەلمێنن ئەبوموسای ئەشعەری هەڵبژاردنەکەی بە نیازپاکی کردو هیچ

پلانێکی لە ژێر سەردا نەبوو؟

لێرەدا دەمەوێت بە تێڕوانینێکی بێلایەنانە، پەنجەرەیەك لەبەردەم خوێنەردا بکەمەوە، ئەبوبەکر (د.خ) پیر بوو، سەری لە گوێ گۆڕ دەلەرزی، پەیامبەر کە دەستنیشانیکرد ببێت بە جێگری خۆی، بەو هۆیەوە بوو هەتا ئەبوبەکر لە ژیاندایە پاداشتی خزمەتە مەزنەکانی بدرێتەوە، ئەویش بەوەی پێشبخرێت، یا کورد واتەنی نۆرەبڕی بۆ بکرێت.ئەی بۆ موعاویە چی بڵێین، ئایا شیاوی خەلافەت بوو؟

١- موعاویە لەگەڵ ئەبوسوفیانی باوکیدا درەنگانێك موسوڵمان بوون، ئەویش دوای ئەوەی دڵنیا بوون یارانی پەیامبەر بەهێزترن و قوڕەیش ناتوانێت بەسەریاندا سەربکەوێت.

٢- ئەوکاتەی عەلی لە شەڕەکانی بەدر، ئوحود، گیان لەسەردەست ئاڵاکەی ئیسلامی بەرزدەکردەوە و لە پێش پەیامبەرەوە دژی بتپەرستەکانی قوڕەیش دەجەنگا کە خالیدی کوڕی وەلید و موعاویە سەرکردایەتییان دەکردن، عەلی شازدە زام و برینی شمشێر و نووکە رمی ئەوان بە جەستەیەوە بوو.

٣- موعاویە نەك هەر خۆی و باوکی، دایکیشی (هند) دەستی بەخوێنی هەمزەی مامی پەیامبەر سوورکرد وفەرمانیدا دڵی دەربهێنن، هەتا دەمی نەنا بەخوێنی دڵیەوە کەفوکوڵی دانەمرکایەوە .

٤- ئەمە جگە لەوەی موعاویە لە خێزانێکی دەوڵەمەند و چەوسێنەرو خاوەنی کۆیلە بوو، هەستی بەژان و ئازار و هیوا و ئاواتی هەژار و چەوساوەکان نەدەکرد، بە پێچەوانەی عەلی کە لە خێزانێکی هەژار و کەمدەستبوو، خۆشی بەهیچ هۆزو تیرەیەکەوە نەدەبەستەوە، ئیمام خاوەن ماف بوو، هیچ مافێکی دەست نەکەوت، موعاویە هیچ مافێکی نەبوو، ئەو مافە بە تۆپزی زەوت دەکات و وەك جێگری پەیامبەر و خەلیفەی موسوڵمانان خۆی سەپاند، نەك هەر ئەوە بەڵکو دەستەڵاتیشی لە هۆزی قوڕەیش و بنەماڵەی پەیامبەرەوە گواستەوە بۆ بنەماڵەی ئومەییەکان،ململانێکان لەپێناو گەیشتنە دەستەڵات و پاوانکردنی ولەو پێناوەشدا سڵ نەکردنەوە لە هەموو کارێکی ناڕەوا لەو ڕۆژەوە کە مرۆڤ خوڵقاوە لە دەروونیدا چەکەرەی کردووە، یەزدان دەفەرموێت (أن آلأنسان لأمارةٌ بآلسوء) ئەگینا قابیل بۆچی هابیلی برای دەکوژێت؟ ئەوە خۆپەرسستیی وخۆسەپاندنی قابیل بوو بەسەر براکەیدا لەسەر دووەمین ئافرەت لەسەر زەوی دوای دایکە حەوا،ئەو دوو یەکەمین جوتە برایە هەریەکەیان گەرەکی بوو ئەو ئافرەتە هەر بۆ خۆی بێت! دوو فریشتەی ئاسمانیش هاروت و ماروت هەر لەسەر مێیینە کێشە کەوتە نێوانیان،ئەوە ئافرەتە بەهەموو جوانیی و شۆخیی و ناسك و نازدارییەکانییەوە،بەهەموو سیحرو ئەفسوون و تەلیسمەکانییەوە کە هەر لە حەزرەتی سلێمانەوە هەتا زانا و فەیلەسووفەکان،هۆنەران ونووسەران نهێنییەکانی ئەو مەخلووقە سەرسوڕهێنەرە تێنەگەیشتن ... ئەوە ئافرەتەو بیەوێت یا نەیەوێت،ویستوویە یا نەیویستووە،بە پلان بووە یا بە ڕێکەوت هەتا ئەمرۆ و هەتا مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی بژی هەرهەموو ڕووداوەکان،جەنگەکان ئافرەتی لە پشتەوەیە، هەر بەهۆی ئەوەوە نەبوو یەزدان باوکە ئادەمی لە بەهەشت دەرنەکرد؟ بەهۆی (جۆزیفین)ەوە ناپۆلیۆن بووە ئیمپراتۆری فەرەنساو هەربەهۆی ئەویشەوە بەبێکەسیی و دەستبەسەریی سەرینایەوە. شای بەریتانیا،ئەدوارد لە پێناو ئافرەتدا دەستبەرداری تەخت و تاج بوو. ئەو مەخلووقە ناسکە لاواز و دلۆڤان و ئەڤیندارە هەمانکات توندوتیژ و بەهێز و دڵڕەق و دوژمنکارە! دەریایەکە هێمن،زریانێکیشە وێرانکار و تۆقێنەر،شنەی

فێنکی بەیانیان و گەردەلوولی وێرانکاریشە ...

صاڵی ١٥٣٤ز. تەهماسەب(تەهمان سپی) دووای مردنی باوکی دەبێتە شای ئێران، بەڵام شایەکی لاواز و بێ بەهرە بوو، وڵاتی ئێران تووشی ئەوپەڕی کەمدەستیی و کەرتوپەرتیی دەبێت و هەر پارچەیەکی دەکەوێتە بندەستی ئەفغان، عوسمانیی، رووسیاوە. شا تەهماسەب (تەهمان سپی)نە پارێزگاریی وڵاتەکەی بۆ دەکرا، نە توانای سەندنەوەشی هەبوو لە داگیرکاران، پەنا بۆ هەنگارەکان دەبات و داوای هاوکاریی سەربازییان لێدەکات و لە چاوەڕوانی فریاکەوتندا خۆی دەخزێنێتە ئەسفەهان و خوا خوایەتی سەری تێدا نەچێت. لەم سەردەمەدا بوو باوکی میر شەرەفەدین خانی بتلیسیی لە دەست جەور و ستەمی عوسمانییەکان رادەکات بۆ ئێران و پەنا دەباتە بەر شا تەهماسەب. بەوهۆیەوە شەرەفخانی کوڕیشی چەندین ساڵ لە دەرباری شادا ماوەتەوە و پەروەردە کراوە و پۆستی گرنگیشی پێدراوە، بەڵام قزڵباشەکانی دوژمنی کورد، ئێرەیی پێدەبەن و هەوڵدەدەن جێگەی پێلێژ بکەن .. صاڵی ١٥٧٥ز. لەسەر داوای سوڵتان سەلیمی عوسمانی دەگەڕێتەوە لای عوسمانییەکان و لە شاری وان ژیان بەسەردەبات و لە صاڵی ١٥٧٩ زایندا لە نووسینی کتێبی مێژووی کورد، شەرەفنامە دەبێتەوە.

لەو بارودۆخە نالەبارەی ئێراندا، سەرکردەیەکی بەتوانا لە نێو ئێرانییەکاندا پەیدا دەبێت بە نێوی نادر قولیخان و دوواتر بە نادر شای ئەفشار دەناسرێت، نادر قولیخان توانیی لە ماوەیەکی کورتدا بە لێهاتوویی خۆی وڵات رزگار بکات و هەرسێ داگیرکارەکە لە ئێران بکاتە دەرەوە و لەشکرێکی بەهێزیشی پێکەوەنا پارێزگاریی سەروەریی ئێران بکات و شا تەهماسەبیش ناچار بکات بیکاتە سەرلەشکری گشتیی هەموو هێزەکانی ئێران و بەجۆرێك ناوو نێوبانگی ئازایەتیی پەیدا دەکات ببێتە پاڵەوانی نەتەوەیی و رزگارکاری گەلانی ئێران و متمانەی خۆیانی پێدەدەن بەشایستەیی ببێتە شای ئێران. بەمجۆرە نادر دەبێتە شای ئێران و ماوەی نێوان صاڵانی ١٧٣٠ — ١٧٤٧ ز. فەرمانڕەوایی ئێران دەکات، نادر شا سوننە بوو، بەڵام بۆ چاووڕاوو مەبەستیی خۆی، خزمەتی شیعەی دەکرد، بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆی و بەرەنگاریکردنی دوژمنان، هاوکاریی و پشتیوانیی کوردیشی زامنکرد، بەڵام سپڵە و پێنەزان بوو، هەرگیز دۆستایەتیی کوردی نەکرد، هەر لە سزای ئەوەشدا بوو کە پەلاماری کوردستان دەدات لە ١٧٤٧/٧/٢٧ زاینیدا بەدەستی کوردەکانی خوراسان لە نێو کۆشکی تایبەتی خۆیدا دەکوژرێت . بەڵام حەمە سدیق میرزا لە کتێبەکەیدا ( پێشەکییەك بۆ فەرهەنگی شاخاتوون، صاڵ ؟ شوێنی چاپ ؟ دەڵێت: نادر شا بەپلانێکی نهێنی لەنێو خێوەتەکەی خۆیداسەری لەلەشی جیاکرایەوە . پێشتر گومانی لەکوڕەکەی دەکرد کە خەریکی پیلانگێرانە، هەردوو چاوی هەڵدەکۆڵێت .)

دوای نادر شا، عەلی قولی میرزای ئەفشار ماوەی تەنها صاڵێك ١٧٤٧ — ١٧٤٨ ز. دەبێتە شای ئێران، هەر چەند ماوەی فەرمانڕەواییەکەی زۆر کوورت بوو، بە عادیل شا ناویدەرکرد.

دوای عەلی قولی شا، شاکانی ئێران تەنها هەرێمی خوراسانیان بەدەستەوە مابووەوە، ئەویش یەکێك لە نەوەکانی نادر شا، بە نێوی شارووخ شا بەڕێوەیدەبرد، کزیی و لاوازیی ئەمجارەی ئێران دە صاڵێك درێژە دەکێشێت بەرلەوەی پاڵەوانێکی کورد دەربکەوێت و وڵات یەکبخاتەوە و صاڵانی نێوان ١٧٥٣ـ١٧٩٤ ز. بە

نێوی کەریم خانی زەند فەرمانڕەوایی ئێران بگرێتە دەست.

# دەوڵەتی زەند ١٧٥٣ـ ١٧٩٤

**( کەریم خانی زەند**
**خاڵێکی پرشنگدارە لە مێژووی کورداو**
**لەماوەی نێوان ساڵانی**
**١٧٥٢ ـ ١٧٩٥**
**دوای چەندین جەنگی سەخت بنەماڵەیەکی شاهانەی کورد**
**بەناوی خۆیەوە دا بمەزرێنێت )**

**( دکتۆر قاسملو )**

**حەسەن فەهمی بەگی جاف لەبارەی کەریم خانەوە نووسیوێتی**( نادرشای ئەفشار لەشەوێکی تۆفدا بەدەستی خزمەکانی خۆی ئەکوژرێ، لەبەیانیا ( میرزا مەهدی خان ) ی بەناوبانگ چاوی بەکەللەی ئەکەوێ، سەیری ئەکا ئەوە کەللە سەری ئەو نادرشایەیە کە دوێنێ ئەمری بەسەر قەڵای سەنگدا ئەکرد ئەمرۆ وابەبێ تین بەسەر بورجەوە نراوە، واقی ورماو وتی ئەمە چی یە؟ ... دوای نادرشا ئاشوبەیەکی گەورە لە ئێراندا رویدا هەمو دەسەلاتدارێ کەوتبوە هەوای تاج وتەختەوە، رەئیسی قاجار( محەمەد حەسەن خان ) وڵاتی ئەستراباد و مازەندەرانی هێنابوە ژێر رکێفی خۆیەوە، ئازربایجان کەوتبوە بەر پەلی ئەسەدخانی ئەفغانی، گەیلان بەدەست هیدایەت أللّە خانەوەبوو، گورجستان بەتەواوی کەوتبوە چنگی ( ئەهراقلیوس ) ناوی مەسیحیەوە، تەنانەت خەڵکی ئەو وەختە زۆر مەترسیان لەوەهەبوو کەئەو کابرا گاورە پەرەبسێنێ وە هەمووئێران داگیربکات وشاهن شاهی ئێران بکەوێتە دەست خانەدانێکی گاور . عەلی موراد خان کەیەکێ بوو لە پیاوە ناودارەکانی بەختیاری ــ ئەصفەهان و دەورو بەری هەموو داگیرکردبوو وە زۆر بەدڵ خەیاڵی سەربەخۆیی کەوتبوەکەللەوە . ئینجا کەریم خانی زەند لەم وەختە تەنگو چەڵەمەیەدا وەك پاڵەوانێکی دلاوەر هاتە مەیدانەوە، بازووی مەردانەی لێ هەڵکرد، یەکەیەکە ئەم هەموو دژمنانەی دەست بەسەرکرد، هەمووخاکی ئێرانی هێنایە ژێردەستی خۆیەوە . کەریم خان لە عەشرەتی ( لوڕ ) بوە کە ئەم عەشرەتە پەلێکی گەورەی کوردە، لەگەڵ ئەوە کەزۆر شانازی بە کوردایەتی خۆی کردووە پشتی بەعەشرەتەکەیخۆی زۆر قایم بوە و جێی هیوای بون، هەر لەبەر ئەم مەبەستەش بوە لەهەمو خاکی ئێران دا شیرازی کردوە بە شوێنی پایتەختی، چونکە جوگرافیای ئەم شارە وارێك کەوتبو، کەوتبوە ناو جەرگەی هەموعەشایرە کوردەکانەوە و ویستویەتی لەوەختی تەنگانەدا فریی کەون ولێوەی نزیك بن و دیسان زۆرتر سەرکردەکانی هەر لەو عەشایرە کوردانەبوە . کەریم خان یەکە سەرکردەی نادرشاه بوە، باوکی ناوی ( ئیناخ ) بوە . وەنەبێت پیاوێکی ناودار بوبێت، بەڵام بەهۆی ئازایی وئیش زانیوە لەماوەیەکی کەمدا بو بە ئیمپراتۆری ئێران، ناوی لەناو ناودارەکاندا ناوبانگی سەند . زنجیرەی دەوڵەتی زەند تەنها ٤٣ چل و سێ ساڵ بوە، لەپاش کەریم خان،

جێنشینەکەی بەهۆی تێکچونی ناوخۆیانەوە پێیان نەکرا ئاگاداری دەوڵەتەکەبکەن کە١١٦٣ ــ ١٢٠٩ هیجری دەوامی هەبوو... کەریم خان تەبیەت هێمن و دڵنەرم بووە بەزۆر یەخەیان نەگرتایە هیچ هەوەسی لەشەڕوشۆری ناوخۆ نەبووە ...مەعالی ئەمین زەکی بەگ لەتەئریخ نوسیکی ئەوروپاییەوە نەقڵ ئەفەرموێت لەناو جەدوەلی حوکم دارانی ئێران دا تەنها ناوی کەریم خان لەلایەن ئەهالییەوە بە باوکێکی موشفق وخوشەویست و حوکمدارێکی عادل و ئینسانیەت پەروەر ناوبرابی . رۆژێك ئەوا خەریکن بینایەکی بۆ دروست ئەکەن، ئەچێتە شوێنێکی بەرز سەیری کرێکارەکان ئەکا، کرێکارێکی روت وقوت سەربەرز ئەکاتەوە بۆ ئاسمان وەك شتێك بڵێ، خان چاوی لێی ئەبێ، بانگی ئەکا و ئەڵێ ئەوە سەرت هەڵبڕی چیت وت ؟ کابرا ناچار راست ئەڕوا، قوربان لەبەیانییوە حەز لەسەبیل ئەکەم، هەرچەند ئەمەوی سەبیلێ تێکەم سەرکارەکان مەیدانیان نەدام، چاوم لێ بو تۆیش بەبێ قسەوباس قلیانێکی ئاڵتونی جەواهرکاریان بەتێکراوی هێنایە خزمەتت، منیش سەرم بەرزکردەوە وتم خوایە تۆ کەریمی، منیش ناوم کەریمە، ئەم پادشایەش هەر ناوی کەریمە، من دەسەڵاتم نیە سەبیلێکی قوربکێشم، کەچی ئەو واقلیانێکی ئاڵتونی جواهر بەندیان بۆهێناوە، لەفەرقی بەینی ئەو سێ کەریمە دا سەرم سورماوە . پادشا زۆری قسەکە لاسەیربوەو زۆر بەزەیی بەکابرادا هاتەوە، بەبێ وچان قلیانە جەواهرکارەکە، کەبایی ٣٠،٠٠٠ سی هەزار قرانی ئەو وەختە بوە پێی بەخشی .) بڕوانە حەسەن فەهمی بەگی جاف، نووسین و وەرگێڕاوەکان، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، ١٩٩٩ لا.٥ وپەراوێزی ٤ ول.٦ و٧ .

دوای تیرۆرکردنی نادرشا لە١٧٤٧/٦/٢٠دا شیرازەی ئێران تێکچوو، هەر میر و سەرۆکێك هەوڵیدەدا بەشێك بۆ خۆی بپچڕێت، ئەسەد خانی ئەفغانی حکومەتێکی لە ئازەربایجان (تەورێز و ئەردەبیل) دامەزراند، موحەممەد حەسەن خانی قاجاریش لە باکووری ئێران حوکمەتۆڵکەیەکی لە مازەندەران دامەزراند، کوردیش بەسەرکردایەتی کەریم خانی زەند هەوڵێك دەدات. هۆزی زەند لە خۆرئاوا و باشووری خۆرئاوای ئێران و بەتایبەتیش لە هەردوو شاری شیرازو ئەصفەهان نیشتەجێبوون، ئەو سێ هێزە لە ململانێیەکی خوێناویدا بوون بۆ دەستبەسەراگرتنی ئێران. هێزەکانی زەند لە دوو جەنگدا دژی ئەسەد خان ژێرکەوتن، دووای ئەوەی هۆزەکانی ناوچەی قەزوین هاتنە پاڵیان توانییان هێزەکانی ئەسەد خان بشکێنن و دوای ئەو شکستە بەرامبەر لەشکری موحەممەد خانی قاجاریش خۆیان نەگرت، ئەسەد خان پەنا دەباتە بەر والی بەغدا لەسەردەمی سوڵتان مستەفای عوسمانیدا ١٧٥٧ – ١٧٨٩. موحەممەد خانی قاجاریش دوای دوو سەرکەوتن بەسەر کەریم خاندا لە جەنگی سێهەمی نێوانیاندا تووشی ژێرکەوتنێکی گەورە هات و هێزەکانی پەرش و بڵاوبوونەوە و کشایەوە بۆ مازندەران، بەڵام ئەویش و ئەسەد خانیش کەوتنە بەردەستی هێزەکانی زەند و خرانە زیندانەوە و کەریم خان دەوڵەتی زەند دادەمەزرێنێت و ئەصفەهان دەکاتە پێتەخت و دەستبەسەر هەموو ئێراندا دەگرێت.

نووسەری کتێبی فەرهەنگی شاخاتوون،حەمە سدیق میرزاش لەبارەی کەریم خانەوە نووسیویێتی(کەریم خان (١١١٣ ك. لەدایك بووە و ١١٩٣ ك. لە شیراز کۆچی دوایی کردووە) یەکێك بوو لە فەرماندەکانی لەشکرەکانی نادرشای ئەفشار، بەدەسەڵات و خەڵکی نەهاوەندە، جێگەی نادرشای گرتەوە و **لطف علیخانی** کوڕی (لە راستیدا لوتف علیخان برازای کەریم خانەو کوڕی جعفرخانە ن.ك) بوو بە جێگر. **محمد حسن** خانی

قاجار له مازەندەرانەوە پەلاماری ناوڕاستی ئێران دەدات، دوای داگیر کردنی هەرێمەکانی باکوری ئێران رووی کردە شیراز و ئینجا پایتەختی داگیر کرد و شوێنی **لطف علیخانی** هەڵگرتو لە شاری کرمان گەمارۆی دەدات و شارەکەی داگیر کرد و لە تۆڵەی داکۆکی کردنی دانیشتوان لە **لطف علیخان** چاوی هەزارانی هەڵکۆڵی و مەنارەیەکی بە بڵندایی مەنارەکەی مزگەوتی جامیعی کرمان لە کەلە سەرەکان دروست کرد و کە **لطف علیخان** دەستگیر کرا، لێی دەپرسێت چیت لەمن دەوێت؟ دەستوبرد وتی ئەو جوتە چاوە جوانانەت! ئیتر لەوە بەدوا حوکمی رەشی بنەماڵەی قاجاریی بەسەر ئێراندا سەپاند. سەردەمی ناصرالدین شای قاجار لەپڕ ئالایەکی نەتەوەیی بۆ ئێران دانراو شێر و خورشید و شمشێر و سێ رەنگی سەوز و سپی و سور بوون بە رەمز و ئالای نەتەوەکانی دانیشتوی ئێران و تاران بوو بە دارالخلافەی (ناوەندی شیعەگەری). حەمە سدیق میرزا، پێشەکیەك بۆ فەرهەنگی شاخاتون،لاپەڕە ٣٧،ساڵ و شوێنی چاپکردن نەنوسراوە

کەریم خانی زەند لەماوەی فەرمانڕەواییەکەیدا، بەدانپێدانانی ولاتانی ئەوروپا یەکێکە لە مەزنترین شاکانی ئێران، دادپەروەر و لێبوردە و دڵپاك و دلۆڤان روو لە ئاوەدانیی ولات و پێشخستنی روونـاکبیریی و نێزیککردنەوەی شاعیر و نووسەران بوولەخۆی، گڵکۆی هەردوو هۆنەری مەزن حافزی شیرازیی و سەعدیی شیرازیی نۆیژەنکردەوە. کۆنسولی فەرەنسا صالی ١٧٥٦ لە نامەیەکیدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ولاتەکەی نووسیوێتی (وادیارە ئێران بەرابەریی شایەکی بەهێزو روو لە ئاوەدانی و زانست و پێشکەوتن، گەشە دەکات و هێمنیی و ئاسایش جێگەی ئاژاوە و پشێوی گرتۆتەوە) زەند دوای ئەوەی ١٧٧٦ ویلایەتی بەسرا لە بندەستی عوسمانییەکان رزگاردەکات،دەمرێت و ولات دەکەوێتە دەست چوارکوڕەکەی کە کێشە ی ناوخۆی بنەماڵەکە و ململانێی دەستەلات هەموویانی بێهێزکردبوو، موحەممەد خانی قاجاریش لە زینـدان هەڵدێت و سەرلەنوێ پشێوی و پاشاگەردانی هەموو لایەکی ئێران دەگرێتەوە، صادق خانی برای زەند و فەتح عەلی خان و عەلی موراد خان لە پێناو دەستەلاتدا ئێرانیان بەرەو کارەسات دەبرد، صادق خان و کوڕەکانی ١٧٨١ کوژران، عەلیخان خۆیکردە شای ئێران، جەعفەری کوڕی صادق ئالای یاخیبوونی بەرزکردەوە و دووای مردنی عەلیخان لە ١٧٨٥ دا خۆیکردە شای ئێران و ئەویش ١٧٨٩ بەدەستی پیاوماقووڵە نزیکەکانی خۆی کوژرا و کێشەکە لە نێوان لوتف عەلیخانی کوڕی و محەمەدی قاجاریدا مایەوە و ١٧٩٤ دوژمنەکانی لە نێو برد و دەوڵەتی قاجاریی دامەزراند و بۆ تۆڵەسەندنەوە ئەوپەڕی توندوتیژیی بلەگەڵ دوژمنەکانیدا بەکاردەهێنا و هۆزەکانیانی دوورخستەوە و ئاینزای شیعەشی بەزۆری کوتەك بەسەردا سەپاندن.

کەریم خان خۆی بە شای ئێران نەناساند، بەڵکو بەناوی بریکار (وەکیل)ی شاهەنشاوە فەرمانڕەوایی دەکرد و تاجی شاهانەی نەنایە سەر، دەوڵەتی زەندیشی نە لەسەر بنەمای نەتەوایەتیی کورد و نە لەسەر بنچینەی توندڕەویی ئاینیی دانەمەزراند، هەر ئەوەندە بوو پشتیوانیی لە میرنشینی بابان دەکرد دژی دەوڵەتی عوسمانی و هاوکاریی هەردو میرنشینی ئەردەلان و موکریانیشی دەکرد کە لە چوارچێوەی ئێراندا دامەزرابوون.

صالی ١٧٩٤ز. بنەماڵەی قاجار، کە بەڕەچەڵەك تورکن، توانییان بەکۆمەکیی و پشتیوانیی صدیق خانی شوکاك دەوڵەتی زەند بڕوخێنن و لە جێگەیدا دەوڵەتی قاجار دادەمەزرێنن بە سەرۆکایەتی ئاغا موحەمەدی

قاجار و ماوەی نێوان ساڵانی ١٧٩٤ — ١٩٢١ز. بەئاگر و ئاسن، چەوساندنەوە و تۆقاندن ٢٢٧ ساڵی رەبەق گەلانی ئێرانیان بەڕێوەدەبرد.لەو رووەوە سەفەوییەکان لەچاو قاجارەکاندا بەحەوت ئاو شۆردرابوونەوە.
(سەدەی ١٩ز. ئێران دەبێتە گۆڕەپانی ململانێی دەسەڵات لە نێوان بەریتانیا و رووسیای قەیسەریدا و بەوهۆیەوە وڵاتەکە لەوپەڕی لاوازیی و کەمدەستیدا بوو.( سەردەمی ناصرەدین شا ,لەپرێکداو ئاڵایەکی نەتەوەیی بۆ ئێران دانراو شێرو خورشیدوشمشێرو سێ رەنگی صەوزو سپی وسوور بوون بە رەمز و ئاڵای نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران وتاران بووبە ( دارالخلافە ) ی ناوەندی شیعەگەریی .) بروانە پێشەکییەك بۆ فەرهەنگی شاخاتوون (ئینگلیزی ـ کوردی )، نووسینی حەمە صدیق میرزا، ل، ٣٧
ناصرەدین شا ١٨٩١ گرێبەستێك لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانیدا مۆردەکات بۆ فرۆشتنی توتن- تاباك لە ئێران، ئەم گرێبەستە زیانێکی گەورەی بە بازرگانە ئێرانییەکان دەگەیاند، بەڵام شا گوێینەدانێ.بازرگانەکان پەنا دەبەنە بەر میرزاموحەمەد حەسەنی شیرازیی کە ئەو سەردەمە گەورەترین زانای ئاینیی خاوەن بڕیار بوو لای شیعەکان و هیچ زانایەکی شیعەش رکبەری نەدەکرد[٤٥]، زانایانی شیعە کە بەگشتی و ئەوەندەی توانیویانە پشتگیریی چینەکانی گەلیان کردووە دژی شا و دەستەڵاتداران، چونکە تاکە سەرچاوەی بژێوی خۆیان و خێزانەکانیان و دابینکردنی پێداویستییەکانی فێرگە وفێرکارەکان ـ خوێندن و خوێندکارەکان(الحوزە العلمیة) ئەو پارە و پوولە و کۆمەکییانەیە لە موریدەکانەوە پێشکەشیان دەکرێت و هیچ جۆرە یارمەتییەك لە شای ئێران و دەستەڵاتداران وەرناگرن. شیرازیی تەلگرافێك دەکات بۆ شا، گرێبەستەکە پووچەڵبکاتەوە، باڵوێزی ئێران لە بەغدا بەدەستی خۆی وەڵامی شا دەباتە بەردەم شیرازیی(لە سامەڕا) کە بەدووروودرێژی ئەو هۆیانەی روونکردۆتەوە پاڵیان پێوەناوە گرێبەستەکە مۆر بکات، بەڵام شیرازیی نەیسەلماند، فەتوای حەرامکردنی توتن — تاباك بە هەموو جۆرەکانییەوە دەردەکات (سیغار، قلیان، نێرگەلە، ن.ك) و هەر ئێرانییەك توتن بکێشێت وەك ئەوەیە بەرەنگاریی پێشەوا مەهدی بکات. سەیر لەوەدابوو دانیشتوانی ئێران چاوپۆشییان لەوانە دەکرد کە ئەفیون دەکێشن یا مەی دەخۆنەوە چونکە دەتوانن پەشیمان ببنەوە و (تەوبە) بکەن، بەڵام نێرگەلەکێش لێبووردنی بۆ نییە! هەندێك لە مەیخۆران و داوێن پیسەکان دەیانوت ئێمە، پەیامبەر داوای لێبوردنمان بۆ دەکات، بەڵام نێرگەلەکێش کە دڵی شیرازیی رەنجاند، کێ داوای لێبوردنی بۆ دەکات؟! شا بۆی دەرکەوت خەڵك بە نهێنیش نێرگەلە ناکێشن. رووسیای قەیسەریش پشتگیریی شیرازیی دەکرد، تەنانەت باڵوێزیان لە تاران بەئاشکرا و بەزمانی فارسی هاواریدەکرد (زنده باد اتفاق مسلمانها) بژی یەکێتیی موسوڵمانان. وەك دەڵێن هەربەوەشەوە ناوەستن، باڵوێزەکەیان لە بەغدادیش سەردانی شیرازی دەکات لە سامەڕا و پێیدەڵێت هەموو رێگایەك دەگرینەبەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە هەتا رادەی داگرتنی شاش لەسەر تەخت! شا ناچار بوو رێکەوتنەکەی هەڵبوەشێنێتەوە و نیو ملیۆن پاوەندیش وەك قەرەبوو بداتە کۆمپانیاکە و خۆی بخاتە ژێرباری قەرزەوە[٤٦].
خاوەن بڕیاری باڵاو رەها (مەرجەعی دینیی) لە یاساکانی شیعەدا بەهەڵبژاردن دیاریناکرێت، بەڵکو کە مەرجەعێك دەمرێت، زانا پڕوپێگەیشتووەکانی خوارتر لە نێو خۆیاندا دەکەونە ململانێیەکی پاك، زۆرترین هاوبیر و مورید کە شیعەکان بە چاولێکار (مقلد) ناویان دەبەن، کۆبکەنەوە، ئەمەش هەرچەند بخایەنێت

هەربەردەوام دەبێت هەتا دوانیان زۆرترین هاوبیر لە خۆیان کۆدەکەنەوە، ئەمجا هەریەکەیان چاوەڕوانی مردنی بەرامبەرەکەی دەکات، ئەگینا هەتا یەکێکیان نەمرێت، خاوەن بڕیاری رەها دەرناکەوێت، ئەم دەستەڵاتی رەهایە کە بۆ نموونە زانایانی وەك شیرازیی،خومەینیی هەیانبوو،لای دیانەکان ـ گاور، پێڕەوەکارانی ئاینزای کاسۆلیك دوای مردنی پاپ (پاپی رۆما) کۆمیتەی کاردینالەکان پاپی نوێ هەڵدەبژێرن.

ناصرەدین شا لە ١٨٧٠/١١/٢٣دا کە ئەو دەمە مەدحەت پاشا والی عێراق بوو، بەسەردانێکی درێژخایەن دێتە بەغدا و نەجەف و کەربەلا، والی بەغداوکاربەدەستان، زانایانی ئاینیی، پیاوماقوولان دەچن بۆ پێشوازیکردنی، تەنها شیرازیی ناچێت وئەو دیارییەش وەرناگرێت کەپێشکەشی کردبوو،دواتریش سەردانی ناکات، شا، ناچار دەبێت وەزیری تایبەتیی خۆی دەنێرێت تکا لە شیرازیی بکات رێگە بدات شا بە خزمەتی بگات! شیرازیی لە وەڵامدا دەڵێت: من بابایەکی دەروێشم، چ کارێکم بە شاکان هەیە! دواتر یەکێك لە زانا شیعەکانی هاوڕێی رەخنەی لێدەگرێت ودەڵێت: هەرنەبێت دیارییەکەت وەربگرتایە،حەسەنی کوڕی عەلی دیاریی لە یەزیدی کوڕی موعاویە وەرگرت، نە تۆ لە حەسەن مەزنتریت نە شای ئێرانیش لە یەزید خراپترە(٤٧).

ناصرەددین شا دوژمنی زۆر بوون، بەتایبەتیش سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانیی و زانای مەزن و چاکسازی مەزنی ئیسلام جەمالەددینی ئەفغانی. شا لە ١٨٩٥/٥/١ دا بەدەستی یەکێك لە هاوبیرانی جەمالەددین دەکوژرێت، دەنگۆیەکیش هەبوو بە پلانی سوڵتان عەبدولحەمید بووە.دووای کوژرانی شا، موزەفەرەددینی کوڕی دەبێتە شای ئێران. کوڕ لە باوکی خراپتر و لە هەرە لاوازترین و گەندەڵترین شاکانی ئێران بوون، شا موزەفەرەددین ئەوەندە دەست کورت و خەزێنەی چۆڵ بوو لە بەرانبەر تەنها دووهەزار پاوەنی ئیستەرلیندا مافێکی زۆر و زەبەند لە هەموو بوارەکانی پیشەسازیی و بەرهەمهێناندا لە ئێران دەداتە بەریتانیا، شا موزەفەرەددین هەر ئەو دەردەی نەبوو، بەدەست سەرهەڵدانی بزوتنەوەی رامیاریی و کۆمەڵایەتیشەوە دەیناڵاند.جەماوەری راپەڕیو داوای دانانی یاسای بنەڕەتیی وڵات و کۆتایی دەستەڵاتی تاکەکسیی شا دەکەن، جێگە چۆڵبکات بۆ دەستەڵاتی یاسا و ژیانی پەرلەمانیی. ئەو بزوتنەوەیە یەکەمین جار لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی فەرەنسادا، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا لە ئەستەمبووڵ سەرهەڵدەدات، ئەمەش بەو هۆیەوە بوو تورکیا لە ئەوروپاوە نزیکتربوو، تیشك و بیروباوەڕی ئازادیخوازیی زوتر بەردەکەوت، ئەوەبوو یاسای بنەڕەتی لە ١٩٠٨/٧/٢٣ دا لە وڵاتانی بندەستی عوسمانیدا بڵاوکرایەوە و گڕوتینی بزوتنەوەکە لە تورکیاوە دەگاتە ئێران و بە بزوتنەوەی مەشروتە ناودەبرا، بەو مانایەی نوێنەرانی گەل کۆمەڵێك مەرج(شەرت) بۆ شا دیاریدەکەن بەو پێیە وڵات بەڕێوەبەرێت، وەك ئەوەی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسا لەو وڵاتە پەیڕەو دەکرا.ناصرەدین شا لە سەردەمی خۆیدا هەستدەکات بیروباوەڕێکی نامۆ لە ئەوروپاوە دزەیکردۆتە نێوهەست و هۆشی ئێرانییەکانەوە، بۆ رێگەگرتن لەو (پەتا)یە دەڵێت حەزدەکەم میللەت ئەوەندە گێل و گەوج و گەمژە بن، نەزانن ئاخۆ برۆکسل شارە، یا جۆرێك کاهووە!(٤٨)

بزوتنەوەی مەشروتە لە تورکیا و ئێراندا بە دوو شێوەی جیاواز بڵاوبوونەوە و گەشەیانکرد، لەتورکیا ئەفسەرە رزگاریخوازەکان و رووناکبیران (ئەفەندییەکان) رابەرایەتییان دەکرد و بەهۆی کۆدەتایەکی

سەربازییەوە یاسا دەسەپێنن و سولتانیش لەسەرکار لادەبەن. بەڵام لە ئێران بە پشتگیریی کاریگەری زانایانی شیعە بەرپابوو، هەرچەند سەرکەوتنی کۆتایی بەدەست نەهێنا.

ئـەنجامی بڵاوبوونـەوەی بیروبـاوەڕی نـوێ (مەشـروتە) لـە نێـو عوسمانییـەکان و ئێرانییەکانـدا، گـەلانی موسـوڵمان ودیـان لەناوچـەکەدا خۆیـان لـە دووڕیـانی دوو بیروبۆچـوونی جیـاواز و دوو بـەرەی دژ بەیـەکتردا دەبیننەوە. بەرەی لایەنگرانی دەستەڵاتی تاکە کەسیی سوڵتان ـ شا، کە دژی یاسای بنەڕەتیی و هەڵبـژاردنی نوێنەرانی گەل بوون، بەرەی دووەمیش لایەنگری مەشروتە و دەستەڵاتی گەل و ژیـانی پەرلـەمانیی و رژێمـی ئۆتۆنۆمیی هەرێمەکان بوون. لە رووی کێشەکانی نێوان سـوننە و شیعەشـەوە بـەرەی دەسـەڵاتی زۆرەملـی و سەپێندراوی سوڵتان ـ شا دەیانوت:

ئەگەر موسوڵمانان لە رێگەی هەڵبژاردنەوە موعاویەیان هەڵنەبژاردایە، خەلافەت بۆ عەلی و کوڕەکـانی و پشتا و پشت و نەوەکانی دەبوو، یەزیدی کوڕی موعاویەش هەربـە هەڵبـژاردن دەسـتەڵات دەگرێتـە دەسـت و حسێن کوڕی عەلی بێبەش دەکات.

لایەنگرانی مافی تاکەکانی گـەل و هەڵبـژاردنی ئـازادو دیموکراسـیش بەڵگـەی خۆیـان دەدا بـە رووپانـدا و دەیانوت: ئەگەر عەلی و حسێن لە سەردەمی مەشروتەدا ژیابان، موسوڵمانان دەیانتوانی بە سەربەستی و بێ ترس و لەرز هەڵیبژێرن و بیکەنە رابەری خۆیان، بەڵام لەسەردەمی زۆرەملیدا دەژیا و بوو بەقووربانی شمشێری زۆرداری و خۆسەپاندن.

موزەففەرەدین شای ئێران دەستەڵاتی لە دەستدا نەمابوو، بارودۆخی رامیاریی وڵات نەك شڵۆق بـوو بگـرە بەتەواوی لە گرێژەنە دەرچووبوو، پاشاگەردانییەك بوو ئەوسەری دیارنەبوو.

پشێوی و بێئارامیی باڵی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا کێشابوو، بەرهـەمی راپەڕینەکـەی ١٩٠٥یـش هەندێك لە خواسـت و ئاواتـەکانی گـەلانی ئێرانـی بـەدیهێنابوو. صـاڵی ١٩٠٦ ئەنجوومـەنی شـوورای گـەل (پەرلەمان) دادەمەزرێت و یاسای بنەڕەتیی وڵات دادەرێژێت کە کت و مت یاساکەی صاڵی ١٨٣٠ی بەلجیکا بوو کۆپی کرابوو، شا بەناچاریی لە ١٩٠٧ دا پەسەندی دەکات هەرچەند دووای چەند رۆژێك خۆی دەمرێـت و محەمەد عەلی کوڕی دەکرێتە شای ئێران، بەڵام شای نوێ بە و ژیانە نامۆیـە رانـەهاتبوو، لەگـەڵ دەسـتەڵاتی شوورا و باڵا دەستیی یاسا و نوێەرانی گەلدا نەدەگونجا، کە ئەو بە رەش و روت و هەرچیی و پەرچی و لەبرسا مردووەکـان نـاوی دەبـردن.. بـەفرمانێکی شـاهانە ئەنجوومـەنی شـوورا لـە کاردەخـات و یاسـای بنـەڕەتیش هەڵدەوەشێنێتەوە و هێزێکی تایبەتی خۆی کە لە قەفقاسەکان پێکهاتبوو دەنێرێتە سەر تەلاری ئەنجوومـەنی شوورا (پەرلەمان)، دووای ئابلۆوقەدان تۆپبارانی دەکەن، بەڵام نوێخوازەکان چۆك دانادەن و درێژە بە راپەڕین دەدەن، محەمەد عەلی شا، خۆی لەبەر شاڵاوی تووڕەیی جەماوەردا راناگرێت، پـەنا دەباتـە بـەر باڵوێزخانـەی رووسیا و شۆڕشگێڕان ئەحمەدی کوڕی شای هەڵهاتوو کە هێشتا تەمەنی ١٢ صاڵان بـوو لـە جێگـەی بـاوکی دەکەن بە شای ئێران. ئەم راپەڕینـەی دووایـی لـە مێـژووی ئێرانـدا بـە شۆڕشـی هـەزار نەفـەر (هەزارکـەس) ناسراوە.

ئێران کە هەر لە نێوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدەوە بووبـووە گۆڕەپـانی ململانێـی نێـوان رووسـیا، بـەریتانیا و

ئەڵەمانیاش.ئەوکاتە بەریتانیاگەورەترین هێزی وڵاتانی ئیمپریالیزم و سەرمایەداریی بوو لە جیهاندا پشتگیری شۆڕشی نوێخوازەکانی دەکرد، رووسیای قەیسەرییش (قەیسەر نێکۆلا) لە دژی بەریتانیا لایەنگریی شای ئێرانی دەکرد و هەر بەهاندانی ئەویش پەرلەمانی لە کارخست و یاسای بنەڕەتیشی هەڵوەشاندەوە کە هێشتا صاڵێکیان بەسەردا تێنەپەڕیبوو. شۆڕشی گەلانی ئێران هەرچەند تەمەنی کورت بوو، بەڵام هەنگاوی چاکی هاویشت و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئێراندا دەستکەوتی گرنگ دەهێنێتەدی و گەلانی ئێران بەبەشێك لە مافەکانیان شاددەبن. نووچدان و نسکۆی شۆڕش لە لایەك و هەرزەکاریی و کەمفامیی شا لە لایەکی دیکەوە و مەترسیی جموجۆڵ و چالاکیی فراوانی سیخوڕ و بەکرێگیراوەکانی ئەڵەمانیاش سەرباری هەمووی تادەهات بارودۆخی ناوخۆی ئێرانی ئاڵۆزتر و بێسەر وبەرتر دەکرد، ئەوەش هەلێکی زێڕین بوو بۆ رووسیا و بەریتانیا کە لە مێژ بوو مرخیان لە ئێران خۆشکردبوو راستەوخۆ دەست لە کاروباری ناوخۆی وەربدەن. ئەوەبوو زۆر بەئاسانی و بێ خشپە لەسەر داگیرکردن و دابەشکردنی ئێران پێکهاتن و لەشکرەکانیان بەڕێدەکەن. سوپای ئێران هەر بەناو سووپا بوو، بەرامبەر هێرشی داگیرکاران تەنها سێ رۆژ بەرگرییەکی شەرمنانە دەکات و پارێزگاریی وڵات ناکەن و پەرش و بڵاودەبنەوە.

توێژەرەوەی کۆمەڵایەتیی ناسراو، عەلی وەردی بەسەرهاتێکی سەیر دەگێڕێتەوەو دەڵێت: صاڵی ١٩١١ رووسەکان شاری تەورێز داگیر دەکەن و چەند زانایەکی شیعەش دەکەن بەسێدارەدا (ئەوە هەر ئەو رووسانە بوون لە کێشەی (توتن — تاباك) دا لایەنگری شیرازیی بوون دژی شای ئێران ن.ك)[٤٩]. کە دەبێتە هۆی هەڵچوونی جەماوەر و بەتایبەتیش لە شاری کرمان — باشووری ئێران و جەماوەر چەك هەڵدەگرن و لە ژێر چاودێریی پیاوانی ئاینیدا مەشقی بەکارهێنانی چەکیان پێدەکرێت و بانگەوازی شەڕی پیرۆز (جیهاد) دەکەن دژی داگیرکار و پەلاماردانی رووسیا و لێخستنی قەیسەر.هاوکات باندێکی دزو رێگر دەستدرێژیی دەکەنە سەر دانیشتوان و کاروانەکان تاڵان دەکەن و هەتا دەروازەکانی شاری کرمان پێشڕەوی دەکەن. پیاوانی ئاینیی لەبری پاراستنی شار پەنا دەبەنە بەر باڵوێزی بەریتانیا و داوای یارمەتیدەکەن بۆ لەناوبردنی دزو رێگرەکان. باڵوێز داوای لێبوردن دەکات و دەپرسێت ئێوە کە دەرەقەتی گروپێك دزو جەردە نایەن چۆن چۆنی رووسیا داگیردەکەن؟[٥٠].

## سەرهەڵدانی شۆڕش لە رووسیا
## شۆڕشی مەنشفیك ١٩٠٥ بە رابەریی کرینسکی
## شۆڕشی بەلشفیك ١٩١٧ بە رابەرایەتیی لینین

ڕووسەکان کە هاتنە ئێرانەوە هێزێکی چەکدار دادەمەزرێنن بەنێوی هێزی قەفقاس، ئەفسەر و لێپرسراوانی هێزەکە لە گەلانی رووسیا بوون و لەوان بەرەو خوارتر لە پلە و پایەدا و سەرجەم سەربازەکانی هێزەکە ئێرانیی بوون. ئامانجی رووسیا لە دامەزراندنی هێزی قەفقاس بەرگریکردن و رێگەگرتن بوو لەو هێرشە چاوەڕوانکراوەی ئەڵەمانیا بۆ سەر رووسیا، یا هیچ نەبێت دوواخستنی بەرە وپێشچوونی لەشکری ئەڵەمان.

صاڵی ١٩٠٥ز. هێزەکانی دەریاوانیی رووسیا راپەڕینێکی دژ بە قەیسەر بەرپاکرد کە لە مێژوودا بە شۆڕشی مەنەشفیك (کەمینە) تۆمارکراوە، ئەمە بەرلەوەی کایزەری ئەڵەمانیا کایزەری دووەم فەرمان بدات

لینین کە ئەوکاتە لە سویسرا دەژیا بهێننەوە و زۆر بە نهێنی بە شەمەندەفەرێکی داخراو رەوانەی رووسیای بکەنەوە تەنها بە مەبەستی ئاژاوە و پشێوی نانەوە دژی قەیسەر و زەمینە خۆشکردن بۆ هێرشە فراوانەکە، بێ ئەوەی بە بیریاندا بێت ئەم پیاوە دەبێتە دامەزرێنەری گەورەترین ولاتی سۆسیالیستیی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و دەستبەسەر هەموو ئەورووپای رۆژهەلاتیشدا دەگریت و دەبێتە یەکێك لە هەرە دوو زلهێزەکەی جیهان و رابەریی و پێشەوایەتیی رامیاریی و سەربازیی و پیشەسازیی بلۆکی سوسیالیستیی دەکات بەرامبەر بە بلۆکی سەرمایەداریی و ئەورووپای رۆژئاوا و ئەمەریکا لە شەڕی گەرم و ساردیشدا.

لینین کە گەیشتەوە ولات دەبینێت جەماوەرە راپەڕیوەکە دووای کرینسکی کەوتوون کە وتاربێژێکی رەوان و بەتوانایە، دەزانێت چۆن کار لە هەست و سۆزی راپەڕیوەکان دەکات، بەلام پیاوی رابەریکردن و فەرمانڕەوایی و دەستەلات گرتنە دەست نییە. لینین دەیزانی چیدەوێت و چیدەکات و چۆن دەگاتە ئامانجەکانی، زۆر بە هێمنی و بێ پەلە پرووزە پلان و بەرنامەی خۆی دادەڕێژێت و هەنگاو بەهەنگاو دەستدەکات بە جێبەجێکردن.. زۆری نەخایاند بزوتنەوەکەی لینین کە بە شۆڕشی بەلشفیك (زۆرینە) ناسرا، زەمینەی سەرکەوتنی بۆ شۆڕشە مەزنەکەی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ خۆشکرد و رژێمی سەدان ساڵەی قەیسەریی بۆ هەتا هەتایە لە ناوبردو رژێمێکی سۆسیالیزمی لە جێگەدا دامەزراند بەرابەرایەتیی چینی کرێکار و جوتیار و زەحمەتکێشان (چینی پرۆلیتار) لەبەر تیشکی بنەماکانی فەلسەفەی مارکسیزم — لینینزم و پیادەکردنی دەستەلات و فەرمانڕەوایی پرۆلیتاریا.

## ڕووخانی دەوڵەتی قاجار ١٩٢١
## دامەزراندنی ئێرانی نوێ

دووای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و جێگیربوونی دەسەلات، لینین هەموو هێزەکانی رووسیا — یەکێتی سۆڤیەتی لە ئێران کێشایەوە و تەنها هێزەکەی قەفقاسی هێشتەوە کە لە رووی چەك و تەقەمەنی و ئازووقەو دیسپلینی سەربازییەوە تاڕادەیەك سوپایەکی مۆدێرن بوون. ئەفسەر و بەرپرسەکانی خۆیان کێشایەوە و بەڕێوەبردنی هێزەکەیان بەرەو رووی ئێرانییەکان کردەوە کە هەرهەمووشیان پلەیان لە خوار پلەی ئەفسەرەوە بوو، لە نێوانیان ئەوانەدا رەزا ناوێك هەلدەکەوێت پلەی (چاوەش)ی هەبوو لە هێزەکەدا کە سێ پلە لە سەرووی سەربازی ئاساییەوەیە، رەزا چاوەش بە ئازایەتی و لێهاتوویی خۆی توانی دەست بەسەر هێزەکەدا بگرێت و پشت دەکاتە سۆڤێتییەکان و کلکی لەگەلّ ئینگلیزەکاندا گرێدەدات و بە هاوکاریی و پشتیوانیی سەربازیی و دارایی ئەوان و پشتگیریی ئاینیی (آیة الله طباطبائي) ساڵی ١٩٢١ز. بەکۆدەتایەکی سەربازیی سەرکەوتوو، دوواهەمین شای بنەماڵەی قاجارەکان موزەففەرەددین شای قاجار لەسەر تەخت دەهێنێتە خوارەوە و کۆتایی بە رژێمی فەرمانڕەوایی قاجار دەهێنێت و ساڵی ١٩٢٣ز. رەزا چاوەش دەستی بەسەر هەموو لایەکی ولاتدا دەگەیشت و لە ساڵی ١٩٢٥دا خۆی بەشای ئێران ناساند و ساڵی ١٩٢٦ تاجی شاهانەی ئێران لەسەر دەنێت بەنێوی رەزا شای پەهلەوی و ناوی ولاتی فارسیش دەگۆڕێت و دەیگێڕێتەوە سەر ناوە دێرینەکەی و دەیکاتەوە بە ولاتی ئێران. بەمجۆرە و وەك کورە کەچەلّەی چیرۆکی گوێ ئاگردان، رەزا چاوەشێکی نە ناسراو، نە نێوبانگێك و پلەو پایەیەکی سیاسیی، سەربازیی، کۆمەلایەتیی، ئاینیی هەبوو، نە

لە بنەماڵەیەکی ڕەسەن و بەرچاوی ئێرانیش بوو، دەبێتە شاهەنشای ئێران ڕەزا شای پەهلەوی، کە هەرچییەك بێت پەهلەوی نییە، بەڵام دەیزانی پێویستە خۆی بەسەر بنەماڵەیەکی ڕەسەن و بەنێوبانگی ئێراندا ساغ بکاتەوە، کەچی هەتا مردیش گەلانی ئێران بە گشتیی و پێشەوایانی ڕامیاریی و ئاین، سووك و بێ نرخ تەماشای خۆی و کوڕەکەیان دەکرد.(تاج الملوك) ی هاوسەری کە دەکاتە شاژنی ئێران لە میانەی کێشەیەکی خێزانیدا لەگەڵ بنەماڵەی محەمەدعەلی پاشای میسردا، لەسەردەمی فارووق شای میسردا، شاژن ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە و دەڵێت: ڕاستە ئێمە وەك بنەماڵەی محەمەد عەلی میسر وەجاخزادە و ناسراو نین، بەڵام دزیش نین! حەمە سدیق میرزا لە کتێبی پێشەکیەك بۆ فەرهەنگی شا خاتون، لە لاپەڕە ٤٠ دا دەڵێت: ڕەزا خان کوڕی عەباس قولیخانی دەماوەندیی سەرۆك خێڵێکی تورکمەن بوو لە شاری دەماوەند لە ڕۆژهەڵاتی تاران و ئاژەڵدار و کۆچەر بوون، لە یەکێك لەم کۆچڕەوانەدا کچێکی لە عەشیرەتی ناسراوی کۆلیایی بە نێوی نوش ئافەرین داوا کرد و ڕەزا شا لەو ژنە کوردەیە.

ڕەزا شا لە بەرنامە ڕامیاریەکەیدا هەمان بەرنامەی چەوساندنەوە و تۆقاندن و ڕاونان و کوشتن و دوورخستنەوە و ئاوارەکردنی نەیاران بەرامبەر گەلانی ئێران پیادە دەکرد وەك هەر هەموو شاکانی بەرلە خۆی، بەتایبەتیش بەرامبەر بە گەلی کورد، هەروەك دەستپێکیش جلوبەرگی نەتەوەیی لە کورد قەدەغە کرد، لەبری مشکی و جامانە و شەدە، بەزۆرەملیی تەپلەی قەفقاسیی بەسەردا سەپاندن، ڕەزا شا و مستەفا کەمال گورگەبۆر (ئەتاتورك) هیچ نەبێت لە دوو خاڵدا لەیەکتر دەچن:

ڕەزا شا کۆتایی بەدەستەڵاتی قاجارەکان هێنا و خۆیکردە شای ئێران و گەلی کوردی لە هەموو مافێك بێبەشکرد.

کەمال گورگە بۆریش دوایی بەفەرمانڕەوایی سوڵتان و خەلیفەکانی عوسمانی دەهێنێت و خۆیدەکاتە سەرۆك کۆماری تورکیای وڵاتی تورك و کورد، بەڵام ئەویش کورد لە سادەترین ماف بێبەش دەکات.

ڕەزا شا هەرزوو چەند خاڵێك دەکاتە بەرنامە و ستراتیژیی خۆی لە سەر دادەمەزرێنێت:

١- پێکەوەنانی سوپایەکی مۆدێرنی بەهێز.

٢- کپکردنی دەنگی ناڕەزایی و تاساندنی هەر بزوتنەوەیەکی ئازادیخواز لە وڵاتدا و بەهەرشێوەیەك بێت.

٣- گرێدانی بەرژەوەندیی و چارەنووسی خۆی و بنەماڵەکەی بە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیاوە کە لەو سەردەمەدا بۆ ئەو زۆر لەبار بوو.

٤- ڕێگەنەدان بە هیچ بزوتنەوە و جووڵانەوەیەك، ڕامیاریی بێت یا چەکدار و هەر زوو (سەری مارەکان) لە مەڵبەندی خۆیان ڕاگوێزرێن بەتایبەتیش لە کوردستان (ڕۆژهەڵاتی کوردستان).

٥- ڕێگەگرتن لە بزوتنەوەی (پەتای مارکسیزم و کەمالیزم )و دانانی لەمپەریك لەبەردەم ئەو دوو مەترسییەدا لە ڕۆژهەڵات و سەرووی ڕۆژئاواوە.

## زەنگی مەترسیی و هۆشیاربوونەوەی کوردی ڕۆژهەڵات

ئەم بەرنامەیەی شا، زەنگی ترس بوو کوردی هۆشیار کردەوە کە شمشێری بێبەزەیی گرتن و کوشتن و ڕاگواستن بەتایبەت بەرامبەر هەڵکەوتووانی کورد و تواندنەوەی نەتەوەکە و سڕینەوەی ناسنامە و شوێنەواری

نەتەوەیی لەسەر گەردنتانە ئەگەر رانەپەڕن و بەرگری نەکەن.

سمایل خانی شوکاك (سمکۆ) ١٨٧٥ـ١٩٣٠ یەکەمین پێشەوای کورد بوو لە کوردستانی رۆژهەڵات، بانگی راپەرین و شۆڕشی بەرەنگاریکردنی سیاسەتی شۆڤێنییی شای ئێران بەگوێی دۆست و دوژمندا بەرزکردەوە و لە بارودۆخێکی نێودەوڵەتیی زۆر ئاڵۆز و نالەباردا، ماوەی دە ساڵ بە توانایەکی سەربازیی کەمەوە بێپەروا داکۆکیی لە بوون و مانەوەی کورد دەکرد، رێگەیەکیش نەما، بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە نەیگرێتەبەر، پەنا دەباتە بەر سۆڤێت، بەریتانیا و تەنانەت کۆماری تورکیای کەمالیش کە دەمێك نەبوو دامەزرابو. لە نێوخۆشدا هەوڵی هاوئاهەنگیی و یەکرێزیی لەگەڵ شۆڕشەکەی شێخ مەحموود لە باشووری کوردستان و سەرانی بزوتنەوەی کورد لە باکوور، بەدرخانەکان و شێخ عەبدولقادری شەمزینی بەردەوام بوو، بەڵام هەر هەموو هەوڵەکانی بەئاکام نەگەیشتن.

ڕەزا شا مەترسییەکی زۆری لە سمکۆدا دەبینی، بەهێزی لەشکر و پەلاماردان دەرەقەتی نەدەهات، پەنا دەباتە بەر فێڵ و تەڵەکەبازیی، بەناوی گفتوگۆ و رێککەوتنەوە بانگیدەکەنە شاری شنۆ، هەرئەوەندەی گەیشتە ناوەڕاستی کۆشکی فەرمانڕەوای شنۆ، لە هەر چوار لاوە خۆیی و هاوەڵەکانی دەدرێنە بەر شیلگەی تفەنگی نامەردیی و ترسنۆکیی و هەرلەوێدا شەهیدی دەکەن. دوژمنی ترسنۆك لە ماوەی پازدە ساڵ راپەڕینی سمکۆی شوکاك تەنها جارێك مەردانە سەنگەریان لێنەگرت و رووبەڕووی هێزەکەی ببنەوە. ئێران، تورکیا، عێراق و ئینگلیزیش جیا بەجیا و پێکەوە و بەگەلەکۆمەکیش نەیانتووانی سمکۆ و شۆڕشەکەی لە نێوبەرن کە ترس و لەرزی خستبووە دڵی هەموویانەوە. حەمە بۆر ساڵی ١٩٥٥ بۆی رێکدەکەوێت (هرچۆ هەرکی) پێشمەرگەی دڵسۆزی سمکۆ دەبینێت کە تەمەنی گەیشتبووە پەنجا ساڵان و چوونی سمکۆ بۆ گفتوگۆ و رێککەوتن لەگەڵ فەرماندەی لەشکری ئێران لە شاری شنۆ رۆژی ٢٠/خەرمانانی ١٩٣٠ی بەمجۆرە بۆ دەگێڕێتەوە: سمکۆ و چەکدارەکان بە سوارییی دەچنە نێو ئەو کۆشکەی بۆ کۆبوونەوەکە دیاریکرابوو، کتوپڕ لە نێو کۆشکەوە و لە هەمووولاوە دەستڕێژیان لێدەکەن، زەلام و وولاخ بەسەریەکدا دەکەون، سمکۆ سەخت بەردەکەوێت، هرچۆ لە پاڵیدا بووە، دەیەوێت رایکێشێتە دەرەوە، سمکۆ دەڵێت (دەردم کارییە و کەڵکی بردنم پێوە نەماوە)، ئەگەر ئەتووانی (سەعات و ئەموستیلە و خەنجەر و تەسبیحەکەم بگەیەنە گوڵیزاری خوشکم)، چونکە سەعاتەکە هی باوکم و ئەموستیلە و خەنجەرەکە هی جەوەر ئاغا و تەسبیحەکەش هی گوڵیزارە، با دەست دوژمن نەکەون، حەمە بۆر دەڵێت دوواتریش گوڵیزارم بینی گێڕانەوەکەی هرچۆی هەرکی سەلمان [٥١].

شایانی وتنە وەك هەندێك سەرچاوە دەڵێن، سمکۆی شوکاك لە کوشتنی سەرۆکی ئاسووریەکان مار شەمعون و هاوکارەکانیدا زۆر پەشیمان بووە و وتوویەتی بریا ئەو کارەم نەکردایە، وەك عەبدولرەقیب یوسف دەیگێڕێتەوە (سمکۆ لە دیدەنی عەباسی مەحموود ئاغادا وەك ئەحمەدی حەمە ئاغای پشدەری چەند جارێك لە سمکۆی بیستووە، وتوویەتی خۆزگە مار شەمعوونم نەکوشتایە، زۆر پەشیمانم، ئەوە جەواد پاشای تورك بەمنی کرد.. کوڕەکەت (خەسرەو.ن.ك) بەرەڵڵا دەکەین و هەرچی تاڵانێکی تۆشمان بردبێ پێتی دەدەینەوە و پشتیوانیی بزوتنەوەکەشت دەکەین.[٥٢] (بێگومان دژی ئێران و ئینگلیز ن.ك) ئەوە وا دەوترێت، بەڵام نابێت ئەوە بەهەڵەماندا بەرێت،نەخێر سمکۆ مارشەمعوون لە تۆڵەی خوێنی جەوهەر ئاغای برایدا دەکوژێت و

بەئارەزووی خۆی زەلامی ئاشووری ریزکردووە و وتوویە، بابزانم گوللەم چەند ئاشووری دەبڕێت.ئێمەش با وەك عەرەب و تورکمان بەسەرنەیەت لە پێناو هاشە و هوشەی بێ بناغە و بەڵگەدا راستییەکانی مێژوو بشێوێنین و پەندی لێوەرنەگرین. عەرەب و تورك ئەوەندە بەخۆیان دەنازن ناشێت کارێکی نارەوایان لێ رووبدات و هەمیشە کەموکورتیی، کورت بینیی، هەڵە، تاوانەکانیان کردووە بەژێرەوە، بۆیە ئەوە حاڵیانە. ئێمەی کورد لە هەموو نەتەوەیەك پتر پێویستە پەند و ئامۆژگاریی لە رابردوو وەربگرین، بۆیە دەبێت کە مێژوو دەنووسینەوە، راستگۆ، دوور لە هەست و سۆزی دەروونیی راستییەکان تۆمار بکەین و پەند و ئامۆژگارییان لێوەربگرین، گەر وانەکەین کەڵکێك لە ئەزموونەکانی رابردوو وەرناگرین و هەربە دەوری خۆماندا دەخولێینەوە.

ڕژێمەکەی رەزا شا وەك رژێمە شۆڤێنییەکانی عەرەب و تورك بەنێوی ناسیۆنالیزم و ئاینی ئیسلامەوە هیچ دەروویەکیان بۆ کورد نەهێشتەوە، دەستی لە سادەترین مافە نەتەوەییەکانی گیربێت مەگەر رێگای دوورو درێژی پڕ لە کارەسات و قوربانیی و خوێن و فرمێسك و ماڵوێرانی و تروسکاییەکی هیوا دژی داگیرکارانی خاکەکەی، تورك، عەرەب و فارس کە هەرتاکێکیان دەگریت شیعە بێت یا سوننە یا دیان، دیموکراتخواز بێت یا نەتەوەپەرست (رادیکاڵ)، بەرامبەر کوردو دۆزە رەواکەی هەمان تێڕوانینیان هەیە، شیعە و سوننە چەند ناکۆکن، ئێران و عوسمانیی(فارس و تورك)، ئێران و عێراقی عەرەب دوژمنی مێژوویی وخوێنخۆری یەکترین، رژێمی ئێرانی سەردەمی شا و سەردەمی کۆماری ئیسلامیش لەژێر ئالأی شیعەگەریدا و تورکیای عەلمانی و کەمالیزم و رەتکەرەوەی ئاینی ئیسلام و پیتەکانی قورئان، عێراقی ژێر دەستەلأتی سوننە و کەنارخستنی شیعە و چەوساندنەوەیان، عێراقی ژێر دەسەلأتی شیعەو پشتگوێ خستنی سوننە،جگە لە کێشەکانی ئاوو سنوور لە نێوانیاندا، تەنها لەسەر دژایەتیکردن و چەوساندنەوەی کورد زۆر بەئاسانی پێکدێن و هەر ئەوەندەشی پێڕەوا دەبینن لە ئێران و عێراق هاوڵاتی پلە دوو — سێ بێت و لە تورکیا، تورکی چیانشین و لە سووریاش بە میوان دادەنرێت.

ئەو شۆڤینیزمانەی چارەنووسی کوردیان لە دەستدایە باوەڕیان بەتایبەتمەندییەکانی گەلانی موسوڵمان و سنووری نیشتمانەکانیان نییە و دەڵێن نەتەوە موسوڵمانەکان یەك گەلن و هەرهەمووشیان رۆڵەی یەك وڵاتن و هیچ سنوورێکیان لە نێواندا نییە و ئێوەی کوردیش سوپاس بۆ خوا موسوڵمانن، خومەینی و سەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم روانگەیەوە بوو یا بۆ گاڵتەجاڕیی دەیانوت: مافی کورد ئەگەر لە قورئاندا هەیە ئامادەین دانی پێدابنێین.

تورکەکانیش دەڵێن: کورد، ئەگەر لە تەك گاور (دیان) بەراووردی بکەین، بەڵێ لە چاو ئەواندا موسوڵمانن!

**رەزا شای ئێران و شا فارووقی میصررووددەکەنە ئەڵەمان**

**هیتلەر پەلاماری رووسیا دەدات**

**رووسیا و بەریتانیاش ئێران داگیردەکەن**

ڕەزا شا هەر ئەوەندەی لە شکری دامەزراند و ناحەزو نەیارەکان و شۆڕشەکەی سمکۆی شوکاکی لەناوبرد، لەبەریتانییەکان دەکەوێتە گومان و دڵدەگۆڕێت و ئەمجارەیان روو دەکاتە ئەڵەمانیای نازیی و لەگەڵ فارووقی

شـاى ميسـردا كـه دواى فوئـادى بـاوكى لـه ١٩٣٧ – ١٩٥٢هاتـه سـەركار، رەزا و فـارووق هـەردووكيان چارەنووسيى خۆيان و ولآتـەكانيان بـە سـەركەوتنەكانى هيّتلـەرەوە گريّـدەدەن كـە زۆر بەهەلّمـەت و خيّـرا و بەرچاوبوون و هۆلّەندا و بەلجيكا و چيكۆسلۆڤاكياى بە ئاسانى داگيركردو دەستى بەسەر فەرەنساشدا گرت كە لايـەنيّكى بـەهيّزى هاوپـەيمانان بـوو. بـۆ پـەلاماردانى يـەكيّتى سـۆڤيّتيش، لـە شـەڕەكانى عەلەمـەين دا، لەشـــكرەكانى هاوپـــەيمانان بەدەســـت كارامـــەيى و ليّهـــاتوويى ژەنـــەڕالّ رۆمـــل و پلانـــە ســـەربازييە سەركەوتووەكانييەوە گيريانخواردبوو، وەك ريّزليّنـان بـە ريّـوى بيابـان ناويانـدەبرد، هاوپـەيمانان بـۆ راگرتنـى هيّرشە بروسكە ئاساكانى هيّزەكانى هيتلەر، ناچاربوون جگە لەبەرەى شەڕى سەرووى ئەفەريقا، بەرەيـەكيش لە ئيّران بكەنەوە، هەرئەوەندەى هيتلەر لە ٢٥/فيّبريـوەرى ١٩٤١ دا پـەلامارى سـتالين دەدات، بـەريتانيا و يەكيّتى سۆڤيّتيش دەستيان بەسەر ئيّراندا گرت و لەنيّو خۆياندا وەك برا بەشـيانكرد، ناوچـەيەكى فـراوان لـە بـاكوور بـۆ سـتالين و ناوچـەيەكى بچـووكتريش لـە باشـوور بـۆ ئينگليـز و هـەريّمى تـارانى پيّتـەختيش وەك ناوچەيەكى بيّلايەن دەهيّلّنەوە و لە ٦/سيّپتەمبەرى ١٩٤١دا، رەزا شا ناچار دەكەن دەست لـە تـاجو تـەختى شاهانە هەلّبگريّت بۆ حەمەى كوڕى و لە رۆژى ١٧/ سيّپتەمبەرى ١٩٤١ دا تارانى پايتەختيش داگير دەكەن و هەر لە كۆتايى هاوينى ئەو سالّەشدا حەمە رەزا بەفەرمى لە جيّگەى باوكى دەبيّتە شاى ئيّـران، بـەلآم بـە كەلّكى ئەوكارە نەدەهات و كورد واتەنى كەرى ئـەو بـارە نـەبوو، لاويّكـى شـەرمن، بـاوەرى بـەخۆى نـەبوو، ئـەركيّكى وا مـەزن بگريّتـە ئەسـتۆ. (حەمـە رەزا بەڕادەيـەك تەمـەلّ و دەستەوسـان بـوو، رەزاى بـاوكى نەيدەشاردەوە لە كۆڕە تايبەتييەكاندا دەيوت: سروشت دەبوو حەمە بكاتە كچ و ئەشرەفى كچم بكاتـە كـوڕ، كاتيّك ئيّرانيش بەجيّدەهيّلّيّت بانگيدەكات و دووبەدوو پيّى دەلّيّت: من تەخت و تاجم بە هيّزى بـازووى خـۆم دەستخست، نەكردەو و بيّهيّز نەبووم، لە خۆم بەهيّزتر هەموو دەرگاكانيـان لەسـەر داخسـتم.. تـۆ دەتوانيّـت پاريّزگارى بكەيت و منداليّكى نيّرينەش بەرهەم بهيّنيّت؟ حەمە رەزا لەوبارەيـەوە دەلّيّـت: سـەرم داخسـت و نەمتوانى وەلآمى باوكم بدەمەوە، رەزا شا ئەوەش بە كوڕەكەى دەلّيّت، فيّرببە هەرگيز رووبەڕووى گەردەلوول مەوەستەرەوە كە ديّت بەرەو روت، سەر نەوى كە با تيّپەڕيّت.)[٥٣]

ڕەزا شاى پەهلەوى بەمجۆرە مالّئاوايى دەكات، سياسەتى نيّودەولّـەتيى شـەقيّكيان تيّهەلّـدا و بەچـاوى پـڕ فرميّسك و زاميّكـى دەروونـى قوولّـەوە، خـۆى و (تـاج الملـوك)ى هاوسەرى،ريسـوا وسـەرگەردان لـە ولآتـى ئەفەريقاى خواروو خۆيان گرتەوە و سالّى ١٩٤٤يش هـەر لەويّنـدەرىّ بـە هەناسەسـاردى مـرد، بـەريتانيا و سۆڤيەت ريّگەيان نەدا تەرمەكەشى بيّتەوە ئيّران، لەسەر بڕيارى فاروقى شاى ميسر دەهيّنريّتـە ميسـر و لـە مزگەوتى ريفاعى لە شارى قاهيرە دەينيّژن، مزگەوتى ريفاعى هەمان ئەو مزگەوتەيە دوواى ٣٦ سالّ حەمە رەزاى كوڕيشى هەر لەويّدا دەنيّژريّت، دواى ئەوەى خۆى لە بەرامبەر راپەڕينەكەى ١٩٧٩ ى گەلانى ئيّرانـدا راناگرىّ و هەلّديّت[٥٤] و هيچ ولآتيّك لەم سەرزەمينەدا نەيدەگرتە خۆى، تەنانەت شاى مەغريب موحەممـەدى پيّنجەم كە هەتا دوو هەفتە پيّشتر ئامادەبوو هيّزى سەربازيى بۆ بنيّريّت بۆ ئيّران، نيّردراويّـك دەنيّريّـت پيّـى رابگەيەنيّت لە چەند رۆژيّك پتر ناتوانيّـت لـە ولآتەكەيدا(مـەغريب) بميّنيّتـەوە. شـابانوو فـەرەح پەهلـەويش (كانديد كرابوو بۆ پۆستى سەرۆكى UN) بە تەلـەفون داوا لـە كارمەنـديّكى نەتـەوە يـەكگرتووەكان دەكـات

بەڵكو (ليزه پاسێك)يان بۆ بكەن، چونكە پاسپۆرتەكانی بنەماڵەی شا، كاری پێناكرێت!

## كەوتن و ريسوابوونی رەزا شا

**( لە كاتێكدا كەس نەيدەوێرا شتێك لە رەزا شای پەهلەوی بشارێتەوە،**
**هيچ كەسێك نەيدەوێرا راستييەكان بە حەمەی كوڕی بڵێت )**

ئەوكاتەی رووسيای سۆڤێتی، ساڵانی ١٩٤١ — ١٩٤٥ز، باكووری ئێرانی داگيركردبوو، شای ئێران حەمە رەزا، كەمترين دەستەڵاتی لە هيچ كون و قوژبنێكی ئەو هەرێمەدا نەمابوو، ستالين لەو بارودۆخە گونجاوەدا خەريكی ئەوەبوو لە ناوچەكانی ئازەربايجاندا حكومەتێكی كارتۆنی ئەڵقە لەگوێی سەربە سۆڤێت دابمەزرێنێت و بيكاتە بنكەی بڵاوكردنەوەی دەستەڵاتی خۆی و بيروباوەڕەكەی وەك هەنگاوێك بۆ گەيشتن بەو ئامانجانەی زۆردەمێك بوو هەرهەموو فەرمانڕەوايانی رووسيا لە سەردەمی قەيسەرەكانەوە خەونيان پێوە دەبينی، كە بريتی بوو لە گەيشتن بە ئاوە شلەتێنەكەی كەنداوی فارس — عەرەب و دەريای سپی ناوەڕاست.

وەك پێشتر روونمانكردەوە ئێران لە پراكتێكدا سەربەخۆيی لە دەستدا بوو، بەشی هەرە زۆری خاكەكەی داگيركرابوو،بەپێی رێككەوتنی بەريتانيا و سۆڤێت، بە بيانووی بەرپەرچدانەوەی هێرشی ئەڵمان بۆ داگيركردنی وڵاتی بەرفراوانی رووسيای سۆڤێتی، بەڵام هەردوولا بۆنی نەوتەكەيان كردبوو كە بۆ يەكەمين جار ساڵی ١٩٠٨ ز لە ناوچەكانی باكووری ئێران و ژێر فەرمانی بەريتانيادا، دۆزرابووەوە.

ستالين زۆر لەوە دڵنيا بوو حكومەتەكەی حەمە رەزا شا دەكەوێت، بۆيە زۆر بەگەرمی بانگەشەی ئەوەيدەكرد، هاكا ئێران وەك سێوێكی گەنيو كەوتە نێو دەستمانەوە، ئەوە ئەگەری يەكەم بوو، ئەگەری دووەميش ئەگەر سێوەكە نەكەوت، ئێمە لە ئێستاوە جێگەپێی خۆمان بچەسپێنين و دوای كۆتايی شەڕەكە هێزەكانمان لە ئێران كێشايەوە، دەست بەتاڵ نەكشێينەوە و بنەوبارگەی خۆمان هەبێت.

لە كۆبوونەوە سێقۆڵييەكەی ساڵی ١٩٤٣ دا لە نێوان ئەمەريكا بەسەرۆكايەتی فرانكلين رۆزفڵت، بەريتانيای مەزن بە سەرۆكايەتی چەرچڵ، يەكێتی سۆڤێت بەسەرۆكايەتی جۆزێف ستالين بەسترا، بڕياريانـدا شەش مانگ دووای كۆتايی شەڕ (شەڕی جيهانی دووەم) هيچ هێزێكی بێگانە لە ئێراندا نەمێنێت.

ستالين بەڕێوەبەرايەتييە كارتۆنييە گوێ لە مستەكەی دامەزراند بە نێوی كۆماری ئازەربايجان و بەسەرۆكايەتيی جەعفەر پيشەوەری وەك بنكە و بارگەی كۆمۆنيزم لەو وڵاتەدا و بەكارهێنانيشی وەك كارتێكی گوشار و پاڵەپەستۆی راميارى بەڕووی ئێراندا، مل بۆ داخوازييە نەوتاوييەكانی بدات و بيسەلمێنێت بەتايبەتييش كە بەريتانيا هەرزوو لەوبوارەدا گۆڵی خۆی لە سۆڤێت كردبوو، چنگی لە مافی بەدواگەڕان و دەرهێنانی نەوتی ئێراندا گيركردبوو، ستالين خۆی بە بەشخوراو دەزانی، نيازی نەبوو هەروا بەئاسانی دەست لە ئێران و نەوتەكەی هەڵبگرێت و هێزەكانی بكشێنێتەوە، بۆيە بەهەموو لايەكدا هەڵپەيدەكرد، ئەويش لە كۆمپانيايەكی هاوبەشی نەوتی ئێران — سۆڤێتدا رێژەی ٥١٪ی داهاتی بەربكەوێت، بەڵام هەڕەشەكەی سەرۆكی ئەمەريكا، تروومان، هەرهەموو بەرنامە و پلانەكانی ستالين دەكاتە خەو، هەرچەند رووسەكان ساڵی ١٩٢١ز، پەيمانێكيان لەگەڵ ئێراندا مۆركردبوو يەكێك لە بڕگەكانی مافی بە رووسيا دەدا لە كاتی

پێویستدا هێزی چەکدار بنێرنە ئێران.

بەریتانیا و ئەمەریکا لەو باوەڕەدا بوون ستالین ئێران دەگرێت، ئەگەر بەرەنگاری سەربازیی لەگەڵدا بکەن ئەوە هاوپەیمانێکی سەرەکی و بەهێزیان لەدەست دەچێت و ئەم شەڕە لابەلایەش لەبەرژەوەندی ئەڵمانیای هیتلەرییە، ئەگەر بێدەنگیش بن ئەمە جگە لەوەی بەشێکی نەوتیان لەدەست دەردەچێت، مەترسی بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزمیش روو دەکاتە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دامەزراندنی چەند حکومەتێکی سەربە بلۆکی سۆسیالیزم و ئەوکاتەش هەرهەموو بەرژەوەندییەکانیان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکەوێتە بەرمەترسییەکی راستەقینە، بەتایبەتییش کە ئاگاداری جموجوڵ و چالاکییەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئێران (توودە) بوون کە پارتێکی رامیاریی مارکسیزمی چەواشە و ستالین پەرست بوو، چاوساغیی و رێنمایی رووسیای سۆڤێتی بکەن لە ئێرانەوە هێرش بکات و تورکیا و عێراق لوولبدات.

سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، ونستۆن چەرچڵ رێگەچارەیەکی ئەهریمەنانە دەدۆزێتەوە و بەهەر فرت و فێڵێکی سیخوڕی — هونەری بوو، تووانی کارێك بکات، یابان هاوپەیمانی ئەڵمانیا لەناکاوو لە ۱۹٤۱/۱۲/۷ دا هێرشێکی بەهێزو دەستوەشێنی قورس لە ئاسمانەوە بکاتە سەر بەندەری (بێرل هاربەر) ی ئەمەریکای بێلایەن و دووره شەڕ و فڕۆکەکانیان ئەو بەندەرە گرنگەیان بەخەستی بۆردومانکرد و زیانێکی زۆر قورس بە سەربازانی ئەمەریکا و کەشتییە جەنگییەکانیان دەگەیەنن.

ئەمەریکاش وەك پەرچەکردارێکی خێرا هاتنە دەست، بەڵام تاوانێکی زۆر گەورەیان لە مێژووی هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا تۆمارکرد و یەکەمین بۆمبای وێرانکاری چەکی ئەتۆم لە هەردوو شاری هێرۆشیما، ناکازاکی بەسەر یابانەکاندا تاقیدەکەنەوە، راستە یابان چاوبەستی لێکرا و هێرشێکی ناهەمواری کردە سەر وڵاتێکی بێلایەن لە شەڕەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، ئەمەریکاش راستە سەرکەوتنێکی سەربازیی مەزنی ئەنجامدا، ئەوەندە رووخێنەر و پشتشکێن بوو بەتەواوی پەکی یابان دەخات، تاوانێکی کەم وێنە و پەڵەیەکی رەشی شەرمەزارییە بەنێوچاوانی ئەوان و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای سەربازییەوە.

بەریتانیا و فەرەنسا کە ئەمەریکایان راکێشایە شەڕەکەوە وەك هاوپەیمانێکی بەهێز دژی ئەڵمانیا، ئیتر ئەو ترسە گەورەیەیان لە ستالین دەرەوێتەوە و دڵنیاش بوون کە ئێستا دەتوانن ئەگەر (قەوما) بەهاوکاریی ئەمەریکا رێگەنەدەن هیتلەر سەرکەوێت و کارەساتێك بەسەر ئەورووپادا بهێنێت. بەهەرحاڵ هاوسەنگەرییەکەی بەریتانیا، فەرەنسا، سۆڤێت و ئەمەریکا (دەنگی تێدەکەوێت) چونکە سەرەڕای نیگەرانیی ستالین، ئەمەریکاش بووبە برابەش و وەك ئەوان داوای بەشەدەسکەوتی دەکرد. حەمە رەزا شای ئێرانیش ئەژنۆی شکابوو، زۆر دەترسا، هیچ گومانی لەوەنەبوو لەو سێ زلهێزە یەکێکیان پلانی لێدەگێڕن و کۆدەتایەکی سەربازیی بەسەردا دەکەن و خۆی واتەنی (وەك مشکی تۆپیو تووڕی دەدەن)[٥٥]، ئەوە ئەو حەمە رەزا شایە بوو دوواتر لە بەختی کورد و گەلانی دیکەی ئێراندا دەبێتە (کوڕە ئازاکە) ی ئەمەریکا و ئەورووپا و یەکەمین سەرکردە و پێشەوای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەو پاڵەوانە کارتۆنییەی خۆی لەبەر تەوژمی بەتین و رقی پیرۆزی گەلانی ئێراندا رانەگرت و بۆ جاری دووەم،دووای راپەڕینی ئازادیخوازانی گەلانی ئێران لە ساڵی ۱۹٥۰ دا بەسەرۆکایەتی (دکتۆر موصەدیق) بەرگە ناگرێت و وەك شێرە بەفرینەی بەرخۆر دەتوێتەوە و وەك

سەگی چوارچاو لە چوارقوڕنەی ئەم سەرزەمینەدا بۆ پەنایەك دەگەڕا خۆی تێدا بشارێتەوە.

## خزمایەتی کورد و گەلی میصر

خزمایەتی نێوان کورد و میسرو ئێران و میسر، پێشینەی مێژوویی هەیە، گەلی میسر وەك گەلانی دیکەی موسولمان زۆر خۆی بە دەولەتی عوسمانییەوە نەدەبەستەوە، دوای کشانەوەی ناپۆلیۆنیش ئالای شۆڕشی بەرز کردەوە و بەسەرکردایەتی محەمەد عەلی پاشا ڕێگەیان بە تورك نەدا بگەڕێتەوە میسر.

فەرمانڕەوایی بنەماڵەیەکی کوردی ڕەسەن لە میسر بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بنەماڵەی شاکانی ئێران و بەتایبەتییش بنەماڵەی پەهلەوی یەکگیر دەبوون کە دەچنەوە سەر دوو بەرەبابی ئاری — ئێرانی و دەولەتی عوسمانیش دوژمنی هاوبەشیانە. موحەممەد عەلی پاشای گەورە وەك نووسەری ناسراوی کورد محەمەد عەلی عەونی سکرتێری شا فارووق کوڕەزای محەمەد عەلی پاشای گەورە نووسیوێتی ..(پاشا لە یەکەمین لاپەڕەی دەفتەری بەرباخەڵەکەیدا (موفەکەرە) ناوی خۆی و باوکی و ساڵی لە دایکبوونی نووسیوە لەگەڵ کورتەیەکی ژیانییدا و لەسەرەتاکەیدا نووسیوێتی بەشانازییەوە دەڵێم کوردم و لە کوردەکانی دیاربەکرم..) بڕوانە: دەرەخشان جەلال حەفید . ژیان و تێکۆشانی حەپسەخانی نەقیب ج٢، سلێمانی ٢٠٠٨ لا.٤٥

## خزمایەتی ئێران و میصر

حەمەی کوڕی ڕەزا شای ئێران لە ١٥/ مارس/ ١٩٣٨ دا، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی باوکیدا، شازادەی میسر، فەوزیەی خوشکی فاورووقی شای میسر دەخوازێت، بۆ یەکتر بینین لەگەڵ فەوزیە و یەکترناسین لەگەڵ خێزانی فارووق و بنەماڵەی بەنێوبانگی محەمەد عەلی گەورەدا، دەچێتە قاهیرە، بەلام ناکەوێتە بەردڵی هیچکام لە فەوزیە و دایك و خوشکەکانی، ئەم شازادە ئێرانییە ئەو کەسە نەبوو لە چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافدا بینیبوویان، بەڵکو کوڕێکی شەرمن و دەستە پاچە و کەمفام، بەلام شا فارووق مەبەستی بوو ئەو خزمایەتییە بکرێت و بەهەموویانی سەلماند ئەم کارە بەرژەوەندی رامیاریی میسری تێدایە کە دەکاتە ئەوەی شازادەی داهاتووی ئێران و دواتریش شاهەنشای ئێران دووڕەگ بێ،ڕەگێکی ئێرانی و ڕەگێکی میصریی. فەوزیە لەبەرامبەر خواستی براکەیدا دەڵێت: هەرچەند دڵم بەم هاوسەرگیرییەوە نییە، بەلام لاریم لەوەش نییە لە پێناو بەرژەوەندیی بەرزی میصردا ئەگەر بە نابەدڵییش بێ دەیکەم .

شاژنی میسر، شابانوو شازلی، دایکی فەوزیەش دەڵێت: ( باشە،ئەم کوڕە دەکەینە زاوامان، بەلام کەسێك بهێنن هیچ نەبێت شێوە و ئەتەکێتی نان خواردنی فێربکات)(٥٦). فەوزیە دەگوێزرێتەوە و دەبێتە یەکێك لە شازادەکانی ئێران بەرلەوەی حەمە ڕەزای هاوسەری ١٩٤١/٩/١٧ لە شازادەوە ببێتە شای ئێران لە جێگەی باوکی، بەلام فەوزییەی بەدبەخت بە پێچەوانەی خواستی ڕەزا شای خەزووری و حەمەی کوڕی و بنەماڵەکەیەوە، لە بری کوڕ، کچێکی دەبێت، ئەوە تای تەرازووی فەوزییەی سوککرد، بەتایبەتیش کە چووە پاڵ خاڵێکی دیکەی لاوازی فەوزیە

کە شاژنی ئێران بە پێی یاسای بنەڕەتیی ولات پێویستە ئێرانیی بێت. بەمجۆرە ئەو بێچارەیە دەکەوێتە بەر تانە و تەشەری دلڕەقانەی (تاج الملوك)ی خەسووی بەتایبەتیش ئەوکاتەی لاشەکەی ڕەزاشایان لە قاهیرەوە هێنایەوە تاران، (تاج الملوك) سنووقی تەرمەکەی هەڵدایەوە، ئەو شمشێرە نایابەی تێدا نەمابوو کە ڕەزا شا

بەرلەوەی بەناچاری وڵات جێبهێڵێت لە نێو خەزێنـەی هـەموو شـاکانی ئێرانـدا ئـەو شمشـێرەی هەڵبـژارد وەك یادگار لەگەڵ خۆیدا بیبات. لەکاتی بەخاك سپاردندا (تاج الملـوك) بەدەسـتی خـۆی لـە نێـو سـنووقەکەدا لـە تەنیشت مێردەکەیەوە دایدەنێت و سنووقەکەدادەخەن، نەمانی ئەو شمشێرە زۆر نیگـەرانی دەکـات، دڵنیـاش بوو کە ئیشی فارووقە، بۆیە رووی دەمی دەکاتە فەوزییە و بنەماڵەکەی و بە رق و قینەوە دەڵێت: راستە ئێمە وەك بنەماڵەی محەمەد عەلی، بنەماڵەیەکی رەسەن و خواپێداو نەبووین، بەڵام هیچ نەبێت ئێمە وەك ئەوان دز نین. فارووق و فەوزییەی خوشکی زۆر بە خۆیاندا دەشکێنەوە، ئەو ناکەس بەچـانە بـەوجۆرە نـاوو ناوبانگیـان بزڕێنن، بۆیە ساڵی ١٩٤٨ کە فەوزیە بەسەردان دێتەوە ماڵە باوانی، فارووق بۆ کڕینـەوەی ئـابڕووی خـۆی و بنەماڵەکـەی، بڕیاریـدا خوشـکەکەی نەگەڕێتـەوە ئێـران و زۆری نەخایانـد کێشـەکە گەیشـتە جیابوونـەوەی یەکجارەکیی شا و شابانوو.

حەمە رەزا شا ١٩٥١/٢/١٢دووەمین هاوسەرگیریی لەگەڵ سورەییای ئەسفەندیاردا دەبەستێت و کـوڕێکی لەو دەبێت، ناوی دەنێن نەوزاد بەڵام ئەویش وەك رەزاشای باوکی نەیتوانی پارێزگاریی تاج و تەختەکەی بکات دووای خۆی بۆ شازادە نەوزادی کوڕی بمێنێتەوە. هونەرمەندی  گۆرانیبێژی گەورەی کورد حەسـەن زیـرەك بـە بۆنەی لە دایکبوونی نەوزادەوە گۆرانییەکی وتووە، وەك بێتەوە یادم سەرەتاکەی بەمجۆرە بوو:

دە لێدەن هەی دە لێدەن    مۆسیقای شادومانی

ئەوە هاتە دونیاوە    گوڵ شازادەی ئێرانی

بەڕاستی حەمە رەزاشا دەست سپی و بێ بەهرە بوو، نە ئـەزموونێکی ئـەوتۆی لـە ژیانـدا هـەبوو، نـە وەك خودی خۆیشی شتێکی لەباردا بوو، سیاسەتمەندە کۆنەکانی ئێرانیش حـەزیان لـە چـارەی نـەدەکرد و بەچـاوی سووك و بێنرخیش تەماشایان دەکرد، بەتایبەتی پیرە رامیار، قەوام سەڵتەنەت(٥٧). بەڵام کورد وتەنی (ئاشی نەزان خوا دەیگێڕێت).

سەرکردەکانی وڵاتانی ئەمەریکا، بەریتانیا، یەکێتی سۆڤیەت، فرانکلین رۆزفلت، ونستۆن چەرچڵ، جۆزیف ستالین، مانگی مایسی ١٩٤٣ لە کۆنگرەیەکی باڵادا لە دۆرگەی یاڵتا کۆدەبنەوە بۆ دانانی پلانی نوێی شەڕو دابەشـکردنی دەسـتکەوتەکانیان دوای شـەڕەکە، بەتایبـەتییش سەرچـاوەکانی نـەوت، یـەکێك لـە بڕیـارە گرنگەکانی کۆنگرە باڵاکەش ئەوەبوو، شەش مانگ دووای کۆتاییهاتنی جەنگەکە، هیچ لەشـکرێکی بێگانـە لە ئێراندا نەمێنێتەوە. دووای سێ ساڵ و لە مایسی ١٩٤٦ دا بەریتانیا و یـەکێتی سـۆڤییەت بـە پێـی ئـەو رێککەوتنە بەناچاری لە ئێران دەکشێنەوە، ستالین هیچی لە ئێران دەستگیر نەبوو، ئێرانییەکانیش مەیلێکی زۆریان بەرامبەر ئەمەریکا پیشاندەدا و خوازیاربوون لە ژێر چاودێریی ئەواندابن چونکە وڵاتێکی ئیمپریـالیی و داگیرکار نییە، وەك بەریتانیا و یەکێتی سـۆڤییەت، لـە مێـژووی رامیاریشـدا پاشـەڵی پاکـە و وەك ئـەوان زۆرزان و مام رێوی نییە.

یەکەمین باڵوێزی ئێران لە ئەمەریکا بەسەرۆك ترومان دەڵێـت: (گـەورەم سـەرۆك، لێتـان دەپاڕێمـەوە لـەم بارووداۆخە ناسکەدا پشتمان بەرمەدەن، سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی وڵاتمان کەوتۆتە ژێـر پێـوە، تـەنها هێزی ئێوەیە بتوانێت رزگارمان بکات)(٥٨).

لێپرسراوێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاش لۆی هندرسۆن دەڵێت: (تاکە رێبازی ئێرانییەکان بۆ رزگاربوون لە چنگی داگیرکارێك ئەوەیە، خۆیان دەخەنە باوەشی داگیرکارێکی دیکەوە، ئەگینا بۆ وەها بەپەرۆشن و بەکۆڵ و دڵ داوامان لێدەکەن رۆڵی گرنگ لە کاروباری ناوخۆی وڵاتەکەیاندا بگێڕین)[٥٩].

ستالین ئاگاداری ئەم کەین و بەینە بوو، وەك پەرچەکردارێکی رامیاریی، دەستپێشخەریی دەکات و کۆماری ئازەربایجان دادەمەزرێنێت بەسەرۆکایەتی کۆمۆنستێکی گوێ لەمست، جەعفەر پیشەوەری. کوردی رۆژهەڵاتیش بە دەستپێشخەریی کۆمەڵەی ژ.ك. بەرابەرایەتیی پێشەوا قازی محەمەد کۆماری مەهاباد(سابلاخ) دادەمەزرێنن، هەرچەند نە ستالین و نە جەعفەر پیشەوەریش حەزیان لە کۆماری مەهاباد نەدەکرد، بەڵام پێشەوا قازی محەمەد هەموو لایەنەکانی خستە بەردەم کاریکراو.[٦٠] بۆیە ئەوانیش وەك چارەسەرێکی کاتی، یا مامناوەند، نە شیش بسوتێ و نە کەباب، بڕیاریاندا هەتا بارودۆخەکە بەلایەکدا دەکەوێت، کۆماری کوردستان لە ژێر فەرمان و چاودێری کۆماری ئازەربایجاندا بێت، سەرەك کۆماری کوردستانیش پێشەوا قازی، ئەو بڕیارە بە توندی دەداتە دواوە، حەمە رەزا شاش لای خۆیەوە زۆر نیگەران بوو لە دامەزراندنی ئەو دوو کۆمارە، یەکێکیان ئارەزەری مارکیسیزم رێباز و ئەویدیکەش کورد و سەربەخۆخواز، هەرچەند هیچیشیان لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا دەنگدانەوەیەکی نەبوو، دیبلۆماتێکی ئەوروپایی لە ئێران لەوبارەیەوە دەڵێت: هیچ کەسێك لە دەرەوەی ئێران نازانێت ئاخۆ ئازەربایجان، ناوی رووبارە، شاخە، یا ئایینێکە لە ئایینەکان، ئەمە کێشەیەك نەبوو، کێشەکە لەمەدا بوو، لە بەدبەختی کورد (بەختی سیاسی) هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان نەدەکەوتنە سنووری ئەو ناوچانەوە کە بەپێی رێککەوتنەکانی یالتا وەك بەرلین بەشێوەی دەستکەوتی جەنگ لە نێوان هاوپەیمانە سەرکەوتووەکاندا دابەشدەکران، بەڵکو لە سنووری خاکی ئێراندا بوون کە دەوڵەتێکی بێلایەن بووە لە شەڕەکەدا و دەستکاریی یەکپارچەیی خاکەکەی ناکرێت وەك دابەشکردنی میراتیی خاکە بەرفراوانەکەی بندەستی دەوڵەتی عوسمانی کە جگە لە حکومەتە تازە دامەزراوەکانی ئەوروپای خۆرهەڵات، چەندین حکومەتی وەك عێراق، سوریا، لوبنان، ئوردون.. هتد لێکەوتەوە.

حەمە رەزا شا هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە لە ١٩٤١/٩/١٧ دا لە جێگەی رەزا شای باوکی، باوەڕی بە سۆڤێتییەکان بە گشتی و بە ستالینیش بەتایبەتی نەبوو، لەم رووەوە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانە لێهاتوو زۆرزانەکەیدا، قەوام سەڵتەنەت، هاوبیر بوو، حەزیان بەپەیوەندیگرتن بە بەریتانیا و ئەمەریکاوە دەکرد، بەتایبەتیش ئەمەریکا کە بەهەزاران میل دوورن و سۆڤێتییەکان لە پەنایاندان و یەك هەزار کیلۆمەتریش سنووری هاوبەشیان لە نێواندایە لەگەڵ ئێراندا، جگە لەوەی ستالین حکومەتی ئێرانیش بەشەرعی نازانێت و بانگەشەی ئەوە دەکات کە نوێنەری تەنها ٥٪ ی ئێرانیەکانە.

هەموو لایەنەکانی شەڕی جیهانی دووەم بەبراوە و دۆڕاوو بێلایەنەوە دەیانزانی یەکێتی سۆڤێت کوێی دێشێت، دەیانەوێت بەشەڕ یا بەئاشتی دەست بەسەر ئێراندا بگرن و لەوێوە دەستیان بگاتە عێراق، تورکیا، میرنشینەکانی کەنداو و ئاوەکانی کەنداو و دەریای سپی نێوەڕاست کە قوڵاییەکی رامیاری زۆر گرنگیان بۆ دابینەدەکات و رووبەرێکی فراوانی هاتوچۆی دەریایی و بوارێکی گرنگی سەربازی و ئابووری و

دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەکانی نەوتیان دەخاتە بەردەست.

نەوت بۆ یەکەمین جار ساڵی ١٩٠٨ لە ئێراندا دۆزرایەوە، لە باشووری وڵاتەکەدا کە لەژێر دەستی هێزەکانی بەریتانیا بوو، سەرەتای بەرهەمیشی لە ساڵی ١٩٣٩ دا ٣.٢٧٠.٠٠٠ ملیۆن تەن بوو، ساڵی ١٩٤٤ بەرهەمی بیرەکانی باشوور (باشووری خۆرئاوا) دەگاتە ١٣.٢٧٠.٠٠٠ ملیۆن تەن و لە ساڵی ١٩٤٦ دا سەرجەمی بەرهەمی ئەو چاڵە نەوتانە دەگاتە ١٩.١٩٠.٠٠٠ ملیۆن تەن، کە دەکاتە نیوەی سەرجەم بەرهەمی نەوتی دەرهێنراوی هەموو خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، وەك نموونەیەك داهاتی نەوتی ئێران تەنها لە ساڵانی ١٩٧٤ — ١٩٧٩ دا گەیشتە ٣٠ بلیۆن دۆلار.

ئەمەریکا ساڵی ١٩٢٨ دێتە نێو گرووپی بەرهەمهێنەرەکان و پیشەسازی نەوتەوە لە ڕێگەی کۆمپانیای تورکیای بەرهەمهێنانی نەوت کە دواتر بوویە کۆمپانیای نەوتی عێراق و لە چەند کۆمپانیایەکی ئەمەریکایی پێکهاتبوو ٢/١ ی دەستمایەکەشی هی کۆمپانیایەکی کەنەدیی سەر بە کۆمپانیای زەبەلاحی (STANDARD OIL OF KALIFORNIA) بوو، ساڵی ١٩٣٠ توانی مافی گەڕان بەدوای نەوتی (بەحرەین)دا وەربگرێت و ساڵی ١٩٣٣ یش بەهۆی کۆمپانیای نەوتی دۆرگەی عەرەبەوە ٢/١ مافی بەرهەمهێنانی نەوتی کوەیتی وەرگرت کەلەژێر دەستی بەریتانیادا بوو.

ساڵی ١٩٣٢یش کە سعودیە بوو بە دەوڵەت، ئەمەریکا بەهۆی کۆمپانیای ئارامکۆ، ساڵی ١٩٣٣ مافی گەڕان و دۆزینەوەی نەوتی ناوچەی (ئەحسا) بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ وەردەگرێت.

سەرئەنجامی گەڕان و پشکنینە زانستییەکان دەریانخست ٦٠٪ ی نەوتی جیهان و ٧٠٪ ی نەوتی یەدەگی جیهان لە ناوچەکانی کەنداوی فارس — عەرەبدایە، بۆیە ناوچەکە بە خۆیی و دراوسێکانییەوە دەبنە جێگەی بایەخ و چاوتێبڕینی وڵاتە زلهێزەکان و هەوڵدان بۆ دەستبەسەرداگرتنیان یا بۆ کۆنترۆڵکردنیان لە ڕێگەی بەستنەوەیان بەپەیمانی سەربازییەوە، ساڵی ١٩٣٧ وڵاتانی ئێران، تورکیا، ئەفغانستان، عێراق لە پەیمانی سەعد ئاباددا کۆدەکەنەوە کە پەیمانی دەستدرێژی نەکردنە سەریەکتر بوو، دواتر ناونرا پەیمانی بەغدا، ساڵی ١٩٤٩ یش کە پەیمانی ئەتڵەسی دەبەستن لە ١٩٥٢ دا تورکیا دەبێتە ئەندامی پەیمانەکە و دەکەوێتە ژێر چاودێری و پارێزگاری ئەمەریکاوە ئەگەر ڕووبەڕووی هەر مەترسی و هێرشێکی دەرەکیی ببێتەوە، ئێرانیش ئاواتە خواز بوو ئەویش وەك تورکیا بکەوێتە ژێر سایەی چاودێری و پاراستنی ئەمەریکاوە.

## کۆماری کوردستان ـ مەهاباد (ساباڵاخ)

شۆڕشی ئۆکتۆبەری١٩١٧ی مەزن هەر لە سەرەتاوە مژدەی سەربەخۆیی و مافی چارەنووسی بەگەلانی ژێر چەپۆك دەدا و هانیدەدان بۆ ڕاپەڕین و بنەبڕکردنی زۆر و ستەم و ژێردەستیی، ئەم پەیامەش بەر لە هەموان بەگەلانی ئێران و کورد دەگەیشت، شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و بارزان لە باشوور و ڕاپەڕینی بەدرخانەکان و شێخ عوبەیدوڵڵا لە باکوور و سمکۆی شوکاك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەمینەیان خۆشکردبوو، کورد ئەمجارە بەشێوەیەکی دی کەڵك لە پێشهاتە نوێیەکان وەربگرێت، بەتایبەتیش کە خۆرهەڵاتی کوردستانی ژێر چەپۆکی ڕەشی ئێرانی ڕەزا شا هەر لە ١٩٤١ وە هێزەکانی سۆڤێت بەشێکی باکوور و هێزەکانی بەریتانیاش بەشێکی باشووری ئێرانیان بێ چەند و چوون داگیرکردبوو. دوابەدوای ئەوەی کۆمەڵەی سەربەخۆیی (جەمعییەتی

ئیستقلال) لە سلێمانی ــ باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی ژەنەراڵ مستەفا پاشای یاموڵکی، بەدەستێوەردانی کاربەدەستانی ئینگلیز دەنگ و ڕەنگی نامێنێت، ڕووناکبیران و ئەفسەرە کوردەکانی نێو سوپای عێراق ساڵی ١٩٣٩ حیزبی هیوا دادەمەزرێنن کە بنکەی سەرکردایەتییەکەی سلێمانی بوو، هەتا ساڵی ١٩٤٣ بەهێزترین ڕێکخراوی ڕامیاریی کورد بوو لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا و مامۆستا ڕەفیق حیلمی سەرۆکایەتیی دەکرد یا کەسی یەکەمی سەرکردایەتییەکەی بوو. لە خۆرهەڵاتی کوردستانیش کۆمەڵەیەکی ڕامیاریی لەسەر شێوازەیەکی توند و تۆڵی ڕێکخستن و بەرنامەیەکی نەتەوەیی بە نێوەی کۆمەڵەی ژێ — کاف ( کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کورد ) ساڵی١٩٣٨/١٩٣٩دامەزرا. (حیزبی ئازادی کوردستان بەهاتنی سۆڤێت بۆ کوردستان هەڵپێچرا،( ژ. ك)لەسەر دار و پەردووی حیزبی ئازادیخوازانی کورد دامەزرا بەسەرۆکایەتی عەزیز زەند — سەربە ئەڵەمانیا. یەکەمین ئەندامی ئازادیخوازان حسێن فروهەر کە ٩٣٨/٧ لە زیندان ئازادکرا دەبێتە یەکەمین ئەندامی (ژ.ك) .بەوپێیە ١٩٣٨/٧/٢٥ دەبێتە ساڵیادی دامەزراندنی ژ.ك)[٦١]، ئەو زانیارییانەی دکتۆر حسێن مەدەنی تەمومژێکی پێوەیە، بۆ ڕوونکردنەوە دەڵێین، عەزیز زەندیی سەربە ئەڵەمانیا حیزبی ئازادیخوازانی دامەزراندبوو، کە هێزەکانی سۆڤێت دێنە کوردستان حیزبەکە مەودای چالاکیی نامێنێت، یەکەمین ئەندامیشیان کە لە زیندان ڕزگار دەبێت حسێنی فروهەر بووە،دەبێتە ئەندامی حیزبە نوێیەکە،کە لە ١٩٣٨/٧/٢٥دا لەسەر داروپەردووی حیزبە هەڵوەشاوەکە دامەزرابوو. حیزبی هیوا لە باشوور بۆ یەکخستنی خەباتی کوردایەتی لەگەڵ خۆرهەڵاتی کوردستان و هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و زەمینە خۆشکردن بۆ دامەزراندنی پارتێکی سەرانسەریی وەك یەکەمین هەنگاو پێڕەویی بزاڤی کوردایەتی لە باشوور و خۆرهەڵات بکات( دوو ئەندامی سەرکردایەتی: میر حاج ئاکرەیی و مستەفا خۆشناو کەهەردووکیان ئەفسەری سوپای عێراق بوون دەنێریتە ئەو دیو بۆ گفتوگۆ )[٦٢]. هەژاری موکریانی نوێنەرێکی ژێ — کاف بوو لە گفتوگۆکانی نێوان ژێ — کاف و پارتی هیوا، دەڵێت ژێ- کاف لەسەر پێوەندیی هیوا دامەزرابوو، نوێنەری هەردوولا لە دالانپەر — سێ سنوور کۆدەبنەوە و لەسەر دووازدە خاڵ ڕێکدەکەون، بەڵام هیوا ئەم خاڵەی بە دڵ نەبوو (ئەگەر ئینگلیز لە عێراق بەشێ بدەن بە کورد، نابێ کوردی دەرەوەی عێراق هەڵاوێری بکەن، چونکە کوردستان یەك پارچەیە و ئێمەش (ژ.ك) لەگەڵ ڕووسەکان هەر ئەو هەوڵە دەدەین و موکریان لە کوردی تورکیا و عێراق بەجیا نازانین)[٦٣]. وەك نمونەیەکی بەرنامە ڕێژیی و پێداگرتنی ژێ — کاف لەسەر ڕزگارکردنی کوردستان و گۆشکردنی کۆمەڵانی کورد و هاوبیرانی بەپیادەکردنی هێڵە سەرەکییەکانی کوردایەتی و باوەڕ بوون بە کورد و وڵاتی کورد و کێشە ڕەواکەی و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی و یەکگرتنەوە، نووسەرێك بە نێوی ع.سامان وتارێکی لە گۆڤاری نیشتماندا بڵاوکردۆتەوە ئەوەندە سفت و پوخت و چڕ و بەمانایە مەگەر ئەمڕۆ نووسەرە چاکەکانمان وەك شێرکۆ بێکەس،حسێن عارف، شکور مستەفا،سەعیدناکام،حەمەی مەلاکەریم.. بەو زمانە پاراوو ڕەسەنە بنووسن (کورد بەهەموو هێزی خۆی نەچریکێنێ، نەڵێ کوردستان ماڵی خۆمە بەکەسی نادەم، وڵاتی خۆم بۆ کەس جێ نایەڵم، لە کوردستان بووم و لە کوردستاندا ژیاوم و ئەژیم ئەبێ هەر لە ڕێگەی کوردستانیشدا بمرم)[٦٤]. ژی — کاف بە بەرنامەیەکی کوردانەوە بۆ هەموو کورد دامەزرابوو، قازی موحەممەد ١٨٩٣ -١٩٤٧ پەیوەندی بە ژێ — کاف نەکردبوو،

بەڵام پێویست بوو بێتە نێو ڕێکخراوەکە، زانایەکی ئاینیی بەرزوو ناسراو لە بنەماڵەیەکی ڕەسەن و مەزنی موکریان (قازی فەتاح برا بچووکی باپیری قازی موحەممەد لە مەزنەکانی موکریانە، دژی ڕووسەکان بەرگری لە سابلاغ کردو ئازایەتی لە شەڕەکاندا نواند بوو هەر لەو پێناوەشدا لەگەڵ یەکێك لە کوڕەکانیدا کە شەهید دەکرێت ١٧ گوللەی ڕووسەکانی پێوە بوو)(٦٥). پێشینەی پڕ لە شکۆی بنەماڵەکەی، سەنگ و قورسایی زانایی و دەسەڵاتی ئاینیی و کۆمەڵایەتیی خودی خۆشی جگە لەوەی زانایەکی ئاینیی کراوە و پێشکەوتنخواز و پێوەندیی دۆستایەتیشی لەگەڵ باقرۆڤ سەرکۆماری ئازەربایجانی سۆڤێتیش هەبوو. قازی موحەممەد ساڵی ١٩٤٣ لەسەر داواکاریی سەرکردایەتی ژێ — کاف دێتە کۆڕی خەباتی ڕامیاریی و ١٩٤٣ دەبێتە ئەندامێکی ڕێکخراوەکە بەناوی نهێنی (بینایی) ەوە و ساڵی ١٩٤٤ دەبێتە سەرۆکی ژێ — کاف.

باروودۆخەکە بۆ کورد لەباربوو، ماوەی نێوان ٨/٢٥ — ١٩٤١/٩/١٧ هێزەکانی شوورەوی و بەریتانیا لە قوولایی ئێراندا دامەزران، تارانی پێتەختیشیان دەست بەسەردا گرت و (ڕەزا شا) ناچار دەکەن وڵات جێهێڵێت و پەڕەوازەی باشووری ئەفەریقایان کرد و هەر لەوێش مردو ڕێگەیان بە هێنانەوەی تەرمەکەشی نەدا بۆ ئێران. ئازەربایجانی خۆرئاوای ئێران کەوتبووە بەشەکەی بندەستی سۆڤێت، ژێ — کاف کەڵك لەم گۆڕانکارییە مێژووییە وەردەگرێت، ١٩٤١/١١/٢٥ قازی موحەممەد و چەند سەرۆك هۆزێکی کورد و پیاوماقووڵان بانگ دەکرێن بۆ باکۆ، شاندەکە داخوازییەکانی کورد و سەربەخۆیی کوردستان دەخەنە بەرچاو لێپرسراوان، باقرۆڤ لە وەڵامدا دەڵێت (یەکێتی سۆڤێت بۆ سەربەخۆیی نەتەوە بچووکەکان باوەڕی نەگۆڕە، بەڵام هەل و مەرجی ئێستا بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەبار نییە)، بەڵام کورد هەلێکی لەوە لەبارتری بۆ نەڕەخسابوو، بارووودۆخی ناوچەکە و ڕووداوەکانی جەنگ و هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانیش لە ڕووکەشدا بۆ کورد هیوابەخش و پاڵنەربوون هەرچەند بۆ گەلی کورد کە دۆست و پشتیوانێکی نەبوو، لە کاروباری ڕامیاریی و پێوەندیی دیپلۆماسیی و نێودەوڵەتیشدا ئەزموونێکی وەهای نەبوو، ڕأمیارێکی شارەزا و زمانزان و سەربە دەرەوەشی بەدەستەوە نەبوو بتوانێت کێشەکەی بگەیەنێتە سەر مێزی وڵاتە خاوەن بڕیارەکان، ڕووداوە خێرا و ئاڵۆزییەکانی جەنگەکەش هێنابوویە گۆڕێ بەرادەیەك بوو وەك تەونی جاڵجاڵۆکە مەگەر هەر ئینگلیز سەری لێدەردەکرد کە مەزنترین دەوڵەتی سەرزەمین بوو، سەرانی کوردیش بەپێی لێکدانەوە و تێگەیشتن و کورت بینیی خۆیان هەڵوێستێکیان وەردەگرت گوایە بەرژەوەندیی کوردی تێدا بێت لە نێو بەرژەوەندی زلهێزەکاندا.

١ـ ئەڵمانیای نازیی بانگەشەی داگیرکردنی ناوچەکە و ڕاماڵینی یەکێتی سۆڤییەتی دەکرد و نەتەوەکانی ناوچەکەی هاندەدا دژی بەریتانیا و ڕووسیا شۆڕش و ڕاپەڕین بکەن، هەر لە عێراق دوو کۆدەتای سەربازیی سەر بە ئەڵمانیا دژی حکومەتی عێراقی سەر بە بەریتانیا ڕوویدا، یەکەمیان کۆدەتا سەربازییە سەرکەوتووەکەی ئەفسەری ناسراوی کورد بەکر صدقی و دامەزراندنی کابینەی وەزارەتەکەی حیکمەت سلێمان، ئەمە یەکەمین کۆدەتای سەربازی بوو لە ناوچەی خۆرهەڵاتدا، دووەمیان ڕاپەڕینەکەی ڕەشید عالی گەیلانی بەهاری١٩٤٣.

٢ـ ڕەزا شای ئێران کە وڵاتی ئێران کەوتبووە ژێر پۆستاڵی هێزەکانی بێگانەوە چارەنووسیی خۆی تونـدوتۆڵ

بـه سـەرکەوتنی هیتلـەرەوە گرێـدابوو، هەسـت و نەسـتی ئـەوەبوو (ئێمـە لـەکانگای دڵـەوە پێشـکەوتن و سەرکەوتنی هیتلەر و هەموو میللەتی ئەڵەمان دەخوازین لە پێناو ئامانجی[٦٦] میللی و خزمەتی بێ پایـانی مرۆڤایەتی لە خوای گەورە داواکارین)[٦٧].

٣ـ شای ئێران بۆ خۆ نزیك کردنەوە لە ئەڵەمان هەر بەوەوە ناوەستێت و دەڵێت خاچ (کرۆیس) نیشـانەیەکی دێرینی ئاریەکانە و دوو هەزار ساڵ بەرلە مەسیح بە نیشـانەی بەختـەوەریی و رەسـەنایەتیی خۆیـان زانیـوە، مایەی خۆشیمانە ئەمڕۆ ئەڵەمان شانازیی پێوە دەکەن لەگەڵماندا هاوڕەگەزین، نیشانەی سـەرکەوتنی ئـاری (خاچ — کرۆیس) لەهەر شوێنێك بێت، بەسەر دیوارەکـانی مزگـەوتی شـاری ئەصـفەهانەوە بێـت یـا بەسـەر دەروازەکانی دەوڵەتی ئەڵەمانیا و ئاڵاو باسکی هیتلەرەوە بێـت، نیشـانەی ئارییەکانـە و جێگـەی رێـزە[٦٨].

بەڵام شای ئێران لە خەیاڵ و ئەندێشەدا دەژیا، نەئـەوان بـەیت و بـالۆرەی خزمایـەتیی گـەلانی ئـاری و گـەلی ئەڵەمانیا کە زۆر لە راستییەوە دوورە و هەرگیز فارس، کورد، ئەفغان، پاکستان و هتد لە هـیچ روویەکـەوە، نەژاد، باری کۆمەڵایەتی، کولتـووری و ئـایینیی، لایەنـەکانی فسـیۆلۆجی و سـایکۆلۆژییەوە هـیچ نێزیکیـی ولەیەکترچوونێکیان لـە نێوانـدا نییـە و نـە هیواخواسـتنەکانی رەزاشـا بـۆ سـەرکەوتنی هیتلـەر ونـە نێزیـك کردنەوەی گەلانی ئێرانیش لەنەتەوەی ئەڵەمان وپیرۆزیی (خاچ) لای ئێرانییـەکانیش ئ رەزا شـای رزگـارکرد لە(شاربەدەرکردن).ئەوەبوو ١٩٤١/٩/٦ رووسـیا و بـەریتانیا ناچـاریانکرد دەسـت لـەتاج و تـەخت و بـەخت بەربدات و دوورخرایەوە بۆ باشووری ئەفەریقا و هـەر لـەوێش بـە هەناسەسـاردی و دەربـەدەری لـە ١٩٤٤ دا سەرینایەوە.

٤ـ وەك هەژاری موکریانی دەیگێڕێتەوە حەمە رەشید خان کە سەرۆك هۆزێکی یەکجار بەهێزی کـورد بـوو لە هەردوو دیوی ئێران و عێراقـدا[٦٩]، شـارەکانی (بانـە و سەردەشـت و سـەقز دەگرێـت، فەرمانـدەی هێـزی دەوڵەتی ئێران، سەرلەشکر ئەمین دەکوژرێت، دەوڵەت رێککـەوتن بەچـاك دەزانێـت، مـانگی (١٣٠) هـەزار قرانی پێدەدەن و پاراستنی هێمنی سەقزو بانەی پێدەسپێرن و بە فەرمانڕەوای بەشێکی کوردستانی دەناسـن، بەڵام کە پێکنەهاتن و بەرژەوەندییەکانیان یەکگیرنەبوو لەشکریان کردەسەر، حەمە رەشید خـانیش ئـاگر لـە مەریوان و بانە بەردەدات و دەچێتەوە عێـراق)[٧٠].( شـا دەسـت بەسـەر مـاڵ و موڵکیـدا دەگرێـت، ئـەویش ١٩٤١/٤/١٠ لە بەغدا لەگەڵ باڵوێزی ئینگلیز کۆدەبێتەوە و دەڵێت (کوردەکان لەمەودووا ناچنەوە ژێرباری حکومەتی ئێران))[٧١].

٥ـ لە باشووری کوردستانیش بارزانی مستەفا ساڵی ١٩٤٣ لە سلێمانییەوە لەگەڵ دوو هەڤاڵێدا بـەنهێنی دەگەڕێنەوە دەڤەری بەرزان و لەماوەیەکی کورتدا و هەتا کۆتایی ئەو صـاڵە بەشـی زۆری ناوچـەکانی بـارزان رزگار دەکات.

حیزبی هیوا و ناسراوەکانی سلێمانی بەگەرمی پشتیوانییان لەبارزانی دەکـرد، ژێ — کـاف لـە نامەیەکـدا داوای لێـدەکات شۆڕشـەکە فـراوان بکـات و بیکاتـە شۆڕشـێکی سەرانسـەریی و لەشـکرێکی یـەکگرتوو دابمەزرێنێت، ئێمەش سۆڤێت بەدۆست دەزانین، ئەی هەڵوێستی بەریتانیا چییە لە شۆڕش؟

سەرەتا ١٩٤٥ حکوومەتی عێراق بۆ رێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ بارزانیدا لیژنەیەك لە چەند ئەفسەرێکی

کوردی سوپای عێراق داده‌مه‌زرێنێت له‌ژێر چاودێری وه‌زیری ده‌وڵه‌ت ماجید موسته‌فا که‌ ئه‌ویش هه‌ر سه‌ربه‌ حیزبی هیوا بوو، مه‌به‌ستی حکوومه‌ت له‌و پلانه‌ جیاکردنه‌وه‌ی شۆڕشی به‌رزان بوو له‌ کێشه‌ سه‌ره‌کییه‌که‌ی کورد و رێگه‌نه‌دات وه‌ك دوو جه‌مسه‌ری بزوتنه‌وه‌ی کوردی باشوور ئاوێته‌ی یه‌کتر بن.

هێزه‌کانی به‌ریتانیا و سۆڤێت له‌ ئێران جێگه‌ی خۆیان خوشده‌کرد بۆ دووارۆژ و ده‌ستبه‌سه‌راگرتنی نه‌وته‌که‌، که‌ که‌وتبووه‌ ناوچه‌کانی بنده‌ستی به‌ریتانیاوه‌، به‌ڵام سۆڤێتییه‌کان هه‌نگاوی به‌رچاو ده‌نێن، پارتی کۆمۆنیستی ئێران (تووده‌) به‌هێز بوو، دیاره‌ کلکی سۆڤێت بوو، ناوه‌که‌یان گۆڕی بۆ تیپی دیموکرات و کۆماری ئازه‌ربایجانیان له‌ ته‌وریز بۆ دامه‌زراندن، به‌ڵام وه‌ها مافێك به‌کورد ره‌وا نابینن و ده‌یانه‌وێت بیانکه‌نه‌ پاشکۆی ته‌وریز. قازی موحه‌مه‌د به‌ ده‌ستپێشکه‌ریی خۆیی و بێ ره‌زامه‌ندی سۆڤێت بڕیاری دامه‌زراندنی کۆماری کوردستان ده‌دات، هه‌رچه‌ند ئه‌و هه‌نگاوه‌ مێژووییه‌ی قازی موحه‌مه‌د له‌به‌رژه‌وه‌ندیی سۆڤێت و پیشه‌وه‌ریی و تیپی دیموکراتیش نه‌بوو، به‌ڵام کاره‌که‌ کرابوو، ناچار بێده‌نگیان لێکرد به‌مه‌رجێك ناوی ژێ — کاف بگۆڕن به‌ پارتی دیموکراتی کوردستان.

بزوتنه‌وه‌که‌ی بارزان په‌یوه‌ندییه‌کانی له‌گه‌ڵ میریی عێراقدا گه‌یشته‌ کۆتایی و شه‌ڕ هه‌ڵگیرسایه‌وه‌، به‌ڵام بارزانییه‌کان له‌ ژێر کاریگه‌ریی هێرشه‌کانی فڕۆکه‌ جه‌نگییه‌کان و هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه‌ی هۆزی سورکی و چوونه‌ پاڵ دوژمن، بارزانیی ناچارکرد رۆژی ١١/١٠/١٩٤٥ له‌ سێ کوچکه‌ی داڵانپه‌ره‌وه‌ ئه‌ودیو بن بۆ خۆرهه‌ڵاتی کوردستان و بچنه‌ پاڵ کۆماری کوردستان.حیزبی هیواش دووبه‌ره‌کیی تێکه‌وت و بوون به‌ دووده‌سته‌وه‌ و به‌سه‌ر گرووپی قاعیده‌ — کۆمۆنیست و لقه‌که‌ی ژێ — کاف له‌ باشوور به‌رابه‌رایه‌تی ئیبراهیم ئه‌حمه‌ددا دابه‌شبوون.

پیره‌ رامیاری ئێران قه‌وام سه‌ڵته‌نه‌ت مانگی یه‌نوه‌ر ١٩٤٦ پۆستی سه‌رۆك وه‌زیرانی ئێران وه‌رده‌گرێت، دڵسۆزی شای ئێران نه‌بوو، دڵسۆزی ئێران بوو، له‌ پشت شاوه‌ زۆر به‌لێهاتوویی مانۆری رامیاریی و ئابووریی له‌گه‌ڵ سۆڤێت و ئینگلیزدا ده‌کرد و هه‌ر هه‌مووشیانی خه‌ڵه‌تاند، مارسی ١٩٤٦ چوو بۆ مۆسکۆ و له‌گه‌ڵ ستالین کۆبووه‌وه‌، جڵه‌وی بۆ شلکرد، گوایه‌ مافی به‌رهه‌مهێنانی نه‌وته‌که‌ی ئێرانی پێده‌دات به‌رێژه‌ی ٥١٪، مه‌به‌ستیشی ئه‌وه‌ بوو به‌ریتانیا به‌ده‌نگ بێت و ئاگری ناکۆکیی نێوانیان خۆش بکات و له‌ کۆتاییشدا تووانی په‌یمان به‌هه‌ردووکیان مۆر بکات جه‌نگ کۆتایی هات له‌ ئێران بکشێنه‌وه‌. ئه‌و ناکۆکییه‌ زه‌قه‌ی له‌ نێوان ئه‌وانیشدا له‌سه‌ر نه‌وته‌که‌ هه‌ڵگیرسا، شای ئێرانی خسته‌ به‌رده‌م مه‌ترسیی ئه‌وه‌ی یه‌کێکیان کۆده‌تایه‌کی سه‌ربازیی بۆ ساز بکه‌ن. ئه‌و ترسه‌ به‌راده‌یه‌ك به‌سه‌ریدا زاڵبوو له‌ تاران دوورکه‌وته‌وه‌ بۆ په‌نایه‌ك ده‌گه‌ڕا ،ئه‌گه‌ر قه‌وما ئه‌میش وه‌ك باوکی سه‌ری تێدا نه‌چێت . لاوازیی و پاشه‌کشه‌ی شای ئێران زه‌مینه‌ی بۆ سه‌رهه‌ڵدانی بزوتنه‌وه‌ی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانیی خۆشکرد، که‌ دوواتر ١٩٥٠ -١٩٥٣ دکتۆر موصه‌دیق رابه‌رایه‌تیی ده‌کرد و گه‌یشته‌ پۆستی سه‌رۆك وه‌زیران .دکتۆرموصه‌دیق١٨٨٠ــ١٩٥٣، خوێندنی باڵای له‌ وڵاتی سویسرا ته‌واوکرد به‌پله‌ی دکتۆرا له‌یاسادا.بزوتنه‌وه‌که‌ی موصه‌دیق١٩٥١ وشۆڕشه‌سپییه‌که‌ی میصر١٩٥٢به‌رابه‌رایه‌تیی جه‌مال عه‌بدلناصر،دوو قۆناغی زۆر گرنگی هوشیاربوونه‌وه‌و هه‌ستانیی گه‌لانی خۆرهه‌ڵات بوو له‌رووی رژیمه‌ گه‌نده‌ڵ و خۆسه‌پێنه‌کان کۆمپانیا مۆنۆپۆڵه‌کانی په‌ترۆل وده‌سگاهه‌واڵگرییه‌

فراوانـەکانی CIA ی ئەمـەریکاو M16 ی بـەریتانیا .ئـەو پیـاوە خۆپەرسـت و هەلپـەی پلـە و پایـەی دەستەلاتی نەبوو، دەیویست وەك سـەرۆك وەزیـران ولات بـەرێوە بەرێت،هـەموو دەسـتەلاتەکانی دەولـەت و چارەنووسیی گەلانی ئێران بەویست و ئارەزووی کەسێکەوە نەبەسترابێت کە شای ئێرانە. بـەریتانیا بـێ هـیچ پەیوەندی و رێککەوتنێك پشتگیریی موصەدیق دەکەن بـۆ ئـەوەی بـیری مارکسـیزم پـتر دزە نەکاتـە ئێـران و ناوچەکەوە، سۆڤێتیش پشتگیریان دەکرد بۆ ئەوەی روو لە بەریتانیا نـەکات، تەنانـەت تورکیـاش بـۆ ئـەوەی ئەحمەد شای قاجار کە رەزا شا کۆتایی بەفەرمانڕەوایی خـۆیی و بنەمالەکـەی هێنابوو،نەگەرێتـەوە، ئـەویش هاودەنگی دکتۆر موصەدیق بوو.ئەگەر سەرنجێك بدەین دەبینین هەر کورد دۆست و پشتیوانێکی نـەبوو، لـەو بارودۆخەدا ١٩٤٦/١/٢٢ جەماوەری کوردپەروەرانی خۆرهـەلات دەرژێنـە شـاری سـابلاخ — مـەهاباد و لـە گۆڕەپانی چوارچرا و لەژێر سایەی جۆرەها دروشمی نەتەوەییدا قازی موحەممەد وەك پێشـەوایەکی کـورد دێتـە سەر سەکۆیەکی بەرز و دەلێت بەو پێیەی گەلانی چەوسـاوە و ژێـر دەسـت مـافی دیـاریکردنی چارەنووسـینی خۆیان هەیە، کـوردیش ئـەمرۆ دامـەزرانـدنی کۆمـاری دیمـوکراتی کوردسـتان رادەگەیـەنێت لـە چوارچێوەی ئێراندا. دوواتریش لە مانگی فێبروەر ١٩٤٦ دا **یەکەمین کابینەی وەزارەتی کۆماری کوردستان دامەزرا:**

حاجی بابە شێخ: سەرۆك وەزیران

موحەممەدی سەیفی قازی: جێگری سەرۆك و وەزیری بەرگریی

مەنناف کەریم: جیگری سەرۆك و وەزیری زانستیی

سەید موحەممەدی ئەیوبیان: وەزیری تەندروستیی

عەبدولرەحمان ئیخانی زادە: وەزیری دەرەوە

ئیسماعیل ئیخانی زادە: وەزیری هاتووچۆ

ئەحمەدی ئیلاهی: وەزیری ئابووریی

خەلیل خەسرەو: وەزیری کاروبار

کەریمی ئەحمەدیان: وەزیری بروسکە و تەلگراف و تەلەفۆن

موحەممەد ئەمینی مەعینی: وەزیری ناوخۆ

مەلا حسێنی مەحوی: وەزیری داد

مەحموودی وەلی زادە: وەزیری کشتوکال

کۆماری کوردستان ٩٤٦/١/٢٢ ـ ٩٤٦/١٢/١٥ تەمەنی کورت بوو، هەر ئەوەندەی هێزەکانی سۆڤێت لـە ٩٤٦/٥ دا لە ئێران کشانەوە، لەشکری ئێران روو دەکەنە تەورێزی پایتەختی کۆماری ئازەربایجان و بێ تەقـە دەستی بەسەردا دەگرن و جەعفەر پیشەوەریی و هێزەکەشی بلاوەی لێدەکەن.

ئەم سەرکەوتنە ئاسانەی لەشکری ئێران گوڕو تینیان دەداتێ پەلاماری مەهابادیش بدەن و ١٩٤٦/١٢/١٥ ئەویش داگیر بکـەن. هـەتا ئـەمڕۆش پرسـیارێك بەحەپەسـاوی دەمـی داچـەقاندووە، ئایـا سـەرکۆمار قـازی موحەممەد، بۆ فەرمانی بەرگریکردنی بـە لەشـکرەکەی کۆمـار نـەدا، بەتایبـەتیش کـە هێـزی بەرزانییـەکان بەسەرکردایەتی بارزانی مستەفا، هێزێکی کـۆك و پـڕ چـەك و خـاوەن ئـەزموون و دەستوەشـێن بـوون لەگـەل

هێزەکانی دیکەی کۆماردا هەرنەبێت چەند مانگێك دەیانتوانی بەرگریی لە کۆمارەکە بکەن و زیانی گیانی و ماڵی گەورەش بەدوژمن بگەیەنن؟ ئایا قازی سەرکردەیەکی بوودەڵە و خۆپەرست و ترسنۆك بوو، لە ترسی گیانی خۆی ڕێگەی نەدا کەس دەست لە دوژمن بکاتەوە؟ دیارە نا و هەزار جاریش نا، بێ دوودڵی دەڵێم قازیی پێشەوایەکی ئازا و گیان لەسەر دەست بوو، لە مێژووی ئێران و ناوچەکەدا مەگەر دکتۆر موصەدیق شانبدات لەشانی، ئەو دوو پێشەوایە، دوای گەڕانەوەی دوژمن و هەرەسی هەردوو دەسەڵاتە پێشکەوتنخوازەکەیان، بێ خۆدزینەوە لە لێپرسراوێتی بە پێی خۆیان دەچنە بەردەمی دوژمن و لە هۆڵی ( دادگاقەرەقوشییەکەدا )بەرگریی لەخۆیان وکێشەی ڕەوای گەل دەکەن. هەردوو تاقیکردنەوەکەش پلانی نێودەوڵەتیی و ڕێککەوتنی ژێر بەژێر و چەواشەکاریی دروشمە بریقەدارەکان هەرەسی پێهانین، کەواتە هەر دەمێنێتەوە سەر ئەوەی (باقرۆڤ)ی کوتەکی دەستی ستالین بە پێشەوا و بە پێشەوەریش دەسەلمێنێت بەرژەوەندیان لەوەدایە بەرگری نەکەن، هەردوو سەرکردەکەش بەگوێی دەکەن، ستالین هەردوو گەلی ئازەر و کوردی هەڵخەڵەتاند و کردنی بە قوربانی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ پیرە رامیاری ئێران قەوام سەڵتەنەت سەرۆك وەزیرانی ئێراندا بەستبووی، ستالین دو کۆمارەکە بخات و ئەویش لە پاداشتدا مافی پشکنین و دۆزینەوەی نەوتی ئێرانی پێبدات.

ستالین ئەرکەکەی بە پەلە و بە دڵسۆزی ئەنجامدا، بەلام قەوام سەڵتەنەتی خەملیو لە فڕوفێڵی رامیاریی دانوستاندندا، شلپێکی تەڕ دەدات بە پاشەڵی ستالیندا و ئەوسا و ئێستاش چۆڕێك نەوتی پێنەبڕا.

پیشەوەریی سەرۆکی کۆماری ئازەربایجان گەل و وڵات جێدەهێڵێت و پشت لە دوژمن هەڵدێت. بەتەلەفون بە پێشەوا دەڵێت لەشکری ئێران بەرەو تەوریز دێت ئێمەش خۆمان دەگەیەنینە سۆڤێت، بەماڵ و منداڵەوە شەوەکیی مەهاباد چۆڵکە بەرەو سۆڤێت. بەلام پێشەواقازی محەمەد لەو جۆرە سەرکردانە نەبوو، بڕیاردەدات (لەگەڵ خەڵکەکەم دەمێنمەوە،تا ئەو جێگایەی تیغم ببڕێ پێش بە خوێنڕێژیی و ئاژاوەنانەوە دەگرم، هەر بەلایەکی بیانەوێ بەسەر خەڵکەکەم بێنن، بەسەر خۆمی بێنن)[٧٢]. سەروان شەریفی پارێزەری پێشەوا دەڵێت چوار سەعات لە دادگادا بەزانست و شارەزایی دەدوا، ئەو دادگاکەی دادگایی دەکرد[٧٣].

ڕاوێژکاری سەربازیی ئەمەریکا ئاچییادبالت ڕۆزفلت لە یادداشتەکانیدا دەڵێت چوومە لای باڵوێزی خۆمان جۆرج ئالن، وتی بۆ ئەوەندە نیگەرانی چارەنووسی قازییەکانیت؟ ئەوان هاوکاری سۆڤێت بوون، وتم ڕاستە، بەلام بەهەموو تواناوە تێدەکۆشان حاڵ و باری خەڵك چاك بکەن، هەر سۆڤێتیش یارمەتی داون. لە سێدارەبدرێن لە هەموو شوێنێك ئێمە بەهاوبەشی ئەو کارە دادەنێن، باڵوێز وتی: باشە پێت وایە چیم لە دەست دێ؟ وتم داوا لە شا بکە فەرمان بە (رزم ئارا) بدات دادگاییەکی عادلانە بکرێت لە تاران. باڵوێز بە شای ئێران دەڵێت هیوادارم گیروگرفتی عەشایەر و کێشەی کوردەکان بەباشی چارەسەر بکرێن، قازییەکان هاوکاریی سۆڤیەتییان کردووە، بەلام لە بواری پەروەردە و فێرکردندا خزمەتێکی یەکجار زۆریان بەو خەڵکە کردووە و.... شا قسەی پێدەبڕێت و بە پێکەنینەوە دەپرسێت ئێوە دەترسن تیربارانیان بکەم؟ ئەگەر قسەکەت هەر ئەوەیە دڵنیابە هەرگیز خەیاڵێکی وا بەمێشکمدا نایەت، بەلام هەر ئەوەندەی باڵوێز چووە دەرەوە، شا فەرمانیدا لە سێدارە بدرێن!

پێشەوا قازی گەلەکەیی بەجێنەهێشت و رابکات، خۆی دا بەدەستەوە و سەرکردەکانی دیکەش گیران جگە لە بارزانی کە ناچێتە ژێر فەرمانەکەی قازی و بە وردە شەڕ دەکشێتەوە سەر سنوور[٧٩]. قازی لەبەردەم دادگای داگیرکاردا بەدادوەرە ستەمکارەکان دەڵێت ئەگەر لە بانگی سەربەخۆیی کورد و دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا کەسێك تاوانبار دەکەن، ئەو کەسە منم و بەتەنهاش بەرپرسیاری هەر هەموو رووداوەکانم و بەبێ تاوان کەس تێوە مەگلێنن... قازی مەردانە خۆی ئامادەی هەموو سزایەك دەکات، وەسیەتنامەیەکی تایبەتی دەنووسێت، نە ترس و پەژارەیەکی پێوەدیارە نە ژیوان بوونەوە، ووردو درشتیش هیچی لە بیرنەچووە، بەڕێز عەلی قازی، کوڕی پێشەوا، کۆتایی ساڵی٢٠٠٨ لەشاری ئاخن ـ ئەڵمانیالە وەڵامی پرسیارێکمدا ئایا شای ئێران هەروەك خانووەکەی (دکتور مصدق)ی لەگەڵ زەویدا تەختکرد، بۆ پەنجەی بۆ خانووەکەی پێشەوا نەبرد؟ لە دوتوێی وەڵامەکەیدا.. وتی: (مەرحومی بابم وەسیەتنامەیەکی سیاسیشی نووسیبوو جگە لەوەسیەتنامە تایبەتەکە)دیارە ئەوە وەڵامی پرسیارەکەی نەبوو! دڕندەکانی رژێمی حەمە رەزا شا، بەرەبەیانی رۆژی ١٩٤٧/٤/٣١ پێشەوا قازی موحەممەد، چۆن ساڵێك و مانگێك پتر لەوەوبەر لە گۆڕەپانی چوارچرای‌ساباڵاخ ـ مەهابادی پێتەختی کۆماری کوردستان بەشانازییەوە سەرکەوت و بانگی سەربەخۆیی کوردیدا، ئاڵا پیرۆزەکەی کوردستانی بەرزکردەوە، هەر لەو گۆڕەپانەشدا رۆژی ٣١/ مارتی ١٩٤٧ سەردەکەوێتە سەر سێدارەی جەورو ستەمی رژێمی گۆڕبەگۆڕی شای ئێران و بەهەنگاوی چەسپاوو لەسەرخۆ، بەباوەڕ و سەربڵندیی لەگەڵ سەیفی قازی و صەدری قازیدا پەتی بێدادی بەدەستی خۆیان دەکەنە گەردن و بەدووی کاروانی شەهیدانی خەباتی کوردایەتیدا دەکەونە رێ. دووا وتەکانی پێشەوا (بەهەڵەدا چوون، هەر کوردێك قازی موحەممەدێکە لە خەباتدا، دڵنیام ئەوانیش بەزەییان بە جەلادەکانی کوردا نایەتەوە). سەیفی قازیش دەڵێت: (شانازییە لە پێناو نیشتماندا شەهید دەبم، بژی کوردستان).کاروانی دووەمی شەهیدانی کۆماریش پۆلێك سەرۆك هۆزی کوردپەروەرو چەندین ئەفسەری کۆمار بوون، **لە رۆژی ٧/ نیسان ١٩٤٧ دا لە شاری بۆکان لەسێدارە دران:**

رەئیس حەمید مازوچی

ڕەسووڵ نەغەدی

مولازم (ئەفسەر) عەبدوڵڵا رۆشنفیکر

موحەممەد ئاخی

لە شاری بۆکانیش: عەلی شیرازیی

عەقید (سەرهەنگ) ئەمین کەنزانی

ئەحمەد خانی فاررووقیی، لەگەڵ دوو برایدا لە سەرۆکەکانی هۆزی فەیزوڵڵا بەگی موحەممەد بەگ شیوازیی

ئەحمەد خان کلتەکی

مەحموود خان کندی

موحەممەد خان کندی

موحەممەد خان بایەخان

ئاغای صدیق یازبلاغی

عەلی ئاغای نموونە

ڕەسوولْ ئاغای میرەدێ

ئەوەشمان لەیاد نەچێت ئەمەریکا بەچەك و کەرەسەی جەنگیی و پسپۆڕ و شارەزایانی سەربازیی یارمەتی لەشکری ئێرانیان دەدا، بالْوێزی ئەمەریکا لە تاران، ج. لین لەگەلْ رەزم ئارای سوپاسالاری هێزەکانی ئێراندا بۆ چاودێری و رێنمایی دێنە بەرەی شەڕی لەشکری ئێران لەگەلْ هێزی بارزانیەکاندا بەسەرکردایەتی بارزانی مستەفا، نەك هەرهیچیان بۆ نەکرا، بەلْکو کە هێزەکانی عێراق و تورکیاش هاوکارییان دەکەن و چوار دەولْەتی فرە لەشکر دەکەونە دووی هێزێکی کەم ژمارە وکەم ئازووقە و ماندوو، هەرسێ سنوورەکەشیان لێدەتەنن، رەزم ئارا دانی پێدادەنێت و دەلْێت: لە مێژووی نوێی ئێراندا هێشتا لەشکری ئێمە تووشی دوژمنێکی وەها سەرسەخت نەبۆتەوە، شای ئێران هیچی بۆ نەدەکرا، فەرمانی بە تۆپخانە و هێزی ئاسمانیدا بەخەستی و دلْڕەقانە شوێنی خۆشاردنەوە و حەوانەی ئافرەت و منداڵە بەرزانییەکان بۆردومان بکەن و پێویستە بەر لەڕۆژی ٤/نیسان ١٩٤٧ سەرلەبەریان قەلاچۆ بکرێن.هەرچەند هێزەکانی بەریتانیا و یەکێتی سۆڤێت لە مایس/١٩٤٧ دا لە ئێران کشانەوە، بەلاّم ستالین هەر سوور بوو لەسەر داواکاریی بەشە نەوتەکەی خۆی و دامەزراندنی کۆمپانیایەکی هاوبەشی نەوت بەنێوی کۆمپانیای نەوتی ئێران — رووسیا، بەرێژەی ٤٩٪ بۆ ئێران و ٥١٪ یش بۆ رووسیا.

هێمایەکی بەرچاوی سەرەتای سەدەی بیستەم، بلاوبوونەوە و گەشەکردنی بیروباوەڕی دیموکراتیی و وووریابوونەوەی گەل و نەتەوە چەوساوەکان بوو، کە خۆی لە دامەزراندنی کۆمەلْە و رێکخراوی رامیاریی و رووناکبیریی جۆراوجۆردا دەردەخست بۆ رزگار بوون لە جەورو ستەمی دەسەلاّتە چەقبەستووە پیر و پەککەوتەکان کە بەئاشکرا و نهێنی گەلانی ژێر چەپۆکیان دەچەوساندەوە و دەڕوتاندەوە و بەهیچ شێوەیەکیش لە ئاستی گۆڕانکارییەکانی سەدەی نوێدا نەبوون. لە تورکیا کۆمەلْەی یەکێتی و پێشکەوتن (جمعیة الأتحاد و الترقي) و لە ولاّتی میسریش پارتی نیشتمانیی دیموکراتخواز دامەزران و لە دەشتەکانی حیجازیش سەرکردەکانی عەرەب، شەریف حسێن کوڕی عەلی(شەریفی مەکە) و عەبدولعەزیزسعود، فەرمانڕەواییکردنی تورك لە شارە پیرۆزەکانی مەککە و مەدینە هانیدەدان ولاّتەکەیان لە ژێر دەستی تورك رزگار بکەن، لەو پێناوەدا کەوتنە پەیوەندیکردنی نهێنی بە بەریتانیا و هەولْی خۆدزینەوە لە تورك، بەلاّم لە ئێران راپەڕینێکی جەماوەریی بەرپابوو بە سەرکردایەتی (دکتور مصدق) کە نیشتمانپەروەرێکی ناسراوو بەهەلْوێست و رووناکبیرێکی بەتوانا و دەنگ زولاّلیش بوو[٧٥]، (آیة الله کاشانی) ش بەگەرمی پشتیوانیدەکرد، سەرەڕای ئەوەی لە بنەمالْەیەکی ناسراوی قاجارییەکان بوو، دەولْەمەند و خاوەن زەوی و زارێکی فراوانیش بوو بەلاّم دەرەبەگ و چەوسێنەر نەبوو، ئایدیایەکی نەتەوەیی ئیسلامیی پێشکەوتنخوازی هەبوو، (مصدق) هەلی سەرکەوتنی بزوتنەوەکەی لەوەدا دەبینی، چینە چەوساوەکان گەیشتۆتە تینیان، ستەم و زۆرداریی سەرڕێژە. لە سەردەمی ئەودا دەرەبەگێکی گەورەی مەهاباد بە مەئمورێکی دەولْەت کە هاتبوو بۆ سەندنی ٢٠٪ی داهاتی کشتوکالْ گوتبووی: "ئەمن وەك ئێرانیەك بەشەنەوتی خۆم دەدەم بە ئینگلیز بەلاّم

ئامادەنیم لویچێك گەنمی خۆم بدەم بە مصدق، بلّێ با لەکۆلّم بێتەوە" (د. قاسملو، هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٢٠٧ ) حەمــە رەزا شــاش (کابرایــەکی) شــەرمن و بــێ وورە و دەســتە پاچــەیە، لەگــەلّ سیاســەتمەدارە خەملّیوەکانیشدا ناکۆك و ناتەبایە، ئەوانیش سووك و بێنرخ تەماشای دەکەن، بەتایبــەتیش ســەرۆك وەزیــران ئەحمەد قەوام سەلّتەنەت کە ئەویش لە بنەمالّەیەکی رەسەن و دەسترۆیشــتووی ئێــران بــوو، حەمــە رەزای بــە هەتیوچەو تازە پیاکەوتوو ناودەبرد و دەیانوت ئەم کابرایە بە کەلّکی هەر پۆستێك بێت بە کەلّکی ئەوە نایەت شای ئێران بێت. بەلاّم قەوام سەلّتەنەت وهاودەنگەکانی ئازایەتیی رووبەڕووبوونەوە یا هەلّگەڕانــەوەیان تێــدا نەبوو.

بزوتنەوەکــەی مصــدق — کاشــانی کــە بزوتنەوەیــەکی دیموکراتیخــوازی شــیعە ئــامێز بــوو بــۆ لــەناوبردنی هێماکانی دەستەلاّتی ملــهووڕی شــای ئێــران، بەپشــتیوانییەکی کــارا و ئاشــکرا و بێپــەردەی زانــای ئــاینیی ناسراوکاشانی پەنا دەبەنە بەر تیرۆری رامیاریی، یەکەم دەست رێکخراوە توندڕەوەکەی کە نــەوواب صــەفەوی سەرکردەی بوو،لە ١٩٤٦/٣/١١ دا لە نێو هۆلّی دادگای تاراندا پارێزەری ناسراوی ئێران، خوســرەویی تــیرۆر دەکات لە سزای نووسینەکانیدا دژی شیعە، کاشانیش دەســتوبرد پیرۆزبــایی و دەستخۆشــیی لــە بکوژەکــانی دەکات و دەتوانێت لــە زینــدانیش ئازادیــان بکــات. دووەمــین چــالاکیش تیرۆرکردنــی ژەنــەڕالّ (ڕەزم ئــارا)ی سوپاسالاری ئێران بوو، کە تازە بوو بوو بەسەرەك وەزیران. شا لە تۆلّەدا نەواب صەفەوی لــە ســێدارە دەدات، کاشانی دەلّێت ئەو ناپاکە (مەبەستی رەزم ئارایــە) ناتوانێــت رێگــە لــە خۆمــالّیکردنی نــەوت بگرێــت، ئــەو گوللانــەش کــە گیــانی ئــەویان بــەدۆزەخ ســپارد، یــەزدان پــیرۆزی کردبــوون، نــەواب صــەفەوی ســەرۆکی رێکخراوەکــەش بــە شــای ئێــران دەلّێــت: ئــەی کــوڕی پەهلــەوی! بکــوژانی رەزم ئــارا، ئــازاد بکــە و داوای لێبوردنیشیان لێبکە. ئەو راپەڕینە ئەوەندە جەماوەریی و بەهێز بوو کە رەزم ئارا تیرۆرکرا، بەڕێوەبەرایــەتیی شاری تاران بڕی ٣٠٠٠ سێ هەزار جونەیهی ئیستەرلینی دەدا بەهەر پیاوێکی ئاینی نوێژێك لەسەر لاشەکەی بکات، کەسێکیان دەستنەکەوت.

تیرۆرکردنی رەزم ئارا، ئەژنۆی حەمــە رەزا دەهێنێتــە لــەرزین، بــاوەڕی نــەدەکرد نــەیارەکانی وا بەئاســانی بتوانن سەرۆك وەزیرانەکەی لەناوببەن، هاوســەرەکەی ئەشــرەفی خوشــکی دەیگێڕێتــەوە و دەلّێــت: (شــا هــەر دەهاتوو دەچوو، دەیوت باوەڕ ناکەم، باوەڕ ناکەم، نازانم چــی بکــەم، تــەنهام، کــەس بــەدەردی مــن نازانێــت، هەموو پیلانم لێدەگێڕن، هەندێکیان بەمەبەست و هەندێکیان بێ مەبەست، هەموو نرخەکەشــی دەبێــت مــن بیدەم)[٧٦].

بزوتنەوەکەی گەلانی ئێران بەسەر رژێمدا سەردەکەوێت (هەرچەند شا، دان دەنێت بە یاسای بنــەڕەتی ولاّت و پەرلەمانیشــدا، بــەلاّم لــە ســەرتەخت دایــانگرت و لــەولاّتیش دەریانپەڕانــد. (دکتــور مصــدق) رۆژی ١٩٥١/٤/٢٠ یەکــەمین کابینــەی وەزارەتێــك دادەمــەزرێنێت لــە کەســانی نیشــتمانپەروەر و شــارەزا و تەکنۆکرات، شا لەبەردەم سەرکەوتنی راپەڕینەکەدا خۆی نــەگرت، هەلّــدێت، ســەری خــۆی رزگــار دەکــات و بەفرۆکەیــەك خۆیگەیانــدە بەغــدا و لەوێشــەوە دەچــێتە رۆمــا و لــەو دوورەوە بــە شــەرمەزاریی چــاوەڕوانی پێشهاتەکان دەکات.

پەرلـەمانی گـەل رۆژی ١٩٥١/٤/١٩ بەسـەرۆکایەتی کاشـانیی، یاسـای خۆمـاڵیکردنی نـەوت پەسـەند دەکات. ئەم گۆڕانکاریە گرنگانە، دەستکەوتی مەزن بوون بۆ چینە چەوسـاوەکانی گـەلانی ئێـران لـە سـایەی بزوتنەوەیەکی جەماوەرییدا، کە نـاوەڕۆکێکی کۆمەڵایـەتیی دیموکراتی پێشـکەوتنخواز و چـەمکی ئـاینیی پێکەوە گرێدەدا، حزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش (توودە) کە گەورەترین رێکخـراوی رامیـاریی گۆڕەپانەکـە بـوو بەلای خۆیەوە نوێنەری خواست و ئامانجەکانی کۆمەڵانی خەڵکە، کەچی بەتوندی دژی بڕیاری خۆمـاڵیکردنی نەوت وەستایەوە، چونکە لە بەرژەوەندی ستالینی ئاغای نەبوو.هەر ئەو پـارتی (توودە)یـەش صـاڵی ١٩٧٩ سەردەمی راپەڕینی گەلانی ئێران بـە رابەرایـەتیی ئایـەتوڵلا خومـەینی، زۆر درەنـگ پشـتگیری خومـەینی دەکات و چاوەڕوانی فەرمانی مۆسکۆی دەکرد کە بارووداۆخ و گۆڕانکارییەکانیان لنگ و قووچ دەخوێندەوە و وایاندەزانی رژێمی شای ئێران بە ئاخوندێکی پیری هەشتا صـاڵانە نارووخێـت، ئەمـەش بـوو بـەهۆی ئـەوەی توودە جەماوەرەکەی لە دەست بدات و ناوی لە کوولەکەی تەڕیشدا نەمێنێت لە گۆڕەپانی رامیاریی ئێراندا.

ژیـانی گـەلانی ئێـران مـاوەی نێـوان صـاڵانی ١٩٥٠ — ١٩٥٣ لـە ژێـر سـایەی یاسـا و پەرلەمانـدا و خۆماڵیکردنی نەوت مانای کۆتاییهاتنی بەرژەوەندییەکانی ئـەوروپا و ئەمەریکایـە لـە ئێـران و ناوچـەکەدا، بەڵام لە ترسی ئەنجامەکانی رووبەڕووبوونەوەی سەربازیی لەگەڵ ستالیندا، وڵاتـانی ئیمپریالیسـت دانیـان بـە خۆیاندا گرتبوو..

مردنی ستالین لە ١٩٥٣/٣/٥دا هەلێکی لەباری بۆ رەخساندن، چەرچڵ، ئەنتۆنی ئیدن، ئایزنهـاوەر، جـۆن فۆستەر دالاس و دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا، سیا (CIA) بەهاوبەشیی و هاوکـاریی، پلانـی کۆدەتایـەکی سـەربازیی رێکدەخـەن و لـە ١٩٥٣/٨/٢٢ دا دەسـتیان بەسـەر دەسـتەڵاتدا گرتـەوە و حەمـە رەزا شـا لەهەندەرانـەوە دەگەڕێتـەوە ئێـران[٧٧]. (دکتـۆر موصـەدیق) یـش لـە رادیـۆوە دەبیسـتێت فـەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، خۆی دەدات بەدەستەوە.ئەوەشمان لە بیر نەچێت هۆیـەکی گرنگـی سـەرکەوتنی کۆدەتاکە و گەڕانەوەی شای ئێران ئەوەیە، دکتۆر لەگـەڵ کاشـانیدا ناکۆکیـان دەکەوێتـە نێوانـەوە هەرچـەند هەردووکیان وەك سەرۆك وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان زۆر دڵسـۆزیی بیروباوەڕەکـەیان و ئامانجـەکانی گـەل و دوژمنـی سەرسـەختی رژێمـی شـا بـوون، بـەڵام نـە پێشـکەوتنخوازییەکەی دکتـۆر و نـە ئیسـلامی سیاسـیی(دەوڵەتیی)یەکەی کاشـانیی فریـا نەکـەوتن، بارودۆخەکـە شـێوا، بێکـاریی و نـەدانی مووچـەی فەرمانبەران و کرێکاران بەهۆی خۆماڵیکردنەوە، خۆدزینەوەی ژمارەیەك پەرلەمانتار و پەنابردنە بەر وڵاتانی کەنـداو و لـەوێوە پەیوەنـدیکردنیان بـە بـەریتانیاوە تەمـەنی دەسـەڵاتەکەی مصـدق — کاشـانی لـە کـورتی بڕییـەوە.کۆتایی صـاڵانی پـەنجاکانی سـەدەی بیسـتەم لەسـەر پاشمـاوەی کولتوورەکـەی (دکتـۆر مصـدق) و بزوتنەوەکەی، هەردوو رێکخراوی رامیاریی بەرەی نەتەوەخواز و (فیدائییانی خـەلق)ی مارکسـیی لـە ئێـران دامەزران.

دوابـەدوای سـەرکەوتنی کۆدەتـا سـەربازییەکە بەسـەرکردایەتی ژەنـەڕاڵ فضـل الله زاهیـدي، پەرلـەمان وکابینەی وەزارەتیش هەڵوەشانەوە و سەرانی رژێمـی شـا بـەهاوکاریی و پشـتیوانیی بـەریتانیا و ئەمـەریکا دەست بەسەر ئێراندا دەگرنەوە و حەمە رەزا شاش لە هەندەرانەوە گەڕایەوە سەر تەخت و تاجی شاهەنشایی و

هێرشێکی بەربڵاوی دەستپێکرد، بۆ گرتن و کوشتنی نەیارەکانی، بەتایبەتیش هاوکارانی دکتۆر موصەددیق و ئایەتوڵڵای کاشانی و قوتابییە چەپڕەوەکان لەسەر شەقامەکانی تاران دەدرانە بەر دەستڕێژی گوللە. موصەددیقیش لە ئازایەتی و هەستکردن بە لێپرسراوێتی نەك لە ترسنۆکییەوە بە پێی خۆی دەچێتە بەردەستییان.

ئەم هەڵوێستەی دکتۆر موصەدیق و دواتریش لەبەردەم دادگا بەوپەڕی باوەڕ و پێداگرتنەوە داکۆکی لە کێشەی ڕەوای گەلانی ئێران و یاسای بنەڕەتیی ساڵی ١٩٠٦ و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی نیشتمانیی ساڵی ١٩٥١ دەکرد کە بەڕێوە بوو هەنگاو بەهەنگاو مافەکانی گەلانی ئێران بهێنێتە دی. مێژووی خەباتی گەلانی ئێران هەڵوێستی ئەو سەرکردە خۆنەویستەی ئێران و هەڵوێستی بەرخۆدان و پڕ لەشانازی پێشەوای کوردی ڕۆژهەڵات، سەرۆك کۆماری کوردستان، قازی موحەممەد کە حەوت ساڵان لەوەوبەر و لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦دا لە هەمان وڵات و لە سەردەمی هەمان شادا، ستالین هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستانی کرد بە قوربانی (ڕێککەوتننامەیەکی پووچەڵی نەوت) و هەردوو کۆمارەکە بێ پشتوپەنا دەمێننەوە و نەك بەناچاریی بەڵکو لەسەر پێداگرتنی ستالین بەرگرییان نەکرد و ڕێگەیان بە لەشکری ئێران دا هەردوو پێتەختەکە تەورێز و مەهاباد بگرن و هەردوو کۆمارەکە بڕوخێنن.

پێشەوا قازی موحەممەد ئازاو خۆنەویست و بێ دوودڵی هەموو لێپرسراوێتییەك دەخاتە ئەستۆی خۆی و بە دووژمنەکانی دەڵێت: ئەگەر لە نێو هەموو کاربەدەستانی کۆماری کوردستاندا کەسێك بەتاوانبار دەزانن و دەتانەوێت بەسزای بگەیەنن، ئەو کەسە منم و ئۆباڵی هەموو کارەکان لە ئەستۆی مندایە. لاپەڕەکانی مێژوو دەخوازێت بەراوردێك لە نێوان پێشەوا قازی موحەممەد و دوای ئەویش پێشەوا (دکتۆر مصدق) لەلایەك و فس فس پاڵەوانەکەی ئێران کە دواتر دەبێتە کوڕە ئازاکەی ئەمەریکا، حەمە ڕەزا شا بکەین، کە دوو جاران لەسەریەك ١٩٥١ و ١٩٧٩ هەر ئەوەندە هەستی بە مەترسی دەکرد وڵاتی جێدەهێشت و ترسنۆکانە خۆی ڕزگار دەکرد، بۆیە ئەو بەچەند لاپەڕەیەکی ڕەشەوە فڕێدرایە سەرەنوێلکی مێژوو، قازی و سەیف و صەدر و موصەدیقیش بوونە سونبولی خەبات و بەرخۆدان و شانازیی کورد و گەلانی ئێران(٧٨).

شای ئێران پشت بە بەریتانیا و ئەمەریکا دوواهەناسەی نەیارانیان تاساند، بەرهەڵستیی و مەترسیی لە ڕێگەدا نەما، دەستدەکات بە دامەزراندنەوەی دەزگاکانی دەوڵەت.بەر لە هەر شتێك دەزگای هەواڵگریی (ساواك) دادەمەزرێنێت بە سەرۆکایەتی (نعمة الله ناصریی) وەك لقێکی دەزگای (سیا) لە ئێران بۆ ڕاونان و تۆقاندنی هاوڵاتیان. کابینەی نوێی وەزارەت بەسەرۆکایەتی فضل الله زاهیدیی، ئەردەشێری کوڕیشی لە پاداشتدا شاهنازی کچی شای خەڵاتکرا.کاپتن خاتەمیی فڕۆکەوانیش کە شای لە تارانەوە گەیاندە بەغدا و لەوێشەوە بۆ ڕۆما، ئەویش دووجار خەڵاتکرا، پۆستی فەرماندەی گشتیی هێزی ئاسمانیی ئێران و مارەکردنی خوشکە بێوەژنەکەی شا، شازادە فاتیمە. جەعفەر شەریفیی کۆنە پەرلەمانتاری سەردەمی موصەددیقیش لە پاداشتی ئەوەدا کاریگەریی زۆری هەبوو لە هاندانی پەرلەمانتارەکاندا وڵات جێهێڵن و ڕووبکەنە وڵاتانی کەنداوی فارس — عەرەب، کە بووە هۆی ئەوەی یاسا و پەرلەمان لە سەردەمی موصەدیقدا پەکیان بکەوێت و لەکاربکەون، ئەمیش لە پاداشتی ئەو ناپاکییەدا دەکرێت بەسەرۆکی دەزگای پەهلەوی(٧٩). ئەمەریکاش لە

پاداشتی گێڕانەوەی شادا بۆ سەر تاج و تەخت ڕێژەی ٤٠٪ ی بەشە نەوتەکەی بەریتانیای پێدەدرێت.

ئەمەریکا هەرچەند درەنگانێك دەبێتە لایەنێکی هاوپەیمانان لەشەڕی دووەمی جیهاندا دژی ئەڵەمانیا — ئیتالیا — یابان، بەڵام هەرزوو جێگەی بە (ستالین) یەکێتی سۆڤێت چۆڵکرد لە ئێران و دەستی لە چەندین دەستکەوتی رامیاریی، سەربازیی، ئابووریی گرنگ گیردەبێت و زامنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەکەن لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. دەستەڵاتی ئەمەریکا لە ئێران بەجۆرێك پەرەیسەند، باڵوێزخانەکەیان لە تاران حکومەتێك بوو لە نێو حکومەتەکەی شادا، ئەوەندەش بایەخ و گرنگیی پەیداکرد، ریتشارد هێڵمز سەرۆکی سیا(سی،ئای،ئەی) لە ساڵی ۱۹۷۳ دا دەکرێتە باڵوێز لە تاران. باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە تاران گەلێك لە کۆشکی نیاوەران گرنگتر بوو، سۆڤێتیش لەو بندەستەوە دەستی لە بنی هەمانەکە دەرچوو بوو.

حەمە رەزا شا، پەندی لە رابردووە پڕ ئازارەکەی خۆی و باوکی وەرگرتبوو، زۆر بە توندی بەرهەڵستی هەر دەنگێکی نارەزایی دەکرد و بێبەزەیی کپیدەکرد، چاوی بە هیچ نیشتمانپەروەرێك هەڵنەدەهات ئەگەر چڵکاوخۆری کۆشك نەبووایە، حەزی لە چارەی رامیارە خەملیوەکانیش نەدەکرد، هەرچەند کۆنە پارێزیش بوون، پارتی کۆمۆنیستی ئێرانیش (توودە)ی گوێ لە مستی سۆڤێت خوێنی کرابووە کاسەوە، ئەم فاکتەرانە پاڵ بە شاوە دەنێن بەپەلە خۆی بهاوێتە باوەشی ئەمەریکاوە ولەو رێگەیەوە بەجۆرێك خۆی بەهێز بکات، دوو تاقیکردنەوە تاڵەکەی لە ماوەیەکی کورتدا بەسەر خۆی و باوکیدا هاتن، ساڵانی ۱۹۳۸، ۱۹۵۱، ۱۹۷۹دا،چەند بارە نەبنەوە. ئەم بۆچوونەی شا،لە بەرژەوەندی ئەمەریکا بوو، دووای کشانەوەی بەریتانیاش لە کەنداو، ئێران دەبێتە بەهێزترین و دەوڵەمەنترین وڵاتی ناوچەکە و یەکەمین بەرهەمهێنەری نەوت و پێنجەمین هێزی سەربازی لە جیهاندا و ئەمەریکا لێیرادەبینی بیکاتە پۆلیسی ناوچەکە و هیچ وڵاتێکیان نەوێرن لەبەردەمیدا بکۆکن و چاودێری ووردو درشتی رووداوەکان بکات، بەتایبەتییش مەترسیی کۆمۆنیزم و دزەنەکردنی بۆ ناوچەکە و راگرتنی بالانسی نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و رێگەنەدات کورد بەتەواوەتی بەسەریاندا سەربکەوێت.

حەمە رەزا شا ئەوەندە لەخۆی بایی بووبوو وەك مامۆستایەك ئامۆژگاری خوێندکارەکانی بکات، لەگەڵ میر و سەرۆکەکانی کەنداودا دەدووا، هەیکەل لە زمانی شێخ ئەحمەد ئال خەلیفەی وەزیری دەرەوەی بەحرەین دەیگێڕێتەوە، شا بە شێخ ئەحمەدی وتووە: خاڵی لاواز لەناوچەکەدا ئێوەن کە دەوڵەتی گچکەن، ئێوە و سعوودییە بەرپرسیاری ئەم بێهێزییەن کە ناوچەکەی کردۆتە ئامانجی مەترسیی کۆمۆنیزم، وەك بیستوومە دەتانەوێت پەیوەندی لەگەڵ رووسدا ببەستن، بۆ؟ من رێگەتان لێناگرم، بەڵام چاك بزانن پێویستە هەمان کات نەك خولەکێك دوواتر، پەیوەندی لەگەڵ وڵاتی چینیش ببەستن، چونکە هەر ئەوان دەزانن چی لە رووسیا روودەدات، هەندێك دەڵێن هەست بە مەترسیی کۆمۆنیزم ناکەین لەناوچەکەدا، دڵنیاین هەردرەختێك لەم وڵاتانەدا بریندار بکەیت سووراوی کۆمۆنیزمی لێدەچۆڕێت.

لە راستیدا ستالین دەمێك بوو دەستبەرداری بنەماکانی مارکسیزم — لینینیزم بوو بوو، لە راستە رێگەی فەلسەفەکە دوورکەوتبۆوە، پشتگیریی گەل و نەتەوە ژێر دەستەکانی بەلاوە نابوو، مەگەر هەربەدەم ئەگینا لە پراکتیکدا هەموو شتێکی کردبووە قوربانی مانەوەی خۆیی و دەستەڵاتە تاکرەوەکەی و بەرژەوەندییە

تایبەتییەکانی وڵاتەکەی کە گرنگترینیان نەوتەکەی ئێران و جێگە پێیەك بوو لەو وڵاتەدا، هەرئەوەش هۆکاری سەرەکیی کەوتنی کۆماری کوردستان بوو. وەك پێشتر وتمان، ستالین نیازی وەها بوو ئینگلیزەکانیش لە ئێران بکشێنەوە، ئەم بمێنێتەوە، بۆیە خنە خنی دەکرد لە کشانەوەی هێزەکانیدا، بەلاّم ئەحمەد قەوام سەلّتەنەت، سەرۆك وەزیرانی ئێران کە دیبلۆماتێکی ژیر وبەئەزموون ودووربین بوو، پەیمانی بەڕووسەکاندا، یا راستتر بلّێین رووسەکانی بەوە دەخەلّەتاند، ئەگەر روون و ئاشکرا بەلّێن بدەن چ رۆژێك (دیاریکردنی رۆژەکە) هێزەکانتان ئێران چۆلّدەکەن، دەشێت بۆ ماوەی ٢٥ صالّ رێژەی ٥١٪ی مافی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوتی ئێرانتان بدەینێ، سۆڤێتییەکان لە خۆشیدا خەریك بوو بالّبگرن، بەلاّم سەرۆك وەزیران لەسەرخۆ هەنگاوی دووەم دەنێت و دەلّێت پێدانی ئەو مافە لە دەستەلاّتی پەرلەماندایە کە خەریکین ئامادەکاریی بۆ دەکەین و خواستی ئێوەش وەك داواکارییەکی حکومەت بەرزدەکەینەوە بۆ پەرلەمان و ئەوانیش بڕیاری لەسەر دەدەن. ستالین وەك هەنگی لە کلۆرە داردا دۆزیبێتەوە، دلّنیا بوو ئامانجەکانی هاتوونەتە دی، جموجۆلّ و چالاکییەکانی (توودە)ش جەماوەری ئامادەکردووە بە پێی بەرژەوەندییەکانی ستالین نوێنەرەکانیان بۆ پەرلەمان هەلّبژێرن. هەنگاوی سێهەم سەرۆك وەزیران بە سۆڤێتییەکانی راگەیاند، هەلّبژاردنی پەرلەمان پێویستە شەرعیی و یاسایی بەڕێوە بچێت، بەلاّم ئەمڕۆ کە بەشێکی وڵات لەژێر دەستی بێگانەدایە، گەل ناتوانێت نوینەری راستەقینەی خۆی بەئازادی هەلّبژێرێت، ستالین ئەم هەنگاوەشی بەسەردا تێپەڕی، وەك هێزەکانی خۆی کێشایەوە، ئامۆژگاریی هەردوو کۆماری ئازەربایجان (تیپی دیموکرات) و کۆماری کوردستانیش دەکات رێگە لە هێزەکانی شا نەگرن کە بۆ بەڕێوەچوونی هەلّبژاردنەکان لە کەش و هەوایەکی ئاسایی و ئارامدا، روو دەکەنە تەورێز و مەهاباد و هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە مەترسی لێبکرێت!

ئەحمەد قەوام سەلّتەنەت ئەم گۆلّەی لە ناوەڕاستی یاریگاکەوە لە ستالین کرد، ئەوەبوو مانگی مایسی ١٩٤٦ ستالین دوواسەربازی سۆڤێت لە ئێران دەکێشێتەوە و رێگەی بۆ لەشکری ئێران خۆشکرد، بەلّکو گلۆپی سەوزی بۆ داگیرساندن پێشڕەوی بکەن، هیچ بەرگری و کۆسپێکیان لە لایەن پێشەوەری و قازی موحەممەدەوە نایەتە رێگا، کۆتایی ١٩٤٦ تەورێز و مەهاباد گیران، هەلّبژاردنێکی ساختە ئەنجامدرا و (نوێنەرانی گەل) دیاریکران و پەرلەمانێکی کارتۆنی دامەزرا، سۆڤێتییەکان و توودەکان لە خۆشییاندا دلّیان وەك بەربینی بۆق لێیدەدا، لە یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەماندا ئامانجەکانیان دێنەدی، ئاگایان لەوە نەبوو ئێران رۆژ بە رۆژ پتر خۆی بە بەریتانیا و ئەمەریکادا هەلّدەواسێت و بەدلّ خوازیارە بچێتە باوەشی ئەمەریکاوە، ئەندامانی پەرلەمان لە یەکەمین کۆبوونەوەیاندا بە نیزیکەی کۆی دەنگ بۆ پووچەلّکردنەوەی خەونەکانی ستالین و دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی ئێران — رووسیا و بەدەستهێنانی مافی بەدوواداگەڕان و بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران بەرێژەی ٥١٪ بۆ رووسەکان و ٤٩٪ بۆ ئێران، بڕیاریاندا هەتا کۆتایی جەنگ پەرلەمان هیچ گفتوگۆیەك لەو بارەیەوە نەکات. ئەم بڕیارە چاوەڕوان نەکراوەی پەرلەمان وەك نارنجۆکێك لە ژێر پێی ستالیندا تەقییەوە و بەجۆرێك مایەپووچ و هەناسەساردی دەکات بەهۆی پارتی کۆمۆنیستی ئێران (توودە)ەوە لە رۆژی ١٩٤٩/٢/٤دا پلانی تیرۆرکردنی شای ئێران ئەنجام بدات، ئەویش سەری نەگرت،

هەرئەوەندەیان بۆ مایەوە گلەیی لە ساویلکەیی و کەمفامی رامیاریی خۆیان بکەن و ئێرانییەکان و بەتایبەت ئەحمەد قەوام سەڵتەنەت بە سپڵە و بێ بەڵێن تاوانبار بکەن و هەتاماون هەر چاویان لەنەوتەکە بێ کە دەستیان نایگاتێ وکورد وتەنی بڵێن (ئەم نانە بەو رۆنە). ئەمە بڕیاری مێژووە بەزەیی بەهیچ زۆردار و ملهوڕێکدا نایەتەوە، خرۆشۆف، سەرۆکی یەکێتی سۆڤێت لە کۆنگرەی بیستەمینی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤییەتدا پەردەی لەسەر لاپەڕە رەش و خوێناوییەکانی ستالین هەڵدایەوە و لەسەردەمی (گورباتشۆف)ی مەزنیشدا گۆڕەکەیان هەڵدایەوە و لە شوێنێکی دوور لە ئارامگای لینین و پێشەواکانی دیکە شاردیانەوە و بەشایستەییش ناوی دەخەنە سەرووی لیستی دیکتاتۆرەکانی مێژووەوە.ئەوە بڕیاری مێژووە، بەریتانیا و ئەمەریکا، رۆژانی بورکانی راپەڕینەکەی گەلانی ئێران ١٩٧٩، ناچار دەبن حەمە رەزا شا وەك مشکی تۆپیو تووڕهەڵبدەن و دۆستێك لەم سەرزەوییە پان و بەرینەدا نەیگرێتە خۆی.

لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارەش بکەین، شا فارووقی شای میسر کە ساڵی ١٩٣٧ دووای مردنی شا فوئادی باوکی هاتە سەر تەخت، بۆ ئەو بایەخە زۆرەی بە رەزا شای پەهلەوی دەربەدەر و ریسوا دەدا؟ ئەی ئەنوەر ساداتی سەرۆك کۆماری میسر بۆ هەمان بایەخی بە حەمە رەزا شای کوڕی دەدا کە لە باوکی ئاوارەتر وریسواتر و بێ پشت وپەنا کرا. ؟پێدەچێت گرنگترین هۆکار ئەوەبێت فوئاد و رەزا شا چارەنووسی خۆیان بە هیتلەرەوە گرێدابوو، بۆیە هەر ئەوەندەی ئەڵەمانیا توانیی فەرەنسا داگیربکات و بۆ رامالینی رووسیاش بەشی هەرە زۆری هێزەکانی روو لە خۆرهەڵات دەکەن، میسر و ئێران وایاندەزانی ئەمڕۆ سبەی وڵاتی میصرلە ژێر دەستی بەریتانیا و فەرەنسا، ئێران لە رووسیا و بەریتانیا رزگار دەبن، ئەگەرچی خەیاڵیان خاو بوو، بەڵام هەر رزگاربوون کەچی لە رووی رامیارییەوە کەوتنە دوو بەرە دژەکەوە، ئێران سەربە بلۆکی خۆرئاوا و ئەمەریکا و میسریش روو لە بلۆکی خۆرهەڵات و هەتا ئەمڕۆش پەیوەندییەکانیان هەر شلۆقە.

حەمە رەزا شا کە پەنا دەباتە بەر میسر (ئەنوەر سادات بڕیاریدا لەسەر کەناری دەریای سپی نێوەڕاست کۆشکێکی شاهانەی بۆ دروست بکەن، بەڵام کە نەخۆشی شێرپەنجەکەی تووشی بووبوو، تاوی لێدەسەنێت و ناچار دەبێت بەهەرشێوەیەك بێت خۆی بگەیەنێتە ئەمەریکا، راپۆرتی پزیشکەکان ئەوەیان دەردەخست، شا لەژێر نەشتەرگەرییەکەدا گیان لە دەستدەدات، سادات بڕیار دەدات بیناسازەکان دەست لە دروستکردنی کۆشکەکە هەڵبگرن و دەست بکەن بە هەڵبەستنی گۆڕێکی شیاو بۆ شا لە مزگەوتی ئەلڕەفاعی لە قاهیرە و لەوێدا بنێژرێت.. بەجۆرە کە راپۆرتە پزیشکییەکان پۆزەتیڤ و مژدەبەخش بوونایە، ئەندازیارەکان سەرگەرمی کۆشکەکە دەبوون، ئەگەر نێگەتیڤ و بێهیواش بوونایە، دەستیاندەکردەوە بە تەواوکردنی گۆڕەکە)، کە مردیش کۆماری ئیسلامیی ئێران رێگەی نەدا تەرمەکەی بهێننەوە و لە ئێران بنێژرێت، لەو گۆڕەدا نێژرا کە بە زیندوویی بۆیان ئامادەکردبوو لە هەمان مزگەوتی ئەلرەفاعی قاهیرە، کە رەزا شای باوکیشی سووك و ریسوا سەرینایەوە و بەریتانیا و رووسیا رێگەیان نەدا تەرمەکەی بهێننەوە ئێران و ئەویش بەناچاری هەر لەوێدا نێژرا.[٨٠]

ئەمەش هەر بڕیاری مێژووە. سزای قوورس و دادپەروەرانەی یەزدانە، هەندێك لە دوژمنانی کوردی بێ پشتیوان، یەزدان دەردێکی بۆ دەناردن دەرمانی نەبێت، هەواری بۆمدێن، سەرۆك کۆماری جەزایر دوای

دەلالییە نامەردانە و پڕ لە شەرمەزارییەکەی لە نێوان حەمە رەزا شای ئێران و صەدام حسێندا کردی، تووشی نەخۆشییەك دەبێت، لە جەزائیر چارەسەر نەدەکرا، تیمێك پزیشکی تایبەتیی لە فەرەنساوە هاتنەسەری، ئامێری تایبەتیی چارەسەرکردنیان هێنابوو، بەلآم ئامێرەکە بەدەرگای ئەو ژوورەوە نەدەچوو نەخۆشەکە تێیدا کەوتبوو، نەدەبوو بە هیچ جۆرێکیش بجولێنرێت، چ جا ئەوەی فراوانکردنی دەرگاکەش دەمودەست دەیکوشت، ماوەی نێوان نەخۆشەکە و ئامێری چارەسەرکردنەکەی هەر مەترێك دەبوو، نەدەکرا ئامێرەکە ببەنە لای نەخۆشەکە، نەدەیانتوانی نەخۆشەکەش بجولێنن و بیبەنە لای ئامێرەکە.. بەو سزایە مرد کە هەموو زانستەکان لەبەرامبەریدا دەستەپاچە واقیان وڕمابوو، صەدامیش نموونەیەکی نزیکترە، ئەویش بەزیندوویی لە نێو گۆڕدا دەژیا.

حەمە رەزا شا هەموو بنەما پیرۆزەکانی ئاین، داد، بەزەیی و سادەترین نرخی مرۆڤی پیشێلکردبوو، بەو پێشکەوتنە رووکەشەی ئێران هەلخەلەتابوو، بەتایبەتیش داهاتی نەوت کە دووای صالی ١٩٧٣ بەجۆرێك بازیدا، ئێران صالی ١٩٧٦ سەرجەم بڕی هاوردەی ئێران دەگاتە ٦٩ ملیار دۆلار کە چوار ملیاری تەنها بۆ کڕینی چەك و پێداویستی سەربازیی تەرخانکرابوو.

## دووا رۆژەکانی شا ی ئێران

شای ئێران دەمێك بوو پەیوەندی دۆستایەتیی) و هاوکاریی بە شۆڕشی کوردەوە هەبوو لە باشووری کوردستان (شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١)، بەلآم (سەرەتای پەیوەندیی راستەوخۆی ئەمەریکا بە شۆڕشی کوردەوە لەسەردانەکەی ١٩٧٢/٥/٣٠ی سەرۆکی هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نیکسۆن و کیسنجەری وەزیری دەرەوەی حکومەتەکەیدابۆ ئێران لە رێگەی گەڕانەوەیاندا لە مۆسکۆوە دەستپێدەکات و لە سەردانەکەی شای ئێران ١٩٧٣/٧/١٧ بۆ ئەمەریکا لەگەڵ نیکسۆن وکیسنجەر جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە. ئەمەریکا لە ١٩٧٢وە یارمەتی کوردی داوە، هەرچەند ئەگەر لەگەڵ ئەو یارمەتییانەی بۆ ناوچەکانی هندیی چینی دەیانناردن بەراوردیان بکەین هیچ نەبوو.

هەردوو سەرۆکی ئەمەریکا نیکسۆن و فۆرد کە هاوکاریی کوردیان دەکرد بۆ دامەزراندنی دەستەلاتێکی ئۆتۆنۆمی لە باشوور و پاراستنی فراوانترین ناوچەی ئەو ئۆتۆنۆمییە، ئەو دوو سەرۆکەی ئەمەریکا کەوتنە بەرشالآوی هێرشی کۆمیتەکانی کۆنگرێس)(٨١). بەلآم ئەوەی راستیی بێت ئەمەریکا، شای ئێران و دۆستەکانیان لەناوچەکەدا ئۆتۆنۆمیی راستەقینە و چەسپاوو خاوەن دەستەلاتیان بۆ کورد نەدەویست، بەلکو دەستەلآتێکی بەهێزیان دەویست وەك سەرکردایەتی بارزانی کە حکومەتێك بوو لە نێو حکومەتی عێراقدا و هەموو هەولێکیان هەربۆ ئەوە بوو نەهێلن نە بارزانی و نە بەغدا هیچ لایەکیان سەربکەون و کورد بەردەوام بجەنگێت و قوربانی بدات و بەغداش بەلاوازیی و دەستکورتی بمێنێتەوە.بەلآم ئێران وحەمە رەزاشای ئێران ئەوەی جاران نەبوون کە بودجەی سالآنە ملیارێك دۆلارکورتهێنانی بەکۆلەوە بێت و٣سێ ملیاردۆلاریش قەرزاربن، نەخێر هەرکە نرخی پەترۆل هەلکشا،هەتا سالی ١٩٧٢ئێران بڕی ٦شەش ملیار دۆلار دراوی یەدەگی هەبوو،١٩٧٣خەزێنەکەی حەمەرەزاشا سیخناخ بوولە ١٩نۆزدە ملیار و بەردەوام پڕتریش دەبوو، سەرڕێژی دەکرد، شای ئێران فوودەکات و وەك بۆق خۆی هەلئاوسان،خاوەنی پێنجەمین سوپای جیهان و

هەنگاویش دەنیم بۆ هەمان پلەی ئابووریش!

لـە کۆبوونـەوەکانی مـانگی٥/١٩٧٢ی نێـوان شـای ئێـران و سـەرۆکی ئەمـەریکا نیکسـۆن لـە تـاران و کۆبوونەوەکانی ١٩٧٣/٧ی نێوان جیمی کارتەر و شای ئێران لە واشنتۆن کە هەردوو جارەکەش بەهاوبەشیی هینری کیسنجەری لێپرسراوی دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی بوو کەدواتر بووبـە وەزیـری دەرەوەی ئەمـەریکا، بەرێوەچوون سەرنجدەدەن حەمە رەزا شای ئێران جگە لەوەی بەگەرمیی هەوڵی دابینکردنی پێداویستییەکانی جەنگ دەدات بۆ کورد و ئامادەیە گەلێك کارئاسانیش بکات لە و رووەوە.. .ئەو حەمـە رەزا شـایەی جـاران نییە کە لاوێکی شەرمن و دەستەپاچە و بێوورە بوو، نەخێر زۆر گۆڕاوە و بگرە تووشی شەیدایی مەزنایـەتیش بووە(جنوونی عەزەمە) و دەڵێت من چەند پێویستیم بـە ئەمەریکایـە، ئەمـەریکا زۆرتـر پێویسـتی بـە مـن هەیە[٨٢]، لەوەش گرنگتر داوایان لێدەکات بنکە سەربازیی و هەواڵگرییەکان لەئێران بگوێزنەوە. ئیترلەو رۆژە بەدوواوە هـەردوولا لەیـەکتر دەکەونـە گومـان و سـیخوریکردن بەسـەر یەکترییـەوە، ئێـران لـە باڵوێزخانـەی ئەمەریکا لە تاران، ئەمەریکاش لە نێو کۆشکی نیاوەراندا گەرایان دادەنا. لەو هەوڵەدا نیعمەتوڵڵای ناصری سەرۆکی دەزگای سـیخوڕیی سـاواك تـووانی کارمەنـدێکی باڵوێزخانـەی ئەمـەریکا لـە تـاران بکرێـت، نـاوە نهێنییەکەی (حافظ) بوو، بەڵام ئەوەی شای ئێـران و رژێمەکـەی نارەحـەت کردبـوو، مەترسـیی راسـتەقینەو راستەوخۆی هەبوو، پتر لە هەر هەموو زانا گەورەکانی شیعە لە ئێران، زانایەك بوو بـە ئایـەتوڵڵا خومـەینی دەناسرا و شا نەیدەزانی چـۆن لـەناوی ببات.خومـەینی لـە رۆژی ٢٠ ی جـەمادی یەکـەمی صـاڵی ١٩٠٢دا هاتۆتە دنیاوە، کە رێکەوتی هەمان رۆژی لەدایك بوونی فاتیمەی زەهرای کچـی پەیامبـەر دەکـات، نازنـاوی خومەینی لە گوندی (خومەین)ەوە پێوەی لکاوە، کە تێیدا لەدایك بووە. گوندی خومەین لە ئێران٨٠ میل لە باشووری شاری (قوم)ی پیرۆزەوە دوورە.خومەینی نەك هەر خـۆی، مسـتەفا موسـەویی باوکیشـی زانایـەکی ئاینیی بوو، راستەوخۆ وئازایانە داکـۆکیی لـە مافـە پێشـێلکراوەکانی جوتیـارانی ئـەو دەڤـەرە دەکـرد دژی دەرەبەگە چاوچنۆکەکان. ئـەوانیش هـەر ئەوەنـدەی هـەلێکی لـەبار هەڵدەکـەوێت بەفـەرمانی دەرەبـەگێکی دەڤەرەکە و بەدەستی چڵکاوخۆرەکانی تیرۆر دەکرێت، دایکیشی صاڵی ١٩١٨ دەمرێت و خومەینی بێ دایك و باوك، دوو سەرە هەتیو دەکەوێت.

خومـەینی هـەر لەوکاتـەوەی گەیشـتە پلـەی ئایەتوڵڵا،دەگاتـە چـەند ئـەنجامێکی ترسـناك و بانگەشـەی ئەوەیدەکرد پێشەواکانی ئیسلام (١٢ ئیمامەکە) لە ووناکی درووسـتبوون، فریشـتەکانیش بـە پلـەو پایـەی ئەوان ناگەن چ جای شاکان و سوڵتانەکان و فەرمانڕەواکان، زانا گەورەکانیش نوینەری پێشەواکانن چونکە لـە هەمووان چاکتر لە شەریعەت تێدەگەن و شیکاریدەکەن. محەمەد حەسەنەین هەیکەل لە خومـەینی دەپرسـێت (زانای مەزن (فەقیە) چۆن دەتوانێت لە ئابووریی و بۆشایی ئاسمان تێبگات؟ لـە وەڵامـدا دەڵێـت ئـەی شـا و سەرۆکەکان و ئەفسەرێك کە بەتۆپزی دەست بەسەر دەسـەڵاتدا دەگرێـت چـی لـە ئـابووری و بۆشـایی ئاسمـان تێدەگات. زانای ئاینیی پێگەیشتوو هیچ نەبێت لە شەریعەتی یەزدان دەزانێت، بەڵام ئەوان نە لە شـەریعەتی مرۆڤـ و نە لە شەریعەتی یەزدان دەزانن)[٨٣].

**تیرۆرکردنی مستەفا مووسای باوکی خومەینی و مستەفای کوڕی خومەینی**

لەپاڵ ئەوەدا کە فێوداڵێکی گەورە فەرمانی تیرۆرکردنی مستەفامووسای داوە،دەنگۆیـەکیش دەڵێت رەزا چاوەش دەستی لە کوشتنەکەدا هەیە، کاتێك لە هێزەکەی قەفقاسـدا بوو،گـەر ئـەوە راسـت بێـت، ئـەوە رەزا چاوەش، باوکی خومەینی کوشتووە و حەمە رەزای کوڕیشی، مستەفای کوڕی خومەینی لە صـاڵی ١٩٧٧ دا کوشت، کە بەناوی باپیرییەوە ناونرابوو.خومـەینی صـاڵی ١٩٢٧ لـە تەمـەنی ٢٥ صـاڵیدا خەدیجـەی کچـی مامۆستاکەی دەخوازێت کە تەمەنی هێشتا ١٤ صالاَن بوو.

خومەینی پلە و قۆناغەکانی خوێندنی پێگەیاندنی زاناکانی شیعەی هـەتا پلـەی (آیـة الله) بڕیبـوو، بـەڵام نەگەیشتبووە دوواهەمین پلە، کە (آیة الله العظمی)یەو ئیتر دەبێتە مەرجەعی دینیـی و مریـدەکانی هـەموو کاروبارێکی ئاینیی و رامیاریی خۆیان دەخەنە بەردەستی .هەر زانایـەکی شـیعە گەیشـتە ئـەو پلەیـە، هـیچ دەستەڵاتێکی ئێران و تەنانەت خودی شای ئێرانیش ناتوانێت فەرمانی دەستگیرکردنی بدات، ئەمە لە یاسای بنەڕەتیی صاڵی ١٩٠٦ی ئێراندا دانی پێدانراوە.خومـەینی هەرلـە سـەردەمی مێرمنداڵییـەوە قۆناغـەکانی خوێندنی ئاینیی لە پلەی بەرەتییەوە(طالب العلم) دەسـت پێـدەکات، ئەمجاپلـەو قۆناغـەکانی مجتهـد، مبلـغ الرسالة، حجة الأسلام، آیة الله و پلەی کۆتاییش پلـەی (آیـة الله العظمـی) یـە. هـەر بـەپێی ئـەو سیسـتەمی خوێندنەش:

١- ناشێت لەیەك کاتدا پێنج زانا لە پلەی کۆتاییدا بن ( پلەی مەرجەعییەت).

٢- گەیشـتن بەپلـەی مەرجەعییـەت پێویسـتی بـە پشـتگیری هـەموو زانـا هـەرە گەورەکانـە (آیـات الله العظمی)کان کە لە ژیاندان.

٣- جگە لەو مەرجەش پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی بەنرخ پێشکەش بکات وەك نامەی دکتۆرا.

خومەینی بەشێوەیەکی ئاسایی نەگەیشتە دووا پلە، بەڵکو بۆ ئەوەی نەکەوێتـە زیندانـەکانی شاهەنشـاوە، (آیات الله العظمی)کان پلەیەك بەرزیانکردەوە و نامەی دکتۆراکەشیان پەسـەند کـرد، کـە لـەژێر ناونیشـانی رێگاکردنەوە یا ئازادکردنی ئامراز (تحریر الوسیلة) نووسیبووی[٨٤].

خومەینی زانایەکی پڕ بوو، ئازا و نەترس و راستگۆ، لە گفتوگۆدا ئاشکرا و بێپـەردە دەدوا، لـە خـواردن و نوستن و ژیانی رۆژانەیدا سادە و ساکار بوو، دووای نوێژی بەیانی دەنوستەوە کە هەڵدەستا وەك بەرچایی نان و هەنگوینی دەخوارد، بەر لە نیوەڕۆژەش هەندێك ئاوی پرتەقاڵی دەخواردەوە، خۆراکی نیوەڕۆژەشی پلاوی بـێ رۆن و گۆشتی کولاو بوو، دوای هەرژەمێکیش سەرخەوێکی دەشـکاند و لـە ژیانیشـیدا هەرلەسـەر دۆشـەك و لەسەر زەوی دەنووست، زۆر حەزی لە خواردنی کاڵەکە زەردەی ئێران دەکرد، لە هەموو ژیانیدا تـەنها جارێـك تەلەفۆنی بەکارهێناوە، ئەویش بەوهۆیەوە براکەی لە ئێران لەسەرەمەرگدا بوو، حەزیدەکرد بۆ دواجـار گـوێی لە دەنگی بێت[٨٥].

وەك هەوڵێك بۆ بێدەنگ کردنی خومەینی و دوورخستنەوەی لە دەست خستنە کاروباری رامیاریی وڵاتەوە، صاڵی ١٩٦٣ نوێنەرێکی کۆشکی شا، پێشنیارێکی دەخاتـە بـەردەم: بۆچـی خـۆت بـە سیاسـەتەوە خـەریك دەکەیت کە هەمووی درۆ و تەڵەکەبازیی و دووفاقیە، واز لـەو کـارە بهێنـە بـۆ ئێمـە. خومـەینی بـەم جـۆرە وەڵامی دایەوە: سیاسەت بەوپێیەی ئێوە دەیکەن، راستە وەهایە بەڵام سیاسەتی ئیسلامیی وەها نییە[٨٦].

دوواتریش حەمە رەزا شا، نوێنەری تایبەتیی خۆی دەنێرێت داوای لێبکات لـە وتارەکانیـدا دەربـارەی شـا،

ئیسرائیل، ئەمەریکا نەدوێ، لەوان بترازێت، سەربەستە. خومەینیش رۆژی دواتر لە مزگەوتی فاتیمەی زەهراوە لە قوم بەمجۆرە وەڵامیدایەوە: تۆ چیت؟ خۆ عەلی نیت. مرۆڤێکی، هەڵە بکەیت، دەڵێم هەڵەت کردووە، چاکیش بکەیت دەڵێم چاکت کردووە، ئەی باسی ئیسرائیل بۆ نەکەم، دایکت جولەکەیە یان باوکت؟ ئەمەریکاش ئێمەی ژێر دەست کردووە، چۆن باسی ناکەم.ئەم هەڵوێستە زۆر شۆڕشگێڕانەیەی زانایەکی ئاینیی بانگەوازی شەڕ بوو دژی شا. گەلانی ئێرانیش دەبێت خۆیان ساغ بکەنەوە، دژی شای ئێران و رژێمەکەی یا لە تەکیدان، بۆیە خومەینی رووداکاتە زاناکان و دەڵێت: پاڵدەن بە ئێمەوە ئەگینا لەوان خراپترن، ئەگەر دەنگی نارەزایی بەرزنەکەنەوە مانای ئەوەیە داوتانەتە پاڵ شەیتان. دووەم هەنگاوی شۆڕشگێڕانەشی ئەوەبوو کۆتایی بە تەقیە (تقیە) هێنا کە بریتییە لە شاردنەوەی بیروباوەڕ و نیازی راستەقینەی شیعەکان لە ترسی جەورو ستەمی زۆرداران کە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئومەوییەکانەوە شیعەکان بەرەزامەندی زاناکانیان (فەتوای نهێنی) وەك رێگە چارەیەك بۆ پاراستنی سەروماڵ پەیڕەوییان دەکرد.خومەینی دەڵێت: لە ئەمڕۆ بەدوا دەست لە (تقیە) بەربدەن.

ساڵی ١٩٦٣ تاڵە مووەکەی نێوان خومەینی و شا دەپچڕێت و لەوەدابوو دەستگیری بکەن، بەڵام زانا هەرە بەرزەکانی قوم بۆ ئەوەی شا دەستەڵاتی دەستگیرکردنی خومەینی نەبێت، بڕیار دەدەن پلەی (آیـة الله العظمی)ی پێبدەن، ئیتر شای ئێران هەرئەوەندەی دەستەڵات هەبوو لە وڵات دووریخاتەوە، ئەوەبوو هەر ئەو ساڵە و لەتەمەنی ٦٣ ساڵیدا فڕێیدایە سەر سنووری تورکیا و لەوێشەوە هەرچۆنێك بێت خۆی گەیاندە شاری نەجەف لە عێراق. ساڵی ١٩٧٤ سەرۆك کۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر داوای لێدەکات پشتگیریی خۆی بۆ عێراق رابگەیەنێت دژی ئێران، بەڵام خومەینی داواکارییەکە دەداتە دواوە، کە نیشانەیەکی بەڵگەنەویستی سەربەخۆیی خومەینی بوو کە نەدەچووە ژێرباری گوشاری هیچ دەسەڵاتێکەوە، ئەگینا هەر نەبێت ئەویش ئەوەندەی رژێمی عێراق دوژمنی شای ئێرانە، بەڵام بەفەرمانی بەغدا ئەو دوژمنایەتییە ناکات.

دوای رێکەوتنەکەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ی نێوان صەدام حسێن و حەمە رەزا شای ئێران، شا گلەیی لە عێراق دەکات کە چالاکییەکانی خومەینی پێچەوانەی رێککەوتنەکەیە، بۆیە سەعدون شاکری بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی عێراق کە دوواتر بوو بە وەزیری ناوخۆ بە خومەینی دەڵێت: یا ئەوەتە بانگەوازی بەرپابوونی شۆڕش بکە لە ئێران، یا لە عێراق دەچێتە دەرەوە.ئاشکرایە خومەینی بەجێهێشتنی عێراق بەچاکتر دەزانێت لەوەی بە فەرمانی بەغدا شۆڕش لە ئێران هەڵگیرسێنێت، بەڵام شای ئێران ئەم هەنگاوەی بەغدا بەچاك نازانێت، داوایان لێدەکات رێگەی نەدەن بڕوات و رێگای چالاکیی سیاسیشی لێبگرن! صەدام حسێن لە وەڵامدا دەڵێت ئەوە مانای ئەوەیە پەلبەستی بکەین، ئەوەش ناکرێت،لەگەڵ ئەوەشدا رژێمی بەعسییەکانی بەغدا هەندێك هەڵوێستی منداڵانە دەنوێنێت دژی خومەینی، وەك ئەوەی لە رۆژنامەکاندا بڵاویان کردەوە چەند مانگێك لەسەریەك کرێ خانوو، پارەی ئاوو کارەبای ئەو خانووەی نەداوە کە بەکرێی گرتووە و خاوەنی خانووەکە لە دادگادا شکاتی لێکردووە و بەبڕیاری دادگا خانووەکەی پێ چۆڵکردووە.

خومەینی ئەم جارەیان خۆی لەسەر سنووری کوێت بینییەوە، بەڵام میری کوێت، رێگەی پێنادات بێتە ناوەوە، بەوبیانووەی، ئێمە دەزانین نیازی چیت هەیە، بۆیە بەناچاری دێتەوە نەجەف و لە بەغداوە سواری

فڕۆکەیەکی دەکەن بۆ دیمەشقی پایتەختی سووریا، شای ئێرانیش لای خۆیەوە لێبووردنی بۆ دەرکرد، بەڵام قوتابیە شۆڕشگێڕەکانی ئێران لەدەرەوەی وڵات توانییان مافی شەش مانگ مانەوەی لە فەرەنسا بۆ وەربگرن. بەمجۆرە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٧ لە پاریس دەنیشێتەوە و لەناوچەی (نۆڤل لۆشاتۆ)ی نزیک پاریس لە خانوویەکی بچکۆلەی ئاساییدا نیشتەجێ دەبێت و هەتا ئەو ڕۆژەی بەفڕۆکەیەکی تایبەتی گەڕایەوە ئێران، سەری لەو خانووە نەهێنایە دەرەوە[٨٧]. بەڵام چالاکییەکی دەست پێکرد کە دەتوانین بە شۆڕشی کاسێت ناویبەرین، بڕیارو راسپاردەکانی خۆیی لەسەر کاسێت تۆمار دەکرد و دەیناردەوە بۆ ئێران و بەهۆی مستەفای کوڕیەوە دەگەیشتنە ناو ئێران و بڵاودەکرانەوە، بەڵام مستەفا، هەر ئەو ساڵە ١٩٧٧ دەکەوێتە دەست هێزەکانی ساواك و دەیکوژن. لەسەرانسەری ئێراندا پرسە و ماتەمینی بۆ دانرا، بەڵام ئەوەی لە شارەکانی قوم، تەوریز و ئەسفەهان بۆیکرا، برووسکە و چەخماخەی دەدا. لە ڕۆژی چلەی مستەفادا، خومەینی دەڵێت: یادی مردنی کوڕەکەمان کردەوە، فرمێسك رشتن بەسە، لە ئەمڕۆوە ئیتر کەس سەرەخۆشیم لێنەکات، پێویستمان بەکارو کردەوە هەیە. دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بیستراوو بینرا و خوێندراو، بەجۆرێك لە خومەینی کۆدەبنەوە هەرچییەکی دەکرد و دەوت وەك گرنگترین هەواڵ پەخش دەکرا و یەکەمین لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی داگیردەکرد، ئەویش ماندوو نەدەبوو، سەلماندیشی هیچ کاندیدێکی پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا ئەوەندەی ئەو ووریا و لێهاتوو نییە لەگەیاندنی دەنگی خۆیدا بەشێوەیەکی کاریگەر. لەماوەی سێ مانگدا نزیکەی ٥٠٠ پێنج صەد چاوپێکەوتنی لەگەڵ میدیاکاندائەنجامدا، سەیر لەوەدا بوو ڕۆژنامەکانی ئێرانیش ئەو هەواڵەیان بڵاوکردەوە کە ئایەتوڵڵاخومەینی گەیشتووەتە پاریس و لەوەش سەیرتر، چەند کرێکارێکی چاپخانە، وێنەیەکی خومەینی لەرۆژنامەی (اطلاعات)دا بڵاودەکەونەوە بەبێ ئاگاداریی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە!

کاسێتەکانی خومەینی کاری خۆیانکرد،دەنگی بێزاری و خۆپیشاندان و بمریٚ شا دەستی پێکرد، شا وەزارەتەکەی عەباس ئەمین هویدا هەڵدەوەشێنێت و (شریف أمامی) رادەسپێرێت کابینەیەکی نوێ دامەزرێنێت و بەرنامە سیاسییەکەی بریتی بوو لە:

- هاودەنگیی نێوان چینەکانی گەل.
- ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان.
- بەرزکردنەوەی مووچەی کارمەندان بەرێژەی ٤٠٪.
- ڕێگەدان بەکار و چالاکیی پارتە سیاسییە شەرعییەکان.
- سەرلەنوێ هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەل.
- ڕێزگرتنی مافەکانی گەل، هەڵمەتی پاکسازیی دژی گەندەڵی. -
- گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی صالژمێری کۆچی لە جێگەی صالژمێری بیانی.

بەڵام هەفتەیەکی نەبرد گەورەترین خۆپیشاندان لە مێژووی ئێراندا ڕوویدا، ١٠٠٠٠٠٠ مرۆڤ دەڕژێنە سەرشەقامەکان و داوای داگرتنی شا، دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی و گەڕانەوەی خومەینی دەکەن و هەزارەهایان کەوتنە بەر دەستدرێژی تفەنگی سەربازەکان، بەڵام خومەینی بە خۆپیشاندەرەکانی دەوت (لەگەڵ سەربازەکاندا بدوێن، تێیانبگەیەنن، سنگتان ڕوتکەن بۆ گوللەی تفەنگەکانیان، نەکەن تەنانەت

بەردێکیشیان تێگرن)[٨٨].

خومەینی ئەوەندەی لەگەڵ سوپادا نەرم بوو، ئەوەندەش لەگەڵ شا و بنەماڵەی پەهلەویدا توندوتیژ بوو، دەرکردنی خێزانی پەهلەوی لە ئێران، هەرهەموویان، گەورە و بچووك، دەکاتە دروشمێکی نوێ ئەمجا روو دەکاتە لەشکری ئێران و دەڵێت: تەقەتان کرد، زۆر چاکە، جارێکی دیکەش تەقە بکەن، ئەوانە براتانن سنگی دەدەنە بەر و لە یەزدانیش دەپاڕێنەوە لێتان خۆش بێت) [٨٩]. لەمانگی دیسەمبەردا هەڵچوونی جەماوەر گەیشتە رادەیەك ژمارەی خۆپیشاندەران گەیشتە ٤٠٠٠٠٠ مرۆڤ و بێ پەروا و سڵکردنەوەش سنگیان دەنا بە گوللەوە.

خومەینیش زمانی ئاخاوتنی لەگەڵ سوپادا کەمێك دەگۆڕێت (ئێوە دەمانکوژن، ئێمە لێتان ناگرین، بەڵام وورِیای ئەو راستییەش بن کە هەموو رۆژێك ژمارەیەکی زۆرتر شەهید دەکەن)[٩٠].

ڕۆژی١٣ی دیسەمبەر،ئەردەشێر زاهیدی خۆپیشاندانێك بەسەربازو ئەفسەرە خانەنشینەکانی سوپا و ئافرەتە دەوڵەمەندە فەرو لەبەرەکان سازدەدات دژی خۆپیشاندانی جەماوەر و بەشەقامەکانی تاراندا دەسوڕێنەوە، هەرچەند هەندێکیان لە ئۆتۆمبیلەکانیان دانەبەزین، ئەردەشێر دانیشتوانی ناچاردەکرد وێنەکانی شا، سەرلەنوێ هەڵبواسنەوە وبەهەر جۆرێك دەیانەوێت پشتگیریی خۆیان بۆ شاهەنشا رابگەیەنن، بەڵام شا، دەزانێت کار لە کارترازاوە، بۆیە پێی دەڵێت رۆژانی سەردەمی ساڵی ١٩٥٣ بەسەرچوون کە دەمانتوانی هەرکەسێك لەو سەرشەقامانە بە دوو تمەن بکڕین، ئەوکاتە هەژار بوون، بەڵام ئەمڕۆ کام کەچە دووکاندار دەگرێت سێ چوار ملیۆن تمەنی هەیە.

شا، لە باڵوێزی ئەمەریکا لە تاران، سۆلڤان دەپرسێت، هیچ چارەسەرێك نییە جگە لە دامەزراندنی حکومەتێکی سەربازیی، ئایا واشنتۆن دەڵێت چی؟ ٢٩دیسەمبەری١٩٧٨ کابینەیەکی سەربازیی بەسەرۆکایەتی شاپور بەختیار دامەزرا[٩١]. شا، لە رادیۆی تارانەوە وتارێك بۆ جەماوەری راپەڕیو دەدات: پەیامە شۆڕشگێڕانەکەتانم وەرگرت: پەیمانتان پێدەدەم هەڵەکانی رابردوو چاك بکەم و قەلاچۆی گەندەڵی و زۆرداریی بکەم و کابینەیەکی نەتەوەیی دامەزرێنم و هەڵبژاردنێکی ئازاد ئەنجام بدەم. ئەم دەستەڵاتی سەربازییەش کاتییە هەتا ئەو کاتەی پەیڕەوکردنی یاسا و ئازادی سەقامگیر دەبن.[٩٢]ئەمەریکا لەمەڕ ئەم هەنگاوانەی شای ئێران، لە زمانی جێمی کارتەرەوە دەڵێت:

شا هەنگاو دەنێت بەرەو ژیانی دیموکراتیی، بەڵام نەیارەکانی رێگەی لێدەگرن.خومەینی دەستوبرد، وەڵامی شا دەداتەوە، کابینەی سەربازیی هەڕەشەی شەڕی نێوخۆیە لە نێوان سوپا و گەلدا، ئێمە نەك ئێستا، هەمیشە لە ژێر دەستەڵاتی سەربازییدا بووین، جاران بەنهێنی فەرمانڕەوابوون و ئێستا خۆیان ئاشکرا دەکەن.شای ئێران جارێکی دیکەش دەست شلدەکات، ژمارەیەك لە سەرانی رژێمەکەی دەستگیر دەکات بە تۆمەتی گەندەڵی وەك ژەنەڕاڵ ناصریی، ئەمیر عەبباس هوەیدا و ٤٥ فەرمانبەری بەرزی دەوڵەت و بازرگانە گەورەکان (بزنس مان). جگە لەوەی بڕیاریش دەدات لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بە چالاکییە بازرگانییەکانی خوشك و براکانی و دامەزراوەی پەهلەویشدا بچێتەوە و بەچاوی ووردبینیی تۆمارەکانیان بپشکنێت.! وەڵامی خومەینی ئامادەبوو: ئەو کەسەی پێویستە بدرێتە دادگا، خودی شا خۆیەتی، بیدەن بە دادگا، ژەنەڕاڵ ئەفشار ئەمینی کە پیاوی کۆشك و بەڕێوەبەری بیرۆی تایبەتی شا و ئەڵقەی پەیوەندی نێوان شا، ساواك و

سوپا، هیوابڕاو بوو،هیچی لەتوانادانەبووحگەلەوەی راستیی رووداوەکانی لە شا دەشاردەوە، جا لە دڵسۆزیی بوو یا لە بێهودەیی. شای ئێران پەکیکەوتبوو، ئاگاداری رووداوەکان نەبوو، نە بیرۆ تایبەتییەکەی خۆی، نە ئەمەریکاییەکانیش خۆیان بەوەوە ماندوو دەکرد ئاگاداری بکەن چی لە دەوروپشتیدا روودەدەن، تەنانەت کە ئەمەریکا ژەنەراڵ هوێزەر دەنێرێت بۆ تاران، شا ئاگاداری هاتنەکەی نەبوو، ئەویش هەوڵی چاوپێکەوتنی شا نادات.

خومەینی لەوە دڵنیا بوو جڵەوی کاری کەوتۆتە دەست، ئیبراهیم یەزدی دەکاتە نوێنەری تایبەتیی خۆی لە تاران، یەزدی نیشتمانپەروەرێکی خاوەن ئەزموون بوو، لەسەردەمی دەستەڵاتی دکتۆر موصەدیقیشدا ١٩٥٠ — ١٩٥٣ بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی ئێران بوو.خومەینی، یەزدی راسپارد بوو، لە خوارووی وڵات لە هەرێمی بیرەنەوتەکاندا، مانگرتنی کرێکارانی نەوت رێکبخات، کرێکاران مانگرتنێکی سەرکەوتوویان ئەنجامدا، بەرهەمی نەوت لە ٥.٢ ملیۆن تەنەوە هاتە خوارەوە بۆ ١.٥ ملیۆن تەن، ئەمەریکا چۆکی لەرزی، بەڵام شا و سوپاکەی چۆکیاندادا.

١٢/ نۆڤەمبەر کۆنسوڵی ئەمەریکا،سولیڤان لە تاران بروسکەیەك بۆ وەزارەتی دەرەوە دەنێرێت (پاشماوەی رۆژەکانی شا بەپەنجە دەژمێردرێن، پێویستە بۆ (دوومان ـ جێگرەوەـ بەدیل)ێك بگەڕێین.شای ئێران هەر لە دەرەوە لێی نەقەومابوو، لەنێو خێزانەکەشیدا ئەوەندە کێشە و ناکۆکی زۆربوون، شیرازەی خێزانەکەشی تێکچێت، شابانوو فەرەح پەهلەوی هەوڵیدەداکوڕەکەی بکاتە شای ئێران، شاهەنشاش دەترسا ئەگەر دەست لە تەخت و تاج هەڵبگرێت بە ترسنۆکیی لێکبدرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی فەرەح زۆرێکی زۆری لە ناپاکیی و داوێن پیسیی مێردەکەیی دەزانی و لەگەڵ ماڵە خەزووریشدا دەمێك بوو ناکۆك بوون، بەداخ و پەژارەوەدەیگوت(نرخی من لای ئەوان تەنها ئەوەندەبوو نێرینەیەکیان بۆ بەرهەم بهێنم، وەك مانگا بۆ زاووزێ). شا سێ رێگای لەبەردەمدا مابووەو سووکە هیوایەك ببەخشێت:

١- چاکسازیی و هەندێك ئازادی بۆ گەل.

٢- لێدانی راپەڕینەکە بەئاگر و ئاسن.

٣- مۆڵەتێکی درێژ وەربگرێت و کاروباری وڵات بداتە دەست لیژنەیەکی چاودێریی بەسەرۆکایەتی فەرەح پەهلەوی هەتا باروودۆخەکە هێور دەبێتەوە و لەکاتێکی گونجاودا بگەڕێتەوە. ئەگەر هاتوو هەلومەرجەکەش ئاڵۆزتر بوو، فەرەح لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە هەتا کوڕەکەی پێدەگات. بەڵام کات درەنگ بوو بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی، شیرازەویەکریزیی سوپاش بەرەو شلۆقیی ولاوازی دەچوو، رێگەچارەیەکی چوارەمیش هەبوو، بریتیبوو لە کۆدەتایەکی سەربازیی وەك کودەتاکەی ئەیووب خان لە پاکستان، ژەنەراڵێکی گونجاو جڵەوی کاربگرێتە دەست، ئەگەر حەز بەرژێمی کۆماریش دەکەن، با رژێمی شاهەنشاهی ببێتە کۆماریی و ژەنەراڵەکەش دەبێتە سەرۆك کۆمار یا سەرۆك وەزیران، ئەمە بۆچوونی ئەمەریکا بوو بەگشتیی و دەزگای هەواڵگریی سیا بەتایبەتیی هەتا دەپەرژێتە سەر لێدان و بنبڕکردنی راپەڕین و راپەڕیوەکان.

فەرەح پەهلەوی ئاگاداربوو لە دەرەوەی کۆشك چی روودەدات، هەموو ئەو زانیاریانە دەخاتە بەردەستی شا، کە لەخزم و کەسوکارو هاوڕێکانییەوە پێیدەگەیشت، بەڵام شا بایەخی پێنادات و دەڵێت من سەرچاوەی تایبەتیم هەیە زانیاریم پێدەدەن، خزمەکانت بەهەڵەدا چوون. دوای تکا و پاڕانەوەی فەرەح، شا، بە نابەدڵی

نۆکەرە پیرەمێردەکەی بەردەستی دەنێرێتە ناو تاران بۆ زانینی راستیی و ناڕاستیی هەواڵەکان، کـە گەڕایـەوە وتی بەڵێ قوربان خەڵك لە سەرشەقامەکان هاوار دەکەن، دیارە کۆمۆنیستە بەکرێگیراوەکانن، لەگەڵ ئەوەشدا شا، بەفەرەح دەڵێت ترسو دڵەڕاوکەکەت لە جێگەی خۆیدا نەبوو، شتێکی وەها گرنگ لە ئارادا نییە! فـەرەح کە ئەمە دەبیستێت دەداتە پڕمەی گریان.

شا بڕیاریدا باروودۆخی شەقامی تاران بەچاوی خۆی ببینێت، لەگەڵ فرۆکەوانە تایبەتەکەیـدا بەکۆپتـەرێك بەسەر پایتەختدا دەسووڕانەوە، بە سەرسوڕمانەوە وتی: ئەم هەمـوو حەشاماتە لە دژی من خۆپیشان دەکـەن؟ فرۆکەوانەکە هیچی نەوت، بەڵام ئەو هیچ نەوتنە هەمـوو شتێك بوو بۆ تێگەیاندنی شا لە راسـت و دروسـتیی بارودۆخەکە،ئەمجا پەستیی و بێ هیواییەك دایدەگرێت و لە قـووڵایی دەروونـەوە هەسـتدەکات کـەس دۆسـتی نییە و تاك و تەنها ماوەتەوە، باوەڕی بەهیچ کەسێك نەما، بڕیاریدا رێگە بە شابانوو فەرەحیش نەدرێت بێتە بەشی تایبـەتیی شـا لـە کۆشـك هـەتا نەپشـکنرێت! کاتێـك شـابانوو زۆر بـە پێویسـتیی دەزانـی چـاوی بـە شابکەوێت، دەبینێت دەرگاکان داخراون و ئەفسەرێك بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە لە فرمانەکەی شا ئاگـاداری دەکات، شابانوو کـە ئـەوە دەبیسـتێ پاشـەوپاش دەگەڕێتـەوە، بـەڵام زۆرینەخایەنـد دووبـارە دەگەڕێتـەوە و بەئەفسەرەکە دەڵێت: فەرموو بمپشـکنە، ئەفسـەرەکە لـە شـابانوو دڵگـرانتر بـوو، پەنجـەی بـۆ درێـژ نـەکرد، دەرگاکان دەخاتە سەرپشت و بە هەنسکەوە دەڵێت: تکایە بەڕێزتان بفـەرموون. شـا لـەم بارودۆخـەدا دەژیـا، کەچی لیژنەیەکی سەربە کۆنگرێسی ئەمەریکا کە چاودێریی چالاکییەکانی (سیا) دەکـات لـە ١٩٧٨/٩/٢٨ دا نووسیویەتی (بەلای کەمەوە هەتا دە ساڵی داهـاتوو هـیچ مەترسـییەك رووبـەڕووی شـا نابێتـەوە و هـیچ هێزێکی نەیاریش ناتوانێت بەرامبەر سوپاکەی بووەستێت کە سەرچاوەی شەرعییەتی دەستەڵاتەکەیەتی).

تەقینەوەی ریستورانتێکی گەورە کە زۆربەی میوانەکانی ئەمەریکایی بوون، تارانی پایتەخت دەهـەژێنێت و قوربانیی زۆریشی لێدەکەوێتەوە، دووای ئـەوەش هـۆڵی سـینەمای عـەبادان گڕدەگرێـت و ٤٣٠ بینـەر لـە هۆڵەکەدا دەسوتێن.

لە وەڵامی هەڕەشە و گورەشەکانی شا و خۆگیڤکردنەوەی هێزەکانی سوپا و دەزگای هەواڵگریی ساواك کـە وەك سەگی چوارچاویان لێهاتبوو، خومەینی بـە شـا دەڵێـت: خـۆم بـۆ هاشەوهوشـە و هەڕەشـەکانت ئامـادە نەکردووە، بەڵکو بۆ ئاگری چەکەکانت، گوێ لە ئامۆژگاریەکانم رابگرە، گوێ لەوانە رابگرە بەرژەوەندی گەل و وڵاتیان مەبەستە، هەی دەردەداری بێچارە و نەگبەت گوێ بگرە، ٤٥ ساڵ تەمەنتە، چیت بۆ ئەم وڵاتە کـرد، کەڵکێك لەچارەنووسەکەی باوکت وەربگرە چی بەسەرهات، تۆ کە خۆت کۆنە پارێزێکی رەشیت چۆن ئێمە بـە کۆنە پارێز تاوانبار دەکەیت .

ساڵی ١٩٧٩ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، سایرۆس ڤانس لەگەڵ ئیبراهیم یـەزدی(یّزدی) کۆدەبێتـەوە بـەو مەبەستەی پێی بسـەلمێنێت بـەلای ئەمـەریکاوە ئێرانـی حەمـە رەزا شـا کۆتـایی هـاتووە، ئێمـەش بـەهۆی مەترسیی رووسەکانەوە هاوپەیمانی سروشتیی ئێوەین، رێز لە شۆڕشی پیشەواکەی دەگرین، لاپەڕەیەکی نوێش دەکەینەوە و دەمانەوێت بزانین پێشنیازو داخوازی ئێوە چییە. بەڵام راستی نەدەکرد، زانیارییەکانی (حـافظ) ئەوەی دەسەلماند لە ژێرەوە خەریکن مافی پەناهەندەیی بدەن بـە شـا و پەیوەنـدییان بـە کـوردی رۆژهـەڵات و عەرەبەکانی خوزسـتان و کۆنـە ئەفسـەرانی سـوپاوە کـردووە دژی شـۆڕش راسـتبنەوە. کـورد هاوبەشـییەکی

چالاکیی لە شۆڕشەکەی خومەینیدا کرد بۆ دابینکردنی مافە ڕەواکانی شیعەکانی ئێران، بەڵام خومەینی هەڵوێستە ئاشکراو نهێنییەکانی ئەمەریکای بیرناچێتەوە و کە جڵەوی کاری گرتە دەست بەدەستێکی ئاسنین دەکەوێتە گیانیان.

مەهدی بازرگان رکەبەرێکی سەرسەختی رژێمی شا بوو هەر لە ساڵی ١٩٦١ وە لە زیندانە تاریکەکاندا دەیناڵاند، راسپاردەیەکی شای بەدەست دەگات کە ئازادی دەکەن و دەخوازن هاوکاریان بکات بۆ ئەنجامدانی داواکارییەکی شا، کە بریتییە لە (شا ئامادەیە تەنها شا بێت نەك فەرمانڕەوا و لەژێر سایەی رژێمێکی پاشایەتی دەستووریدا وەك بەریتانیا و رێگە لە خواست و ئاواتەکانی گەل نەگرێت ئەگەر گەل ئەو رژێمەیان دەوێت). [٩٣]

ئەو رۆژە رەشەی رژێمەکەی شا دووچاری هاتبوو لە روانگەی حەمە رەزا شاوە نەك بە دەستێوەردانی ئەمەریکا بەڵکو بە کۆدەتایەکی دادەنا، ئەوان بەسەریدا کردوویانە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر ناچار بوو پۆستی سەرۆك وەزیران بداتە دکتۆر عەلی ئەمین کە لە دڵەوە رقی لێیبوو، سەرەڕای ئەوەی کۆنە وەزیری سەردەمی رژێمەکەی دکتۆر موصەدیق (مصدق) و ئەمڕۆش گوێ لە مشتی ئەمەریکایە.

سەرکردایەتی ئەمەریکا پشتی بە لەشکری ئێران دەبەست و نەیدەویست هەڵیوەشێنێت بۆ ئەوەی دژی خومەینی بەکاریبهێنێت، ئەمەش پێچەوانەی ئەو سیاسەتە بوو لەگەڵ لەشکرەکەی صدام حسێن دا پەیڕەویانکردو هەربەکەوتنی صەدام، حاکمی گشتیی عێراق پۆل بریمەر لەشکرەکەی لە بناغەوە هەڵوەشاند، بەڵام کە ژەنەراڵ فەللاحی پۆستی سەرۆك ئەرکانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەرگرت و هێزەکانی پاسەوانانی شۆڕشگێڕ(پاسدار) ی دامەزراند، ئەمەریکا هیوابڕاو دەبێت و فس دەداتەوە هەتا نیازەکانی صەدام دەرکەوێت کە لێدان و داگیرکردنی ئێرانی کردۆتە هەنگاوی یەکەمی بەرنامەکانی، دەستیان بە پشتیدادا و گلۆپی سەوزیان بۆ هەڵکرد و لەگەڵ ولاتانی کەنداودا هەموو کۆمەکییەکی دارایی و سەربازیی و تەکنۆلۆژیی و هەواڵگرییان بۆ دابینکرد..

ڕاستە ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دابڕابوو وەك رژێمیش هێشتا جێگەی خۆی نەگرتبوو، بەڵام رژێمەکەی صەدام جگە لە سەرۆك کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر، زۆر بەهەڵەدا چوون کە وایاندەزانی ئێران بەکلاو دەگرن و رژێمێکی گونجاو و میانڕەوی سەربەخۆیان دێتە سەر کار، یا دەهێننە سەرکار.

سۆڤێتییەکان هەستیانکرد ئەمەریکا دەیەوێت لە ژێر پەردەیەکی دیکەدا ئەمجارەش دەست بەسەر ئێراندا بگرێتەوە، بریژنێڤ وورپای کردنەوە، (لەرێگەی سەربازییەوە دەست نەخەنە کاروباری ئێرانەوە). هەرچەند لە راستیدا (کرملین)بەرنامەیەکی دیاریکراویشیان لەبەردەستدا نەبوو، بۆ رووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکاریی و پێشهاتە نوێیەکان هەروەك ئەوەی نەزانن پێویستە چی بکەن،ئێرانی حەمەرەزاشا دوژمنێکی سەرسەخت و بەهێزو لەمپەرێکی ئەستوور و پانوبەرین بوو لەبەردەمیاندا، ئایا وەك خۆی بمێنێتەوە یا بڕوخێت و خومەینی بێتە سەرکار؟ هیچ کامیان لە بەرژەوەندی رووسیا نییە و یەك لەیەکتر خراپترن.

خێزانی شاوبنەماڵەکەی،کاربەدەستە باڵاکان و دەوڵەمەندە گەورەکان لەلایەکەوە کەوتنە رزگارکردنی سامانەکانیان و ناردنە دەرەوەی، لەولاشەوە بەناوی قەرزەوە پارەیەکی زۆریان لە بانکەکان رادەکێشا، هەرچەند بانکەکان چاك دەیانزانی ئەو قەرزانە نادرێنەوە، بەڵام نەیاندەتوانی نەیدەن، خێزانی شا بەتەنها

٧٠٠ ملیۆن لە بانکی عەمران و ٨٠٠ ملیۆنیش بەقەرز رادەکێشێت،حەمەرەزا شاش دەیویست لەو خەرمانی دورو گەوهەر و یاقوتە نایابانەی خەزێنەی شاهانە هیچ نەبێت تاجەکانی سەری خۆی وسەری شابانوو،سەری کوورەکەیان لەگەڵ خۆیاندا ببەن کە لە چەند شوێنێکی نهێنیی بانکی میللیدا دانراون لە قوڵایی ٢٠ مەتر لە ژێر زەوییەوە و بە بڕی ٥٠٠ بلیۆن دۆلاریش زامن کراون. بەڵام فەرمانبەرانی بانقەکان هەر هەموویان مانیان گرتبوو، کەسیشیان دەست نەکەوت ژمارە نهێنییەکانی ژێر زەمینەکان بزانێت. ئەو رۆژەی شا لە وڵات دەرچوو، ژەنەراڵ بەختیاریی پۆستی سەرۆك وەزیران و فەرمانـدەی گشتی سوپا وەردەگرێت، خومەینی یەکسەر لە باڵیەدات: هەرکەسێك گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بکات وەك ئەوەیە گوێڕایەڵی شەیتان بکات.ژەنەراڵ بەختیاریی زۆر باوەڕی بە خۆی هەبوو، وایدەزانی سوپا لەژێر فەرمانی ئەودایە و دەتوانێت بەربەرەکانێی خومەینی بکات و بەئاشکرا بڵێت: دەست لە (پۆستەکەم) و دەستەڵاتەکانم هەڵناگرم بۆ (آية الله خمینی) هەروەك ئەو کە دەستبەرداری پۆستەکەی خۆی نابێت بۆ من. خومەینی هەست دەکات ئەگەر نەگەڕێتەوە وڵات، بەرهەمی شۆڕشەکەی لێدەدزن.

شا دەیویست دەرچوونەکەی لە وڵات لە ژێر پەردەی زنجیرەیەك سەرداندا بشارێتەوە بۆ ئەردەن، مەغریب و میصر. بەڵام شای ئەردەن زۆر بەرێزو نەزاکەتەوە داوای لێبووردن دەکات، بەڵام محەمەدی پێنجەمی شای مەغریب و ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر بە جۆرێك پێشوازییان کرد وەك هیچ رووی نەدابێت، بەڵام شا لەناخی خۆیدا لە خەم و پەژارەدا نقووم بووبوو، لەدڵی خۆیدا دەیوت: پەرژینی درۆزن و دووڕووەکان چواردەوریان تەنیووم، ئەمەریکا و (فەرەح)ی هاوسەریشم ناپاکییان لەگەڵ کردم. سەرەتای گەشتەکەی روو دەکاتە میسر و لە (ئەسوان) دادەبەزێت و یەکسەر پێکەوە لەگەڵ ئەنوەر سادات و سەرۆکی پێشووی ئەمەریکادا کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی دەبەستێت و لە بەردەم میدیاکانی عەرەب و ئەوروپادا گلەیی لە ئەمەریکا دەکات و بەراشکاوی دەڵێت: کارتەر لە خشتەی بردم و خەڵەتاندمی. ئەو کاتەی گلەیی لەئەمەریکا دەکات و بەراشکاوی بە میدیاکان دەڵێت: کارتەر لە خشتەی بردم و بڵاویکردەوە پشتگیریم دەکات لە ژێرەوە دانوستاندنی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن دەکرد، ئەگەر گفتوگۆ و دانوستاندن بگونجایە، ئەوە خۆمان باشتر دەمانکرد. شا زۆر سوپاسی شای مەغریبیش دەکات کە ئامادەیە هێزی سەربازیی بۆ بنێرێت پشتیوانیی بکات.

خومەینی کاتی بەفیرۆ نەدەدا، هەر ئەوەندە هەواڵی راکردنی شای پێدەگات، دەڵێت: رزگاربوونمان لە شا یەکەم هەنگاوە بەرەو سەرکەوتن نەك سەرکەوتنی تەواو. داوا لە سوپاش دەکات چەکە ئەمەریکاییەکانیان وورد و خاشکەن و بە جەماوەری راپەڕیویش دەڵێت بەردەوامبن لە خۆپیشاندان و مانگرتن دژی رژێمەکەی بەختیاری.دەربارەی پێشنیارەکەی جیمی کارتەریش کە لەگەڵ بەختیاریدا هاوکاریی بکات، وتی ئەو کارە پەیوەندی بە کارتەرەوە نییە .بەختیاریی ئیتر لە توانایدا نەما خۆی لەبەردەم خومەینیدا بگرێت، بەجۆریك ژێر کەوت، هۆزی بەختیارییش دایانە پاڵ خومەینی.

ناوەندەکانی سەر بەرژێم زۆر بەگەرمی بەدووای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕان، ئایا دووای شا، کێ یا چ دەزگایەك کاروباری وڵات بەڕێوە دەبات، سوپا، لیژنەی چاودێریی، یا کابینەی وەزارەت؟ کار لەوەدا نەمابوو کێ ئەو لێپرسراوێتییە گەورەو ترسناکە دەخاتە ئەستۆی کە تەنها شکست و شەرمەزاریی لە دووایە، بۆ

لیژنەش، آیة الله منتظری دەنێرن بۆ پاریس، داوا لە خومەینی بکات ئەندامانی لیژنەکە دیاری بکات، بەڵام خومەینی گوێی لەو بابەتانە نەدەگرت. دەمێنێتەوە سوپا، ئەویش ئەمەریکا بوو بووە نوێنەر و دەمڕاست و ژێر بەژێر لە گفتوگۆ و رێککەوتندا بوو لەگەڵ سەرانی راپەڕینەکە و رێگەی بەخۆیدا بوو گفتوو بەڵێنیشیان بداتێ.نوێنەری تایبەتیی کۆشکی سپی، هوێزر، لە بنی هەمانەکە دەدات و بەئامادەبوونی سۆلیڤان راستەوخۆ بە شا دەڵێت: (گەورەم، کەی ئۆغر دەکەن، ئایا کاتێکتان دیاریکردووە؟).

لاپەرەکان ٢٣٥ ـ ٢٣٦ شێچوابوو، راستکراونەتەوە!

دواتر شای ئێران بێئەوەی شەرم بکات لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەمەریکا ئامادەیە وەك مشکی تۆپیو تووڕم بدات، ئەوەی لەیاد نەمابوو لە دوارۆژەکانیدا، ئەویش نامەردانە پەنابەرە رووسەکانی پەنایان بۆ ئێران هێنابوو، رادەستی رووسیا کردەوە.

شا، ماوەی پێنج رۆژان لە ئەسوان ـ میصر دەمێنێتەوە و رۆژی ١/٢٢ روو دەکاتە مەراکیش، پێنج رۆژان لەوێش بمێنێتەوە و ئەمجا بچێت بۆ ئەمەریکا، بەڵام هەواڵێکی ناخۆشی لە ئەردەشێر زاهیدی زاوایەوە (مێردی کچەکەی) پێدەگات کە دەستەڵاتدارانی ئەمەریکا بیریان گۆڕیوە و حەز بەهاتنی ناکەن، چاکتر وەهایە بمێنێتەوە. بەڵام خۆپیشاندانی نارەزایی خوێندکارانی مەغریب دژی (سەردانەکە)ی شا و کاریگەری ئەفسووناوی شۆڕشەکەی ئێران لە دڵ و دەروونی موسوڵمانان مەترسییەکی گەورە بوو بۆ سەر هەر ولاتێك دالدەی بدات، شا ناچار بوو یەکێك لە پیاوەکانی بنێرێتە لای شا حەسەنی پێنجەم، ئاگاداری بکات کە (بەردەوام لە پەیوەندیدایە لەگەڵ هێزە دڵسۆزەکانی گاردی شاهانەدا و هەموو چرکەیەك چاوەڕوانی هێمای گەڕانەوە دەکات بۆ ولات، بۆیە ئێستا بەکاتێکی گونجاو نازانێت بۆ چوونە ئەمەریکا و لەوێوە بگەڕێتەوە ئێران کە وەها لێکدەدرێتەوە بە پشتیوانیی ئەوان گەڕاوەتەوە، شا حەسەن راستەوخۆ هیچی نەوت، بەڵام نوێنەرێکی نارد، ئاگاداری بکات، دەمانەوێت مافی پەنابەرێتی بدەینێ، بەڵام بەداخەوەین کە گۆڕانکارییە گەورەکان رێگەمان پێنادەن.

دۆستەکانی شا، داڤید، رۆکفلر، هنری کیسنگەر سەریانهێناو سەریانبرد، پەناگەیەکیان بۆ نەدۆزرایەوە جگە لە ولاتی مەکسیك ئەو لێقەوماوە بگرێتە خۆی، بەڵام دەستەلاتی شۆڕش ئەو رێگەیەشی بەست، پاسپۆرتە شاهەنشاییە بەرگ شینەکانی لەکارخست کە شاو خێزانەکەی پێیان بوو، مەغریبیش پاسپۆرتی بۆ نەکردن، شابانوو فەرەح پەهلەوی، تەلەفون دەکات بۆ سەرۆکی لیژنەی فریاکەوتنی پەنابەران ـ سەر بە رێکخراوی نێونەتەوەیی (یوو ـ ئێن) لەشاری جنێڤ و دەڵێت: من شابانوو فەرەح پەهلەویم، ببورن پەکمان کەوتووە بۆ پاسپۆرت تا بچینە مەکسیك، دەکرێت یارمەتیمان بدەن؟ هەروەها ئەوەشی پێدەڵێت کە شازادە ئەشرەف پەهلەویش بەردەوامە لە پەیوەندیدا بە (کۆرت ڤالدهایم )ی سەرۆکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (یوو ـ ئێن) ەوە بۆ هەمان مەبەست و هیوادارە هەر وەك پەنابەر پاسپۆرتی تایبەتییان بۆبکەن یا کارتێکی پەنابەریی ( لیزەپاس .ن.ك.) بۆخۆی و شاهەنشا بکەن .)[٩٤]

## رۆژێك بەر لە گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران

کۆمیتەی خوێندکارانی ئێران بەڕابەریی ئەبولحەسەن بەنی صەدر سەرپەرشتیی و ئامادەکاریی گەڕانەوەی خومەینی دەکرد، فەرەنسا رێگەی پێدان ژمارەیەك چەکیان بەدەستەوەبێت، بەرەی رزگاریخوازی فەلەستینیش

برێکی پتر چەکی بۆ ناردن. خومەینی دڵنیا بوو گەل پشتگیریی دەکەن، بایەخی بە پەنجا هەزار بەکرێگیراوی دەزگای ساواك نەدەدا، بەڵکو هێزە سەرکوتکەرە قەبەکەی سوپای بەلاوە گرنگ بوو بە ٧٠٠,٠٠٠ حەوت صەد هەزار سەربازەوە و دەیوت (بەهیچ جۆرە چەکێك ناتوانین بەرەنگارییان بکەین) پێویستە چەکەکانیان لەدەست بکەینەوە. لەو دۆخە ئاڵۆزە هەڵکشاوەدا، شا دەچێت بۆ ئەمەریکا لەسەردەمی کارتەرداو پێی دەڵێن (ئێران لەژێر سایەی دادپەرستانەی خاوەن شکۆتاندا نزارێکی هێمنە لە دەریایەکی هەڵچوودا). ١٩٧٨ کەتیبەیەکی هێزی دژە فرۆکە، ژمارەیان پێنج صەد سەرباز بوو بە چەکەکانیانەوە هەڵدێن و لە ناوچەی مەشهەد دادەمەزرێن. خومەینی بە هاوبیرانی دەڵێت لەگەڵ سەربازەکاندا پێکدا مەدەن، براتانن، بەشێکن لەگەل، رووکەش درۆزنە، پێویستە ئەو ئەڵقەیە بپسێنن گرێیداون بە شاوە، پەلاماری خۆیان مەدەن، کار لە دڵ و دەروونیان بکەن، تەنانەت کە تەقەشتان لێدەکەن پێنج هەزار دەکوژن، دە هەزار دەکوژن، بیست هەزار دەکوژن، ئەوانە برامانن پێویستە بیسەلمێنین خوێن لە شمشێر بەهێزترە .

صاڵی ١٩٦٠ کەنەدی دەبێتە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، شا ووریا دەکاتەوە چمکێك یاسا بەسەر بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیدا پیادە بکات و رادەیەك بۆ گەندەڵیی بنەماڵەکەیی و دەست و پێوەندەکەی دابنێت، بەڵام شا هەتا ١٩٧٧ هەست بە گۆڕانکارییەکان ناکات کە ئاسایشی وڵات تەنها بەچەك دابین ناکرێت.رۆژێك بەر لە گەڕانەوەی خومەینی بۆ وڵات، سەرکردەکانی سووپا بڕیار دەدەن بۆ چاوترساندنی جەماوەری راپەڕیو، خۆپیشاندانێکی سەربازیی بە هێزەکانی ووشکانی (پیادە و زرێپۆش) و ئاسمانیی بکەن، بەڵام چەند کەرتێکی بنکەیەکی نێزیك لەتاران یاخیدەبن، هێزەکانی گاردی شاهانە دێن کۆنترۆڵی یاخیبوونەکە بکەن، جەماوەر گوڵبارانیان کردن، دانیشتوانی زۆربەی شارە گەورەکان سنگیان دەنا بەئاگری شەستیرەکانەوە و بەدەم هاواری (گیانی حوسەین دەگەڕێتەوە، دەروازەکانی بەهەشت کراونەتەوە)، لە خوێندا دەگەوزان، هیچ کەسیش بە بیریدا نەدەهات خومەینی بەفرۆکەیەکی تایبەتیی جامبۆ بگەڕێتەوەئێران.

شەوی ١٩٧٩/٢/١ فرۆکەیەکی هێڵی ئاسمانیی فەرەنسا (ئێرفرانس) ئامادەیە، خومەینی سەردەکەوێت، دەستنوێژ دەشوات و نوێژی لە پێناو ئەوانەدا کرد رووبەڕووی مەرگ وەستاون و سڵناکەنەوە، دۆشەکێکی داخست و هەتا کاتژمێر پێنجی بەرەبەیانی دەخەوێت، لە بەشی خوارەوەی فرۆکەکەش نزیکەی ١٠٠صەدکەس لەدەست و پێوەندەکانی و کارمەندانی میدیاکان لەوپەڕی بێئارامیدا بوون و وەڵامی تیمە فرۆکەوانەکەشیان بۆ نەدرایەوە کە پرسییان ئاخۆهێزەکانی شا، تەقەمان لێدەکەن؟

خومەینی نوێژی بەیانی دەکات و دووای ١٤ صاڵ دەربەدەریی پێدەنێتەوە سەرخاکی وڵات، ژمارەیەکی لە رادەبەدەر وبەجۆش و خرۆشاوی جەماوەر رێگاوبانی نەهێشتبووەوە بۆ تێپەڕبوونی خومەینی، ناچارکۆپتەرێکیان بۆ ئامادەکرد.

ژەنەراڵ بەختیاریی هێشتا سەرۆك وەزیران بووکە خومەینی مەهدی بازرگان دەکاتە سەرۆك وەزیران، بەختیاریش بڕیاری قەدەغەکردنی هاتووچۆ دەدات لەسەرانسەری پایتەختدا،خومەینیش بەدەستی خۆی لەسەر پارچە کاغەزێك دەنووسێت: (پشت بە یەزدان خۆتان رابگرن)، دەقاودەقیش لە تەلەفزیۆنەوە بڵاوکرایەوە.

بۆ ئەوەی ئەمەریکا نەتوانێت بەهۆی باڵوێزخانەکەیەوە لە تاران، شا بگەڕێنێتەوە ئێران، خومەینی فەرمانی دا دەست بەسەر باڵوێزخانەدا بگیرێت کە زۆرتر لە قەڵایەکی سەربازیی زۆر فراوان دەچوو وەك لە

باڵۆێزخانـە. ٤٥٠ خوێنـدکار تـەنها (١٠) دە دەمانچـەیان پێبـوو لـەماوەی تـەنها ٣سـێ کاتـژمێردا و بـێ ̌خوێنڕشتن ئەو قەڵا سەختەی شەقامی فرانکلین رۆزفلت داگیر دەکەن کە گرنگترین و بەدەسەڵاتترین دەسگا بوو لە هەر هەموو خۆرهەڵاتی ناوەنـددا. ئـەو خوێندکارانـە بـەجۆرێك کارەکـە ئەنجامـدەدەن، چ خومـەینی و چ (لانجین)ی باڵوێز سـەریان سـوڕدەمێنێت.جێمی کارتـەر پلانێکـی پـڕ لەمەترسـیی دادەنێـت بـۆ رزگـارکردنی کارمەندانی باڵوێزخانەکە و کڕینەوەی ئابڕووی تکاوی ئەمەریکا، بەڵام ئەوەندەی دیکە ئابڕوویان دەتکێـت و شەرمەزار دەبن،پلانەکە شکستی هێنـاو بەسـەری شـکاوو قـوونی دڕاوەوە گەڕانـەوە.پاپی فاتیکـان داوا لـە خومەینی دەکات بارمتە ئەمەریکاییەکانی بندەستی خوێندکارەکان رادەستی لیژنەی ئازاد بکەن. خومەینی خۆی ئاسا، بێ پێچو وپەنا وەڵامیدەداتەوە (خۆت بەوەوە خـەریك مەکە،کـە لـە ئێـران روو دەدات، بزانـە لـە ئەمەریکا چی روو دەدات، ئەی کە قودس داگیر کرا بۆ دەنگت نەکرد؟)[٩٥]

ئەوە دوواساتەکانی رژێمی شای ئێران بوو، زۆرینەی ئەفسەرانی پایەبەرزی سـوپا، ژەنـەڕاڵ وبـەرەو ژوور، کوژران یا خۆیان کوشت، سەرکردەی هێزەکانی ووشکانی، ژەنەڕاڵ بەدریی بەدەستی ئەفسەرێکی خۆی کوژرا، سەرکردەی هێزە دەریاییەکان ژەنەڕاڵ حبیـب الله رایکـرد و خـۆی شـاردەوە، سـەرکردەی هێـزە ئاسمانییـەکان (ئەمیر حسێن رەبیعە) و ئەمیر رەحیمی سەرکردەی هێزەکانی پایتەخت کە ئامادە نەبوو وەك ژەنەڕاڵ ناصری سەرۆکی ساواك بۆ ئەوەی کەوڵی نەگوروون هەرهەموو نهێنییەکان ئاشکرا دەکات و زۆرێـك لـە لێپرسـراوانی دەزگاکەی تێوەگلاند، ئەو دووانە بەدەم هاواری بـژی شاهەنشـاوە گوللـەباران دەکرێن.سـەرکردەی هێزەکـانی گاردی شاهانە، ژەنەڕاڵ عـەلی رەشایی لەناو ئۆتۆمبیلەکەیـدا گـەمارۆ دەدرێـت، دەمانچـەیەکی نـا بەکاسـە سەری خۆیەوە.

هەرهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەهەمە جـۆر بیروباوەڕیانـەوە، تەنانـەت کۆمۆنیسـتەکانیش (حیزبـی توودە) پێشەوایەتیی خومەینی دەسەلمێنن جگە لە زانای ئاینیی ناسراو شەریعەتمەداریی کە ئەمەریکا بەنیاز بوو کەڵکی لێوەربگرێت. ئەویش هەر ئەوەندەی خومەینی بەبەڵگە پێی سەلماند کە یەکێکە لـە خـاوەن فایلـە رەشەکان، بۆ هەتا هەتایە بێدەنگ دەبێت و ناوی لە نێواندا نەما. پێشتریش تەباتەبائی قـومیی، مەرعەشـی نەجەفیی، گوڵپایگانیی بێدەنگ کرابوون و ئیتر کۆسپێك لە رێگەی خومەینیـدا نـەما. دووای راپرسـییەکەی ١٩٧٩/٣/٣٠ ئێران دەکەوێتە ژێر فەرمانی یاسای ویلایەتی فەقیهەوە. باڵوێزی وڵاتێکی بلۆکی خۆرهـەڵات لەبارەی (خومەینی) یەوە دەڵێت (لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوودا پیاوێکی گونجاو هات، هـەموو شـتە پێویستەکان بڵێت)[٩٦] شۆڕشەکەی خومەینی رووداوێکی کتوپڕ نەبوو، رەگ و ریشەی قووڵی مێژوویی هەیە و تەقینـەوەی هەسـتی کپکـراوو ژێـر چـەپۆکیی و پەرچـەکرداری گـەل بـوو لـەرووی داگیرکـاران و شاهەنشـا ملهورەکانی ئێران و پێشێلکردن و خەفەکردنی هەست و سۆزی شیعەگەرێتی و گـەمارۆدانی دەسـتەڵاتەکانی قوم . محەمەدحەسەنەین هەیکەل لە بارەی گەڕانەوەی خومەینی لەتەمـەنی هەشـتا صـاڵیدا، جـوانی وتـووە: خومەینی وەك تیرێك لە سەدەی حەوتەمەوە هاتبێت، چەقییە سەر دڵی سەدەی بیستەم.

کۆماری ئیسلامیی ئێران شوێنەواری فارس و مێژووی زنجیرەی شـاکان دەسـڕێتەوە بەپێچـەوانەی کۆمـاری تورکیای سەرلێشێواو، کە لەلایەك کەمالیست و لایسیزم — عەلمانی و لەولاوە پارتێکی ئاینیی لە سەرکارە و شانازی بە سوڵتانەوە دەکات و لەملاوە خۆرهـەڵاتی وموسـوڵمان و لـەولاوە ئـەوروپایی وسـوێیان بۆتـەوە بـۆ ئەندامێتی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا و بەسەرێك دیموکراتی و بەوسەریش ژەنەڕاڵە قرخنەکان باڵا دەستن.

ڕژێمەکەی خومەینی ناوازە بوو، سەرەتا وتیان پێویستمان بە دەسگای ئاسایش و هەواڵگریی نییە، شەمخانی فەرماندەی هێزی دەریایی مەلە نازانێت، سوپا سالار پزیشکی ئاژەڵ و باڵندەیە، سەرۆکی دەزگای چالاکییە سەربازییەکان لاوێکی سوپای پاسدارانە تەمەنی بیست و پێنج ساڵە[٩٧]. دووای چەند هەفتەیەك خومەینی لەتارانەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە لەشاری قومی پیرۆز و بەردەوام ئەوەی دووبارە دەکردەوە نایەوێت فەرمانڕەوا بێت و (بەنی صەدر) هەڵدەبژێرێت بەیەکەمین سەرۆك کۆماری ئێرانی ئیسلامیی کە بە خۆی و باوەشێك کتێب و جانتایەکەوە لەماڵی خوشکەکەی دەژیا لە تاران.

١٩٨٠/٥ پارتی کۆماری ئیسلامیی بە رابەرایەتیی(آیة الله بهشتي) ٢٧٠ کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بەدەستهێنا کە زۆرینەی کورسییەکان بوو.خومەینی بڕیاری ئەوەش دەدات چوارچێوەی یاساکەی ساڵی ١٩٠٦ فراوان بکات و بەجۆرێك دەستکاریی دەکات هەرکاتێك زانایەکی مەزنی وەك خۆی لەئارادا بێت، مافی دەستەڵاتی باڵای لە دەوڵەتدا هەیە، بەڵام ئەگەر زانایەکی وەها مەزن نەبوو ئەو دەستەڵاتە باڵایە دەکەوێتە دەست نوێنەر و جێگرەکانی کە بریتییە لە کۆمیتەی دەست پاکان (لجنة الأمناء) یا کۆمیتەی پسپۆڕان (مجلس الخبراء) . بەمجۆرە (یاسای ویلایەتی فەقیە ــ ولایە الفقیە) دەبێتە یاسای پەیڕەوکراو لە ئێراندا.

هەناردەکردنی شۆڕش بڵاوکردنەوەی، شەڕی ئێران — عێراق، داگیرکردنی کوێت، رزگارکردنی کوێت، راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی عەرەب و کورد لە عێراق، نسکۆی راپەڕین، راپەڕینی دووەمی کوردستان، هێڵی ٣٦ ی پاراستنی کورد و چەکوشی ئامادەی هاوپەیمانان، صەدام دەسگاکانی بەڕێوەبەرایەتی لە باشوور دەکێشێتەوە، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی باشوور، دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کەوتنی رژێمی صەددام، کورد یەکەمین پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق وەردەگرێت، هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دەرهێنانی نەوت لە کوردستانی باشوور بەدەستی کورد.. بەدووای خوێدا دەهێنێت. شۆڕشەکەی گەلانی ئێرانیش کە ئیمام خومەینیی لە دوورە وڵاتییەوە رابەرایتیی دەکرد بەجۆریك سەرکەوتوو بوو،دوست و دوژمنی سەرسام کرد،گەلانی ئێرانی تینووی ئازادیش قوربانی زۆریان بۆداو بێپەروا سنگیان بەگولەوەدەناو ئامادەبوون تا(ئاخرنەفەر)بەرەنگاریی بکەن بەڵام هەموان لە چنینەوەی بەرهەمەکانی قوربانیدان و سەرکەوتنندا یەکسان نەبوون وباڵەکەی خومەینی و مەلاکان دەستیان بەسەرداگرت و وەك شۆڕشی فەرەنسا و(شۆڕشی ١٩٦٨)ی بەعسییەکانی عێراق زۆری نەخایاند سەری شۆڕشگێڕەکانی دەخوارد و تاکەکەسێك خۆی بەسەر هەمواندا سەپاند و هەزارەها هەڵپەرست و کوڕی رۆژیش بەرهەمی خوێنی شەهیدەکان دەخۆن.

# كورد راستەوخۆ لە نێوان

## دەوڵەتی صەفەوی – شا ئیسماعیل
## دەوڵەتی ئەفغان – میروەیس و ئەشرەف خان
## دەوڵەتی ئەفشار – نادر شا

**پەیوەندییە گرژو ئاڵۆزو بەردەوامەکەی نێوان عوسمانی و صەفەوی**
**ئەنجامی پێکدادانی ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەو دو زلهێزە بوو لە کوردستان و عێراقی عەرەبدا**
**فراوانکردنی سنوورەکان، سەپاندنی ئاینزای فەرمیی دەوڵەت، هێشتنەوەی میرو میرنشینەکانی کورد لەژێر سایەی خۆیاندا و بەکارهێنانیان دژی یەکتر و دژی بەرامبەر، دروستکردنی دیوارێك لە گۆشت و خوێنی کورد وەك لەمپەر لە هەردو دیوی سنوورە هاوبەشەکانیا نێوانیاندا.**

سەردەمانێك صەفەوییەکان پاڵەوان و سوارچاکی بەهێزو بەدەستەڵاتی وڵاتی ئێران بوون، بەشێکی وڵاتی ئەفغانەکانیش داگیر دەکەن، ئەفغانەکان بەگشتیی سوننە بوون، صەفەوییەکان بەزۆری کوتەك ئاینزای شیعەیان بەسەردا سەپاندن، ئەفغانەکان کاردانەوەیەکی بەرچاویان نەبوو، شان دەدەنە بەر ئەو هەموو جەورو ستەمە و چاوەڕوانی هەلێکی لەبار دەکەن.. دەروێش سمایل کوڕی صەفادین (شا ئیسماعیل) دوورەگە، رەگێکی کوردەو رەگێکی فارسە، جا ئەو رەگی کوردەی لە باوکەوەیە یا لە دایکیەوە،من بۆم ساغنەبۆتەوە.ئەو کابرایە شیعەیەکی جەعفەریی ـ دوازدە ئیمامی توندڕەوو خوێنڕێژی لێدەرچوو، رادیکاڵ

هەتا سەر مۆخ. ئێرانییە موسوڵمانەکان شیعە نەبوون، کە بوون بە موسوڵمان پەیڕەوی (أهل السنە و الجماعە)یان دەکرد، هەمیشەش لە هەوڵی ئەوەدا بوون نەکەونە ژێرکێڤ و دەستەڵاتی عەرەبەوە و زمانەکەیان بەسەردا بسەپێنن و بە تێپەڕبوونی رۆژگار بیانتوێننەوە، لەم رووەوە گەلانی ئێران لە هەموو نەتەوە موسوڵمانەکانی دیکە زوتر پێشبینی ئەوەیانکرد رێگەیەك بدۆزنەوە نەکەونە ئەو داوەوە، ئەفغانەکانیش فریای خۆیان کەوتن، هەر کورد فریای هیچ نەکەوت، ئەوەنەبێت هەتا ئەمڕۆش کوڕی خۆی دەکاتە قوربانی کچی خەڵك[٩٨]. ئەگینا گەلانی ئێران هەتا سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی صەفەوی، لە ئاینزای شیعەوە دوور بوون، صەفەوییەکان بۆ پاراستنی قەوارەی نەتەوەیی ئێران، شیعەگەرێتییان وەك چەکێکی ئاینیی و ئایدۆلۆژیی لە دژی عەرەب، کاریگەر و سەرکەوتووانە بەکارهێنا. کاتێك ئەفغان، عوسمانیی، رووسیا، ئێرانیان لەنێو خۆیاندا دابەشکرد، گەر یەکێك لەو دەوڵەتانە هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی، ئێرانی لە ژێر دەستدا بمایەتەوە، مێژووی ئێران و لەپەنایدا مێژووی کوردیش بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەڕۆیشت و رەنگە ئەفغان یا رووسیا بەرژەوەندییان لەگەڵ کورددا بگونجایە، خۆبهاتایە و کوردستانی رۆژهەڵاتیش بکەوتایەتە بندەستی عوسمانییەکان، ئەوکات سەرلەبەری کوردستان لە سنووری فەرمانڕەوایی ئەواندا دەبوو، رێگای سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی کوردیش ئەوەندە دوورو دژوار نەدەبوو، نیوەی رێگاکەی دەبڕی، لە دابەشکردن رزگار دەبوو هەرچەند هەر بەژێر دەستی دەمایەوە، بەڵام لەبازنەی هەڵکەوتە جیۆپۆلیتەکە نەحلەتییەکە دەربازی دەبوو، ئەویش دووای هەرەسی عوسمانییەکان وەك گەلانی باڵکان و عەرەب رزگاری دەبوو، دەوڵەتی سەربەخۆی دادەمەزراند و لەگەڵ دراوسێکانیشدا دەیتوانی بەتەبایی بژی، عەرەبەکان و تورکەکان دەبوونە برای ئاینیی و ئێرانی و ئەفغانەکانیش دەبوونە هاوڕەگەز و هاوئاین و زمان برا، وەك ئەوە رووی نەدا کوردیش دەستی لە هیچ گیرنەبوو، بەڵکو کوردستان بۆ چەند سەدەیەکی دوواتریش دەبێتەوە مەیدانی ململانێ و جەنگە خوێناوییەکان و کاولبوونی وڵات و دوواکەوتنی لە هەموو روویەکەوە و کەسایەتی مرۆڤی کوردیش بەجۆرێك دەشێوێت هەتا ئەمڕۆش تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواری، نێرو مێ، پیر و لاو، گەورە و بچووك بەگشتی کۆمەڵێك دیاردەی دەروونی نێگەتیڤیان پێوە دیارە، وەك بێباوەڕی، گومان، دوودڵی و ڕاڕایی، شەرم و تەریقبوونەوە و خۆبەکەم بینین،لەوانەش گرنگتر پێشخزمەتیی بێگانە. تۆ لە خۆفرۆشی و جاشایەتی و کراس سووریی بەر لەشکر بگەڕێ، تەماشای کوردێك بکە زمانی ستانداردی نووسینەوە و خوێندنی خۆی بەباشی نازانێت، کەچی سنگ دەباتە پێشەوە و بێ سێو دوو لەبەردەم بێگانەدا، عەرەب، تورك، فارس و تەنانەت ئەوروپاییش، زۆر لە خۆیدەکات بەزمانی ئەوان بدوێت، بێئەوەی داوای لێکرابێت، تورك و عەرەبیش بەتایبەتی تورك لەهەر وڵاتێك قژڕەشێك ببینێت بێ منەت بەتورکی پرسیاری لێدەکات، وا دەزانێت سوڵتان ماوە و ئەرکی سەرشانمانە زمانی تورکی بزانین.

دەگەڕێمەوە سەر شا ئیسماعیلی صەفەوی کە هەر لە سەرەتاوە (بەختی سیاسی) یاوەری بوو، بەجۆرێك پلەوپایەی بڵند بوو، تووشی لە خۆبایی بوونی کرد، خۆیی وەك یەکێك لە پیاوچاکە مەزنەکان دەهاتە بەرچاو، دەیوت لەگەڵ ئیمامی دوازدەهەم هیچ پەردەیەکمان لە نێواندا نییە! ئیمامی دوازدەهەم بە بۆچوونی شیعەکان هەزار صاڵێك پترە لەبەرچاوان بزربووە،لەبەر فرە پیرۆزیی و رێز، ناوی راستەقینەی ناهێنن و هەربە

(أبو القاسم، صاحب الزمان، محمد المهدی) ناویدەبەن، ئەوە مەهدی چاوەڕوانکراوە (المهدی المنتظر) کـە هاکـا دەرکەوت و ملی هەموو تاغوتەکان دەشکێنێت بتەکان بەسەر بتەوانەکاندادەرمێنێت، ستەم و زۆرداری بنەبڕ دەکات و یەکسانیی و دادپەروەرییەك بڵاودەکاتەوە گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە.

شا ئیسماعیل ١٥٠١ — ١٥٢٣ زۆری پێبوو، هەمووشی دەرخست، ئەوەبوو کەوتە بانگەشەکردنی ئـەوەی راسپێردراوی موحەممەدی مەهدییە، خاوەنی کەشف وکەراماتەو ئیلهامی بۆ دێت چی بکـات و چـی نـەکات، لەناو ئەفغانەکانیشدا میروەیس، گەورە سەرۆك هۆزێك بـوو، دەچـێت بـۆ حـەج و پـارەوپولێکی زۆر دەدات و شەوێك لە نێو پەرژینی پیرۆزی پەیامبەردا (د) دەنووێت، لە خەویـدا پەیامبـەر شمشـێرێکی دەداتـە دەسـت، میروەیس خەوەکە وەها لێکدەداتەوە کە پەیامبەر فەرمانی داگیرکردنی وڵاتی ئێران و هێنانەوە سەر رێگـەی ئێرانییە رافیزی و لادەرەکانی پێداوە و ئەویش وەك شـا ئیسـماعیل ئیلـهامی بـۆ هـاتووە و راسـپێدراوە چـی بکات. سوڵتانەکانی عوسمانیش بەگشتی و لە نێویاندا سوڵتان سەلیمی یەکەم ١٥١٢ — ١٥١٩ بەتایبـەتی، دەیوت: شەوو رۆژ ئەسپەکانمان زینکراون و شمشێرەکانمان خۆیان لە کێلاندا راناگرن بۆ لـەناوبردنی گاورەکـانی ئەوروپا و شیعە گومڕاوله رێگە لادەرەکان (رافیزی).

دەمێنێتەوە سەر میر و سەرانی کورد ئاخۆ لەم بارووdۆخەدا چۆن بیریـان دەکـردەوە؟ مـیر و سـەرانی کـورد وەنەبێت لەو بارودۆخە ئاڵۆز و ناهەمووارە تێنەگەن، نا، رۆژگار زۆری فێرکردبوون بتـوانن هـەل و مەرجـەکان هەڵسەنگێنن، تەرازووی هێزەکانی ناوچەکە بخوێننەوە، بەڵام بە پێی بەرژەوەندی خۆیان دەیانخوێندەوە و هـەر هەنگاوێکیان دەنا، نیازیان خزمەتکردنی بێگانە نەبوو، بـەڵام راسـتەوخۆ یـا لابـەلا یـەکێك لـە دوژمنـەکان کەڵکیان لێوەردەگرت و سەرئەنجام خودی میر بەتایبەتی و کورد بەگشتی نەك مایـەکاریی بـەڵکو مایـەپووچ دەمانەوە، میرانی بابان چەندیان بەناکامی و زەبـوونی لـە دوورە وڵات سـەریان نایـەوە، بـرایم پاشـای بابـان، بنیاتنەری شاری سلێمانی جێگە گۆڕێکی لە کوردستان پێنەبڕا، شێخی نەمر لە مەلیکی کوردستانەوە، دووا ساڵەکانی ژیانی بەدەستبەسەریی لە داریکەلی بەسەربرد، پێشەوا قازی محەمەد سەرۆکی یەکـەمین کۆمـاری کورد خۆی لەبەردەم پەتی سێدارەی دوژمندا بینییەوە و تەنها وانەیەکی خۆشەویستیی وڵات و خۆبەختکردنی جێهێشت، مستەفابارزانی سـەرۆکی دەوڵـەتێك بـوو تـەنها ئـاڵای دەوڵـەت و دراوی کوردسـتانی نـەبوو، بـە پەنابەریی لای دۆستە دەستبرەکان بەنائومێدی سەرینایەوە، میری سۆران میرنشینێکی سەربەخۆ بوو، بێگانە بـە ڤیـزە نەبووایـە پێیـان تێنـەدەنا، لـە نێـوان گـۆمی وان و شـاری ترابزونـدا دەگیرێـت و دەبێتـە خـۆراکی ماسییەکانی وان.

مەتەڵی ئەم قەدەرەی کورد لە چیدایە؟ لە کورددا وەك نەتەوەیەك یا لە خودی سەرکردە و رابەرەکاندا، یا لە بارودۆخی نالەباری جیۆپۆلەتیکە نەحلەتییەکەدایە، یا لە هەموویاندا پێکـەوە؟ بنەماڵـەی سـعودییەکان (آل السعود) کە بەرەچەڵەك دەچنەوە سەر هاشمییەکان و قـوڕەیش و عـەدنان کـە دەکاتـە بنەماڵـەی پەیامبـەری ئیسلام (د) بەڕابەرایەتیی عەبدولعەزیز کوڕی عەبدولرەحمان، ئاخۆ لە کورد ئـازاتر بـوون، تینـوتر بـوون بـۆ سەربەخۆیی، قوربانیان زۆرتر دابوو، سەرکردەکانیان لێهاتوتر و کارامـەتر بـوون، یـا بارودۆخەکـە بـۆ ئـەوان لەباربوو؟ ئەو فاکتەرە گرنگەش کە من حەزدەکەم بەفاکتەری بەختی سیاسیی ناویبەرم و سەرومڕ و بەردەوام

پەیوەندی بەلایەنە بابەتییەکانەوە هەیە نەك لایەنە خۆییەکان، باوەڕناکەم حسێن کوڕی عەلی و عەبدلعەزیز ئال سعود لەگەڵ ڕێزمەدا بۆیان، بۆ خەبات و کۆششیان لە کەسێکی بارزانی بەئەزموونتر وکارامەترو دیبلوماتکارتر بووبن، هەر بۆ نموونە،شەریفی مەکە میر حسێن کوڕی عەلی لەگەڵ ئینگلیزەکان پێکهاتبوو، تورك لە حیجاز وەدەرنێن، یەکەم هەنگاویش پلانێکیان دانا بۆ دەست بەسەرداگرتنی سەربازگەکەی تورك. بەیانی زوو بوو، سەربازە تورکەکان سەرگەرمی مەشقی ئاسایی بەیانیانبوون، دەبوو هەر بەکڵاو بیانگرن، بەڵام نەیانتوانی کەڵك لەو هەلە زێڕینە وەربگرن، بەڵام کە ڕژێمی بەعس بەکر — صەدام، صاڵی ١٩٧٠ بە پلانێکی تۆکمە لە نێوە شەوێکدا هێزێکی تایبەت بە پەڕەشوت لە نێزیك بارەگای بارزانییەوە دادەبەزێنن بەو نیازەی دووای گەڕانەوەی صەدام لە دیدەنیی بارزانی پلانەکە جێبەجێ بکەن. صەدام بۆ گوشارخستنە سەربارزانی لەمیانەی گفتوگۆدا، بە هێما دەیدات بەگوێی بارزانیدا کە (ئەو بەتەنها رابەری هەموو کورد نییە، لایەنی دیکەش هەیە)[٩٩].. بارزانی بەبیانووی نوێژکردنەوە کۆبوونەوەکە جێدەهێڵێت و عومەر ئاغای دۆڵەمەڕی رادەسپێرێت کە ئەو هێزە بەرلەبانگی بەیانی دەبێت لە جێگەی نەبووان بن. ئێستە و ئەوساش نە صەدام و نە دامودەزگا سیخوڕییەکانی و نە فڕۆکە بەرزە فڕەکان و نە مانگە دەستکردەکانی سۆڤێت و نە هیچ دوژمنێکی کورد نەیانزانی ئەو هێزە زەوی قوتیدا یا ئاسمان هەڵیلووشی و نە بچووکترین شوێنەواری ئەو هێزەیان بۆ دۆزرایەوە، تەنانەت خوودەی سەری سەربازێکیش . هەزار جار دەستخۆش و کار لەکاتی خۆیدا.

با بگەڕێینەوە سەر میرەکانی کورد، مێژوونووسی گەورەی کورد، ئەمین زەکی بەگ دەڵێت (واقیعەن ئەگەر بەچاوی ئینصاف و بێ تەرەفی لە ئەحواڵ وردبینەوە ئەبێ سیاسەتی دووروویی ئومەرای بەبە لۆمە نەکەین، چونکە زەمانەیان دوو روو بوو، لەبەرئەوە ئەوانیش گیرۆدەی زەمانە بوون، ئەگەر بە نەوعێکی تر حەرەکەتیان بکردایە ئیشیان سەری نەدەگرت و زووبەزوو لەناو دەچوون لەگەڵ ئەمە لازمە ئیعتراف بکەین کە بەعزێکیان زۆر لە حەد چوونە دەرەوە هیچ مولاحەزەی مەنافعی موشتەرەکەی خۆیان و خەڵکی وڵاتەکەیان نەکردووە)[١٠٠].

سەردەمەکانی فەرمانڕەوایی شا سوڵتان حسێن ١٦٩٣ ـ ١٧٢٢ و شا تەهماسەب(تەهمان سپی) ی کوڕیدا ١٧٢٢-١٧٣٥ وڵاتی ئێران لەوپەڕی لاوازیدابوو، پشێوی هەموو قوژبنێکی وڵاتی گرتبوو، شیرازەی دەستەڵات پچڕابوو، شا سوڵتان حسێن خۆیشی شایەکی لاواز و دەستکورت بوو، توانای ململانێکردنی عوسمانییەکانی نەبوو، ئەفغانەکانیشی لێپەیدابوون. هاوکات شێخ مانیع،شێخی هۆزەکانی مونتەفێك صاڵی ١٦٩٠ دژ بە جەورو ستەم و باج و سەرانەی لە رادەبەدەری تورکە عوسمانییەکان رادەپەڕێت و پەلاماری شاری بەسرا دەدات، دەست بەسەر شارەکەدا دەگرێت و والی بەسراش لە شەڕەکەدا دەکوژرێت، بەڵام شێخ خەزعەل میری ناوچەی حوێزە کە خۆی سەر بەئێران بوو شارەکەیان لێدەسێنێتەوە و دەیخاتە بەردەستی ئێران، کەچی ئێران بۆ ئەوەی عوسمانییەکانی لێنەوروژێت، خۆی ناکاتە خاوەنی، عوسمانییەکانیش نەدەپەرژانە سەرئەوەی بێنەوە ناوشارەکە.. بەمجۆرە ماوەی دە صاڵێك شاری بەصرە بەوجۆرە مایەوە هەتا ئێران لە صاڵی ١٧٠٠ دا بێقڕەوبڕە دایەوە دەست عوسمانییەکان. ئەفغانەکانیش کە چەندین صاڵ بوو بەدەست ژێر چەپۆکیی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و مەزهەبییەوە دەتلانەوە و ئێران دەیویست بە تۆپزیی ئاینزای شیعەگەرییان بەسەردا

بسەپێنێت کەوتنە خۆیان و ساڵی ١٧١٨ بە رابەرایەتیی دوو گەورە سەرۆك هۆز، مەحموود میرەویس و ئەشرەفخان رادەپەڕن و شاری قەندەهار رزگار دەکەن و ملیان پێوەنا بەرەو داگیرکردنی شارەکانی کرمان، مەشهەد، گۆناباد، گیانی تۆڵەسەندنەوە گوڕوتینی بەهێرشەکانیان دەدا، ساڵی ١٧٢٢ دوای ئابڵوقەدانی ئەصفەهانی پایتەخت ئەویش دەگرن و شا سولتان حسێنیش بەدیلی دەکەوێتە دەستیان و ئەشرەفخانی ئەفغانی وەك شای ئێران خۆی دەناسێنێت و تاجی شاهانەی ئێران دەنێتە بان سەر. عوسمانییەکان وەك پەندە کوردییەکە دەڵێت: (دەیخورێت و دەشیئێشێت) لەلایەکەوە والی عوسمانی لە بەغدا، جەدید حەسەن پاشا کە ماوەی نێوان ١٧٠٤ — ١٧٢٤ والی بەغدا بوو، پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنانە لە ئەفغانەکان دەکات، لەولاشەوە نە خۆیان و نە رووسیای تزاریش نەیاندەتوانی بەرامبەر رووداوو گۆڕانکارییەکی وەها گرنگدا لە پەنایانەوە روودەدات بێدەنگبن، بۆیە بەپەلە کەوتنە خۆیان هەتا زوو فریای ئەو ناوچانە بکەون کە هێشتا ئەفغان نەیگرتوون، بیگرن.

ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانی لەو هەلوێستەدا ئامانجیان جیاوازبوو، رووسەکان ئامانجێکی جیۆپۆلەتیکیی هانیدەدان ئەو هەنگاوە بنێن و بەسەر (پردی) ولاتی ئێراندا بپەڕێنەوە ودەستیان بگاتە ئاوە شیلەتێنەکەی کەنداوی عەرەب — فارس و دەریای سپیی نێوەڕاست، کە زۆر لە مێژ بوو ئێستەشی لەگەڵدا بێت خەوی پێوە دەبینن. پەلاماردان و داگیرکردنی ولاتێکی موسوڵمانی وەك ئێران لە لایەن سولتانی عوسمانییەوە کارێکی هەروا ئاسان نەبوو، سولتان کە بەناو رابەری هەموو موسوڵمانان و جێگری پەیامبەرە بۆ پاساودانی پەلامارێکی وەها پێویست بوو دوو مەرجی گرنگ دابین بکات:

١- فەتوایەکی شەرعی موفتیی گشتیی دەوڵەتی عوسمانیی، رێگە بەو هێرش و داگیرکردنە بدات.

٢- نەووروژاندنی دەوڵەتی رووسیای بەهێزو دراوسێ.

موفتیی موسوڵمانان (سوننەکان) فەتوایەکی دەرکرد بەدڵی سولتان: لەشکری رابەرو پێشەوای موسوڵمانانی جیهان، سولتان هەڵدەستێت بەتەمێکردنی گومڕاکان(المرتدین) کە نکوولی لە شەرعیەتی سێ جێگر لە جێگرانی پەیامبەر (د) دەکەن، ئەبووبەکر، عومەری کوڕی خەتتاب و عوسمانی کوڕی عەففان، هەروەها سووکایەتی بە حەزرەتی عائیشەی دایکی موسوڵمانان دەکەن و داوێن پیسیی دەدەنە پاڵ. قورئانی پیرۆز بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان لێکدەدەنەوە و موسوڵمانانی سوننە بەلادەر دەژمێرن لە ئاینی ئیسلام و سەرو ماڵیان حەلاڵ کردوون و ئافرەتەکانیان وەك کەنیزەك و دەستکەوتی جەنگی کافرەکان بێ مارەبڕین دەکەنە هاوسەر. بەم پێیە یاسای جەنگی پیرۆز (غەزا و جیهاد) یان بەسەردا دەچەسپێت. بۆ نەوروژاندنی رووسیاش لە ١٧٢٤/٦/١١ دا پەیمانێکی دۆستایەتی و هاودەنگیی لەگەڵدا دەبەستێت، پوختەی ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە:

(بەو هۆیەوە کە ئەفغانەکان ئێرانیان داگیر کردووە، رووسیای دۆستیش پێشتر لەگەڵ شا تەهماسەب(تەهمان سپی) کوڕی شا حسێندا پەیمانێکی مۆرکردووە کە ناوچەکانی دەربەند، باکۆ، گەیلان، مازندەران، ئوستابادی لە ژێر دەستدا بێت، دەوڵەتی عوسمانیش ناچارە ئەو شارانە بگرێت کە باروودۆخە سەربازییەکە و پاراستنی بەرژەوەندییەکان گەرەکیەتی و هەردوو لاشمان هاوکاریی و کۆمەکیی ئێران دەکەین

ئەگەر ئەو شارانەی داوایان دەکەین بکەونە دەستمان و شا تەهماسەبیش بە شای شەرعی ئێران دەزانین و هاوکاریشی دەکەین بۆ رزگارکردنی ولاتەکەی لە چنگی ئەفغان. ئەگەر نا، ئەوە بەهەردوولامان ئەو شوێنانە داگیردەکەین کە بە مافی خۆمانیان دەزانین و بەڕێوەبردنی ئەوبەشەش کە دەمێنێتەوە لە خاکی ئێران دەیسپێرین بە هاولاتییەکی ئێرانیی سەربەخۆو بێلایەن)(١٠١).

لەم رێککەوتنەدا چەند خاڵێك جێگەی سەرنج و تێڕامانن:

١- تورکە عوسمانییەکان بەهاوکاریی و پشتیوانیی رووسیای (کافر) ولاتێکی موسولمان (ئێران) داگیر دەکات و دەولەتێکی دیکەی موسولمان (ئەفغان) دەردەپەڕێنێت کەچی لە دەقی پەیمانی زەهاودا کە لەگەڵ ئێراندا مۆریکردووە دەڵێت: شمشێری ئێمە بۆ بەرەنگاریکردنی گاورەکان و ئەوانەی هاوبەش بۆ یەزدان پەیدا دەکەن (کافر و موشریکەکان) دیواری پۆلایین و قەلای سەختی ولاتی موسولمانانین..!

٢- زاناکانی ئاینزای شیعە لە عێراق کە زۆربەیان بەرەچەڵەك ئێرانین، شاکانی ئێران و سولتانەکانی عوسمانیشیان بەستەمکار و خۆسەپێن دەژمارد، بەلام زۆر ناچار نەبوونایە دژایەتی سولتانی عوسمانییان نەدەکرد.

٣- کاتێك ئەفغانەکان رووبەرێکی فراوانی ئێران لوول دەدەن،کاردانەوەیەکی ئەوتۆی لای عوسمانییەکان دروست نەکرد، هەرئەوەندە بوو بەووردی چاودێریی رووداوەکانیان دەکرد و فرە وەگیانیشیان خۆشبوو ئێرانی دوژمنی خوێنخۆریان کەرت و پەرت کراوە و بەدەست ئەفغانەکانەوە دەناڵێنێت. ئەو هەستەشیان نەشاردەوە، والی بەغدا، جەدید حەسەن پاشای عوسمانیی پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەی لە مەحموود میروەیسی سەرکردەی ئەفغانەکان کرد، بەلام کە ئەشرەفخانی ئەفغانی صالّی ١٧٢٦ تاجی شاهانەی ئێرانی لە سەرنا، عوسمانییەکان هەست بەو مەترسییە دەکەن، شایەکی ئێرانیی شیعە مەزەب وەك شا تەهماسەب(تەهمان سپی) برووخێت و شایەکی ئەفغانیی سوننە مەزەب وەك ئەشرەفخان لە جێگەی ئەودا بێتە سەرکارو رکەبەرایەتیی سولّتانی عوسمانی و خەلیفەی موسولّمانان بکات، بۆیە ئەمجارەیان ئەحمەد پاشای والی بەغدا صالّی ١٧٢٤ نامەیەك بۆ ئەشرەفخان دەنێرێت داوا دەکات شا سولّتان حسێن ئازادبکەن و تاج و تەختیشیی پێبدەنەوە، لە کۆتایی نامەکەشدا گەلێك سووکایەتی بەئەشرەفخان و ئەفغانییەکانیش کردبوو، ئەشرەفخان هەرئەوەندەی نامەکەی خوێندەوە ئەوەندە پەست و تووڕە دەبێت، خوێن بەری چاوی دەگرێت، فەرمانیدا شا سولّتان حسێن لە زیندان دەربهێنن، گۆشاو گۆش سەریدەبڕێت و کەللە سەرەکەی لەگەڵ نامەیەکی ناشیرینداناردەوە بۆ والی بەغدا، ئەحمەدی کوڕی جەدید حەسەن پاشا.

## پەراوێزەکان بەشی سێیەم

١- ئیمام مەهدی صالّی ٨٧٣ ز. لەبەرچاوان ونبووە!

٢- واتا فەرهەنگییەکەی پاك و بێگوناهە.

٣- مرۆڤ بەپێی قورئان (بەدکردارە) (إن الأنسان لأمارة بالسوء).

٤- نبز، الدكتور. المستضعفون الكرد واخوانهم المسلمين، من منشورات كوردنامە. لندن، ١٩٩٧، ص ١٢٨ – ١٢٩.

٥- شیعەکان چاوەڕوانی دەرکەوتنەوەی ئیمام مەهدییان لە ١٢٦٠ ك. بەڵام دەرنەکەوت.
٦- جەمالەددینی ئەفغانی ئێرانییە، نەك ئەفغانی وەك هونەرمەندی کورد تانیا عەرەب.
٧- پازدەمین شارل بەراستتر دەزانم وەك شارلی پازدە- پازدەمین.
٨- کۆرش (کەیخەسرەو) دەوڵەتی ساسانی دامەزراند و هەتا ٥٢٩ ز فەرمانڕەوا بوو.
٩- لە سەرچاوەکانی مێژوودا ٦٦٠ — ٥٢٠ پز، ٦٧٠ — ٥٢٠ پز، بەرچاودەکەون بەڵام هەر صەدو پەنجا صاڵ فەرمانڕەواییە.
١٠ — جولەکە رادیکاڵەکان صاڵی ١٩٦٩ مزگەوتی قودسیان سوتاند.
١١- هەر بۆ نموونە صەد و پەنجا هەزار لە عێراق دەژیان.
١٢- زانای کورد ئیبن خەلەکان لە گوندی خەلەکان دەڤەری رەواندز لە دایکبووە یا ژیاوە نەك گوندی خەلەکانی سەر بە رانیە — سلێمانی.
١٣- ئەمین زەکی مێژووی کورد و کوردستان، لە /١٢٦.
١٤- لە نێو سوڵتان و بەنێو خەلیفەکانی پەیامبەریشدا هەبوون خۆیان بە نوێنەری یەزدان دادەنا لە سەر زەوی!
١٥- ناپۆلیۆن پۆنەپارت لەو یاسایە لایدا و دەڵێت قوربان ماندوو مەبن خۆم دەیکەمە سەرم!
١٦- خومەینیش لە جەنگی عێراق ئێراندا کلیلی بەهەشتی دەکردە ملی ئێرانییەکان و دەیناردن بۆ بەرەکانی جەنگ.
١٧- عوسمانییەکان کە داگیریانکرد، کردیان بە مزگەوت و ناونرا مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد، ئێستا دەکەوێتە ناوجەرگەی ئەستەمبووڵەوە.
١٨- خەلیفە عازید بیلای فاتمی (العاضد بالله الفاطمی).
١٩- ئەمین زەکی دەڵێت سەلاحەددین صاڵی ٥٦٤ز لە تەمەنی ٢٢ صاڵاندا بوو کەواتە ٥٤٢ز لە دایك بووە، هەروەها دەڵێت کە ٦٦٧ز خەلیفە عازید مرد کۆسپێك لەبەردەم سەلاحەدیندا نەما. راستییەکەی نوورەددین ٥٦٩ ز مردووە، عازیدیش بەرلەو مردووە، کەواتە پێدەچێت عازید ٥٦٧ مردبێت نەك ٦٦٧ زایین.
٢٠- شا ناصر یووسف کوڕی ئەیووب، الملك الناصر یوسف أبن أیوب.
٢١- لە هەندێك سەرچاوەدا ١١٦٩ دامەزراوە و هەتا ١٢٥٠ فەرمانڕەوا بووە.
٢٢- کەمال مەزهەر، دکتۆر، تێگەیشتنی راستی. ل٢٠٧
٢٣- ئەمە عیماددەینی دووەمە و کوڕی شا صاڵحە.
٢٤- لە مێژووی ئەرمەندا بە ئەرمینیای بچووك ناودەبرێت و ئەرمەن بەخاکی خۆی دەزانێت!!
٢٥- أمیر علي الهندي، التأریخ الأسلامي المصور. ل١٧٥
٢٦- قادسییە کەوتۆتە ٣٠ کم باشووری کووفە.
٢٧- محمد حسنین هیکل، الدکتور. مدافع آیة الله. ط٣، ١٩٨٣، ص٧٧
٢٨- هەمان سەرچاوە، ل٦٦
٢٩- أحمد السباعی، تأریخ مکه، ١٣٧٢ هـ. ص٢٥٧.
٣٠- هەمان سەرچاوە، ل٢٥٨.
٣١- ئەو کتێبەی کیسرەوی صاڵی ١٩١٥ لە تاران چاپکراوە.

٣٢- ئەم لەشکرە دڕندەیەی قزڵباش بوو بەفەرمانی شا عـەبباس هێرشـە خوێناوییەکـەی بـۆ سـەر قـەڵای دمدم ئەنجامدا بۆ لەنێوبردنی خانی زێڕین دەست ـ دەست زێڕین و قەڵاچۆی قەڵانشینەکان.
٣٣- ئەوە فاتیمەی زەهرای کچی پەیامبەر نییە، بـەڵکو خوشـکی جەعفـەر ئەلریزایـە و صـاڵی ١٨٦ ك. مردووە، شا عەبباس گۆڕەکەی بە جوانترین شێوەکانی هونەری بیناسازی رازاندۆتەوە.
٣٤- لە وشەی (رفض) ی عەرەبییەوە هاتووە و (الرافضة) ناوی بکەرە.
٣٥- ریتشارد کۆك، مدینه السلام، ترجمة فؤاد جمیل مصطفی، بغداد، ١٩٦٢، ج١، ص ٣١٣.
٣٦- عەلی رەزا پاشای والی بەغدا بۆ یەکەمین جار رێگەیدا بە شیعەکانی عێراق یادی عاشوورا بەئاشکرا بکەنەوە.
٣٧- فەیصەڵی یەکەم رۆژی ١٩٢٢/٨/٢٣ هەڵدەبژێت تاجی شای عێراق بنێتـە سـەر، کـە رێکـەوتی ١٨ زیلحجە (جەژنی غەدیر) دەکات و شیعەکان باوەڕیان وەهایە پەیامبەر لەو رۆژەدا ئیمام عـەلی دیـاریکردووە بە جێگری خۆی.
٣٨- ئەبوتالیب شایەتمانی بەدەمدا نەهات و هەر لەسەر ئاینی کۆن مایەوە!
٣٩- علی الوردی، الدکتور، لمحات من تأریخ العراق، م١، ج١، ٢٠٠٥، ص٥٩.
٤٠- یاوز وشەیەکی تورکییە واتای دڵڕەق و بێبەزەیی دەبەخشێت وەك وشەی (صارم) لە عەرەبیدا.
٤١- پێدەچێت هەریەکەیان مەبەستی ئاینزای خۆی بووبێت دژی ئەویتر.
٤٢- هەتا سەردەمی دەوڵەتی ئومەویش بە وڵاتی چیا (بەشی ژووروو) و سەوادی عێراق (بەشی نێوەڕاست و باشووری) ناودەبرا.
٤٣- زەینەب لە تەمەنی ٥٣ صاڵیدا کوژرا.
٤٤- جەمالەددین وەك لەناوەکەیدا (نازناوەکەیدا) دەردەکەوێت ئەفغانی بێت، بـەڵام لـە باووباپیرانییـەوە ئێرانییە و گومانی تێدا نییە، ئەوەی ساغنەبۆتەوە ئەوەیە سەربە کام لە نەتەوەکانی ئێرانە.
٤٥- شیرازی صاڵی ١٨٩٥ لە شاری سامەڕا مردووە و لە شاری نەجەف نێژراوە.
٤٦- زبیح الله المحلاتی، تأریخ سامراء — النجف، ١٣٦٨، ج٢، ص ١٦٥.
٤٧- محسن الأمین، تاریخ الشیعة، ج٢،٣ دمشق، ١٩٤٩، ص ٢٦٩ — ٢٧٠
٤٨- زبیح الله المحلاتی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.
٤٩- لەشێوەزاری گۆرانی هەورامی وشەی تەباکۆ لە بری تاباك — توتن بەکاردێت، مەولەوی دەڵێت هـانێ تەباکۆ هەروەك رەنگەکەی ( وەك هێما بۆ رەنگ زەردی خۆی).
٥٠- علی الوردی، الدکتور، لمحات من تأریخ العراق، م٢، ج٣، ٢٠٠٥، ص١٣٩.
٥١- گـوڵێزار خوشـکی سمکـۆ و هاوسـەری شـێخ تـەهای شـەمزینی دووەمـە، جـەوەر، جەوهـەر ئاغـای براگەورەی سمکۆیە و بەر لە سمکۆ شەهید کراوە، گۆڤاری رەنگین، ژ/٧٥ ی ك٢، ١٩٩٥.
٥٢- عەبدولرەقیب یوسف، بانگەوازێك بۆ رووناکبیرانی کورد. سلێمانی، ١٩٨٥، ل ٤٧.
٥٣- لە هەندێك سەرچاوەدا مانگی ئۆگۆست ١٩٤١ نووسراوە.
٥٤- ئەوە دووەم جار بوو حەمە رەزا شا لەبەردەم گەلانی ئێراندا رادەکات.
٥٥- دووای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ١٩٧٩، رەزا شا ئەم رازەی ئاشکرا کرد.
٥٦- محمد حسنین هیکل، الدکتور، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.
٥٧- پیرە رامیار بەگونجاو دەزانم لە جێگەی (السیاسی المخضرم) هیوادارم جێگەی خۆی بگرێت.

٥٨- محمد حسنين هيكل، الدكتور، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.
٥٩- هەمان سەرچاوە، لە ٦٨ — ٧٠
٦٠- کاریکراو(دیفاکتۆ)بە گونجاو دەزانم بۆ (أمر الواقع) ی عەرەبی.
٦١- حسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب٢. ستۆکهۆڵم، ٢٠٠١، ل١٩٥.
٦٢- میر حاج و مستەفا خۆشناو، دوواتر پەیوەندی بەشۆڕشی بارزان دەکەن و لەگەڵ هێزەکانی شۆڕشدا (هێزی بارزانیان) چوونە پاڵ کۆماری کوردستان. میر حاج لەگەڵ ئەفسەرەکاندا نەگەڕاوە عێراق.
٦٣- هەژاری موکریانی، چێشتی مجێور،ماجد مەردۆخ روحانی،چ٣ سنه ٢٠٠٩
٦٤- حسێن مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠١، (لە گۆڤاری نیشتمان/ مەهاباد، ژمارە/١ ساڵی یەکەم مانگی ١٩٤٣/٧ وەریگرتووە).
٦٥- کمال مظهر، الدکتور — کردستان في سنوات الحرب العالمية الولی، ص٢٠٣، لە دەستنووسەکەی د. رەحیمی قازی وەریگرتووە.
٦٦- لەسەرچاوەکەدا نوسراوە ئارمی میللی، ئەوە هەڵەی چاپە،پێدەچێت ئارمی میللی (دروشمی میللی) یا (ئامانجی میللی)بووە.
٦٧- حسێن مەدەنی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.
٦٨- هەمان سەرچاوە، بڕوانە ل١٥٥ — ١٥٦.
٦٩- حەمە رەشید خانی بانە یەکێك بوو لە چوار ژەنەڕاڵەکەی لەشکری کۆماری کوردستان لەگەڵ حەمە حسێن سەیفی قازی، بارزانی مستەفا، حەمە حەسەن خانی شوکاك لە جەنگاوەری و ئەزموونی جەنگی پارتیزانیدا بارزانی سەرکردەی هەموویانبووە.
٧٠- حسێن مەدەنی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١ — ١٩٢.
٧١- هەمان سەرچاوە، ل١٩٠.
٧٢- هەمان سەرچاوە، ل٣٠٨.
٧٣- هەمان سەرچاوە، ل ٣١٠.
٧٤- هەمان سەرچاوە، ل ٣١٣.
٧٥- دکتۆر موصەددیق ماوەی نێوان ١٩٥١/٤/٢٠ هەتا ١٩٥٣/٨/٢٢ سەرۆك وەزیرانی حکومەتێکی لیبراڵ بوو لە ئێران هەتا گەڕانەوەی حەمە رەزا شا بە پشتیوانیی ئەمەریکا.
٧٦- محمد حسنين هيكل، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.
٧٧- چەند شایەکی ئێران کە خۆیان لە بەردەم راپەڕینی گەلانی ئێراندا رانەدەگرت، رایاندەکرد و پەنایان بۆ ولآتان دەبرد و لە هەلێکی گونجاودا بە پشتیوانیی بێگانە دەگەڕانەوە و دەنگی ئازادیخوازانیان کپدەکرد، لەوانە، ناصرەددین شای قاچار، رەزا شای پەهلەوی و حەمە رەزای کوڕی.
٧٨- باوەڕی پتەوی دکتۆر موصەددیق بەپەیامەکەی و قوربانیدانی لە پێناویدا دژی رژێمی شای ئێران و ئاغاکانی جێگەی رێزلێنان و بەرزنرخاندنە و ئەویش وەك پێشەوا قازی موحەممەد دوو رابەری ئازاو ئازاد و راستگۆ جەورو ستەمی دوژمن نەیترساندن و بە پێی خۆیان بەرەو پیری مەرگ چوون.
٧٩- محمد حسنين هيكل، هەمان سەرچاوە، بڕوانە ل٩٤.
٨٠- هەمان سەرچاوە، ل٥٢.
٨١- مسعود بارزانی، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ج٣، ثورة ايلول، اربيل، ٢٠٠٢، ص٨٦٢ —

.٨٧٧

٨٢- شەیدای مەزنایەتی لە بەرامبەر (جنون العظمة) ی عەرەبیدا بەگونجاو دەبینم.

٨٣- هیکل، هەمان سەرچاوە، ل١٨٢.

٨٤- زانا گەورەکانی (قوم) بۆ هاوکاریکردنی خومەینی و گەیاندنی بە پلەی ئایەتوڵلا (نامەی دکتۆراکەی) دەسەلمێنن کە بە نێونیشانی (تحریر ألوسیله ) ئازادکردنی ئامڕاز ( ئامادەکردن و بەکارهێنانی هەموو ئامرازە گونجاوەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانج . ن.ك) .

٨٥ـ هیکل، هەمان سەرچاوە، ل٢٠٦.

٨٦ـ هیکل،هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

٨٧- هیکل،هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

٨٨ـ هیکل،هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

٨٩ـ هیکل،هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

٩٠ ـ هیکل،هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

٩١- ژەنەڕاڵ بەختیاریی دوای سەرنەکەوتنی کۆدەتاکەی پەنادەباتە بەر عێراق، بەڵام شای ئێران بەهۆی بەکرێگیراوێکە بە پلانێکی زۆر تۆکمە لە نزیك گۆمی حەببانییە – بەغدا تیرۆرکرا.

٩٢- ئەو ماوەیە ژەنەڕاڵ (مقدمی) سەرۆکی دەزگای سیخوڕی ساواك بوو.

٩٣- هیکل، هەمان سەرچاوە، ل٣١٣.

٩٤- هیکل، هەمان سەرچاوە، ل٢٤٥.

٩٥ – شازادە ئەشرەف خوشکە گەورەی رەزا شا، بەهێزترین کاندید بوو بۆ پۆستی سکرتێری UN دوای کورت ڤالدهایم – ئەڵەمانیی، ئەوەش دەوترێت کە شازادە ئەشرەف و حەمەڕەزاشا جوتلانە – جوتلانکەن.

٩٦- هیکل، هەمان سەرچاوە، ل ١٨٥.

٩٧- مجلة المجلة، العدد ٦٦٧ /٢٤ ت٢ ١٩٧٢.

٩٨- سەرنجێك لە هەڵوێستی رامیاریی و سەربازیی پێکەکە بدە بەرامبەر هەرێمی باشووری کوردستان و بەڵگەدان بە تورك سنوورەکانی هەرێم ببەزێنن و ئاگربارانی گوندەکانی سەرسنوور بکەن و سووکایەتی بە سەروەری گەل و وڵاتێك بکات (ناکرێت) بەرەنگاریان بکەن لەوەها بارووددۆخێکدا..

٩٩- پێدەچێت هێزەکە بۆ پاراستنی صەددام لەگەڵیدا هاتبێت بە شێوەیەك شۆرش پێنەزانێت.

١٠٠- محمد امین ذکی، تأریخ السلیمانیة من نواحیها المختلفة. ص٣٥٨.

١٠١- لكهارت، انقراض سلسلة ألصفوية،ترجمة مصطفى على عماد ـ تهران١٣٦٤ هـ.ش،ص٢٦٩ – ٢٧٠

# بەشی چوارەم
# بەسەرکردنەوەیەکی ٣میرنشینی کورد

## میرنشینی ئەردەڵان ١٦١٢ ـ١٨٦٧
## میرنشینی بابان ١٦٥٠ ـ١٨٥١
## میرنشینی سۆران ؟ ـ ١٨٣٦

لەو سەردەمانەدا هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی کزو لاواز بوو لە نێو نەتەوەکانی ژێر چەپۆکی ڕەش و ستەمکاریی عوسمانییەکان و تورکدا،وەك نەتەوەکانی عەرەب، کورد، ئەرمەن، بلووچ و نەتەوەکانی قەفقازو ئەوروپای خۆرهەلاتیش: بولگار، صرب، هەنگار، کە وەك لە رووی رەگەزەوە جیاوازبوون، ئاین و ئاینزاکانیشیان هەر جیاوازبوون ودابەش بوبوون بەسەر موسوڵمان، دیان، جوو، سوننە، شیعە، کەنیسەی رۆمی خۆرئاوا و خۆرهەلات، کاسۆلیك و پروتستانت، نەستووری، کلدانی، ئاشووری، فەلە، ییزیدی، کاکەیی، هەقە، عەلەوی، زەردەشتی، شێخی، بابایی ـ بابیی . شوێنە پیرۆزەکانی موسوڵمانانی سوننە وەك مەککە، مەدینە،تایف و شوێنە ئاینییە پیرۆزەکانی شیعەش وەك: نەجەف، کەربەلا، کازیمەین، سامەڕای لە ژێر دەستدا بوون.

لەوەها ولاتێکی فراوان و بەربلاوو فرە نەتەوە و فرە ئایین و ئاینزادا، داب و نەریتێکی رامیاریی و بەرنامەیەکی بەڕێوەبردن پیادە دەکرا، سولتانی عوسمانیی دۆستی هەمووان و هەمانکات دوژمنی هەموانیشە، ئەو نەتەوانەی لە (مالّی) خۆیاندا بە هێمنی و بێقرە و برە دەست بە کلاوی خۆیانەوە دەگرن، باج و سەرانە دەدەن و والییەکان گلەیی و رەخنەیان لەسەر نانووسن، دەتوانن لە خاکی سولتاندا دانیشن و کارو کاسپی و جوتیاریی خۆیان بکەن، بەشی خەزێنەی لێبدەن، پیتاك بۆ لەشکر کۆبکەنەوە لە گەنم و جۆ و خەلە و خەرمانی هەموو جۆرە دانەوێلەکان و رۆن و شیر و بەرهەمەکانی و مەڕ ومالات، پیاوەکانیشیان ئامادەی سەربازیی و فیداکاریین لە پێناو سولتان و بەرزیی ئالای ئیسلامدا و بۆ راپەڕاندنی پێویستیەکانی جەنگیش لەگەڵ کافراندا ئامادەی کاری بێگار(سوخرە) بن و خۆیان و ولاخەکانیان بخەنە ژێر بار، ئافرەتانیش بۆ برا جەنگاوەرەکانیان کلاوو ملپێچ و گۆرەوی خوریی بچنن. هەر ئەوەندە و هیچی دیکەمان ناوێت! کوردیش لە شاری کوێران دەستی بەچاویەوە گرتبوو، میرەکانی میرنشینی بابان بە پێی رۆژگار و بەرژەوەندیی لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریاکەی فارس و عوسمانیدا دەجوولانەوە و ئەمبەر و ئەوبەریان دەکرد، بارووردۆخە نالەبارە جیۆپۆلەتیکەکەی کوردستان کارێکی کردبوو، ئەو ئاوەی ئەوکاتە رژا سەردەمی حکومەتەکەی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان و هەتا ئەمرۆش ووشك نەبۆتەوە و هەرپێی لێدەخرێت! ئەوکاتەی شێخ مەحموود (دۆستی) تورك بوو، سمایلخانی سمکۆ دۆستی بەریتانیا و دژی تورك بوو، دەیویست شێخیش ئەو رێگەیە بگرێت بەلام کە تورك دەستێکی قورسیان لێوەشاند، نە بەریتانیا و نە رووسەکانیش فریای نەکەوتن، بارووردۆخە نالەبارەکە ناچاری دەکات سەرەداوێکیان لەگەڵدا بهێڵێتەوە، بەلام چارەنووسی کورد کەوتبووە دەست سەرکەوتووەکانی جەنگ.

سەدەی سیازدەو چواردەی عیسایی، تورك و فارس قەوارەی رامیاریی و سەربازیی دوو زلهێزی زەبەلاحی نوێ لە ناوچەکەدا پێکدەهێنن و شیرو تیریان لەیەکتر دەسوو، شۆڕش و راپەڕینەکانی کورد و دامەزراندنی میرنشینەکانی کوردیش بەکەڵك وەرگرتن لە ئاڵۆزیی و جەنگە دوور و درێژەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتە زەبەلاحەکەی ناوچەکە، دەوڵەتی تورکە عوسمانییەکان و دەوڵەتی فارسە ئێرانییەکان و کێشەکانی سنوورەکانی نێوانیان، وڵاتی میسۆپۆتامیا (وڵاتی دوو رووبارەکە) بەهەردوو هەرێمی کوردستان و عەرەبستانەوە لە ساڵی ١٥١٧ەوە کەوتۆتە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و بۆ ئاسانکاریی کاروباری بەڕێوەبردن بەسەر چوار هەرێمدا (ویلایەت) دابەشکرا، هەرێمی بەغدا، بەصرا، مووصڵ، شارەزوور. ساڵی ١٨٧٩ هەرێمی شارەزوور کە شاری کەرکوك بنکەی بەڕێوبردنی بوو هەڵوەشێندرایەوە و خرایە سەر هەرێمی مووصڵ و هەتا کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهان ١٩١٤ — ١٩١٧ و مۆرکردنی ئاگربەستی مۆدروس ١٩١٨/١٠/٣١ لە ژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانیدا مایەوە. مەدحەت پاشای والی بەغداش، هەرێمەکەی موصڵ دابەش دەکات بەسەر سێ سەنجەقدا.

١ـ سەنجەقی ناوەند: موصڵ، دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، شەنگاڵ (پیرۆز)، ئاکرێ.

٢- سەنجەقی کەرکوك: هەولێر، رانیە، رەواندز، کۆیە، کفری.

٣- سەنجەقی سلێمانی: بازیان، هەڵەبجە، شارەزوور، مەرگە.

ئەم بەرنامەیەی دەوڵەتی عوسمانی چاولێکەریی دەوڵەتەکانی ئەوروپا بوو، کە دەستەڵاتەکانی هەرێمەکانیان کۆکردەوەو دەستەڵاتی نێوەند (پیتەخت)یان بەهێز کرد، عوسمانییەکانیش لەو هەوڵەدا سەرکەوتن و رێگەیان لە میرنشینە سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆکان گرت کە هەتا ئەو نزیکانە فەرمانڕەوایی ناوچەکانی خۆیانیان دەکرد، وەك:

١- میرنشینی هەزبانیی ٩٠٥ز.، محەمەد کوڕی بیلال هەزبانیی لە هەولێر و خۆرهەڵاتی مووصڵ دایمەزراند، سەردەمی خەلیفەی عەبباسی موکتەفی بیللا دەکەونە بەرهێرشی هێزەکانی خەلیفە و دەکشێتەوە شارەزوور، لەوێشەوە خێزانەکانیان دەبەنە چیای قەندیل و خۆیان ئامادەکردەوە، بەڵام سەرنەکەوتن و روویانکردە ئازەربایجان. میرە ناسراوەکانیان عیسای کوڕی مووسای هەزبانیی، سالاری کوڕی عیسا، ئەبولحەسەن کوڕی موسکیی هەزبانیی.

٢- میرنشینی روادیی — رەوادیی (ڕەوەندیی) ٢٣٠ — ٦١٨ کۆچی ـ هەتاوی، محەمەد رەوەند لە سەردەمی صەفەوییەکاندا ١٥٠١ — ١٧٣٦ز. لە ئازەربایجان دایمەزراند.

٣- میرنشینی حەسنەوی ٩٥٠ — ١٠٩٥ز. حەسەن کوڕی حسێن سەرۆکی هۆزی بەرزیکانی لە کوردستانی رۆژهەڵات دایمەزراند و شاری دینەوەر لە باکووری کرماشان پێتەختی میرنشینەکە بوو، میرحەسەن پەیوەندی لەگەڵ بوەیهییەکاندا ژیرانە راگرتبوو، سەردەمی ئەوانیش سنووری خۆی فراوانکرد. دووای مردنی میرحەسەن ٩٧٩ز. یەکێك لە کوڕەکانی بەنێوی(میربەدر) ٣٥ ساڵ فەرمانڕەوایی هەرێمەکانی کوردستان(مەبەست لە دەڤەری سنە ـ سنەندجە .ن .ك)، دینەوەر، کرماشان، هەمەدان و شارەزوور دەکات.

بایەخیدەدا بەفراوانبوون و ئاوەدانی ولآت و چاودێری هەژار و و لێقەوماوان، دووای مردنی میر بەدر لە ١٩٤ زاییینیدا تاهیر کوڕی هیلال کوڕی بەدر دەبێتە میر و تەنها ساڵێك فەرمانڕەوا بوو، ئەو مردوو میرنشینەکەش رووخا و میرنشینی عەننازیی لە جێگەدا دادەمەزرێت [1]. عەبدولرەقیب یووسف دەڵێت میرنشینی (دەولەتی) حەسنەوی دووای دەولەتی شەددادی دامەزراوە. ئەگەر ئەو بۆچوونەی عەبدولرەقیب یووسف بسەلمێنین، دەبێت میرنشینی حەسنەوی ١١٦٥ز. کە دووا ساڵی فەرمارەوایی شەددادییەکانە یا دوواتر دامەزرابێت و هەتا ١٢١٥ز. فەرمانڕەوابووە. ئەو ئەنجامەش جیاوازیی دوو صەد ساڵێك لە دامەزراندن و صەدو بیست ساڵێك لە رووخانیدا دروستدەکات. هەمان ئەم میرنشینە لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا بە حصن کیف — حەسەن کیف (قەلآی رابواردن) تۆمارکراوە و بەر لەهێرشەکەی جەنگیز خان ١٢٠٣ — ١٢٢٦ ز. میرنشینی حەسنەوی لە کوردستان و خوزستان و میرنشینی شاهێنی لە کوت و بەدرەو جەسسان دامەزرابوون.

٤- دەولەتی شەددادیی ٣٤٠ ك/٩٥١ — ١١٧٤ز. لە نێوچەی ئاران نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا و رووباری ئاراس، محەمەدی کوڕی شەدداد دایمەزراند، شەددادیی تیرەیەکە لە هۆزی رەووادی. میرە بەهێزەکانیان: میرلەشکر هەشت ساڵ فەرمانڕەوا بووە و میر فەزلوون کوڕی محەمەد چل و پێنج ساڵ و میرشاوەر دووای موحەممەد ساڵی ١٠٣٠ز. بووە بە میر. ئەبوسوار کوڕی فەزلوون ناسراوترین میری شەددادییەکانە، سەردەمی مەغۆل ئەویش وەك هەموو میرنشینەکانی تر لە ئەنجامی هێرشەکانی مەغۆلدا بەسەرکردایەتی جەنگیزخان ١٠٢٣ -١٢٢٦ ز. هەڵدەوەشێت هەرچەند خۆی و هێزەکەی کشانەوە بۆ شاری (ئانی) لە ئەرمینیا [2].

٥- میرنشین (دەولەتی)ی دۆسکیی مەڕوانیی ١٠١٢ — ١٠٦١ز. نەصر ئەلدەولە ئەحمەد کوڕی مەروان کوڕی (کەك) لە باشووری لوڕستان دایمەزراند. وەك عەبدولرەقیب یوسف دەڵێت دیوار و بانەکانی (مەبەست بنمیچەکانە) بەئاوی زێر نەخشکراون. بۆچوونیش هەیە میریاد کوڕی دۆستەك ساڵی ٩٨٣ ز. لە ئامەد — دیاربەکر دایمەزراندووە و بەشێك لە ئەرمینیاش دەپچڕێت و دەستی گەیشتووەتە مووصڵیش. میریاد ٩٩٣ ز. دەمرێت و میر ئەبووعەلی کوڕی مەروان و دووای ئەویش میر موحەممەدی دەولەویی برای ٣٨٧ ك/٩٩٧ز. میرنشینەکە بەڕێوە دەبات. میرنشینی دۆسکیی — مەروانیی ئەوەندە بەهێز بوو هەردوو دەولەتی رۆمی بێزنتە و بووەیهی داندەنێن بە سەربەخۆیی میرەکانیدا. میر ئەحمەد یەکێکە لە هەرە میرە مەزنەکانی کورد و میرنشینەکەی گەیاندە ئاستێکی بەرچاوی ئاوەدانیی و پێشکەوتن لە رۆژهەلآتدا، چەندین کۆشك و تەلاری دروستکرد، نموونەی بالآی هونەری بیناسازیی بوون.ئەمە جگە لە پرۆژەکانی ئاوو پرد و رێگاوبان و نوێژەنکردنەوەی شوورا و قەلآ دێرینەکان و پیادەکردنی رژێمێکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی ولآت بەهۆی وەزیر و والییەکانەوە.

باڵۆڵ دووا میری میرنشینەکە بوو، تورکە سەلجووقەکان ئامەد ــ دیاربەکری پێتەخت داگیردەکەن و میرنشینەکە دەڕوخێنن [3]

٦- میرنشینی عەننازی (بەنوو عەناز) ٩٩١ -١١١٧ز. ئەبولفەتح موحەممەد کوڕی عەنناز لە باکووری

کوردستان دایمەزراند، دەستەڵاتی دەگەیشتە خانەقین، دوای مردنی، حیسامەددینی کوڕی، ٣٦ ساڵ فەرمانڕەوا بوو.

٧- دەوڵەتی صالڕی ٣٠٠ — ٤٠٠ ك لە ئازەربایجان دامەزراوە، دایسەم یەکیك لە میرەکانی صالڕییەو ٣١٤ — ٣٣٠ ك فەرمانڕەوا بوو و صالّی ٣٤٥ ك دەکەوێتە دەست دوژمن و لە زینداندا دەیکوژن[٤] .( گومان لە دروستی صالّی ٣٤٥ ز دەکرێت، رووداوەکە پێشتر بووە).

٨- دەوڵەتی ئەیووبی ١١٨٦ — ١٢٦٠ز. قارەمانی کورد و ئیسلام یوسف کوڕی نەجمەددین ئەیووب ناسراو بە سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی دایمەزراند و فارمانڕەوایی هەردوو وڵاتی میسر و شامی دەکرد.

٩- میرنشینی شوانکارە سەدەی ١١- ١٣ز. لە باشووری خۆرهەڵاتی ئێران لە ژێر سایەی دەوڵەتی خوارەزمی و دەوڵەتی سەلجووقدا دامەزراوە[٥].

١٠- میرنشینی فەزڵەوی ٥٤٣ك ـ ؟ سنوورەکانی لە نەهاوەندەوە دەگەیشتە شارەزوور.

١١- میرنشینی بۆتان ١٤١٧ ز. لە هەرێمی جزیر و بۆتان دامەزراوە.

١٢- میرنشینی بادینان ١٢٦٢ — ١٨٣٧ شێخ بەهادین کوڕی شەمسەدین لە ئامێدی دایمەزراند و هەر بەناوی ئەویشەوە ناونراوە بەهائەددین — بەهادینی، بادینی — بادینان[٦] شێخ بەهاددین میرێکی دانا و کارزان بوو، بەپرس و راوێژی پیرەپیاوەکان وڵاتی بەڕێوەدەبرد، بایەخیدەدا بە ئاوەدانکردنەوە و رازاندنەوەی وڵات، چەندین مزگەوت و خوێندنگەی ئاینیی کردەوە و مەلا و زانای لێهاتووی بۆ راگرتن. شاری زاخۆشی خستە سەر بادینان. دووای بەهاددین بیست و پێنج میر فەرمانڕەواییانکرد، میر زەینەدین لەوپەڕی ئازادی و سەربەرزیدا بوو، میر حەسەن کوڕەزای میر زەینەدین قەڵای ئامێدی لە هێرشێکی هێزەکانی (مەڕدارە سپییەکان ـ ئاق قۆینلۆ) پاراست بە سەرکردایەتی سلێمان ئۆغلۆ و بە سەرشۆڕی و شپرزەیی گەڕانەوە.

١٣- میرنشینی ئەردەڵان ١٦١٢ — ١٨٦٧ ز. بابە ئەردەڵان لە تیرەی مامۆیی هۆزی رەوەند دایمەزراند.

١٤- میرنشینی بتلیس ١٥٤٧ — ١٦٧٤ ز. لە سەردەمی شا عەبباسی صەفەویدا دامەزراوە وەك ئەولیا چەلەپی دەڵێت: دە رۆژ لە خزمەت ئەحمەد پاشای زاوای سوڵتان موراد میوانی عەبدالّخان میری بتلیس بووین لەڕیزی شاو قەراڵەکانی ئەوروپادایە، هەر ئەو ئەحمەد پاشایەش بەفەرمانی سوڵتان موراد ١٠٤٥ ك. /١٦٥٤ /١٦٥٥ز. پەلاماریدا و ١٠٦٥ ك./ ١٦٧٤ز. شکاندنی و میرنشینەکەی رووخاند.

١٥- میرنشینی سۆران ؟ ـ ١٨٣٦ میر موحەممەد و خانزاد لە میرە مەزنەکانی سۆرانن، خانزاد ١٥٥٩ لەسەردەمی شا تەهماسەب(تەهمان سپی) دا میری سۆران بوو، بەڵام سوڵتانی عوسمانی دوریدەخاتەوە بۆ شاری سەماوە — عێراق.

١٦- میرنشینی بابان ١٦٥٠ — ١٨٥١ز. ئەم سێ میرنشینە و میرنشینی برادۆست (خانی زێڕین لەپ) لە چوار بابەتی سەربەخۆدا خراونەتە بەرچاو.

١٧- پێنج حکومەتەکەی ویلایەتی وان — باکووری کوردستان:

ا ـ فەرمانڕەوایی بەنی قەتوور (چیا و دەربەند و قەڵایەك لە خۆرهەڵاتی کوردستان نیزیك رووباری ئاراس هەیە بەناوی قتوور.ن.ك).

ب ـ دەستەڵاتی بیرەدۆسی — یا حکومەتی بیردەسی.
ج ـ دەستەڵاتی جۆلاینی — یا حکومەتی جۆلاینی.
د ـ دەستەڵاتی دمدمی (لە قەڵا بەنێوبانگەکەی دمدم وەریگراوە).
هـ ـ دەستەڵاتی دومبلی، ناوێکی کوردی بووە، وەك مێجەر نۆئێلْ بۆی دەرکەوتووە دەستەڵاتی تورك، ناوە کوردییەکان دەشێوێنن.
١٧ـ یەکەمین حکومەتی کوردستان — باشوور بە سەرۆکایەتی مەلیك مەحموود ١٩١٩
١٨ـ دووەمین حکومەتی کوردستان — باشوور بەسەرۆکایەتی مەلیك مەحموود، ١٩٢٢.
١٩ـ کۆماری کوردستان (کۆماری مەهاباد) ١٩٤٦/١/٢٢ — ١٩٤٦/١٢/١٥ پێیتەختەکەی شاری مەهاباد بوو- خۆرهەڵاتی کوردستان. هەرچەندە کۆمارە تاقانەکەی کوردستان تەمەنی کورت بوو، کەمتر لە ساڵێك، بەڵام مێژوونووسان لەسەر ئەو ماوە کورتەش لە راگەیاندنی کۆمار و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و کەوتنی کۆماردا هاوبیر نین، بەتایبەتیش مێژوونووسی فارس تەفرشیان و مێژوونووسانی کورد دکتۆر ئەورەحمانی قاسملۆ، بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، شەوکەت شێخ یەزدین.
٢٠ـ دەوڵەتی مەروانی لە ئامەد (دیاربەکر) دامەزرا.
گەرۆك و مێژوونووسی بەویژدانی عوسمانی (لەو باوەڕەدام کوردە) باس لە حکومەتی (مەحموودی)ش دەکات لە خۆرهەڵاتی گۆمی وان دامەزراوە و وتوویەتی چیاکانی باڵچین جێگەیانە، چیای شاکدیکی لە خاکی عەجەم جیایان دەکاتەوە، لەولایانەوە قەڵای قوتووری عەجەمە.
قەڵای قوتوور بەسەر چیای قوتوورەوە دروستکراوە و بەسەر دۆڵ و گەرووە سەختەکەی دامێنی چیاکەدا دەڕوانێت و دەکەوێتە باکووری ورمێ، تەرگەوەڕ و خۆرهەڵاتی شاری خووی نێزیك بەسنوورەکانی نێوان ئێران و رووسیا[٧].
لێرەدا و لەبەسەرکردنەوەی میرنشین و (دەوڵەتەکانی)[٨] کووردا بە پێویستی دەزانم راستییەك بخەمە بەرچاو، هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ و بلاوبوونەوەی کتێبی سیاحەتنامە بەنرخەکەی گەریدەو مێژوونووسی عوسمانی حەزرەتی ئەولیا چەلەبی، وامدەزانی جگە لە میرنشینی ئەردەڵان تێکڕای میرنشینەکانی کورد وەك میرنشینەکەی بابان وێران و دوور لە پێشکەوتنی شارستانین، ناهەقیشم نەبوو، میرەکانی بابان نەك کۆشك و سەراو مەڵبەندی فەرمانڕەواییان نەبوو، خانووبەرە و هێلانەیەکیان بۆ ژیانی خۆیان و خێزانیشیان نەبوو، جیمس ریچ کە ١٨٨٢ لە ئێرانەوە دێتە خاکی بابان شوێنەوارێکی شارستانیی نابینێت، بەڵام نەیدرکاندووە! کەچی جێمس بیللی فرایزەر ١٧٨٣ — ١٨٥٦ ز. کە ساڵی١٨٥٦ دێتە کوردستانی باشوور و چاوی بە موڵکی بابان دەکەوێت لە بنی دەهۆڵەکە دەدات و زۆر بەزەقیی ئەوەی بەچاو بینیویەتی دەینوسێت: وڵاتی وەهاوێران و داماوو هەژارم بەبیردا نەدەهات کە هەر کووخ و کۆختەی وێران و سەرەنوێلکە.. خێزانی پاشا لە قوژبنێکدا دەژیان، پاشاش رەشماڵێکی لە دەرەوەی شار هەڵدابوو، منیش بەناچاری لە خانوویەکی سەربەتاڵدا هەرچۆنێك بوو ئەو شەوەم رۆژ کردەوە و بەیانیش لای سەرۆك هۆزی ملۆ پارچەیەك نانی رەش و چۆرێك ماستیان لەبەردەمدا دانایین و وتیان خۆمان و وولاخەکانیش هەر ئەوە دەخۆین! شەرمەزار خۆمان! خۆ میری حوێزەش

هەر میرنشینێك بوو (تەشبیهـ نەبێت وەك بابان) كۆشك و سەرا و حەرەم سەرا و مەڵبەندی حوكمڕانییەكەی دەنگی دابووەوە. هەموو شوێنەوار و پاشماوە دێرینەكانی میر و پاشاكانی بابان بریتییە لەوەی برایم پاشا دروستكردنی شاری سلێمانی تەواو كردو وەسمان پاشای برای ئەورەحمان پاشاش قەیسەری وەسمان پاشای بەدروستكردن دا، ئیتر ئاو بێنە و دەست بشۆ.

جا نازانم ئەو خواگرتووە، شێخ رەزای تاڵەبانی لە چ هەوایەكی شاعیرانە و دەم چەوركردنێكدا تەقلە بە فیل لێدەدات و ئەو وێرانەخاكەمان لنگەوقووچ پێشاندەدات كە دەڵێت:

**بەبیرم دێ سلێمانی كە دارولمولكی بابان بوو**

**نە مەحكوومی عەجەم نە سوخرەكێشی ئالی عوسمان بوو**

مامە شێخ خوا لێت نەگرێت بە گوناح، تۆش دووای ژیان و پارووپەك نان كەوتبوویت لەپاشاكانی هۆزی جاف و حكومەتەكەی مەلیك مەحموود، گەردنت ئازاد بێت. هەریەكێكمان بە جۆرێك دوای ژیان و پاروو نانێك دەكەوین.

## میرنشینی ئەردەڵان١٦١٢– ١٨٦٧

مێژووی میرنشینی ئەردەڵان وەك مێژووی هەموو میرنشینەكانی كورد ئەوەندە كەموكورت و هەژار و بێخاوەنە بەئاستەم دەتوانرێت سەرەداوێكی سەرەتای دامەزراندن و دامەزرێنەكەی و یەكەمین بنكەی بەڕێوەبردن و سنووری ناوچەكانی ژێر دەستەڵاتی لە راستیی نێزیك بكەینەوە و ئەوەش چەندین بیرو بۆچوونی جیاوازی لە سەرە و هێشتا نەگەیشتۆتە ئەنجامێكی بنەبڕ. لەو چەند سەرچاوە كەمەدا كەبەردەستم كەوتن. بابا ئەردەڵان دامەزرێنەری میرنشینەكەیە، ئەمەش بەڵگەیەكی مێژوویی لە پاڵدا نییە جگە لەناوی میرنشینەكە. كەئەردەڵانە. دووای هێرشەكانی جەنگیز خانی مەغۆل ١٢٠٣ – ١٢٢٦ بابا ئەردەڵان بە ئازایەتیی و كارامەیی خۆی دەستدەگرێت بەسەر هەرێمی كەركووك و شارەزووردا و میرنشینێك دادەمەزرێنێت و لەماوەیەكی كورتدا دەبێتە فراوانترین میرنشینی كورد. كلۆڵ بەگ كوڕی بابا ئەردەڵان دووای مردنی باوكی دەبێتە میر و یەكێكە لەو چل و چوار میرەی دووابەدووا فەرمانڕەوای میرنشینەكە بوون هەتا ساڵی ١٨٦٧.

تیرەی جەلاییری یەكێكە لە تیرە بەهێزەكانی هۆزە گەورەكەی مەرداره رەشەكان ـ خاوەن مەڕە رەشەكان (قەرەقۆینلۆ)ی مەغۆل،تەیموری لەنگ دووای سێ هێرشی بەربڵاو لە ١٣٨٦ـ١٣٨٩، ١٣٩٢ـ١٣٩٦ و١٣٩٩ـ١٤٠٥دا بەنیو كوردستاندا بۆسەر فەرمانڕەوایی جەلاییریەكان ئینجا توانی لە ١٤٠٥دا، دەستەڵاتی جەلاییری بڕووخێنێت و لەوێوە سەرەتای دەسەڵاتی قەرەقۆینلۆ دەست پێدەكات. ئەوانە كەبەشێكن لە توركە مەغۆلەكان توانییان لەنیوەی یەكەمی سەدەی پازدەدا فەرمانڕەواییەكی بەهێز لە رووبەرێكی فراوانی ئازەربایجان وباشووری كوردستاندا دامەزرێنن (بڕوانە كورد لە بیرەوەرییەكانی تەیموری لەنگدا، گۆڕینی لە فارسییەوە حەمەی حەمە سەعید). یووسف جەلایری لەبەردەم هێزەكانی تەیموری لەنگدا خۆناگرێت، هەڵدێت و پەنادەباتە بەر سوڵتان بایەزیدی عوسمانی. دوژمنی سەرەكیی ئەردەڵان، هۆزی جەلایری بوو، چاویان بڕیبووە خاكی ئەردەڵان، سەردەمی میر حەسەن بەگ كوڕی خدر بەگ هێرشێكی فراوان

دەکەنە سەر ئەردەڵان، بەڵام بەرخۆدانی ئەردەڵانییەکان ڕێگەی پێنـەدان لـە سنوورەکانیشـی نزیـك ببنـەوە و بەسەرشۆڕی گەڕانەوە. مەئموون بەگ ١٥٣٥ — ١٥٣٧ بە شەش پشت دەچێتەوە سەر بابا ئەردەڵان، میرێکی سەربەخۆ و باڵادەست بوو، ژێر فەرمانیی عوسمانی و صەفەوی نـەدەکرد، سـنووری ئـەردەڵانی لـە بـاکوورەوە گەیاندە زێی گەورە و ڕەواندز، فەرمانداری تایبەتیی بەسەر ئامێدی، هەریر، زاخۆوە دانابوو، بە نێوی مـیری ئەردەڵانەوە ناوچـەکانیان بـەڕێوە دەبـرد، مـەئموون بـەگ ٨٦٢ ــ ٩٠٠ ك . سـی کـوڕی هـەبوو، بێگەبـەك، سورخاب خان، موحەممەد بەگ.

وەك مێژوونووس عەبدولقادر ڕۆستەم بابانی دەڵێت: سورخاب خان ١٥٢٤ — ١٥٥٣ میری ئەردەڵان بـووە، چیای پڵنگان لە دەست کەلهور دەردەهێنێت!! بەوپێیە سورخاب بەرلە باوکی مـیری ئـەردەڵان بـووە، ئـەوەش هەڵەیەکی زەقە لە دیاریکردنی صاڵەکاندا. مێژوونووسی عەرەب زیـاء شـەکارە دەڵێـت: (سـوڵتان سـلێمانی قانوونی ١٥٣٤ بەغدا داگیر دەکات و سەرووخواری عێراق دەکەوێتە بندەستی دەوڵەتی عوسمانی، میرنشینی ئەردەڵان و کوردستانی بچووکیش (پشتکۆ) کەوتنە ژێر فەرمانی سوڵتانەوە هەتالەسـاڵی١٧٢٤دا، دەوڵـەتی عوسمانیی دەستی لێهەڵگرتن بۆ ئێران)[٩] .

هەڵۆخان یەکێکە لە میرە مەزنەکانی کورد١٥٨٦ ــ ١٦٠٦ فـەرمانڕەوابووە، لـە شـەڕ و ئاشـتیدا جێگـە دەستی دیارە، وڵاتی ئەردەڵان لە سەردەمی هەڵۆخاندا بووژایەوە، ئاوەدانیی و هێمنیی و هەرزانیی نیشـانەی پێشکەوتن و توانا و لێهاتوویی هـەڵۆ خـانی بەخشـندە و میهرەبـان بـوو لەگـەڵ ئەردەڵانیانـدا، قـەڵای زەڵـم دروستدەکات و دەیکاتە بنکـەی فـەرمانڕەوایی و بـەڕێوەبردن، بـۆ پاراسـتنی وڵاتـیش لـە هێرشـی دوژمـن، قەڵاکانی حەسەن ئاوا، پلنگـان، مـەریوان دروسـتدەکات و هێرشـێکی فراوانـی شـا عەبباسـی صـەفەوی لـە نێوچەی سەهیم نێزیك هەمەدان تێکشاند. عەبدولقادر بابـانی دەڵێـت هـەڵۆخان کـوڕی عـەلیخانـە و مـاوەی نێـوان ٩٨٣ — ١٠١٤ك (١٥٧٦ — ١٦٠٦ ز .ن.ك) مـیری ئـەردەڵان بـووە، ئـەوەش دەکاتـە سـەردەمی فەرمانڕەوایی شا عەبباسی دووەم کە ١٦٢٣ شاری بەغدا لە دەست عوسمانی دەردەهێنێت.

خان ئەحمەد خـان ١٦٠٦ — ١٦١٦ دووای مردنـی هـەڵۆخانی بـاوکی دەبێتـە مـیری ئـەردەڵان، پێتـەختی ئەردەڵان لە قەڵای حەسەن ئاواوە دەگوێزرێتەوە بۆ سنە، ئەمـەش دووای چـوار جـار گوێزرانـەوەی پێشـتر لـە قەڵای زەڵم بۆ مەریوان و لەوێوە بۆ قەڵای پڵنگان و لەوێشەوە بۆ حەسەن ئاوا، بەڵام گواستنەوەی پێتەخت بـۆ شاری سنە صاڵی ١٦٣٦ بووە، ئەوەش لەگەڵ ماوەی فەرمانڕەوایی خان ئەحمـەد خانـدا ناگونجێـت، هـەروەها دەسـتەڵاتی خـان ئەحمـەد هـەتا ڕێککـەوتنی عوسمـانی و صـەفەوی و مـۆرکردنی پـەیمانی زەهـاو ١٦٣٩ و دابەشکردنی کوردستان، ئەردەڵان باڵادەستبوو، شارەکانی سـابلاغ (مـەهاباد)، ورمـێ، مەراغـە و هـەردوو هۆزی بلباس و موکریان ژێر فەرمانی بـوون، بـەڵام دووای دابەشـکردنی کوردسـتان لـە١٦٣٩دا شـارەزوور، ئامێدی، زاخۆ، هەریر، ڕەواندز کەوتنە سنووری دەوڵەتی عوسمانی و سنووری ئـەردەڵانیش بەرتەسکبووەوە. ئەو تروسکاییە کزەی ئەو چەند دێـڕەی سـەرەوە ڕێگـە بـۆ سـەلماندنی بۆچوونەکەی دکتـۆر مـارف خەزنـەدار خۆشدەکات (ئەردەڵان سەدەی چواردە، بابـا ئـەردەڵان دایمەزرانـد و شـارەزووری ئـاوەدانکردەوە کـە مـەغۆل وێرانیکردبوو)،[١٠] چونکە ڕووداوێکی گرنگیش وەك جەنگی چـاڵدیران ١٥١٤ نێـوان عوسمـانی و صـەفەوی، ڕێککەوتنی سوڵتان سەلیم یاوز و مەلا ئیدریسـی بتلیسـی ١٥١٥ و دەستبەسـەراگرتنی عێراقـی عـەرەب و

باشووری کوردستان ١٥١٧ لە لایەن هێزەکانی عوسمانییەوە و ١٥٣٤ سولتان سلێمانی قانوونی بەرێگەی شارەزووردا هێرش دەکاتە سەر ئێران و شاری تەورێز داگیر دەکات و لەوێوە دەگەڕێتەوە بەغدا، شەرەفخانی بتلیسیش ١٥٤٣ - ١٦٠٤ شەرەفنامەی لە ١٥٨٨ نووسیوە و میرنشینی ئەردەڵانیشی بەسەرکردۆتەوە، هەمووی پشتگیریی ئەوە دەکەن میرنشینەکە سەرەتای سەدەی شازدە و دەوروبەری ١٥٢٤ دامەزرابێت و سێ سەد و پەنجا ساڵێك فەرمانڕەوایی بەشێکی خۆرهەڵاتی کوردستان و ناوبەناو بەشێکی باشووری کوردستانیشی کردووە، پاشماوەی شوێنەوارەکانیشیان کە یەکێکیان قەڵای زەڵم (قەڵای خورماڵ)ە کە بابا ئەردەڵان دروستیکردووە و بەناڕەوا بەقەڵای ئەحمەد خانی کوڕی هەڵۆخان ناودەبرێت.

میرنشینی ئەردەڵان هەتا بنکە و بارەگای نەگوێزایەوە قەڵای مەریوان بەردەوام هەڕەشەی لە سەربوو، بۆیە چەند جار لە قەڵایەکەوە بۆ قەڵایەك دەگوێزێتەوە و سنووری دەستەڵاتیشی لە سەردەمی مەئمون بەگدا بریتیبوو لە ناوچەکانی زەڵم، خورماڵ، شەمێران، هاوار، نەوسوو، جوانڕۆ، کە دابەشیکردبوون بەسەر کوڕەکانیدا و هێشتا بەرەنگاریی لە شکری عوسمانییان بۆ نەدەکرا و دوواتر مەترسیی بابانیشی هاتە سەر و مەئمون بەگ خۆیدا بەدەستەوە و رەوانەیانکردە بەغدا و سورخاب بەگیش خۆی لە ئاگرەکە دوور دەخاتەوە و لە قەڵای زەڵمەوە دەگوێزێتەوە بۆ مەریوان وئیتر ناوچەکانی شارەزوور و سلێمانی و هەولێر هەرهەمووی کەوتنە بندەستی میری بابان کە لەسەر فرمانی سوڵتان گەڕابوەوە بۆ بۆداق بەگی کوڕی حاجی شێخ، دووای ئەویش یا دوواتر هەڵۆخان دەبێتە میری ئەردەڵان ١٥٨٨ — ١٦٠٥ز. هەڵۆخان لە میرە بەدەستەڵاتەکانی ئەردەڵان بوو، بەڵام کەوتە داوی خان ئەحمەد خانی کوڕییەوە و بەدەستبەستراویی رەوانەی ئەصفەهانی پێتەخی ئێرانی دەکات و بە جێگەی باوکی شاد دەبێت و لەماوەی نێوان ١٦١٧ — ١٦٣١دا فەرمانڕەوایی ئەردەڵان دەگرێتە دەست و لەسەر خواستی ئێران و هێنانەوەی تای تەرازووی هێزەکان لە نێوان عوسمانی و ئێراندا پەلیدەهاویشت و قەپاڵی لە موڵکی بابان دەگرت بۆ بەرژەوەندی ئێران، نەك یەکخستنی موڵکەکان و یەکگرتنی میرنشینەکان لە قەوارەیەکی بەهێزدا، چونکە باروودۆخە ناوخۆیی و دەرەکیی و هەڵکەوتە جیۆپۆلەتیکەکەش ئەوەندە نالەبار بوو، ئەردەڵان ناچار دەبێت بۆ خۆپاراستن لە هێرش و پەلاماری میرەکانی بابان بە پشتیوانیی و هاوکاریی عوسمانی، ناچاربوون چوار جار بنکەی دەستەڵات لە قەڵای زەڵمەوە بۆ مەریوان، پڵنگان، حەسەن ئاوا و دوواجاریش لەساڵی١٦٣٦دا بگوێزنەوە شاری سنە.

خاڵێکی بێهێزی میرنشینی ئەردەڵان هەرچەند لە هەمانکاتدا بۆ ئەو بارودۆخە نائارامە دەشێت بەخاڵێکی پۆزەتیفیش بخوێنرێتەوە ئەوەبوو ئەردەڵان وەك بابان مەودای مانۆڕ و ئەمبەروئەوبەری نەبوو لە نێوان ئێران عوسمانیدا بۆیە سەرومڕ چارەنووسی خۆی بەبەرژەوەندی و سەرکەوتنەکانی ئێرانەوە بەستبوو. ئامانۆڵڵا خان نێوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم دەستەڵاتی فەرمانڕەوایی میرنشینی ئەردەڵان دەگرێتە دەست، یەکێك بوو لە میرە بەهێزەکانی ئەردەڵان، مەستوورەی ئەردەڵانی ١٨٠٥ — ١٨٤٨ لە (تأريخ أردلان) دا کە ١٨٤٧ بەفارسی نوسیوێتی تیشکێك دەخاتە سەر هێزو توانای ئەمانۆڵڵا خان (دوو سێ ساڵی پاش بەخۆشی گوزەران و رابواردن، لەبەرئەوەی کوردی ناوچەی سلێمانی و شارەزوور و هۆزی جاف کە لەسەر سنووری ناوچەی سنە، پەزو ئاژەڵیان دەلەوەڕاند، پێیان لە بەری خۆ زێتر راکێشابوو، ئاژاوەیەکی زۆریان لە ناوچەکەدا نابووەوە و والی (مەبەستی ئەمانۆڵڵا خانە) هەرچەندی دەکرد ئەم کردەوەیەی بۆ قوت نەدەچوو، بڕیاری سەرکوت

کردنیانی دا و تیرەو هۆزەکانی جافی سەرلەبەر چەپاو دا و تالآن و بڕوی کردن و زۆربەی ناودار و ڕێزدارەکـانی لە شیرکێشا. لەم بەگژداچوون و شەڕو شۆڕەدا لەشکری سەرکەوتووی ئـەمانۆڵڵاخان پـەنجا هـەزار تمـەنی زێـتر بەدەسکەوت و هەمووی بۆ سنە نارد، والی خۆیشی بەتەنتەنە و هەیتو هوتـەوە لەسـەر (بەسـەر) مـەریوان و شارەزوورەوە هاتە ناو شاری سلێمانییەوە کە مەڵبەندی پاشاکانی بابان بوو، ئەو سـەروبەندە مـەحموود پاشـا بەخۆی و دەست و دایەرەو پیاوماقوڵآن و بازرگانیی و بازاریانەوە (بازرگان و بازاڕیانـەوە) شـاری سـلێمانییان چۆڵ کرد و بۆی دەرچوون و هەرچی ماڵ و سامانێکی لە مزگەوت و تەکیە و خەڵوەتخانـە و کولیـەدا (کووپـە) شاردبوویانەوە، هەموو وەگیر لەشکری ئەمانۆڵڵا خان کەوت. وەلەدبەگی جافیش کـە یـەکێ لـە هـەرە پیـاوە گەورەکانی کورد بوو، ئەم هەڵکردنە سەر مەڵبەندی بابانەش هەر لە بنەڕەتـدا بـۆ سـەرکوتکردنی ئـەو بـوو، دەستگیرکرا و والی لەگەڵ خۆیدا هێنایە شاری سنە و ڕۆستەم بـەگ و حـەبیب بـەگ و کـوڕانی نـاودارانی لـە قەڵآی قەسڵآن زیندان کردن).

خەسرەوخانی ناکامیش میرێکی هەڵکەوتووی ئەردەڵآنە١٥٧٣ز.ئاڵآی سەربەخۆیی ئەردەڵآن بەرزدەکاتەوە و شا ئیسماعیلی صەفەوی نەدەخوێندەوە و لەکاتێکـدا ئـاینزای شـیعەگەریی،ئاینی فـەرمیی (سـەپێنراوی) ئێران بوو، خەسرەو خان پێداگربوو لەسەر ئاینزای سوننە لە ئەردەڵآندا کە بەلای شای ئێرانەوە لـە هـەڵکردنی ئاڵآی سەربەخۆیی کوردستان بڤەتربوو!

شا عەبباسی صەفەوی نەیدەتوانی،یا دەیتوانی، بەڵآم بەرژەوەندی تێدا نەدەمایـەوە بـە هێـزی سـەربازیی ئەردەڵآن هێور بکاتەوە و لـەنێو کـوردی هـەردوو دیـودا دۆسـت و پیشـتیوانی نـەبێت و هـەموو پاڵبـدەن بـە تورکەوە، وەك پیشەی دێرینی دەستەڵآتدارانی فارس کە پەنا دەبەنە بەر فڕوفێڵ و فریودان و لـە خشـتەبردنی سەرانی کورد، ئەوە ئازایەتی شای ئێران نەبوو بەسەر هەڵۆیەکی بەرزەفڕی وەك هەڵۆخانـدا سـەربکەوێت کـە خان ئەحمەد خانی جگەرگۆشەی ناپاکیی لێدەکات و شەڕی سەرکوتکردنی هەردوو هـۆزی بڵبـاس و مـوکریش بۆ شا عەبباس دەکات و هەربەوانەشەوە ناوەسـتێت و کـەرکووك، مووصـڵ و بەغـداش لـە بندەسـتی تورکـە عوسمانییەکان رزگار دەکات و وەك هێلکەی پاککراو پێشکەشی شا عەبباسی دەکات.

خان ئەحمەد خان لە میرە هەڵکەوتوو بەتواناکانی کورد بوو، بـەڵآم بـۆ بەرژەوەنـدی دوژمـن، دانیشـتوانی ئەردەڵآن ئەوەندە لە هێزو توانای دڵنیا بوون دەیانوت (خان بجمێ بەغاش مـەگیرۆ) واتـە خـان ببـزوێ شـاری بەغداش داگیردەکات. بەهەڵەشدا نەچووبوون! بەڵآم بەداخەوە کورد و سەرانی کورد هێشتا پەندیان وەرنەگرت و دوو سێ وشەی سادەو ساکار فێرنەدەبوون (دوژمن هەر دوژمنە)، ئەوەبوو شای ئێران ئەو هەموو سەرکەوتن و دەستکەوتانەی خان ئەحمـەدخانی لەبەرچـاو نـەبوو لـە پێنـاو ئێرانـدا، شـا صـەفیەدین هـەردوو چـاوەکانی سوورخابی کوڕی هەڵدەکۆڵێت و خان ئەحمەد خانیش پەنا دەباتە بەر عوسمانییەکان.

نووسەری کتێبی (فخر الکتاب) دەڵێت (سوورخاب بەگ ١٥٣٨ — ١٥٦٧ لە هەوڵێکی سەرنەکەوتوودا بۆ سـەندنەوەی شـارەزوور گەڕایـەوە قـەڵآی زەڵـم، بـەڵآم لـەوێش ئابڵوقـە درا، داوای کۆمـەکیی لـە شـا تەهماسەب(تەهمان سپی) دەکـات، ئـەویش زۆر درەنـگ و دووای دووصـاڵ هێزێکـی بـۆ دەنێرێت.سـورخاب لەوێش هەڵکەنـدرا و بـۆ دوورکەوتنـەوە لـە هێـرش و مەترسـیی عوسمانییـەکان ١٦٣٦ گواسـتییەوە قـەڵآی مەریوان)[11] بەمجۆرە میرنشـینی ئـەردەڵآن یـەکجارەکی دەکەوێتـە ژێـر سـێبەری صـەفەوییەکانەوە و چیای

سوورکێو دەبێتە سنووری نێوان بابان و ئەردەڵان.

مەستورەی ئەردەڵان یا ماه شەرەفخان (١٢١٩ / ١٢٢٠ – ١٢٦٣ ك. ١٨٠٥ – ١٨٤٨ ز.) لە سنە لەدایکبووە و لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. ئافرەتێکی کوردی هەست ناسك و رووناکبیر و هۆنەر و مێژوونووسە، نووسینەکانی بە دیالێکتی هەورامی نووسیوە. مێژووی ئەردەڵانی بەفارسیی نووسیوەتەوە کە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆمێژووی هەردوو میرنشینی ئەردەڵان و بابان.بەوپێیەی باوەڕناکرێت بەر لە مەستوورە ئافرەتێك لە خۆرهەڵاتی نێوەندا توخنی مێژوونووسین کەوتبێت، مەستوورەی ئەردەڵانی دەبێتە یەکەمین ئافرەتی مێژوونووس لەناوچەکەدا کە نیشانەیەکی پێگەیشتنی رووناکبیریی و ژیاریی نەتەوەی کوردە لە پاڵ دراوسێکانیدا کە بەو هۆکارە ئاشکرایانەوە کەلە هیچ رووناکبیرێك شاردراوە نین، چەندین قۆناغ لە پێش کوردەوەن.

مەستوورە هاوژینی شا حسێن سوڵتان و موحەممەد خانی کوڕی خەسرەو خانی میری ئەردەڵان و بابا سلێمانی میری بابان بووە، لە هەڵسەنگاندنی میری باباندا دەڵێت (بابە سلێمان زێرو سامان بایی کردبوو، لەشکری لە ژمارەی ئەستێران پتر بوو، پەلاماری وڵاتی ئێران و عوسمانی دەدا و تاڵان و راوو روتی دەکرد و بانگی سەربەخۆییشی دەدا. کە دەرەقەتی والی بەغدا نەهات بایدایەوە بۆ کوردستانی ئەردەڵان)، لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە، ئەوەیە مەستوورەی ئەردەڵانی بێئەوەی هەست بکات لە (بابی زەمکردندا، مەدح دەکات) ئەوەی بە مەبەستی سەرکۆنە و تاوانبارکردنی سلێمان بەبە نووسیوێتی بە پێچەوانەوە بە خەبات و راپەڕین دەژمێردرێت لە پێناو راستکردنەوەی باری کوردو گەیشتن بە ئامانجدا، میرێکی کورد لە نێوان دوو دوژمنی بەهێزدا لەشکرێك پێکبهێنێت لە ژمارەی ئەستێران پتر و پەلاماری هەردوو دوژمنەکەی کوردیش بدات کە نەك هەر دوژمن، داگیرکاری خاك و نیشتمانی کوردیشن، بانگی موحەممەد بەئاشکرا خۆشە، بانگی سەربەخۆیی کوردستان و دەرکردنی داگیرکاران بەگوێی دۆست و دوژمندا دەدات لە وڵاتی کوردان کە گرنگترین ئامانجە ستراتیژیەکانی کوردە لە سەرکردە و رابەرێکی رزگارکاریی چاوەڕوان بکات. دەبێت مەستوورە خانم نەیزانیبێت سوپا و لەشکر و هێزی چەکدار بەتایبەتیش ئەگەر لە ژمارەی ئەستێران پتر بێت پارەو پوولی گەرەکە؟ پەلاماردانی دوژمن و تاڵانکردنیشی سەرچاوەی سەرەکیی و بگرە تاقانەی زێڕ و سامان بووە لەو سەردەمانەدا جگە لەوەی راووڕوت و رێگرییش نیشانەی ئازایەتی و هێزو دەستەڵات و مەزنی بوو نەك هەر لای کورد، لای میر و پاشاکانیش و نیشانەی پیاوەتی و لێهاتوویی تاکەکانی کۆمەڵیش بوو. لای هۆزەکانی عەرەب، هەر پیاوێك دەست و تفەنگی هێرش و پەلاماردان و رێگریی و راووڕوت و دەستکەوتی نەبوایە بە پیاو نەدەزانرا لە هۆزەکەدا و سووك و بێنرخ تەماشا دەکرا! سلێمان پاشای بابانیش،راستە وەك مەستوورە دەڵێت: (بانگی سەربەخۆیی دەدا)، بەرنامە و هەنگاوێکی وەها گرنگیش، هێزی قەبە و پێداویستییەکانی جەنگی دەوێت، ئەوەش بە سامان و دارایی دەکرێت، ئەگینا هەر (بانگی) روت و بێناوەڕۆکە! کوردستانیش خۆ سەرچاوەیەکی ئابووریی — دارایی نەبوو، پێداویستییەکانی ئەو بەرنامە پیرۆزە، دابینبکات. دەمێنێتەوە سەر (کە دەرەقەتی والی بەغدا نەهات، بایدایەوە بۆ کوردستانی ئەردەڵان) ئەوەش نیشانەیەکی کزیی و لاوازیی هەستی کوردایەتییە لە نێو میرەکانی کورد و رووناکبیران و مێژوونووسێکی ووردو بەسەلیقە و هەڵبەستوانێکی (هۆنەرێکی) هەست ناسکی وەك مەستوورەی

ئەردەڵانیدا، ئەگینا لە ستراتیژدا کوردستانی دابەشکراو، وڵاتی هەموو کوردانە و لەو باروودۆخە رامیارییە نالەبارەی ئەو سەردەمانەدا (کە چوار پێنج براکە) چەند کلاوێك و چەند نەوایەکیان هەبوو وەك نیشانەی بوونی نەتەوە و پاراستنی کورد لە گۆمێکدا پڕ لە نەهەنگی برسیی کەڵبەتیژ و ئەو بارودۆخە جیۆپۆلەتیکەی ئەو سەردەمانە هەتا ئەمڕۆش گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەردا نەهاتووە، بەڵام لە ماوەی ئەو دوو صەد ساڵەی دواییدا چەند قۆناغێك چۆتە پێشەوە و لە ئاوات و ئامانجەکان نێزیك دەبێتەوە. ئەمڕۆ نەتەوەی کورد وەك دەبینین (بە چوار پینج براکە، کلاوێکیان هەیە) و لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی باشووردا، کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان هەر یەکەیان بەجۆرێك ئەو تەنها کلاوە، بێمنەت لەسەر دەنێت.

میرەکانی ئەردەڵان هەر لەصالّی ١٦٣٦ وە شاری سنە دەکەنە پێتەختی میرنشینەکە، کە لە رووی رامیاریی و کۆمەڵایەتیی و پیشەسازیی و وێژەو هونەر و گۆرانیی و مۆسیقاشەوە زۆر لە پێش میرنشینی بابان و سۆران و موکریانەوە بوون، رژێمی ناوخۆی بەڕێوەبردنیش دامەزراوو پتەو بوو، ئەو ململانێ توندوتیژو نەبڕاوەیەی نێوان بنەماڵەی میرەکانی بابان و هەڵگەڕانەوەی کتووپڕ لەیکترو زەوتکردنی دەسەڵات، برا لە براو مام و ئامۆزاو هێنانی لەشکری بێگانە بۆ دەرپەڕاندنی یەکتر لە ئەردەڵاندا هەرگیز نەدەگەیشتە نیوەی ئەو رادەیەش. فلادیمیر مینورسکی نووسیویەتی( ساڵی ١٠٤٦ك./١٦٣٦ز.سلیمان خان شاری سنەی لەسەر کەلاوەی شاریکی کون دروستکرد . پشت ئەستوور بە جەیمس ریچ سالی ١٨٢٠دانیشتووانەکەی ٤.٠٠٠ ــ ٥.٠٠٠ هەزار خیزان بووە،٢.٠٠٠ جوولەکەو٥٠ پەنجا مەسیحیی کلدانیی لیبووە . بەڵام بە بۆچوونی چریکۆف لە ١٨٥١دا شاری سنە ١٠.٠٠٠ ماڵ بووە،بەپیی سەرژمێری فەرمیش لە١٨٧٨دا ٥.٤٨٤ هەزار ماڵ و ٢٤.٧٤٤ سەر مرۆڤ بووە وساڵی ١٩١٨ گەیشتۆتە٣٠.٠٠٠هەزارمرۆڤی موسوڵمان و ٥٠٠ پێنج صەد جوولەکەو ٦٠ شەصت ماڵ کلدان و ئەرمەنی) بڕوانە: فلادیمیر مینورسکی، بنچینەی کورد و چەند وتاریکی کوردناسی، وە/ دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، سلیمانی ٢٠٠٧ لا. ٦٦

(جیمس ریچ) یش بەبۆچۆنی خۆی لەبارەی ئەردەڵانییەکانەوە دوڵێت (والییەکانی سنە لە تایەفەی مەمۆیی وبەبنچینە دەچنەوە سەر هۆزی گۆران . میژۆنووس عەلی ئەکبەر دەڵێت: مەئموون بەگی مونزیر ٨٦٢ ــ ٩٠٠ ك./١٤٥٨ــــــ١٤٩٤ز. فــــەرمانرەوای ئـــەردەڵان بووە،هـــــەڵۆخان ٩٩٤ ـــــ ١٠١٤ك./ ١٥٨٦ـ١٦٠٦ز.فەرمانڕەوابووە.خانە پاشای بابان ( سلیمانی) لەگەڵ هاتنە سەرکاری نادرشا ١١٣٢ ك. / ١٦٢٣ز. پـــــەلاماری ســـــنە دەدات، ئینجـــــا ســــوبحان ویــــــردی خـــــان ١١٦٩ـــــــ ١١٤٣ك./١٦٥٩ــــ١٦٣٣ز.فــــەرمانرەوابووە هەرچــــەند ماوەیــــەکی کـــورتیش دوورخراوەتـــــەوە .١١٦٨ــ١٢٠٤ك./١٧٥٤ــ١٧٩٠ز. سەردەمی خەسرەوخانی گەورەیە،کەریم خانی زەند لە تۆڵەی هاوکاریکردنی خەسرەوخان لەگەڵ ئاغا موحەممەدی قاجاردا، شاری سنە کاولدەکات و موحەممەدی قاجاریش لەپاداشتدا ناوچەی سونقور(کولیایی ) پیدەبەخشیت . ١٢١٤ـ١٢٤٠ك./ ١٧٨٠ـ ١٨٢٥ز. ئەمانوڵڵاخان لە جیگەی باوکی دادەنیشیت .میوانداریی لە مالکۆلم و جەیمس ریچ کردووە. دووای خۆی خەسرەوخانی کوری ١٢٤٠ـ١٢٥٠ك./١٨٢٥ـ ١٨٣٥ز. هاتۆتە سەرکار،کە ناسراوە بە خەسرەوخانی ناکام و لە سەردەمی رەزا قولیخانی کوریدا ناکۆکیی کەوتە ناو براکان و رەزاقولیخان ١٢٥٠ـ١٢٦٠ك/ ١٨٣٥ـ١٨٤٥ز. لە زیندانـدا بوو لەتاران هەتا موحەممەدشای قاجار مرد. ئەمانوڵڵاخانی دووەمیش ١٢٦٥ـ١٢٨٤ك./١٨٥٠ــ ١٨٦٩ز.

فەرمارەوابوو. چریکۆف شایەتیی ئەوە دەدات تاران بە بیانووی نارەزایی دەربڕینی رەعیەتەکانی والییەوە، دەستی لەکاروباری ئەردەڵان وەردەداو١٢٨٤ك./١٨٦٨ز.شازادە فەرهادمیرزا بووە بەحاکمی گشتیی ناوچەکانی بندەستی ئەردەڵان . ( مینورسکی هەمان سەرچاوە،ل.٨٠ـ٨١ )

میرەکانی ئەردەڵان پەیڕەویی بەرنامەیەکی ئاشکرا و چەسپاوییان دەکرد، بێ ئەمبەر و ئەوبەر لە نێوان ئێران و عوسمانییدا بەرژەوەندی خۆیان بە بەرژەوەندییەکانی شاو شازادەکانی ئێرانەوە گرێدابوو، ستراتیژ و تاکتیکیان بۆ ناوخۆ ودەرەوەش لەسەر هێڵە پانەکانی ستراتیژ و تاکتیکی ئێران دادەڕشت بەتایبەتیش بەرامبەر هەردوو میرنشینی بابان و سۆران لە باشووری کوردستان. مەترسییەکانی هێرش و پەلاماردان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی، میرنشینی بابان و میرنشینی سۆران بۆ سەر ئەردەڵان لە وکاتانەدا زەقتر خۆی دەنواند کە عێراقی عەرەب (ویلایەتی بەغدا و ویلایەتی بەصرا) لە ژێر دەستی شای ئێراندا بووایە و چەوساندنەوەی ئاینیی و کوشتوبڕی سوننە بەدەست و شمشێری رق وکینەی شیعەکان لە هەڵکشان و پەرەسەندندا بووایە کە سوڵتانی عوسمانی دەخستە ژێر داواکاریی و گوشاری موسوڵمانانی سوننەوە پەلاماری بەغدا بدات بۆ لوت شکاندن و تەمێکردنی شیعە لادەرەکان (شیعە گومڕاکان) کە عوسمانییەکان بە (مارقین) ناویان دەبردن وهەروەها رزگارکردنی گۆڕی ئیمام ئەبوحەنیفە لە بەغدا لە تێکدان وهەڵدانەوە وسووکایەتی کردن بە ئێسکوپروسکەکەی لەلایەن سوننەمەزەبەکانەوە.میرنشینی ئەردەڵان لەوکاتانەدا دەکەوتە بەر هێرش و شالاوی عوسمانی و لەشکری بابان کە پێشەنگی هێزەکانی دوژمنیان دەکرد و هەردوو لایەنی کورد تووشی شەڕە پۆخڵەکەی یەکترکوشتن دەبوون کە قوربانیدان و زیانی قورسی بەدوواوە بوو لە سەروسامان و ئاوەدانیشدا و زۆربەی هەرەزۆریشی هەر لە کورد دەکەوت، ئێران سەربکەوتایە یا عوسمانی (با، بێت یا باران، زیانی بەفرە).

صاڵی ١٦٣٨سوڵتان مورادی چوارەم هێرشێکی بەرێکرد بۆ سەر بەغدا و لە چنگی عەجەمی دەرهێنا، صاڵێك دووای ئەو سەرکەوتنەش لەگەڵ ئێراندا رێکدەکەوێت و هەردوو زلهێزەکەی خۆرهەڵاتی ناوەند پەیمانی ذهب — زەهاو مۆر دەکەن و کەش و هەوایەکی رامیاری نوێی لەگەڵ خۆیدا بەسەر ویلایەتی بەغدا و ویلایەتی بەصرا و هەردوو میرنشینی بابان و سۆرانی کوردیشدا هێنا و گرژی و ئالۆزییەکانی نێوان دوژمنەکان خاو بوونەوەو بەڕووکەش سەردەمێکی ئاشتی و هێمنی پارسەنگی تەرازووی نێوان سوڵتانی عوسمانی و شای ئێران رادەگرێت. (پەیمانی زەهاو ١٠٤٩ ك/ ١٦٣٩ز. بەرژەوەندیی عوسمانییەکانی زۆرتر تێدابوو، سەرزەمینێکی فراوان لە عێراقی عەرەب (هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەصرا) و عێراقی عەجەم (باشووری کوردستان) کەوتە بندەستیان و سنووری میرایەتی بابان فراوان و سنووری ئەردەڵان بەرتەسك دەبێتەوە و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لەو شوێنانەدا پەیمانەکە مەبەستێتی دەبێتە لەمپەرێکی سروشتیی و لە پاڵ ناوچەکانی سەر (سنور)ەکانی نێوان خۆرهەڵاتی کوردستان و باشووریدا بوون بە سنووری نێودەوڵەتیی نێوان ئیمپراتۆریای عوسمانیی ودەوڵەتی ئێران).[١٢]

دانیشتوان و میرەکانی ئەردەڵان سەر بەئاینزای سوننە و ریبازی ئیمام شافیعی بوون، بەڵام زۆربەی میرەکان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دەرباری شاکانی ئێراندا بەسەرزارەکیی خۆیان بە شیعە دەردەخست. جیاوازیی بیروباوەڕی ئاینیی وئاینزا بەسەر گەلاندا زاڵبوو، نەتەوە موسوڵمانەکانی ژێر چەپۆکی قورس و

رەشی دەوڵەتی عوسمانیی هۆشیان بەلای چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتییەوە نەبوو،هەر بیریشیان لێنەدەکردەوە، دەبینین هەردوو لایەنی سوننە و شیعە لە عێراق دژی بەریتانیا جەنگی پیرۆز — جیهادیان دەکرد و خۆیان لە پێناو سوڵتاندا بە کوشت دەدا. یەکەمین چارەکی سەدەی بیستەم حسێن کوڕی عەلی شەریفی مەککە بە پشتیوانیی (ئینگلیزی کافر) ئاڵای یاخیبوون و شۆڕش دژی سوڵتانی عوسمانی بەرزدەکاتەوە بۆ رزگارکردنی شوێنە هەرەپیرۆزەکانی موسوڵمانان و شارەکانی مەککە، یەسریب (مەدینە)، قودس و مزگەوتی پەیامبەرلە مەدینە و مزگەوتی ئەقصا لە قودس و گێڕانەوەی پۆستی خەلافەت بۆ عەرەب. لەو هەڵوێستەدا جگە لە عەرەبی عێراق، سووریا و ئوردوون هەرهەموو جیهانی موسوڵمانان دژایەتییان دەکرد و پشتیوانییان لە سوڵتانی تورك دەکرد، وڵاتی عێراق با راستتر بڵێین دۆڵی نێوان دوو رووبارەکە (میسۆپۆتامیا) بەهەردوو بەشی عەرەب نشین و کوردنشینەوە کە دەکەوتنە ژێر فەرمانڕەوایی ئێران جیاواز بوو لەوەی لەژێر دەستی تورکدابن، والی بەغدا لەڕووی بەڕێوەبردنی وڵات و سەرکردایەتی هێزی چەکدارەوە ویلایەتی بەصرا و میرنشینی بابان و سۆرانیشی پێوە بەسترابوو، عەرەب و کوردیش لەگەڵ ئێراندا باشتر دەسازان و کێشەیان کەمتر بوو جگە لەو میرە کوردانەی سەرومڕ خۆیان بە عوسمانییەوە بەستبوو دژی ئێران هەرچەند لەو بارەشدا جارجار سەنگەریان دەگواستەوە یا میرێکی وەك میری ئەهواز (حوێزە) کە هەتا سەر بەدڵسۆزی لەبەرەی ئێراندا مایەوە و سەردەمی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیش دۆستێکی سەرەکیی و هاوکارێکی بەهێزی بەریتانیا بوو لە ناوچەی کەنداودا.

والی و سەرلەشکر و لێپرسراوانی تورك لە عێراق تاکونەرانەبێت هەرهەموویان توخمێك بوون، لوتبەرزو بەکەش و فش و خۆبەزانا و مەزن زانین، چاوچنۆك و مشەخۆر و داوێن پیس و توندوتیژ و بێبەزەیی لەگەڵ دانیشتوان. هەمووشیان جەنگاوەری ئازا و بەدەست بوون. یەکێك لەوانە سلێمان پاشای والی بەغدا بوو، یەکێکە لە مەمالیك، خەڵکی وڵاتی جۆرجیای قەفقاسە، وەك زۆر منداڵی قەفقاسیا عوسمانییەکان لە بازاڕدا دەیانکڕین یا باندە تایبەتەکانی سوڵتان دەیانفڕاندن و لە ئەستەمووڵ پەروەردەیان دەکردن.. ئەم کابرایە چاوی بەمەزنێکی کورد یا عەرەب هەڵنەدەهات هێزو دەستەلاتێکی هەبێت، لەشکری دەکردە سەریان زەبوونیان بکات و دەستەڵاتیان زەوت بکات و یەکێك لە مەمالیك لە جێگەیان دابنێت. هۆزە عەرەبەکانی شادیی، مونتەفیك (چەند هۆزێك بوون یەکیانگرتبوو)،خەزاعیل پەیمانێك دەبەستن دژی والی، هێزەکانیان کۆکردەوە و رێگاکانی هاتووچۆی ووشکانی وروبار(ئاویی)یان بەست و دەستیاندایە پەلاماردانی بنکەکانی تورك لەناوچەکانیانداو تالآنیان دەکردن. لە هەنگاوی دووەمیشدا پێشڕەویی دەکەن رووە و بەغدا، بەری کەرخ دەگرن. لەو شەڕەدا هێزەکانی بابان هاوکاری هێزەکانی والی بەغدا بوون، بەڵام خۆیان لەبەر لەشکری هۆزەکاندا نەگرت، ئەوان دەشکێن و والیش رادەکات! ئامانجی هۆزەکان دەرکردنی تورك نەبوو لە وڵات، تالآنی و شڕەخۆڕی و دەستکەوت بوو، بەبارو بارگەی صەدەها حوشترەوە گەڕانەوە. مێژووی هۆزەکانی عەرەب پڕە لە نموونەی زۆر زەق و سەرنجڕاکێشی لەوجۆرە کە هەمیشە بۆ بەرژەوەندی تەسکی هۆزو ئامانجی سەرۆك هۆز، هاوکاریی هەر دوژمن و داگیرکارێکیان دەکرد لە باڵادەستیدا بێت، هەرکە هەستیان بەلاوازیشی کردبێت، جا والی بەغدا، بەصرا، فەرماندار و سەرلەشکرەکانی ئێران بووبێت یا هێزەکانی بەریتانیا، لاواز یا سەرقاڵی شەڕی دوژمنێکن، یەکەمین بوون لە هەڵگەڕانەوەو پەلاماردانی و

له كوشت و برِو تالآنكردن و روتكردنەوەی ئافرەت و منداڵیش دەستیان نەدەپاراست، زۆرجاران روویداوە ئافرەت و منداڵیان بە پرزۆڵێك جلەوە بەرەڵلاکردووە.

میرسلێمان پاشای بابان صالّی ١٧٦٥ز. لەبەرامبەر ئەحمەدی برایی و عەلی پاشای والی بەغدا و هێزە هاوبەشەکەیاندا دەشکێت و روو لە ئێران دەکات کە سەرکردەی مەزنی کورد کەریم خانی زەند فەرمانڕەوای ئێران بوو لە ماوەی نێوان صالآنی ١٧٦٠ — ١٧٧٩ز.، دژی ئەمانوللاخانی والی ئەردەلآن کە دۆستایەتی حەسەن عەلی خانی قاجاریی بەرەگەز تورکی دەکرد، کەریم خان میر سلێمانی بابان دەکات بە میری ئەردەلآن.

ئەوە نموونەیەکە لە نموونە هەرە زەقەکانی دەردە کورد، میرێکی کوردی ئێران دژایەتی هاوخوێن و هاوزمانێکی خۆی بکات کە فەرمانڕەوای هەموو ئێرانە و دەست لەگەڵ دوژمن تێکەڵ بکات و بەهاوکاریی ئەردەلآن وموکریان، قاجارەکان کەریم خان لە نێو ببەن و کۆتایی بە چل صاڵ فەرمانڕەوایی کورد- زەند بهێنن لە ئێران.

مێژووی ولآتی ئەردەلآن بێ ئاوڕدانەوە لە مەستوورەی کوردستانی کورت دەهێنێت، مەستوورە ١٨٠٥ — ١٨٤٨ ز. لەباوکەوە لە بنەماڵەی قادریانە و لە دایکەوە لە بنەماڵەی وەزیرانە و کچی ئەبولحەسەن بەگی کوری موحەممەد ئاغا و کچە مامی صەدیقولمولك و دووەمین هاوسەری خەسرەو خانی میری ئەردەلآنە و لەشاری سنە هاتۆتە دنیاوە، هۆنەرێکی هەست ناسك و مێژوونووسێکی وورد و بە سەلیقەیە بەوهۆیەوە لە بنەماڵەیەکی ناسراوو دەسترۆیشتووی ئەردەلآن بوو لە نێزیکەوە ئاگاداری رووداوەکان بووە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان خێزانەکەی لەگەڵ خەسرەوخاندا، قوربانی دەدات و هەست و سۆزی کیژێتی دەخاتە لاوە و بە نابەدڵ و سەربەهەوێ شوو دەکات بە میری ئەردەلآن و ئاو بەئاگری ناکۆکیدا دەکات و پیاوانی خێزانەکەی لە زیندان رزگار دەکات. میر کە زۆر دڵی بە مەستوورەی جوانە کچ و هۆشیاردا چوو بوو هەر بەناوی پارە و پوولی زەماوەندەوە لە هەموو قەرزەکانیشی خۆشدەبێت. خەسرەوخان بەجۆرێك جێگەی لە دڵی مەستوورەدا کردەوە، مەستوورە هۆنراوەی ئەویندارییی بۆ دەهۆنییەوە..[١٣] میرنشینی ئەردەلآن رووی لە کزی و لاوازی و ئاوابوون دەکرد، دووای مەرگی خەسرەوخان لە ١٢٦٩ ك/١٨٤٠ز. لە تەمەنی ٤٤ صاڵیدا بە نەخۆشیی رشانەوە جوانەمەرگ دەبێت و دوو کوری لە دوو بەجێمان، رەزا قولێخان و غولام شا. ڕەزا قولیخان کە برا گەورە بوو هێشتا یازدە صالآن بوو، دایکیان بەڕێوەبردنی کاروباری ولآت دەگرێتە دەست، ئافرەتێکی کارامەبوو، بەلآم ناکۆکیی نێوان دایك و کورە گەورە هەر قووڵدەبووەوە وەك برینی تیراوێ هەر دەتەنییەوە، هەتا کار بەوە دەگات فەرمانڕەوایی ئەردەلآن دەکەوێتە دەست بێگانە، دووا میرنشینی کورد میرنشینی ئەردەلآن بوو، ئەمانوللاخان ١٨٠٠ — ١٨٢٠ و خەسرەوخانی کوری مەزنترین فەرمانڕەواکانی ئەردەلآن بون. ١٨٦٥ خولآم شاخان بوو بە والی و دوای مردنی ئەویش شای ئێران میرنشینەکەی هەڵوەشاند و لە تارانەوە والی بۆ دادەنرا. (د. قاسملۆ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٢ ) مەستوورە و حوسەین قولیخانی پورزای کە کوری ئەمانۆڵلا خانی بەنێوبانگ بوو ناچاردەبن ولآت بەجێدەهێڵن و رووەدەکەنە شاری سلێمانی و لەژێر سێبەری باباندا دەحەوێنەوە لەگەڵ مەزنەکانی دیکەی ئەردەلآندا کە شای ئێران دووری خستبوونەوە. حوسەین قولیخان لە

١٨٤٦ دا دەمرێت مەستوورەش لە ژان و سویێی مەرگی پورزای دووای دوو ساڵ تـەنیایی رۆح لـە ١٨٤٨ دا لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان و خەم و ئازاری خۆشەویستانی دەکـات و لـە گـردی سـەیوان بەخاك دەسپێردرێت[١٤].

لە مێژووی بابان و ئەردەڵاندا نابێت قـەوارە و هێـزو توانـای هـۆزێکی گـەورە و فراوانـی وەك هـۆزی بـەنێوبانگی جـاف و هەمەوەنـدیش نەخوێنینـەوە، جافـەکان لـە هـەردوو بەشـی خۆرهـەڵات و باشـووری کوردستان نیشـتەجێبوون و جێگـە دەستیشـیان بـە رووداوەکـانی ئـەو سـەردەمەو دوواتریشـەوە دیـاربوو، پاشاکانی جاف بەگشتیی ژێر فەرمانی بابان و ئەردەڵان و حکومەتەکەی مەلیك مەحموودیشیان نـەدەکرد، چاویان لـەوەبوو جـافیش دەسـتەڵاتێك بێـت لـە شـارەزوور کـە هیچـی لـەوان کـەمتر نـەبێت و دەسـت لـە کاروباری ناوخۆشیان وەرنەدەن، بۆیە زۆربەی پاشاکانی جاف بەئاشکرا و بەنهێنی لە ململانێی دەستەڵات و دووبەرەکیدا بوون لەگەڵ ئەو سێ دەسـتەڵاتەدا و هەنـدێك جـار لەگـەڵ عوسمانییـەکان و دوواتـر لەگـەڵ بەریتانیاش. مێژوونووس و رۆژهەڵاتناسی سۆڤێتی باسیل نیکێتین دەڵێت هۆی دووبەرەکی و پـەلاماردانی هۆزی جاف لە لایەن میرەکانی ئەردەڵانەوە ئەوەیە ئـەردەڵان دەیویسـت ناوچـەی جافـەکانی جـوانرۆ داگـیر بکـەن و دەسـتێك لـە عەشـیرەتی ئـازا و بـەهێزی جـاف بووەشـێنن و لوتیـان بشـکێ و تۆڵـەی ئەوەشـیان لێبکەنەوە کاتێك میری هەڵکەوتووی ئەردەڵان، خان ئەحمەد خان لەگەڵ نادرشای ئێران نێوانی تێکدەچێت و دەکەوێتە بەر رق و کینەی خۆی و هێرشی لەشکرەکەی، خـان خـۆی لەبـەردا ناگرێـت و بەهـەموو هێـزو لەشکرەوە ساڵی ١١٥٥ك خاکی ئەردەڵان جێدەهێڵێت و رووە و شارەزوور لە رووباری سـیروان دەپەڕێتـەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی عوسمانییەکان کە پاشاکانی جاف بەڕێوەیان دەبرد، بەڵام زاهیر بەگی جاف رێگـە بـە لەشـکری مـیری ئـاوارەی ئـەردەڵان دەگرێـت و بـەرەنگارییان دەکـات و لـە ئەنجامـدا زاهـیر بـەگ دەکوژرێت[١٤]. ئەم رووداوە دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی زۆرتر و دۆسـتایەتی بابـان و جـاف و دوژمنـایـەتی کردنی ئەردەڵان. بابان دەیویست هۆزی جاف بکاتە لەمپەرێك لەبەردەم ئەردەڵاندا، جـافیش کـە دەچـوونە ئەودیو، لە سنووری ئەردەڵاندا لەکەڵك وەرگرتن لە لەوەڕگاکان و سەرچاوەکانی ئاوو داربڕین و گەڵاکردنـدا شووڵیان لێهەڵبڕیبوو، وەك مەستوورەی ئەردەڵانی دەڵێت پێیـان لێهـەڵبڕیبوو.میرەکانی ئـەردەڵانیش وەهـا دەستدرێژییەکیان لە خاکی خۆیاندا بۆ قوت نەدەچـوو، پاشـاکانی جـاف لـە نێـوان بابـان و ئەردەڵانـدا کـز بووبوون، ئاخۆ قوربانیی دەستی بابان بوون یا ئەردەڵان؟ یا ئەنجامی هەڵوێسـتی دوو لایەنـەی هەنـدێك لـە پاشاکانی جاف بوو، بابان و ئەردەڵان ناکۆك بن و جاف کەڵك لە هەردوولا وەربگرێت و پێگەی خۆی بەهێز بکات؟ مەحموود پاشای جاف لە دوواساڵەکانی تەمەنیدا وتەیەکی زۆر بـەنرخی هەیـە هـەموو وشـەیەکی گەوهەرێکی ژیرییە، بەڵام ئاوێتە بە ناسۆر و پەشیمانی (هەتا توانیم نەمزانی کە زانیشم نەمتوانی).

## رێکخستنەوەی ماوەی فەرمانڕەوایی میرەکانی ئەردەڵان

مێژوونووسی کورد عەبدولقادر رۆستەم بابـانی لـە کتێبەکەیدا(سـییەرئەلئەکراد ـ سـیراڵکراد) میرەکانی میرنشینی ئەردەڵان و ماوەی فەرمانڕەواییانی تێکەڵ و پێکەڵ نووسیوەتەوە، لێرەدا هەوڵم داوە لەلیستێکدا رێکیدەخەم و ساڵەکانیش دەگۆڕمە سەر ساڵژمێری زاینی(عیسایی): سەربەخۆیی سورخاب خان و سەندنەوەی چیای پڵنگان لـە حاکمـەکانی کـەڵهور ٩٣٠ — ٩٦٠

ك/ ١٥٢٤ — ١٥٥٣ز.
عەلی خان کوڕی سورخاب ٩٦٠ — ٩٨٣ ك/ ١٥٥٣ — ١٥٧٦ ز.
هەڵۆخان کوڕی عەلیخان ٩٨٣ — ١٠١٤ك/ ١٥٧٦ — ١٦٠٦ ز.
سلێمان خان ئەحمەد خان ١٠١٤ — ١٠٢٤ ك/ ١٦٠٦ — ١٦١٦ ز.
سلێمان خان کوڕی ئەحمەد خان ١٠٢٤ — ١٠٣٦ك/ ١٦١٦ — ١٦٢٧ ز.
حەسەن خان ١٠٣٦ — ١٠٦٧ ك/ ١٦٢٧ — ١٦٥٧ز.
خەسرەو خان کوڕی سلێمان ١٠٦٧ — ١٠٨١ ك/ ١٦٥٧ — ١٦٧١ز.
خان ئەحمەد خانی دووەم کوڕی خەسرەو خان ١٠٨١ — ١١٠٩ ك/ ١٦٧١ — ١٦٣٨ز.
ڕەزا قولیخان کوڕی ئەحمەد خان ١١٠٩ك/ ١٦٣٨ز. ـ ؟؟
هەباس قوڵیخان و خانە پاشای بابان و عەلیخانی کوڕی ١١٠٩ — ١١٢٤ك/ ١٦٣٨ — ١٧١٣ز.
هەباس قولیخانی دووەم و سوبحان ویردی خان ١١٢٤ — ١١٣٥ك/ ١٧١٣ — ١٧٢٣ ز.
لوتف عەلیخانی مامی خەسرەوخان ١١٣٥ — ١٢٠١ ك/ ١٧٢٣ — ١٧٨٧ز.
حەسەن عەلیخانی کوڕی لوتف عەلیخان ١٢٠١ — ١٢١٠ك/ ١٧٨٧ — ١٧٩٦ ز.
ئەمانۆڵڵا خانی کوڕی خەسرەوخان ١٢١٠ — ١٢٤٠ك / ١٧٩٦ — ١٨٢٥ ز.
خەسرەو خانی کوڕی ئەمانۆڵڵاخان ١٢٤٠ — ١٢٤١ ك / ١٨٢٥ — ١٨٢٦ز.
شازادە خانم کیژی فەتحعەلیشا (خێزانی خەسرەوخان) لە جێگەی ڕەزا قولیخانی کوڕی کە هێشتا لاوبوو دانیشت لە ساڵی ١٢٤١- ١٢٤٩ك/ ١٨٢٦ -١٨٣٤ز.
ڕەزا قوڵیخان ١٢٤٩ — ١٢٥٠ك / ١٨٣٤ — ١٨٣٥ز.
کارگێڕی میرزا هیدایەتوڵڵا (میر نەبوو) ١٢٥٠ — ١٢٥٩ك/ ١٨٣٥ — ١٨٤٤ز.
حکومەتی دووەمی ڕەزا قوڵیخان و کارگێڕی میرزا هیدایەتوڵڵا ١٢٥٩ — ١٢٦٠ك/ ١٨٣٥ — ١٨٣٦ز.
ئەمانوڵڵا خانی برابچووکی ڕەزا قولیخان (غولامشا) ١٢٦٠ — ١٢٦٢ ك/ ١٨٣٦- ١٨٣٨ز.
لابردنی غولامشا و هاتنەوەی ڕەزا قولیخانی ١٢٦٢- ١٢٦٣ك / ١٨٣٨ — ١٨٣٩ز.
لابردنی ڕەزا قولیخان و هاتنی خەسرەوخانی گورجی ١٢٦٣ — ١٢٦٤ ك/ ١٨٣٩ — ١٨٤٠ز.
هاتنەوەی غولامشا ١٢٦٤ — ١٢٦٥ك/ ١٨٤٠ - ١٨٤١ز.
نەجەف قولیخان ١٢٦٥ — ١٢٧٦ ك/ ١٨٤١ — ١٨٥٢ز.
دووبارە هاتنەوەی غولامشا ١٢٧٦ — ١٢٨٠ك / ١٨٥٢ — ١٨٥٦ز.
وەزارەتی میرزا زەکی موستەوفی دەشتی ١٢٨٠ — ١٢٨٤ك/ ١٨٥٦ — ١٨٦٠ز.
مردنی غولامشا و لابردنی میرزا زەکی ١٢٨٤ ك/ ١٨٦٠ز.[١٦]
حوکمڕانیی شازادە فەرهاد میرزا ١٢٨٤ ك/ ١٨٦٠ ز. هەر لەم ساڵەشدا عەبدولقادر ڕۆستەمی بابانی نووسینەوەی کتێبەکەی تەواو کردووە. (ئەوەی دیچگەی سەرنجە، ڕەچاوکردنی جیاوازیی ساڵەکانە لەگەڵ بۆچوونەکانی فلادیمیر مینورسکی و جەیمس ریچ دا).

## میرنشینی سۆران ـ ڕەواندز ؟ ـ ١٨٣٦

**(میری ڕەواندز میری میران بو      ئازاد و نەبەز شێری مەیدان بو)**

دامەزرێنەری میرنشینی سۆران، میر مستەفای کوڕی ئۆغوز بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی کوڕی ئۆغوز بەگی

گەورەیە. بنکەی بەڕێوەبردنی میرنشینەکە شاری رەواندز بوو، رووبەری ناوچەکانی ژێر فەرمانڕەوایی سۆران لە سەرەتادا دەکەوێتە نێوان زێی بادینان (زێی گەورە) و زێی کۆیە (زێی بچووك) کە ناوەندی چیاکانی زاگرۆس و ناوجەرگەی کوردستانی گەورەیە. شاری رەواندزیش لە خاڵێکی ستراتیژی زۆر گرنگدا هەڵکەوتووە بەسەر گردێکی لاکێشەوە دەڕوانێت بەسەر دۆڵێکی قوڵدا، خەلەندی بیرۆ، خەڵەندی خاڵە رەش و لە باوەشی هەردوو چیای کۆڕەك و زۆزك و ٧٥کم دوور لە هەولێرەوە کە لەگەڵ شارەکانی شنۆ، ورمێ، سابلاغ (مەهاباد) دەکەونە خۆرهەڵاتییەوە و تاڤگەکانی بێخاڵ و جوندیان و هاوینەهەوارەکانیشیان لە دەڤەری رەواندزدان.

زانایانی مێژوو دەڵێن میرنشینەکە لەسەدەی چواردە یا سەرەتای پازدەی عیسایدا لەو هەرێمەدا کە ئەوکاتە (ئەدیابین) و دوواتر (سۆران)ی پێدەوترا، سەردارێکی کورد دایمەزراند بە نێوی گلۆس، کەلۆس، یا کەولۆس کە بنەچەی دەچێتەوە سەر بنەماڵەی سەلاحەددینی رواندی و ئەیوبییەکان کە پاڵەوانێکی مەزنی کورد و ئیسلامی تێدا هەڵکەوت.

گرنگی ستراتیژی هەڵکەوتی جوگرافی سۆران لە رووی رامیاری، جەنگی، بازرگانی و کۆمەڵایەتییەوە لەوەدایە باکوور و باشووری کوردستان و دەشتەکانی لاجان و ئازەربایجانی خۆرئاوا (خۆرهەڵاتی کوردستان) بە پێدەشتەکانی سۆران، هەریر، هەولێر، کۆیە و کەرکووك پێکەوە دەبەستێت.

لە سەردەمە دێرینەکانیشدا شاری نەینەوا (نەیەنەوە!)ی پێتەختی وڵاتی ئاشووری گرێدەدا بە ئەکباتان — هەمەدانی پێتەختی وڵاتی میدیاوە بەهۆی دەربەندی کێلەشینەوە کە دەکەوێتە باکووری رایات و نێوان هەردوو شاری شنۆ و رەواندزەوە کە دوواتر دەبێتە پێتەختی میرنشینی سۆران، بایەخێکی دیکەی حەوزی رەواندز لەوەدایە دەکەوێتە سەر خاڵی سێ سنووری ئێران — عێراق — تورکیا و رێگەی هاملتۆنیش کە لەوێوە بە حاجی هۆمەراندا تێدەپەڕێت عێراق و ئێران لەرێگەی ووشکانییەوە بەیەکتر دەگەیەنێت[١٧].

میرەکانی سۆران بەگوڕ و تینەوە هاتنە پێشەوە، دەستدەگرن بەسەر شارەکانی دەشتی هەولێر، موصڵ و کەرکووکدا، میر سیدی کوڕی شا عەلی بەگ ١٥١٦ عیسایی کەرکووك و مووصڵیش داگیر دەکات پێتەختیش لە قوولایی ناوچە شاخاوییە سەختەکانی دەڤەری شەقلاوە، (شاکایاد، شاقولی ئاوا ـ شاقولیاوا ـ شەقڵاوە) و هەریر، خەلیفان، رەواندز، دوێن و رێگا بەنێوبانگەکەی مێژوونووسی یۆنان، هێرۆدۆتس ٤٨٤ — ٤٢٥ پز. (بەر لە عیسا) هەر بەوێدا تێدەپەڕێ، میرایەتی سۆران هەتا سەردەمی میر موحەممەدی رەواندزی (پاشا کۆرە) کێشەو گێچەڵی ئەوەندە بەدووانەبوو بۆ سوڵتانەکانی عوسمانی، هەرمیرێك دەهاتە سەر کار بە بەشی خۆی رازیبوو، کە دەستدرێژی دەکردو پەلووپۆشی دەهاویشت لەسەردەمی میرەکانی بابانیدا بوو کە سەر بە ئێران بوون و دژایەتی سوڵتانیان دەکرد، لە راستیشدا شاکانی ئێران و سوڵتانەکانی عوسمانی تەماشای جەنگ و ململانێی کورد و کوردیان دەکرد و بەرژەوەندیشیان تێدا دەبینی، کورد خۆی بۆ بەکوشت دەدات دژی بێگانە و دژی کوردیش، لەنوێژی هەینیدا وتاریان بەناوەوە دەخوێندنەوە، ساڵانەش سەریان دەقەبلاند و باج و سەرانەی خۆیان دەدا، شا، یا سوڵتانیش هەر ئەوەندەی دەویست، هەر میرێکی کوردیش بێ فەرمانی و سەربزێوی بگردایە، تەماشایاندەکرد ئەگەر بارووداخەکە لەباربووایە بەشەڕ یا بەئاشتی بەنووکە قەڵەمێك دووریان دەخستەوە و سێ رێگەی لەبەردەمدا دەمایەوە:

١- یاخیبوون و بەربەرەکانێ.

٢- پەنا بردنە بەر تیئۆری(دوژمنی دوژمنم دۆستمە).

٣- ملکەچیی و چاوەڕوانی بەزەییەکی شا یا سوڵتان ئاوڕێکی خێری لێبداتەوە.

ئەوە هەتا ساڵی ١٨٣٥ز. کە میر موحەممەدی ڕەواندزی جڵەوی کار دەگرێتە دەست، لەو ڕووەوە دوو بۆچوون هەن، یەکەمیان دەڵێت: میر مستەفا چووبووە تەمەنەوە و لە جەنگ و ململانێی ناوخۆ لەگەڵ براکانیدا و دەرەوەش لەگەڵ میرەکانی باباندا بێزار بوو بوو، لایەنی ئاشتی دەگرێت، فاتمە خانی کچی دەدات بە حوسەین بەگی کوڕی مەحموود پاشای بابان و بەم خزمایەتییە ئاو بەئاگری شەڕدا دەکات، بەڵام برا ناحەزەکانی بۆ بێدەنگ نەکرا، بۆیە ١٨٢٦ز. دەستەڵات دەداتە دەست موحەممەدی کوڕی و روو دەکاتە قەڵاکەی دمدم، نیزێك ڕەواندز و پاشماوەی تەمەنی لەوێدا بەسەربرد، پێشەنگی مێژوونووسانی کورد، شەرەفخانی بەتلیسی لە شەرەفنامەدا نووسیوێتی میر موحەممەدی ڕەواندزی نیوەڕاستی سەدەی نۆزدە میری سۆران بوو، ناڵێت ئەوکاتە بووە بە میر، دەڵێت: میر بوو یا میر بووە، جا چەند ساڵ پێشتریش هەر میر بووە؟

بۆچوونی دووەم لە دەمی دووەمین مێژوونووسی مەزنی کوردەوە موحەممەد ئەمین زەکی بەگ کە دەڵێت (ئەم میرنشینە بچووکە دەوروبەری ١٨١٠ز.دامەزرا لە ناوچەی ڕەواندز — کوردستانی عێراق، بەڵام کە مستەفا بەگ دوای ئۆغوز بەگ (ی باوکی ن.ك) بوو بەمیر یەکێك لە کوڕەکانی بەناوی موحەممەد بەگ بۆ دەستبەسەرداگرتنی حوکم هاتە پێشەوە و لەباوکی خۆی زەوتکرد، پیرە باوکیش ١٨٢٦ دەمرێت). لەو بۆچوونەی ئەمین زەکی بەگدا دوو خاڵ جێگەی سەرنجن، میرایەتی سۆران بچووك نەبوو، مەگەر مەبەستی لە سەرەتای دامەزراندنی بێت، گریمان مەبەستی ئەوە بێت و وەك خۆی دەڵێت دەوروبەری ١٨١٠ز. دامەزرابێت، بەو پێیە میرنشینی سۆران تەمەنی هەر پەنجا ساڵێك بووە! ئەو دوو بۆچوونە هەرکامیان ڕاست بێت لەوەدا هاوبیرن میر موحەممەد دووای باوکی بۆتە میری سۆران و لەو ڕۆژتین و خۆگونجاندنەی باوکی و میرەکانی پێشتر دەردەچێت و بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕی دەگرێتە بەر، کە بریتی بوو لە بەهێز کردن و پڕچەککردنی لەشکرەکەی. فراوان کردنی سنووری سۆران و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی، هەرکام لەو سێ ئامانجەش بگرین بەمیرێکی بەهێزو لێهاتوو نەبێت هەنگاوی بۆ نانرێت. پاشا کۆرە لەو میرە لێهاتوو و بەهێز و بەهیممەتانە بوو، لێزان و شێردڵ، بەڵام ئەوانە بەتەنها نەیدەگەیاندە ئامانجە دوورەکانی، کە لە قوڕگی نەهەنگدا بوون، سەرکردەیەکی لیهاتووی جەنگ و دوژمن شکێن بوو، ترسی خستبووە دڵی ناحەزەکانییەوە، دەیتوانی بیانتۆقێنێت و سەر نەویکەن، کاروباری ناوخۆ و هێمنی و ئاسایشی وڵات ڕابگرێت، چونکە توواناى ڕامیاری و خوێندنەوەی پانۆرامای ناوچەکە بەگشتی و لەبەرچاوگرتنی پێشهاتەکان و لە هونەری دیپلۆماسیدا لەو ئاستەدا نەبوو لایەنە بەهێزەکانی بەهێزتر بکات بەڵکو دیارترین خاڵە لاوازەکانی بوون، میری ڕەواندز دەستپێکی کارەکانی پەلاماری مامەکانی دەدات، تەیموور بەگ لە هەڤدیان و یەحیا بەگ لە برادۆست کە هەر لەسەردەمی باوکییەوە خۆیان بە میری ڕەواندزەوە نەدەبەستەوە و گوێیان بە فرمانەکانی نەدەدا، ئەم بێدەنگی کردن و ساڵی ١٨٣٠ز سەربەخۆیی وڵاتی سۆران ڕادەگەیەنێت و نازناوی میری سەرکەوتوو (أمیر منصور) بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. کارگەی چەکسازی، خەنجەر و تفەنگ و تۆپ (لە مۆزەخانەی بغداد پارێزراون)، لەشکرێکی سی هەزاری سازکردو ساڵی ١٨٢٦ سەربەخۆیی میرنشینەکەی ڕاگەیاند و لە ماوەیەکی کورتدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا لە ناوچەکانی موسڵ وماردین جزیرەی ابن عمری گرت و لە بغداوە تا سنوری عێراق و سوریا و لە عێراق و ئێران فەرمانڕەوای دەکرد، پێوەندی لەگەڵ

بـرایم پاشـای کـوڕی محمـد علـی میسـر دامـەزرانـد بـۆ پـەلاماردانی عوسمـانی بـەڵام کەسـوڵتان پێـدەزانێت لەشکرێکی گەورەی نارده سەر، کاریگەری نەبوو بەڵام زۆری نەبرد خۆی تەسلم بوو لە ئەنجامی فتوای مـەلای خەتی و لەڕێگەی گەڕانەوەیدا لە ئەستەمبوڵەوە نامەردانە لەشاری ترابـزۆن کوشـتیان. (د. قـاسملۆ، هـەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٤٣). هەروەها هۆزەکانی هەرکی، سـوورکی، خۆشـناو دەهێنێتـە ژێـر بـار، ناوچـەکانی هەریر، کۆیە، رانیە لە بابان دەستێنێتەوە و هەر خاکێکی سۆران لـە سـەردەمی باوکیـدا کـەوتبووە سـنووری بابانـەوە هێنانییـەوە سـنووری سـۆران و ئـەمجا روو دەکاتـە هـەولێر و بـێ شـەڕ و کوشـتار دەیگرێـت (دووای دەستبەسەراگرتنی هەولێر بێ خوێنڕشتن، ١٨٢٤/٣/١١ز بەپێی رێککەوتنێك لەگەڵ موحەممەد پاشـای والی کەرکووکدا پێکەوە هەولێ دەستبەسـەردا گرتنـی میرنشـینی بابـان بـدەن، پـردێ، کـۆیێ، رانیـە دەگرێـت و سنووری خۆی گەیاندە زێی کۆیێ (زێ گچکە)[١٨]. مەحموود پاشـای بابـانیش داوای یارمـەتی لـە کۆلـۆنێڵی قاجارەکان، سەرتیپ موحەممەد خان دەکات بەهۆی مردنی موحەممەد عەلی میرزا، شازادە و میری کرماشان، ئێران فریای بابان نەکەوت، لەشکری بابان و سۆران لە قەمچووغە رووبەڕووبوونەوە، میری سۆران دەکشێتەوە بۆ کۆیێ و هەرچەند سەرکەوتووش نەبوو، بەهۆی زیانەکانی بە بابانی گەیاند ناچاریان دەکات خۆ بەدەسـتەوە بدەن!! (نیشانەی سەرسوڕمانەکە، من دامناوە. ن.ك)، سنووری نوێش بـەو هێڵـە دیـاری دەکـەن لـە رانیـە و بتوێن و خەلەکان و چنارانەوە تێدەپەڕێت بۆ زێی خواروو- زێی بچووك(الزاب الأسفل)، ئەو ناوچانەی دەکەونە لای راستی زێ بۆ میری سۆران و ناوچـەکانی لای چـەپیش بـۆ مـیری بابـان. لاجـانیش کەوتـە دەسـت مـیری رەواندز، بەڵام ئێران ناوچەکانی دیکەی بە هیچ لایەکیان نەدا. سنووری نێوانیان لەو خاکانەی نێوان سـلێمانی و کەرکووکیشدا دەربەندی بازیان بوو، بەری رۆژئاوای بۆ پاشا کۆرە و بەری رۆژهەڵاتیشی بۆ مـەحموود پاشـای بابان، هەردوولاش دەتوانن لە سنووری خۆیاندا قەڵای سەربازی دروستبکەن بۆ چاودێری و بەرگری)،[١٩] میری رەواندز هێـرش و پـەلامارەکانی لـە ناحـەزە بێهێزەکانـەوە دەسـتپێکردبوو، بەرلەوسـەرکەوتنانەی دووایـی و گرتنی هەولێر (هۆزەکانی هەرکی، سوورکی، برادۆست، شیروانی، دزەیی، ملکەچ دەکات)[٢٠] لە رۆژهـەڵاتی کوردستانیش شارەکانی (شنۆ، لاجان، مەرگەوەڕ، تەرگەوەڕ و چەندین گوندی سەر بە ورمـێ، سـابڵاغ داگـیر دەکات)[٢١].

بەرنامە فراوانەکەی میری رەواندز کوردستانی خۆرهەڵاتیشی دەگرتەوە وەك بەرنامەی رزگارکردنی هەموو کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کورد یا کوردستانی یەکگرتوو، هەنگاوەکانیشی ئاشکرا بوون (سەردەمی فەرمانڕەوایی موحەممەد شای قاجار (قاجارەکان بەرەگەز تورکن. ن.ك) میری رەواندز لەو بەشـەی کوردستان، ناوچەی قتوور، خوی، مەراغە، تەورێز دەگرێت، کوردەکانی ئەو ناوچانە کـە بەدەسـت بێکـاری و هەژاری و نەخۆشییەوە دەیانناڵاند بەگەرمی پێشوازی لێدەکەن[٢٢]. ئێران داوای یارمەتی لە رووسیا دەکات. میری رەواندزیش بە مانۆرێکی رامیاریی پێشنیازێك پێشکەش شای ئێران دەکات، لە ژێـر سـایە و سـێبەری تاجی شاهەنشادا دەبن و باجی ساڵانەش پێشکەش دەکەن، ئێـرانیش لەبەرامبـەردا پشـتگیریمان بکـات دژی دەروازەی باڵای عوسمانی(بابی عالی)، بەڵام شای ئێران چۆن کـاری چـاك لەگـەڵ کـوردا دەکـات بەتایبـەتیش لەگەڵ سەرکردەیەکی وەك میری رەواندزدا کە ئاڵای سەربەخۆیی بەرزکردۆتەوە و چـەندین ناوچـەی ئێرانیشـی داگیرکردووە (شەوی مانگەشەو سەر لەئێوارە دیارە). میری رەواندز لـە هەوڵەکانیـدا دژی تـورك روو دەکاتـە میر بەدرخان بەگ میری بۆتان و پەیمانێکی لەگەڵدا دەبەستێت هاریکاری رامیاری بکات دژی دەروازەی باڵا،

بەدرخان بەگ سەیفەدینی برازای دەکاتە نوێنەری خۆی بۆ راپەراندنی پەیمانەکە، بەڵام سەیفەدین لەوە دەترسا میری رەواندز دەستبەسەر هەموو کوردستاندا بگرێت، هەڵدەگەڕێتەوە و دەست لەگەڵ تورکدا تێکەڵ دەکات و دوواتریش لە پاڵ لەشکرەکەی رەشید پاشای عوسمانیدا سەردەمی سوڵتان مەحموود پەلاماری میرنشینی سۆران دەدەن. میری بۆتان بەدرخان بەگ پاك و دڵسۆز بوو، بەڵام بوو بە قۆچی قوربانی ناپاکی سەیفەدین و یەزدان شێر (عیزەددین شێر) وەك ئەوڕەحمان پاشای بابان کە بوو بە قۆچی قوربانیی ناپاکی خالیدی برای لە شەڕەکەی بازیاندا)[٢٣].

فەخری سیلاح شۆر لە بنەماڵەی میرەکانی رەواندزە، دەڵێت لە باوکی خۆی بیستووە کە میر موحەممەدی سۆران یەك چاوو وەچاخ کوێریش بوو (کوور وەجاغ)، بۆیە بەپاشاکوورە ناودەبرا. میری رەواندز سەرەتا، بەخت، بەختی رامیاریی، بارودۆخی ناوچەیی، نێودەوڵەتی، هەڵکشان و داکشانی تەرازووی هێزەکان، چۆن حەزدەکەیت ناوی بنێ، یارو یاوەری میر بوون و دوو هەلی بۆ دەڕەخسێت جێگەپێی بچەسپێنێت و درێژە بەسەرکەوتنەکانیشی بدات، یەکەمیان: لاوازی و پەرش و بڵاوی هێزەکانی ناوخۆ، بەتایبەتیش هێزە گەورەکەی ناوخۆ، میرنشینی بابان بەهۆی ناحەزی و خۆخۆری میرەکانەوە لەوپەڕی لاوازیدا بوو، ئەگینا میری سۆران (پاشاکۆرە) نەدەگەیشتە ناوچەی سورداش و لە قەشقۆڵی دامێنی دوکان قەڵای چاودێری و بەرگریکردن دامەزرێنێت کە هەتا ئەمڕۆش شوێنەوارەکەی ماوە و بە زاراوەی سلێمانی، قەڵای پاشاکوێرەی پێدەڵێن و بەزاراوەی هەولێری قەڵای پاشا کوورە.

دووەم: ناوچەی برادۆست دەوڵەمەندە بە کانزای مس و قوقرقوشم و پاشاکوورە ئەوپەڕی کەڵکی لێوەرگرت بۆ دروستکردنی تۆپهاوێژەکانی دەستکردی وەستا رەجەب، کە بە یەکەمین پیشەسازی سەربازی گەورە دەژمێررێت لە کارگەیەکی کوردستاندا دوای دروستکردنی تفەنگ و تەقەمەنی کە هەتا ئەمڕۆش هیچ سەردارێکی کورد نەچووەوە سەر ئەو جۆرە پیشەسازییە کە بۆ کوردێك بەردەوام لە جەنگی ژیان و مردندایە وەك نان و ئاو پێویستە.

پاشاکوورە لە ماوەیەکی کورت و بە هەنگاو هەڵگرتنێك پەلەپەلی پێوە دیار بوو، بەرنامە فراوانەکانی جێبەجێ دەکرد، بێئەوەی هەستی بەوەکردبێت دەبووایە بەلای کەمەوە صەد صاڵێك دێرتر دەربکەوتایە، بەهەرحاڵ بەرنامە فراوانەکەی نهێنی نەبوو، بەدوو ئاراستەدا کاریان دەکرد:

١- دەستبەسەرداگرتنی خاکی کوردستان کە لەژێر فەرمانڕەوایی میرەکانی: بابان، ئەردەڵان، موکریان دان و هینانە ژێرباری هۆزەکانی کورد.

٢- یاخیبوون و رووبەڕووبوونەوە و پاککردنەوەی کوردستانی خۆرهەڵات و باشوور لە داگیرکاران و جەورو ستەمی کاربەدەستانی تورك و فارس، کە لەبنەڕەتدا دەبوونەوە بەیەك ئاراستە، چونکە میرو سەردارانی کورد دابەشبوون بەسەر هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانیدا و چارەنووسیی خۆیان و قەوارەکانیان بەیەکێك لەو دوو زلهێزەوە گرێدابوو، هەرچەند ناچاری ئەمبەرو ئەوبەرو سەنگەر گواستنەوەش دەبوون لە نێوانیاندا. بەو هۆیەوە پاشاکوورە لە یەك کاتدا لە هەردوو بەرەکەدا دەجەنگا و دەست بەسەرداگرتنی هۆزەکان و میرایەتیی بابان و ئەردەڵان و موکریانیشی بەهەنگاوە پێویستیەکان دەزانی بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکیی، کوردستانێکی یەکگرتوو. دڵنیاشم هەرگیز تیۆرییە بەناوبانگەکەی مارکسی بەرگوێ نەکەوتبوو (قوربانیدان بەکەم لە پێناو زۆردا) کە رایەڵێکی سەرەکیی مارکسیزمە و پاشاکوورەش لە قاڵبێکی کوردانەدا بەهەمان

واتا و مەبەست خەملاندبووی لە ژێر ئالای ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، لەوپێناوەشدا جۆرەها بالۆنی هەڵدەداو مانۆڕی رامیاریی لەگەڵ شای ئێران، ئیبراهیمی کوڕی موحەممەد عەلی میصر، بەدرخانەکاندا دەکرد، بەڵام خالێکی زۆر گرنگی پشتگوێ خستبوو یا بیری لێنەکردبۆوە کە سوڵتانی عوسمانی گریمان چا و لە دەوڵەتی کوردستانیش بنووقێنێت، هەرگیز چاو لەوە نانوقێنێت لەکاتێکدا ئەو سوڵتانی عوسمانی و خەلیفەی موسوڵمانی سەرزەوی و جێگری پەیامبەر و سێبەری یەزدانە لەسەر زەوی و (ئەوروپای خۆرئاواش مولکی تایبەتی خۆیەتی و فەرمانبەری ئەوروپایی بەسەرەوە داناون بۆ بەڕێوەبردن!)[٢٤] چاو لەوە ناپۆشێت لە پرێکدا دەوڵەتی ئیسلامیی کوردستان قوتبێتەوە و وەك قارچکە مارانە هەڵتۆقێت، شەریفی مەککە و کوڕەکانیشی صالانی یەکەمین جەنگی گێتی هەمان بەرنامەیان هەبوو، ئەوهۆکارە گرنگەی من بەبەختی رامیاریی ناوی دەبەم،ئەو بەختە رامیارییە دەوڵەتی بەریتانیای مەزنی بۆ عەرەب رەخساند، ئامانجە هاوبەشەکانیان یەکبخەن و دژی دوژمنی هاوبەش، تورکیای عوسمانی هەموو هاوکارییەکی عەرەب بکەن بۆ بەدیهێنانی دووئامانجی سەرەکیی ئاوێتەبەیەکتر،کەهەریەکەیان تەواوکاری ئەویکەیانە:

١- سەرکەوتنی هێزەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و هاوپەیمانەکانیان لە جەنگی بەرەکانی خۆرهەلاتدا و چۆکدادان وخۆ بەدەستەوەدانی دەوڵەتی عوسمانی کەهاوپەیمانی ئەڵەمانیایە.

٢- رزگارکردنی ولاتی حیجاز لە جەور و ستەمی تورك و پاککردنەوەی شوێنە هەرەپیرۆزەکانی ئیسلام لەژێر چەکمەی جەندرمەی تورك و سەندنەوەی کلیلەکانی شارەکانی مەککە، یەسریب (مەدینە) و قودس و گێڕانەوەی پۆستی خەلافەتی ئیسلام بۆ نەوەکانی پەیامبەرو هاشمییەکان.

بەریتانیا و عەرەب لە پشت فەرەنساوە هەتا کۆتایی جەنگ هاوکارییەکی سەرکەوتووی یەکتریاندەکرد و لەئەنجامدا هەردوولاش بەئامانجی خۆیان گەیشتن، بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی جەنگەکەیان بردەوە و میراتییەکەی دەوڵەتە دۆڕاوەکەی عوسمانییان دابەشکرد و عەرەبیش لە چنگی تورك رزگاربوون و چەند قەوارەیەکی نەتەوەییان پێکەوەنا لە سووریا و عێراق و ئوردن، بەڵام لە مێژووی کوردا، نە بۆ میری رەواندز، بابان، شێخ مەحموودی نەمر، پێشەوا قازی موحەممەد، سەرۆك بارزانی مستەفا، هەلێکی وەها هەڵنەکەوت و دۆستێکی وەهایان بە پیرەوە نەهات، ئەوە لەکاتێکدا کە مەلیك مەحموود حکومەتی کوردستانی خوارووی دامەزراند عەرەب هێشتا حکومەتێکی سەربەخۆیان دانەمەزراندبوو!

هەموو سەرچاوە مێژووییەکان هاودەنگ و کۆکن لەسەر ئەوەی میری رەواندز بەهەڵمەت و بە زەبرو زەنگ و توندوتیژ و بەرزەفڕ و فراوانخواز و هەوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی لەسەردا بوو، بەڵام تاکڕەو بوو، خواجە سەعدەددین، موفتی ئاینی دەوڵەتی عوسمانی و فێرکاری سوڵتان موورادی سێهەم دەڵێت: (کورد بیری تاکڕەوییانەی بەسەردا زاڵە، هەریەکەیان لە ئاوازێك دەخوێنێت بۆ بەردەوامی ژیان و مانەوە شەیدای سەربەخۆیی و سەربەرزین و لە لوتکەی چیا سەخت و سەرکەشەکاندا سەنگەر دەگرن، لە هیچ شتێکدا هاودەنگ و کۆك نین مەگەر لە وەدا کە یەزدان تاك و تەنیایە)، ئەو بۆچوونەی خواجە سەعدەددین ئەوەم بە بیر دەهێنێتەوە گوایە پەیامبەری ئیسلام دووعای لە کورد کردووە (اللهم لا تجعلهم علی اتفاق لأن أتفاقهم سبب لخراب العالم)[٢٥] واتاکەی بەکوردی، یەزدان مەهێڵە کۆك و تەبا بن، ئەگینا دونیا وێران دەکەن! میری سۆران جیاوازیی بەرچاوی لەگەڵ پێشەواو سەردارانی کوردی بەرلەخۆی، سەردەمی خۆی و دووای خۆیشی هەبوو، هەر بۆ نموونە:

١- بەبەراود لەگەڵ میرەکانی بابانـدا بـەرەی نـاوخۆی تۆکمـە و تونـدوتۆڵ بـوو، ئـەو ئەمبـەر و ئەوبـەرەی ئەوانیشی نەدەکرد لە نێوان تورك و فارسدا.

٢- بە بەراورد لەگەڵ پێشەوا قازی موحەممەددا کـە لـە نێـوان سـۆڤێت و ئێرانـدا ڕێگـەی گەڕانـەوە (خـط الرجعة)ی دانابوو بۆ ئەگەرەکانی دوواڕۆژ.

میر موحەممەد ئەو ڕێگەی گەڕانەوەیەی بەبیردا نەدەهات و بەجوتەپێ خۆی فڕێدابووە ئـەو گۆمـەوە پـڕ لـە نەهەنگی برسیبوون، پێشەوای کۆماری کوردستان و لێپرسراوانی ریزی پێشـەوە ئـەو ڕێگـەی گەڕانەوەیـەیان مەبەست بوو، کاربەدەستانی تارانیان لە زۆر شت ئاگادار دەکرد! بەڵام پێشەوای کۆماری کوردسـتان و مـیری سۆران لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە، هـەردووکیان مەردانـە ڕووبـەڕووی ئـەنجامی هـەنگاو و هەڵوێسـت و کـار و کردەوە و بڕیارەکانیان بوونەوە و خۆیانکردە قوربانی و بەسەربەرزی مردن.

سەرکەوتنەکانی سۆران مەترسی ڕاسـتەقینە دەخاتـە سـەر والی بەغـدا و گرتنـی شـاری مووصـڵیش کـە شارەکانی ئاکرێ، زێبار، ئامێدی، دهۆك و زاخۆ لە ژێر دەستی میری سۆراندا بوو، شتێکی ئەوتۆی بۆ والییە داماوەکەی مووصڵ نەهێشتەوە دەمی پێتەڕ بکات، سنوورەکانی سۆران لە خۆرهەڵاتـەوە لـە پـردێ وە درێـژ دەبووەوە بۆ سەردەشت، لە خۆرئاواشەوە هەتا هەکاری، جزیرە و بۆتان.

دەروازەی باڵا (الباب العالی) و سوڵتانیش هەسـت بەمەترسی سـەرکەوتنەکانی میرێکـی (سـەربزێوی) کورد دەکەن، عەلی ڕەزای والی بەغداش ڕاپۆرتی خراپی لەسەر دەنووسی و سەرکردایەتی لێ تیـژ دەکـرد، چونکە خۆی و میری بابان دەرەقـەتی نـەدەهاتن، بەسـەرزارەکی نەیدەورووژانـد، دان بـە حکومـەتەکەشـیدا دەنێت و پلەی پاشاشی پێدەدات لە چاوەڕوانی هەلێکی گونجاودا.

فرمانی (سـەرکوتکردنی) موحەممـەد پاشـای ڕەوانـدز لـە ئەسـتەمبوولەوە دەرچـوو،١٨٣٦لەشـکرەکانی ڕەشید پاشای والی سێواس، عەلی ڕەزای والی بەغدا و والی موصـڵ بـە ٤٠،٠٠٠ هـەزار سـەربازەوە لـە دەشتی هـەریر پێکدەگـەن، کـوڕێکی مـیر، گـەرووی عـەلی بـەگ دەگرێـت، دوژمـن ناچـار دەکـات داوای ڕێککەوتن بکات لەسەر ئەوەی مـیر سەرپێچـی نـەکات و ئـەوانیش بگەڕێنـەوە.. مـیری سـۆران بـەڕێزەوە ڕەوانەی ئەستەمبوڵ دەکرێت، دووای شەش مانگ سوڵتان چاو لە (گوناهەکانی) دەپۆشێت و دەیگێڕێتـەوە سـەر میرنشـینەکەی، ڕەشـید پاشـا دەمرێـت، گۆڕەپانەکـە بـۆ والی بەغـدا تـەخت دەبێـت کـە ڕقـی لـە هەردووکیان بوو، نامەیەك بۆ دەروازەی باڵا(سەرۆکایەتیی وەزیرانی عوسمانی) دەنووسێت (ئەگەر ڕێگە بـە گەڕانەوەی موحەممەد بدەن، شیرازەی کارەکان تێکدەچن، منیش دەست لەکار دەکێشمەوە).

سوڵتان ناچار بوو، دوای لێبـووردن فـەرمانی مـەرگی بـۆ دەربکـات و بەپەلـە بـە نامەبـەری تایبەتیـدا دەیگەیەنێتە سێواس و والی دەیکوژێت. عەبدولقادر ڕۆستەم بابان لە مێژووی کوردسـتاندا ئـەو ڕووداوانـە بە جۆرێکی دیکە دەگێڕێتەوە (بەکورتی سەدری ئەعزەم (سەرۆك وەزیـران ن.ك) مـیری ڕەوانـدزی گەیانـدە بارەگای سوڵتان، نزیکەی دوو ساڵ بەمووچە و بەراتـەوە لـەوێ مایـەوە.. لـەو ماوەیـەدا دەبێتـە دۆسـتی یەکێك لە دراوسێکانی کە کاربەدەسـتێکی سـوڵتان بـوو، چەندین جـار قسـەی چـاك بـۆ موحەممـەد پاشـا دەکات.. سوڵتانەکانی ڕۆم لەو دەمەدا، داب و ڕەسمیان وابوو، هەر تاوانبارێك بەبێدەنگی بانگ بکات بـۆ کۆشك لە خیانەتەکانی خۆش دەبوون و هەر مەتڵەبێکی بایە (هەبوایە) لێی قبوڵ دەکرا، کـابرای دراوسـێ شەوێك بەبێ دەنگی (نهێنی) میری ڕەواندزی بردە خزمەت سوڵتان و زۆر بـەزەلیلی سـەری بـۆ دانەوانـد و

داوای لێ بووردنی کرد، سولتان بەزەیی پێداهات و گوتی لە تاوانەکانت خۆش بووم، ولات و شوێنە داگیرکراوەکانت دەدەمەوە، بەلام لەمەو دواوە لە خزمەتگوزاری دەولەت سەر بادەی، تووشی عەزاب و سزا دەبیت، موحەممەد پاشا بە شوکرانە ئەو چاکەی (ئەو چاکەیە) سوژدەی برد و خودای بە شاهید هێناو گوتی بەسەر و گیان فەرمانی سولتان قەبولٚ دەکەم و ئەگەر لە بەندەیی و خزمەت سەربادەم، شەرمەندەی دەرگای خودا و بارەگای سولتان بم، سولتان هەر ئەو دەم جبەیەکی ئالتون درووی خەلات کردو گێڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی... بەفەرمانی سولتان خەلات و نیشانی ئەیالەتی ئەو ولاتە (میرنشینی سۆران ن.ك) درا بە میر و بە عیزەتی تەواو و دەستەلاتەوە بەرەو ولاتی خۆی (رەواندز ن.ك) کەوتەرێ، وەکیلی عەلی رەزا پاشای بەغدا ئەم رووداوەی پێ راگەیاند (مەبەستی لە نوێنەری والی بەغدایە لە دەروازەی بالا ن.ك) فرە پەژارە و نارەحەت بوو، گورج نامەیەکی بۆ سەدری ئەعزەم و کاربەدەستانی دەولەت نووسی کە دوای گەیشتنەوەی میر موحەممەد پاشا، من لەسەر کاروباری عێراق لابەرن، ئەگەر جاری پێشوو پێویست بوو سەدری ئەعزەم بکرێتە مەعموری سەرکوتکردنی، ئەم جارە مەگەر سولتان خۆی ئاگری ئەم فیتنەیە بکوژێنێتەوە... سولتان گوتی عەلی رەزا پاشا لە کۆنەوە قینی لەوە و قسەکانی لەم بارەوە ئیعتباریان نییە، سەدری ئەعزەم گوتی عەلی رەزا پاشا پیاوێکی گەورەیە، ئەگەر موحەممەد پاشا رێزی لێ نەگرێ و سەری بۆ دانەنەوێنێ، بێگومان هەودای نەزمی (رایەلٚ، شیرازەی بەرێوەبردن، رژێم، ن. ك) ئەیالەتی عێراق دەپسی، واباشە موحەممەد پاشا بەرلەوەی بچێتەوە مالی خۆی، بچێتە بەغدا و ئاشت بنەوە، سولتان پەسەندی کرد.

ئەمری کرد نامەیەك بۆ موحەممەد پاشا بنووسن بەگەیشتنی ئەم نامەیە بچێتە بەغدا بۆ دیتنی وەزیر (والی) و تەواوکردنی کاری حکومەتی خۆی لەو بخوازێ. ئەو فرمانە لە شەش مزلی ئەستەمبولٚ گەیشتە میری رەواندز[٢٦] لە نێوەرۆکی حالی بوو، خۆی لەبێ ئاقلی دا و گوتی ئەو کاتەی نەچووبوومە خزمەت سولتان، هەرگیز بە بچووکی وەزیری بەغدا رازینەبووم، ئێستا کە دەستی سولتانم ماچ کردووە چۆن ئەو عەیبە دێنمەوە سەرشانم، وەلامی سولتانیشی هەر ئاوا نووسیوەوە و دایە دەست تەتەر [٢٧] ... سولتان فەرمووی ئەو جارەش نامەی بۆ بنووسن و بێژن وەلێ نیعمەتی تۆ تکات لێ دەکات (داوات لێدەکات ن.ك) پێش گەیشتنەوەی ولاتی خۆی بچێتە لای عەلی رەزا پاشا و پاشان بگەرێتەوە بۆ ولاتی خۆی، لەبەر ئەوەی شەبەقی مەرحەمەتی ئێمە لەو نۆکەرە دەولەت خوایەی داوە، لە هەموو بارێکەوە چاکی کاروباری ئەومان دەوێت. عەلی رەزا والی عێراق و حیجازە و بەسەر فەرمانبەرەکانی تری دا هەیە، واباشە ئێوە بچنە دیتنی ئەو... کە ئەو نامەیە نووسراوە (نووسرا) لە بنەوەش فەرمان درا بە حاکمەکانی سەر رێگا، لەهەر شوێنی نامەی سولتان بگاتە دەستی موحەممەد پاشا و لەسەر بیرورای خۆی بمێنێتەوە، هەر لەو شارە رایبگرن تا حوکمی دووەم دەردەچێ، تەتەر لە شاری سێواس گەیشتە میری رەواندز... ناوبراو وتی هەر ئەوەیە لە پێشدا گوتوومە، قەت ناچمە کن عەلی رەزا پاشا و بەهیچی نازانم... کاتێ تەتەر لە فیزو لوت بەرزی میر ئاگاداربوو، چووە کن حاکمی شار و فەرمانی سولتانی پێ راگەیاند... دەستبەجێ (راگیرا تا فەرمانی دووەم دەگات.. سولتان فەرمان دەدات) دەست بەجێ موحەممەد پاشا دە جەوالێك بدروێ و دە بەحری باوێت... شەوێ بەسەر میری وەربوون و زنجیریان کرد.. دە جەوالێکیان ناو سەریان دروو، دە بەحریان هاویشت[٢٨]، ئاگری فیتنەی ئەو بە ئاوی دەریا کوژایەوە و رێگای نەبوونی گرتەبەر[٢٩].

ڕۆژهەڵاتناس خالفین دەڵێت: بنکەی بزاڤی نەتەوەی کورد لە سییەکاندا (ساڵانی سی سەدەی نۆزدە، ن.ك) ناوچەی ڕەواندز بوو کە دەکەوێتە نێوان زابی سەروو (زێی گەورە ن. ك) و سنووری ئێرانەوە بە رابەری میر موحەممەد لە هۆزی ڕەوەندی زنجیرەی بنەماڵەی ئەیوبییان.

ئەفسەری بەریتانیش مێجەر سۆن دەڵێت: (کورد هەمیشە ئازا و بەهەڵمەت بوون و نەدەشکان، دوور لە سەرشۆڕ کردن و گوێڕایەڵی بێگانە بوون، هەرگیز سەریان بۆ کەس دانەنەواندو نەشکان تەنها لە شەڕی نێوخۆیاندا نەبێت، کە دەستەڵاتی داگیرکارانی بەسەردا سەپاندن و ژێر دەستیانکردن)(٣٠) .

دووای لە نێوچوونی دوا میری سۆران، میرنشینەکە بەهۆی ناکۆکی نێوان میرەکانەوە لەیەکتر ترازا و کەرت و پەرت و لاواز و وێران بوو، فەرمانبەری عوسمانی بەڕێوەیان دەبرد هەتا دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق ١٩٢١ دووای کۆتایی یەکەمین جەنگی گێتی.. ساڵی ١٩٢٣ سەید تەهای شەمزینی بە قایمقامی ڕەواندز دادەنێن، لە ١٩٢٨ دا دەستی کێشایەوە و گەڕایەوە بۆ ئێران و بەفەرمانی شای ئێران دەرمانخواردی دەکەن.

لە کۆتایی ئەم کورتە بەسەرکردنەوەیەی میر و میرنشینی ڕەواندزدا چەند فاکتەرێکی نێگەتیڤ دەخەمە بەرچاوی خوێنەرانی هێژا:

١- میری سۆران ـ ڕەواندز، زۆر خۆی بە ئایین و شەرعەوە بەستووە، لە دیالەکتێکی ناکۆکی نێوان بیرە فراوانەکەی ئاین و بیرە سنووردارەکەی نیشتمانپەروەری تێنەدەگەیشت و دەستی بەهەردووکیانەوە گرتبوو.

٢- هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانی ناوچەکەی دروست نەخوێندەوە لە نێوان ڕووسیا، بەریتانیا، عوسمانی و ئێراندا. دەوڵەتی عوسمانی لە دووای پەیماننامەی ئەرزرۆمی دووەمەوە کە ١٨٤٨ لەگەڵ ئێراندا مۆریانکردبوو بڕیاری لە نێوبردنی هەرهەموو میرنشینەکانی کوردیان دابوو، دەستپێك ١٨٥٠ ز فرمانی هەڵوەشاندنەوەی میرایەتی بابان دەرچوو، سمایل پاشا دەبێت بە ئوستاندار (قائیمقام)ی سلێمانی.

٣ـ هەڵسەنگاندێکی نادروستی هێزەکانی دوژمن کە دەیەهاجار بەسەر هێزەکەی ڕەواندزدا دەشکایەوە کە هەر ٣٠ — ٤٠ هەزار دەبوو، کارگەیەکی دروستکردنی تفەنگ و تۆپهاوێژیشی دامەزراندبوو، بەڵام لەگەڵ چەك و جبەخانەی دوژمندا بەراورد نەدەکرا... میری ڕەواندز بەو چەکانە و سەرکەوتنە خێراکانی و چاونووقاندنی سوڵتان دەستخەڕۆ بوو، ئاخۆ نەیدەزانی سوڵتان پێویستی بەمیرێکی بەهێزو دڵڕەق و دەسترۆیشتووی وەك ئەو هەیە بۆ تۆقاندنی ناحەزو نەیارەکانی بەتایبەتی (کافران — گاوران) وەك داسنییەکانی شەنگارـ شەنگاڵ(پیرۆز) و دەووروپشتی؟ دەبوو تەنها باڵی خۆی لەبەرچاو بگرتایە، هەوڵیدا لەگەڵ ئیبراهیمی کوڕی موحەممەد عەلی میسر هاوکاری یەکتر بکەن دژی دوژمنی هاوبەش، ئەوە سەرینەگرت هێزەکانیان لە کوردەوە دووربوون.

هەوڵێکی دیکە دەدات لەشکری ئێران و سۆران پێکەوە پەلاماری لەشکری صەدری ئەعزەم ڕەشید پاشا بدەن، ئەوەش هەر سەرینەگرت، چونکە بەریتانیا بەئاڕاستەیەکی پێچەوانە کاری دەکرد بۆ نزیك کردنەوەی ئێران و عوسمانی لە یەکتر. ئەوە جگە لەوەی دوواتر پەیمانی ئەرزرۆمی دووەمیش کۆتایی بە کێشە سنوورییەکانی نێوانیان و هاوکاریکردنی هۆزە کوردە سەربزێوەکان دەهێنێت و ئەورووپاش چاویان لە کانزاو سامانەکانی ناوچەکە چەقاندووە بۆ کارگەکانیان و بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی پیشەسازیش پێویستە ناوچەکە هێمن بێت.

موراد خان میرێکی بەهێزو هەڵکەوتووی میرنشینی بادینان بوو، روو لە ئاشتیی و هێمنیی و ئـاوەدانی وڵات بوو، خۆی لە دووبـەرەکیٚ و جـەنگ دەپاراسـت لەگـەڵ میرەکـانی کـورد و دەوڵـەتانی دراوسـێدا، بـۆ پاراستنی وڵاتیش بیست هەزار جەنگاوەری پڕ چەك و ئامادەی هەبوو، سەربەخۆ دەژیا و تەنها لـە وتـاری نوێژی هەینیدا ناوی سوڵتانی عوسمانی دەهێنا، بەوهۆیـەوە کەهاوسـەرەکەی خوشـکی مـیری سـۆران بـوو، نێـوانی ئـەو دوو میرنشـینە خـۆش بـوو، شـوێنەواری پرۆژەکـانی ئاوەدانکردنـەوەی وڵات خوێندنگـەی مورادخانەیە لە نێزیك دەروازەی خۆرهەڵاتی شاری ئامێدی.

٤ـ جەورو ستەمی میری رەواندز و دڵرەقی و توندوتیژییەکـەی بێسـنوور بـوو، لێرەدا تـەنها دوو نموونـە دەخەمە بەرچاو، مشتێك نموونەی خەروارێکە (میر موحەممەد بە٦٠٠٠ شەش هـەزار تفەنگچییەوە چیای ژەنگار و دێهاتی داسنییە شەیتانپەرستەکانی پەلاماردا، ئەوە چیایەکی گەلێك بەرزە و سێ صـەد گونـدی تێدایە.. شەڕێکی گەورە قەوما.. ئەوانی تێك شکاند، عەلی بەگ و بەدر بەگی مەزنی ئەوان تووشی داوی بەڵا بوون، ئیتر هەزار دیلی نێر و مێی داسنی لەگەڵ خۆی هێنا، لە پێشدا عەلی بەگی حاکمی ژەنگار کە لاوێکی جوانپاك و کارباش بوو بانگ کردو گوتی: بۆچی ئێوە دەرکراوی بارەگای خـودا بـەخاوەن دەزانـن و دەست لەفەرمانبەریی ئەو هەڵناگرن؟ ئێستا لە دوو کار لەیەکیان سەرپشك بە! یەکەم لەعنەت لە شەیتان بکە و دان بەیەکێتی خودادا بێنە و موحەممەد بـەڕێنوین بزانـە، ئەگـەر وا بکـەی... دەتکـەم بـە ئـەمیری هەموو شەنگار، ئەگەر وانەبیٚ دووهەم هەیە، ئەویش شەق کردنت بە شیر، لەوەشدا بەزەییم بە جوان پاکی تۆدا دێت! دەنا تاوانبار بەتایبەت بیٚ دینان بەسەر پەڕاندن نەبیٚ دەرباز ناکەم، عەلی بەگ: خودا بەتاقانـە دەپەرستم لە ئیتاعەتی مەلیکی ئەکبەر و تاوسی ئەعزەم[٣١] دەست هەڵناگرم، چونکە ئەو لە حەوت ئاسمان (لە ئاسمانی حەوتەم ن. ك) مامۆستای هەموو مەلائیکەتانە، میر تووڕە بـوو، بیکـوژن، پاشـان فـەرمانی کوشتنی ئەوانی دیکەشیدا، بەدر بەگ موسوڵمان بوو، (بووبە موسـڵمان ن.ك) ئـازاد کـرا، ئـەوانی دیکـە جگە لە سەد کەسیان کە کوشتیانن، موسوڵمان بوون، دەڵێت لەو سەفەرەدا ئەوەندەیان ماڵی ئـەو خەڵکـە وەگیر کەوت لە ئەژمار نایە)[٣٢].

عەبدولقادر رۆستەم بابانی لە کتیبەکەیدا(سییەرئەلئەکراد ـ سير الأكراد) کەساڵی ١٨٦٩ ز. بەفارسـی نووسیوێتی وبەهەشتیی کەریمی حیسامی ساڵی ١٩٩٠ بە ناونیشـانی ( رەوشـی کـوردان )کردوویـەتی بـە کوردی و بەندەش نووسەری ئەم بەرهەمە ٢٠٠٤ وەرمگێڕایە سەر زمـانی عـەرەبی و بەچـاپمگەیاند لـەژێر سەردێڕی ( کوردستان بساتين بلا أسوار ). بابانی جگە لەو نموونەیە، نموونەیەکی دیکەش دەگێڕێتەوە (... وڵاتی هەولێر، ئاکرە و چیای ژەنگاری نێزیك دیاربەکری گرت[٣٣] وڵاتی هەریر و کۆیە.. لای ئازەربایجان تا دەوروبەری مەرگەوەر و برادۆست گـرت لـەماوەی چـوار پێـنج صـاڵدا ئەوەنـدە بـە توانـا و سـەربەخۆ بـوو بەئەقڵی کەسدا نەیە.. شەست هەزار تفەنگچی پیادە لەژێر ئاڵای ئەودا ئامـادەبوون، ئـەوەی ئـەو رێگـای نەدابایە نەیدەتوانی لە ماڵی خۆی چرا هەڵکات.. عەبدی بەگ حاکمی هەولێر توانی چرا هـەڵکا، بێجگـە لە شێلم و بڕوێش خواردنی دیکەی لە ماڵی دا نەبوو، کابرایەك هۆی ئەوەی لیٚ پرسی لەوەڵامدا گوتی من رەعیەم و هیچی ئەمیر نیم، پلەو پایەشم نەگەیوەتە رووناکی چـوار چێشـتی بـەتام و چێژ، ناچـار بـەمجۆرە رابوێرم و خۆم ناخەمە بەر رق و غەزەبی پاشا)[٣٤] .

عەلائەددین سەججادیش لە لاپەڕە ٨٢٢ ی رشتەی مروارییەکەیـدا، بـەرگی ١ تـا ٨، نموونەیـەکمان بـە

شایەتحاڵەکەیەوە بۆ دەگێڕێتەوە: ( ساڵێك لەزەمانی تورکەکانا( داسنی )کوشتن باوی پەیداکردبوو،خەڵکی زۆر ئەچوون . هەرکەس کە ئەهاتەوە سەری داسنییەکی ئەکرد بە سەر شیر یا تفەنگە حەسەکەکەیەوە بۆ ئەوە بەخەڵکی پیشان بدا کە داسنییەکی کوشتووە .! باوکی عەزە کونەماسیی هەبوو، ئەویش لەگەڵ ئەو عێلجارەدا رۆیشتبوو،لەولاوە کە هاتبوونەوە،ئەویش( پێ ) یەکی کردبوو بەسەر لوولەی تفەنگەکەیا، لێیان پرسی: ئەمە کێ کوشتوویەتی ؟ وتی من . وتیان ئەی سەرەکەیت بۆ نەهێنا ؟ وتی: ( تا من فریاکەوتم چوومە سەری، سەری پێوە نەمابوو، بردبوویان .! )

٥- وەك موسڵمان و سەرکردەیەکی کوردیش زۆر بەخۆی دەنازی و دوژمنی بەکەم دەگرت و وەك پاڵەوانی داستانەکان بیری دەکردەوە کە لەپێناو شەرەف و سەربڵندیدا قوربانی بدەین، خۆ ئاسمان نەدەڕووخا بەسەر سۆراندا ئەگەر میر لەگەڕانەوەیدا لە ئەستەمووڵەوە بۆ رەواندز، سەرێکی لە بەغدا بدایە و هەر بەڕووکەش لەگەڵ والیدا ئاشبوونایەتەوە و فەرمانەکەی سوڵتانی نەشکاندایە، کورد بەر لەو سەردەمە وتوویەتی (دوژمن بەشەکراو بخنکێنە).

میر موحەممەدی رەواندزی سەری تێداچوو، میرنشینی سۆرانیش رووخا، ئەی عەلی رەزای والی بەغدا، دوژمنە سەرسەخت و دڵڕەشەکەی میری سۆران و کورد و سوننە، کە دووگونەی بەسەردا شۆڕ کردبوونەوە، چی بەسەر هات، ئەو پاڵەوانە فشەڵە و ئەو فسفس پاڵەوانەی خۆی لە گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی و تایبەتتریش لە میری سۆران کردبووە نەرەشێر و پێدادەگرێت ئەگەر میری سۆران لە گەڕانەوەیدا لای سوڵتانەوە نەچێتە بەغدا و بچووکی خۆی نەنوێنێت بەرلەوەی بچێتەوە سۆران، دەست لەکاردەکێشێتەوە و والی نوێ دیاریبکەن، عەلی رەزا لە والییە چاکەکان بوو، بۆ سوڵتان، لەڕێگەی تالانکردن و راووڕوت و پێنەدانی مووچەی مانگانەی سەربازەکان چەردە پارەی قورس و قەبەی بۆ سوڵتان دەنارده ئەستەمبوڵ، سوڵتانیش هەر ئەوەندەی لە والییەکان دەویست گەلانی ژێر دەستیان سەرکوت و بێدەنگ بکەن و بەهەرشێوەیەك کۆیدەکەنەوە زۆرترین پارەی بۆ بنێرن، دانیشتوانی بەغدا بەهاندانی سەرلەشکرێکی عوسمانی بەناوی عومەر پاشا رادەپەڕن و بنکەی سەرەکی لەشکری بەغدا دەگرن و ئابلۆقەی کۆشکەکەی عەلی رەزا دەدەن، ئەو والییە لوتبەرزەی میر موحەممەدی سۆرانی بەهیچ نەدەزانی و گەرەکی بوو سەرانی کورد و عەرەب سەری بۆ دانەوێنن و دەست لەسەر سنگ لەبەردەمیدا بووەستن کە لێقەومان و رۆژی ئازایەتی هاتە پێشەوە لەبری شمشێر هەڵکێشێت و بجەنگێت، بەبەرگی ئافرەتانەوە لە کۆشك دووردەکەوێتەوە، بەڵام ئاشکرابووو بەسزای خۆی گەیشت.

## میرنشینی بابان

### بەبیرم دێ سولە یمانی کە دارولمولکی بابان بوو

(شێخ رەزای تاڵەبانی)

**رەچەڵەکی بابانەکان**

## یەکەمین ئەڵقەی زنجیرەی بنەماڵەی بابان

عەودالْ بەگ

پیر بۆداق ( بۆداقی یەکەم )

رۆستەم

بۆداق ( بۆداقی دووەم )

مینورسکی لەوباوەرەدایە ( یەکەمین سەرکردەی بابان پیربۆداق بووبێ، پیدەچیت دەوروبەری ساڵی ١٥٠٠ ژیابیت وپیگەیان خۆرئاوای چیای قەندیل بووە )

ـ پیر بۆداقی یەکەم لەسەردەمی شا ئیسماعیلی صەفەویدا بووە، دەستی چووە خوینی رۆستەمی برایی و کوشتی، بە وەجاخ کویرییش سەرینایەوەو نەوەیەکی لە دووا بە جینەما. دووای مردنی پیر بۆداقی یەکەم، بۆداقی دووەم دەبیتە میری بابان . پیدەچیت بۆداق ناو نەبیت، ناز ناو بیت، ئەگینا چۆن بۆداقیك کوری عەودالْ بەگ و بۆداقیکیش کورەزایەتی و بۆداقی سیهەمیش کوری حاجی شیخە ؟!

سەرەتای ئەو یەکەمین ئەڵقەیەی زنجیرەی بنەماڵەی بابان بە بۆچوونی مینۆرسکی، دوور نییە دەوروبەری ساڵی ١٥٠٠زاین بیت کە دەکاتە سەردەمی زیانی پیر بۆداق (بۆداقی یەکەم) و پیگەو نشینگەشیان خۆرئاوای چیای قەندیل بووە.( بروانە فلادیمیر مینورسکی،بنچینەکانی کوردوچەند وتاریکی کوردناسی (بەفەرەنسایی) وەرگیرانی دکتۆر نەجاتی عەبدولا،ل٥٧،سلیمانی ٢٠٠٧ .

(لیرەوە زنجیرەی میرەکانی بابان پچراوە )

مینورسکیش ئەوەپشت راستدەکاتەوە ونووسیویتی (وەچەی یەکەمی بەبە،هەر زوو خزمەتکارەکان جیگەیان گرتوونەوەوئەم لقەی بنەماڵەکەش کەپچران ئیتر هۆزەکە دەوروبەری ١٠٠٥ه./١٥٩٦ز.هیچ سەرکرەیەکی ناسراوی نەبووە) سەرچاوەی پیشوو، هەمان لاپەرە .

**دووەمین ئەلقەی زنجیرەی میرەکانی بابان**

برایم ١ | سلێمان (سلێمانی١)

حسەین | ڕۆستەم ٢ | موحەممەد | سلێمانی٣ | حاجی شیخ | میرە | یرسلێمان(سلێمان٢)

حاجی شیخ ← بۆداق(بۆداقی٣)

ـ برایمی یەکەم لەمیرەکانی بابان یا لە بنەماڵەکە نەبوو، لەگەل سلێمانی یەکەمدا پێکەوە لە ماوەی نیوان ساڵانی ١١٩٦ـ١٢٠٠ك./ ١٧٨٢ـ١٧٨٦ز. هەریەکەو فەرمانرەوای بەشیکی وڵاتی بابان بوو، بەڵام تاسەر بەیەکەوە ناگونجێن و سەرئەنجام سلێمان، برایم لەناودەبات وهەتا کۆچیدوایی دەکات پانزە ساڵی دیکەش فەرمانرەوایی دەکات .

ـ ئەو چوار برایە: حسەین، ڕۆستەم٢، موحەممەد، سلێمانی٣ هیچکامیان هەلی فەرمانرەواییان بۆ نەرەخسا .!

ـ حاجی شیخ دووای سلیمانی مامی لە ١٥٢٣/١٥٢٤ز.دەبیتە میری بابان بووەو هەر چوار ئامۆزاکانی دەردەپەرینیت . خۆیی و دووبراکەی فرە زۆردارو ملهووربوون ...هەرئەو صاڵەش پیکەوە دەچن بۆ بەغدا، بەڵام هەرسێکیان لەریگا بەدەستی مەرگەییەکان کوژران .

ـ بۆداقی٣ دووای لەناوچوونی باوك ومامەکانی دەبیتە میری بابان، ئەمیش بەفەرمانی سوڵتان بایەزیدی عوسمانی سەری لە لاشەی جیا دەکریتەوە .

ـ سورخاب مامی مەئموون دەسەلات لە بۆداقی کوڕی حاجی شیخ زەوتدەکات بەڵام ململانێی لەتەك عوسمانییەکاندا بۆ نەدەکرا، بنکەی دەسەلاتی گواستەوە بۆ مەریوان .

ـــ سوڵتان سلێمانی قانوونی دووای گرتنی تەوریزی پایتەختی ئیران، ١٥٢٤ز. لەگەرانەوەدا دەچیتەبەغداو عیراقی عەرەب و عیراقی

عەجەم دابەشدەکات بە سەر چوار ویلایەتدا: ویلایەتی بەغدا، بەصرا، شارەزوور، مووصڵ و میرنشینی بابانیش دەخاتەوە دەست

بۆداقی کوری حاجی شیخ ( بۆداقی٣ )

ـ دووابەدووای لەناوچوونی بۆداقی٣، زنجیرەی بنەماڵەی بابان سەرلەنوێ دەپچریت و١٥٦١ ـ ١٥٩١ز. ماوەی ٣٠ ی صاڵی رەبەق بابان میرو سەرداری نەبوو، باوکی مێژوو نووسانی کورد میر شەرەفەددین خانی بتلیسی دەفەرموێ میر نشینی بابان هەتا ١٥٦٩ میری نەبووە .

بابە سلێمان | پیر بۆداق ( بۆداقی٤)

فەرهادبەگ

(٩٩٧ـ١٠١٧ك./١٠٥٨ـ١٦٠٩ز.فەرمانرەوابووە )

لیرەشدا مینۆرسکی،پشت ئەستوور بە کلۆدیۆس جەیمس ریچ لەوباوەرەدایە(بـەرە بـابیکی نـویَ لـەتیرەی سەقر،کە لقێکی هۆزی بلّباسن لەناوچەی دارەشمانەوە هاتوونەتە دەڤەری پشدەر .دامـەزرینـەری راستـەقینـەی ئەم بنەماڵەی (زنجیرەی) سیَهەمە، باباسـلّێمانە کەسـالّی ١٠٨٨ك./١٦٧٧زایـن دیارکـەوتووە وپاشـان لـە سـالّی ١١١١ك،/١٦٩٩ز.پەیوەنـدی بــە دەربـاری عـوسمـانیی کـردووە . ) بڕوانــە هــەمان سەرچـاوەی پیشوو،هەمان لاپەرە .

ـ بابە سلێمانی٤ کۆتایی سەدەی شازدەوسەرەتای حەڤدەی عیسایی ١٥٩١ــ ١٦١٥ز.دەرکەوتووە بـەلاّم میر شەرەفخانی بتلیسی نووسیویەتی: بابان هەتا صـالّی ١٥٦٩ز. مـیرو فـەرمانرەوای نـەبووە، زانیارییـە میَژووییـەکانیش زۆر ئـالّۆزن و ناچـنەوە سـەریەکتر، سـلیمانی چـوارەم دەوروبـەری١٦٨٥ز. مـیری بابـان بوو،بەلاّم پلەی ( پاشا)ی پیێنەدرابو، کەدەکاتە سەردەمی حەسـەن پاشـای والـی عوسمـانی لـە بەغـدا، کـە ١٧٢٠ لەشاری هەمەدان مرد .

ـ ١٦٨٧ز. صالّی گرانی و پەتای رشانەوەکەیە لە باشوری کوردستان و عیراق . ئایـا بابـە سـلّێمان ئـەو دەمە میر بووە یا ١٦١٥؟

ـ ١٦٨٩ز. بابە سـلّێمان کـەرکووك دەگریـت ودلاوەرپاشـای موتەصـەریفی عـوسمـانیی دەکوژریێت. ئـەم رووداوەش لەسەردەمی حەسەن پاشای والی بەغداو شا سـولّتان حوسـەینی شـای ئیرانـدا بـووە کـە مـاوەی فەرمانڕەواییەکەی١٦٨٧ــ ١٧١٧بووە.

ـ ١٦٩٠ز. بابە سـلّێمان شـاری سـنە و میرنشـینی ئـەردەلاّن داگیردەکـات و هـەر ئـەو صـالّەش هـۆزی مونتەفیك شاری بەصرا داگیردەکەن .

ـ ١٦٩٢شەرو پیکدادانی بابان بەسەرکردایەتی بابە سلّێمان و لەشکری قزلّباشەکانی صەفەوی بوو.

ـ موتەصریفی نویَ بەرامبەر بابە سلیمان هیچی بۆ نـەکرا، کەواتـە بابـە سـلّێمان ١٦٩٢ز. هیشـتا لـە ژیاندابووە .

ــــ کـــوژرانی بابــــە ســــلّێمان بــــە بۆچـــوونی رەنجـــووری ١١١٠ك./١٦٩٨ز. بەبۆچـــوونی شــــیخ ئەحمـەد١١١٣ك./١٧٠١ز.، بەبۆچـوونی (لـۆنگریگ)یش ١١١٧ك./١٧٠٤ز. مـیری بابـان بابـە سـلّێمان کوژراوە. دەبیت ئەوەش لەبەرچاوبگرین دووای مردنی حەسەن پاشای والی بەغدا، ئەحمەدی کوری و دووای ئەویش سلّێمان پاشـای عوسمـانیی بـەدووای یـەکتردا بوونەتـە والـی بەغـدا . ئەحمـەد بـەر لـە مردنـی لـە

١٧٤٧ز.گۆرانكارييەك لەمیرەكانی باباندا دەكات، سـەلیم پاشـا لادەبـات و سـلێمان پاشـا دەكاتـە مـیری بابان.

**دواى تیرۆركردنی بابە سلیمان، سەردەمانێك وڵاتی بابان بێ سەردارو سەرگەورە مایەوە**

**ئەلقەی چوارەمی زنجیرەی میرو فەرمانرەواكانی بابان**

میر فەرهاد بەگ

تەیموور — بەكر بەگ

ـ تەیموربەگ و بەكربەگ ماوەی نیوان ١٦٩٨ـ ١٧١٦/١٧١٥ز.فەرمانرەوای میرنشینی بابان بوون:
تەیموور ١٦٩٨ ـ ١٧٠٣ز.میر بووە، بەكر بەگیش ١٧٠٣ ـ١٧١٥ز.میربووە ئەی لەو ماوەیـەوی هـەتا دەركەوتنی خانە پاشا، وڵاتی بابان چۆن بەریوەچووە، ئاخۆ بەدەست فەرمانبەرانی توركەوە بووە ؟ بەم پییە پیدەچیت سلێمانی٤، چوارەمین ئەلقەی زنجیرەكە بیت .

سلێمان پاشا(سلێمانی٤)

ئەحمەد — موحەمەد — عەبدوڵڵا — مەحموودی١ — برایم(برایمی٢)

عەزیز( ئامۆزاو زاوای ئەورەحمان پاشایە و دوامیری بابانیشە)

ـ ئەوانەی سەرەوە جگە لە موحەمەد، پینج برا ناكۆك و ناتەباكەی بابانن .

ـ ئەحمەد مـامی ئەورەحمانەوهـەتا ١٧٨٣/١٧٨٢مـیری بابـان بووە.بایـەخی بـە خوینـدەواریی وزانسـت دەدا... دووای مردنی سلێمان پاشا تادەهات ململانیی دەسەڵات توندتردەبوو .

ـ مەحموود صالی ١٧٨٣/١٧٨٢ز.دەكەویتە بۆسەیەكی دوژمنەوەو دەكوژرێت .

ـ سلێمان مام یا ئامۆزای سەلیمە بەڵام ملۆزمی گیانیەتی وسەر بە عوسمانیشە وئەویش سەربەئیرانە .


ـ عەبدوڵڵا برای ئەورەحمان و مامی مەحموودی دووەمە .

ـ برایم پاشا (برایمی دووەم) لە ١٨٧٢زایندا دروستكردنی شاری سلیمانی تەواوكرد.

ـ عەبدولقادر رۆستەم بابانی باسی تەیموور بەگ ناكات ودەڵێت دووای بەكربەگ، مەحموود لە١٠٣٧ ـ٤٧ ١٠ك./ ١٦٢٨ـ ١٦٣٩ز. میری بابان بووە.هەروەها وتوویەتی ئەحمەدپاشا یەكەم جـار١٢٥٢ـ ١٢٥٦ك./ ١٨٣٨ ـ ١٨٤١ز.،دووەم جـاریش١٢٥٧ـــ١٢٦٠ ك./١٨٤٢ ـ١٨٤٥ز. دووای مـــەحموودی یەكــەم فەرمانڕەوای بابان بووە .بەكربەگ ١٠١٧ـ ١٠٢٩ك./١٦٠٩ـ١٦٢٠ز.فەرمانڕەوای

بابان بووه .

ـ عەبدوڵلاپاشا لە سەردەمی تیکچوونی شیرازەو وکەوتنی باباندا لە ١٨٤٥زایندا میری بابان بووە .




ـ عوسمان ١٧٨٧/١٧٨٦ز.لەسەردەمی بیووك سلێمانی والی بەغدادا بۆتە میری بابان لەجیگەی برایم پاشای مامی، بەڵام هەر ئەوصاڵەش لە بەغدا ژەهرکوژی دەکەن .

ـ سەلیم سەربەئیران و سلێمانی برازای (سلێمانی٦) سەربەعوسمانی بوون،شەوگەڕو ئەحمەدی کوڕی(نۆبەمیر)یان پیدەکردن .سەلیم ١٧٤٣ز.دووای خالید بۆتە میر، بەڵام (شەوگەر)١٧٤٦/١٧٤٧لەسەرکار لایبردوسلێمانی٦ کوڕی ئەورەحمان پاشای کرد بەمیری بابان .

ـ ١٧٤٩شەوگەڕ،سلێمان لادەبات وسەلیم دەخاتەوەسەرکارو لەساڵی١٧٥٠دا دووبارە سەلیم دادەنیتەوەو ساڵی١٧٥٧ یش سەلیم بانگدەکاتەبەغداو بەفێڵ لەناویدەبات وسەرلەنوێ سلێمان دادەنیتەوە وئەمجارە پازدەصاڵ لەپۆستەکەیدامایەوە .

ـ ١٧٥٠دووای مردنی(شەوگەڕ)،عەلی رەزا لەشکر دەنیریتە سەرسلێمان و بە هاوکاریی ئەحمەدی برای بەسەریدازالبوون وئەحمەد دەبیتە میری بابان وسلێمان رووەدەکاتە ئیران وکەریم خانی زەند دەیکات بە میری ئەردەلان .

ـ ئەورەحمان لە میرە مەزنەکانی بابانە،دووجار فەرمانرەوایی بابانی کردووە، یەکەمجار ١٧٨٩ودووەمجاریش ١٨٠٣، دووای مردنی برایمیش ماوەی ساڵێك فەرمانرەوای بەغدابووە .

ـ خانەپاشا١٧٢٣بۆتە میری بابان و١٧٣١لەسەردەمی فەرمانرەوایی ئەشرەفخانی ئەفغانیدا،لەئیران کوژراوە .

ـ مەحموودی٢ کوری ئەورەحمانە، دووای مردنی باوکی لەسەردەمی سەعید پاشای والیدا لە١٨١٣دابووە

بەمیری بابان،١٨٣٨والی بەغدا بەدەستبەسەریی ناردییە ئەستەمووڵ وهەرگیز ریگەیان پینەدا چاوی بەکوردستان بکەویتەوە .


ـ عوسمان ١٨٢٧بووە بەمیری بابان .

ـ سلێمانی٦ کوری ئەورەحمانە،١٨٢٧/١٨٢٨لەجیگەی عوسمانی مامیدا بووەبە میری بابان .

ـ ئەحمەد١٠٦٧ــ ١٠٦٩ك./١٦٥٧ــ ١٦٥٩ز.میری بابان بووە .

ـ حەسەن ١١٩٠ك./١٦٨٠ز.مەندەلاوییەکان تیرۆریانکرد .

نەوەکانی ئەورەحمان پاشا، وەك عەبدلقادر روستەم بابانی دیاریکردووە، ئەویش دەکەمە هیلکاری بۆبەرچاوخستنیکی روونتر، بەتایبەتیش لە (سلێمانەکان)و (مەحموودەکان) و ئەوانەی دیکەشدا:




وەك هەموو ناوەکانی دیکە، کە ژمارەم لەسەرداناون،لیرەشدا عەبدلقادر رۆستەم بابانی مەبەستی لەمەحموود،مەحموودی دووەم ولەعوسمان،عوسمانی دووەم ولە سلێمان،سلێمانی پێنجەم ولەئەورەحمانیش ئەورەحمانی دووەمە. بۆپتر زانیاریش نووسیویتی: ئەورەحمان پاشا ١٠٦٩ -١٠٧٣ پاشای بابان بووە کە دەکاتە ١٦٥٩- ١٦٦٣ز. سەلیم کوڕی سلێمانە (مەبەستی سلێمانی پینجەمە ن. ك) و سەلیم بەگ ١٠٩٤ -١١١٣ك/ ١٦٨٣ -١٧٠٢ز.میری بابان بوو بەدووای ئەودا میرموحەممەد (خانە پاشا) ١١١٣ — ١١١٧ك/ ١٧٠٢ — ١٧٠٦ز. پاشای بابان بووە،عەبدولقادر رۆستەم بابانی لەوەشدا بەهەڵەدا چووە، کەسەلیم کوڕی مەحموودی یەکەمە نەك سلێمانی پینجەم، لەوەشدا بەهەڵە سلێمان (سلێمانی پینجەم)ی کردووە بە برازای ئەحمەد پاشا، بەڵام لەڕاستیدا ئامۆزان. صاڵەکانی ماوەی فەرمانڕەوایی سەلیم و خانە پاشا و سلێمانیش بەیەکدا چوون.

عەبدولقادر بابانی مەبەستی لە عوسمان،عوسمانی دووەم و لە سلێمانیش، سلێمانی پینجەمە ئەگەر من

لەورێزبەندییەدا هەڵە نەبم. بابانی بۆ روونکردنەوەی ئەو بۆچوونەی سەرەوەی ئەم زانیاریانەمان دەداتێ:
١ـ عوسمان میرێتی نەکردووە.
٢ـ حاجی ئەحمەد چواردە ساڵ لە یەمەن و ساڵێکیش لە هەرێمی وان فەرمانڕەوا (حاکم — والی) بووە، سەردەمی مەحموود پاشا مردووە و منداڵی نەبووە.
٣- موحەممەد فەرمانڕەوای شاری کەربەلا بوو.
٤- حسێن لە بەغدا دەژی و مانگی ٣ سێ تمەن وەردەگرێت .
٥- حسێن بەگ ناسراوە بەمیر، لە سنە نیشتەجێیە و لای ئێرانەوە مووچە و بەراتی هەیە (پێدەچێت مەبەستی حەسەن بێت بەڵام حەسەن و حسێنی پێچەوانە خوێندۆتەوە).
٦- دوواتر دەڵێت حەسەن و فەتاح لە ئەستەمبووڵ مردوون!؟
٧- مەحموود دەکاتە یەکێك لە کوڕەکانی ئەورەحمان و باوکی ئەورەحمان ناوێکیش! ئەو مەحموودە، مەحموود پاشایە و لە میرەکانی بابانیشدا ئەورەحمان هەیە.
٨- بابانی دەڵێت عەلی کچەزای کەڵبەلی(قەلبعەلی)خانی فەیلییە ولە تاران مرد، جگە لە خۆی هەموو براکان و خوشکەکەی نەوەیان لە دوا جێنەما، ئەورەحمانیش ئێستا ( ١٢٨٨ /١٨٧٢ز. ن.ك) لە نێو لەشکری عوسمانیدایە لەبەغدا.
٩- حەمە صالح دە دووانزە ساڵ لەمەوبەر لە نێوان ١٢٨٨ — ١٢٩٠ك /١٢٧٦ — ١٢٨٧ز. لە ئەستەمبوڵ مردووە[٣١] (ئەو ماوەیە بەپێی ساڵنامەی زاین دەکاتە ١٨٧٢ — ١٨٧٤ عیسایی ن.ك).
١٠- حەلیم خانم لە بەغدا و عەولا لە شاری قوونیە مردن[٣٢] .
مێژوونووسی کورد عەبدولقادر رۆستەم بابانی زنجیرەی میر و پاشاکانی میرنشینی بابانی لەژێر سەردێڕی (باسی ناوی حاکم و پاشایانی بابان و ساڵی حکومەتیان) تەنها بەگوێرەی ساڵی کۆچی تۆمارکردووە[٣٣] .
حکومەتی سلێمان بەبەی کوڕی مەلا ئەحمەد (مەبەستی لە فەرمانڕەوایی سلێمان بەبەی کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیە ن.ك)بەسەر هەموو وڵاتی بابان و شارەزوور و موکری و بڵباسدا .

## میر و پاشاکانی بابان و ماوەی فەرمانڕەواییان ـ ١

| | |
|---|---|
| حکومەتی سلێمان بەبە کوڕی فەقێ ئەحمەد | ٩٧٥ — ٩٩٧ ك/ ١٥٦٨ — ١٥٨٩ ز. |
| حکومەتی فەرهاد بەگی کوڕی سلێمانی بەبە | ٩٩٧ — ١٠١٧ ك/ ١٥٨٩ — ١٦٠٩ز. |
| حکومەتی بەکر بەگی کوڕی فەرهاد بەگ | ١٠١٧ — ١٠٢٩ك/١٦٠٩ — ١٦٢٠ ز. |
| حکومەتی مەحموود پاشای کوڕی سلێمان پاشا | ١٠٣٧ — ١٠٤٧ ك/ ١٦٢٨ — ١٦٣٨ ز[٣٤] . |
| حکومەتی خالید پاشای کوڕی مەحموود پاشا | ١٠٤٧ — ١٠٦٧ك /١٦٣٨ — ١٦٥٧ز. |
| حکومەتی موحەممەد پاشای کوڕی خالید پاشا | ١٠٦٧ — ١٠٦٩ك/ ١٦٥٧ -١٦٥٩ز. |
| حکومەتی ئەحمەد پاشای برای موحەممەد پاشا | ١٠٦٩ — ١٠٧٣ ك/ ١٦٥٩ — ١٦٦٣ز. |
| حکومەتی سلێمان پاشای برازای ئەحمەد پاشا | ١٠٧٣ — ١٠٩٤ك/١٦٦٣ -١٦٨٣ز. |
| حکومەتی سەلیم پاشای کوڕی سلێمان پاشا | ١٠٩٤ -١١١٣ك/١٦٨٣ -١٧٠٢ز |

| | |
|---|---|
| حکومەتی موحەممەد پاشا ناسراو بەخانە زێڕینە | ١١١٣ – ١١١٧ ك/١٧٠٢ – ١٧٠٦ ز. |
| حکومەتی مەحموود پاشا | ١١١٧ – ١١٢٢ك/ ١٧٠٦ – ١٧١١ز. |
| حکومەتی خانە پاشا | ١١٢٢-١١٣٤ك/ ١٧١١ -١٧٢٢ ز. |
| حکومەتی عەلیخانی کوڕی خانە پاشا | ١١٣٤ – ١١٤٤ك/ ١٧٢٢ – ١٧٣٢ك. |
| حکومەتی موحەممەد پاشای برای عەلیخان | ١١٤٤ – ١١٥٦ك/ ١٧٣٢ – ١٧٤٤ز. |
| حکومەتی مەحموود پاشای برازای موحەممەد پاشا | ١١٥٦ك - ؟ / ١٧٤٤ -؟ [٣٥] |
| حکومەتی برایم پاشا (مێژووی دیار نییە)[٣٦]. | ؟؟؟؟؟ ـ ؟؟؟؟؟؟؟؟ |
| حکومەتی سلێمان پاشای کوڕی برایم پاشا | ١١٩٦ – ١٢٠٠ك/ ١٧٨٢ – ١٧٨٦ز. |
| حکومەتی عوسمان پاشای کوڕی موحەممەد پاشا | ١٢٠٠ – ١٢٠٧ ك/ ١٧٨٦ – ١٧٩٣ز. |
| حکومەتی عەبدولرەحمان پاشای برای عوسمان پاشا | ١٢٠٧ – ١٢٣١ ك/ ١٧٩٣ – ١٨١٦ز. |
| حکومەتی مەحموود پاشا کوڕی عەبدولرەحمان پاشا | ١٢٣١ – ١٢٥٠ك/ ١٨٦٦ – ١٨٣٥ز. |
| حکومەتی سلێمان پاشای براچکۆلەی مەحموودپاشا | ١٢٥٠ – ١٢٥٢ك/ ١٨٣٥ – ١٨٣٧ز. |
| حکومەتی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا | ١٢٥٢ – ١٢٥٦ك / ١٨٣٧ – ١٨٤١ز. |
| هاتنەوەی مەحموود پاشا لە ئەستەمبووڵ (دووەم حکومەتی مەحموود پاشا ن.ك) | ١٢٥٦ – ١٢٥٧ك / ١٨٤١ – ١٨٤٢ز. |
| حکومەتی ئەحمەد پاشای دووەم [٣٧] | ١٢٥٧ – ١٢٦٠ك / ١٨٤٢ – ١٨٤٥ز. |

حکومەتی عەبدوڵڵا پاشای برای ئەحمەد پاشا ١٢٦٠ ك /١٨٤٥ز. تێکچوونی دەوڵەتی حاکم گەلی بابان بە فەرمانی سوڵتان عەبدولمەجید خان پادشای رۆم و تێکۆشانی موحەممەد نامیق پاشای والی عێراق سەرەتای ١٢٦٥ ك/ ١٨٥٠ز. ئێستاکە ١٢٨٨ك/ ١٨٧٢ زاینییە حاکمی عوسمانی لەم وڵاتە حکومەت دەکەن (حوکم دەکەن . ن.ك) وەهەر ساڵ یەکیان(یەکێکیان) بۆ حکوومەت دێت.

سەرنجی خوێنەری هێژا بۆ خاڵێکی گرنگ رادەکێشم، لە زنجیرەی هەموو بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوادا دوو زنجیرە هەن، زنجیرەی بنەماڵەکە، کێ بەدوای کێدا هاتۆتە دنیاوە و وەچەی هەریەکەیان و ئەوانەش نەوەیان نەخستۆتەوە و وەجاخکوێر بوون، زنجیرەی دووەمیش زنجیرەی میرەکانن کە جڵەوی کاروباریان بەدەستەوەبووە و فەرمانڕەوا بوون، ئەوانیش لە میرنشینی باباندا، هەندێکیان میر و هەندێکیان پلەی پاشای بابانیان لە سوڵتانەوە پێدراوە و هەندێکیشیان هەر فەرمانڕەوا(حاکم)ی سلێمانی بوون و سنووری دەستەڵاتیان بەرتەسك بووە، جا بەهۆی ئەو ناحەزیی و هەڵپەی دەستەڵات وخۆپەرستییەی میرەکان و ململانێی توندوتیژ و خوێناوی نێو میرەکان بەسەر هەردوو دراوسێ بەهێزەکەدا لە دەوڵەتەکانی ئێران و دەوڵەتی عوسمانیدا دابەش بوو بوون، گواستنەوەی دەستەڵات لە باوکەوە بۆ کوڕی گەورە و ئەگەر وەجاخکوێر بوو بێت بۆ براگەورە بەرێوە نەچووە، میری بابان هەن لە دووای مردنیان دەستەڵات بەرکۆرەکانیان نەکەوتووە و مامێك یا ئامۆزایەك نۆبەبڕیی لێکردووە و دەستەڵاتی زەوتکردووە.

جا خوێنەری هێژا لەوەدا بەهەڵەدا نەچێت، بۆ نموونە کوڕەکانی میر سلێمانی یەکەم، حسێن، رۆستەمی

دووەم، موحەممەد، میر سلێمانی سێیەم رۆژێك میرایەتییان نەکردووە، بەڵکو هەرچەند باوکیان برایمیش دەکوژێت بۆ ئەوەی دووای خۆی دەستەلاَت بکەوێتە دەست کورەکانی، بەلاَم حاجی شێخ، میرە، میر سلێمان (سلێمانی دووەم)ی ئامۆزایان خۆیان دەسەپێنن. ئیتر بەو پێیە دەبینین میرێکی بابان بیست سێ ساڵێك دووای نۆبەی خۆی هەڵی هاتنە پێشەوە و زاڵبوون بەسەر برا، مام، ئامۆزانەیارەکانیدا بۆ دەرەخسێت و دەبێتە میری فەرمانڕەوا و خاوەن دەسەلاَت و گەسك لەشوێنەواری (دوژمنەکانی) دەدات و دەستبەسەر خانووبەرە و سامانیاندا دەگرێت و دەربەدەریشیان دەکات.

من وەنەبێت لە ساخکردنەوەی چەند و چۆنیی ناوی میرەکان و رێکخستنەوە و هێنانەوە سەرباری راستەقینەی پەیوەندی خزمایەتی میرەکان و ساڵانی هاتنە سەرکار و رووداوەکاندا کە تەموژمێکی ئەستوور دایپۆشیون و بەشێکی ساڵەکان پێچەوانەی رووداوەکانن و تێکەڵاوبوونی ناوەکان و جیانەکردنەوەیان کارێکی گەورەم کردبێت، بەلاَم ئەوەندەی لە توانامدا بوو، تەنها باڵ و ئەو سەرچاوانەی بەردەستم کەوتن ماوەی شەش مانگێك هەتا رادەی شەکەت بوون ماندوویان کردم، کارەکەش ئاسان نەبوو، زۆری پێدەویست، هەر بۆ نموونە لەو میرانەی بابان کە ناویان سلێمانە، شەش سلێمان ناو هەیە بە بابە سلێمانەوە، سلێمانی دووەمی تێدایە کە کوڕی برایمی یەکەمە و لە بنەماڵەی بابانەکان نین، بۆداق ناو چوارن، دوو برایم، دوو موحەممەد، دوو رۆستەم، ئەوانەم وەك میر سولێمانی یەکەم و دووەم هەتا شەشەم جیاکردۆتەوە، ناویشی تێدایە جێگەی گومانە، وەك میر بۆداق کوڕی عەوداڵ بەگ و بۆداقی ئامۆزای کە کوڕی رۆستەم بوو، هەردووکیشیان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی شا ئیسماعیلی صەفەویدا بوون، بۆداقی یەکەم نەوەی لێنەکەوتۆتەوە، رۆستەمی برایشی دەکوژرێت و کە ئەویش دەمرێت ئاگردانی بابان سارد دەبێتەوە وزنجیرەکە دەپسێت و ساڵانێکی کورت یا درێژ میرنشینی بابان گەورە و سەرداری نەبووە. نموونەی تەمووژی ئەوساڵانەی جێگەی گومانن و ئەوانەی بەر لە من و مێژوونووسێکی وەك نەوشیروان موستەفا ئەمین هەستی پێنەکردووە و چۆن لە سەرچاوەکاندا نووسراون نوسیویانەتەوە، میرسلێمانی یەکەم و برایمی یەکەم هەرچەند لە بنەماڵەی بابانەکان نین بە ئەڵقەیەکی دیکە، زنجیرە پساوەکە لێکتردەدەنەوە و پێکەوە هەریەکەیان فەرمانڕەوایی بەشێکی ولاَت دەکەن، بەلاَم ئەوە خەصڵەتی میرەکانی بابان نەبووە پێکەوە بگونجێن و بە دوو برا کلاَوێکیان هەبێت، نەخێرسلێمانی یەکەم برایمی یەکەم دەکوژێت، ماوەی پازدە ساڵ بەتەنها فەرمانڕەوایی دەکات هەتا لە ١٦٣٨دادەمرێت. ئەمە بۆ بابان رووداوێکی ئاساییە، بەلاَم لە رووی چەند و چۆنێتی ساڵانی رووداوەکانەوە ئاسایی نییە کە حاجی شێخی کوڕی برایمی یەکەم دووای مردنی مامی لەساڵی ١٦٨٣دا،ئەو لە ساڵی١٥٢٣ /١٥٢٤دا بووبێتە میری بابان و جیاوازیی نێوان ئەو دوو مێژووە (١١٤) ساڵە و ئەگەر ئەوە بسەلمێنین کە سلێمانی یەکەم لە ١٦٣٨ دا مردبێت، دەبێت حاجی شێخ دووای ١٦٣٨ بووبێتە میری بابان نەك (١١٤) ساڵ پێشتر! نموونەیەکی دیکەی مێژووە چەواشەکەی بابان کە مێژوونووسەکانمان سووك و ئاسان بەسەریدا تێپەڕیون، بابە سلێمان (سلێمانی چوارەم) ١٦٨٩ شاری کەرکووك دەگرێت لە گەرمەی گرانی و قات و قڕی و بلاَوبوونەوەی پەتای رشانەوەدا لە کوردستان، دلاوەر پاشای والی کەرکووکیش (موتەصەڕیف) دەکوژێت، عەرەبە خێڵەکییەکانیش ١٦٩٠ هەردوو شاری بەصرە و حەوێزە داگیر دەکەن، هەردوو رووداوەکەی کوردستان و عەرەبستانیش لە

سەردەمی شا سولْتان حسێندا بووە ١١٠٥ /١٦٩٣ – ١١٣٥ك/١٧٢٢ز. کەچی موتەصەڕیفی نوێی کەرکووك (حەسەن پاشا) ١٥٩٣ز. لە جێگەی موتەصەریفە کوژراوەکە (دلاوەر پاشا) هاتووە!؟[٣٨] ئەمەش دەکاتە نزیکەی صەد ساڵێك بەرلە گرتنی کەرکووك و کوژرانی دلاوەر پاشا و بەهیچ شێوەیەك جێگەی باوەڕ نییە. ئەوە یەك، دووەمیش یەکەمین نامەی شا سولْتان حوسین ١٦٩٧ و دووەمیان لە ١٧٠٠دا لەبارەی دەستدرێژییەکانی سلێمان پاشای بابان (سلێمانی چوارەم) و داگیرکردنی کەرکووکەوە بۆ والی عوسمانی نووسیوە لە بەغدا، یەکەمیان هەشت ساڵ و دووەمیان یازدە ساڵ دووای ڕووداوەکە بووە، ئەمەش ڕێی تێناچێت و بەهیچ بارێکدا ناچنەوە سەریەکتر، چۆن باوەڕ بکەین ڕووداوە گرنگەکەی دەست بەسەرداگرتنی کەرکووك لەلایەن میرێکی کوردەوە و کوژرانی والییەکەی کە زۆر جێگەی بایەخ و نیگەرانیی شا سولْتان بووە و دادو بێدادی لە دەست سلێمان پاشا کردووە، بەڵام دووای ٨- ١١ ساڵ و بیرچوونەوەی ڕووداوەکە ئینجا نامە بۆ کاربەدەستانی عوسمانی بنێرێت؟

جەنگی ٢٠-٣٠ ساڵەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و صەفەوی لە سەردەمی سولْتان سەلیم ١٥١٢-١٥١٩زاین و سەردەمی شا ئیسماعیلدا ١٥٠١/٩٠٧ – ٩٣٠ك /١٥٣٠زایندا ڕوویداوە و (پەیمانی ئاماسیە ٩٦٣ك/١٥٥٥ز. مۆر دەکەن)،[٣٩] بەڵام ئیسماعیل ٣٢سی و دوو ساڵ بەر لەو مێژووە مردووە!؟ کەواتە دەبێت پەیمانەکە لە نێوان ساڵانی ١٥١٢ -١٥١٩ز. سەردەمی سولْتان سەلیم (لەماوەی حەوت ساڵدا و بەش بەش و پەیمان پەیمان زۆربەی کێشەکانی نێوانیان چارەسەر کردووە کۆتایی بە جەنگی ١٥٢٣/٩٢٤ – ٩٤٢ /١٥٥٤ ز هێناوە) [٤٠] لێرەشدا ماوەی جەنگەکە بە پێی ساڵانامەی کۆچی دەکاتە بیست ساڵ، بەڵام بە ساڵنامەی عیسایی دەکاتە سی و یەك ساڵ و جیاوازییەکەش کەم نییە، یازدە ساڵ جیاوازی جێگەی گومانە، یا دەبێت جەنگەکە ١٥٠٣ -١٥٢٤ز. نۆ ساڵ بەر لە سولْتان سەلیم و چوار ساڵیش دووای فەرمانڕەوایی ئەو بووبێت. ئەوە جگە لەوەی ساڵی ٩٤٢ ك/١٥٥٤ز. شا ئیسماعیل لە ژیاندا نەبووە.

سەردەمی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە هەرچۆنێك وردی بکەینەوە دەکەوێتە نێوان ١٥٦١ـ ١٥٩٦ز. کە سۆراخی ئەوەش دەکەین سەردەمی کام سولْتانی عوسمانی بووە، دەگەینە سەردەمی سولْتان عوسمانی دووەم کە بەپێی بۆچوونی مێژوونووس عەبدولقادر ڕۆستەم بابانی ١٠١٣ – ١٠٣١ك. ژیاوە و١٠٢٧ـ١٠٣١ك. چوارساڵ فەرمانڕەوا بووە.ئەمەش هەرچەند جێگەی باوەڕنییە بەڵام بەو پێیە فەقێ ئەحمەد بەر لە١٥٦١ز. ژیاوە و سەرەتاکانی هێزو دەستەڵاتی بابان و فەرمانڕەواییان دەگەڕێتەوە ناوەڕاستی سەدەی یەکەمی کۆچ و نێوەڕاستی سەدەی شازدەی عیسایی (١٥٦١ز) ئەوەش ماوەی فەرمانڕەوایی بابان لە دووسەد ساڵە زۆر درێژتر دەکاتەوە کە مەحموود پاشا لە ١٨٢٢دا وەك ماوەی دەستەڵاتی بنەماڵەکەیی بە کلودیۆس جەیمس ریچ وتووە.

لەبارەی خانە پاشا و داگیرکردنی شاری سنە و میرنشینی ئەردەڵان والییەکانی بەغدا، حسین پاشا هەتا ١٧٠٤ز، جەدید حەسەن پاشا ١٧٠٤ – ١٧٢٣/١٧٢٤ز. لە هەمەدان مردووە و ئەحمەدی کوڕی ١٧٢٤ – ١٧٤٧ز. لە جێگەی باوکی بووەتە والی بەغدا[٤١] . بەڵام لە سەرچاوەدا دەبینین خانە پاشا ١٧٢٣ز سەردەمی ئەحمەد پاشا سنەی داگیر کردووە، بەڵام دروست ئەوەیە داگیرکردنی شاری سنە ساڵی

١٧٢٤عيسايي و لەسەردەمی جەدید حەسەن پاشادا بووە نەك ١٧٢٣عیسایی و لەسەردەمی ئەحمەد پاشادا، چونکە (هەر ئەو ساڵەش ١٧٢٤ز ئەحمەد پاشا دووای دەستبەسەراگرتنی هەمەدان و لورستان درێژە بە ئابڵووقەدانەکەی شاری هەمەدان دەدات) کە سەردەمی باوکی گەمارۆی شارەکەی دابوو.

شەرەفخانی بتلیسی دەڵێت: دووای کوژرانی بابە سلێمان (سلێمانی چوارەم)، بابان هەتا ١٥٦٩ز. میرو سەرداری نەبووە. بەپشت بەستن بەشەرەفخان ئەوە دەسەلمێنین، بابە سلێمانیش (سلێمانی چوارەم) کۆتایی سەدەی شازدە و سەرەتای حەڤدەی عیسایی١٥٩١ — ١٦١٥ دەرکەوتووە و بە بۆچوونی رەنجووری لە ١١١٠ك / ١٦٩٨زایینداو، شێخ ئەحمەد ١١١٣ك / ١٧٠١ز.، بەلاّم ستیڤن لۆنگریك دەڵێت ١١١٧ك/ ١٧٠٤ز.کوژراوە. هەموو جیاوازییەکەش تەنها شەش ساڵە و زۆر نییە، بەلاّم ئەوەتا هەمان ساڵی کوژرانەکەی ١٦٩٨ز. تەیموور بەگ ناوێك هەتا ١٧٠٣ فەرمانڕەوای بابان بووە، دووای ئەویش هەر لە ١٧٠٣ — ١٧١٥ز. بەکر بەگ فەرمانڕەوا بوو، خوا سەریلێتێکدا و بەنهێنی چوو بۆ بەغدا و سەری نەگێڕایە دوواوە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ١٧١٥ز هەتا سەردەمی سلێمانی پێنجەم و برایی دووەم ١٧٧٢ز، بابان بەدەست کێوە بووە، ئاخۆ ئەو ماوە نزیکە کە شەش ساڵە، بابان بەدەست بێگانەوە بووە (تورك، فارس) یا ئەو ماوەیە لەهەرە لاپەڕە وونەکانی مێژووی کوردە و (٥٧) ساڵی پێچاوەتەوە. سلێمانی چوارەم ئەو بۆشایی دەستەڵاتە پڕدەکاتەوە و چوارەمین ئەڵقە لە زنجیرەی بنەماڵە ـ میرەکان دەبەستێت، بەلاّم چۆن ئەوە بسەلمێنین کە رەنجووریی دەڵێت سلێمان پاشا،کوڕی بابە سلێمانە؟ بەمەزەندە مەبەستی ئەوەیە کوڕی سلێمانی پێنجەمە کە تەیموور بەگ و بەکر بەگ دەستەڵاتی لێزەوت دەکەن و هەتا ئەوان نەمردن دەستی نەگەیشتەوە دەستەلاّت و پێنج برا ناکۆك و نەیارەکە پێکەوە دێنە سەر شانۆی رووداوەکانی بابان و ناوچەکە و لەگەڵ دەوروبەرەکەشدا هەردوولایان کاریگەریی بەسەریەکترەوە جێدەهێڵن. لە چەند سەرچاوەیەکدا خالید و خانە پاشا برا و ئامۆزای ئەورەحمانن، بەبۆچوونی من هەرسێکیان بران.

ئەحمەد ١٨٣٨ز. دوای باوکی بووە بە میر. عەزیز کوڕی ئەحمەد کوڕی سلێمانی پێنجەمە و ئامۆزاو هەمانکات زاوای ئەوڕەحمان پاشا یە. ساڵی ١٨٠٦ لەشکرێکی عوسمانی دەچنە نێو خاکی ئێران، ئەورەحمان پاشای بابان شڕ و دڕیکردن و سەلیمی براشی لە شەڕەکەدا کوژرا. هەر ئەو سەلیمەش ١٧٥٧ بە پلانی شەوگەڕ لە بەغدا تیرۆرکراوە..؟! ئیتر بەم پێودانە و بە زەینی کوێرو قەڵەمی کۆڵم، گەلاّلەکارییەکم تێداکردووە و بەچەند تەنکە بەردێك گۆمەکەی بابانم شڵەقاندووە و دڵسۆزانی مێژووی کورد و لاپەڕە بزرەکانی و خوێنەری بەتووانا پەردە لەسەر لایەنە تاریك و شاردراوەکانی هەڵبدەنەوەو هەربەردێك لە رووی دڵسۆزییەوە لەو گۆمە مەنگە بهاوێژرێت، هەر بەردێکی گۆم شڵەقێن بەردێکی بنئاوکەوتوو دێنێتەوە کەنار و بەر رووناکی و تیشکی خۆر.

## مێژووی میرایەتی بابان

### بنەچە و رەچەڵەك

مێژووی بابانەکان بزر و ونە، نەنووسراوەتەوە، ئەوەی نووسراویشەتەوە شێواوو شێوێندراویشە، دوژمنانیش ئەوەندەیان لێنووسیوەتەوە کەڵك و بەرژەوەندی خۆیانی تێدابێت . بابانەکانیش چ میر و

پاشاکانیان چ خوێندەوار و قەڵەم بەدەستەکانیان، نەیانکرد مێژووەکەی خۆیان بنووسنەوە و رووناکییەك بخەنە سەر رەچەڵەکی خانەوادەکەیان و شوێنی سەرهەڵدانی و سەرەتاکانی دەستەلاتیان لە ناوچەکەدا، وەك ئەوەیان نەکرد، هەر هیچ نەبێت رووداوەکانی سەردەمی خۆیان بنووسیبایەتەوە. ماڵی ئاوەدان بێت، پیاوێکی وەك کونسوڵی بەریتانیا لە ئێران، کلۆدیۆس جەیمس ریچ تیشکێکی خستۆتە سەر چەند لایەنێکی شاردراوە و نادیاری مێژووی بابان، ئەگینا ئەوەشمان نەدەزانی، ریچ لەماوەی گەشتەکەیدا بە کوردستاندا ساڵی ١٨٢٠ هەردوو میرنشینی ئەردەلان و بابان دەگەڕێت، ئەو دەمە ئەمانوڵلا خان میری ئەردەلان و مەحموود پاشا میری بابان و داوود پاشا والی بەغدا و شازادە موحەممەدعەلی میرزاش فەرمانداری کرماشان بوون،[٤٢] ریچ لە گەشتەکەیدا چەند مانگێك لە سلێمانی ماوەتەوە، میوانی میری بابان بووە، لەگەڵ پاشاکان و دەستەلاتدارەکانی بابان و ریش سپی ودەمڕاستەکانیاندا کۆبۆتەوە،لە دەمی پیرە پیاوێکی دارەشمانەییەوە چیرۆکێك دەبیستێت، ئەوکاتە دەینووسێتەوە ودواتر لە کتێبەکەیدا (گەشتەکەی ریچ بۆ کوردستان) بلاویدەکاتەوە،[٤٣] لالۆی دارەشمانەیی رەچەڵەکی بابان دەباتەوە سەر فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە و کەیغانی هاوسەری کە ئافرەتێکی بیانی بووە و لە شەڕێکدا وەك تالانی دەستیکەوتووە ودووکوڕی لێدەبێت ناویان لێدەنێت بابە سلێمان و پیربەداخ،[٤٤] ئیتر بابانییەکان پشتاو پشت لەو هاوسەرکیرییە کەوتوونەتەوە،هەر لەم روانگەیەشەوە مەحموود پاشا بەگوێی میستەر جەیمس ریچدا دەدات کە منیش لە بنەڕەتدا ئەوروپاییم و دوور نییە بە خزمایەتیش یەکتر بگرینەوە و بۆرە خزمایەتییەکیشمان هەبێت!

چیرۆکەکە لە رووی ناوەڕۆکەوە داستانێکی ئەفسانەییە لە ژێر کاریگەری سۆزو ئەندێشەدا هەڵبەستراوە، لە چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەوە دەچێت، بەهەرحاڵ ئەویش ماڵی ئاوەدان بێت، هەرئەوەندەی (لەناوی زل و دێی وێران) میرنشینەکەی بابان هەڵکڕاندووەو هەر ئەوەیان بەدەستەوە بووە،باپیرانمان جوانیان وتووە(دیاری شوان یا شەنە یا هەڵەکۆك).

سەردەمی رووداني چیرۆکەکە سەردەمی یەکێك لە سولتانەکانی عوسمانییەکانە، لە کۆتایی سەدەی شازدەیەم و سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا فەرمانڕەوا بووە، پێدەچێت سولتان غازی سێیەم ٩٧٢ — ١٠٠٩ك/ ١٥٦٥ — ١٦٠١ز. یا سولتان ئەحمەد غازیی ٩٩٨ — ١٠٣٤ك / ١٥٩٠ — ١٦٢٥ز. بوو بێت.ئەویش وەك هەموو سولتانەکانی عوسمانی بەردەوام بانگەوازی شەڕی پیرۆزی دەکرد دژی گاورەکان (جیهاد و غەزا دژی کافران) و خەڵکی سادە و ساویلکەی نەتەوە موسوڵمانەکانی بەوە دەخەڵەتاند و راپێچی بەرەکانی شەڕی دەکردن وەك سوتەمەنییەکی نەك هەرزان، بەڵکو خۆڕایی و بێمنەت بۆ داگیرکردن و دەست بەسەراگرتنی ولاتان و نەتەوەکان و تالانکردنی خێروبێریان و بۆ هێنانەدی ئامانجە چەپەڵەکانیان دەیانکردنە قۆچی قوربانی.

فەقێ ئەحمەدیش کوردێکی موسوڵمان وخواناس و روو لە یەزدانە وسولتانی عوسمانی بە جێگری پەیامبەر دەزانێت و گوێڕایەڵی و بەجێهێنانی فەرمانەکانی سولتان دەقاودەق وەك فەرمانەکانی یەزدان و پەیامبەر تەماشا دەکات و بێ سێو دوو جێبەجێیان دەکات. بەکورتی چیرۆکەکە وەها دەست پێدەکات..

فەقێ ئەحمەد کە هەواڵی بانگەوازەکەی سوڵتانی بەرگوێ دەکەوێت، خۆی کۆدەکاتەوە و ملی ڕێگا دەگرێت و خۆی دەگەیەنێتە ئۆردوگایەکی لەشکری عوسمانییەکان و بەپەلە ڕەوانەی قۆڵێکی شەڕی دەکەن، فەقێ دارەشمانەیی بەکۆڵ و دڵ شەڕی پیرۆزی بۆ یەزدان دەکرد و گاوری دەکوشت، ئازایەتییەکی کەموێنە دەنوێنێت و لەشکری دوژمن لەو قۆڵەوە دەشکێت و (هەتا ناو ماڵەکانیان لە کۆڵیان نابنەوە) و سەرکەوتنێکی گەورە بۆ سوڵتان و موسوڵمانان تۆمار دەکات(٤٥).

فەقێ ئەحمەد لە پەنا دەستکەوت و تاڵانییەکانی سەرکەوتندا، ئافرەتێکی جوانکیلەشی دەست دەکەوێت بەنێوی کەیغان و لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێتەوە بۆ کوردستان و هەتا ماوەیەك پێکەوە بەهاوسەری ژیان بەسەردەبەن، بەڵام کێشەی نێوان بووك و خەسوو، وەك نەریتێکی چەسپاوی کوردەواری یا هەستێکی سایکۆلۆژی و دابەشبوونی خۆشەویستی کوڕ لە نێوان هاوسەر و دایکدا، هەرچەند بەڕێژەیەکی جیاوازیش بێت، بەتایبەتیش ئەگەر بووکێ پەروەردەی ئاین و کەلتوورێکی نامۆ و دوژمن بێت و دەستکەوتی جەنگیش بێت، هەستی کەیغان لە ناخەوە بریندار دەکات، ئەسپ زیندەکات و دەڵێت کە ئەحمەد گەڕایەوە نەهێڵن بەشوێنمدا بێت، ئازاری دەدەم! ئەحمەد هەر ئەوەندەی گەیشتە ماڵەوە، دەزانێت چی ڕوویداوە، بەپەلە دووای دەکەوێت، کە پێی دەگاتەوە خەیلێك تکاو داوای لێبووردنی لێدەکات و دەپاڕێتەوە و دەڵێت کەیغان مەگەر بمکوژیت ئەگینا ناهێڵم بڕۆیت، بێ تۆ هەڵناکەم، بەڵام کەڵکی نەبوو، ئەوەندەی سەرە موویەك کاریان لە دڵی ڕەنجاوی نەکرد، بڕیاری خۆیدا بوو، بۆیە ناچار دەبێت سەرە نێزەیەك لە بنباڵی بسرەوینێت و فڕێیبداتە سەر زەوی، ئەحمەد بە برینداری و دڵشکاوی دەگەڕێتەوە ماڵەوە، هەر ئەوەندەی برینەکەی سارێژ دەبێت تووێشووی ڕێگای هاتوونەهات دەپێچێتەوە، بەرەو وڵاتی فەرەنگ،(٤٦) زوو یا درەنگ دەگاتە وڵاتی کەیغان وشارەکەی دەدۆزێتەوەو لەوشارەدا دەبێتە میوانی پیرەژنێك، بەپارە و پوول دەمی پیرەژن چەور دەکات و ڕازو نیازی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێت و زۆر دەپاڕێتەوە یارمەتی بدات و هەرچۆنێك دەبێت خۆی بگەیەنێتە لای کەیغان و ئەو ئەنگوستیلە زێڕەی پێنیشانبدات کە کاتی خۆی بە دیاری پێشکەشی کردووە، جا بزانێت هەڵوێستی چیدەبێت، ئەگەر مەیلی مابوو ئەوە یەکسەر هەموو شتێکی بۆ بگێڕێتەوە و بڵێت ئەحمەد ئێستە میوانی منە. کەیغان کە لە ماڵی خەسووی دەتۆرێت و لە کوردستانەوە دەگەڕێتەوە ماڵە باوانی، بە نابەدڵی نیشانە دەکرێت بۆ ئامۆزایەکی، بەڵام وەك کەیغان دڵی بەکوڕە ئامۆزاکەیەوە نەبوو، کوڕەکەش لە ناخیدا کەیغان بەچاوێکی سووك و وەك (کۆنە چاڵ)ی دوژمنەکان سووك و بێبایەخ تەماشا دەکرد، بۆیە کەیغان کە هەواڵی هاتنی ئەحمەد لە پیرەژن دەبیستێت ئەگەشێتەوە و مەیلی نوێدەبێتەوە و بەهەوڵ و کۆششی بەردەوامی داپیرەی خانە خوێی ئەحمەد کات و شوێن ژووان دادەنێن پێکەوە بگەڕێنەوە کوردستان. لە ڕێگەی گەڕانەوەشدا دەستگیرانەکەی کەیغان بەخۆیی و چەند سوارێکەوە دووایان دەکەون، کەیغان بە ئەحمەد دەڵێت: ئەحمەد ئەم شەڕە شەڕی منە، تۆ خۆت دەرباز بکە.. کەیغان پەلاماری سوارەکان دەدات تاقیان لێناهێڵێت و پێکەوە دەگەڕێنەوە کوردستان و سێ شەوو سێ ڕۆژ لە دارەشمانە دەبێتە شایی و هەڵپەڕکێ و شادی(٤٧).

سەردەمی ڕوودانی چیرۆکەکە پێدەچێت کۆتایی سەدەی شازادەی زاین و سەرەتای سەدەی حەڤدە و نێوان

صالآنی ١٥٩١ – ١٦١٥ز بوو بێت کە دەکاتە سەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان سلێمانی عوسمانی کـە لـە ساڵی ١٥٦٦ زاینیدا مردووە و سەردەمی فەرمانڕەوایی بایەزیدی کوڕی.

دەربارەی ئافرەتەکەش، خەڵکی چ وڵاتێك بووە،ئاخۆ یۆنانی، رۆمی بیزنتە، ئەرمەنی، بلووژ یـا گـورجی بووە، ئەوە ئاشکرا نییە و بەناوەکەشـیدا دەرناکـەوێت و دوور نییـە سـەرئەنجامی دەمـاو دەم گێڕانەوەشـی گۆڕانی بەسەردا هاتبێت هەروەك چۆن ناوی میرێکی کورد، بەداخ بەگ لەسەرچاوە مێژووییەکاندا بە بۆداق بەگ تۆمارکراوە، مامۆستا تۆفیق وەهبیش لەمەڕ چیرۆکەکە بۆچوونێکی وردو بەسەلیقەی دەربڕیوە.

(کامەران بەدرخان لەسەر عەشقی فـەقێ ئەحمـەد و کـەیغان، رۆمـانی (پاشـای کوردسـتان)ی بـەکوردی نووسیوە و ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی رابردوو بە فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە)[٤٨].

دەگەڕێمەوە سەر گەشتەکەی جەیمس ریچ، دوو لێپرسراوی پایەبەرزی بـەریتانیا لـە ناوچـەکەدا سـەردانی وڵاتی بابان و شاری سلێمانییان کردووە، یەکێکیان کلۆدیۆس جەیمس ریچ ساڵی ١٨٢٠،کە مەحموود پاشا میری بابان و ئەمانۆڵڵا خان والی ئەردەڵان و سەردەمی فەرمانڕەوایی داوود پاشا بووە لە بەغدا ١٨١٦ - ١٨٣١ز شازادەی ئێران موحەممەد عەلی میرزاش فەرمانداری کرماشان بوو، ئەویدیکەشیان جەیمس بیللـی فرایزەری ئۆسـکتلەندی ١٧٨٣ – ١٨٥٦ لـە سـاڵی ١٨٣٤ دا هاتۆتـە سـلێمانی[٤٩]. ئـەو سـاڵەی ریـچ هاتۆتە سلیمانی ( شارەکە بریتیبوو لە ( ٢٠٠٠ ماڵ موسولمان، ١٣٠ ماڵ جوو، ٩ ماڵ کاتۆلیکی کلدان وکلیسەیەك، ٥ ماڵ ئەرمەنی و بەهەموویان ١٠.٠٠٠دە هەزار کەس بوون وشارەکە ٥ مزگەوتی تیدابووە . ) مینورسکی، هەمان سەرچاوە، ل ٥٩. ریچ چەند مانگێك لە سلێمانی ماوەتەوە و چەند جارێك لەگەڵ مەحموود پاشای بابان و سەردار و مەزنەکان و دەمڕاست و ریش سپییەکاندا کۆبۆتەوە، دوواندونی و گوێی لێگرتوون و لەگەڵ باری سەرنج و بۆچوونە ووردەکانی خۆیدا تۆماری کردوون.[٥٠]

ڕیچ گەرەکییەتی لە بنو بناوانی بابـان شـارەزابێت و لێبکۆڵێتـەوە و ئـەو گۆمـە مەنگـە بشـڵەقێنێت، چەندین پرسیاری گـرنگ دەوروژێنێـت و پاشـا دەجولێنێـت، بـەڵام شـتێکی ئـەوتۆی دەسـتگیرنابێت دڵـی ئاوبخواتەوە و رەنگە لە دڵی خۆیدا وتوویەتی (دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە) و بابان وەك گەواڵـە هـەورێك وەهایە بە ئاسمانی کوردەوارییەوە، کە وەك بارانێکی پێوە نەبوو،تیشکی خۆریشی لێگرتین.

مەحموود پاشا دەڵێت بنەماڵەکەمان لە چیاکانی (سـیکەنە)ی ناوچـەی پشـدەرایەتییەوە سـەریهەڵداوە و وەك من بزانم ئێمە کرمانجین و بابان نازناوی خێزانەکەمانە و لـەو کاتـەوە بـاپیرە گەورەیـەکم لـە لەشـکری عوسمانیدا بووە لە شەڕێکدا دژ بە ئێران رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت و ئازایەتییەك دەنوێنێت جێگـە دەسـتی لە بەلاداخستنی ئەنجامی جەنگەکەدا دەکەوێتە بەر گوێی سوڵتانی عوسمانی و لە پاداشتدا ئـەو ناوچـانەی بەرەو روو دەکاتەوە لە دوژمنی داگیریکردوون، هەر لەوکاتەشەوە نازناوی بابانمـان بەسـەردا دەبڕێـت، ئـیتر لـەوێوە پـەل و پۆیـان هاویشـتووە و بـەرەودووا و پشتاوپشـت دەستبەسـەر ئـەم ناوچـانەدا دەگـرن کـە بەدەستمانەوەن، لەڕووی بەڕێوەبردنیشەوە سەر بە ویلایەتی شارەزوور بووە کە پێگەی ناوەنـدی دەسـتەڵاتی شاری کەرکووك بوو[٥١].

مەحموود پاشا بەڕاشکاوی بە ریچ دەڵێت: (مێژووی بابان شیاوی نووسینەوە نییە) من جگە لە مێـژووی

پەیامبەران و پیاوچاکان و رۆژگار و گوزەرانیان بەولاوە زۆر تامەزرۆی مێژوو نیم و لە شانامە (شانامەی فیردەوسی) پتر شتێکی لێناخوێنمەوە، چونکە مێژووی بابان مێژووی بنەماڵەیەکی دەستەڵاتدار نییە، مێژووی خەڵکێکی سادەیە و بنەماڵەکەمان مێژوویەکی دووریان هەیە و شەرەفمەندن[٥٢]. پاشا لە درێژەی روونکردنەوەکانیدا بۆ ریچ دەڵێت ئێمە لە ژێر سێبەری ئەواندایین (عوسمانی و ئێرانی — تورك و فارس)، ئەم ژوورەی تێیدا دانیشتووین باوکم دروستیکردووە و پێویستی بە نۆژەنکردنەوەشە، بەڵام دەستمان تێناچێت، هەرئەوەندەدەزانیت تورك یا ئێران وێرانی دەکەنەوە[٥٣].

ئاخۆ شێخ رەزای تاڵەبانی بە چ پێودانێك وتوویەتی:

**بە بیرم دێت سلێمانی کە دارولملکی بابان بوو**

**نە مەحکومی عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو**

لە کاتێکدا مەحموود پاشا بەدەمی خۆی دەڵێت ئێمە لە ژێر سێبەری ئەواندایین! ئەو دڵنیا نەبوون و دڵەڕاوکەیەی پاشای بابان لە دوواڕۆژ رەنگە وەڵامێکی گونجاو بێت بۆ نەوەکانی دوای خۆی کە دەڵێن میرایەتی بابان جگە لە دروستکردنی شاری سلێمانی، چ شوێنەوارێکیان لە پێتەختی نوێی میرنشینەکەدا بۆ جێهێشتووین گەر بەکۆشك و تەلار و باڵەخانەی میرو سەردارو شێخەکانی عەرەبدا بەراوورد بکرێت، لەچاو ئەوانەی شێخ خەرعەلی میری حەوێزدا، بۆ نموونە، هەر کەلاوە و وێرانەیە! تۆ تەماشا کۆشك و سەرای پاشا و میری بابان تەنها ژوورێکی رەق و تەقە، خۆشیان ماندووکردووە رووی میوانداریی لێپرسراوێکی بێگانەی هەبێت! لەوەش خراپتر جەیمس بیللی فرایزەر ١٧٨٣ — ١٨٥٦ و سەرنجەکانی لە گوندە وێران و ناوچە بێئاوەدانییەکانی کوردستان کە لە ١٨٥٦ دا چاوی پێکەوتوون و دەنووسێت: وڵاتی وەها وێران و داماوو هەژارم بە بیردا نەدەهات کە هەر کووخ و کۆختەی وێران و سەرەنوێلکە.. خێزانی پاشا لە قوژبنێکدا دەژیان، پاشاش (میر) رەشماڵێکی لە دەرەوەی شار هەڵدابوو، منیش بەناچاری لە خانوویەکی سەربەتاڵدا ئەو شەوەم رۆژکردەوە و بەیانیش لای سەرۆك هۆزی ملۆ پارچەیەك نانی رەش و چۆڕێك ماستیان لە بەردەم دانایین و وتیان خۆمان و وڵاخەکانیش هەر ئەوە دەخۆین! ئەمجارەش بەرۆکی شێخ رەزا دەگرمەوە، چ شانازییەك بەوە دەکات میرە کوردێکی بابان میرە کوردێکی ئەردەڵان زەبوون دەکات؟

**کە عەبدوڵڵا پاشا والی سنەی شڕ کرد**

**رەزا ئەوکاتە شەش و حەوت تیفلی دەبیرستان بوو**

شانازییەکی میرایەتی بابان لەو چەند سەد ساڵەی دەسەڵاتیدا کە هەر وەك تۆوی دێمەکار لەو خاکە رەقەن و ناڵەبارەدا هێوای سەربەخۆیی وەشاندووە و چەکەرەی راپەڕین و شۆڕش و بەرخودانی لێ سەوزبووە، سلێمانی بۆتە سونبلی بزوتنەوەی رزگاری و شاری هەڵمەت و قوربانی و لانکەی رۆشنبیریی و هونەریی.

لە بابەت بارووداۆخی رامیاریی ـ سەربازیی کوردیش (میرایەتی بابان) لەناوچەکەدا، مەحموود پاشا بە ریچ دەڵێت: ئێمە کەوتووینەتە سەرسنووری نێوان دوو وڵاتی زلهێزی ناحەز بە ئێمە و دژ بەیەکتر،

عوسمانییەکان باج و سەرانەی ساڵانەی خۆیاندەویت، چونکە لەژێر سێبەری دەستەڵاتی ئەواندایین، ئێرانیش بێدەنگ نابێت ئەویش بەشی خۆی دەوێت، هیچکامیشیان رۆژی تەنگانە لە پەلامارو دەستدرێژی ئەویتریان نامانپارێزن مەگەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ناچاریان بکات(٥٤) .

کە ریچ پرسیارەکانی وورد تر دەکاتەوە، پاشای بابان دەڵێت: باووباپیرانم لە مێژە فەرمانڕەوای ناوچەکەن، سەد ساڵێکیش دەبێت فەرمانڕەوای دوو ناوچەمان پێبڕاوە.

وەڵامەکانی میری بابان بۆ پرسیارەکانی ریچ: زۆر جێگەی سەرنج و تێڕامانن، ئەوەتە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە میرەکانی بابان لەناوخۆیاندا بۆ ئەوەندە ناکۆکن، برا و برا، براو برازا، ئامۆزاکان پێکەوە هەڵناکەن و دەستدەخەنە خوێنی یەکتر؟ وەڵامەکەی میر ئەوەندە قووڵە، هێندەی قوڵی زام و برینەکان کە بوونەتە نەریت و سیمای هەرە دیار و بەرچاوی رووداوەکانی سەردەمی بابان و سەرتاپای مێژووەکەی، میر دەڵێت: هەتا دوو میری بابان بمێنن ئەو دەردە کوشندەیەش هەر دەمێنێت مەگەر (دەردێکی کوشندە بڵاو بێتەوە هەمووومان بکوژێت و تەنها یەکێکمان بە زیندوویی بهێڵێتەوە، دووبەرەکی و خۆخۆریمان کۆتایی بێت). تۆ تەماشا ئەو دەستنیشان کردنە، دەڵێی نەخشی سەر بەردە، دوواهەمین شەڕی دەستەڵات، سەرەتای کەوتنی بابان ساڵی ١٢٥٤ ك/ ١٨٣٨ز لە نێوان مەحموود پاشا و ئەحمەد پاشادا (ئەحمەد لە جێگەی سلێمان پاشای باوکیدا بوو بووە میر) و دوواتریش مەحموود پاشا بەهاوکاری شازادەی ئێران دژ بە عەبدوڵڵا پاشای برای ئەحمەد پاشا بە پشتیوانیی داوود پاشای والی بەغدا، نەبڕایەوە هەتا سەری هەموویانی خوارد و ساڵی ١٨٤٧ کەسێك لە نێو باباندا نەما جێگەی ئومێد بێت.

ڕیچ هەر ئەوجارە نەهاتبووە کوردستان، پێشتر چەند جارێك لە هاتووچۆکانی نێوان بەغدا و ئەستەمبوولدا بە کوردستانی باشوور و خۆرهەڵاتدا تێپەڕیبوو، بەسەلیقە و ووردبینی خۆی جگە لە زانیارییەکانی دەزگای هەواڵگری ئینگلیز زۆر شتی دەزانی، بۆیە لەپاشای ناشارێتەوە کە ئەو ناتوانێت زانیارییەکی ئەوتۆی لە بارەی مێژووی بنەماڵەکەی و میرنشینی بابان بخاتە بەردەست کە بیکاتە بناغەی نووسین و لێکۆڵینەوەکانی لەسەر میرایەتی بابان. راستە میری بابان بێئاگابووە لە مێژووی بابان، بەڵام وەك وا بووە نە راوە رێوی هێناوەتەوە و نە درۆو دەلەسە و زانیاری هەڵەی هەڵبەستووە بۆ پەردەپۆشکردن، راست و رەوان و بێ پەردە دەڵێت ئەوەندەی من بیزانم.

زۆر ئاسانە لە هەموو سەردەمەکاندا لە هەست و نەست و هەڵوێستی تورك و کورد بەرامبەر یەکتر تێبگەن، ئەوان کە چاویان لە جۆرە سەربەخۆییەکی کاتی میرەکان دەنووقاند، ناچار بوون، ئەگینا هەرگیز چاویان بەکورد هەڵنەدەهات و هەر قوربانییەکیش بۆ دابن بایەخێکی نەبووە و هەر بەچاوی گومان و دزی و تاوان تەماشایان کردووە، سوڵتان سولەیمان لە نامەیەکدا بۆ یەکەمین والی ئەنەدۆڵ، کورد بە (بەدنیهاد) نیاز پیس و ناپاك و دوژمن ناودەبات، کوردێکی سادەی بابانیش کە پریاسکەی دڵی دەکاتەوە و داخی خۆی لە تورك لای ریچ هەڵدەڕێژێت دەڵێت: کابرایەك کەس نازانێت لە کوێوە هاتووە (مەبەستی والییە تورکەکانی بەغدا و کەرکووکە) بە منداڵی لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنی مرۆڤدا وەك وولاخ و مەڕو ماڵات فرۆشراون و گەیشتوونەتە ئێرە و فەرمانڕەوایی هەموو عێراق و کوردیش دەکات، هەر کە تووڕەش

دەبێت پێماندەڵێت کوردی کەللە پووك!

کلۆدیۆس جەیمس ریچ نوێنەری کۆمپانیای هندی خۆرهەلأت بوو، کە مرد سەرهەنگ تیلەر ئـەو پۆسـتە وەردەگرێت و هەتا ١٨٤٣ لە بەغدا نیشتەجێ بـوو، دووای ئـەویش رۆلنسـن جێگەکـەی دەگرێتـەوە، ئـەو پۆسـتانە رووکـەش بـوون و لـەژێر ئـەو پەردانـەدا گەرۆکـەکان، مژدەهێنـەرەکانی ئـاینی عیسـایی، شوێنەوارناسەکان کاری گرنگتریان لە ئەستۆدا بوو بۆ خزمەتی وڵاتەکانیان، ئەنجامیاندەدا.

وشەی بابان — بەبە، وەك ناو و دواتریش وەك زاراوەیەك بەکارهاتووە بۆ فراکسیۆنی چەند تـیرەو خێلێـك و ناوچەیەکی جـوگرافیش کـە مەڵبەنـدی ژیـان و فـەرمانڕەواییان بـووە، هـەر لەسـەدەی یەکـەمی کـۆچ و سەرهەڵدانی زنجیرەی بنەماڵەی صەفەوییەکان لە ئێران، زاراوەی بابان- (بەبە)ش کەوتۆتە نێو ناوانەوە کـە دەکاتە سەردەمی فەرمانڕەوایی شـا ئیسـماعیلی صـەفەوی ٩٠٧ — ٩٣٠ ك/ ١٥٠١ — ١٥٢٣ زاینـی و سەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان سەلیمی عوسمـانی ٨١٨ — ٩٢٦ ك/ ١٥١٢ — ١٥١٩ زاینـی و جـەنگی بەنێوبانگی چالدیران کە ساڵی ٩٢٠ك/ ١٥١٤ زایینی قەوما و ناوی بابانیش لە نێوچـەکەدا بلاوبـووەوە، ئەگینا هـەتا هـوروژمی کوللـە ئاسـای ئـاق قۆینلـۆ (مـەڕداره سـپییەکان — خـاوەن مـەڕە سـپییەکان) و قەرەقۆینلۆ (مەڕداره رەشەکان) و بڵاوبوونەوەیان بەناوچەکەدا و دەستبەسەراگرتنی پانتاییەکی فـراوان کـە کوردستانیشی گرتەوە، بابـان نـە وەك خێـڵ و نـە وەك ناوچـەکانی نیشـتەجێبوونیان کـە دەکەوێتـە نێـوان هـەردوو زێـی گـەورە و بچـووکەوە و بڵاوبوونـەوەیان بـە ناوچـەکانی پشـدەرایەتی، شـاربازێر، شـارەزوور، قەرەداغ، سوورداش، ناویان نەبراوە، میر شەرەفەددین خانی بتلیسـی، یەکـەمین مێژوونووسـە نـاوی بابـان دەهێنێت و هەر لەسەردەمی شا ئیسماعیلی صەفەوی ١٥٠١ — ١٥٢٣ زاینی و سەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانییەوە ١٥١٢ — ١٥١٩ز، دەیانخوێنێتەوە خەرمانێك زانیاری لەسەر بابان و میر نشینە کوردەکان بۆ هەڵداوینەتەوە کە ئەگەر ئەو مەزنە نەبوایە ئـەو کـارە پـڕ بایەخـەی ئەنجامـدا، کورد هەزاران جار لە ئـەمڕۆ نـامۆتر دەبـوو بـەو مێـژووی زێڕینـەی، مـیر شـەرەفەددین خـان لـە تۆمـارە مێژووییە بەنرخەکەیدا (شەرەفنامە) نووسـیویەتی[٥٥] (حاکمـەکانی بابـان (مەبەسـتی میرەکانـە) لـە نێـو حاکمەکانی کوردستاندا بەوە ناوبانگیان دەرکردووە، خۆیان فرە ژمـارە و لایـەنگرو دەسـت و پێوەندیشـیان زۆرن)[٥٦]. بـەپێی ململانێـی صـەفەوی و عوسمـانی و لەشـکر کێشـییەکانیان بـۆ سـەر یـەکتری و جەنگـە درێژخایەنەکانی نێوان ئـەو دوو زلهێـزەی ناوچـەکە و بـەرپابوونی جـەنگی چارەنوسسـازی چـالدیران صـاڵی ١٥١٤ زاینی و داگیرکردنی شاری بەغدا بەسەرکردایەتی خـودی سـوڵتان سـلێمانی عوسمـانی خـۆی، ئـیتر کوردستانیش بەدرێژایی جەنگەکانی دوواتری نێوانیان لە ماوەی نێوان صـاڵانی ١٥٢٣ — ١٥٢٤، دەبێتـە مەیـدانی تـەراتێنی لەشـکرەکانی هـەردوو دەوڵـەت و هـاتن و مۆڵخـواردن و کشـانەوەیان کـە زۆربـەی شەڕەکانیش هەر لە کوردستاندا دەقەومان و وڵاتی کوردان دەبێتە پێخوست و خاکی ئـاگر و خۆڵـەمێش و بابانەکانیش پەلکێشی ئەو جەنگە خوێناوییانە و هاوکێشە جەنجاڵەکانی دەکـرد کـە بـۆ کـورد لـە هـەموو روویەکەوە نالەبار و بگرە ترسناکیش بوو، لەگێژاوی ئەو دەریایەدا، ماسی کـورد هـەر چـاوی خافڵکردایـە یەکێك لەو دوو نەهەنگەکە قوتیاندەدا. ئـەوە کرۆکـی ئـەم نووسـینە و سـەرەتاو بنـەمای مەبەسـتەکەیە،

ئەمڕۆ سەرلەنوێ ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بخوێنینەوە و پەندی لێوەربگرین، چۆن کوردستان بووبووە جێگەی سەرنج و بایەخدان و چاوتێبڕینی صەفەوییە ئێرانییەکان و تورکە عوسمانییەکان وەك فاکتەرێکی گرنگ سەنگ و سووکی تەرازووی هێز لەناوچەکەدا و پیادەکردنی پلانە ئاینی و سەربازی و رامیارییەکانیان دژ بەیەکتر و بێئەوەی بەرژەوەندییەکی بۆ کورد تێدا بێت و دوور لە خواست و ئارەزووشیان، خۆیان لە چەقی ململانێکە و ناوجەرگەی شەڕەکاندا بینی .

## نەوەی یەکەم

## یەکەمین ئەڵقەی زنجیرەی بابان

یەکەمین نەوەی دەستەڵاتدارانی بابان لە سەردەمی شا ئیسماعیلی صەفەوییەوە ١٥٠١- ١٥٢٣ز لە پیر بەداخ (پیربۆداق)ی کوڕی عەودالْ بەگەوە دەستپێدەکات کە تووانی ناوچەکانی کەرکوك هەتا شارباژێر بگرێت و پەلووپۆش دەهاوێت، ناوچەی لاجان لە زرزییەکان و ناوچەی سێوتی سۆران و ناوچەی شارباژێر لە میری ئەردەڵان و ناوچەی (سوندوس)یش لە قزلباشەکان دەستێنێت و سەرکاری تایبەتی خۆی بەسەریانەوە دادەنێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دانیشتوان و نازناوی (بەبە)شی بە خۆیدا. پیربەداخ و ڕۆستەمی برای، هەردووکیان بە وەجاخکوێری سەردەنێنەوە و ئاگردانی بابان خامۆش دەبێت[٥٨].

## نەوەی دووەم

## دووەمین ئەڵقەی زنجیرەی بابان

دووەمین نەوەی دەستەڵاتدارانی بابان لە (پیرنەزەر) ی کوڕی (بەیرام)ەوە دەستپێدەکات، ئەویش لەسەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا ناوچەی کفری لە دەست والی بەغدا دەردەهێنێت و دوای مردنیشی، دوو کوڕەکەی سلێمان و برایم و فەرمانڕەوایی بابان دەکەن [٥٩] ئەو دوو برایەش پێکەوە هەڵیان نەدەکرد، کێشەکانیان بەوە کۆتاییدێت سلێمانی یەکەم برایمی برای دەکوژێت [٦٠] ماوەی پازدە ساڵێك فەرمانڕەوایی بابان دەکات[٦١].

جەنگەکانی سی ساڵی ١٥٢٣ – ١٥٥٤ ز نێوان عوسمانی و صەفەوی، ناکۆکییەکانی نێوان کوڕانی سلێمانی یەکەم و برایمی برای دەتەقێنێتەوە و هەرلایەکیان بۆی کرابێت ئامۆزاکانی دەرپەڕاندووە، سوڵتان سلێمانی عوسمانی دوای گرتنی شاری تەورێز، ساڵی ١٥٢٤ ز لەگەڕانەوەدا بە نێو کوردستاندا بایدەداتەوە و سەرێك لە بەغدا دەدات کە لەژێر فەرمانی خۆیدا بوو، کوڕانی برایم، حاجی شێخ و میرە و میر سلێمان ئەو هەواڵە دەبیستن و بەرەو بەغدا دەکەونە ڕێ بۆ خزمەت سوڵتان، بەڵام لە ڕێگادا بەدەستی مەرگەبییەکان سەریان تێدا چوو، (وەك دەڵێن لە تۆڵەی ناموسدا بووە)، سیاسەتی دەروازەی باڵا– بابی عالیی(الباب العالی) یا سەرۆکایەتی وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی ئەوەبوو، بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆیان بەتایبەتی لە کوردستان بەرەو رووی پیاوانی بەهێزو دەستەڵاتداری هەمان ناوچە دەکردەوە کە پشتاوپشت خاوەن هێزو فەرمان بوون بەناوی سوڵتانەوە بەڕێوەیان ببەن (بەداخ – بوداق)ی دووەم،کوڕی حاجی شێخ مامە بەگ دەبێتە میر و دوواتر سوڵتان سلێمان لایدەبات و حوسەینی ئامۆزای لە جێگەیدا دادەنێت، بەداخیش بەلای خۆیەوە چاکە دەکات، هەوڵدەدات بایەزیدی کوڕی سوڵتان و براکانی

ئاشتبکاتەوە، نەیدەزانی سولتان زۆر لەوە تووڕەیە بێگانە دەست لە کاروباری ناوخۆی خێزانەکەی وەربدەن، بایەزیدیش لەبریئەوەی پاداشتی چاکەکەی بداتەوە صالی ١٥٢٤ ز سەری دەبڕێ و بۆ ئاشتکردنەوەی باوکی، کەللەسەرەکەی بەدیاری بۆ دەنێرێت![٦٢] ئامۆزا ناحەزەکانیش لەناودەچن و ئاگردانی ئەوانیش دەکوژێتەوە وماوەی سی صالێك هەر لە١٥٦١ ـ ١٥٩٦ز. بابان تووشی پشێوی و پاشاگەردانی هاتووە و ئەو بارووددۆخە هەتا دەرکەوتنی فەقێ برایم بەردەوام بووە و وەك ئەمین زەکی بەگ دەڵێت ٦٠ — ٧٠ صالێکی خایاندووە.

سەردەمی فەرمانڕەوایی سولتان سەلیمی یەکەم ١٥١٢ — ١٥١٩ زاینی و سەردەمی فەرمانڕەوایی شا ئیسماعیلی صەفەوی ١٥٠١ — ١٥٢٣ز. سەردەمێکی پڕ لە ناکۆکی و شەڕو پەلاماردانی نێوان عوسمانی وصەفەوییەکان بوو لە پێناو داگیرکردنی زۆرترین خاك و ژێر چەپۆککردنی گەلانی موسوڵمان و دیان و تالانکردنی خێرو بێری وڵاتەکانیان و راپێچکردنی رۆڵەکانیان بۆ بەرەکانی جەنگە خوێناوییە نەپساوەکان کە هەردوولای تەواو ماندووکردبوو، بۆ پشوودان و خۆکۆکردنەوە و رێکخستنەوەی هێزەکانیان و ریزکردنەوەی کارتەکانیش، ملیان بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن درێژکرد، ئەوەبوو صالی ١٥٥٥ ز ئاگربەستیان راگەیاندو رێککەوتنێك لە نێوانیاندا هاتە گۆڕێ بە پەیمانی ئاماسیە ناسرا. پەیمانی ئاماسیە هەرچەند لەناوەڕۆکدا شل پێچرابوو، ئاگری شەڕو ناکۆکی خامۆشکرد بەلام ژیلەمۆی ئەو ئاگرە هەرمابوو، بایەکی توندو لەناکاو لەهەرلایەکەوە هەڵیکردایە دەیگەشاندەوە و سەرلەنوێ کڵپەی دەسەند. ئەوەندەی پەیوەندی بەکوردیشەوە بوو، میر و سەرانی کورد لەو باوەڕەدابوون لە نێوان ئەو دوو هێزەدا شەڕ لە ئاشتی باشترە بۆ کورد، لە راستیشدا هەروابوو، بەڵام نەك هەر دەستکەوتێکی بۆ کورد تێدا نەبوو، سەنگ و قورسایی کوردیشی لای هیچکامیان سەنگینتر نەکرد بەڵکو وڵاتی ئەوەندەی دیکە کاولکرد و دانیشتوانیشی چەند بارە سەرگەردان و ماڵوێرانکرد و میر و سەرکردەکانیش هەریەکە کەوتبووە دووای بەرژەوەندی تایبەتی و لەکوێوە با بووایە لەوێوە شەنیاندەکرد، دەردە کوشندەکەی کوردیش کە یەزدان بە باڵای بڕیوە، تا دەهات کوشندەتر دەبوو، نالەباری هەڵکەوتە جیۆپۆلەتیکە نەحلەتییەکەش سەرباری هەمووی، دوژمنانی ئەو رۆژگارەی کورد، عوسمانی و ئێران یا تورك و فارس، سڵیان لە هیچ نەدەکردەوە و بە هەردوولا، پەتپەتێنیان بەکورد دەکرد و بواری ئەوەیان نەدەدا هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵبمژێت نەبادا یاخین یا یەکبگرن و بیر لە سەربەخۆیی بکەنەوە، هەروەك چۆن دوواتر عەرەبیش چووە پاڵیان قوڕەکە بۆ کورد خەستتر بووەوە، گرنگترین بڕگەکانی رێککەوتنی ئاماسیەی صالی ١٥٥٥ زاینی بریتی بوو لە دابەشکردنی ناوچە سنوورییەکانی نێوان عوسمانی و ئێران:

١-هەرێمەکانی گورجستان، ئەرمەنستان، کوردستان و بەشێك لە عەرەبستان (ناوچەی بەسراو حەوێزە دەکەونە ژێر فەرمانی عوسمانییەوە)، لەم پەیمانەدا مەبەست لە کوردستان تەنها ناوچەکانی شارباژێر و قەرەداغە کە لەژێر دەستەلاتی ئێراندا بوو، ئەگینا سەرتاپای کوردستانی خواروو لەژێر فەرمانڕەوایی والی عوسمانییدا بوو لەبەغدا.

٢- ناوچەکانی ژێر فەرمانڕەوایی میرایەتی ئەردەڵانیش، هەورامان، مەریوان، سنە، سەقز، بانە، بۆکان،

بەر ئێران دەکەوێت.

**٣-** ڕێککەوتننەکە چارەسەرێکی بۆ کێشە سنوورییەکانی دیکەی نێوان هەردوو دەوڵەت دیاریکردبوو، وەك کێشەی پەنابەران و هەڵاتووەکان کە مەبەستی بەرودووای کورد و ئەمبەر و ئەوبەر کردنیان بوو.

دەتوانین بڵێین بە پێی پەیمانەکە، کوردستانی باکوور و خۆرهەڵاتی دوو کەرت کرد، هەردوو میرایەتییەکەی کوردستانی باشوور، میرایەتی بابان و میرایەتی سۆران کەوتنە بندەستی تورکە عوسمانییەکان،میرایەتی ئەردەڵانیش لە خۆرهەڵاتی کوردستان کەوتە بندەستی صەفەوییە فارسەکان و پەیمانەکەش هەرچەند وەك پەیمانی ئاشتی و دۆستایەتی نێوانیان هاتە گرێدان، کەل و کونی زۆر تێدابوو، کۆنترۆڵکردنی سنوورە دوور و درێژەکانی عێراقی عەرەب و عێراقی عەجەمی نێوانیان کارێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەتیش کە هەردوو گەلی عەرەب و کورد لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکەدا (عێراق) هەستیان دەکرد ژێر چەپۆکن و تورك و فارس دەیانچەوسێننەوە و مافەکانیان پێشێلدەکەن و سووك و بێبایەخیش تێیاندەڕوانن[٦٣]، بۆیە هەمیشە لە هەل دەگەڕان و هەوڵیاندەدا ئەوەندەی بۆیان بلوێت کەڵکێك لەو بارودۆخە شپرزە و ناسەقامگیرەی نێوانیان وەربگرن و ئەوەندەی بۆیان دەکرا بەتایبەتیش عەرەب خۆیان کۆکردەوە و بەناچاریش بە پێی بەرژەوەندی کاتی، بەتایبەتیش کورد لە نێوان ئەو دوو داگیرکارە زەبەلاحەدا سەنگەریان دەگواستەوە و ئەمبەر و ئەوبەریان دەکرد و پەیمانی ئاماسیە، بە پەنابەر و هەڵاتووەکان ناوی بردبوون.

عوسمانییەکان و ئێرانییەکان (تورك و فارس) هەرچەند لە ڕووی نەژاد و ئاینزا و ڕژێمی فەرمانڕەواییشەوە لەیەکتر دووربوون، بەڵام نەتەوەکانی ژێردەستیان بەگشتی بیریان لەو جیاوازیانە نەدەکردەوە و بەتایبەتیش عەرەبی ئەو سەردەمە و کوردیش هەتا ئەمڕۆی لەگەڵدا بێت، ڕۆژێك لە ڕۆژان بیریان بەلای جیاوازی یا ناحەزی نێوان شیعە و سوننەدا نەچووە کە داگیرکەرەکانیان ئاگری شەڕی نێوان موسوڵمانانیان پێخۆش دەکرد.

وەك شەرەفخانی بتلیسی دەڵێت: بابان هەتا ساڵی ١٥٦٩ز. میر و سەرداری نەبووە، (دیارە مەبەستی دەستەڵاتی ناوەندی بابان یا نیمچە ناوەندی بووە) هەرچەند چوار هەزار سواری جەنگاوەریان هەبووە، ملکەچی هیچ لایەکیش نەبوون (مەبەستی تورك و فارسە)، هەرسەردارو دەستەڵاتدارێکیش بە پێی هێزو توانایەکی جەنگی کە هەیبوو،دەستی بەسەر ناوچەیەکدا گرتبوو ساڵانەش بە هەموویان چوار خەروار زێڕیان کۆدەکردەوە و دەیانناردبۆ خەزێنەی سوڵتانی عوسمانی لە شارەزوور (کە بنکەی بەڕێوەبەرایەتییەکەی کەرکووك بوو)، ئیتر لەوە بترازێت فەرمانبەرایەتی دارایی عوسمانی و سەرکارەکانیان ئەرکێکی دیکەیان نەدەخستە سەریان و لە ڕووی دارایی و پیتاکەوە زۆریان لێنەدەکردن، لێرەدا پێویستە بپرسین ئاخۆ ئەو نهێنییە چی بوو، ئەو هەموو میرو پاشایە، سەردار و سەرۆك هۆزە، فرە کوێخایە، ئاوها بێ قرەو برە پێکەوە بیگوزەرێنن؟ ئەگەر بهاتایە و هەر میرو سەردارێك پەی بەو نهێنییە (ڕاستییە) بردایە و ئەوەندەی بەرەکەی لاقی درێژبکردایە و بە بەشی خۆی دابکەوتایە، بێگومان ڕووداوەکان ئاراستەیەکی دیکەیان وەردەگرت و دووای ئەو هەموو وێرانی و سەرگەردانی و قوربانیدان و خوێن و فرمێسکە، هەر هیچ نەبێت مایەپووچ نەدەبوون. بەڵام مێژوو بەرەو دووا ناگەڕێتەوە و تەنها بۆ فێربوون و

پەند لێوەرگرتنە بۆ کەسێك، گرووپێك، گەلێك، مرۆڤایەتی کە دەیەوێت پەند و ئامۆژگاری لە رابردوو وەربگرێت، بەڵام بەداخەوە سەرکردەکانی ئەو سەردەمەی کورد نە خۆیان و نە نەوەکانی دووای خۆشیان بەلای کەمەوە هەتا سەرەتای سەدەی بیست و یەك ئەوەندەی نانێك چەوربکات پەند و ئامۆژگارییان لێوەرنەگرت و هەموو جارێك دەهاتنەوە سەرباری بەرەکۆن، ئەوەتا بەدرێژایی مێژووی عوسمانی و دوواتریش دەوڵەتەکانی ئێرانی نوێ، تورکیای مستەفا کەمال و عێراقی فەیصەڵ لەگەڵ ئەو هەموو کێشە و دوژمنایەتییەی لە نێوانیاندا بوو نەك لە روویەکەوە لە چەندین رووەوە و تەنانەت خواوەندیشیان یەك نەبوو، هێما و سونبولە ئایینیە پیرۆزەکانیشیان جیاواز بوون، ئێرانی شاهنشایی شیعە مەزەب و عەلی ئیلاهی، عێراقی پاشایەتی سوننە مەزەب و هاشمی، تورکیای عەلمانی ناحەز بە ئیسلام و هەردوو ئاینزا سەرەکییەکەی لە سەر هیچ کارێك پێکنەدەهاتن، بەڵام بۆ لێدانی کورد و سەرکوێرکردنی هەمیشە یەك دڵ و یەك دەست و یەك باوەڕ بوون ناوی خۆی لە بیربەنەوە و زمان و مێژوو کولتووری رەسەنی بسڕنەوە و بەبیانووی پاراستنی سەروەریی و یەکپارچەیی (وڵاتەکانیان) درێژە بە داگیرکردن و داگیرکردنی کوردستان بدەن لەناو خۆیاندا، هەر لە پەیمانی ئاماسیەوە بیگرە هەتا پەیمانی زەهاوو ئەمجا پەیمانی ساڵی (١٩٣٩)ی زایینی نێوان ئێران و دەوڵەتی عێراقی نوێ و پەیمانی سەعدئاباد و پەیمانی بەغدا و پەیمانی رەشی جەزائیری ١٩٧٥ ی زایینی نێوان شای ئێران و صەدام حسەین.

سوڵتان مورادی چوارەم زۆر لەوە نیگەران بوو شاری بەغدای دارولسەلام بەو هەموو شوێنە پیرۆزانەی نزیکییەوە لە ژێر سایەی ئێراندا بێت، ساڵی ١٦٣٨ز پەلاماری دەدات و لەژێر دەستی ئێرانییەکانی دەردەهێنێت، بەڵام هەردوولایان ئەوەندە شەکەت و ماندوو بوون، نە سوڵتان موراد و نە شا سوڵتان حوسەین نەیانتوانی کێشەکانی نێوانیان لە رێگەی جەنگەوە بەلایەکدا بخەن، پەیمانی ئاماسیییەش پووچەڵ بووبووە و ناوەڕۆکێکی زیندوو و بەکاری تێدا نەمابوو، ٨٤ ساڵی تێپەڕاندبوو، دووای مردنی سوڵتان سلێمان لە ١٥٦٦ زایینیدا و مردنی شا تەهماسەب (تەهمان سپی) لە ١٥٧٦ زایینیدا ئیتر هیچ لایەکیان پەیڕەوی بەندەکانی ئەو پەیمانەیان نەدەکرد، گۆڕانکارییە نوێیەکانییش لە ساڵی ١٦٣٩ زایینیدا مۆرکردنی پەیمانێکی ئاشتی و دۆستایەتی نوێی بەسەردا سەپاندن کە بەپەیمانی زەهاو (زوهاب) دەناسرێت.

ساڵانی نێوان ١٦٨٧ — ١٦٩٠ ز، پەتایەکی کوشندە لە هندستانەوە بڵاوبووەوە و شارەکانی بەغدا و بەسرە و هەرێمی بابانیش دەگرێتەوە و بەوهۆیەوە دانیشتوان تەنانەت نەیاندەزانی ئەو دەردە ترسناکە ناویشی چییە، بە ئاوی زەرد یا دەردە زەردە زەردەکە ناویاندەبرد، چونکە هەر کەسێك بیگرتایە ئاوێکی زەرد (زەرداوێك)ی دەهێنایەوە و دەیکوشت، ئەم دەردە زەردە گرانیی و برسێتیی و قاتوقڕیشیی بەدوای خۆیدا هێنا و دانیشتوانی پەریشانکرد و شیرازەی بەڕێوەبردنی وڵاتیش تێکچوو، فەرمانڕەوایانی عوسمانیش لە عێراق ئاوڕێکیان لەو خەڵکە داماوە نەدایەوە و دەردەکەش هەتا دەهات کوشندەتر دەبوو، رۆژانە گیانی هەزارەها مرۆڤی درەوێنەدەکرد، خەڵك فریای ناشتنی هەموو قوربانییەکان نەدەکەوتن، زۆرکەس بەدەم دەردوو برسێتییەوە لە ماڵەوە دانیشتبوو، کفنی بۆ خۆی درووبوو چاوەڕوانی مەرگی دەکرد، لەو لێقەومانە گەورەیەشدا دانیشتوان بایەخیان بەکفنکردن دەدا. ئەوانەی توانای کڕینی (خام)یان هەبوو کفنی خۆیان ئامادە کردبوو، پەرۆشی ئەوەبوو بێ کفن نەنێژرێت، هەرکەسێکیش مەردایەتی بجوڵایە و بەشی کفنێك

(خام) یا (جاو)ی بۆ مردوویەکی بێ پارە و بێکەس بکڕیایە بەحەجێك دەچوو، برسێتی پالی بە زۆر کەسەوە دەنا گیانلەبەرە مالییەکانی وەك سەگ و پشیلە بخۆن، سەگ و پشیلەکانیش لاشەی مردووەکانیان دەپچڕی لە کۆلان و شەقامەکان بێکەس کەوتبوون، بەلگەی باوەڕپێکراو هەیە ژن و مێردێك لەبەردەم دادگای عوسمانیدا لە بەغدا، دان بەوەدا دەنێن چەندین مندالیان سەربڕیوە و گۆشتەکەیان خواردووە، کە دادوەر دەپرسێت چەند مندالتان بەو جۆرە خواردووە، ژنەکە دەلێت: نازانم، زۆر!! برسێتی خەلکێکی زۆری کوردستانی بابان ناچار دەکات دوور یا نزیك رووبکەنە دەرەوەی بابان، هەندێکیان دەگەنە بەغدا، ویستی ژیان و مانەوە هانیان دەدات پەلاماربدەن و کولێرە بفڕێنن، بۆ پاساودانی ئەو کارەش هەربەزمانی کوردی وتوویانە برسیمە، بەومانایەی لێممەگرن رووی رۆژگار رەش بێت، برسێتی دانی هاری بەدەمەوەیە و وەك دکتۆر علی وەردی دەلێت: عەرەبەکان ئەو وشە کوردییە (برسیمە) دەکەن بە هێما بۆ ئەو سەردەمە و وەك مێژوویەك دەلێن صالی برسیمە فلان شت روویدا. کاریگەری ئەو سێ سالەی پەتا زەردەکە و گرانی و برسێتی کە قوربانی زۆری لێکەوتەوە بەچەند شێوەیەك لە نێو دانیشتواندا خۆی دەنواند:

١- والی بەغداوکاربەدەستان و بالوێزەکانی ولاتانی دەرەوە لەبەغدا، هەرزوو شارەکە چۆل دەکەن و بە خاو و خێزانەوە لە شار دووردەکەونەوە و خۆیان رزگار دەکەن.

٢- مرۆڤی بەهێزو بە هەلپە راوو روتی دەکرد و پارووی لەدەم دەرفاند.

٣- رەش و روت و بێ پشتوپەناو بێهێزەکەش ئەوەی هێشتا زیندووبوو، دەستبەستراو چاوەڕوانی مردنی دەکرد.

کاربەدەستانی عوسمانی بەتایبەتیش والی بەغدا زۆر بێخەم و بێباك بوون، هیچ هەنگاوێکیان بۆ رێگەگرتن لە پەتاکە و فریاکەوتنی دانیشتوانی نەهاویشت، هەرچەند پێشتر بنکەی تەندروستی سەربە بالوێزخانەکانی بەریتانیا و فەرەنسا ئاگاداری لێپرسراوانی عوسمانیان کردبوو پەتایەك بەڕێوەیە، رێوشوێنی خۆپاراستن بگرنە بەر، بەلام تورکی عوسمانی کە هەمیشە خوێنی بێگانەیان وەك خوێنی چۆلەکە تەماشاکردووە، بایەخ بەو ئاگادارکردنەوەیە نادەن و کە کارەساتەکەش دەقەومێت تەنها بالوێزی فەرەنسا (ئەویش لە دژی بالوێزی بەریتانیا) لەگەل رەش و روتەکە دەمێنێتەوە و هەلوێستێکی رامیاری دژی بەریتانیا لە جێگەی خۆیدا تۆمارکردو کارتی سووری بەڕوودا بەرزکردنەوە.

سولتانی عوسمانی و دارودەستەکەی بەجۆرێك گەلانی ژێردەستیان تۆقاندبوو، لە هیچ لایەکەوە دەنگی بێزاری، رەخنە، گلەیی بەرامبەر هەلوێستی نامەردانەی والی نەبیسترا هەتا راپەڕینی خێلە عەرەبەکانی ناوچەی بەسرا، بەسەرکردایەتی هۆزی مونتەفیك و راپەڕینی کوردستان بەسەرکردایەتی بابە سلێمانی بابان.

## تەوەری سێیەم

## سێیەمین ئەلقەی میرەکانی بابان

دووابەدووای کوژرانی سێ کوڕەکەی میر برایم، حاجی شێخ، میرە، میر سلێمان صالی ١٥٢٤ز. بەدەستی مەرگەییەکان، بەداخ – بۆداق ی دووەم لە جێگای حاجی شێخی باوکیدا دەبێتە میر و ئەوەبوو

بایەزید بۆ دڵنەواییکردنی باوکی لە ساڵی ١٥٢٤ز. دەیکوژێت و کەللەسەرەکەی بە دیاری دەنێرێت بۆ باوکی و ئیتر بابان٣٠سی ساڵێك و هەتا سەرەتای سەدەی حەڤدەی زایینی (١٦١٥ز.) میر و سەرداری نەبووە، ئەمین زەگی بەگ دەڵێت: بە پێی چیرۆکی دەماودەمی نێو پشدەرییەکان میرەبەگ و کاکە شێخ کوڕانی بۆداق بەگ فەرمانڕەوای پشدەر و مەرگە بوون. میرە بەگ، کاکە شێخی برای دەکوژێت و خێزانەکەی پەنادەبەنە بەر گوندی خدران لە دەڤەری رانیە، فەقێ ئەحمەد لە خدران گەورە دەبێت و دواتر تۆڵەی باوکی لە مامی وەردەگرێتەوە و موڵك و ماڵی زەوتکراوی لێدەسێنێتەوە و دووابنەماڵەی بابان دادەمەزرێنێت، زەکی بەگ لەوباوەڕەشدایە فەقێ ئەحمەد باوکی سلێمان یا باپیری بێت.

یەکەمین چارەکی سەدەی حەڤدە لە نێو بابانەکاندا و لە گوندی دارەشمانەی ناوچەی پشدەر و لە تیرەی نوورەددین مەزنێکی بابان هەڵدەکەوێت بەفەقێ ئەحمەدی دارەشمانە ناوبانگ دەردەکات، فەقێ ئەحمەد ئەڵقەیەکی نوێ لە زنجیرەی میرەکانی بابان دەبەستێت و سەرلەنوێ رەنگی دەستەڵات و فەرمانڕەوایی بابان دەرێژێت و بەدوای خۆشیدا بابە سلێمانی کوڕی لە دوواچارەکی سەدەی حەڤدەدا(دەورووبەری ١٦٨٥ز.) دەبێتە میری بابان و درێژە بەزنجیرەکە دەدات و دەستەڵاتی خۆی جێگیر دەکات، لەشکرێکی تا رادەیەك رێك و پێك و پڕ چەك دادەمەزرێنێت، گوندی دارەشمانەش دەکاتە بنکە و پێگەی فەرمانڕەوایی و دواتریش لە ١٠٨٠ك/١٦٦٩ز.دەگوێزێتەوە قەڵاچوالان و دەیکاتە بنکەی فەرمانڕەوایی (پێتەختی بابان). ماوەی نێوان دەرکەوتنی فەقێ ئەحمەد و بابە سلێمانی کوڕی یا کوڕەزای ٧٣ ساڵە، جا لێرەدا چەندوچوونێك هەیە، ئەگەر بابە سلێمان ماوەی نێوان ١٦٨٥—١٦٨٧ هاتبێتە سەر کار کە سەردەمی فەرمانڕەوایی حەسەن پاشا، والی بەغدا بووە و هەتا ١٧٠٤ لە پۆستەکەدا ماوەتەوە، ئاشکرای دەکات ئەگەر بابە سلێمان لە ١٧٠١دا کوژراوە ئەوە سەردەمی حەسەن پاشایە و ئەگەر لە ١٧٠٤ یشدا کوژراوە ئەوە سەردەمی جەدید حەسەن پاشایە، بەوپێیەی والی ١٦٩٨ تەیموور دادەنێت بە میری بابان دەبێت سلێمان بەبەش ١٦٩٨ / ١٦٩٩ بووبێتە میری بابان. بەپێی بۆچوونی مامۆستا جەمال بابانیش دەبێت ١١١٥ ك/ ١٧٠٢ز. کۆچیی دوایی کردبێت.

## میرو پاشاکانی بابان و ماوەی فەرمانڕەواییان ـ ٢

بەمەبەستی ئاسانکردنی چەند و چوونی ئەو ساڵانەی پەیوەندییان بەژیان و فەرمانڕەوایی و کۆچی دوایی میرەکانەوە هەیە لیستێك دەگرم وەك لە کتێبی (سير الاكراد) دا نووسراوە.

| میر و پاشاکانی بابان | ماوەی فەرمانڕەوایی |
|---|---|
| سلێمان بەبەی کوڕی مەلا ئەحمەد | ٩٩٥ — ٩٩٧ك/ ١٥٨٧ — ١٥٨٩ز. |
| فەرهاد بەگی کوڕی سلێمان بەبە | ٩٩٧ — ١٠١٧ك/ ١٥٨٩ — ١٦٠٩ ز. |
| سلێمان پاشای کوڕی بەکر بەگ | ١٠١٧ — ١٠٢٩ ك/ ١٦٠٩ — ١٦٢١ز. |
| مەحموود پاشای کوڕی سلێمان پاشا | ١٠٢٩ — ١٠٣٧ ك/ ١٦٢١ — ١٦٢٨ ز. |
| خالید پاشای کوڕی مەحموود پاشا | ١٠٣٧ — ١٠٤٧ ك/ ١٦٢٨ — ١٦٣٨ ز. |

| | |
|---|---|
| موحەممەد پاشای کوڕی خالید پاشا | ١٠٤٧ – ١٠٦٧ ك/ ١٦٣٨ – ١٦٥٧ز. |
| ئەحمەد پاشای برای موحەممەد پاشا | ١٠٦٧ – ١٠٦٩ ك/ ١٦٥٧ – ١٦٥٩ ز. |
| سلێمان پاشای برازای ئەحمەد پاشا | ١٠٦٩ – ١٠٧٣ ك/ ١٦٥٩ – ١٦٦٣ ز. |
| سەلیم پاشای کوڕی سلێمان پاشا | ١٠٧٣ – ١٠٩٤ ك/ ١٦٦٣ – ١٦٨٣ ز. |
| موحەمەد پاشای ناسراو بە خان زێڕین | ١٠٩٤ – ١١١٣ ك/ ١٦٨٣ – ١٧٠٢ ز. |
| مەحموود پاشا | ١١١٣ – ١١١٧ك/ ١٧٠٢ – ١٧٠٦ ز . |
| خانە پاشا لە بابان و ئەردەڵان | ١١١٧ – ١١٢٢ك/ ١٧٠٦ – ١٧١١ز. |
| عەلیخانی کوڕی خانە پاشا | ١١٢٢ – ١١٣٤ ك/ ١٧١١ – ١٧٢٢ز. |
| موحەممەد پاشای برای عەلیخان | ١١٣٤ – ١١٤٤ ك/ ١٧٢٢ – ١٧٣٢ز. |
| مەحموود پاشای برازای موحەممەد پاشا | ١١٤٤ – ١١٥٦ك / ١٧٣٢ – ١٧٤٤ز. |
| حکومەتی برایم پاشا | ماوەی فەرمانڕەوایی و دەستەڵاتی نادیارە! |
| سلێمان پاشای کوڕی برایم پاشا | ؟ - ١١٩٦ك / ؟ ـ ١٧٨٢ز. |
| وەسمان پاشای کوڕی موحەمەد پاشا | ١١٩٦ – ١٢٠٠ ك/ ١٧٨٢ – ١٧٨٦ ز. |
| ئەوڕەحمان پاشای برای وەسمان پاشا | ١٢٠٠ – ١٢٠٧ ك / ١٧٨٦ – ١٧٩٣ ز. |
| مەحموود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا | ١٢٠٧ - ١٢٣١ ك/ ١٧٩٣ – ١٨١٦ز. |
| سلێمان پاشای برا بچووکی مەحموود پاشا | ١٢٣١ – ١٢٥٠ ك/ ١٨١٦ – ١٨٣٥ ز. |
| ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا | ١٢٥٠ – ١٢٥٢ ك / ١٨٣٥ – ١٨٣٧ ز. |
| گەڕانەوەی مەحموود پاشا لە ئەستەمبووڵ | ١٢٥٢ – ١٢٥٦ ك / ١٨٣٧ – ١٨٤١ز. |
| ئەحمەد پاشای دووەم | ١٢٥٦ – ١٢٦٧ ك / ١٨٤١ – ١٨٤٢ز. |
| عەبدوڵلا پاشای برای ئەحمەد پاشا | ١٢٥٧ – ١٢٦٠ ك/ ١٨٤٢- ١٨٤٥ ز. |

تێکچوونی میرنشینی بابان بە فەرمانی سوڵتان عەبدولمەجید لە ١٢٦٥ – ١٢٨٨ ك/ ١٨٥٠ – ١٨٧٢ز. (صالّی نووسینەوەی کتێبەکە – سەرچاوەکە) کاربەدەستانی عوسمانی فەرمانڕەوای وڵاتی بابانن و هەر صالّ یەکێك دەنێرن) [٦٤] .

## مەستورەی کوردستانی

مێژوونووسی کورد، ماه شەرەفخانی ئەردەڵانی یا مەستوورەی کوردستانی ١٢٢٩ – ١٢٦٤کۆچی/هەتاوی لە کتێبەکەیدا (تأریخ أردلان) کە ١٨٤٧ز. بە زمانی فارسی نووسیویەتی لەبارەی بابە سلێمانەوە دەڵێت: سلێمان لەشکرێکی پێکەوەنا، لە ژمارەی ئەستێران پتر، ئەوەندە بەهێز بوو لە هەردوو دەوڵەتی رۆم و عەجەمدا تالآن و راوڕوتی دەکرد[٦٥] . بانگی سەربەخۆیی و یاخیبوونیشی دەدا بەگوێی دانیشتوانی هەردوو وڵاتدا و رووبەڕووی والی بەغداش دەوەستا، بەڵام سەرنەکەوت و روویکردە سنوورەکانی میرایەتیی ئەردەڵان و دەرگای سەربزێوی و یاخیبوون وخراپەکاریی (فیتنە و فەساد)ی کردەوە و هەورامان ومەریوان و سنە وسەقز داگیردەکات و هەردوو سەرداری سنە و سەقزیش دەکوژێت[٦٦] .

مەستوورەی كوردستانی كوردزمان وكوردێكی رەسەن و هۆنەرێكی ئەویندار و ناسك بوو، بەهەرهۆیەكەوە بوو بێت مێژووەكەی بەفارسی نووسیوە، بەڵام هۆنراوەی ویژدانیی و ئەڤینداریشی بە كوردی هەن وەك لە هۆنراوەیەكیدا وتوویەتی:

**گرفتارم بەنازی چاوەكانی مەستی فەتتانت — بریندارم بە غەمزەی هەردوو چاوو تیری موژگانت**

**بە تاڵی پەرچەمی ئەگریجەكانت غارەتت كردم — دڵێكم بوو ئەویشت خستە ناو چاهی زەنەخدانت**

**منیش هاتم بفەرموو بمكوژن بمكەن بە قوربانت — بەشەرتێ كفنەكەم بدروی بەتای زوڵفی پەریشانت** [٦٧]

**لە كوشتن گەردنت ئازاد دەكەم گەر بێتە سەر قەبرم — كێ هەیە وەك من لە ئەم دونیایە سوتابی لە هیجرانت**

**رەقیب رووڕەش بێ چوون ناڵێ بگا دەستم بەدامانت — فیدای شەوق و وەفاكەت چی بەسەرهات مەیلی جارانت**

**ئەتۆ ئەمڕۆ لە موڵكی دڵبەری دا نادیرەی دەهری**[٦٨] **— بەرەسمی بەندەگیی ( مەستوورە ) واهاتۆتە دیوانت**[٦٩]

سەردەمی میرایەتی بابەسلێمانی بابان هەمان سەردەمی حەسەن پاشای والی عوسمانییە لە بەغدا، سیمای هەرە بەرچاوی ئەو ساڵانەش ١٦٨٥ – ١٦٩٢ پشێوی و نائارامیی و دەستەپاچەیی دەزگاكانی بەڕێوەبردنی وڵات و گەندەڵیی و مشەخۆریی والییەكانی عێراق بوو كە لەتاو گیرفان پڕكردن و رابواردن نەدەپەرژانە سەر ئەوەی ئاوڕێك لە دانیشتوان بدەنەوە وكەم تا زۆر هەوڵێك بدەن ژیان و گوزەرانی مەمرەو مەژییان چاكبكەن و چاودێرییەكی فەرمانبەرە چاوبرسییەكان بكەن و كاروباری وڵات رێكبخەن. شیرازە تەواو تێكچوو بوو، پەت پچڕاو هەر والییەك دەهات هەر ئەوەندە فریادەكەوت لرفێك لێبدات، ئیتر لێدەخرا و والییەكی نوێ دەهات لەو گەندەڵتر وكورد وتەنی (هەزار رەحمەت لە كفن دزی پێشوو)[٧٠].
والییش ئەركی گران بوو، هەرئەوەندە پێڕادەگەیشت، یەكەمین ئەركی سەر شانی ئەوەبوو بەردەوام خەزێنەی سوڵتان پڕبكات و بەهەر شێوەیەك دەیكات گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە لە والییەكانی پێشتر زۆرتر بنێرێت و بەزوترین كات خۆیشی دەوڵەمەند بكات بەرلەوەی كتوپڕ لەسەر كار لابرێت[٧١]. ناوچەی بەسرا و دەرورووبەریشی لەبەغدا باشتر نەبوو، لەوێش دانیشتوان پەرێشان بوون، بەدەست هەزار دەردەوە دەیاننااڵاند، عەرەبە خێڵەكییەكانیش رێگاكانی كاروان و هاتووچۆی نێوان شارەكانیان بڕی، تاڵان و رااووڕوتیان دەكرد و مرخیان لە دەستبەسەراگرتنی بەسراش خۆشكردبوو، ئەو خێڵانە، بە رابەری شێخەكانیان و سەركردایەتی شێخی مونتەفیك رادەپەڕن و ساڵی ١٦٩٠ پەلاماری بەسرا دەدەن و والیش لە شەڕەكەدا دەكوژرێت و دەستبەسەر شاردا دەگرن، بابە سلێمانیش لە بابانەوە بەهەلی دەزانێت لوتی حەسەن پاشای والی بەغدا بشكێنێت وچارەسەرێكیش بۆ برسێتی و قاتوو قڕیی وگرانییەكە بدۆزێتەوە، ئەوەبوو میر بڕیاری پەلاماردانی شاری كەركوك دەدات، پێگە و بنكەی فەرمانڕەوایی ویلایەتی شارەزوور و دەست بەسەرداگرتنی سەرا و قشڵە و بارەگاكانی دەوڵەتی عوسمانی كە پڕ بوون لە خواردن و ئازووقەی كەڵەكە كراوو دانەوێڵەی زۆر و زەبەندەی لە جوتیاران زەوتكراو، سەرەڕای چەك و تەقەمەنیی و پێداویستییەكانی شەڕ. ئەم هێرشەش هەردوو ئامانجەكەی میری بابانی دەهێنایە دی. لەشكری بابان بە سەركردایەتی بابە سلێمان ساڵی ١٦٨٩ هێرش دەكەنە سەر كەركوك و كۆنترۆڵی شارەكە دەكەن و ئەمبارەكانی چەك و تەقەمەنیی و ئازووقە چۆڵدەكەن و دەیگوێزنەوە بابان، دلاوەر پاشای موتەصەریفی كەركووكیش لە شەڕەكەدا دەكوژرێت[٧٢].ئەم سەركەوتنە چاوەڕوان نەكراوەی بابان، والی بەغدای زۆر

نیگەرانکرد، نامەیەکی توندوتیژ و پڕ لە هەڕەشە و گوڕەشە و چاوترساندن بۆ میر سلێمان دەنێرێت ئەمە پوختەکەیەتی[٧٣].

ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان بەیەزدان هێناوە،گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی یەزدان و پەیامبەر و گەورەکانتان بکەن، هۆش بهێننەوە کەڵلەتان و پەشیمان ببنەوە لەوەی کردوتانە و داوای لێبوردن بکەن با نەچنە ریزی لە ریێ لادەرانەوە، ملکەچی فەرمانەکانی یەزدان و پەیامبەر و گەورەکانتان بن، ئەوکارەتان بۆ کرد؟ ئەگەر بێت و دەم و دەست ناوچەکە چۆڵنەکەن دەبنە پەندی رۆژگار بۆ هەرکەسێك سەربزێوی بکات، تا دەنگوباسەکەش نەگەیشتۆتە سەرەوە، وەرنە ریزی موسوڵمانان، ئەگەر هۆشێکتان لە سەردا مابێت بەگوێم دەکەن، با نەکەونە بەر رق و کینەمان، ئێوە بەرگەی لەشکری ئێمە ناگرن، پەیمانیشتان پێدەدەم هەوڵبدەم بکەونە بەر بەزەیی و چاوپۆشیی سەرەوە. ئەگینا واوەیلا بەحاڵتان، (وأن كل مغرور مغلوب و السلام) هەرکەسیش لە خۆی بایببێت ژێر دەکەوێت و بە دوعا.[٧٤]

ئینسکۆپیدیای عوسمانی (قاموس الاعلام التركی) کە هەموو زانیارییەکانی ئەو سەردەمەی کۆکردۆتەوە، نووسیویەتی: کەرکووك دەکەوێتە کوردستانەوە، ١٦٠کم. بەلای باشووری خۆرهەڵاتی موسڵدا، ٣/٤ی دانیشتوانی کوردن.[٧٥] بەپێی سەرژمێرەکەی عێراقیش لە ١٩٥٧ دا: ١٩٨.٠٠٠ کورد، ١٠٩.٠٠٠ عەرەب، ١٠٩٠٠٠ تورکمان و ١٦٠٠٠ هەزار ئاشووری لە شاری کەرکووك و گوندەکانیدا نیشتەجێن. .. ئەم زانیارییە بە نرخ و دەگمەنە،بەتایبەتیش کە تورك نووسیویەتی، نەك هەر ئەوە دەسەلمێنێت کەرکووك شاری کوردانە بەڵکو دەوروپشتەکەشی، چونکە هەموو شارێك لەسەر بنەمای دەوروپشتەکەی دروست دەبێت و ئاوەدان دەبێتەوە و لە دەرەوە خەڵك رووی تێدەکەن و خانووبەرەی تێدا دروستدەکەن و نیشتەجێدەبن، ئەوەش هیچ گومانێك لەوەدا ناهێڵێتەوە کە گوندەکانی کەرکووکیش بەلای کەمەوە ٣/٤ یان هەر کوردبوون، چارەکەکەی دیکەش تورکمان، عەرەب، دیان، جوولەکە بوون، پێویستە ئەوەش بڵێین شاری کەرکووك کلدانەکان دروستیانکردووە و گەڕەکی عەرەفە کۆنترین ئاوەدانیی شارەکەیە، ئەسکەندەری مەکەدۆنیش کە پەلاماری بابل دەدات و بەکوردستاندا دەپەڕێتەوە بۆ ئێران و ساڵی ٣٣٣ پز. شای ئێران دارا ـ داریۆش دەشکێنێت و شاری کەرکوکیش داگیر دەکات. ئەو سەردەمانە زمانی خوێندن و نووسین و تۆماری فەرمانگەکان فارسی بووە.

داگیرکردنی کەرکووك لە لایەن میرسلێمانی بابانەوە رووداوێکی هەروا ئاسایی نەبوو، بۆ میرایەتی بابان بەتایبەتی و بۆ گەلی کوردیش بە گشتی، چونکە:

١- بەرهەمی هەوڵ و کۆششی میرێکی بەرچاوڕوونی کوردبوو، ژیرانە کەڵك لەبارودۆخەکە وەربگرێت و دوور لەهەڵچوون و داچوونی دەروونی و بۆ مەبەستێکی پیرۆزیش بوو وەك خۆڕزگارکردن لە چوارچێوەی دەستەڵاتی رەگەزپەرستانەی والیەکانی عوسمانی لە بەغدا.

٢- سلێمان پاشای بابان ١٦٨٥ — ١٦٩٢ دروست لەکات و شوێنی گونجاودا کەوتە خۆی، تۆ تەماشا، نەك تەنها والی بەغدا بەڵکو سوڵتانی عوسمانیش بایەخێك بە نامەکانی شا سوڵتان حوسەینی شای ئێران نادات کە لەبارەی دەستدرێژییەکانی سلێمان پاشای بابان و داگیرکردنی میرایەتیی ئەردەڵانەوە ناردبووی.

ئەوەش نەك هەر چاوپۆشینە بەڵكو هاندەرێكیش بوو بۆ بابان چەند دەتوانێت، خاكی ئێـران داگیر بكـات، بێگومـان لە گۆشەنیگای سوڵتانەوە بۆ بەرژەوەندی كورد نەبوو، بارودۆخەكە وەهـای دەخواسـت و لـەوێوە سەرچاوەی گرتبوو، هەركاتێك دوژمنە گەورەكە چۆكیدادا، بچووكەكان خۆیاندەكەونە پەپكەوە، شا سوڵتان حوسەین ١٦٣٩ — ١٧٢٢ز. ژیاوە و ماوەی نێوان ساڵانی ١٦٨٧ — ١٧١٧ز فەرمانڕەوای ئێران بووە.

٣- گرتنی میرایەتی ئەردەڵان كە لە ژێـر چـاودێری ئێرانـدا بـوو لـە لایـەن میرسـلێمانی بابـانی سـەربە عوسمانییەوە و لەولاشەوە گرتنی شاری بەسرای موڵكی عوسمانی لەلایـەن شـێخ خەزعـەل، مـیری حـوێزەی سەر بە ئێران، رێككەوتنەكەی ئاماسیەی ساڵی ١٥٥٥ز. نێوان ئەو دوو دەوڵەتـەی پووچـەڵ و بێنـاوەڕۆك كرد.

٤- سەرەڕای ئەمانەش میر سلێمان كە دەستبەسەر میرایەتی ئەردەڵاندا دەگرێت كـە سـەرومڕ پابەنـدی ئێران و ناكۆك و ناحەز لەگەڵ بابان بكاتە دۆست و پشتیوان وەك هەنگاوێك بۆ یەكخسـتنی هێـزو توانـای كـورد و كۆكردنـەوەی لەبەرەیەكـدا، دوو مـیری كـورد پـەیمانێكی نهێنـی دەبەسـتن و دوو میرایـەتی كـورد یەكدەگرن و دوژمنـانی كـورد ئەبڵـەق دەكـەن، ئـەوە كارێـك بـوو نـە پێشـتر و نـە دوواتـریش هـیچ مـیرو سەردارێكی كورد نەیانكردووە.

دەروازەی باڵا — بابی عالی (سەرۆكایەتی وەزیرانی دەوڵـەتی عوسمـانی) بـۆ درێژەپێـدان و فراوانكردنـی داگیركارییەكانی، بەهەردوو ئاراستەی قەفقاسیا و وڵاتانی باڵكان و ژێر چەپۆككردنی نەتەوەكان و بەردەوام بەگەرخسـتنی مەكینـەی شـەڕ، پـارە و پـوولێكی زۆری پێویسـت بـوو، هـەمانكات نەدەپەرژانـە سـەر بەڕێوەبردنی راستەوخۆی ئەو سەرزەمینە فراوان و پان و بەرینەی داگیریانكردبوو، هەر بۆ نموونە، دەروازەی بـاڵا نەدەپەرژایـە سـەر مـیر و میرنشـینەكانی كـورد و شـێخ و شێخنشـینەكانی عـەرەب كـە نیمچـە سەربەخۆییەكیان هەبوو، زۆر كاتیش هەر بەناو ژێر فەرمانی عوسمانی بوون.

شاسوڵتان حوسەینی صەفەوی ١٦٣٩ — ١٧٢٢ زاینی ژیاوە، لە ماوەی ٣٠ سـی سـاڵ فەرمانڕەواییـدا ١٦٨٧ — ١٧١٧ز. لە جموجوڵ و چالاكییە سەربازییەكانی میر سلێمانی بابان و هەوڵەكانی بۆ كۆكردنـەوە و یەكانگیركردنی هێزو توانای كورد كە ئەو بەسەربزێوی و یاخیبوون ناویـدەبرد، كـارێكی بـۆ نـەكرا جگـە لەوەی دوو نامە بۆ سوڵتان دەنووسێت داد و بێداد لە دەست میری بابان دەكـات و تكـا لەسـوڵتان دەكـات رێز لە پەیمان و رێككەوتنەكانی ئاشتی و برایەتی نێوانیان بگرن و دژی ئەو میرە كوردە یاخییـە هاوكـاری یەكتر بكەن، نامەی یەكـەمیان سـاڵی ١٦٩٧ز. نـاردووە و بـۆ پیشـاندانی نیازپـاكی ئێـرانیش بەرامبـەر عوسمانی، كلیلەكانی شاری بەسراش لەگەڵ نامەكـەدا پێشـكەش دەكـات و لـەو نامەیـەدا نووسـیوییەتی: (دەمێكە سلێمان لەو سەر سنوورانە، رۆژانە، شەڕ بەفەرماندار و چاودێرەكانی پـەیمانی ئاشـتی نێوانمـان و سەرۆك هۆزەكان دەفرۆشێت، چەند جارێك والیەكانی بەغدامان لەسـەربزێوی ئـەو كابرایـە ئاگـاداركردووە، هـەمووجارێك بـەڵێن دەدەن و جێبەجێیناكـەن، ئـەو شـوێنانەی دەسـتی بەسـەرداگرتوون وەك كـەركووك و سنجەقەكانی هێشتا هەر لەبندەستیدان[٧٦]. لەناوبردنی سلێمان پەیوەندیی دۆسـتانەی هـەردوو دەوڵـەت و ئاشتیی نێوانمان پتەو دەكات)[٧٧].

وەك ئاشكرایە شای ئێران خەمی گرتنی كەركووكی نەخواردووە، پەرۆشی داگیركردنی ئەردەڵان بوو، ئەگینا گرتنی سنجقەكان (سنجق وشەیەكی مەغۆلی توركییە بەواتای قەزا، شارستان، قەصەبچە. لەوبچووكتر (ناحیە)ش دەبێتە شارەدێ، دەڤەر) مەبەستی ئەو ناوچانەیە كە (بابە سلێمان ناوچەكانی قزڵجە، سرۆچك، قەرەداغ، بازیان، شارەزووری داگیر كرد و دەیخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە)[٧٨] والی بەغدا دەحەپەسێت كاردانەوەیەكی وەها توندی لێكەوتەوە كە لەنامە پڕ هەڕەشەكەیدا دەردەكەوێت و ترسی ئەوەشی هەیە هەواڵی شكستەكەیی و كوژرانی دلاوەر پاشا بەسەرەوە (دەروازەی باڵا) بگات. نامەی دووەمیشی ساڵی ١٧٠٠ ناردووە و نیشانەی بێهێزی و گەندەڵبوونی دەوڵەتی ئێرانی پێوەدیارە كە جەنگە بەردەوامەكان ئەوەندە ماندوویان كردووە پرووزەی لێبڕاوە.

ناوەڕۆكی ئەم نامەیەش هەر لە بازنەی مەبەستی نامەی یەكەمدا دەگێرسێتەوە و ئەمجارەیان كلیلەكانی شاری بەسرای لەگەڵدایە كە ئێران ماوەی دە ساڵی نێوان ١٦٩٠ — ١٧٠٠ چاودێری ئەو شارەی دەكردو نەیدەوێرا خۆیبكاتە خاوەنی ئەو شوێنە ستراتیژییە گرنگە و چاوەڕوانی ئەوەیدەكرد رۆژێك زوتر سوڵتان لێیوەربگرێتەوە، ئەویش جارێ نەدەپەرژایە سەر بەسرا! ئەمە لایەنی دیپلۆماتی، وەك لایەنی سەربازیش شای ئێران هەرچەند لاواز و كەمدەستبوو، هێرشە سەركەوتووەكانی ئەفغانەكانیش ئەوەندەیكە شپرزەیانكردبوو. ئەفغانەكان سەردەمێك بوو كەوتبوونە بندەستی ئێران و جەورو ستەم و چەوساندنەوەی ئاینییان چەشتبوو بەدەست رژێمی شیعەگەری صەفەوییەوە كە گەرەكیانبوو بەزۆری كوتەك و تۆپزی بیانكەن بە شیعە، لەگەڵ ئەمانەشدا شا سوڵتان حوسەین نەیتوانی لەوە زۆرتر دان بەخۆیدا بگرێت و بەرامبەر میرێكی كورد بێدەنگ بێت، ئاخر، شاو سوڵتانەكان هەمیشە میرەكانیان بەچاوی نۆكەر و بەردەست تەماشا دەكرد بۆیە وەك مەستوورەی ئەردەڵانی دەڵێت (بۆ پەلاماردانی بابە سلێمان لەشكرێكی گەورە لە قزڵباش و هێزەكانی ئەردەڵان رێكدەخات بە سەركردایەتی عەبباس قولیخانی قاجار)[٧٩].

مەستوورەی ئەردەڵانی (ماه شەرەفخانم) شەڕەكە بەمجۆرە دەگێڕێتەوە: لەشكری ئێران پەلاماری بابان دەدەن، شەڕ لە ناوچەی مەریوان دادەمەزرێت و بەدرێژایی رۆژانی ٩، ١٠ی موحەڕەمی ساڵی ١١١٠ ك/ ١٦٩٨ ز (١٧٠٤ ز)! لە دوو پێكدادانی خوێناویدا، رۆژی یەكەم لەشكری بابان سەردەكەوێت، بەڵام رۆژی دووەم سلێمان نەك هەر سەركردایەتی جەنگەكەیدەكرد بەدەستو بازووی خۆیشی شەڕی ژیان و مردنی دەكرد، قوربانییەكی زۆریش دەدات و ژێریش دەكەوێت[٨٠] . بابە سلێمان دووای ئەوەی شەڕەكەی دۆڕاند پەنادەباتە بەر حەسەن پاشای والی بەغدا، بەڵام والی هیچ رێزێك لە یاساكانی پەنابردن و داڵدەدان ناگرێت.

وەك مێژوونووسی گەورەی كورد موحەممەد ئەمین زەكی بەگ لە زمانی (پورگشتال)ی مێژوونووسی فەرمی دەوڵەتی عوسمانییەوە دەیگێڕێتەوە، والی دەستبەجێ فەرمانی كوشتنی بابە سلێمان و حەڤدە پیاوی ئازای لەشكرەكەی دەدات لە سەركردە و یارمەتیدەرەكانی، لەولاشەوە شای ئێران منەتێك لە هێزە هاوكارەكانی ئەردەڵانەكان نازانێت، بەتۆمەتی ئەوەی گوایە ژێر بەژێر پەیوەندییان بە بابە سلێمانەوە هەبووە ١٢٠٠ هەزار و دووصەد پیاویان بەسەربڕین سەر دەبڕێت و دەیكاتە نامەردیی، قاسم سوڵتانی

هەورامیش بانگدەکات کە دڵی شای لـە ئەردەڵانییـەکان کرمێکردبوو،ئـەویش گۆشـاوگۆش سـەردەبڕێت و کەللە سەرەکەی کردە قووچی ئەو تەپۆڵکەیەی لە کەللەسەری ئەردەڵانییەکان هەڵیانچنیبوو[٨١] .

میرەکانی ئەردەڵان بەدرێژایی مێژووی میرنشینەکە خۆیان بـە ئێرانـەوە بەسـتبوو، وەك میرەکـانی بابـان نەبوون کە بە پێی بارودۆخ و بەرژەوەندی تایبەت هەندێکیان سەربە عوسمانی و هەندێکیان سـەر بـە ئێـران بوون، گواستنەوەی دەستەڵاتیش لە میرێکەوە بۆ میرێك لە ئەردەڵان سـادە و بێکێشـە تێدەپـەڕی، لێـرەدا خاڵێك جێگەی تێڕامانە، ئەو پەیوەندییە ژێر بەژێرەی نێوان بابان و ئەردەڵان، ئەگـەر راسـتە و لـە ئـارادا بووە، چما شەڕەکەیان دۆڕاند و بۆ هەردوولا و بۆ کوردیش بووە کارەساتێکی قـورس و گـرانیش لەسـەریان کەوت.

دووای لابردنی حەسەن پاشای والی بەغدا، دەروازەی باڵا ساڵی ١٧٠٤ز جەدید حەسەن پاشا دەکات بـە والی و هەتا ساڵی ١٧٢٤ز لە پۆستەکەیدا مایەوە، والی نوێی عێـراق بەرنامەیـەکی نـوێی پیـادە دەکـرد بریتی بوو لە چەسپاندنی دەستەڵاتی کۆڵەمەن و خستنەکاری پەندە رۆمانییە کۆنەکە، دووبەرەکی بنێـرەوە و کەڵکی لێوەربگرە، عەرەبی دەکرد بە گژ عەرەبدا و کوردی دەکرد بەگژ کـورددا و هـەردوو نەتەوەکەشـی لە هەمانکاتدا وەك مەقاش بـەکاردەهێنا بـۆ لێـدان و سـەرکوتکردنی نـەیارەکان و دژایـەتی راسـتەوخۆ و ناڕاستەخۆی دەستەڵاتی میر و سەردارو شێخەکان و مانەوەی دەستەڵاتی خۆی وەك تاکە دەستەڵات بەسەر کورد و عـەرەبدا و هێنانە ژێربار و رامکردنیان هەردەم ئامادەبن بە پلانی ئـەو بجـەنگن بەتایبـەتییش دژی ئێران.

مێژووی کوژرانی بابە سلێمان ئاشکرا نییە، ئەگەر لە ساڵی ١٧٠١دا کوژرابێت ئەوە سەردەمی حەسەن پاشایە و ئەگەر لە ١٧٠٤یشدا کوژراوە ئەوە سەردەمی جەدید حەسەن پاشـایە، بەوپێیـەی سـاڵی ١٥٩٨ تەیموور ناوێك فەرمانڕەوایی بابـانی کەوتۆتـە دەسـت و دیـارە دووای سـلێمان بابـان، کەواتـە دەبێـت مـیر سلێمان بەلای کەمەوە ساڵی١٦٩٨ یا پێشتر کوژرابێت.

ئەگەر والی بەغدا جەدید حەسەن پاشا هاوژینی میر سلێمان بووبێت، ئەوە دوو جەمسەری دژ بە یـەکتر بوون، نە میری بابان دەچووە ژێرباری گرانی والییەوە نە والیش سـەربزێوی و یـاخیبوون و فراوانخوازیەکـەی ئەوی بۆ قوتدەچوو. لەڕاستیشدا بەرنامەی میر سلێمان فراوانخـوازی و سـەپاندن و چەسـپاندنی دەسـتەڵاتی بابان خۆ نەبەستنەوە بوو بە دوژمنەوە بەو نیازەی عوسمانییەکان بخاتە بەردەم کـاریکراوو ناچـاریان بکـات دەست نەخەنە کاروباری کوردەوە.

دوابەدوای مەرگەساتی بابە سلێمان و هەڤاڵەکانی، مێژووی بابان تەمومـژێکی ئەسـتوور دایدەپۆشـێت، والی بەغدا یەکێك لە دەست و پێوەندەکانی بابە سلێمان دەهێنێتـە پێشـەوە و بەسـەر بابانـەوە دایـدەنێت وەك سەرکار. ئەم پیاوە تەیموور ناوێك بووە پێدەچێت لە بنەماڵەی بابان نەبێت، ساڵانی ١٦٩٨ — ١٧١٥ / ١٧١٦ لەگەڵ میر بەکردا پێکەوە هەریەکە و بەشێکی بابان بەڕێوەدەبەن، یا تەیموور ١٦٩٨ — ١٧١٤ و بەکریش ١٧١٤ — ١٧١٦ جیا بەجیا سەرۆکایەتی بابانیان کردووە، ئەو کەمە زانیارییەی دەربـارەی بـەکر لەبەردەستدان وادەگەیەنێنن چاوی بڕیوەتە گرتنی کەرکووك، لەشکری کۆکردۆتەوە و خۆی ئامادەدەکات بۆ

هێرش بەڵام والی کەرکووك لەکاتی خۆیدا زانیاری تەواوی پێگەیشتووە، دەستپێشخەری دەکات و لەشکری دەنێرێتە سەرو دەیشکێنێت، بەکریش پەنا دەباتە بەر والی بەغدا، بەڵام والی دەیکوژێت، سەرنجی خوێنەری هێژا بۆ ئەوە رادەکێشم، ماوەی هەڵسووکەوت و پێچوپەنا و خۆدزینەوە لەبەردەم سەرانی کورددا ئەوەندە بەرتەسك بووە، سەردارێکی وەك بەکر، پەنا بۆ والی بەغدا دەبات لە موتەصەریف(پارێزگاری) کەرکووك بیپارێزێت!

عەبدولقادر رۆستەم بابانیش لە کتێبەکەیدا(سییەرئەلئەکراد ـ سیر الأکراد)کە بە فارسی نووسیویێتی دەڵێت: میر بەکر شەوێك لە دیوەخان بە پیاوماقوڵانی بابان دەڵێت دەچمە بەغدایە! گوێگرەکان دەحەپەسێن و دەڵێن پاشا بەغدای چی، تیا دەچیت، دەڵێت: نەء، بەجۆرێك خۆم دەگۆڕم نەمناسنەوە. هەرچەند هیچ کام لە دەمڕاست و ریشسپییەکان ئەو هەنگاوە پڕ مەترسییەی ناسەلمێنن، بەڵام کابرا قسەی خۆی دەباتە سەر و لە نیوە شەوێکی ساڵی ١٧١٥ /١٧١٦بە نهێنی لە شار دەردەچێت و هەرچۆنێك بووە، درەنگ یا زوو دەگاتە بەغدا، بەڵام ئەوەندە نەمایەوە جەندرمەکانی تورك دەستنیشانی دەکەن،کە دەستگیرکرا ئاشکرادەبێت و بەفەرمانی جەدید حەسەن پاشا دەیکوژن(٨٢) . هەر ئەو ساڵەش ٥٠٠ پێنج سەد چەکداری کورد لەو لەشکرەی تورکە عوسمانییەکاندا بوون کە بەهاندانی فەرەنسای ناحەزی نەمسا ئابڵۆقەی ڤییەننای پێتەختی وڵاتی نەمسا دەدەن(٨٣) .

ئەم هەنگاوەی میر بەکر تەنها لەچەند روویەکەوە رێی تێدەچێت:

١- میربەکر جەنگێکی گەورەی دۆڕاندووە و هێزێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەماوە بتوانێت بەرەنگاریی والی کەرکووك بکات.

٢- بەودەست کوورتییەش ناتوانێت پارێزگاریی پلەو پایەی خۆیبکات، پاشا و سەرداره ناحەزەکانیش پەلاماریدەدەن و بەئاسانی دەریدەپەڕێنن.

٣- لە بری ئەوەی لە بابانەوە نامە بنێرێت وداوای لێبوردن لە والی بکات، ئەوە چاکترە بۆ دەرخستنی پەشیمانیی و دڵسۆزیی، خۆی بچێتە بەغدا و لەوێوە والی ئاگادار بکات کە بەپێی خۆی هاتۆتە بەغدا و داوای لێبوردن دەکات و والیش رۆژێك پێویستی پێی دەبێت و لە هەلێکدا دەیگێڕێتەوە بابان و دەستەڵاتی فەرمانڕەواییشی پێدەداتەوە.

٤- خۆئەگەر بیرمان بۆ ئەوەش بچێت میربەکر شێت بوویێت و بەدەستی خۆی گۆڕی خۆی هەڵکەندبێت، هەرنەبێت خزم و کەسە نێزیکەکانی بەزۆر یا بەخوایشت رێگەیان نەدەدا یا دەستبەسەریان دەکرد.

٥- پلانێکی نەگریس لە ئارادابووە و نزیکەکانیشی ئاگادارییەکیان هەبووە، دڵنیاش بوون هێزوتوانای خۆپاراستنی نییە،حەزیان نەکردووە سەری تێدابچێت و پەنای والی بەغدایان بەباش بینیوە.

## کورد لە بازنەی ململانێی نێوان

## ئێران، عوسمانیی، ئەفغان و رووسیای قەیسەریدا

ئەمڕۆ مێژووی کورد لە هەموو کاتێك پتر پێویستی بە سەرلەنوێ خوێندنەوە و نووسینەوەیەکی ئەکادیمیی هەیە، کاتەکەش لە بارە و پێداویستییەکانیش لەبەردەستدان و تەنها ئەوەندەی دەوێت هەریەکە

و چــمكێكی بگرێــت و خــۆی پێــوه مانــدوو بكــات. هــەوڵ و كۆششــی بەرچــاویش دەدرێــت و جێگــەی دەستخۆشانە و پێزانینە، رەنــج و مانــدووبوونی مێژوونووســی ســەردەمی نــوێی كــورد، پرۆفســیۆر كــەمال مەزهــەر لــە هــەمووان بەرچــاوترو بەبەرهــەمترە. ئــەو نووســینەوە نوێیــە دەبێــت كــەلێن و كەلەبــەر و ناتەواوییەكان پڕبكاتەوە و ئەڵقە پچڕاوو بزرەكان بدۆزێتەوە و بیانخاتەوە جێگەی خۆیان و رووناكیی بخاتــە سەر لایەنە گەشەكان و دیارییان بكات، لایەنە تاریكەكانیش نەشارێتەوە و لێكۆڵینــەوەی بابــەتیی ووردو بەسەلیقەیان لەسەر بكات، نە ئەوەندە رەشبین بێت نەوەی نوێ هیوابڕاوبكات، نە ئەوەندەش گەشــبین بێــت لە خۆیان بایبن و هێندەبەرز بڕوانن بەرپێی خۆیان نەبینین و ئەمجارەیان وەك عــەرەبمان لێبەســەربێت دووای هەرچالێك بكەوینە چالێكی قووڵترەوە. سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی كــورد و تێگەیشــتنی هەرهــەموو چمك و لایەنە ئاشكرا و شاردراوەكانی دەخوازێت مێژووی دراوســێكانیش پشــتگوێ نەخــەین بەمەبەســتی بەراوردكردن و بەرچــاوڕوونبوونەوەو پەنــد و ئامۆژگــاری لێــوەرگرتن بــۆ ئێســتا و داهــاتوو، زاخاودانــەوەی ئەزموونــە تــاڵ و پــڕ لــە ســوێیەكان و دەســتگرتن بەلایەنــە پۆزەتیڤەكانــەوە هەرچــەند كەمیشــن و دەســتبەرداربوونی لایەنــە نێگــەتیڤ و نەگریســەكان و دووای هــەزاران صــاڵ و هــەزاران جــار، هــەزار بارەنەبنەوە.

مێژوو ئەگەر هەر بۆ ئەوە بنووسرێتەوە كە نەوەكان بیخوێننــەوە، ئــەوە دەبێتــە چیرۆك یــا رۆمــان نــەك مێژوو، ئەركی مێژوونووسیش ئەوكاتە لە ئەركی چیرۆكنووس یا رۆماننووس تێناپەڕێت.

جەنگەكانی نێوان ئێران و توركە عوسمانییەكان، ئێران و رووسیای قەیسەری، ئێران و ئەفغان، عوســمانی و ئەفغان، عوسمانییەكان و رووسیا كە هەندێك جار بەریتانیا و فەرەنسا لــە پشــت ئێرانــەوە رادەوەســتان و هەندێك جاریش رووسیا لە پەنا عوسمانییەكاندا پێكــەوە ســەنگەریان لــە ئێــران دەگــرت، كۆتــایی ســەدەی نۆزدەش ئەڵەمانیا بەئاشكرا هاوكاریی سەربازیی عوسمانییەكانی دەكــرد و فەرەنســاش دەســتی بــە پشــتی ئێرانەوە گرتبوو، ئەم دابەشبوونەی دەوڵەتە زەبەلاحــەكانی ئــەو ســەردەمە بــۆ ئــەوەبوو دەســتیان لەشــتێك گیربێت و بتوانن دەستكەوت و بەرژەوەندیی داهاتوویان لەناوچەكەدا بپارێزن یا دەستبەسەراگرتنی ناوچەكە بوو یا هەموو هۆكارەكان پێكرا ئامــانجی كــاتیی و ســتراتیژیش بــوون؟! لەمیانــەی جەنگــەكانی رووســیای تزاری ـ ئێران، رووسیای تزاری ـ عوسمانیدا، رووسیا گرنگیی بەكورد دەدات وەك توخمێكی ئــازا و شــەڕزان بۆ ئەوەی بیانكات بە گژ ئێران و توركیادا یا (هەر نەبێت) بێلایەن بن، بەتایبەتیش كە دوو لە سەر ســێی هێزەكانی لەشكری ئێــران كــورد بــوو. روســیا و بــەریتانیاو فەرەنســا و چــەند ولاتێكــی دیكــەی ئــەورووپا یاداشتێكیان دایە حكومەتی عوسمانی: " لەبەر ئەوەی ئەو كوردە كۆچەریانەی لە كێوەكان دەژین هــەر بــۆ ئاژاوە نانەوە دژی مەسیحیەكان دێنە خوارەوە بۆ پێدەشتەكان، پێویستە لەو سەرژمێریەدا حیساب نەكرێن كــە بــۆ دەركــەوتنی زۆرایــەتی دانیشــتوانی ئــەو مەڵبەنــدە دەكــرێ (مەبەســتی بــاكوری كوردســتانە كــە دانیشتوانەكەی ١٧٪ ی دانیشــتوانی توركیــا پێكــدەهێنن. ن.ك.) واسمــۆس كونســوڵی ئــەڵمان لــە شــاری بوشەهر بە یارمەتیی عەشیرەتی سنجابی كورد توانی بەرگری (ڕێگری ن.ك) لــە یەكگرتنــەوەی هێزەكــانی روسیا و بەریتانیا بكات. نۆكەرانی بەریتانیاش توانیان عــەشیرەتەكانی كەلهوڕ، گۆران و هەورامان بــە دراو

فریو بدەن و بە زێرپیشاندان و بەڵێنی درۆ بە گژ عەشیرەتی سنجابیاندا کردن (د. قاسملو، هەمان سەرچاوەی پێشو، لا ٤٧.٧ )

بوونی کورد لەبەرەی هاوکاریی و دژایەتیکردنی دوو دەوڵەتی موسوڵماندا هۆکارەکانی چی بوون؟ ئایا هۆکاری ئاینیی لە پشتەوە بوو، گوژمێکی دیکەی جەنگی خاچپەرستەکان بوو دژی ئیسلام، یا هەوڵی دۆزینەوەی جێگە پێیەك بوو؟کەواتە خوێندەواری کورد بەگشتی و رووناکبیرەکانی بەتایبەتی دەبێت بەلای کەمەوە لە شێوەی بیرکردنەوەو ئامانجەکانی سەرانی کورد تێبگەن لە سەردەمەکانی فەرمانڕەوایی دووردرێژی خوێناویی تورکە عوسمانییەکان،سەردەمەکانی دەوڵەتەکانی ئێران، صەفەوی ١٥٠١ — ١٧٣٠ز، ئەفشار ١٧٣٠ — ١٧٥٣، زەند ١٧٥٤ — ١٧٩٤، قاجار ١٧٩٤ — ١٩٢١، پەهلەوی ١٩٢١ — ١٩٧٩، دوواتریش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران ١٩٧٩ کە هێشتا بەردەوامە و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی مەشروتە لەنێو عوسمانییەکان و دوواتر لە نێو ئێرانییەکانیشدا، دامەزراندنی رێکخراوی تورکیای لاو (ترکیا الفتی)، ئەمجا ئۆرگانی یەکێتی و پێشکەوتن (الأتحاد والترقي)، رووخاندنی خەلافەتی ئیسلام، دەرکەوتنی مستەفا کەمال، دامەزراندنی کۆماری تورکیا و دەوڵەتە تازە کوورەکانی عەرەب لە ناوچەکەدا(شانشینەکانی ئەردەن،سووریا،عێراق،سعوودییە).ئەمە سەرەڕای خوێندنەوە و پێکەوە گرێدانی مێژووی ناوچەکەش بەسەریەکەوە و دەستنیشانکردنی پەیوەندییە دیالێکتییەکانی رووداوەکان بەیەکەوە و دیاریکردنی ئەو هێزانەی کاریگەریی راستەوخۆ یا لاوەکییان بەسەر رووداوەکان و رێرەوو ئاراستەکانیانەوە هەبووە و هەیە،ئاین، بەتایبەتیش ئاینی ئیسلام،هەردوو رێبازی سوننەو شیعە،سوڵتان و تورکە عوسمانییەکان،ئەفسەرە تۆرانییە توندڕەوەکان، تورکە کەمالییەکان، ئێران، رووسیای قەیسەریی، یەکێتی سۆڤیەت، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵەمانیا، ئەمەریکا، وڵاتە عەرەبییەکان، سووریا، عێراق، ئووردن، وڵاتی عەرەبیی سعودیی. ئەم کارەش هەرچەند ئاسان نییە، بەڵام لەچەند لایەکەوە قۆڵی لێهەڵماڵێن وەك بەرنامەکانی پەروەردەکردن لە فێرگەکاندا، میدیاکانی بینراو، بیستراو، خوێندراوە، ئەمجا نووسینەوەیەکی ئاسان و بەچێژ بتوانێت خوێنەر بەگشتیی بزوێنێت و وەك کورد خۆی لە مێژووی ناوچەکەدا بدۆزێتەوە و وەك فاکتەرێکی کارا هەست بە بوونی خۆی بکات لە رووداوەکاندا،نەك ئەوەی خۆی لە پەراوێزی مێژووی ناوچەکەدا دەبینێتەوە....ئەوەندەش زانیاریی و بەڵگە و دۆکیۆمێنتی بخەینە بەردەست بتوانێت بیسەلمێنێت کورد گەلێکی دێرینە و هەر لە سەرەتاوە کوردستان مەڵبەندی نیشتەجێبوون و نیشتمانەکەی بووە و کەم و زۆریش خاوەنی چەندین دەوڵەت و دەستەڵات و فەرمانڕەوایی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆ بووە و لە رووی شارستانێتیی و ژیاریشەوە بەتایبەتیش زمان و وێژە و هونەرەوە لە چاوخۆیدا بەبەراوورد لەگەڵ بارودۆخی خۆیی وبابەتیی بەردەوام نالەباردا،هێشتا لە دراوسێ دەستەڵاتدارەکانی دووانەکەوتووە.

رێگەی سەرەکی و بەردی بنچینەی ئەو ئەرکە پیرۆزەش لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و قووڵبوونەوە و بەراوورد و بەیەکگرتن و شارا لە دووای شارا خستنە سەر خەرمانەکەیە، بەدۆزینەوە و زیندووکردنەوەی دەستتنووسە زەرد هەڵگەڕاوو شڕوپڕەکانی خۆمان و رزگارکردنیان لە لەناوچوون، پشکنینی کتێبخانە

ومۆزەخانە گەورەکانی وڵاتان و پێداچوونەوەی ئەو هەموو ئەرشیف و دۆکیۆمێنتە فەرمییانەی وەزارەتەکانی دەرەوەی وڵاتانی پەیوەندیدار و باڵوێزخانەکان لە وڵاتانی داگیرکاریی کوردستان وئەولاتریشداکە دووای تێپەڕبوونی ماوەی ٣٠ سی ساڵ بەسەریاندا دەرگا سەرکلۆم کراوەکانیان دەخرێنە سەرپشت و دەکەونە بەردەست هەرکەسێك بیەوێت کەڵکیان لێوەربگرێت. ئەو ئەرکانەی باسمانکرد بۆ نەتەوەیەکی ژێر چەپۆك و چەوساوە و دەست و دەم و چاو بەستراو یەکجار گرنگ و بە بایەخە و هەریەکەیان ئەوانیدیکە تەواو دەکەن و لە ئامانجی سەرەکی نزیکمان دەخەنەوە و مێژووەکە دەکەنە بەشێکی گرنگی روناکبیریی نەوەکان و لایەنە تاریك و شاردراوەکانی بۆ روونـاك دەکەنەوە و هاندەر و هاوکاریشی دەبێت بۆ دروست تێگەیشتنی رابوردوو، ئێستا و داهاتوو، سنووریێکیش لەبەردەماندا دەکێشێت هەروا ماشەرایی بڕیاری نادروست نەدەین و کوێرانەش ناهەقی لە سەرکردەو و رابەرەکانمان نەکەین. هەربۆنموونە، هەتا سەرەتای ساڵی هەشتای سەدەی رابردوو کە دەکاتە نزیکەی ٢٥ ساڵێك لەمەوبەر، زانای مەزنی ئاینیی وەك مەلا ئیدریسی بتلیسیمان بەناپاك و خۆفرۆش دەزانی، مەلیك مەحموودی نەمرمان بە ساویلکە و سیاسەت نەزان و کەم ئەزموون تەماشا دەکرد، پێشەوا قازی موحەممەدی سەرۆك کۆماری کوردستانی سابلاخ ـ مەهابادمان بە بوودەڵە و ترسنۆك دادەنا کە لە راستیدا ناهەقییەکی گەورەمان لێکردن، مەلا ئیدریس هەوێنی یەکخستنەوەی میرنشینە کوردەکان بوو وەك قەوارەیەکی رامیاریی سەربەخۆ لە دەوڵەتێکی عوسمانی فیدراڵدا، مەلیکی کوردستان رێگەیەك نەما نەیگرێت، سەری بەکۆشی دۆست و دوژمندا دەکرد لە پێناو مافی کورددا. هەڵوێستی قازی محەمەدیش پێشەوایەکی باوەڕ چەسپاوو ئازا و چاونەترس و خۆ بەختکار و لە هەرە پلەی بەرزی هەستکردن بە لێپرسینەوەدا بوو، دوواتریش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولی مەزنمان بەتەنها خستە ئەستۆی بارزانی مەزن و هەزار و یەك تاوانی ناڕەواشمان خستەپاڵ کە رۆژگار هەرهەمووی پووچەڵکردەوە و ئەو تفەی کردمان ریشی خۆمانی گرتەوە و دووای هەرەسیش ئەوەی لە ژیاندا بوو، ویژدانی کردە سەرپشك و رووداوەکانی دووای ١٩٧٥ی کردە بەڵگە، کەم و زۆر بەشی خۆی سڕییەوە و هیچ شەرمیش نییە مرۆڤ تاك تاك یا بەکۆمەڵ لە رێگەی ئۆرگانە کۆمەڵایەتیی، پیشەیی، رۆشنبیریی، رامیارییەکانەوە بەهەڵە و چەوتیی بۆچوونەکانیدا بچێتەوە و هەق بدات بە حەقدار و بە رەش بڵێت رەش و بە سپی بڵێت سپی.

کورد لە شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ دا هەر خاوەن شۆڕشێکی مەزن نەبوو، خاوەنی قەوارەیەکی رامیاریی بوو، بارزانیش هەر رابەر و پێشەوای شۆڕشەکە نەبوو، سەرۆکی (دەوڵەتێك) بوو لە نێو دەوڵەتی عێراقدا،تەنها ئاڵای دەوڵەت و دراوی کوردستانیی کەمبوو، ئەو سەردەمە بارزانی لەگەڵ شای ئێراندا بەراوورد نەدەکران لە رووی دەستەڵاتەوە لە بەرژەوەندی شا، بەڵام شا کە کەوت هەر ئەو کەوتنە بوو، هەڵنەستایەوە و (سوپا دڵسۆزەکەشی) دۆڕاند و پشتیانتێکرد و ئەوەندەش دۆست و پشتیوان و لایەنگری نەما، دووای خۆی هیچ نەبێت لە میدیاکاندا دەنگێکیان هەبێت، شۆڕشی کوردیش هەرەسی هێنا و بارزانی کەوت، بەڵام لەشکر و جەماوەرەکەی نەدۆڕاند، بەشێکی بەرچاوی هەر بە دڵسۆزیی مایەوە و رێبازی بارزانیان کوێر نەکردەوە و شۆڕشیش هەڵگیرسایەوە و دوژمنی بەزاند و لەناویشی برد، بۆیە ئەمڕۆ

شای ئێران لەگەڵ بارزانی مستەفادا لە ڕووی مێژووییەوە بەراورد ناکرێن، بۆ بەرژەوەندی بارزانی، چونکە دووای خۆی مێژووەکەی نەچەقی، بەردەوامە و ڕۆژ بەڕۆژیش پرشنگدارتر دەبێت و بەرەو قوتابخانەی کوردایەتی، هەرچی شای ئێران بوو بەر لەوەی مۆمی ژیانی بکوژێتەوە،مێژووی خۆی و بنەماڵە و ڕژێمەکەشی کوژانەوە.

لە توانای هیچ هێزێکدا نییە هەتا سەر ڕاستییەکانی مێژوو بشارێتەوە ولنگەو قوچیان بکات، دووای شۆڕشی **٢٣**ی تەمموزی **١٩٥٢**ی میسر بەسەرکردایەتی پێشەوای بزاڤی ڕزگاریخوازیی عەرەب جەمال عەبدولناصر و هەڵچوونی گڕوکەفی نەتەوەپەرستیی عەرەب و بەرزکردنەوەی دروشمەکانی ڕزگارکردنی فەلەستین و یەکگرتنەوەی وڵاتانی عەرەب و بەدووای ئەوەشدا بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی **١٩٥٨** لە عێراق بەسەرۆکایەتی ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم و بنەبڕکردنی بنەماڵەی شاو لەناوبردنی سەرانی ڕژێمەکە، هەردوو شۆڕشەکەش دژی دوو ڕژێمی پاشایەتی بوون، شا فارووق وەچەی موحەممەد عەلی لە میسر و شا فەیصەڵی دووەمی کوڕی غازی کوڕی فەیصەڵی یەکەمی کوڕی میر حسێنی کوڕی عەلی شەریفی مەکەو وەچەی هاشمییەکان و بنەماڵەی پەیامبەر. هیچکام لەو دوو ڕژێمە لەنێوبراوەش ستەمکار و تۆقێنەر نەبوون ئەگەر لەگەڵ ڕژێمی پەهلەوی ئێراندا بەراووردیان بکەین کە ناحەزو نەیارەکانی بە زیندوویی دەخستە ناوکاری چینی دیوارەوە!![٨٤] .

حسێن کوڕی عەلی میری وڵاتی حیجاز بوو (شارەکانی مەککە، مەدینە، تائیف، جیددە) بەهەوڵ وکۆششی بەردەوام و پشت ئەستوور بەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ بەریتانیا هەیبوو، ڕێککەوتنەکەش بریتیی بوو لەو نامانەی لەگەڵ (ماکماهۆن)دا ئاڵوگۆڕیانکردبوون و ناوەڕۆکیان ئەوە بوو شا حوسەین لە ڕووی عوسمانییەکاندا بوەستێت و ڕاپەڕینێك بەرپا بکات و لەناوچەی حیجاز دەریانپەڕێنێت و کۆتایی بە دەستەڵاتیان بهێنێت لەو دەڤەرە.بەریتانیاش دووای کۆتایی شەڕ (شەڕی یەکەمی جیهان ١٩١٤ — ١٩١٧) سەربەخۆیی بە وڵاتانی عەرەب بدات (حیجاز، سووریا، لوبنان، فەلەستین، ئوردون).

جوولەکەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کێشەی جوولەکە (گەڕانەوە) یا (هاتنیان) بۆخاکی فەلەستین بە پێی پەیمانێك لە نێوان وایزمان و فەیصەڵ کوڕی حوسەیندا چارەسەرکراوە ودوواتریش بەهەوڵ و کۆششی لۆرانس ئەو پڕۆژەی ڕێککەوتنەی سەرۆکی جووەکانی ئەمەریکا و وەڵامنامەکەی فەیصەڵ لە سەر پڕۆژەکە ئاڵوگۆڕ دەکرێن و دەگاتە بەردەم ئەندامانی کۆنگرەی ئاشتی لە فەرسای کە لەو ڕۆژەوە جوولەکە کردوویانە بەبەڵگەیەکی بەهێز بەدەستیانەوە کە بریتییە لە کۆپی نامەکەی فەیصەڵ و لە دامێنی چەپیدا وشەی فەیصەڵ نووسراوە، گوایە پڕۆژەکەی پەسەند کردووە! هەتا ئەمڕۆش نامە ئۆرگیناڵەکە نەخراوەتە ڕوو. ئەوە ئەو ڕێککەوتنەیە کە توندڕەوە عەرەبەکان کردیان بەمۆری ناپاکیی و فرۆشتنی فەلەستین و نایان بە تەوێڵی هاشمییەکانەوە (بنەماڵەی پەیامبەر) ئەمە هۆی ئەوە بوو عەرەب بە هەست و سۆزو شەپۆلێك هەڵچوونی دەروونیەوە شای عێراق فەیصەڵی کوڕی حوسەین و شای ئوردون حوسەین کوڕی عەبدوڵڵا بە نۆکەری بەریتانیا و زایۆنیزم و ناپاك و وڵات فرۆش ناویان بزڕێنن و بەوە تاوانباریان دەکردن گوایە میر حوسەین میری حیجاز و کوڕەکانی، فەلەستین و قودسیان فرۆشتووە بە بەریتانیا و جوولەکە و لە

بەرامبەریشدا میر حوسەین دەبێتە شای حیجاز و کوڕەکانیشی، عەبدوڵڵا دەبێتە شای ئوردون و فەیصەڵ خۆیی و کوڕەکانی غازی و فەیصەڵی دووەم (مەلیکە بچکۆل) بە دووای یەکتردا چوونە سەرتەختی شاهانەی عێراق ١٩٢١ – ١٩٥٨. تەنانەت بەعسییەکانی عێراقیش کە ساڵی ١٩٦٣ بەکۆدەتایەکی سەربازیی خوێناوی رژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم دەڕووخێنن دوژمنی ژەنەڕاڵ قاسم و پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوون[٨٥]، لەگەڵ رژێمی پاشایەتی فەیصەڵ لە عێراق و شا حسێنی ئامۆزایدا لە ئوردون هیچ کێشەیەکیان نەبوو، بگرە هەردوولایان دژی رژێمەکەی ژەنەڕاڵ قاسم بوون، ئەوانیش دووای کودەتای دووەمیان ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨ (١٧ – ٣٠ تەمموز) رژێمەکەی بەکر – صەددام ئەوەندە سووك تەماشای شا عەبدوڵڵای ئوردونیاندەکرد، هەر بەناوی (کورتەبنە ناپاکەکە) ناویاندەهێنا، بەڵام هەر صەدامیش دوواتر دان بەهەڵەی خۆیان و عەرەبدا دەهێنێت و بە رۆڵەی بەئەمەکی عەرەب و وەچەی پاك و پیرۆزی پەیامبەر ناویاندەهێنێت[٨٦].

کوردیش لەو بوارەدا دووای مەلا ئیدریسی بتلیسی، مەلای خەتیّ، موشیری حەمەی سلێمانی هەمەوەندی، مافی نیشتمان پەروەری و دڵسۆزی (دەگێڕێتەوە) بۆ رۆڵەیەکی ئازا و بەئەمەکی کورد سەعید قەزاز، وەزیری ناوخۆی سەردەمی پاشایەتی عێراق کە دادگاکەی مەهداوی بەنۆکەری بێگانە (بەریتانیا) و ناپاکی بەرامبەر گەلانی عێراق تاوانباریکردو سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاند، هەڵوێستی جوامێرانەی شەهید سەعید قەزاز لە بەردەم دادگا قەرەقوشییەکەی مەهداویدا بۆ هەموو خاوەن ویژدانێکی سەلماند کە گەل و وڵات پەروەرێکی راست و دڵسۆزو ئازایە و باکی لە مردن نییە ( ئێستە کەدەچمە بەر پەتی سێدارە، کەسانێك لەژێر پێمدا دەبینم شایستەی ژیان نین .)

### خان محەمەد پاشای بابان

پەیوەندییەکانی نێوان عوسمانییەکان و ئەفغانەکان تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوون، تورك وەك پیشەی دێرینیان لە زمانی ئاشتیی و دیالۆك تێنەدەگەیشتن،جەدید حەسەن پاشای والی بەغدا[٨٧]، بیّ سێو دوو، بڕیاریدا کێشەکان بەشەڕ یەکلابکاتەوە، لەشکرێکی گەورەی کۆکردەوە و سەرکردایەتیی باڵێکی هێرشەکەی سپارد بە خان محەمەد پاشای بابان کە وەك سەرکردەیەکی لێهاتوو بە پلانێکی ژیرانە ساڵی ١٧٢٣ شاری سنەی پایتەختی میرایەتی ئەردەڵان بیّ شەڕ و خوێن رشتن داگیر دەکات و لە پاداشتی ئەو سەرکەوتنەدا سوڵتانی عوسمانی بە پلەی پاشا و میری ئەردەڵان و میری میران خەڵاتی دەکات[٨٨]. خانە پاشا ماوەی چوار ساڵ فەرمانڕەوایی میرنشینی ئەردەڵان دەکات و لەو ماوەیەدا خالیدی برای فەرمانڕەوایی میرایەتی بابانی دەکرد[٨٩]. سنووری دەستەڵاتی خانە پاشا بەسەر شاری کەرکوکدا کە بنکەی ویلایەتی شارەزوور بوو دەپەڕییەوە بۆ هەمەدان. بابان بەدرێژایی مێژووی خۆی نەدێرتر و نەدوواتریش سنووری وەها فراوانی بەخۆیەوە نەبینی.[٩٠] گرنگی ئەم سەرکەوتنەی خانە پاشا لەوەدایە میرێکی کورد هەلێکی لەبار دەقۆزێتەوە و ماوەی چوار ساڵ لە پراکتیکدا دوو میرایەتیی کوردی ژێر سێبەری دوو دوژمن و داگیرکاری کوردستان کە لە هەموو روویەکەوە جیاواز و ناکۆکن بخاتە پاڵ یەکترو پەیڕەویی یەك بەرنامەی رامیاریی و سەربازیی بکەن. ئەم هەلە هەر ئەو جارە بۆ کورد هاتە پێش و

هەرگیز بۆ میرێکی کورد نەڕەخسایەوە.

والی بەغداش لە قۆڵی دووەمی هێرشەکەوە، شارەکانی کرماشان و لوڕستان بێقرەوبرە دەگرێت و ئابلۆوقەی هەمەدانیش دەدات، بەڵام مەرگ بوواری نەدا و هەر لەو ساڵەدا (١٧٢٣) کۆچی دوواییکرد. مێژووی ئەو رووداوانە(ساڵی١٧٢٣) تاڕادەیەك نادروست دێتە بەرچاو، چونکە جەدید حەسەن پاشا ١٧٠٤ هەتا ١٧٢٤ والی بەغدا بووە، جا ئەو (هەتا) یە هەتا کۆتایی ١٧٢٣ یە، یا ١٧٢٤یش دەگرێتەوە، ئەگەر بیگرێتەوە کەواتە گرتنی شارەکانی سنە وکرماشانی کوردستان لە ١٧٢٤ دا روویانداوە، لە لایەکی دیکەشەوە ئەمانوڵڵا خانی میری ئەردەڵان لە ١٧٢٦ دا گەڕاوەتەوە سەر ئەردەڵان و بۆتەوە بەمیر، ١٧٢٣یش یا ١٧٢٤ هەتا ١٧٢٦ ئەو چوار ساڵ فەرمانڕەواییەی خانە پاشا پڕناکاتەوە.

دووا بە دووای مردنی جەدید حەسەن پاشا، فەرمانی ویلایەتی بەغدا بۆ ئەحمەد پاشای کوڕی دەردەچێت کە لە سەردەمی باوکیدا والی بەسرا بوو. والی نوێ هەمان رێچکەی باوکی دەگرێت و پشت ئەستوور بەکاریگەریی تۆپهاوێژە قورسەکان کە لەو رۆژگارەدا نوێترین تۆپخانەی جیهان بوو،بەهاوکاری کوردیش درێژە بە ئابلۆوقەدانی هەمەدان دەدات و کەلێن دەخاتە دیوار و قەڵاکانی شارەکەوە و رێگەی بۆ لەشکرکردەوە بەهوروژم خۆیان بەنێو شاردا بکەن و سێ رۆژان هەرچی نەدەشیا، کردیان. ئەحمەد پاشا دووای ئەم سەرکەوتنە هەر کە گەیشتەوە بەغدا، یەکسەر پەلاماری ئەو هۆزە عەرەبانە دەدات بۆ گرتنی هەمەدان هاوکاریان نەکردبوو. میرایەتی بابان وەك ئەم ماوەیە باڵادەست بوو، لە ماوەی ٣٠٠ — ٤٠٠ ساڵ مێژووی فەرمانڕەواییدا رۆژگاری کزیی و لاوازیشی بەسەردا دەهات کە هەر میر و سەردار و کوێخایەك ناوچەیەکی قۆرخ دەکرد و هەر هەرێم و ناوچەیەك، فراوان یا بەرتەسك بەدەست پاشایەك، میرێك، سەردارێك یا کوێخایەکەوە بووە هەروەك پیرەمێردی نەمر دەڵێت: گوندی کەناروێ لەیەك کاتدا سێ کوێخای هەبوو!

ئەحمەد پاشای والی بەغدا هەمان رێبازی باوکی پیادە دەکرد کە بریتی بوو لە چەسپاندنی دەستەڵاتی کۆڵەمەن لە عێراقدا و تۆوی دووبەرەکی دەوەشاند. کورد و کورد، عەرەب و عەرەب و عەرەب و کوردیشی لەیەکتر تیژدەکرد. خانە پاشاش چاك دەیزانی تورك جێگەی باوەڕ و متمانەنین، وەك ماری بێ مۆڵەت وەهان، بۆیە پێویستە بچووکترین هەل کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی دوژمن لە دەست نەدات. ئەمە هێڵە پانەکانی بەرنامەی خانە پاشا بوون لە بواری رامیاریی و سەربازیدا، لایەنی ئاوەدانیشی پشتگوێ نەخست، لەوماوەیەدا کە لە ئەردەڵان بوو چەند پرۆژەیەکی ئاوەدانی لە شاری سنە ئەنجامدا، بەڵام بەداخەوە کە ئەمانوڵڵا خان لە ١٧٢٦ دا گەڕایەوە هیچ شوێنەوارێکی خانە پاشا و بابانەکانی بەسەر شارەکەوە نەهێشت و تەنانەت ئەو مزگەوتە دوومنارەیەش دەڕووخێنێت کە خانە پاشا لە ١٧٢٥ دا درووستیکردبوو.

لەشکری سەرکەوتووی تورك، لە خۆبایی و لوت لە ئاسمان باوەڕیان وەهابوو هیچ هێزێك خۆی لەبەریاندا راناگرێت و لەشکری تورك هەر سەرکەوتنی بۆ نووسراوە. ئەفغانەکانیش بۆ شکاندنی لوتی تورك و مسۆگەرکردنی سەرکەوتن بە نهێنی پەیوەندی بەخانەپاشای بابان و سەرکردە کوردەکانی نێو لەشکری

تورکە عوسمانییەکانەوە دەکەن، چەردەیەکی قوورسیش پارەیان بۆ دەنێرن و بەڵێنی پلە و پایەی بەرزو سامان و پارە و پولێکی زۆریشیان پێدەدەن. ئەفغانەکان هەربەوەوە نەوەستان، بۆ پشێوی نانەوە و تێکدانی ریزەکانی دوژمن و بڵاوکردنەوەی دڵەڕاوکە و دوودڵی لە نێوانیاندا، چەند زانایەکی ئاینیش دەنێرنە نێو لەشکری تورکەوە بانگی ئاشتیی و برایەتی بدەن بە گوێیاندا. ئەو زانا ئاینیانە رووددەکەنە سەربازەکان و دەڵێن ئێمە شەڕخوازنین و نامانەوێت خوێنی برا موسوڵمانەکانمان برژێت، برا برا بکوژێت، ئێوە لە بری ئەوەی دەستدەخەنە نێو دەستی وڵاتێکی دیان (کریست — مەسیحی) و بەهاوکارییی ئەوان خۆتان دژی ئێمە ئامادە دەکەن، با هەردوولامان خاکی ئێران لە رووسە گاورەکان (کافرەکان) و ئێرانییە لە ئاین وەرگەڕاوەکان (رافیزی)، رزگار بکەین، ئەم پەیامە بەسۆزە کاری خۆیدەکات، بەتایبەتیش کە زاناکانی ئەفغان گوێیان لە بانگ و دەنگی (الله اکبر) دەبێت، گورج و گۆڵ و بێ دوودڵی، شان بەشانی تورکە عوسمانییەکان نوێژ دادەبەستن. ئەم هەڵوێستە چاوەڕوان نەکراوەی ئەفغانەکان، سەربازانی عوسمانی حەپەساند و هەریەکەیان لای خۆیەوە بیرێك دەکاتەوە و بەخۆیدا دەچێتەوە و لەشکرەکە بەگشتیی دڵیان لەو شەڕە سارد دەبێتەوە کەخۆیان بۆ ئامادەکردبوو دژی ەفغانەکان، بەڵام والی نەچووە ژێر ئەو بارە ودەست بۆ ئاشتیی و برایەتی ندرێژناکات و سووربوو لەسەر ئەوەی بەهێزی شمشێر کێشەکە بەلادا بخات، ئەوەبوو ساڵی ١٧٢٦ کە شەڕ دەستیپێکرد، زۆربەی لەشکرەکانی والی، کە نێزیکەی هەشتا هەزار جەنگاوەر دەبوون بەتایبەتیش هێزەکەی کورد بەسەرکردایەتی خانە پاشای بابان، پاشەکشە دەکەن و گۆڕەپانی جەنگەکەیان چۆڵکرد،پشتی لەشکری والیان شکاند،جگە لە ١٢ هەزار قوربانیی بارەگا و بارخانەی چەك و تەقەمەنیی و تۆپخانەش بەتاڵان کەوتنە دەست ئەفغان و کورد. ئەحمەد پاشای والیش بە پەلە پڕوزە پاشماوەی لەشکرە بەزیوەکەی قوتارکرد، هەرچەند زۆری نەخایاند سەرلەنوێ خۆی کۆدەکاتەوە و هێرشی دووەم دەست پێدەکات، بەڵام ئەم جارەش هیچی بۆ نەکرا و بەسەرشۆڕی دەکشێتەوە و ناچار دەبێت مل بۆ وتووێژ و چارەسەری ئاشتی درێژ بکات،سەرئەنجام لەسەر ١٢ دووازدە خاڵ رێکدەکەون. ئەفغانەکان لەگەڵ ئەوەدا لە لایەنی سەربازییەوە کارتی بردنەوەی شەڕەکەیان بەدەستەوە بوو لە کۆبوونەوەکانی ئاشتیی و رێککەوتنەکەشدا بەڵگەی بەهێزو بنبڕیان دەدا بەرووی عوسمانییەکاندا، وەك:

١- ئێمەی ئەفغان نەوەی رۆڵەی ئیسلام خالیدی کوڕی وەلیدین و شیاوترین لە عوسمانییەکان بۆ کورسیی خەلافەت.

٢- ئێمە برا موسوڵمانە ئێرانییەکانمان لە جەورو ستەمی رافزییەکان (شیعە لادەرەکان) رزگارکردووە.

٣- گەلانی ئێران بەویستی خۆیان، ئەشرەفخانیان هەڵبژاردووە بەشای شەرعیی ئێران.

٤- سوڵتانی عوسمانی خەلیفە و پێشەوای ئەو گەلانەیە لە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیدا کۆیکردوونەتەوە، ئەشرەفخانیش شای ئەفغان و ئێرانە و خەلیفە و پێشەوای ئەو گەلانەیە هەڵیانبژاردووە و باوەڕی خۆیان پێداوە، بۆیە پێویستە زوو بە زوو ئەو ناوچانەی ئێران چۆڵبکەن کە لەگەڵ رووسەکاندا داگیرتان کردوون.

بەڵگەکانی زانا ئاینییەکانی ئەفغان و دانانی ئەشرەفخانیش بە خەلیفەی موسوڵمانان، لە رووی رامیاریی و سەربازییەوە ئاسانتر بوو وەك لە سەلماندنی لە رووی شەرع و فیقهەوە و بەرانبەرێن و

زۆرانبازییەکی قووڵ و ئاڵۆزی لە نێوان زانایانی ئاینیی هەردوولادا بەرپاکرد. زانایانی ئاینیی عوسمانیش بەڵگەی پووچەڵکردنەوەی بەڵگە و بۆچوونەکانی زانایانی ئەفغانیان بەجۆرە دەدایەوە:

١- بە پێی دەقی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) ناشێت موسوڵمانان لە یەك کاتدا ملکەچی دوو خەلیفە بن، مەگەر پانتاییەکی یەکجار بەرین و فراوان وەك ئۆقیانووسێك بکەوێتە نێوانیانەوە.

٢- ئەگەر دووکەس لە یەك کاتدا داوای خەلافەت و پێشەوایەتیی بکەن، بە پێی دەقی فەرموودەی (اذا بويع لخليفتين في آن واحد، بايعوا الأولى و اقتلوا الثانية منهما) ئەگەر دووکەس لە یەك کاتدا داوای خەلافەتیان کرد، دەنگ بەیەکەمیان بدەن و دووەمیان بکوژن. ئەمەش لە بەرژەوەندی ئەفغان نەبوو، چونکە ریشی ئەشرەفخانی دەگرتەوە.

وەك وتمان عوسمانییەکان بەناچاریی لەگەڵ ئەفغانەکاندا لەسەر دووازدە خاڵ پێکهاتن کە گرنگەکانی ئەمانەیە:

١- ئەشرەفخان دەبێتە شای ئێران و ئەفغان و جێگری خەلیفەی موسوڵمانان کە ئێستە سوڵتانی عوسمانییە (جێگری پەیامبەر. ن.ك).

٢- سوڵتانی عوسمانیی خەلیفەی موسوڵمانان و پێشەواو رابەری گشت موسوڵمانانی جیهانە[٩١] .

٣- کوردستانی ئەردەڵان، کرماشان، ئازەربایجان، ئەرمەنستان، حوێزە (ئەهواز) موڵکی عوسمانین[٩٢] .

ئەم پەیمانە بەرژەوەندی ئەفغانەکانی بە ئاشکرا پێوەدیاربوو، سەرۆك هۆزێکی ئەفغان، دەست بگرێت بەسەر وڵاتی ئێراندا و بەدان پێدانانی عوسمانییەکان ببێتە شای ئێران و جێگری سوڵتانی عوسمانیش کە جێگری پەیامبەری یەزدانە و سەرتاپای هەرێمەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراست و ئاسیای ناوەند و رۆژهەڵاتی ئەورووپای لە ژێر فەرمانداییە و پەلاماری وڵاتی نەمسا و وڵاتی بەرفراوان و دوورە دەستی چینیش دەدات. سەپاندنی ئەو بڕیارە بەسەر دوژمنێکی وەها بەهێزدا،دەستکەوتێکی مەزن بوو،بۆ ئەفغانەکان (دوابەدوای مۆرکردنی پەیمانەکەش،ئەشرەفخان تاجی شاهانەی ئێران دەکاتە سەری و خانەپاشای بابانیش سنە و ئەردەڵان بێشەڕ چۆڵدەکات)[٩٣] و دەگەرێتەوە وڵاتی بابان کە خالیدی برایی بەسەرەوە دانابوو.

**خانە پاشالەشکری عوسمانییەکان بەگورگانخواردو دەدات؟**

خانەپاشای بابان لە شکرەکەی ئەحمەد پاشای والی بەغدای تووشی شکستێکی سەربازی وەها گەورەکرد لە مێژووی عوسمانییەکاندا بەکارەسات بژمێردرێت، ئەوان لە هەموو مێژووی خۆیاندا هێشتا زەبری وەها کوشندەیان بەرنەکەوتبوو، مەگەر دوواتر، لە شەڕەکانی باڵکاندا کە سێ شەڕی گەورە دەدۆڕێنن و ئەوەندەی شپرزە دەبن سەربازی تورك تەقەیان لەیەکتر دەکرد.

هەندێك لەو باوەڕەدان ئەو هەڵوێستەی خانە پاشا لەژێر کاریگەری زانایانی ئاینیی ئەفغانەکان و بەڵگە بەهێزو سەلمێنەرەکانیاندا بوو، لەم لایەنەوە بۆمان هەیە بپرسین، ئەی کاریگەری سوڵتان و زانا ئاینییەکانی عوسمانی و کوردیان بۆ لەسەر نەبوو، کە هەرچۆنێك بێت سوڵتان لە ئەشرەفخانێکی نەناسراوو نامۆ بە موسوڵمانانی کورد و عەرەب شەرعیترە و کوردیش بەگشتی لە هەر هەموو موسوڵمانان

پتر سەرگەرمی خواپەرستی و ئایینی ئیسلامن و رۆژی پێنج جاران روودەکەنە بارەگای یەزدان و بۆ سەرکەوتن و پایە بەرزی و تەمەن درێژی سولتان دەپارێنەوە و قوربانیشی بۆ دەدەن، تەنانەت مەرجەعیەتی شیعەکانی عێراقیش کە زۆربەیان بەرەگەز ئێرانی بوون، هەتا بۆیان کرابێت رووبەرووی سولتان نەدەبوونەوە و بە موریدەکانیان رادەگەیاند بەرهەڵستیکردنی سولتان نەکەن، لەبەرژەوەندی شیعە نییە، چەند جارێکیش بانگی غەزا و جیهادیان دژی لەشکری بەریتانیادا و هانی شیعەکانیاندەدا بچنە پاڵ لەشکری سولتان، کە جاروباریش ئەو هەڵوێستەیان دەگۆڕی، ئەوە لەسەر خواستی موریدەکانیان و فشاری دەوروبەرەکەدا بوو، چونکە زانایانی شیعە لە هەر پلەو پایەیەکی ئایینیدابن، تاکە سەرچاوەی بژێوی ژیانی خۆیان و خێزانیان موریدەکانیانن، وەك زانایانی سوننە مووچە خۆری میری نین، زانایانی شیعە، شاکانی ئێران و فەرمانڕەواکانی عێراق بەستەمکار و چەوسێنەر دەژمێرن و بەهیچ جۆرێك نزیکیان نابنەوە.

ناصیرەدین شای ئێران کە دێتە نەجەف و کەربەلا، موحەممەد یەزدی ناچێت بە پیریەوە، دووای هەزار پاڕانەوە و دەست ماچککردن بەوە رازیدەبێت شا ببینێت، بەڵام رازی نەبوو شا بە پێی خۆی بێتە ماڵەکەی و بەخزمەتی بگات! ئەم جۆرە هەڵوێستانە شایانی تێڕامانن و نابێت هەروا ئاسایی بەسەرماندا تێپەڕێت، شیعەکان دەبوو لە رووی ستراتیژی ئاینیی خۆیانەوە روو لە شاکانی ئێران و ئاینزای سوونەش نەکەن کە بناغەی رژێمەکەی سوڵتانەکانی عوسمانی بوون و بەردەوام هەوڵیاندەدا عێراق سیمای شیعەگەری پێوە دیارنەبێت و لە هەردوولایەنی رامیاری و ئاینییەوە تەنها ژێر فەرمانی خۆیان بن، بە توونديش بەرەنگاری هەرهەوڵ و کۆششێکی پێچەوانەیان دەکرد، کەواتە دەتوانین هاندەرە سەرەکییەکانی ئەو هەڵوێستەی خانە پاشا لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە:

١- خانەپاشا وەك هەر هەموو میرەکانی کورد، چاك شارەزای دەستەڵاتدارانی تورك بوون، بەتایبەتیش والییەکانی بەغدا کە هەتا سەر دۆستی هیچ میرێك نەبوون، بۆیە خانەپاشاش لێیان دوودڵ بوو، هیوایەکیشی پێیان نەبوو.

٢- ئەگەر برایەتیی و هاورەگەزیی و هاوڕیشەیی زمان و پێکەوە گونجان و ژیانی لەگەڵ ئەفغانەکاندا لەبەرچاوگرتبێت، بەتایبەتیش نە رۆژێك لە رۆژان خاکی کوردیان داگیر کردووە و نەخوێن کەوتۆتە نێوانیان و نەرق و کینەشیان لە دڵدایە بەرامبەر یەکتر، بەڵکو خۆیان بەخزم دەزانن.

٣- تۆڵەسەندنەوەی خوێنی بەناحەق رژێنراوی بابە سلێمان و حەڤدە هاوڕێکەی لە ١٧٠٤/١٧٠١ و کوشتنی میربەکر لە ١٧١٥ زاینیدا لە بەغدا. ناڵێین سەردەمی خانە پاشا، سەردەمی زێڕینی بابان بوو، بەڵام بەرێگەی ئامانجەکانی کووردا هەنگاوێکی بەرچاو دەنێت و قۆناغێکی سەختیش دەبڕێت .میرایەتی بابانیش لە سەردەمی هەرە باڵا دەستیی و فراوانیی سنوورەکانیدا بوو:

لە خۆرهەڵاتەوە: مەریوان، سنە، سەقز، بانە.

لە خۆرئاواوە: کۆیە، رانیە، پردێ، هەریر و باتاس.

لە باشوورەوە: زنجیرە چیاکانی حەمرین، بەدرە، جەسسان، مەندەلی.

لە باکوورەوە: زێی گەورەی .

ئەوە لە کاتێکدا کە عوسمانییەکان بۆ ئاسانکردنی بەڕێوەبردنی کوردستانی باشوور، لە ساڵی ١٥١٦ دا ویلایەتی موسڵ و لە ١٥٥٤یشدا ویلایەتی شارەزوور پێکدەهێنن کە شارە گەورەکانی ئەوکاتەی کوردستانی باشووری دەگرتە خۆی، کەرکووك، سلێمانی، هەولێر، و بنکەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی والیش لە کەرکووك بوو، سەرژمێری ئەو سەردەمەی ویلایەتی مووسڵ نازانین، بەڵام بە پێی سەرژمێرەکەی ساڵی ١٩١٢، ژمارەی گشتیی دانیشتوانی ویلایەتەکە ٨٨.٠٠٠ هەزار بووە.

وەك نووسەری (تەئریخی جاف) کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف دەڵێت کوردستانی باشوور لە رووی رامیارییەوە بەسترابوو بەویلایەتی موسڵەوە کە بریتیبوو لە سێ سنجەق:

١ـ سنجەقی ناوەندی موسڵ (مەرکەز) شامیل (هەموو) قەزای (شارەدێ، شارستان) دهۆك، زاخۆ، عیمادیە (ئامێدی)، سنجار (شەنگار) و عەقرە (ئاکرێ) بوو[٩٤] .

٢ـ سنجەقی کەرکووك: شامیل (هەموو) قەزا (شارەدێ، شارنشین) هەولێر، رانیە، رەواندز تا کۆیسنجەق و کفری بوو.

٣ـ سنجەقی سلێمانی: شامیل (هەموو) قەزای (شارەدێ، شارستان) بازیان، هەڵەبجە، شەهرەزوور، مەرگە بوو، بەفەرمانی والی بەغدا دەجووڵانەوە[٩٥].

ساڵی ١٧٣٢ز، نادر شا، سەرتاپای وڵاتی ئێران لە دوژمنان پاکدەکاتەوە، هەربەوەشەوە راناوەستێت، بەنێو کوردستاندا لەشکرێك بەڕێدەکات بەرەو بەغدا بۆ دەستبەسەرداگرتنی، خانەپاشاش دەیزانی بەرەنگاریی ئەو لەشکرە بەهێزەی بۆ ناکرێت، ژیرانە، نە شەڕی خۆترێن دەکات و نە خوێنی کوردی ئەردەڵان و بابانیش دەڕێژێت، بێشەڕ و کوشتار بەرەودووا دەکشێتەوە بۆ بابان و هەرلەوصاڵەشدا لە رووداوێکی نادیاردا هیواو ئاواتەکانی بەناکامی دەباتە ژێر گڵ، مێژوونووسان هەتا رادەیەکی زۆر لەسەر ساڵی رووداوەکە کۆکن، بە بۆچوونی مامۆستا حوسەین حوزنی موکریانی ١٧٣٢ بووە، رەنجووری و مەستورەی ئەردەڵانیش دەڵێن ١٧٣٠ بووە، پێدەچێت بۆچوونەکەی مامۆستا حوزنی موکریانی راستتر بێت کە دەکاتە هەمان ساڵی لەشکرکێشییەکەی نادر شا بۆ گرتنی بەغدا. بەڵام مێژوونووسان لە بارەی شوێن و چۆنیەتی رووداوەکە شتێکی ئەوتۆیان بەدەستەوە نەداوە. مامۆستا حوزنی موکریانی دەڵێت ئێرانییەکان داگیرکردنی شاری سنەیان لە دڵگرتبوو، بەفێڵ و تەڵەکەبازی خانە پاشا فریودەدەن و دەستگیریدەکەن و ساڵی ١٧٣٢ شەوێك لە خەودا دەیخنکێنن. ئەمە پەندێکە کە پێویستە چەند وانەیەکی لێوە فێربین و چەند بارەمان نەکردایەتەوە. کورد بە درێژایی مێژووە پڕ لە کارەساتەکانی، ئەوەی بەخوێن دەستیکەوتووە، هەمیشە دوژمنان بە چاوڕاوو لە خشتەبردن سەندوویانەتەوە و پاڵەوانی دەستکەوتەکانیش سەریان تێداچووە، یا پەنایان بردۆتە بەر گفتوگۆ و رێککەوتن و بەپەیمانێکی پووچەڵ و بێبناغە دەستخەرۆیان کردووە.

## دەرکەوتنی نادر شا

نووسەر و رۆژنامەنووسی گەورەی عەرەب موحەممەد حەسەنەین هەیکەل لە بارەی ئێرانییەکانەوە دەڵێت:

ئێران هەر لە دێر زەمانەوە، ناوبەناو گیرۆدەی داگیرکردن و ژێر دەستەیی دەبوون، ئێرانییەکانیش خویان بە ژێر دەستییەوە گرتووە و لەگەڵیدا راهاتوون و هەموو جارێکیش هەوڵیانداوە داگیرکارێك یا زۆردارێك بە یەکێکی دیکە بگۆڕنەوە) ئەم بۆچوونەی هەیکەل هەرچەند هەتا رأدەیەکی زۆر راستی پێکاوە، بەڵام هەموو جارێکیش کەسێکی تێدا هەڵکەوتووە و وڵات لە داگیرکاران رزگار بکات و هێزو دەستەڵاتی خۆی بسەپێنێت. ئەمجارەش کەسێکی نەناسراو بە نێوی نادر قولیخان پەیدا بوو، تەمەنی منداڵیی و هەرزەکاریی بە شوانی بەرغەل و مەڕومالات بەسەردەبات و دوواتریش دەبێتە جەردە و رێگر و کۆمەڵێك پیاو خراپ لە خۆی کۆدەکاتەوە و رۆژ لە دووای رۆژیش ژمارەیان هەڵدەکشێت، نادر لە ماوەیەکی کورتدا هێزێکی چەکداری مامناوەندییان لێپێکدەهێنێت، بۆئەوەی مۆرکی جەردەیی و پیاوخراپیش لە خۆی دووربخاتەوە و بەنیشتمان پەروەر بناسرێت، دەچێتە پاڵ شا تەهماسەب(تەهمان سپی). بارودۆخی ئێران ئەو دەمە بۆ نادر زۆر لە بار بوو، وڵاتی ئێران کەرتوپەرت و شێرازەی بەڕێوەبردن پچڕابوو، لاوازی و کەمدەستیی شا تەهماسەب و سازشەکانی بەرامبەر دوژمن و دەستەهەڵگرتنی لە ئەرمەنستان و گورجستان بۆ قەیسەری رووسیا، رێگە بۆ نادر خۆشدەکەن ناوبانگ دەربکات و جێگەدەستی دیار بێت و بنکەیەکی جەماوەری فراوان پەیدا بکات و پلە لە دووای پلە بە پەیژەی دەستەڵاتدا سەربکەوێت. هێزە چەکدارەکانی نادر تێکەڵ بوو لە تورکمان، قاجار، کوردە قۆچانییەکان، هێزێکی جەنگاوەر و شەڕزان و دەستوەشێن بوون، بوونی خۆی سەلماند و جێگە دەستی بە رووداوەکانەوە دیاربوو، دووای زنجیرەیەك سەرکەوتن بەسەر داگیرکارانی وڵاتدا، نادر قولیخان ئاڵای رزگارکردنی ئێران بڵند دەکات و لە ساڵی ١٧٢٩ دا ئەفغانەکانی بەرەو دووا راونا، لە ١٧٣١ یشدا عوسمانییەکان لە شاری هەمەدان و بەشی خۆرئاوای کرماشان دەردەپەڕێنێت (هەرچەند عوسمانییەکان هەر ئەو ساڵە کرماشانیان لێسەندەوە) و هێزەکانی رووسیای قەیسەریش لە باکووری ئێران وەدەردەنێت و ئەمجارە شاری گەورەی ئەصفەهانیش رزگار دەکات کە حەوت ساڵ بوو لە ژێر دەستی ئەفغانەکاندا بوو. نادر بەوەشەوە راناوەستێت بە لەشکرێکی قەبەوە لە هەردوو قۆڵی کرماشان، خانەقین و قەڵاچوالان — سووررداشەوە بەرەو بەغدا پێشڕەوی دەکات و لە شەڕەکەی دووجەیل ١٧٣٣ دەشکێت و لە شەڕەکەی لەیلاندا سەردەکەوێت[٩٦].

بەمجۆرە نادر قولیخان شکست و پاشەکشە و سازشەکانی شا تەهماسەب (تەهمان سپی)دەگۆڕێتەوە بەسەرکەوتن و لە دوواهەمین شەڕیشدا لەگەڵ ئەفغانەکاندا ئەشرەفخان دەکوژرێت و نادر بێ منەت دەبێتە سوپاساڵری لەشکرەکانی ئێران هەرچەند شا تەهماسەب نەیدەویست بکەوێتە ژێر گوشاری ناووناوبانگی نادر و سەرکەوتنەکانییەوە بەسەر دوژمناندا.

شا تەهماسەب و نادر قولیخان لە چەند لایەنێکەوە زۆر لە یەکتر جیاواز بوون:

١- شا تەهماسەب لە بنەماڵەی شاکانی ئێران و کوڕی شا سوڵتان حوسەین بوو، بەڵام نادر رابوردوویەکی پوخڵی هەبوو،لە خێزانێکی چینەکانی هەرە خوارەوەش بوو.

٢- تەهماسەب (تەهمان سپی)دەستەپاچە و نەرمو بێوەی بوو، نادر کارزان و لێهاتوو دەستوەشێن بوو.

٣- شا تەهماسەب دەیویست کێشەکان لەگەڵ دراوسێکانیدا بە ئاشتی ببڕێنێتەوە، نادر باوەڕی وەها بوو

دوژمن و داگیرکارانی ئێران بەتایبەتیش تورك لە زمانی ئاشتیی و پێکەوە ژیان تێناگەن و هەمیشە بەزمانی شمشێر و هەڕەشە و پەلامار دەدوێن. ڕاستیشی دەکرد، سولّتان سەلیمی یەکەم بە شانازییەوە دەیوت: شەووڕۆژ ئەسپەکانمان زینکراون و شمشێرەکانمان خۆیان لە کالاندا ڕاناگرن!.

٤- نادر سەرکەوتنەکانی کردبووە پەیژە و پێیدا سەردەکەوت بۆ لوتکەی دەستەلاّت، تەهماسەبیش نەیدەویست ئێرانییەکان پاکردنەوەی ئێران لە دوژمنان لە چاوی نادر بناسن، بۆیە هەولّیدەدا بەهەرشێوەیەك بێت بە پێی ڕێککەوتنێك کە مۆری خۆیی پێوەبێت دوژمن لە ئێران دووربخاتەوە، بەلاّم نادر بواری بۆ ناهێلّێتەوە، کوردستان، کرماشان، بەشێکی ئازەربایجانی ڕزگارکرد و لەشکری عوسمانیی تەفر و تووناکرد.ئەو ڕووداوە بەجۆرێك لە ئەستەموولّ دەنگیدایەوە دەبێتە هۆی داگرتنی سولّتان ئەحمەدی سێیەم و دانانی سولّتان مەحموودی یەکەم لە جێگەیدا، نادر تا دەهات بەهێزتر و دەستەلاّتیشی فراوانتر دەبوو بەسەر ولاّت و خودی شای ئێرانیشدا کە نەك هەر نەیتوانی عوسمانییەکان دووربخاتەوە بەلّکو ئەو ناوچانەشی لەدەست دەدا کە نادر بەشەڕ ڕزگاریکردبوون.. سالّی ١٧٣١ز. بەهاوکاریی کورد دەستیان بەسەر هەموو ئەو ناوچانەدا گرتەوە کە نادر ڕزگاری کردبوون و هەتا ماوەیەك لە نێوان ئەو دوو دەوولّەتەدا دەستاودەستیان دەکرد و لایەکیان نەیدەتوانی ماوەیەکی درێژ تێیاندا بمێنێتەوە، بۆیە نادر ناچار بوو سنوورێك بۆ ئەم بێئارامییە دابنێت، چەند هەنگاوێکی گرنگ هەلّدەنێت:

١- سولّتانی عوسمانی ئاگادار دەکات کە سازشەکانی شا تەهماسەب لەو ناوچانەی بە خوێن و قوربانیدان گرتوومانن، بایەخێکیان نییە و ئێمە پابەندیان نابین و پێویستە بە زوترین کات چۆلّیان بکەن، جا شەڕ هەلّدەبژێرن یا ئاشتی؟

٢- شا تەهماسەب لێدەخات و خۆی دەکاتە چاودێر و جێگر (ئەتا بەگ) ی کوڕە شەش سالاّنەکەی بە نێوی تەهماسەبی دووەم.

٣- پەیمانەکانی سالّی ١٧٢١ نێوان ڕووسیا و عوسمانی پووچەلّ دەکاتەوە لە جێگەیاندا پەیمانی چۆلّکردنی ئێرانی لەگەلّدا مۆرکردن(٩٧).

نادر قولیخان سەرکردەیەکی هەلّکەوتووی ڕۆژگارەکەی بوو، بەجەرگ و لێزان و بەرچاوڕوون بوو، دەیزانی چیدەوێت و چۆنیش بەئامانج و مەبەستەکانی دەگات.

لێرەدا دەتوانین بەراووردێك لە نێوان نادر قولیخان و مستەفا کەمالدا بکەین کە وەك دوودیوی پارەیەك دێنە بەرچاوو:

١- نادر ئێرانی نەبوو، بەڕەچەلّەك تورکمان بوو کەچی دەبێتە دوژمنێکی سەرسەختی تورك و ئالاّی بەرگریی و ڕزگارکردنی ئێران بەڕوویاندا بەرز دەکاتەوە.

٢- مستەفا کەمالیش بەرەچەلّەك تورك(ترك) نەبوو، باوکی جوولەکە و دایکیشی یۆنانی بوو، هەر لە یۆنان و لە شاری سالۆنیك لە دایك بووە، کەچی دوژمنێکی سەرسەختی یۆنانەکان بوو، قوربانییەکی زۆریش دەدات بۆ بەرەو دووا گێڕانەوەیان و ڕزگارکردنی تورکیا لە دەستیان لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهاندا.

٣- هەردووکیان سەرەتا نەناسراوو سەرلێشێواو، لە دوو خێزانی دەست کورت و بێ ناوونیشان، بە هەوڵ و کۆشش و لێهاتوویی خۆیان دێنە پێشەوە و هەتا لوتکەی دەسەڵات راناوەستن.

٤- نادر، شای ئێران لە شایەتی دەخات و بەگوێی ئەوروپای دیان (کریست — مەسیحی) و دەوڵەتی عوسمانی سوننەدا دەچرپێنێت کە هیچ گرنگییەك بە ئایین و ئاینزا و یاساکانی شەرع نادات.

٥- مستەفا کەمالیش کۆتایی بە دەسەڵاتی سوڵتان و پێنج سەد ساڵ تەمەنی رژێمی خەلافەت دەهێنێت.

بەڵام نادر شا بەرهەمی رەنج و سەرکەوتنەکانی نەخوارد وەك مستەفا کەمال کە ١٩٢٢ دەبێتە یەکەمین سەرۆك کۆماری تورکیای نوێ، نادرشای ئێران لە کات و شوێنی خۆیدا دەجووڵا و هەنگاویدەنا، پشت ئەستوور بە دەستکەوت و سەرکەوتنە سەربازییە مەزنەکانی و بنکە جەماوەرییە فراوانەکەی، یەکێك لەو هەنگاوانەی داوای بەستنی کۆنگرەیەکی میللی فراواندەکات، کۆنسوڵەکانی وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیاش لە ئێران، بانگدەکات، لەو کۆنگرەیەدا رووەدەکاتە ئامادەبووان و دەڵێت: لە نێو خۆتاندا راوێژبکەن و بۆچوونەکانتان یەکبخەن و دەنگەکانتان بکەنە یەك دەنگ، کەسێك هەڵبژێرن شیاوی تاج و تەختی شاهانەی ئێران بێت. نادر وەك قارەمانێکی نەتەوەیی و رۆڵەی رۆژانی تەنگانە و ژێر دەستی بێگانە خۆیی پیشاندەدا، کە ئەرکی سەرشانی بەجێهانیوە و وڵات سەربەخۆیە و ئەمیش چاوەڕوانی پاداشت ناکات و چاوی لە پلە و پایە و کورسی فەرمانڕەوایی نییە و دەچێتەوە ماڵی خۆی، بەڵام کە دەبینێت کۆنگرە بەتێکرای دەنگەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن هیچ کەسێك لەو شیاوتر نییە و هەر ئەو هەڵدەبژێرن، سێ مەرج دادەنێت:

١- جنێودانو سوکایەتیکردن بەیارانی پەیامبەر، ئەبووبەکر، عومەر، عوسمان، بڕای بڕ قەدەغەیە.

٢- بەهیچ جۆرێك رێگە بەکەسێکی سەر بەبنەماڵەی صەفەوییەکان نەدەن بگەڕێنەوە سەرکار.

پەیمانیش بدەن دڵسۆزو پشتیوانی راستەقینەی خۆیی و کوڕا و کوڕ و بنەماڵەی ئەفشارەکان بن.

گەلانی ئێران هەموو مەرجەکانی پەسەند دەکەن و پەیمانی جێبەجێکردنیان دەدەن و نادر قولیخان ساڵی ١٧٣٥ دەبێتە شای ئێران و لە ١٧٣٥ دا بەنێوی نادر شای ئەفشار دەچێتە سەرتەخت و تاجی شاهانە لەسەر دەنێت.

نادر شای ئەفشار بۆ پیشاندانی هێزو توانای سەربازی ئێران و باڵا دەستی خۆی بەدۆست و دوژمن، ساڵی ١٧٤٠ پەلاماری وڵاتی هندستان دەدات و بەتەواوی دەستی بەسەردا دەگرێت، شای هندستانیش، شا موحەممەدی مەغۆلی بە دیلی دەکەوێتە بەرپێی نادر شا و گەنجینە پڕ لە گەوهەر و زمروت و ئەڵماس و بەردە بەنرخە زۆر دەگمەن و نایابەکان دەخاتە بەردەستی نادر شا، تەختی تاوس (عرش الطاووس) ی بەنێوبانگ و پارچە ئەڵماسە گەورە و هەرە درەوشاوەکەی بەکۆهینور ناسراوە و بەهیچ سامانێك مەزەندە ناکرێت کەوتنە بندەستی نادر شا[٩٨].

کۆهینور دوواتر دەکەوێتە دەست ئینگلیزەکان و دەبێتە بەنرخترین ئەو پارچە گەوهەرانەی تاجی شاهانەی بەریتانیا دەڕازێننەوە.

نادر شای ئەفشار دووای ئەم سەرکەوتنە مەزنانە، دەستی برایەتی بۆ سولڵتانی عوسمانی درێژدەکات و بۆ پیشاندانی هەستی دۆستایەتی و نیازپاکی، لە پاڵ پەیوەندیکردن و نزیکبوونەوەدا کۆمەڵێك دیاری پێشکەش دەکات کە بریتیبوون لە (یازدە فیل و ٣٠٠٠ سی ٰهەزار کۆیلە و بەرابەری ١٥٠٠ هەزارو پێنج سەد سوار رەوانەیاندەکات کە پێدەچێت فیلەکانیش هەر لە دەستکەوتەکانی داگیرکردنی هندستان بووبن، جگە لەمانە نادر شا پێشدەستییەکی دیکەش دەکات، ئارامگا (مەرقەد — مرقد) ی ئەبی حەنیفە لە بەغدا و ئارامگاکانی کازمەین و نەجەف و کەربەلاش لەو دیارییانە بێبەش ناکات، گومەز و منارەکەی نەجەفیش زێرپۆش دەکات کە ٢٠٠ دووصەد زێرینکار و وەستای شارەزا و دەسترەنگینی چینیی، هندیی، عوسمانیی(نەك تورك)، ئێرانیی و عەرەب کاریان تێدادەکرد.

نادر شا دووای ئەو پشی پشییەی بۆ عوسمانییەکانی کرد، لە صاڵی ١٧٤٣ دا، داوا لە سولڵتان دەکات بەفەرمی دان بە رێبازی جەعفەریدا بنێت، جەعفەری صادق بە پێنجەمین پێشەوای موسوڵمانان بناسن، بەڵام کە سولڵتان بابەتەکە رووبەرووی زانا ئاینییەکان دەکاتەوە، زۆر بەڕاشکاوی دەڵێن شیعەکان گومڕان (مارق) و کوشتنیان حەڵاڵە، عوسمانییەکان بەم کارە، بەڵگە و بیانوویان دایە دەست نادر شا، لایەنی ئاشتی چۆڵبکات و خۆی بۆ شەڕ ئامادە بکات. نێوان صاڵانی ١٧٤١ — ١٧٤٣ بەهێرشێکی کتوپڕ لە قۆڵی مەندەلی و شارەزوورەوە پەلاماری کوردستانی باشوور دەدات و هەردوو شاری کەرکووك و هەولێر بەئاسانی داگیر دەکات، لەوێشەوە روودەکاتە شاری مووسڵ و دەیخاتە ژێر ئابڵووقەوە، بەڵام دانیشتوانی شارەکە بەرەنگارییەکی مەردانە دەکەن و شار بەدەستەوە نادەن، نادریش دەکشێتەوە و روودەکاتە بەغدا[٩٩] . سەرەتای هێرشەکەی نادر شا، خالید پاشای بابان لە سنوورەکانی نێوان ئێران — عێراق (کوردستانی باشوور) و لە ناوچەی سەردەشت بەربە لەشکرەکەی نادر شا دەگرێت، بەڵام گوڕ و تین و هێزی ئەو لەشکرە سەرگەرمە، لەوەدا نەبوو هەڵوێستە بۆ هێزەکەی خالید پاشا بکات، بەناویدا تێدەپەڕێت و پەرش و بڵاویان دەکات، خالیدیش لە رێگەی کشانەوەدا بەرەو موصڵ نەخۆش دەکەوێت و هەر ئەو صاڵەش (١٧٤١) لە شاری ئورفە کۆچی دوایی دەکات[١٠٠]. (١٧٤٣ دروستە، چونکە سەلیم لەوصاڵەدا دووای خانەپاشا بووە بە میری بابان (ن.ك) لە شەڕەکانی صاڵی ١٧٤٥ یشدا، عوسمانییەکان لە نزیك ئەرمینیا تووشی شکستێکی گەورە دەبن و لە ١٧٤٧/٣/٢١ ئاگر بەست رادەگەیەنن و دەستدەکەن بە گفتوگۆ و رێککەوتن، بەڵام زۆری نەخایاند، لە ١٧٤٧/٦/٢٠ نادر شا تیرۆر دەکرێت، راو بۆچوونی جیاوازیش زۆرن لەسەر هۆکاری تیرۆرکردنەکەی، دەڵێن شا بڕیار دەدات پلەو پایە بەرزەکانی لەشکر بە ئوزبەکیی و تورکمانەکان بسپێرێت و سەرکردە ئێرانییەکان دووربخاتەوە، ئەوانیش دەکەونە پلاندانان بۆ تۆڵە سەندنەوە، یا بەدەستی تۆڵەسێنێکی کورد تیرۆرکرا کە لە بەرگی دەروێشێکدا خۆی دەگەیەنێتە کۆشکی تایبەتی و لە باخچەکەدا قەمەیەك لە سەر دڵی دەچەقێنێت. ئەمین زەکی لەوبارەیەوە دەڵێت: کورد رقیان لە نادر شا بوو بەهۆی کرداری نابەجێ و زۆر و ستەمی بێئەندازەیەوە بەرامبەریان[١٠١]، نادر شا لە هۆزی قرخلوی سەربە ئێلی ئەفشارە کە تورکمانن، بەوپێیە بەرەگەز ئێرانی نییە، بە ئاینزاش سوننەیە و بۆتە شای ئێرانییەکان کە زۆربەی هەرە زۆریان لە سەردەمی صەفەوییەکانەوە دەستبەرداری

ڕێبازی سوننە دەبن و دەچنە سەر ڕێبازی شیعە. نادر شا خۆی بەهیچ ڕەگەز و ئاین و ئاینزایەکەوە نەدەبەستەوە، کە دژایەتی و سوکایەتی پێکردنی سێ خەلیفەکەی پەیامبەریشی دەکرد یا، صاڵیادی عاشورا و شینی حوسەینی دەکرد کە صەفەوییەکان دایانهێنابوو، هەربۆ ئەوە بوو صەفەوییەکان لە بیر گەلانی ئێران بباتەوە و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان بسڕێتەوە. نادر شا هەوڵیدەدا ئاینێکی نوێی ئاوێتە بدۆزێتەوە و لاسایی پێشەوای بەنێوبانگی هندستان ئەکبەر شای دەکردەوە کە توانی ئاینێکی نوێ بخاتە بەردەست هندەکان کە هەموویان خۆیانی تێدا ببیننەوە.

نادر شا، سەرکردە و پێشەوایەکی لێهاتوو بوو، دروست لە ڕۆژگاری خۆیدا هەڵکەوت، ووره و توانایەکی بەهێزو لە ڕادەبەدەری هەبوو، بە زۆر و بە خوایشت خۆی دەسەپێنێت، لەوڕۆژگارە ڕەشەی ئێران و لەو پشێوی و پاشاگەردانییەی گەلانی ئێرانی تێکەوتبوو، نادر گەشبین بوو، هەل و مەرجەکانی هەڵدەسەنگاند، هەنگاوی دەنا و دەیزانی چیدەوێت و چیدەکات و ئەفغان، رووس، عوسمانی و کوردیش هەریەکە و بە پێی هێزو توانای سەربازی خۆیان و پێراگەیشتن، بەشێکی لە ئێران پچڕیبوو، نادر لە ڕۆژگارێکی وەهادا دەرکەوت، ئەوانەی لە هەل و مەرجی مێژوویی وەها ئاڵۆزو دژواردا دەردەکەون و دەگەنە ئامانج مرۆڤی سادە و ئاسایی نین، هەموو ڕێگایەك دەگرنەبەر و سڵ لە هیچ ناکەنەوە، بلدۆزەر ئاسا، بەردەمی خۆیان تەختدەکەن، خوێن وەکو ئاو دەبینن و مرۆڤ وەك ئاژەڵ، خۆ نادر شا لە ڕەوشتی هاوشانەکانی بەدەر نییە، مەگەر هەموویان یەك توخمن، مەگەر سیمای ڕەنگ و وڵات و نەتەوە و زمانیان جیاواز بێت ئەگینا یەکخامن و جوتلانەی یەکتر، ئەسکەندەری مەکەدۆنی، جەنگیزخان، تەیموری لەنگ، هۆلاکۆی مەغۆل، ناپولیۆن، هیتلەر، مۆسۆلۆنی، ستالین، مستەفا کەمال، ڕەزا شای پەهلەوی، چاوچیسکۆ، بۆنۆشی، میلۆسوفیج، سەدام حسێن... هتد.

ئەورووپاییەکان نادر شایان بە ئیمپراتۆری مەزنی فەرەنسا دەچوواند و بەناپۆلیۆنی خۆرهەڵات ناویاندەبرد، بەراستیش بەهەردوولایەنی پۆزەتیف و نێگەتیڤی نازناوەکەوە پڕ بەپێستی بوو، سەرانی ئەوروپاش فرە وەگیانیان خۆشبوو ملۆزمێکی وەها سەر سەخت لە گۆڕەپانەکەدایە بەرامبەر عوسمانییەکان کە بەردەوام مەترسییەکی گەورەن بۆ سەر ئەوروپا.

ئەحمەد پاشای والی بەغدا بەهەڵەدا نەچووبوو کە لەنامەیەکدا بۆ سوڵتانی عوسمانی نووسیوە (کردەوەکانی دوژمن لاساییکردنەوەی هۆلاکۆ و تەیموری لەنگە و خۆی بە هاوشانی ئەوان دەزانێت) (١٠٢). مەبەستی نادر شایە.

نادر شا سەرکردەیەکی سەربازی پڕهونەر بوو، رابەرێکی رامیاری و ئاینی بەئەزموونیش بوو، بەئاڕاستەی هەرسێ ئامانجەکانیش بە پلانی تۆکمە و هێرشی کتوپڕ و لەناکاو هەنگاویدەنا، بەسەرکەوتنەکان لە خۆی بایی نەدەبوو، هەر وەك چۆن کە دەشکا وورەی بەرنەئەدا و نەدەڕووخا. لە بازاری ئایینیدا، بانگەشەی برایەتی موسوڵمان و دیان (کریست — مەسیحی) دەکرد و دەیدا بە گوێی ئەوروپادا، هەوڵی ئەوەشیدەدا شیعە و سوننە لەیەکتر نزیك بکاتەوە و یەکیانبخات وەك لە کۆنگرەکەی نەجەفدا دەردەکەوێت و ببێتە پاڵەوانی ئەنجامدانی ئەوکارە یەکجار گرنگە و تەنانەت هەوڵی ئەوەشیدەدا شارە

پیرۆزەکانی ئێرانیش، شاری قوم و شاری مەشهەد بێنێتە ریزی مەککە و مەدینە و موسوڵمانان زیارەتی ئەوانیش بکەن.شوێنە پیرۆزەکانی عێراقیش لە نەجەف و کەربەلا و کازیمەین و سامەرا، نوێژەنکردنەوەیان و ئاڵتون پۆشکردنی دەرگا و گومەز و منارەکانیان بەوشێوەیەی ئەمڕۆ دەبینرێن هەربە پارە و پوولی ئێرانییەکان بووە.

نادر قولیخان کە صاڵی ١١٤٨ ک/١٧٣٥ز. تاجی شاهانەی نایەسەر بەتاکتیکێکی ژیرانە بەهەنگاوێك چەند ئامانجێکی هێنایەدی:

١- نێزیککردنەوەی شیعە و سوننە لەیەکتر و خاوکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوانیان و جلەوکردنی دەمارگیری و توندڕەوی و توندوتیژی رۆژانەی شیعەکان و پێشکەشکردنی بە سوڵتان وەك نیشانەی نیازپاکیی و دۆستایەتیی.

٢- جیهانی ئیسلام و بەتایبەتیش زاناکانی ئاین دەخاتە بەردەم ئەزموونێکی ناوازە و لەسەر حسابی سوڵتان بەلای خۆیدا رایدەکێشان.

٣- پەیامێکی دا بەگوێی ئەورووپادا، لە بالآ دەستیشدا هەوڵی ئاشتیی و هێمنیی ناوچەکە دەدات و ئەگەر پەلامار نەدرێت پەلامار نادات و ئەوە هەر سوڵتانەکانی عوسمانین بوونەتە هۆی ناکۆکی و جەنگ و بێئارامیی وخوێن رشتن لەناوچەکەدا، ئەوەتا سوڵتانەکان سەرلەبەری ئەورووپای رۆژهەلآت و ناوچەکانی قەفقاسیان گرتووە و ملیان پێوەناوە بەرە و نەمسا و گەمارۆی ڤییەننای پایتەخت دەدەن و چاویان تێرنابێت پەلاماری ولآتی فراوان و دوورەدەست و لە گرتن نەهاتووی چینیش دەدەن کە لەشکری ئیسلام لە هەرەتی هێزو بالآ دەستیدا لەبەردەم شوورا و قەلآ سەختەکانیدا دۆشدامان و گەڕانەوە. پەیامبەری یەزدان ئەو ولآتە بەنموونەی دووردەستی و سەختی و دژواری دەهێنێتەوە کە دەفەرموێ: (أطلبوا العلم و لو في الصين) بەدووای خوێندن و زانستدا بڕۆن ئەگەر لە ولآتی چینیش دەستکەوێت.

نادر شاو سەرانی ئەوروپا لەمەڕ هەڕەشەو مەترسییەکانی عوسمانییەکاندا هاودەنگ بوون، ئابلۆقەدانی ڤییەننا ترسێکی راستەقینەی خستە دڵیانەوە، کەوتنی ڤییەننا هەموو ئەورووپای رۆژئاواش دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە دەبێت هاوکاری تەواوی ئێران بکەن لە هەموو روویەکەوە، قەیسەری رووسیاش ئامادەبوو هاوکارییکات.

یەکێك لە پەند و ئامۆژگارییەکانی مێژوو ئەوەیە، زۆرداره ملهوڕەکان سەرهەڵدان و دەرکەوتن و رێڕەوی ژیانیان چۆنیەك و هاوشێوەیە، تەنها کۆتایی و چارەنووسیان جیاوازە، هەربۆنموونە، ناپۆلیۆن ١٧٩٨ بەدەستبەسەری رەوانەی دۆرگەی ئیلیا دەکرێت و ١٨١٥ بەتەواوی دەکەوێت و لە دوورە ولآتی سەرینایەوە، نادر شا تیرۆرکرا، هیتلەر خۆی دەکوژێت، ستالین گۆڕبەگۆڕ کرا، رەزا شای پەهلەوی و حەمە رەزا شای کوڕی گۆڕ غەریب بوون، دووایین قەیسەری رووسیا لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا بەخاووخێزانەوە گوللەباران کران، چاوچیسکۆ کەوتە بەردەست جەماوەری راپەڕیو پارچە پارچەیانکرد، میلۆسۆڤیج لە زینداندا مرد، سەددام حوسەین ملی بووبە پەتی سێدارەوە.....

ئەوەندەی من بەدەستکورتی خۆمەوە بیزانم، دوو کەڵەپیاوی مەزن، هاوژینی نادر شا، ئازا و بێدوڵیی و

بەڕاشکاویی ملیان بۆکەچنەکردووە و لە ڕوویداوەستاون و بەرپەرچیشیانداوەتەوە، لە نێو کوردانـدا، زانـای ئاینیی ناسراو شێخ حەسەنی گڵەزەردە و لەنێو عەرەبیشدا زانای ئاینیی شیعە محەممەد یەزدیی.

شێخ حەسـەنی گڵـەزەردە ١٦٧٧ – ١٧٦٢ زانایـەکی ئـاینیی بـەنێوبانگ و شـێخی ڕێبـازی قادرییـە، موسـوڵمانێکی ڕاسـتەقینە و خواناسـێکی پاکـە (یـأمر بـالمعروف و ینهـی عـن المنکـر) ڕێگـەی چـاکە پیشاندەدات و ڕێگە لە خراپەکاریی دەگرێت. ئازا و بوێر، بێ پشتوو پەنا، وەڵامێکی نامەکـەی نـادر شـا دەداتەوە مەگەر هەر لەو ڕاستیی پەرستانە بوەشێتەوە کە باوەڕیان هەیە بە (ید الله فوق ایـدیهم) دەسـتی یـەزدان لـە دەسـتی زۆرداران بـەکارترە. وەك ئـەمین زەکـی و چـەند سەرچـاوەیەك نووسـیویانە، نـادر شـا نامەیەکی پڕ لـە ڕێـزو نـوازش و هـەمانکات هەرەشـە ئـامێز بـۆ شـێخی گڵـەزەردە دەنێرێـت کـە بچـێتە خزمەتی، شێخ لە وەڵامنامەیەکی پوخت و پڕ مانا و بێپەردەدا، ڕاستییەکان دەدات بەچاویدا و نایـەوێت چـارەی ڕەش و بێـزراوی شـایەکی چـنگ و پـەل خوێنـاوی ببینێـت و وەك شـولکێکی تـەڕ، سـەری لـوتی دەتەزێنێت. لەسەرەتای وەڵامەکەیدا دەنووسێت: (ولا عدوان إلا علی الظالمین) دوژمنکاریی هەر بەرامبەر ستەمکاران دەکرێت. لە کۆتاییشیدا دەنووسێت: (و السلام علی مـن اتبـع الهـدی) سـلاو لەوانـەی ڕێگـەی ڕاستیان گرتووە. ئەوە هەمان ئەو ڕستەیەیە کە پەیامبـەر لـە کۆتـایی نامەکانیـدا دەینووسـی بـۆ مـیر و سەردار و شاکانی دەوروپشت کە بێنەسەر ئاینی ئیسلام، هەر ئەو ڕستە ئاگرینەش بوو کـە صـاڵی ١٩٧٩ ئایەتوڵڵا خومەینی لە کۆتایی وەڵامی نامەکەی صەدام حوسەیندا نووسـیبووی کـە بەبۆنـەی سـەرکەوتنی شۆڕش و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پیرۆزبایی لێکردبوو، صەدامیش کە خوێندییـەوە ئـاگر لە نێو چاوانی دەبێتەوە و بەهاوڕێکانی دەڵێت: وادیارە ئەم پیرە خەڵەفاوە ئێمە بە موسوڵمان نازانێت. لەو باوەڕەدام هەر ئەوەش یـەکێك لـەو چەخماخانە بـوو ئـاگری شـەڕێکی هەڵگیرسـاند هەشـت صـاڵی ڕەبـەق دروێنـەی گیـانی ملیۆنێـك مرۆڤـی گـەلانی ئێـران و عێراقـی کـرد و تـەڕ و وشـکی پێکـەوە دەسـوتاند. لەڕووداوی ئەو دوو وەڵامنامەیەدا، جیاوازییەکـە لـە نێـوان نـادر شـا و صـەدامدا نییـە، لـە نێـوان شـێخ حەسەنی گڵەزەردەیی بێ پشت و پەناو لە نێوان خومەینیدایە کە هەرنـەبێت ٤٢ ملیـۆن ئێرانـی ئامـادەی گیان بەختکردن بوون لە پێناویدا.

## سەلیم پاشای بابان

دووای مردنی خالید پاشای بابان، سەلیم پاشا دەبێتـە مـیری بابـان و کاروبـاری وڵاتـی بابـان سـەربەخۆ بەڕێوەدەبات،خۆی نەدەبەستەوە بە بەرنامەکانی والی بەغداوە،بەڵام کوژرانی چاوەڕوان نەکراوی نـادر شـا، بـاری سـەلیم پاشـا لاسـەنگ دەکـات و دەبێتـە هـۆی سـەرەکیی بێهێزکـردن و تەسـکبوونەوەی سـنووری دەستەڵاتی. لەولاشەوە ئەحمەد پاشای والی بەغدا، دوژمنێکی سەرسەختی لـەکۆڵبووەوە و دەسـتی ئاواڵـە دەبێت بۆ لێدان و (تەمێکردنی) هەردوو نەیارەکەی، لای کوردەوە سەلیم پاشای بابـان و لای عـەرەبیشـەوە میر سەعدون سەرکردەی ڕاپـەڕینی هۆزەکـانی مونتـەفیك ١٧٣٨ – ١٧٤١کـە ئـەویش وەك مـیری بابـان بەئاشکرا لە والی یاخیبوو، سووك و بێ بایەخیش تەماشایدەکرد و بە ڕاشکاوی دەیوت والی بەغدا کێیە و سوڵتانی عوسمانی چییە؟! والی بەغدا هەرچەند نەیتوانی سـەلیم پاشـا بشـکێنێت یـا لەناویبـەرێت، بـەڵام

دەیتوانی لەسەرکار لایبەرێت و دووری بخاتەوە لە دەستەڵات،بڕیاریدا سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشاکە ئامۆزای سەلیم بوو بەمیری بابان دابنێت، ئەوەش بەو هۆیەوە بوو کە خالید پاشا بەردەوام و بێ ئەمبەر و ئەوبەر هەتا مرد لە نێوان عوسمانی و ئێراندا، دۆست و لایەنگری عوسمانیی بوو، والی بەغداش دووای ئەو ئالۆگۆڕە زۆر نەژیا، ئەویش هەر ئەو ساڵە (١٧٤٧) بەدووای نادر شادا بوو بە قوربانی مێشوولەی شارەزوور و بەنەخۆشیی (مەلاریا)کۆچیدوایی کرد و سلێمان کەهیە (شەوگەڕ)دەکرێت بەوالی بەغدا وصالانی نێوان ١٧٤٧ – ١٧٦١ لەو پۆستەدا مایەوە[١٠٣]. والی نوێ ئالۆگۆڕێك لە بەڕێوەبەرایەتیی باباندا دەکات، سلێمان دوور دەخاتەوە و سەلیم دەکاتەوە بە میر! سلێمانیش بە پشتیوانیی میری ئەردەڵان پەلاماری سەلیم دەدات، بەڵام سەرنەکەوت[١٠٤]. کەرکوکلی دەڵێت: سەلیم پاشای بابان بەهۆی پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ ئێراندا لە والی بەغدا یاخیدەبێت و لەگەڵ فەرمانداری کۆیە و هەریردا بانگی جیابوونەوە دەدەن و هەرێمەکانی ژێر دەستیان فراواندەکەن[١٠٥].

ئەم دوو میر و سەردارەی کورد لەو هەوڵەیاندا بەرەنگارییەکی ئازایانەی هێزەکانی والی دەکەن، بەڵام هیچیان بۆ ناکرێت، کوژراوو بریندارێکی زۆریاندا و زۆریشیان بەدیل گیران، سەلیم پاشاش کەڵك لەو پشێویەی سەردەمی فەرمانڕەوایی کەریم خانی زەند وەردەگرێت، روودەکاتە سنوورەکان و بەوهێزەی بەدەستییەوە مابوو شاری سنە داگیر دەکات و هەتا ١٧٥٦ فەرمانڕەوایی تێدا دەکات بەر لەوەی خەسرەو خانی میری ئەردەڵان بگەڕێتەوە و بە پشتیوانیی موحەممەد حەسەن خانی قاجاریی ناحەزی کەریم خان شارەکەی لە دەست دەردەهێنێت و لەوناوە دووری دەخاتەوە.

دووای ئەم شکستە، سەلیم نە لە عێراق و نە لە ئێران (کوردستانی باشوور و خۆرهەڵات) جێگەی نەدەبووەوە و پەناگەیەکی بەدەستەوە نامێنێت. (سلێمان شەوگەڕ)ی والی بەغداش بۆ هەلێکی وەها دەگەڕا، بەفێڵ و تەفرەدان بانگیدەکاتە بەغدا و لە ساڵی ١٧٥٧ دا دەیکوژێت[١٠٦]. ساڵی ١٧٥٠ قووچ پاشای عوسمانی، برایم و حەسەنی کوڕی و سلێمانی برای دەگرێت و لەسەر بڕیاری سلێمان کەهیە(سلێمان شەوگەڕ)سەریان لە لەشیان جوێدەکاتەوە و کەللەسەرەکانیان دەنێرێت بۆ ئەستەمبوڵ و سلێمان کوڕی خالید و ئامۆزای سەلیم دەبێتە میر [١٠٧].

کە نادر شا ١٧٤٧ز. تیرۆر دەکرێت، کەریم خانی زەند سەربازێکی ئاسایی بوو لە سوپای دەوڵەتی ئەفشاردا، بەڵام بەئازایەتیی و زرنگیی خۆی زوو پێشدەکەوێت و پێدەگات، دەست بەسەر وڵاتی ئێراندا دەگرێت و لە ١٧٥٠دا دەوڵەتی زەند دادەمەزرێنێت و شاری شیراز دەکاتە پێتەخت. کەریم خانی زەند پاڵەوانێکی کوردە، بەڵام نە ڕێبازو ئامانجێکی کوردانەی هەبوو نە دەوڵەتی زەندیش مۆرکی کوردەواریی پێوەبوو، تەنانەت خۆی بەشای ئێرانیش نەناساند بەڵکو نازناوی بریکار – جێگر (وکیل) بۆخۆی هەڵدەبژێرێت بەو مانایەی لە جێگەی شای ئێران فەرمانڕەوایی دەکات، بەڵام بارووددۆخی رامیاریی و کۆمەڵایەتی ئێران زۆر شپرزە بوو، مردنی کەریم خان و کەوتنی دەوڵەتی زەندیش لە ١٧٧٩ دا ئەوەندەی دیکە بارودۆخەکە دەشڵەقێنێت و ئێران جۆرە ئارامییەك بە خۆیەوە نابینێت هەتا ساڵی ١٧٩٦ کە ئاغا موحەممەدی قاجاری ژنبرای کەریم خان دێتە سەر کار و دەوڵەتی قاجاری دادەمەزرێنێت کە هەتا کۆتایی

جەنگی یەکەمی جیهانی فەرمانڕەوایی ئێرانیان دەکرد. ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە، لـە سـەردەمی قاجـاردا ئاگری چـەندین سـەدەی جەنگـەکانی نێـوان ئێـران و عوسمانییـەکان کوژانـەوە و سـنوورەکانی نێوانیشـیان دەچەسپێن و ئارام دەبنەوە.

صاڵی ١٧٦١ والی بەغدا، سلێمان کەهیەی شەوگەڕ دەمرێت، پێشتر کوڕەکانی و زاواکانی کۆدەکاتـەوە و رێوشوێنی دوارۆژیان بۆ دادەنێت و دەستە و دامێنیان دەبێت کۆك و تەبابن و پشـتی یـەکتر بەرنـەدەن و دەنگیان یەکبخەن و عـەلی زاوای هەڵبژێرن بە والی، بەڵام راسپاردەکەیان جێبەجێنەکرد و هەرزوو نـاکۆکی دەکەوێتە نێوانیان و هەراو هوریا پەیدا دەبێت و بـەرووددوا عـەلی پاشـا، عومـەر پاشـا، عەبـدوڵڵا پاشـا دەبنە والی بەغدا. عەلی پاشـا لـە مـاوەی فـەرمانڕەوایی خۆیـدا ١٧٦١ – ١٧٦٢ پـەڵپ و بیـانووی بـە سلێمان پاشای بابان دەگرت، داوای باج و خەراجی صاڵانی رابوردووی نێـوان ١٧٤٧ – ١٧٦١ی لێـدەکرد کە سلێمان شەوگەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا لـە بەغـدا بەخشـیبووی و داوای نـەدەکرد. سـلێمان پاشای میری بابانیش نەدەچووە ژێر ئەو بارەگرانە، هەقیشی بوو، بەڵام ئەحمـەد پاشـای بـرای دەچـێتە پـاڵ والی بەغـدا بـۆ پـەلاماردانی سـلێمانی بـرای و لەئەنجامـدا زیـانێکی زۆریـان پێگەیانـدو لـە ١٧٦٥ دا لەشـکرەکەی دەشـکێنن و تۆپخانەکەشـی دەکەوێتـە دەسـت تـورك. ئەحمـەد پاشـاش لـە پاداشـتی ئـەم هاوکارییەدا دەکرێت بەمیری بابان(١٠٨). سلێمان پاشاش دووای ئەو شکستە لە ١٧٦٥دا، پـەنا بـۆ کـەریم خانی زەند دەبات، ئەویش لە دژی موحەممەد حەسەن خانی قاجاریی دۆستی ئەردەڵانییـەکان، دەیکـات بـە میری ئەردەڵان، بەڵام هەرکە دەنگوباسی پێدەگات، ئەحمەدی برای بـۆ هاوکـاریکردنی عـەلی پاشـای والی بەغدا لە پەلاماردانی خێڵە عەرەبە راپەڕیوەکانی بـەنی کـەعب، هێـزی کۆکردۆتـەوە و لـە قەڵاچـوالانەوە کەوتۆتە رێ، ئـەویش بـە هەلیـدەزانێت، ئـەردەڵان جێـدەهێڵێت و بـە هێزێکـەوە خۆیگەیانـدە قەڵاچـوالان داگـیری بکـات، بـەڵام کـە ئەحمـەد لـە شـەڕی هـۆزە عارەبـەکان دەگەڕێتەوە،سـلێمان خـۆی لـە بـەردا ناگرێت،دەگەڕێتەوە ئەردەڵان و چەندێك پیشەکار و وەستا دەسـت رەنگینـەکانیش لـە وڵاتـدا بـوون لەگـەڵ خۆیدا دەیانبات(١٠٩). عەلی پاشـای والـیش لـەو هـەراو هوریایـەی سـاڵی١٧٦٢ی لـە نێـوان لایـەنگران و ناحەزەکانیدا و دانیشتوانی گەڕەکەکانی بەغدادا کەبەسەر ئـەو دوولایەنـەدا دابەشـبووبوون، دەکوژرێـت و عومەر پاشای دۆستی سلێمان پاشای بابان و ناحەزیی ئەحمەدی بـرای دەبێتـە والی بەغـدا و دەموودەسـت ئەحمەد لەسەرکار لا دەبات و سلێمانی برای دەکاتەوە بە میری بابان. ئەم سلێمان پاشایەی مـیری بابان،بـە میر سلێمانی دووەم ناوی دەبەین،گەلێك پرۆژەی خوێندن و زانست و ئاوەدانیی و دروستکردنی مزگـەوت و فێرگەی ئاینیی ئەنجامدا، چاودێریی مامۆسـتا و زاناکـانی دەکـرد، بـژێوی ژیـانی هـەتیوانی دابینـدەکرد، شـوێنی حەوانـە و خـواردن و نوسـتنی میـوان و رێبـوارانی ئامـادەکردبوو، بایـەخی بـە پیشـەکارو پیشـە دەسـتییەکان دەدا، تەنانـەت لـەکاتی شکسـت و کشانەوەشـدا لـە بابـان وەسـتا دەسـت رەنگینـەکانی بـە جێنەدەهێشت . بۆ دابینکردنی ئەو خزمـەتگوزاری و ئەرکـە خێرخوازیانـەش (ئـەوەی هـەیبوو لـە کۆیـە، هەولێر، کەرکوك، مەریوان و دەوروپشتی، تەرخانیکرد بۆ بەرژەوەنـدیی (وەقفکـردن لەسـەر) فێرگـەکانی قەلاچوالان، مزگەوتەکان، فێرکـارە هـەتیوەکان، ئەوانـەی دواهـەمین دە رۆژەکـانی رەمـەزان شـەوانی(لیلە

ألقدر) بەخواپەرستیی رۆژدەکەنەوە، حەواندنەوەی میوان و ریبواران، پیاوچاکان و ریپیشاندەران، تەرجومان و زانایانی شەرع و زمانەوانیی، مزگەوت و فێرگەکەی گوڵعەنبەر بە مامۆستا و فێرکارەوە، فێرگەکانی کۆیە بە مامۆستا و فێرکارەوە، فێرگەکەی هەولێر و مامۆستاکانی، ئەو دوو فێرگەیەش کە لە کەرکوك دروستمانکردوون(١١٠). لە لایەن جەنگ و پێداویستییەکانی شەریشەوە هەولێداوە باروت دروست بکات، ئەمەش مشتومرێکی لە نێوان زانا ئایینییەکان کووردا بە دوواوە بوو، ئاخۆ ئەو کەرەسانەی میر باروتی لێدروستدەکات، تەپاڵە و پشقڵ و ریخ (پاشەڕۆی مەڕ و مالات) پاکن یا پیسن (گلاو). لە ئەنجامدا کێشەکەیان بەوە بەلاداخست، بە پێی تیۆری (الآستحالة تطهر الأعيان النجسة) واتە گۆڕانی شتێك لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی جیاواز پیسی و گلاویی لەسەر لادەبات وەك گۆڕانی پاشەڕۆی ئاژەڵ بۆ باروت و لە باروتیشەوە بۆ دووکەڵ پاکیدەکاتەوە.

مێژوونووسانی سەردەمی سلێمانی دووەم بە چاکە و ستایشەوە لە سەریان نووسیوە و بە پیاو چاك و خواناس و نوێژپاك و لە خوا ترس (صالح، متدين، زاهد) ناویدەهێنن کە لەو دوواییەدا کەڵکەڵەی یاخیبوون دەکەوێتە سەری و لە والی هەڵدەگەڕێتەوە(١١١).

ئەم میرەی بابان، سلێمانی دووەم بە کارەساتێکی چاوەڕوان نەکراو لە رووداوێکی تراژیدیی دڵتەزێندا لە ساڵی ١٧٦٥دا بەناکامیی سەردەنێتەوە(١١٢). (شەوی هەینی مانگی موحەررەم ١١٧٨ك /١٧٦٠ کابرایەك بە نێوی فەقێ برایم خۆیدەگەیەنێتە ژووری نوستنەکەی و، لە شیرین خەودا بەرخەنجەری دەدات و دووای چەند رۆژێك بەو زامانەوە گیان دەسپێرێت، خوالێیخۆشبێت(١١٣). مێژوونووسان تارادەیەك لەسەر شێوە و چۆنیەتیی کوشتنەکەی و ساڵی رووداوەکەش کۆکن، بەڵام هۆکارەکە چییە پاڵی بەو فەقێ برایمەوە ناوە ئەو تاوانە گەورەیە بکات و هەروا ئاسانیش دەرباز بێت بێئەوەی پاسەوانێك، هاوسەرەکەی میر، کەسێك پێیبزانێت؟ دۆستانی میرسلێمانی دووەم و ناحەزانیشی بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەمەڕ هۆکاری کوشتنەکە، مێژوونووسی کورد عەبدولقادر رۆستەمی بابانی لە کتێبەکەیدا(سییەرئەلئەکراد سیرالأکراد)کە بەزمانی فارسیی نووسیویتی و مامۆستای کۆچکردوو کەریمی حوسامی لە ژێر ناونیشانی (رەوشی کوردان)دا کردوویەتی بە کوردی، بەندەش لە وەرگێڕانە کوردییەکەوە بەناونیشانی(کوردستان بساتين بلاأسوار) گۆڕیومەتە سەر زمانی عەرەبیی، هۆکاریی تیرۆرکردنەکە دەگەرێنێتەوە بۆ کێشەیەك لە نێوان ماڵی فەقێ برایم و ناحەزێکیاندا، کێشەکەش دەچێتە بەردەم میر وبەلایدا دەخات، بەڵام فەقێ برایم واهەستدەکات میر سلێمانی دووەم لایەنی دوژمنەکانی گرتووە و لەبەرژەوەندی ئەواندا کێشەکەی براندۆتەوە. بەلای منەوە ئەوە بۆچوونێکی لاوازە، چیرۆکەکەی موحەممەد ئەحمەد مەحموود زۆرتر رێی تێدەچێت و جێگەی باوەڕە، پوختەکەشی بەمجۆرەیە:

بابە سلێمانی بابان دووای ئەوەی ساڵی ١٦٨٩ شاری کەرکوك داگیردەکات و دلاوەر پاشای فەرمانداری شاریش دەکوژرێت، بابە سلێمان ناتوانێت چیتر لە گوندی دارەشمانە بمێنێتەوە، دەگوازێتەوە بۆ قەلاچوالان و داوای خانووەکەی سەید عومەر ئاغا دەکات، ئەویش بۆی چۆڵ ناکات، بابە سلێمانیش دەچێتە سەریان و بە خاوو خێزانەوە قەلاچۆیان دەکات و خانووەکەیان زەوتدەکات و تێیدا دادەنیشێت. دوواتر سەید برایم

کوڕەزای سەید عومەر ئاغا لە تۆڵەی خوێنی باپیریدا، سلێمان پاشای کوڕەزای بابە سلێمان دەکوژێت. لێرەدا جێگەی تێڕامانە، بابە سلێمان ١٦٨٩ شاری کەرکووك دەگرێت و دلاوەر پاشاش دەکوژرێت، ئەوە سەردەمی حەسەن پاشای والی بوو، ئەی چۆن شەڕەکەی کەرکووك لە٩، ١٠ موحەڕەمی١٦٩٢دا روویداوە؟ کوژرانی بابە سلێمان و حەڤدە هەڤاڵەکەشی ١٦٩٨، ١٧٠١، ١٧٠٤روویداوە، بەوەدا جەدید حەسەن پاشا ١٧٠٤ بۆتە والی یەغدا و مەوداکەشی سەردەمی ئەو بوو، کەواتە بابە سلێمان ١٧٠٤ یا دوواتر کوژراوە نەك پێشتر.

کەریم خانی زەند چەند جارێك داوای ماڵ و سامانی میوانە ئێرانییەکانی شوێنە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلا، کازیمەین و سامەرای دەکرد کە بووبوونە قوربانیی پەتای رشانەوەکە و عومەر پاشای والی دەستی بەسەردا گرتبوو، نە والی و نە سولتان بایەخ بە داواکارییەکانی کەریم خان نادەن و نرخێك بۆ پلە و پایەشی دانانێن و بەکەم دەیخوێندنەوە، رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بووبێت چاویان بە کوردێك هەڵنەهاتووە بووبێتە شای ئێران.

کەریم خانیش لەبەرامبەردا لەشکرێك بەسەرکردایەتی عەلی موراد خان و هاوکاریی موحەممەد پاشای بابان دەنێرێتە سەر ناوچەکانی بابان، وەك رەنجووری دەڵێت: دەبێت صالی ١١٨٨ك/ ١٧٧٢ ـ ١٧٧٣ زاین بووبێت. لەشکری زەند لە یەکەمین رووبەڕووبوونەوەدا بەسەر لەشکری باباندا سەردەکەون، بەڵام لە شەڕی دووەمدا لە سەرسیر(بەرزاییەکانی سەرسیرـ پشتی چوارتای شارباژێڕ.ن.ك)دەشکێن و پەرش و بڵاودەبنەوە، عەلی موراد خانی سەرکردەشیان دیل دەکرێت.(١١٤)عومەر پاشای والی لە نێو چوار براکەدا، دوستیی سلێمان و ناحەزیی ئەحمەد، مەحموود، موحەممەد بوو، پلە و پایەی بەرزونزمی پێدەدان و لەیەکتری تیژدەکردن، ئەوانیش هەرچەند لە نێو خۆیاندا ناکۆك بوون، دەمێك بە خۆشیی و دەمێك بە ناحەزیی بەسەریاندەبرد. موحەممەد پلانێك دادەنێت ئەحمەد و مەحموودی برای دەستگیر بکات، ئەحمەد دەگرێت و لە زینداندا توندیدەکات، بەڵام مەحموود بەرنەکەوت،دەربازدەبێت و بە پشتیوانیی والی بەغدا بە هێزێکەوە دەگەڕێتەوە و پەلاماری موحەممەدی برای دەدات و لە بابان دەرییەڕاند و ئەحمەدی براشی لە زیندان رزگارکرد، نەك هەرئەوەندە بەڵکو دەستیش لە مافی خۆی هەڵدەگرێت و ئەحمەد بە میری بابان دادەنێت، کە یەکەمین جار و دووەمین جاریش بوو لە هەموو مێژووی میرایەتی بابان و میرنشینەکانی کورددا، میرێك خۆبەخش و بەویست و ئارەزووی خۆی دەستبەرداری دەستەڵات بێت(١١٥). لەم کاتەدا عوسمانییەکان هەوڵی هێورکردنەوەی گرژیی و ئاڵۆزییەکان بوون لەگەڵ ئێرانی کەریم خاندا، ئەحمەد لەسەر کار لادەبەن و موحەممەدی سەر بەکەریم خان دەکەن بە میری بابان و هەولێریش، هەر بۆ دڵدانەوەی ئێرانییەکانیش عومەر پاشا لە سەرکار لادەبەن. کەریم خانی زەندیش کە دەیزانی ئەو ماستە موویەکی تێدایە پلانێکی دانابوو، وەك رەنجووری دەڵێت: (لە دووقۆڵەوە پەلاماری کەرکووك و سلێمانی دەدات) و لەولاشەوە صالی ١١٨٩ ك/ ١٧٧٣ — ١٧٧٤ گەمارۆی شاری بەسرە دەدات و داگیری دەکات، دەروازەی بالاش (بابی عالیی دەوڵەتی عوسمانیی)بڕیاردەدات لەشکرێك لە بابانەوە پەلاماری ئێران بدات و لە خواریشەوە لەشکرێك بەسەرکردایەتی والی نوێ عەبدوڵلا کەهیە، بەسرا لە دوژمن رزگار بکات(١١٦). ئەم عەبدوڵلا

کەهیەیە دووای لابردنی عومەر پاشا و دوواتر کەکوژرا، دەبێتە والی بەغدا.

لەم چەند ساڵانەی ناحەزیی و ململانێی ئەو برایانەدا ئەحمەد، مەحموود، موحەممەد، سێ رووداو سەرنجرادەکێشن:

١- عومەر پاشای والی بەغدا، رێزێك بۆ ئەحمەد پاشا دانانێت کە دۆست و پشتیوانی خۆیەتی و لەشکری ئێرانی لە (سەرسیر) شکاند، سپڵە و پێنەزان ئەحمەد لادەبات و موحەممەدی برای دەکاتە میری بابان کە نەك ناحەزیی ئەحمەدی برای و والییە، دۆستی کەریم خانی زەندیشە .

٢- کە عەبدوڵڵا کەهیە دەبێتە والی بەغدا، بەهاوکاری ئەحمەد پەلاماری موحەممەد و ئێران دەدات، ئەو دووبرایەش سەنگەر دەگوێزنەوە، موحەممەدی دۆستی هەمیشەیی ئێران و زەند دەچێتە پاڵ عەبدوڵڵا کەهیە و عوسمانییەکان، ئەحمەدی دۆستی هەمیشەیی عوسمانییەکانیش دەچێتە پاڵ ئێران وکەریم خانی زەند.

٣- موحەممەد کە قەڵاچوالان دەگرێت، ئەحمەدی برای دەخاتە زیندانەوە، دوواتریش ئەحمەد، موحەممەد زیندان دەکات و بەر لەوەی ١٧٧٨ لەشکر کۆبکاتەوە بچێت بەدەنگ والییەوە بۆ لێدانی هۆزە عەرەبەکان بەڕابەریی موحەممەد شادیی و کەهیە ناحەزەکان و پشتگیریی دانیشتووانی چەند گەڕەکێکی بەغدا، چاوەکانی موحەممەدی برای هەڵدەکۆڵێت و ئەمجا پێش لەشکر دەکەوێت، بەڵام هێشتا لە چیای ئەزمڕ پشتی سلێمانی شۆڕنەبووبووەوە نەخۆشدەکەوێت و کە دەگەنە ناوچەی قەرەداغ گیانی دەردەچێت. دووای ئەحمەد، مەحموودی برای دەبێت بە میری بابان و عوسمانی کوڕیشی دەبێت بە فەرمانداریی کۆیە و هەریر.

٤- چاو هەڵکۆڵین و بەتایبەتیش هی برا، دیاردەیەکی دزێوو نامۆبوو لە مێژووی بابانداا. بەڵام لە ئەردەڵان هەبوو، عەبدولقادر رۆستەمی بابانی لە کتێبەکەیدا (سير الأكراد) بەسەرهاتی چاو هەڵکۆڵینی موحەممەد پاشای کوڕی خالید پاشامان بۆ دەگێڕێتەوە کە ساڵی ١٠٦٧ ك. بۆ ماوەیەکی کورت پاشای بابان بوو. (ساڵی هەزار و چل و حەوتی کۆچی (کۆچ. ن.ك) خەڵك پاڵیان وە خالید پاشادا. ساڵی هەوەڵی حکومەتی لەگەڵ سولەیمان خانی ئەردەڵان شەڕی کرد و سەرکەوت، هێندێ خاکی ئەردەڵانی داگیر کرد، بەگشتی ناوبراو (ناوبراو بەگشتیی ن.ك) بۆ ئاسایشی خەڵك و ئاوەدانیی وڵات تێکۆشا.ماڵیاتێکی (باج .ن.ك) دیاریکراوی لەسەر خەڵك دانان و تا ئەوەدەم قانونی ئەوتۆ لەوێ باو نەبوو، چونکە هەرکەس شتێکی وەچەنگ دەکەوت بۆ حاکمی دەبرد. بۆ والی بەغداش خەرجێکی وەئەستۆ گرت (بەشێکی بۆ والی دەنارد ن.ك)، هەندێ جار سلاوێکی لە پاشای ئێرانی (شای ئێران ن.ك) دەکرد. بیست ساڵی تەواو بەم جۆرە رایبوارد پاشان ملکی دا بە موحەممەد پاشای کوڕی و کۆچی دووایکرد، ساڵی ١٠٦٧ ك موحەممەد پاشا لە کورسی حوکمرانی دانیشت، پیاوێکی لە رادەبەدەر بەدین و ئەخلاق باش بوو (خوا پەرست و رەوشت بەرز ن.ك) پاش دوو ساڵان ئەحمەد پاشای برابچکۆلەی لێی هەڵگەڕاوە، لە حکومەتی خست و حەبسی کرد (زیندانی کرد ن.ك) پاشان بە قسەی شەیتان و شۆڤاران کوێری کرد. ئەم کارە لێی پیرۆز نەبوو، پاش چوار ساڵان نەخۆش کەوت و شەش مانگ دەجێدابوو، موحەممەد پاشای کوێر هەر زیندوو بوو. سەیر ئەوەبوو کە موحەممەد لە سەردەمی حکومەتیدا ( فەرمانڕەواییدا ن.ك) ئەوەی چاکە بوو لە گەڵ ئەحمەد

پاشای برای کردی، لەکاری حکومەتیدا کردییە شەریك (هاوبەش ن.ك) لەئەشیای عەنتیکە (شتی جوان و دەگمەن ن.ك) و بەنرخ چی دەهاتە بەردەست دەیدایە، تا ئەحمەد پاشا لە حکومەتی خست (لەدەستەلاتی خست ن.ك) و دوای سێ ساڵانیش کوێری کرد.کاتێ خەبەری (هەواڵی) مردنی ئەحمەد پاشای بیست، ئەسپاردی(راسپاردەی کرد) کە ئەگەر مەیتی (تەرمی ن.ك) ئەحمەد بۆ قەبرستان (گۆڕستان) دەبەن پێش ماڵی منی دا (منیدا) بێنن و ئاگادارم بکەن لەگەڵ تەرمی بێ گیانی قسە دەکەم.. لە ماڵی هاتە دەر و لە بن سەری دانیشت و گوتی: ئەحمەد من و تۆ براین و لە دایك و بابێك. کاتێك باوکمان مرد حکومەتی دایە من، تۆم کردە شەریکی خۆم. ئەی ئەحمەد لە فلان رۆژدا ئەوەندە پارەم دایەی، لە حکومەت هەر ناوم لە خۆم نا (بەناو فەرمانڕەوا بووم ن.ك) تۆ لەگەڵ من وەفات بەکارنەهێنا (سپڵە و پێنەزان بوویت) مافی برایەتیت وەلا نا، چاوەکانی منت دەرهێنا، ئێستا کە سەفەری ئەو دنیا دەکەی رێگات دەدەمێ، ئەی برا لە هەموو مافێکی خۆم ئازادت دەکەم، خودای گەورە لە تۆڵەی من ئازارت نەدا، ئەوەی گوت و چووە ژورێ هەتا ئەو رۆژەی مرد دەرگای لە ئاشناو بێگانە نەکردەوە)[١١٧].

بارودۆخی رامیاری و کۆمەڵایەتی عێراق بە گشتی و شاری بەغدا بەتایبەتی زۆر شپرزە بوو، دەروازەی باڵا ساڵی ١٧٧٨ بڕیاردەدات حەسەن پاشای والی کەرکووك پۆستی والی بەغدا وەربگرێت. والی نوێ ساڵ و نیوێك لە هەل و مەرجێکی نالەبارو دۆخێکی شێواوو بێسەروبەردا مایەوە، دانیشتوانی بەغداش بەهانەهانە و فیتی کەهیە ناحەزەکان پەیتا پەیتا تەلگرافیان بۆ دەروازەی باڵا دەنارد و داوای لەسەر کارلابردنی والییان دەکرد[١١٨]. زۆرینەبرد فەرمانی سوڵتان دەرچوو بەلابردنی حەسەن پاشا و دانانی سلێمان پاشای والی بەسرا بۆ پۆستی والی بەغدا و هەرلە ١٧٧٨ – ١٨٠٢ ماوەی ٢٤ ساڵی رەبەق بەسەریەکەوە لەو پۆستەیدا مایەوە و بەسلێمان پاشای گەورە (بیوك سلێمان) ناوبانگیدەرکرد. لەم ماوەیەدا سلێمانی گەورە، چالاکانە بەرنامەی بێهێزکردنی میر و سەردارانی پیادەدەکرد و بەرەوی بە باڵادەستی کۆڵەمەنەکان دەدا، لەم بوارەدا مەحموود پاشای بابان و عوسمانی کوڕی هاوکارییەکی بەرچاویانکرد بۆ پەلاماردان و داپڵۆسینی لەشکری هۆزە خێڵەکییە عەرەبەکاندا[١١٩]. یەکێك لە ناحەزە سەربزێوەکانی والی، عوسمان کە هیەی موتەصەریفی کەرکووك بوو، هەوڵی پلەوپایەی بەرزتریدەدا، دەچێتە بنکڵێشەی باوك و کوڕ (مەحموود پاشا و عوسمانی کوڕی) دژی والی بوەستێ. والیش پێشتر لەگەڵ کوڕانی ئەحمەد پاشادا، برایم پاشا و براکانی کە برازای مەحموودن و چەند سەردارێکی دیکەدا رێککەوتبوو سەنگەر لە مەحموود بگرن، بۆ هەلێکی وەها گەڕا بیکاتە بیانوو بۆ لێدانی کەهیەیەکی ناحەزو دوو میری کورد.

هەردوولا لەشکریان ئامادەکرد، بەڵام دوو سەرلەشکری کورد، حەسەن بەگی کوڕی خالید بەگی کوڕی سلێمان پاشای دووەم و مەحمود پاشای کوڕی تەیموور پاشا لە پێناو پلە و پایە و دەستکەوتدا ریزەکانی لەشکرەکەی کەهیە و مەحموود پاشای بابان چۆڵدەکەن و پەیوەندی بە لەشکری دوژمنەوە دەکەن، بەوهۆیەوە لەشکری والی لە دەربەندی بازیان بەسەر لەشکری کەهیە و مەحموود پاشادا سەردەکەون. بیوك ٢٤ ساڵی بەردەوام ئەو پیلانە گڵاوەی بەرامبەر بنەماڵەی میرەکانی بابان پەیڕەوکرد کە بریتیبوو لە

ئاڵوگۆڕکردنی بەردەوام و لاوازکردنی ئەو میرەی لەسەرکارە و هێشتنەوەی ناحەزەکانیش لە چاوەڕوانی و خزمەتکردندا بۆ شادبوون بەجێگەکەی. ساڵی ١٧٨٢ برایم پاشای کوڕی ئەحمەد پاشا دەبێتە میری بابان و کۆیە و هەریر، مەحموودیش پەنا دەباتە بەر ئێران و لە ساڵی ١٧١٣ دا دەکەوێتە بۆسەیەکی دوژمنەوە و بەفەرمانی عەلی مراد خان دەکوژرێت کە یەکێك بوو لە وانەی دووای مردنی کەریم خانی زەند ١٧٧٩ و هەرەسهێنانی بنەماڵەی زەند، بانگەشەی شاهەنشایی ئێرانی دەکرد(١٢٠). وەك رەنجووری دەڵێت: مەحموود پاشا لە رۆژی یەکشەممەی رێککەوتی ٦/ جەمادی یەکەمی ساڵی ١١٩٨ ك کوژراوە، پێنج کوڕی لە دووابەجێماوە. عوسمان، ئەورەحمان، سەلیم، عەبدوڵلا، خالید(١٢١).

دووای کوژرانی مەحموود پاشا، برایم پاشای برازای لە ١٧٨٢ /١٧٨٣ دا دەبێت بە میری بابان.

یەکەمین کاری ئەم میرە، تەواوکردنی ئەو شارە بوو کە مەحموود پاشای مامی لەسەردەمی خۆیدا، لە دامێنی گوندی مەلکەندی رەنگی رشتبوو، بەڵام رۆژگار حەپوولکی نەدا تەواوی بکات.

دروستکردنی خانەقای مەولانا خالیدیش لە دامێنی شاردا، دیاری مەحموود پاشا بوو بۆ مەولانا(١٢٢).

برایم پاشا سەرایەکی گەورەی دروستکرد بیکاتە بنکەی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنی ولات، وەك رەنجووری دەڵێت: لە ١١٩٧ ك/ ١٧٨٢ زاینیدا شارەکە بە دارو پەردووی قەڵاچوالان دروستکرا، شار ئاوەدانی تێدەکەوێت، خانووبەرە و مزگەوت و دووکان و بازاڕی تێدا دروستدەکرێت، مزگەوتە گەورەکەش سیمای هەرە بەرچاوی شارەکە بوو هەرچەند لە رووی هونەری بیناسازییەوە سادە و بێناز بوو، بەڵام بەکتێبخانە بەنرخەکەی و مامۆستا هەڵکەوتووەکانی دەوڵەمەند بوو. شارەکە ناودەنرێت شاری سلێمانی، جا بەناوی کێوە ناونراوە، سلێمان پاشای گەورە (بیوك) ی والی بەغدا، بابە سلێمانی، دامەزرێنەری بنەماڵەی بابانەکان کە باپیرەتی، سلێمان پاشای بابان کە مامیەتی یا سلێمانی کوڕی خۆی، هێشتا ساغنەبۆتەوە و باوەڕناکەم ساغیش ببێتەوە. مزگەوتە گەورەکەش بە مزگەوتی گەورەی سلێمانی ( مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ ) لە نزیك و دوور ناویدەرکرد و شێخ مارفی نۆدێ ١١٧٥ — ١٢٥٤ ك/ ١٧٥٧ — ١٨٣٦ ز دەستنیشان دەکرێت بە یەکەمین مامۆستای وانەبێژی زانیارییە ئاینییەکان و سەرەوکاری کتێبخانەکەی مزگەوتیش. شێخ مارف دووەمین شاعیری کوردە دووای ئەحمەدی خانی هەڵبەستی بەزمانی کوردی نووسیبێت، خانی مەزن بەشاکارە بەنێوبانگەکەی مەم و زین و شێخ مارفیش بەدانانی فەرهەنگۆکێکی عەرەبی - کوردیی و هۆنینەوەی بەشێوەی هەڵبەست — هۆنراوە. ئەم کارەشی بەو مەبەستە کرد ئەحمەدی کوڕی کە دوواتر بەکاك ئەحمەدی شێخ ١٧٩٢ — ١٨٨٩ ناوبانگی دەرکرد، بەئاسانی فێری زمانی عەرەبی بکات(١٢٣). فەرهەنگۆکە لە نێو خوێنەوارانی کوردا بە کتێبی ئەحمەدی ناوی دەرکرد. سەردەمی خوێندنی سەرەتاییم چەند جارێکم خوێندەوە،سەرەتا بەمجۆرە دەست پێدەکات:

| | |
|---|---|
| بنام خدا حی لایموت | پروردگاری ملك و ملكوت |
| الحمد لله علی ماوهب | هدانا ألی لسان ألعرب |
| (رأس) سەرە (عین) چاوە | (بدن) قالب (أسم ) ناوە |
| (أنف) لوتە (حاجب) بر | (فخد) رانە(ركبە) ئەژنۆ |

(بڕوانە: لوغەت نامەی ئەحمەدی، راستکردنەوەو وینەدارکردنی بەتیکوشانی عبدولرحیمی مەحمودی، أنتشارات كردستان سال١٩٣٧)

## هەڵکەوتەی جوگرافیایی سلێمانی

هەڵکەوتەی جوگرافیایی شاری سلێمانی سەخت و دژوارە، کەوتۆتە نێوەڕاستی کۆمەڵێك زنجیرە چیاوە ئەڵقاو ئەڵق باوەشیان پێدا کردووە:

لە رۆژهەلآت و سەرووی رۆژهەلآتەوە چیاکانی گۆیژە و ئەزمەڕ.

لە باشوورەوە زنجیرە چیاکانی گڵەزەردە و قەرەداغ.

لە رۆژئاواوە چیاکانی پیرەمەگروون و دابان و هەلاج.

لە رۆژهەڵاتیشەوە چیاکانی شارەزوور و هەورامان.

شاری سلێمانی لە رووی جیۆپۆلەتیك و بازرگانییەوە ناوچەیەکی ستراتیژی نێوان هەردوو پارچەکەی باشوور و رۆژهەلآتی کوردستانە. لە باشوور و باشووری رۆژهەلآتیشەوە دوو دوورگەی سەخت دەیپارێزن لە هەر هێرش و پەلامارێکی دوژمن، دەربەندی بازیان و دەربەندیخان[١٢٤]. نزیکترین سەرچاوەی ئاویش لە سلێمانییەوە، زێی بچووکە کە بەنداوی دووکانی لەبەردەمدا دروستکرا و رووباری سیروانە کە بەنداوی دەربەندیخانی لەسەر دامەزراوە. ئاوو هەوای شارەکە، ئاوو هەوای ولآتانی کەنارەکانی دەریای سپی نێوەڕاستە، بە زستان سارد و بە فرو بارانە و لە هاویندا گەرم و وشکە، بایەکی توند و بەتەوژمیش شارەکە دەگرێتەوە کە لە گۆیژەوە هەڵدەکات و چەندین رۆژە خۆشەکانی هاوین تێکدەدات و کەشی زستانیش ساردتر و سەختتر دەکات و بە (ڕەشەبا) ناودەبرێت. دانیشتوانی شارەکە هەر لە دامەزراندنییەوە لە ١٧٨٢ دا هەتا ئەمرۆ سەرتاپا کوردن و بەشێوەزاری کرمانجی خواروو — سۆرانی — سلێمانی دەدوێن. شاری سلێمانی هەرچەند سەرەتا وەك گوندێك و دوواتر شارە دێیەك دەکرێت بە بنکەی فەرمانڕەوایی بابان دووای قەلاچوالان، بەلآم دووای کۆتایی سەدەی حەڤدە جێگەی خۆی لە مێژووی ناوچەکەدا دەکاتەوە و رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بواری رامیاریی، رۆشنبیریی، کۆمەلآیەتیی ژیانی کوردەواریدا و دەبێتە هەوێنی زۆربەی هەرەزۆری بزوتنەوە رۆشنبیری و هونەریەکان و چاوگی نەکوژاوەی راپەڕین و شۆڕشەکان و دایکی بەئەمەکی گەلێك لە مەزنەکانی کورد لە بوارە جیاجیاکاندا، نالی، سالم، مستەفا بەگی کوردیش شۆڕەسواری شیعری کوردی سەردەمی فەرمانڕەوای بابانن کە بە دیالێکتی سۆران برەویان بە شیعری کوردی دا و بوونە خاوەنی قوتابخانەیەکی شیعری، ئەو سەردەمانە دەوترا بەردێك لە ئاسمان بەربێتەوە دەستی بەریتانیای تێدایە، هەربەوپێیەش هەر جولآنەوە و راپەڕینێکی رزگاریخواز لە کوردستان بەرپا بوو، زەمینەی سەرهەڵدان و گەشەسەندن و بەرێکردنەکەی شاری سلێمانی بوو، دەوترا سەری مارەکە لەوێیە. ئەوەش راستییەکی بەڵگە نەویستە، سلێمانی بەخەبات و بەرەنگاری و بەرخۆدان بووبە سونبولی کوردەواری و شیاوی نازناوی پڕ شکۆی شاری هەڵمەت و قوربانی.

سلێمان پاشای گەورە نەیدەهێشت دوو میری بابان پێکەوە بگونجێن، تۆی دووبەرەکی و دوژمنایەتی بەنێوانیاندا دەوەشاند تا هەمیشە بێهێز بن و هەر چاولەدەستی ئەوان بن، هەولّی ئەوەشیدەدا لەئێرانیان

دووربخاتەوە و کاتێك لە عوسمانی یاخیدەبن ئومێدێکیان بە ئێران نەبێت و لایەك نـەبێت پـەنای بـۆ بـەرن. لەولاشەوە بە پێی رۆژگار و بەرژەوەندی پلەی میری بابان، بەفەرمانداری (حاکم) کۆیە و هەریر یا هەولێری دابەشدەکرد. خۆ نەدەکرا ئەو هەموو پاشا و سەردارە ناکۆکانەش لە یەککاتـدا بکاتـە مـیر و فەرمانـدار، بۆیە دووان یا سیانی دادەمەزراند وچوار پێنجێکیشـیانی لـە چـاوەڕوانیدا دەهێشـتەوە، زۆرتـرین خزمـەت بکەن بەڵکو والی چاوی (مەرحەمەتی) لێیانبێت. ئەم سیاسەتە بەرنامەی دێرینی عوسمانییەکانە بەرامبەر میر و سەردانی کورد و عەرەبیش و هەر لە سەردەمی جەدید حەسەن پاشاوە ١٧٠٤ پەیڕەو دەکرا. لە نێـو سەرۆك هۆزەکانی عەرەبی عێراقدا، سلێمان شادی سەرۆکی هۆزەکانی مونتەفیك لە هەموویان تیژتر بـوو، بێپـەروا لـە رووی والیـدا دەوەسـتایەوە و سووکایەتیشـی بـە خـۆی و رەچـەڵەکی دەکـرد، لـە کـۆڕو دانیشتنەکانیدا توانجی سارد و سڕی تێدەگرت و دەیگوت ئەوانە لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنندا وەك ئاژەڵ مامەڵەیان پێکراوە، ئێستا بوون بە فەرمانڕەوای عێراق، سلێمان پاشای گەورە صالّی ١٧٨١ لەگەڵ بـرایم پاشای کوڕی سلێمان پاشای بابان پێکـدێت، پشـتی مـەحموود بەربـدات، دەیکاتـە مـیری بابـان و کۆیـە و هەریریش[١٢٥]. والی کاری پێیبوو، خێڵە عەرەبە راپـەڕیوەکان دەسـتیان بەسـەر بەسـرادا گرتبـوو، صـالّی ١٧٨٥ والی لەشـکرێکیان دەکاتـە سـەر بەسـەرۆکایەتی بـرایم پاشـا، خێڵـە عەرەبـەکان خۆیـان لەبـەردەم هێرشەکەی برایم پاشادا رانەگرت، پارێزگاریی شارەکەیان بۆ نەکرا و بڵاوەیان لێکرد، بـرایم هـەتا تکریـت بەدووایانـەوە بـوو، لـە کۆڵیـان نابێتـەوە هـەتا تالآنیـان دەکـات[١٢٦]. بـەڵام سـلێمان شـادی سـەرکردەیان کۆڵینەدا، هێزەکانی رێکدەخاتەوە و لە نزیك شاری فەللوجە لەشکرەکەی والی و برایم دەبـەزێنێت و ملـی پێوە دەنێت هەتا ناو بەغدا نەوەستا، بـەڵام لـە شـارەکەدا نامێنێتـەوە و دەکشـێتەوە، جـاری دووەمـیش خێڵەکانی عوبید، مونتەفیك و خەزاعیل بە سەرکردایەتی سلێمان شادی لەگـەڵ شـووەینـی و حەمـەد ئـال مەحموود رێکدەکەون پەلاماری بەغدا بدەنەوە، والیش دووبارە پەنا بۆ کورد دەبا، بەڵام ئەمجارە لـە ١٧٨٦ دا بـرایم پاشـا لـە سـەرکار لادەبـات و عوسمـانی کـوڕی مـەحموود پاشـا دەکـات بـە مـیر[١٢٧]، هەرچـەند سەرکردایەتی قۆڵێکی لەشکرەکە بە برایم دەسپێرێت. ئەم لەشـکرەی والی صـالّی ١٧٨٧ لەشـکری خێڵـە عەرەبەکانی تەفر و توناکرد، سێ تەپۆڵکە لە کەللەسەری کوژراوەکانیان هەڵدەچنن[١٢٨]. عوسمـان پاشـای بابانیش دووای ئـەو سـەرکەوتنە گەورەیـە بەهـەزار هیـواو ئاواتـەوە دەگەڕێتـەوە بەغـدا، بـەڵام والی، لـە پاداشتدا لە ١٧٨٧ دا قاوەیەکی ژەهراوی پێشکەش دەکـات، گوایـە ناپـاکی کـردووە و پەیوەنـدی نهێنـی لەگەڵ سەرۆك هۆزەکانی عەرەبدا هەبووە![١٢٩] جا ئەگەر وابووایە، دەبوو ئەوان سەربکەون و عوسمـان پاشـا لەشکری والی بەگورگان خـواردو بدایـە، خۆئەگـەر گومانەکـەی والی لـە جێگـەی خۆشـیدا بوویێـت ئـەوە دەگەیەنێت میرەکانی کورد هیچ رێگەیەك نەما، نەیگرنە بەر لـە پێنـاو مانـەوە و لـەناو نەچـووندا. ئـاخۆ دەستەڵاتی کورد یا دەستەڵاتی میرەکانی لە نێوان صالآنی١٧٨٢ـ١٧٨٩دا شەش جار لـە نێـوان مـەحموود پاشا، عوسمان پاشا، برایم پاشا و ئەورەحمان پاشادا دەستاودەستی دەکرد، جێگەی سەرسوڕمان نییە؟

### ئەوڕەحمان پاشا

والی بەغدا، سلێمان پاشای گەورە (بیوك سـلێمان) لـە ١٨٠٢ دا دەمرێـت و دووای هـەراو هوریایـەکی

زۆر، عەلی کەهیەی زاوای دەبێتە والی بەغدا. یەکێك لە کارەکانی والی نوێ وەك نووسەری (سير الأكراد) عەبدولقادر رۆستەم بابانی دەڵێت:

ئەوەبوو بەهاوکاری ئەوڕەحمان پاشای بابان، برایم پاشا، موحەممەد پاشای کۆیە، میری باجەلان، هۆزەکانی بڵباس تالآن دەکەن و نابوتی دەکەن و یێزیدییەکانی (ئێزیدی) شەنگاریشیان قەڵاچۆکرد. هەر ئەو ساڵە و دووای ئەم شەرانەش برایم پاشای رکەبەر و ناحەزی ئەورەحمان پاشا دەمرێت و لە مزگەوتی نەبی یونس لە مووسڵ دەینێژن. عەلی کەهیەی والی بەغدا هەرچەند رقیشی لە ئەورەحمان پاشا بوو لە ١٨٠٣ دا دەیکاتەوە بە میری بابان[١٣٠].

ئەوڕەحمان پاشا و موحەممەد پاشای کۆیە لە ١٨٠٥ یشدا لە پەلاماردانی وەهابییەکاندا لە ئەحسا و سەرکوتکردنی هۆزی خەزاعیل هاوکارییەکی کاریگەری والی دەکەن و هەتا ماوەیەکیش هێزەکانیان لە شاری حیللەدا هێشتەوە بۆ پاراستنی ئاسایش و هێمنی شارەکە و ناوچەکانی فوراتی ناوەڕاست، گاردان، کونسوڵی فەرەنسا لە بەغدا لە راپۆرتێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی نووسیویەتی، هەرچەندە ئەوڕەحمان کراوە بە میری بابان بەڵام ئاشتی نێوان ئەم سەرکردەیەی کورد و والی بەغدا تەنها رووکەشە[١٣١].

ئەورەحمان پاشا و موحەممەد پاشای کۆیە هەرچەندە لەیەك لەشکردا و لە پێناو مەرامەکانی والیدا پێکەوە ئەو چەند شەڕەیانکرد، بەڵام ئەوی بەهاوشانی خۆی نەدەزانی، نەك رقی لێیبوو بە خوێنی سەری تینووبوو. وەك ئەمین زەکیش دەڵێت، عەلی کەهیەی والیش رقی لە هەردووکیان بوو[١٣٢]. لە بارەی کوژرانی موحەممەد پاشای کۆیەوە سەرچاوەکان جیاوازن، هەر چۆنێك بێت والی توانی کوردێکی دوژمن بەدەستی کوردێکی دیکەی دوژمن لەناو بەریت و بەشە دەستەڵاتەکەی ئەویش بخاتە ژێردەست و ئاگری ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان میرو سەردارانی کورد خۆشتر بکات هەتا نۆرەی لەناوبردنی ئەویش دێت. نووسەری (سير الأكراد) عەبدولقادر رۆستەم بابانی رووداوی کوژرانەکەی موحەممەد پاشا بەمجۆرە دەگێڕێتەوە و بەناچاری بە هەندێك دەستکارییەوە لە داڕشتن و رێنووسی گۆڕینەکەی مامۆستا کەریمی حیسامییەوە بۆ کوردی کورتی دەکەمەوە (ئەوڕەحمان پاشای بابان فرە بەهێز بوو، دووساڵ جارێك دەچووە بارەگای شای ئێران و شا رووی پێدەدا، وێنەی ئەو لە باخی نیگارستان لە دەوروبەری تاران کێشراوە، تا ئێستاش لەگەڵ ئامانوڵڵا خانی میری ئەردەڵاندا نێوانیان ناخۆشە، بەڵام هەرگیز نەگەیشتە شەڕ و کوشتار. دووای دەساڵ سەربەخۆیی و هێز، ئەورەحمان پاشا فیزو قۆر دەماخی لێ پەیدا بوو، کەمێك لە خزمەتکردنی ئێران کەم دەکاتەوە، لەگەڵ والی بەغداش ناحەز بوو، سەردەمی ئەو کاروباری بابان باش پەرەیسەند، وڵات فراوان بوو، کۆیە و هەریر و رەواندز و سەردەشتی هێنایە ژێر فەرمانی خۆی، لەگەڵ سولەیمان پاشای والی بەغداشدا پەیمانێکی توند و تۆکمەیان بەست.. ئەورەحمان پاشا و موحەممەد پاشای کۆیە میوانی کۆشکی والی بوون لە بەغدا، والی زۆرتر رووی بەموحەممەد دەدا، دەڵێن هەمیشە بە کوڕی خۆی بانگیدەکرد، لە بنەماڵە رەسەنەکانی ناوچەکە و لە باوو باپیریشەوە خاوەن دەستەڵات و فەرمانڕەوایی بوون، والیش لە شان و پلە و پایەی ئەورەحمان پاشادا تەماشای دەکرد، ئەوەش لە دڵی ئەورەحمان گران

بوو، ئەوی لە ئاست خۆیدا نەدەبینی، لە بنەوە قینی لێهەڵگرت. بەرێکەوت هەردووکیان لە یەك رۆژدا مۆڵەتی گەڕانەوەیان پێدرا، لە کاتی ماڵئاواییشیدا والی بەئەورەحمان دەڵێت موحەممەد پاشا لە ریزی کوڕەکانمە بیری خراپی لێنەکەیتەوە، سزات دەدەم. موحەممەد لە ئەورەحمان دەترسا، هەرچەند دووصەد چەکداریشی لە تەکدا بوو هەمیشە ماوەیەکی لە نێواندا دەهێشتەوە لەکاتی گەڕانەوەدا لەگەڵ هێزەکەی ئەورەحمان پاشادا. بەڵام بەزمانی شیرین و دۆستایەتی نواندن موحەممەد لە خشتە دەبات و گومانەکانی دەڕەوێنێتەوە بەتایبەتیش کە بە چەکدارەکانی دەڵێت ئێوە بچنە خێوەتگاکانی خۆمان، من تاوێك لای موحەممەد پاشا پشوویەك دەدەم. موحەممەد پاشا باوەڕی نەدەکرد، حەپەسابوو، پاشا بەوجۆرە رێزی لێبگرێت. رۆژی دوایی موحەممەد دەیەوێت ئەویش سەردانی ئەورەحمان بکاتەوە. ئاغاشینەی ژیر و باوەڕپێکراو بە موحەممەد دەڵێت: پاشا نیازی خراپە، خەسڵەتی پڵنگی هەیە! بەڵام موحەممەد نەیسەلماند و وتی: تۆ بەهەڵەدا چوویت، پاشا بۆ دیتنی من پێشدەستی کردووە، لە دابی پیاوەتی دوورە، نەچمەوە دیتنی، ئاغا شینەش دەڵێت کە تۆ بەگوێم ناکەیت منیش باردەکەم. بەخۆی و دارودەستەیەوە دەچنە سەر بەرزاییەك بزانن کار بەکوێ دەگات.

ئەورەحمان پاشا دوای تاوێك حەسانەوەی میوانەکەی دەڵێت: موحەممەد، بلۆکی کۆیە ئەوەنییە بەسەر بلۆکی دیکەدا زێدەیی هەبێت، بلێ بزانم تۆ ئەو پلەیەت لە کوێ وەگیرکەوتووە لای والی بەغدایە خۆت بێنیتە ریزی من و داوای چون یەکی بکەیت؟ ئەو بەستەزمانە زۆر پاڕایەوە و خودای هێنا تکایە، کەڵکی نەبوو، پەتکیان دە ئەستۆی کرد و لەتوپەتیانکرد و ئوردوگاکەشیان تالان کرد، صەد کەسێکیش کوژران. ئەورەحمان پاشا هەر لەوێوە نامەیەك بۆ نوێنەری خۆی لە بەغدا دەنووسێ کە دەفتەرداری والیش بوو بەڵکو لە خزمەت وەزیردا بیانووی لێبوردنی بۆ بدۆزێتەوە. دەفتەردار کە نامەکەی خوێندەوە دووکەڵ لە هەناسەی هەستا، چونکە هەمیشە پاکیی و راستیی و دڵسۆزیی ئەورەحمان پاشای بە والی دەگەیاند، زۆر ترسا، دەستی لە گیانی خۆی هەڵگرت و نامەکە دەخاتە بەردەم والی، والی کە نامەکەی خوێندەوە بەدەستی خۆی ئەو بێتاوانەی کوشت و فەرمانی هێرش دەدات بە برایم پاشای کوڕی سلێمان پاشای بابان، بە سێ هەزار سووارەوە بابان بگرن. بەردەوامیش لای هۆزەکانی عەرەب و هەرکوێ دەستی بگەیشتایە لەشکری کۆدەکردەوە. ئەورەحمان پاشاش مەزنەکانی بابان کۆدەکاتەوە و دەڵێت: خەڵکی عێراق لەوسەرکەوتنەی ئێمە ترساون،دەستیان لێهەڵگرین والی دەست هەڵناگرێت و لەوانەیە پەلاماری وڵاتمان بدات، بەرلەوەی بمانکات بە شێو(نانی ئێوارە)، ئێمە ئەو دەکەینە بەرچایی بەیانیان، لەشکری ئامادەمان هەیە، چاکترە ئێمە هێرش بکەین و بناغەی کاری دوژمن لەبەریەك هەڵتەکێنین. دە هەزار سواری بابان گەیشتنە بەرایی شاری بەغدا و هەوڵەکەشی سەرکەوتوو بوو، شارەکە دەگرێت و ماوەی صاڵێکیش فەرمانڕەوایی هەرێمی بەغدا دەکات(١٣٣).

ئەورەحمان پاشا کۆسپێکی گەورە بوو لە بەردەم والی بەغدا، لە هەلێك دەگەڕا بۆ لەناوبردنی، صاڵی ١٨٠٥ دەپەرژێتە سەر ئەوەی دەستی خۆی بوەشێنێت، لەناوییبەرێت یا دووریبخاتەوە، خۆی ئامادە دەکات و لەشکر ریکدەخات. ئەورەحمان پاشاش لە پلانی والی بێئاگا نەبوو، ئەویش خۆی ئامادەکردبوو. ئەم

شەڕەی والی هەڵیدەگیرساند، شەڕێکی گەورە و فرە لایەن بوو، عوسمانییەکان و کورد و عەرەب و شیعە و سوننەی تێوە گلان، شێخانی هۆزەکانی عوبێد و غرێر لە پاڵ ئەورەحمان پاشادا بوون، خالید بەگ و عەزیز بەگی ئامۆزای ئەورەحمان پاشاش لە تەك والیدابون[١٣٤]. ئەورەحمان پاشا هێزەکانی خۆی لە دەربەندی بازیان دادەمەزرێنێت و گەرووی دەربەندەکە دەبەستێت. هێزەکەی والیش بەهاوکاری و ڕێنمایی خالید و سلێمان لە پشتەوە پەلاماردەدەن هەر ئەو ساڵەش ١٨٠٥ بەسەریدا زاڵدەبن و ئەورەحمانیش پەنا دەباتە بەر میرنشینی ئەردەڵان. شای ئێران و ئەمانوڵلا خانی میری ئەردەڵان دەیانویست بەهاودەنگی لەگەڵ سوڵتاندا کارێك بکەن ئەورەحمان پاشا لە بابان دابمەزرێننەوە.[١٣٥]بەڵام هەر کە بۆیان دەردەکەوێت سوڵتان گێڕانەوەی ئەورەحمان بە چاك نازانێت، شا، شازادە موحەممەد عەلی میرزای کوڕی رادەسپێرێت ئەورەحمان دامەزرێنیتەوە. ئەم دەستپێشخەرییەی شازادەی ئێران لە کاتێکدا بوو بارودۆخی رامیاری نێوان ئێران و عوسمانی هێمن بوو، هەردوولا هەوڵیاندەدا ئاشتی نێوانیان بەردەوام بێت و شەڕ هەڵنەگیرسێتەوە، بەڵام میری بابان هەردوولای هێنا بووە سەرپێ، کارتەکانی دەستیانی تێکەڵاوکردەوە، لە شکری والی بۆلێدانی ئەورەحمان سنووری ئێرانی بەزاندبوو، ئەورەحمانیش ساڵی ١٨٠٦ دەستێکی کوشندەی لێوەشاندن و سەلیمی براشی کە فەرماندەیەکی ئازای هێزەکەی بوو لەوشەڕەدا کوژرا. عەلی کەهیەی والی بەغدا، دوژمن و ناحەزی زۆربوون، بەتایبەتی ئاوەڵزاواکانی و سەعیدی کوڕی بیوك سلێمان، هەر بە پلانی ئەوانیش ساڵی ١٨٠٧ لە بەغدا کوژراو (یوسف ضیاء) لە جێگەی ئەودا دەبێتە والی بەغدا و هەر لەوێوە فەرمانی میرایەتی بۆ ئەورەحمان دەرکرد[١٣٦]. بەڵام ئەورەحمان پاشا وەك ئەوەی لە عوسمانییەکان بێ هیوا بووبێت بەگەرمی ناچێت بە پیر فەرمانەکەوە، وەك نەصیری دەڵێت: راویژ بە ئێران دەکات[١٣٧]. والی نوێ هێشتا جێگەپێی خۆشنەکردبوو لە سەر کار لادەبرێت و سلێمان کەهیە (سلێمانی بچووك) دەکرێت بە والی.

ئەم سلێمانە پێشتر لە شەڕەکەی زێباردا لە بەرامبەر ئەورەحمان پاشای باباندا دەشکێت و بە دیلی دەکەوێتە دەست ئێران، بەڵام زۆر نەمایەوە، ئازادیان کردو گەڕایەوە ناو عوسمانییەکان، هەرچەند لە دڵدا هەست و سۆزێکی دۆستانەی بەرامبەر ئێران هەبوو، ئەورەحمان پاشاش کە دۆستی ئێران بوو، دەبوو هاوکاری لەگەڵدا بکات خۆیی پێوەنەبەستەوە و سەربەخۆ فەرمانڕەوایی دەکرد. ئەم هەڵوێستەی میرێکی بابان، روو لە ئێران، بەرامبەر والییەکی عوسمانی هەواداری ئێران، پرسیارێك دەورووژێنێت، ئایا دوورکەوتنەوە و خۆ قوتارکردن لە دەستەڵات و ژێر فەرمانی بێگانە، بەتایبەتیش ئەگەر والیی بەغدا کز و لاواز بێت، پەیامێك بوو بۆ لێپرسراوانی عوسمانی لە ئەستەمبووڵ؟ بەهەر حاڵ بۆ ئەورەحمان پاشا نەك هیچی لێ سەوز نەبوو بەڵکو خراپییش بەسەریدا شکایەوە و هەر لە دەربەندی بازیانیش شەڕێکی دیکە دەدۆڕێنێت و روودەکاتە ئەردەڵان، بەڵام ئەم جارەیان بەهاوکاریی و ڕێنمایی میرە نەیارەکان و بەتایبەتیش موحەممەدی کوڕی خالید و سلێمانی کوڕی برایم پاشا و لە پاداشتدا ١٢٢٣ ك/ ١٨٠٥ ز سلێمان دادەنرێت بە میری بابان و موحەممەدیش بۆ کۆیە و هەریر[١٣٨]. هەرچەند ئەورەحمان پاشا لە شەڕدا شکا بوو، خۆیشی کەوتبووە ئەودیو سنوور، بەڵام والی دەیزانی ئەورەحمان کۆڵنادات و سەرئێشەی بۆ دروستدەکات،

وەها بەچاك دەزانێت سلێمانی کوڕی برایم پاشا لە بابان دووربخاتەوە و بینێرێت بۆ بەڕێوەبردنی خانەقین و مەندەلی و ئەورەحمان بکاتەوە بە میری بابان[١٣٩] . ئەم هەڵوێستەی والی لە دوو رووەوە سەرنج رادەکێشن: یەکەمیان کە ئەورەحمان پاشا پەنا بۆ ئەردەڵان دەبات، خالیدی ناحەزو رکەبەری (خالیدی کوڕی برایم پاشا) لە کەرکووکەوە خۆیگەیاندە ئەردەڵان و پەیوەندی پێوەکرد! دووەمیان سلێمانی بچووك یەکەمین والی بەغدایە لەگەڵ میرێکی کوردی یاخیبووی وەك ئەورەحمان پاشادا کە نەك هەر سەر بە ئێرانە بەڵکو ناحەزێکی سەرسەختی خۆشیەتی، وەها بەنەرمی و هێوری بجولێتەوە، هەروەك چۆن یەکەمین والی بەغداشە رەخنەی خەزێنەی سوڵتانی هاتبێتە سەر و ئەو داهاتەی دەینێرێت زۆر کەمە. ئەمانەش هەمووی راستەوخۆ بە لابەلا لە بەرژەوەندی ئێران بوون، بۆیە دەروازەی باڵای عوسمانی لە ئەستەمبوول بڕیاریدا بە شێنەیی و لە پەناوە لەناوببەرن و دەستەڵاتی کۆلەمەنیش (مەمالیك) لە عێراقدا بنبڕ بکات. بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکەش، بە نهێنی فەرمانبەرێکی بەرز دەنێرێتە بەغدا بەنێوی حاڵەت ئەفەندی، بزانن چی بۆ دەکرێت، چونکە دڵنیا بوون لەوەی والی بە جۆرێك جێگەی خۆی کردۆتەوە بە خۆیدا رادەپەرموێت ئەگەر فەرمانی لابردنی دەربکەن بایەخێکی پێنادات و یاخیش دەبێت و لەوانەیە ئەمیش وەك موحەممەد عەلی کە وڵاتی میصری جوێیکردەوە، ئەمیش وڵاتی عیراقیان لە دەست دەربهێنێت. حاڵەت ئەفەندی دەگاتە مووسڵ و سەرەتا پەیوەندی بەوانەوە دەکات بەناحەزی والییان دەزانێت یا ئەوانەی کارێکیان پێدەکرێت و دەتوانن بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەی هاوکارییەکی بکەن. پەیوەندی بە ئەورەحمان پاشای والی مووسڵەوە دەکات و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ پەلاماردانی والی بە لەشکرێکی قەبەوە کە تەنها هێزەکەی بابان بریتیبوون لە دە هەزار جەنگاوەری سوارە و پیادە، جگە لە هێزی خێڵە عەرەبەکانی عوبێد و غرێر و بەیات. ئەورەحمان پاشا لە یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشە گەورەیەدا کە سوڵتان تووانای بەسەردا نەدەشکا، رۆڵێکی فرە بەرچاو دەگێڕێت و سەرکەوتنێکی مەزنی بە قوربانیدانێکی زۆر دەستدەکەوێت، تەنها لە جەنگاوەرە تایبەتیەکانیدا هەشتا شەهید دەدات کە یەکێکیان عەزیز بەگی ئەحمەد پاشای ئامۆزا و زاوای بوو. لەشکری والی گورزێکی جگەر بڕی پێدەکەوێت و تەفرو توونا بوو، والیش کەسێکی بەدەورەوە نەما، بەسەرگەردانی پەنا دەباتە بەر هۆزە عەرەبەکانی ئەو ناوە، بەڵام خێڵەکییەك بە پێچەوانەی داب و نەریتی چەسپاوی دەخالەت، نامەردانە سەریدەبڕێت و بەدیاری دەیهێنێت بۆ ئەورەحمان پاشا لە بەغدا. ساڵی ١٢٢٥ ك/ ١٨٠٧ز. بەغدا بێ والی بوو، ئەو کەسەی شیرازەی بەڕێوەبردنی شارەکەی راگرتبوو، ئەورەحمان پاشا بوو، سەردار و خاوەن فەرمان هەرخۆی بوو، هەرهەموو کێشەو کارە گرنگەکان بەرەو رووی ئەو دەکرانەوە، بەڕاستی والی بەغدا بوو، تەنها فەرمانی سوڵتانی بۆ دەرنەچووبوو، لەگەڵا ئەوەشدا کەس نەیدەتوانی بێ فەرمانی بکات. گەر ئەقڵی بیبڕیایە دوورنەبوو سوڵتان فەرمانیشی بۆ دەربکات، بەڵام ئەورەحمان دەیزانی (ئەو چرایە ئەوەندە رووناك نییە) ئەگینا وەك عەبدولقادر روستەم بابانی دەڵێت: کەسێك لەو رۆژگارەدا لە ئەورەحمان پاشای بابان شیاوتر نەبوو بۆ پۆستی ویلایەتی بەغدا[١٤٠] . میستەر ریچیش لە زمان رۆستەم بابانییەوە دەڵێت: حاڵەت ئەفەندی داوای لە ئەورەحمان پاشا کرد، فەرمانە نووسراوەکەی سوڵتان بەناوی ئەوەوە پڕ بکاتەوە و بە والی عێراق دادەنرێت[١٤١].وەك دەردەکەوێت میری

بابان ئەوەندە پەرۆش نەبووە بۆ ئەو پۆستە و لە ئەنجامەکەشی گەشبین نەبووە، ئەگینا خۆ ئاسك بەدەمی شێر تاڵ نییە! نەخێر، میری بابان لەوسەری هاتبووەوە و چاك دەیزانی سەرکردایەتی عوسمانییەکان سەرگەرمی ئەوەبوون دەستەڵاتی کۆلەمەن لە قەڵەمڕەوی عوسمانییدا نەهێڵن و قەلاچۆیان بکەن کە کۆڵەکەیەکی پتەوی لەشکر و سەرکەوتنەکانیان بوون، ئێستا هیچ ناکەن میرێکی کورد دەکەنە والی عێراق و عەرەب لە خۆیان دەوروژێنن؟ یا بەدەستی خۆیان (موحەممەد عەلی)یەکی کورد لە عێراقدا دروستدەکەن؟ لە لایەکی دیکەشەوە ئەورەحمان پاشا هەستی بەوەکردبوو سەرکردەکان و دۆست و دڵسۆزەکانی دەوروپشتی حەز بە مانەوە ناکەن لە بەغدا دەیانویست رۆژێك زوتر بگەڕێنەوە کوردستان و بە میریان دەوت قومێك ئاوی کانیاوەکانی کوردستان سەرتاپای موڵکەکانی سوڵتانی عوسمانی دەهێنێت و ئەم چرایەش ئەوەندە رووناك نییە. لەبەر رۆشنایی ئەو فاکتەرانەدا ئەورەحمان پاشا بڕیاردەدات، یەکێك دەستنیشان بکات ببێتە والی، بێهێزو گوێ لە مشتی خۆی، سوڵتانیش فەرمانی دامەزراندنی بۆ دەربکات و بابان راستەوخۆ پەیوەندی بە سوڵتانەوە هەبێت و لە ژێر فەرمانیو فرت و فێڵی والییە زۆردار و سپلەکان رزگار بێت کە هەموو کێشە و دووبەرەکی و خۆخۆریەکانی بابان لە ژێر سەری ئەواندا بوو[١٤٢].

ئەوە یەکەمجار نەبوو شاری بەغدا ـ ویلایەتی بەغدا بکەوێتە ژێر فەرمانی کوردەوە، فەرماندەی کورد زولفیقار کەلهور ١٥٢٣ / ١٥٢٤ز. دەستبەسەر شارەکەدا دەگرێت و هەتا ١٥٢٥/ ١٥٢٦ ز بەڕێوەیدەبات ئەمجا دەیخاتە ژێر دەستەڵاتی سوڵتان سلێمانی قانوونی عوسمانی، ئەوکاتە بوو تورکمانەکانی عێراقیان لە توزخورماتوو نیشتەجێکرد و لەگەڵ عەرەبی عێراق و کوردی باشووردا دەچنە ژێر ئاڵای عوسمانییەوە[١٤٣]. دەروازەی باڵای عوسمانی داوا لە ئەورەحمان پاشای بابان دەکات پۆستی ویلایەتی بەغدا وەربگرێت بەناوی والی (وەزیر)ی بەغداوە فەرمانی پێدەگات، لەوەڵامدا دەڵێت: (ڕاستە من بەو کارە، پلەی یەکەمی وەزیریم دەدرێتێ بەڵام قومێك ئاوی چیاکانی کوردستان بە هەموو تەخت و بەختی دەوڵەتی عوسمانی ناگۆڕمەوە)[١٤٤].

عەبدوڵڵا خازن و داوود پاشا و سەعید پاشا بەدووای یەکتردا دەبنە والی بەغدا، عەبدوڵڵا خازن و داوود پاشا بەهاوکاری و پشتگیری کورد، سەعیدیش بەهاریکاری عەرەب، بەڵام هەر خۆیانگرت، دەستیان کرد بە لێدانی عەرەب و کوردیش. خواستەکانی ئەورەحمان پاشاش هیچیان بۆ کورد لێ سەوز نەبوو، حاڵەت ئەفەندیش بە پێچەوانەی ویستی خۆیەوە و بەناچاری فەرمانە نووسراوەکەی سوڵتان بەناوی عەبدوڵڵا خازنەوە پڕدەکاتەوە.

سەیر لەوەدایە، ئێران لە دانانی خازن دەسڵەمییەوە، بەدەستنیژی ئەورەحمان پاشای دادەنا، لە هەمانکاتدا عوسمانییەکانیش ئەورەحمان پاشایان بەدۆست و هاوکاری ئێران دادەنا، هەربۆنموونە، کاتێك ئێران نارەزایی خۆی دەردەبرێت بەرامبەر رێککەوتنی بوخارست کە ساڵی ١٨١١ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و رووسیای قەیسرەدا مۆرکرا، بەو بیانووەی بێ ئاگاداری ئەوان کراوە، دەروازەی باڵای عوسمانی لەوەڵامدا دەڵێت: پێشتر کە ئێمە لە جەنگدا بووین لەگەڵ رووسیادا، ئێوە نەك هەڵوێستی دۆستانەتان بەرامبەرمان نەبوو، بەڵکو پشتگیریی ئەورەحمانیشتان دەکرد کە رۆژهەڵاتی وڵاتانی داگیر کردبوو.حاڵەت

ئەفەندی دووا تیری کـەوانی خـۆی دەهاوێـژێت، دەنگۆیـەك بڵاودەکاتـەوە کـە والی نـوێ، عەبـدوڵڵا خـازن دەستنێژی پاشای بابانە و هەردووکیان سەر بە ئێرانن، دانیشتوانی بەغداش پێویستە ناکۆکییەکانیان بخەنە لاوە و دژی والی دەنگ بەرز بکەنەوە و داوا لە سوڵتان بکەن سەعیدی کوڕی سلێمان پاشای بچووك ببێتـە والی، حاڵەت ئەفەندی کە فرمانەکەی سوڵتانی بـەناوی خـازن پڕکـردەوە، دەیتـوانی، دوور نییـە حەزیشـی کردبێت بەناوی ئـەورەحمان پڕیکاتـەوە، بـەڵام ئـەورەحمانی چـاك دەناسیی، دەیزانـی یـاخی و سـەرکەش و دەستوەشێنە، خەیاڵی سەربەخۆییشی لە سەردایە، نەیدەتوانی متمانەی پێبکات و بچێتە ژێـر بـاری ئـەو بەرپرسییە گەورەیە. رۆستەم بابانی لە زمان دەروێشە روتەی پیاوی موحەممەد پاشای کۆیەوە نووسیویەتی: دەروێش، موحەممەد پاشا ووریا دەکاتەوە متمانە بە ئەورەحمان پاشا نەکات، چونکە (تەبعی بلەنگی هەیە).

جا بابزانین ئێران لە چاوی هەواڵگرەکانییەوە لە بەغدا چۆن لە ئەورەحمان پاشای بابان دەڕوانن، لە کاتێکدا عوسمانییەکانیش هەرنەبێت لە چاوی حاڵەت ئەفەندییـەوە بەسـەرکەش و لاسـار و دەستوەشـێنی دەزانـن و نابێتە جێگەی متمانە و باوەڕ پێکردن. گەلێك لە میر و سەردارانی بابان یا میرنشـینەکانی دیکـە خۆیـان لەو چەشنە باروودۆخـە نالـەبار و ئاڵۆزانـەدا دەبینییـەوە، بۆیـە ناڕەوایـە ئۆبـاڵی هـەموو نەهامـەتییـەکان بەتەنها بخەینە گەردنی ئەوان. فەرموون ئەوە موحەممەد صادق خانی ئێرانی لەونامـەیـەدا لـە بەغـداوە بـۆ صەدری ئەعزەم (میرزا شفیع الدوله) ی نووسیوە، چی دەخاتە بەر چاوی.

پوختەی نامەکەی میرزا موحەممەد صادق خان: کە والی بەغدا کوژرا (مەبەستی سلێمان پاشای بچووکە ن.ك) ئەورەحمان پاشای بابان دەستدەگرێت بەسەر بەغدای دارولسەلامدا، باری شەش هەزار ئێستر نەختینە و کەل و پەلی بەنرخ و تۆپ و تفەنگی پێشکەش بە بابان دەکرد جگە لە وولاخی رەسەن، گشـت سـامان و دارایی والی بەغدا و عەلی پاشای زەوتکرد، گەورە بەرپرسانی بەغدا و چەند پیاوماقوولێکیشی کوشـت و دەسـتی بەسـەر مـاڵ و سـامانیاندا گـرت، هەزارودووسـەد(مەن)ی تـەورێزی[١٤٥]، زێـڕی لـە دەفتـەردار و کوڕەکەی سەندووە و لە کلیلداری مزگەوتی کازیمەینیش دەهەزار قروش[١٤٦].بۆ گواستنەوەی ئەم تالانییانە وولاخ لە بەغدا نەما، لە سلێمانییەوە وولاخیان هێنا. دنیا بەمەیلی ئەم سـەرگەرمە دەگـەڕێت، داوای لـە ئەستەموولیش کردووە کە بیکەنە والی بەغـدا، صـاڵانە پارەیـەکی چـاکیان بـۆ دەنێرێـت، ئەگـەرنا خـۆی کەسێك دەستنیشان دەکات بیکەنە والی بەغدا.شایانی وتنە ١٢ تۆپهاوێژی قورس لە نێو دەستکەوتەکاندا بوون، یەنیچەرییەکان لە کەرکووك هەوڵیاندا تێنەپەڕێت گوایە (ئەمە ناپاکییەکی گەورەیە ئەم تۆپانـە لـە بەغداوە ببرێتە گوندێك).بەڵام لەشکری سـەرکەوتووی بابـان ئەمـدیوی کـردن و هـەر ئـەو تۆپانـەش بـوون بەهێزی تۆپخانەکەی بابان و مامەیارەی قارەمان فەرمانداری بوو.[١٤٧]پیرەمێردی کەڵە نووسەر و شاعیر و رۆژنامەنووسـی هەڵکـەوتووی کـورد، داسـتانەکەی مامـەیارەی سـەرکردەی بـەباوەڕ وئـازا ودڵسـۆزی بـۆ تۆمارکردووین.

موحەممەد حوسەین خانیش کە کۆنە لێپرسراوێکی ئێران بوو وەك ئەڵقەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی ئێـران و دەولچەتی عوسمانیی، ئەویش لە بارەی ئەورەحمان پاشاوە نامەیەکی بۆ شـازادە عـەبباس مـیرزای کـوڕی شاهەنشای ئێران، فەتح عەلی شا، نووسیوە، جگە لە بەرچاوخستنی تالان و زەوتکارییـەکان دەڵێـت: لـەو

دەمەی ئەورەحمان لە شارەزوورەوە کەوتە ڕێ، هەمووم بە ووردی بۆ نووسین، ئەم فیتنە و فەسادەی بەرپاکرد، ڕەئیس ئەفەندی (مەبەستی حاڵەت ئەفەندییە) هیچی بەدەست نییە، بکوژ و ببڕ، لابردن و دانانی کاربەدەستان هەر خۆیەتی.. عێراقی عەرەب پشێوی و پاشا گەردانییە، والی نییە. دەتوانین بەئاسانی بەغدا بگرین، ئەگینا ئەورەحمانێك کە جاران (هەرزەو کەمفام بوو) ئێستا وڵاتێکی وەك عێراقی داگیرکردووە و بەخەروار زێڕ و زیوی دەستکەوتووە، (هەرزە ڕۆیی) دەکات و لەگەڵ ئەردەڵان و دانیشتوانی سنوورەکانی ئەملاشدا (هەراوهوریا) دەنێتەوە و دوواتر (یەخەی ئێمەش دەگرن) سەرئەنجام ئەم پیاو خراپە (موفسید) نێوانمان لەگەڵ سوڵتانیش تێکدەدات، ئەوکاتەش بە ئاسانی بۆمان سەرکوت ناکرێت. وەك لە نامەکەدا دەردەکەوێت، عێراق (بەغدا) والی نییە و پشێوی و بێسەرو بەرەیی باڵی بەسەردا کێشاوە، ئاشکرایە عوسمانییەکانیش نەیانتوانی بەوپەلەیە والییەکی گونجاوی بۆ دیاری بکەن کۆڵەمەن نەبێت. ئەوە بەئاشکرا لە فەرمانە نووسراوەکەی سوڵتاندا دەردەکەوێت کە لە باخەڵی حاڵەت ئەفەندیدا بوو، جێگەی ناوی والی بە چۆڵی هێڵرابووەوە. ئێرانیش بەو هۆیەوە کە رووی لە ئاشتی کردبوو نەیدەویست بەغدا بگرێت و عوسمانییەکان بورووژێنێت. ئەمانە پێکەوە بۆشاییەکی گەورەی دەستەڵاتی بەجێهێشتبوو، زۆر ئاساییە ئەورەحمان پاشای بابان کە ئەو دەمە بەهێزترین پیاوی عێراق بوو، پڕیبکاتەوە. تاڵانکردن و کوشتوبڕیش یاسایەکی بنەڕەتی شەڕ بوو لەو سەردەمەدا، سەرکردەی سەرکەوتووش گسکی لە پاشماوەی دەستەڵاتی کۆن دەدا. کوژرانی هەندێك پیاو ماقووڵانی بەغداش، سزای ئەوە بوو دەستیان لە دەرمانخواردکردنی عوسمان پاشای برا گەورەی ئەورەحمان پاشادا هەبوو، شاری بەغداشی بەخوێن و قوربانیدان گرتبوو، خۆشیان پەیڕەوی ئەوەیاندەکرد، ئەو شوێنانەی بەشەڕ داگیر دەکرێت، بۆ لایەنی سەرکەوتووە.سلێمانیش (گوندێك) بوویێت یا شارۆچکە، بنکەی دەستەڵات و فەرمانڕەوایی میرایەتی بابان بوو، دەستکەوتەکانی شەڕیش بەتایبەتی تۆپ و تفەنگ لە پێداویستییە گرنگەکانی مانەوە و بەرگریکردن و خۆپاراستنە و لایەنی سەرکەوتوو لەوەدا ئازادە چیلێدەکات.

کێشەی فەرمانڕەوایی ویلایەتی بەغدا و جێگیر نەبوونی دەستەڵاتی سەعید پاشای والی، بەرژەوەندییەکانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و کەهیەکانی چاو لە پلە و پایەی دەستەڵات و پیاوماقولانی شارەکەش کە هەریەکە و بەلای خۆیدا و بۆ بەرژەوەندی تایبەت رایدەکێشا، لەوەدا یەکیاندەگرتەوە بەرەنگاری پاشای بابان و سەعید پاشای والیش بکەن و ناوچەکانی بابانیش لەو (یاخییە) بستێننەوە و وەك جاری جاران راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە ژێر فەرمانی والی بەغدا. دوور نییە نەوەی ئەمڕۆی کورد و نەوەکانی داهاتووش بەچاوی رەخنەکارییەوە هەڵوێستەکانی ئەورەحمان پاشا بخوێنەوە و بڵێن، هەلێکی لە بار بۆ کورد هەڵکەوتبوو، میری بابان دەیتوانی پێ لەسەر بەغدا دابگرێت و دەستبەرداری دەستەڵاتی خۆی نەبێت کە زۆر گران کەوتبوو لەسەری و دوژمنانی بخستایەتە بەردەم کاریکراو[١٤٨]. موحەممەد عەلی پاشای والی میصریش، هەلێکی لەو جۆرەی بۆ هەڵکەوت،ژیرانە قۆزتییەوە و میصری لە دەوڵەتی عوسمانیی جوێکردەوە و هەتا بەرپابونی شۆڕشی ٢٣ی تەمووزی ١٩٥٢ بەسەرۆکایەتی پێشەوای عەرەب جەمال عەبدولناصر و داگرتنی دوواهەمین پاشای بنەماڵەکە، شا فارووق

کوڕی فوئاد و کۆتایی رژێمی پاشایەتیی و دامەزراندنی رژێمی کۆماریی، کوڕاو کوڕی موحەممەد عەلی فەرمانڕەواییان لە میصردا دەکرد.بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت وڵاتی میصر و وڵاتی عێراق لە چەند روویەکەوە زۆر لەیەکتر جوودا بوون. میسر وڵاتێکی دووره دەستبوو، بۆ عوسمانی و بۆ ئێرانیش، دەریای سپی ناوەڕاست لەمپەرێکی سروشتیی گەورەبوو لە نێوانیاندا و بەردەوام کۆنترۆڵکردنیشی کارێکی ئاسان نەبوو. سوڵتانی عوسمانی دووای شەش مانگ زانیاریی پێدەگات کە میصر جیابۆتەوە![149] لەلایەکی دیکەشەوە نە ئێران چاوی تێبڕیبوو، نە بەرژەوەندییەکی ئەوتۆشی تێدا هەبوو،وەك عێراقیش ئەو هەموو شوێنە ئاینییە پیرۆزانەشی تێدانەبوو کە بنکەی جەماوەریی و ئاینیی ئەودەوڵەتە بەهێز بکات کە دەستی بەسەردا دەگرێت. جگە لەمانە و رەنگە گرنگتریش، دانیشتوانی میسر جگە لە کەمینەیەکی قیبتی بێدەنگ،هەرهەموویان عەرەبی سوننەمەزەب و یەك توخم بوون، لەگەڵ عێراق بەراوورد نەدەکرا کە دوو نەتەوەی سەرەکیی و چەندین کەمایەتیی نەتەوەیی و ئاین و ئاینزای تێدابوو. لەو سەردەمەدا ئەم فاکتەرانە و شوێنە جوگرافییەکەی عێراق لە رووی ستراتیژیی سەربازیی و رامیارییەوە بۆ سوڵتانەکانی عوسمانیی و شاکانی ئێران و قەیسەرەکانی رووسیاش فرە گرنگ بوو. گرنگیی ئەو سەردەمەی میصر تەنها لایەنی سەربازیی و بازرگانیی بوو بۆ وڵاتانی ئەوروپایی وەك فەرنسا و بەریتانیا و دەرگەیەك بوو لەوێوە دەست بخەنە هەناوی ئەفەریقاوە، ئەگینا هێشتا کەناڵی سوێس هەڵنەکەندرابوو رێگەی دووری کەشتیگەلە جەنگیی و بازرگانییەکانیان بۆ نزیك بکاتەوە.[150]کەواتە پێداگرتن لەسەر بەغدا لە نێوان چاوە زەقەی عوسمانیی و ئێراندا و بەرگریکردنی پاشاوەی کۆڵەمەن و هەستیاریی عەرەب بەرامبەر میرێکی کورد وجیاوازی سوننە وشیعەدا، کەڵکێکی نە بۆ کورد و تەنانەت بۆ خودی ئەوڕەحمان پاشاش نەدەبوو، هەر بەڕاستیش (ئەو چرایە ئەوەندە رۆشن نەبوو). تەماشایەکی سەرپێیی بۆچوونەکانی دوو باوەڕپێکراوی فەتح عەلی شای ئێران لە بەغدا بەرامبەر ئەورەحمان پاشا، راستییەکان ئاشکرا دەکات ودەیسەلمێنێت میری بابان بەهەڵەدا نەچووبوو، بەڵکو رووداوە تاڵ و سوێرەکانی رۆژگار فێریانکردبوو، پەیڕەوی لەو بیرۆکە سەلمێنراوە بکات کە دەڵێت چ دیپلۆماتکاریی و چ جەنگ بریتین لە هونەری دەستخستنی ئەوەی لە توانادایە. لەو کاتە ناسکەدا کە ئەورەحمان پاشا دەستەڵاتی خۆی بەسەر بەغدادا سەپاند، بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتە مەزنە، یا ئەوپەڕی کەڵك وەرگرتن و بەوکارتە بەهێزەوە بەرامبەر عوسمانی و ئێران و عەرەبی عێراقیش بوەستێتەوە و (یەکڕیزی میرەکانی کورد) پیشان بە دۆست و دوژمن بدات، هیوایەکی گەورەی بە خالید بوو هاوکاریی و پشتگیریی بکات بۆ گەیشتن بەیەکێك لەو دوو ئامانجە، بەڵام دەرکەوت ئەوڕەحمان پاشا زۆر بەهەڵەدا چووبوو یا هیوا پێبوونەکەی لە شوێنی خۆیدا نەبوو. خالید پشتی چۆڵدەکات و لە کاتێکدا دەچێتە پاڵ دوژمن کە تروسکاییەك لە ئاسۆی کوردا بەدیدەکرا. ئەورەحمان دڵی بەوەش خۆش دەکرد، میران و سەرانی بابان ئەگەر هاوکاریی ناکەن، دژایەتیشی نەکەن و نەبن بە کەواسووری بەرلەشکری دوژمن، بەڵام نەیانکرد و ئەو هەلەشیان لەباربرد کە دەشیا نەك بۆ ئەورەحمان پاشا، بۆکورد، درەختی هیوا چرۆ بکات. خالید دەچێتە پاڵ ئێران و پێش لەشکرەکەی شازادەی ئێران موحەممەد عەلی میرزا دەکەوێت بەرە و بابان. ئەورەحمانیش شەڕی خۆتڕێن ناکات، دەکشێتەوە ناوچەی کۆیە و هێزەکانی

لەوناوەدا دادەمەزرێنێت و پازدە رۆژیش بەرەنگارییەکی مەردانەی گەمارۆدانی کۆیە دەکات لەلایەن هێزەکانی شازادەوە و ناچاریان دەکات داوای رێککەوتن بکەن. بە پێی رێککەوتنەکەی ١٨١١ تەنها کۆیە و هەریری بۆ دەهێڵنەوە، بەڵام صالّی دوواتر بابان لە خالید وەردەگرنەوە و ئەویش دەخەنەوە ژێر دەستی ئەورەحمان و خالید دەنێرن بۆ بەرێوەبردنی مەندەلی[١٥١]. دیارە لەم کەین و بەینەدا ئەورەحمان زۆر کارتی بەهێزی لەدەستدا نامێنێت، بەڵام خالید مایەپووچ دەردەچێت، بەرێوەبردنی مەندەلی ئەو هەموو هاوکارییەی دوژمنانی کوردی نەدەهێنا کە هەرچۆنێك لێکیدەینەوە دەچێتەوە خانەی ناپاکییەوە.

ئەورەحمان پاشای میری بەهێزی بابان شەرێکی دەدۆڕاند، بەڵام کۆڵێنەدەدا و جێگەی خۆی دەگرتەوە و دوژمنانی ناچار دەکرد لەگەڵیدا بگونجێن هەرچەند لەوەش دڵنیا بوون ئەوەندەی بۆی بلوێت، وابەستەی فرمانی والیەکانی بەغدا نابێت و خۆی بە شازادەی ئێران موحەممەد عەلی میرزاشەوە نابەستێت. ئەورەحمان پاشا ئەمجارەش نەکەوت و دەبێتەوە میری بەهێزی بابان، خالیدیش ئەمجارەش بەو ئاواتە نەگەیشت بە جێگەکەی ئەورەحمان شاد ببێت، بەڵام پەندە کوردییەکەی هەر نەسەلماند کە وەك نەقشی سەربەردە (هەزار صالّ بکەیت بێگانەپەرستی، دووایی هەر دەبێت بهێنی نوشوستی) پەند و ئەزموون وەرگرتن لە رابردوو، نەك هەر خالید، هەرهەموو میرانی بابان نوشوستییان هێنا. ئەورەحمان پاشای بابان یەکێکە لە هەڵکەوتوترین میرەکانی بابان و کورد، لە سەردەمێکی ئاڵۆزو جەنجاڵ و پڕ لە رووداوی خوێناویدا خۆی لەبەردەم هێرش و پەلاماردان و پیلانی ئاشکرا و نهێنی دوژمنان و ناکۆکی و ناحەزی و خۆخۆری برا و ئامۆزاکانیدا رادەگرێت و کۆڵێنەدا. لەماوەی ٢٤ صاڵدا پێنج جاران میرایەتی لێ زەوت دەکرێت و چوارجاریش دێتەوە سەرکار و فەرمانڕەوایی، جا ئەگەر دوورخستنەوەکانی لە دەستەڵات بەوهۆیەوە بوویێت گوێڕایەڵ و ژێر فەرمانیی بێگانەی نەدەکرد کە ئەوان بە سەرچڵی و بزێوی و یاخیبوون ناویاندەبرد، ئەوە گەڕانەوە و دەستەڵات وەرگرتنەوەکانی جار لە دووای جار، نیشانەی ئەوەن دوژمنان نەیاندەتوانی نە ماڵی بکەن نە چۆکی پێدا بدەن یا لە نێوییبەرن، هەموو جارێکیش دووای خۆی بۆشاییەکی دەستەڵاتی بەجێدەهێشت، ناحەزو نەیارەکانی بۆیان پڕ نەکرایەوە. ئەورەحمان پاشا سەرکردەیەکی بەئەزموون بوو، دەیزانی کەی هێرش دەکات و کەی دەکشێتەوە، ئامۆزا ناحەزەکانی دژایەتییان نەکردایە، دەیتوانی هەنگاوی گەورە بنێت. ئەوەش لەیاد نەکەین لەو بارووددۆخە نالەبار و خوێناوی و دوژمنانی دەرەکیی و ململانێ و خۆخۆری ناوخۆیەشدا لایەنەکانی خوێندن و زانست و کاری خێرخوازی پشتگوێ نەدەخست، وەك مامۆستا خالّ دەڵێت خەمخۆری خوێندن و زانست و کۆکردنەوەی مەلا بەنێوبانگەکان بوو، کڕین و هاووردنی کتێبە چاکەکان و تەرجەمە کردن و لەبەر نووسینەوەیان و دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی مزگەوتەکان و مامۆستا و فێرکاران و تەرخانکردنی ماڵ و سامانی تایبەتیی خۆی (وەقف) بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزانە.خودی خۆیشی موسوڵمانێکی سوننەی شافیعی مەزهەب و خوداناس و نوێژپاك و شیعر و شاعیران دۆست بوو.[١٥٢] عەلی بەردەشانی، مەولانا خالید، رەنجووریی بە هۆنراوە ستایشی ئەورەحمان پاشایان کردووە[١٥٣]، زانایەکی ئاینیی پایە بەرزی وەك مەولانا خالیدی نەقشبەندیی ١١٩٣ — ١٢٤٢ك. لە سەردەمی ململانێی نێوان ئەورەحمان پاشا و والی بەغدا لەلایەك و ئەورەحمان پاشا

و سلێمانی کوڕی برایم پاشادا لە لایەکی دیکەوە، هەروا لە گۆترە نەبوو مەولانا پەسەندیی مەردایەتیی و ویژدانی زیندووی ئەورەحمان پاشا دەدات و دڵسۆزانەش پشتیوانیی لێدەکات دژی سوڵتانی عوسمانیی (خەلیفەی مسوڵمانان).[١٥٤]هاودەنگیی و لایەنگیریی مەولانا لە میری بابان،لە ئەورەحمان پاشای یاخیی لە سوڵتان، هەڵوێستێکە دەگمەن و ناوەڕۆکێکی کوردانەی بەهێزو و پێزی هەیە و کێوێك شانازیی بۆ ئەو زانا ئاینییە مەزنە دەهێڵێتەوە. شێخ مارفی نۆدێش زانایەکی هاوشانی مەولانا بوو، بەڵام لە سۆنگەی ناکۆکیی نێوان هەردوو ڕێبازی سۆفیگەریی قادریی و نەقشییەوە، شێخ مارف لایەنگیریی سوڵتانی دەکرد. ئەورەحمان پاشا نەخۆش دەکەوێت و لە جێگەدا دەکەوێت، زۆریش نیگەرانە، خۆی بە بێهێزی و کەنەفتی لە نێو پێخەفی مەرگدا دەبینێت دووای ٢٤ ساڵ ململانێی سەخت و خوێناوی لەگەڵ دوژمنانی دەرەکیی و دووبەرەکیی و سێ بەرەکیی ناوخۆی بنەماڵەی بابان و خۆخۆری و پیلانگێڕان لە یەکتر کە تەڕ و ووشکی پێکەوە دەسوتاند،کورد ومیر و سەرانی بابانی بەلێشاو دەکرد بەگەرووی دەستهاری بێ ئامانی ئێران و تورکدا کە دڵڕەقانە زوو یا درەنگ هەموویانی دەهاڕیی، ٢٤ ساڵ ژیانی پڕ لە کارەسات و خوێن و فرمێسك وماڵوێرانی، سەرکەوتن و نسکۆ و نوچدان، دەمێك رووناك و هیوابەخش، دەمێکیش تاریك و بێ هیوا و ئومێد، ٢٤ ساڵ لە نەبەردێکدا نەکوژرا، رۆژگار دەیهێڵێتەوە لە جێگەدا بکەوێت و هەناسە سارد چاوەڕوانی مەرگ بکات و لە ١٨١٣/٣/٢دا بەناکامیی سەردەنێتەوە و لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی(موگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ) بەخاك دەسپێردرێت. ئەورەحمان پاشا بەر لە مردن، مەزنەکانی بابان کۆدەکاتەوە و بەڕاوێژی هەمووان مەحموودی کوڕی دەستنیشان دەکەن جێگەی باوکی بگرێتەوە.[١٥٥]

عەبدوڵڵا توتنچی(عەبدوڵڵا خازن)ساڵی١٨١٣دەبێتە والیی بەغدا بەڵام زۆر لە پۆستەکەیدا نەمایەوە، هەر ئەو ساڵەش بەپلانی کەهیە ناحەزەکانی و هاوکاریی دانیشتوانی چەند گەڕەکێکی شاری بەغدا، کە بەسەر پیاوماقووڵان و دەستەڵاتدارانی شاردا دابەش بووبوون دەکوژرێت و سەعیدی کوڕی سلێمان پاشای بیوك ١٨١٣دەکرێت بە والیی نوێی بەغدا و هەر لەرێوە و بێ چەندوچوون فەرمانی میرایەتیی بابان بەکۆیە وهەریریشەوە بۆ مەحموود پاشای دووەم مۆر دەکات.سەعید پاشای والی گەنجێکی بێ ئەزموون بوو، شیاوی ئەو پۆستە گرنگە نەبوو، کاروباری وڵاتی فەرامۆشکردبوو، سەوداسەری خۆشەویستیی لاوێکی بەغدایی بووبوو بە نێوی حەمادی حەڵواچی و بەجۆرێك گیرۆدەی کردبوو، هەموو شتێکی لەبەرخاتری چاوی حەمادی خستبووە لاوە و شەووڕۆژ بە دیاریەوە بوو، لەولاشەوە پشتدەکاتە کۆڵەمەن(مەمالیك) و رووەکاتە عەرەب و بەتایبەتیش هۆزەکانی مونتەفیك و عوبێد بۆ لێدانی کۆڵەمەنەکانی دۆست و پشتیوانی سەردەمی باوکی کە ئەمڕۆ حەمادی حەڵواچی جێگەی هەموویانی گرتبووەوە لە دەستەڵاتدا. کۆڵەمەن هەست بەمەترسیی لەدەستدانی پلە و پایە و لە ناوچوونیش دەکەن، بەرەیەك پێکدەهێنن دژی والی، دەکەونە پیلانگێڕان و دووبەرەکیی نانەوە و ئاژاوەگێڕان، شیرازەی دەستەڵات دەپچڕێت و پشێوی و بێئارامیی هەموو کون و قوژبنێکی عێراق دەگرێتەوە، بەصرا لە ژێر فەرمانی والیدا نەما، ناوچەکانی فورات بە ئاشکرا راووڕوت و تاڵانی (کاروانەکانی نێوان شاری حیللە و شارە پیرۆزەکانی نەجەف، کەربەلا، کازمیەین و سامەراو دەوروپشتی بەغدا و بەری کەرخیان دەکرد، شابانووی ئێران بۆ زیارەتی شوێنە

پیرۆزەکان هاتبوو، لەگەڵ چل هەزار میوانی دیکەدا لەکەربەلا ئابڵوقە درابوون، هەربگەڕێنەوە بیانکوژن و فەرهوودیان بکەن. داوود ئاغا (داوود کەهیە)ی مێردی خوشکی سەعیدی کوڕی سلێمان پاشا، تووانی لەشکری عەرەبە خێڵەکییەکان بشکێنێت، میوانەکان رزگار بکات و هەتا سنووری ئێرانیش بەڕێیان بکات)، مەندەلی راپەڕی، نەجەف دووبەرەکیی تێکەوت، لە کەربەلاش شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا، داوود کەهیەش ئەو هەلە دەقۆزێتەوە و کۆڵەمەن لە خۆی کۆدەکاتەوە و دەبێتە پێشەوای بەرەی نەیارەکانی والی و لەو رێگەیەوە گەیشتن بە کورسیی دەسەڵات، بەڵام لەو پاشا گەردانییەدا کارێکی ئەوتۆی بۆ ناکرێت، ژیانیشی دەکەوێتە مەترسییەوە، لە مانگی ئەیلوولی ١٨١٦دا لەگەڵ ٢٠٠ دووصەد هاوکاریدا بەنهێنی خۆیانگەیاندە کەرکوك و لەوێشەوە پەنادەبەنە بەر بابان و دەچنە سلێمانی. مەحموود پاشای دووەم بەگەرمیی پێشوازی کردن و هێزیان کۆکردەوە هێرش بکەنە سەر بەغدا[١٥٦]. لەو هەراو هوریایەی بەغدادا کە بەپلان و هاندانی داوود کەهیە چەند گەڕەکێکی شار بەڕابەرایەتی کۆڵەمەنە ناحەزەکان هەڵگیرسابوو، بەشێك لە هێزەکانی والی هەڵدەگەڕێنەوە و والی بەجۆرێك لاوازو بێ پشت و پەنا دەمێنێتەوە، ساڵی ١٨١٦ لەباوەشی دایکییدا کوژرا و حەمادیشیان دەستگیرکردوو دووای ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر پارچەپارچەیان کرد و داوود ئاغای کەهیەی سلێمان پاشای باوکی سەعید پاشای کوژراو دەبێتە والی نوێی بەغدا بەپلەی پاشا. ئەوە ئەو داوود پاشا بەنێوبانگەیە کە ساڵانی ١٨١٦ – ١٨٣١ لە پۆستەکەیدا مایەوە. داوود خەڵکی وڵاتی جۆرجیای قەفقاسیای رووسیایە، لە شاری تفلیس لە دایك بووە و لەتەمەنی ١٣ ساڵیدا مافیاکانی تورك دەیفرێنن و لە بازاڕەکانی شاری بەغدا دەیفرۆشن، چەند دەستێك دەکات تا دەگاتە دەست سلێمان پاشای والی.[١٥٧]داوود سەرەڕای ئەوەی لاوێکی قۆزو جوان روخسار بوو بەهرەمەند و سوارچاکیش بوو، دەکەوێتە بەر دڵی والی، یەکێك لە کچەکانی خۆی لێمارە دەکات و دەیکاتە کەهیەی خۆی[١٥٨]. (گەڕیدەی بەریتانیایی (سرکێر بۆرتر) کە دێتە بەغدا، لەگەڵ میستەر ریچدا پێکەوە دیدەنی داود پاشا دەکەن[١٥٩]. والی کە دەزانێت ئەو گەڕیدەیە بە وڵاتی جۆرجیادا تێپەڕیوە، یادی کەس و کاری دەکات و نامەیەك و کۆمەڵێك دیاری بەنرخ بۆ فەرمانداری جۆرجیا دەنێرێت و داوای لێدەکات چاودێری دایك و باوکی بکات، بەڵام نامە بەرەکە لە ماردین روتدەکرێتەوە)[١٦٠].

بەریتانیا چەند مافێکی تایبەتییان لە عێراقدا هەبوو، بەڵام داوودپاشا گومرگی سەر هاووردەی کەل و پەلی ئەوان بەرزدەکاتەوە و دەڵێت هیچ ئەوروپاییەك لێرە مافی تایبەتی نییە. ریچ زۆر نیگەران دەبێت و بەتوندی بەرپەرچیدەداتەوە، هاتووچۆی کەشتییە بازرگانییەکانی لە هیندستانەوە بۆ بەندەری بەصرا و لەبەصراوە بۆ دەرەوە رادەگرێت. کێشەکەش مایەوە هەتا ١٨٢٠ کە (ریچ) دەچێت بۆ شیرازو کاپتن بلیر پۆستەکەی وەردەگرێت و بەهۆی دۆستایەتی و تێکەڵاوییەوە، داوود پاشاداواکارییەکانیان جێبەجێ دەکات. هەر ئەو ماوەیەش بوو داوودپاشا کارگەیەکی دروستکردنی تفەنگ و کارگەیەکی رستن و چنین بۆ یەکەمین جار لە عێراق دادەمەزرێنێت.

ساڵی ١٨٢٦ و لەسەردەمی سوڵتان مەحموودی دووەمدا قەڵاچۆکردنی هێزەکانی یەنیچەریی بوو لە ئەستەموڵ، بەڵام داوود لەبەغدا دەستی بۆ نەبردن. سوڵتان هەرچەند لە مێژبوو بڕیاری لەناوبردنی

کۆڵەمەنی دابوو کە بەهێزترین سەرکردەیان بەزیندوویی مابێتەوە داوود پاشا بوو، سوڵتان ئەوکەمتەرخەمییەی داوود ونەناردنی ٦،٠٠٠ شەش هەزار کیسە دراویش بۆ ئەستەموولّ دەکاتە بیانووکە زۆر پێویستییان پێبوو بۆ بەرەنگاریکردنی شۆڕشی یۆنان کە رووسیا بۆ بەهێزکردنیان ساڵی ١٨٢٦ پەلاماری عوسمانییەکان دەدات. سوڵتان ئەوەندە لێی بە قین بوو هاوینی ١٨٣٠ پیاوێك دەنێرێتە عێراق بەهەر شێوەیەك بێت لەناویبەرێت.[١٦١] رۆژگار روو لەداوود پاشا نەبوو، مارتی١٨٣١ پەتایەکی رشانەوە بڵاودەبێتەوە سلێمانی و کەرکووکیش دەگرێتەوە و لە پاڵ قووربانییەکانی شەرِو کوشتاردا (دانیشتوانی بەغدا ساڵی ١٨٣٤ لە ١٥٠ هەزارەوە پەنجا هەزاریان مابوونەوە)[١٦٢].

داوود پاشا هەستدەکات صادق ئەفەندی بۆ ئەنجامدانی بڕیارەکەی سوڵتان هاتووە،ئەگەر بەخۆشیی خۆی دەستبەرداری دەستەڵات نەبێت دەیکوژێت،بۆیە بڕیاریدا زوتر دەستی خۆی بوەشێنێت پلانێکی تۆکمە دادەنێت و بێ خشپە صادق ئەفەندی دەکوژن و هەمانکات دەنگۆیەکیش بڵاودەکەنەوە نێردراوەکەی سوڵتان دووچاری دەردە زەردەکە بووە (تاعوون)، رۆژانەش پزیشکی تایبەت دەچوو چارەسەری دەکرد و دەستە دەستە و تاك تاکیش کاربەدەستان و پیاوماقوڵانی بەغدادەچوون بۆ سەرلێدان و هەواڵ پرسینی، کەسێکیشیان ئامادەکردبوو، هاوشێوەی صادق ئەفەندی و هەمان جل و بەرگی ئەو، جارجار بەشەقامەکانی بەغدادا دەیانگێڕا، دانیشتوان بیبینن و هیچ گومانێك چەکەرە نەکات لە دڵیاندا. پلان و سیناریۆکەی داوود زۆر وەستایانە چنرابوو، بەلام لای سوڵتان شاراوە نەبوو، دڵنیا بوو نێردراوەکەی کەوتۆتە داوەوە، ئەمجارە فەرمانی ویلایەت بەناوی عەلی رەزا پاشاوە دەنووسێت و١٨٣١ بەفەرمانەکەوە دەینێرێت بۆ بەغدا. عەلی رەزا سەرلەشکرێکی بەزەبرو زەنگ بوو، لەگەڵ کورددا دلّرِەق و لەگەڵ شیعە و عەرەبدا نەرم، لەوەش بەدوواوە (شقوول) بووە. عەلی رەزا کە پێشتر والی حەڵەب بوو هەروا ئاسان داوودی بۆ نەگیرا، بەهاوکاری قاسم پاشا والی مووصلّ و تۆپبارانکردنی سەراو بارەگاکان لە ١٨٣١/٧ دا بەغدا دەگرێت و بەرێزێکی زۆرەوە داوود پاشا رەوانەی ئەستەموولّ دەکات و لەوەبەدوواش چەندین پۆستی گرنگ وەردەگرێت. عەلی رەزاش هەتا ١٨٤٢ ز والی هەرسێ ویلایەتی بەغدا، بەصرا و کەرکووکیش بوو، لەوماوەیەدا کۆڵەمەنیشی بنبڕکرد.[١٦٣] داوود پاشا وەك عەلی رەزا نەبوو، چاکسازێکی کۆمەڵایەتیی (ریفۆرمکار) و زانایەکی فرەلایەن و مەلەوانێکی بندەریای زانستەکانی ئیسلام و زۆریش بایەخی بەزمانی عەرەبی و رێزمان و وێژەکەی دەدا. بەو هۆیەوە جێگەی رێزو خۆشەویستی دانیشتوانی بەغدا بەتایبەتیش روناکبیران بوو، رەوشتی بەرزو بەها کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە بریتیبوون لە دەمارگرژی خێلایەتی و ناوچەگەرێتی، ملکەچ کردن بۆ فەرمانڕەوای بەهێزو کەسانی خاوەن دەستەلات، پەلاماردان و راووڕوت و تالانکردن، دزی، تۆڵەسەندنەوە، ئابڕو شتنەوە، رێزگرتن و لاساییکردنەوەی چەتە و چەقۆ وەشێنەکان، جیاوازی نێر و مێ، رێزگرتن و پیرۆزی دراوسێو کەس و کار و پاراستنی مافی نان و نمەك[١٦٤]. دووای ئەم سەردەمە ماوەیەکی خایاند پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆبەستنەوە بە هۆزەوە بگوێزرێتەوە بۆ قۆناغی خۆبەستنەوە بە ولات و نیشتمانەوە. کۆڵەمەن (مەمالیك) سەردەمی فەرمانڕەواییان لە عێراق دەگەرێتەوە بۆ ١٧٤٩ کە سلێمان شەوگەڕ دەبێتە والی و لە قەفقاسەوە دەیانهێنێت سوپایەکی تایبەتی

لێدروستکردن، چونکە باوەڕی بەعەرەبی خێڵەکی نەبوو دەیوت هەڵپەرستن و هەزار روویان هەیە، دوایش لە ١٨٣١ پەرەی پێدەدان.

عەلی رەزای شیعە مەزهەب کە ١٨٣١ دەبێتە والی بەغدا، دووای سەرکەوتنی بەسەر داوود پاشادا، بەئاشکرا دەکەوێتە کوشت و بڕی کۆڵەمەن و لەماوەی صالانی نێوان ١٨٣١ـ ١٨٤٢دا لەناویاندەبات و ئاسەواریان ناهێڵێت. مەحموود پاشای دووەم بەمردنی عەبباس میرزای دۆستی بەهێزی، لە ١٨٣٣ دا باری لاسەنگ دەبێت. سلێمان پاشای براشی لێی یاخی دەبێت و دەچێتە پاڵ دوژمن[١٦٥]. کەیخەسرە و بەگی جافیش، هێزێك بەسەرکردایەتی عەبدوڵلای کوڕیدا دەنێرێت بۆ هاوکاری سلێمان کە سەربە عوسمانییەکان بوو، دژی موحەممەد پاشای سەر بە ئێران، هەمانکات لەگەڵ عەبدوڵلا پاشای بابانیش کە برازای مەحموود پاشایە و سەر بە ئێرانە، دەست تێکەڵ دەکات دژ بە هەمان مەحموود پاشا!!

ئەنجامی ئەم کەین و بەینەش، شەڕەکانی قەرەگۆل و گردە گرویێ لێکەوتەوە لە نێوان هێزەکانی مەحموود پاشا بەهاوکاریی موحەممەد عەلی میرزای شازادەی ئێران ولەنێوان عەبدوڵلا پاشای بابانداو بەهاوکاریی داوود پاشای والی بەغدا، ئەوەبوو مەحموود پاشا دەشکێت و عەبدوڵلا پاشا دەکرێت بە فەرمانداری سلێمانی[١٦٦]. ئەو دوومیرەی بابان لە ماوەی چوار صالی نێوان ١٨٢٧ – ١٨٣١ دا چوار جاران یەکتریان لە بابان دەرپەڕاندووە[١٦٧]، لێرەدا ئەوەشمان بیر نەچێت عەلی رەزا پاشای والی بەغدا صالی ١٨٤٠ ئەحمەدی کوڕی سلێمان پاشا کە لە جێگەی باوکی دەبێتە میری بابان، لەسەر کار لادەبات و مەحموود پاشا دادەمەزرێنێتەوە و لە ١٨٤١ یشدا دووبارە لایدەبات و ئەحمەد دادەنێتەوە. بابان ئەوەندە وێران و هەژار بوو، میری بابان بە خۆی و هەرهەموو (دەوڵەمەندەکانی) سلێمانییەوە تەنها دوو صەد تمەنیان بۆ هەڵناسوڕێت بیدەنە فەرمانداری هێزەکەی ئێران لە سلێمانی کە داوایکردبوو.! عەلی رەزا پاشای والی بەغدا، دوژمنی خوێنخۆری کورد بە هەلیدەزانێت.. پەنا دەباتە بەر فێڵ و تەڵەکەبازی و لە ١٨٣٤دا نامەردانە مەحموود پاشا دەستگیریدەکات و دەینێرێت بۆ ئەستەمبوڵ، ئیتر هەر ئەو رەوانەکردنە بوو، هەرگیزا و هەرگیز رێگەیان نەدا بگەڕێنەوە وڵات.[١٦٨] سلێمان پاشاش بەم دوورکەوتنەوەیەی مەحموود پاشا، ناحەزێکی سەرسەختی لە کۆڵدەبێتەوەو ماوەیەك بێ ملۆزم فەرمانڕەوایی بابان دەکات هەتا صالی ١٨٣٨ کە ئەحمەدی کوڕی جێگەی دەگرێتەوە و لەوە بەدواوەش ناکۆکی و دووبەرەکی و خۆخۆری و شەڕی دەستەڵات کۆتایی نەهات هەتا سەری هەموو میر و سەرانی بابان دەخوات و وەك ئاردی نێو درکانیان لێدێت و ئەو کەوتنەی کەوتن هەڵنەستانەوە. ئەوەی پشتی هەردوو میرایەتی سۆران و بابانی شکاند و هۆکارێکی گرنگی سەرەکی زوتر لەناوچوونیان بوو، پەیمانی ئەرزرۆمی دووەم بوو کە ١٢٦٣ك/ ١٨٤٧ – ١٨٤٨ز روون و ئاشکراتر کێشەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی دیاریکردووە و چارەسەری بۆ دۆزیونەتەوە. بەندی دووەمی پەیمانەکە بەتایبەتی بەکوردەوە پەیوەستە:

١ـ ئێران دەست لەناوچەکانی خۆرئاوای زەهاوو عوسمانیش دەست لەناوچەکانی خۆرهەڵاتی زەهاو هەڵدەگرن بۆ یەکتر.

٢ ـ ئێران دەست هەڵدەگرێت لە داواکاریی فەرمانڕەواییکردنی سلێمانی و دووروپشتی و دەست

لەکاروباری ناوخۆی هەرێمەکە وەرنادات.

٣ ـ داوا لـە دانیشـتوانی هەرێمەکـە دەکرێـت خۆیـان سـاغ بکەنـەوە (یـەکلایی بکەنـەوە) ئێـرانین یـا عوسمانین.

٤ ـ عوسمانییەکان کەناری چەپی شەتولعەرەب کە شاری موحەممەرە و بەندەرەکەی و دوورگەی ئەلخزەر و بەندەر و زەوییەکانی کەناری خۆرهەڵاتی شەتەکە بە موڵکی ئێران بزانێـت و لـە ڕێژنـەی شـەتەکەوە هـەتا سنووره دەریاییەکانی خۆی، مافی تەواوی کەشتییەوانیی و هاتووچۆی دەریایی هەبێت.[١٦٩]

٥ــ ڕێککەوتننامــەی ئـەرزرۆمی یەکـەمیش ١٢٣٨ ك. ١٨٢١/ ١٨٢٢ز. بـەهاوکاری و پاڵپێوەنـانی بەریتانیا و رووسیای قەیسـەریی هاتـە بەسـتن، بـەڵام لـە ناوەڕۆکـدا پووچـەڵبوو، چارەسـەرێکی بەپەلـە و لامسەرلایی و بێبناغەی گەلێك لە کێشەکانی دێرینەی نێوان ئێران و عوسمانی بوو، کەل وکونی زۆری تێدا بـوو، هەرشـنە بایـەك هـەڵیکردبا، ژیلـەمۆکانی دەگەشـاندەوە و ئـاگری شـەڕ و پێکـدادانی سـەرلەنوێ هەڵدەگیرسانەوە. میرەکانی بابانیش، ئەوانـەی سـەر بـەئێران بـوون، بەتایبـەتیش مـەحموود پاشـای دووەم هەوڵیدەدا بەهۆی جێنشینی شای ئێرانەوە، شازادە عەباس میرزای کوڕی فەتح عەلی شا، بەندی یەکـەمی ڕێککەوتنەکە کە ریشی کوردی دەگرتەوە، بگۆڕدرێت یا دەستکاری بکرێت کە دەقەکەی بەجۆرە بوو:

(هەردوو دەوڵەت دەست نەخەنە کاروباری ناوخۆی یەکترەوە و ئێران ڕێگە نەدات بە دەستدرێژی و هێرش هێنانی (موتەصـەریفەکان)ی سـەر بـە سـنجقەکانی کوردسـتان و دالدەشـیان نـەدات)، ووردبوونـەوە لـەو برِگەیە، ئاشکرا دەریدەخات، عوسمانی گومانیان لە میرەکانی بابان هەبووە کە گەلێك جاران ژێـر فـەرمان نـەدەبوون و سەرپێچیی والی بەغـدایان دەکـرد و یاخیـدەبوون، لەتەنگانەشـدا پـەنایان بـۆ ئێـران دەبـرد و ئێـرانیش پێشـوازی و هاوکاریشـی دەکـردن. هـەروەك ئاشـکراتریش دەکاتـە ئـەوەی کوردسـتانی باشـوور راستەوخۆ بکەوێتە بندەستی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ئـەوان دەسـتکارییان نـەکرد و ئێـرانیش لـەو ڕووەوە کارێکی بۆ نەکرا، بەڵام بەمۆرکردنی ئەو ڕێککەوتنە فارس و عوسمانی بۆ خنکاندنی میرنشینەکانی کورد، دوو سێدارە دادەبەسـتن، یەکـەمجار ملـی میرنشـینی بابـان و دووەمجـار ملـی میرنشـینی سـۆرانی پێـداکرا (ئەڵەمانەکانیش کە تازە بە رابەرایەتیی بسمارك میرنشینە بچووك و پـەرش و بڵاوەکـانی کۆکردبـووەوە و دەوڵەتی ئەڵەمانیای دامەزراندبوو دەستیان لەوتاوانە گەورەیەدا هەبوو دژی کورد بەهۆی ناردنی ژەنەڕاڵ و تیمە جەنگییەپسپۆڕەکانەوە کە ناردیانن بۆ ڕێکخستنەوە و سەرپەرشتنی کردنی لەشـکرەکانی تـورك وەك ژەنەڕاڵ فێڵد مارشاڵ هیلموت فۆن کارڵ مۆلتکە ١٨٠٠ — ١٨٩١ز کە یەکێك بوو لە سەرکردە سەربازییە مەزنەکانی ئەڵـەمان و لـە بسـمارك و کـایزەر و ڤیلهلێمیشـەوە نزیـك بـوو، سـەرکەوتنی گـەورەی بەسـەر دانیمارك، نەمسا و فەرەنسادا تۆمارکردبوو. ژەنـەڕاڵ مۆڵتکـە ١٨٥٧ — ١٨٨٨ز. فەرمانـداری گشـتیی لەشکرەکانی عوسمانی بوو، ١٨٣٤ — ١٨٣٩ز. هێزەکانیان ڕێکدەخاتەوە و جەنگەکانی دژ بەگـەلی کـورد بەرپا دەکەن.[١٧٠])

لە ئێرانیش ئەفسەرە هەواڵگرەکانی ئەڵەمانیا وەك شێومان، لێتین سەرۆك هۆزەکانی کـورد لـە ناوچـەی کرماشان دەستەمۆ دەکەن و ڕێگای پەیوەندی نێوان هێزەکانی رووسیا و بەریتانیای هاوپەیمان لـە بـاکووری

عێراقەوە هەتا ١٩١٦ز. دەبەستن.[١٧١] ماکس فۆن ئۆپینهام١٨٦٠ـ١٩٤٦ بەناوبانگترین سیخوڕەکانی ئەڵەمانیایە لە سەردەمی نازییەکاندا،ماکس لە شاری کویڵن لەدایك بووەولەخێزانێکی ئۆرۆستۆکراتیدا گەورەبووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی باڵا، شارەزاییەکی چاك پەیدادەکات لە زمانی عەرەبی وشەرع وکولتووری گەلانی خۆرهەڵاتی نزیکدا، بەتایبەتیش عارەب وکورد و فارس،وەك عەرەب بەعەرەبی دەدوا،بەرگوپۆشاکی پیاوانی ئاینیی دەپۆشی،عەمامەی رەشیی دەبەست و ریشی درێژکردبووەوە، هەر لەوکاتەشەوە پیشنیازی کرد مزگەوت لە ئەڵەمانیا بکرێتەوە.ماکس بە چالاکی کاریدەکرد ولەماوەیەکی کورتدا پەیوەندییەکی بەهێزی بە سەرۆك هۆزو سەرداروناسراوانی عارەب و کورد و ئێرانییەکانەوە دامەزراند و رێکخراوی(دۆستانی هێتلەر)بەنهێی پێکەوەدەنێت وەك هەنگاوێك بۆدامەزراندنی هێزێکی چەکدار بەنێوی (سەربازەموسوڵمانەکانی هێتلەر). ئەڵەمانیادەمێك بوو جموجوڵێکی بەرچاویان هەبوو لە ئێران و سیخوڕەکانیان دەهاتنە ئەمدیو بۆکوردستانی باشوور و عارەبستان ودەنگۆیەکیان بڵاودەکردەوە گوایە ولێم (ڤیلهیلم)قەیسەری ئەڵەمانیا موسوڵمان بووەو ئێستا ناوی (موحەمەد ولێم)ەو دەچێتە حەج و ناوەکەی دەبێت بە حاجی موحەمەد ولیم و هاوکاریی موسوڵمانان دەکات بۆ دەرکردنی ئینگلیزە کافرەکان. ئەڵەمانیاش وەك رووسیا پێویستییەکی زۆری بەکورد هەبوو، بەهاوکاریی کورد رێگەی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی و لەشکرکێشیی لەیەکتری بەبەستن وکورد بکەنە لەمپەرێك... چەندجارێك لە شەهیدی جوانە مەرگ شێخ کاوەی کوڕی شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان بیستوومە دەیوت: ئەڵەمانەکان ئاڵای خۆیان بۆ باپیرم ناردبوو، وەك نیشانەی دۆستایەتی، ئەویش ماوەیەك بەسەر پشتێنەکەیدا دەیبەستێت، ئاڵاکە هەر ماوە، باوکم لە سنووقێکی تەختەدا هەڵیگرتووە.

دووای رێککەوتنی ئەرزرۆمی دووەم، دەوڵەتی عوسمانی هەتا ١٨٤٨ز. میرێکی کورد لە کوردستان ناهێڵێت و پەرش و بڵاویان دەکاتەوە و بە ئاوارەیی و دەستبەسەری و ژانی دوورە وڵاتی بە ناسۆرەوە سەردەنێنەوە[١٧٢] . نەجیب پاشای والی بەغدا ساڵی ١٨٤٨ز. عەبدوڵڵا بەگی بابان بە پلەی قایمقام لە سلێمانی دادەمەزرێنرێت وەك کارمەندێکی مووچە خۆر. ساڵی دوواتر، ١٩٤٩ز نامیق پاشای والی بەغدا مووچەخۆرییش بە عەبدوڵڵا بەگ رەوا نابینێت و فەمانبەرێکی تورك دادەمەزرێنێت بۆ بەڕێوەبردنی سلێمانی و بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا تورك راستەوخۆ فەرمانڕەوایی سلێمانی دەکەن. عەزیز بەگی مامی ئەحمەد پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشای بابان تەنیا باڵ لە گۆڕەپانەکەدا مابوو، بەشێوەی چەتەگەری (پارتیزان) شەوانە پەلاماری هێزەکانی تورك دەدات و وەك پیرەمێردی بلیمەت رووداوەکانی ئەو رۆژە رەشانە دەگێڕێتەوە، عەزیز بەگ و چەکدارەکانی، چل پەنجا رۆژ گەمارۆی شار دەدەن، کوردەکانی نێو ئۆردووی تورك لە سلێمانی، موحەممەدی کوڕی خالید بەگ بە خۆی و کوڕەکانییەوە عەبدوڵڵا، ئەورەحمان، حوسەین، پەیمان بە عەزیز بەگ دەدەن پەلاماری شار بدات قشڵە و تۆپخانەی بۆ کۆنترۆڵ دەکەن، بەڵام ناپاکییان بەرامبەر کرد و بەگورگان خواردنیاندان لەو شەڕەدا کە ئۆردووی تورك زۆر و جێگەیان چاك و لە سەنگەردان، عەزیز بەگ بە هێزێکی بچووکەوە پەلاماری شار دەدات، بەڵام لەناکاو دەکەونە نێو ئاگری تفەنگ و تۆپەکانی دوژمنەوە و شەڕ دەکەوێتە کۆڵانەکانی سلێمانی و قوربانییەکی زۆر دەدەن و ئەو

تروسـكاييەش دەكوژێتـەوە و میرایـەتی بابـان صـاڵی ١٨٥٠ دووای ٢٠٠ دووصـەد صـاڵ فـەرمانڕەوایی دوواهەناسە دەدات و هەرەس دەهێنێت. شاعیرێکی ناسراوی سەردەمی بابان، سالم ١٨٠٠ – ١٨٦٦ لەو بۆنەیەدا دەڵێت:

**~~سا، فەلەك كە یخوسرەویٚ خوێنی سیاوەش گوم مەكە~~**

**~~ڕۆستەمی پانی عەزیزە مودەعی تۆرانیان~~**[١٧٣]

**~~بەلام شێخ ڕەزای تاڵەبانی پێشتر وتوویەتی:~~**

**~~كە عەبدوڵلا پاشا لەشكری والی سنەی شڕكرد~~**

**~~ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تیفلی دبستان بوو~~**[١٧٤]

**~~جا ئێمەی كورد ئەمڕۆ نازانین چ شانازییەك لەوەدایە میرێكی كورد میرێكی دیكـەی كـورد (شـڕ بكـات)، وەك بینیمـان و دەبینین ئێستاش ئەو (شڕكردنە) بە جۆرەها شێوەی شیاو و نەشیاو ئەنجام دەدرێت؟~~**

پیرە دەوڵەتەکەی عوسمانیی دووصەد صاڵ بوو لە سـەرەمەرگدا بـوو، گیانیـدەدا، جەسـتەیەکی داڕزیـوو بۆگەنی بەهەموو لایەکدا بڵاوبووبـووەوە، دەوڵەتـەکانی ئـەوروپا بـە پیـاوە نەخۆشـەکە ناویانـدەبرد کەچـی بەوحاڵەشەوە چاوی لـە ئـەوروپا دەکـرد کـە میرنشـینە بچـووکەکانیان یەکخسـتبوو، دەوڵـەتی یـەکگرتوو بەهێزیان پێکەوە نابوو، یەکێکیان ئەڵەمانەکان بوون بەڕابەرایەتیی بیسمارك دەوڵـەتی نـوێی ئەڵـەمانیای دامەزراند. هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیش بۆ نوێکردنەوەی لەشکرەکانیان پەنایان بـۆ ئـەوروپا بـرد، کۆمەڵێك ئەفسەری پایەبەرزی سوپای ئەڵەمانیا سەرگەرمی نوێکردنەوەی لەشکرەکانی عوسـمانی و چـەند ژەنەڕاڵێکی ئینگلیزیش خەریکی نوێکردنەوەی سـوپای ئێـران بـوون[١٧٥]. سـوڵتان بڕیاریـدابوو پشـت بـەو کۆمەکییەی ئەڵەمان دەستەڵاتی سەردارانی کورد و عەرەبیش نەهێڵێت. راسـتە لـەو پلانـەدا سـەرکەوت، بەڵام پشێوی و بێئارامییەکی دروستکرد هەموو کون و قوژبنێکی عێراقی عەرەب (عەرەبستان)و عێراقی عەجەم (کوردستانی باشوور)ی گرتەوە و هەرکەس دەستێکی هەبوو پەلاماریدەدا و بەشێکی لە پاشماوەکـە دەپچڕی.. تورکە عوسمانییەکان رابەرێکی لێهاتووی وەك بیسمارکی ئەڵەمان و گاریبالدی ئیتالیایان نەبوو کارەکە بەئەنجام بگەیەنێت، جلەویان لەدەست دەرچوو، کۆنترۆڵیان بۆنەدەکرا و هـەر لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە گـەلانی پلیشـاوەی ژێـر پێـی تورکـە ملـهورەکان هەریەکـە و بـە پێـی توانـای چـەکداریی و بەرنامەیەکی گونجا و لەگەڵ بـاروودۆخی کۆمەڵایـەتیی و هۆشـیاریی گەلەکەیـدا بەرنامـەیـەکی راپـەڕین و پساندنی کۆت و زنجیری کۆیلەیەتیی دابەزاند.

لە کوردەواریشدا جەماوەر بەشێوەیەکی گشتی رووی لە جەور و ستەمی لە رادەبەدەری جەندرمەی تورك و رۆژێك ژیان دەکردەوە وەك مرۆڤێکی ئازاد لە ژێر ئاڵای شێخان و پیـاوانی ئاینییـدا خۆیـان رێکخسـت، هەر بۆ نموونە هەرهەموو عەرەبی دەشتەکانی حیجاز، وڵاتی سوریا، ئوردوون، فەلەستین، عێراق جگـە لـە لوبنان دووای شەریفی مەککە حوسەینی کوڕی عـەلی کـەوتبوون و عـەرەبی عێـراق پـەیتا پـەیتا داوایـان لێـدەکرد یـەکێك لـە کوڕەکـانی، هـەرکامیان بێـت بنێرێتـە عێـراق رابـەریان بکـات و بەشـای عێـراق هەڵیبژێرن.. بەداخـەوە ئـەو هەسـتە هیشـتا لای جـەماوەری کـورد نەڕسـکابوو ئامـادەبن لـە ژێـر ئـاڵای

رابەرێکدا خۆیانکۆبکەنەوە، بەزمێکیان دەزانی سێ پێی و هەرکۆمەڵە و دەستە و تاقمێك لـە ئـاوازێکی دەخوێند، هەربۆیەش کورد کە بەر لە عـەرەب حکوومەتی دروستکرد (حکومەتەکەی کوردستانی باشوور ـ مـەلیك مـەحموود) کەوتینـە دووای ئـەوان و بـەڵکو ژێـر **چەپۆکیشـیان!** ئـاخۆ ئـەوە جێگـەی پرسـیار و سەرسووڕمان نییە؟ پسپۆڕانی سەربازی ئەڵەمان و ئینگلیز بۆیان دەرکەوتبوو هەردوو لەشکری عوسمانی و ئێران ماندوون، بەڵام سەربازی عوسمانی (کە هەر تـورك نـەبوون) جـەنگاوەر و خـۆراگرن، بـەکاڵاو پیتـاوی شڕەوە لەوەرزە سەختەکانی زستان و بەفر و بەستەڵەکدا جار هەبووە نانەڕەقەشیان نەبووە یا تەقەمەنیشیان بەدەستەوە نەماوە بە نووکی قەمە شەڕیانکردووە، ئینگلیز بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە دەیانوت: جەنگ بـە سـێ فاکتـەر دەکرێـت و سـەردەکەوێت: خـۆڕاگری عوسمانییـەکان، چـەك و پلانـی جـەنگی ئەڵەمانـەکان، بردنەوەی کۆتایی ئینگلیزیش! ئەو بۆچوونەشیان سەدی سەد راسـت دەرچـوو، ئـەنجامی یەکـەمین جـەنگی جیهان وەها کەوتەوە ئەڵەمان و عوسمانی دۆڕان و یەکێك لە براوە و سـەرکەوتووەکانی جەنگەکـە ئینگلیـز بـوو، پێویسـتە ئـەوەشمان لـە یـاد نەچـێت شـەریفی مەککـە، حوسـەینی کـوڕی عـەلی بـە پێچـەوانەی سەرکردەکانی کوردەوە یەکێك بوو لە براوەکانی ئەو جەنگە، بۆ خودی خۆی نا، بەڵکو بۆ عەرەب، ئینگلیز بەدەربەدەری دووریان خستەوە دوورگەی قوبرس و تاڵاوێکیان کرد بە گەروویدا زۆر لەوەی شێخ مـەحموودی نەمر تاڵتر، بەڵام هەرگیز ئەوەندەی موویەك لە مەزنی ئەو کەڵە پیاوەی عەرەب کەمناکاتەوە بـە ژێـری و پشوو درێژی و خۆبەستنەوەی تەواو تەواو بە بەریتانیاوە بێ ئەمبـەر و ئەوبـەر و بـەرپاکردنی شـۆڕش دژی خەلیفەی موسوڵمانان و سوڵتانی عوسمانی و دەرکردنیان لە وڵاتی حیجاز، عەرەبی رزگـارکرد و (سـەرەتا) خۆی بووە شای حیجاز و هەریەك لە کوڕەکانیشـی، فەیسـەڵ بـوو بەشـای عێـراق، عەبـدوڵڵا بـوو بەشـای سووریا و زەیدیش شای ئوردوون و فەلەستین و هەتا ساڵی ١٩٢٢ قەوارەی سەربەخۆیان دامەزراند لە ژێـر چاودێریی بەریتانیادا و کورد و سەرکردەکانیشی هەر گلەیی بەختی رەشـی خۆیانـدەکرد، بـەڵام کـێ داد و هاوار دەپرسێت. عـەرەب دەڵێت (الحق بالسیف و الضعیف یبحث عـن شـاهد) مـاف بـەهێز دەسـەندرێت، بێدەسەڵاتیش بۆ شاهید دەگەڕێت. بلیمەتیی ئەو رابەرەی عـەرەب، شـەریفی مەککـە لـەوەدا بـوو ئـەوێك نەوەی پەیامبەر و ئیمـام عـەلی، بـێ سـێو دوو دەسـتدەداتە چـەك دژی سـوڵتانی عوسمـانی کـە (جێگـری پەیامبەری ئیسلام و رابەر و پێشەوای هەرهەموو موسوڵمانانی جیهان بوو) خۆی بەو چاووڕاوە نەبەستەوە و بەرژەوەندیی عـەرەبی خسـتە پێشـەوە، بـەڵام کـوردی سـادە و سـاویلکە و هەنـدێك لـە سـەرکردەکانی، پترخۆیان بە خزمی پەیامبەر و دڵسۆزی ئیسلام دەزانی! ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگـە کـە عـەرەب لـە پێنـاو بەرژەوەندیدا روویان لە (کافران)کرد دژی خەلیفـە درۆزنـەکانی پەیامبـەر وەسـتانەوە، ئـەو هەڵکەوتانـەش جارێـك دێـن و هـەموو رۆژێـك دووبـارە نابنـەوە. دەوڵـەتی عوسمـانیی دۆڕاوو هەڵوەشـاوەش، مسـتەفا کەمالێکی تێدا هەڵکـەوت شـەقێکی لـە هـەر هـەموو کەلـەپووری ئیسـلام هەڵدا و کۆمـاری تورکیـای دامەزراند و تەنانەت پیتەکانی قورئانی پیرۆزیشی لە وڵاتدا نەهێشت و بەسواری حوشـترێك ناردییـەوە بـۆ دەشتەکانی حیجاز! نەك هەر ئەوە مستەفا کەمال (ئەتاتورك) رۆڵی کاریگەریشی بینی وڵاتە براوەکان لـە بەڵێنـەکانیان ژووان بکاتـەوە بەرامبـەر بـەکورد و ئەرمـەن و لـەوناوەدا و لـە نێـو ئـەو سـات و سـەودا

نێودەوڵەتییە پۆخڵەدا هەردوو نەتەوەی رەسەنی کورد و ئەرمەن مایەپووچ بکات و بەسەر ئاواتی لە دەست دەرچوو، خوێنی قوربانییەکان و فرمێسکی کەسوکاری شەهیداندا بلاوێننەوە.

## پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

١- میرنشینی عەننازی ساڵی ٩١١ دامەزراوە و ساڵی ١١١١ یا ١١١٧ رووخاوە، بەوپێیە دەکەوێتە دوایحوکمداریێتی شەددادی. فەرهاد پیربالّ دەڵێت: میرنشینی عەننازی ١١٩٦ز. دامەزراوە و ١٢٥٠ ز. رووخاوە.

٢- ساڵەکانی مێژووی میرنشینەکان بەگشتی جێگەی گومانن و ساغکردنەوەیان دەوێت.

٣- لە هەندێك سەرچاوەدا ٩٩٠ ز. — ١٠٩٦ز. ماوەی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی دوستکییە.

٤- عەبدولرەقیب یوسف. بانگەوازێك بۆ روونا کبیرانی کورد، سلێمانی، ١٩٨٥، ل٥٨.

٥- فەرهاد پیربالّ، دکتۆر. کورد لە دیدی رۆژهەڵاتناسەکانەوە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٢.

٦- لە هەندێك سەرچاوەدا ١٣٠٠ — ١٨٤٢ز. دانراوە.

٧- قوتوور وشەیەکی مەغۆلییە، مەحموود شای غازان وەزیرێکی کەللەڕەقی هەبوو ناوی قوتوور بوو، لەو چیا و بەردەڵانەدا قەڵایەك بۆ مەحموود شا دروستدەکات و ٩٦٤ز تەواوی دەکات و بەناوی ئەویشەوە ناودەنرێت قەڵای

قوتوور.

٨- ئاخۆ ئەو دەستەڵاتانە حوکمداریێتی بوون یا دەوڵەت؟

٩- ضياء شكارة، العراق في الدراسات اللغوية. مجلة الأقلام مجلد ١٩٦٩ بغداد، ص ٢٢.

١٠- فلادیمێر مینۆرسکی. کوردەکان، دکتۆر مارف لە رووسیەوە کردوویەتی بە عەرەبی و حەمە سەعید حەمە کریم ١٩٨٤ کردوویەتی بە کوردی، ل٧٢/٧٣.

١١- مەستوورە، مێژووی ئەردەڵان. وەرگێڕانی لە فارسییەوە دکتۆر حەسەن جاف و شوکور مستەفا، ل١٩٠ — ١٩١.

١٢- بڕوانە لاپەڕە ٣٤ میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەمدا. نەوشیروان مستەفا ئەمین .

١٣- مەستوورە . سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٨.

١٤- هەمان سەرچاوە، ل٣٧.

١٥- صاڵەکانم لە کۆچەوە کردووە بە عیسایی و ماوەی فەرمانڕەوایی میرەکانیشم لە لیستێکدا رێکخستووە.

١٦- بڕوانە عبدالقادر کوڕی رۆستەمی بابان، رەوشی کوردان (فارسی) وەرگێڕانی بۆ کوردی کەریمی حیسامی، ج١، ١٩٩١.

١٧- رێگەی هاملتون بە نێوی ئەندازیاری ئیرلەندی (هاملتون) ناونراوە کەرەنگرێژ و سەرپەرشتیکاری راستەوخۆی پرۆژەکە بووکە بریتیبوو لە رێگایەکی قیرتاوکراو، بەشێوەیەکی هونەری و کوالیتێکی بەرز، لە هەولێرەوە بە ناوچە شاخاوییە سەختەکاندا درێژدەبێتەوە هەتا دەربەند ـ گەرووی حاجی هۆمەران وسنووری ئێران .

١٨- بەو پێیە دەبێت بەر لە صاڵی ١٨٢٦ بووبێتە میری سۆران!

١٩- نبز، الأمير الكردي، ستوكهولم، ١٩٩٤، ص١١٦، ١١٧.

٢٠ هەمان سەرچاوە، ل١٠٩ — ١١١.

٢١- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٢٢- قوتوور و دۆڵی قوتوور دەکەونە دەڤەری خۆی — سەلماس و نێزیك لە رووباری ئاراس.

٢٣- نبز، هەمان سەرچاوە ل ٢٣٨ ٠ ٢٣٩.

٢٤- لە شوێنێکی دیکەدا بە دوورودرێژی روونمکردۆتەوە.

٢٥- جمال نبز، المستضعفون الكرد و أخوانهم المسلمون، لندن، ١٩٩٧، ل١٣٧.

٢٦- مزل- مەنزڵ — قۆناغ پێوانەیەکی کۆنی درێژی رێگایە و دەکاتە شەش کیلۆمەتر.

٢٧- لە دەوڵەتی عوسمانییدا والییە گەورەکان لە پلەی وەزیردابوون.

٢٨- ئەو بەحرە دەبێت گۆمی وان یا دەریای رەش بێت.

٢٩- عەبدولقادر روستم بابان، رەوشی کوردان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی کەریمی حیسامی ١٩٩١ لە ١٤٤ — ١٤٧ رێنووسەکەم وەك خۆی نووسیوەتەوە.

٣٠-جمال نبز،الأميرالكردي،ستوكهولم ١٩٩٤ترجمة فخري سلاحشورمن الألمانية الى العربية،ص٢١٨ ـ٢١٩.

٣١- ئەو صاڵانەی لە سەرچاوەکاندا کۆچی بوون گۆڕیومن بۆ صاڵنامەی عیسایی.

٣٢- بڕوانە ع. رۆستەم بابان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦ — ١٧.

٣٣- صاڵەکان بە ژمارەکانی ژماردن (ئێرانی) نووسراون لەبری ژمارە/ ٤، ٦ دەقی گۆڕینەکەش لە فارسییەوە بۆ کوردی بە رێنووسی کۆنی کوردی نوسراوە وەك چکولە، سالی، ولات، تیکوشان، روم، بلباس، عبداللە، محمد.. هێناومنە سەر رێنووسی نوێ.

٣٤- صاڵی ١٠٢٩ — ١٠٣٧ ز. میرنشینی بابان میری نەبووە!

٣٥- مەحموود پاشا برای موحەممەدە نەك برازا.

٣٦- بەوپێیە مەحموود پاشا و برایم پاشا بەسەریەکەوە دووازدە ساڵ فەرمانڕەوابوون.
٣٧- مەبەستەکەی ئاشکرا نییە، دووەم حکومەتی ئەحمەد پاشا یاخود ئەحمەد پاشای دووەم.
٣٨- نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەم دا ١٩٨٨. بڕوانە ل ٤٧.
٣٩- هەرئەو سەرچاوەیە، ل٤٣، پەراوێزی ١٧.
٤٠- هەرئەو سەرچاوەیە، ل٣٧.
٤١- ئەحمەد پاشا والی بەغدا ساڵی ١٧٤٧ لە شارەزوور بە نەخۆشی مەلاریا مردووە.
٤٢- پاشا نازناوێکە دەوڵەتی عوسمانی بۆ رێزلێنان و پاداشتدانەوە،دەیدا بەوکەسانەی خزمەتی سوڵتان دەکەن، مەرجیش نەبوو ئەو کەسە میر یا والی بێت، بەهەشتیی حاجی تۆفیق نازناوی پاشای پێدرا، بەڵام نازناوی پیرەمێردی بەلاوە پەسەندتر بوو،وشەکەش،وشەیەکی فارسی ئاوێتەیە: پا ـ دەرـ شا(ئەوانەی سەریان دەخەنە بەر پێی شا).
٤٣- تۆفیق وەهبی چیرۆکەکەی لە ئینگلیزییەوە گۆڕیوەتە سەر کوردی.
٤٤- لە سەرچاوەکاندا بە (پیر بۆداق) ناوبراوە.
٤٥- لەوباوەڕەدام سوڵتان لە پاداشتدا مووچە و بەراتی گوندێك یا چەند گوندێکی بەرەورووی کردبێتەوە و ئەوە سەرەتای دەستەڵاتیان بووە.
٤٦- لە کوردەوارییدا بە یۆنان دەوترا فەرەنگ نەك فەرەنگستان.
٤٧- لای خۆمەوە چیرۆکەکەم بە کورتی داڕشتەوە بەو جۆرەی لە نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو لە ٢٦٤ — ٢٦٥٠ نووسراوە و ئەویش لە تۆفیق وەهبی وەریگرتووە.
٤٨- فەرهاد بیرپاڵ، دکتۆر — سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦.
٤٩- مستر جەیمس ریچ، بە نەخۆشی کولێرا لەبەغدا کۆچییدواییکرد، بڕوانە تمرد العشائر، ص/٢٢٤.
٥٠- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٨١.
٥١- رحلە ریچ، ترجمة بهاء الدین نوری — بغداد، ١٩٥٦، ص١٠٢.
٥٢- نەوشیروان موستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣ بەدەستکارییەوە.
٥٣- هەرئەو سەرچاوەیە، ل١٧٧-١٧٨.
٥٤- هەرئەو سەرچاوەیە، ل١٧٧.
٥٥- کوردۆلۆژی جەمال نەبەز دەڵێت: شەرەفخانی بتلیسی ساڵی ١٠٠٥ ك/١٥٩٦ عیسایی شەرەفنامەی نووسیوە، سەرچاوەی دیکەش دەڵێن: ١٥٨٨ز. نووسیوێتی.
٥٦- حاکم دەستەڵاتی لە میر کەمتر بووە، وەك حاکمی سلێمانی، میری بابان.
٥٧- قزڵباش (تەپلە سوورەکان) پێشلەشکری سوپای صەفەوی بوون.
٥٨- بڕوانە شەرەفخانی بتلیسی، شەرەفنامە، گۆڕینی موحەممەد عەلی عەونی، ١٩٥٨، قاهیرە، ل٣٦٢.
٥٩- لێرە بەدوواوە سلێمانی کوڕی پیرنەزەر ناودەبەین بە سلێمانی یەکەم.
٦٠- پێدەچێت ناوی بەیرام بۆ خۆشەویستی لە بەهرام، بارام، یا برایم وەرگیرابێت.
٦١- شەرەفخانی بتلیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٢ — ٣٦٥.
٦٢- هەمان سەرچاوە، ل٣٦٥ — ٣٦٩.
٦٣- جێگەی سەرنجە ئەو سەردەمەش عێراق وەك یەکەیەکی رامیاری نەخوێندراوەتەوە.
٦٤- ع. رۆستەم بابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦،١٥.
٦٥- کورد، عوسمانییەکانی بە رۆم و فارسەکانی بە عەجەم ناودەبرد، ئەو سەردەمانە تاڵانکردن و راووڕوت نیشانەی هێزو ئازایەتی بوو.

٦٦- بڕوانە مەستوورەی ئەردەڵانی. مێژووی ئەردەڵان.

٦٧- لە دەقە کوردییەکەدا نووسراوە (بدووری)!

٦٨- نادیرەی دەهر، دوو وشەی عەرەبین واتا کەموێنەی سەردەم.

٦٩- مەستوورە، سەرچاوەی پێشوو.

٧٠- پەندەکە لەوەوە هاتووە کفن دزی پێشوو تەنها ئەو چەند مەتر خامەی کفنەکەی دەبرد و دەڕۆیشت، بەڵام یەکێکی دیکە پەیدابوو سووکایەتیشی بە مردووەکە دەکرد!

٧١- لە ماوەی دە ساڵدا شازدە جار والییەکانی بەغدا ئاڵوگۆڕکران.

٧٢- موتەصەڕیفی کەرکوک صاڵی ١٦٨٩ کوژراوە کەچی صاڵی ١٩٥٣ حسێن پاشا لە جێگەی ئەودا دەبێتە موتەصەریفی کەرکوک! تکایە بڕوانە نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

٧٣- دەقە عەرەبییەکە (یا ایها الذین آمنوا أطیعو الله و رسوله و أولوا الأمر منكم).

٧٤- ئەمین زەکی تأریخ السلیمانیة وأنحائها ترجمة محمد جمیل روز بیانی، بغداد، ١٩٥١، ل٦٤ — ٦٤، رحلة ریچ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٤.

٧٥- یەکەمین سەرژمێری دانیشتوان لە تورکیا صاڵی ١٩٠٥ ئەنجامدرا.

٧٦- شارەزوور وەك بەغدا، موصڵ، بەصرا، یەکێك بوو لە چوار ویلایەتەکەی عێراق بنکەی بەڕێوەبردنیشی شاری کەرکوك بوو، صاڵی ١٧٠٠ حەسەن پاشای والی بەغدا بەهاوکاری چەند میرێکی کورد لکانی بە ویلایەتی بەغداوە.

٧٧- عباس العزاوی تأریخ العراق بین احتلالین، جـ٥، ص٢٠٥- ١٠٦.

٧٨- صالح قەفتان، مێژووی کورد، بەغدا، ١٩٦٠ ل١٦.

٧٩- مەستوورە، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١-٦٢ هەروەها ئەمین زەکی تأریخ السلیمانیە. ل٦٣-٦٤.

٨٠- سەرچاوەی پێشوو (مەستورە)، ل٥٩- ٦١.

٨١- هەمان سەرچاوە، ل٦٢.

٨٢- ع. ڕۆستەم بابان، ڕەوشی کوردان چاپی کوردی.

٨٣- ئەو چەکدارانە بەدرخانەکان بوون.

٨٤- شۆڕشگێڕەکان شا فارووق و بنەماڵەکەیان نەکوشت، بەڵکو بەڕێزەوە ڕەوانەیانکردن بۆ وڵاتی فەرەنسا.

٨٥- بەر لە کۆدەتای ٨ شوبات ١٩٦٣ ی حزبی بەعس، سەرکردەی سەربازگەی مووصڵ عەبدولوەهاب شەواف لە سەرۆك کۆماری عێراق عەبدولکەریم قاسم یاخیبوو، سەرنەکەوت و سەریشی تێداچوو، صەدام حسێن و عەبدولوەهاب غرێری و ئەییاد سەعید سابیت یش هەوڵیاندا سەرۆك قاسم تیرۆر بکەن، ئەوانیش سەرکەوتوو نەبوون، سەرۆك بە سووکی زامدار بوو، بەڵام سەدام بەرلەوەی تەقە لە عەبدولکەریم بکات تەقە لە عەبدولوەهاب غرێری دەکات و هەرلەوێدا کوشتی!!

٨٦- کۆدەتای ١٧ی تەمووز بەعس نەیکرد، کۆمەڵێك نیشتمانپەروەر بە سەرکەوتوویی ئەنجامیاندا و بەعسییەکان ٣٠ تەمووز کۆدەتایان بەسەر ئەواندا کردو دووبارە دەستیان گەیشتەوە دەسەڵات.

٨٧- بەر لەو حەسەن پاشا والی بەغدا بوو، بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو حەسەنە، بەوەی دووابیان لە زمان دانیشتوانی بەغداوە وتراوە (جدید حسن پاشا).

٨٨- میری میران.

٨٩- خالید میری میرنشینی بابان نەبوو، جێگری خانە پاشا بوو.

٩٠- عباس العزاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦-٢٠٧

٩١- دەستەواژەی خەلیفەی موسوڵمانان هەڵەیەکە و چەسپاوە، ئەوان خەلیفەی (جێگری) پەیامبەری ئیسلامن.

٩٢- عباس العزاوي، هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل ٢٢

٩٣- بڕوانە رسول هادي الكركوكي، دوحة الوزراء في تأريخ وقائع بغداد الزوراء، گۆڕینی لە تورکییەوە بۆ عەرەبی، موسا نەورەسی، بيروت ١٤١٣ هق . ل٢٢.

٩٤- دەڤەر بۆ (ناحيە) و شارەدێ، شارستان بۆ (قەزا) بەگونجاو دەبینم جێگەی خۆیان بگرن و بکەونە سەر زاران و بوواری بەکارهێنانی میدیاکانەوە. وشەی قەزا — قضاء لە زمانی عەرەبیدا دوو واتای جیاوازی هەیە، یەکێکیان واتای شارەدێ دەبەخشێت وەك قەزای پێنجوین، بەڵام دووەمیان بەواتای شەرع، یاسا دێت وەك (حكم القضاء) دەستەڵاتی یاسا، یەکەمیان پەیوەستە بە قائیمقامەوە، دووەمیش پەیوەستە بە قازی شەرع و دادوەری دادگاوە، قەزا (قضی) بەشێوەی کرداریش لە عەرەبیدا چەندین واتای جۆراوجۆری هەیە وەك (قضی حاجتە) کاری خۆی جێبەجێکرد، دەست بەئاو گەیاندن. (قضی نحبە) مرد. (قضی عليە) بەسەریدا سەرکەوت، فەرمانی بەسەردا دا، سزای بەسەردا سەپاند.

٩٥- بڕوانە تاريخ جاف، کەریم بەگ فەتاح بەگی جاف، لێکۆڵینەوەی دکتۆر حەسەن جاف، ج١، ١٩٩٥.

٩٦- ئەمین زەکی، مێژووی کوردستان، ل ٢٠٤

٩٧- مهدی عبدالرحمن هوشەنگ، تأريخ روابط خارجي ايران، تهران، ١٣٦٤، هجري شمسي، ل١٥٢ — ١٥٥

٩٨- کۆهینوور وشەیەکی ئاوێتەیە لە دووبڕگە پێکهاتووە: کۆ وشەیەکی ئێرانییە واتای چیا، کێو، شاخ دەگەیەنێت لەگەڵ نوور وشەیەکی عەرەبییە بەمانای رووناکی و ماناکە بەسەریەکەوە دەبێتە چیای رووناك، کۆهینور گەورەترین بەردی بەنرخە لە جیهاندا و دیارترین ئەوبەردە نایابانەیە تاجی بەریتانیا دەڕازێنێتەوە.

٩٩- مهدی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩.

١٠٠- امين زكي، تأريخ السليمانية و أنحائها، ترجمة محمد جميل روزبياني بغداد، ١٩٥١، ل٧٣.

١٠١- بڕوانە ئەمین زەکی خولاسەیەکی مێژوی کوردو کوردستان، ج١، بەغداد، ١٩٣١، ل٢٠٧.

١٠٢- عباس العزاوي، سەرچاوەی پێشوو، ج٥، ل٢٣٥.

١٠٣- وشەی شەوگەڕ بەپەسەند دەبینم بۆ وشەی عەرەبی (أبو ليلە) کە دانیشتوانی بەغدا بەسەر والیدا بڕیبوویان کە ئەوانە خۆیدەگۆڕێ و بە نێو شاردا دەگەڕا.

١٠٤- عباس العزاوي، سەرچاوەی پێشوو، ج٦، ل٢٢.

١٠٥- رسول هادي الكركوكي، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

١٠٦- مەستوورە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

١٠٧- ئەمین زەکی، تأريخ سليماني، گۆڕینی رۆژبەیانی بۆ عەرەبی، بەغداد، ١٩٥١، ل٧٤-٧٥.

١٠٨- عباس العزاوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤-٣٥.

١٠٩- بڕوانە رسول هادي الكركوكلي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦.

١١٠- بڕوانە الشيخ محمد خال، الشيخ معروف النودهي البزنجي، بغداد، ١٩٥٨، ل ١٨ (بەدەستکارییەوە).

١١١- ئەمین زەکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥.

١١٢- پێدەچێت ١٧٦٥ دروستە، نەك ١٧٦٠ وەك بێتووشی تۆماریکردووە.

١١٣- ملا عبدالله البيتوشي، البهجة المرضية في شرح الألفية، بڕوانە نەوشیروان موستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەم دا. مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان، ١٩٩٨، ل٨٧.

١١٤- سەرسیر هاوینەهەوارێکی خۆشە دەکەوێتە پشت چوارتا — شارباژێر — سلێمانی.

١١٥- کەرکوکلی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨ — ١٤٩.

١١٦- کەهیە لە دەوڵەتی عوسمانیدا پۆستێکی گرنگ بوو وەك رازگری والی یا سەرکردەی لەشکری والی یا هەردووکیان.

١١٧- ع. رۆستەمی بابانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣ — ٩٤.

١١٨- ئەگەر (بیووك) ١٧٧٨ — ١٨٠٢ والی بەغدا بووە و بەرلەویش حەسەن پاشا ماوەی ساڵ و نیوێك لەو پۆستەدا بووە، کەواتە حەسەن پاشا ١٧٧٦ /١٧٧٧ هاتووە نەك ١٧٧٨.

١١٩- عثمان البصري، مطالع السعود، الموصل، ١٩٩١، ل١٧٢.

١٢٠- هەمان سەرچاوە، بڕوانە ل١٥٦، ١٥٧.

١٢١- ئەمە خالیدی دووەمە، خالیدی یەکەم ١٧٤١ /١٧٤٢ لە ئوورفە مرد.

١٢٢- ئەوکاتە دەکەوتە دامێنی شاری سلێمانی، ئێستا لە نێو جەرگەی شاردایە لە نێوان گوزەری ئاسنگەران وگەڕەکی چوارباخ و گەڕەکی سەرشەقامدا.

١٢٣- نەوەکانی شێخ مارفی نۆدێ، کاك ئەحمەدی شێخ، شێخ سەعید، شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان، شێخ لەتیفی شێخ مەحموود، شێخ کاوە، شێخ مەحموودی دووەم.

١٢٤- دەربەندیخان دەربەندی خان ئەحمەد خانە.

١٢٥- هەندێك جار لەسەرچاوەکاندا بابان تەنها سلێمانی و دەوروپشتەکەی دەگرێتەوە!

١٢٦- کەرکوکلی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢.

١٢٧- قەیسەری وەسمان پاشا بنکەیەکی بازرگانی گرنگی شاری سلێمانی و بازاڕێکی بەنێوبانگە و وەسمان پاشای بابان دروستیکردووە، (قەیسەری نەقیب)یش دووای ئەو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا وەستا حەسەنی فاتمە غەزالی لەسەر خواستی شێخ موستەفای نەقیب مامی شێخ مەحموود دروستیکرد.

١٢٨- نەوشیروان موستەفا ئەمین لە میرایەتی بابان لە نێوان.. نووسیویێتی، والی بەغدا، ١٨٦٠ برایم و فەتاح لێدەخات، عوسمانی کوڕی مەحموود لە جێگەی برایم و عەبدولقادریش لە جێگەی عوبدولفەتاح دادەنێت، بەڵام هێزەکانی هەمووشیانی برد بۆ شەڕەکە (ل١٠٤).

١٢٩- عثمان البصری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩ — ١٨٣.

١٣٠- ئەمین زەکی (تأریخ سلیمانی وولاتی) بەغدا، ١٩٣٩، ل١٠٦.

١٣١- عباس العزاوی، سەرچاوەی پێشوو، ج١، بەغداد، ١٩٣٥، ل ١٤٧.

١٣٢- ئەمین زەکی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦.

١٣٣- ع. رۆستەم بابان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢ — ١٠٥. داگیرکردنی بەغدا لە شوێنی خۆیدا بە دوورودرێژی نووسراوە.

١٣٤- عەزیز بەگی کوڕی ئەحمەد پاشای بابان، ئامۆزا و زاوای ئەورەحمان پاشایە، بەڵام بۆم ساغنەبۆتەوە عەزیز و خالید برا بن!

١٣٥- هەروەها ١٣٦، ١٣٧ ئاشکرا دەریدەخەن دەستەڵاتدارانی ئێران و عوسمانی تاچەند دەستیان کێشاوەتە کاروباری ناوخۆی بابان و بنەماڵەکەوە.

١٣٨- لێرەوە ئەم میر سلێمانە ناودەبەین بە سلێمانی دووەم.

١٣٩- عباس العزاوی، سەرچاوەی پێشوو، ج٦، ل١٨٤- ١٨٦.

١٤٠- ئەوڕەحمان پاشا لە هەمووان چاکتر دەیزانی رۆم و عەجەم هەرگیز رێگەنادەن میرێکی کورد دەستبەسەر بەغدادا بگرێت، ئەوە دانیشتوانی بەغدا و سەرۆك هۆزەکان و پێشەواو دەمڕاستەکان و سەرۆکی گەڕەکانیش لەولاوە بووەستن.

١٤١- ریچ، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

١٤٢- هەر بۆ نموونە عەلی ڕەزا پاشا ١٨٣١ — ١٨٤٢ والی بەغدا بوو، پێچەوانەی بڕیاری سوڵتان پێدادەگرێت لەسەر دوورخستنەوەی میری سۆران هەتا لە ئەنجامدا لە نێویانبرد.

١٤٣- جمال نبز، المستضعفون.. ل١١٠، پەراوێزی ٦٥.
١٤٤- كلودیۆس جیمس ریچ، گەشتی ریچ بۆ كوردستان. گۆڕینی لە عەرەبییەوە بۆ كوردی محەمەد حەمە باقی، تەورێز، ١٩٩٢.
١٤٥- مەن پێوانەیەكی ئەو سەردەمە بوو بۆ كێشانەی زێڕ و زیو وەك مسقاڵ و قیرات و گرام لە ئێستادا.
١٤٦- یاسین العمري، غرائب الاثر في حوادث ربع القرن الثالث عشر، الموصل، ١٩٤٠، ص ١٢١.
١٤٧- گردی گوڵان دەكەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی سلێمانی، مامە یارە لەو گردە نێژراوە و لەوكاتەوە بەگردی مامەیارە ناسراوە. لە بەشێكی ئەم نووسینانەدا چیرۆكی قارەمانێتی مامەیارەم بە بیرهێناوەتەوە.
١٤٨- وشە لێكدراوی كاری — كراو (كاریكراو) بەپەسەند دەبینم بەرامبەر وشەی عەرەبی (الأمر الواقع).
١٤٩- وڵاتی میصر دووای دە ساڵ بەهەوڵ و كۆششی موحەممەد عەلی پاشا (بەڕەگەز كورد) ١٨٣٠ لە وڵاتی عوسمانی جیابووەوە و بووبە وڵاتێكی سەربەخۆ.
١٥٠- كەناڵی سویس، ساڵی ١٨٨٢ تەواو بووە.
١٥١- كەركوكلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٢ — ٢٥٥.
١٥٢- كەڵكم لە شێخ موحەممەدی خاڵ (الشیخ المعروف النودهی البرزنجی) ل ٢٦ وەرگرتووە.
١٥٣- بەردەشانی لە سەرەتای بەیتی مەحموود پاشای باباندا دەڵێت:
خالق هەر تۆم قادری بێ خواردن و خۆف و فیكری
رەببی هەر ئەتۆم قادری تۆم ئەرزو ئاسمان و ئاگری
١٥٤- بڕوانە نەوشیروان موستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.
١٥٥- بۆ جیاكردنەوەی لە مەحموود پاشای بابان كە لە بۆسەیەكی ئێراندا كوژرا، لێرەوە ئەم مەحموودە بە مەحموودی دووەم ناودەبەین.
١٥٦- سەعید پاشای والی بەغدا، ساڵی ١٨٠٥ لەسەر خواستی حەمادی، مەحموود لادەبات (مەحموودی دووەم) و عەبدوڵڵای مامی دەكاتە میری بابان!
١٥٧- جۆزیف ستالین، دیكتاتۆرەكەی گەلانی سۆڤیێت خەڵكی جۆرجیایە.
١٥٨- كەهیە جێگەی متمانەی والییەكانی عوسمانی بوو لە بەڕێوەبردنی وڵات و لەكاتی جەنگ و سەركردایەتی لەشكریشدا.
١٥٩- مستر ریچ بە نەخۆشی كولێرا مرد لە شاری بەغدا.
١٦٠- عباس العزاوي المحامي، تمرد العشائر، جـ٤، بغداد، ١٩٧٦، ص٢٢٤.
١٦١- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
١٦٢- علي الوردي، الدكتور. لمحات من تأريخ العراق، جـ٢، ص ٥٨.
١٦٣- ساڵیادی كوژرانی حەسەن و حسێن هەر لە ئێران یاددەكرایەوە، لە عێراق قەدەغەبوو، یەكەمین جار عەلی رەزا پاشای والی بەغدا رێگەیدا بە شیعەكانی عێراق ئەویادە بە ئاشكرا بكەنەوە.
١٦٤- ئابڕو شتنەوە — ئابڕوو كڕینەوە گونجاوە بەرامبەر (غسل العار) ی عەرەبی .
١٦٥- لە هەندێك سەرچاوەدا ١٨٢٧ و لە هەنێكیشدا ١٨٣٣ دانراوە، بەڵام بەو پێیەی داوود پاشا هەتا ١٨٣١ والی بەغدا بوو، ١٨٢٧ دروستە.
١٦٦- تاریخ الشعوب الأسلامیة في العصر الحدیث، ج١، ص ٢٠٩.
١٦٧- ع. رۆستەم بابان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.
١٦٨- هەمان سەرچاوە، ل١٥١.
١٦٩- نەوشیروان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو ل ١٦٤ لە مشیر الدولە وەریگرتووە.

ع١٧٠- كمال مظهر، الدكتور، كردستان في السنوات الحرب العالمية الأولى، ترجمة محمد الملا عبدالكريم الى العربية، ط٢، بغداد، ١٩٨٤، ص ٢٩- ٣٠.

١٧١- هەمان سەرچاوە، ل٣٣.

١٧٢- خالید کوڕی ئەحمەدە و لەو دوواییانەدا بە پلەی قایمقام کاروباری سلێمانی پێدرابوو نەك میر (میری بابان) دووای ئەوەش کردیان بە والی بالکان و سەردەمی قاجارەکانیش بالۆێزی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە تاران.

١٧٣- مارف خەزنەدار، دکتۆر، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بەغدا، ١٩٨٤، ل٢٤٠.

١٧٤- شێخ موحەممەدی خاڵ و ئومێد کاکە رەش، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی شێخ رەزای تاڵەبانی هەولێر، ٢٠٠٣، ل٨١.

١٧٥- سوڵتان لە پاداشتی خزمەتە سەربازییەکانی ئەڵەماندا ساڵی ١٩٠٣ مافی گەڕان و پشکنین و بەرهەمهێنانی نەوتی پێدان لە رووبەرێکی ٢٠ کیلۆمەتریی ئەمبەرو ئەوبەری هێڵی شەمەندەفەری بەغدا.